# ئەدەبی نوێی کوردی

AWER
Nawandi Awer

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

◄ بەڕێوەبەری گشتی ناوەند: حەسەن بورەیی
◄ بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن
◄ بەرپرسی هونەری: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
◄ ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا

هەولێر ـ پشت پاریزگا ـ پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف
07505114142 - 07507476644
Nawendi awer:: ناوەندی ئاوێر
nawendi.awer@yahoo.com

پرۆفیسۆر

## دکتۆر هیمداد حوسێن

# ئەدەبی نوێی کوردی

( تۆژینەوەی ئەدەبیات و رۆژنامەوانیی کوردی)

**بەرگی سێیەم**

# 3

**ئەدەبی نوێی کوردی**


- **پ.د.هیمداد حوسێن**
- **هەولێر- ٢٠٢٠**
- **دیزاینی بەرگ: ئاکار جەلیل**
- **تیراژ (١٠٠٠) دانە**
- **لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە(    ) ی ساڵی ٢٠٢٠ی دراوەتێ .**


**مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

# بەرگی سێیەم

قۆناغ و تایبەتمەندییەکانی رۆمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.............. ٧
ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا .................. ٥٩
ڕەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای
ڕاپەڕیندا ١٩٩١–٢٠٠١.................................................. ٣٠٣
محەمەد مەولوود مەم و ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی لە گۆڤاری(هەولێر)................ ٢٣٥
ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریی کوردیی پەنجاکانی شاری
هەولێرلە گۆڤاری (هەتاو)دا ............................................... ٣٦١
زمانی ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای ڕاپەڕین ١٩٩١–١٩٩٩.. ........................ ٣٨٥
رەخنەی درامی لە رۆژنامەوانیی کوردیدا.................................. ٤١١
رەخنەی کورتە چیرۆك لە (پاشکۆی ئەدەب و هونەر)........................... ٤٥١
چیرۆکی هونەریی کوردی سەرهەڵدانی تا گۆڤاری گەلاوێژ......................... ٤٩٧
کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و پەخشانی هونەریی ................................. ٥٢١
مێجەر سۆن و ڕۆژنامەی پێشکەوتن و گرەوێکی ئەدەبی ......................... ٥٧١
کارتێکەری ڕۆژنامەوانی بەسەر هونەرەکانی ئەدەبدا ............................ ٥٨٥
رۆژنامەوانیی قوتابخانەکان بەزمانی کوردی لە شاری هەولێر دا................. ٥٨٩
دەروازیەك بۆ ڕۆژنامەوانیی کوردی– فارسی .................................. ٦٢٩

# قۆناغ و تایبەتمەندییەکانی رۆمانی کوردی
## لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٩٨-٢٠٠٨

## پێشەکـی[1]

ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبییە لە نێو هەر نەتەوەیەکدا گرنگـی و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـەو توانیویەتی بە شێوەیەکی جیاواز لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب بە هۆی ئەو مـەودا فراوانـەی ك هەیەتی باس لە چەندان کێشەو گرفتی تایبەت بەکۆمەڵ و نەتـەوە جیاوازەکـانی جیهـان بکات و پەیامی تایبەتی خۆی بگەیەنێت. لە ئەدەبی کوردیشدا هەرچەندە ڕۆمان بەبـەراورد لەگەڵ ڕۆمانی جیهانیدا لە قۆنـاغێکی درەنگـتردا سـەری هەڵـداوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا توانیویـەتی لـەڕووی چـەندایەتی و چـۆنایەتییەوە خـۆی پـێ بگەیـەنێت. ئـەم ژانـرە لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بەچەشنی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەبـەر چـەند هۆکـارێکی تایبەت بە بارودۆخی سیاسی و ئەدەبی درەنگ سـەریهەڵداوە، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە هەوڵی چەند ڕۆماننووسێك توانیویانـە، بـاری ئـەدەبی لـە تۆمـارکردنی ئـەم ژانـرە بێبـەش نەکەن. ئەوەی جیگەی سەرنجە جگە لە چەند هەوڵێکی کەم لە شێوەی وتار هەوڵی جددی بۆ توێژینەوەی زانستی تایبەت بە ڕۆمان لە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا ئـەنجام نـەدراوە ، تـا تیشك بخەنە سەر مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕۆمانەکان.

سنووری لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لەو ڕۆمانانەی کە لـەماوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٨٩-٢٠٠٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چاپکراون. بـەڵام لەگـەڵ ئەمانەشـدا لـە لێکۆڵینەوەکـەدا بەشێوەیەکی لاوەکی ئاماژەمان بەو ڕۆمانانە کردووە،کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٧ تـا سـاڵی ١٩٩٨ لە ناوەوەی کوردستان چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

ئامـانجی لێکۆڵینەوەکـە: بریتییـە لـە دیـاریکردن و بەرجەسـتەکردنی قۆنـاغ و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی کوردیی لە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا،کە ئەمـەش بـۆ خـۆی چـەند لاپەڕەیەکە لە مێژوو و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کوردی.

گیروگـرفتی لێکۆڵینەوەکـە: لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا وێـڕای فراوانـی بابەتەکـەو زۆریـی ژمـارەی ئـەو ڕۆمانانـەی دەکەونـە چوارچـێوەی لێکۆڵینەوەکە،کـە وایکـرد ئـەرکی لێکۆڵینەوەکە تا ئەندازەیەك گران بکات، گرفتی کەمی سەرچاوەی تایبەت بە ڕۆمانـەکان و وتارو لێکۆڵینەوە گرفتێکی دیاری بەردەم کارکردنمان بوو،چونکە جگـە لـە چـەند

[1] بە هاوبەشـی لەگەڵ د.سـەرکەوت ئیبـراهیم لە نـامەی دکتۆراکەیدا بە ناونیشـانی بنیـاتی هونەریی لە ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٩٨-٢٠٠٨ لە زانکۆی کۆیە لەساڵی ٢٠١٣دا.

وتارێکی کەم،کە لە چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکی وەك ئایندەو ڕامان بڵاوکراونەتەوە لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا لەبارەی ڕۆمانەکانەوە نووسینێکی وامان بەرچاونەکەوت، تا بتوانین لە ماوەی کارکردنماندا سوودێکی باشیان لێوەربگرین.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:لەم لێکۆڵینەوەیەدا پیڕەوی میتۆدی(وەسفی_شیکاری)مان کردووە،کە پشت بە هێنانەوەی نموونەی وەرگیراوی نێو دەقی ڕۆمانەکان دەبەستێت،تا لەگەڵ ئەو لایەنە تیۆریەدا بگونجێت،کە وەکو لایەنی تیۆری لەبارەی مێژوو و تایبەتمەندیی ڕۆمان خستوومانەتە ڕوو.هەڵبژاردنی میتۆدی (وەسفی_شیکاری)یش لەبەر ئەوەیە، کە ئەم میتۆدە لە هەموو میتۆدەکانی دیکەی لێکۆڵینەوە زیاتر لەگەڵ سروشتی کاری لێکۆڵینەوەکەدا دەگونجا.

## پاژی یەکەم: سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و هۆکارەکانی درەنگکەوتنی

### ١-١:سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا

دیارە،کە هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی لە ساتەوەختی تایبەتی خۆیدا سەرهەڵدەدات، کە بارودۆخی ژیان لەبارو گونجاوبێت و ئینجا وردە وردە قۆناغی سەرەتایی و سەرهەڵدان جێدەهێڵێت و بەرەو گەشەسەندن و نەشونماکردن دەڕوات، بۆ ئەوەی وەك ژانرێکی دیارو بەرچاوی سەردەمی خۆی، خۆی بنوێنێ و گوزارشت لەو بارودۆخە بکات، کە تیایدا لەدایك دەبێت، تا هەموو ئەو نادیاریانە بخاتەڕوو، کە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب نەیانتوانیوە دیاری بکەن. واتا لەدایکبوون و سەرهەڵدانی هەر جۆرێکی ئەدەب زۆرجار بارودۆخ دەیسەپێنێ ( ئەگەر سەرنجێك لە مێژووی ئەدەبی بەگشتی بدەین، دەبینین لەهەموو قۆناغێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جۆرە ئەدەبێك زیاتر تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.ئەم دیاردەیە شتێکی سروشتییە ئەگەربێت و ئەدەبمان بەئاوێنەی ڕاستەقینە ئاستی ژیانی کۆمەڵ لەو قۆناغە مێژووییەدا دانا)[1]، بەلام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین،کە زۆرجاریش هەندێ هۆکار دەبنە ڕێگرو بەربەست لەبەردەمیداو لەدژی دەوەستنەوە. ڕۆمانیش وەك ژانرێکی ئەدەبی پێویستی ژیان و بارودۆخ و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە هاتنەئاراو

[1]: میخائل باختين، الملحمة و الرواية، ت: جمال شعيد، معهد الانماء العربی، بيروت، ١٩٨٢، ص١٤.

گەشەسەندن و پێگەیاندنیدا لەنێو هەموو نەتەوەکانی جیهانداو تەنانەت لەڕۆژئاواشدا (دەتوانین بڵێین ڕۆمان لە ڕۆژئاوادا توانی ئامادەبوونی خۆی وەك ڕەگەزێکی ئەدەبی جیاواز بنوێنێ،لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا وەك فۆرمێکی ئەدەبی سەرەکی بلاوبۆوە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە)[1] دیارە هۆکاری دەرکەوتنی ڕۆمانیش لە ڕۆژئاوادا بۆ دەرکەوتنی چینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە لەو قۆناغەدا (ڕۆمان لەوکاتەدا گرنگیدا بەلاسایی کردنەوەی ئەو واقیعەی کە ئەو چینەی تێدادەژی،کە واقیعیان بەچەقبەستوو دەزانیٚ لەبەرامبەر لەرزینی گۆڕانکاریەکان)[2] ، لەبەرئەوەی ئەدەب کەم تا زۆر لاسایی ئەو واقیعەی کردۆتەوە،کە کۆمەڵگەی پێداتێپەڕیوە(لەڕاستیدا ئەو ڕایەی،کە هونەر سیفەتێکی لاساییکردنەوەی هەیەو لاساییکردنەوەی ڕووداوەکانی دنیای واقیع،گرنگترین تیۆری هونەرییە لەسەردەمی ئەرستۆوە تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدە)[3]،سەرهەڵدانی ڕۆمانیش وابەستەی کۆمەڵێك فاکتەری جیایە، کە وادەکات ڕۆمان ببێتە ئاوێنەو دەلاقەیەك بۆ خستنەڕووی ئەو بارودۆخ و گۆڕانکاریانەی،کە لەنێو نەتەوە جیاجیاکاندا ڕوودەدەن. بەجۆرێك قەبارەو پلەبەندی ڕووداوەکانی نێو هەر نەتەوەیەك و گۆڕانکاریەکانی نێو کۆمەڵگە هەمیشە فاکتەرێکی لەبن نەهاتووبوون بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆمان و کۆمەڵگەو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەو ئەرکی ڕۆمانیش گرانتر دەکات (ڕۆمانی زیندوو بۆتە ناسنامەی ڕۆشنبیری گەلانی هاوچەرخ و نیشانە و بەڵگەیەکی نەپچڕاوی نێوەندە ئەدەبییەکانە.. ڕۆمان بەرەو دونیایەکی بەربلاوترمان دەبات و بەردەوامیش ڕووداوی زیندوو سەرهەڵدەدات و ئەرك و وەزیفەی و گۆڕانکارییەکانی نێو ڕۆمان بە کۆمەڵ ڕۆمانیش تا دێت گەورەتر دەبێت.)[4] وابەستەبوونی هەر کۆمەڵێك خاڵی وەرچەرخان و لەدایك بوونی ئەم ژانرەی ئەدەبە لە نێو هەموو نەتەوەیەکدا.

---

[1]: انطونيوس بطرس، االدب– تعريفه -انواعه – مذاهبه، المؤسسة الحديثة لكتاب، طرابلس، ٢٠٠٥، ص١٦٠.

[2]: فاضل ثامر، الصوت الاخر الجوهر الحواري للخطاب الادبي، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٢، ص٢٢.

[3]: مەهدی سالح، دەربارەی ڕۆمان، ٢٠٠٦، ل٢٢.

[4]: مەهدی سالح، دەربارەی ڕۆمان، ٢٠٠٦، ل٢٢.

گۆڕانکارییـە سیاسـی و کۆمەلایەتییـەکانی نێـو کۆمەڵگـەی کـوردییش هۆکـاری ڕاسـتەوخۆو بناغـەی پتـەوی لـەدایکبوونی ڕۆمـان بـووە لـەنێو ئـەدەبی کوردیـدا، چـونکە کۆمەڵگـەی کـوردییش وەکـو هـەموو نەتـەوەو کۆمەڵگەیـەکی تـر بەدەرنـەبووە لـەو ڕووداوانەی،کە لـە جیهانـدا ڕوویانـداوەو ململانـێ و جـەنگی نێـوان وڵاتـە زلهێزەکـان و دەوروبـەر پرپیشـکیان گەیشـتۆتە کۆمـەڵی کـوردی و گـەلێ جـاریش گـەلی کوردیشـی تێوەگلاوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگـەری بەسـەر ئـەدەب و کلتـوری کوردییـەوە هـەبووەو ئەدەبی کوردیی کردۆتە ئاوێنەو ڕووگەیەك بۆ سەرجەم ئەو بارودۆخە ناهەموارانەی و ڕۆمانیش وەك ژانرێکی ئەدەبی هەر لەساتەوەختی سەرهەڵدانییەوە لە هـەوڵی تۆمـارکردنی ئەو ڕووداوانەدا بووە، کە دووچاری نەتەوەی کورد بوونەتەوە.واتا پێویسـتی تۆمـارکردن و گێڕانەوەی ڕووداوە یەك بەدوای یەکـەکانی هانـدەرێکی بـەهێزبووە بـۆ هاتنـەئارای ڕۆمـانی کوردی، ئەگەرچی بەبەراورد لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانی ڕۆژئاوا سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردی بۆ قۆناغێکی درەنگتر دەگەڕێتەوە، بەلام پێویستە واقیع و بـارودۆخی کۆمـەڵی کـوردی لەبەرچاو بگرین و سەرهەڵدانی ڕۆمانیش بـەو بارودۆخـە ببەسـتێتەوە (ئەگـەر ڕۆژئـاوا بکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی قۆناغبەندی و دامەزرانـدنی ڕۆمـانی کـوردی ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکەین چونکە دیارە بارودۆخی میللەتی کورد لەهەموو ڕووییکـەوە لەگـەڵ ڕۆژئـاوادا بـەراورد نـاکرێ و زۆر لـێکتر دوورن)[1] هەربۆیـە دەبینـیین هەوڵـە سەرەتاییەکانی نووسینی ڕۆمان درەنگ کەوتووە تا سەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم، ئینجا لە کوردستانی عێراقدا یەکەم تۆماری ڕۆمانی کوردی دەردەکـەوێت (ڕۆمـانی کـوردی وەك سەرەتاو تۆمار لەچاو ئەدەبی دنیادا درەنگ پەیـدابووە بۆیـە سـەرەتا هەوڵـەکانی بـۆ سالانی بیستەکان دەگەڕێتەوە لەسەر ئاستی کوردسـتانی عێراقـدا)[2]، ئەگەرچـی ئـەم بۆچـوونە تایبـەت کـراوە بەسـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی ڕۆمـانی کـوردی لەباشـووری کوردستاندا، بەلام بەسەر تێکڕایی ڕۆمـانی کوردیـدا جێبـەجێ دەبێـت، بەتایبـەتیش لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا، چـونکە لـەو بەشـەی کوردسـتاندا ڕۆمـان لەسـاتەوەختێکی درەنگتریش سەریهەڵداوە.

---

[1]: س.پ، ل٤١ .

[2]: سەلاح عومەر، ڕۆمان لە گۆشە نیگای جیاوازەوە، ٢٠١٠، ل٤١ .

(هاشم ئەحمەدزادە) لەبارەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەڵێت: (بەسەرهاتەکە لە تاراوگەوە دەستپێدەکات. لەسەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە مەهابادو ساڵی ١٩٤٦).[١] لەو کاتەدا دەستەلاَتدارانی کورد بەباشیان زانیوە،کە ژمارەیەك گەنج بۆ خوێندن و خۆپەروەردەکردن ڕەوانەی یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو بکەن (یەك لەو گەنجانە ڕەحیمی قازی بوو، کە بەپلەی دکتۆرای مێژوو کۆتایی بەخوێندن هێنا.... قازی یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناوی "پێشمەرگە" لە باکۆ نووسی. ئەم ڕۆمانە پاشان لە بەغداو ساڵی ١٩٦١چاپ و بلاوبۆوە.)[٢]



**د.رەحیمی قازی**

لەم بارەیەوە تیشك دەخاتە سەر ئەوەی، کە شوناسی پارچەپارچە بووی ئەدەبی کوردی یەکێك لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی ئەدەبی کوردییە،کە لە ئەنجامی پارچە پارچە بوونی کۆمەڵی کوردی و نەبوونی یەکێتییەکی سیاسی و نەتەوەیی و هەلومەرجی پێوەندار بە جوگرافیای سیاسی کوردستانەوە بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و بەرهەم هێنانی کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی لێك هۆکاری تایبەت بەخۆی گەلێ جیاوازو دابڕاولەیەك. ئەم درەنگ کەوتنەی ڕۆمانی کوردی دەشێ هەبێت، کە بوونەتە


---

[١]: ئیبراهیم عەبدولرەحان جاف، رەنگدانەوەی رووداوی مێژوویی لە رۆمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، ٢٠٠٤، ل١٤.

[٢]: محمد شاهين، افاق الرواية- البنية والمؤثرات، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٧، ص.١٠.

چوارچێوەبەندییەك بـۆ درەنـگ سـەرهەڵدان و گەشـەنەكردنی ڕۆمـانی كـوردی بـە بـەراورد لەگەڵ نەتەوەكانی دەوروبەردا (لەڕاسـتیدا سـەرهەڵدانی درەنگـتری ناسـیونالیزمی كـوردی بەبەراورد لەگەڵ ئایدیاو بزوتنەوەی ناسیونالیستی نەتەوەكانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاسـت، دواتـر پارچەپارچـە بـوونی جوغرافیـای سیاسـەت و ناسـنامەی كـوردی قـەت نـەیتوانیوە زەمینەیەكی لەبار بۆ گەشەی ڕۆمانی كوردی بەگشتی و ڕۆمانی مێژوویی كوردی بەتایبەتی بڕەخسێنین.)[1]

[1] : س.پ:، ل.١٢


ڕۆمان
پێشمەرگە
د. ڕەحیمی قازی

کەواتە هیچ ڕۆمانێکی دیکەی کوردی دانـەنراوەو ١٩٤٦ (پـێش بلاوبوونـەوەی ڕۆمـانی پێشمەرگە لەساڵی باڵونەبووتەوە.)[١] بەم جۆرە یەکەم ڕۆمـانی کـوردی لەلایـەن ڕەحیمـی قازییەوە بووە، ئەویش بەهەستکردن بەو بارودۆخەی، کە پێیدا تێپـەڕیوە. لێرەوە بۆمـان دەردەکەوێت،کـە ڕۆمـانی کـوردی لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا لەسـاتەوەختێکی درەنگـدا سـەریهەڵداوە، ئـەویش لـە ئـەنجامی ئـەو بارودۆخەی،کـە نەتـەوەی کـورد لـە قۆناغـە جیاوازەکاندا ڕووبەڕووی بۆتەوەو بارودۆخی هەر نەتەوەیەکیش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەرهەڵدانی هەر ژانرێکی ئەدەبی و گەشـە و نەشـونماکردنیدا هەیـە. بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانیین،کـە درەنـگ سـەرهەڵدانی ڕۆمـانی کـوردی لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا بـە وێنـەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە کەموکوڕی لـەو بـوارەدا سـەیرنەکرێت، چـونکە بـارودۆخی تایبـەتی هـەر نەتەوەیـەك کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەرهەڵدان و دەرکـەوتنی هـەر ژانرێکی ئەدەبیدا هەیە وخۆشبەختانە زۆربـەی لێکۆڵینـەوەکانیش، کـە لـەبارەی ڕۆمانـەوە نووسراون ڕۆمانی کوردییان بەم پێـوەرە هەڵسـەنگاندووە، هـەم لـەڕووی سـەرهەڵدان و هەم لەبارەی چەندێتی و چۆنیەتییەوە.لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشدا ئەو وەرچـەرخانە سیاسـیەی،کە لـەدوای جـەنگی دووەمـی جیهانیـدا ڕوویـداوە وەرچـەرخانێکی ئـەدەبی هێنایە ئاراو لەنێو ئەم وەرچەرخانە ئەدەبیەشدا ڕۆمان لەدایکبووە.

## ٢-١:هۆکارەکانی درەنگ سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا

دیارە کوردستان لە مێـژوودا ڕووبـەڕووی چـەندین ڕووداو و کارەسـات بۆتـەوەو داگیرکـەرانی هەمیشـە لـە هـەوڵی دارشـتنی پلانـی توکمـەو تازەدابوونـە بەمەبەسـتی سڕینەوەی ناسنامەو زمان و کلتـوری نەتـەوەیی و لـەم پێناوەشـدا هـەموو هـەوڵ و تەقەلایەکی خۆیان داوە بۆ داگیرکردن و پارچە پارچـە بـوونی. سـەرەڕای بـەرگری و بەگژداچـوونەوەی کـوردیش لـە قۆناغـە جیاجیاکانـداو خـەبات و تێکۆشـان لـەپێناو

[١]: ئیان وات، تیۆری ڕۆمان، و: لەفارسییەوە: محمـد کـەریم، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٢، ل٩٧.

پاراستنی ناسنامەو خاك و نەتەوەی کورد، بەلام ئەم رووداو و کارەساتانە بوونەتە هۆکاری دواکەوتن و دابڕانی کورد لەبەرەوپێشەوە چوون و پێشکەوتن لەهەموو لایەکەوە، دیارە کە ئەم بارودۆخەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی لەهەموو ناوچەکانی کوردستان و گەلێجار بزاڤی رووناکبیری و ئەدەبی کوردی سست و لاوازکردووەو ئەمەش وایکردووە،کە ژانری ڕۆمان لە نێو ئەدەبی کوردیدا توانای زوو سەرهەڵدان و نەشونماکردنی نەبێت، بۆیە پێویستە ئاماژە بەو هۆکارانە بکەین، کە بوونەتە هۆی درەنگ سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، کە لەئەنجامی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی نالەبارو نەگونجاوی میللەتی کورددا هاتۆتە ئاراوە لەو هۆکارانەش:

١- دەسەلاتی داگیرکردن و ژێر دەستەیی: دەتوانیین بلێین بەحوکمی ئیوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی فارسدا بووەو هەمیشە لەژێر باری چەوساندنەوەدا بووە نووسەران نەیانتوانیوە یاخود ڕێگەیان پێنەدراوە، کە بەزمانی دایك گوزارشت لە ڕووداوەکانی کۆمەڵی کوردی بکەن (کامەران حامیدی)[١] پێیوایە کە( بارودۆخی سیاسی لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکان بووە،کە وایانکردووە ڕۆمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا درەنگ سەرهەڵبدات،چونکە دەسەلاتی داگیرکاری بەبۆچوونی من ڕێگربووە لەوەی نووسەران جورئەتی نووسینی ڕۆمانیان هەبێت، چونکە ترسی گرتن و بەندکردنی لێکەوتۆتەوە، ئەمەش سەلیقەی نووسینی ڕۆمانی لەباربردووە.)[٢]

[١]: کامەران حامیدی: یەکێکە لە رۆماننووسانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٥ لە سەردەشت لەدایکبووە. دانیشتووی شاری مهابادە. بڕوانامەی دبلۆمی لەبواری تەندروستیدا بەدەست هێناوە. تا ئێستا سێ ڕۆمانی چاپکراوی هەیە، بەناوەکانی: گۆمی بەردەلانکێ، زینویی بەتەم، مان و نەمان.ئەزموونی کاری ئەدەبی بۆماوەی (١٠)ساڵ لەوەپێش دەگەڕێتەوەو دوو ڕۆمانی تری لەژێرچاپدان بەناوەکانی (زەنگ، خومارین.)

[٢]: کامەران حامیدی،چاوپێکەوتن ، ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/٥، هەولێر.

(فەتاحی ئـەمیری)[١] ش جـەخت لـەو ڕاسـتییە دەکاتـەوەو لـەو بارەیـەوە دەڵێـت: (مـن هەسـت دەکـەم، کـە بـارودۆخی نـەگونجاوی سیاسـیی و هەلومـەرجی نالـەبارو سیاسـەتی سەرکوتکردنی نەتەوەی کورد لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی درەنگ سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی بووە لە ئێران)[٢] چونکە سـەرهەڵدانی ڕۆمـان پێویسـتی بەزەمینەیـەکی لـەبارو گونجاو هەیە( دەتوانین بڵێین ڕۆمان و پشتیوانی سیاسی و کۆمەلایەتی هەیە، لەگـەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمان پێویستی بەبارودۆخی لەباری دەستەلاتێك بۆ پەرەپێدانی بەداخـەوە لەڕۆژهەلاتی کوردستان دەسەلاتی سیاسی نەك هەر پشتیوان نەبووە، بەڵکو ڕێگـر بـووە لەبەردەم نووسەران بۆیـە ڕۆمـان درەنـگ لەوێـدا سـەریهەڵداوە)[٣]،کەواتـە دەسـەلاتی داگیرکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد لەژێر باری زەبروزەنگی نەتەوەی فارسدا یـەکێك بـووە لـەو هۆکارانـەی، کـە ڕۆڵـی لـە درەنـگ سـەرهەڵدانی ڕۆمـانی کـوردی لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەبووە.

٢- بالادەستبوونی زمـانی فارسـی بەسـەر زمـانی کوردیـدا: لەبەرئـەوەی خوێنـدن و نووسین لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بە زمانی فارسـی بـووە، ئەمـە وایکـردووە لـەو بەشـەی کوردستاندا زیـاتر بـە زمـانی فارسـی بخـوێنن و بنووسـن ( بالادەسـتبوونی زمـانی فارسـی بەحوکمی ئەوەی خوێندن بە زمـانی فارسـی بـووە زمـانی کـوردی قەدەغـەبووە حـەزو خولیـای نووسـینی بـەزمانی کـوردی کـەم کردۆتـەوە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی درەنـگ سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی)[٤]،کەواتـە یـەکێکی تـر لـەو هۆکارانـەی، کـە نووسـینی ڕۆمـانی دواخستووە زمان بووە، چونکە ( ڕێگە بەزمانی کوردی نـەدراوە ئـەو زمانـە بـالا بکـات و سروشتی لەگەڵ لەبواری خوێندن و نووسیندا، تا خوێنەری کورد بتوانێ ئێسـتا ڕەنگـە دەیان دەقی ڕۆمانمان بەو دەنا لەبواری نووسینی ئەدەبیات و ڕۆمانیشدا کارای بکات.

---

[١]: فەتاح ئەمیری، یەکێکە لە ڕۆماننووسانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەساڵی ١٣٢٥ ی هەتاوی لە گوندی(مەلیچەر)،کە کەوتۆتە نێوان مهابادو بۆکان لەدایکبووە، هەرچەندە لەبەر کاری سیاسی نەیتوانیوە خوێندن تەواوبکات،ئەوەشدا لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری نووسینی ڕۆماندا خاوەنی سێ ڕۆمانە بەناوەکانی:(هاوارەبەرە، میرزا، زیندەخەو).

[٢]: فەتاح ئەمیری، پەیوەندی تەلەفۆنی، ڕێکەوتی ٢٧/٩/ ٢٠١١،مهاباد.

[٣]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٩/٢٨، هەولێر.

[٤]: کامەران حامیدی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/٥،هەولێر.

زمانە هەبووایەو زووتر سـەریهەڵدایە)[1] هـەوڵی نووسـینیش بـەزمانی کـوردی زیـاتر هـەوڵی تاکەکەسـی بـووە لەلایـەن ڕۆشـنبیرانەوە (ئـەوەی ئێمـەی فێـری خوێنـدن و نووسـین کرد...بەتایبـەتی نـەوەی پـاش کۆمـاری کوردسـتان بەهـەوڵ و تەقـەلای تاکەکەسی فێری نووسین بەزمانی کوردی بووین)[2]چونکە نووسـین بـەزمانی زگمـاك ڕۆڵ دەگێڕێ لەسـەرهەڵدان و دەوڵەمەنـدکردنی هـەر ژانریکـی ئـەدەبی وەك ڕۆمـان (نووسـین و خوێندنی ئێمەش بە زمانی فارسی بووە، زمانی کوردی قەدەغەبووە، کە ئەمـەش هۆکارێك بووە لـەو هۆکارانـەی کـە ڕۆمـانی دواخسـت.)[3] تەنانـەت ئـەم بالادەسـت بوونـەی زمـانی فارسی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان یەکێکە لەو کۆسپ و تەگەرانەی،کە بواری نووسـین و دەربڕینی بە زمانی کوردی بەرتەسك کردۆتەوەو لەچوارچێوەیەکی دیـاریکراودا کۆتوبەنـدی کردووە.

٣- قەدەغەبوونی چاپکردنی کتێب بـەزمانی کـوردی: هۆکـارێکی دیکـە بـووە لـەو هۆکارانـەی، کـە وایکـردووە ڕۆمـانی کـوردی لەڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا درەنـگ سـەرهەڵبدات، چـونکە وەك چـۆن خوێندنـەوەو نووسـین بـەزمانی کـوردی قەدەغـەبووە، بەهەمان شێوە چاپکردنی کتێبی کوردی قەدەغە بووە (هۆی چاپ نـەبوونی بەرهەمـەکانی من یان بەگشتی نووسەرانی کوردی ئێـران زیـاتر لەوەدایـە کـە پـێش سـەرکەوتنی شـۆڕش قەدەغەو قاچاخ بوونی خوێندن و نووسـین و لـە چـاپدانی کتـێبی کـوردی بـوو.)[4] نـەبوونی چاپەمەنی ڕێگرە لەبەردەم ناساندن و نووسینی هەر بوارێك لەبوارەکانی ئەدەب و لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشدا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان نووسەران ڕووبـەڕووی کۆمـەڵێك تـەنگ و چەڵەمە دەبنەوە بۆ لەچاپدانی بەرهـەمێکی ئـەدەبی لەکاتێکدا ئـەم بـوارە بـۆ لەچـاپدانی

---

[1]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٩/٢٨،هەولێر، زانکۆی جیهان.

[2]: فەرەیدون ئەرشەدی، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران، گ ڕامان، ژ ٥١ ی ئەیلوولی،٢٠٠٠.

[3]: فەتاح ئەمیری، پەیوەندی تەلەفۆنی، ڕێکەوتی /٢٠١١/٩/٢٧، مهاباد.

[4]: حوسێن شێربەگی، چیرۆکی هیچ وەلاتێك ناتوانێ لەکارتێکردنی چیرۆکی جیهانی و دراوسێکانی بێبەهرەبێ،گ. ڕامان، ژ(٣٢)ی شوباتی ١٩٩٩، ل٦٨.

کتێب بەزمانی فارسی لەوپەڕی کراوەیـی و پێشکەوتندا یـە (حوسـێن شـێربەگی)[1] جـارێکی تریش جـەخت لەسـەر ئـەو ڕاسـتییە دەکاتـەوەو بـەهۆکارێکی دیـارو ڕاسـتەوخۆی درەنـگ سـەرهەڵدانی ڕۆمـانی کـوردی دەزانێـت و دەڵێـت: بـەر لەسـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسـلامی، نووسین و لەچاپدانی کتێبی کوردی قەدەغە بـوو، بـەلام چـەند کەسـێك دەیاننووسـی و بـۆ دۆسـتان و بـاوەڕپێکراوانی خۆیـان دەخوێنـدەوە.)[2] بـەم شـێوازە ڕێگەنـەدان و سانسـۆر خستنەسەر لەچاپدانی کتێب بەزمانی کوردی هۆکارێکی دیکەی دیارو ئاشکرابوو بۆ درەنگ سـرهەڵدانی ڕۆمـانی کـوردی لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا. تەنانـەت لـە ئێسـتادا بەشـێك لەنووسەران و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ دەربازبوون لـەم گرفتـە ناچارن ڕووبکەنە باشووری کوردستان بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان.

٤- گرنگـی نـەدان بـەوەرگێڕان: هۆکـاری ئاشـنانەبوونی نووسـەران بـووە بـە ژانـری ڕۆمان.وەرگێڕان ڕۆڵێکی دیـارو بەرچـاودەگێڕێ لەناساندنی تـەوژمی نـوێی ئـەدەبی و ڕێباز و ژانری نوێی ئەدەب،چونکە وەرگێڕان زمانی دبلۆماسـی ئەدەبیاتـە و لـە ڕێگـای وەرگێڕانـەوە دیـالۆگ و پەیوەندییـەکی نێونەتـەوەیی و ئـەدەبی لـەنێوان نەتـەوە زمـان جیاوازەکانـدا ئـەنجام دەدرێـت و نەتـەوەکان ئاگـاداری ژانـری نـوێ و ڕێبـازی نـوێی ئـەدەبی دەبن.وەرگێـڕان ڕۆڵێکـی دیـاری لـە ئاشـناکردنی ئـەم ژانـرە بەنەتـەوەکانی ڕۆژهەلاتـدا هەبووە،بـەلام گرنگـی نـەدانی کـورد بـەبواری وەرگێـڕان یـەکێك بـووە لەفاکتەرەکانی دواکـەوتنی نووسـینی ڕۆمـان لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا (بەداخـەوە کـورد نەیتوانیوە بەچەشنی فارس سوود لە وەرگێڕان وەربگرێـت، تـا لـەو ڕێگەیـەوە نووسـەرانی ئاشنای ژانری ڕۆمان بکات و لەسەر ئەو بنەمایە زوو دەست بە نووسینی ڕۆمان بکات، ئەمـەش هۆکارێـك بـووە کـە بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر درەنـگ

[1]: حوسێن شێربەگی: لەساڵی ١٩٥١ لەشاری بۆکان لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێنـدنی هـەر لـەو شـارەدا تەواو کردووە و دەرچووی پەیمانگای مەلبەندی مامۆستایانە.سەرەتای کـاری ئـەدەبی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٧٧. لەسەرەتاوە دەستی داوەتە چیرۆك نووسین بەزمانی فارسی و سـی کورتـە چـیرۆکی بـەزمانی فارسـی نووسیوەو دوو ڕۆمانی بە ناوەکانی (عقارب کوهسار، تالشو تکاپو) نووسـیوە.دواتر ل ١٩٩٨ دا ڕۆمـانی (شار بەدەر)ی بە زمانی کوردی نووسیوە.

[2]: حوسێن شێربەگی، چیرۆکی هیچ ولاتێك ناتوانێ لەکارتێکردنی چیرۆکی جیهانی و دراوسێکانی بێبەهرەبێ،ل٦٧.

سەرهەڵدانی ڕۆمان هەبووە.)[1] نەتەوەکانی دەورووبەر لەڕێگای وەرگێڕانەوە برەویان بەبواری نووسینی ڕۆمان داوە، بەلام نەتەوەی کورد لەچەند قۆناغێك دواتردا دەستی داوەتە وەرگێڕان تا لەو ڕێگەیەوە ئەدەبی خۆی پێ ببوژێنێتەوە( لەکاتێکدا نەتەوەکانی عەرەب و تورك و فارس بە وەرگێڕانی ڕۆمانگەلی مێژووی ڕۆژئاوایی و دواتر بەرهەمهێنانی ڕۆمانگەلی مێژوویی خۆمالّی ڕەوتی نەتەوەسازیان خێراترکرد، کوردەکان لەگەڵ چارەنووسێکی تر ڕووبەڕوو دەبوونەوەو ڕادەی گەشەی کۆمەلایەتی و ئابووری و ناسیونالیزمی فەرهەنگی و سیاسیان دەرفەتی ئاشنابوون بەڕۆمان و نووسینی ڕۆمانی پێنەدان.)[2] بەوجۆرە دەتوانیین بڵێن، کە غەفڵەت بوون و بالادەست نەبوونی کورد لەکاری وەرگێڕان و وەرگێڕانی ڕۆمان ئارەزووی نووسین و هێنانەئارای ڕۆمانی کوردی کەم کردۆتەوەو ئەمەش کاریگەری لەسەر درەنگ سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەبووە(درەنگ سەرهەڵدانی ڕۆمان پەیوەندی بە درەنگ کەوتنی بزوتنەوەی وەرگێڕان هەبووە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا،بەلام زاڵبوونی بزوتنەوەی وەرگێڕان لەنێو فارسدا نووسەرانی فارسی ئاشنای ژانری ڕۆمان کردووە ئەمەش وایکردووە لە نووسینی ڕۆمان پێشکەون و بەسەدان دەق لەو بوارەدا بنووسن)[3]،چونکە(بەهۆی وەرگێڕانەوە نووسەران ئاگاداری هەموو ئەدەبێکی جیهانی دەبن و هەزمی دەکەن بەمەش ئەدەبەکەیان خوێنێکی تازەو تەوژمێکی تازەتری دەچێ نەیتوانیوە وەرگێڕان بکاتە تەوژمێك بۆ بووژاندنەوەی بەدەمارەکاندا)[4] ، بەلام ئەدەبی کوردی ئەدەبی و زوو سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی.

٥- گرنگیدان بەشیعر: شیعر وەك فۆرمێکی ئەدەبی لەمێژووی زۆر نەتەوەدا پێش ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەب کەوتووەو توانیویەتی لەناوەڕۆکیدا هەڵگری گەلێك ماناو دەلالەت بێ و ئەرکی نەتەوەیی و سیاسی و ئەخلاقی خۆی بەجێ بگەیەنێت و ئاوێنەی

---

[1]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٩/٢٨، هەولێر، زانکۆی جیهان.

[2]: هاشم ئەحمەد زادە، مێژوو، ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی، ل٢٤.

[3]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٩/٢٨، هەولێر، زانکۆی جیهان.

[4]: هاشم ئەحمەد زادە، مێژوو، ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی، ل٢٤.

بوارەکـانی ژیـان بووە(شـیعر ئـەرکی ئاگادارکردنـەوەو هانـدان و گەشـبینی پێبینـراوە.)[1] مەزنایەتی و ڕەسەنایەتی شیعریش کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبووە لەهـەموو سـەردەم و قۆناغە جیاوازەکانداو لەنێو ئەدەبی کوردیشدا شـیعر سـومبولی خـەبات و تێکۆشـان و چەکی بەرەنگاری بووە(شاعیرانی کوردیش لەم ڕوانگەیەوە لەگشـت چـەرخ و سـەردەمێکدا ڕاسـتەوخۆ شـعیرەکانیان وەك چـەکێکی کاریگـەر بـەکارهێناوە بەتایبـەت لەسـەدەی بیسـتەمدا)[2] ،بۆیـە هەمیشـە شـیعر بەبـەراورد لەگـەڵ پەخشـان پێشـەنگتربووە.لە ڕۆژهـەلاتی کوردستانیشـدا هـەر لەسـەرەتاوە شـیعر زمـانی دەربـڕین و بەرەنگاربوونـەوەو گوزارشت کردن بووە لەو ڕووداوانەی، کە لە مێـژوودا بـەرۆکی کوردییـان گرتـووە، ئەمـەش وایکردووە، کە زیاتر گرنگی بە شیعر بدرێت تا سەردەم و قۆناغێکی درەنـگ تاکـە ئـامرازی دەربڕین بێت، چونکە(لەکۆمەلگایەکدا، کە خوێندنەوەو نووسین بەزمانی دایك قەدەغەبێت، ئەستەمە لەوەها دۆخێکدا چاوەڕوانی نووسینی ڕۆمان بین،بەلام شیعر بەحوکمی ئەوەی پێشینەو مێژوویەکی درێژتری هەبووەو گەیاندنی پەیامەکەشی لەڕێگەی لەبەرکردنەوە ئاسانتر بوو، ئەوا فۆڕمێکی دەربڕینی لەبارتربووە، بۆیە لە ڕۆژهـەلاتی کوردستانیشـدا شـیعر زیـاتر زمـانی گوزارشـتکردن بـووە لـە خواسـتەکانی تـاکی کـورد.)[3] ئەمـەش وایکردووە،کە زیاتر گرنگی بە شیعر بدرێت بەبەراورد لەگەڵ ڕۆمان لە ئاستی داهێنان و گرنگی پێدانیشی (ڕاستە ئەمڕۆ کورد ڕۆمان و چیرۆکی هەیە تەنانەت لەبواری ڕەخنەشدا هەندێك کارکراوە، بەلام دیارترین ژانر، کە تا ئەمڕۆش زیاترین ڕێژەی داهێنانی بـۆ خـۆی تەرخانکردووە دیارە هەر شیعرە.)[4] بەم جـۆرە ئەگـەر شـیعر ڕاسـتەوخۆش ڕێگـر نـەبووبێ لەبەردەم سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردیدا، بەلام ناڕاستەوخۆ لە قۆناغەکانی پێشووتردا تەرازووی بەرامبەر ژانرەکانی دیکەدا کردووەو هەمیشـە وەك ژانرێکـی زاڵ داهێنـانی بـەلای خۆیدا لاسەنگ خۆی دەرخستووە.

---

[1]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٩/٢٨، هەولێر، زانکۆی جیهان.

[2]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٩/٢٨، هەولێر، زانکۆی جیهان.

[3]: عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چ١، هەولێر، ١٩٨٧، ل٨٦.

[4]: نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل،ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا لەسالانی١٩٢٠-١٩٨٥ ،هەولێر، ٢٠١٠، ل٦٩.

## پاژی دووەم: قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا

### ١-٢: قۆناغی یەکەم: قۆناغی دەستپێکردن لەسەرەتاوە تا ١٩٩١

دەکرێت قۆناغی یەکەمی ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا ببەسـتینەوە بـەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانەی، کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕوویانداوە،چونکە لـەو سەروبەندەدا وەرچـەرخانێك سـەبارەت بـە کۆمەڵگـەی کـوردی لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا ڕوویداوە، کە جیهانی شارنشینی پەرەپێداو ئاستی هۆشیاری تاکی کوردی بەرزترکرد. ئـەم گۆڕانکاریانەش بوونەتە هۆی ئەوەی، کە ئـەدەبیاتیش گـۆڕانێکی بنـەڕەتی بەسـەردابێت و ئەگەر تا ئەو سەروبەندەدا شیعر تاکە ژانری بالادەست بووبێت لە نێو ئەدەبی کوردیدا لە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان ئـیتر پێویسـتی ئـەو بارودۆخـە وایکـرد ژانـری دیکـەش بێتـە ئاراوەو نووسەرانی گەیاندە ئەو بڕوایەی، کە دەکرێ بێجگە لە ژانری شیعر ژانری دیکـەی وەك چیرۆك و ڕۆمان باس لە خولیاو خواستەکانی کۆمەڵی کـوردی بکـات، هەربۆیـە سـەرهەڵدانی ڕۆمـان لـەو قۆناغـەدا پەیوەندییـەکی تۆکمـەی بەوبارودۆخـە سیاسـیی نوێیـەوە هـەبووە، کـە لـە کوردسـتاندا هاتۆتـە ئـاراوە لـەو سـاتەوەختەداو زەمینەیـەکی ڕەخساندووە، کە ڕۆمانی تێدا سەرهەڵبدات. لەڕاسـتیدا ئـەو وەرچـەرخانە وەرچـەرخانێکی فیکری یان ڕۆشنگەری نەبووە، تا ڕێگا بۆ هاتنـەئارای ڕۆمـان خـۆش کردبێـت وەك لـە ڕۆژئاوادا ڕوویدا،بـەڵکو وەرچـەرخانێکی نۆبـەرەی ڕۆمـانی کـوردی لـەو بڵێین زەمینـەی خۆشکرد لەدایکبوونی سیاسی بـووە، کـە دەکـرێ قۆناغـەدا، چـونکە سـەرهەڵدانی ڕۆمـان ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـەو بـارودۆخ و گۆڕانکاریانـەوە هەیـە، کـە لـە هـەر کۆمەڵێکـدا ڕوودەدات (گەلی کوردیش هەروەکو گەلانی جیهان خاوەن هێڵێکی پتەوو ڕاسـتەقینەیە لەبواری جیهانی ئەدەب، لە شیعردا گەیشتۆتە لوتکە، بەلام سەبارەت بـەڕۆمان پێوەرەکـە دادەبـەزێ ئەمەشـیان بێگومـان پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوخۆی بـەبارودۆخی گشـتی و دونیای ڕۆمانەوە هەیە)[1]

[1]: عەبدوللا یاسین عەلی ئامێدی، هـۆنراوەی بـەرگری لەبەرهـەمی چـەند شـاعیرێکی کرمـانجی سـەروودا، ١٩٣٩-١٩٧٠ ل١٨١.

دەکرێ بڵـێین قۆنـاغی یەکـەمی ڕۆمـانی کـوردی لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا هاوکـاتی دروستبوونی کۆماری کوردستان بووە، چونکە لەوکاتـەدا دەسـتەلاتدارانی کـورد ژمارەیـەك گەنج و لاوی کورد بۆ خوێندن بۆ یەکیەتی سۆڤییەتی پێشـوو ڕەوانەدەکـەن و یـەکێك لـەو گەنجانە ڕەحیمی قازی دەبێت، کە دواتر دەبێتە بناغە دارێژەری نووسینی ڕۆمانی کـوردی لەو بەشەی کوردستان و سەرەتایترین هەوڵی خۆی لەم بوارەدا تاقی دەکاتـەوەو یەکـەمین ڕۆمانی کوردی لەو قۆناغەدا دەنووسێ و دەبێتـە ناسـنامەی ئـەو قۆناغـە (کۆتـایی هـاتنی جەنگی دووەمی جیهـانی ١٩٣٩–١٩٤٥ بـووە هـۆی لـەدایکبوونی کارەساتێکی دیکە،کە پەیوەستە بە لەناوبردنی کۆماری مەهاباد لـەپێناو بەرژەوەنـدی نـەوت و دەسـتەلاتی سیاسی....لێرەدا ڕۆمانی کوردی بە کۆماری کوردی ئاشنابووە.)[1] قۆناغی یەکەمی ڕۆمـانی کوردی بەستراوەتەو بەو بزاڤە ناسیۆنالیستیەی ،کە لەو قۆناغەدا لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا چەکەرەی کردووە، چـونکە زۆرجـار ژانـرە ئەدەبییـەکان دەبـن بـە ئاوێنـەی ڕەنگدانـەوەی بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵ و نووسەرانیش وەك تاکێکی وشیار دەشێ زیـاتر هەسـت بـەو بارودۆخە ناهەموارە بکەن و پەیامی ئایدیۆلۆجی خۆیان لەشێوەی ئەدەبدا بگەیەنن (قازی یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناوی "پێشمەرگە"لە باکۆ نووسی.ئەم ڕۆمانە پاشان لەبەغداو سـالی ١٩٦١ چـاپکراو بلاوبـۆوە، ڕۆمـانی پێشـمەرگە وەك بەناوەکەشـیدا دەردەکوێ،چـیرۆکی سـەرهەڵدانی بزاڤـی ناسیۆنالیسـتی مـۆدێرنی کـوردی لـە کوردستانی ئێرانە)[2]،کەواتە بارودۆخی سیاسی و دروست بـوونی کۆمـاری کوردسـتان، ئەگەر گۆڕان و وەرچەرخانێکی سیاسـی بووبێـت لـەو سـەردەمەدا ئـەوا لەلایـەکی دیـەهوە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی جوالندووەو گەشەی پێداوە، هەربۆیە سەردەمی کۆماری مهاباد بە یەکـەم قۆنـاغی بزاڤـی ڕۆشـنبیری دادەنرێـت لـە کوردسـتانی ئێرانـدا (چـونکە ئـەم قۆناغە بە قۆناغی دەرچوون و بالوبوونەوەی کۆمەلێك گۆڤارو بلاوکراوەی جۆراوجۆری کوردی و دەستپێکردنی خوێندن بـە زمـانی کـوردی و چـاپی کتـێبی کـوردی و کـۆڕو کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری و ئالوگۆڕی بیروڕابووە)[3]،ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر

---

[1]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٩/٢٨، هەولێر، زانکۆی جیهان.

[2]: عەبدولخالق یەعقووبی، دیالۆگ و داهێنان، چاپخانەی خانی، دهۆك،٢٠٠٩، ل٢٢١.

[3]: مەهدی سالح، دەربارەی ڕۆمان، ل٤٨.

چەکەرەکردنی هەستی ناسیۆنالیستی و داخوازییـە نەتەوەییەکانـەوە هـەبووەو گەشـەو نوێبوونەوەی ئەدەبیشی بەدوای خۆیدا هێناوەو یەکەم دەقی ڕۆمانیش لەو قۆناغەدا بە قەڵەمی نووسەرێکی ئەو بزوتنەوە سیاسییە نووسراوە (دەتوانم بڵێم چەکەرەکردنی هەستی ناسیونالیستی و داواکردنی خواستی سیاسی و تەنانەت دروستبوونی حیزبێکی سیاسی کـە بۆماوەی ساڵێك دەسـتەلاتی کۆمـارێکی کـوردی گرتـە دەسـت کۆمەڵـە هۆکارێـك بـوون بـۆ لەدایکبوونی ڕۆمانی کوردی لەو قۆناغەدا، چونکە وەرچەخانە سیاسیەکە، وەرچـەرخانێکی ئەدەبیشی هێنایە ئارا کە بووە هۆی خولقانی شانۆو ڕۆمان.)[1]

سیمای تایبەتی ئەم ڕۆمانەی،کە لەم قۆناغەدا لەدایك بووە،باسکردنە لەو بارودۆخـە سیاسی و کۆمەلایەتییەی، کە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەخۆیەوە بینیووە،واتـە شـێوازی دارشتنی ڕۆمانەکە شێوازێکی تەواو ڕیالیزمییە،کە بـاس لـەژیان و بەسـەرهاتی چـەند کەسایەتییەکی کـوردی دەکـات و کێشـە و نەهامەتییـەکانیان لـە فـۆرمێکی هونەریـدا دەخاتەڕوو(یەکەم ڕۆمانی چاپکراوی کـوردی بـەزاراوەی کرمـانجی خـواروو (سـۆرانی) ڕۆمـانی پێشـمەرگەی ڕەحیمـی قازییـە کـە گێڕانەوەیـەکی ڕیالیسـتییانەیە لەسـەر هەلومەرجی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمـەلاتی کۆمەڵگـەی کـوردی لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان لەچلەکانی سەدەی بیستەمدا.)[2] ماوەتەوە بڵێین ڕەنگـە ئەسـتەم بێـت بـوونی یـەك تاکـە ڕۆمان بەقۆناغی یەکەمی ڕۆمانی کوردی دابنرێت لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، چونکە دەبـوو دوای ئەم ڕۆمانە چەند دەقێکی دیکـەی ڕۆمـان بنووسـرایە،بەلام بـەداخێکی زۆرەوە ئەدەبی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان سستی کردو نەیتوانی تا چەند ساڵ دواتـر هـەنگاوی تر بنێت لەوبوارەداو ئەم بوارەی تا سالانێکی درەنگ فـەرامۆش کـرد، کـە نزیکـەی مـاوەی سی ساڵی خایاند. ئەمەش بە بڕوای ئێمە پەیوەندی بە هەموو ئـەو هۆکارانـەوە هەیـە، کـە هۆکاربوونە لە درەنگ سەرهەڵدانی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا.

[1] : س.پ: ل٥٠.

[2] : هاشم ئەحمەد زادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٧٩.

٢-٢: **قۆناغی دووەم: قۆناغی بەرەو پێشچوون و گەشەسەندن** ١٩٩٠-١٩٩٨

لـەدوای ڕووخـان و جوانـە مـەرگ بـوونی کۆمـاری کوردسـتان و لـەدوای لـەدایکبوونی یەکەم نۆبەرەی ڕۆمانی کـوردی لەلایـەن ڕەحیمـی قازییـەوە، ئـیتر نووسـینی ڕۆمـانی کوردی دووچاری شکستی لەدایکبوون و داهێنان دەبێتەوە تەنانەت لەدوای شۆڕشـی گـەلانی ئێـرانیش دژ بـە ڕژێمـی شاهەنشـای ئێران،کـە بزاڤـی ڕۆشـنبیری و ئـەدەبی جارێکی تر لە سەرانسەری ئێران گوڕوتینی تێدەکەوێتەوە، کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕۆمان لەتوانایدا نابێت پێگەی خۆی وەکو ژانرێکـی ئـەدەبی لەوبەشـەی کوردسـتاندا بۆخـۆی دەسـتەبەر بکـات، بـەڵکو دووچـاری دابڕانێـك دەبێتـەوە کـە زیـاتر لـە چـل سـاڵ دەخایەنێت، بۆیە دەتوانین لەمێژووی ئەدەبی کـوردی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتاندا ئـەو مـاوە دوورو درێژە بەماوەی نەبوون و مردنـی هونـەری ڕۆمـان ناوببـەین، چـونکە لەگـەڵ گەشـەو بەردەوامی بواری ئەدەبیدا هێشتا ڕۆمان لەوماوەیەدا بوونی نابێت و تەنانەت دەست و پەنجـــەی تاکـــە نووســـەرێکی ڕۆژهـــەلاتی کوردســـتان لەنووســـینی ڕۆمانـــدا تاقینەکراوەتەوەو بیروهزری نووسەرێك نابینین، کـە بەچـنینی ڕووداوی تاقـە ڕۆمانێـك ماندووکرابێت تا کۆت و بەندی نەبوون و نەنووسینی ڕۆمان تێکبشکێنێ، کەواتە وەك چـۆن لـە باشـووری کوردسـتاندا لـەدوای نووسـینی یەکـەم ڕۆمـانی کـوردی، کە(مەسـەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد موختار جافە)، کە لەساڵی ١٩٢٧- ١٩٢٨)ی زایـنی نووسـراوە، ڕۆمـان دووچاری دابڕان دەبێت بەهەمان شێوە لە ڕۆژهەلاتیش دووچاری هەمان چارەنووس دەبینەوە ( لە ڕووی مێژووییەوە،ڕەوتی ڕۆمـانی کوردی،لـە کوردسـتانی عێراقـدا، کۆمـەڵێ دابڕانی پێوەدیارە.لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ئەو سەرهەڵدانە بۆ خۆی بایەخێکی تایبـەتی هەیە)[١] ،بەلام بەچاوخشاندن بەمێژووی نووسین و سەرەتای دەرکـەوتنی ڕۆمـانی کـوردی و وردبوونەوە لە نووسەران و ڕەخنەگران ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکـەوێت، کـە هەشـتاکانی سەدەی ڕابردوو قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی بووە لـە باشـووری کوردسـتان (لـەم دەیەدا ڕۆمانی کوردی گڕوتینێکی دیکەی تێکەوت بەتایبەتیش، کە لە چاپدانی ژمارەیـەکی

[١]: نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ژانی گەل، شار، ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١.

دیکـەی ڕۆمـانی کـوردی کـە جگـە لـە شـارەکانی کوردسـتان لـە شـاخیش چـاپ و بلاوکرانەوە)[1]،کەواتە لە باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لەدوای لەدایکبوونی یەکەم دەقـی ڕۆمـان ئـیتر بۆمـاوەی چـل سـالێك نووسـینی ڕۆمـان ڕووبـەڕووی شکسـت دەبێتەوە،کە ئەوماوەیەش وەستانێکی درێژخایەنە لەڕەوتی نووسینی ڕۆمان،بـەلام لێـرەدا دەکـرێ ئامـاژە بـەوەش بـدەین، کـە لـەو ماوەیـەدا چـیرۆك ئـەم بۆشـاییەی پڕکردۆتـەوە ئەگەرچی نابێت بەجێگرەوەی ڕۆمان لە گەلێك ڕووەوە، بـەلام هـەمان مەبەسـت و پـەیامی ڕۆمانی گەیاندووە،چونکە ئەگەر کۆمەلێك هۆکار ڕێگر بووبن لەبەردەم نووسینی ڕۆماندا ئـەوا گۆڕانکارییـە یـەك لـەدوای یەکـەکان وایـانکردووە نووسـەران پـەیامی خۆیـان لەچیرۆکدا بگەیەنن.هەربۆیە بەچاوخشاندن بە ئەزموونی ئەدەبی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە،کـە چـەند چیرۆکنووسـێك لەوماوەیـەدا ناویـان لـەبواری چیرۆکنووسیدا درەوشاوەتەوە وەکو:(هێمن موکریانی وحەسەنی قزلجی و ئەحمەدی قـازی و عەتای نەهایی)، کە لەدوای نووسینی ڕۆمانی پێشمەرگە هەولی خۆیان داوە لەو بـوارەداو بەزمانی کوردی چەندان چیرۆکی هونەری جوانیان پێشکەشکردووە، بەلام ڕۆمان هـەر لـە نادیاریدا ماوەتەوە تا کۆتایی سالانی هەشتای سەدەی ڕابردوو لێـرەدا بەپێویسـتی دەزانین، کە ئاماژە بەو ڕۆمانانە بکەین، کە لـە سـالانی نـەوەدو بـەدواوە گەشـەی ڕۆمـانی کوردی نیشان دەدەن لەو قۆناغەدا، کە دەکرێن بە دووبەشەوە:ـ

بەشی یەکەمیان: کە چەند دەقێکـی ڕۆمـان دەگرێتـەوە کـە بەقەلـەمی ئـەو نووسـەرانە نووسراون، کە بـەهۆی کـاری سیاسـیەوە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتانیان جێهێشـتووەو لـە ولاتانی ئەورووپا دەژین،کە دەکـرێ بـەڕەوتی ڕۆماننووسـانی تاراوگە ناویـان بـەرین، کە چەند ڕۆمانێکیان لە ولاتە جیاجیاکانی ئەورووپا بەچاپ گەیاندووە (کە بریتین لە نەوەیـەکی نوێخوازو زیاتر ئەو نووسەرە ئازادیخوازانەن، کە بەهۆی بەربەرەکانێی کۆماری ئیسلامی ئێران پەڕاگەندەی هەندەران بوون)[2] ،چونکە (ئەوکاتەی بەربـەرەکانێی هێـزی کـوردی لەگەل کۆماری ئیسـلامی نەوەیـەکی تـری بـەرەو دیـاری غوربـەت و تاراوگە ڕاونـا، کە

[1]: سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی، ل ١١،١٢.

[2]: هاشم ئەحمەد زادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٧٩.

زۆربـەی هـەرە زۆریـان وەك پەنابـەر نیشـتەجێی وەلاتـانی ئـەورووپی بوون.هەنـدێكیان ڕۆماننووسـی لێـزان و دەسـتڕەنگینیان لێدەرهات،كـە تـا ئێسـتا حـەوت بەرهـەم لەبەرهەمەكانیان بلاوبۆتەوە).[1] ئـەم بەرهەمانـەش بـریتین لـە (پێشـمەرگەی ڕەحیمـی قازی ١٩٦١، فرمێسك و خەباتی سیامەند شێخ ئاقایی ١٩٩٢، ژوانی سـەعید كـاوە ١٩٩٥، كۆمەڵـە شـاخی بـەرزی كـەریم دانشـیار ١٩٩٣، ژیـان بـەدەم زریانـەوەی تـەیفور بێتـایی، كارامزی عەلی حەسەنیانی ١٩٩٧، بلەجانی پەرویز جیهانی ١٩٩٧)[2] ئـەوەی جێگـای داخە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان دەقی ئەم ڕۆمانانە بە باشی نەكەوتوونەتـە بەردەسـتی خوێنەرانی كورد، تا بتوانرێت توێژینەوەی ئەدەبی لەبارەیانەوە ئەنجام بدرێت و ڕۆڵیـان لەبەرەوپێشچوونی ڕۆمانی كوردی دیاری بكرێت.بەشی دووەمیان: ڕەوتی دووەمـی ڕۆمـانی كوردی لە قۆناغی دووەمدا ئەو ڕۆماننووسانەن،كە لەدوای نووسینی یەكەم دەقـی ڕۆمـانی كوردی دەستیانكردووە بە ڕۆماننووسین، كە چەند ڕۆماننووسێكن پێش ئەوەی توانـای خۆیـان لـەبواری ڕۆماننووسـین تاقیبكەنـەوە سـەرقاڵی چیرۆكنووسـین بـوون لەوانە:(حوسـێن شـێربەگی، فـەتاحی ئـەمیری، عـەتای نەهایی)،بـەلام لـەو قۆناغەشـدا نەیانتوانیوە ڕەوتی نووسینی ڕۆمان برەوپێبدەن، بۆیە تاقە ڕۆماننووسێك، كە توانیویـەتی لەو قۆناغەدا سڵ لـە نووسـینی ڕۆمـان نەكاتـەوەو هـەوڵی خـۆی بـدات لـەم بـوارەدا (فەتاحی ئەمیری)یە.(هاشمی ئەحمەدزادە) لەبارەی سەرەتاترین هەوڵی نووسـینی ڕۆمـان لـەو قۆناغـەدا تیشـك دەخاتـە سـەر هـەوڵ و تێكۆشـانی ئـەم ڕۆماننووسـە و دەڵێـت: (یەكەمین ڕۆمان لە كوردستانی ئێران بە قەڵەمی فەتاح ئەمیری نووسرا. ئـەم ڕۆمانـە بەناوی "هاوارەبەرە"یـە كـە لەسـاڵی ١٩٩١ بلاوبـۆوە.)[3] هۆكـاری نووسـینی ڕۆمـان لـەلای نووسەر لەو قۆناغەدا لەڕۆژهەلاتی كوردستان لەئـەنجامی كۆمـەڵێ پاڵنـەرەوە بـووە وەكـو ئـارەزووی خوێندنـەوەی ڕۆمـان و هەسـتكردن بـەو بۆشـاییە گەورەی،كـە ڕۆمـانی كـوردی بەخۆیەوە دیوە لەو قۆناغەدا (ئەو هۆكارانەو چـەندی دیكـەش وایكـرد لـێم كـە مـن مەیدانی چیرۆكنووسین و ڕۆماننووسین لە كوردستانی ئێـران بـە بـەتاڵی ببیـنم، مـن


---

[1]: س.پ: ل٧٩.

[2]: س.پ: ل٨٨.

[3]: س.پ: ل٨٢.

هەستم دەکرد کە کەموکورییەك و بۆشاییەکی گـەورە لـەکاری ئێمـەدا هەیـە، چـونکە زمان و زاراوەیەکی بەهێزو دەوڵەمەندمان هەیەو گوناهە بـەفیڕۆ بچـن.)[1] ئـەم هەوڵـە یـەك لایەنەی فەتاحی ئەمیری لە کتێبی (الروایە الکردیە)ی عبدالرحمن پاشا ئامـاژەی پێکـراوەو ڕوون کراوەتـەوە، کـە دوا بـەدوای ڕۆمـانی پێشـمەرگە لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان ڕۆمـانی (هاوارەبەرە)ی فەتاحی ئەمیری تاقە ڕۆمانە،کە لەو قۆناغەدا نووسرابێت ( لـە کوردسـتانی ئێرانیش ڕۆمانی هاوارەبەرە لە ساڵی ١٩٩٠ دا ،کە لەلایەن فەتاحی ئەمیرییـەوە نووسـراوە، تاقـە ڕۆمانـە لـەو دوا سـالانەدا، ئەگەرچـی بەدڵنیاییـەوە نـاتوانین بڵـێین کـە یەکـەم ڕۆمانە،چونکە ڕۆمـانی پێشـمەرگەی ڕەحیمـی قـازی پـێش ئـەو دەرچـووە،لە بەغـدا دەرچووە لەساڵی ١٩٦١ دا نەك لەئێران.)[2]




**فەتاح ئەمیری**

---

[1]: فەتاح ئەمیری، ڕۆمان لەبنەڕەتدا خەیاڵە من نامەوێ لە نووسیندا واقیع تۆماربکەمەوە، گ.کاروان، ژ١٧٦ئابی ٢٠٠٣، ل١١٧.

[2]: عبدالرحمن باشا، الروایة الکردیة، تقدیم مارف خزندار، مطبعة وزارة التربیة، اربیل، ٢٠٠١، ص٧٩.

ئەو هەوڵەی ڕۆماننووس لەو قۆناغەدا تەنها بەنووسینی ئەو ڕۆمانە ناوەستێ، نووسەر هاندەدات بۆ نووسینی دووەم ڕۆمانی خۆی بـەناوی (مـیرزا)، (لـەدوای سـی سـاڵ دابـڕان و نەبوونی هیچ دەقێکی دیکەی ڕۆمانی کوردی من بەهەستکردن بـەو بۆشـاییەی کـە ڕۆمـانی کوردی دووچاری شکست هاتووە دەستم دایە نووسینی یەکەم ڕۆمـان و دوای ماوەیـەکیش دووەم ڕۆمانی خۆم نووسی)[1]،ئەمەش لەئەنجامی هەستکردن بەگرنگی و دەوڵەمەنـدی زمانی کوردییەوەبووە (پاش هاوارەبەرە دەرفەتم بۆ هەڵەهوت "میرزا"م نووسی)[2] .




[1]: فەتاح ئەمیری، پەیوەندی تەلەفۆنی، ڕێکەوتی /٢٧ ٩/ ٢٠١١، مهاباد.
[2]: فەتاح ئەمیری، ڕۆمان لەبنەڕەتدا خەیاڵە من نامەوێ لە نووسیندا واقیع تۆماربکەمەوە، ل١١٧.

دیاره لـەو قۆناغـەدا هەلومـەرج لـەبارتربووه بـۆ نووسـینی ڕۆمـان، بـەجۆرێك ئەگـەر كەمتەرخەمی نووسەران نەبووایه دەكرا چەندین دەقـی دیكـەی ڕۆمان لەڕۆژهـەلات بنووسـرایه (بەداخـەوه لەگـەڵ ئـەو پێشـوازی و دەسـت خۆشـییەی، كـه لـەو دوو بەرهەمـه كران،كەچـی هـیچ نووسـەرێكی تـر لـەو ماوەیـەدا هـەوڵ و تەقەلایـەكیان نـەدا، ئەگـەرنا ئـەو قۆناغـه پڕشـنگدارتر دەبـوو بەچـەندین دەقـی ڕۆمـان، بۆیـه مـن ئەمـه بـه كەمتەرخـەمی و سسـتی نووسـەرانی ئێـره دەبیـنم)[1]، ئەمـەش وایكـردووه لـەو قۆناغـەدا ڕۆمانێكی تر لەلایەن ڕۆمان نووسانەوه نەنووسرێت، ئەگەرچـی لـەو قۆناغـەدا بزووتنـەوەی ڕۆشـنبیری گەشـەی كـردووەو كۆمـەڵێك ئەنجوومـەنی ئـەدەبی هاتۆتـه ئـاراوەو درك بەوەكراوه،كـه ڕۆماننووسـانی باشـوری كوردسـتان كاریگـەریان بەسـەر خوێنـەرانی ڕۆمـانی كـوردی لـه ڕۆژهـەلاتی كوردسـتان هـەبووەو بەرهەمـەكانیان پێشـوازی باشـی لێكراوه(لـەو قۆناغـەدا لەئـەنجامی ئـەو كەمـه ئازادییەی،كـه ناوەنـدی بلاوكردنـەوەی سەلاحەددینی ئەیووبی بەسانسۆرەوه ڕەخساندی ڕۆمانەكانی ئەمیری چاپ و بالۆكرانـەوه لەگەڵ كۆمەڵێ هۆكاری تر،كه كەم تا زۆرێك هەل و دەرفـەتێكی باشـبوون بـۆ نووسـینی ڕۆمـانی زیـاتر)[2]، بـەلام بەداخـەوه لـەو قۆناغـەدا هـەولێكی دیكـەی جـدی لەلایـەن نووسەرانەوه بەی ناكرێت بۆ گەشەپێدانی ڕەوتی نووسینی ڕۆمـانی كـوردی لـه ڕۆژهـەلاتی كوردستاندا تا ئەو قۆناغەی ڕۆمـانی كـوردی لـەم ئاسـته لاوازەدا نەوەسـتێ و پڕشـنگدارتر بكرێت .

**٣-٢ :قۆناغی سێیەم: قۆناغی پێگەیشتن له ١٩٩٨- ٢٠٠٨**

قۆنـاغی سـێیەمی ڕۆمـانی كـوردی لـه ڕۆژهـەلاتی كوردسـتاندا قۆنـاغێكی جیـاوازه لـه قۆناغەكانی پێشووترو دەكرێ لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوه به قۆنـاغی پێگەیشـتنی ڕۆمانی كوردی ناوی بەرین،چـونكه لـەڕووی چـەندایەتییەوه لـەو قۆناغـەدا چـەندین دەقـی ڕۆمـانی تێـدا نووسـراوەو چـاپكراوه،كه ئەمـەش بەبـەراورد لەگـەڵ دوو قۆناغەكـەی پێشـووتردا بەئەنـدازەو ژمارەیـەكی زۆرتـر خـۆی دەنـوێنێ و لـەڕووی چۆنایەتیشـەوه ڕۆمانـەكانی ئـەو قۆناغـه لـه ڕووی تـەكنیكی نووسـین و شـێوازی دارشـتنەوه

---

[1]: فەتاح ئەمیری، پەیوەندی تەلەفۆنی، ڕێكەوتی /٢٧/ ٩/ ٢٠١١، مهاباد.

[2]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێكەوتن، ڕێكەوتی ٢٠١١/٩/٢٨، هەولێر، زانكۆی جیهان.

پێگەیشتووترن. لەو قۆناغەدا نووسەران بەتەواوی هەوڵیانداوە، کە ئەو کەلێنە پڕبکەنـەوە، چونکە هەستیان کردووە، کـە ئـیتر سسـتی لـەبواری ڕۆماننووسـیندا دابـڕان و بۆشـاییەکی فـراوانتر لـەو بـوارەدا دروسـت دەکـات و ڕەوتـی بەرەوپێشەوەچـوون و نووسـینی ڕۆمـان دوادەخات. ئەمەش لەکۆتاییدا ونبوون و لەناوچوونی ژانری ڕۆمان دێنێتـە ئاراوە،بۆیـە هەستکردن بەو تەنگژەییەی،کە ڕووبەڕووی ڕۆمانی کوردی بۆتەوە.دەشێ هاندەرێکی باش بووبێت بۆئەوەی گرنگـی و بایـەخی زیـاتر بـەو ژانـرە بدەن،چـونکە هەسـتیان کردووە، کە(کورد هێشـتا نـەیتوانیوە لەگـەڵ ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە هونەرییـەدا وەکـو پێویسـت گەمـەی جـدی بکـات و جـێ دەسـتی دیاربێـت)[1]، بۆیـە دەبیـنین ژمـارەی ئـەو نووسـەرانەی لـەم بـوارەدا هـەوڵ دەدەن ژمارەیـان کەمـەو زۆرنـین ئەوانـەی کـاری ڕۆمـان نووسین دەکەن. لێرەدا پێویستە بەگرنگی و بایـەخی زیـاترەوە لـە گەشەسـەندنی ڕۆمـانی کوردی ئەو قۆناغە بـڕوانین و ئـەو بەرهەمانەش،کـە لـەو سـاڵانەی دواییـدا نووسـراون لـەڕووی چـەندایەتی و چـۆنایەتییەوە بـەرز بنـرخێنین، هەرچـەندە هێشـتا ژمـارەی ڕۆماننووسـان لەئاسـتی پێویسـتدانین،بەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا چـەندین دەقـی ڕۆمانیـان لەوقۆناغـەدا پێشـکەش کـردووە لـەم بارەیـەوە (جـەلال مەلەکشـا)دەڵێت:( لـە بـواری ڕۆماننووسیندا جگە لە فەتاح ئەمیری،عومـەر مەولودی،حسـێن شـێربەگی،عەتای نـەهایی کەسێکی تر ناناسم و ئەو ئازیزانەش هەریەکەو ڕەنگە یەك دوو ڕۆمانیان نووسیوەو ئەمەش بۆ کوردستانی ئێران کەلەبەرەو دەبێ پڕ بکرێتەوە)[2]، بەلام لەگەڵ ئەمەش بـۆ کوردسـتانی ئێران کەلەبەرەو دەبێ نووسەر ئەزموونێکی دیـارو بەرچـاویان لـەم بـوارەدا تۆمـارکردووەو ڕەوتـی نووسـینی ڕۆمانیـان تـا ئەندازەیـەکی بـاش لـەو قۆناغـەدا بـەرەوپێش بـردووە بەتایبەتی لەکۆتایی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردووداو سەرەتای سـاڵانی دوو هـەزاردا (دوایین دەیەی سەدەی بیسـتەم پێشـکەوتنێکی بەرچـاوی ئـەم ژانـرەی بـەخۆوە بـینی، چ لەدەرەوە چ لەناوەوە...ئەگەرچی ڕۆمان لەم دەڤەرەدا درەنگ هاتە پێنیشان ئاراوە، بەلام بەرهەمەکانی کوردستانی ئێران پێشکەوتنێکی بەرچاویان لەدەیەی داوین و پاش ئەو

---

[1]: سەمەد ئەحمەد، لەناوبازنەی دەقدا، چاپخانەی یاد،سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٢.

[2]: جەلال مەلەکشا، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران، ل١٧٢.

قۆناغەش پێشکەوتنەکە هەم لەژمارەدا بووە، هەمیش لەئاستی هونەری و ئەدەبیدا )[1]، بۆیە دەکرێ بڵێین ئـەم قۆناغـە قۆنـاغی بـەرەو پێشچـوون و گەشەسـەندنی ڕۆمانـە لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا (چـونکە لەوماوەیـەدا بزوتنـەوەی ڕۆشـنبیری بەئەندازەیـەکی بـاش گەشـەیکرد،کە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر بـواری نووسـینی ڕۆمـانیش بەجێهێشت وەك دژە کردەوەیـەکی سروشـتی بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشاییەی کـە لەبواری ڕۆماندا هەستی پێدەکرا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بوارەی،کە بۆ نووسینی ڕۆمان ڕەخسا، هەر بۆیە نووسینی ڕۆمان لەوماوەیەدا بوو بەدیاردە، ئەمـەش نووسـینی ڕۆمـانی بەرەوپێش برد.)[2] دیـارە کـە لـەم ماوەیـەدا بـارودۆخی ڕۆژهـەڵات تـا ئەندازەیـەك باشـترو گونجـاوتر بووە،بۆیـە نووسـینی ڕۆمـانیش هـەنگاوی بەتایبـەتی گەشـەکردنی بزاڤـی ڕووناکبیری،کە ئاکامەکەی هاتنە مەیدانی چەندان بـوون لەسـەرجەم بـوارە جیاکـانی ئەدەبدا وەك شیعرو چیرۆك و ڕۆمان ( ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەیان قەڵەمی بەتوانا لە ژن و پیـاو لـە مەیـدانی شـیعر، چیرۆك و ڕۆمـان و لێکۆڵینـەوەو وەرگێـڕان و....تد بە زەوق و گەرموگوڕییەکی سەیرەوە خەریکی جووڵەو تەکاندان و داهێنانن.)[3] فاکتەرێکی دیکەی گەشەکردنی نووسینی ڕۆمان و گرنگیدان بە نووسینی ڕۆمان کاریگەری چـیرۆکنووس و ڕۆماننووسـانی باشـوری کوردسـتان بـووە لەسـەر نووسـەرانی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان لەئەنجامی ئەو ئازادییەی،کە لەدوای ساڵی ١٩٩١ دا هاتۆتە ئاراوە،چونکە لەو قۆناغەدا نووسەرانی باشووری کوردستان بایەخێکی زۆریان بەنووسینی ڕۆماندا، ئەم پێشـکەوتنە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی بەسـەر بـواری ڕۆمـان نووسـین لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستانیشدا هەبووە (هۆکارێکی دیکەی پێشکەوتنی ڕۆمان کاریگەری ڕۆماننووسانی باشووری کوردستان بووە، چـونکە لـەو قۆناغـەدا بەرهەمـەکانیان دەگەیشـتە دەسـت نووسـەرانی ڕۆژهـەڵات.)[4] ئـەم ڕاسـتییە لەلایـەن خـودی ڕۆماننووسـانی ڕۆژهەڵاتـەوە جەختی لەسەر کراوەتەوەو بەشانازیەوە باسیان لەو کاریگەرییە کردووە( هاتنی کتێبی

---

[1]: هاشم ئەحمەدزادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٨٧.

[2]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٢٧ ، هەولێر، زانکۆی جیهان.

[3]: سولەیمان دڵسۆز، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ل١٥٩.

[4]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٢٧ ، هەولێر، زانکۆی جیهان.

کـوردی لـە کوردسـتانی عێراقـەوە، خوێنـدن و نووسـینی چـیرۆك و ڕۆمـانی کـوردی پەرەپێداوە)[1] هەروەها (فەتاح ئەمیری) یش لەم بارەیەوە دەڵێت:(مامۆستا حوسێن عارف و مامۆستا عەبدوڵلا سەراجیش بە مامۆستای خۆم دەزانم)[2]،بۆیە لە باسی ئەم کاریگەرییەدا ناوی ڕۆماننووسانی وەکو: حسێن عارف، عەبدوڵلا سەراج، شێرزاد حەسەن دەهێنن و باس لە کاریگەری خوێندنەوەی ڕۆمانەکانیان لە گەشەکردنی ڕۆمان لەو قۆناغەدا دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە زۆربوونی چاپەمەنی و سازدانی ڤیستیڤاڵ و کۆڕوکۆبوونەوەی سالانەو بەشداریکردنی نووسەرانی ڕۆژهەلات دەرفەتێکی گونجاوی بۆ نووسەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕەخساندووە، تا ئاستی گەشەو گۆڕانی ئەدەب لە باشووری کوردستاندا ببینن و بەچاوی ڕێزەوە لەم پێشکەوتنە بڕوانن و لەئەنجامیشدا ئەو پێشکەوتنە هاندەربێت بۆ نووسین و چاپکردنی ڕۆمان، هەر بۆیە لەو قۆناغەدا نووسەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تەوژم وگوڕ و تینێکی زیاترەوە هەنگاو دەنێنن و بواری ڕۆماننووسین لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا تا ئاستێکی باش بەرەو پێش دەبەن و چەندین دەقی ڕۆمان چاپ و بڵاودەکەنەوە، بەمەش ئەو بۆشاییە فراوانەی، کە لە بواری نووسینی ڕۆماندا هەستی پێدەکرا تائەندازەیەکی باش پڕکرایەوەو مێژوویەکی نوێیان بۆ ڕۆمانی کوردی لەم قۆناغەدا تۆمارکردوەو بوون بەسیمایەکی دیکەی ڕۆمانی کوردی لەسەدەی نوێدا. بەگشتی لەم قۆناغەدا دەقی ئەو ڕۆمانانەی، کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوکراونەتەوە ئەمانەن:

شاربەدەر – حوسێن شێربەگی ١٩٩٨

هەزار ئەشکەوت – بەرگی یەکەم– عومەر مەولودی ١٩٩٨

بڵندو نەوی – نەسرین جەعفەری ١٩٩٨

زینوێ بەتەم – کامەران حامیدی٢٠٠٢

گۆمی بەردەلانکێ – کامەران حامیدی ٢٠٠٢

---

[1]: حوسێن شێربەگی، چیرۆکی هیچ ولاتێك ناتوانێ لە کارتێکردنی چیرۆکی جیهانی و دراوسێکانی بێ بەهرەبێ،ل٦٧.

[2]: فەتاح ئەمیری، درەنگمان دەست پێکردووە، بەلام چاکمان دامەزراندووە، ل٧٦.

مان و نەمان – کامەران حامیدی ٢٠٠٥
زیندەخەو – فەتاح ئەمیری٢٠٠٣–
گوڵی شوڕان – عەتا نەهایی ٢٠٠٦
باڵندەکانی دەم با – عەتا نەهایی ٢٠٠٦
گرەوی بەختی هەڵاڵە – عەتا نەهایی ٢٠٠٧
سیوەیلا– شارام قەوامی ٢٠٠٥
بیربا– شارام قەوامی ٢٠٠٦

## پاژی سێیەم :تایبە تمەندیی قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

### ١-٣ :تایبە تمەندی ڕۆمانەکەی قۆناغی یەکەم

ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبییە لەناوەڕۆکیدا هەمیشە هەڵگری تایبەتمەندی ئەو قۆناغەیە، کە تێیدا سەرهەڵدەدات، واتا گوتاری ڕۆمان گوتارێکە،کە دەربڕین و گوزارشتکردنە لەو گۆڕانکاریانەی، کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن، جا ئەو گۆڕانکاریانە لە هەر بوارێکدا بێت لە بوارەکانی ژیاندا ،چونکە هەموو کۆمەڵ و نەتەوەیەك ڕووبەڕووی هەندێ گۆڕانکاری دەبێتەوە، کە لە قۆناغەکانی داهاتوویدا دەبن بەناسنامە بۆ ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیە.کۆمەڵگەی کوردییش لە مێژووی تۆمارکراویدا بەهۆی کاریگەری ولاتانی دەوروبەر لەهەر قۆناغێك لە قۆناغهکاندا ڕووبەڕووی چەندین کارەسات بۆتەوە، ئەو کارەساتانەش گەلێ جار بوونەتە هەوێنی بیری نووسەران و لەنێو ژانرە ئەدەبییەکانیشدا، ڕۆمان بەهۆی بەرفراوانی مەودای گێڕانەوەکەی ژانرێکی لەبارو گونجاوە بۆ خستنەڕووی هەر چەشنە ڕووداوێك کە لە مێژووی نەتەوەی کورد دا ڕوویدابێت و توانیویەتی بە باشترین شێوە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ئەدەبیدا دەریان بخات. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە،کە ڕۆماننووسان لەگەڵ ڕووداوەکاندا دروستی دەکەن (ئەم دیاردەیە لە نێو ڕۆمانەکانیشمان بە زەقی سەری هەڵداوەو ، بووەتە هێڵێکی سەرەکی لە هێڵەکانی نێو بابەتی ڕۆمانەکان،چونکە پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و ڕۆمان پەیوەندییەکی دووقۆڵی کاریگەر لە یەکترییە هەریەکێك لە ڕۆماننووسانمان و، لە چوارچێوەی یەکێك لە چەشنەکانی ریالیزم،بەتایبەتیش ریالیزمی شیکەرەوەیی، کێشەکانی

کۆمەلایەتی و ئابووری ڕامیاری نێو کۆمەڵەکەمان بەرجەستە کردووە).[1] مێـژووی نەتـەوەی کوردییش ئەنجامی گەلێ ڕووداوی مێژووییە،کـە زۆرجـار نووسـەران سـوودی زۆریـان لێبینیووەو کردوویانە بە بابەتی نووسینی چیرۆك و ڕۆمانەکانیان. خەبات و تێکۆشانی کوردیش زۆرجار هەوێنی داهێنانی ڕۆمـان بوون،ڕۆمـانی سیاسـی وکۆمەلایـەتییان لـێ بەرهـــەم هـــاتوون (ڕۆمـــان بـــەپێی بـــارودۆخ و بـــەهۆی دیـــاردە مێـــژوویی و کۆمەلایەتییەکانی وەك ژانرێك سەری هەڵداوەو گەلاڵە کراوە. سـەرهەڵدانی ڕۆمـان وەکـو جـۆرێکی هونـەری، وەك پێویسـتییەك سـەلمێنەری ئەوەیە،کـە هـیچ کۆمەڵگایـەکی بـێ مێژوو، وجوودی نـەبووەو هـیچ مێژوویـەکیش بـەبێ کۆمـەڵ نـەبووە. ڕۆمـان یەکـەمین هونەرێکـە، کـە بەئاشـکرایی، هـەر بـەو شـێوەیەی کـە لـە ڕوانگـەی مێـژوویی یـان کۆمەاڵیەتییەوە پێناسەکراوە،مرۆڤ پێناسە دەکـات.)[2] ڕۆمـانی پێشـمەرگەش ئـەم پـەیامـە دەکاتـە یـەکێك لـە تایبەتمەندییـە دیارەکـانی خـۆی، چـونکە چـیرۆکی خـەباتی سیاسـی و تێکۆشـانی کـوردانی ڕۆژهەلاتـە دژ بـە دەسـەلاّت ئێـران ( ڕۆمـانی پێشـمەرگە، وەك بەناوەکەشیدا دەردەکەوێ،چیرۆکی سەرهەڵدانی بزاڤی ناسیۆنالیستی مۆدێرنی کوردی لە کوردستانی ئێرانە. ئەم ڕۆمانـە بـۆ سـالاّنی سـەرەتای دەیـەی ١٩٤٠ دەگەڕێتـەوە، ئـەو کاتەی ژ.ك. (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)و دواتر حیزببی دیموکراتی کوردستانی ئێـران دامەزران)[3] واتە ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکە،کە خەمی گەیاندنی پەیامێکی سیاسی هەیـە. هـەر لەبەر ئەوەشە بە زمانێکی تا بلێی سادەی بێ زیاتر گرێ و گۆڵ وێنـەی کۆمـەڵێك کەسـێتی سادەو ساکار دەگرێت و ڕۆماننووسیش زیاتر لـە خـەمی گەیانـدنی ئـەو پەیامـە سیاسـییە دایە ( ڕەحیمی قازی لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا زۆر بەجوانی باسی خەباتی گەلی کورد دەکـات)[4] ، بۆیـە ڕەنگدانـەوەی بزاڤـی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژهـەلاتی

---

[1]: عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٦، ل ٢١٩.

[2]: میشێل زراڤا، ڕۆمان بەواتای ژانری ئەدەبی ودامەزراوەی کۆمەلایەتی، و:عەتا جەمالی، گ. ڕامان، ژ١٠٦،ئاداری ٢٠٠٦ ، ل ٧٩.

[3]: هاشم ئەحمەدزادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٧٨.

[4]: ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحمود جاف، ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا، ل٢٦ .

كوردستاندا تایبەتمەندیەكی هەرە دیاری ئەم ڕۆمانەیە، كە خۆی لـە خـەباتی نەتەوەیەكدا دەبینێتەوە دژ بە ڕژێمی دەرەبەگایەتی (پێشـمەرگە، دەكرێـت بـە چـیرۆكێكی بـەرین یان ڕۆمانێكی بچووك بژمێردرێت. لەوێدا باسی بزووتنـەوەی گـەلی كوردسـتانی ئێـران لـە سـاڵەكانی ١٩٤١-١٩٤٦ لـە دژی ڕێـو شـوێنی پاشـایەتی و ئیمپریـالیزم و ئیسـتعمار دەكرێت[1]. تایبەتمەندییەكی دیكەی ئەم ڕۆمانە كێشەی چینایەتی و ململانێی نێوان ئاغـاو دەرەبـگ و چـینی جوتیـارەو گێڕانـەوەی ڕۆمانەكـە ئـەو ڕاسـتیەش دەردەخات،كـە (لـە هەلومـەرجی ئەوكاتـدا خـاوەن ملّكـەكان بـەبێ لەبەرچـاوگرتنی هـەموو قانوونێـك جووتیارانیـان دەچەوسـاندەوە)[2] هـەر بۆیـە ئـەم بابەتـە دەبێتـە تایبەتمەندییـەكی سەرەكی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەكان لـە ڕۆمـانی پێشـمەرگەدا ( گێڕانـەوەی خـەباتی كوردەكان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەكان و هاوكاریی دەرەبەگەكان لەگەڵ ڕژێمی ئێران دژ بە داخوازییەكانی كورد تیمای تـری ئـەم ڕۆمانـەن)[3] ، چـونكە ئـەو سـتەمكردنەی دەرەبەگەكان تەنها لە ئاست زەوتكردنی زەوی و زارو چەوساندنەوەی چـینی جوتیـار نەوەستاوە بگرە گەیشـتۆتە ئاسـتی دەسـت درێـژ كردنـە سـەر حـەیاو نامووسـی ئـەو چـینەش،ڕۆماننووس ئـەو ڕەفتـارە نامرۆڤانەیـەی دەرەبەگـەكانی ئەوسـای لـە باسـی (مینەئاغا)دا وەسـف كـردووە، كـە دەسـت درێـژی نـاموس دەكاتـە سـەر (مـروەت) دوای ئـەوەی، كـە شـێركۆ مروەتـی پێنـادات. لێـرەدا مینـە ئاغـا دەكاتـە نموونـەی هـەموو ئـەو دەربەگانەی،كە بە پشت و پەنای دەستەلاتی ڕەزا شادا دەستدرێژی دەكەنـە سـەر نامووسی ڕەعیەتی خۆیان. بەواتایەكی تـر ڕەفتـاری ناشـیرینی مینـە ئاغـا دەكاتـە دال بـۆ هەموو ئـەو دەرەبەگانـەی كـە مـەدلوولن لـەو ڕەفتـارە نامرۆڤانەیـەداو مـروەتیش دەكاتـە نموونەی بەرزی ژنی كـورد لەپاراسـتنی حـەیاو نـامووس، كـە مـردن بـە باشـتر دەزانـێ لـە حەیاچوون (مروەت هەر ئەوەندەی گوت و بەدەست و پێ هەوڵی دەدا خۆی لە ئامێزی ئەو

---

[1]: مومتاز حەیدەری، پاشی سی ساڵ پێشەكی چاپی دووەمی ڕۆمانی "پێشمەرگە" گ. ڕامان، ژ(١٠٥)ی شوباتی،٢٠٠٦ ،ل١٣٣.

[2]: عەبدولڕەحمان قاسملوو، كورتە مێژووی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، كۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ١٣٨١، ل٣٩.

[3]: هاشم ئەحمەد زادە،دوێنێ و ئەمڕۆی ڕۆمانی كوردی، ل١٧.

بەرازە کێوییە ڕزگاربکات، هـەر دەتگـوت کـۆترەو لەبەرچـنگی باشـووە یـا ئاسـکەو لەبـەر کەڵبەی گورگ پەلەقاژەی دەکات، بەلام پەلەقاژەی ئەو ناسکو نازدارە لە چنگ ئەو سـەگە هارە بێ فائیدەبوو. ئاغا هەتا دەهات پتر مەچەکی لەقەدی بـاریکی مـروەت قـایم دەکـردو لەبەرخۆیەوە دەیگوت: نا، نا، لەچەنگی من نەجاتت نابێ، جوانیو شلکو ناسکیی وەکو تـۆ هەر بۆ ئاغا حەلاڵە، حەیفە ئەتۆ وەدەست کرمانجی پێپەتی و بۆگەنی و بکەوی.)[1]

لەڕووی فۆڕمی نووسینەوە دەتوانین بلێین،کـە ئـەم ڕۆمانـە بنیـاتێکی دامـەزراوی هەیە،کە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دیاردەکەوێت بەر لە هـەموو شـتێ لـە ڕووی زمانـەوە بەزمانی سادەو بێگرێ و گۆڵی ناوچەی مهاباد بە دیالێکتی سۆرانییە (لەبارەی شکلیشـەوە "پێشـمەرگە" بەکوردییـەکی پـەتی، شـێوەیەکی ڕێکوپێـك و ڕاوێـژێکی تـەڕو پـاراو نووسراوە.قسـەکانی زگمـاکن و بیرەکـانی کۆمەلایـەتین.)[2] چـنینی ڕووداوەکـانی نێـو ڕۆمانەکە زنجیرەییە و چەند کەسێتییەکی سادەی گوندنشـین پاڵـەوانی ڕووداوەکـانن، کـە وەك کەسـێتی پەرەسـێن وێنـاکراون بەتایبـەتی کارەکتـەرە سـەرەکیەکان، کـە تێکەلاوبوون و بە ئەندام بوونیان لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا باری بیرو سەرنجیان دەگۆڕێت، کە وەك کەسانێکی ئازادیخواز بەشداری بزاڤی ناسیۆنالیستی نەتەوەی کورد دەکەن دژ بـە دەستەلات و، واقیعی ژیانی کۆمەی کوردەواری نیشان دەدەن (تایبەتمەندی گێڕانەوەیەکی ڕیئالیستی بە ڕۆمـانی پێشـمەرگە دەبەخشـن)[3] ، بـەم جـۆرە ڕۆمـانی پێشـمەرگە خـەباتی سیاسـی و دروسـتبوونی یەکـەم ڕیکخـراوی سیاسـی و خـەبات و تێکۆشـان لـەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان و بەگژ داچوونەوەی دەرەبەگەکان دەکاتـە دیـارترین تایبەتمەندی خۆی لەو قۆناغەدا.

---

[1]: ڕەحیمی قازی،ڕۆمانی پێشمەرگە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٥.
[2]: مومتاز حەیدەری، پاشی سی ساڵ پێشەکی چاپی دووەمی ڕۆمانی پێشمەرگە،ل١٣٣.
[3]: هاشم ئەحمەد زادە، دوێنێ و ئەمڕۆی ڕۆمانی کوردی، ل١٧.

**٢-٣: تایبەتمەندی ڕۆمانەکانی قۆناغی دووەم**

لەم قۆناغەدا جگە لەو ڕۆمانانەی، کە لەتاراوگە نووسراون لـە ڕۆژهـەلاتی کوردستـاندا فەتاحی ئەمیری ڕۆمانەکانی خـۆی بـەناوی (هاوارەبـەرە)[١] و (مـیرزا) بلاوکـردەوە، ڕۆمـانی یەکەمیان، کە ڕۆمانی (هاوارەبەرە)یـە. لەسـاڵی ١٩٩٠دا بلاوکراوەتـەوە(یەکـەم ڕۆمـانی ئـەمیری بـەناوی (هاوارەبـەرە) لەسـەر بنـەمای ئـاوازی شمشـاڵی شـوانێك دامـەزراوە.)[٢] تایبەتمەندیی هەرە دیاری ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە باس لە ئەڤین و خۆشەویستی شاکەسی ڕۆمانەکە دەکات بەناوی (یارەی شوان) و خۆشەویستەکەی (خەزاڵ)، بۆیە ئـەم ڕۆمانـە تایبەتمەنـدی ڕۆمـانی (دڵـداری) وەردەگرێـت (لـە تایبەتمەندییـە گرنگـەکانی ڕۆمـانی دڵداری پڕ ڕووداو ئەوەیە، کە لە ڕادەبەدەر بایەخ بە دروستکردنی ڕووداو و کـردەوەی داستانی دەدات و بە زۆری ئەو ڕووداوانەی، کە دەیانخاتە ڕوو، لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕووداو خولقێنی و شەڕو ململانێ وەیە (کە سەرئەنجامەکەشـی بـەخێر و خۆشـی کۆتـایی پێدێت) دامەزراون.)[٣] بنەمای سەرەکی ئـەم ڕۆمانـە خۆشەویسـتی نێـوان یـارەی (شـوان و خەزاڵ)ە،کە ڕۆماننووس زمانی شمشاڵ و ئەو ئاوازەی، کـە لـەناخی شمشـاڵەکەوە دەردەچێت دەکاتە زمانی لەیەکتر تێگەهشتن و گۆڕینەوەی ڕازو نیازی نێوانیـان بـەجۆرێك، کە ئەو ئاوازە دەبێتە هێمـای ڕزگـاربوونی یـارەی شـوان و ڕانـە مەڕەکەشـی، کـاتێ چـەتە هێرش دەکەنە سەری ( شـوانە لـەوەی دەگـەڕا، ئـاخر هومێدی هـاوار بەشمشـاڵ بـوو. لـە باخـەڵی دەرکێشـاو ڕوو بـەئاوایی تێـی توڕانـد، بەهـەموو هێـز و توانایـەوە هـاوارێ دەکـا، شمشاڵی وەزمان هێناوە. هاوارە، هاوارە، بەرە، بەرە، وەرە، وەرە، وەرن)[٤] بەلام جگە لەهاواری

---

[١]: هاوارەبەرە: ئاوازێکی تیژ، بلندو کورتە، لە مۆزیکـدا پێـی دەگـوترێ )conforza( کـە واتـای ( زۆر بەتوندی...ئەوپەڕی توندی) دەگەیەنێت و گوزارە لە لێقەومان و ڕووداوی نائاسایی و کەم دەرفەتی و پەلەپـەل دەکا، پەیامێکی شفرەئامێزە بۆ حاڵەتێکی ئیمرژێنسـی و فریاکەوتن،ئەوانـەی گوێیـان لـێ دەبێـت دەتـوانن کاروکاردانـەوەیان بـۆی هـەبێ، چـونکە بەشـێوەیەکی گشـتی بـۆ سـەرنج ڕاکێشـانە. زاهـیر ڕۆژبـەیانی، خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموونی ڕۆمانووسێك، گ. ڕامان، ژ ١٤٩ تشرینی یەکەمی، ٢٠٠٩، ل٦٤.

[٢]: هاشم ئەحمەدزادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٨٣.

[٣]: م. هـ. ئیبرامیزمالکام برادبری نورتروپ فرای، ڕۆمان چییە؟، و: جەواد مستەفا، چاپخانەی خانی، دهۆك،. ، ٢٠٠٨،ل٤٦.

[٤]: فەتاح ئەمیری، هاوارەبەرە، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبی، اورمیە، ١٣٧٩، ل١٢٠.

شوانە چەندین هاواری دیکـە لـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـەدا دەنـگ دەدەنـەوە بەجۆرێك،کـە هاواری هەریەکێك لەو کەسێتییانە گوزارشتکردنە لـە جۆرێـك لـە تـەنگ و چـەڵەمەکانی ژیان، وەکو هاواری سۆفی ئەحمەد لە دەست تەنیایی و هاواری نازەی پێوەژن لـە دەسـت نـەداری و هـاواری مـیرزا وەك پیـاوێکی خوێنـدەوار و تێگەیشـتوو لـەپێناو ئازادیدا. تایبەتمەندییـەکی دیکـەی ئـەم ڕۆمانـە دابەشبوونی کەسێتییەکانە بەسـەر دوو بـەرەی دژ بەیەکتر لەبیرکردنەوەدا بەجۆرێك، کە بەرەیەکیان خاوەن بەهاو نەریتە جوانەکانی کۆمـەڵی کـوردەوارین لـەو سـەردەمەداو بەرەیەکیشـیان دژ بـەو بـەهاو نەریتانـە دەجووڵێنـەوە (کەسایەتییە سەرەکییەکانی شوانێکی سەرگەردان و میرزایەکن، ئەو میرزاییەی کـە لـە شوێنێکی نادیارەوە هاتووە تا گوندنشینان لەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەلایەتییە تژی لە زوڵم و زۆرەی کە تێیدا دەژین ئاگادار بکاتەوە، بەلام یەکێك لە گوندنشینان کە سیخوڕی حکوومەتە میرزا ناچاردەکات کە گوند جێبهێڵێت)[1]لەم ڕۆمانەدا، ئەگەرچی (یارەی شوان) وەکو شاکەسی ڕۆمانەکە وێناکراوە، بەلام بەسـەرنجدان لـە دیـوی نـاوەوەی ڕووداوەکانـدا دەردەکـەوێت، کـە (مـیرزا) شاکەسـی ڕۆمانەکەیـە نـەك یـارە، چـونکە بـۆ خوێنـەر ڕوون دەبێتەوە بزوێنەری سەرجەمی کەسێتییەکان و تێکڕای ڕووداوەکان لە ژێر خواستی (میرزا) دا بەڕێوە دەچـن نـەك یـارە (لـە هاوارەبـەرەدا....میرزا کارەکتـەرێکی سـێنتراڵی کارێزمـاو تەوەرەی سەرەکییە، ئەگەرچی پاش پتر لە (٤٠) لاپەڕە لە دەسـتپێکی بەشـی یەکەمـەوە ئەوجا ناوی دێت و هەتا کۆتایی بەشی هاوارەبەرەش هـەروەکو کەسایەتییەکی لاوەکـی ڕۆڵ دەگێـڕێ)[2] بـەلام ڕووداوەکـان تـا ئەندازەیـەکی زۆر لـە مـیرزا ڕوو دەدەن ( لـە ڕۆمانی هاوارەبەرەدا (هەردوو بەشەکەی) ئەوەی ڕوودەدا، یان لە میرزا ڕوودەدا، یـان لـە دەورووبەرەکەی، ئەم ڕۆڵەشی ئەگەرچی درەنگ لە دەقەدا لێوەدەردەکەوێ، ئەوە هـی سروشتی کاروباری ژیان و پەیامـە سیاسـی و کۆمەلایەتییەکەیـەتی.)[3] زیندووکردنـەوەی چـەندین وشـەو دەسـتەواژە تایبەتمەنـدی فەرهـەنگێك بـەو ڕۆمانـە دەبەخشـن، کـە

[1]: هاشم ئەحمەدزادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٨٣.

[2]: زاهیر ڕۆژبەیانی، خوێندنەوەیەك بـۆ ئـەزموونی ڕۆماننوسـێك، گ. ڕامـان، ژ ١٤٩ تشـرینی یەکـەمی، ٢٠٠٩، ل٦٥.

[3]:س.پ: ل٦٥.


ڕۆمـاننووس لـە پێشـەکی ڕۆمانەکەیـدا ئامـاژەی پێـدەکات ((لەونووسـراوەدا، هەوڵمـداوە وشەی ڕەسەنی کوردی، ئیستلاحی باش لە قاڵبی چیرۆکێکی سوونەتی کوردەواریدا داڕێژم، هەوڵمداوە ئـەو شـتانەی کـە بیرچـوونەوە، بێدەفتـەری و بێقاموسـی خۆڵەمیشـی فەرامۆشـی بەسـەردا کـردوون بێنمـەوە کایـە.)[1] بەمەبەسـتی زینـدوو کردنـەوەیان و پاراسـتنیان (مـن لـە هاوارەبـەرەدا ئامـانجم ئەمـەبووە، ئـەو واژەو ئیسـتلاحانەی خەریکن لەبیربچنەوە.....و یستوومە زیندوویان ڕاگرم. بۆئـەم مەبەسـتە نەمویسـتووە لەقاموسدا ڕایانگرم، بەڵکو ویسـتوومە لـەنێو ڕسـتەدا بێنـەوە کایـە، تێکـەڵاوی زمـانی کوردی ببنەوە.)[2] بەگشـتی دەتـوانین بڵـێین نـاوەڕۆکی ئـەم ڕۆمانـە بـاس لـە ژیـانی چـەند گوندنشینێکی هەژار دەکات، کە سەرقاڵی ئاژەڵداری و جوتیارین، کە مەبەستی ڕۆماننووس تێیدا گێڕانەوەی ژیان و بەسەرهاتی سادەو ساکاری ژیانی ئەو کەسانەیە بەر لەتێکـەڵاوبوون بە شارو شارستانییەت و تیشك خستنەسەر کۆملێ دابونەریتە، کە کۆمەڵگەی کوردی لە ژیانی گوندنشینیدا پێوەی پابەندبووە. هەروەها لاوازیـی ئاسـتی ڕۆشـنبیری ئـەو کەسانە باسێکی دیکـەی نێـو ڕووداوەکانـە بـەجۆرێك، کـە سـەرجەمی کەسێتییەکانی نێـو ڕۆمانەکـە نەخوێنـدەوارن جگـە لـە (مـیرزا) کـە وەکـو کاراکتـەرێکی سـەرەکی وەکـو کەسێتییەکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر وێناکراوە، کە لە هەوڵی وشیارکردنەوەی خەڵکەکەدایـە لەنەخۆشییە کوشندەکان و دابونەریتە ناپەسەندەکانی ئەو سەردەمەی کە کۆمەڵی کوردیی پێیدا تێپەڕیوە.

ڕۆمـانی دووەمـی فـەتاحی ئـەمیری بـەناوی (مـیرزا) لەسـاڵی ١٩٩٣دا، بلاوکراوەتەوە،کە تێکڕای ڕووداوەکانی نێو ئـەم ڕۆمانـە لـە دووتـوێی ٢٣٥ لاپـەڕەدا داڕێژراون.

---

[1]: فەتاح ئەمیری، میرزا، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەیوبی، اورمیە، ١٣٧٢، ل٧.

[2]: فەتاح ئەمیری،لە کوردستانی ئێران درەنگ دەستمان بە نووسین کرد،بەڵام چاکمان دامەزراند،ل٧٥.




ئــەم ڕۆمانــە لەبنەڕەتــدا دەکــرێ وەك بەشــی دووەمــی ڕۆمــانی هاوارەبــەرە دابنرێت،چونکە شاکەسی نێو ئـەم ڕۆمانە،کـە (میرزا)یـەو ڕۆمانەکەشـی هـەر بـەناوی ئەمەوە ناونراوە وەك کەسێتییەکی سـەرەکی لـەنێو ڕووداوەکانـدا ڕۆڵ دەگێڕێ.ئـەم ڕۆمانەش خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی خۆیـەتی، کـە لەهەنـدێك ڕووەوە لـە ڕۆمـانی هاوارەبەرە دەچێت و لە هەندێك گۆشەنیگاشەوە لێی جیادەبێتەوە. بـۆ نموونـە ئەگـەر لـە ڕۆمانی هاوارەبەرەدا عەشق و ئـەوینی نێـوان (یـارەی شـوان و خـەزاڵ) پانتاییـەکی فراوانی ڕۆمانەکەی داگیرکردبێت و تایبەتمەندی ڕۆمانی دڵداری بـە ڕۆمانەکـە ببەخشـێت،

ئەوا ئەم ڕۆمانەش سـەرقاڵی گێڕانـەوەی عەشـقی شـاراوەی (مـیرزاو نازە)یـە.(لـە کاتێکـدا بـەرگی یەکـەم تـەرخانکراوە بـۆ داسـتانی ئاشـقانەی نێـوان شـوانەو خـەزاڵ وەك تیمـەی سەرەکی، بەرگی دووەم بەعەشقی نێوان مـیرزاو نـازەوە سـەرقاڵە، نـازێی بێـوەژن بـە دوو منداڵەوە)[1] ، بۆیـە دەتـوانین بڵـێین کەسـێتی سـەرەکی نێـو ئـەم ڕۆمانـە (میرزا)یە،کـە وەك کەسـێتییەکی ڕۆشـنبیرو یـاخی خولقێنراوە،کـە بـەردەوام لـە هـەوڵ و تەقەلادایـە بـۆ وشـیارکردنەوەی گوندنشـینان لـەڕووی کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەوە(لە بەشـی)١ی( بـەرگی دووەمی ڕۆمانەکەدا، بە قەولی موزیکوانان، کە میرزا سۆلۆیەك وەردەگرێ و بە فلاشـباکێك سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و باکگراوندی کۆمەلایەتی و دەروونی و پـەروەردەیی و ڕۆڵی ڕاسـتەقینەی خۆیمـان بـۆ وێنادەکـا دەزانـین ئـەو هـەر کەسـایەتییەکی یارمەتیـدەر نییە،بەڵکو لەڕاستیدا کەسایەتییەکی سۆسیو– سیاسی مەزن و کاریگـەرە)[2]،هەربۆیـە ئـەو ڕێـز لـێگیران و خۆشەویسـتیەی، کـە لـە نێـو بـیرو هـزری کەسـێتییەکانی دەوروبەریـدا چـاندوویەتی دەسـتەلاتێکی تـەواو ڕەهـای لـە ئاسـتی سـەرجەم ڕووداوەکـان و چارەسـەرکردنیاندا پێبەخشـیوە،بەلام ئـەم ڕۆڵ بینینـەی لەسـەر ئاسـتی تاکـە ڕووداوەکاندا پەنهان کراوە،بەڵکو لەسەر ئاستی کۆی ڕووداوەکاندا دەردەکەوێ ( لە هەردوو بەشـی (هاوارەبـەرەو مـیرزا)ی فـەتاح ئەمیریدا بـەڕوونی دیـارە هـەتا هـەموو مۆتیڤـەکان نەچنەوە سەریەکتر لە کەسایەتی و لە پەیام و خەم و خواست و ئەنجامی کاروکردەوەو ڕۆڵی کارێزمیانەی میرزا تێناگەین.)[3] واتا، ئەگەر لە ڕۆمانی هاوارەبەرەدا ڕوڵی (میرزا) لەنێو ڕووداوەکانـدا پچرپچـڕ دەردەکـەوێت و خوێنـەر وا مەزەنـدە دەکات،کـە (یـارە) کەسـێتی سەرەکی و کارێزمای نێو ڕۆمانەکەیە،بەلاّم بەلەیەکگرێدانی ئەو پچڕ پچڕیە لـە هـەر دوو ڕۆمانەکەدا ئەوا دەردەکەوێت،کە (میرزا) کارێزما و کەسێتی ڕاستەقینەیە(بەلاّم کە هەموو ڕووداوەکـان بەناویـەکتردا دەچـن و پێکـەوە جـۆش دەخـۆن، ئـەوجا سـاغ دەبێتەوە،کـە بەسـەرهات لـە ڕاسـتیدا بەسـەرهاتی میرزایـە و ئەگـەر ئەوانـەی دیکـەش دەبـزوێن و

---

[1]: هاشم ئەحمەد زادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٨٣.

[2]: زاهیر ڕۆژبەیانی،خوێندنەوەیـەك بـۆ ئـەزموونی ڕۆماننوسـێك، گ. ڕامـان، ژ ١٤٩ تشـرینی یەکـەمی، ٢٠٠٩، ل٦٨.

[3]: س.پ:ل٦٦.

دەڵێن،بـەلام کـە دەبـزوێن بەخواست و یـان بـۆ ڕازی کردنـی مـیرزا دەبـزوێن.)[1]
مەسـەلەی بەگژداچـوونەوەی دەسـەڵات دەبێتـە تایبەتمەندییـەکی سـەرەکی ئـەم ڕۆمانە،چونکە ئەگەر هاوارەبەرە هاواری شمشاڵی شوانێك بێت بۆ بەئاگا هێنانەوەی دانیشتوانی گوندێك لەبەرامبەر کۆمەڵێك چەتە بۆ ڕزگاربوونی خودی خۆی و مێگەلەکەی و گەیشتن بەعەشقی خەزاڵ ئەوا هاواری (میرزا) بەردەوامی هەمان هاوارە، بـەلأم لـەفۆڕمێکی دیکەداو لەپانتاییەکی فراوانتردا، واتە هاواری کەسێکی پێشـەنگ و سـەرکردەیەکە لـەپێناو ڕزگـارکردنی خـۆی و نەتەوەکـەی لەدەسـت ڕژێـم و گەیشـتن بەعەشـقی (نازە)،کەواتـە ڕووداوی هـەردوو ڕۆمانەکـە دوو دیـوی یـەك هـاوارن. ئـەویان هـاواری (یـارەی شـوان)،ئەمیان هـاواری (میرزا)،هـاواری هاوارەبـەرە هـاواری شـوانێکی نەخوێنـدەوارە، (میرزا) هاواری ڕۆشنبیرێکی خاوەن ئەزموونە لەپێناو وشیارکردنەوەی نەتەوەیـەك دژ بەستەم و بەئاگا هێنانەوەی نەتەوەکەی لە کۆمەڵێك دابونەریت، کە کۆمـەڵی کـوردیی لـەو سـەردەمەدا بەدەسـتیەوە نالاندوویەتی(ئارەزوومـە خـەڵکی وەلاتەکـەم، هـەمووی خوێندەواربن،هەر گوندەی قوتابخانەیەکی هەبێ، خەڵکەکەی تێبگا، ئەو دەمـە ئاواتەکـەم دێتەدی کە خەڵك تێگەیشتووبێ و ئەو ڕسم و شـوێنە نالەبارانـە لادەچـن و دابـوڕەسمی ڕەسەن جێی ئەوان دەگرنەوە).[2]
هەربۆیە(سەرجەمی دەقی ڕۆمانەکە بۆخۆی هـاوارێکی مـەزنی سـەرکردەیەکە (مـیرزا) بۆ ڕزگارکردنی گەلێك. وەك چۆن ئاوازی هاوارەبـەرە هـاواری شـوانێك (یارە)یـە لـەپێناوی پارێزگاری کردنی مێگەلێك)[3]. دەقئـاوێزان دەبێتـە تایبەتمەندییـەکی دیکـەی ئـەم ڕۆمانـە، ئەگەرچـی لـەڕۆمانی هاوارەبەرەشـدا هەست بەتێکـەڵ بـوونی چـەند بـەیتێکی فۆلکلـۆری دەکرێـت بـە گێڕانـەوەی ڕۆمانەکـە، کـە وەك دەقئـاوێزانی فۆلکلـۆری بـۆ ڕازاندنـەوەی ڕۆمانەکە تێکەڵی گێڕانەوەکە کراوە لـەم جۆرەدا ( نووسـەر بەئەنقەست دەقـی خـۆی بەهەندێ ڕەگەزی کۆن دەڕازێنێتەوە.[4]، بەلأم لە(میرزا)شدا ڕۆمـاننووس گرنگیـەکی زۆری

---

[1]: س.پ:ل٦٦.
[2]: فەتاح ئەمیری، میرزا، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەیوبی، چ١، اورمیە، ١٣٧٢، ل١٠٩-١١٠.
[3]: زاهیر ڕۆژبەیانی، خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموونی ڕۆماننووسێك، ل٦٨.
[4]: کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی،سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٩.


بەم لایەنەداوە(لەم ڕۆمانەدا جگە لـە پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەسـتەق و ئیدیـەمی باوی کـوردەواری، ژمارەیـەکی بەرچـاوی نـەقل و نەزیلە،چیرۆکی فۆلکلـۆری کـوردی لەدەقەکـەدا تێکـەڵکێش کـردوون.[1]وەك (حیکایـەتی سـوڵتان مـەحموود و هـەیاس و ڕەندەومەندە لە لاپەڕە٦و٧،حیکایەتی خەڕەکە نارم نارم،لە لاپەڕە٧، ٨، حیکایـەتی پـیرەژن و ڕێـوی و چـەندانی تـر لـە لاپـەڕە ١١٢–١١٤). بـەم جـۆرە دەتـوانیین بڵـێن هەردوو ڕۆمانی (هاوارەبەرە)و (میرزا)ی فەتاح ئـەمیری لـە قۆنـاغی دووەمـی ڕۆمـانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باسکردنە لە قۆناغێك،کە قۆناغی پـێش شارنشـینی بووە لە کوردستان،قۆناغێك کە قۆناغی دەستەڵاتی سیاسی و سیستمی دەرەبەگایـەتی تیایدا باڵادەست بووە،بۆیە ئەگەر ئەم دوو ڕۆمانە لەو قۆناغەدا باس لە پێکهاتـەی کۆمەڵگەی لادێ نشینی کوردی و ژیانی جوتیاریی و ئاژەڵداری و پەیوەسـتبوون بـەداب و نەریتە کۆنەکانی کوردی بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم دوو ڕۆمانە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری پەیامێکی دیکەن،کە پەیامی بەگژداچوونەوەو خەبات و تێکۆشانە لەپێناوی ئازادیدا، بۆیە لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەم ڕۆمانەی ئـەمیری لـەو قۆناغـەدا بـاس لەپێکهاتەیـەك دەکـات، کـە پێکهاتـەی بزووتنـەوەی ناسیونالیسـتی کوردییـە لـەو ساتەوەختەدا.


**٣-٣: تایبەتمەندی ڕۆمانەکانی قۆناغی سێیەم**

وەك لەسـەرەتادا ئاماژەمـان پێکـرد، قۆنـاغی سـێیەمی ڕۆمـانی کـوردی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستاندا لە کۆتایی نەوەدەکانەوە دەست پێدەکات، کە بەوردبوونـەوە لێیـان دەتـوانین بڵێین،کـە ڕۆمانـەکانی ئـەم قۆناغـە لەگـەڵ ڕۆمانـەکانی پێشـووتردا تـا ئەندازەیـەکی بـاش پێگەیشتووترن،چونکە جۆرە ڕۆمانێکن،کە هەندێکیان بە تـەکنیکی نـوێی نووسـراون و سەر بە دنیای ڕۆمانی مۆدێرنن و باس لەژیانی پرسـیاری جۆراوجـۆرن، کـە پرسـی نـوێ دەوروژێنن، هەڵگری کۆمەڵێ شارنشینی دەکەن و کۆمـەڵێ دەبنـە تایبەتمەنـدی و سـیمای جیاکەرەوەیان بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی هەردوو قۆناغەکەی پێشووتر، چونکە هەر


[1]: زاهیر ڕوژبەیانی، خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموونی ڕۆماننووسێك، ل٦٣.

یەکێك لە ڕۆماننووسەکانی ئەم قۆناغە بەشێوازێکی جیاواز لەوانی تر دەنووسێت،بۆ نموونە ڕۆمانەکانی(کامەران حامیدی) زیاتر گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی و مێژوویین.




ڕۆمان
گۆمی بەردەلانکێ
کامەران حامدی

ڕۆمانەکانی (عەتا نەهایی) لەڕووی بیرۆکەو شێوازی نووسینەوە جۆرە شێوازێکی تایبەت بەخۆیان وەردەگرن، چونکە (نەهایی لە ڕێگای بەکارهێنانی زۆربەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان، تێگەیشتنێکی تری لەمەڕ هونەری ڕۆمانی هاوچەرخ هێنایە ئاراوە).[١]





**عەتا نەهایی**

بەهەمان شێوە ڕۆمانی (زیندەخەو)ی(فەتاحی ئەمیری) بەبەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکەدا لە شێوازی نووسین و بابەتدا هەنگاوی باشتری ناوە (پێکهاتەی سێیەم کاری ئەمیریی بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێزترە لە نووسراوەکانی پێشووتری.[٢]

[١]: هاشم ئەحمەد زادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٨٤.

[٢]: س.پ: ل ٨٤.


ڕۆمان
گرەوی
بەختی هەڵاڵە
دوا ڕۆژەکانی ژیانی
باڵندەیەکی کۆچەر
عەتا نەهایی




دوو ڕۆمـانی دیکـەی ئـەم قۆناغـە ڕۆمـانی (سـیوەیال) و ڕۆمـانی (بیربـا)ی (شـارام قەوامی)یە، کـە دەکـرێ ڕۆمـانی (بیربـا) وەك ڕۆمـانێکی دەروونـی سـەیر بکـەین ، چـونکە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا لە بارەی کۆمـەڵێ چـەمکی جیـاواز دەدوێـت وەك چـەمکەکانی ئــازادی و تێــڕوانین بــۆ ئــافرەت و هــەژاری چــەند لایــەنێکی دیکــەی ژیــان و خوێندنەوەیـەکی دەروونـی قووڵیـان بـۆ دەکـات. هـەروەها ڕۆمـانی (سـوەیال)،کە وەك ڕۆمانێکی جیاواز لە جیهانی ڕۆمانی کوردی ئاوێنەو نیشاندەری بارودۆخ و حەقیقەتی تاکی کوردە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ) ڕۆمـانێکی سـەرکەوتووی تـر کـە پیشـاندەری

پێشکەوتنی تەکنیکی ئەدەبی ڕۆمانی کوردییـە بەقەڵـەمی شـارام قـەوامی لـە شـاری سـنە نووسراوە.



**شارام قەوامی**

سوەیال چیرۆکێکە،کە ڕەگی لە ڕووداوگەلی ڕابردوودا داکوتاوە.[1]،کە دەکرێ بڵێین بەوە جیادەکرێتـەوە، کـە هـەڵگری کۆمـەڵێ پرسـی جۆراوجۆرە،چـونکە تێکـەڵبوونی چـەند ئایدیۆلۆجییـەکی جیـاواز لەیـەکتر بەتایبـەتی لەمەسـەلەی ئـاڵوودەبوونی کەسـێتییەکان بـەماددە هۆشـبەرەکان پێشـکەوتنێکی دیکـەی ئـەم قۆناغەیە،کـە ڕۆمـاننووس دەیـەوێت لەڕێگـەی ئـەم ڕۆمانـەوە راسـتی ژیـانی گـەنجانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانمان لـەڕووی دەروونییەوە بۆ وێنە بکێشێت،کە ئەم لایەنە لە جیهانی ڕۆمانی کوردیدا بەدەگمـەن باسـی لێوەکراوە( ئەگەر دەقێکی مێژوویی لەژێر کاریگـەری جیهـانبینی و ڕوانگـەی تیـۆرێکی مێژوونووسـیدا ڕووداوەکـان هەڵسـەنگێنێ و لێکیـان دەداتەوە،ئـەوا دەقـی ڕۆمـان بەسەرنجدان بە جیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکان هـەوڵی دۆزینـەوەی هـەموو هەسـت وخولیاو نیگەرانییـەکانیان دەدات).[2] ئەگـەر ڕۆمـانی (قـەلای دمـدم)ی (عـەرەبی شـەمۆ)

---

[1]: س.پ: ل ٨٦.

[2]: هاشم ئەحمەد زادە ، مێژوو، ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی، ل٢٣.

ڕۆمـانێکی مێـژوویی بێـت لـە ناوەڕۆکـدا (ئەگـەر سـەیری نـاوەڕۆکی ئـەم ڕۆمانـە بکـەین دەبینین، لایەنی مێژوویی و واقیعی گەلی کورد لای ڕۆماننووس زۆر مەبەست بـووەو لایەنە مێژووییەکەی بەشێوەیەکی بەرچاودەبینرێت).[1]، ئـەوا ڕۆمـانی (بڵنـد و نـەوی)ی (نەسرین جەعفەری) یەکێکی ترە لەو ڕۆمانانەی کە لەو قۆناغە دانوسراوە،کە دەکرێـت بـە ڕۆمـانێکی مێـژوویی لەقەڵـەمی بـدەین، چـونکە( ڕۆمـانی بڵنـدو نـەوی نەسـرینی جەعفەری هەوڵ دەدات چیرۆکێکی فۆلکلـۆری کـوردی سـەر لـەنوێ بگێڕێتـەوە کـە باسـی شەڕی نێوان کوردان و پاشای سەفەوی، شاعەباسی دووەم بکات، کە لە سەدەی حەڤـدەدا ڕوویداوە. شەرحێکی پێشتری ئەم ڕووداوەش لە ڕۆمانێکدا هـاتووە بـە نـاوی دمـدم کـە بـە قەڵـەمی کـوردێکی سـۆڤیەتی بـە نـاوی عـەرەب شـەمۆ نووسـراوە[2]، بـەلام گرنگیەکـەی لەوەدایـە، کـە بـۆ یەکـەمجار لـەو قۆناغـەدا ڕۆمانێـك بەقەڵـەمی نووسـەرێکی ژن دەنووسرێت.

---

[1]: دیدار محەمەد ئەمین ئەحمەد،(قەلای دمدم)ی عەرەبی شەمۆ، لێکۆڵینەوە وهەڵسەنگاندن، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥١.

[2]: هاشم ئەحمەد زادە، ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران، ل٨٤.




ڕۆمانیکی دیکەی ئەو قۆناغە ڕۆمانی(شاربەدەر)ی (حوسێن شێربەگی) یـە، کـە بـە کاریگەریی شێوازی نووسینی رۆمانی فارسی نووسراوە (حسێن شێربەگی زەنیاتی ڕۆمانی فارسی کردووە بە بناغەی نووسینی ڕۆمانەکەی هەر بۆیە سروشتی ڕۆمانەکەی لە سروشتی

ڕۆمانی کوردییەوە زۆر نزیك نابێتەوە.[1] دەتـوانین بڵـێین: هەریـەکێك لـەو ڕۆماننووسـانە لـەو قۆناغـەدا بــە شــێوازێکی تایبــەت و جیــاواز لــە ڕۆماننووســەکانی دیکــە دەنووســێت و هەریەکێکان شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە ئەمەش خەسڵەت وتایبەتمەندی هەریـەکێکیان دیاری دەکات.

## ئـــــەنـجام:

له ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامامێك لەوانــــە:

١- ڕۆمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ ژانری شیعرو بەشەکانی دیکەی پەخشان وەك چیرۆك، بەهۆی چەند هۆکارێك وەکـو نـەبوونی دەرفـەت و ڕێگەنەدانی نووسین بە زمانی کوردی و نالەباری بارودۆخی سیاسی و گـرفتی بـە چاپ گەیاندنی نووسین بەزمانی کـوردی و بایـەخ نـەدان بـە وەرگێڕانـی ڕۆمـانی نەتەوەکانی دیکەی جیهان بۆ سەر زمانی کوردی لە قۆناغێکی درەنگدا سـەری هەڵداوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی لـەڕووی چـەندایەتی و چۆنایەتییەوە خۆی پێبگەیەنێت.

٢- بەشـێك لـە ڕۆمانـەکانی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان زیـاتر ڕۆمـانی ڕیـالیزمین و بـاس لەکێشـەو خـەباتی سیاسـەتی و بەگژداچـوونەوەو بـەرەنگاری نەتـەوەی کـورد دەکەن لەبەرانبەر ڕژێمی شای ئێران و توانیویانە پەیامی خۆیان لەو ڕوانگەیـەوە بەباشی بگەیەنن. هاوکات بەشێکیشیان باس لە کێشـە و گرفتـی شارنشـینی و گرفتــە هەنووکەییــەکانی ئێســتایی ژیــانی تــاکی کــورد دەکــەن لــەو بەشــەی کوردستاندا.

٣- هەندێك لە ڕۆمانەکانی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان لـە هـەوڵی گێڕانـەوەی بـارودۆخی سیاسی و مێـژوویی و نەتـەوەیی کـوردن لـە قۆناغـەکانی ڕابـردوودا، بەتایبـەتی ڕۆمانەکانی ڕۆمـاننووس فـەتاحی ئـەمیری (مـیرزا، هەوارەبـەرزە) و هـەر سـێ ڕۆمـانی ڕۆمـاننوس کامـەران حامیـدی(گۆمی بـەردەلانکێ، مانونـەمان، زینـوێ بەتـەم) و ڕۆمـانی (هـەزار ئەشـکەوت)ی عومـەر مـەولودی و ڕۆمانی(بڵندونـەوی)

---

[1]: عەبدولخالق یەعقووبی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٢٧ ، هەولێر، زانکۆی جیهان.

نەسرین جەعفەری. بەشێکی دیکەشیان لەگەڵ گێڕانەوەی ئـەو مێـژووە سیاسـیە باس لە گیروگـرفتی کۆمەلایـەتی و دەروونـی و جیهـانبینی تـاکی کـورد دەکـات. لەوانە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس عەتا نەهایی ((گوڵی شۆڕان، باڵنـدەکانی دەم بـا، گـرەوی بـەختی هەلاڵـە)و هـەروەها ڕۆمـانی شـارامی قەوامی(سـوەیلا،بیربا) و رۆمانی زیندەخەوی فەتاحی ئەمیری. بە گشتیش بنیاتی هونەریی ئـەم ڕۆمانانـە دامــەزراوترن وپەیوەنــدی نێــو ڕەگــەزەکانیش پتــەون هاوســەنگی نێوانیــان پارێزراوە.

٤- بـاری دەروونـی و تەنگـەژەی فکـری و بـیری فەلسـەفی لـە ڕۆمـانی (شـاربەدەر)ی حوسـێن شـێربەگی و (پەرەسـێلکەکانی کـۆچ)ی فـەروغ نیعمـەتپوور بیرۆکـەی سەرەکی ڕۆمانەکانن لـەپاڵ دەربـڕینی هەسـتی هەوڵـدان بـۆ ئـازادی و خەبـات و تێکۆشان و شکستی تاکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.

٥- لە ڕۆمانەکانی (عەتا نەهایی)دا باس لەچەندین گرفتی جیاواز لە کۆمەڵی کوردیـدا کراوە، لەوانە ڕۆماننووس کێشەیەك لەو کێشە پەراوێزخراوانەی وروژانـدووە، کـە تاکی کورد زۆرجار بەهۆی دیاردەی خۆشەویستی و ناپاکی و لە ڕۆمـانی(گرەوی بەختی هەلالە)دا بەتایبەتی کێشەی ژن.بـە تایبـەتی لـە رۆمـانی(گرەوی بـەختی هەڵاله)دا کێشەیەك لەو کێشە پەراوێزخراوانەی وروژاندووە،کە تاکی کورد زۆرجار بەهۆی دوور وڵاتی و ئاوارەبوون و پەیوەستبوون بـە داب و نـەریتی نەتـەوەیی و نەگونجان لەگەڵ دنیای رۆژئاوادا دووچـاری دەبێـت و گـەلێ جـاریش بـە تراژیـدیا کۆتایی دێت.

## ســــەرچــــــــــاوەکان

به زمانی کوردی:

- ئیـــان وات،تیـــۆری ڕۆمان،و:محمـــد کـــەریم، دەزگـــای چـــاپ و پەخشـــی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٢.
- ئیبراهیم عەبدولرەحان جاف، رەنگدانەوەی رووداوی مێژوویی لە رۆمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، ٢٠٠٤.
- دیـدار محەمــەد ئـەمین ئەحمەد،(قـەلای دمـدم)ی عـەرەبی شـەمۆ، لێکۆڵینـەوە وهەڵسەنگاندن، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٠.
- جەلال مەلەکشا، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران،
- حوسێن شێربەگی، چیرۆکی هیچ وەلاتێك ناتوانیٚ لەکارتێکردنی چیرۆکی جیهانی و دراوسێکانی بێبەهرەبیٚ،گ. ڕامان، ژ(٣٢)ی شوباتی ١٩٩٩.
- ڕەحیمی قازی،ڕۆمانی پێشمەرگە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٨.
- زاهیر ڕۆژبەیانی،خوێندنەوەیەك بۆ ئەزموونی ڕۆماننوسێك، گ. ڕامان، ژ ١٤٩ تشرینی یەکەمی، ٢٠٠٩.
- سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی– خوێندنەوەو پرسیار،بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چ١،هەولێر، ٢٠٠٧.
- سەلاح عومەر، رۆمان لە گۆشە نیگای جیاوازەوە، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠.
- سەمەد ئەحمەد، لەناوبازنەی دەقدا، چاپخانەی یاد،سلێمانی، ٢٠٠٣.
- سولەیمان دڵسۆز، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ڕۆژهەلات.
- عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٦.
- عەبدوللا یاسین عەلی ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا، ١٩٣٩–١٩٧٠، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٥.
- عەبدولخالق یەعقووبی، دیالۆگ و داهێنان، چاپخانەی خانی، دهۆك،٢٠٠٩.

- عەبدولڕەحمان قاسملوو، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٨١.
- عەزیز گەردی،ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چ١،هەولێر، ١٩٨٧.
- فەتاح ئەمیری،هاوارەبەرە، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبی، اورمیە، ١٣٧٩.
- فەتاح ئەمیری،ڕۆمان لەبنەڕەتدا خەیاڵە من نامەوێ لە نووسیندا واقیع تۆماربکەمەوە، گ.کاروان، ژ١٧٦ئابی ٢٠٠٣.
- فەتاح ئەمیری،لە کوردستانی ئێران درەنگ دەستمان بە نووسین کرد،بەڵام چاکمان دامەزراند،چاوپێکەوتن.
- فەرەیدون ئەرشەدی، بزاڤی ڕووناکبیری لە کوردستانی ئێران،گ. ڕامان، ژ ٥١ ی ئەیلوولی،٢٠٠٠.
- کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی،سلێمانی، ٢٠٠٣.
- مەهدی سالّح، دەربارەی ڕۆمان،چاپخانەی رۆشنبیری،هەولێر،٢٠٠٦.
- مومتاز حەیدەری، پاشی سی ساڵ پێشەکی چاپی دووەمی ڕۆمانی "پێشمەرگە" گ. ڕامان، ژ(١٠٥)ی شوباتی،٢٠٠٦.
- میشێل زراڤا، ڕۆمان بەواتای ژانری ئەدەبی ودامەزراوەی کۆمەلایەتی، و:عەتا جەمالی، گ. ڕامان، ژ١٠٦،ئاداری ٢٠٠٦.
- م. ه. ئیبرامیزمالکام برادبری نورتروپ فرای، ڕۆمان چییە؟، و: جەواد مستەفا، چاپخانەی خانی، دهۆك،٢٠٠٨.
- نەجم خالید نەجمەددین ئەلّوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ژانی گەل، شار، ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- نەسرین رەئووف ئیسماعیل،ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا لەسالانی١٩٢٠– ١٩٨٥ ،هەولێر،٢٠١٠.

- هاشـم ئەحمـەدزادە، ڕۆمـانی کـوردی لـە کوردسـتانی ئێـران، و:عەبـدولخالق یەعقووبی، گ(ڕامان)، ژ١٠٧، ٢٠٠٦.
- هاشم ئەحمەد زادە،دوێنێ و ئەمڕۆی ڕۆمانی کوردی، هەفتەنامەی هـەولێر، ژ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩.
- هاشم ئەحمەد زادە، مێژوو، ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ٢٠١٠،٢٤.

چاوپێکەوتن:

- عەبدولخالق یەعقووبی،چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٢٧،هەولێر، زانکۆی جیهان.
- فەتاح ئەمیری،پەیوەندی تەلەفۆنی، ڕێکەوتی /٢٠١١/٩/٢٧،مهاباد.
- کامەران حامیدی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/٥، هەولێر.

بە زمانی عەرەبی:

- انطونیوس بطرس، الادب– تعريفه –انواعه – مذاهبه، المؤسسـة الحديثـة لكتـاب، طرابلس، ٢٠٠٥.
- عبدالرحمن باشا، الرواية الكردية، تقديم مارف خزندار، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.
- فاضل ثامر، الصوت الاخر الجـوهر الحـواري للخطـاب الادبـي،دار الشـؤون الثقافيـة العامة، ١٩٩٢.
- محمد شاهين، افاق الرواية– البنية والمؤثرات، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٧.
- ميخائل باختن، الملحمة و الرواية، ت: جمال شعيد، معهـد الانمـاء العربـی، بـيروت، ١٩٨٢.

# ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا

## پێشـــەکی

ڕۆژنامەوانیی کوردی بەگشتی خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی کردووە، گۆڤاری (هیـوا) لە کۆتایی ڕژێمی پاشایەتی و سەرەتای ساڵانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا، وەك درێژەپێدەری گۆڤاری (گەلاوێژ) بە تەنیا لە گۆڕەپـانی ئەدەبیـدا ڕۆڵـی دیـارو بەرچـاوی لـە گەشـەپێدانی هونــەرە ئەدەبییەکانــدا بینیــوەو لاپــەڕەکانی تۆمــارێکی پڕشــنگداری چــەندین بەرهــەمی ئــەدەبیی بــەپێزی نووســەرانی ئــەو ســەردەمەن و یارمــەتی زۆر نووســەری لاویــدا بــۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، ئەمە بێجگە لەوەی نووسەرە دیارەکانی سەردەمەکەی لە ڕێی ئەو گۆڤارەوە شاکارەکانی یەکتریان هەڵدەسانگاندو لەپێناو کامڵبوون و گەشەکردنی ئەدەبی نەتەوەییمانـدا سـەرنج و ڕاو بۆچـوونی هەمەچەشـنەیان دەخسـتە ڕوو، بۆیـە نووسـینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بەبێ ڕۆڵی ئەدەبی گۆڤاری (هیوا) مێژوویەکی ناکامـڵ دەبێـت و هـەر ئەمەش بوو وای لەئێمە کرد، کە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لەسـەر ڕۆڵـی ئـەو گۆڤـارە بنووسـین لـە پێشخستنی هونەرەکانی ئـەدەبی کوردیـدا، چـونکە تـاوەك ئێسـتاش نـەوەك کتێـب و وتـاری زانستی، بەڵکو زۆر بەدەگمەن نەبێ و لە چەند ئاماژەیەکی لاوەکی بەولاوە زیاتر ئامـاژەی بـۆ نەکراوەو مافی خۆی نەدراوەتێ. ئەمـەش هـەر تـەنها پەیوەنـدی نییـە بـە گۆڤـاری (هیـوا)وە، بـەڵکو ڕۆژنامــەو گۆڤارەکــانی تریشــمان، کــە لێکۆڵینــەوەی زانســتیانەیان دەربــارە کرابــێ لەپەنجەی دەستێك تێ ناپەڕێ.

بۆ لێکۆڵینەوەکەمان سەرەتا ئەو وتارو ئامارە پەرت و بلاوانـەمان بەسـەر کـردەوە، کـە لـەملاو لـەولا لـەبارەی گۆڤـاری (هیـوا)وە لەلایـەن نووسـەرانی کـوردو غـەیری کـوردەوە نووسـراون، بـەلام لەبـەر نـەبوونی بیبلۆگرافیـاو کـەمی سەرچـاوەی پێویسـت و هـەژاریی کتێبخانەی کوردیی و دەسکەوتنی ئەو سەرچاوانە شتێکی ئاسان نییە، کـە ئەمـەش خـۆی لەخۆیدا دەبێتە گیروگرفتێکی بەردەوام لەبەردەم لێکۆڵینەوەی زانستیدا.

گیروگرفتێکی دیکە لە لێکۆڵینەوەکەماندا ئەوەبوو، لەبـەر زۆریـی بابەتـە بلاوکراوەکـانی ناو گۆڤاری (هیوا) و هەمە جۆری بابەتە ئەدەبییەکاندا بە ناچارییەوە لە نموونە هێنانەوەو باسکردن و شیکردنەوەدا شێوەی بیبلۆگرافیایمان لەبەر دەگرت و لە هـەر بابەتێکدا تـەنیا سێ چوار نموونەمان وەردەگرت، ئەم کارەیەش لـەپێناوی هەمـە چەشـنەیی و هەمەلایـەنی

بابەتە ئەدەبییەکانی نـاو گۆڤارەکـەوە بـوو، بـەو ئومێـدەی زۆربـەی هونـەرەکانی ئـەدەب بەخۆوە بگرێت.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بریتییـە لـە پێشـەکییەك و دەروازەیـەك و چـوار بـەش و ئەنجامـە گشتییەکان و پاشکۆکان، کە ئەوانیش بریتین لە نامەی چەند نووسەرێکی گۆڤاری (هیـوا)و چەند وێنەیەك، کـە لـە خزمـەتی نـاوەرۆکی لێکۆڵینەوەکـەدان. لـە دەروازەدا دروسـتبوونی یانـەی سـەرکەوتن و ئامـانجی یانەکـەو چـالاکی و پێوەنـدی بـە نووسـەرانەوەو بڕیـاری بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (هیوا) باسکراوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوەیە، کـە یانـەی سـەرکەوتن خاوەنی ئیمیتیازی گۆڤارەکە بوو.

لە بەشی یەکەمدا بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و ڕۆشنبیریی عیراق بـە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لەدوای جەنگی دووەمـی جیهانییـەوە تـا داخرانـی گۆڤـاری هیوا باسکراوە، ئەم باسکردنەش لەوەوە دێت، کە ئەدیب وەك تاکێکی کۆمەڵ کەوتۆتە ژێر کارتێکەری ئەو بارودۆخەو ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی واقیعە.

لەبەشی دووەمدا، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی یـەکێ لـە هونـەرە سـەرەکییەکانی ئەدەبدا باسکراوە، کەئەویش شیعرە. دوای ئاوڕدانەوەیەکی مێـژوویی و تـازە کردنـەوە لـە شیعری کوردیدا، شیعرەکانی ناو گۆڤارەکە بـەپێی نـاوەرۆك و بـەپێی ڕێبـازە ئەدەبیـەکان دابەش کراون و لێیان کۆڵراوەتەوە.

لـە بەشـی سـێیەمدا، دوای ئاوڕدانەوەیـەکی مێـژوویی لـە پەخشـانی کـوردی، هونـەرە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی (وتارو ژیاننامـەو چـیرۆك) باسـکراون و وتارەکـان بـەپێی ناوەرۆك دابەش کراون وناوەرۆك و زمان و تەکنیکی چیرۆکەکان شی کراوەتەوە.

بەشی چوارەم، تەرخان کراوە بۆ ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هەنـدێ بابـەتی ئـەدەبی لەوانـە (ڕەخنـەی ئـەدەبیو ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی و وەرگێڕانـی ئـەدەبی) و تیشـکی لێکۆڵینەوەمان خستوونەتە سەر. لەکۆتاییشدا ئەنجامە گشتییەکانمان بـە چـەند خاڵێك دەست نیشان کردووەو سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکـەمان بـەپێی ئـەلف و بێـی نـاوی نووسـەرەکان ڕیـز کـردووە. پاشـان پاشـکۆکان، کـە بـریتین لەنامـەی چـەند نووسـەرێکی گۆڤـاری (هیـوا)و چـەند وێنەیەکی مێژوویی، بەو ئومێدەی زیاتر ناوەرۆکی نامەکـە ڕوون بکەنـەوەو لەخزمـەتی مەبەست دابن.

ئـەم لێکۆڵینـەوە، هەوڵێکـە بـۆ دەرخسـتنی پەیوەنـدی توونـدو تـۆڵی ڕۆژنامـەوانی و ئەدەبی کوردی و ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا.

# دەروازە

## - چی دەربارەی گۆڤاری ( هیوا ) نووسراوە

لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب و ڕەوتی مێژوویی ڕۆژنامەوانیی کوردیی بێ توێژینەوەو وردبوونەوە لـە بابەتـە بڵاوکراوەکـانی نـاو گۆڤـاری (هیـوا) کـارێکی بـێ کـەڵك و کەموکوڕی دەردەچێت. دوای داخستنی گۆڤاری (گەلاوێژ) لە ساڵی ١٩٤٩دا، ڕووناکبیرانی کـورد لەدەوری یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری (هیوا)دا کۆبوونەوە، بـۆ ئـەوەی گۆڤـاری (هیـوا) جێگـەی گۆڤاری (گەلاوێژ) لە خزمـەت کردنـی بزاڤـی ڕۆشـنبیریی کوردیـدا بگرێتـەوە. بـۆ ئـەو مەبەسـتە گۆڤارەکە پەیوەندیی ڕۆشنبیریی لەگەڵ پارچەکانی تـری کوردسـتان و وڵاتـانی دەرەوەدا پتـەو کردو نووسەران لە وڵاتانی ترەوە نووسینەکانیان بۆ گۆڤاری (هیوا) ڕەوانە دەکرد تاقـە گۆڤـاری ڕۆشنبیری بوو، کەبەزمانی کوردی لە بەغدا بڵاو دەکرایەوە لە ١٩٥٧–١٩٥٨دا.

تاوەك ئێستا دەربارەی گۆڤاری (هیـوا)، لێکۆڵینەوەیـەکی زانسـتیو ئـەکادیمی یـان کتێـب و نامیلکە نەنووسراوە، پچڕپچڕو لەملاولەولا ئیشارەتی پێ دراوە، وا هەندێك لـەو ڕایانـە دەخەینـە ڕوو، کە دەربارەی گۆڤاری (هیوا) نووسراوەو لە ئاست هەندێکیاندا هەڵوەستەیەك دەکەین:

عبداللە میدیا دەڵێ: (( وا ئێستا لە جێی گەلاوێژ وە لە ئاسۆی هیـواوە (هیـوا) لـە دەمکـەل دەرکەوت و هەڵهات هیوامان وایە ئەو پەیامەی، کە (گەلاوێژ)هـەڵیگرتبوو ە پـەیمانی دابـوو، کـە بیگەیەنێت بەئامانج و فریا نەکەوت ئەمجا (هیوا) هەڵیدەگرێت و دڵسۆزانە بیبات بەڕێوە)).[١]

بەشـیر موشـیر دەڵـێ: ((لەکاتێکـدا زانـیم ئیمتیـازی گۆڤـاری (هیـوا) دراوە بەیانـەی سەرکەوتن، دڵم گەش، چاوم ڕوونبـووەوە، هەسـتم بـەوەکرد، کـە هێـزی قەڵـەمی نووسـەرانمان

[١] مامۆستا –ع، ئەستێرەیەکی نوێ لە ئاسۆی ئاسمانی وێژەی کوردا، گ. هیوا، (ژ١، س١) تەمووزی ١٩٥٧. نووسەران بە تەواوکەری گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ناو دەبەن، زۆر گۆشە هەبوون لە (گەلاوێژ) لە (هیوا)یشدا بەردەوام بوو، وەك گۆشەی (چیرۆکی ژمارە) و (کورد لای بێگانە) و (نارێکی کۆمەلایەتیمان) و (قسەی نەستەق). سەرەڕای ئەوەی زۆربەی نووسەرانی گۆڤاری (گەلاوێژ) پاشان لە گۆڤاری (هیوا)دا لە نووسین بەردەوام بوون.

دەکەوێتـەوە کـارو بەزمانـە شـیرینەکەی خۆمـان ئەنووسـین و ئەخوێنینـەوە. بـەم هۆیـەوە زۆر سوپاسی ئەندامەکانی یانەی سەرکەوتن ئەکەم، کە توانیان ئەم خزمەتە گەورەیە بکەن.))

(ا. ب. هەوری) بە شیعر دەربارەی گۆڤاری (هیوا)دەڵێ:

هیوا، چووزەرەی بنکی گەلاوێژ    بەبیری وردی پوختی والاّ بێــژ
بێرە کایەوە ساوای تـــازە بوو    کاتی فرمانە تۆش ئـــازانە زوو
دەستی خزمەتت پیرۆز، وەك ناوت    تـــا ببیتە فـــەڕو بـــرەو بێ نـاوت[1]

(بێخەو) هەر بە شیعر هەستی خۆی دەردەبڕێ:

ئەی گزنگی وێژەی ژیـــــان    زەنگ و چرای کاروانی گەل
هیوای دڵ و دەروون پاکـــان    زرنگ کەرۆی لاوی تەمـەل[2]

د. مـارف خەزنــەدار دەڵـێ: ((هیـوا گۆڤــارێکی مانگانــەی ئــەدەبی هونەرییــە لــە بەغـدا دەردەچـێ، تـا ئینقلابـی ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ بـەردەوام بـووە، زمانحـاڵی یـان گۆڤـاری یانـەی سەرکەوتنی کوردان بووە. بە دیالێکتی کرمانجی خواروو ئەلف و بێی عەرەبی بلاّو دەکرایەوە.

لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤارەکە ڕەنگدانـەوەی بـیروڕای ڕۆشـنبیری چینەکانی سـەرەوەی کورد بوو، وەك پەرلەمانتارە کوردەکان لەپەرلەمانی عیراق، هیوا تۆزێك خـۆی بـەدوور دەگـرت لە سیاسەتی ڕۆژانەی ولات، زیاتر بایەخی بەلایەنی ئـەدەبی و ڕۆشـنبیری (کلتـوری) دەدا. بـلاّو کەرەوەکانی زۆر هەوڵیان دەدا گۆواری هیوا وێنەیـەکی تـری گۆڤـاری گەلاوێـژی بـەناوبانگ بـێ. لەبەر ئەوە هەوڵیان دەدا زیاتر بایەخ بەئەدەبی کوردی بدەن.

لــە پــاش شۆڕشـــی ١٤ی تـــەممووزی ١٩٥٨ گۆڤارەکــە کەوتــە دەســـت ڕۆشـــنبیری پێشـکەوتنخوازی کـورد. لەسـەر خـەباتی پێکـەوەیی کـوردو عـەرەبی دەکـردەوە لـە پێنـاوی پێشکەوتنی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی. لە ساڵی ١٩٦١ دا ڕێڕەوی شۆڕش گـۆڕاو کەوتـە ڕاونـانی هێزە پێشکەوتنخوازو دیموکراتییـەکان، کـارێکی گـەورەیان کـردە سـەر ئـەم گۆڤـارە، لـە ڕووی

[1] هەوری، ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا، ژ ٢، س١، ل٣٤.

[2] بێخەو، بۆ هیوا، گ. هیوا، ژ٣٠، س٤، ل٤٤.

ناوەرۆکـەوە ئێجگـار هاتـە خـوارەوەو لـەکاتی خـۆی دەرنەدەچـوو، بـە پچـڕ پچـڕی بـڵاو دەکرایەوە.)) [1]

د. مارف خەزنەدار لـە هەڵسـانگاندنەکەیدا بـاش بـۆی چـووە، بـەڵام نووسـینەکانی گۆڤـاری (هیـوا) تـەنها بـەدیالێکتی کرمـانجی خـواروو نـەبوو و بەرهـەمی کرمـانجی سەروویشـی تیایـە. هەروەها دوا ژمارەی گۆڤارەکە لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢ دا دەرچووە، بەڵام لە سـاڵی ١٩٦٣ دا بڕیاری داخستنی گۆڤارەکەو ڕەت کردنەوەی ئیمتیازی گۆڤارەکە دراوە.

عبدالجبار محمد جباری دەڵێ: ((گۆڤارێکی وێژەیی و زانیاری و کۆمەڵایەتییە، مـانگی جارێـك لەبەغدا دەردەچوو، خاوەن ئیمتیاز: یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو، وە بەڕێوەبەری لێپرسراوی حافڤ مصگفی قاچی بوو. یەکەم ژمارەی لەمانگی گەلاوێژی ١٩٥٧ دەرچوو.

گۆڤـاری هیـوا بـەبێ پـەك کـەوتن لەلایـەن دەسـتەیەکی خوێنـدەوارو ڕۆشـنبیری کـورد پەرەوەرەوە یارمـەتی ئـەدرا هەمیشـە بـە نووسـینەوەی بەکـەڵکی مێـژوویی و ئـەدەبی هتـد... کۆمـەکییان ئـەکرد، وە بـەو جـۆرە هـەتاکو ماوەیـەك بەوپـەڕی تواناوە ئـەو شـێوینە بەتاڵـەی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ئاوابووی گرتەوە وە هەمان ڕێبازی گرت لە هەوڵ وتەقەلادانا.)) [2]

علاوالدین سجادی، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسیویە: ((هیوا گۆڤارێکی ئەدەبی زانسـتی مانگانەیی بووە، لە شاری بەغدا لە چاپخانەی (التمدن) دەر کراوە، مودیری لـێ پرسـراوی حـافز مستەفا قازی بوو، ماوەیـەکیش دوکتـۆر هاشـم دۆغرمەچـی بـووە، یەکـەم ژمـارەی لەتـەمووزی ساڵی ١٩٥٧ دەرچووە، حەوت ساڵ ژیاوە (٣٦) دانەی لێ دەرچووە، لە... دا داخراوە.)) [3]

---

[1] مارف خەزنەدار، بەکورتی مێژووی ئەدەبی کوردی تازە، مۆسکۆ،١٩٦٧، ل٧٤–٧٥. (بەزمانی ڕووسی). ئەم کتێبە نامەی دکتۆرای مامۆستا (د.مارف خەزنەدار)ە لەساڵی ١٩٦٧ چاپکراوەو لە ١٩٦٣گفتوگۆی لەسەر کراوە. لەساڵی ١٩٩٣ تەرجەمەی زمانی عەرەبیش کراوە، بڕوانە: د. معروف خەزنەدار، موجز تاريخ الادب الكردي المعاصر، ترجمه عن الروسية الدكتور عبدالمجيد شيخو، بيروت، ١٩٩٣.– ئەو زانیارییانەی دەربارەی گۆڤاری هیوا لەسەرەوە نووسیمان دکتۆر مارف خەزنەدار لەزمانی ڕووسییەوە بۆی تەرجەمە کردین.

[2] عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ل١٠٤.

[3] علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی،چ٢، ل٦١٧.

ژمارەکانی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکە لـە چـاپخانەی (التمـدن) چـاپ کـراوە، بـەڵام پاشـان لـە چـەند چـاپخانەیەکی دی، لەوانـە (النجـوم) و (صـلاح الـدین) و (النجـوم) و (شـفیق) گۆڤارەکـە چاپکراوەو شەش ساڵ ژیاوە.

جەمال خەزنەدار لە ڕابەری ڕۆژنامەگـەریی کوردیـدا وا باسـی گۆڤـاری هیـوا دەکـات: ((هیـوا گۆڤـارێکی ئـەدەبی و زانسـتی مـانگی بـووە، لەلایـەن یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان لـە بەغـدا دەرچووە، مودیری مسؤول حافڤ مستەفا قازی بووە، ژمارە یەکی لە مـانگی تـەمووزی سـاڵی ١٩٥٧دەرچـووە، پێـنج سـاڵ ژیـاوە، دوا ژمـارەی (٣٦) بـووە، لـە شـوباتی سـاڵی دەرچـووە. ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە، کە هاشم دۆغرەمەچی و موکەڕەم تاڵـەبانی ناوەنـاوە بـوون بـە مودیری مسؤول. وە کەریم زانسـتی و کامـل ژیـر و محەمـەدی مـەلا کـەریم و عیـزەدین مسـتەفا بەشداری بەڕێوەبردنیان کردووە.))[1]

جەمال خەزنەدار ڕاستیی نـەپێکاوە، کـەدوا ژمـارەی (٣٦)ە، بـەڵکو دوا ژمـارەی (٣٨) و لـە حوزەیرانی ١٩٦٢دا دەرچووە. بەڕەسمیش موکەڕەم تاڵەبانی نەبۆتە مودیری مسـؤل بـەڵکو لـە ژمارە (٨) (س٢)ەوە هاشم دۆغرەمەچی تا دوا ژمارەی دەرچوونی مودیری مسؤول بووە.

د. کمال مەزهەر لەبارەی گۆڤارەکەوە نووسیویەتی:

(هیوا)

بەغدا

ژمارە یەکی: تەمووزی ١٩٥٧.

لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە: گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستییە مانگی جارێك دەرئەچـێ) خاوەنی ئیمتیتازی یانەی سەرکەوتن و مودیری مەسؤولی تـا ژمـارە (٨)ی سـاڵی (٢)ی حـافڤ مستەفا قازی و پاشـان دوکتـۆر هاشـم دۆغرەمەچـی بـوو، زۆربـەی ژمارەکـانی لـە (٨٠) لاپـەرە زیاترن، شوباتی ١٩٦٣داخرا (١٢×٤١سم)ە.[2]

وادیـارە دکتـۆر کـەمال زانیـاریی تـەواوی دەربـارەی گۆڤارەکـە نـەبووە، قەوارەکەیشـی (٢٠,٥×١٤سم)ە.

[1] جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل٦٣.

[2] د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل٢٤١–٢٤٢.

د. جەمشـید حەیـدەری لـە وتارێکیـدا نووسـیویە: ((بـاری ئـەدەب هـەر لـەنزمی و لاوازیـدا دەمێنێتەوە تا ساڵی... کەیانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغدا بڕیار دەدات گۆڤـارێکی ئـەدەبی و زانستی (مانگانە) دەربکات بەناوی (هیوا)و هـەروەها لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٥٨ شـێخ عبـدالقادر بەرزنجی لەکەرکوك گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی کۆمەڵایـەتی دەردەکا بـەناوی (شـەفەق) ئـەو دوو گۆڤارە ڕۆڵێکی گـەورەو دیاریان بینیووە لەبەرەو پێش بردنـی پەخشـانی کـوردی و بـەڵکو دەتوانین بەبەردەوامی (گەلاوێژ) یان دابنێین لەم بوارەدا.))١

(کامل ژیر)یش بیروڕای وایە، کە ((گۆڤاری هیوا قوتابخانەیەکی کوردایەتی گشتی بوو بۆ ئـەو ڕۆژە، پێنووسی نووسەرە گـەورەو نـودارو بەبڕشـتەکانی ئـەو سـەردەمەی لـەخۆ گرتبـوو جگـە لەنووسەرو هەستیارە لاوەکان.)) هەروەها دەڵێ: ((وەك ڕاستیەك ئەشێ ئەوەش بدرکێنین، کـە گۆڤاری (هیوا) ئەتوت لە کوردستانێکی ئازادا دەرئەچێ. هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان وێنەیەکی مـەلیکی تێدا بلاو نەکرایەوە.))٢

(محەمەد نوری توفیـق) وەك نووسـەرێکی گۆڤـاری هیـوا دەڵـێ: ((دوای دەرچـوونی چـەند ژمارەیەك دەستم کرد بە نووسین، بەلام (شـیعرنا)، زۆربـەی زۆری نـەوەکانی سـەردەمی خـۆم، بەڵکو لەپێشدا بەوەرگێڕان، کـەوابزانم یەکـەم بەرهـەمم لـەبارەی خـەڵاتی (نۆبـل)ەوە بـوو، کـە یەکەم بەرهەمم بلاو کرایەوە هێندەی تر هیوام لا خۆشەویستر بـوو، ئـیتر هیـوا بـەرەو پێشـەوە ئەچوو، خوێنەرەکانی زیادی کردو ژمارەکانی زیاتر ئەبۆوە، منیش بەردەوام بەرهەمم بۆ ئەنارد، ئەدەبی، سیاسی، زانستی، دواجار لەنگەری چیرۆکم لەسەر لاپەڕەکانی داگرت.))٣

ئەمە بێجگە لەوەی لە هەندێ کتێـب و وتـاری ڕۆژنامەنووسـیدا لـەپاڵ زۆر ڕۆژنامـەو گۆڤـاری دیکەی کوردیدا ئاماژەی بۆ کراوە.٤

---

١ جەمشید حەیدەری، کورتەیەك لەمێژووی لێکۆڵینەوەی پەخشان و چیرۆکی کوردی، گ وان، ژ١، سوید، ١٩٩٢، ل٢٨.

٢ نامەی تایبەتی (کامل ژیر) بۆ لێکۆڵەرەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/١٤ بڕوانە پاشکۆی ئەم نامەیە.

٣ نامەی تایبەتی محمد نوری تۆفیق بۆ لێکۆڵەرەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٩/١٥.

٤ لە ڕۆژنامەی (ژین) دا بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری (هیوا)وە نووسراوە: ((موژدە بێ لەم ڕۆژانەدا گۆڤاری (هیوا) دەرچوو، کەلەلایەن یانەی سەرکەوتنەوە لەبەغدا سەرپەرشتی ئەکرێ، بێگومان دەمێکە هەموو لایێك تینوون بۆ گۆڤارێکی کوردی، وا ئەو ئاواتە هاتە دی، هیوامان وایە ئەم تازە

## یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا

ڕووناکبیرانی کورد دوا بەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە باشووری کوردستاندا کەوتنە بیری ئـەوەی لـە ڕێگـەی دامەزرانـدنی کۆمـەڵ و ڕێکخـراوی ڕۆشـنبیرییەوە میللـەت ڕووەو خوێندەواری و زانسـت ببـەن و لـە دەردی هـەژاری و نەخوێنـدەواری و بێئاگـایی ڕزگاریـان بکـەن. بـە تایبـەتی شکسـتی شۆڕشـەکانی شـێخ مـەحموود لـەو سـەردەمەداو ڕووخـانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزەکان زیـاتر ئـەم بـیرەی قـووڵ کـردەوە. لـەپێش هەموو کەسێ جەنابی معروف چیاووك، کە نارراوی هەولێر بوو ئەم بیرەی (فکرەی) خسـتە پێشەوە وە لە ڕۆژی ٩ شوباتی ١٩٣٠ بۆ دامەزراندنی کۆمـەڵێکی زانسـتی ئیسـتدعاییێکی دا هـەر چـەندەش نارراوەکـانی تـر لـە مـۆرکردنی ئـەم ئیسـتدعایە خۆیـان کێشـایەوە، بـەڵام مەرحوم محامی احمد مختار بەگ زەهاوی، کە لە مەدرەسەی حەربیـە، بـە زابتـی دەرچـوو بوو و یۆزباشی بوو لە مەدرەسەی حقوقیش شەهادەتنامەی سـەندبوو و ڕەئـیس یوزباشـی محمد علـی بـەگ عەبدولعـەزیز، محـامی عـارف بـەگ پشـدەری، ئیسـتدعاکەیان بەشـەوق و هەوەسـەوە مـۆر کـرد، وە تەقـدیمی وەزارەتـی داخلیـە کـرا، لـەپاش کەشمەکـەش و ماندوویەتیەکی زۆر بە ژمارەی ٦٨٩٥وە مێژووی ١٩–٢٠مایسی مأژونیەتی کرانەوەی یانەی

---

خوشکەی (ژین) کەلێنێکی باش پڕ بکاتەوە لە ڕێی پێش خستنی وێژەو زمانی کوردی». بڕوانە: ڕۆژنامەی ژین، ژ١٣٥٢، س٣٢ پێنج شەممە١٨/٧/١٩٥٧، ل٢. لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی دا ناوی گۆڤاری (هیوا) هاتووەو نووسراوە: حافز مستەفا قازی لەبەغدا (٣٦) ژمارەی ڕۆژنامەی (هیوا)ی بلاّو کردەوە. بڕوانە:

The Encyclopaedia of Islam، Vol: V,1981, P.485.

- هەروەها بڕوانە: کرد در دائره المعارف اسلام، ترجمە اسماعیل فتاح قاضي، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردي- انتشارات صلاح الدین، چاپ اول، ارومیە، ١٣٦٧، ص١٩٠. بەڵام هەڵەیەکی تیایە، (هیوا) ڕۆژنامە نییە، بەڵکو گۆڤارەو حافز مستەفا قازی تا ژمارە٨، س٢ مودیری مەسولی بووە. لە ڕۆژنامەی (ڕووناکی)دا نووسراوە: (هیوا-١٩٦٠) گۆڤاری یانەی پێشکەوتنی کوردی بوو لە بەغدا چاپ ئەکرا»، بڕوانە: ڕۆژنامەی ڕووناکی، ژ٢٩٠، هەینی، ٢٣ تشرینی یەکەمی ١٩٦٩، ل٤٤. ساڵی چاپەکەی و دەرچوونی هەڵەیە لە (١٩٥٧-١٩٦٢) دەرچووە.

**سـەرکەوتن بـە جـەنابی مـەعروف جیـاووك درا، وە هـەر زوو لـە ڕۆژی ٣٠ی مایسـی ١٩٣٠ لەسینەمای ڕۆیال بە حەفلەیەکی زۆر موحتەشەم یانەی سەرکەوتن کرایەوە١.**

**لە یەکەم هەڵبـژاردنی یانـەی سـەرکەوتنی کوردانـدا ئیـبراهیم ئەفەنـدی حەیـدەری بـە سەرۆك هەڵبژێردراو محەمەدەمین زەکی بەگ و مەحموود جەودەت و جەنابی ئەحمەد ئاغا کەرکوکلی زادەو جەنابی عەبدوڵلا لوتفی بەگ حـاجی عـەلی ئاغـا و جـەنابی مـیرزا فـەرەج شەریف و شێخ عەلی قەرەداغی و خەڵـەف شـەوقی داودی و بەشـیر مشـیری بەرگـدروو بـە هەیئەتی ناوچەی کۆمەڵە هەڵبژێردران.٢**

---

١ هەر لەو ئاهەنگەدا، جەمیل صدقی زەهاوی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆزو دەوڵەمەندو قوتابیان هاتبوون و بەرێزان مەعروف جیاوك و ئەمین زەکی بەگ وتاریان خوێندەوە. دوو ساڵ بەم شێوەیە لە ماڵی مەعروف جیاوك یانەکە بەردەوام بوو. پاش مردنی ئیبراهیم حەیدەری، ئەمین زەکی بوو بەسەرۆکی یانەو مەعروف جیاوك موعتەمیدی یانە بوو. بەهۆی کەم دەرامەتی و نەبوونییەوە. مەعروف جیاوك لە ساڵی دووەمی یانەکە بە نائومێدییەوە دەڵێ: بەڕاستی شایانی دڵ ئێشەیە، جێی شەرمەزارییە، کە ئێمە (کوردەواری) یانەیەکی وا بچووکمان پێ بەڕێوە نەبرێ. کەچی لەناو گەلانی تردا بەدەیان کۆمەڵ و یانە بەڕێوە دەبرێن! بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: باربو، ل٢٦-٣٧. هەروەها: شاکر فتاح، خەباتی ڕۆشنبیران، ل٤١. مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، گ. ڕۆشنبیری نوێ ژ١٣٤، ١٩٩٤، ل٦٨-٧٧.

٢ باربو،... لە یەکەم هەڵبژاردندا ژمارەی دەنگەکان بەم شێوەیە بوو:

| ناوەکان | ژمارەی دەنگەکان |
| --- | --- |
| - ابراهیم افندی حەیدەری | ٥٢ دەنگ |
| - امین زەکی بەگ | ١٠٧ دەنگ |
| - مەعروف افندی جیاووك | ١٦٠ دەنگ |
| - محمود جودت بەگ | ١٠٢ دەنگ |
| - عبدالله لوتفی | ٨٧ دەنگ |
| - خلف شوقی افندی | ٩٤ دەنگ |
| محمد عارف افندی، زابتی تۆپچی | ٨٦ دەنگ |
| احمد اغای کرکوکلی | ٦٣ دەنگ |
| محامی عارف افندی پشدەری | ٥٨ دەنگ |

یانەی سەرکەوتنی کوردان هەر لەسەرەتاوە باوەڕی بەهەڵبژاردن بوو، ((چونکە بـەپێی پێڕەوی یانەکە هەر نۆ مانگە جارێك ئەندامانی تـازە بـۆ یانەکـە هەڵدەبژێرێتـەوە.))١ نـابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت، دامەزراندنی چەند یانەیەکی تری عەرەبـەکان لـەو کاتـەو لـە بەغدا کاریگەری خۆی لەسەر دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کورداندا هەبوو.٢

## ئامانجی یانەی سەرکەوتنی کوردان

دەتوانین ئامانجەکانی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەم چوار خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١– ئەو قوتابیانەی، کە بۆ تەواو کردنی خوێندنیان بۆ بەغدا دێن لەناو یانە جێگایان بـۆ تەرخان بکرێ و پیشتگیریان بکرێت.

٢– بەپێی توانا لەناو یانەکەدا چەند ژوورێك بۆ ئەشراف و سەرانی کورد تـەرخان بکـرێ لە کاتی سەردانیان بۆ بەغدا تیایدا بحەسێنەوە.

٣– کۆمەڵ چەند لیژنەیەك پێك دەهێنێ، بەپێی شارەزایی و پسپۆڕیان کتێب دادەنێن و وەردەگێڕن و (قاموس و دەستووری زمـانی کـوردی) دەنووسـن، چـونکە لـە پـێش هـەموو شتێکا یەکبوونی زمانەکەمان پێویستە کە هەموو بتوانن لەیەکتری تێ بگەن.

٤– مانگی جارێك، هەروەك دائیرەی عیلاقاتی گشتی ئاهـەنگی یـەکتری ناسـین و خـۆش ویستن ئەکا، بەم جۆرە خـەڵکی ڕۆژئـاواو ئـەوروپاو ئـەمریکا ئەمانناسـن و تێمـان ئەگـەن،

---

بڕوانە: غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، بەغدا،١٩٧٨، ل١٩.

[1] شاکر فتاح، خەباتی ڕۆشنبیران، ل٣٨.

[2] هادی ڕەشید چاوشلی دەڵێ: ئەو کاتە هەست بە جموجۆڵێکی کوردانە کراو قوتابیانی کورد لەدەوری یەك کۆبوونەوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی کەهەندێ برای عەرەب (یانەی المثنی) یان دامەزراند. لەو بەرێزانەی لەدامەزراندنی یانەی سەرکەوتن دا دەستی دیاریان هەبوو بریتی بوون لە: ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس و مەعروف جیاووك، بڕوانە: ژیان و بەرخودان هادی ڕەشید چاوشلی، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٥١، ١٩٩٤/٩/٢٦،ل٢. هەروەها بۆ یانە عەرەبیەکانی ئەو سەردەمەی بەغدا بڕوانە: الدكتور عماد احمد الجواهري، نادي المثنى واجهات التجمع القومي في العراق ١٩٣٤–١٩٤٢، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٨٤.

کەئێمـەیش وەك ئـەوان ئینسـانین و حـەقی ژیانمـان هەیـە و دەبـێ هـەروەك خـەڵکی تـر ئیستیفادە لە یەکتری بکەین.[1]

لەگەڵ ئـەم ئامانجانـەدا، هـەروەك لـە کورتـەی پێـڕەوی نـاوخۆی یانەکـەدا هـاتووە، (( کۆمەڵ لەگەڵ سیاسەتا خەریك نابێ. یارمەتی دانی هەژارو هەتیوو نەخۆشەکـــــان دەدات و بەخێو کردنی لاوانە بە چەشنێکی علمـی و پـەروەردەیی و ڕەوشـتی بـەرزەوە، بـۆ ئـەم مەبەستەش لە هەمو شارو شارۆچکەکانی کوردستان لق دەکاتەوە.))[2]

## چالاکیەکانی یانەی سەرکەوتنی کوردان

دەتوانین چالاکییەکانی یانەی سەرکەوتن بکەین بە دووبەشەوە:

١- چالاکی کۆمەڵایەتی.

٢- چالاکی ڕۆشنبیری.

چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیش، زۆر لایەنی گرتۆتـەوە. لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن ئامـاژە بـۆ هەندێك لەو چالاکی یانە بکـەین. ئەنـدامانی یانـە بەشـداری پرسـەی پیـاوە ناسـراوەکانیان کـردووەوە بـەپێی توانـا یارمـەتی ماددیشـیان داون.[3] هـەروەها لـە بۆنـە تایبەتییـەکان دا

---

[1] باربو، ل٣٧-٣٩.

[2] بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بەپێرەوی ناوخۆی یانە بڕوانە: باربو، ل٣٩. مەسەلەی کردنەوەی لقی یانە لە شارەکانی دی جێ بەجێ نەکرا، چونکە یانە بە ڕێگەی باربو بەڕێوە دەچوو، توانای ماددی نەبوو بتوانێ خانوویەك بۆ خۆی بەکرێ بگرێ و بێ جێگەو ڕێگەیی وای کرد دوو ساڵان ماڵەکەی مەعروف جیاوك بارەگای یانە بێت و ناوبراو زۆر ناوچەی کوردستان بگەڕێت بۆ ئەوەی پیتاك بۆ کرێی خانوو کۆبکاتەوە، حکومەت یارمەتی یانەکەی نەدەدا، لە گەشتەکانی مەعروف جیاوك دا چەندین هەڵوێستی جوانی خەڵکی کوردستان پیشان دەدات لەیارمەتیدانی یانەی سەرکەوتن بە پارەوپول، دەڵێ لەسەفەری خانەقین دا شاگرد کەبابچییەکی هەرزەکار بە دینارێکەوە هاتە پێشەوەو بە دەنگێکی خۆش و بەرز گوتی: سەروەت و سامانم هەر ئەمەیە وا بە یانەی ئەبەخشم. ماڵ چییە، گیانم بۆ یانەی کوردان ئەبەخشم. وە بە چەپڵە ڕێزانێکی زۆر گەرم، لێی وەرگیرا، بڕوانە: باربو، ل٤١.

[3] لە ڕۆژنامەی (ژین) دا هاتووە: «یانەی سەرکەوتن بەشداری (پرسە) دەکات ئەندامانی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتن لە بەغدا کە بە تەواوەتی پێویستی نیشتمانی خۆیان بەجێ هێنا»، بڕوانە: ڕۆژنامەی ژین،١٢٧، س٣٠، پێنج شەممە، ١٩٥٥/١١/١٧.

ئاهـەنگی گێـڕاوەو خێزانـانی کـورد بەشـداری یەکترناسـین و خۆشەویسـتی و پەیوەنـدی کردنیان بەیەکەوە کردوە، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرێك بووە بۆ ئەوەی ئەو خێزانە کوردانەی، کە لە بەغدا نیشتەجێن ئاگاداری هەواڵی یەکتر بن و هەستی کوردایەتیان تیا نەفەوتێ[1].

بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمـەد (د.خ) مـەولوودی نەبـەوی لـە یانـە دەخوێندرایـەوەو پیـاوە ناسـراوەکان بەشـدارییان تێـدا دەکـردو چـەندین وتـاری ئـاینی و ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی تیا پێشکەش دەکرا[2]. یانـە بـە بـەردەوامی لەگـەڵ کـەم دەرامـەتی خۆیـدا یارمــەتی هــەژارو دەســتکورتەکانی دەدا، بــە تایبــەتی یارمــەتی ئــەو قوتابییــە دەستکورتانەی، کەهـەژارن بـۆ ئـەوەی لەخوێنـدن بـەردەوام بـن و ئـاڵای ڕۆشـنبیری بـەرز بێتەوە[3].

---

[1] باربو، ل٣٨. هەروەها گ هیوا، ژ١٠، نیسانی ١٩٥٨، ل١٢–١٧. مستەفا نەریمان دەڵێت: ((ڕۆژی ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٤٤ ئاهەنگێکی گەورە بۆ یەکترناسین ساز کراو ئەنواعی میوەو نانی تیری و پەنیرو ژاژی و هەنگوینی سپی تەقدیم کراو پیاوانی بیانییش بانگ کران، بروابێکراوی یانە دوانێکی گرنگی دا یەك ڕاست (تاهیر ئیسکوت) ئەیکردە ئینگلیزی.

– لەپاش مانگێك ڕۆژی ٢٦ی شوباتی ١٩٤٤ مەلا مستەفای بارزان دەعوەت کراو هەندێ لەپیاوە ناودارەکان و بێگانەکان بانگ کران لەوێش باوەڕ پێکراو وتاری داو قسەکانی یەك ڕاست کرانە ئینگلیزی.) بڕوانە: مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان، گ ڕۆشنبیری نوێ، ژ١٣٤، ١٩٩٤، ل٧٤.

[2] لە ڕۆژی ٢٤ی مارتی ١٩٤٤ لە یانەی سەرکەوتن بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) مەولودێکی کوردی خوێنرایەوەو پاشان مەلا ئەحمەد باوەڕپێکراوی یانە وتارێکی خوێندەوەو دواجار چای و شیرو کێك و شیرینی دابەش کرا، بڕوانە: باربو، ل٨٦.

[3] لەو ڕۆژنامەیەی (ژین)دا هاتووە: ١٠٠٠٠ (دینار بۆ یانەی سەرکەوتن) وەزیری داخلیە ئیزنی بە یانەی سەرکەوتندا کە باربۆیەك بکات بۆ کۆکردنەوەی (١٠٠٠٠) دینار لە هەموو عیراقدا بە ئاگاداری ئەم لیجنەیەی خوارەوە بۆ یارمەنی ئەو قوتابیانەی کە دەست کورتن وەناتوانن خوێندن تەواو بکەن بە شەرتێك کە لە ماوەی ساڵێکدا بکرێت: لیژنەکە: ١– محمود بابان ٢– عبدالقادر حشمت ٣– دوکتۆر نوری فتوحی ٤– ڕەشید عارف ٥– محمد بریفکانی). بڕوانە: ڕۆژنامەی ژین، ژ١٢٧١، س٣٠، پێنج شەممە ١٩٥٥/١١/٣. هەروەها یانەی سەرکەوتن هەوڵێکی جوامێرانەی دا بۆ یارمەتی ئەوانەی لە لافاوەکەی سلێمانی زیانییان لێ کەوتبوو، بەوەی کە لە بەغدا و شارەکانی ترا لە کەرکوك و کفری

یانە بە هەستێکی بەرزی کوردانەوە، هەموو ساڵێك لە جەژنی نەورۆزدا ئاهەنگی گێڕاوە، بـە تایبـەتی دوای ڕوخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی لـە عیراقـدا، بەشـێوەیەك، کـە نـــەورۆزی کـــردبـــووە ڕۆژێـــکی ئەوتـــۆ، لێ پـــرسراوان و دەستەڵاتدرانی تیا ئاگادار دەکردەوەو لە شەرعیەتی میللەتی کوردو داوا ڕەواکانی.[1]

بێجگـە لـەو چـالاکییە کۆمەڵایەتییانـە، یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان، چـەندین چـالاکی ڕۆشنبیریی نواندووە. یانە هەر لـە سـەرەتای دامەزرانییـەوە، بەگەرمییـەوە بـەردەوام بـوو لەسەر کردنەوەی خولی تایبەتی بۆ فێر بوونی زمانی کوردی، کەتیایدا ئەندامانی دەسـتەی بەڕێوەبەری یانە، لە سەرووی هەموویانەوە مامۆستا تۆفیـق وەهـبی، بەبـەردەوامی دەرزی کوردی وتۆتەوە و تیایدا بنەچەی زمانی کوردی و شێوازەکانی زمـانی کـوردی و ڕێنووسـی کوردی بە پیتی لاتینی و عەرەبی بـۆ ئـارەزووداران و قوتابیـان وتۆتـەوە، ئەمـەش هۆیـەك بووە بـۆ ئـەوەی بـرا کوردەکـان لەناوچـە جیاجیاکانـدا فێـری دیالێکتـەکانی یەکدی بـن.[2] چالاکییەکی تـری یانـەی سـەرکەوتن ئـەوەبوو، کـە داوای لـە نووسـەران کـردووە نوسـراوو

کۆمەڵەی کۆکردنەوەوی پیتاکیان دانا و بێوچان تێکۆشان بۆ یارمەتی لێ قەوماوان، بڕوانە. گ. هیوا، ژ٥، س١، ل٣-٥.

[1] لە ساڵانی پێش شۆڕشی تەموز، قوتابیانی کورد بەدزییەوە بەسەرپەرشتی یانە نەورۆزیان دەکرد، کاك مستەفا سلێمان، کە ئەندازیارێکی خانەنشینە، لە چاوپێکەوتنێکماندا لە سلێمانی ١٩٩٤/٩/١٣ وتی: ((لە ساڵی ١٩٥٦ بەدزییەوە قوتابییە کوردەکان لەپشت وەزارەتی بەرگری نەورۆزمان کرد.)) بەڵام لە ١٩٥٧ دا بەهۆی بارو زرووفەوە نەورۆز نەکرا. دوای شۆڕش لە ساڵی ١٩٥٩دا ئاهەنگی نەورۆز بەئاشکرا لە بەغدا لە هۆڵی گەل ساز کراو زەعیم و دەستەڵاتداران و خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون و چەندین وتاری سیاسی تیا خوێندرایەوە. بڕوانە: کەمال مەزهەر، ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا، گ هیوا، ژ٨، س٢، ل٦٨.

[2] تا ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٦ تۆفیق وەهبی لە یانەی سەرکەوتن دەرزی کوردی وتۆتەوە، هەر لە ساڵی (١٩٣١)ەوە جەنابی لە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی یانەدا بووە لەگەڵ جەمال بابان و میرزا فەرەج و شێخ عەلی قەرەداخی و سەبری عەلی، بڕوانە گ. هیوا، ژ٧، س١، ل٨٧. هەروەها شاکر فتاح، خەباتی ڕۆشنبیران، ل٣٩. لەم خولانەی زمانی کوردیدا، کە تۆفیق وەهبی دەرزی تێدا وتۆتەوە، د. مارف خەزنەدار لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٤دا وتی: خەڵکێکی زۆر ئامادە دەبوون، لەوانە بینیومە فاضل الجمالی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی عیراق ئامادە دەبووو لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشت.

کتێبەکانیان بۆ یانە ڕەوانە بکەن تـاوەکو بۆیـان چـاپ و بڵاوبکاتـەوەو. لـە ١٩٤٣–١٩٤٤دا یانەی لەسەر ئەرکی خۆی کتێبی (باربو)ی چاپکردو پاشان (مێژوو)ی بۆ ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسی کورد چاپ کرد. ئەمە بێجگە لەوەی سەرپەرشتی چاپکردنی ژمارەیـەك کتێـب و نامیلکەی کوردییشی کردووە. دیارترین چـالاکی ڕۆشـنبیرییانەی سـەرکەوتن دەرکردنـی گۆڤاری (هیوا) بوو، وەك گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی مانگانە لە ساڵی١٩٥٧دا. ئەم گۆڤارە دەورێکی دیار و بەرچاوی لە پێشخسـتنی ئـەدەبی کوردیـدا هەیـەو پایەیـەکی گـەورەی لـە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا هەیە. لە کـات و سـاتێکی وەهـادا بـڵاو کرایـەوە کـە دەنگـی ڕۆشنبیران کپ کرابوو. ((لە ساڵی ١٩٥٦ دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەرو کوردپەروەر ڕەشید عارف داوەتێکی تایبەتی بۆ وەزیـری نـاوخۆ سـەعید قـەزاز و سـێ لـە وەزیرەکـانی تـر لـە بــەغــدا کردووەو هەر لەو داوەتەدا لەسەر داواو پێشنیازی ڕەشید عـارف، وەزیـری نـاوخۆ ئیمتیازی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری داوە بە یانەی سەرکەوتن.))[1] دوای خۆ ئامادەکردن یەکەم ژمـارەی گۆڤارەکـە لـە مـانگی تـەمووزی ١٩٥٧ دا بـڵاو کرایـەوە. سەرنووسـەرو نووسـەرو سەرپەرشتیارانی ئەو کاتەی گۆڤارەکە لە ساڵی یەکـەم و دووەمیـدا، بـەڕێزان کامـل ژیـر و محمد نوری عارف ونەسرین فەخری و سعید ناکام و کریم سعید زانسـتی و حـافظ مصـطفی قاضی بوون. پاشان نووسەرانی تر وەك محمـدی مـەلا کـەریم و فـاتح عبـدالکریم و عزالـدین مصطفی ڕسول و علاءالدین سجادی و ناهیدە سـەلام و مکـرم تاڵـەبانی و عبـدالرزاق محمـد بیمار و کاکەمەم بۆتانی بوون بە لیژنەی دەرکردنی گۆڤاری هیوا.

گۆڤارەکە هەر لە سەرەتاوە بەهۆی کەم دەرامەتییەوە دەستەیەکی نووسەرانی نەگۆڕی نـەبووەو نـەوەك هـەر گۆڤارەکـە، بـەڵکو یانـەی سـەرکەوتن کێشـەی بـێ خـانوویی و بـێ بارەگایی هەبووە، بـەردەوام داوای لـە دەوڵەمەنـد و خـەڵکی کوردسـتان کـردووە یارمـەتی

---

[1] ئەم زانیارییەم لە دکتۆر محمد محمد نوری عارف لەدانیشتنێکی تایبەتی لە کۆلیجی ئەدەبیات–بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین لە ڕۆژی ١٩٩٤/١٠/١ وەرگرتووە، کە لەمامی (ڕەشید عارف)ی بیستووەو خۆیشی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بووە، لە دوو ساڵی سەرەتای گۆڤارەکەدا. (د.مارف خەزنەدار) لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٤دا لەوباوەڕەدا بوو، کە بەر لەو مێژووە سیاسەتی ئەمریکاو ئینگلیز لە عیراق ڕوو لە چاکەکاری بوو، تەنانەت هەندێ خەڵکی ڕۆشنبیر و کاربەدەستیان ڕەوانەی ئەمریکا کرد بۆ ئەوەی ژیانی ئەوێ ببینن.


ماددیو مەعنەوی ئەو تاکە دەزگا ڕۆشنبیرییە لەبەغدا بدەن، لە سـالآنی کۆتـایی حـوکمی پاشایەتی و سەرەتای سالآنی سەرکەوتنی شۆرشی١٤ی تەموزدا.١ بەلآم کێشـەی هـەژاری و دەست کورتی و کەمیی نووسینی چاك و هەلّوێستی یانەو گۆڤاری هیوا لە بەرامبەر کێشە سیاسییەکانی سەردەمی عبدالکریم قاسم بووە هۆی ئـەوەی یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان و گۆڤاری (هیوا)ش نـەتوانن پـەیامی پـیرۆزی خۆیـــان لـە خزمـەتی ڕۆشـنبیریی کوردییـدا درێژە پیّ بدەن و جوانەمەرگ بوون.[٢]

---

[١] غەمی بیّ بارەگایی و نەبوونی خانووی شیاو بۆ یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا بە ڕاشکاوی لە گۆڤارەکەدا، بلآو کراوەتەوە. بڕوانە: گ. هیوا، ژ٣٤، س٥، ل١-٤.

سەبارەت بە هەژاریو کەم دەرامەتی دەستەی نووسەرانی هیوا دەلّێن: «دەرکردنی گۆڤاری هیوا لەلایەن پارەوە ئەرکێکی زۆری ئەویّ، وە ئەویش جگە لە پارەی دانە فرۆشکراوەکانی، چی تر شك نابات، چونکە ئاکشرایە گۆڤارێکی بازرگانی نییەو پالّی بەکرێی (بۆ زانین)ی بازرگانی نەداوەو یانەش چاوی لە دەستکەوت و قازانجی ئەم گۆڤارە، چیڕ نەکردۆتەوە. ئەوەی مەبەستێتی، تەنیا دەرهێنانی مایەی خۆیەتی و چی تر نا....» بڕوانە: گ هیوا ژ٣٤، س٥، ل٥-٦.

[٢] یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا چەندین هەلّوێستی سیاسی جوانیان نواندووە، لەوانە، بەرپەرچی ڕۆژنامەی (الثورة)یان داوەتەوە. کە دروشمی (تواندنەوەی کورد)ی بلآو کردبووەوە. لە گۆڤاری (هیوا) دا هاتووە: «هەولّ دان بۆ ژیاندنەوەی بیری چەپەلّی تواندنەوە، لەلایەن ڕۆژنامەی (الثورة)وە لەم سەردەمی جومهوریەتە ئازادەدا، لە دەسکیسییەکی ئیمپریالیزم بەو لاوە نییە کە ئەیەویّ ڕیزی نیشتمانی پارچە پارچە بکاو جیاوازی بنێتەوە لە نێوان ڕۆلّەکانی کوردو عەرەب بۆ ئەوەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بێنەوە سەر ڕووی کار.» بڕوانە: گ هیوا، ژ٣، س٤، ل٦٨. هەروەها دەرهەق بە موحاکەمەکردنی نیشتمانپەروەرە کوردەکانی تورکیا دەنووسیّ: «موحاکەمە کردنی نیشتمان پەروەرە کوردەکانی تورکیا، بەهۆی نەتەوە پەروەرێتی و دەست گرتنیانەوە بە ماف و یاسای- نەتەوەکەیانەوە، بە پیّلیّ هەلّبڕینێکی ئاشکراو پشت تێکردن ئەژمێردریّ لە مافەکانی ئادەمیزاد و یەکیەتی نیشتمانی لە تورکیادا. ئێمە داوای وەستاندنی ئەو موحاکەمە نادەستوورییانە ئەکەین، وە داوا ئەکەین ئەو کوردانە بەرەللا بکرێن.» بڕوانە: گ. هیوا ژ٣٢، س٤، ل٤١.



**مەعروف چیاوگ**

## یانەی سەرکەوتن لە ویژدانی شاعیراندا

شاعیر و نووسەرو ڕووناکبیرانی کوردستان لـە هـەموو لایەکـەوە، بەبۆنـەی کردنـەوەی یانەی سەرکەوتن سۆزی دڵ و دەروونیان لە شیعری بەرز و پەخشانی بـەپێزدا دەربڕیـوە.

پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) بەبۆنەی کردنەوەی یانە دەڵێ:

ئـەسمـا لەسـەمـا کـە دێـتـەخوارێ ... نـاوی بـاش نـوری لەسەر دەبـارێ

یـانـەی سـەرکـەوتـن کەناوی چاکە ... بە نوری خوایی پێـشی ڕوونـاکـە

بـەو ڕووناکییـە هونەر دەردەخـا ... بەو هونەرەوە قـەومێك سەردەخـا

ئەمری بەمەعروف نەهی لە مونـکەر ... ئـاینی کـوردی پـێ دەچێـتە سەر

هیـوامـان وایە یـانـەی سەرکەوتن ... زۆر خدمەت بکا بەکوێری دوژمن

کە وابێ ئێمەیش خدمەتی دەکەیـن ... ناوی تەئریخی بۆخۆمان دەبەین[1]

---

[1] باربو، ل٩١.

هەروەها شێخ نوری شێخ سالّح (١٨٩٦-١٩٥٨ن) دەڵێ:

داوی شەو لە خەوا سیروەی بادی سەحەر ئەنگووت — وەك صوبحی بەهاران
شـەو عـاقـیبـەتـی هـات و دڕی صوبحی گریبان — ڕۆژ بـۆوە لە کوردان
ئەم کەیفەچی یە پڕ لە نەباتات و لە ئینسـان — بۆ چین هەموو شادان
تاکە سەنەمێ، لەب شـەکەرێ، غونچە دەمانێ — شمشـادی میانێ
شیرین سوخەنێ تازەی تەڕ، مادەرکی کوردان — وەك یوسفی کەنعان
گورج هاتە تەکەللوم وتی: ئەم عەیش و سرووره — ئەم شایی و سووڕە
بۆ (یانەی سەرکەوتن)ە، ئەم عالەمە شادان — هاتوونەتە جەولان[1]

شـێخ سـەلام (١٨٩٢-١٩٥٩ن) لـە شـیوەنی مـەعروف چـیاووکدا،[2] کـە دامەزرێنـەرو باوەڕپێکراوی یانەی سەرکەوتن بوو، باسی کەسایەتی چیاووك و دەوری یانەی سـەرکەوتن دەکات:

کێ لە مەجلسدا ئەتوانێ هەڵسێ — وەك شێر ڕاوەسێ
حقووقی قەومی یەك یەك بپرسێ — لە کەس نەترسێ
کێ بیکاتەوە (یانەی سەرکەوتن) — بۆ کوردی مەزن
دایم هەوڵی بێ هەر بۆ یەك گرتن — بەکوێری دوژمن[3]

ئەسعەد مەحوی (١٩٠٢-١٩٧٦)یش هەستی خۆی لە شیعرێکدا دەربڕیوە:

---

[1] دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردوەتەوەو ساغی کردوەتەوەو لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ل١١٣-١١٧.

[2] دەربارەی کەسیەتی مەعروف چیاووك (١٨٨٥- ١٩٥٨/١/١٤)، شاکر فتاح دەڵێ: مارف چیاووك کوردێکی مەردو نەبەردو ئازایە.لە کوردەکانی شاری هەولێرە،ئەمە چەند ساڵێکە دەبینم شێرانەخەبات دەکات بۆ کەڵك و چاکەی نەتەوەکەمان. جیاووك ئازاو سەربەستە. کە قسەی ڕاست هاتە پێشەوەو بە باشی زانی بیکات بۆ کەڵك و چاکەی کورد، لەبەردەمی هەر کاربەدەست و دەستەڵاتدارێکی میریدا بێ دەیکات. بێ باکە سڵ لە کەس ناکات، بڕوانە: شاکر فتاح خەباتی ڕۆشنبیران، ل٦٦.

[3] دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوەو پێشەکی بۆ نووسین ئومێد کاکەڕەش، چ٢، ل٢١٣.

انەیی سەربەستیە سەربەست ئەکا لاوانی کـــورد
هەولّ ئەدا دائـم لەبۆ سەرکەوتنی گەنجانی کورد
تێئەکـۆشێ بۆ بلّندی نیـشتمـانی کـوردەکان
ئەیکوڕی میکرۆبی کوێری بیلبیلەی چاوانی کورد
هـــــــەر بژی مەعـروف یانەو گەنجەکانی کۆمەڵی
چونکە زۆر کۆشش ئەکەن (ئەسعەد) لە بۆ لاوانی کورد[١]

عەونی (١٩١٤–١٩٩٢) شاعیریش دەڵێ:

ئەی برادەران یانەی ســـــەرکەوتن    میللەت ئەخاتە ڕێگەی پێشکەوتن
فائـــیدەی زۆرە یانە بۆ میـــللـەت    گەل ڕزگار ئەکا لە جەورو میحنەت
بــــەهۆی یانەوە ڕێکی و ئیتیحاد    بــلاۆئەبێــتــەوە نامێـنی فەســـاد
یەکەم نیشـــــانەی کۆمەڵی (یانە)    یەکیــەتی بـیــرو دلّ و زوبــــانە[٢]

---

[١] باربو، یادگاری یانەی سەرکەوتن، ژمارە (١)، ل٩١–٩٢.
[٢] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥.

# بەشی یەکەم

## - ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی سیاسی و
## - کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری عیراق
## -لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ١٩٤٦ تا داخستنی گۆڤاری هیوا ١٩٦٣

لەو ڕوانگەیەوە، کە ئەدەب ڕنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری میللەتە لە هەموو ڕۆژگارێکدا و هەموو هونەرێك شاهێدی سەردەمەکەی خۆیەتی و لەدایك بووی ئەو سەردەمەیە، بۆیە بەر لە هەموو شتێك بەپێویستی دەزانین ئاوڕێك لە بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی عیراق بدەینەوە، کە بووە هۆی ئەوەی جووڵانەوەیەکی ڕۆشنبیری دەست پێبکات و دەوری ئەدیب و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسەکانی کورد لەو بزووتنەوەیە دیار بخەن، کە چۆن دوای ئەوەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا نەزانین و نەخوێندەواری باڵی بەسەر هەموو لایەکی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دا کێشابوو، ڕووناکبیرەکانی کورد زۆر چاك لەوە تێ گەیشتبوون میللەت لە گێژاوی نەزانی و دواکەوتوویی ڕزگار نابێ، تاوەکو چاو لە زانست و خوێندەواری نەکەن، هەروا سەرگەردان و دواکەوتوو لە کاروانی میللەتان دەمێننەوە، بۆیە کەوتنە هەوڵی ئەوە چەند کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریی دامەزرێنن و ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکەی ڕۆشنبیری بڵاو بکەنەوە لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری میللەت و مافی کوردان و گەلان، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣٠دا مۆڵەتی کردنەوەی یانەی سەرکەوتن دراو پاشان ئەم یانەیە (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لە ساڵەکانی دواتردا،گۆڤاری (هیوا)ی بەچاپ گەیاند، کە ئێمە لێرەدا لێی دەدوێین، بۆیە لە ڕۆژگاری دەست بەکار بوون و چالاکی ئەم یانەیەوە دەست پێ دەکەین، واتا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە.

## بارودۆخی سیاسی

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانیی دووەم و هەرەسهێنانی فاشیزم، ئینگلیزەکان لە عێراقدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون زیاتر جێ پێی خۆیان قایمتر بکەن و هەموو شێوازێك لەبەر بگرن بۆ زیاتر بەستنەوەی عێراق بە بەریتانیاوە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە کۆمەڵگای عێراقدا ڕوویان دەدا وایان دەکرد، ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و نەتەوەیی بچێتە چوارچێوەیەکی تازەوە و مەرام و مەبەستی ئینگلیزەکان بەو جۆرەی، کە ئەوان دەیانویست عێراق بکەنە بنکەیەکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دەست بەسەردا گرتنی داهات و کەرەسەی خاوی عێراق لە ڕێگەی کۆنەپەرستان و نانەوەی دوو بەرەکی و گیانی ناتەبایی لە نێوان هێزە نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و دیموکراسییەکاندا، چونکە هێزە نیشتمانپەروەرەکانیش لەو ڕۆژگارەدا بە تەواوی لەسەر نەخشە و پلانێکی دیاریکراو نەدەڕۆشتن و یەکیەتییەکی نیشتمانی، کە تاکە ڕێگەی ڕزگاری و بەهێزکردنی چین و توێژەکانی و هێز و پارتە سیاسییەکان بوو لەبەرچاو نەدەگیرا.

(( ڕۆژی ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٩٤٦ تۆفیق سوێدی یەکەم وەزارەتی دوای شەڕی دامەزراند، کە دوو نوێنەری بۆرژوازی نیشتمانی تێیدا بەشدار بوون، یەکەمیان سەعد ساڵح، کە بووە وەزیری ناوخۆ و دووەمیان عەبدولوهاب مەحمود کە بووە وەزیری دارایی.)) [١]

ئەم کابینە نوێیەی وەزارەت، هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونیدا، چەند هەنگاوێکی نا، کە تا ڕاددەیەکی کەم تینوویەتی دڵسۆزان و هێزە نیشتمانپەروەرەکانی شکاند، لەو هەنگاوانە دیارترینیان، ڕەتکردنەوەی حوکمی عورفی لەسەر وڵات بوو و گۆڕینی ئەو بارودۆخە نائارام و نائاساییەی وڵات بوو، کە لە ئەنجامی شەڕ خۆی سەپاند بوو بۆ بارودۆخی هێمن وئارام و ئازاد کردنی بەندکراوە سیاسییەکان و هەڵگرتنی سانسۆر بوو لەسەر چاپەمەنی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ڕێگەدان بوو بە چەند پارتێکی سیاسی، لەوانە: (حزب الاستقلال) و (حزب الاحرار) و (حزب الوگنی الدیموقراگی) و (الاتحاد الوگنی) و (حزب الشعب). لە هەمان کاتدا (پارتی دیموکراتی کوردستان) وەکو پارتێکی دیموکراسی دامەزرا بۆ بەدیهێنانی حوکمی

---

[١] د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل٢٠٤؛ ل. ن. کایلوف و. ا. ف. فدیشنکو، تاریخ الاقطار العربیة المعاصر ١٩١٧–١٩٧٠، الجزء الاول، موسکو، ١٩٧٥. ص٣١١.

زاتی لە ناوچە کوردییەکان لە چوارچێوەی عێراقدا[1]. لەو نێوانەدا، هیچ کام لەو پارتە سیاسییانە گرنگییان بە مەسەلەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد نەدەدا و هەندێکیان (گەلی کوردی کردبووە یەکێك لە [کۆسپ]ەکانی جێبەجێ کردنی یەکیەتی عەرەب).[2] دوای ئەوەی ساڵح جەبر وەزارەتی نوێی لە ساڵی ١٩٤٧ دامەزراند، بارودۆخی کۆمەڵانی خەڵك ڕوو لە خراپی بوو و زیاتر ڕق و تووڕەیی جەماوەری هەڵساند، چونکە ساڵح جەبر هەرچی زووتر دەیویست ڕێککەوتن نامەیەکی نوێ لەجیاتی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ کە دوای جەنگی دووەمی جیهانیی هەڵوەشابووەوە لەگەڵ بەریتانیادا مۆر بکات، بۆ گوێدانە بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانپەروەرانی عێراق، ئەوەبوو لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا لە بەندەری پۆرتسمۆس پەیماننامەی پۆرتسمۆس مۆر کرا، کە ئەم پەیماننامەش لە ناوەڕۆکدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠دا نەبوو، بەڵکو زیاتریش لە بەرژەوەندی بەریتانیادا بوو، خۆپیشاندان بۆ جیاوازی نەتەوەیی و بیروڕای سیاسی هەموو لایەکی گرتەوە و شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پۆلیس و خۆپیشاندەران لە بەغدا و شارەکانی دیکەدا دروست بوو، ژمارەیەك خوێندکار و فەرمانبەر و مامۆستا کوژران و بریندار بوون.[3]

هەر لێرەوە ئەو یەکیەتییەی نێوان کورد و عەرەب زیاتر قوڵبووە و ژمارەیك لە خەڵکی شاری هەولێر و سلێمانی و کۆیە چوونە بەغدا و بەشداری ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و ڕێ

---

[1] الدکتور فاضل حسین وآخرون، تاریخ العراق الحدیث، بغداد، بلا، ص١٤٥-١٤٦.

[2] د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل٢٠٦، هەروەها بڕوانە: محمد مهدی کبة، مذاکراتي فی صمیم الاحداث (١٩١٨-١٩٥٨) بیروت، ١٩٦٥، ص١٩٩.

[3] صادق حسن السوداني، لمحات موجزه عن تاریخ نضال الشعب العراقی، الموسوعة الصغیرة (٤٥)، بغداد، ١٩٧٩، ص٦٣، لەو نامیلکەیەدا هاتووە، کە نزیکەی سەد کەس شەهید بوون بێجگە لە بریندار و ڕفێنراو و گیراوەکان. (زیاتر لە ٣٠٠ هەزار بەشداری خەبات و تێکۆشانیان کرد دژی پەیماننامەکەی (پورتسموس)، بڕوانە: ل، ن. کاتلوف و ا. ف. فدتشنکو، تاریخ الاقطار العربیة المعاصرة ١٩١٧-١٩٧٠، ص٣١٥.

پێوانیـان کـرد و چـەندین دروشمیـان دژی ئـەو پەیماننامەیـە بـەرز کـردەوە و بەشـداری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨یان کرد.[١]

---

[١] گۆڤاری گەلاوێژ لە ژمارە (٣)ی ساڵی (٩)، مارتی ١٩٤٨دا لە لاپەڕە (١٣)دا بە ناونیشانی (پۆستەی کوردەواری) نووسیویەتی: (کوردەواری لە هەموو شت بەلایانەوە خۆشتر گیانی برایەتی و جەرگی یەکیەتییە چ لە بەینی خۆیانا چ لەگەڵ عەرەبەکاندا، بەڵام داخی بەجەرگم تا ئێستا لەوەتەی ئەم حکومەتە نازدارەی عێراق– سەری بردۆتەوە ناو حکومەتانەوە و کورسییەکەی لە دیوەخانی دەوڵەتەکان داناوە لە هەموو دەورێکیا جۆرە پیاوی وا سەری هێناوەتە کۆڕی ئیش کردنەوە کە بێجگە لە قازانج پەرستی خۆی نەبێ هیچ ئامانجێکی تری نەبووە.. پاشان نووسیویە: (لە ڕۆژی ١٩٤٨/٢/١٣دا پۆستەی کۆیە و هەولێر گەیشتنە جێ، ئەوەی پێی بڵێن پیاوەتی نواندنیان، بە شەقامەکانا، لەسەر گۆڕی شەهیدەکان گەڕان..) پاشان بەردەوام دەبێ: (ڕۆژی ١٩٤٨/٢/٢٦ کورگەلی سولەیمانی گەیشتن، تەنها ئەوان (٣٠٠) کەسێك بوون، لەگەڵ لاوەکانی (ڕانیە) و (زاخۆ) یەکیان گرت...) بەردەوام دەبێ، ئینجا خوتبەی (محمد احمد طه) نووسراوە: «شەهیدەکانی ڕێی ئازادی ئەوا پۆستەی سولەیمانی و کوردەواری ڕێگەیەکی دوور و درێژیان بڕیوە و هاتوون بۆ دیدەنیان، ئەو گیانە پاکانەتان کە بە زۆری گوللە کۆچی ماڵاوابیان لە لەشەکانتان پێ کراوە ئەوا بەسەر سەرمانەوە وەکو پەپوولە ئەسووڕێنەوە.» دوای ئەو: (رشید احمد) و (عاملە)ی کچی حەیدەر سلێمان بە زمانی عەرەبی وتاریان خوێندەوە). پاشان دەڵێ: «لە ڕۆژی ١٩٤٨/٣/٥ پۆستەی خانەقی دیمەنی سەد کوردی خانەقی و سەد کوردی بەغدات ئەدی، کە گەیشتنە سەر گۆڕستان ئیش لە هەزار کەس نەما..»). هەر لە هەمان ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژدا بە ناونیشانی (ساڵی چل و هەشت) لاواندنەوەیەکی کچە کورد خۆشناو بۆ شەهیدانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ بڵاو کراوەتەوە، هەروەها شاعیرانی کوردیش، (پیرەمێرد) و (بێکەس) و چەند شاعیرێکی دی سۆز و کۆڵی دڵیان بە هۆنراوە دەربڕیوە، (پیرەمێرد) دەڵێ:

وا ڕۆژهەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە خوێنی شەهیدە ڕەنگن شەفەق شەوق ئەداتەوە

بڕوانە: دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی فائق هوشیار و ئەوانی تر، ل٢٠٧.

(بێ کەس)یش دەڵێ:

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ

سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ

بڕوانە: دیوانی بێکەس، محەمەد مەلا کەریم ڕێکی خستووە و سەرەتای بۆ نووسیووە و سەرپەرشتی لەچاپدانی کردووە، چاپی سێهەم، ل٨٣.

لـە کەرکووکیشـدا خەڵکـە نیشـتمانپەروەرەکە هێرشـیان کـردە سـەر کۆنسـوڵخانەی بەریتانی[1] و دوو سـاڵ پێشـتریش (لـە مـانگی تـەمووزی سـاڵی ١٩٤٦دا هـەموو کرێکـارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووك بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسوورییەوە قسەیان کردە یەك و بڕیاریان دا کە لە مافی خوراو و دزینی ڕەنجیـان چاوپۆشـی نەکـەن..)،[2] لـەو کاتەیشـدا حکومەتی پاشایەتی عێراق بەر لە سـاڵێك لـە ڕاپەڕینەکـەی سـاڵی ١٩٤٨، (لـە بەرەبـەیانی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ ڕژێمی پاشایەتی بەکرێگیراو لە بەندیخانەی ناوەندی بەغدا حـوکمی خنکاندنی ئەو چوار قارەمانەیدا، لەبەر ئەوەی داوای ڕەوای مافی گەلەکەیان دەکرد).[3]

هێرش و خۆپیشاندانی خوێنـدکارانی کۆلێجـەکان و نیشـتمانپەروەران و بەشـداری ژنـان ئەوەندەی دی ئاگری ڕاپەڕینەکەیان خۆش دەکرد، ئـەم بارودۆخـە ناهـەموارە و سیاسـەتە چەوتەی ساڵح جەبر لەبەری گرتبوو وای لە عەبدوئیلا کـرد داوا لـە سـاڵح جـەبر بکـات واز لـەکار بهێنێـت و محەمـەد سـەدر ڕابسـپێرێت کـە کابینـەی حکومـەتێکی نـوێ دامـەزرێنێ. سەرۆك وەزیرانی نوێ لە یەکەم هەنگاوەکانیدا ئەوەبوو پەیمانی پۆرتسمۆس ڕەت بکاتەوە.

سەبارەت بە دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە سەرکەوتنی ڕاپـەڕینی سـاڵی ١٩٤٨دا، د. کەمال مەزهەر دەڵێ: ((گەلی کوردیش لە ئەنجامی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کـانوونی دووەمـدا بە چەند مـافێکی سـەرەتایی خـۆی گەیشـت. بـۆ یەکـەم جـار لـە مێـژووی عێراقـدا ڕێگـەی دەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی بە زمانی کوردی درا. ڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٤٨ بۆ یەکەم جار

---

[1] S. H. Longrigg, Iraq. 1900 To 1950. Oxford Univecity Press. 1968. P. 347.

[2] میدیا، ڕاپەڕینەکەی گاورباخی نیشانەی خەباتی هاوبەشی کرێکارانی عیرقە، پاشکۆی ڕۆژنامەی عێراق، ژ٥، پێنج شەممە ١٩٧٧/٧/٢١ ل٤، هەروەها: الدکتور کمال مظهر احمد صفحات من تاریخ العراق المعاصر، دراسات تحلیلیە، بغداد ١٩٨٧، ص١٣٤.

[3] محرم محمد امین، ڕۆژی ١٩ حوزەیران یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستانە، ك ڕۆژی نوێ، ژ٣، س٢، سلێمانی، حوزەیرانی ١٩٦١، ل٨٥.

هەروەها: نەمری بۆ قارەمانانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژ١٣، س٦، ١ی تەممووزی ١٩٥١، ل١. ئەم چوار ئەفسەرەش (خیرالله عبدالکریم و محمد قودسی مصطفی خۆشناو و عزت عبدالعزیز) بوون.

کورد وا فراوان و ئاشکرا یادی نەورۆزی لە بەغدا و شارەکانی کوردستان کردەوە))[1]. هەر لەو ساڵەدا کورد بەشداری شەڕی فەلەستینی کرد. ئەم بارودۆخە جارێکی تر نەهامەتی بەخۆیەوە دی و کۆمەڵێ گۆڕانکاری سیاسی ڕوویدا. لە ساڵی ١٩٥٢دا شۆڕشی ٢٣ی تەمووز خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراتی خوازەکان بۆ ئەوەی ئەو سەرکەوتنەی گەلی میسر بەدەستی هێنا و توانی ڕووبەڕووی ئیمپریالیزم بێتەوە، گەلی عیراقیش تەکانێکی وا بدات لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕێت. ڕژێمی پاشایەتی تەفروتونا بکات. دەستبەجێ پارتە سیاسییەکان و سەرۆك وەزیرەکانی پێشوو لە کۆشکی پاشایەتی کۆبوونەوەیەکیان ساز دا، تەنانەت هەندێکیان ڕاستەوخۆ عەبدولئیلایان بە بەرپرسی ئەو بارودۆخە ناهەموارە لەقەڵەمدا، چونکە پێیان وابوو ئەو هۆکارانەی کۆدێتایەکەیان خولقاند لە عیراقیشدا هەن، بۆیە دەبێ دەستو بردی لێ بکرێت. هەر زوو ئەمە لە هەڵوێستی قوتابیانی کۆلێجەکانی پزیشکی و دەرمانسازی و بازرگانی ڕوویدا و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان ڕژانە ناو شەقامەکان و لە دروشمەکانیاندا داوای چاکردنی باری ناوخۆ و پیادەکردنی دیموکراتی و سەربەستی و هەڵبژادنیان لە وڵاتدا دەکرد.

ئەم خۆپیشاندانە وای لە سەرۆك وەزیران (مصگفی العمری) کرد دەست لەکار بکێشتەوە و سەرۆك ئەرکانی سوپا (نورالدین محمود) کابینەی نوێی حکومەت دابمەزرێنێ. سەرۆك وەزیرانی نوێ دەستبەجێ حوکمی عورفی لە وڵات ڕاگەیاند و بڕیاری داخستنی پارتە سیاسییەکانی دەرکرد.[2]

---

[1] د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل٢١٨، مەبەست لەو گۆڤارە سیاسییەش گۆڤاری (نەزار)ە، کە خوا لێخۆشبوو علا الدین سجادی سەرنووسەری بوو. (گۆڤارێکی سیاسی کوردی و عەرەبی هەفتەیی بووە، لە شاری بەغدا دەردەچوو، لێپرسراوی مەحموود سنوی بووە، (٢٣) ژمارەی لێ بلاو کراوەتەوە، ژمارەیەکی لە ڕۆژی ٣٠ی مارتی ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە). وە ژمارە (٢٢)ی لە ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٤٩ دەرچووە). بڕوانە: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەغدا ١٩٧٣، ل٥٥.

[2] عبدالواحد مصطفى الحصونة، الحركة الطلابية العراقية و دورها في النضال الوطني والقومي ١٩٤٧–١٩٦٣، (رسالة ماجستير) جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص١٠١–١١٠.

ئەم بارودۆخەش نەیتوانی سەر بە گەلی عیراق و پارتە سیاسییەکان نەوی بکات. بۆیە لە ۱۹٥٤/۸/۳دا نوری سەعید وەزارەتی دوازدەهەمی خۆی دامەزراند.[۱]

ئـەمجارەیان هـەر لـە سـەرەتاوە نـوری سـەعید هـەوڵی دەدا پەیماننامەیـەك لەگـەڵ بەریتانیادا مۆر بکات و شکست بە هێـزە ڕزگـاریخواز و ئازادیخوازەکـان بهێنـێ. دوای یـەك ساڵ واتە ساڵی ۱۹٥٥ عیراق چووە نێو (پەیماننامەی بەغدا) ئەو پەیماننامەیە جـارێکی دی عیراقی پابەندی بەریتانیا کردەوە، لە ڕێگەی پیاوی شـارەزای ئینگلیـز لـە عیراقـدا (نـوری سەعید). لە ساڵی ۱۹٥٦دا بەهۆی دەسـت درێژییـە سـێ قۆڵییەکـەی سـەر میسـر شـەپۆلی توندوتیژی پایتەخت و شارەکانی عیراقی گرتەوە. پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانیش وەکـو حیزبێکی کوردی پشتگیری لـە گـەلی میسـری کـرد[۲]. تەنانـەت خۆپیشـاندانەکان ئەوەنـدە درێـژەی کێشـا وا لـە حکومـەتی نـوری سـەعید کـرد سـەر بـۆ داواکانیـان نـەوی بکـات و ئامادەییشی پیشان بدات بۆ ناردنی یارمەتی سەربازی بۆ میسر،[۳] بەڵام خۆی لـە ڕاسـتیدا، ئەو بەڵێنانەی حکومـەت بلْقـی سـەر ئـاو بـوون و لـەژێرەوە کەوتـە گرتنـی شۆڕشـگێڕان و

---

[۱] لەم وەزارەتە نوێیەدا سەعید بێجگە لە کاری سەرۆك وەزیران وەزیری بەرگریش بوو، سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ و موسا شابەندەر وەزیری دەرەوە و خلیل کنە وەزیری مەعاریف و محەمەد عەلی محمود وەزیری داد و عبدالوهاب مەرجان وەزیری کشتوکاڵ و شاکر الوادی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الدکتور جعفر عباس حمیدي، التطورات والاتجاهات السیاسیة الداخلیه فی العراق ۱۹٥۳–۱۹٥۸ بغداد، ۱۹۸۰، ص ۱۰۳–۱۰٤.

[۲] پەیوەندی نێوان گەلی کورد و حکومەتی میسری لە چلەکاندا بەهێز بووە و حیزبی (ڕزگاری کورد) یادداشتنامەیەکی لەو کاتە دایە مفوەزییەی میسر لە بەغداد دەربارەی پشتگیری گەلی کورد، بۆ دەقی یادداشتنامەکە بڕوانە: ژمارە ۳۲۰ی ڕۆژنامەی (خەبات)، ۲۳ی ئەیلولی ۱۹٦۰.

پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حیزبێکی نەتەوەیی کوردی پشتگیری خۆی بۆ گەلی میسر دەربڕی لەو هێرشەی لە ساڵی ۱۹٥٦ کرایە سەری، بڕوانە: حسن علي عبدالله، الموقف الرسمي والشعبي من تطور الاحداث السیاسیه فی مصر ۱۹٥۲–۱۹٥٦، (رسالة ماجستیر)، جامعة بصرة، ۱۹۸٦، ص۱۲۱–۱۲۳.

[۳] وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی عیراق دکتۆر فاچل الجمالی وتی: ((عیراق پشتگیری لە هەموو داواکانی میسر دەکات و کێشەی میسر کێشەی عیراقیشە بێ جیاوازی)). بڕوانە الدکتور مجید محی الدین، العراق والسیاسه العربیه ۱۹٤۱–۱۹٥۸، بغداد ۱۹۸۰، ص۲۳۷.

بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان. یەکێ لە ئەنجامەکانی سەرنەکەوتنی ئەو خۆپیشاندانە وای لە هێـزە نیشـتمانپەروەرەکان کـرد لـە سـاڵی ١٩٥٧دا هەوڵـەکانیان بەشـێوەیەکی بـەرەیی درێـژە پـێ بـدەن و (بـەرەی یـەکگرتووی نیشـتمانی) پێـك بهێـنن.[1] بـەڵام خۆرێکخسـتنی (الچـباگ الاحـرار) و هێرشـی سـێ لایـەنی بـۆ سـەر میسـرو مەسـەلەی فەلەسـتین و ڕۆڵـی ڕێکخستنی قوتابیان و خەڵکی زەحمەتێکێش و ئەو سیاسەتە نارەوایەی نـوری سـەعید بـۆ سەرکوت کردنەوەی بزاڤی پارتە سیاسییەکان هەموو ئەمانە بوونە هۆی ڕووخانی پاشایەتی لـە عێـراق و بـەرپابوونی شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزی ١٩٥٨. لەگـەڵ بەرەبـەیانی شۆڕشـدا و ((دوای کەمتر لە سەعاتێك لە خوێندنەوەی بەیانی سەرکردەی گشـتی هێـزە چـەکدارەکانی نیشـتمانی لـە ڕادیـۆی بەغـدا سـەرکردەکانی پـارتی لـە کـەرکوك برووسـکەی پیرۆزبـایی و پشتگیرییان بۆ سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان نارد و هیواخوازی خۆیان تێدا دەربڕی بوو بەوەی، کە ئەم شۆڕشە پیرۆزە سەرەتای سەردەمێکی نوێ بێ لە پێوەندی نێوان کـورد و عەرەب، کە چاکە و پێشکەوتنی هەردوو گەلی تیابێ)).[2]

هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو زووبەزوویی وەفدی کورد ڕووی کردە بەغدا بـۆ ئـەوەی لـە نزیکەوە پاڵپشتی شۆڕشی سـاوای عـێراق بکـات و لـە هـەمان کاتـدا داوای بـەردانی هـەموو بەندکراوە سیاسییەکانی کورد بکات و دوورخراوەکان بگەڕێنەوە شوێن و زێدی خۆیان، لـە نێوانیانـدا مـەلا مسـتەفا بـارزانی و هاوەڵـەکانی، کـە ئـاوارەی یەکیـەتی سـۆڤیەت ببـوون. گەڕانەوەی بارزانییەکان و هاوەڵەکانیان لەسەر دێڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کرایەوە و جۆش و خرۆشێکی تازەی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەخشی، گۆڤاری (هیوا)یش بەم بۆنەیـەوە پیرۆزبـایی خـۆی نووسـیوە و دەڵـێ: ((بـەخێر بێنـەوە ئـەی قارەمانـان خـۆش هاتیتـەوە ئـەی دلاوەر، خۆشـهاتیتەوە سـەربازی جـەنگاوەر، هاتنـەوەی تـۆ و هاوڕێکانـت

[1] ئەم بەرەیە لە حزبی شیوعی و حزبی نیشتمانی دیموکراتی و حزبی سەربەخۆیی و حزبی بەعس پێکهاتبوو، هەموو پارت و ڕێکخراوەکان پشتیگرییان لێ دەکرد و لە ساڵی ١٩٥٧ دامەزرا، بڕوانە: ل. ن. کاتلوف و أ. ن. ف. فدتشنکو، تاریخ الاقطار العربیة المعاصر، ص٣٢٤.

[2] ابراهیم احمد، الشعب الکردی و العراق الجمهوري، جریدة الاتحاد العدد ٩٠ فی ٣٠ تموز، السنه الثانیة، ١٩٩٤، ص٣.

هاتنەوەتان ئاوا بە ئازادی و ڕێزەوە جێی شانازیە بۆ نەتەوەی کورد، سەرکەوتنێکی گرنگە بۆ میللەتەکەمان، گوللەیەکە بۆسەر دڵی ئیمپریالیزم. ڕۆڵەی پێشەوای کورد، مستەفا بەرزانی، تۆ سەلمانت کە نەتەوەی کورد ئازاو نەبەرد، دوژمنی زۆر و داگیرکەرن، هەواڵی کۆڵدان نازانن، گەلێکن تێکۆشان و تێئەکۆشن لەپێناوی ئازادییاندا)). پاشان بەردەوام دەبێ: ((ئێمەش دەستەی نووسەرانی هیوا هەر لە ئێستەوە چەپکە گوڵی خۆشنودیی خۆمانتان پێشکەش ئەکەین، لە کانگەی دڵمانەوە ئەڵێین: بەختیارین بە هاتنەوەتان، شادین بە ئازادییتان.. بەخێربێنەوە.

**دەستەی نووسەرانی هیوا))** [1]

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی ڕێگەی بڵاو کردنەوەیان درا، بۆ تێگەیشتنی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەکرێ بکرێنە سەرچاوەیەکی بەکەڵك بۆ لێکۆڵینەوە. لە ڕۆژنامەی (ئازادی)دا[2] کە کۆمۆنیستەکانی کورد دەریان دەکرد هەڵوێستی خۆیان ڕوونکردۆتەوە: ((گەلی کوردیش لە عیراقا بەشێکە جوێ ناکرێتەوە لە میللەتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی پارچە پارچە کراواو لە مابەینی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عیراقا، وە میللەتی کورد یەك میللەتە، هەموو خاسیەتێکی نەتەوایەتی میللەتی هەیە، سەبارەت بەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی نیشتەجێن، بە درێژایی مێژوو پێك هاتوون، خاکێکی موشتەرەکیان هەیە، کە بێتە هۆی سەربەستی و یەکگرتنی نەتەوایەتییان))[3] گەلی کورد هیوای زۆری بە کۆماری ساوای عیراق

---

[1] گۆڤاری هیوا، ژ٣، س٣، بەغدا، ل٥٣.

[2] ڕۆژنامەی (ئازادی)، ڕۆژنامەیێکی ڕۆژانەی سیاسی بووە، زمانی پارتی کۆمەنیستی عیراقی لقی کوردستان بووە، خاوەن و سەرنووسەری پارێزەر نافع یونس بووە، ژمارە یەکی لە ڕۆژی ١ی ئایاری ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە، دوا ژمارەی لە ساڵی دووەمی ژمارە (٥٦) بووە، ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە، ئیتر پەکی کەوتووە، ئەحمەد غەفوور و محەمەد کەریم فەتحوڵڵا و محەمەدی مەلا کەریم و عەزیز محەمەد و حوسێن عارف و مستەفا ڕەسوڵ بەشدارییان لە دەرکردنی کردووە، بڕوانە: جمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی ل٦٨.

[3] لە بابەت سیاسەتی ئازاد بوونی عەرەب و مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردەوە، ڕۆژنامەی ئازادی، ژ٢، س١، کەرکوك، یەك شەممە، ١٠ی ئایاری ١٩٥٩.

**هەبوو و هەر زوو زەعیم عەبدولکەریم قاسم جێگەی لە دڵی خەڵکی کورددا کردەوە، بەو هیوایەی کە (عیراقی کورد و عەرەب)[1] هەروەکو لە بەندی سێیەمی دەستووری کاتیی عیراقدا هاتبوو جێبەجێ بکرێت سەبارەت بە مافی نەتەوایەتی کورد، تەنانەت لەساڵی دووەمی جمهوریەتدا کە تەقەی لێکراو ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە غەم و پەژارەیەکی زۆر بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاو بووەوە و لەگەڵ دەرچوونی لە خەستەخانەدا شادی گێڕرا[2]. هەروەها لە سەرکوت کردنەوەی بزووتنەوەی (الشواف)یش لە موسڵ کورد یارمەتییاندا[3]، بەڵام عەبدولکەریم قاسم لەوکاتەدا بەهۆی ململانێی خۆی لەگەڵ عبدالسلام عارفدا لەسەر دەستەڵاتی وڵات زۆر شتی لەبیر بردبووەوە، هەردووکیان بە دوو هێڵی جیاوازدا دەڕۆیشتن، عبدالسلام لەلایەن نەتەوەییەکان و عبدالكريم لەلایەن شیوعییەکانەوە،**

---

[1] لە بەندی سێیەمدا دەڵێ: ((کورد و عەرەب هاوبەشن لە عیراقدا)) بڕوانە:

Thomas Bois, The Kurds, Translated from the French by Professor M.W. Welland, Beirut, 1966, p. 153.

[2] حسن ارفع، کردهاو يك بررسی ياريخی و سياسی، تهران، ١٩٦٦، ص١٢٥.

هەروەها: دکتۆر. ش. ئەشیریان نووسیویەتی: ((لە سەرەتای مانگی مارتی ١٩٥٩دا یاخی بوون لە مووسڵ دەستی پێکرد. ئەو حەلە بەشی زۆری سوپای عیراق لە بەغدا و باشوور بوون. لەو کاتەدا بۆ قاسم زەحمەت بوو بتوانێ هێزەکانی ڕەوانەی ئەوێ بکات بۆ ئەوەی ئەو بزووتنەوەیەسەرکوت بکەن، بۆیە هانای بۆ کورد و حزبی شیوعی برد تاوەکو بەرگری لە کۆماری عیراق بکەن. بە هاوکاری کورد و حزبی شیوعی لە ماوەیەکی کەمدا یاخیبوونەکەیان کۆتایی پێهێنا، پێشمەرگەکان لەژێر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵانی چەکداری خەڵکیش بە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عیراق لە هەشتی مارتدا، لەو ڕۆژەی یاخی بووەکان پلانەکەیان داڕشتبوو، بەرەو باکوور ملییان ناو مووسڵیان داگیر کردو نەیارو ناحەزانی شۆڕشیان بەدیل گرت و ئەو دیموکراسییانەشیان ئازاد کرد، کە لەلایەن یاخی بووەکانەوە پێشتر بەدیل گیرابوون))، بڕوانە: ش. ج.ا شيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية ف كردستان، العراق ١٩٦١–١٩٦٨، ترجمه ولاتو، بيروت ١٩٧٨، ص٦٩. فەسڵێکی ئەو کتێبە لەلایەن کاك نەجاتی عەبدوڵڵا تەرجەمەی کوردی کراوە و بڵاو کراوەتەوە، بڕوانە: تەنگژەی حکومەتی قاسم و سەرەتای تەقو تۆقی، جەنگ لە کوردستانی عیراقدا ١٩٥٨–١٩٦٣، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٤٠ یەکشەممە ١٩٩٤/٩/١١، ل ٦،٧.

[3] ڕۆژنامەی ئازادی، ژ ٥٠، س، ١٩٥٩/١٢/٢٨، ل٢.

تاوەکو دواجار تـوانی عبدالسـلام لـە دەسـەڵات دوور بخاتـەوە بـەوەی کـە وەکـو باڵوێزێـك ڕەوانەی ئەڵمانیای بکات.[1]

دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر تەمەنی کۆماری عیراقدا قاسم مۆڵەتی چـەند حیزبێکیـدا بـە ئاشـکرا کـار بکـەن وەکـو هـەنگاوێك ڕوە و دیموکراسـی. یـەکێ لـەو حیزبانـە (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان) بـوو، خـەڵکی کوردسـتان تـەواو دڵنیـا بـوون لـە نیازپـاکی قاسـم. ڕۆژنامـەی (نـەورۆز) نووسـیویەتی: ((لـە ڕۆژی ١٩٦٠/٢/٩ لـەکاتی ئێـوارە هـەموو شـاری سلێمانی دەنگی دایەوە بە مۆڵەت وەرگرتنی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـە ئاشـکرا وە هەموو شارەکە بەم مژدەیە کەوتنە گەڕان بە شەقامەکاندا)).[2]

هاوکات ڕۆژنامەکانی تریش مانشێت و سەردێڕی ڕۆژنامەکانیان بە وتەی عبدالکریم قاسم دەڕازانـدەوە.[3] لـەو کاتـەدا بەعسـییەکانیش وەك حیزبێکـی نەتـەوەیی داوای یەکیـەتییان دەکرد، ڕووکەشـانە دەیانویسـت سـۆزی کـورد بـۆ لای خۆیـان ڕابکێشـن، مێشـێل عەفلـەق دەیـووت: (هێزێـك نییـە لێکمـان جیـا بکاتـەوە تـا دوا تنـۆکی خوێنمـان نیشـتمانەکەمان ئەپارێزین)،[4] بەڵام ئەو بەڵێن و خەونانە زۆر درێـژەی نەکێشـا، قاسـم لـە زۆربـەی بـەڵێن و پەیمانەکانی دەرهەق بە کورد پەشیمان بووەوە. ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو ڕۆژگارەیش لـە خستنەڕووی حەقیقەتەکان درێغییان نەدەکرد، لە ڕۆژنامەی (ئـازادی)دا هـاتووە: ڕۆژ نییـە چـەند نامـە و عـەرزو حـاڵ و بیرخـەرەوەیان پـێ نـەگات لەلایـەن ئـەو ڕەنجبـەر و فـەلاح و تێکۆشەرە دڵسۆزانەی تری جمعوریەتەوە کە لە ناوچەکانی کوردستان دوور خراونەتەوە بۆ هەنـدێك شـارو دێهـاتی خـواروو، وە هەنـدێکیان خزێنراونەتـە بەندیخانەکانـەوە یـان لـە گرتووخانەکاندا ڕاگیراون وە کەس‌وکاری خێزان و دۆست و ناسیاویان هەموو هـاوار ئەکـەن

---

[1] صالح حسين الجبوري، ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ ڤ العراق، دراسات ڤ التاريخ السياسي (اسبابها مقدماتها– قيامها)، (رساله ماجستير)، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٥.

هادى حسن عليوي، عبدالكريم قاسم الحقيقة، بغداد، ١٩٩٠، ص٧٣.

[2] ڕۆژنامەی نەورۆز، ژ١٥، س١٣، ٢ شوباتی ١٩٦٠، ل٢.

[3] بۆ نموونە ڕۆژنامەی خەبات لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسیویەتی: ((سەرۆك عبدالکریم قاسم دەڵێ: من نەتەوایەتی کورد– القومية الكردية– دەپارێزم))، ژ١٥، س٢١، ١ی تەمموزی ١٩٥٨، ل١.

[4] گۆڤاری پێشکەوتن، ژ٢١، س١، بەغداد، ١٦ی ئابی ١٩٥٨.

تا کەی ئەم دڵسۆزانەی جمهوریەت بە دەربـەدەر کراوی، دوور لـە مـاڵ و منـداڵ و ئـیش و کاریان بمێننەوە سەبارەت بە درۆ و دەلەسەی چەند دەرەبەگێکی داخ لە دڵ).[1] ئەم جۆرە نووسینانە لە بەرژەوەندی قاسمدا نەبوو، بۆیە هەر لـە سـاڵی ١٩٥٩وە کەوتۆتـە گلـەیی لـە ڕۆژنامە و گۆڤارەکـان و دەڵـێ: ((هەنـدێ ڕۆژنامـە دەنووسـێ کـەوا هێـزە دیموکراتییـەکان تۆقێنراون و پەرش و بڵاو کراونەوە،[2] هەر لـەوێ بـە ئاشـکرا هەڕەشـەیان لێ دەکـات و بـە ئاشکرا کەوتە گرتنی پێشکەوتنخوازەکان[3] و سـەرکردە سیاسـیەکان و وەسـتاندنی هەنـدێ دەزگـای ڕۆشــنبیریی کــوردی و پێشــێل کردنــی وەفــدە کوردییــەکانی بەغــدا و مافــە سـەرەتاییەکان،[4] ئەمانـە وای لـە مـەلا مسـتەفا کـرد بەغـدا بـەجێبهێڵێ و ڕووە و بـارزان بگەڕێتــەوە. لــەو کاتــەدا قاســم وەکــو ڕژێمەکەمــەکانی پــێش خــۆی سیاســەتی کــورد بەگژیەکەوەنانی لەبەر گرت و هەندێ سـەرۆك عەشـیرەتەکانی لـە دژی مـەلا مسـتەفا قیـت کردەوە. پاشان بە هێـزی سـوپاییەوە هێرشـی کـردە سـەر ناوچـەکە و فڕۆکـەکانی عـێراق ناوچەی بارزانیان بۆردومان کرد، بۆیە (مەکتەبی سیاسی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە ١٩٦١/٩/١٦ کۆبوونەوە و بڕیاری شەڕیان ڕاگەیاند)[5] ئـەم بارودۆخـە تـاوەکو سـاڵی ١٩٦٣ بەردەوام بوو. لەو ساڵەدا بەعسییەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا بە کۆدێتایـەکی سـەربازیی حکومەتی "عبدالکریم قاسم"یان ڕوخاند)).

---

[1] ڕۆژنامەی ئازادی، ژ٢، چوارشەمە ٥ی ئایاری ١٩٦٠.

[2] ڕۆژنامەی خەبات، ژ٢٣، س١، هەینی ٣١ی تەموزی ١٩٥٩.

[3] مامۆستا ابراهیم احمد بەهۆی نووسینی وتارێك لە ڕۆژنامەی (خەبات) و بەوەی کە حکومەت تاوانباری کردبوو بە کوشتنی سەدیق میران درایە دادگا و لە پاش کێشەیەکی زۆر (تبریە) بوو، بڕوانە: احمد ڕەسوڵ پشدەری، یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٩٢، ل١٤١.

[4] بۆ پێشێل کردنەکانی قاسم و هەنگاوەکانی دژ بە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد بڕوانە: نبیل زکي، الاکراد الاساطیر والثورات والحروب، مطبوعات کتاب الیوم (٨)، مطبعة مؤسسة دار اخبار الیوم" القاهرة، ١٩٩١، ص٧٩.

[5] د. حامد محمود یاسین عیسی علي، المشکلة الکردیة، ص٢٠٢. شایانی سەرنجە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٩٦١/٩/١١ بە ڕۆژی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول دادەنێت، بڕوانە ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٤٠، یەکشەممە ١٩٩٤/٩/١١.

بەعسییەکان بەرلـەوەی کۆدێتاکـەیان سـەربکەوێ بیریـان لـەوە کردبـووەوە بـە هـەموو شـێوەیەك دژی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردایـەتی بجولێتـەوە و وەکـو نەتەوەیـەکی کۆنەپەرستیی عەرەب ڕەفتار بکەن، بۆیە سەیر نییـە ئـەو ڕاسـتییە لـەخۆیان ببیسـتین وە شاهێدی ئەو ڕاستیە بن.[1]

ڕەفتاری (الحرس القومی)یەکانیش لە کوردسـتاندا مایـەی نـەفرەت لێکردنـە. ڕۆژنامـە و گۆڤارە کوردییـەکانیش، کـە هـەردەم پەیوەسـتی بـارودۆخی سیاسـی وڵات بـوون، لەگـەڵ هاتنی بەعسییەکاندا بۆ سەر حوکم زۆربەیان پەکیان کەوت و لەکار خران.[2]

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە باری سیاسیی عیراق هەمیشە پڕ ئاژاوە و نائـارامی سیاسـی بـووە و بـەهیچ شـێوەیەك سـەقامگیر نـەبووە، لـە سـاڵانی ١٩٥٦، ١٩٥٢، ١٩٤٨، ١٩٥٨، ١٩٦١، ١٩٦٣دا شۆڕش و کۆدێتا و بزووتنەوەی جیا جیا ڕوویان داوە.[3]

سەقامگیر نەبوونی ئەو بارە سیاسییەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ یاری کردن بـە بڕیارە سیاسییەکان و زەوت کردنی مافەکانی خەڵك و سەپاندنی فەرمانی عورفی فێڵ کردن لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. بەهۆی شوێنی ستراتیژی عیراقـەوە و داهـاتی زۆری، بـەریتانیا حیسـابی تایبـەتی بـۆ دەکـرد و چـاوی تـێ بـڕی بـوو. بـۆ درێژەپێـدانی بـە چەوسانەوە و مانەوەی خۆی لە عیراقدا سەرکوتی هەموو جووڵانەوەیەکی شۆڕشـگێڕی دەکـرد و خێزانـی هاشمییەکانی لەسەر وڵات کردبووە کۆتێك، کـە خەڵکەکـە ژیـانی لێ ببـێ بـە مەرگەسـات و

---

[1] صالح حسین الجبوري دەڵێ: بۆیە بۆ ئەنجام دانی کۆدێتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەعس سوودیان لە فرۆکەکانی (الحبانیة) وەرگرت چونکە نزیك بوو لە بەغدا، بەڵام فرۆکەخانەی کەرکووك تەرخان کرا بۆ سەرکوت کردنەوەی بزووتنەوەی یاخی گەرانی مەلا مستەفا و لایەنگرەکانی، بڕوانە: ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ فی العراق، ص١٤٩.

[2] گۆڤاری (هیوا) و ڕۆژنامەی (بڕوا) و گۆڤاری (ڕوناهی) و گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) و هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر، تەنیا ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین) لە گۆڕەپانەکەدا بوو، بڕوانە: جمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل٦٣-٩١.

[3] لە ئەنجامی ئەو نا ئارامییە سیاسییەدا لە سەردەمی پاشایەتی لە عیراقدا لە ١٩٣٠-١٩٥٨، (٥٩) وەزارەت دامەزرا، بڕوانە: عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیة، ج ١٠، ص٢٨٤.

ڕۆڵەکانی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە زیندانە نووتەکەکاندا دەئـاخنی و مافـە سیاسیەکانی پێشێل دەکردن، پەیوەندیەکانی خێزان، پەیوەندییەکی خێڵـەکی دواکـەوتوو بوو، ڕادەی بوون و مردن لەگەڵ ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتواندا نەدەگونجا. ژمارەی مردن لە زۆربەی کاتدا، لەگەڵ ژمارەی لەدایکبووندا یەکسان بوو. ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕادەی لەدایك بوون و مردن لە لیواکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٣دا پێشان دەدات[١].

بێگومان ئـەم خشـتەیە ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە، کـە خزمـەتگوزاری تەندروسـتی و بـاری گوزەرانی خەڵك لە پلەیەکی نزمدا بووە[٢]، خواردن و خۆراکی چـاك بـۆ سـاوا نـەبووە، ئـەم بارودۆخـەش نـەوەکو هـەر لـەپێش شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزدا، بـەڵکو دوای شۆڕشـیش هـەر بەردەوام بووە و لە ساڵی ١٩٦١دا دکتۆر شاکر خەسباك دەڵێ:

((باری تەندروستی ناوچە کوردییەکە خراپە و ڕادەی مـردن زۆرە))[٣]. هـەروەها دەڵـێ: ((دەستکەوتی گشتی تاکێکی عیراقی وە بەتایبەتی دێهاتییەکان لە نزمترین ڕادەدایە))[٤].

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشـتوانی عـیراق شـەش ملیـۆن و نیـو کـەس بوو، کە پێکهـاتبوو لـە عـەرەب و کـورد و تورکمـان و کەمـە نەتەوەییـەکانی تـر. لـە ڕووی ئاینیشەوە بەشی زۆری موسڵمان و ئەوانی تر مەسیحی و یەهوودی و ئایین و مەزهەبـەکانی دی بوون[٥].

---

[١] د. شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، منشورات الثقافة الجديدة، بغداد، ١٩٥٩، ص٥٨.

[٢] بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٥، لە لیوای سلێمانی و هەولێر و کەرکوك هەریەکە (٥) نەخۆشخانەی تیا بوو. بڕوانە: د. شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، ص٦١.

[٣] بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٥، لە لیوای سلێمانی و هەولێر و کەرکوك هەریەکە (٥) نەخۆشخانەی تیا بوو. بڕوانە: د. شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، ص٦١.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[٥] بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، ژمارەی دانیشتوانی عیراق ٦,٢٩٨,٩٧٦ کەس بوو و ژمارەی کورد لە لیواکاندا بەم شێوەیە بوو:

| لیوا | کورد |
| --- | --- |
| مووسڵ | ٢٣٢٢٠٦ |
| هەولێر | ٢٤٣٣٣٥ |
| کەرکووك | ١٨٧٥٩٣ |
| سلێمانی | ٢٩٩٩٣٦ |

لـە ڕووی پێکهـاتی چـینایەتییەوە چـینی زەحمـەتکێش (٩٠٪)ی دانیشـتوانیان پێـك دەهێنا و ئەوەی تر دەرەبەگ و بۆرژواکان بوون، بۆیـە کۆمـەڵگای عـیراق دابـەش دەبـووە سەر دوو چینی سەرەکی: چینی زەحـمـەتکێش: ئـەویش (جووتیـار و کرێکـار و کاسـبکار و فەرمانبەرانی دەگرتەوە (وردە بۆرژوا)١.

چینی بەرز: ئەویش (دەرەبەگ و بۆرژوا گەورەکان)ی دەگرتەوە.

## چینی زەحمەتکێش:

حاڵەتی جووتیار ئەوە جارێك شپرزە بوو بەدەست ئاغا و دەرەبەگە خوێنمژەکانـەوە و داهاتی جووتیار هەمووی بۆ ئاغای خاوەن زەوی و زار بوو، بەشی جووتیار هـەر نـان و زگ بوو. جوتیار پارچەیەك زەوی نەبوو لەپێش شۆڕشی ١٤ی تەمووز، سـاڵ دوانـزە مـانگ بـۆ ئاغا کاری دەکرد و داهاتی بۆ گیرفـانی ئاغـا بـوو، چـونکە لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا هـیچ یاسـایەکی چـاککردنی کشـتوکاڵ نـەبوو بتوانـێ بـەرگری لـە جووتیـاران بکـات، بـەڵکو بـە پیچەوانەوە هەموو یاسایەکان لە بەرژەوەندی دەرەبەگـدا بـوون و سـاڵانە داهـاتێکی زۆری گـەنم و جـۆ لـە لیوایـەکانی کوردسـتان بەرهـەم دەهێنـرا، بێئـەوەی چـینی زەحمـەتکێش سوودی لێ ببینن. ئەم خشتەیە بەرووبوومی هاوینەی ناوچە کوردییەکان پیشـان دەدات لـە ساڵی ١٩٥٣دا:٢

| لیوا | گەنم بە تەن | جۆ بە تەن |
|---|---|---|
| سلێمانی | ٧٠٠٠ | ٧٠٠٠ |
| هەولێر | ١٠٤٠٠٠ | ٦١٠٠٠ |
| کەرکوك | ١٠٩٠٠٠ | ١٥٦٠٠٠ |

---

هەروەها ژمارەی موسڵمانان لە عیراقدا ٦,٠٢١,٢٨٤ کەس بووە، واتە بەڕێژەی ٩٥,٧٥٪، ئەوەی تر مەسیحی و یەزیدی و تایفە و مەزهەب و ئاینەکانی تر بوون، بڕوانە: محمود الدّرة، القضیة الکردیة، الطبعة الثانیة، منشورات دار الطلیعة، بیروت ١٩٦٦، ص٢٢٣–٢٢٥.

[1] لیث عبدالحسن الزبیدي وای دابەش کردووە:

١– دەرەبەگ ٢– بۆرژوا (گەورە و بچووك) ٣– چینی زەحمەتکێش (کرێکار و جووتیار و سەرباز و ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکان و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان)، بڕوانە: لیث عبدالسن الزبیدي، ثورة ١٤ تموز فی العراق، ص٣٢–٣٩.

[2] دکتۆر شاکر خەسباك، کورد و مەسەلەی کورد، وەرگێڕی لە عەرەبییەوە ئەمین موتابچی، ل٤٩.

| | | |
|---|---|---|
| مووسڵ | ٢٧٢٠٠٠ | ١٧٨٠٠٠ |
| هەموو عیراق | ٤٧٩٠٠٠٠ | ١١١١٠٠٠ |

ئەم بارودۆخەی جووتیارانی کورد لە لادێکاندا لەنێو شیعری کوردی لە جوانترین شێوەدا ڕەنگی داوەتەوە[1] یان چەندین چیرۆکنووس زەبرو زەنگی ئاغاکانیان لە زەوی داگیرکردن و دەست درێژی کردن بۆ سەر کچ و ژنی جووتیاران کردۆتە ناوەرۆکی چیرۆکەکانیان[2]. لەم بارودۆخەدا هەمیشە جووتیاران لە خەباتدا چەندین ڕووبەڕوو بوونەوەی جیا جیا لە سەرانسەری عیراقدا لە نێوان ئاغا و جووتیاراندا ڕووی داوە[3]. تەنانەت دوای دوو ساڵ لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزیش حاڵی جووتیاری کورد لە کوردستاندا بە تەواوی چارەسەر نەکرابوو، هەر دەرەبەگ خاوەن زەوی‌و زار بووە[4]، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کە

---

[1] (گۆران)ی نەمر دەرهەق بە زەبری ئاغا بۆ جووتیاران لە وێنەیەکی شیعریی بەرزدا دەڵێ:

لەژێر تارای سوومەچنا هەرە جوانی دێ

(کچی جووتیار) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ

کۆشکی ئاغا گەچ کارییە، ئاوێنە بەندە

کەس نازانێ بە ژمارە پەنجەرەی چەندە!

بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی گۆران، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، محەمەد مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، ل١٩٩.

[2] بۆ نموونەی ئەو چیرۆکانە بڕوانە: کامەران موکری، سزا، ڕۆژنامەی ژین، ژ١١٠٣، س٢٧ (١٢,١٩)ی حوزەیرانی ١٩٥٢؛ جەمال نەبەز، لالۆ کەریم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٥٦؛ کاوس قەفتان، خاڵە حەمە، گ، ڕۆژی نوێ، ژ٧، س١، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠، ل١٠١؛ مەحموود ئەحمەد، جوان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٠؛ حەسەنی قزڵجی، پێکەنینی گەدا، چ٢ چاپخانەی علا ء بەغداد، ١٩٨٥، ل٨٠-٩٤.

[3] یاخی بوونی جووتیارانی عەشیرەتی ال زیرج لە ساڵی ١٩٤٦ و سوێند خواردن و یاخی بوونی جووتیارانی دزەییاتی لە دەشتی هەولێر لە ١٩٥٣ و جووتیارانی وارما و (هەڵەبجە و سلێمانی) و جووتیارانی هۆرین شێخان لە لیوای دیالە لەهەمان ساڵدا نموونەی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوانەیە. بڕوانە: لیث عبدالحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ فی العراق، ص٢٦.

[4] بەپێی ئەو یادداشتەی، کە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٦١ بۆ عبدالكريم قاسم بەرزی کردۆتەوە و لە (١٣) خاڵ پێکهاتووە و لە هەموویاندا تەئکید لەسەر

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز هەندێ بڕیار و گۆڕانکاری ڕوویدا، بـەڵام لـە هـەموو ناوچـەکاندا وەکو یەك جێبەجێ نەدەکرا، لە ناوچە کوردییەکانـدا کۆسـپ دەکەوتـە بـەردەم لیژنـەکان، چـاك کردنـی کشـتوکاڵ لـە مـاددەی (١٤)ی دەسـتووری کـاتی داهـاتووە بـەوەی، کـە (موڵکایەتی زەوی و زار دەبێ بەپێی یاسا ڕێك بخرێ و پاشان یاسای ژمـارە (٣٠) لـە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨دا دەرچوو، کە بەپێی ئەو یاسایە نابێ کەس لە ٢٠٠٠ دۆنمی زیاتر هـەبێ لـە زەوی دێمەکاری.١ ئەمەش لێدانێکی بەهێز بوو بۆ دەسەڵاتی دەرەبەگەکان.

ئەگەر حاڵی جووتیاران وەها بووبێ، حاڵی کرێکارانیش لە کۆمپانیاکـانی نـەوت و هێڵـی ئاسنینی شەمەندەفەر و بەندەرەکان و پۆستە و گواستنەوە و دەزگاکانی تری حکومـەت و کارگەی بۆرژواکان کاریان دەکرد لـەحاڵی جووتیـاران باشـتر نـەبوو، زۆربەشـیان هـەر ئـەو جووتیارانە بوون، کە لە گوندەکانەوە لە زەبـری ئاغـا ڕزگارییـان ببـوو و بـۆ بـژێوی و نـان پەیدا کردن ڕوویان لە شارەکان کردبوو و لەلایەن خاوەن کارگـە و دەزگاکانـەوە بەرهـەم و ڕەنجی شانیان بە نرخێکی سووك و هەرزان حسێب دەکرا و لە بەرژەوەندی چـەند کەسـێك دابـوو. بـەهۆی نـەبوونی بیمـەی کۆمەڵایـەتی و خزمـەتگوزاری تەندروسـتی و خانووبـەرە کرێکاران لە گوزەرانێکی تاڵدا دەژیـان. بۆیـە لـەدوای جـەنگی جیهـانی دووەمـەوە، لەگـەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوای و لەگەڵ هەموو جووڵانەوە شۆڕشگێڕی و خۆپیشاندانەکانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتیدا بەشدارییان دەکـرد. زۆر جـاریش یـاخی بـوون و ڕاپـەڕینی کرێکـاران لـە سنووری نەتەوەیی دەردەچـوو. ڕاپـەڕینی کرێکـارانی گاوربـاغی نموونەیـەکی زینـدووە لـە دەربڕینی ڕقی کرێکاری کـورد و عـەرەب و ئاسـووری و تورکمـان بـە یەکـەوە لـە بەرامبـەر

---

ئەوە دەکرێتەوە کە ناوچە کوردەوارییەکان لە خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنەوە بێ بەشن، یەکێ لەو خاڵانە دەربارەی چاك کردنی زەوی و کشتوکاڵ و چاندنی تووتنە. بۆ خاڵەکانی ئەو یادداشتە بڕوانە: جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية ص٢٨٨-٢٩٦؛ د. جورج حجار، المسألة الكردية نحو اخوه عربية كردية، ص٢٤-٢٥؛ ادمون غريب، الحركة القومية الكردية، ص٣٨.

[1] بڕوانە: ليث عبدحسن الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، ص٣٠٣.

هەژاری و نەداری و مۆنۆپۆلەکانی نەوت.[1] ئەم بارودۆخەی کرێکارانیش لە ئەدەبی کوردیدا بۆتە تابلۆیەکی نەمر.[2]

لـەدوای شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز سـاڵانی حـوکمی (قاسم)یشـدا کرێکـار لەگـەڵ هەنـدێ گۆڕانکاری لە پایتەخت لە شارەکانی تردا وەکو دابەش کردنی زەوی و خانوو بۆ کرێکاران و سووککردنی باری ژیانیان لە ڕێگەی کردنـەوەی نەخۆشـخانە و پـڕۆژەی ئـابووری و دانـانی هەندێ کارگە، بەڵام لە کوردستاندا، بێ کاری بە ڕێژەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆوە[3].

**چینی دەرەبەگ و بۆرژوا:**

چینی دووەم لە پێکهاتەی چینایەتی کۆمـەڵگای عـێراق دەرەبـەگ و بۆرژواکـان بـوون، بـۆرژوای بچـووک و گـەورە، کـە کەمینـەیان پێـك دەهێنـا. ئـەم چـینە لـەپێناو پاراسـتنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان هەمیشە لە دژی بەرەی میللەتدا بوون پشتگیرییان لـە کاربەدەستان و حکومەتی پاشایەتی دەکرد، تەنانەت ئەگەر سەرنج بدەینـە بـاری سیاسـی

---

[1] بۆ زانیاری دەربارەی ڕاپەڕینی کاورباخی، بڕوانە: الدکتور کمال مظهر احمد، صفحات من تاریخ العراق المعاصر، ص١٣٤. هەروەها: خالد محسن محمود الراوي، تاریخ الحرکة العمالیة في القطر العراقي ١٩٦٨–١٩٧٥، رسالة ماجستر، ص٥٤.

[2] شەهید مارف بەرزنجی لە هۆنراوەیەکدا وێنەی ژیانی ساڵانی (١٩٥٤–١٩٥٥)مان بۆ دەکێشت:

ئەپرسن لێم ئەحواڵی ژین
چ ژانێکە بن بۆ ئێمە ژین
هەژاری و بێداری و ڕزین
بەند و مەست و بێ فرمان
بێ نان و بەرگ و بێ دەرمان
قەرزار، داماو، سەرگەردان
پاشا خۆش بێ و شەریکەی نەوت
عالەم نابێ یا ئەبێ فەوت
قۆنتەراتی زۆرمان دەس کەوت

بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ) کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی، ل٧٥–٧٧.

[3] جلال الطالباني، کردستان والحرکة القومیة الکردیة، ص٢٨٨–٢٩٦.

ئەو ڕۆژگارە زۆربـەی ئاغـا و بەگـە نەخوێنـدەوار و سـەرۆك هۆزەکـان لـە ئەنجوومەنەکانـدا دەبوونە نوێنەر و دەرەبەگ کـە خـاوەن زەوی و زار بـوون، لـە کاتێکدا جووتیـار خـاوەنی بستێ زەوی خـۆی نـەبوو، دەوڵـەتیش لەپشـت ئـەوەوە بـوو، کـە زەوی و زاری بەدەسـت ئاغاکانەوە بێت. بەشی دووەمیشیان کە بۆرژواکانی دەگرتـەوە ڕێگـەی بازرگـانی و کڕینـی زەوی و زار و گران کردنی داهات سەرچاوەی ژیـانی خـەڵك قـازانجێکی زۆریـان لـە خـەڵك و دەزگاکانی دەوڵەت دەست دەکەوت. فەرمانبەر و ئەفسەرانی سووپایش، خۆیان لە خانـەی وردە بۆرژوادا دەدۆزییەوە، لەژێر باری قورسـی ژیانـدا دەیانناڵانـد و فەسـادێکی ئیـداری و پابەند نـەبوون بـە یاسـا و فرمانـەکانی دەوڵـەت و بـڵاو بوونـەوەی بـەرتیل بەئاشـکرا بـڵاو ببووەوە. ئەم گوزەرانە تاڵە وای لێکردبوون خۆیان لە ویسـت و ئـارەزوو و خـەباتی چـینی زەحمەتکێشانی میللەت جیا نەکەنەوە و بەشداری هەموو بزووتنەوەیەك بکـەن، سـەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و قات و قڕی و گرانی و زۆریی باج ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لە باشووری کوردستاندا ئاوێنەیەکی ڕوونی ئەو ڕۆژگارە دەنوێنن.

ڕۆژنامەی هەولێر نووسیویەتی: ((وەزارەتی نوێ باجی هەندێ شتی لەسەر سەوزەوات و بەری دار هەڵگرت، بەمە هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ ئاشت کردنەوەی دڵی دانیشتوانی خاکی عیراق. خۆزگە وەزارەتی بەڕێز بە تەواوی باجی (استهلاك)ی لەسـەر خـەڵك هەڵگرتایـە. تـا ئەمەندە دەست پیسی لە سامانی حکومەتی نەکرایە، وە ئەوەندەش دڵـی لادێـی و خـەڵکی باژێڕ لەلایەن فەرمانبەرانی استهلاکەوە نەشکێنرایە))١ پاشان بـەردەوام دەبـێ: ((نـەوێرین بڵێین باجەکانی حکومەت، هۆیەکن لە هۆیە بەهێزەکانی پاش کەوتنمان...))٢.

ڕۆژنامەی (ژین) چەندین وتاری جۆراوجۆری لەم ڕووەوە بڵاو کردۆتەوە، کە تیایدا بـاری دواکەوتوویی خـەڵکی کوردسـتان پێشـان دەدات و پشـتگوێ خسـتنی کوردسـتان لەلایـەن حکومەتەوە. لە وتارێکدا دەقی وتاری (رئیسـی بلدیـەی سـلێمانی فـائق هوشـیار کـە ڕۆژی ٤/١١/١٩٥٥. لە کۆبوونەوەی باخی گشـتیا بـە عـەرەبی بـۆ خـاوەن شـکۆ مـەلیکی مـەزنی خوێندەوە)٣. بڵاو کراوەتەوە، کە تیایـدا سـەرۆکی شـارەوانی بـاری ناهـەمواری خەڵکەکـە

[1] ن. ل، بیری سەربەست، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ١٠٤، س٣، سێ شەممە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣، ل٢.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢.
[3] ڕۆژنامەی ژین، ژ١٢٧٣، س٣٠، پێنج شەممە ١٧/١١/١٩٥٥، ل٣.

دەردەبڕێ و داوای کردنەوەی کارگە دەکات لە سلێمانی و داوای پێشـکەوتنی شـارەوانی و مشورخواردن لە حاڵی دواکەوتوویی کۆمـەڵ دەکـات. لێـرەوە دەتـوانین پـەی بـە نـەبوونی پلانی ئابووری بەرنامە بۆداڕێژراو بکەین، لە هەمان کاتدا دەوڵەت لە هەوڵی ئەوەدا بوو کـە کشتوکاڵ بکاتە بنچینەی گەشەکردنی ئابووری، کەچی دەیویست پەیوەندی بەرهەم هێنان نەگۆڕێ و دەرەبـەگان سـەروەر بن، چـونکە بـە چـاك کردنـی بـاری گـوزەرانی جووتیـاران بەرژەوەندی بەرهەم هێنان نەگۆڕێ و دەرەبەگەکان سەروەر بـن، چـونکە بـە چـاك کردنـی باری گوزەرانی جووتیـاران بەرژەوەنـدی لەگـەڵ چـینی دەرەبـەگ وبـۆرژوا بخاتـە بـەردەم هــەموو پرۆژەیــەکی پیشەســازی قــوورس و چــینی کرێکــاریش بــە لاوازی بمێنێتــەوە و هۆشمەندی چینایەتییان کزبێت.

## بـاری ڕۆشنبیری

ئەگەر بمانەوێ لەباری ڕۆشنبیری ئەو ڕۆژگارە تێ بگەین، بە پێویسـتی دەزانـین لـە دوو ڕوانگە و دوو بنیاتی سەرەکی ڕۆشنبیریی ڕوونی بکەینەوە، ئەوانیش:

قوتابخانەکان.

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

تێڕوانینێکـی خێـرا ئـەوەمان بـۆ دەردەخـات، کـە مێـژووی کردنـەوەی قوتابخانـە لـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتاندا بـۆ سـەرەتای ئـەم سـەدەیە دەگەڕێتـەوە. پێشـتر لـە سەدەکانی ڕابردوودا مەڵبەندی خوێندن حوجزە و مزگەوتەکان بوو، ژمارەیەك مـەلاو زانـای کورد دەرسیان تێدا دەوتەوە، ئەو زانست و زانیارییە ئایینیانەشـی کـە لـەوێ دەخوێنـدرا، هەتاوەکو ئەدەبیاتیش بـە زمـانی عـەرەبی فارسـی بـوون، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کـزی هەستی نەتەوەیی، تەنانەت لە سـەردەمی میرنشـینە کوردییەکانیشـدا ئەوەنـدە بـە تـەنگ خوێندن و زمـانی کوردییـەوە نـەبوون. نامەنووسـین و کاروبـاری خـەڵك بـە زمـانی فارسـی بووە[1].

---

[1] نامەکانی (مەولەوی)، شاعیر، کە بۆ شێخەکانی ناردووە، هەمووی بە زمانی فارسی بووە، بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، شارۆیەك، لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی، گ کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم، ل٢٥٣.

زمانی کوردی زمانی شیعر بووە، ئەویش بە چاوێکی سووك سەیر کراوە، بۆیە (نالی) هاواری لێ هەڵساوە:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبیی مەعنا دەکا[1]

قوتابخانە خالّی وەرچەرخانێکی گەورەیە لە ژیانی خوێندەواری و ڕووناکبیری هەموو میللەتێکدا، لە ساڵی ۱۹۰۵ی زایینییدا پیاوماقوڵانی کورد وە کۆمەڵانی خەڵکی سلێمانی جارێکی تر بە هەوڵ و کۆششی خۆیان توانیان قوتابخانەیەکی ئەعدادی مولکی لە سلێمانی دامەزرێنن، شایانی باسە، ئەم قوتابخانەیە لە ڕوشدیەی عەسکەری باڵاتر و گرنگتر بوو.

لە ساڵی ۱۹۱۲یشدا ساختمانی قوتابخانە لە کۆیە تەواو بووە و دەرسی تێدا دەخوێندرا[2]. پاشان لە سەردەمی شێخ مەحموودی نەمردا ژمارەی خوێندنگاکان زیادی کرد و (لە دوو خوێندنگای شڕو پڕی سەردەمی ئینگلیزەکانەوە، خوێندنگاکان لە سەردەمی شێخ مەحموودا بوون بە چوار خوێندنگای ڕێكوپێك و پۆشتە و پەرداخو شۆخو شەنگ)[3]، هەر لە سەردەنی شێخی نەمردا: (بۆ یەکەمجار لە سلێمانی قوتابخانەی (زەهرا)یش بۆ کچان لە ۱۹۲٦دا کرایەوە)[4].

هەر لە سەرەتای درووست بوونی حکومەتی عێراقەوە، بارودۆخی ناوچە کوردییەکان لە ولایەتی موسڵ حیسابی تایبەتی بۆ دەکرا. تەنانەت بە بڕیاری (عصبە الامم) لە ساڵی ۱۹۲۵دا زمانی کوردی لە ناوچە کوردەوارییەکاندا بووە زمانی خوێندن و ئیداراتی حکومەت و ((هەوڵی ئەوەش درا لە ناوچە کوردییەکاندا فەرمانبەرەکان کورد بن)). [5] ئەم بڕیارە حکومەتی عێراقی ناچار کرد بەپێی بڕیاری ژمارە (٧٤)ی ساڵی ۱۹۳۱ پەیڕەو بکات و هەنگا

---

[1] دوکتۆر مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل٥٣.

[2] هیمدادی حوسێن، بزووتنەوەی ڕووناکبیریی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و خوێندن و نووسینی کوردی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٤١٤، س١، چوارشەممە ١٩٩٣/٦/١٦.

[3] شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ٣، ١٠٤/٤/١٠، ل١٥٨.

[4] د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل٢٦٢.

[5] د. حامد محمود عیسی علي، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى ١٩٩١، ص١٠٣؛ محمود الدرّة، القضية الكردية، ص٢٣٥.

و بۆ ئـەم مەبەسـتە بنێـت. ڕووناكبیرێكی ئـەو سـەردەمە (سـاطع الحصـري)، كـە مـدیری مەعاریفی ئەو كاتە بوو دەڵێ: ((كە حكومەتی عیراقی بڕیاری دا زمانی كوردی ببێتە زمانی ڕەسمی لە شارو گوندە كوردییەكاندا، لەسەر وەزارەتی مەعاریف بوو ئەو شـتانە جێبـەجێ بكات، كە بۆ ئەم مەبەستە دەبووایە بكرایە، ئەڵبەتە باشترین ڕێگەش بـۆ ئـەوە، ئـەوەبوو، كتێبە مەنهەجییەكانی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەكان تەرجەمەی كوردی بكرێن.. بۆیـە وەزارەت لیژنەیەكی پێك هێنا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی كاری وەرگێڕان بكەن، لە چوار كەس لە ڕووناكبیرەكانی كورد پێك هاتبوون، كە لە بەغدایێ فەرمانبـەر بـوون، ئـەوانیش: تۆفیـق وەهبی و عەبدول ڕەحمان ساڵح و شوكری فەزلی و نووری بەرزنجی بوون))[1].

ساڵانی دواتر، كە وردە وردە قوتابخانەكان لە لادێكان كرانـەوە، ئـەمجارە مامۆسـتاكان تووشی ململانێیەكی توند بوون لەگەڵ پیاوانی ئایینی و ئاغاكان و ڕێگەی ئەوەیان نەدەدا خەڵكەكە منداڵەكانیان بنێرنە قوتابخانە، بێگومان خوێندن و خوێنـدەواری و هۆشمەنـدی و وریابوونەوەی چینی زەحمەتكێش لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوو.

ساڵانی ڕژێمی پاشایەتی، حكومەت بە عەقڵیەتێكی پۆلیسییەوە، مامەڵەی لەگـەڵ بـاری ڕۆشـنبیریدا دەكـرد، خۆیـان سەرپشـك بـوون لـە وەرگرتنـی قوتابیـان لـە قوتابخانـە و كۆلێجەكاندا. هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێنمایی و بانگەشەی گشتی سانسۆری بـەهێزیان خسـتبووە سـەر ئـەو كتێبانـەی لـە میسـر و سـوریا و لوبنانـەوە دەهـاتن و چـاودێرییان خستبووە سەر ڕۆژنامە و گۆڤارە عەربەییەكان و هاوڵاتی عیراقییان لە هـەموو ئـەو ڕێبـازە ئـەدەبی و فیكرییانـە بێبـەش كردبـوو، كـە لـە وڵاتـانی عـەرەبی ڕوویـان دەدا. دەرگـای سـینەماكان بـۆ فلیمـی ناچـیز و تاوانكـاری و هانـدانی ڕۆحـی جـەنگ و پەرەپێـدانی ڕەگەزپەرستی كرابووەوە و هەموو فلیمێكی چاك، كە باسی دڵسۆزی و برایەتی گەلان بكات قەدەغە كرابوو. نەخوێندەواری بە ڕێژەیەكی زۆر بڵاو ببۆوە تەنانـەت لـە زۆر لادێدا تـەنها مەلا خوێندەوار بوو و ئەو بابەتانەیشی، كە لە قوتابخانەكاندا دەخوێندرا، مێـژووی پاشـا و خەلیفە و ئیستعمار بوو و ئەم دوو خشتەیە ڕێژەی خوێندەواری و ژمارەی قوتابخانەكان لە ساڵی ١٩٥٤ لە لیوای كوردییەكاندا پیشان دەدات[2]:

---

[1] منذر الموصلي، عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، ص٣١٨.

[2] د. شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، ص٦٤.

| لیوا | قوتابخانه سەرەتاییەکان | | | | قوتابخانــە ناوەنــدی و ئامادەییەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوڕان | کچان | ساوا | هەمووی | کوڕان | کچان | هەموو |
| سلێمانی | ٥٧ | ٩ | ١ | ٦٧ | ٣ | ١ | ٤ |
| هەولێر | ٥٩ | ٨ | ١ | ٦٨ | ٣ | ١ | ٤ |
| کەرکووک | ٧١ | ١٣ | ١١ | ٩٥ | ٦ | ٢ | ٨ |
| موسڵ | ١٥٤ | ٢٩ | ١٦ | ١٩٩ | ٩ | ٤ | ١٣ |
| لە عیراقدا | ١٠٩ | ٢٥٦ | ١٠ | ١٤٥١ | ٩٢ | ٤٢ | ١٣٤ |

| لیوا | ژمارەی خوێندەوار | | ژمارەی دانیشتووان | |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٩٠٨٥ | ١٢١٩ | ١٠٣٠٤ | ٢٢٦٤٠٠ |
| هەولێر | ٤٨٠١ | ١٠٠٩ | ٩٤١٠ | ٢٣٩٧٧٦ |
| کەرکووک | ٢١٧١٤٢ | ٢٣٩٢ | ٢٠٥٣٤ | ٢٨٦٠٠٥ |
| موسڵ | ٣٦٠٢٤ | ١٢٨٠٢ | ٤٨٨٢٦ | ٥٩٥١٩٠ |
| لە عیراقدا | ٣٣٣٤٦٤ | ٤٨١١٢ | ٤٠٧٥٧٦ | ٤٨١٦١٨٥ |

لەگەڵ کەمی ژمارەی قوتابخانە لە گوندەکاندا، چۆنیەتی دابەشبوونی قوتابخانـەکانیش بە ڕێژەیەکی یەکسان نەبوو و زۆربەیان کەوتبوونە ناحیە و قەزاکانـەوە، یـان لـە گونـدێکی لاچەپدا بوو و منداڵی گوندەکانی دیکە زۆر بە زەحمەت دەیان توانی هاتوچۆ بکـەن. ئەمـە بـە تایبـەتی لـە گونـدەکانی کوردسـتاندا هەسـتی پـێ دەکـرا، بـەهۆی بـاری جـوگرافی کوردستان، کە شاخاوی هەڵکەوتوەو لە زستاندا بەفری زۆر کێشەکەی قورسـتر دەکـرد. د. شاکر خەسباک دەڵێ:

((گیروگرفتێکی تر هەیە، کە تایبەتە بە ناوچە کوردییەکەوە ئـەویش گیروگرفتـی زمـانی خوێندنە. زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا ئەخوێنرێ، بەڵام زمـانی عـەرەبی لـە قوتابخانە ئامادەییەکاندا بەکار ئەهێنرێ بۆ وانە وتنەوە. بێگومان ئەم گۆڕینە لە کوردیەوە بۆ عەرەبی زۆر گرانە بۆ کوردەکان. وە کوردەکان لە مافی خۆیان، کە بە زمانی نەتەوایەتی خۆیان بخوێنن))١. بنیاتی دووەمـی ڕۆشـنبیری ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـە. هـەر لـە یەکـەمین ڕۆژنامەی کوردییەوە (کوردسـتان ١٨٩٨–١٩٠٢)، پاشـان ڕۆژنامـە و گۆڤارەکـانی دی، بـە تایبەتی لە باشووری کوردستاندا لە بیستەکانەوە هەمیشە پێشەنگ بوون لـە خزمـەتکردنی خـەڵکی کوردسـتان بـە هانـدانیان بـۆ خوێنـدەواری و وریـا بوونـەوەیان لـە دەردە کۆمەڵایەتییەکان و هەژاری و نەخۆشی و ئاگاداری هەواڵی سیاسەت و ئەدەب. ئەو ڕۆژنامـە و گۆڤارانە ڕۆڵێکی بەرچاویان بینییوە لە ڕەخنە گرتن لە دامودەزگـا حکومییـەکان، لـەپاڵ ئەوەشدا وشەی کـوردیی ڕەسـەن و زمـان و کـەلتووری ئـەو میللەتـەیان پاڕاستووە. بۆیـە ئەمڕۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ میللەتی کورد و لێکۆڵینەوە لە مێژووی هاوچەرخی کـوردیی تۆمارێکی زیندوون. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کـوردی بـێ لێکۆڵینـەوەی ڕۆژنامـە و گۆڤارەکان کارێکی نەشیاوە، (بۆیە ناکرێ بـە وردی و کارامـەیی لـە جووڵانـەوەی ئـەدەبی هاوچـەرخ و نوێمـان بگـەین، ئەگـەر بـە وردی لـە ڕەوتـی جووڵانـەوەی ڕۆژنامـەوانیمان نەگەین..)٢. گۆڤارەکانی بەرایی وەکو (زاری کرمانجی) و (هاوار) و (ڕووناکی) و (گەلاوێژ) و (روناهی) و (هیـوا) و (شـەفەق) و ڕۆژنامـەکانی وەکـو (تێگەیشـتنی ڕاسـتی) و (ئومێـدی ئیستیقلال) و (ژین) بوونە هۆی پێشخستنی پەخشانی کوردی و دەرکەوتنی چەندین ژانـری ئەدەبیی تازە. ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لەلایەن ئنگلیزەکانیشەوە بـۆ مەبەسـتی سیاسـەتی خۆیان و پڕوپاگەندە و بانگەشەی سیاسییەوە دەردەچوون، لـە خزمـەتکردنی ڕۆشـنبیریی کوردیـدا بـوون و دەوری وشـیار کردنـەوە و پـاك کردنـەوەی زمـانی کوردییـان دەبینـی لـە

---

[1] د. شاکر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، ص٦٣–٦٥، شایانی باسە ساڵانی ١٩٦١–١٩٦٢، ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتە (٢٣٦) قوتابخانە لە هەولێر و (٢٢٩) قوتابخانە لە کەرکوك و (٤٧١) قوتابخانە لە موسڵ، بڕوانە: محمود الدرة، القضية الكردية، ص٢٣٨.

[2] محمود زامدار، دەوری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گەلی کورددا، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ١١٣، ل٢٣٢

گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا چیرۆکنووسانی وەکو (دڵسۆز، حسـین حـوزنی موکریـانی، ئیحسان مستەفا..) دەرکەوتن و هونەری وەرگێڕان بۆ کوردی زیاتر گەشەی کرد، لەڕێگـەی (گەلاوێژ) و (هیوا) و (شەفەق)ەوە ژمارەیەکی زۆر پەندی پێشینان و گاڵتەوگوپ و مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی بڵاو کرایەوە و شیعری شاعیرانی کۆن و نوێ و ڕەخنەی ئەدەبی و نامەی ئـەدەبی و ژیاننامـەی کەڵـە نووسـەران بـڵاو کرایـەوە. ئەمـە لـەپاڵ ئـەو باسـانەی، کـە پەیوەندییان بە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ و نەتەوە و دیموکراسـی و بـیری پێشـکەوتنخوازی سۆسیالیستییەوە هەیە...

ڕۆژنامەوانیی کوردی بە چەند قۆناغێکدا تێپـەڕیووە،١ لـە هـەموو قۆناغەکانـدا دەربـڕی خواستی گەل بووە و سەرچاوەی ڕووناکبیری بووە، هـەر بۆیـەش گـەورە پیـاوان ئەوەنـدە گرنگییـان بـە ڕۆژنامـە داوە و لـەدەمی ڕۆژنامەنووسـان ترسـاون،٢ ئەگـە لـە وڵاتـانی پێشـکەوتوودا، (دەسـەڵاتی چـوارەم)٣ بێـت، ئـەوا لـەنێو کوردیشـدا کـەم بایـەخ نـەبووە، هــەتاوەکو ئــەمڕۆش جێگــەی مەترســی دەســەڵاتدارانە و ژمارەیــەك ڕۆژنامەوانیشــمان هەڵوێستی مەردانـەیان نوانـدووە، ڕۆژنامـەوانیی کـوردی هـەر چـۆنێك بەسـەر قۆناغەکانـدا دابەش بکرێت، نکۆڵی لەوە ناکرێـت، کـە سـەرکەوتنی شـۆڕی ١٤ی تـەمووز هێـزو گـۆڕێکی تازەی بە ڕۆژنامەوانیی کـوردی بەخشـی و ڕۆژنامـە و گۆڤارەکـان لـە ساڵەکانی سـەرەتای شۆڕشدا بە سەربەستیەکی زیاتر و زەمینەیەکی ئازاد تر لە کێشە و گرفتەکانی ڕۆشـنبیریی کوردی بدوێن و لە هەمان کاتدا نووسەران و ئەدیبانیش ئەوەی لە دڵیان پەنگی خواردبـۆوە

---

١ بۆ دابەش کردنی قۆناغەکانی ڕۆژنامە نووسیی کوردی بڕوانە: عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٠؛ د. عزالدین مصطفی رسول، حول الصحافة الكردية، ص٥٨؛ د. شوکریە ڕەسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل١٩٧.

٢ ناپلیۆن وتویەتی: ((سێ ڕۆژنامە لە سەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن)) بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، ل١٨.

٣ دەسەڵاتی چوارەم (السلطة الرابعة) یان دەسەڵاتی ڕای گشتی (سلطة الرأي العام)یشیان پێ وتوە، کە یەکسەر لەدوای دەسەڵاتی (تشریعی وتنفیذي وقضائي) دێت، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٢٨ ئەم زاراوەیە بۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسی بەکار هێنرا. بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی، ل١٩؛ عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ل٥.

و مەینەتییەکانی ڕۆژگاری پاشایەتی بەشـێوەیەکی ئـەدەبیی بـەرز بخەنـە شـیعر و وتـار و چـیرۆك و ژانرەکـانی تـری ئـەدەبی، ئەمـە بێجگـە لـەوەی ژیـانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابووری و هەموو بوارەکانی دی بەگشتی گۆڕانی بەسەردا هات، با ئەو گۆڕانانە لەچاو باری ناهەمواریی کۆمەڵگای عێراق کەمیش بێت، بەڵام لەڕووی ڕۆژنامەوانییەوە ژمـارەی گۆڤـار و ڕۆژنامە کوردییەکان زیاد بوو، بەمەش بواری زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ڕەخسا[1].

---

[1] دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار ڕێگەی بڵاو کردنەوەیان دا، لەوانە: (ڕۆژنامەی گەل– ١٩٥٩)، (ڕۆژنامەی ئازادی ١٩٥٩)، (ڕۆژنامەی خەبات ١٩٥٩)، (ڕۆژنامەی بروا ١٩٥٩)، (ڕۆژنامەی دەنگی گێتی ١٩٦٠)، (گۆڤاری ڕزگاری ١٩٥٩)، (گۆڤاری بلێسە ١٩٥٩)، (گۆڤاری نەورۆز ١٩٥٩)، (گۆڤاری ڕۆژی نوێ ١٩٦٠)، (گۆڤاری ڕوناهی ١٩٦١) و گەلێکی تر، بڕوانە: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل٦٧–١٠٧.

# گۆڤاری هیواو شیعری کوردی

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە شیعری کوردی

ئەگەر چاوێك بەمێژووی ئەدەبی کوردیدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئـەدەبی کوردییش سەرەتا بەشیعر دەستی پێ کردووە، یان ڕاستتر بڵێین، ئەو دەقە ئەدەبییانەی لەبەر دەستدان، لەکۆنەوە بەشیعر دەست پێ دەکەن و مێژووی پەخشانی نووسراو لەگەڵ چاپەمەنی و ڕۆژنامەو گۆڤارەوە بە شێوەیەکی سەرەکی دەست پێدەکات.

ئەمەش گەلێ هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، ڕەنگە لەهەموویان دیارتر ئەوەبێ، کە ژیانی مرۆڤ لەسەدەکانی ڕابردودا ئەوەندە ئاڵۆز نەبووبێ و لەتوانای شیعردا بووە بابەتە سادەکانی ئەو قۆناغە دەرببڕێت، ئەمە لەپاڵ ئەوەی شیعر بەچەند بەیتێکی سەروادار و مۆسیقی، کە لەبۆ زیاتر ئەزبەرکردن ئاسانە، توانیویانە بیپارێزن، بە پێچەوانەی پەخشان، کە پێویستی بە کاغەزو رووپەڕی ڕۆژنامەکانەو لەڕووی قەبارەوە درێژترەو بابەتەکانی فراوانترە و کەمتر لا لەسۆزو مۆسیقاو خەیاڵ و ئەندێشە دەکاتەوەو لەسەر بناغەیەکی ژیری و مەنتیق و بیرو هزرەوە دەڕوات، ئەمەش وەنەبێ تەنیا لەئەدەبی کوردیدا ئەم دیاردەیە هەبێت، لە مێژووی ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێشدا بەرچاو دەکەوێت. کۆنترین دەقی شیعری بەجێماومان چوارینەکانی (بابا تایەری هەمەدانی)یە، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا ژیاوە.[1] زانیارییەکی زۆرمان دەربارەی ژیانی ئەو شاعیرەمان لەبەر دەستدا نییەو ساڵی لەدایك بوون و مردنیشی تەواو ئاشکرانییە. ئەمە سەرباری ئەوەی بیروڕای وەهایش هەیە، کە باباتەیەر بە شاعرێکی کورد نازانن و هەر لوڕەکان بەکورد لە قەڵەم نادەن،[2]

---

[1] بڕوانە: حنا الفاخوري، تأريخ الادب العربي، الطبعة السادسة، بيروت، ١٩٤٢، ص٤٢.

سەرەتای پەخشانی فارسیش لەنیوەی یەکەمی چوارەمی کۆچییەوە دەست پێدەکات، بڕوانە: دکتر خطیب رهبر، گزینه نپر فارسی، بخش سوم، چاپ پنجم، انتشارات صفی علیشاه، تهران، ١٣٥٥، ص٥٩٥؛ وحید دستگردی، دیوان بابا طاهر عریان، چاپ دوم، مؤسسه مطبوعاتی امیر کبیر، تهران، ١٣٣٣، مقدمه.

دەربارەی ساڵی لەدایك بوون و مردنی باباتایەر.

[2] ڕای جیاواز زۆرە بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: محمدامین زەکی، بابا تاهیر، گ گەلاوێژ، ژ٧، س١، حوزەیرانی ١٩٤٠،ل٥-٩؛ شێخ محەمەدی خاڵ، باباتاهیری هەمەدانی مەشهور بەعوریان، گ. کۆڕی

شیعرەکانی باباتایەر بەدیالێکتی لوڕییـە و سـەرجەم شـیعرەکانی لەبابـەت تەسـەوفەوەیەو غەزەلیشی هەیە، فەلسەفەی ئەو تێڕوانینی ئەون بۆ بوون و ژیان و وەك خواناسێکی گەورە ناوبـانگی بـەزۆر لادا بلاْوبۆتـەوە، فارسـەکان دەسـکاری زۆری چـوارینەکان یـان دوو بەیتییەکانی ئەویان کردووە، بەلاْم مۆرکە کوردییەکەی خۆی پاراستووە.

بەرلەوەی باسی شیعر بکەین دەبیْ ئاماژە بۆ خـالێکی گـرنگ بکـەین، ئـەویش ئەوەیـە، بەهۆی ئەوەی کورد قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی نەبووە، کە بتوانیْ زمانی یەکگرتووی نووسین و ئەدەبیاتی هەبیْ، بۆیـە ئـەدەبی نووسـراو (بەتایبـەتی شـیعر)ی کۆنمـان بـەپێی حوکم و دەستەلاْتی میرنشـینەکان، کـە ئـەو سـەردەمە دیـالێکتی ئـەو ناوچـەیە بالاْدەست بووە، زمانی شیعر، بەو دیالێکتە بووە ئەمەش وای کـردووە، شـیعری کۆنمـان بـەدیالێکتی لوڕی و گۆرانی و کرمانجی سەروو و خواروو بێت، هەریەکـەیان لـەو دیالێکتانـە سـەردەمێك بوونەتە زمانی شیعر و شاعیران شیعریان پیْ نووسیوە.

عەلی حەریری و فەقیْ تەیران و ئەحمەدی باتـەیی.. لەناوچـە جیاجیاکـانی کوردسـتاندا دەرکەوتن و شیعرەکانیان نموونـەی گیـانی خواپەرسـتی و غـەزەلن. سـەبارەت بـە ژیـان و بەرهەمی ئەو شاعیرانەش زانیارییەکی تەواو لەبەردەست دانییـە، (عـەلی حـەریری) ناسـراو بووەو هاوچەرخی شاعیری گەورەی فارس (فیردەوسی) بووە، بۆیە لە شاهنامەکەیدا نـاوی بردووە:

مردی دیدەام در جزیر شیر دیدەام در حریر[1]

فەقیْ تەیران، یەکێکە لە شاعیرەکانی ترمان، د. عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوول دەڵـێ: (( دەتوانین تەواو لـەو ڕایـەوە نزیـك بینـەوە فـەقێی تـەیران لـەکۆتایی سـەدەی شـانزەهەم و

---

زانیاری کورد، ب٥، ل٣–٣١ عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، ل١٧٠؛ د. محمد نوری عارف، باباتاهیری هەمەدانی، گ. ڕۆشنبیری نویْ، ژ١٠٨، ل١٠٩–١٢٩.

د. محمد نوری سەبارەت بە کۆنترین دەقی شیعری کوردی ڕایەکی دیکەی هەیەو دەڵیْ: ((مەلا پەرێشان کۆنترین بەرهەمی نووسراوی ئەدەبی کوردییە، کە تا ئەمڕۆ پێمان گەیشتبیْ.)) بڕوانە: تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبیْ کوردی، گ. کۆلیجی ئەدەبیات: زانستگەی بەغدا، ژ١٨، ل٧٢. – بۆ وێنە بڕوانە: د. کمال فوئاد، گ. نووسەری کورد، ژ١٢.

[1] ڕێکێش ئامێدی، توری کوردیْ کەڤن و ئاڤڕییەك، گ. نووسەری کورد، ژ٤، خوولی سێهەم، ل١٧.

سەرەتای حەڤدەهەمی میلاد دا ژیاوە))[1]، شیعرەکانی بە نازناوی (میم و حێ) یـان (مـیم و هێ) نووسیوە، شاعیر ((لەچیرۆکی شێخی سەنعان دا بەشارەزایەکی ڕێبازەکانی فەلسەفەی ئیسلام خۆی دەنوێنێت، بەڵام شێوەی زۆربەی ئەم هۆنراوانـەی سـادەیەو لـەو ڕیزەیـە کـە بەهۆنراوەی میللی ناودەبرێت.))[2]

ئینجا مەلای جەزیری وەك شاعیرێکی بەتوانا ((ریزی پێشەوەی لە ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی گرتووە.))[3] شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەد ناسراو بە مەلای جەزیری لە کۆتـایی سەدەی دەهەمی هیجریدا ژیاوە، واتە لەپاش ساڵی (٩٥٠ھ) عەرەبی.[4]

مەلای جەزیری لەژێر کاریگەری شیعری فارسی بە تایبـەتی (حـافزی شـیرازی)دا بـووەو شیعرەکانی نموونەیێکی بەرزی شیعری غەزەل و خواپەرستین.

(ئەحمەدی خانی) وەك شاعیرێکی نەتەوەیی توانی گیانێکی تـازە بـەناوەڕۆکی شـیعری کوردی ببەخشێ و داستانی (مەم و زین) بەهۆنراوە بنووسێتەوەو تێکەڵ بەرازی دڵی خـۆی بکات، کە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و هاندانی شاعیرانە بۆ ئەوەی بە زمانی شیرینی کوردی بنووسن، بۆیە دەڵێ:

شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە
زین و مـەمێ بـکـم بەهـانە[5]

خانی وەك خۆی نووسیویە لە (١٠٦١)ی کۆچی بەرامبەر بە (١٦٥٠)ی زاینی لەدایك بووە:

لەورا کو دەما ژ غەیبێ فـەك بـوو
تەئریخ هەزارو شەســـت و یەك بوو[6]

---

[1] د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، شیعری کوردی، ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، بەشی یەکەم، ل١٨.

[2] کۆمەڵێ نووسەر، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چ٨، ل٨٣.

[3] کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چ٢، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٥٧.

[4] دکتۆر محمد نوری عارف، تێکستی ئەدەبی کوردی، بەشی دووەم، ل١٦٥.

[5] ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی هەژار، ل٣٠.

[6] زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چ٨، ل٨٠.

لەو شاعیرانەیشی کە بە دیالێکتی گۆرانی شیعرییان نووسیوە، مەلا پەرێشان و خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی و سەیدی هەورامی. لە شاعیرە دیارەکانن.

مەلا پەرێشان، کۆنترین شاعیری کوردە، کە بەشێوەی گۆرانی شیعری ئایینی نووسیووەو ئەم شاعیرە ناوی محەمەدەو خەڵکی دینەوەرە لە ناوچەی کرمانشاه، وەك خۆی نووسیویە: لە ساڵی ٨٠١ ی کۆچی ١٣٩٨-١٣٩٩ی زایینیدا ژیاوە. ناوەرۆکی هۆنراوەکانی ئایینییەو لەسەر مەزهەبی شیعە بووە.[١]

(خانای قوبادی)یش ئەو شاعیرەیە، کە بە سەرکەوتوویی (خوسرەو و شیرین)ەکەی شاعیری گەورەی فارس (نظامی گەنجەویی)[٢] وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دەربارەی بایەخی ئەم کارە ئەدەبییە. محمدی مەلا کەریم دەڵێ: ((ئەگەر بەچاوی هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبییەوە ئەم بابەتانە بخوێنینەوە بۆمان دەرئەکەوێ خانا چۆن هونەرمەندی بووەو کارەکەی لەجیهانی ئەدەبدا چ شاکارێکەو مایەی چۆن شانازێکە بۆ ئەدەبی کورد.))[٣] هەروەها دەڵێ ((هەر لەو بابەتانەی ئەتوانین وەك کەرەستەیەکی فۆلکلۆری کەڵکێکی باشیان لێ وەرگرین و خانا لەم کتێبەدا جێی کردونەتەوە.)).[٤]

(مەولەوی) لە شاعیرە زۆر ناسراوەکانی دیالێکتی گۆرانە، مەولەوی (سەید عەبدولڕەحیم نازناوی (مەعدومی)یە، ساڵی ١٢٢١ی کۆچی لە ناوچەی تاوەگۆزی لە گوندی (سەرشاتە) لەدایك بووەو لە ١٣٠٠ کۆچیدا مردووە.[٥] زۆربەی شیعرەکانی بۆ شێخەکانی نەقشبەندی نووسیوەو خۆی بە موریدی ئەوان زانیوە، بێجگە لەوەش هەندێ شیعری بەپێزی لەسەر سروشتی کوردستان نووسیوەو هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان لەوەدا یەك دەگرنەوە، کەسیما

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل١٠٨.

[٢] شاعیرێکی ناسراوی فارسییە، لەساڵانی ٥٣٤-٥٤٠ ك لەدایك بووەو لەساڵانی ٥٩٩-٦٠٢ مردووە، لەشاری (گەنجە) لەدایك بووەو دایکی ناوی (رئیسە) بووەو کورد بووە، بەرهەمەکانی: مخزن الاسرار، خسرو شیرین، لیلی و مجنون، هفت پیکر، اسکندرنامە، بروانە: کلیات خمسە حکیم (نظامي گنجەای)، انتشارات امیر کبیر، تهران، تیرماه، ١٣٤٤، ص١.

[٣] محمدی مەلا کەریم، شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی، بەغدا، ١٩٧٥، ل٢٣.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[٥] مەلا عبدالکریمی مدرس، دیوانی مەولەوی، ل(٨-١٠).

دیارەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا لە (مەولەوی)یەوە دەست پێدەکات لـە ڕووی ڕوخسارەوە، کێشی شیعرەکانیشی لەسەر کێشی پەنجەیە، یان کێشی خۆماڵییە.

ئەمەش وەنەبێ هەر لەشیعری مەولەوی بەڵکو لە شاعیرانی دیالێکتی گۆرانیدا هەستی پێدەکرێ، کە ڕەنگە یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی ئەوەبێت، کە ناوچە جوگرافییەکەی وای کردووە لە کاریگەری عەرەب و ئایینی ئیسلام بەدووربوونە و زیاتر ئەو کێشانە لە (سرودەکانی گاتاکان)ی ئاڤێستای زەردەشتدا وەرگرتبێت، هەروەها کێشی خۆماڵی (١٠) دە کەرتی کێشی هۆنراوەی فۆلکلۆرییە، مەولەوی بەکاری هێناوە.

د. مارف خەزنەدار دەڵێ: ((شیعری کوردی شێوەی گۆرانی شیعرێکی ڕەسەن و بەئەسڵ و بنیادە لەرووی ڕووخسارەوە، بەتایبەتی کێشی خۆماڵی (سیلابی)و قافیەی مەسنەوییە. زۆربەی هەرە زۆری کێشی شیعری شێوی گۆرانی کێشی دە کەرتی یە.))[1]

شیعری کلاسیکیی کوردیش بەشێوەی کرمانجی خواروو، لەسەردەمی میرنشینی بابان و لەسەر دەستی (نالی)و (سالم) و (کوردی) شیعرییان گەیاندە ئاستێکی بەرزی هونەری وردەکاریو ڕەوانپێژی. لە کات و سەردەمێکدا ئەوان شیعری یان بەو شێوازە نووسی، کە نووسینی کوردی بە زمانی کوردی نەدەنووسراو زیاتر زمانی فارسی زاڵ بوو، شاعیرەکانیش هەوڵیان دەدا بەزمانی فارسی بنووسن بۆ ئەوەی ناوبانگ و شۆرەت پەیدابکەن و زمانی کوردی ڕەواجی نەبوو و خوێندەواری نەبوو، بۆیە (نالی) غەمی گەورەی ئەوە بووە خەڵکەکە لە شیعرەکانی تێنەگەیشتوون و ڕێزی زمانی کوردی ناگرن، دەڵێ:

عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم گوت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم[2]

نالی ((خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی میکایەڵییە)، لە دێی (خاك و خۆڵ) لە ١٨٠٠ز لەدایك بووە و لە (١٨٧٣)ز لە ئەستەمبۆڵ کۆچی دوایی کردووە.))[3] نالی پێجگە لە زمانی کوردی، زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی باش زانیوەو شیعری پێ نووسیوەو خۆی دەڵێ:

---

[1] د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل٩٢.

[2] د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل٧٧.

[3] د. عبداللە حداد، (نالی) هەندێ زانیاری تازە، گ. کاروان، ژ٨٠، ل٣١.

فارس و کـــورد و عەرەب هەرســێم بەدەفتەر گرتووە
(نالی) ئەمڕۆ حاکـمـی ســێ موڵکە دیـوانی هەیە [1]

شـیعر لای (نـالی) سـەلیقەو وردەکـاریو سـەنعەت بـووە، شـیعرەکانی لەسـەر کێشـی عەرووزی عەرەبییە و هونەرەکانی غەزەل و قەسیدەو موستەزاد لـەناو شـیعرەکانیدا بـەدی دەکرێ. زمانی شیعرەکانی زمانێکی تێکەڵ لە زاراوەی فارسی و عەرەبییە، هاوکات لەگـەڵ (نالی)دا، سالم (عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقران) وەك شاعیرێکی نیشتمانپەروەری بەتوانا لەو سەردەمەدا ژیـاوەو شـیعرەکانی ئاوێنەیـەکی بێگـەردی سـەردەمی میرنشـینی بابـان و ڕووخاندنیەتی و هەستی نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا ئاشکرایە، تێگەیشتنی شیعرەکانی سالم ئاسان نین، لە شیعرەکانیدا سەبکی هیندی پێڕەو کردووەو زۆر شـوێن گـەڕاوەو لـە زمـانی فارسی و زاراوەی ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتدا شـارەزابووە، سـالم لـە سـاڵی(١٨٠٠ز)دا لـە سلێمانی لەدایك بووەو هەر لەوێش لە ساڵی(١٨٦٦ز)دا مردووە.[2]

حاجی قادری کۆیی، شاعیرێکی نیشتمانپەروەری کوردە، لە ساڵی(١٨١٧ ز)دا لەگونـدی (گۆڕقـەرەج) لـەدایك بـووە.[3] سـەرەتا لـە کۆیـەو پاشـان لـە ئەسـتەمبوڵ لای خێزانـی بەدرخانییەکان گیرساوەتەوەو شـیعرەکانی نەتەوەییـەکانی بەهـەموو لایـەکی کوردسـتاندا بڵاوبۆتەوە. لە غەزەل و وەسفی سروشتیدا دەسـتێکی بـاڵای هەیـە. لەشـیعرەکانیدا هـانی میللەتی کوردیداوە بۆ عیلم و خوێندەواری و بەتاقە ڕێگەی نەجات بوونی داناوە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی ساڵی ١٨٣٥ز لە گوندی (قرخ)ی سەر بە کەرکووك لـە دایکبـــووەو بەهـــۆی شیعـــرە هەجووەکـــانییەوە زۆر ناسـراوەو شـاعیری تـری لـەو بابەتـە و بـەو توانایەمان نییە و کەلێنێکی گەورە لەم مەبەستەی شیعری پڕکردۆتـەوە. شـاعیری شیعرە فارسـی و تورکییەکانیشـی لەئاسـتێکی هونـەری بـەرزدان و نیشـانەی دەسـتەڵاتی ئـەون

[1] د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل١١٥.

[2] حەمەسەعید حەمە کەریم، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، ل٢٢. لێرەدا حەسیب قەرەداغی (١٨٦٨)ی داناوە، هەروەها ڕەفیق حیلمی دەڵێ: ١٢٢٠ھ لەدایك بووەو لە ١٢٨٦ھ مردووە، بڕوانە: ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ل٥٤.

[3] سەردار میران و کەریم شارەزا دەڵێن: (١٨١٥-١٨١٦ز) بووەو لە ١٨٩٧ز، مردووە، بڕوانە، سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا ١٩٨٦، ل١٠-١٧.

لەزانینی ئەو دوو زمانەدا. دووجار سەردانی ئەستەمبووڵی کردووەو زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە، دواجار لە (١٩١٠ ز)دا کۆچی دوایی کردووە.[١]

شاعیرانی وەك حەمدی و بێخوودو کەمالی و ویصالی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیەش لاسایی ئەو شاعیرانەی سەرەتایان دەکردەوە. دەتوانین خاسیەتی شیعریی شاعیرانی کۆن لەم خاڵانەدا کۆبکەینەوە: هەموویان، بێجگە لەو شاعیرانەی بە دیالێکتی گۆرانی شیعریان نووسیوە) هونەرەکانی شیعری عەرەبی و فارسییان بەکار هێناوە، لە کیشی عەروزی عەرەبی و هونەرەکانی شیعریی وەك موستەزادو مولەممەع و پێنج خشتەکی و چوارین و تێ هەڵکێش و تەرجیع بەند. هەروەها لە هەڵبژاردنی مەبەستەکانی شیعردا، وەسف و ستایش و پیاهەڵدان و داشۆرین و غەزەل و نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی و ئایینی پێڕەوی شیعری میللەتانی ڕۆژهەڵاتیان کردووەو لە هەڵبژاردنی دەستەواژەو زاراوەی ئەدەبی کلاسیکی میللەتانی ڕۆژهەڵات درێغیان نەکردووە، وێڕای پێڕەوی شێوازەکانی (خوراسانی، عیراقی، هیندی).[٢] ((باسێکی دیار لە شیعری کلاسیکی کوردیدا – کە ڕەنگە تا ڕادەیەك لەزۆر بەرهەمی تری ڕۆژهەڵاتی جیابکاتەوە،ئەوە باسی وڵات و نیشتمانپەروەرییە، کە زۆر زوو لە شیعری کوردیدا سەری هەڵداوە)).[٣]

## تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا

دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرەتاو خاڵی وەرچەرخان بەرەو قۆناغێکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەستی پێکرد، ئەمەش لەرێگەی کاریگەری خوێندنەوەی ئەدەبیاتی تازەی تورکەوە، کە ئەوانیش لەو ڕۆژگارەدا بەهۆی کاریگەری ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا

---

[١] دکتۆر محمد نوری عارف، تێکستی ئەدەبی کوردی، ل١٢٥، سەبارەت بە ژیان و مردنی شێخ ڕەزا، عەلی تالەبانی دەڵێ: لە ١٢٥٣ ك لەدایك بووەو لە ١٣٢٧ ك مردووە، بڕوانە: علی تاڵەبانی، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، بەغدا، ل٣–٥.

[٢] ئەم شێوازانە تایبەتن بە شیعر (سبك)یان پێ دەوترێ، ئەگینا لە پەخشانیشدا شێوازی تر هەیە، بڕوانە: محمد تقی بهار (ملك الشعرا)، سبك شناسی یا تأریخ تطور نثر فارسی، جلد ٢ چاپ سوم، تهران، اذرماه ١٣٤٩.

[٣] د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، شیعری تازەی کوردی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٥، ل١٩٤.

لەهـــەوڵی نـــوێ بوونـــەوەو تازەكردنـــەوەدا بـــوون. بـــارودۆخی سیاســـی و كۆمەڵایـــەتی و ڕۆشـــنبیریی كوردســـتانیش كـــەوتبووە قۆنـــاغێكی نوێـــوەو تەنانـــەت د. عیـــزەدین مســـتەفا ڕەسوول دەڵێ: (تازەكردنەوەی شیعری كـوردی دەبەسـتێن بەبزوتنـەوەی ئازادیخوازانـەی نەتەوەیی كوردەوە..)١ پاشان دەڵێ: ((یەكەم گۆڕینی كـێش و قافیـەی شـیعری كـوردی، بەرەو شتێكی تازەی سەر بەجیهانی شیعری جیهانی لەسروودی كوردی دا بوو.))٢

لێرەدا (د.عیزەدین خۆی لەدەوری شێخ نـوری شـێخ سـاڵح دەدزێتـەوەو دەچـێتە سـەر (زێوەر)، كە ئەو سروودانەی لەسەر ئاوازی سروودو گـۆرانی تـوركی هۆنیوەتـەوە، بەمـەش ساڵی تازەكردنەوەی شیعری كوردی بۆ ناوەڕاستی بیستەكان دەگەڕێنێتەوەو لەپایەو ڕۆڵی ئەزموونەكانی شێخ نووری كەم دەكاتەوە، كـە وەك ڕەفیـق حیلمـی دەڵـێ: ((تـا ماوەیێـك زەعیمی ئەو ئینقلابە بووە.))٣ ئەگەر بەوردی بۆ سەرەتای ئەو تازەكردنەوەیە بچین، ئـەوا (پیرەمێرد) و (عبدالرحمن بەگی نفووس) و(شێخ نووری شـێخ سـاڵح) و (گـۆران)و (ڕەشـید نـەجیب) و (عبدالواحـد نـوری) بەڕابـەرانی ئـەو بزووتنەوەیـە دەژمێـردرێن و هەمووشـیان بەئاشكرا كاریگەری ئەدەبی توركییان بەسەرەوەبوو.

(گۆران) دەڵێ: ((نووسەرو شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نـووری و ڕەشـید نجیـب و من، كە پێكەوە بە ئەدەبی توركی متأسر بووین و پێكەوە ئەماننووسی، بەلاّم تـەنها شـێخ نـوری شـعرەكانی بلاّوئـەكردەوەو مـن بـلاّوی نەئـەكردەوەو ئـەو لـەم بارەیـەوە نشـاتی دەرئەكەوت و ئەدەبی توركی قوتابخانەی شعری تازەی تیا پەیدا ببـوو، كـە پێیـان ئـەوترا (ادبای فجری ئاتی) لەوان (توفیق فیكرەت) و (جلال ساهر) بوون. وە ئەدیبێكی تری تورك كە (عبدالحق حامد)ە ئەگەرچی لەم كۆمەڵە نـەبوو، بـەم دیسـان هـەر پێـی متأسـر بـووین، هەموومان بەیەكەوە ئەمان ڕوانییە یەك كلاّورۆژنە، بەلاّم ئەتوانرێ بە شـێخ نـوری بـووترێ سەرۆك بەهۆی:

١- زۆری بەرهەمی،

---

١ د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، شیعری تازەی كوردی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٠٥، ل١٩٥.

٢ سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.

٣ ڕەفیق حیلمی، ئینقیلاب لەشیعری كوردیدا، گ. پێشكەوتن، ژ١، س١، ١٩٥٨

٢- بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکـەی کـە بێگومـان تەئسـیری ئەبەخشـییە سـەر ئـەدەبی کوردی.))

سەبارەت بە سیماکانی ئەو تازەکردنەوەیەش دەڵێ: ((تازەکردنەوەکە چی بوو؟

١- یەکیەت بابەت (وەحدەی موچوع)یان هێنایە کایەوە.

٢- تەرتیبی قافیەکان گۆڕران.

٣- ئەگـەر شـعر هـەر لەسـەر عـەرووزی عـەرەب هۆنراوەتـەوە لـەم سـەردەمەدا، بـەلاّم مجزوئەکانی بحری عەروزیان وەرئەگرت.

لێرەدا لەئاست خاڵێکی گرنگ دەوەستین، ئـەویش ئەوەیـە بـەپێی قسـەکانی مامۆسـتا (گـۆران) خۆیشـی لـەرووی مێژووییـەوە بێگومـان (شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح) ڕچەشـکێنی شیعری کۆن بوو یان وەك (کامەران موکری) شاعیر واتەنی (مامۆسـتا مـاوەی گوێزانەوەیـە (فتره الانتقال) لە هۆنراوەی کوردیدا.))

ئەم تازەکردنەوەیەش هەروا بەخۆڕایی نەبوو، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەو ڕۆژگارەدا، پێویستی بە ژیانێکی نـوێ و سەربەسـتی و گـۆڕان لـە چـەمکی شیعرییشـدا هەبوو وەك بەشداری کردنێك لەو پرۆسەیەدا، ئـەوەش دیـارە سـەرەتاکەی لـەلای کەسـانی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەرز دێتەکایەوە،[١] شێخ نوری توانی یاخی بوونی خۆی ڕابگەیەنێ و بەرهەمەکانی بەقەناعەتـەوە بـوێرێ بڵاوبکاتـەوە. ((ئەگـەر خوێنـەر بـە وردی شـوێن پێـی شیعرو نووسینەکانی شێخ نـووری هـەڵگرێ، ئـەوەی بـۆ ڕوون دەبێتەوە،کـە لەگـەڵ (نـوێ بوونەوەکە) سەرپێی و ڕاگوزارانە نەبووە، بەڵکو بەدڵ و بەگیان و لە قـووڵایی نـاخییەوە لـە

---

[١] لەو کاتەدا نوری شێخ ساڵح بەتەمەن لەگۆران گەورەتربووە، زیاتر قاڵبووی نێو ڕۆشنبیری سەردەم بووە، ئەمە سەرباری ئەوەی بێجگە لە شیعر وەك ڕۆژنامەنووسێکیش چەندین وتار نووسیوە، لەوانە: ٢٥ ئەڵقە لەوتاری (ئەدەبیاتی کوردی) لەرۆژنامەی (ژیان) ساڵی ١٩٢٦-١٩٢٧، لەبارەی ئەم وتارانەوە دکتۆر کامل حسن البصیر، دەڵێ: ((بۆ یەکەم جار لەمێژووی ڕۆشنبیری ویژەیی کوردیدا ئەم نووسەرە کوردە دروشمی ڕێبازی زانستی لەکۆڕی لێکۆڵینەوی ڕەخنەسازی و ویژەیی دا بە چەشنێکی تیۆریی پراکتیکی بەرز کردۆتەوە.)) بڕوانە: دکتۆر کامیل حسن عزیز البصیر، شێخ نوری شێخ ساڵح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی ویژەیی و ڕەخنەسازیدا، ل٨٤.

گەڵی هەڵتەکاوەو چووەتە ناو ئەزموونی تازەی شیعری کوردییەوە، یەکەم جار کە ویستی بەشیعری تازەی تەعبیر لە ژیان و ڕوانینی تازە بکات.))[1]

ئەم دەست نیشانکردنە مێژووییە بۆ سەرەتای تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ئەوە ناگەیەنێ، کە کەسی تر بەشداری نەکردووە یان ڕادەی داهێنانی شاکاری شیعری فلان لەفلان باشترە، نەخێر، هەر شاعیرەو بەپێی بەرهەمەکانی پایەی خۆی دەست نیشان دەکات و بەرهەمەکانی گەواهی بۆ ئاستی شیعری ئەو دەدن، بەڵام لە نووسینەوەی مێووی تازەکردنەوەی شیعری کوردیشدا نابێ ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخرێت،کە سەرەتا کێ دەستی پێکردووەو ڕچەکەی شکاندووە، شێخ نووری هەستی بەوە کردووە، کە دەبێ ئەدەبی کوردی و شیعری کوردییش خاسیەتی خۆی هەبێ و نابێ هەر چاوی لەلاسایی کردنەوەی عەرووزی عەرەبی بێت، بۆیە دەڵێ: ((مەعلوومی عالیتانە زبانێکیش کە مەوجوودیەتی خۆی ئیسپات بکا لازمە بەڵکو واجبە ئەدەبیاتی ببێ، لە نووسیندا ڕیعایەت بکرێ، چونکە تەرزی تەکللوم و شێوەی تەحریریەی هەموو قەوم و میللەتێ جیاوازە. ڕیعایەت کردنی ئەم نوقتەیەش بە وجودی عیلم و ئەدەبیاتەوە مومکینە کە ئەم جیهەتەش مەعەل ئەسەف مەفقوودە.))[2]

(گۆران) زیاتر لەناو هاوەڵەکانی دەرکەوت و بووە لوتکەیەکی بڵند لە پرسەی تازە کردنەوەی شیعری کوردیدا، کەئەمەش بێ گومان چەند هۆکارێك یارمەتیدەری بوون، وەك زانینی زمانانی تری غەیری کوردی (بەتایبەتی ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزیدا)و شارەزایی لە ئەدەبیاتی کۆن و تازەی ڕۆژهەلات و ئەزموونی شیعرییان و بەردەوام بوون لەگەشت و گوزارو باری ناگزووری خێزانی و لەسەرووی هەمووشیانەوە تێکەڵاو بوونی بەسیاسەتەوە لەبەر گرتنی ڕێبازی ڕیالییزم.

(گۆران) خۆی ئەمەی ڕوون کردۆتەوە: ((پاش ئەم ماوەیە کە سەرمەستی ئەدەبی تورکی وفارسی بووین، بەرە بەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئەدەبی ئینگلیزی

[1] ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، ب١، بەشی یەکەم، ل١٥٧.

[2] نوری، ئەدبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژ٢٠، س١، (١٠)ی حوزەیرانی ١٩٢٦.

هاتنە کایەوەو بڵاو بوونەوە، وە هەروەها (تیار)ی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتـە ناومانـەوە وە من بەتەئسیری ئەم دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە.))١

## گۆڤاری هیواو شیعری کوردی

یەکێ لە بابەتە سەرەکییەکانی هونەرەکانی ئەدەب، کە گۆڤاری هیوا گرنگییـەکی زۆری پێد اوەو هەوڵی پێشخستنی داوە، (شیعرە). ئەو شیعرانەی، کە لە (دیوانی هیوا)دا یان بـە جیا لەو گۆشەیەدا بلاو کراونەتەوە، لە ڕووی شێوەکانی زمانی کوردییەوە دابەش دەبن بـۆ کرمانجی خواروو و کرمانجی سەروو گۆرانی.. هەروەها لە ڕوانگەی ڕێبازە ئەدەبییەکانـەوە کلاسییزم و ڕۆمانسییزم و ڕیالییزمی گرتۆتەوە.

شیعرە بلاوکراوەکانی ناو گۆڤارەکە لە ڕووی مەبەست و ناوەڕۆکەوە، شیعری نیشتمانی و سیاسـی و غــەزەل و دلـداری و کۆمەلایـەتی و شـیوەن و وەسـف و گالتـەو گـەپ و موناسەباتن. گۆڤاری هیوا لەگـەڵ بلاوکردنـەوەی ژمارەیـەکی کـەم لـە شـیعری شـاعیرانی کلاسیکی و هەولـدان بۆبلاوکردنـەوەی نموونـەی شـیعری ڕۆمانسـی بـە پێـز، گرنگـی دانـی سەرەکی بۆ شیعری ڕیالیزم تەرخان کردووە، دیـارە ئەمـەش هـەروا ڕێکـەوت نییـە، بـەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو ڕووداوە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتییانـەی دوای جـەنگی جیهـانی دووەم و سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز کاریگەرییـەکی زۆریـان بەسـەر دەروون و بیرکردنــەوەو هوشــیاری شــاعیرو نووســەرانەوە هــەبووە، بۆیــە هەڵبــژاردنی بابەتــە ســەرەکییەکانی ژیـان و موعانـات و ژانـی چـینی زەحمـەتکێش بوونـە تـەوەری سـەرەکی شیعرەکان بوونە ئاوێنەیەکی بێ گەردی خەباتی هەژاران و کۆڵنەدەران و شاعیری نوێ وەك شاعیرە کلاسییزمەکان وێڵی زەخرفەوە وردەکاری و عەرووز و وشەبازی نەبوو، بەشێوەیەك شیعرەکانی، کە هیچ مۆرکێکی نەتەوەیی کوردیی لـە ڕووی مەبەسـت و ناوەڕۆکـەوە پێـوە دیار نەبوو. لە ڕووی ڕووخساریشەوە لاساییەکی کت و متی شـێوازو تەکنیکـەکانی شـیعری چـینی دەرەبـەگ و دیوەخـان دابـوو لەگـەڵ خـەمی چـینی زەحمەتکێشـی کـورددا نـەبوو، هەروەها شاعیری نـوێ بەپێچـەوانەوەی شـاعیرە ڕۆمانسـییزمەکانیش لەبۆتـەی خەفـەت و خەیاڵ و فانتازیدا نەدەتوایەوەو لە واقیع ڕابکات و ڕوو لەدەشـت و دەر بکـات و ئـەو ژیانـە بەشتێکی ناچیز بزانێـت و ڕوو لـە سروشـت بکـات، بـەڵکو بـڕوای بـەریالیزم بـووە، چـونکە

[1] عبدالرزاق بیمار، دانیشتنێك لەگەڵ –گۆران–دا، گ. بەیان، ژ٢، ل٣٠.

(ریـــالییزم مەهەســـتی خـــەباتی ڕەنجدەرانـــە لـــە ژیـــانی مـــرۆڤ دا، دژی هـــەموو جـــۆرە چەوساندنەوەیێکی نەتەوایەتی و چینایەتی)یە،[1] لەم دیو بۆچوونەوە گۆڤاری هیوا شـیعری ڕیالیزمی زیاتر چەسپاندو بەرەو پێشەوەی برد.

گۆڤاری (هیوا)یش هەرەکو ئەزموونی پـێش خـۆی لـە گۆڤـاری (گەلاوێـژ)دا، لـە سـالآنی سەرەتای تەمەنیدا گۆشەیەکی کردبۆوە بـە نـاوی (دیـوانی هیـوا) و تیایـدا زیـاتر لـە (٢٠٠) پارچە شیعری بلأو کردۆتەوە.

## ا- شیعرەکانی گۆڤاری ( هیوا ) بە پێی مەبەست و ناوەرۆك:

شیعرەکانی ناو گۆڤاری هیوا بەپێی مەبەست وناوەرۆك بەم شێوەیە دابەش دەکەین:

### شیعری سیاسی:

ئەو بابەتە سیاسییە سەرەکییانەی، کە لە شیعرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە ئەمانەن: خـەباتی نەتـەوەیی کـورد بـۆ ڕزگـاربوون، برایـەتی کـوردو عـەرەب و پشـتگیری لـە شۆڕشـی ١٤ی تەمووز، خۆشەویستی خاك و نەتەوەو ئـازادی. (عوسمـان عـوزێری) لـە پارچـە شـیعرێکدا بیری نەتەوەیی خۆی دەردەبڕێ:

پێست و گۆشت و ئێسقانەکەم    خوێن و دەماری گیانەکەم
هۆش و بیرو گشت ئامانجم    لەگەڵ ماوەی ژیانەکەم
ناویان بەکوردی نراوە    یەك ئاواتیان تیا نێژراوە
ئەویش پەرستنی کوردە    بە بنچینەم سپێرراوە[2]

(بەختیار زیوەر)ی شاعیر ڕۆڵەکانی کورد بەرەو یەکیەتی و تەبایی هان دەدا بەوەی چـاکی مەردایەتی لێ هەڵکەن و هیوایان بەژیانی ئازادی بەرز بێت:

میللەتێك هیوای بەرزی ژیان بێ
تینووی ئازادیو دیلی زەمان بێ
بەندی هەژاری زۆر لاگران بێ

---

[1] عومەر مەعروف بەرزنجی، پشکۆو ڕیالیزم، گ. نووسەری کورد، ژ٦، بەغدا، مارت ونیسانی ١٩٧٣، ل٨٢.

[2] عوسمان عوزێری، کوردم، گ. هیوا، ژ٩، س١، ل٨١.

هێزی مەردانەی کە هاتە گەرش
وەك –ئەتۆم– زەمین دێنێتە جۆش[1]

جەمال شاربازێری، خۆشەویستی خاك وای لیٚ دەكات خەبات بكات تاوەك مژدەی هەڵهاتنی پرشنگی وڵات ڕووناك بكاتەوە:

ئەی كوردستان، ئەی مەڵبەندی، نەتەوەی كورد
ئەی ئەو دایكەی، بەخوێن منت پەروەردە كرد
ئەی ئەو خاكەی بەسەر تۆدا هەنگاو ئەنێم
لەناو تۆدا: ئەخۆم، ئەژیم، بەستە ئەڵێم[2]

قەدری جان دبێژی:

مزگین... مزگین... گەلی كوردان
روژا كوردستانی هەلات...
بارزانی هاتە نشتمان
شێر هات وڵات... شێر هات وڵات
مزگین ل وە، بارزانی هات[3]

شاعیری كورد خەمی ڕزگاری و خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ خەباتی گەلی جەزائیر گرێداوە و خۆی بەهاوبەشی خەباتیان دەزانیٚ و هەردوولا خۆیان ڕووبەرووی ئیمپریالیزمی جیهانی دەدۆزنەوە، (ك. ج، غەمبار) دەڵیٚ:

وەك فرۆكە بكەوە گەڕ     ئەی كۆتری جوانی نامەبەر
بفڕە، بڕە، جەرگی ئاسمان     بەسەر زەریا، دەشت، بیابان
تاكو ئەگەیتە –جەزایر–     وڵاتی ئاسن و ئاگر
تا دەگاتە:     ئەوسا بڕۆ لای جەمیلە     ئەوقارەمانەی كە دیلە[4]

سەركەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، ڕۆژگارێكی تازەی بۆ هەڵڕشتنی خەمی پەنگ خواردووی دەروونی شاعیر ڕەخساند. ساڵانی یەكەمی شۆڕش هەموو كەناڵەكانی ڕۆشنبیریی ئازاد كرد، حەسیب قەرەداخی دەڵیٚ:

---

[1] گ هیوا، ژ١٠، س١، ل٤٨.

[2] جەمال شاربازێری، بۆ كوردستان، گ. هیوا، ژ٦، ٧، س٢، ل٨٠.

[3] قەدری جان، شیعری وڵات بارزانی هات، گ. هیوا، ژ٤، س٢، ل٧٦.

[4] ك. ج. غەمبار، نامەیەك بۆ جەمیلە، گ هیوا، ژ٩، س١، ل٣٥.

ئەمرۆ جەژنە جەژنی شادی جەژنی ئازادی وڵات
جەژنی مایەی هەوڵ و کۆشش دەردو ئازار و خەبات
جەژنی میللەت کوردە عەرەب جەژنی پیرۆزو بەهات
جەژنی خۆشی و بەختیاری جەژنی سەربەستی و نەجات[1]



**حەسیب قەرەداخی**

## شیعری غەزەل و دڵداری:

(نالی) لەغەزەلێکی تەڕو پاراودا، دنیاو قیامەت بە زولف و پیشانی یارەکەی دەگۆڕێتەوە، بێ زینەتی ماچی خۆشەویستەکەی ڕۆژوویشی بەتاڵە" (نالی) غەزەلەکانی ئەوەندە وردن، توانەوەیە لە عەشقا بۆیە دەڵێ:

دەورانیـــــــــە وەك هـێـلـەکـی ســــــــــەوداســـــــــەری گـیــــــــــــژم
بۆیە بە دەقیقی مەســــــــلە هەرچی دەبێژم
هەر پەرچەم و پیشانیە فکری شــــــەوو ڕۆژم
هەر گـــــەردن و زولفە ئەمەلی دوورو درێژم

[1] حسیب قەرەداخی، بیرەوەری یەکەم ساڵی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، گ. هیوا، ژ(١٢،١١)، س٢، ل٥٥.

بێ دیدەو دیاری ئەتۆ خـــــوێنە گــــرینم
یەعنی گـوڵ و نێرگس کە نەبێ لالــە دەنێژم[1]

(پێناو)، زوخاوی دڵ بەدەست غەم و پەژارەی دڵداری لە تابلۆیەکی ڕەنگین دەنەخشێنێ و لێك دابڕانی خۆی و خۆشەویستەکەی دەبێتە یادگارێکی جوان و دووبارە هیوایـەکی تـازەی پێ دەبەخشێتەوە:

هەزار ئەفســـووس بەهەشـــتی پاکی دڵداری کە جارێکە
کە دڵ ئاوارە بوو تیایا ژیـــــان زنجێکی تاریکە
شـــــەپۆلی ئەرك و ئازارە شــــەپۆلی ئەرك و فرمێسکە
ئەوەی بۆت جێ بهێڵێ جۆش و قوڵپەی یادگارێکە
لەناو دڵدایە کڵپەی دێ بەلام بێ سوودە بێ کەڵکە[2]

مارف بەرزنجی (پشکۆ) خەفەت بۆ ڕۆژانـی لاوی دەخـواو لەگـەڵ دڵ دەکەوێتـە ڕازو نیـازو گفتوگۆ، ئـەو ڕۆژانـەی، کـە لەگـەڵ نیگـاری خـۆی دڵیـان گۆڕیوەتـەوەو پـاکی خۆیـان بـە سروشتی ڕەنگینی کوردستان دەچوێنێ:

هــــەتاو نیگـــار یـــاری لـــێ ون بـــووم         بەهەشـــتی دڵـــم زۆر زوو لەدەســـت چـــووم
کــــە جـــارێکی تـــر نیگـــار دێتـــەوە         جـــوانی بەســــەر چـــوو ناگەڕێتـــەوە
کاتێك کە لاو بووم یار وەك پەڕە گوڵ         گـــــــــۆڕیمانەوە لەگەڵ یەکتر... دڵ[3]

(گـۆران)ی جـوان پەرسـت و شـەیدای تـەزووی گـەرمی دڵـداری بەرامبـەر کچێکی قـژ زەرد لەهەولێر، بەبەندییەوە هەستی خۆی دەردەبڕێ:

ئـەی قـژ زەرد! ئـەی بـەژن و بـالای کەڵگـەت!         بـۆ کـز ڕاوەسـتاوی بەرامبـەر مـن؟
بۆ دەستت ناوەتـە ژێـر چـەنەی خەفـەت         لـە عاسـتی دیمـەنی دەربـەدەری مـن؟
ئـەو چـاوە کالانــەت، نیگـای دەربەســت بـوون         لەبەرچـی ئەگرنـە گرفتـاری مــن؟
سرنجت، ڕووی دەمی پرس کردنی ڕوون         ئەکاتە کەلەپچەی دەستی دیاری من؟[4]

---

[1] گ. هیوا، ژ٤، س١، ل٤٣.

[2] پێناو، هەزار ئەفسوس، گ. هیوا، ژ٦، س١، ل٥٠.

[3] پشکۆ، دڵی من، گ. هیوا، ژ٧، س١، ل٤٠.

[4] گۆران، دوا سرنج، گ. هیوا، ژ ٤، س٣، ل٢٤.

## شیعری کۆمەڵایەتی:

ژمارەیەکی زۆر شیعری کۆمەڵایەتی لە گۆڤاری هیوادا بڵاوکراوەتەوە.تەوەرەی سەرەکی بابەتەکان بە چواردەوری ئەم لایەنانەدا دەسوڕێتەوە، هاندانی کۆمەڵ بەرەو خوێندەواری و زانست و ڕوو کردنە قوتابخانە، کێشەی نێوان ئاغاو جووتیارو پیشاندانی زوڵم و زۆرداری دەربەگ و بێ دەستەڵاتی جووتیار لەلادێ یەکان دا، هاندانی کۆمەڵ بۆ پشتگیری و یارمەتی و هاوکاری یەکتر لەکاتی ڕوودانی ڕووداوی سروشتی وەك لافاو، باری گوزەرانی ناهەمواری فەرمانبەران و ڕێز گرتنی پایەی خوێندەوار لەناو کۆمەڵدا، زەرەرو زیانی مەی خواردنەوەو چەندین بابەتی دی کۆمەڵایەتی ناوەرۆکی شیعرەکان پێك دەهێنن.

(ا. ب. هەوری)، لە ئۆپەرێتی وەرزی ساڵ ئێش و کاری جووتیارو سەپان و وەرزێر و ئاودێرو قازانجیان بۆ وڵات و ڕەنج و ماندووبوونیان لەئۆپەریەتیەکی شیعریی وێنە کێشاوە" وێنەکان بەزمانێکی سادەو ساکارو بێگرێ وگۆڵەیە:

جووتیار:

| | |
|---|---|
| مـن جـووتیـاری وڵاتم | پاییـزە وەخـتە هاتـم |
| بە مانگ زیاتر پێـش پەڵە | ورد لەسەر خۆ بـێ هەڵە |
| تفاقی جووت هەڵ ئەگرم | ڕێ بـۆ وەردەکـەم ئەگرم |
| بانە ئەبڕم تـاك و جووت | تۆو ئەچێنم ڕۆژە جـووت |
| بەهۆ هۆ ئەرز ئەکێـڵـم | خەفەت لەوێ جـێ بێـڵـم[1] |

کارەساتی لافاوەکەی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٥٧دا، هەستی زۆر لەشاعیران و چیرۆکنووسانی وروژاند، گۆڤاری (هیوا)یش ژمارەیەکی تەرخان کرد بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو نووسینانە،[2] بینینی دیمەنی هات و هاواری دایکان بۆ منداڵی ناو بێشکەی خنکاوو کەسو کاریان و مردنی چەندین کوڕی گەنج و تێکدانی خانووی شڕی هەژاران، (خالید ڕەشید زێوەر)ی واهەژاندوە:

---

[1] ا. ب. هەوری، ئۆپەرێتی وەرزی ساڵ، گ. هیوا، ژ٤، س١، ل٤٥-٤٦.

[2] لەو ژمارە تایبەتیەی گۆڤاری هیوا، کە ژمارەی (٥)ی تشرینی دووەمی (١٩٥٧)ە، ئەم شیعرانە بەرچاو دەکەون، کەتایبەتن بۆ لافاوەکەی سلێمانی، لافاوی مەرگ: خالد ڕەشید (لافاو، کامل ژیر). هەروەها چیرۆکی (کوا کوڕەکەم، مستەفا سالح کەریم). وتاری (کارەساتە ستەمەکە، ع. شەماڵ)، چیرۆکی (لافاو، ع).

رۆژی جمعە بوو سەر لە ئێوارە لافاوی مەرگ هاتە ئەم شارە
باوەشی ئەکرد بە گەلی کوردا چ لەسەر جادە چ لەناو ژووردا
نەی ئەبیست هاوار ئەی برد، ئەی فڕان بەجێی نە ئەهێشت هەتا ئەی مران
سێ پیاوی پیر، سێ لاوی خوێن گەرم وەك سەگی برسی، بردنی بەبێ شەرم[1]

دەردێکی کۆمەلآیەتی باو لەسایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی پەنجا و شەتەکان و بەدواوەو، بەزۆر بەشوودانی کچ و شیربایی و نەبوونی سەربەستی ئافرەت لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی دا لە ئەدەبی کوردی بە شیعرو چیرۆکییەوە ڕەنگی داوەتەوە، (کامەران) بە (چیرۆکە شیعر) ئاماژەی بۆ کردووەوە دیمەنێکی جوانی ئەو تابلۆیەی بۆ کێشاوین:

بووك گەیشتە ژووری تەلار دەوریـــان دا کچی نازدار
جوانترین شتی وان، دەگمەن لە ژوورێکا ئاوێن بـــــەن
جوان، ڕێکیان خستبوو بۆ بووك بووکی وردیلەی ئێسك سووك

تا دەگاتە:

دڵی زاواش پیری تــــــەڕ پۆش هەر چاك بوو، نە ئەبوو بێ هۆش
زاوا پۆشـــــــی بووی جلی جوان سەری تاشـــــــی بوو بەگوێزان[2]

لە ناهەمواریيە کۆمەلآیەتییەکان (سوورانە)یە، کە ئاغاکان سەپاندبوویان و مەسەلەی جیاوازی نێوان کوڕو کچ لەلادێ دا، شاعیرزیرەکانە مەسەلەکە پەیوەست دەکات بەرادەی بیر کردنەوەی دەرەبەگ و پاشە ڕۆژی کچ و لەهەمان کات داوای چارەسەری ئەو مەسەلەیە دەکات:

لە کوردستان جارێك بۆ لای کوردێك چون، بە موژدەوە، لە بۆموژدانەی کچ بوون
جوان هاتەدوو، ئەو کوردە، زوو لەوانە وتی: موژدەی کچ بوون لەسەر میرانە!
چونکە میر کچ ئەدا بەشوو هەر خۆشی سوورانەوەکی ئەسێنێ و ئەیکا نۆشی[1]

---

[1] خالد ڕەشید (زێوەر)، لافاوی مەرگ، گ. هیوا، ژ٥، س٢، ل١٥.

[2] کامەران، تیشکی چرایەك، گ. هیوا، ژ١٠، س١، ل٨٢.

شاعیران و ڕوناکبیران بەچاکی هەستیان بەوە کردووە، یەکێ لەو هۆیانەی بووەتە هـۆی کورد لەکاروانی پێشکەوتن دوا بکەوێت لەپاڵ هەژاری و نەخۆشی دا نەخوێندەوارییە، بۆیـە داوایان لەلاوی کورد کردووە ڕوو لەزانست و خوێندەواری بکات:

لاوی کورد بخوێن خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گـەل
تیشکی زانینە ئەدا ڕۆشن بەئەستێرەی ئەمـــــەل
میللەتی جاهل لە قافلەی ژین و تاریخی بەشـــــەو
دەستە پاچە کەوتووە، جێ ماوە، لەش ئیفیج و شەل

تا دەگاتە:

بۆ ئەوەی ئێمەش بچینە ڕیزی وان ئەی لاوی کـورد
تێ بگە، کۆشش بکە، هەنگاو هەڵێنە، بکوتە پەل[٢]

سروشتی کوردستان تێکەڵاو بەروحی مرۆڤی کورد بووە، شاعیر کە پەروەردەی سروشتی ڕەنگینی کوردستانە، شانازی بەوە کردووە کوردستان لە جوانی دا نموونەی بەهەشتی سەر زەمینـە، تەنانـەت ئیسـتاتیکای سروشـت لای هەنـدێ شـاعیر بووەتـە خـەمێکی گـەورەو پەیوەستی بەهەستی نەتەوەیییەوە کردوە، (کامل ژیر) لەبەهاری کوردستان دەدوێ:

بۆ جوانی بەهار
بەهاری سەر وەرزی دیار
زەردەخەنەو گەشەی ژیان
بەهاری خاکی کوردستان
خاکێك بێ گرێ و سەرپاسەر
پێك هاتبێ لەپیتو فەڕ
لەجێ و نیگاری دڵ ڕفێن
لەباو شەماڵی خەم ڕەوێن[٣]

---

[١] هۆشەنگ، سوورانە، گ. هیوا، ژ(٢،٣)، س٣، ل٦١، ٦٢..

[145] دلّزار، لاوی کورد، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل,٢٣

[146] کامل ژیر، بەهاری کوردستان گ. هیوا، ژ ١، س١، ل,١٩

لەوەسفی جوانی ڕەزو باخی شاری شەقلاوە لە هاویناندا وەك هاوینەهەوارێك بۆ گەشتگەران، شاعیر وەسفێکی جوانی کردووەو لە هەمان کاتدا ئەو وەسفە پەیوەست دەکا بەکوردایەتییەوە:

شەقلاوە خاکی کوردان مەلبەندی شێرو مـەردان
دیمەنی باخی مێوەت هەر لەگوڵ ئەچـێ شێـوەت
لەنجەی چناور لاولاو شەنگەبی وسەروی دەم ئاو
ڕائەکێشی دڵ و گیان کات و دەمـــــی ئێواران
خوڕەی ئاوی ساردی تۆ دارو دڕك و بەردی تۆ[1]

مارف بەرزنجی (پشکۆ) لە وەسفی (قادر کەرەم)، کە مەڵبەنـدی لـەدایکبوونی خۆیـەتی، ناوی میوەو میوەجات و شوێنەکان و ڕووبار و ڕاوو شکاری مەڵبەندەکە دەکاتە تابلۆیەك بۆ خوێنەر:

چەمی (باسەڕە) و تاڤگـە و ناورونی        لە (گۆمە گەورە) بۆمەلـــــەوانی
وێنەی پەلکی یار خەم خەم و پێچ پێچ        یا وەك تیرەمار بکشێ پێچــاو پێچ
سالـــــی دووهەم کە هاوینانە[2]

---

[147] وەردی، جوانی شەقلاوە، گ. هیوا، ژ١، س٣، ل٤٢.

[2] پشکۆ، وێنەیەك لەژیانی ڕابردووی قادر کەرەم، گ. هیوا، ژ٤، س٤، ل١٨.



**مارف بەرزنجی ( پشکۆ )**

هەر لەوەسفی بەهارو سروشتی کوردستان دا شیعرە بەناوبانگەکەی حاجی قادری کۆیی، کەوەك فەرهنگێکی دەوڵەمەندی ناوی گوڵەکانی بەهاری کوردستان وایە بڵاو کراوەتەوەو نموونەیەکی بەرزی داهێنانی شیعرییە:

وتم بەبەختی خەواڵوو: وەرە ئەتوبی خوا
لە خەو هەڵستە زەمانێ بچنە ئەولا
گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات
پڕە لەلالەو نەسرین و نەرگسی شەهلا[149]

لەلای (مەولەوی) بەهار مەدلولێکی تری هەیە، بەفرمێسکی چاو جۆگە هەڵدەبەستێ و لەگەڵ هیجرانی یار دا پەیوەندی دەکات و بەهار بۆ ئەو بەو هەموو جوانییەوە، مایەی خەفەتە:

---

[149] حاجی قادری کۆیی، وتم بەبختی خەواڵو، گ، هیوا، ژ ٥، س٣، ل١٨.

وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران　　نم کەوت نەدیدەش چون شەو بیداران
پەی دڵەی مانیای دەروون مەلالان　　سایە بەستەوە خەیمەی گولالان
بوی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دل　　مانو وەنەسیم جیب جەمین گول[1]

## شیعری گاڵتەوگەپ

گاڵتەو گەپ لەناوەرۆکدا یان بۆ بەسەبردنی کات و خۆشییە و دەروونی مرۆڤ ئاسوودە دەکات یان ڕەخنەیەکی توونەدو ئاڕاستەی کۆمەڵ دەکرێت و گاڵتەو گەپەکە دەکرێ بەهۆیەك بۆ ئەوەی مەبەستە سەرەکییەکەی پێ ڕوون بکرێتەوە، کە ناهەمواریەکە.

(محمود حاجی ڕحیم)، بە شێوەیەکی گاڵتە جاڕانە، باسی پیاوانی ڕژێمی پاشایەتی دەکات، کە زۆریان بۆ ئینگلیز کرد، بەڵام ئیمپریالیزم بەهانایانەوە نەهات و شۆڕشی ١٤ی تەمووز تەخت و تاراجی تەفرو تونا کردن:

کوا بزەی سمێڵی جاران کوا گـورجو گـۆڵی
بیســـتم وتت کێ ئەم کوڕێ نەبووە لەدایك
بەخێرێ تــۆی لە مـەیـدانا ئەڵێی فتبۆڵی
وتیان پەنجەت ئیشـــارەت بات دنیا ئەسوتێ
با عیبرەت بێت بۆیان دیتیان پەنجە و قۆڵـــی

تادەگاتە:

ســـەدجار وتت کوڕی گەورەو ڕاستی ئینگلیزم
کوا ئەی بۆ ئێستـا ناتنـاسن کەوابـوو زۆڵـی[2]

(هەژار)ی شاعیر لە شیعرێکی گاڵتەئامێزدا شەڕی براکوژی و تەفرەقەی نێوان لایەنە سیاسییەکان و کورد کوژی دەخاتەڕوو، کە دەمێکە کورد پێیەوە دەناڵێنێ و ڕەخنەیەکی بەسوودە بۆ یەکگرتنی ڕیزەکانی کۆمەڵ:

بایز:
چیت بۆ بڵێم؟ بەخوا بونە دوو دەســتە
هەر داوێنەیەك بەجـوێ، و بەســـتە
یەك دەڵێ ســـوورم یەك دەڵێ بـۆرم

[1] مەولەوی و بەهار، گ. هیوا، ژ٣٢، س٤، ل٢٠.
[2] محمود حاجی ڕحیم، کێ ئازایە، گ. هیوا، ژ٢، س٢، ل٧١.

یـــەك دەڵێ زەردم یەك دەڵــێ زۆرم
یەکێ ئێژێ قیڕ یـــەکێ ئێژێ ماست
یــــەکێ ئەڵێ لار یەکێ ئەڵێ ڕاست
تا چەنـــــــە شل بوو چەقەو جنێوە
ئەمجا شەڕە شــــەق ئەڕوا بـــەڕێوە
تا دەگاتە، باپیر:

| | |
|---|---|
| بـــــایز چیمان و چم چاو پێکەوت | هەرچی ئەی بینین هەر لارەو چەوت |
| وتمان ئـــــەم زوڵمە سەرمان لاچێ | ئیتر کـورد ناچێ یەکتر داپاچێ [1] |

## شیعری شیوەن:

شیعری شیوەن مێژوویەکی کۆنی هەیە، لـە گۆڤـاری (هیوا)یشـدا کۆمـەڵێ شـیعری شـیوەن بەرچاودەکەوێت، هەندێکیان بۆ بوێژە کۆچکردووەکانەو هەندێکی دی بۆ کارەساتی لافـاوو بەشدارانی ڕاپەڕینەکانەو هەندێکی کەسییەو بۆ کەس وکارە.

لە کارەساتی لافاوەکەی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٥٧دا، چـەندین منـداڵ و گـەنجی جـوان بوونە قۆچی قوربانی، بۆ (کامیل)، کە گەنجێکی خوێندەواربووە، وتراوە:

| | |
|---|---|
| خونچەیەك بـــووم تەڕو ئازیز | بەڵام لافــــــاوەکەی پایز |
| نەی هێشت ببم بە گوڵی سوور | نەڕانی بەســــــــەرما لەدوور |
| وروژمی بــــــردە ژوورەکەم | کوشتمی و کـــردی بە (ماتەم) |
| ئەی فرمێـــــــسکی لێڵ بلەرزە | لـــــە عەزرەت باران و تەرزە |
| (کامل): ئـــەی کوڕە شەنگە کە | (کامـــــل): لاوەبێ دەنگەکە [2] |

(کرمانج) ناوێك لە شیوەنی باوکیدا، کە وەك پێشـمەرگەیەکی بەجـەرگ لـەڕێی ڕزگـاری کوردستاندا سەری ناوەتەوە، یادو پەیمان دووپات دەکاتەوە، کە ڕێڕەی بـاوکی بـەر نـەداو تۆڵەی باوکی لە دوژمنان بکاتەوە:

---

[152] هەژار، دەمەتەقێی بایزو باپیر، گ. هیوا، ژ٥، س٢، ل٨.

[2] مێژووی ژیانی کاملی جوانەمەرگ، گ. هیوا، ژ٥، س١، ل٢٥.

لێـرەدا نێـژرای بـاوکی نـــازدارم     بـە بـەرگی خـوێنین سـەربڵندو بـەرز
بۆچـی نایبیسـم پەرچـی پرســیارم؟!     چـونکە تـۆ نوسـتوی لـەناو تـوێی ئـەرز
منیش بەجـــــــــێ مام بەبێ پشـــــــــتیوان

تا دەگاتە:

ئامانجم بەرزە، بابە بـــزانە     ئەو ڕییەی گرتت منیش ئەیگرم
بۆ ئەم وڵاتە ئەم کوردســـتانە     قوڕگی دوژمنی خوێنە خوێ ئەدڕم
ئیتر تۆ بنوو منیش بۆ کـــاروان[1]

(گۆران)ی داهێنەر لەشیعرێکی دا بۆ شین و یادی (پیرەمێرد)ی مامۆستای، سۆزو کوڵی دڵی هەڵدەڕێژێ و شوێن، و پایەی پیرەمێرد دەردەبڕێ:

ئەم بەهارە
لەسەر گردی مامە یارە،
بۆ یانزە جار
نوێ گوڵاڵەی سووری بەهار
خوێنی ڕژایە سەرگیای سەوز،
خوێن پەنگی خواردەوە، وەك حەوز[2]

## شیعری بۆنەو موناسەبات:

بەوپێیە، کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعە، ئەدیبی کوردییش لەکانگەی ڕووداوەکان بەشدارییەکی کاریگەری لەگۆڕانە سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرییەکاندا کـردووە. چـەندین بۆنـەی سیاسـی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی هەیە، شاعیری کورد بەشیعر بەشداری کردووەو لەو بۆنانەدا هەستی خۆی دەربڕیوە.

ئەو شیعرانەی لەموناسەبات دا وتراون لە گۆڤاری (هیوا)دا ژمارەیان زۆرەو ژمـارەو جیـاوازی موناســەبەتەکانیش فـرەن، بەبۆنـەی دەرچـوونی گۆڤـاری (هیـوا)وە، (أ. ب. هـەوری) هەنـدێ ئامۆژگاری گۆڤاری (هیوا) دەکات:

---

[1] کرمانج، یاد و پەیمان، گ. هیوا، ژ٨، س١، ل٦٩.
[2] گۆران، یادی پیرەمێردی بوێژ، گ. هیوا، ژ ٣٣، س٥، ل٢٦

هیوا، چووزەرەی بنکی گەلاوێژ بەبیری وردی پوختی والابێــژ
بێرەکایەوە ساوای تــازەبـــوو کاتی فرمانە تۆش ئازانە زوو
دەستی خزمەتت پیرۆز، وەك ناوت تا ببیتە فەرِر و برەو بێ بـاوت
هیوا، هیوای هۆزی بەجێ مـــاو لەرێ لانەدەی قەت بەچاوڕاو[1]

بەبۆنـەی سـەرکەوتنی شۆرشــی ١٤ی تـەممووزو ڕووخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی لەعێراقـدا، ڕۆژگـارێکی نـوێ هاتەکایـەوە، سەربەسـتی و ئازادییـەکی بـەرفراوان بـۆ ڕۆشـنبیریی کـورد ڕەخسا، شاعیرانیش وەك دەنگی ڕاستەقینەی میللەت هاتنەگۆ، (صالح یوسفی) دبێژی:

**خـــەتیرە هـــەلکر لەشـــکەری مـــەزن بـــەردا پـــەتیلکا شورشـــا بـــی بـــن**
**کـــەلێت (باســـتلا) لـــدیف ئیـــك بیـــت کـــەڤن زوردار نـــوزانن دی کیڤـــە ڕەڤـــن**
**دەســـتیت (کـــەریمی) دنیـــا تێـــك هژانـــد بویـــا شۆڕشـــی هاڤیـــت پەقژانـــد٢**

بەبۆنەی سەرکوت کردنەوەی بزووتنەوەی تاقمەکەی (الشواف) لە موسڵ و لەخۆشەویستی زەعیم و جمهوریەت، کە کـوردییش بەشـداری لـەو سـەرکوت کردنەوەیـەدا کـرد، عبـدلرزاق بیمار، دەنگ هەڵدەبڕێ:

کوا بۆ هەڵبەستێك وەك ئاگر
کەللەی دوژمـــــن بتەقێنێ
بالۆرەی کــــۆنی ڕزیـــوی
ئـــاغایەتی و ڕەنج خـــواردن
ئەفسانەی میللەت دیل کردن
– وەك (مێشکۆڵەی) سەگێکی هار!
لێ دەربێنێ[3]

دوای تێ پەڕبوونی یەك ساڵ بەسەر تەمەنی جمهوریەت دا، تەقەیان لە عبدالکریم قاسم کرد و برینداریان کرد، بەم ڕووداوە گەلی کوردو عـەرەب و کەمـە نەتەوەییـەکانی دی دڵتـەنگ

---

[1] هەوری، ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل ٣١. هەر بەبۆنەی گۆڤاری (هیوا)وە شیعری تر وتراوە، بڕوانە م. شاربازێڕی، گ. هیوا، ژ٧، س١، ل٣٢.

[2] صالح یوسفی، شورشا پیرۆز، ژ٢، س٢، ل٤٣.

[3] عبدالرزاق حمد، هۆنراوەو میللەتەکەم، گ. هیوا، ژ (٩،١٠)، س٢، ل٢٩.

بوون، پاشان کە ناوبراو لەخەستەخانە دەرچوو لەزۆربەی شارەکان دا ئاهەنگی خۆشی سازدراو میللەت بەشداری ئاهەنگەکانی کرد، شاعیرێکی کورد بەم موناسەبەتەوە دەڵێ:

لەژێر پەردەی تەم و دوکەڵ    دەستی تاوان، دەستی چەپەڵ
دەستێکی سوور بەخوێنی گەل    شاڵاو ئەبا بەپەلە پەل
داوای چییە؟ گیانێك شیرین،    گیانیك هیوای بەختیاری ژین[1]

جەژنی نەورۆز، بۆتە سیمای خەباتی نەتەوەیی کورد بەدرێژایی مێژوو، هەردەم دوژمنان ویستیویانە نەورۆز لە کورد قەدەغە بکەن و شوێنەواری بسڕنەوە، بەلاّم نەورۆز ساڵ بەساڵ لەدەروونی شاعیری کوردو خەڵکی کورد بەگشتی ڕەگ و ڕیشەی قووڵتر داکوتاوە، (شێخ سەلام) دەڵێ:

جەژنی نەورۆزت یاخوا پیرۆزبێ    هەوارت بەرز و تیرەت بەهرۆز بێ
هەر ئەم ڕۆژە بوو، کاوەی گوردی کورد    مێشکی زووحاکی بەچەکوش ورد کرد[2]

(کامەران موکری)یش، لەرۆژی نەورۆزداسێ چەپك نێرگس و گوڵی ناسك دەکاتە دیاری بۆ گەلی کوردو موژدەی ئەوەشیان دەداتێ، کە لە نەورۆزدا ئاسۆی پاشەرۆژێکی ڕووناك دەردەکەوێت:

بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپك    لە نێرگس و گوڵی ناسك
ئەکەم بەدیارییەکی جوان    بۆ گەلی کوردی قارەمان[3]

---

[1] حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی، لە قەڵغانێکی پۆلاّیینە، گ. هیوا، ژ(٢،٣)، س٣، ل٧٢.

[2] سەلام، جەژنی نەورۆز، گۆڤاری هیوا، ژ٣٥، ل٣.

[3] کامەران، دیاری نەورۆز، گ هیوا، ژ ٣٥، ل١٤. ژمارە (٣٥) تەرخان کراوە بۆ جەژنی نەورۆز.

## ب- شیعرەکانی گۆڤاری هیوا بە پێی ڕێبازە ئەدەبییە سەرەکییەکان

### ڕێبازی کلاسیزم:

ئەگەرچی لـەڕووی مێژووییـەوە شـیعری کـوردی وەك قۆناغـە مێژووییەکـە بـەگوێرەی ئەدەبی ئەوروپییەوە کاریگـەری ئـەوروپای لەسـەر نـەبووە، بـەڵام پاشـان وەك زاراوەیـەك بـەباڵای شـیعری کـۆنی کوردیمانـدا بـڕا.[1] وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد، پێکهاتـەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری بە تەواوی و بە چـەمکی دەرەبەگایـەتی ڕۆژئـاوا وەك یـەك نەبوو، شاعیری کلاسیزمی کوردیش شاعیری دەربارو دیوەخانی ئاغا نـەبووە، بـەڵم لـەژێر کارتێکەری ئەدەبی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا ئەدەبی کوردییش، بەتایبەتی شیعر، مـۆرکی ئـەو میللەتانەی لە ڕوخسارو ناوەڕۆکدا وەرگرتووە.

لـە ڕووی ڕوخسـارەوە، شـیعری کلاسـیزمی کـوردی سـوودی لەهـەموو ئـەو هونەرانـە بینیـووە، کـە لەشـیعری کلاسـیکی یـان کۆنـدا هـەبووە، وەك غـەزەل و قەسـیدەو پێـنج خشتەکی و چوارین و موستەزاد.. هەروەها پـەیڕەوی کێشـی عـەرووزی عـەرەبی و فارسـی کردووە لەکێشانەی شیعرییدا و قافیەی بەیتی یەکەم بووەتـە بناغـە بـۆ سـەرجەم قافیـەی کۆتایی بەیتەکان،[2] لـەڕووی زمانییشـەوە، زمـانێکی تێکـەڵ لـەزمانی عـەرەبی و فارسـی و تورکییەو زۆربەی زاراوەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی تیا بەدی دەکرێت.[1]

---

[1] بەگوێرەی ڕێبازی کلاسیزم لەئەدەبی ئەوروپیدا، کەلەپووری ئەدەبی (گریکی و ڕۆمانی) دەگرێتـەوە، پاشان لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم لە فەرنسا جارێکی تر ڕێبازی (کلاسیزمی نوێ) سەری هەڵدایەوە، بەهۆی لاسایی کردنەوەی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی لەو ڕوانگەوە، کە لەسەر بنەمای عەقڵ و سروشت و ئینسانییەو نەمرە، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەو ڕێبازە ئەدەبییەو چۆنیەتی گەشەکردنی و بنەماکانی بڕوانە: الدکتور محمد مندور، الادب ومذاهبه، ص٤٥–٥٩؛ د. علي جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي، الموسوعة الصغيرة، ١٢١، ص١٣–١٧.

[2] کێشی عەرووز (عروض)، خلیل بن احمد الفراهیدی دۆزییەوە، پاشان فارسەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ بنەمای زمانەکەیاندا بگونجێ کێشی دیکەیان دۆزییەوە بوو بە (١٦) بەحر، بەڵام شیعری کلاسیکی کوردی بەزۆری سوودی لەدوو کێشی (هزج) و (رمل) وەرگرتووە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کێشەکانی عەرووز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغداد، ١٩٦٢ عەزیز عەبدوڵڵا گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی

لەڕووی ناوەڕۆکیشـەوە بابەتـە سـەرەکییەکانی شـیعری کلاسـیزمی کـوردی، هـەروەك مەبەستەکانی شیعری میللەتانی دراوسێن، بەتایبەتی عەرەب و فارس، وەسف و ستایش و داشـۆرین و مـەی و خواپەرسـتی و دڵـداری و نیشـتمانپەروەرییە، ئەگـەر لـە ڕوانگـەی ئایدیۆلۆژییەوە لەبابەت و ناوەڕۆکی شیعری کلاسیزمی کوردی بڕوانین، هـەرگیزاو هـەرگیز لـە خزمـەتی چـینی زەحمـەتکێش و چەوسـاوەی کـورد دا نـەبووە، چـونکە شـیعرەکان گوزارشتیان لەخواستی جووتیارو پاڵەی کـورد نـەکردووە، بـەڵکو بـەزمانێکیش شیعرەکان هۆنراوەتەوە چینی زەحمەتکێش لێی تێنەگەیشـتووە، شـاعیرەکانییش ئەوەنـدە پەرۆشـی ئەوە نەبوون خەڵکی سادە لێیان تێ بگات، خـەریکی وردەکـاری و سـەنعەتی شـیعریی ورد بوون و ئەو بیروڕایـە هـەردەم باڵادەسـت بـووە، کـە شـیعر بـۆ کەمینـەو چـینی هەڵبـژاردە دەنووسرێ بۆیە سەیر نییە گەر شاعیرێکی وەك (نالی) هاواری لێ هەڵسێ و بڵێ:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فـــرۆشـم
زۆرم گوت و کەسی تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم[2]

گۆڤاری (هیوا) لەپاڵ ئەوەی، کە ژمارەیەکی زۆر شـیعری نـوێی کـوردی بڵاوکردۆتـەوە، شیعری شاعیرانی کلاسیکیشی بڵاوکردۆتەوە و تەنانەت لەبەر بەرزیی شیعرەکان و بەگرنگی ڕوانینە ئەو شاعیرانەوە زۆرجار (دیوانی هیوا)دا لەسەرەتادا بڵاوکراونەتەوە یان لە سەرووی شیعرەکانەوە نووسراوە: ((ئەو گوڵانەی هەرگیز سیس نابن)).

ئەحمەد موختاری جاف (١٨٩٧–١٩٣٥ز) لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا داوا لەگەنج و تولازی کورد دەکات بخوێنن و ڕوو لەزانین بکەن:

لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کـورد خەو زەرەرتـــــانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهدی فەزل و هونەرتـــــانـــە

---

و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی، (نامەی ماجستێر)، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٤، ل٣٠٧ – ٣٠٨.

[1] کۆمەڵە زاراوەیەکی هاوبەش هەیە، کە لەشیعری کلاسیکیی میللەتانی ڕۆژهەڵات دا بەدی دەکرێت، لەوانە: ئاتەشی توور، بەردولعەجوز، جیلوەگەر، چەشمەسار، چەرخی دوون پەروەر، ڕەهزەن، سەرووی ڕەوان، مووشکاف، مەردومەك، هوما... هتد.

[2] د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل٧٧.

دەســـا تیٚ کۆشن ئەی قەومی نەجیبی بیٚ کەس ومەزلۆم
بەگورجی بیٚ بڕن ئەو ڕێـــگە دوورەی وا لـــەبــەرتـــانە

ئەم شیعرە لەرووی ڕووخسارەوە، لەسەر کێشی عەرووزەو لەبەحری (هەزەج)ی هەشـت هەنگاوی یە (مفـاعیلن مفـاعیلن مفـاعیلن مفـاعیلن) لـەرووی قافیەشـەوە، قافیـەی کۆتـایی بەیتی یەکەم بووە بە بنەما بۆ هەموو بەیتەکان تـاوەك دوابـەیت، بڕوانـە: (زەرەر، هونـەر، لەبەر...)، لەرووی زمانیشەوە، وشەی بێگانەی زۆری تیابەدی دەکرێـت، (زەرەر، تـەئریخ، عالەم، شاهد، قەوم، نەجیب، مەزلووم...).

ئەختەر (١٨٣٩–١٨٨٧ز) لە غەزەلێکیدا،کە لەسەر کێشی عەرووز و لەبەحری هـەزەجی هەشت هەنگاوییە دەڵیٚ:

ئـەمان سـاقی دڵـی شەیدا لەجەوری دیدە غەمگینە
لە نەشئەی چـاوەکەی مەستت پیاڵە پڕ کە بۆم بینە
فدای چاوی سـیاهت بووم، کە هۆشم بوو ئەویشم چوو
بەتاراجی نیگاهت چوو، ئەگەر عەقڵ و ئەگەر دینە[1]

مەولەوی (١٨٠٦–١٨٨٣ز) لە وەسفی بەهاردا دەڵیٚ:

نازك تەدارەك فەصل وەهـــــــاران
شیرین ئارایش هەردەو کۆســـــــاران
گول چون ڕوی ئازیز نەزاکەت پۆشـــان
وە فراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان[2]

ئــەم شــیعرەی (مەولــەوی) لــەرووی ڕەوانبێژییــەوە کلاســیکییەو لــەرووی کــێش و قافیەشەوە هەروەك سەرجەم شیعری کـوردی شـێوەی گۆرانی لەسـەر کێشـی خۆماڵییـە، کێشی دە بڕگەی پەنجەیە، لەڕووی قافیەوە جووت قافیەیەو هەر بەیتە قافیەی خۆی هەیەو لەمەسنەوی نزیك دەبێتەوە.

---

[1] نزار، ئەختەر کیٚ یە؟، گ. هیوا، ژ٩، س١، ل٨٧.
[2] مەولەوی بەهار، گ. هیوا، ژ٨، س٢، ل٤٠٤.

## ڕێـبازی ڕۆمانسییزم:

ئەم ڕێبازەیش یەکێکە لەڕێبازە سـەرەکییەکانی ئـەدەب، کـە زۆربـەی لێکۆڵـەرەوەکانی ئەدەب بەشۆرشێکی ئەدەبی دەزانن بۆ ڕزگار بوون لەکۆت و پێوەنـدی ئـەدەبی کلاسـیکی کۆن، کە دوای ئەوەی سەدە و نیوێك لەئەدەبی ئەورووپیدا درێژەی کێشا، بێ گومان هەموو ڕێبازێکی ئەدەبی لەناکاو کـت و پـڕ لـەدایك نـابێ و دەروازەیـەکی هەیـە، بۆیـە لەرەخنـەی ئـەدەبی دا ئـەو قۆناغـەی بـەر لـە ڕێبـازی ڕۆمانسـیزم بـە (پـێش ڕۆمانسـیزم – ماقبـل الرومانتيكيه) ناسراوە، کە (جان جاك ڕوسۆ) دەورێکـی سـەرەکی تیـا بینیـوەو چاکسـازی ئاییـنی ڕێ خۆش کەر بووە)[1].

سەرەتاکانی ڕۆمانسیزم لەئەدەبی ئینگلیزی و ئەڵمانی دا دەرکـەوت پاشـان لەفەرەنسا بەشێوەیەکی پتـەو جێگیربـوو، ئـەو ڕێبـازەی (وەك دیاردەیـەکی ئایـدیۆلۆژی تـەنها خـۆی لەهونەردا نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو پەرەی ستاندووە بۆ شارستانی و ڕۆشـنبیرییەکانی تـریش وەك (کۆمەڵناسـی، ئـایووری و ساسـی، فەلسـەفە و ئـایین و زانسـتە سروشـتییەکان و پزیشکگەرییش)[2].

ڕێبازی ڕۆمانسییزم لە ناوەرۆك و لە بنچینەدا لەگـەڵ ڕێبـازی کلاسـییزمی پـێش خـۆی جیادەبنەوە بەوەی، کە ((هەر لەسەرەتادا لەوە دوورکەوتنەوە کە بەزۆر بەوردی خۆیـان و بیرو بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو، بەپێچەوانەی کلاسیکییەکان تەئکیدیان لەسـەر ڕوونبێـژی و خۆ بـەدوورگرتن لەتـەم و مـژ کـردەوە، هـەروەها ڕۆمانسـییەکان خۆیـان لـەپۆلین کـردن و تێڕوانینی ورد دەپاڕاست و لەجیاتی ئـەوە بـە شـێوەیەکی ڕاگـوزاری و عەفـەوی و لـەناخی دڵـەوە بەخـەیاڵ و تێڕامـانێکی سـەرپێی و ئـەزموونی ڕاسـتەوخۆی خۆیانـەوە بەهرەمەنـد بوون.))[3] لەپاڵ گەڕانەوە بۆ سروشت و خەیاڵی فراوان و گۆشەگیری و فرمێسکی گـەرم بـۆ خۆشەویسـتییەکی پـاك و بـێ گـەردی فریشـتە ئاسـادا ڕێبـازی ڕۆمـانسییـزم

---

[1] د. علي جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي، ص١٨.

[2] د.جميل نصيف التكريتي، المضاهب الادبية، ط١ بغداد، ١٩٩٠، ص١٥٧، هەر لەم ڕووەوە ڤیکتۆر هۆگۆ پێی وایە، ڕێبازی ڕۆمانسیزم و لیبرالیەت لەسیاسەت دا هەردوکیان یەك شتن و هەردووکیان ڕزگاربوونن، ڕۆمانسیزم لەئەدەب و لیبرالیەت لە سیاسەت و کاروباری وڵاتدا، بڕوانە: الدكتور حلمي مرزوق، الرومنتيكية والواقعية في الادب (الاصول الاديولوجية) دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٣، ص١٨.

[3] جميل نصيف التكريتي، المذاهب الادبية، ص١٥٩.

زینــدووکـــردنـــەوەی ڕۆحی نەتەوەیــی دروشمی بوو و ڕوویەکی شۆڕشگێرییشی هــەبوو و بارودۆخی تایبەتی و گۆڕانەکانی بـاری سیاسـی و دەسـتـەلاّت لەفەرەنسـادا وای لەشـاعیرە ڕۆمانسییەکان کرد خۆیان لەکۆمەلاّنی خەڵك جیانەکەنـەوەو شـیعرو بەرهەمیشـیان بـۆ ئـەو مەسەلەیە تەرخان بکەن و ئەدەب بکەنە پەیامێکی کۆمەلاّیەتی[1].

ئــەدەبی کــوردی، بەلاسـاییکردنەوەی ئــەدەبی تــورکی لــە کۆتـایی جـەنگی یەکـەمی جیهانییەوە گۆڕانکاری و تازەکردنەوەیەکی بەخۆیەوە بینی، ڕێبازی ڕۆمانسییزم لە ئەدەبی کوردیدا لەسەر دەستی پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ صالح و گۆران.. پەرەی پێدراو ئەویش بەدەرچـوون لەیاسـا چەسـپاوەکانی شـیعری کلاسـییزمی وەك خـۆ دەربـازکردن لەکێشـی عەرووز و ڕووکردنە کێشی خۆماڵی فۆلکلۆری کوردی و بەکارهێنانی زمانی کـوردی پــەتی و وشــەی ڕەســەنی کــوردی و بــەکارهێنانی جــووت قافیــە لەرووخســارداو ڕووکردنــە کێشــە کۆمەلاّیەتییەکان و هەڵبژاردنی بابەتەکان لە واقیعی ژیاندا.

ئەگەرچـی گۆڤـاری هیـوا لەسـەردەم و ڕۆژگارێـکدا دەرچـووە، کـە ڕێبـازی ڕۆمانسـیزم لــەناوەوەدا کزببــوو، بــەلاّم گرنگــی دانــی گۆڤارەکــە بــەرێبازە ئەدەبییــە جیاوازەکــان گۆڤارەکەی دەوڵەمەند کردووە. (غ. س. غەمبار) لـە پارچـە شـیعرێکدا (بـەیانی زوو)، کـە ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی نەحەسانەوەو خەم و خەفەت و نەخەوتن، لەهەمان کات دا پاك و بێ گەردی سروشت و هـێمنی و جـوانی سروشـت لـە ڕۆمانسـیەتدا، گـوێ بـۆ ناڵـەی دڵـی شوانێك ڕادەگرێ کە بە شمشاڵەکەی دەردی دڵی هەڵدەڕێژێ:

بەیانی یێك زوو پێش مەلا بانگدان  پێش پێ کەنینی زەردی قەد هەردان
پێش ئەوەی لەدەشت گزنگی هەتاو  بەبزەی لێو و بەواتەی سلاّو
وەك بەرگی تاوس هەزار جۆرە ڕەنگ  سپی و سوورو شین زێڕین و قەشەنگ[2]

---

[1] (لامارتین) شاعیری گەورەی فەرەنسا دەڵێ: ((سەرشۆڕییە بۆ کەسێ گۆرانی بڵێ و لەولایشەوە وا ڕۆما دەسووتێ)). بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: فان تیغم، الرومنطيقية، ترجمة بهيج شعبان، بيروت، ١٩٥٦، هەروەها: ليليان فرست. الرومانسية، ترجمة: د. عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي (٢)، بغداد، ١٩٧٨.

[2] غ. س. غەمبار، دەنگی شمشاڵ، گ. هیوا، ژ٣، س١، ل٣٤.

مارف بەرزنجی (پشکۆ)، گفتوگۆیەکی هێمنانە لەگەڵ دڵی خۆی دەکات و دەیەوێ پـەی بەئەسراری دڵ ببات و بەرەو دنیای یادگارییە کۆنەکانی ڕۆژانی گەنجی مل دەنێت و خۆزگە بەو ڕۆژگارە دەخوازێت و خەفەت بۆ ئەوە دەخوات جارێکی تر لاوی ناگەڕێتەوە:

ئـــــەی دڵ وەك دەریای پڕ و لێڵ
شامـــــە لاوانان لەکـــەنارت وێڵ
کەس تێ نەگەیشت چییە ئەسرارت
کـــەس بۆی نەکراوە گرێی ئازارت

تا دەگاتە:

کـــــــەی جارێکی تر نیگار دێتەوە
جــــــوانی بەسەرچوو ناگەڕێتەوە[1]

گەڵاڕێزانی پاییزو خەزان و بارانی پاییز واناخی (گۆران) دەهەژێنێن نموونەیەکی بەرزی شیعری ڕۆمانسی کوردی و داهێنەرانەی (گۆران) دەخولقێنێ، دیمەنی پاییز لەلای شاعیرانی ڕۆمانسی نیشانی گریان و توانەوەی ڕۆحەو حەسانەوەیەك و سوکنایی دڵە:

دڵۆپی ساردو فێنك با لەسەر دارو دەوەن بــــڕژێ
بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە، کش و بێ دەنگ
بەسەر پاییزی زەردا با بەخوڕ بگری، بەکـــوڵ بگری
لەسەر ئاخر گەڵا، ئاخر چڵی تەنیایی گـــــوڵ بگری!

تادەگاتە:

طەبیعەت زەرد و ژاکاوە، لە حاڵی گیان کەنشتایە،
نیشانەی ماتەمی پایز لەفرمێســــــکی درشتایە![2]

ئەم شیعرە لەرووی زمانەوە، بەکوردییەکی پەتییەو لەرووی کێشەوە، لەسەر بەحری (هەزەج)ەو جووت قافیەیە.

---

[1] پشکۆ، دڵی من، گ. هیوا، ژ٧، س١، ل٤٠-٤١.

[2] گۆران، هەوری پایز، گ. هیوا، ژ٣،٢. س٣، ل١٤-١٥.

## ڕێبازی ڕیالیزم:

ئەم ڕێبازە ئەدەبییەش سەرەتا لە فرەنسا سـەری هەڵـدا، پێشـڕەوەکانی ڕازی نـەبوون واقیـع بکەنە شتێکی میسالی (میتافیزیك)، هەوڵیان دەدا، کە وێنەی شتەکان لە واقیعدا چۆنە وای وێنە بکێشن و نووسـەر تیایدا بێلایـەن بێـت، بۆیـە نووسـەرەکان لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنسادا کەوتنە خەیاڵی ئەوەی بەوپەڕی ڕاسـتگۆییەوە گوزارشـت لـەژیانی خەڵکی سادە بکەن.

یـەکێ لـە سـیماکانی ئـەم ڕێبـازە ئـەوەبوو بەربـەرەکانێ و توندوتیـژی لەگـەڵ ڕێبـازی ڕۆمانسـییزمدا نـەبوو (بەپێچـەوانەی ململانـێ ی نێـوان کلاسـییزم و ڕۆمانسـییزم) ئەگـەر ڕۆمانسـییەکان شـیعری لیریکییـان وەك هونـەرێکی ئـەدەبی بـۆ گوزارشـت لەخـەیاڵ و ئەندێشەی خۆیان هەڵبژارد، ئەوا ڕیـالییزم لەسـەرتاوە لەلایـەن چـەند چیرۆکنوسـێکی وەك بەلزاك و ستەندال گەشەی پێدراو جێگەی خۆی کـردەوە، کـە هـەر ئەوانـە خۆیشـیان سـەر بەرێبازی ڕۆمانسییزم بوون و سەرنجی بەهێزیان دەربارەی ژیانی ڕۆژانەی سەردەم هەبوو، هەروەها نابێ دەوری (فلۆبێر)مـان لەبیربچـێت، کـە هـەر زوو لەرۆمانسـییزم هەڵگەڕایـەوەو گاڵتەی پێکـردن،١ ئەمـەش کاریگەرییـەکی وای بـوو لـەدوای خـۆی (مۆپاسـان)یش لەسـەر هەمان ڕێڕەو ڕۆیشت.

ڕێبازی ڕیالییزم لەبنچینەدا بڕوای وایە (شەڕ) سەرەتاو بنەمایـەو کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی پێوەی دەناڵێنێ، نەوەك (خێر) کەلای میسالییەکان بنچینەیەو بڕوایان وایـە هـەموو شـتێك خۆی لەخۆیدا (خێر) و (چاکە)یەو دوایی ئـالوودە دەبێـت، بۆیـە سـەیر نییـە ئـەو بیروڕایـە لەرۆمانی ڕۆماننووسـەکانی سـەر بـە ڕێبـازی ڕیـالیزم ڕەنـگ بداتـەوەو باشـترین نموونـەش (کۆمیدیای ئینسانی)یەکەی (بەلزاك)ە.

ئەمەیە تێڕوانینی ڕیالییزم، بەتایبەتی (ڕیـالیزمی ڕەخنەگرانـە) بـۆ هونـەرو بـۆ کۆمـەڵ، بەڵام ڕیالییزمی سۆسیالیستی، ئەگەرچی زۆربەی نووسەران پەیوەستی دەکەن بـە ڕۆمـانی (دایك)ی گۆرکی یەوە، بەڵام ((ڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕێبازە لەلای چـەند نووسـەرێکی غـەیری

---

١ فلۆبێر، خۆی لەسەرەتادا لەگەڵ ڕۆمانسییزمەکان بوو، پاشان چەندین چیرۆکی لە دژی ڕۆمانسییزمەکان ڕۆمانسییزمەکان نووسی و قەناعەتی بەوە بوو، نابێ ئەدەب بکرێتە هۆیەك بۆ چاکردنی کۆمەڵ، بەڵکو (هونەر دەبێ بۆ هونەر) بێ هەروەك مەبەستی نیگارکێشێك نیگارەو بەس، ئەگەر ڕۆمانووسێکیش ئەگەر ڕۆمانەکەی لەخزمەتی مەسەلەیەکدا بوو ئەوا ناپاکی لەگەڵ هونەرەکەیدا کردووەو هونەرەکەی کردووە بە هۆیەك نەوەك مەبەستێك، بڕوانە: د. علي جواد الطاهر، الخلاصة في مذاهب الادب الغربي، ص٣٠.

سۆڤیەتی، وەك لۆركای ئەسپانی و برێختی ئەڵمانی و ئەراگۆنی فەرەنسی و نازم حیكمەتی توركی و بابلۆ نیرۆدای چیلی و فۆچیكی چیكی و كەسانی تردا بەرچاو دەكەوێت.))١

ئەم ڕێبازە لە ڕووسیا (لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لـەبارودۆخیكی ڕەخنـەیی دژ بـە كەپیتالەكان لەلایەن چینی زەحمەتكێشانەوە (پرۆلیتاریا) سەری هەڵدا، ئەوانە خۆیان بـۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕووسیادا ئامادەكردبوو وەك لەبەرهـەمی(دایك)و شـیعر و ڕۆمانـە شیعرییەكانی گۆرگی و شاعیرانی پرۆلیتاریا سەری هەڵدا.

ڕیالیزمی سۆسیالیستی هـەنگاوێكی تـازەی لـە بەرهـەمی هونـەری بـەرەو پـێش چـووی مرۆڤایەتی داناوە.. لەبەرهەمە هونەرییەكاندا تەنێ پشت بە بەرهـەمی ئێسـتا نەبەسـتراوە، بەڵكو ڕابردوویش كە سوودی كۆمەڵگای تیابێ بەستراوە. واتە نووسەرانی سەر بـە ڕێبـازی ڕیـالیزمی سۆسیالیسـتی تێڕوانینیـان بـۆ ئـەدەب و هونـەر ئەوەیـە، كـە دەبـێ ئـەدەب لەخزمەتی كۆمەڵدا بێ و خەون و ئازار و ویستی چینی زەحـمـەتكێش و هـەژاران دەربـبڕێ، لەم بارەیەوە (بیلینسكی) وەها ڕیالیزم ڕاڤە دەكات، (خوڵقاندنـەوەی سـەرلەنوێی واقیعـە لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییانەی واقیع بەخۆیەوە دەگرێت)

كەوابێ جیاوازی سەرەكی نێوان ڕیـالیزم لەئـەورووپاو وڵاتـە سۆسیالیسـتەكانی پێشـوو ئەوەیە، ڕیالیزم لە ئەورووپا واتا (هونەر بۆ هونەر) و ئەوەی تر (هونەر بۆ كۆمەڵ)، لێـرەدا هەوڵ دەدەین، بـزانین تاچـەند ئـەو ڕێبـازە ئەدەبییـە كاریگـەری خـۆی بەسـەر شـاعیرانی گۆڤاری هیوادا بەجێ هێشتووە.

لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و گیـانی شۆڕشـگێڕی و بزووتنـەوەی ١٩٤١دا، ئـەدیبانی كـورد ڕووەو ڕێبـازی ڕیـالیزم هـەنگاوی خێرایان ناو ڕووداوەكان بوونە هەوێنی بابەتە ئەدەبییـەكان بەشـیعرو چـیرۆكەوە، شـاعیرە ڕۆمانسییزمەكانیش ئیتر لەجیاتی ئەوەی بۆ یارەكانیـان بگـرین، دەسـبەداری گۆشـەگیریی خۆیان بوون و كەوتنە ڕەخنەگرتن لە ناهەموارییەكانی كۆمەڵ.

(پیرەمێـرد)ی شـاعیر، كـە لـە ریـزی پێشـەوەی ئـەو شـاعیرانەبوو، نقـوومی خـەیاڵی ڕۆمانسییانە ببوو، ئەمجارە كاریگەری وەسبەی ١٩٤٨ و شـەهیدانی گـەلی كـوردو عـەرەب هەژاندی:

تائێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتـا

---

[١] الدكتور سالم احمد الحمداني، مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، ص١٨١.

قەڵغانی گولله سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا١

(بێکەس و گۆران و هەردی و دیلان و کامـەران)یش بـە هـەمان شـێوە مەشخەڵی گـڕی تـووڕەی شۆڕشـگێڕی نەتـەوەیی و دەردە کۆمەڵایەتییـەکان لـە چەوسـانەوەی ئـافرەت و کێشـەی نێـوان دەرەبـەگ و جووتیـارو نەخوێنـدەواری و چـەندین بابـەتی ڕۆژانـەی چـینی زەحمەتکێشی یان کردە بابەتی شیعرەکانیان و (ڕێبازی ڕیالیيزم)یان چەسپاند.

عەبدوڵڵا گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢ن) دەڵێ: ((پاش ئەم ماوەیـە، کـە سەرمەسـتی ئـەدەبی تورکی و فارسی بـووین، بـەرە بـەرە ئـەدەبی تـازەی عـەرەب و ئـەدەبی ئینگلیـزی هاتنـە کایەوەو بلاوبوونەوە، وە هەروەها (تیاری) سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتە ناومانەوە.. وە من بە تەئسیری ئەو دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە.

ئەبی ئـەوەش لـەبیر نەکـەین کـە لەسـەرەتاوە، بـەهۆی ئـەدەبی ئینگلیزییـەوە بـەدوای نقریهی (هونەر بۆ هونەر) ئەرۆیشـتم و بەرهـەمی ئـەم تـەرزە ئەدەبـەم ئەخوێنـدەوە، وەك هینەکانی (جۆن کیتس)و (ئۆسکار وایلد)، بەڵام لە ١٩٣٥ بەولاوە وە دوای هاتنە نـاوەوەی جووڵانەوەی پێشکەوتوویی (تقدمی)و کۆمەڵایەتی پاڵی پێوەناین کـە لەئـەدەبی عـەرەبی و ئینگلیزییشدا بەدوای نموونەی ئەدەبێکی تقدمی بگەڕێین. بـەم هۆیـەوە لـە ١٩٣٥ بـەولاوە ئەم ڕێگەیەم گرت، وەك لەهەڵبەستی (دیاری خـوای شـەڕ)دا دەرئەکـەوێ، کـە لـە گۆڤـاری گەلاوێژ لەساڵی ١٩٤٣دا بلاوکرایەوەو چەند ساڵێك بەر لەو مێژووە دامنابوو.))٢

قۆناغی گۆڤاری هیوا، قۆناغی ڕیـالیيزم بـوو لەئـەدەبی کوردیـدا، دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤارەکە هەردەم پشتگیری نوێخوازیان کردووەو دەستی شاعیرانی لاویان گرتـووەو هـانی بلاوکردنـــەوەی شـــیعری ڕیـــالیيزم و نموونـــەی بـــەرزی شـــیعرییان داوەو واقیعـــە کۆمەڵایەتییەکەیان کردۆتە بابەتی سەرەکییان.

خالیـد دلێـر هـەموو جـوانی سروشـت بـەلاوە دەنـێ ئەگـەر خـەڵکی وڵاتەکـەی هـەژارو زۆرلێکراوبن و بەدەستی هەژاری و نەدارییەوە بناڵێنن، غـەمی نـەبوونی لەسـەرووی هـەموو

---

١ دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی فایق هوشیارو کەسانی تر، ل٢٠٧.

٢ عبدالرزاق بیمار، دانیشتنێك لەگەڵ (گۆران)دا، گ. بەیان، ژ٢، ل٣٠، سەبارەت بە ڕیالیزمی سۆسیالیستی، کە ئاماژەمان بۆ کرد، نموونەی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر دەگمەنە، چونکە ئەمە جیایە شاعیرێك لە شیعرێکی دا داوای سۆسیالیستی بکات، لەگەڵ بنەماکانی ڕێبازەکە خۆیدا.

غەمەکانەوەیە، بـێ گومـان دەسـتەڵاتییش تاوانبـاری یەکەمـە لـەو مەسـەلەیەداو نـەبوونی دادوەری کۆمەڵایەتی هۆیەکەیەتی، شاعیر دەڵێ:

| | |
|---|---|
| وڵاتم لـەمـــە زیاتر جــوان بێ | هەموو شتێ هۆی دڵ خۆشی و ژیان بێ |
| ئەگەر ئێمەی خاوەن وڵات هەژار بین | چەوسێنراوەی دەس بێگانەو زۆردار بین |
| بەئێمە چی جوانی سروشت؟ هی بەهار؟ | روونی کانی، ورشەی گیا، چرۆی دار؟ |
| کام جوانی کام ئاواز کام بۆنی خۆش | دڵی هەژار لەخەم ئەکەن فەرامۆش[1] |

حەسیب قەرەداغی لەبیرەوەری یەکەم ساڵی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا بەراوردێك لـەنێوان ژیانی کارگەران و جووتیارانی گەل دەکـات، کـە زۆرینـەی کۆمـەڵیان پێـك دەهێنـا لـەپیش شۆڕش و دوای شۆڕش، لەوێنەیەکی شیعرییدا وادێتەگۆ:

کــارگــەرانـــمان، چیـنـی پێشڕەو هەڵگرانی بیری ڕوون
ڕەنجخــوراوو مــایـــە پووچ بوون خاوەنی نانێ نەبوون
مــافــی ژینیـــان ونــکــرابــوو زۆربەیـان زارو زەبوون
ڕەهبەرانیان دیل و بەندبوون یا بەکوشـــتن تیا ئەچوون
ئێســــــــتە کارگەر مافی دیارەو بیری خۆی بەرپائەکا
دوژمنــانـــی کــۆن و تازەی ســــــەر کزو بەرپائەکا[2]

لەم وێنە شیعرییەدا، دەرروونی شـاعیرو کـەف و کـوڵی شۆرشـگێڕی دوای شۆرشـی ١٤ی تـەمووز بەئاسـانی خـۆی دەنـوێنێ و لەخۆشەویسـتی جووتیـارو کرێکـاری وڵاتـدا خـۆی دەدۆزێـتەوە. تەنانەت وشـەکان گـەواهی بـۆ بـیری سۆسیالیسـتی پێشـکەوتنخواز دەدەن. (کارگەر، چینی پێشڕەو، هەڵگرانی بـیری ڕوون، ڕەنجخـوراو). ئـەم وشـانە لـەو ڕۆژگـارەدا لەلایـەن حیزبـی شـیوعییەوە، لـەکۆڕو کۆبوونەوەکانـدا زۆر دووبارەدەبوونـەوە. لەهـەمان کاتدا، لەم وێنەیەدا ئیشارەت بـۆ لەسـێدارەدان و لەناوچـوونی ڕابـەرانی ئـەو بـیرە، (بـیری کۆمۆنیستی) دەکات، کـە کرێکـار بەچـینی پێشـڕەو لەقەڵـەم دەدات، لەلایـەن ڕژێـم و دارو دەستەی کۆنەپەرستی پێش شۆڕش.

---

[1] خالد دلێر، بەهاری ژین، گ. هیوا، ژ١٠، س١، ل٣٦.

[2] حسیب قەرەداغی، بیرەوەری یەکەم ساڵی شۆرشی ١٤ی تەمووز، گ. هیوا، ژ(١٢،١١)، س٢، ل٥٧.



**خالید دلێر**

عیرێکی دی بەنازناوی (م. ڕ) گفتوگۆی نێوان بەگ و حسەشەل وەك جووتیارێکی کلۆڵی بێ دەرەتان و هەژار لەوێنەیەکی شیعریی دا دەردەبڕێت، کـە بەتـەواوی ژیـانی جووتیـاری کورد پیشان دەدات:

حسە شەل:

چۆڵ کز نەبم، چۆن کز نەبم؟ ئەی ڕووخۆش بم وەك تۆ بەگم؟
هەموو ڕۆژێ بەبێ پشوو هەتاکو شەو، بەیانی زوو
ئەرز ئەکێڵم، جۆگا ئەبڕم لە برسیشا ئەوا ئەمرم!

بەگ:

هەی نارەسەن! هەی سەرسەری! بەشی خوا تۆ ناشکوری؟![1]

شـاعیر لەشـیعرێکی درامـی دا وێنـەی نـارەزایی جووتیارێـك و چـۆنیەتی بـیر کردنـەوەی ئاغایـەك دەردەبـڕێ و پەنجـە لەسـەر زامـی جووتیارەکـە دادەنێـت، کەلەگـەڵ ئـەرك و ماندووبوونی زۆر بەرهەمەکەی بۆخۆی نییـە و بـۆ باخـەڵی ئاغایـەك و خۆیشـی وا لەبرسـان دادەمرێ، کەئەمە بێ گومان نموونەیەکی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتییەو خاوەنداریەتی تایبەتی و تاکەکەس تێیدا بەرکەماڵەو هۆشمەنـدی دەرەبەگەییشـیان دەدات لـەوەی، کەمەسـەلەکە

[1] م. ڕ، نموونەیەك لەرابردوو، گ هیوا،ژ٣١، ل٤٤.

ئاوەژوو دەکاتەوەو پەیوەستی دەکات بەشتێکی ئەزەلییەوەو خوا بەشی کردووە، ئـەویش خۆشبەختی و بەدبەختییە.

ئـەم شـیعرە لـەرووی کێشـەوە لەسـەر کێشـی خۆماڵییـەو هەشـت بڕگەییـەو لەسـەر پەیڕەوی شیعری نوێ جووت قافیەیەو بەزمانێکی کوردی پەتی نووسراوەو دژە وشەکانیش توانیویانە مەبەستی شاعیر بپێکن:

کـــز ⟵ ڕووخۆش

شەو ⟵ ڕۆژ

ئەمـــە ســـەرباری ئـــەوەی هەڵبـــژاردنی نازنـــاوی (حسەشـــەل) بـــۆ پاڵەوانەکـــە (جووتیارەکە)یش هێمایە بۆ باری دوواکەوتوویی کۆمەڵایەتی کوردەواری[1].

لە هەمان سەدەدا شێخ حوسـێنی قـازی (١٧٩٠–١٨٦٨)یـش (مەولودنامە)ەکـەی خـۆی نووسیوە. ئـەم مەولودنامەیـە ناوەرۆکەکـەی باسـی دروست بـوونی گـەردوون و بوونـەوەر دەکات، کە لە خۆشەویستی پێغەمبـەر دروسـت بـووە. لـە ڕووی ڕووخساریشـەوە زۆربـەی مەولوودەکـە بەپەخشـانی سـەروادار نوسـراوەتەوە. سـەرەتا ئـەم پەخشـانە وا دەسـت پێدەکات: ((ئەی موسڵمانینە ئەم مانگە مانگی مەولودە، مانگێکە زۆر عەزیمە، زۆر شەریف و کەریمـە، لەتـەرەفی خوداوەنـدی عالیمـەوە، چـونکە تێیـدا بەوەلـەدا داهـاتبێ نەبییـەکی کەریمی وەك محەمەدولمستەفا بێت (ص) ئەم مانگە مانگێکە تێیدا نازل بووە ڕەحمـەتێکی عاممەن عوموەمەن بەسەبەبی ئەم مانگەوە بۆمان حاسل بووە کەیف و سـروور، بەسـەبەبی ئەم مانگە ڕۆییوە لەلامان حوزن و غـەم و خەفـەت بەسـەبەبی ئـەم مانگـەوە دەفـع بـووە لەسەرمان بەلاو موسیبەت.))[2]

---

[1] لە گۆڤاری هیوادا ژمارەیەکی زۆر لە شیعری ڕیالیزم بلاو کراوەتەوە، بڕوانە:دڵزار، بۆ فریشتە ئاسایش، گ. هیوا، ژ٤، س٢، ل١٤–١٧؛ میکائیل ڕەشید، کووداچوو، گ. هیوا، ژ٥، س٣، ل٦٣؛ هۆشەنگ، نوێژی جووتیار، گ. هیوا، ژ٣٠، س٤، ل٦٤–٦٧.

[2] مەولود نامە بزبان کردی، ترجمة مصطفی شێخ حسین قاضی، ١٣٠٢، ص١. (دەسنووس).

# بەشی سێیەم

# گۆڤاری هیواو پەخشانی کوردی

## ئاوڕێکی مێژوویی لە پەخشانی کوردی

پەخشانی نووسراو لەئـەدەبی کوردیدا چـەند سـەدەیەك دوای شـیعر دەرکـەوتووە، بـێ گومان مرۆڤ هەر لەسەرتاوە بەقسەو پەخشان دەستی پێ کردووە، بەڵام پەخشانی هونەری لەرووی نووسینەوە دیارە وەك شیعر نەتوانراوە کورت و چڕ بـێ و مۆسـیقی بـێ و ئەزبـەر بکرێ، بۆیە سەرەتاو سەرهەڵدانی ڕاستەقینەی پەخشان نەوەك هەر لەئـەدەبی کـوردی دا" بەڵکو لەئەدەبی میللەتانی دیکەشدا پابەندە بەدەرکـەوتنی چـاپەمەنی و ڕۆژنامـەو گۆڤـار، بۆیە ئەدبی کوردی بەگشتی قەرزار باری ڕۆژنامەوانییە.

کـۆنترین دەقـی پەخشـانی نووسـراو، کەلەبـەر دەسـت دابـێ، کتێبەکـەی عـەلی تەرەماخییە لەبارەی دەستووری زمانی عەرەبی بـەکوردی[1]. گرنگـی ئـەم کتێبـە لەوەدایـە یەکەمین کتێبی کوردییە، کەبەپەخشان نووسرابێتەوەو مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئـەگینا لـە ڕووی ناوەرۆکەوە شتێکی زیاد نەکردووە، لەم ڕووەوە کتێبی کۆنتر زۆرە بەزمانی عەرەبی.

دوای ئەو، (عەقیدەی کوردی) مـەولانا خالیـدی نەقشـبەندی یـە (١٧٩-١٨٢٧)، ئـەم نامیلکەیە بەشـێوەی پەخشـان نووسـراوەتەوەو نـاوەرۆکێکی ئـاینی هەیـە، وا دەسـت پـێ دەکات: ((ئەگەر کەسێ دەپرسێت ئیسـلام چـی یـە؟ ئیسـلام پێـنج ڕوکنـی هەیـە، لەسـەر هەموو موسڵمانی عاقڵ و بالغ بـێ واجبـە بیزانێـت، عەمەلیشـی پـێ بکـا، ئـەووەل ئەوەتـە (اشـهد): بـەدەڵ دەزانم بەیـەقین، بـەزووبان دەڵـێم بـەئیختیار (ان لا الـە): هـیچ مـەعبودێ بەحەق لایق پەرستن بێ (الا الله) ئیللا ئەو زاتە نەبێت واجبی بوونی، ئیسمی ئەللایی.))[2].

---

[1] د. مارف خەزنەدار، دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی عەلی تەرەماخی بەغدا، ١٩٧١. هەروەها: ڕەشید فندی، عەلی تەرەماخی، بەغدا١٩٨٥.

[2] محمدی مەلا کەریم، عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، گ. کۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی کورد) ب٨، ل٢٠٦.

گرنگی ئەم پەخشانە لە ڕووی ئەدەبییەوە لەوەدایە، كە ئـەو كورتـە چـیرۆك و پەنـدو عیبرەتانـەی بەشـێوەیەكی سـادە خراونەتـە ڕوو لـەلای هەنـدێ نووسـەر و ڕەخنـەگران بەسەرتایەكی سادەو ساكاری چـیرۆك كـوردی لەقەڵـەم دەدەرێـن.[1] بڵاوبوونـەوەی چـاپ و ڕۆژنامـەو گۆڤـار لەمێـژووی كـەلتووری میللەتانـدا ڕووداوێكـی گەورەیـەو شـایانی گرنگـی پێدانێكی زۆرە.

لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانیی كوردییەوە پەخشان گەشـەی كـردو چـەندین لـق و پـۆپی لـێ بـووەوە[2] لـە كۆتـایی سـەدەی نۆزدەمـدا ڕۆژنامـەی (كوردسـتان ١٨٩٨–١٩٠٢) یەكـەمین ڕۆژنامەی كوردی بوو، وشەی كوردی بەهەموولایەكدا بـڵاو كـردەوەو بـووە سـەرەتایەك بـۆ ڕۆژنامەوانیی كوردی و هونەرەكانی پەخشانی بەرەو پێشەوە بـرد. پاشـان گۆڤـاری (ڕۆژی كورد– ١٩١٣)، وتارو چیرۆك و بەشەكانی دیكەی پەخشانی ئەدەبی چەند هـەنگاوێك بـردە پێشەوەو تەنانەت بەسەرەتایەك دادەنرێت بۆ لێكۆڵینەوەی چیرۆكی هونەریی كوردی. دوای جـەنگی جیهـانی یەكـەمیش ڕۆژنامـەی (تێگەیشـتنی ڕاسـتی– ١٩١٨) و (گۆڤـاری زاری كرمـانجی – ١٩٢٦) و (ڕۆژنامـەی پێشـكەوتن– ١٩٢٠) و (گۆڤـاری گەلاوێـژ–١٩٣٩) و (گۆڤاری هیـوا– ١٩٥٧) و (گۆڤـاری شـەفەق– ١٩٥٨)... هتـد، هـەموویان لـەدایك بـوون و لەهەمەچەشنیی هونەرەكانی پەخشانی كوردی دا ڕۆڵێكی دیارو بەرچاویان هەیە.

---

[1] بۆ ئەم رایە بڕوانە: د. عزالدین مصطفى رسول، الواقعیة في الادب الكردي، ص٢٠٦؛ د. معروف خزندار، القصة الكردیة، مجلة الثقافة الجدیدة، العدد الثاني، بغداد، ص٩٤؛ د. جمشید الحیدري، تاریخ تطور النثر الفني الكردي في العراق، مجلة دراسات كردیة، العدد الاول، السنة الاولى، ١٩٨٤، ص٥٨.

[2] پەخشانی نووسراو بەشێوەیەكی گشتی دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر: ١– پەخشانی ئەدەبی (هونەری)، ٢– پەخشانی زانیاری. پەخشانی ئەدەبی (هونەری) چەند لقێكی لێ دەبێتەوە – وتار – خوتبە چیرۆك شانۆگەری، ژیاننامە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، بیرۆكە، دانان، لێكۆڵینەوە، نامە، وەرگێران، مێژوو، وتووێژ. بەڵام پەخشانی زانیاری ڕاستییەكی زانیاری دوور لە سۆزو خەیاڵ دەردەبڕێ و بیری نووسەری تیا دەرناكەوێ، بەپێچەوانەی پەخشانی ئەدەبی (هونەری) كە پشت بە وشەی ڕازاوەو خەیاڵی فراوان دەبەستێ و نووسەر ڕای خۆی دەردەبڕێ. بڕوانە: د.شوكریە ڕەسول، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، ل١٣٥.

بۆ زیاتر ڕوون کردنـەوەی پەخشـانی ئـەدەبی (هونـەری)، کەمەبەسـتی ئێمەیـە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، لەچەشـنە سـەرەکییەکانی دەکۆڵینـەوە، کەئـەوانیش (وتـارو ژیاننامـەو چیرۆك)ن.

## هونەرە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی

## یەکەم: وتـار

(وتار) چەندین پێناسی جیاجیای بۆ کراوە. چەند پێناسەیەك بـۆ نموونـە دێنینـەوە بـۆ ئـەوەی لـە نـاوەرۆکی ئـەو پێناسـانەوە چـەند خـاڵێکی گـرنگ دەستنیشـان بکـەین. لـە (Britannica Encyclopaedia) دا هـاتووە: ((هونـەرێکی ئەدەبییـە بەشـێوەیەکی سادەو کورت لەسنورێکی دیاریکراودا نووسەر لێی دەکۆڵێتەوەو بیروڕای خۆی تێدا دەخاتە ڕوو.))١

لە فەرهـەنگی (لارۆس)ی فەرەنسیشـدا نووسـراوە: ((وتـار بـەو نووسـینە دەوتـرێ، کـە نووسەرەکەی تێیدا قووڵ نـە بۆتـەوەو وەڵامـی تـەواوی نەداوەتـەوە.))٢ د. ناصـر الحـانی دەڵێ: ((شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەدەبی پەخشان، ئامانجی گەیاندنی هەواڵێکە یـان ڕوون کردنەوەیەکی زانسـتییە.))٣ د. شـوکریە ڕەسـوڵ دەڵـێ: ((نووسـینێکی ئەدەبییـە لایـەنێ لەلایەنە دیاریکراوەکانی ژیان دەگرێتە خۆ یا بابەتێکی تەسکی ژیان لێك دەداتەوە.))٤

لە هەمان کات دا لێکۆڵەرەوەکان هەوڵیان داوە جیاوازی لەنێوان وتاری ئەدەبی و غەیرە ئەدەبی دا بکەن، یوسف نجـم دەڵـێ: ((وتـاری ئـەدەبی پارچـە پەخشـانێکی سـنووردارەو بەشێوەیەکی خێـراو عەفـەوی بـێ زۆر لـەخۆ کـردن و مانـدوو بـوون دەنووسـرێ و یەکـەم مەرجیشی ئەوەیە دەبێ گوزراشتێکی ڕاستگۆیانەی کەسیەتی نووسەر بێ.)٥

( وتاری ئەدەبی دەبێ جۆرە شـاعیریەت و بەهرەیـەکی تیـابێ و نووسـەر زۆر لـەخۆی نـەکات بـۆ نووسـینی و لەمەرجـە سـەرەکییەکانی تـەکنیکی هونـەریو خـودی نووسـەر

---

١ Encyclopaedia Britannica

٢ عبداللطیف حمزة، المدخل في فن التحریر الصحفي، ص١٧٣.

٣ الدکتور ناصر الحانی، المصطلح في الادب الغربي، ص١٥٢.

٤ د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردیو هونەرەکانی ئەدەب، ل١٣٨.

٥ محمد یوسف نجم، فن المقالة، ص٩٥.

دەربڕینـە، لەوەشـدا لەگـەڵ وتـاری فێرکردنـدا یـەك دەگرنـەوە، کەهـەردووکیان سـیفەتی کورتیـو باسـکردنی بابـەتێکی دیاریکراویـان هەیـە، بـەڵام ئـەوەی دووەمیـان (وتـاری فێرکردن– ھ) تەنها پێویست بەوە دەکات نووسەر ماددە زانستییەکان بەشێوەیەکی ڕوون و بەزمانێکی چاك دەربڕێت.))١ ((وتاری ئەدەبی لەسەر بەرنامەیەکی دیـاریکراودا نـاڕوات، بەڵام لە ئەوەی تر پێشەکی و خستنە ڕوو و کۆتـایی و بابـەتی و گرنگی دان بـە مەبەسـتی فێرکردن سیمای وتارەکەیە.))٢

هەروەها جیاوازیەکی دیکەش لەنێوان هەردوو وتاردا بەدەی دەکرێت، ئـەویش ئەوەیـە: ((وتاری ئەدەبی ناتوانێ درێژەی پێ بدەیت و بیکەیتە بەرهەمێکی درێژ یان کتێبێك، بـەڵام دەتـوانرێ ئـەوە لەگـەڵ وتـاری تـەعلیمی دا بکرێـت، لێکۆڵینەوەیـەکی کـورت بکەیتـەوە لێکۆڵینەوەیـەکی درێـژ یـان کتێبێـك.))٣ ئەمـە بێجگـە لـەوەی وتـاری ئـەدەبی کەسـایەتی نووسەری تێدا دەردەکەوێت وتاری تەعلیمی ڕۆشنایی دەخاتە سەر بابەتەکەو بە وردی شی دەکاتەوەو جێگەی سۆزو خەیاڵی تێدا نابێتەوە.

وتار بەبەرزترین هونەری ئـەدەبی دەژمێردرێـت، ئەمـەش ڕەنگـە لـەوەوە بێـت بەپلـەی یەکەم، چونکە وتار بۆی دیار نەکراوە، کە چ بابەتێك بخاتە ڕوو وە چی دەگرێتەوە، ژیان و زیندەگی مرۆڤ بەهەموو بوارەکانیەوە دەشێن ببنە ماددەی وتار نووسین، کەوابێ وتار پـەل پـۆی زۆری لـێ دەبێتـەوەو سـیفەتی گشـتی وەردەگرێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا بۆزیـاتر ڕوونکردنەوەی مەبەست دەکرێ چەند بابەتێکی وتار جیا بکەینەوە:

١– وتاری کەسیەتی: دەربڕینێکی هونەری ڕاستگۆیانەیە نووسەر لەمیانـەی ئەزموونـەکانی ژیانی خۆیەوە هەڵیهێنجاوەو ڕەنگدانەوەی سروشت و ناخی خۆیەتی.

---

[١] د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، ص ٢٦٣.

[٢] قدام سعيدة، المقالة في الادب الجزائري الحديث،(رسالة ماجستير) جامعة بغداد، كلية الاداب، ص١٧. بەڵام نووسەرێکی تر بیروڕای جیای هەیە، کەوتاری ئەدەبیش بەرنامەی هەیە، بڕوانە: مر الدسوقي، نشأة النثر الحديث وتطوره، القاهرة، ص٨١.

[٣] د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، ص٢٦٤؛ الدكتور فائق مصطفى والدكتور عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث ومنطلقات و تطبيقات، الموصل.

هەروەها مامۆستا عەزیز گەردی هەندێ نیشانەی وتاری هونەریی چاکی دەست نیشان کردووە، بڕوانە: عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، مەنهەجی پۆلی سێیەمی بەشی کوردی لە کۆلیژی ئەدەبیات، هەولێر، ١٩٧٩، ل٣٥–٣٦.

٢- وتاری کۆمەڵایەتی: ئەو وتارەیە، کەنووسەر تیایدا ڕەخنە لەناهەموارییەکانی کۆمەڵ دەگرێ و هەوڵ دەدات ((زۆر جاران بەجۆرە تەوس و پلاریێکیشەوە)) بیروڕای خۆی لەمەڕ هەژاریو داب و نەریت و نەخوێندەوارییو شتە تازە داهاتووەکانی کۆمەڵ دەربڕێ.

٣- وتاری وەسفی: نووسەر وەسفی ژیانی سروشتی و کۆمەڵایەتی دەکات، وەسفی سروشت دەکات، بەچیاو دارو دەوەن و چینەکانی کۆمەڵ، هەموو ئەم وەسفانەش لەپێناو خستنە ڕوو و ڕوونکردنەوەی مەبەست، واتا ((لێرەدا وسف کردن هۆکارە و ئامانج نیە. هۆکارێکە بۆ چەسپاندنی ئەو ڕایەی، کەدەیەوێ بیخاتە ڕوو ڕەنگە بابەتەکە سروشت بێ یا هەندێ زیندەوەر بێ. نووسەر لەسرنج دانی و دەست نیشان کردنی دا مەبەستی ئەوەیە ببێتە یارمەتی دەرێك بۆ ئاشکرا کردنی ئەو ڕایانەی کەدەیەوێ پێشنیاری بکا.))١

٤- وتاری فەلسەفی: نووسەر سەرنجی خۆی لەمەڕ بوون و کێشەکانی ژیان و فەلسەفەی بوونی خوداو دروست بوونی مرۆڤ دەردەبڕێن بەجۆرێك کەورد بوونەوەو ڕامانی قووڵی تیایە بۆ ڕاڤە کردنی ئەم گەردوونە.

٥- وتاری زانستی: ئەو نووسینانەن کە نووسەر دەیەوێ بەکورتی کۆمەڵێ زانیاریی، جا چ لە بواری زانستە ڕووتەکان، وەك بیرکاری و فیزیاو کیمیا یان زانستە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆییەکان وەك جوگرافیاو مێژوو و کۆمەڵناسی بەخەڵك بگەیەنێ لەسەر بەرنامەیەکی زانستی و گونجاو.

٦- وتاری ڕەخنەیی: ئەو پارچە نووسینانەیە، کە نووسەرەکەی بابەتێکی ئەدەبی وەردەگرێت و هەڵیدەسەنگێنێ و ڕەخنەی لێ دەگرێت و لایەنە ڕاست و ناڕاستەکانی دەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە.

سەرەتاو سەرهەڵدانی وتار لەئەدەبی کوردیدا، هەروەك میللەتانی دی پەیوەستە بەلەدایك بوون و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنییەوە.٢ بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی و ڕۆژنامەیش پەیوەندە بەرادەی هۆشمەندی و ڕووناکبیریی ئەو میللەتەوە، ڕۆژنامە لەنێو

---

١ د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل١٤٠. هەروەها قدام سعیدة، المقالة في الادب الجزائري الحدیث، ص١٨ د. دواد سلوم، النقد الادبي، القسم الثاني، ص٢٧.

٢ سەبارەت بەگرنگی وتار لەئەدەبی عیراقی هاوچەرخ و سەرهەڵدانی لەباوەشی ڕۆژنامەدا بڕوانە: د. منیر بکر، اسالیب المقالة وتطورها في الادب العراقي الحدیث والصحافة العراقیة، ط١، ص٧-١٠؛ الدكتور محمد حسن عبدالله، فنون الادب دار الكتب الثقافیة،ط٢،الكویت، ص٢٦١.

میللەتانی خوێندەواردا زووتر بلاّو بۆوە و هـەر لەوەێشـەوە وتـارو سـەروتار وەك كۆلّەكـەی پشتی ڕۆژنامەنووسی گەشـەی کـردو بـەرەو پێشـەوە چـوو. لەگـەلّ دەرکـەوتنی پڕشـنگی یەکـەم ڕۆژنامــەی کــوردی (کوردســتان) لــە ٢٢ی نیســان ١٨٩٨ دا، دەبیـنین وتـار خـۆی دەنوێنێ، لەوتارێکدا کەخەلّکی بۆ خوێندن هان دەدات، دەلّێ: ((حەزرەتی پێغەمبەر (علیه الصلاه والسلام) گوتی: ((العلماو ورپه الانبیاو)) ئانکو عولـەما وارسـین ئەنبیانـە ژ تـەرەف خودیدە مەئموون وەعزو نەسیحەتی بدەن، خەلّکی ڕێیا قنج نیشان وان بکـەن لـەوما گـەلی عولەمایێن کوردا چاوە ئەوان وەعزو نەسیحەتا نمیژی ددەن وەلی دڤـێ ئـەوان مـیرو ئاغـاو کرمانجین دناسن وان تەشویقا زانینان عیلم و مەعریفەتی بکـەن ڕێیـا قـنج نیشـا وان بکـەن هەکی ئەوان وی نەکەن گونەهی حەمیا ستۆی وەیە.))١

لــە کوردســتانی عیراقیشــدا، ڕۆژنامــەی (تێگەیشــتنی ڕاســتی) لــە ژمارەیــەکی: ســێ شەممەی یەکی کانوونی دووەمیدا، چەند وتارێك بەرچاو دەکەوێت. لە وتارێکیدا، کـە دێتـە سەر باسی پەیوەندی نێوان ئەلّەمان و عوسمانیی (تێگەیشتنی ڕاسـتی) دەلّـێ: ((... بـەلّی ئەلّەمانیا حکومەتێکی جەلادە، ئەمما کوشتنی تـورکی لـە پـێش عـەرەب و کـورد ئـارەزوو دەکردو لەژێریشەوە بۆ کوشتنی عەرەب و کورد دەسـتی بەتورکەکانـەوە دەنـا.))٢ ئەگـەر سەیری باری خوێندن و خوێندەواریش لە باشووری کوردستاندا بکـەین، تـا سـەرەتای ئـەم سـەدەیەش ژمـارەی خوێنـدنگاو قوتابخانـەکان لەپەنجـەی دەسـت تێپـەڕی نـەکردووەوە خوێندەوار کەمبوون. پیرەمێرد دەلّێ:

((کە لە ئەستەمبول هاتمەوە، ئـەم سلێمانییە پـەپوو تیـا ئەیخوێنـد، شـارێکی وێـران، قەومێکی پەرێشان، نەخەستەخانە، نەقوتابخانـە، نەمامۆسـتا هیچـی نـەبوو، زیـوەر، مـەلا سەعید بێ پارەو پوول دە دوانزە منداڵیان گردکردبووەوەو دەرسیان پێ دەوتن.)٣

---

[1] د. کەمال فواد، کوردستان یەکەمین ڕۆژنانەی کوردی،١٨٩٨–١٩٠٢، ل١٢.

[2] د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، ل١٦٢.

[3] غەفوور میرزا کەریم، تەقەللایەکی دلّسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە کوردستانا و کۆمەلّی زانستی لە سلێمانی، ل١٤.

حـاڵی میللـەتێك لـە ڕووی خوێندەوارییـەوە وابـێ بـێ گومـان ڕۆژنامـەو گۆڤـار درەنـگ دەردەکەوێ. ئەگەر ڕۆژنامەو گۆڤار لە مێژووی میللەتان دا وەك سەرچـاوەی یەکـەم سـەیر نەکرێت، ئەوا بۆ مێژووی کـوردو بـاری کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئـەدەبی و ڕۆشـنبیری بـە سەرچاوەیەکی کرنگ و بەپێز دادەنرێت لەمەیدانی لێکۆڵینـەوەدا، چـونکە توانـای چـاپ و چاپەمەنی بەتایبەتی کتێب هەردەم کۆسپ بووە. ڕەنگە ئەمەش بەپلـەی یەکـەم نـەبوونی قەوارەی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن دەستەڵات هۆکارەکەی بێ. بۆیـە وتـارە جیاجیاکانی ناورۆژنامە و گۆڤارەکان تا ڕادەیەك ئەو کەلێنە بەر فراوانـەیان پـڕ کردۆتـەوە، وتار لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوەندە گرنگی پێ نەدراوەو لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی زانستیانەی دەربارەی نەکراوە، بەشێوەیەك لـە مێـژووی ئـەدەبی هاچـەرخ دا وەك هونـەرێکی ئـەدەبی لایەنـە ئیسـتاتیکاکانی وەك داهێنـانێکی ئـەدەبی نەخراوەتـە ڕوو، ئەمـەش وەنـەبێ هـەر لەئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لـە ئـەدبی عـەرەبی و میللـەتی تریشـدا ئـەم دیاردەیـە بـەر چـاو دەکەوێ.[1]

دیاردەیەکی دیکە لـە وتـار نووسـەکاندا سـەرنج ڕادەکێشـێ. ئـەویش ئەوەیـە، هـەروەك پێشتر ڕوونمـان کـردەوە، ژمـارەی ڕۆنـاکبیرە کوردەکـان لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیەو تـا چـارەکی یەکـەمی ئـەم سـەدەیە کـەم بـوون، بۆیـە وتارەکـان لەلایـەن شـاعیرو ئـەدیب و ڕۆشنبیرانەوە نووسراون، بەهەموو جۆرەکانییەوە، وتاری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایـەتی و زانستی... هتد، شێوازی هەموویان زیاتر شـێوازی ئـەدەبی یـان بەسـەر دا زاڵـە لـە ڕووی شێوازو زمانەوە.

گۆڤاری (هیوا) هەروەك ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی پێش خۆی، وتاری بەبرپرەی پشتی خۆی زانیوەوە گرنگی تایبەتی پێداوە، لەگەڵ تێکەڵاوییەك لە نووسینی وتارەکان لەلایەن ئەدیب و ڕۆشنبیرو پزیشـك و ئەندازیارانـەوە، واتـا ڕوناکبیرەکـان بـێ گوێدانـە ئـەوەی، کـە خـۆی ئەدیبە بۆ نموونـە، کەچـی وتـاری سیاسیشـی نووسـیوەو لـە چـەندین مەیدانی دی وتـاری نووسیوە، ئەمەش بەپلەی یەکەم هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی، کـەژمارەی ڕۆشـنبیرو خوێندەوار لەو کاتەدا کەم بووە، هەر ئەو چینە لە مەیدانەکەدا بوون و کاروباری سیاسی و

---

[1] بِروانە: فاضل ثامر، في جماليات المقالة الحديثة في الادب العراقي، مجلة الاقلام، العدد ١٢، ص٣٧-٤٦.

ئیداریشیان بەڕێوە بردووەو کۆمەڵیان لە ئەو ئاستەنگانەی بەردەمی هۆشیار کردۆتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا گۆڤاری (هیوا) بڕوای تەواوی بە پسپۆریەتی هەبووە١ و هەوڵی داوە سوود لە شارەزایی و پسپۆری کەسانی دیار وەربگرێ و بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی پێوە کردوون. هەروەها گۆڤارەکە کۆششی زۆری کردووە، لەبەر نەبوونی گۆڤاری بلاٌوکراوەی تایبەت بە زانست و سیاسەت و مێژوو و فۆلکلۆر و ڕەخنەو ئەدەبی منداڵان و شانۆ و جوگرافیا و ئابووری، وتارەکان هەمە جۆرە بن و هەموو ئەو مەیدانانە بگرێتەوە، بە تایبەتی لە ساڵانی یەکەم و دووەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا چەندین وتاری سیاسیی بڵاو کردۆتەوە٢.

[1] لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا چەندین وتاری زانستی و تەندروستی بڵاو کراوەتەوە، کە هەموویان بە قەڵەمی کەسانی پیسپۆر و پزیشکەکان نووسراون، لەوانە دکتۆرەکان ئەحمەد عەلی عوسمان و ت. ب مەریوانی و عەبدولرەحمان عەبدوڵلا و نامق قادرو...هتد.

[2] گۆڤاری (هیوا) لەسەروتاری ژمارە (٩، ١٠) ی ساڵی دووەم، نیسان و مایسی ١٩٥٩ ئەوەی ڕوون کردۆتەوە: ((هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە، (هیوا) بوو بە دەنگێکی شۆڕش بۆ ناو گەلی کورد. وە بەم پێیە لەبەر نەبوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی کوردی لە سەرەتای شۆڕشدا (هیوا) توانی ئەو ئەرکە بگرێتە شان و لە سنووری خزمەتی گەل لە ڕووی ئەدەبەوە بچێتە دەرێ بۆ خزمەتی سیاسی)).

## وتـارەکانی گۆڤاری هیوا بە پێی مەبەست و ناوەڕۆك

وتارەکانی گۆڤاری هیوا بەپێی مەبەست و ناوەڕۆك بەم شێوەیە دابەش دەکەین:

## وتـاری ئەدەبی و هونەری:

وتاری ئەدەبی ئەو بیروڕایانەیە، کە ئەدیب بە زمانێکی پاراوو وشـەی ڕازاوە و بۆچـوونی پڕ لە سۆزو ئەندێشەو خەیاڵی داهێنەرانە لەو بابەتانە دەدوێ، کە پەیوەندە بـەڕێبازەکانی ئـەدەب و چـۆنیەتی پـێش خسـتنی ئـەو ئەدەبـە بـۆ ئاسـتێکی بـەرزوجوان لـە ڕێگـەی لێکۆڵینەوەو ڕەخنە.



شێخ محمدی خاڵ

وتارە ئەدەبییەکانی گۆڤاری (هیوا) چەندین بابەتی زیندووی ئەدەبی بـەخۆوە گرتـووە، هـەر لـە گرنگـی وێـژەو ژانرەکـانی ئـەدەبی و دەوری نووسـەران و پێوەنـدی ئـەدەب بـە کۆمەڵەوە. شێخ محەمەدی خاڵ چەند وتارێکی لەمەڕ وێژە بلاّو کردۆتەوە، لە وتارێکدا بـە ناوی (وێژە) دا دەڵێ: ((ئاشکراو عەیانە لە هـەموو کەسـێکەوە کـە وێـژەی هـەموو گـەلێك ئەگۆڕێ بەپێی گۆڕانی وێژەر –ادیب–ـەکایان، وە بـەپێی خوێنـدەوارییان و ئارەزوویـان و پەی دەستییان لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانەی، کە هەیانە هـەروەك ئـەگۆڕێ بـەپێی ناوچـەیان، ئەنجا ئەم ناوچەیە ناوچـەی کۆمەڵایـەتی بـێ لـە سیاسـەت و ئـایین و بـاوی ناوخۆیـان، یـا ناوچــەی سروشــتی – گبیعــی– بــێ لــە ســەرماو گــەرماو شــاخ و داخ و دەشــت و دەرو

چەشمەنداز. هەموو وێژەیەك ئـەگۆڕێ بـەگۆڕانی گـەل، وە لەگـەڵ ئـەوا ئاوێتـە ئـەبێ. وە هەردوو لاکار لەیەکتریی ئەکەن.))١

بەوپێیە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەموو ئـەدەبێك لـەدایکبووی سـەردەمەکەی خۆیەتی و بەو پێیە  لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەموو ئەدەبێك لەدایکبووی سەردەمەکەی خۆیەتی و بەو پێیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، هەروەها ئەدەب دیاردەیەکی نەتەوەییە. ئایا نووسینی (هونەر بۆ هونەر) یان (هونەر بۆ کۆمـەڵ) کامیـان ڕاسـتە؟! ئەمـە مەسـەلەیەکی ڕەخنەییە و پێوەندی بە ئایدیۆلۆژیا و  جۆری بیرکردنەوەی نووسەرەوە هەیە.

لە مەسەلەیەکی ئاوا کاریگەری ئەدەبیدا وتارێك بەناونیشانی (ئەدەب بۆ کێ ئەنووسرێ؟!) نووسراوەو ئەو دوو ڕێبازە شی دەکاتەوە و دەڵـێ: ((سەرچـاوەی ئـەدەب لـە کۆمەڵەوەیـە وەخـۆی کردەوەیـەکی کۆمەڵآیەتیـە نـەك کـردەوەی تـەنها کەسـێ وە هـەموو کارەسـات و ڕووداوێك لە تەبیعیەت و ژیاندا کاری تێ نەکات. یانی کردەوەیەکی زیندووەو بەستراوەتەوە بەقانوونی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیەوە وە ئەدەب وێنەیەکی ڕاسـتەقینەی هەسـت و هـۆش و بیرباوەڕو شێوەی ژیانی و پەیڕەوی کۆمەڵێك یا چینێك ئەنوێنێ لە قۆناغێکی تایبەتیدا.))٢

قۆنـاغی پـەنجاکانی  ئـەم سـەدەیە نـەوەك هـەر لـە ئـەدەبی کوردیـدا، بـەڵکو لـە ئـەدەبی عەرەبیی عیراقیشـدا بـە قۆنـاغی کـامڵبوون و گەشـە کردنـی هونـەری چـیرۆك ناوەدبرێـت، شـیکردنەوەی مەرجـەکانی چـیرۆکی سـەرکەتوو و چـۆنیەتی  نووسـینی ئـەو هونـەرەو جۆرەکـانی چـیرۆك لـە وتـارێکی بەنرخـدا بلآوکراوەتـەوەو دەڵـێ: ((... پێویسـتە چـیرۆك بەشێوەیەك دابڕێژرێ کە زنجیرەی خەیاڵی خوێندەوار نەپسێنێ، پچڕ پچڕ نـەبێ، نووسـەر بەهەموو ئارەزوویەکەوە هەوڵ بدات ئەو بیرەی مەبەسـتیەتی دەری بـڕێ و بـەپێی توانـای خۆی دووری نەخاتەوە، لێرەدا چیرۆك نووسی چاك وەك سوار چاك وایـە کـە تونـد جڵـەوی وڵآخەکەی ئەگرێ و هەرگیز بۆی شل ناکا کە هـەڵیگرێ. کەواتـە پێویسـت لەسـەر نووسـەر دوای قەڵەمی نەکەوێ هەرچۆنێکی دایە بەر بۆی شـل کـا، چـونکە ئەگـەر دڵسـۆزیەکی وای بەرامبـەر – فیکـرەو موچـوع – پیشـان دا ئـەو کاتـە چـیرۆکەکە بینایـەکی قەشـەنگ دەرئەچێ.))٣

---

١ شێخ محمدی خاڵ، وێژە، گ. هیوا، ژ٨، س١، ل٧.

٢ احمد دڵنیا، ئەدەب بۆ کێ ئەنووسرێ؟!، گ. هیوا، ژ(١٢،١١)، ل٣٠.

٣ مصطفی صالح کریم، چیرۆك نووسین و هونەری چیرۆك، گ. هیوا، ژ١٢، س١، ل٤١.

(گۆران) لەسەر خواستی (هەڵبەست دۆستێك) وتارێكی لەمەڕ كۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا نوسیوەوە دەڵێ: ((هەڵبەستی كۆن دوایی هەموو بەیتەكانی بەدرێژیی كشانی قەسیدە یان غەزەل لەسەر یەك قافیە ئەڕوا، بەلاّم یەك قافیە لە هەڵبەستی تازەدا دێڕەكان – زۆرتر – دوو دوو ئەبەستێ پێكەوە، لای ئەوپەڕی لەقافیە بەندی دێڕەكانی یەك بەند زیاتر تێ ناپەڕێ.))١

ج. بابان چەندین وتاری هەمە چەشنەی سەبارەت بەهونەری مۆسیقاو گۆرانی بلاّو كردۆتەوە، لەوتارێك دا سەبارەت بەمەقامە كوردییەكان و گۆیندەو هونەرمەندە دەنگ خۆشەكان دەڵێت: ((لە كوردەواری دا دەنگ خۆش و گۆیندەی وا هەڵكەوتوو هەبوون و هەن كە پێویستە هەرگیز هەر بەشانازیەوە ناویان ببرێ و لەهەمان كاتدا هەوڵی ئەوە بدرێ كە نەهێڵرێ ناوی ئەوانەی ڕۆیشتون لەبیر بچنەوە پێویستە ناوی ئەوانەی ئێستاش هەن بخرێنە پێش چاو خۆ ئەگەر بۆ شانازیش نەبێن باهەر بۆ مێژوو بێت و بەس.))٢

علاءالدین سەجادی لە چەمكی ئەدەب دەكۆڵێتەوەو لە وەلاّمی پرسیاری ئەدەب چییەو چۆن لەناو كورد دا ئەو گوزارەیەی پەیدا كردووە، دەنووسێ: ((ئەدەب بەجۆرێكی تێكڕایی بەمانا زیرەكی و شەرم و ڕاگرتنی هەر شتێكە لە ئەندازەی خۆیا. عیلمی ئەدەب شت زانین و زانیاریە كە هەر كەس بەهۆی ئەوەوە ئەتوانێ خۆی بپارێزێ لەو شتە ناشایستانە كە بەهۆی زمان وە یا كردەوەیەكەوە بەسەریا دێت بەجۆرێكی تایبەتیش (ناوە) نایاب و مۆزیقای دڵرفێن و پیشەی قەشەنگ ئەگرێتەوە.))٣

---

١ گۆران، كۆنیو تازەیی لە هەڵبەستا، گ. هیوا، ژ٣١، ل٧.

٢ ج. بابان، گۆیندە دەنگ خۆشەكانی ناوچەی سلێمانی، لە كۆنەوە تا ئەمرۆ، گ. هیوا، ژ٣٤، س٥، ل١٤.

٣ علاءالدین سجادی، ئەدەب و گوزارەی ئەدەب، گ. هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٧.



**عەلائەدین سەجادی**

## وتـاری زانستی

مەبەست لە وتاری زانستی ئەوەیە، کە لـە ناوەڕۆکەکەیدا ڕاسـتییەکی زانسـتی بـەمرۆڤ دەگەیەنێ بەزمانێکی سادەی دوور لە خەیاڵ و فانتازی و لەسەر بنـەمای ژیرییـە. گۆڤـاری هیوا هەروەك لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (گۆڤارێکی ئـەدەبی و زانسـتییە)، دیـارە وتـاری زانسـتیش شـوێنی تایبـەتی خـۆی لەسـەر لاپـەرەکانی ئـەو گۆڤـارەدا بینیـوە. وتـارە زانسـتییەکان زۆربـەیان لەلایـەن کەسـانی پیسـپۆڕو شـارەزاوە نووسـراون، لـەپاڵ ئـەوەدا گۆڤارەکـە خۆیشـی لەلایـەن دەسـتەی نووسـەرانەوە گۆشـەیان بـۆ هـەواڵی زانسـتی تـازە کردۆتـەوە، کـە تیایـدا تـازەترین هـەواڵی زانسـتییان بـە خوێنـەران ڕاگەیانـدووە. وتـارە زانستییەکان ناوەڕۆکەکانیان (تەندروستی و کشـتوکاڵ و ئـەلکترۆنیك و مـانگی دەسـتکردو تەلەفۆن و چەندین بابەتی دی گرتۆتەوە.)

لە وتارێکدا سەبارەت بەنەخۆشی (سوتاننەوەی پەردەدی مێشك وەیا تـای مێشـك (ژات السحایا)و چۆنیەتی بلاْوبوونەوەو خۆپاڕاستن و دەرمان کردنـی ئـەم نەخۆشـییە ترسـناکە، نووسـراوە: ((نەخۆشـی سـوتاننەوەوی پـەردەی مێشـك زۆر تونـدو تیـژەو وە ئێجگـار بەوئاسانی بلاْو ئەبێتەوە، لەپڕ بەتاو سەرێشەیەکی بێ ڕەزا و دڵ تێك هەلاْتن و ڕشانەوەوە

پەڵەی سووری پێستەوە خـۆی دەرئـەخا. میکرۆبـی ئـەم نەخۆشـیە لـە پارچـەی سـەروی جهازی هەناسەدا وەك قورگ و گەروو خۆی دا ئەکوتیٚ و لەوێوەو تەشەنە ئەکاتە ناو خـوێن و ئیتر بەهۆی خوێنەوە خۆی ئەگەیێنێتە پەردەی مێشك و لەوێدا دەست ئەکا بە تێکدان– ئەم نەخۆشیە تا ك تاك هەمیشە لەشارە گەورەکاندا ڕوو ئەدا.))١

بە حـوکمی ئـەوەی کوردسـتان لـەو ڕۆژگـارەدا کشـتوکاڵ کۆڵەکـەی سـەرەکی بنـەمای ئابووری بـووەوە ژمـارەی جووتیـاران زۆرینـەی پێکـدەهێنا، بۆیـە بڵاوکردنـەوەی زانیـاری بەکەڵك سەبارەت بەکشتوکاڵ و چۆنیەتی بەرەو پێشەوەبردنی و زانیاری لەبارەی دەورەی کشتوکاڵییەوە کارێکی سوودمەند بووە، لە وتارێکی ئەکرەم جـاف دا هـاتووە: ((دەورەی کشتوکاڵ ئەوەیە کە زەوییەك بە نۆرە ئەکرێت بە کشتوکاڵ. بە جۆرێکی وا کە ئەرزەکە بیٚ هێز نەبێت و بەرهەمی زۆر بێت هیچ مەگەزو نەخۆشی و گیای خراپی لەناو نـەبێت. چـونکە لەوڵاتی ئێمەدا پەینی کیمیاوی ناکەینە زەویەکانمانەوە، جا ئەگەر بە جۆرێکی تر خزمـەتی ئەرزەکانمان نەکەین ئەوا زیانمان ئەبێت.))٢

لـە بابـەت گەشـتی ئاسمـانی و نهێنییـەکانی بۆشـایی ئاسمـان، کـە تـاوەك ئـەمڕۆیش زانیاریمان کەمەو وتاری لەو بابەتەمان کەمە، گۆڤاری هیـوا وتـارێکی درێـژی سـەبارەت بـە مانگی دەستکرد و جیهانی ئەلکترۆنیك و ئامێرەکانی گەیاندنی بێتەل و تەلەفۆن، داهێنـانی زانست و تەکنەلۆژیای نوێن، چۆنیەتی ئیشکردنی ئەو ئامێرە سەیرەی (تەلـەفۆن)، کـە لـە چـەند سـاتێکی کـەم دەنگـت بـە دوورتـرین شـوێنی جیهـان دەگەیـەنیٚ، بـڵاو کردتـەوە: ((تەلەفۆن ئیشەکەی ئەوەیە، کە دەنگ ئەگۆڕیٚ بـە کارەبـا، وە ئـەم کارەبایـە بـە تـەل دا ئەنێردرێت دوای ئەمە بەهۆی جیهازێکی تایبەتیـەوە کارەباکـە ئەبێتـەوە بـەو دەنگـەی لـە پێشەوە نێرراوە. بەم جۆرە دەنگە ئەبیسترێت، وە بۆ ئەم ئامانجەش دوو جیهازی تایبەتی هەیە: یەکەم (نێرەر)، دووەهەم (وەرگر).))٣

---

[1] دوکتور عبدالرحمن عبدالله، سوتاننەوەوی پەردەی مێشك وە یاتای مێشك (ذات السحايا)، گ. هیوا، ژ١، س١، ل٥٢. پاشان دکتۆری ناویراو ئەم وتارەو چەندین وتاری دی لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو کردەوە، بڕوانە: دکتۆر عبدالرحمن عبدالله، تەندروستی گشتی، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، ١٩٧٢.

[2] ئەکرەم جاف، دەورەی کشتوکاڵ، گ. هیوا، ژ٧، س١، ل٧٢.

[3] ف.ع، تەلەفۆن، گ. هیوا، ژ٩، س١، ل٥٤.

بەم شێوەیە گۆڤاری هیوا زۆربەی وتارە زانستییەکانی بە کوردییـەکی پـەتی و لەلایـەن کەسانی شارەزاوە نووسراوە، تا ئەو کاتە گۆڤـارێکی زاسـتی نـەبووە، بۆیـە گۆڤارەکـە بـە پێویستی زانیوە بەشداری لە بەرەو پێشەوە بردنی کـاروانی زانسـت لـە کوردسـتاندا بکـات بەشێوەیەك کە لەگەڵ ژیان و بیرکردنەوەی میللەت و ئاستی رۆشنبیریاندا بگونجێت.[١]

## وتـاری کۆمەڵایەتی:

بابەتی وتاری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو دیاردانەی رۆژانەیە، کە پەیوەندییان بە چینەکانی کۆمەڵەوە هەیە، نووسەری وتار، ئەندامێکە لە کۆمەڵەکەیدا لەبـەر ئـەوە دەوری کارلێکـەرو کارتێکراو دەبینێ، هەم کار لە خەڵکەکە دەکات و هەم کۆمـەڵیش کاریگـەری لـە دەروون و بیرکردنــەوەی ئــەودا هەیــە و کەرەســەو هــەوێنی ســەرەکی نووســینەکانیەتی. وتــارە کۆمەڵایەتییــەکان هــەموو ئــەو دەردو ژان و ناهەمواریيانــەی گرتۆتــەوە، کــە لــە کۆمــەڵی کــوردەواری هەســتی پــێ کــراوەوە ئــەو رێگەچــارانەی، کــە دەبنــە هــۆی ئــەوەی رادەی هۆشمەندی ئینسانی کورد بەرزبکاتــەوە، بەرامبــەر بــەدەورو پایــەی لــە کۆمەڵدا. تــەوەرە سەرەکییەکان، (ژن و منداڵ و گەنج و پیاو)ی گرتۆتەوە، هەر لەسەرەتای ئـەم سـەدەیەدا و چەند ساڵێك دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی یەکـەمی جیهـانیی لـە شـارەکانی کوردسـتان قوتابخانەی کچان کرایەوە.[٢]

---

[١] ژمارەیەك وتاری زانستی لە گۆڤارەکەدا بلاّو کراوەتەوە، لەوانە: وردی، ئەتۆم و هێزی ئەتۆم، ژ١، س١، ل٥٦–٦٠؛ عوسمان قادر شالی، قەڵەوی، ژ٢، س١، ل٦٣–٦٩؛ وریا ئەمین رواندزی، شێرپەنجە، ژ٤، س٤، ل٣٦–٤٠؛ مصطفی امین، مەمك زۆری، ژ٤، س٢، ل٣٩–٤٥؛ احمد عوسمان، لێکۆڵینەوەی ئەتۆم، ژ(٣،٢)، س٣، ل٤٢–٤٨.

[٢] لە سلێمانی ١٩٢٦، لە سلێمانی قوتابخانەی (زهراء) بۆ کچان کرایەوە. بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل٦٢. هەروەها: غەفور میرزا کەریم، تەقەللایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە کوردستانا و کۆمەڵی زانستی کوردان لە سلێمانی، ل٦٤. لە هەولێریش ساڵی ١٩٤٣ یەکەم قوتابخانەی کچان کرایەوە، بڕوانە: کەریم شارەزا، زانای ناوداری کورد، مەلا ئەفەندی، بەشی دووەم، رۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٤٥، یەك شەممە ١٩٩٤/٩/١٨، ل٣.

لەوکاتەوە ڕووناکبیرانی کورد بە شیعرو وتاری کۆمەڵایەتی بـەپێز هـانی خـەڵکیان داوەو بۆ ئەوەی کچەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە بکەن و هەست بـەبوونی خۆیـان بکـەن و دەوری شیاوی خۆیان لە کۆمەڵەکەیاندا بگێڕن و لە هەندێ کۆت و پێوەندی کۆمەڵایەتی ڕزگاریـان ببێ. گۆڤاری هیوا لە ژمارەکانی بەرایی لە وتارێکدا سەبارەت سەربەستی (ئافرەت) دەڵـێ: ((کچەکانتان بنێرنە قوتابخانە... با بخوێنن، تا خۆیان هەست بکـەن کـە ئـەبێ سەربەسـت بن، دیل تا خۆی ڕانەپەڕێت ڕزگاری نابێت... خوێنـدەواری: یـەعنی زانسـتی، پیشەسـازی، پاك و خاوێنی، پێشکەوتن، بەگژ نەخۆشیدا چوون.))[1]

مەســەلەی گرنگیــدان بــەژیانی ژنــان و منــداڵ و پــەروەردەی منــداڵان لــەنێو وتــارە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە. دیـارە ئەمـەش لـە ئـەنجامی بیرکردنەوەیـەکی قـووڵی ئـەوتۆوە دێت، کە منداڵ هیوای پاشەڕۆژی نەتەوەشەو بۆئەوەی لە پاشەرۆژدا ئەندامێکی بەسـوودی بۆ کۆمەڵ لێ دەربچێت دەبێ لەسەر ڕێوشوێنی دروست پەروەردە بکرێ، (هەر کەس تۆزێ شارەزایی لە وەزعـی ئافرەتـانی عـیراق و کـوردەواری هـەبێ، ئاشـکرایە لای کـە زۆربـەیان هەمیشە گیرۆدەی جۆرە دەردێکن، وە لە ژیانیانا تووشی ئازارو چەرمەسـەری وا ئـەبن کـە هـەر بـەناو بردنیـان ئـادەمیزاد موچـڕکەی دێ بـە لەشـیا. خـۆ وەزعـی سـاوایان و مـاوەی شیرخواردن و پێ گرتن و گەوتنە ناو کۆڵان و تا چوونە قوتابخانە یان، هەر دەمێکی مایەی هەزار چەشنە ناڕەحەتییە چ بۆ ساواکان خۆیان و چ بۆ دایکەکانیان!))[2]
تەنانەت ((یەکێك لە بەڵگە گرنگەکانی پێشکەوتنی گەلان و هۆی سەرکەوتنیان لە ژیاندا، پێگەیاندنی منداڵە و پەروەردەکردنیەتی لەسەر ڕەوشتی باش و خـووی پـاك و بناغـەیێکی بەتینی تەندروستی فسیۆلۆجی وە بەرزکردنەوەی هەست و گیانیەتی.))[3]

ڕۆحــی هــەرەوەزی لــەرووی پێوەنـدی کۆمەڵایەتییــەوە دژی گیــانی خۆپەرسـتی و تاکڕەوییە، کەچی ((داخی گرانم کورد دوژمنی هەوڵدانی بە کۆمەڵە بـۆ پێکهێنـانی فرمانێك کە چاکەی گەلی تیابێ، هەرچەندە لە پێشەوە بە گەرمی دەست ئەدەینە ئیش بەڵام زۆری

---

[1] کامەران، سەربەستی ئافرەت، گ. هیوا، ژ٤، س١، ل٦٠.
[2] پرشنگ، پاراستنی دایك و منداڵ، گ. هیوا، ژ٨، س١، ل٤٤.
[3] عزالدین ابراهیم، منداڵی کورد، گ. هیوا، ژ١١، س١، ل١٣.

پێ ناچێ هێزی خۆپەسندی بەسەرمانا زاڵ دەبێ وە هەریەکە لە ئێمە بـە هـەموو هێزیـەوە هەوڵدەدا بۆ ئەوەی قسەو بیرو باوەڕی خۆی سەرکەوێ.))١

سروشت و دەروونی مرۆڤ وا هەڵکەوتووە لە کاتێکدا کە خۆی کۆمەڵێ خەوشی تیایـەو خەوشی خـەڵکی بەرامبـەر دەردەخـات٢. بۆیـە ((ئـەمڕۆ پێویسـتمان بەوریاییـە، پێویسـتە عاتیفە کارمان تێ نەکات و بە هەڵەماندا نـەبات، ڕابـردووی زۆر نزیکمـان لـەبیر نەچـێتەوە، ئـەبێت بەچـاوێکی زۆر وردەوە بڕوانینـە هـەموو کەسـێك، بڕوانینـە ڕەوشـت و کردارەکـانی پێشوویان، هیچ پێویست نییـە لـە خۆمانـەوە قاقـەزی سـپێ بخوێنینـەوەو گومـان لـەئیش کەرێك، لە کەسێکی ڕابردوو بـاش پەیـدا بکـەین بەهانـدانی هەنـدێك کـەس کـە مەبەسـتیان داپۆشینی عەیبی خۆیانە.))٣

## وتاری سیاسی

ئەگەرچی ئیمتیازی گۆڤارەکە ئەدەبی و زانستی بووە، بـەڵام خـۆ بـەدوورگرتن و دوورە پەرێز وەستان لەو هەموو ڕووداوانەی ئەم ڕۆژگارە بەتایبەتی ڕووخانی ڕژێمـی پاشـایەتی و ڕاگەیانـدنی جمهـووری عـیراق و پەیوەندییـەکی تـازەی نێـوان کـوردو عـەرەب لـە مەسـەلە سیاسییەکان و حوکمی وڵاتدا کارێکی ئەستەم بـوو. ئەمـەش جـارێکی تـر وامـان لێـدەکات بڵـێین: ((ئـەدەب و سیاسـەت وەك دوو قـوتبی کارەبـان پێکـەوە نـەبێ ڕوونـاکی نـادەن. لەپێویستییشدا ئاگر هەڵناکەن.))٤

بـەو پێودانگـە گۆڤارەکـە هەرچـەندێك بـۆی لـوابێ وتـاری سیاسیشـی بڵاوکردۆتـەوەو بەشداری بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کردووە، بە تایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی

---

[1] عبدالقادر قزاز، هەندێ دەردی کۆمەڵایەتی کە تەگەرەیان داوە لە پێشکەوتنمان، گ. هیوا، ژ١٠، س١، ل٥٣.

[2] عیسا پێغەمبەر (د.خ) لە ئینجیل دا دەڵێ: «بۆچی سەیری پووشی ناوچاوی براکەت ئەکەیت و ئاداگاری تەڵاشە گەورەکەی ناوچاوی خۆت نیت؟ ٤٢ یان چۆن ئەتوانی بە براکەت بڵێیت/ نابرا، بیەڵە با ئەو پووشە لەچاوت دەربهێنم لە کاتێکا تۆ خۆت تەڵاشەکەی ناوچاوی خۆت نابینیت؟» بڕوانە (ئینجیلی لوقا، بەزمانی کوردی شێوەی سۆرانی، چاپی سوید، ١٩٩٠، ل٢٤.

[3] ڕشید عارف، ئیش کەری ڕاست، گ. هیوا، ژ(٦،٧) س٢، ل١٦.

[4] محمد مولود مەم و تاقی کردنەوەی لە چیرۆك نووسیندا، گ. کاروان، ژ١، ل١٨.

١٤ی تەمووز، ژمارەیەکی زۆر وتاری سیاسی بلاْوکردۆتەوە، ئەمەش نیشانەی سەربەستی و ئازادی بیروڕا بووە لەو کاتەدا، وتارەکان ناوەرۆکێکی پێشکەوتن خوازانـەیان هەیـەو زیـاتر پێ داگرتنن لەسەر مافی کوردو پشتگیری گەلی کورد لە کۆماری عیراق و سوود وەرگرتنە لە ئەزموونی سۆشیالیستی لە جیهاندا.

دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هیوا) خۆیشیان ئەوەیان ڕوون کردۆتـەوە: ((هیـوا لەبـەر نەبوونی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی سیاسی لە سەرەتای شۆڕشدا ئەرکی گۆڤارێکی سیاسـی گرتەئەستۆ، وەکاتێك کە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامەی سیاسی درا، هیوا هاتەوە جێگەی خۆی و ئالاْی بەرەوپێش بردنی ئەدەب و زانیاری کوردی هەلْکردەوە.))[1]

لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا، چەندین بەلێن بەکورد دراو ڕۆژگارێکی تازە بوو بۆ گـەلی عـیراق بەگشـتی و کـوردییش بەتایبـەتی.[2] بۆیـە ڕۆشـنبیرەکان کەوتنـە نووسینی وتاری سیاسی بۆ پشتگیری لە حکومەتی جمهووری و مافی چـارەنووس بـۆ گـەلی کورد. لە وتارێکدا هاتووە: ((دەرچونی حکومەتەکەمان لە یەکیەتییە سـاختەکەی عـیراق و ئەردەن، بەهێزکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ یەکیـەتی شـورەوی، قـەلاْی ئـازادی و ئاسـایش و پشتیوانی میللەتانی ژێر دەستە، بەستنی پەیوەنـدی لەگـەڵ چـینی میللـی و هـەموو ولاْتـە سۆشیالیزمەکاندا، بەردانی بەندییە سیاسییەکان، دانەوەی جنسیە بە دەرکراوەکان، بـانگ کردنەوەی پالْەوانی کـورد و دوژمـنی ئیمپریالیسـت و نۆکـەرانی، تێکۆشـەری خۆشەویسـت مستەفا بارزانی و هاوڕێکـانی بـۆ نیشـتمانی نـازار، لـەپێش هـەموو شـتێکدا داننـان بـەمافی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لە عیراقدا و بەهاوبـەش دانیـان لـە جمهوریـەتا.. ئەمانـە چـەند هەنگاوێکن نایاب و مایەی سوپاسن.. هیوامان زۆر بەهێزە کە گەلیْ هەنگاوی تـر بـنیْ وەك سـنوور دانـان بـۆ ملکیـەتی زەوی و زار، و زیـاتر مـاوەدان بەسەربەسـتی دیموکراسـی و سەربەستی نووسین و بلاْوکردنەوە، کە ئەمانە ئەبن بەهۆی ئەوەی میللەتی تینووی ئازادی،

---

[1] هیواو شۆرش و سالْی سییەمی ژیانی، گ. هیوا، ژ(١١،١٢)، س٢، ل٣.

[2] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

میللەتی برسی و ڕەش و ڕووت، گەلی ڕەنج کێش، خاوەن خامەی خاوێن، خاوەن بیری ئازاد زیاتر هۆگری جمهوریەتە خۆشەویستیەکەی بێ و بەدڵ و بەگیان بیپارێزێ.))١

بەهۆی سەربەستی بیروڕا لە سالآنی بەرایی شۆڕشدا، (هیوا) لەسەروتاریدا دەنگی هەڵ بڕیوەو داوای هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی هەر چوار پارچەی کوردستان و بلاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی دەکات، ئەمەش بەوە دەبێت ((یەك بگرن و هێزتان کۆبکەنەوە بۆ بەردەوام بوونی تێکۆشان و بەهێزکردنی لە پێناوی سەربەخۆیی و یەکگرتنی نیشتمانی خۆشەویستمان کوردستاندا.))٢

پاشان دەڵێ: ((ئێمەش نیشتمانێکمان هەیە پێی ئەڵێن کوردستان، ئەم کوردستانە هی نەتەوەیە کە هەموو مەرجێکی نەتەوایەتی تیا هەیەو ماف سەربەخۆیی و ئازادیی هەیە، بەلأم ئیمپریالیزمی داگیرکەر بۆ سوودی ناشایستەی خۆی چنگی تێ خستووەو کردوێتی بەچەند پارچەیەکەوە، جا وەرن ئەی ڕۆڵەکانی کوردی دلێر، وەرن خەباتێکی سەختی بەردەوام بکەین بۆ یەکگرتن و یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستانی خۆشەویستمان.))٣

حمدی مەلا کریم مەسەلەیەکی گرنگی وروژاندووە، ئەویش شوێنی خەباتی نەتەوەیی لە بیرو بۆچوون و تێڕوانینی کۆمۆنیزمەوەو بیروڕای مارکسیزم– لینینزم بەرامبەر بە نەتەوەو داکۆکی کردن لە تێڕوانینی ڕاست و دروستی ئەوان، بەوەی کە، مارکسیزمی – لینینزم بانگی هەموو ئادەمیزاد دەکا بۆ برایەتی، وە دەڵێ لەژێر سێبەری یاسای چینایەتی دا مرۆڤ یا ڕەنج خۆرە یا ڕەنج خوراوە، وەلای وایە، کە دەسکەوتنی ڕاستی ماف هەر نەتەوەیەك بەستراوە بە ڕزگاربوونی ئەو نەتەوەیە لە چنگی یاسای چەوسانەوەو خوێن مژین، وە هاوارئەکا کە ئەی کرێکارانی جیهان یەك بگرن: بۆ ئەوەی یاسای چەوساندنەوەی ئادەمیزاد لە لایەن ئادەمیزادی برایەوە هەڵگیرێ لەسەر ڕووی زەوی و ڕەنجی شانی ڕەنجکێشان بۆ خۆیان بێ.))٤

---

[١] فاتح عبدالکریم، نەتەوەی کوردو یاسای جمهوریە، گ. هیوا، ژ٣، س٢، ل٧.

[٢] یەك بگرن و هێزتان کۆبکەنەوە، گ. هیوا، ژ(٦،٧)، س٢، ل١.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

[٤] محمدی مەلا کریم، کۆمۆنیزم و نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری، گ. هیوا، ژ(١١،١٢)، س٢، ل١٩.

گۆڤاری هیوا لە سەرووتارەكانیشیدا بەدەوری بابەتی سیاسیدا سووڕاوەتەوە، بەبۆنـەی تەقە كردن لە ساڵی دووەمی كۆماری عیراق دا لە عبدالكریم قاسم سـەروتارێكی توندوتیـژی بڵاوكردۆتەوەو خەڵكی كوردستان لە مەترسی سەركەوتنی نەتەوەیی شۆڤینییەكانی عەرەب ئاگادار دەكاتەوەو وەك بیرخەرەوەیەكیش ڕەفتاری ئەوان لە سوریا بەرامبەر بەگەلی كورد دێنێتەوەو پشتگیری لـە شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز دەردەبـڕێ، كـە خواسـتی كـوردو عـەرەب بووەو دەنووسێ: ((جا ئەگەر بەوردی سەیرێكی ئەو دەستە ناپاكانە بكـەین كـە ئەیانـەوێ كۆمارەكەمان قلپ بكەنەوەو ئەیانەوێ ڕۆڵەی دڵسۆزی گـەل عبـدالكریم قاسـم لـەناو بـەرن، ئەگەر وردبینەوە لەوەی كە تەیارێكی كوێرانەی عەرەب لە كایەدایەو ئیستیعمار كردویـەتی بەدەس كەلا، ئەگەر وردبینەوە لەوەی كـە عبدالناصـر و پیرەكـەی ئـەمڕۆ ئـەگرین بەسـەر گۆڕی هیتلەرو مۆسۆلینیداو بە هەموو جۆرێ هەوڵ ئەدەن فاشیەت ببوژێننەوە دەرئەكەوێ كە چ پاشە ڕۆژێكی تاریك و نالەبار لـە ڕێمانایـە، ئەگـەر – خوانەخواسـتە – ئـەم ڕەگـەزە ناپاكانە سەربكەون و بگەنە ئامانجی بەدیان.))١

بێجگە لەو وتارانەی كە لەسەر سیاسەتی عیراق و جمهوریەت پەیوەنـدی بـە كـوردەوە، چـەندین وتـاری دی سـەبارەت بـەتیۆری سیاسـەت و دروسـت بـوونی نەتـەوەو لیبرالـی و فیدرالیزم بڵاوكراوەتەوە، دیارە ڕوون كردنەوەی ئەم مەسـەلانەیش لـە بوژانـەوەی هەسـتی نەتەوایەتی و هەست بە بوونی خـۆكردن بـێ كـەڵك نـەبووەو هەسـتیان بـەوە كـردووە، كـە ((كوردەواری بەو ڕێگایەدا ئەڕوا كە هەموو جـوێ كـەرەوە (ممیزات)ێكـی نەتەوایـەتی مـان ببوژێنینەوە، بۆ ئەوەی خرمان بناسـینەوە، وەچـە خۆمـان و و چـە خـەڵك، هـەموو لایـەك بزانین لە چی یا لە نەتەوەی تر جوێ ین، وەبەچی یا كوردین؟ من لەو بـاوەڕەدام نـاتوانین بە تەواوی بەم ئامانجە بگـەین تـا نـەتوانین قەوارەیـەكی تایبـەتی بـۆ وڵاتەكـەمان دروسـت بكەین، بەڵام دروست كردنی ئەم قەوارەیە ئەمڕۆ كۆسپێكی گەورەی لەرێ دایە هەرچەند لە زۆر شـتی گرنگیشـدا وەك یـەكن، بـەڵام ئـاخۆ لـەپێش ئـەوەدا كـە بگەینـە ئـەوە خۆمـان

---

[1] كوردو سەرۆكی دڵسۆز و كۆماری دیموكراتی، ژ١، س٣، ل٣-٤.

سـەروکاری کاروبـاری خۆمـان بکـەین، نـابێ ئەوەنـدەی لـە توانـادا بـێ هـەوڵ بـدەین بـۆ بوژاندنەوەی ئەو جوێ کەرەوە نەتەوەییانەمان؟))١

## وتـاری مێژوویی

بـە مەبەسـتی دەرخسـتنی نهێنییـەکانی مێـژووی کـوردو ڕۆشـنایی خستنەسـەر لاپـەڕە پڕشنگدارەکانی مێژووی نەتـەوەییمان، کـە ببێتـە چرایەکی بـەتین بـۆ ڕوونـاك کردنـەوەی پاشـەڕۆژ، گۆڤـاری (هیـوا) چـەندین وتـاری مێـژوویی لەمـەڕ میرنشـیەکان و هۆکارەکـانی ڕووخانیـان و ڕوون کردنـەوەی مێـژووی شـارەکانی کوردسـتان بلاّوکردۆتـەوە، لـە سـالاّنی یەکەم و دووەمی دا بە نۆرە هەرجارەی وێنـەو مێـژووی شـارو شارۆچکەیەکی کوردسـتانی بلاّو کردۆتەوەو بە برا کوردەکانی ناوچەکانی تری ئاشنا کردووە. ئەگەر مێژوو یەکێك بێ لە مەرجەکانی دروست بوونی (نەتەوە)دا، بێگومان دیارە چ دەورێکی گرنگی هەیە. مێژوو بەو مانایـەی کـە ((باسـی ڕابـردووی ئـادەمیزاد و ئاڵوگۆڕەکـانی نـاو کۆمەڵگـەکانی و لایـەنی جیاوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانە پێکڕاو و بە جیا بە نیازی تێگەیشتنی ئیمڕۆی و دیارکردنی ڕێبازی گشتیی دوارۆژی.))٢

وتارە مێژووییەکانی ناو گۆڤارەکـە، مێـژووی کـۆن و نـوێی گرتۆتـەوە، بـۆ ئـەوەی وەك زنجیرەیەکی نەپچڕاو خوێنەر لە سەرجەم سەردەمە مێژووییەکانـدا ئاگـاداربێ. دەربـارەی دینەوەرییەکان نووسراوە: ((شەست میل لەخوارووی (سنە))، لەلای خۆرئاوای (کوناگاور، – کەنگەوەر– قصر اللصـوص)دا بـەدوورایی (٢٥) میـل، وە بـەلای ڕۆژهـەلاّتی کرماشـانەوە، شـارێکی کـۆن هەیـە، ئـەم شـارە نـاوی (دینـەوەر) بـووە، وە یـەکێ: بـووە لـە شـارە کوردەوارییەکانی هەرێمی شاخاوی کە بە (بیلاد ئەلجەبەل)وە (عیراقی عەجەمی) ناسـراوە.

---

[1] بەختیار، لە پێناوی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیماندا، گ. هیوا، ژ٦،س١، ل٧٤.

زۆر وتاری سیاسی لە گۆڤاری (هیوا)دا بلاّوکراوەتەوە، بڕوانە: احمد غفور، میللەت چی ئەوێ؟ ئیستیعمار چی ئەوێ؟ گ. هیوا، ژ٢، س٢، ل١٠–١٣؛ حافظ مصطفی قاضي، چاردی تیرمەهین ژمارەی پێشوو، گ ٣٢–٣٦؛ هەوری، شۆرشی پیرۆز، گ. هیوا، ژ٤، س٢، ١٩٥٨، ل٤٨–٥٢؛ احمد غفور، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مەسەلەی نیشتمانی کورد، گ. هیوا، ژ٥، س٢، ل٦٣–٨٩؛ فاتح عبدالکریم، ئاشتی هۆیەکانی جەنگ چۆن ئاشتی ئەپارێزین؟ گ. هیوا، ژ٤، س٣، ل٥–٢٤.

[2] دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، ل٨.

**رەنگە ناوی ئەم شارە لەپێشدا (دینارەوەند) بووبێ – کەناوی عێلێکی زۆر گـەورەی کـورد بووە– وە لە دواییدا گۆڕابێ.))[1]**



**جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی**

**دەربارەی میرنشینە کوردەکان و سکەلێدان و چـەندین هـەنگاوی دی بـۆ یەکگرتنـەوەی پارچەکانی کوردستان، کە بەهۆی هاوکاری نەکردنی میرو دەرەبەگەکانی ناوچـەکانی دی و لاوازی هۆشیاری نەتەوەیی و زاڵ بوونی دەستەڵاتی ئایین بەئاکام نەگەیشـت،٢ نووسـراوە: ((چاوگێڕانێك بەمێژووی نەتەوەی کوردو، مێژووی میری گەورەی ڕەواندزا، بە ئاشکرا بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کە مـیری گـەورە مـیر محمـد، یەکـەمین کەسـێکە کـە هەوڵـیدابێ ئەمارەتـە دەرەبەگییـەکانی کوردسـتان پـاك بکاتـەوەو، کوردسـتانێکی گـەورەی یـەك گرتـوو پێـك بێنێ.))٣**

---

[1] جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، دینەوەریەکان، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل١٤.

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شۆڕشی میر محمدی ڕەواندزی بڕوانە: ن. أ. خەلفین، خەبات لەڕێی کوردستانا، وەرگێڕی لە ڕووسییەوە جەلال تەقی، ل٦٤–٧٤.

دکتۆر جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دوکتۆر کاوس قەفتان لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، ل١٣٣–١٦٥.

[3] محمود محمد، جێگای میری گەورەی ڕەواندز لە مێژووی نەتەوەی کوردا، گ. هیوا، ژ٤، س١، ل٦.

کوردسـتان بـەپێی سەرچـاوە مێـژوویی و شوێنەوارناسـییەکان لانکـەی مرۆڤایەتییـەو مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، شاری هەولێریش کۆنترین شارە، کە تاوەك ئێسـتا ژیـانی تێـدا بەردەوامـەو ئاوەدانـە: ((لـە سـەدەکانی ناوەنـدا هـەولێر دانیشـتوانی هێجگـار زۆر بـووەو گـەورەترین شـار بـووەو شـارەکە دووبـەش بـوو، بەشـی خـوارەوەی لای ڕۆژئـاوای قـەلاّ (موزەفەرەدین) بینای کردووە، و ئـەم بەشـە مەرکـەزێکی بازرگـانی وەئـاوەدان بـووە، وە بازاڕو میوانخانە و چەند بینایەو مزگەوتێکی گەورەو منارەیەکی بەرزی بووە کە (٥٣٠) پـێ بەرز بووەو ئەستووری ٤٨ پێیە بە خەتێکی جوان لەسەری نووسراوە کـە (موزەفـەرەدین) ئەم منارەیەی بیناکردووە بەشی ژوورووی کە قەلاّی هەولێرە بەرزییەکەی ٦٥ پێ زیاتر نیە بەدەوری قەلاّکەدا بە بـەرزی ٤٨ پـێ شـوورەیەك بینـاکراوە شـوێنی سـەنگەر و مەتـەرێزی بەدەورا دروست کراوە)).[1]

لە مێژووی تازەیشدا، سەبارەت بە درانەپاڵی کوردسـتانی عـیراق بـۆ حکومـەتی عـیراق، ئەحمەد خواجە، وەك بینـەرێکی ئـەو ڕۆژگـارە سـەبارەت بەریفراندۆمەکـەی ئـەو کاتـە بـۆ ئەوەی ئایا کوردستانی عیراق بدرێتە پاڵ حکومەتی عیراقەوە، بە وەلاّمی (لام باش نییە) و (لام باشە) وەلاّم بدرێتەوەو هەڵوێستی خـەڵکی سـلێمانی ڕوون دەکاتـەوە، لەگـەڵ هێنـانی فیصلی یەکەمدا لە لایەن پیاوە درۆزن و دەس بڕەکانی بـەرتانیاوە لـە سـلێمانی، کـە ئـەو وەختە ناوچەی هەرە بەهێزی داوای سەربەستی و ئازادی کورد بوو لە کوردستاندا، کەوتنە تەڵەکەبازی و ئەم پرسیارانەیان دروست کرد.

١- پرسیاری یەکەم: (لام باش نییە)

ئـ- تێکەڵ بوون بە عەرەبی عیراق.

ب- باوەڕکردن بە فیصلی یەکەم.

٢- پرسیاری دووەم: (لام باشە)

بە پێچەوانەی پرسیاری یەکەم.[2]

---

[1] مێژووی شاری هەولێر، گ. هیوا، ژ٦، س١، ل٧.

[2] احمد خواجە، مێژووی لام باش نیەی سلێمانی تا ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، گ. هیوا، ژ ٦-٧، س٢، ل٤٩-٥٠.

سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمووز خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵگای عیراق ڕووەو سەربەستیو دیموکراسی، ((شۆڕشی عیراق گەلێ شتی گەورەی کرد وەك ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و مەحکەمەکردنی نیشتمان فرۆشەکان و بەرەڵڵاکردنی بەندییە سیاسییەکان و ڕێگادانی ڕۆژنامە نیشتمانییەکان و ئاشکرا کردنی جووڵانەوەی قوتابییان و سەندیکاکانی کرێکاران و دابەش کردنی زەوی و هەرزان کردنی نرخی هەندێ شتی پێویست و سڕەواندنە پەیمانی بەغدا و پرۆژەی ئایزنهاوەر و بەستنەوەی ڕێکەوتنی ئابووری لەگەڵیان کە کەڵکێکی باشی لێ وەرگیرا بۆ ئازادکردنی ئابووری عیراق.))[1]

## وتاری زمانەوانی

گۆڤاری (هیوا) هەر لە یەکەم ژمارەیەوە پاکژکردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و دانانی زاراوەی شیاوو دۆزینەوەیو خستنەڕووی ڕێنووسێکی یەکگرتوو بۆ نووسینی کوردی لە ئەستۆگرتووەو پەیوەندی بە شارەزایان و خوێنەرانەوە کردووەو داوای لە خەڵك کردووە بەشداری لەم خزمەتە پیرۆزەدا بکەن.

عبدالقادر قزاز لە بارەی زمانی کوردی و گرنگی زمانەوە وتارێکی نووسیوەو تیایدا هاتووە: ((زمان بۆ گەل وەك هەناسە وایە لە لەشی ئینساندا، چوونکە بەکزبوونی ناونیشانی گەلیش بەرەو کزی ئەڕوا تاوای لێ دێت، کە دەچێتە خوارەوەو تەئریخ پڕە لەو دەرسانە کە باش پیشانمان دەدات چۆن گەلی ناودار بەهۆی هەندێ ئەسبابەوە کە یەکێ لەوانە بێ باکییە بەرامبەر بە زمان لەناواندا نەماون وە تووانەوە وە تێکەڵ بە میللەتانی دەوروپشتی خۆیان بوون.))[2]

---

[1] صلاح الدین محمد سعدالله، شۆڕشەکەی عیراق و مەسەلەی کورد، وەرگێڕ محمدی مەلا کەریم، گ. هیوا، ژ٨، س٢، ل٢٨.

چەندین وتاری مێژوویی دیکەش بلاّو کراونەتەوە، لەوانە: وەرزێر، لینین گەورەترین پیاوی مێژوو لە سەردەی بیستەمدا، گ. هیوا، ژ٢، س٢، ل٨٤–٨٩؛ مستەر ئەدمۆنس، کوردو کوردستان لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا، وەرگێڕی انور محمد قەرەداخی، گ. هیوا، ژ٤، س٢، ل٤–٨؛ محمدی مەلا کەریم، ڕووخانی باستیلی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست، گ. هیوا، ژ(٦،٧)، س٢، ل١٧–٣٢.

[2] عبدالقادر قەزاز، زمانی کوردی، گ. هیوا، ژ١، س١، ل١٥.

ئیبراهیم ئەحمەد زۆر بەگەرمی لەسەر لاپـەڕەکانی گۆڤـاری هیـوا بـە ناونیشـانی (چـۆن زمانەکـەمان بنووسـین؟) چـەندین ڕاو پێشـنیاری بەسـوودی دەربڕیـوە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە پرۆژەی نووسینی کـوردی بـەپیتی لاتـینی یـان عـەرەبی؟ و ڕەخنـەی لـە هـەردوو بیرەکـە گرتووە، چونکە ((هەردوو ئەلفوبێ کـە، چـەلاتینی، چـە عـەرەبی وەك هـەن، واتـە وەك لـە لاتینی وە عەرەبیـدا بەکارئـەهێنرێن زمـانی کـوردی یـان نەبـە ئاسـانی پـێ ئەنووسـرێ وە بەڕەوانی پـێ ئەخوێندرێتـەوە. بـەڵام ئەگـەر بێتـو ئـەم پیتانـە وەك (کەرەسـەیەکی خـاو) وەرگـرین و بـەپێی پێویسـتی زمانەکـەمان دەسـتکاریان بکـەین و ناویـان لـێ بنـێین، و ئیشارەتیان بۆ دابنێین ئەتوانین بەهەریەکەیان هەموو ئەو دەنگانەی لە دەمی کوردێك دێنە دەرێ بە ئاسانی پێی بخەینـە سـەر کاغـەز، لەگـەڵ هـەموو ئـەو وشـە بێگانانەشـدا کـە لـە کوردیدا بەکاریان ئەهێنین. هەروەها ئەتوانین بەرەوانیش  نووسراوی پێ بهوێنینەوە بـەبێ ئەوەی پێویست بە پێشەکی زانینی ئەو وشانە بکات کە نووسراون.))[1]

سەبارەت بە یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی و چـۆنیەتی هەڵبـژاردنی دیالیکتێـك بـۆ زمـانی یـەکگرتووی نووسـینی کـوردی وەك مەسـەلەیەکی زینـدوو ماوەیـەکی زۆر بـیری نووسەرانی بەلای خۆیدا کێش کردبوو، بە تایبەتی هەڵبژاردنی هـەردوو دیـالێکتی کرمـانجی سەروو و خواروو بیروڕای جیاوازی لەسەر هەبوو و ژمارەی دانیشتووان و چـەندین هۆکـاری ئەدەبی و جوگرافی و هۆکاری تری پێوە دەلکێندرا.

نووسـەری ناسـراو (عصـمت شـریف وانلـی) لـە سویسـرەوە بەشـداری ئـەو گفتوگۆیـەی کردووە: ((گیروگرفتی ئێستەمان بریتی نیـەو لـەوەی، کـە گوایـە پێویسـتە زاراوێـك دیـاری بکـرێ، بـەڵکو ئـەبێ بـەدوای ئـەوەدا بگـەڕێین کـە چ ڕێگایـەك بگـرین بـۆ زۆر نـەکردن و پەرەسەندنی ئەو جیاوازییانەی کە هەیە لە میانی کرمانجی و سۆرانیدا، چ ڕێگایەك بۆ کەم

---

[1] ب. چۆن زمانەکەمان بنووسین؟ بەپیتی عەرەبی یا لاتینی، گ. هیوا، ژ٦، س١، ل٩.
هەر سەبارەت بەم مەسەلەیەو بەم ناونیشانە چەند کەسێك گفتوگۆیان لەسەر ئەم وتارەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کردووە، لەوانە بڕوانە: م.م، نووسینی زمانی کوردی، گ. هیوا، ژ٨، س١، ل٩–١٥، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، چۆن زمانەکەمان بنووسین؟، گ. هیوا، ژ١٠، س١، ل٨–١٢.

کردنەوەی ئەو جیاوازیانەو یەك خستنی زبانی نووسینی کوردی بکەین بەشتێکی وەها، نەك تەنها لە تواناادا بێ، بەڵکو لەوانەبێ کە بەزووترین کات بهێندریتەدی.))١

تاهیر صادق باسی هەردوو پیتی (ك) و (گ)ی کردووە لـە کاتێکدا، کـە دەکەونـە پـێش هەندێ لەپیتە بزوێنەرەکانی کوردیدا وەك (یی)، (ی)، (وی)و پێی وایە دەبێ ئـەم دەنگانـە وێنەیان بۆ دابنرێ٢، بەڵام ئەم ڕایە لەلایەن زۆر شارەزاوە بەرپەرچی درایەوە.

پاکیزە ڕەفیق حلمی دەڵێ: ((جارێ لەپێش هەموو شتێکدا تکام وایە کاك صادق دڵگـیر نەبێ لە هەوەڵ تێبینیم لە سەرەتای باسەکەی کە ئەڵێ: ((دوو پیتی بێ وێنە. ئـەم لێـرەدا ئەبوو بڵێ (دوو دەنگی بـێ وێنـە) نـەك (دوو پـیتی بـێ وێنـە) چـونکە پـیتی خـۆی وێنـەی دەنگە= وێنەی دەنگە کەوابوو کە وتمان دوو پیتی بێ وێنە هەروەك ئەوەیە بڵێین دوو پیتی بێ پیت.. چونکە پیت شتێکە دروست کراوە بۆ ئەوەی ئەو دەنگـە کـە هونـەرێکی بووەیـە (موجود) وە لە خۆیەوە بەپێی ئەو توانا سروشتییەی لە ئینساندا هەیە پەیدا بـووە بخاتـە وێنەیەکی هەست پێکراوەوە (محسوس)٣ لە ئەنجامی وردبوونەوە لە وتارە زمانەوانییەکانی ناو گۆڤاری هیوا دەگەینە ئەوەی بڵێین، کە ڕێرەوی گۆڤارەکـە ئـەوەبوو بتـوانێ دیـالێکتی خواروو بۆ زمانی یەکگرتووی ئەدەبی (ستاندارد)ی کوردی هەڵبژێرێ، ئەوەش لە ناوەرۆك و پشتگیری دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەدا دەردەکەوێ، بەشـێوەیەك کـە بتـوانرێ لەگـەڵ دیالێکتەکانی دی زمان کوردی موتوربە بکرێت.

---

[1] عصمت وانلی، مەسەلەی یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی، کرمانجی، یا سۆرانی؟ وەرگێڕانی فاتح عبدالکریم، گ. هیوا، ژ٣٠، س٤، ل٢٩.

[2] تاهیر صادق، دوو پیتی بێ وێنە، گ. هیوا، ژ٣١، س٤، ل٥٢–٥٤.

[3] پاکیزە ڕفیق حلمی، وەڵامێکی زمانەوانی، گ. هیوا، ژ٣٢، س٤، ل٢٨–٢٩.

هەروەها مارف خەزنەدار و جەمال جەلال وەڵامی ئەم ڕایەی (تاهیر صادق)یان داوەتەوە، بڕوانە: معروف خەزنەدار، دوو تیپی بە وێنە، (نەك بێ وێنە)، گ. هیوا، ژ٣٢،س ٤،ل٤٢–٤٣؛ جمال جلال عبدالله، دوو پیتی بە وێنە، گ. هیوا، ژ٣٣، س٥، ل٣٩–٤١.



**تاهیر صادق**

لە دانانی زاراوەو پاکژکردنەوەی زمانی کوردییش لە وشەو زاراوەی بێگانـەدا گۆڤارەکـە گۆشـەیەکی تایبـەتی بـۆ خوێنـەرانی بـەناوی (پرسـیار)یان (چـیت نـەزانی پرسـیار بکـە) کردبووەوە، کە تیایدا هەموو جارێك چەند وشەو زاراوەیەیکی عەرەبیی بلاّودەکرایەوەو داوا لە خوێنەران دەکرا ئەو وشانە بکەن بە کوردی بۆ هاندانی خوێنـەرانیش گۆڤارەکـە دیـاریی بـۆ سـەرکەوتووەکان تـەرخان کردبـوو، بـۆ نموونـە ئـەم وشـەو زاراوانـە بـلاّو کراونەتـەوە: اسـتغلال– قـورخ، رواج– بـرەو، قاعـدە– بنکـە، مناقشـە– پیلـە، لێکۆڵینـەوە، نجـار– دارتاش، نقرە– نیگا.

لـەبارەی ڕێنووسیشـەوە گۆڤارەکـە دەرگایـەکی ڕەخنـەیی بـۆ نووسـەران و شـارەزایان ئاوەلاّ کردبوو سەبارەت بەچۆنیەتی نووسینی زمانی کـوردی بـە ئـەلف و بێـی لاتینـی یـان عەرەبی، بەلاّم وادەردەکەوێت بەهۆی باروزروفی سیاسییەوە ڕای زۆرینە لەگەڵ ئەوەدابووە، کە بە ئەلف و بێی عەرەبی بمێنێتـەوەو چارەسـەری ئـەو دەنگانـە بکرێـت کـە تـا ئەوکاتـە وێنەیان لە ئەلفبای عەرەبی بۆ دانەنرابوو.

## دووەم: ژیاننامە

کورتترین پێناسەی ژیاننامە ئەوەیە:(ژیاننامە واتا ژیانی مرۆڤ)،[1] انیس المقدسی دەڵێ: (جۆرێکە لە ئەدەب لێکۆڵینەوەی مێژوویی و چێژوەرگرتنی چیرۆك بەیەکەوە کۆدەکاتـەوە، بۆ دیراسەکردنی ژیانی کەسێك و وێنەکێشانێکی وردی کەسایەتی ئەو.)[2]

ئەگەر بەوردی لەڕووی مێژووییەوە لە هونەری ژیاننامە بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکـەوێت، بەشێوە سادەو ساکارەکەی بـۆ سـەردەمێکی زوو دەگەڕێتـەوە، ((لـە باوەشـی مێـژوودا، ژیـاننــامــە سـەری هەڵدا و چـەکەرەی کـرد، بـووە ڕێبازێــکـی ڕوون و ئاشـکرا، چـەمك و بۆچوونی خەڵك بەدرێژایی مێـژوو کـاری تێکـرد، بـووە تۆمارێـك بـۆ کـار و ڕووداوو جـەنگی پاشاکانی چین و میسری و ئاشوورییەکان، هەروەها بووە شی کردنەوەی هەندێ پرنسـیپی سیاسی، لای (فلوگارخس) لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە پیاوە مەزنەکانی یۆنان و ڕۆمان.))[3]

زۆربەی ئەو تۆمارانە، کە وەك ژیاننامەیەك لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نووسراوەو پاشـان لای موسڵمانەکان بووە شێوەیەك لـە شـێوەکانی ئـەدەب، هـەموو هـەوڵێکیان دەرخسـتنی لایەنی مێژوویی بوو لە پێناو خستنەڕووی چاکەو سوارچـاکی، تەنانـەت ((مێژوونووسـێکی شارەزاو قووڵ بووەوەی نێو فەلسەفەی وەك (ابن خلدون) مەبەستی لـە مێژوونووسـینەوە دۆزینەوەی ڕەوشتی چاك بووە.))

مێژووی هونـەری ژیاننامـە لـە ڕۆژئـاوایش بـۆ مێژوویـەکی دێـرین دەگەڕێتـەوە، هـەر لـە سەرەتاوە قەشەو پیاوانی ئایینی کەوتنە نووسینەوەی کەرامات و پیاهەڵدانی قەشەو لایەنە ئایینییـەکان، بـەڵام لێکۆڵـەرەوەکان ئـەو قۆناغـە بـەخراپترین قۆنـاغی ژیاننامـەی ڕۆژئـاوا دادەنێن، چونکە لـە هـەموو ئـەزموونێکی مرۆڤایـەتی بـەدوور بـوو. لـە پـاڵ ئـەو قۆناغـەدا نووسینەوەی ژیاننامەی پاشاکانیش باوبوو.

((لە ئەدەبی ئینگلیزی، سەدەی هەژدەهەمدا لـە کـاتی جـەنگی نـاوخۆیی ئینگلیـزو فەرەنسـەدا چـینی ناوەڕاسـت حاڵیـان بەرەوباشـی دەڕۆیشـت و خـەڵکی حـەزی بـە خوێندنەوەی ئەم شێوە ئەدەبییە دەکرد، دیارترین ژیاننامـەی سـەدەی هـەژدەم، کـە

---

[1] الدکتور ناصر الحاني، المصطلح في الادب الغربي، ص٧٦.

[2] انیس المقدسي، الفنون الادبیة واعلامها في النهضة العربیة الحدیثة، ط٢، ص٥٤٧.

[3] الدکتور احسان عباس، فن السیرة، ط٢، ص٩.

ناوبانگییەکی زۆری هەیە)) (ژیاننامەی دکتۆر جۆنسـۆن D. Johnson، کـە هـاوڕێی خۆشەویستی (بۆزول Boswell) نووسیەوە).

لێرەدا پرسیارێك سـەرهەڵدەدات، ئـەویش ئەوەیـە مەبەسـت لـە نووسـینەوەی ژیاننامـە چییە؟ نووسینەوەی هەموو ژیاننامەیەك هۆکارێك وای لە مێژوونووس کردووە، کە تۆماری بکات، چونکە ژیانی ئەو کەسانە دەنووسرێتەوە، کە خاوەنی ئـەزموونێکی فـرەن لەژیانـداو لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیاندا دەورییـان هەیـەو ڕەنگـە هەندێ ئاکار و تایبەتی ژیانی ئەو کەسە بەشێکی زیندوو لە ژیانی کۆمەڵەکە ڕوونبکاتـەوە، بۆ نموونە، کـە ژیاننامـەی ئـەدیبێك دەنووسـرێتەوە، بەخۆشـحاڵییەوە دەخوێنینـەوەو بـە وردی سەرنجی دەدەین، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو ژیاننەمەیە دەروون و ڕەوشتی هەندێ لـە پاڵەوانی چیرۆکەکان و سۆزی ڕاستەقینەی شیعرەکانیمان بۆ دەربکەوێت، چونکە بیـەوێ و نەیەوێ هەندێك لە لایەنی بیرکردنەوەو بۆچوونی نووسەر لە پاڵەوانەکانی ڕەنگ دەداتەوە.

بەهەر حاڵ، بەهەر هۆو مەبەستێك ژیاننامەکە نووسرابێتەوە، پێویسـتە یەکیـەتی بینـاو هەستکردن بە بەرەوپێشەوەچـوونی زەمـەن و یـەك دوای یـەکی قۆناغـەکانی گەشـەکردنی کەسایەتی ئەو کەسەی ژیانی نووسراوەتەوە لە ژیاننامەکـەدا بـەدیبکرێت و لـە هەموویشـی گرنگتر (ڕاستگۆیی)یە لە دەربڕین و خستنەڕووی بابەتەکاندا، بە پێچەوانەوەی هونەرەکانی تر، کە ڕەنگە نووسەر زیاتر جڵەو بۆ خەیاڵی شل بکات و بەئارەزووی خۆی و دەوری باشی هەبێت لە تێکەڵاوکردنی ڕووداوەکان و چۆنیەتی دروست کردنی پاڵەوانی خەیاڵیدا، بەڵام لە ژیاننامەدا بەڵگەنامەو حەقیقەتی ڕووداوەکان و زەمەن سەروەرن.

کە دەڵێین ڕاستگۆیی، زۆر زەحمەتە ڕاستگۆیی وەها بەدی بکرێت، هەموو کەسـێك وەك (جان جاك ڕۆسۆ) بێ شەرم هەموو نهێنییەکانی ژیانی دەربڕێت، ئەمە لە لایەك" لە لایەکی دیکەشەوە ڕەنگە زۆربەی کات سەردەمی منداڵی بە تـەواوی هـەموو شـتێك لـەبیر نووسـەر نەمێنێتەوە یان بە ئەنقەست بیەوێ لەبیر خۆی بەرێتەوە.

لێکۆڵەرەوەکان ژیاننامە دابەش دەکەنە سەر دوو چەشن:

١- ژیاننامەی خودی.

٢- ژیاننامەی بابەتی.

مەبەست لە ژیاننامەی خودی، ئەو ژیاننامەیـە، کـە نووسـەر خـۆی دەربـارەی ژیـانی خۆی دەینووسێ.

ژیاننامـەی بابـەتی، ئـەو ژیاننامەیـە کـە نووسـەرێك دەربـارەی کەسـایەتییەکی دیـار دەینووسێ، بەڵام بۆ ئەوەی زیـاتر ڕوون بێتـەوە پـەنا دەبەینـە بـەر دابـەش بـوونێکی تـر، ئەویش ئەوەیە:

هونەری ژیاننامە { گشتی
تایبەتی
{ژیاننامەی خودی Auto Biography
ژیاننامەی بابەتی Biography

لە ئەدەبی کوردیشدا، وەك ئەدەبی میللەتانی دی، ئێمەیش ژیاننامەمان هەیە، هەندێك لە ئەدیب و نووسەرو زاناکانمان ژیاننامەی خۆیان نووسیووەتەوە، بەڵام لە کـوردیـدا کێشەیەکمان هەیە ئـەویش تێکەڵاوییە لە نێوان (ژیاننامە)و (یادداشت)[١]و (گەشتنامە) یان (گەشتی ژیان)[٢] و (بیرەوەری)[٣] و (چیم دی)[٤]دا.

هەنـدێك لـەو زاراوانـە تارادەیـەکی زۆر لەیەکـەوە نـزیکن، هەنـدێك وای بـۆ دەچـن، کـە یادداشت بۆ خۆی بەشـێکە لەژیاننامـە)[٥]، نـەوەك یادداشـت تەنانـەت (بـیرەوەری) و (چـیم دی)یش بەشێکی بچووکی ژیاننامەن. چونکە ژیاننامە لە ساتی هاتنە دنیاوە دەگرێتەوە، تا ئەو ساتەی کە کەسەکە تیایدا دەژیت، ئەگەر ژیاننامەی خودی بیت، بە هەموو یادداشـت و

---

[١] بۆ وێنە بڕوانە: ڕەفیق حیلمی، یادداشت، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨، بەرگی سێیەم، ١٩٩٢

[246] بۆ نموونەی گەشتی ژیان بڕوانە، مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، بەشی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.

[247] بۆ نموونە بڕوانە: مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، بەغدا،١٩٩٤.

[248] ئەحمەد خواجە، یادگارییەکانی ڕۆژانی حوکمی شێخ مەحموودی نەمری نووسیووەتەوە، بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، چاپخانەی شەفیق، ١٩٨٦، ب٢، سلێمانی ١٩٧٢.

[249] محمد فاضل مستەفا، زێوەر ژیان و بەرهەمی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ل١٤٧، (نامەی ماجستێر).

بیرەوەرییەکـەوە، لـە پـاڵ ئـەو نهێنییانـەی نووسـەرەکەی بـە ڕاسـتگۆیی و بـە زنجـیرەی مێژووییەوە ئاشکرایان دەکات.

ئەگەر لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ژیاننامەی گشتی، کە عەرەبەکان (فن التراجم)ی پێ دەڵێن بکۆڵینـەوە، سـەربردەی ژیـانی ئـەو شـاعیرانەی، کـە لـە کتـێبی سـەربەخۆیدا بەیەکـەوە بڵاوکراونەتەوە نموونەی ئەم بابەتەن بەهەموو کەم و کورپییەکیانەوە.[1]

بە هەمان شێوە لە ئەدەبی کوردیـدا چـەندین نموونـەی ژیاننامـەی تایبـەتی بـەخودی و بابەتییـەوە بەرچـاو دەکـەوێت. چـەند شـاعیرو نووسـەرێکی کـورد ژیاننامـەی خۆیـان نووسـیوەتەوە، ئەگەرچـی ڕاسـتەوخۆ ناویشـیان نـەنابێت ژیاننامـەو لـەژێر نـاوی (بیرەوەری)یـان (یادداشـت)دا بڵاویـان کردبێتـەوە یـان لـەدوای خۆیانـەوە بـەو نـاوەوە بڵاوکراوەتەوە.

(زێوەر)ی شاعیر لە یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەریدا، کۆمەڵێك بیرەوەری و یادگاری ژیانی خـۆی بڵاوکردۆتـەوە، کـە بەشـێکن لـە ژیاننـامەی شـاعیـر، بـەڵام تـەنها خاڵـە دیارو گەشـەکانی وەرگرتـووە بـێ چـوونە نـاو ڕوون کردنـەوەی زۆرو زەوەنـد.[2] (شـیخ سـەلام)ی شاعیر بەدەست خەتی خۆی بەشێکی کەم لە ژیانی خۆی هەر لە ڕۆژی لـەدایك بوونییـەوەو چوونە قوتابخانە وسەردەمی لاوی و نازناوی شیعری و هاوڕییـەکانی نووسـیوەتەوە، بـەڵام هەمووی بەسەرەیەکەوە لە (١٢) لاپەڕە زیاتر نییە، بۆیـە تـەنیا لـە قـاڵبی پێناسـێك زیـاتر نیە.[3]

یونس ڕەئوف –دڵدار–ی شاعیر، یەکێکە لەو شـاعیرە کوردانـەی خـۆی زۆر بـە وردی و ڕاسـتگۆیی و بەهرمەندانـە ژیاننامـەی خـۆی نووسـیووەتەوە، ڕەنگـە کـەم کـەس ئەوەنـدە بەدەست ڕەنگینی و کارامەییەوە لەو هونەرە گەیشـتبێ و بـەپێی ئـەو زنجـیرە مێژووییـە ڕووداوو خاڵە درشت و وردەکانی ژیانی کەسیەتی خـۆی نووسـیبێتەوە. خوێنـەر وا بـۆ لای

---

250 بۆ نموونە بڕوانە: علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، هەروەها، صادق بهاءالدین ئامێدی، هۆزانتڤانێت کورد،، بەغدا، ١٩٨٠.

251 بڕوانە: گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری مەلا عەبدوڵڵای زیوەر، محمدی مەلا کەریم هێناویەتییە سەر شێوەی نووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٥,

252 بڕوانە: دیوانی سەلام، ئامادەکردنی ئومێد کاکەڕەش، ب٢، بەغدا، ١٩٩١، ل٣٢–٤٤.

خۆی ڕادەکێشێت، کە تامەزرۆی خوێندنـەوەی بێـت، لـە هـەمان کاتـدا وێنەیـەکی زینـدوی ڕۆژگاری خۆیەتی.[1]

گۆڤاری (هیوا)، ژیاننامەی ژمارەیـەکی زۆر لـە نـاودارانی مێـژووی لـەپاڵ کەڵـە پیـاوانی مێژووی کوردو زانایانی ئاینی و شاعیرانی کۆن بڵاوکردۆتەوەو بەمەش خزمەتێکی باشی ئەو هونەرەی ئەدەبی کردووە. لە گۆشەی (کوردانی بـەناوبانگ)دا، کـە هـەر درێـژە پـێ دەری گۆشەیەکە لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دان مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ژیان سەربردەی هەنـدێك لە زانایانی ئایینی دینەوەرییەکانی تۆمارکردووە، بەکورتی نـاوی کەسـەکە و سـاڵی لـەدایك بوون و مردن و دانراوەکانی و ئەو زمانانەی زانیویەتی و شارەزایی لە بـوارە جیاجیاکـان دا نووسیوە و لەبارەیەوە دواوە.

لەبارەی ژیانی (ئەبو حەنیفەی دینەوەری)یەوە نووسیویە: (ناوی ئەحمـەد کـوڕی داوود کـوڕی وەنەنـد– وەنـد)ە، سـاڵی لـەدایك بـوون و چـۆنیەتی ژیـان و گـوزەرانی گەنجیـەتی نـەزانراوە تـەنها بـەهۆی بلیمـەتی و زرنگـی خۆیـەوە ناوبـانگێکی بـەرزی وەرگرتـووە. لـە دەستووری زمانی عەرەبی (نەحو)وە لـە فەرهـەنگ (لوغـە)وە لـە ئەنـدازە (هندسـە)وە لـە ئەستێرە شوناسی وە لە گیاناسی وە لە مێژوونووسیدا زۆر شارەزابووە.

ئەستێرەی بەختی لە ڕۆژگاری دەسـەڵاتی (بویهی)یـەکانا کەوتۆتـە پرشـنگ دان، سـاڵی ٢٣٥ ی کۆچی لە ئەصفەهان دووربـین خانەیـەکی (ڕەصـەد)ی دامەزرانـدووە بـۆ پەیدۆزی جووڵانەوەی قەبارەکانی ئاسمان، وە هـەروەها ڕۆژگـاری بەسـوودو بەکـەڵك بـووە، کۆچـی دواییشـی بەڕاسـتی سـاغ کراوەتـەوە کـە کـەی بـووە؟ سـاڵی (٢٨١ یـا ٢٨٢، یـا ٢٩٠)ی کۆچی؟)[2]

لە ژمارەکانی تری گۆڤارەکەدا ژیانی هەندێ زانای دیکەش نووسـراوە ئەگـەر بەیەکـەوە هەموو کۆبکرێنەوە نموونەیەکی باشن بۆ (فن التراجم). لەبارەی ژیانی مامۆستای بەناوبانگ (خواجە ئەفەندی)یەوە، کە وەك هەڵگری چرای زانستی تا کۆتایی تەمەنی خزمەتی زانستی لە سلێمانی کردووە، نووسراوە: ((ناوی عزیز کوڕی وەسمان ئاغای لە نەوەی عەلی بانوو لە

---

[1]: بڕوانە: عبدالخالق علاءالدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بەغدا ١٩٨٥، ل١١– ٦٢.

[1]: جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، دینەوەریەکان، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل١٦–١٧.

بنەماڵـەی نـاوداری دێـی گەلاڵەیـە، کـە چ لـە (قەلاچـوالان) وە چ لـە سـلێمانی لـە پێشـتر پیاوبوون لەلای بابانەکان، وە هەر بە سەرۆکی هاتوون تا دوارۆژی ڕۆژانی بابانەکان.

لە ساڵی ١٨٤١م لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٤٢دا لەپاش ١٠١ ساڵ ژیـان هـەر لـە سـلێمانی کۆچی دوایی کردووە. خوالێ خۆشبوو لە تەمەنی ٧ ساڵیدا خوێندەوار بووە لەلای مامۆستا مەلا سعیدی گەورە خوێندوویەتی و ڕوشدیەی موڵکی تەواو کردووە. لە تەمەنی ١٨ سـاڵیدا لەسەر وتەی مامۆستای لەلایەن– کاك ئەحمەدی شێخەوە پێـی فـەرمورواوە بـۆ کردنـەوەی قوتابخانەیەك.))[1]

وەك لەو ژیاننامەیەدا سەرنج دەدەین، کەم و کوڕی زۆرە، هەرە دیارییان ئەوەیە بـەپێی زنجیرەی مێژوویی و زەمەن دا تێ ناپەڕێ و لـە حـەوت سـاڵییەوە یەکسـەر بـۆ ١٨ سـاڵی، ئەمە بێجگە لەوەی هیچ شتێك دەربارەی ژیانی کەسایەتی و دەوروبەری ئەو کەسە نازانین، کە تاچەند لەگەڵ دەوروبەرو ژینگەکەی کاریان لەیەك کردووە، بۆیە دەشـێ ئـەم نووسـینە کورتانە بچنە خانەی (بیرەوەری)یەوە.

لە زاناو نووسەرو فەیلەسوفەکانی دونیایش، کە لە گۆڤاری (هیوا)دا لەبارەی ژیانیانـەوە نووسراوە، (برناردشۆ)یە، لە برگەیەکی ئەو ژیاننامەیەدا هاتووە: ((برناردشـۆ لـە شـاری (دبلن) کە پایتەختی جمهوریەتی ئێرلەندەی سـەربەخۆیە، لـەرۆژی ٢٦ی مـانگی تـەمووز لەساڵی ١٨٥٦دا لە کاتی حوکمڕانی شاژن ڤیکتۆریا دا هاتۆتە دونیاوە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتە قوتابخانە، لە دە ساڵیدا لە شـاری دبلـن چـۆتە کولییـەی (وسـلی)، لـەو کاتەدا باوی فێربوونی ئایین پەرستی پرۆتسـتانی بـووەو بەشـێك لـە سـەرەتای دەرسـی مێژوو وە جوگرافیا خوێنراوە.))[2]

دەربارەی ژیانی زانای بەناوبانگ (ئەنشتاین)یش، لە چەند خاڵێك دا کـورت کراوەتـەوەو پێناسێکی ژیانی کەسیی و تیۆریە زانسـتەکانی کـراوە: ((لـە ١٤ی مایسـی ١٧٨٩ لەشـاری (ئولم) لە ئەڵمانیا لەدایك بـووە، لـە پـانزە سـاڵیدا هـەموو نووسـینەکانی یوکلیـد– دانـەری اصولی هەندەسە– و نیوتن و سپینۆزای خوێ، دەوەو تێی گەیشت. ناونرا (گێژۆکە) لەبـەر شەرم و سەبرو قووڵ بیرکردنەوەی، پاش ئەوەی قوتابخانەی هونەری هەندەسی تـەواوکرد

---

[2]: هەڵگری چرای زانستی خواجە ئەفەندی، گ. هیوا، ژ٨، س١، ل٥٦.

[1]: برناردشۆ، گ. هیوا، ژ١، س١، ل٣٤.

چووە دانیشگای (زیۆریخ)ەوە هەروەها، بووە مامۆستای قوتابخانەی بەرز، وە لـە دواییـدا بوو بەهی قوتابخانەی (شانهاوزن)یش.))[١]

ئەم نووسینانەیش هیچ پەیژەیەکی زەمەنییان پێوەدیار نییە هـیچ قـووڵی و وردییـان تیـا بەدی ناکرێت، دیارە نەبوونی ئەم خاڵانەیش وامان لێ دەکات بڕیـاری ئـەوە بـدەین، کـە ئـەم نووسینانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ناوی (ژیاننامە)یان لێ نانرێت، بەڵکو هەوڵدانە بۆ پێناسەکردن و دەرخسـتنی چـەند خاسـیەت و سـیمایەکی دیـارو بەرچـاوی کەسـایەتیەکی مێژوویی یان سیاسی یان ئەدەبیی...هتد).[٢]

[١]: ئەنشتین ئەو مێشکەی بناغەی لەناوچوونی دانا، وەرگێڕی ف.ك، گ. هیوا، ١٣٤، س٥، ل١٩,

[٢]: ژیاننامەی زۆر کەسایەتی ناسراوی کوردی و جیهانی بلاَوکراوەتەوە، بڕوانە: کۆنفۆشیۆس، ژ١، س١، ل٦٠–٦٨؛ بایرۆن، ژ٢، س١، ل٤٣–٤٤؛ کەریم خانی زەند، ژ٣، س١، ل٧–١٠؛ میری سۆران، ژ٤، س١، ل٦ –١٠؛ گۆتە، ژمارەی پێشوو، ل٦١–٧٠؛ دانتی، ژ٥، س١، ل٦٠–٦٢؛ لۆرکا، ژ٨، س١، ل٣٤–٤٤.

# سێیەم: چیرۆکـی کـــوردی

## - ناوەرۆکی چیرۆکەکانی گۆڤاری هیوا :

چیرۆك لە ناوەڕاستی پەنجاكاندا وەك هونـەرێك (چـەند هـەنگاوێكی پێشـكەوتووانەی نـا بەتایبەتی بەدەركـەوتنی هەنـدێ گۆڤـاری خزمـەتگوزاری وەك (پێشـكەوتن) و (شـەفەق) و (هیوا)، كە دەرگاییێكی ڕۆشنیان خستە سەرپشت بۆ نووسـەران و پشـتگرتنیان لـە ڕێگـەی بڵاو كردنەوەی بەرهەمەكانیان.[1]

ئەگەر چیرۆكی كوردی لە قۆناغەكانی پێشوودا، لـە ڕووی شـێوەو ناوەڕۆكـەوە شـێوەی وتارو ڕیپۆرتاژو چەند بابەتێكی سواوی بەخۆوە گرتبوو، لە ناوەڕاستی پـەنجاكان بـەدواوە لەسەر ڕووپـەڕەكانی گۆڤاری (هیوا)دا، بۆ ماوەیەك تاكە گۆڤاری گۆڕەپانی ئەدەبی كوردی بوو، كە ژمارەیەك چیرۆكی كوردی سەركەوتووی بڵاو كردۆتەوە.

بابەتە سەرەكییەكانی ناوەرۆكی ئەو چیرۆكانە بەسـەر چـەند بابەتێكدا دابـەش دەبـن. زوڵم و زۆرداری دەرەبـەگ دەرهـەق بـەجووتیاری كـورد لـە چـەندین وێنـەی جۆراوجـۆرداو مەسـەلەی ئـافرەت وەك دایـك و ژن و خەباتكـەرو چـەندین شـێوەی جیـاوازو مەسـەلەی نەتەوایەتی و سیاسی گەلی كورد، بە زەقی لەدوای شۆڕشـی ١٤ی تـەممووزی ١٩٥٨دا خـۆی نوانـد. هـەژاری و نـەبوونی و دەسـت كـورتی و كارەسـاتی سروشـتی و چـەندین دەردی كۆمەڵایەتی بوونەتـە كەرەسـتەی ئـەو چـیرۆكانەی گۆڤارەكـە، كـە هـەوڵ دەدەیـن لێـرەدا شییان بكەینەوە.

بـەهۆی ڕژێمـی پاشـایەتی لـە عێراقـداو نـەبوونی یاسـایەكی تایبـەت بـەزەوی‌و زار لـە بەرژەوەنـدی جووتیـاران دا هەمیشـە چـینی دەرەبـەگ بـاڵا دەسـت بـوون و بـە ئاشـكرا جووتیاران دەچەوساندەوەو هەموو داهاتەكەیان لێ زەوت دەكردن و میریـیش بـەرگری لـێ دەكـردن.. ئاغـا سـەرانەی وەردەگـرت و زۆر جـاریش دەسـت درێـژیان بـۆ سـەر نامووسـی جووتیارانیش دەكرد، ئەم حاڵەتە بەلای ڕۆشنبیرانەوە گرییەكی دەروونـی بـۆوەو هـەوڵیان

[1]: عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێكۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆكی كوردی، ل٧٥

داوە بـە شـێوەیەکی هونـەری لـە چـیرۆکدا دەریـبڕن و گیـانی شۆڕشـگێڕی بـە بـەر چـینی چەوساوەدا بکەن و پاڵەوانی چیرۆکەکانیان لەو چینە هەڵبژێرن.

عەبدوڵڵا میدیا لـە چـیرۆکی (دڵسـۆزی نـەمر)[1] دا نموونـەی خێزانێکـی جووتیـاری هـەژار هەڵدەبژێرێ، کە خێزانی (مام ڕەسـوڵ)ە، چـیرۆکنووس لـە وەسـفی ماڵەوەیانـدا دەڵـێ: (( تاقە خێزانێکی کەلو کۆم و داڕو خاو بـوون لـەژوور ئاواییـەوە...))[2] لـە وەسـفی کەلوپـەلی ناوە ماڵەکەشیاندا دەڵێ ((ئەو تاکە بەڕە شڕو لبادە کۆنەی هـەیانبوو هـەر ئـەوە بـوو، لـە نانی جۆو جلی پیناوی و شۆربای ساوەرو دۆینـە بـەولاوە زیاتریـان نـەبوو...))[3] دیـارە لـە خێزانێکی هەژاری ئـاوادا (دڵسـۆز)ی تەمـەن حەڤـدە سـاڵ و خوێنـدەواری دێ هەسـتی بـە ئـێش‌و ئـازاری هــەژاری کردبــوو و چـاك لــەوە گەیشــتبوو سەرچــاوەی کلۆڵییــەکان، چەوسانەوەی ئاغایە، بۆیە کە ئاغا بانگی دەکاو زۆر بـەڵێنی پـێ دەدا، ئـەو لـە ڕووی ئاغـا دەوەستێتەوەو چاونەترسانە دەڵێ: ((ئاغا من نۆکەری ناکەم و نامـەوێت کەسـیش ژنم بـۆ بێنێت، ئەگەر من ئەوەی پەیای ئەکەم خۆم بیخۆم، هەژاریش نابم و ژنیش دێنم، بەڵام کـێ ئەی کاو کێ ئەی خوا!)).[4]

کۆتایی چیرۆکەکەش، لەژێر سێبەری ڕژێمی پاشایەتی و زەبری ئاغـادا (دڵسـۆز) دەبێتـە قوربـانی و مـام ڕەسـوڵی باوکـە دوانـزە جـار جـەرگ بـڕاو بـۆ جـاری سـیانزەهەم لەگـەڵ خێزانەکەیدا کەوتەوە فرمێسك ڕشتن.

(حەسەنی قزڵجی) هەمان بارودۆخی جووتیاران دەخاتە ڕوو، بەڵام بەشێوەیەکی دیکـە، کە ئەمجارەیان لە جیاتی کۆتاییـەکی تراژیـدی و خـەمناك بـۆ جووتیـاران، بـە پێچـەوانەوە سەری ئاغا دەپلیشێتەوەو وێنەی جیهانێکی گەشتر دەنەخشێنێ، لە قاڵبێکی ئەفسانەییدا، (وەیسە) کە کوڕە جووتیارێکە (فەرەیدوون) بەگ زوڵمی لێ دەکات و کەشکۆڵی یەکەمی لێ زەوت دەکات، کەشکۆڵەی دووەمی لێ زەوت دەکات، دوو دەست لە کەشکۆڵەکەوە دەردێن

---

[1]: مامۆستا، ع.دڵسۆزی نەمر، گ. هیوا، ژ٣، س١، ل٧٤–٨٦،

[2]: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤،

[3]: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨،

[4]: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤،

و سـەرو پۆتـەڵاکی فەرەیـدوون بـەگ وەبـەر مسـتان دەدەن، کـە ئاغـا سـەیر دەکـات لێـی نووسراوە: ((زەوی بۆ وەرزێرو مەرگ بۆ دەرەبەگ.))[1]

تـەوەرێکی دیکـەی نـاوەرۆکی چـیرۆکەکان مەسـەلەی ئافرەتـە، ئـەم بابەتـەش لـە چـەند وێنەیەکی هونەری جوداوازدا خـۆ دەنـوێنێ. محەمـەد مـەولوود مـەم لـە چـیرۆکی (قینـی لـێم بوو)،[2] باسی چیرۆکی جنسی نێوان (نەسرین و کوڕێك)مان بۆ دەخاتە ڕوو و گوفتاری هـەردوو پاڵەوانەکــە لەگــەڵ نــاخ و دەروونیانــدا جیــاوازە، ((چیرۆکنووســیش بەســەرکەوتوانە و شارەزاییەوە توانیوێتی وێنەکان بکێشێ، بۆ ئەمەش گرنگییەکی چاك و زیرەکانەی بە هەموو لایەنــەکانی چــیرۆکەکە داوەو هەریەکــەیان خــاوەنی کەســایەتی و دیــوی نــاوەوەو زمــان و بیرکردنەوەی تایبەتین.))[3]

کوڕەکە بەوەیکە نامـەی کچـێکی بەدەسـت دەگـات لـووت بـەرزو لـە خۆبـایی دەبێـت، کچەش سەرەتا خۆی بەپاك و بێ گەرد پیشان دەدات، بەڵام زۆر ئاڵۆشـی حـەزو ئـارەزووە خەفە کراوەکانی هورژمی بۆ دێنیّ و بۆ چەند ساتێك ڕادەبوێریّ، بەو شێوەیە لە دیـالۆگ و مەنەلۆگەکاندا کەسیەتی پاڵەوانەکانمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەردوکیان لاوازن.[4]

مستەفا ساڵح کەریم لە چیرۆکی (بریا نەهاتیتایەوە)[5] پەیوەندی خۆشەویستی و دڵـداری نێوان (سوارەو زێڕین)مان بۆ دەردەخات، کە داب و نەریتی کۆمەڵایەتیو کەللەڕەقی باوکی زێڕین دەبێتە کۆسپی بەردەمیان. ناوەرۆکی چیرۆکەکە لە هەقایەتێکی فولکلۆریی دەچـێت و زۆر ڕووداوی ناخۆشـی وا لـە کۆمـەڵ دا ڕووی داوە، بـەڵام هەنـدێك شـتی دژ بەیـەك لـە هەڵوێستی پاڵەوانەکاندا بەدی دەکرێت. زێڕین کە سوارە داوای لیّ دەکات ڕەدووی بکەوێت دەڵێت: ((... ئۆی سوارە گیان ئەوە چ دەڵێی؟ گـوێی شـەیتان کـەڕ بـێ. چـی وا ڕوو نـادا

---

[2]: حسن قزلجی، کەشکۆڵی جادوویی، گ. هیوا، ژ ٣١، س٤، ل٧١-٨١,

[3]: محەمەد مەولوود (مەم)، قینی لێم بوو، گ. هیوا، ژ ٦، س ١، ل٨٢-٩٢,

[1]: صەباحی غالب، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، ل٢٩١.

[2]: چیرۆکنووس بیرۆکەی ئەم چیرۆکەی لە چیرۆکی (دڵداری بەهێزترە)ی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ڕووسی (تۆرگینێڤ)ەوەو وەرگرتووە،بڕوانە:تالب محمد احمد، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولوود (مەم)، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٣، ل٢١٤، (نامەی ماجستێر).

[3]: مستەفا ساڵح کەریم، بریا نەهاتیتایەوە، گ. هیوا، ژ ٣، س١، ل٥٣-٦٢.

بەپشتی خودای، بەڵام بەخودای من وای بەچاك دەزانم (دڵداریە دوور بەدوورەکەمان بمێنێ بە بەرزی شەرەفەوە چاترە لە پێك گەیشتنمان بەسووکیو دەربەدەری و حەیا چوون))[1] کەچی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا (زێڕین)یش لەگەڵ سوارە لە پاڵەوانەکەدا دەسووتێ. بەیەکەوە دڵنیا بوونیانە لە یەکتری، بەڵام لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەدا هەست بەو خۆشەویستییە گەورەیە ناکرێت و تەنانەت سوارە وەك هەموو هەڵوێستە سەرەڕۆیی و هەرزەکارەکانی دیکەی ئامادەیە زۆر بە سووكو سانایی واز لە (زێڕین) بهێنێت و لە کاتی ڕەدوونە کەوتنی زێڕین دا، پێی دەڵێ: ((واتە ئیزنم دەدەی؟))[2] ئەمە بێجگە لەوەی هیچ هۆیەکی مەنتقی هەبێت و نازانین بۆچی ئەو پاوانە سووتاو پاڵەوانەکانیش بوونە قوربانی ئەو کۆتاییە تراژیدییە.

محەمەد مەولوود (مەم)، لە چیرۆکی (داپیرەم)[3]دا، بە پیرەژنێکی مەزنمان دەناسێنێ، ئەم پیرەژنە لەگەڵ ئەوەی تووشی چەندین چەرمەسەری و جەرگ سووتان و ماڵ کاول بوون هاتووە، کەچی هەر ورە بەرزەو هانی نەوەکانی دەدات دژی شەڕو دووبەرەکی و لایەنگری ئاشتی بن، تەنانەت وەك مرۆڤێکی بیر کراوەو تێگەیشتوو بۆ بەردەوامی ژیان و نەوەی نوێ داوا لە کوڕەکەی دەکات، کە ژن بێنێ و پێی دەڵێ: ((کوڕم... ژن بێنە...))[4]

ئەو پیرەژنە مرۆڤ دۆستە دژی ڕووخان و ڕمانەو بە توندی ڕووبەڕووی بەرەی شەڕخوازان دەبێتەوەو دەڵێ: ((ئێمەش... هەر ئەو ئادەمیزادەین... ئەو دڕندە ڕوخێنەرەین..و ئەو گیانە پیرۆزە وەستا دروستکەرەشین، تامیی سوێری... و تاڵی... و ناخۆشیمان زۆر چێشت، ئینجا ئێستا ئەتوانین سەرلەنوێ.. دەست بکەینەوە بە ئاوەدان کردنەوەی دونیاکەمان...))[5]

مستەفا ساڵح کەریم لە گۆشەیەکی دیکەوە دەوری ئافرەتێکی مەزنمان بۆ دەردەخاو ئەو ئافرەتەی، کە لە پێشەوەی خۆ پیشاندان و ڕاپەڕینەکانی سەرەتای پەنجاکاندا لەپاڵ

---

[1] گ هیوا، ژ٣، س١، ل٥٧,

[2] ژمارەی پێشوو، ل٥٧,

[3] مەم، داپیرەم، گ. هیوا، ژ ٩، س١، ل٥٧-٦٤,

[4] ژمارەی پێشوو، ل٦٤,

[1] مەم، داپیرەم، گ. هیوا، ژ ٩، س١، ل٣٦,

براکانیـدا ڕووبـەڕووی ڕژێمـی پاشـایەتی دەبـووەوە، ئـەویش لـە کەسـیەتی (پرشـنگ)ی قارەمانی چیرۆکی (چۆن لەبیرم بچێتەوە)[1]دا دەردەکەوێت.

(پرشنگ)ی خۆشەویستی (ئامانج) لەسەر پاسێکەوە بە وتارو هوتاف لێدانەوە هاواری دەکرد، کە قوتابیان دان بە خۆیانا بگرن و بڵاوەی لێ نەکەن یا کوشـتن... یا سـەرکەوتن، بەڵام پرشنگ بەر دەسرێژ کەوت، لە سەرەمەرگێشا بە ئامـانج دەڵـێ: ((بـەڵام کـە خـوێنی ئێمە داری ئازادی بۆ میللەت ئاو ئەداو لێم ڕوونـە کـە (ئـەو گەلـەی قوربـانی بـدات هـەرگیز نامرێ).))[2]

تەوەرەیەکی دیکەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان، چەوسـانەوەی نەتـەوەیی و کوردایـەتی و خەباتی هاوبەشی نەتەوە ژێـر دەسـتەکانە. دوابـەدوای جـەنگی جیهـانی دووەم مەسـەلەی نەتەوەیی زەقتر لە مەسەلەکانی دی خۆی دەنواند، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزو کارە ناپەسەندەکانی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق دەرهەق بە گەلی کوردو سـەرکوت کردنـــەوەی بزووتنـــەوەی ڕزگـــاریخوازیی نەتـــەوەیی کـــوردیی. ئـــەم حاڵەتـــە وای لـــە چیرۆکنووسەکان کرد مەسـەلەی خـەباتی سیاسـی و نەتـەوەیی لـە چـیرۆکەکانیاندا ڕەنـگ بداتەوە.

عەبـدوڵڵا میـدیا لـە چـیرۆکی (یـەکی خاکـە لێـوە)دا[3]، بـە شـێوەی خـەون ڕەخنـە لـە کاربەدەستانی ڕژێمی پاشایەتی دەگرێت، کە نایەڵن گەلی کورد بەخۆشی و شادییەوە یادی جەژنێکی نەتەوایەتیان بکەنەوە، کە جەژنی نەورۆزە، وتار بێژەکەی ناو حەشامەتەکە، کـە فەرمانی کاربەدەستی شار دەخوێنێتەوە دەڵێ: ((لەبـەر ئـەوەی زۆر بـە تـەنگ پارێزگـاری کردنی ژیان و سامانی خەڵکی شارەوەین وە نامانەوێ هـیچ ئاژاوەیـەك بقـەومێ، بڕیارمانـدا کە ئاهەنگی نەورۆز نەکرێت.))[4]

(فاضـل نظـام الـدین)، بـە شـێوەیەکی ڕەمـزی خـەباتی تێکۆشـەرێکی ڕێگـای ئـازادی میللەتەکەمان دەگێڕێتەوەو شەهیدەکە زیندوو دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی سەربردەی ژیانی خۆیمان پێشکەش بکات، کە لە مەیدانی خـەبات دا گیـانی خـۆی بـەخت کـردووە. بـۆ ئـەم

---

[2] مستەفا ساڵح کەریم، چۆن لەبیرم بچێتەوە، گ. هیوا، ژ١، س٣، ل٨٧-١٠٣.
[3] ژمارەی پێشوو، ل١٠٢,
[1]: میدیا، یەکی خاکە لێوە، گ. هیوا، ژ ٩، س١، ل٤٣-٤٨,
[2]: ژمارەی پێشوو، ل٤٧,

مەبەستەیش چیرۆکەکەی (یەکێ لە شەوەکانی گردی سەیوان)١ هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووە، کە گردی سەیوان مەزاری شەهیدانە.[٢]

(هۆگر گۆران) لە چیرۆکی (سەردار)٣ ڕۆشنایی دەخاتە سەر لایەنێکی تری خەباتی نەتەوەیی، ئەویش خەباتی ڕۆشنبیرانە لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە بۆ وریا کردنەوەی جەماوەرو خرۆشانی گیانی شۆڕشگێڕی تیایاندا.

(سەردار)ی قارەمانی چیرۆکەکەی بەهۆی نووسینێکییەوە دەخرێتە زیندان، ئەمەش دووپاتی نەبوونی سەربەستی و دیموکراسی و سانسۆری سەخت و دژواری ئەو ڕۆژگارە دەکاتەوە، کە حکومەت تەنگی بەهەموو چین و توێژە پێشکەوتنخوازەکانی گەل هەڵچنی بوو.

(مەم) لە چیرۆکی (نامەیێك بۆ بەندیخانە)دا[٤] نامەی منداڵێك دەکا بەهۆیەك بۆ دەرخستنی هەست و سۆزێکی بەکوڵ بۆ منداڵە بارزانییەکان، کە ڕژێمی پاشایەتی ئاوارەی کردن و بەهۆی خەباتی نەتەوەیی بۆ ڕزگاری کوردستان بێ باوك ماونەوە، تەنانەت ڕژێم دییەکەشی لێ کاول کردن و سووتاندی، لە نامەکەدا هاتووە: ((باوکی خۆشەویستم.. ڕۆژ باش، سەڵاوت لێ بێت، باوکە گیان چۆنی؟ کەنگێ ئەگەڕێیتەوە لامان، ئێستا لە بەندیخانە چۆن ڕائەبوێری؟ ئایا ئەزانی من و نازێ لەگەڵ دایکمان ئێستا لە شاری (....)ین دایکم ئەڵێ پاش گرتنی تۆ... ئێمەش بەزۆری زۆردار لە گوندەکەی خۆمان گوێزراینەوە ئەم شارە... دایکم لێرە بەتەنیا هەموو ڕۆژی ئەم ماڵ و ئەو ماڵ خەبات ئەکات هەتا نزیك ئێوارە، بەم جۆرە نان و خۆراکمان بۆ پەیدا ئەکات...)).[٥]

چیرۆکنووس سەرکەوتووانە باری دەروونی منداڵێکی بێ باوکمان بۆ شی دەکاتەوە، کە هەستی چییە بەرامبەر باوکە نەدیوەکەی و بینینی منداڵانی دی،کە دەست دەخەنە دەستی باوکیانەوە. هەمان چیرۆکنووس لە چیرۆکی (ئاوارەکان)دا بەشێك لە مێژووی

---

[٣]: فاضل نظام الدین، یەکێ لە شەوەکانی گردی سەیوان، گ. هیوا، ژ ١٢، س١، ل٥٨–٦٤,

[٤]: سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەم چیرۆکە محرم محمدامین لە ژ١، س٢، ل٨٧دا هەندێ سەرنجی وردی لەسەر تەکنیکی هونەری چیرۆکەکە دەربڕیوە.

280 هۆگر گۆران، سەردار، گ. هیوا، ژ٨، س٢، ل٥١–٥٣,

[١]: مەم، نامەیێك بۆ بەندیخانە، گ. هیوا، ژ (١١، ١٢)، س٢، ل٧٩–٨٦.

[٢]: ژمارەی پێشوو، ل٨٠–٨١,

شۆڕشەکانی بارزان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی کوردیی بەشێوەیەکی هونـەریی دەخاتـە ڕوو و (مام سێودین)و (پوور مامز) دەکاتە هێمای کۆڵنەدان و نەبەزین و وەك دوو پاڵـەوانی ڕق ئەستوور بەرامبەر بەدوژمن دەوەستنەوە.

ئەم خێزانە بارزانییە لە ئەنجامی زەبرو زۆرداری دوژمن بەرەو کوردستانی ئێران دەچن، بەڵام ئەوەندە هیوا لـەگیان و دەروونیانـدا گەورەیـە هـەر بەتـەمای ئـەو ڕۆژەن کـە تۆڵـەی خۆیان لە دوژمن بکەنەوەو ئەو ئاوارەییەش بەشتێکی ئاسایی دەزانن، چونکە ڕۆڵەو کـەس و کاری تریشیان لەو ڕێگەیەدا شەهید بوونە. باوکی (مام شێودین)یش لە کاتی بریندار بوونی لە شەڕی عوسمانیدا تفەنگەکەی داوەتە (سێودین)، ئەو کات پازدە ساڵانەو پێی دەڵێ: ((کـوڕێ من... نەگری، شەرمە بۆ مرۆیان گریان.. ها ئەمـە تفـەنگی مـن... کـوڕی بـاوکی خـۆت بـە.. تۆلەیا وڵاتا خو... بستینەو ڕێ مەدە دوژمن خاکی کوردستانت بشێلای و... ملەتی مە... دیل بکـەن و بچەوسـێننەوە.))[1] ئـەم خێزانـە هـەژارە چـاویان لـە دەسـتی کـوڕە تاقانەکـەیان (رەشکۆ)یە، کە لەسەر جێگا کەوتووەو نەخۆشە، درێژە بە خەباتی کوردایـەتی خێزانەکـەیان بدات.

(قەلەنـدەر ئـالانی)یش لـە چـیرۆکی (دیمـەنێکی سـامناك لەسـەر سـنوور)دا[2] بـاس لـە کوردایەتی و ئاوارە بـوونی خێزانێکـی کـوردی بەئەسـل و بنەچـەی پشـدەری گیرسـاوە لـە ناوچەی (سەردەشت)ی کوردستانی ئێران دا، دەکات، کە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا دەیانەوێ بەدزییەوە لە ئێرانەوە بەمەرزدا بپەڕنەوەو چۆنیەتی پەڕینـەوەو زامـدار بوونی کوڕەکەیان بەهۆی کەوتنە خوارەوەی لەسەر پشتی وڵاخەوە پیشان دەدات.

مارف بـەرزنجی لـە چـیرۆکی (شـەتل)دا[3] ململانێـی بـەینی نـەزانی و نەخوێنـدەواری و مامۆستای گوندێکی دوور پیشان دەدات، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لە پێناو بڵاو بوونەوەی خوێندەواری و گیانی هۆشیاری و وریا بوونەوەی منداڵە جووتیارەکانی دێ تێدەکۆشـێت و بەرگەی ئەو گوزەرانـە تاڵـە دەگرێـت، ((چەوسـاوەیێکی کـوردی بـێ دەرەتـانی دەربـەدەر کراوی خۆڕاگرو جەنگاوەر بەرامبەر بەناحەزان و خوێندەوارێکی بـیر خـاوێنی جەزرەبـەدراو

[1]: مەم، ئاوارەکان، گ. هیوا، ژ٣٣، س٥، ل٨٦.

[2]: قەلەندەر ئالانی، دیمەنێکی سامناك لەسەر سنوور، ژمارەی پێشوو، ل٩٢-١٠٠,

[1]: معروف بەرزنجی، شەتڵ، گ. هیوا، ژ٣٣، س٥، ل٦١-٧٠.

کەرەســەی بابەتــەکانی بــووە، ئــاوات و ئومێــدی ڕاســتەقینەی هــەردوو کیــانی موتووربــە کردووەو بەستوونی بەیەکەوە، کە مەسەلەی مرۆڤایەتی و بەختەوەری میللەتی کوردە.))[1]

کە لەکۆتایی چیرۆکەکەدا قوتابییەکان، لەبەر هــەژاری دەسـت لـە خوێنـدن هەڵدەگرن، چیرۆکنووس هەوڵەکەی خۆی وا دێتە بەرچاو، کە (شەتڵ)ێك لـە باخچـەیەکی ڕەنگـین، کـە ژیانە هەڵدەکەنرێ و پەیوەستی دەکات بە خەیاڵێکی ڕابردووی سەردەمی منداڵی خۆیەوەو لەسەر ئەم کـارە ناپەسـەندە بـاوکی لێـی داوە. هـەروەها چـیرۆکنووس هـەوڵ دەدات ئـەو هەژارییەو نەبوونی قوتابخانە لـە گونـدەکان و بـەزۆر سـەپاندنی زمـانی عـەرەبی لـە کـاتی خوێندنــدا بخاتــە ئەســتۆی حکومەتــەوەو پەیوەســتی بکــات بــەبارودۆخی سیاســی و چەوسانەوەی نەتەوەییەوە.[2]

(حەسەن قزڵجی)یش توانج و پلار لە دووبەرەکی و نـاکۆکی نێـوان کـوردان دەگرێـت لـە نێوان پارچەکانی کوردستان دا زیرەکانە هۆیەکەی دەگەڕێنێتەوە بـۆ پلانـی ئیمپریـالیزم و ڕژێمە داردەستەکانی لەو وڵاتانـەی کـە کوردسـتانی بەسـەردا دابـەش کـراوە. لـە چـیرۆکی (شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ)دا۳ هەباسەی وەرزێر لە وەڵامی مجێـوری مزگەوتـدا، کـە دەریـدەکاو هەڕەشـەی گرتنـی لێـدەکات، چـونکە ئاوارەیـەو لەکوردسـتانی ئێرانـەوە هاتووەدا دەڵێ: ((بۆچی من و تۆ هەردوکمان کوردنین، هـەردووکمان وەك یـەك هاوڕەگـەزو خوێن نین؟ ئێرەش هەر کوردستان نییە، من و ئەم خەڵکەی لە ئەم شارەدا گشـتمان کـورد نین و لە کوردستان نین؟ ئیتر بۆچی ئەم گرن؟ ئەم من و تۆیی و دووبەرەکی یە چـی یـەو، ئەم جیاوازی و قینەبەرییە شوورەیی نییە.))[4]

(مـەم) گۆڕانکـاری و ڕووداوەکـانی دەسـت درێژییـە سـێ قۆڵییەکـەی سـەر گـەلی میسـر دەکاتە چیرۆکێك و تیایدا لەسەر زاری پاڵەوانی چیرۆکەکە، کە ئافرەتێکە و وەك هاوبەشـی

---

[2]: عومەر مارف بەرزنجی، پشکۆو چیرۆکی کوردی، گ. ڕۆژی کوردستان، ژ۱، س۲، ۱۹۷۲، ل٥٤,

[3]: د. ۱، س۲، ۱۹۷۲، ل٥٤؛ عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، دەربارەی مارف بەرزنجی نووسیویە: ((چیرۆکنووسێکی سەرکەوتووی کوردە))، بڕوانە: د.عزالدين مصطفى رِسول، الواقعية في الادب الكردي، ص١٨,

[1]: حسن قزڵجی، شەهیدی زۆڵمە کفن و شۆردنی ناوێ، گ. هیوا، ژ۳۳، س٥، ل٥٦–٦١,

[2]: حسن قزڵجی، شەهیدی زۆڵمە کفن و شۆردنی ناوێ، گ. هیوا، ژ۳۳، س٥، ل٥٨,

خـەمی گـەلی عـەرەبی میسـر بـە رۆژوو بـووە هـاودەردی کـورد پیشـان دەدات و خـەباتی نەتەوەیی هەردوو گەلەکە بەیەکەوە گرێ دەدات.

چیرۆکی (کە دایکم بـەرۆژوو بـوو)،[1] نموونـەی خـەباتی هاوبەشـی و بـڕوا بـوونی کـوردە بەرامبەر بە ئاشـتی و تـەبایی و وەسـتان دژی شـەڕو پـلان. سـێ کەسـایەتی سـەرەکی لـە چیرۆکەکەدا دەردەکەون، پیرەژنێك کە لە ڕۆانگەی ئایینەوە بۆ مەسەلەکە دەڕوانـێ و پێـی وایە مادام میسر موسڵمانن هەرگیز نابەزن. خوشکی کوڕەکە، لە ڕوانگـەی سـۆزو ویـژدان و بەزەیی هاتنەوە بەمنداڵی ساوا دژی دەست درێژییەکەیە. کوڕەکە لە ڕوانگەی بەستنەوەی خەباتی کوردایەتی و شۆرشگێڕییەوە هەڵوێستی خۆی دەردەبـڕێ، کـە هاوبەشـی خـەباتی میللەتە دیل و ژێر دەسـتەکانە، بۆیـە دەڵـێ: ((لـەناو مـونجی ئـەو تورەیی‌ـو قینـەدا وڵاتـە دیلەکەی خۆم... کوردستانی خۆشەویستی زۆرلێکراوم... لە تەك میسری زۆر لێکـراو هاتـە بەرچـاو.. کــە ســاڵەهای ســاڵە وا لــەژێر پێــی ئیســتعمارو نۆکــەرە خوێنخۆرەکــانی ئەتلێتەوە...))[2] بەم شێوەیە دایکیان بڕیاری داوە تا میسر ڕزگاری دەبێت بەرۆژوو بێت.[3]

تەوەرەیەکی دیکەی ناوەرۆکی چیرۆکەکان هەژاریو دەست کورتی خێزانییە، (مـەم) لـە چیرۆکی (پەنجا فلس)دا[4] بە ژیانی هەژاری و نەبوونی خێزانی دوو قوتابی ئاشنامان دەکات، کە خەریکە لەبەر هەژاری و دەست کورتی واز لە خوێندن و قوتابخانە بهێنن، بـەڵام دوایـی حەزو ئارەزووی خوێندن هانیان دەدا بچن بۆ قوتابخانە. لە ڕێگەدا ئەو دوو قوتابییە پەنجا فلس دەدۆزنەوەو لە خۆشیاندا لە پۆلیش (س)ی قوتابی لەوەڵامی پرسـیارێکی مامۆسـتادا بە (پەنجا فلس) وەڵام دەداتـەوە. لـە وەسـفی هـەژاریی خۆیانـدا چـیرۆك گێـڕەوە دەڵێت: ((ئـەو بەیانییـە چ خۆراکمـان نـەبوو.. نـە.. نـان.. نـە شـەکرو چـا، کـە تاکـە خواردنـە

---

[3]: مەم، کە دایکم بەرۆژوو بوو، گ. هیوا، ژ ٤، س٢، ل٢٢-٣٠,

[1]: سەرچاوەی پێشوو، ل,٢٧

[2]: طالب محمد احمد، لە نامەی ماجستێرەکەیدا، دەربارەی ئەم چیرۆکە هەندێ سەرنجی وردی دەربڕیوە، بڕوانە: لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولوود (مەم)، (نامەی ماجستێر)، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٣، ل٥٦-٦٠,

[3]: مەم، پەنجا فلس، گ. هیوا، ژ ٤، س١، ل٧٨-٨٤,

خۆشەویستەکەکان بوو.))١ لە وەسفی دۆزینەوەی پەنجا فلسەکەشدا دەڵێت: ((کە لەناو قوڕەکەی پێش دەمم.. چاوم بە پەنجا فلسێکی سپی کەوت!! بە هێزێکی سەیر.. وەك پشیلەکە پەلاماری نێچیر ئەدا.. وا پەلامارم دا.. وام ئەزانی لە دەستم ڕائەکا.. هەڵم گرت و.. مستێك قوڕییشم لەگەڵ هێنا!!))[2]

ساجد ئاوارە لە چیرۆکی (هێزی برسێتی)دا[3] دوو سواڵکەری کڵۆڵی لە کۆمەڵ وەرگرتووە، کە برسیەتی بە جۆری هورژمی بۆ هێناون دەریشیان دەکەن نارۆن و لە ماڵی چیرۆکگێڕەوەدا نان دەخۆن، ئەگەرچی دایکی پێی خۆش نییە، بەڵام چیرۆکگێڕەوە بەزەیی پێیاندا دێتەوە. کابرای سواڵکەریش بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، کە ئاوارەی دەستی ئاغان.

فاضل نظام الدین لە چیرۆکی (لەتێ نان و شیشێ کەباب)دا[4] هەژاری و مەینەتی خێزانێك دەردەخات، کە قوتابییەك هەموو ڕۆژێ خواردنەکەی لە قوتابخانە ناخوات و دەیباتەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خوشکەکەی بیخۆن، داهاتیان تەنیا لەسەر ئەو سنییەیە کە لەبەر دەرگا شتی لەسەر دەفرۆشن، کە مامۆستا لێی دەپرسێ، بۆی دەردەکەوێ، کە زۆر هەژاران و قوتابییەکە باوکی نەماوەو دایکیان بەخێویان دەکا، مامۆستا دەیەوێ چارەگە دینارێکی بداتێ و یارمەتیان بدات، بەڵام قوتابییەکە لێی وەرناگرێ و دەڵێ: ((ئاخر مامۆستا ئەمڕۆ تۆ ئەمەم ئەدەیتێ ئەی سبەینێ، ئەی دوو سبەی؟))[5] ئەو دیالۆگەی کۆتایی چیرۆکەکە هێزی چیرۆکەکە دەردەخاو کۆتاییەکی بەهێزە، کە هەژاری بە بەزەیی چارەسەر ناکرێت و لە ئەستۆی دەستەڵاتی سیاسییە، کە ئابووری وڵاتی بۆ بەرژەوەندی خۆی و بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەکردووە.

تەوەرەیەکی دیکەی ناوەرۆکی چیرۆکەکان لەخۆ گرتنی هەندێ دەردی کۆمەڵایەتییە، کە کاریگەرییەکی خراپیان بەسەر نەریتی کۆمەڵدا هەیە، دەبنە هۆی دواکەوتن و لە

---

[1]: گ هیوا، ژ٤، س١، ل٧٨,

[2]: مەم، پەنجا فلس، گ. هیوا، ژ ٤، س١، ل٨٠,

[3]: ساجد ئاوارە، هێزی برسێتی، گ. هیوا، ژ ١٠، س١، ل٦١-٦٩.

[4]: فاضل نظام الدین، لەتێ نان و شیشێ کەباب، گ. هیوا، ژ (٦، ٧) س٢، ل٣٣-٣٧,

[1]: گ. هیوا، ژ (٦،٧)، س٢، ل٣٦.

نیشانەکانی دواکەوتنی شارستانین. یەکێ لـەو دەردانـە دەردی قومـارە، کـە لـەو سـاڵانەدا بەهۆی بێ کاری و بڵاوبوونەوەی هەژاری بەنێو ڕیزەکانی خەڵك دا شـیرازەی زۆر خێزانیـان لەبار بردووەو تێك داوە.

(مسـتەفا سـاڵح کـەریم) بـە چـیرۆکی (فرمێسـکی پەشـیمانی)دا[1] بەشـێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئاکامی پیاوێکی قومارباز دەردەخات، کە تازە گەنجە و تازە ژنی هێنـاوەو تـازەش دامەزراوە. وەك مامۆستایەکی چالاك لـە سـەرەتای ژیانـدا پەرۆشـی بنیاتنـانی خـۆی و لـە خەمی بڵاوبوونەوەی خوێندەوارییـە لـە کوردسـتاندا، پاشـان بـەهۆی چـەند برادەرێکیـەوە دەخزێتە نێو کۆڕی شەوانەی قومارەوەو لەگەڵ ژنەکەیشی خەریکە نێوانیان تێك دەچـێت، شەوێکیان دوای ئەوەی سوێند دەخوات نەیەتەوەو شەو لە دەرەوە دەمێنێتەوە پەشـیمان دەبێتەوەو بۆ یەکجاری واز لە قومار دەهێنێـت و ژنەکەیشـی لـە خۆشـیاندا دەڵێـت: ((دڵـم خەبەری دابوو، کە هەر دێتەوە گیانەکەم، بۆیە ئەم شەو خەو نەهاتە چاوم شەوگار کردی و من کردم... بەڵام ئەمزانی کەهەر دێیتەوە..)).[2]

چیرۆکنووس ئەم خووە ڕیسوا دەکات و بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش نموونەیـەك دەهێنێتـەوە بۆنەفامی کەسەکان، کە چیرۆك گێڕەوە دەڵێت: ((هەتا مـاوم ئـەوەم لـەبیر ناچـێتەوە، کـە شەوێ لە شەوان کچێکی شۆخ و شەنگ هەیاسەکەی ناو قەدی هێنابووەوەو یەك دووچـاوی ڕەشی گەشی جوان فرمێسکی قەویان هەڵئەڕشت وەك بارانی بەهار کە بەقوڵپی گریانـەوە خۆی کرد بە ژووراو ڕووی کردە ڕۆستەمی برای:– نەختێ وازبێرە لەم قومارە بێ فـەڕە بـۆ خاتر خوا وا لەوێ ئەول کەریمی برام وا گیان ئەدا.))[3]

محەمـەد نـوری تۆفیـق لـە چـیرۆکی (بەرەحمـەت بـێ خـەتای بـاوکی بـوو!)[4] هـەمان مەسەلەی قومار دەخاتە ڕوو، بەڵام بەشـێوەیەکی ناهـەمواری ئـەوتۆ، کەتیایـدا دەکەوێتـە دواندەری و چیرۆکنووس خۆی دێتە گۆو دەڵێ: ((ئـەرێ ئێـوە شـەرم ناکـەن لـەم دەورەدا قومار ئەکەن؟؟؟ ناشوکری نەبێ ئـەبێ گـەلی کـورد هـەر ئەمـە بەشـی بـێ!! وا میللـەتان

---

[1] مستەفا صالح کەریم، فرمێسکی پەشیمانی، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل٢٤.

[2] ژمارەی پێشوو، ل٣٠.

[3] گ. هیوا، ژ٢، س١، ل٢٧.

[4] محەمەد نوری تۆفیق، بەرەحمەت بێ خەتای باوکی بوو، گ. هیوا، ژ(٢)، ل٦٣–٧٦.

مانگیان تاقی کرۆدەوە، بە فڕۆکە لە دێیەکەوە ئەچن بۆ دێیەکی تـر..))،[1] کـە ئەمـەش زۆر لە بەهای هونەریی چیرۆکەکەی هێناوەتە خوارەوە.

(ساجد ئاوارە) لـە چـیرۆکی (مـانگ گـیران)[2] دا، کـە لـە نـەریتێکی کۆمەڵایـەتی دەدوێ، ئەویش تەپڵ لێدانە لەلایەن خەڵکەوە لە کاتی مانگ گیران دا، چیرۆکنووس تـەپڵ لێدانەکـە لای دوو منـداڵی هـەژارو پێخـاوس نمـایش دەکـات و تیشـك و تریفـەی مانگەکـە پەویەسـت دەکات بە هیوای هەژارانەوەو شەوەزەنگیش بەنائومێدی، واتا گەڕانەوەی بۆ ئـەو بڕوایـەی کە هەردوو هێزی چاکەو خراپەو تاریکی و ڕووناکی لە جیهان و ژیان دا بەرقەراران.

حەسـەنی قزلجـی لـە چـیرۆکی (نوشـتەکەی ئامینـەخان)دا[3] مەسـەلەیەکی کۆمەڵایـەتی دەخاتـە ڕوو، باوەڕهێنـانی دەشـتەکییەکان بەنووشـتە و شـێخ و مـەلا. چـیرۆکنووس زۆر بەوردی پەردە لەسەر فرت و فێڵی نوشتەو شێخ هەڵدەداتەوەو لە کۆتاییشدا ئـەو دەسـتەو تاقمە ڕیسوا دەکات و فێڵەکانی ئامینەخان، کە وەك کیژە شێخێك نوشتە دەکات، کـوڕێکی گەنجی فێڵزان لە خشتەی دەبات، بەڵام ئامینە خان دڵی بەو جەواڵە گەنمە خۆشـە کـە لـە کوڕەکەی وەرگرتووە.

(عەبدوڵلا میدیا)یش لە چیرۆکی (شاڵلاّ سواری کەریشیان بکردایە)دا[4] لە دەروون پاکی و ڕەوەشت بەرزی خەڵکی لادێ دەدەوێ و کابرای دەشتەکی قێزی لە ڕەفتارو ڕەشـت نزمـی گەنجەکانی نێو چایخانەیەك دێتەوە، کە چۆن ڕێگەیان بەکیژێك گرتووە لێدانیان خواردووە.

کارەساتی سروشتیش بۆتـە هـەوێنی چـەند چـیرۆکێك و ئـەو مـاڵوێرانی و نەهامەتییـەی بەسـەر خـەڵکی بـێ تـاوان دا هـاتووەو ویـژدانی چیرۆکنووسـانی هەژانـدووە، کارەسـاتی لافاوەکەی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٥٨ دا بووە هۆی مردنی چەند منداڵ و گەنج و پیرێـك و چەندین خانووی ڕووخاند و زەرەرو زیانی بە هاوڵاتیانی شارەکە گەیاند.

مستەفا ساڵح کەریم لەچیرۆکی (کوا کوڕەکەم)دا،[1] بەسەرهاتی پیاوێك دەردەخات کە لە تاو (سزا)ی کوڕی خەریکی دارو پەردووی خانوویەکی ڕووخاو دەبێت و خۆیشی دەکەوێتـە

---

[1] ژمارەی پێشوو، ل٦٥.

[2] ساجد ئاوارە، مانگ گیران، گ. هیوا، ژ٧، س١،، ل٩٣–٩٦.

[3] حسن قزلجی، نوشتەکەی ئامینە خان، گ هیوا، ژ٣٠، س٤، ل١٠١–١١٠.

[4] میدیا، شاڵلاّ سواری کەریشیان بکردایە، گ هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٧٣–٧٨.

خەستەخانەو حـاڵی شـڕەو لـە سـەرەمەرگە، بـەڵام ئـەو لاشـەیەی لـەژێر خـانووی ڕووخـاو دەریدەهێنن كوڕەكەی ئەو نییـەو كوڕەكـەی بـێ سـەرو شـوێنەو منـداڵێكی تـرە بـە نـاوی (سیروان) وتی (دارا)ی قارەمانی چیرۆكەكە ئەم ڕاستییە بە دكتۆری خەستەخانەكە دەڵـێ.

((ئەمەش نموونەیەكی قوربانییەكانی ئەو لافاوەیە، كە (عەبـدوڵڵا میـدیا) یـش لـە چـیرۆكی (لافـاو)دا[2] لـەو لافـاوەی شـار دەدوێ و پەیوەسـتی دەكـات بـە هاتنـەوەی تـەرمی شـێخ مەحموودی نەمرو شەڕەكەی بەردە قارەمان. مامۆسـتا (ع) وردە وردە بـەدەم ڕۆیشـتنەوە بۆ ماڵ كاولكاری لافاوەكە و شـین و شـەپۆڕی ژنـانی لـە كۆڵانـەكان گـوێ لـێ دەبێـت، لـە دیمەنێكدا هاوڕێیەكەی پێی دەڵێ:

((- چاوت لێیە؟

- لە چی ؟!

- لەسەری ئەو مناڵە لەژێر ئەو خانووە ڕووخاوەدا دیارە واخەریكن دەری ئەهێنن))[3]

دوای بـەدوای خسـتنە ڕووی تـەوەرە سـەرەكییەكانی نـاوەرۆكی چـیرۆكەكانی گۆڤـاری (هیـوا)، لەمـەودوا هـەوڵ دەدەیـن لەئاسـت تـەنكیكی هونـەری وز مـانی چـیرۆكەكان هەڵوەستەیەك بكەین.

## زمان و تەكنیكی هونەریی لە چیرۆكەكاندا

تەكنیكی هونـەری تـا ڕادەیـەكی زۆر هونـەری چیرۆكنووسـین لـە هونـەرەكانی دی وەك وتارو ڕیپۆرتاژ نووسین جیا دەكاتـەوە. دەسـت كـورتی لـە تەكنیكـەكانی هونـەری ئاسـتی چیرۆكە لاواز و بێ بەها دەكات. هونەری چیرۆكنووسین هەر لە زووەوە لـە لایـەن شـارەزاو پیسـپۆرانەوە چـەند مـەرجێكی سـەركەوتوویان بـۆ دانـاوە، بـە تایبـەتی سـەرەتاو گـرێ و لووتكەو كۆتاییەكی بەهێزو باوەڕهێنەر.٤

---

[1] : مستەفا سالح كەریم، كوا كوڕەكەم، گ هیوا، ژ ٥، س١، ل٥٥-٦٠.

[2] : مامۆستا -ع، لافاو، گ هیوا، ژ٥، س١، ل٧٦-٧٧.

[3] : ژمارەی پێشوو، ل٦٧.

[4] : د. عیزەدین ئیسماعیل ڕەگەزەكانی چیرۆكی هونەری وا دەست نیشان دەكات: ١- ڕووداو. ٢ - گێڕانەوە ٣- بنیات. ٤- پاڵەوان. ٥- كات و شوێن. ٦- بیر.

بڕوانە: د. عزالدین اسماعیل، الادب وفنونه، ط٢، ص١٨٥-١٩٧.

سەرەتا لەڕووی هەڵبژاردنی پاڵەواندا دەتـوانین پاڵەوانـەکان بـۆ چـەند جۆرێك دابـەش بکـەین. جووتیـاری هـەژاری زوڵـم لێکـراو لەلایـەن ئاغـاوە لـە بەشـێکی زۆری چـیرۆکەکاندا دووبارە دەبێتەوە، بەو شێوەیەی سەری بۆ واقیعە تاڵەکە داوەو ئاستی ڕۆشنبیریشیان زۆر لاوازە. لـە هەنـدێ چیرۆکیشـدا کـوڕی جوتیـار بـەهۆی گەشـە کردنـی بـیری چـینایەتی و ئایدیۆلۆژیەوە ڕوو بەڕووی ئاغاو دارودەستەکەی دەبێتەوە، هەروەك (دڵسۆز)ی کوڕی مـام ڕەسوڵ لە چیرۆکی (دڵسۆزی نەمر)دا.

پاڵەوانێکی دیکەی ناوچیرۆکەکان، ژنـی کـوردە، کـە لـە چـەند وێنەیـەکی جیـاوازدا خـۆ دەنوێنیٚ" ئافرەتی دنیادیدەو بەئەزموون و بنیات نەر هەروەك داپیرەی چیرۆکی (داپیرەم)، یان کچ و ژنی شۆڕشـگێڕو پـەروەردەکراو بـە بـیری سیاسـی و نیشـتمانییەوە هـەروەك لـە چیرۆکی (چۆن لەبیرم بچێتەوە)، یان پاڵەوان نموونەی ئافرەتێکی داوێن و پیس و سـۆزانی و لەخشتەبراوە لە لایەن کەسانی نەفس نزمەوە بوونەتە قوربانی پەیوەندییـە ناجۆرەکـانی کۆمەڵ، هەروەك (خەجێ)ی پاڵەوانی چیرۆکی (دەروازەکەر)ی عەبدوڵلا میدیاو (نەسـرین)ی چیرۆکی (قینی لێم بوو)ی مەم.

جۆرێکی دی لە پاڵەوانی ئافرەتانە، ئەوانەن لەگەڵ قـەزاو قـەدەر و قسـمەتو نسـیب دا دەڕۆن بیٚ ئـەوەی هـیچ هەڵوێسـتێکیان هـەبێت و مـل کەچـی پەیوەندییـە دواکـەتووەکانی کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتین و لە کاتی پەیوەندی دڵدارییش دا چارنووسییان بەدەست خۆیان نییەو دەچەوسێنرێنەوە، (لە هەر کۆمەڵگایەکی فرە چیندا، جا پێوەندی کۆمەڵایەتی، کۆیلایـەتی بێت، یا دەرەبەگایـەتی یـا سـەرمایەداری، موڵکایـەتی تایبـەتی بەرکەماڵـە، تـا موڵکایـەتی تایبـەتیش بـەردەوام بێـت، چەوسـانەوەی ئـافرەت هـەر بەردەوامـە، تـەنیا شـێوەکەی دەگۆڕیٚ.)[1]

شـێوەیەکی دی لـە پاڵـەوانی چـیرۆکەکان کەسـانی شۆڕشـگێرو گـۆش کـراون بـەبیری نەتـەوەیی پێکشـەوتنخوازو لـە بـەها چەسـپاوەکانی کۆمەڵایـەتی و ڕژێمـە سیاسـییە دیکتاتۆرییەکان یاخین، یاخی بوو مەبەست (ئەو کەسەیە ئامانجێك بـۆ ژیـان بـەدی دەکـا، بـڕوای بـەوە هێنـاوە کـە ژیـان هـەرگیز ناوەسـتیٚ و هـەر بـەرەو گـۆڕانێکی باشـتر دەڕواو

[1] حەمەسەعید حەسەن، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیداو کۆمەڵیٚ پرس، گ. نووسەری کورد، ژ٦، ١٩٨١.

هەوڵدەدا، کـە لـەو گۆڕانـە بەشـداری بکـات)،١ نموونـەی ئـەو پاڵەوانانـەش لـە کەسـایەتی (سەردار)ی قارەمانی چیرۆکی (سەردار)و مامۆستای چیرۆکی (شەتڵ)ی مارف بـەرزنجی دا بەرجەستە دەبن.

شوێن و کات بە شـێوەیەکی هونـەری و مـەنتیقی لـە هەنـدێ لـە چـیرۆکەکاندا مامەڵـەی لەگەڵ کراوەوە شوێن و کات گرنگییەکی تایبەتیان لە سەرکەوتنی چیرۆکدا هەیە. شوێن لە چــیرۆکەکاندا بــەزۆری گونــدەکانی کوردســتانەو لــەناو جەرگــەی ژیــانی جووتیــار و زەحمەتکێشی کوردستانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ تـا کۆتـایی پـەنجاکانیش لـە پێکهـاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کـوردەواری جوتیـارو زەحمـەتکێش زۆرینـەی گـەلیان پێـك دەهێنـا، کەچی لە ژیانێکی تاڵ و کولەمەرگیدا دەژیان.



**حەسەن قزلجی**

لــە دوای شۆرشــی ١٤ی تــەمووزەوە چیرۆکنووســەکان وردە وردە شــوێن و دیمــەنی چیرۆکەکانیان لەناو کۆمـەڵانی خـەڵکی شـارەکان هەڵدەبـژاردو کێشـەکانی ژیـانی ڕۆژانـەی خێزانی هەژارو مامۆسـتاو قوتـابی لـە قوتابخانـەو کۆلیـژەکانیان دەخسـتە ڕوو. شـوێن لـە چیرۆکەکانی (دڵسۆزی نەمر) و (بریـا نەهاتیتایـەوە) و (کەشـکۆڵی جـادویی) و (فرمێسـکی

---

١ محەمەد مەولود (مەم)، تاقیکردنەوەم لە چیرۆك نووسیندا، گ. کاروان، ژ١، س١، ١٩٨٠، ل١٨.

پەشمیانی) گوندەکانە و چیرۆکەکانی (کە دایکم بەرۆژوو بوو) و (کوا کوڕەکـەم) و (لافـاو)و (قینی لێم بوو) (سەردار) شارەکانەو (چۆن لەبیرم بچێتەوە) لە خۆپیشاندانی خوێنـدکارانی کۆلیژەکانە.

هەڵبژاردنی شوێن و ئەو کەلوپەلانەی لەوێدا چیرۆکنووس پەنایان بۆ دەبات پەیوەندییان بەدیدو تێڕوانینی جوانناسی (ئیستاتیکا)ی نووسـەرەوە هەیـە، چـونکە هەڵـبژاردنی شـوێن بەقەد فەلسەفەی کەلوپەلەکان گرنگە. هەڵبژاردنی (ماڵ وەك یەکـەم گـەردوون)١ بـە تـەنیا بـەس نییـە. مامەڵـە کـردن لەگـەڵ کەلوپەلـەکانی نـاو ماڵەکـەدا جوانییـەکی تایبـەتی بەچیرۆکەکە دەبەخشێ. دیوار، دەرگا، پەنجەرە، ڕووناکی، کورسـی، کـەنتۆر، جل...هتـد، هەموو ئەمانە پێکهاتی سەرەکی و جوانکاری ماڵن.

لە چیرۆکی (فرمێسکی پەشیمانی)دا، لە وەسفی کەلوپەلـەکانی نـاو مـاڵی مامۆسـتاکەدا دەتوانین بەروون و ئاشکرایی وێنەی ماڵەکە بکێشین. (ژووری دانیشتن، مێزی نان خواردن، مێـزی نووسـین، کتێبخانـە، گوڵ و ئینجانـەی سـەر مێـز)، تەنانـەت دەتـوانین گـەورەیی و ڕووبەری خانووەکەش بەمەزندە لە مێشکی خۆماندا نەخشە بکێشین:

ماڵ

| ژووری دانیشتن | ژووری نووستن | کتێبخانە | موبەق |
|---|---|---|---|

کورسی و پەردە   وێنەی ژن و مێرد   گوڵ و مێزی نان خواردن   ئینجانەی سەرمێز

لە چیرۆکی (دڵسۆزی نەمر)دا، لە وەسفی چیرۆکنووس بۆ ماڵی (مـام ڕەسـوڵ)ی بـاوکی (دڵسـۆز)دا هەسـت بـەبوونی دیمـەنی ناوماڵەکـە دەکـەین، کـە نموونـەی خانوویـەکی شـڕو شەپڕێوو لە قوڕ دروستکراوی بچووکی دوو ژووریی و لە ژووری دانیشتنیان دا، حەسـیرێك و بەڕە شڕێك و لبادە کۆن و کەندووی ئاردو لە ناوەڕاستی ژوورەکەشدا ئاگردانێك هەبوو.

هەندێك چیرۆکنووس مامەڵەیـەکی سـەرکەوتوویان لەگـەڵ (زەمـەن – کـات)دا کـردووە. لێرەدا دەبێ بە وریاییـەوە جیـاوازی نێـوان زەمـەنی مێـژوو زەمـەنی گێـڕەرەوی چـیرۆك و

---

[1] غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، ط٢، ص٦١.

زەمەنی ساتی نووسینی دەقی چیرۆکەکە لەبەر چاو بگرین و تێکەڵ بەیەك نەکرێن. هەروەها وەسفی زەمەن بەپێی ڕۆژ و شەوو وەرزکان و ساتەکانی ڕۆژو شەو مەسەلەیەکە پەیوەندی بە جوانکاری و وردەکاری نێو دەقی چیرۆکەکەوە هەیە.

لە چیرۆکی (شەتڵ)دا، ئەگەر بمانەوێ زەمەنە جیاوازەکان دەست نیشان بکەین لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت:

| زەمەن | ساڵ | شوێن |
|---|---|---|
| زەمەنی مێژوو | ١٩٥٧ | قوتابخانەی گوند |
| زەمەنی چیرۆك | ١٩٥٨ | ناو جێب |
| زەمەنی گێڕانەوە | ١٩٥٩ | نووسینی دەق |

هەر لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی هونەریی گرنگ بکەین، ئەویش (زەمەنی گێڕانەوە)یە و خۆی لە چوار شێوەی سەرەکی دا دەدۆزێتەوە:

١- گێڕانەوەی پاشکۆ

٢ گێڕانەوەی پێش وەخت.

٣- گێڕانەوەی ئێستا.

٤- گێڕانەوەی نێوان.[1]

ئەم (زەمەنی گێڕانەوە)یش خۆی لە پەیوەندی نێوان (چیرۆکگێڕەرەوە) بە دەقی چیرۆکدا دەنوێنێ، چونکە پەیوەندی نێوان چیرۆکگێرەوەش بە دەقی چیرۆك لە دوو حاڵەتدا بەرجەستە دەبێت:

١- چیرۆك گێڕەوەی دەرەوەی چیرۆك.

٢- چیرۆك گێڕەرەوەی ناو چیرۆك.[2]

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە هونەرییە لەم خشتەیەدا بە شێوەیەکی پراکتیکی هەندێ لە چیرۆکەکانی گۆڤاری (هیوا) ڕوون دەبێتەوە:

[1] بۆ ڕوون کردنەوەی زەمەنی گێڕانەوەو شێوەکانی بڕوانە: سمير المرزوقي و جميل شاكر، مدخل الى نظرية القصة تحليلاً وتطبيقاً، ص٩٧-١٠٠.

[2] بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

| چیرۆکەکان | شێوەکانی گێڕانەوە | پەیوەندی چیرۆکگێڕەوە بە چیرۆك |
|---|---|---|
| بریا نەهاتیتایەوە | پاشکۆ | لە ناوەوە |
| دڵسۆزی نەمر | پاشکۆ | لە دەرەوە |
| مانگ گیران | پاشکۆ – ئێستا | لە ناوەوە |
| یەکی خاکە لێوە | پاشکۆ | لە ناوەوە |
| هێزی برسێتی | پاشکۆ | لە ناوەوە |
| چۆن لەبیرم بچێتەوە | پاشکۆ – پێشکۆ – ئێستا | لە ناوەوە |
| بەرەحمەت بێ خەتای باوکی بوو | پاشکۆ | لە ناوەوە |
| ئاوارەکان | پاشکۆ | لە دەرەوە |
| شەتڵ | پاشکۆ – نێوان | لە ناوەوە |
| شەهیدی زوڵمە | پاشکۆ | لە دەرەوە |
| کفن و شۆردنی ناوێ | | |
| شاڵلاّ سواری | پاشکۆ | لە ناوەوە |
| کەریشیان بکردایە | | |
| دوژمنەکەی مام قیتەڵ[1] | پاشکۆ– ئێستا | لە ناوەوە |

بە سەرنجدانی ئـەم خشـتەیە بۆمـان دەردەکـەوێت، چـیرۆکەکانی گۆڤـاری (هیـوا)، کـە چـیرۆکی قۆنـاغی پەنجاکانـە، پشـتیان بـە بـاوترین جـۆری گێڕانـەوە، کـە (گێڕانـەوەی پاشـکۆ)یە بەسـتووەو پەیوەنـدی چـیرۆکگێڕەوەش بـە چـیرۆکەکان بـەزۆری لـە نـاوەوەی چیرۆکەوە تێ هەڵکیش کراوەو بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە چیرۆکگێڕەوە بە ئەرکی خۆی هەڵساوە، کە گێڕانەوەو گونجاندن و پەیوەست کردنی ڕووداوەکانە.

دەکرێ لێرەوە پەنجە بۆ هەندێ وردەکاری ناو چیرۆکەکانیش ڕابکێشین:

هەڵبژاردنی ناونیشانی چیرۆکەکان مەسەلەیەکە دەتوانرێ لای لـێ بکرێتـەوە ناونیشـانی چیرۆك تا ڕادەیەکی بـاش خوێنـەر بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێ و وای لـێ دەکـات چـیرۆکەکە

[1] حسێن عارف، دوژمنەکەی مام قیتەڵ، گ. هیوا، ژ ٣٤، س٥، ل٤١–٤٧.

بخوێنێتەوە، لە هەمان کاتدا زیرەکی و لێهاتوویی و ڕۆشنبیریی چیرۆکنووس دەست نیشان دەکـات، بۆیــە هەڵبــژاردنی ناونیشــانی بــەهێزو جــوان بــۆ چــیرۆك ئــەو جوانکــاری و وردەکاریانەیە، کە سەرکەوتوویی بە چیرۆکەکە دەبەخشێت.

مستەفا ساڵح کـەریم ناونیشـانی چـیرۆکەکانی بیرکردنەوەیـەکی قووڵیـان پێـوە دیـارەو سـەرنجی خوێنــەر بــەلای خۆیانـدا کـێش دەکـەن. (چـۆن لـەبیرم بچـێتەوە) و (فرمێسـکی پەشـیمانی) و (کـوا کوڕەکـەم؟)، یـان محەمــەد مـەولود (مـەم) ئـەم ناونیشـانانەی بـۆ چیرۆکەکانی هەڵبژاردووە: (پەنجا فلس)، (قینی لێم بـوو)، (نامـەیێك بـۆ بەندیخانـە)، (کـە دایکم بەرۆژوو بوو)... بە پێچەوانەی ئەوەشەوە هەندێ ناونیشانی لاواز بەرچاو دەکـەوێت، کـە خوێنــەر لــە یەکــەم خوێندنــەوەو ســەرنجدا کۆتــایی و نــاوەرۆکی چــیرۆکەکەی بـۆ دەردەکەوێ، وەك (بەرەحمەت بێ خـەتای بـاوکی بـوو)، (مـانگ گـیران)، (لافـاو)، (ژنـیش هەیەو ژانیش هەیە)١، (بۆ پێشەوە)٢، (یەکێ لە شەوەکانی گردی سەیوان).



مستەفا ساڵح کەریم

١ :محمد مصطفى كوردی، ژنیش هەیەو ژانیش هەیە، گ. هیوا، ژ١٠، س١، ل٣١–٣٥.

٢ : مەجید ئاسنگەر، بۆ پێشەوە، گ. هیوا، ژ ٣٦، ل٣٤–٤٠.

مەسەلەیەکی دی لە وردەکاری چیرۆکەکاندا، (هەست ردن بە کۆتایی)یە، لە هەندێ چیرۆکدا، کۆتاییەکی مەنتیقی هەستی پێ دەکرێ، چیرۆکنووس بە شێوازی تایبەتی خۆی باوەڕ بە خوێنەر دێنێ. هەندێکیان کۆتایی چیرۆکەکانیان بە وتەیەك یان ڕستەیەکی بەهێز یانە پەندی پێشینان تەواو دەکەن وەك لە چیرۆکی (شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ) یان (زەوی بۆ وەرزێرو مەرگ بۆ دەرەبەگ)، لە هەندێ چیرۆکی دیکەدا خوێنەر بە ناچارییەوە شوێن پێی ڕووداوەکان دەکەوێ و حەزو ئەلهایەکی زۆر ڕاپێچی دەدەن بۆ ئەوەی بگاتە کۆتایی و ئەنجامێکی دەست بکەوێ یان بە بۆچوونی خۆی ئەو ئاکامە لە خەیاڵی خۆیدا بنەخشێنێ. نموونەی ئەم جۆرە کۆتاییە سەرکەوتووەش لە چیرۆکەکانی (شەتڵ) و (نوشتەکەی ئامینەخان) و (لەتێ نان و شیشێ کەباب) و (پەنجا فلس) دا خۆی دەنوێنن بەڵام شایانی سەرنجە لە هەندێ چیرۆکدا بێ ئەوەی چیرۆکنووس هەستی پێ کردبێ زوو بەزوویی ئەنجامی چیرۆکەکەی بە دەستەوەداوەو ئەو پەرەگرافانەی دوای کۆتاییەکە بوونەتە درێژدادڕی و بار بەسەر چیرۆکەکەوە، بەمەش تارادەیەکی زۆر لە تەکنیکی هونەریی چیرۆکەکەی هێناوەتە خوارەوە. نموونەی ئەم کەموکوڕیەش لە چیرۆکەکانی (لافاو) و (بریا نەهاتیتایەوە) و (شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ) و (فرمێسکی پەشیمانی)دا دەردەکەوێت.

لایەنێکی دیکەی وردەکاری نێو چیرۆکەکان، غەفڵەت و ئامۆژگاری و ڕێکەوت و بەزۆر ماندنی پاڵەوانی چیرۆکە بۆ خۆدەرباز کردن لە ئاڵۆزی ڕووادەکان و کۆتایی هێنان بە چیرۆکەکە، کە ئەمەش خاڵێکی لاوازی ئەو قۆناغەی چیرۆکی کوردی بەگشتی و چیرۆکەکانی گۆڤاری (هیوا)یە بەتایبەتی.

مستەفا ساڵح کەریم لە چیرۆکی (فرمێسکی پەشیمانی)دا مامۆسستامان وا پێ دەناسێنێ کە قەت یاری قوماری نەکردووە، کەچی هەر ئەو شەوە یەکسەر دادەنیشێ و دەست بە قومار دەکا. دوایش کە زۆر خووی پێوە دەگرێ، بێ هیچ هۆیەك وازی لێ دەهێنێ.[١] هەمان چیرۆکنووس لە چیرۆکی (کوا کوڕەکەم؟)دا، ڕووادوەکانی چیرۆکەکە بۆ

---

[١] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ڕەئوف حسن، فرمێسکی پەشیمانی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا، پاشکۆی عیراق، ژ(١٢–١٣)، ١٩٧٨، ل٢١.

ژنەکەی دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێت، کە ژنەکەی ئاگای لە هەموو ڕووداوەکانەو بە بەرچاوییەوە ڕوویان داوە.[١]

زۆر جار (ڕێکەوت) دەوری لـە ژیـانی پاڵەوانەکانـدا بینیـوە، لـە چـیرۆکی (چـۆن لـەبیرم بچێتەوە)، بەرێکەوت (پرشنگ) و (ئامانج) یەکتر دەناسن و دەبنە خۆشەویستی یـەکتر. لـە چیرۆکی (قینی لێم بـوو) نەسـرین و کوڕەکـە (پاڵەوانەکـە) بەرێکـەوت یـەکتر دەناسـن. لـە چیرۆکی (پەنجا فلس)دا بەرێکەوت پەنجا فلس دەدۆزنەوە... هتد. بەڵێ دەشێ ڕێکەوت لە ژیاندا ڕۆڵی هەبێ، بەڵام هەڵبژاردنی ئەو هەموو ڕێکەوتە بۆ چـیرۆکی هونـەریی جۆرێـك لـە لاوازی پیشـان دەدات. بـەزۆر مرانـدنی پاڵـەوانی چـیرۆك و قـەزاو قـەدەر خـاڵێکی لاوازی چیرۆکەکاندا پاڵەوان بەشێوەیەکی تراژیدی دەمرێت، لە چیرۆکی (بریـا نەهاتیتایـەوە) هـەر سێ پاڵەوان لە دارستانێکدا دەسووتێن.

لە چیرۆکی (شەهیدی زوڵمەکفن و شۆردنی ناوێ) هەباسی وەرزێـر لـە قـەراغ شـار سـەر دەنێنەوە، لە چیرۆکی (دڵسۆزی نەمر)دا، (دڵسۆز)ی کوڕی مام ڕەسـوڵ دەمـرێ، دواشـت، کە دەمانەوەێ هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین، مەسەلەی زمان و شـێوەزارەکانی کوردییـە، کە لە کاتی دیالۆگی پاڵـەوان و گێڕانـەوەی چـیرۆکگێڕەوەدا بـەکار هـاتووە، بەشـێوەیەکی گشتی زمانی چیرۆکەکان تا ڕادەیەکی باش کوردییەکی ڕەوانە، ئەگەر چی جار جار وشـەی بێگانەی تیا بەدی دەکرێت، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر هـەوڵی ئـەوەیان داوە پـەیڕەوی زمـانی یـەکگرتووی ئـەدەبی کـوردی بکـەن و شـێوەی سـلێمانی بەسـەردا زاڵـەو تەنانـەت هەنـدێ چیرۆکنووس شێوەی قسەکردنی بـەکار هێنـاوە، لـە چـیرۆکی چیرۆکنووسـانی کوردسـتانی ئێرانیشدا شێوەی موکریانی زاڵـە، ئەمـە مەسـەلەی زمـان و لـە شـێوەی (گشـتی)دا، بـەڵام ئەوەی ئێمە لە چیرۆکدا مەبەسـتمانە لـە چـۆنیەتی مامەڵـە کـردن لەگـەڵ شـێوەزارەکان و زمانی پاڵەواندا خۆی دەبینێتـەوە، ئایا چـۆنیەتی بیرکردنـەوەو قسـەکانی پاڵـەوان لەگـەڵ ئاستی ڕۆشنبیرییدا دەگونجێ؟

مستەفا سـالح کـەریم لـە چـیرۆکەکانی (بریـا نەهاتیتایـەوە)و (فرمێسـکی پەشـیمانی)دا مامەڵەیەکی جوانی لەگەڵ زماندا کـردووەو پاڵەوانـەکان بـە شـێوەزاری ناوچـەکەی خۆیـان

---

[١]: بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانەی: حسین عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی، ل١٤١.

دەدوێـن، ئەمـەش لـە هونـەری چـیرۆکدا بـە کـارێکی سـەرکەوتووانە دەژمێـردرێ و زیـاتر خوێنەر بۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێ و لـە واقیعـی نزیـك دەخاتـەوە. لـە چـیرۆکی یەکەمیانـدا (زێڕین) بە (سوارە)دەڵێ: ((نەو.. سوارەی ناو سوارانم، چ ڕایەم دەکەویٚ ئیزنت بدەم، بەو پیرۆتە سووری مەرگەیەی قەسەم لە تۆ زیاتر مێرد بەکەسی دی ناکەم، بـەڵام دەڵـێم هـەرو هەوڵێ بدەو دراوان خڕ کەرەوەو بینێ مستێ بابمەوە تا پێـی تێـر بخـوا... ئـەدی مـن هـەر نوێژان دەکەم بۆ خوای و دەپاڕێمەوە کە بە سەلامەتی بۆم بگەڕێیتەوە..))١

لە چیرۆکی دووەمیشدا، (کوێخا) دەڵێ: ((قـوروان تـۆ گەرەکتـە خـۆت دیـل کـەی لـەناو چوار دیوارەکەی مەکتەب وماڵەوەدا، ئەی نـاویٚ کـەمیٚ ڕابـوێری...))٢ هـەروەها محەمـەد مەولود (مەم) لە چیرۆکی (ئاوارەکان) دا لەسەر زاری (مام سێودین)، کە پیاوێکی بارزانییە دەڵێ ((خودیٚ مەزنە... ڕۆژەك هەر دێت میللەتامە... تۆلەیا خو بستینیت.. بەڵی.. دێهیت ئەو ڕۆژە.))٣ بەهۆی ئـەم شـێوەزارانەوە خوێنـەر دەتـوانی (ژینگـە)ی چـیرۆکەکە دەسـت نیشـان بکـات و شـوێنی ڕوودانـی ڕووداوەکـە دەسـت نیشـان بکـات و یارمـەتی باشـتر تێگەیشتنی خوێنەر دەدات.

---

١ مستەفا سالح کەریم، بریا نەهاتیتایەوە، گ. هیوا، ژ٣، س١، ل٥٧

٢ مستەفا سالح کەریم، فرمێسکی پەشیمانی، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل٢٦.

٣ مەم، ئاوارەکان، گ هیوا، ژ٢٣، س٥، ل٩١.

# بەشی چوارەم

# گۆڤاری هیواو هەندێ هونەری ئەدەبیی دی

## یەکەم: ڕەخـنەی ئــەدەبـی

ڕەخنـەی ئـەدەبی وەك بەشـێك لـە ئەدەبیاتـدا، مێژوویـەکی دێـرینی هەیـەو لـەپێش یۆنانییەکانەوە ڕەخنەی ئەدەبی بەشێوەیەکی ساکارو پاشـان لـە سـەردەمی یۆنانییـەکان گەیشتە قۆناغێکی پێشکەوتوو و فەیلەسوف و زاناکانی بەخۆیەوە خەریك کرد١. لـە یەکـەم ڕامانی وشەکەدا بیر بۆ لای وەدەرخستنی کەموکوڕی بەرهەمێکی ئـەدەبی دەڕوات، ئەگـەر ئەوە بۆ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بشێت، ئەوا لە بواری ئەدەبیات دا، ڕەخنەی ئەدەبی بە واتای هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی دێت، بە شێوەیەك بـەپێی ڕێبـازو پرۆگرامێکـی دیـاریکراو ڕەخنـەگر سـەرکەتوویی و ناسـەرکەوتوویی دەقێـك دەسـت نیشـان بکـات، کـەوابێ ئەگـەر ئەدەب شیکردنەوەی ژیان بێت لـە چـەند وێنەیـەکی ئـەدەبی هەمـە جۆردا، ئـەوا ڕەخنـە دەتوانرێ بە شیکردنەوەی شـیکردنەوە پێناسـە بکرێـت، واتـا ئـەو وێنـە هونەرییانـەی کـە ئەدەب پێك دەهێنن.

بە وردبوونەوە لەگرنگی و بایـەخی ڕەخنـەی ئـەدەبی لـە ئـەدەبی هـەموو نەتەوەیەکدا دەبێ لە ئاست ئەو ئەرکە قوورسەی سەرشانی ڕەخنەگر هەڵوەسـتەیەك بکـەین. ڕەخنـەگر دەبێ بەو چاوەسەیر بکرێ، کە شارەزایە و توانایەکی تایبەتی هەیـە. (بـە تایبـەتی ئەگـەر ڕەخنەگر خاوەن کەسیەتیەکی بەهێز بێت – وامان لێ دەکات، بـە تێـڕوانینی ئـەو سـەیری بەرهەمە ئەدەبییەکە بکەین، نەوەك لە تێڕوانینی خۆمان، وای لێ تێ بگەین کـە ئـەو خـۆی لێی تێ گەیشتووە، بکەوینە ئەو هەڵانەیشەوە کە ئەو تێی کەوتووە..)٢ بەڵام لەڕاسـتی دا

---

[1] بۆ سەرەتای بیری ڕەخنەیی لە یۆنان بڕوانە: الدکتور شوقي ضیف، في النقد الادبي، ط٣، ١٩٦٢.

[2] الدکتور عزالدین اسماعیل، الادب وفنونه، ط٧، ص٦٧.

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئەرکی ڕەخنەگر بە هەڵەماندا دەبات، بەتایبەتیش ئەگەر ڕەخنـەگر مەرجەکانی ڕەخنەگری سەرکەوتووی تیانەبێت.[1]

ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کـە سەرەرتا و بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری شاعیرە کۆنەکاندا دەبینرێت، ئەویش لە ستایش وپیاهەڵدانی خۆیـان و شـیعرەکانیان وشـانازی کردنیـان بـە زمـانزانی وردەکـاری و جوانکاری نێوشیعرەکانیان دا.[2] ڕەخنەی ئەدەبی وەك زۆر هونەری ئەدەبی تر لە باوەشـی ڕۆژنامەو گۆڤارو لەگەڵ بڵاوبوونەوەوی چاپ و چاپەمەنی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیـدا لە باشووری کوردستاندا گەشەی کردو چەکەرەی کرد، چونکە نووسینی پەخشان پێویستی بە ڕۆژنامە هەیە بۆ ئەوەی بڵاو بکرێتەوە.

لەساڵی ١٩٢٠ دا ئەمین فەیزی بەگ (ئەنجوومەنی ئەدیبان)ی چاپ کرد و دەقی شیعریی چەند شاعیرێك و چەند دێرێکی لە ژیانیان بڵاو کردەوە.[3] (شـێخ نـوری شـێخ سـاڵح)، وەك ڕەخنەگرێکی بەتوانا و شارەزا لە هونەرەکانی ئەدەبدا چەند وتارێکی ڕەخنەیی گرنگی لـە ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکردەوە[4] و تیایدا چەندین مەسەلەی گرنگی ئـەدەبی وەك (هونـەری جوان و هونەری بەسوود و سۆزی وێژەیی و پێناسەی وێژەو مەسەلەی فۆرم و ناوەڕۆك لـە وێژەدا و کێش و سەرواو کەسایەتی وێژەو چەندین بابەتی دیکەی لەو زنجیرە وتـارەدا شـی کردۆتەوەو (بۆ یەکەمجار لـە مێـژووی ڕۆشـنبیری وێـژەی کوردیـدا ئـەم نووسـەرە کـوردە دروشمی ڕێبازی زانسـتی لـە کـۆڕی لێکۆڵینـەوەی ڕەخنەسـازی و وێژەییـدا بـە چەشـنێکی تیۆریی و پراکتیکی بەرز کردۆتەوە).[5]

---

[1] د. احمد کمال زکی، زۆر خاڵی بۆ ڕەخنەگری چاك دەست نیشان کردووە، بڕوانە: الدکتور احمد کمال زکی، النقد الادبي الحدیث اصوله واتجاهاته، ص٢٤–٢٥.

[2] لە نموونەی ئەم شاعیرانە، ئەحمەدی خانیو نالی و حاجی قادرو کۆییو مەحوی و زۆری دی هەن.

[3] لە نموونەی ئەم شاعیرانە، ئەحمەدی خانیو نالیو حاجی قادری کۆیی و مەحوی و زۆر دی هەن.

[4] بۆ ئەو زنجیرە وتارە بڕوانە، ڕۆژنامەی ژیان، ژ٢٠، س١، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٢٦؛ ژ٦٠، س٢، ٣١ مارتی ١٩٢٧، کە لەژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی) دایە.

[5] دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر، شێخ نوری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠، لا٨٤. لەم کتێبەدا دکتۆر کامل بەدوورو

پاشان لە ڕۆژنامەی ژیـان و گۆڤارەکـانی (زاری کرمـانجی) و (دیـاری لاوان) و (یادگـاری لاوان) دا ژمارەیەك وتاری ڕەخنەیی سادە بلاّو کراونەتـەوە، کـە ڕێگـە خۆشـکەر بـوون بـۆ هەنگاوی جددی و ڕاستەقینە بۆ گەشەکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.[1]

قۆنـاغی گۆڤـاری (گەلاوێـژ)، قۆنـاغێکی پێشـکەوتوو تـرەو بـە حـوکمی کۆبوونـەوەی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە لە دەوری گۆڤارەکەدا، چەندین گفتوگۆی ڕەخنەیی بەسوود لـە خزمـەتی شـیعری کوردیـدا دروسـت بـوو، تەنانـەت هەنـدێکیان ململانـێ و ڕق و هەڵچـوونی زۆریان پێوە دیارە.[2]

لە ڕووی زۆری بەرهەمی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیشەوە دووبارە بەهۆی درێژی تەمەنی گۆڤارەکـەوە (١٩٣٩–١٩٤٩ز) دەتـوانرێ هەوڵـەکانی گۆڤـاری (گەولاوێـژ) بەسـەرەتاو بنەمایەکی بەسوودو زێڕین دابنرێ بۆ دانانی بناغەی ڕەخنـەی زانسـتیی کـوردی لـە بـواری شیعری کوردی دا، بە تایبەتی زنجیرە وتارەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، کـە پاشـان هـەر لەو قۆناغەدا (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی) بەچاپ گەیاند.[3]

ئەگەر (گەلاوێژ) هەوڵە ڕەخنەییەکانی تەرخان کـرد بـۆ شـیعری کـوردی، ئـەوا گۆڤـاری (هیوا)یش تەواوکەری گۆڤاری (گەلاوێژ)ەو ئەم لە بواری ڕەخنەی چیرۆکدا دەست پێشـکەر بوو و لە ڕێگەی کردنەوەی دەرگای ڕەخنەی چیرۆك و وتاردا، چیرۆکی هونەری و تەکنیکی

---

درێژی ئەو زنجیرە وتارەی شی کردۆتەوەو پاشان لە کتێبی (رەخنە سازی مێژوو و پەیرەوی کردن)یشدا دووپاتی گرنگی ئەو زنجیرە وتارە دەکاتەوە کە لە (٢٦) ئەلقەدا بلاّوی کردۆتەوەو بە نوێنەری بزووتنەوەی ڕەخنەسازیی ڕاستەقینەی **کوردی** لە قەڵەم دەدات. بڕوانە: دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیرەوی کردن، ل١٣٠.

[1] دەربارەی ئەو وتارە ڕەخنەییانە بڕوانە: محمد دلێر امین محمد ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، (نامەی ماجستێر)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٩، ل١٦٣–١٦٥.

[2] بۆ وتارە ڕەخنەییەکانی گۆڤاری گەلاوێژ، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥–١٧٩.

[3]: ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، مطبعة التفیض، بغداد، ١٩٤١، بەرگی دووەمی لە ١٩٥٦ چاپکراوە. پاشان لە ساڵی ١٩٨٨ هەردوو بەرگ پێکەوە لە هەولێر، بە پێشەکییەکی د. عیزەدین مستەفا ڕەسول چاپکرایەوە.

تازەی بەچیرۆکنووسان ناساندا هـەر لـە ژمارەکـانی هەوەڵـەوە هەڵسـوڕێنەرانی گۆڤارەکـە پەرۆشی ڕەخنەی ئەدەبی بنیاتنەر بوون و بەمەبەستی بەرەو پێش بردنی ئەدەبی کـوردی دەرگای ڕەخنەیان کردەوە، چـونکە زۆر چـاك لـەوە گەیشـتبوون، ڕەخنـە ڕۆشـنکەرەوەی ڕێگای بیری ڕاستەو هـەوڵ دەدات کـەم و کـوڕی لایـەنی سـەرکەوتوویی و ڕادەی داهێنـانی هونەرەکانی ئەدەب دەربخات.

لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەدا هاتووە: ((ئـەوەی کـەم و کـوڕی لـەناو بـەرێت، تـەنها، هـەر ڕەخنە گرتنە؟! بەڵام، کام ڕەخنە؟! ئەو ڕەخنەیەی، کـە لـە دڵێکـی پـاکی دڵسـۆزانەوە، هەڵ ئەقوڵێت و چرای دوا ڕۆژی ئامانجی ئەم گۆڤارە هەڵ ئەگرێت. بەڵێ چەن جوانـە! کـە لە دڵی تەنگ و چەڵەمەو ناتەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە شالاو بێنێـت، نـەك هـەر شـوێن خەیاڵ کەوین دەست خەرۆی خۆپەرستن بین)).[1]

پاشان دەستەی نووسەران ڕووی دەم لـە خوێنـەران دەکـەن و دەڵـێن: ((ئاشـکرایە کـە بەبێ لێکۆڵینەوەو ڕەخنەو ڕاوێژ، هـیچ کارێـك ناگاتـە ئـەنجام و کـەڵکێکی ئـەوتۆی نابێـت، ئەدەبیش لەم بارەیەوە بگرە لەهەموو فەرمانێکی تر، پتر پێویستی بە لێکۆڵینەوەو ڕەخنە هەیە. چونکە ئەدەب ژیانەو ژیـانیش هـەموو شـتێکەو ئـەبێ بـەوردی و هوشـیارانە بـژین و دووربین لە هەڵەوە)).[2]

لە ڕێگەی ئـەو گۆشـانەی گۆڤارەکـەوە بـۆ ڕەخنـەی ئـەدەبی والآی کردبـوو، ژمارەیـەك شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەری دیـار بەشـداری گفتوگۆکانیـان کـردووە، بەتایبـەتی لـەو کارە پیرۆزەی، کە گۆڤارەکە دوای دەرچوونی هەر ژمارەیەکی، کەسانی پسپۆڕو شـارەزای هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی هەریەکە لە بواری خۆیـان (بـە تایبـەتی شـاعیرو چیرۆکنووسـەکان) شیعر و چیرۆکەکانیان هەڵبسەنگێنن، ئەمـەش ڕێ خۆشـکەر بـوو بـۆ دروسـت بـوونی بـیرو تێڕوانینی زانستی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، کە تا ئەو کاتەش لـە سـەرەتادا بـوو. مەرجـەکانی ڕەخنـەگری سـەرکەوتوو کـەم بـەدی دەکـراو ڕەخنـەکان سـەرنجی ڕاگـوزاری و بۆچـوونی شەخسی بوون بێ ئەوەی لەسەر پەیڕەو و پرۆگرام و قوتابخانەیـەکی ڕەخنـەیی دیـاریکراو بڕۆن.

---

[1]: لێکۆڵینەوە، گ. هیوا، ژ٧، س١، ل٧٨.

[2]: لێکۆڵینەوە، گ. هیوا، ژ٧، س١، ل٧٨.

کامل ژیر لە هەڵسەنگاندنی دوو شیعری (ڕووناك محمد)دا[1] دوای چەند ڕستەیەکی ئەدەبی بەسۆز بە پەخشانێکی ئەدەبی بەهێز هاتۆتە سەر بابەتەکەو دەڵێ: ((ڕووناك وەك لەدانانی بیر (فکرە)کانی دا وەستایەتێکی باشی نواندووە، لە داڕشتن و ڕازاندنەوەی جۆری شیعرەکانیشیا چاپووکی خۆی دەرخستووەو تیا سەرکەوتووە، بە ئاسانی واتە (معنا) و ڕەوانی وشە. ئێمە بەم دوو پارچە شیعرە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووناك پاشەرۆژێکی گەلێ ڕووناکی هەیە لە هونەری شیعریدا وە هیوا وایە ببێتە مامۆستای قوتابخانەیێکی نوێ.)).[2]

لێوردبوونەوە لەو بڕیارە سەرپێییانە، ئاستی ڕۆشنبیریی ڕەخنەگرەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لە هەڵسانگاندنەکەیدا، بە چەند ڕستەیەکی کورت، بێ ئەوەی پەنا بۆ حاڵەتی دەروونی شاعیرو وێنەی شیعری و شیکردنەوەی زمان و تەکنیك و شیکردنەوەی ناوەرۆك و فۆرمی شیعرەکان ببات، یەکسەر بڕیاری ئەوە دەدات، بەو دوو پارچە شیعرە هیوای ئەوەی بۆ دەخوازێ ڕابەرایەتی قوتابخانەیەکی نوێ لە شیعردا بکات. کام قوتابخانە؟! لە کاتێکدا زیاتر لە چل ساڵ بەر لەو مێژووە تازە کردنەوە لەشیعری کوردیدا دەستی پێ کردبوو.

لەناو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا (عبدالرزاق بیمار) وەك گەنجێکی چالاکی ئەو سەردەمە زۆر بابەتی ڕەخنەیی و زۆر چاپکراوی ئەو ڕۆژگارەی هەڵسانگاندووە[3] دەربارەی ئیلتیزام و سەربەستی لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا، چەند سەرنجێکی ڕەخنەیی لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی (ئەدەب بۆ کۆمەڵە) یەکلا دەکاتەوەو دەڵێ: ((ئەو کەسانەی دەیانەوێ – نووسەر – سەربەستیەکی بێ گێڕانەوەوی نەبێت و بێ پەروا نەبێت وە دەیانەوێ نووسەر دیلیش بێت.. بیانوویان – واقیعیەیەتە –!.. بەڵام واقعیەتیش هەرچەندە ئامانجێکی بەرز و

[1] : پاشان دەرکەوت (کاکەی فەلاح)ی شاعیرەبەو نازناوە شیعرەکانی بلاو کردۆتەوە.

[2] : کامل ژیر، ڕووناك محمد، گ. هیوا، ١٢، س١، ل٥٨.

[3] : بۆ وێنە بڕوانە: عبدالرزاق محمد، خەبات و ژیان، گ. هیوا، ژ٤، س٣، ل٧٩–٨٩؛ عبدالرزاق محمد، فۆلکلۆری کوردی و گەشتی خەوو چیترا و فرە وە گیانم خۆشە، گ. هیوا، ژ٣٣، س٥، ل٤٨–٥٤.
عبدالرازق محمد، شەهیدانی قەلای دمدم، گ. هیوا، ژ ٣٢، س٤، ل٥٥–٦٣.

پـیرۆزەو ڕێگایـەکی پاکـە نووسـەر دەیگـرێ.. ئەگـەر نـەزانرا بـە ڕێگـەی ڕاسـتی خـۆی بەکاربهێنرێت ئەوە نووسەر پێی ئەگوترێ – دییل – بە هەموو مانایەکەوە..)).[1]

لێـرەدا، ڕەخنـەگر ئامـاژە بـۆ مەسـەلەیکەی گـرنگ دەکـات ئـەویش – پەیامدارییـە – الالتـزام، کـە وەك ڕەگـەزێکی ڕەخنـە لـە سـەردەمی ڕەخنـەی پـێش یۆنانییەکانـەوە لـە جەژنەکانی (لینیا)و (داینویسیا) پێڕەوی دەکراو تا وەك ئەم سـەدەیەش گفتوگـۆی لەسـەر دەکرێت.[2]

هـەمان ڕەخنـەگر، لێکۆڵینەوەیـەکی ڕەخنـەیی گرانبـەهای لەسـەر ژیـان و بەرهەمـە شیعریەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە گۆڤاری (هیوا)دا بلاّوکردۆتەوە. ئەگەرچی بە خێرایـی بەسـەر باسـەکەدا تـێ پـەڕیوەو باسەکەشـی بـەنیوە چـڵی بـەجێ هێشـتووەو تـەواوی نەکردووە، بەلاّم شارەزایی و وردبینی پێوە دیارە.[3]

وەك لەپێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد لـە ڕووپـەرەکانی گۆڤـاری (هیـوا)دا چـەندین وتـاری ڕەخنەیی و وەلاّمی ئەو ڕەخنانە بلاّو کراونەتەوە، کە هەندێکیان لە داب و نەریتی ڕەخنەی

---

[1] : عبدالرزاق بیمار، سەربەستی نووسەر، گ. هیوا، ژ٨، س١، ل٦٥.

[2] : بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: الدکتور محمد غنیمي هلال، النقد الادبی الحدیث،ط ٥، ص٢٥-٢٧.
دکتۆر کامل حسن عزیز البصیر، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، ل٨-١٤.

[3] : ڕەخنەگر لەبەشی یەکەمی وتارە ڕەخنەییەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کەوتارەکەی لەسێ بەش پێك هاتووە، بەلاّم تەنها بەشی یەکەم و دووەمی بلاّوکردۆتەوەو بەشی سییەم کەتەرخانە بۆ هەجووەکانی شێخ ڕەزاو گیانی گاڵتە جاڕی لای شاعیر بلاّوی نەکردەوە. بەشی یەکەم لەژمارە (٣٠)و بەشی دووەم لەژمارەی (٣١)ی گۆڤاری (هیوا)دا بلاّوکرایەوە. دەربارەی نرخی ئەم وتارە. د. عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێ: (بەشی یەکەمی هەوڵدانێکی سەرکەوتووە بۆ تێگەیشتنی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەهەممان)، پاشان بەردەوام دەبێ: ((بۆ چوونەکانی زانستیانەن، بەلاّم وەك وترا کورتن و سروشتی بڕیار دانیان پێوەیەو دەبوو بکرانایە بەباسێکی فراوان.) دەربارەی بەشی دووەمی وتارەکەش دەڵێ: (لە لایەکەوە هەوڵێکی باشی بەستنی ژیانی شێخ ڕەزای بەباری ئابووری و کۆمەلاّیەتییەوە داوە، واتە لایەنە مەوزووعیەکەی گرتووەو هەوڵێکی لێکدانەوەی سایکۆلۆژیی بوونە شاعیر، یا هەجوو کردنی شێخ ڕەزای داوە، واتە لایەنی خۆیەتی (زاتیەت)ی شاعیر گرتووە، دیسان ئەوەی لێی دەگیرێت کورتیو خەستیی باسەکەیە، کە دەشیا زۆر فراوانتر بنووسرێت.))
ڕوانە: دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل٢٠-٢١.

بەسوود و زانستی لایان داوە، بۆیە مامۆستا (أ.ب. هەوری) بـەناوی ڕەخنـەو ڕەخنـەگر لـە تێـڕوانینی خۆیـەوە ئـەرکی پرۆسـەی ڕەخنـەو ڕەخنـەگری شـی دەکاتـەوەو دەڵـێ: ((ڕەخنەگری ڕاستی لێ هاتوو هەروەك وەزیرێك وایە فەرمانەکە گێرەو شەن و کەو ئەکات و ئەیداتە بەر قەلبیری بیرو گێژو تەتەڵەی هۆش بۆ ئەوەی سـەرکوزەر و کۆتەڵـە پووچـەکەی بگرێ و فرێی بدات تـاوەك دانەوێڵەیەکـەی بـە جـوانی دەردەکـەوێت و بیخاتـە بـەر چـاوی خوێنـدەواران و ئـەوانیش بەچـاوی کرپـار لێـی وردببنـەوە)).[1] ئـەم وشـە فۆلکلۆرییانـەی مامۆستا و تێڕوانینە سادەیەی بۆ پرۆسەی ئاڵۆزی ڕەخنە دیارە بایەخێکی ئەوتۆی نیە، کە لەگەڵ پەیڕەوی ڕەخنەدا بگونجێ.

بۆ یەکەمجار گۆڤاری (هیوا) گرنگی بەرەخنەو لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردیدا و چـەندین کۆمەڵە چیرۆك، کـەوەك کتێبێکـی سـەربەخۆ بـڵاو کراونەتـەوەو یـان ئـەو چـیرۆکانەی لـە ژمارەکانی (هیوا)دا، بڵاوکراونەتەوە کەوتنە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە.

ئەگەر چی چیرۆکی هونەریی کوردی تا ئەو کاتـەیش بـە تـەواوی کامـڵ و پـێ گەیشـتوو نەبوو، تازە خەریکی خۆچەسپاندن بوو، بەڵام ئەو ڕەخنانەی، کە لە گۆڤاری (هیوا)دا بـڵاو دەکرانەوەو پاشان بوونە بناغەیـەکی بـەهێز بـۆ زیـاتر چەسـپاندن و گەشـەکردنی شـێوازو تەکنیکی هونەریی چیرۆکی کوردی.[2]

یەکێك بەنازناوی (س)[3] و بـە ناونیشـانی (ژمـارە دووی –هیـوا– لـە تـای تـەرازووا) لـە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان دا، کە دێتە سەر چیرۆکی (فرمێسکی پەشـیمانی) مسـتەفا سـاڵح کـەریم دەڵێـت: ((... کـاتێ کەوتمـە خوێندنـەوەی (فرمێسـکی پەشـیمانی) زۆر دڵخـۆش و مەسـت بـووم بـەو دارشـتنە جوانـە، بەڕاسـتی چـیرۆکێکی دەرچـوو بـوو، چ لـە (شـێواز – اسلوبیا) وە چ لە گفتوگۆیا (حوار)... تـا لـە خوێندنـەوەی ئەبوویتـەوە هەسـتت بـە گـەلێ (انفعالات) ئـەکرد، بـەڵام بـەبیری مـن کۆتـایی چـیرۆکەکە لەسـەر شـێوەی چـیرۆك نووسـە ئەمریکاییەکان بـوو. جگـە لـەوەش زۆر بەئەمانـەت واتـەی پاڵەوانـەکانی خسـتبووە سـەر

---

[1] ا. ب. هەوری، ڕەخنەو ڕەخنەگر، گ هیوا، ژ١٠، س١، ل٥٧.

[2] حسین عارف، ئەو قۆناغە بە قۆناغی (کامڵبوون) بەرەو پێگەیشتن (١٩٥٠–١٠٦٩) ناو دەبات، بڕوانە: حسین عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥–١٩٦٠، ل٩٣.

[3] بەپێی قسەی کامل ژیر، (س) نازناوی (سعید شفیق)ە.

کاغەز، زۆر سەرسام بووم بە وەسفی سەر بەردەکەی سەرقەبران بە کورتی، هەندێ ڕاستی تیا بوو وەك ئەڵێن (ابداعی) بوو..)).[1]

لەم چەند دێرەدا ئاستی ڕۆشنبیریی ڕەخنەگرەکەمان بۆ دەردەکەوێ، کە شارەزایە لەوەی دەبێ دیالۆگ و ڕەگەزی هاندان و سۆز و کۆتایی بەهێز و دوانی پاڵەوانەکان بێ ئەوەی نووسەر خۆی تێکەڵ بکات، لە مەرجە سەرەکییەکانی داهێنانن لە چیرۆکنووسیدا. ئەگەر چی ڕەخنەگر بەفراوانی نەچۆتە ناو چیرۆکەکەوو شی نەکردۆتەوە، بەلاّم سەرنجەکانی مایەی لێ وردبوونەوەن.

(محرم محمد امین) وەك ڕەخنەگرێك لە ئاست چیرۆکی (یەکێ لە شەوەکانی گردی سەیوان)دا[2] نووسیوویەتی: ((کە لە خوێندنەوەی بوومەوە هەستم کرد کە فاچل بەهرەی چیرۆك نووسینی تیا هەیە، چونکە لە سەرتاوە ناواخنەکە یا جارو بار شێوەی چیرۆك دەر ئەکەوێ وە لەو باوەڕەدام کە ئەگەر نووسەر نەختێ خۆی ماندوو بکردایە ئەیتوانی ئەم ڕووداوە بکا بە چیرۆکێکی نەمر. تەنها نووسینی شتێکی ڕووداو با لە قالبێکی ئەدەبی جوانیشا بێ نابێ بە چیرۆك، چونکە ئەگەر وابێ هیچ جیاوازییەك نامێنێتەوە لە نێوان چیرۆك و وتاردا. بەلاّم ئەگەر هاتوو نووسەر توانی ڕووداوەکە تێکەڵ بەهۆشی خۆی بکاو بەهەوێنی خەیاڵێکی دڵسۆزی ڕاست هەڵی بهێنێ، لە پاشا چوارچێوەیەکی هونەریدا دای ڕێژێ، ئەوسا بەرهەمەکەی پێی ئەوترێ چیرۆك))[3]

ئەمە ئەو دەگەیەنێ ڕەخنەگر شارەزای مەرجە هونەرییەکانی چیرۆکە وەك هونەرێکی ئەورووپی نوێ لە ڕووی تەکنیکەوە، بۆیە لەسەرەتای هەڵسەنگاندنەکەیدا دەڵێ: ((گێڕانەوەی مێژووی ژیانی نیشتمانپەروەرێکی جوانەمەرگ بێ دەستکاری و کەموکوڕی،

---

[1] س، ژمارەی دووی (هیوا) لە تای تەرازووا، گ هیوا، ژ٣، س١، ل٦٤.

[2] فاضل نظام الدین، یەکێ لە شەوەکانی گردی سەیوان، گ هیوا، ژ١٢.

[3] محرم محمد امین، ژمارەی پێشوو، ل٨٧.

بەواتە زیاتر ئەچێتە ڕیزی وتارەوە نەوەك چیرۆك))١ چەندین لێکۆڵینـەوەی دی دەربـارەی چیرۆکە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە.[٢]

رەخنەکان تەنها ژانری چیرۆکی نەگرترتەوە، بەڵکو وتارو شیعرو شانۆو هونەری جوان و لایەنە ئەدەبییەکانی دیکەشی گرتۆتەوە. لە بارەی وتارێکی ئەدەبیی مستەفا سـاڵح کـەریم لەمەڕ چیرۆك، ئەمیر حەویزی، بە درێژی بەتان و پۆی وتارەکـەدا چـۆتە خـوارەوەو دەڵـێ: ((لەخوێندنەوەوی ئەو باسەدا چەند هەڵەیەکم بەرچاو کەوت، ئەمەوێ بەکورتی لە خوارەوە لێی بدوێم، ئومێدم وایە مامۆستای بەڕێز بـە سـنگێکی فراوانـەوە وەری بگـرێ...))٣ یەکـە یەکە هەڵەکانی بەپێی واقیعی و نـاواقیعی و پەیامـداری لـە ئـەدەب و جیـاوازی پاڵـەوان لـە کورتــە چــیرۆك و ڕۆمــان دا دەکــات و سەرنجەکانیشــی بەنموونــەی چــەندین بەرهــەمی چیرۆکنووسە ناسراوەکان دەوڵەمەند کردووە.

مارف بەرزنجی[٤] یەکێکە لە نووسەرە پێشکەوتنخوازەکانی کورد، چیرۆك و شـیعرەکانی، کە بە نازناوی (پشکۆ) بڵاوکردۆتەوە، لـە دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (شـەفەق) بـووە، وتارێکی ڕەخنەیی بەپێزی لەسەر وتـارێکی (هـەژار موکریـانی) نووسـیوە٥ لـە زۆر ڕووەوە گفتوگۆ لەسەر بیروڕاکانی (هەژار) دەکات و بە گیـانێکی دۆسـتانەو دوور لـە وشـەی ڕەق و ناپەسەند وەڵامی دەداتەوەو دوور لە هەموو دڵگرانییەك.

سەرەتا بەرگری لە شاعیرانی چینی زەحمەتکێش دەکات و دووپاتی دەکاتەوە، کە هـەر ئەدیبەو نوێنەری چینەکەی خۆیەتی و ئەدەبەکەی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی چینەکەیەتی، بۆیە ئەدیبانی کورد کە سەر بەچینی هەژارو پرۆلیتاریان، نموونەی بـەرزی داهێنـانن: ((لـە

---

[١] محرم محمد امین، ژ١٢، س١،ل٨٧.

[٢] بڕوانە: گ هیوا، ژ١، س٢، لا٨٦؛ ژ٣٢، س٤، ل٥٥-٦٢.

[٣] گ. هیوا، ژ١، س٢، ل٨٣.

[٤] (معروف عبدالکریم) کوڕی شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەمە، (١٩٢١-١٩٦٣)، لە١٩٦٣دا لە لایەن بەعسییەکانەوە لە سێدارەدرا. بۆ بەهرەو سەرجەم نووسینەکانی نووسەر بڕوانە، سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید (پشکۆ) کۆکردنەوە ڕێکخستنی سامان ڕەوف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی، هەولێر، ١٩٩٣.

[٥] هەژار،ئەدەبی کوردی سەر بەرەو ژێر دەڕوا، گ ڕوناهی، ژ١، س٢، بەغدا،١٩٦٠.

كۆمــەڵێكی دووبــەرەكی دا كــە چەوســاوەو چەوســێنەر، زۆردارو زۆرلێكــراو، داگیركــەرو داگیركراو هەبێ، هەڵكەوتوو بۆ گەل لە كام چین دەرئەپەڕێ؟ هەڵكـەوتووی گـەلی میللـەت كێن؟ با خۆت و (گۆران) بكەم بەنموونە. لـە چ چـینێكەوە هـاتوون و كـێ ئازارتـانی داوەو ئەدا؟ كێ دەربەدەری كردوون؟))[1]

پاشان سەبارەت بە زۆربوونی كۆلكە بوێژ لـەو سـەردەمەدا نووسـیوویەتی: ((... چـەند ناوداری وەك شێخ ڕەزا لەو سەردەمە ماوەتەوە بۆ ئەمڕۆ؟ وا بزانم دەستوورێكی سروشتی هەیە بۆ پالأوتن و تەتەڵە كردن: سووك ئـەڕواو گـران ئـەمێنێ، سـەركوزەر فـڕێ ئـەدرێ و دانەوێڵەی پوخت گل ئەدرێتەوە.))٢

دەربارەی ئەدەبی نوێ و شیعری تـازەش (شـیعری ئـازاد)، بەرپەرچـی وتـەكانی هـەژار دەداتەوەو ئەو گاڵتە پێ كردنەی ئەوی پێ قەبووڵ نییە، بۆیە دەڵێ: ((مامۆستا ئەم باسە وا بەئاسانی نادرێتە قەڵەم. چونكە نموونەیەكی تازەو پەسندی زەوق و پێویستی ژیانی ئەم سەردەمە بەجارێك ناكرێت بە لاسایی و گاڵتەی مندالأن...).[3]

دوای بەرگری كردن لە نوێخوازی ئینجا دەڵێ: ((لە فێرگەی كۆن و تـازەدا پەسـەند و نـا پەسەند هاتووەتە مەیدان، بەڵام كـە فەژیلكـە ئـەڕوا و گەوهـەر ئەمێنێتـەوە. دەسـتورێكی سروشتی یە كە هەر تازەیەكیش بەئاسانی جێگای خۆی ناكاتەوە. ئەبێ تەلبەندو شـوورای كـۆن بـڕوخێنێ تـا شـوێنی خـۆی ئەكاتـەوە...)).[4] بـەم شـێوەیە ڕەخنـەگر بەشـارەزایی و سەرنجی هەمەلایی و گیانی نوێخوازییەوە هاتۆتە مەیدان.

لە ژمارەكانی دواتردا هەمان ڕەخنەگر لەسـەر داوای عەبـدولرەزاق بیمـار، كـە داوای لـێ كردووە كتێبی (شانۆی كوردستان) هەڵسـەنگێنێ و بەرەخنـە شـەڕفناكی بكـات، زۆر بـەلێ بووردییەوە دەنووسێ: ((.. بەش بەخۆم لە پێشەوە زۆر سوپاسی ئەكەم، ئـەمجارە ئـەڵێم من شەرمم بەخۆ دێ كە خۆم بەرەخنەگری شانۆ دابنێم. كاكی خۆشەویست: خـۆت ئـەزانی

---

[1] معروف بەرزنجی، سەرنجێك لە وتارەكەی مامۆستای هەژار لە ژمارە(١)ی ڕووناهی، گ. هیوا، ژ٣٢، س٤، ل٣٤,

[3]:سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦

[1]: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

[2]: سەوچاوەی پێشوو، ل٣٩.

بێ گۆماو کەس بە مەلەوان نابێ، هەروەها بێ شانۆیش زۆر گرانە ڕەخنەگری شـانۆو درامـا هەڵکەون. دیسانەوە دراماتیستی پوختیش لەناو شانۆدا هەڵ ئەکەوێ. جا بۆیـە خـۆم وەك ئەو کەسە دێتە بەرچاو کە لەکتێبان فێری مەلەوانی بووبێ)).[1]

دوای لێکۆڵینەوە لە لایەنە هونەریـەکانی ئۆپەرێتـەکان ڕەخنـەگر ڕۆشـنایی و قورسـایی باسەکەی دەخاتە سەر شـیکردنەوەی دوانـی پاڵەوانـەکان و سـەرنجی خـۆی لـەو خاڵانـەدا دەخاتەڕوو: (ئەبێ دراما دەستووره بنچینەییەکانی پارازتبێ کە بریتییە لە:

١- سەرەتا یا (فکرە)، سەرەتای ڕوون و پوخت و بایەخدار.

٢- کەس (الشخصیە-کارەکتەر).. کەس ئەبێ نموونە بێ.

٣- دووبەرەکانی (صراع).

لـە دەسـتووری ئـەمرۆی شـانۆدا (کـەس) گـەلێ نرخـدارە، کـەس سەرچـاوەی هـەموو جموجووڵ و بزێوو دووبەرەکایەتییە، کە سەرچاوەی گرێیە..))[2]

دەتوانین بەخوێندنەوەی ئەو خاڵانە بۆچوونی ڕەخنەگر تێ بگـەین، کـە بـڕوای بـە سـێ ڕەگەزە سەرەکییەکانی دراما هەیە، کە لە یۆنانییەکانەوە تا ماوەیەکی زۆر برەوی هـەبوو. بە تایبەتی پێناسەی ((ئەرستۆ ٣٨٤ - ٣٢٢ پ. ز)) بۆ دراما.[3] چەندین کتـێبی چـاپکراوی دیکەی ئەو سەردەمە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات کە چاپکراون و بڵاو کراونەتەوە لە لایەن نووسەرو ڕەخنەگرانەوە لە گۆڤاری (هیوا)دا خراونەتە ڕوو، هەڵسەنگێندراون.

معروف خەزنەدار وەك خوێنـدکارێك لـە یـەکێتی سـۆڤیەتی پێشـوو٤ دیـوانێکی شـیعری کوردەکانی سۆڤیەتی خستۆتە ڕوو و هـەڵی سـەنگاندووە٥ لـە بـەرایی دا ژمـارەی لاپـەڕەو شـوێنی بڵاوکردنـەوەی وشـە گرانـەکانی شـی کردۆتـەوەو مانایـانی لێـك داوەتـەوە. ئینجـا دەڵێت: ((چاوپێخشاندنێك بە ناوی شیعرەکان، فراوانی بیروبـاوەڕی شـاعیری سـۆڤیەتیمان

---

[1]: معروف بەرزنجی، شانۆی کوردستان، گ. هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٤٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

[4] د. مارف خەزنەدار لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٤ لە ماڵی خۆی وتی: (من پەیامنێری گۆڤاری هیوا بووم لە یەکێتی سۆڤیەت).

[5] دیوانەکە بە ناوی (قالچیچەك) و شیعری (شکۆی حەسەنە) و لە ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە.

بۆ دەرئەکەوێ، کەهەرگیز ولآتە بچووکەکەی خۆی، کە ناوچەی کوردەکانە بە ئەرمەنسـتان و هەموو سۆڤیەت گـرێ ئـەدا ئەمـەش بەهـەموو جیهـان گـرێ ئـەدا، چـونکە ئامـانجی ئـەو شاعیرە ئامانجێکی گشتییە.))[1]

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین زۆربەی ڕەخنەکان، لەسەر بەرنامەیەکی زانستی و سەر بە ڕێبازێکی دیاریکراوی ڕەخنەیی نین، کە لە لایەن لێکۆڵەرەوەکانەوە بناغەو بنەمای بۆ دەست نیشانکراوە، زیاتر سەرنجی تاکە کەسی ڕووناکبیرەکانن، بـەلآم تـەکان و هـەوڵی سەرکەوتوون بۆ بناغـەی ڕەخنەیـەکی ئـەدەبی پێشـڕەو، کـە لـە سـایەیدا پایـە و بـەهای ڕاستەقینەی بەرهەمی ئـەدەبی پـێ شـی بکرێتـەوە. ڕەخنـەکان بەگشـتی لەسـەر پێـڕەوی ڕەخنەی کۆن، سەر بە ڕەخنەی بریاردانن (النقد الحكمی)، لە خەوشەکانی ئـەم پێـرەوەش ئەوەیە، ڕەخنەگر خۆی وەك قازی و ناوبژیوانێك دێتە بەرچاوو بەپێی بەراورد کردن لەگـەڵ هەندێ شاکاری دیکەدا بڕیاری چاك یان خراپ بەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکدا دەسـەپێنێ و ئـەرکی ڕەخنـەگرییش وەك هـەموو کەسـێکی دی تەسـك دەبێتـەوە، کـە لـە ژیانـدا ئـەرکی بریاردان دەبینێ.

## دووەم: ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

مێژووی کۆکردنـەوەی فۆلکلـۆر لـە جیهانـدا بـۆ سـەردەمی ڕێنیسـانس دەگەڕێتـەوە لـە ئەوروپا لە سەدەی شازدەیەمدا، واتا لە سەردەمی بووژانەوەی زمان و ئەدەبی نەتەوەییدا، بەلآم بەشێوەیەکی فراوان و ئەکادیمی لە سەدەی نۆزدەیەمدا برەوی سەندو گەشەی کـردو نەتەوەکانی ئەوروپا بەشێوەیەکی فراوان خستیانە بەرنامەکانیانەوە.

ئەوا بۆ نزیکەی سەدەو نیوێك دەچێت زاراوەی فۆلکلۆر بەسـەر زاری ڕۆشـنبیرانەوەیە.٢ فۆلکلـۆر وەك زانسـتێك ((زانسـتێکی ڕۆشـنبیریی پەیوەنـدار بـە بەشـێکی ڕۆشـنبیری،

---

[1] معروف خەزنەدار، دیوانی قالچیچەك، گ. هیوا، ژ٣٦، لا٩٧.

زۆر کتێبی تر لە گۆڤاری (هیوا)دا خراوەتە ڕوو، لەوانە: شەهیدانی قەلآی دمدم، ژ ٣٢؛ کۆیەو شاعیرانی، ژ٣٢؛ فەرهەنگا کوردی جگەرخوێن، ژ٣٦؛ دەستوور وە فەرهەنگی زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی، ژ٣٦؛ سەرنجێك لە دەروازی فۆلکلۆری کوردەوە، ژ ٣٦؛ دیاری و یادگار، ژ٣٦.

[1]: بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی (ئەرنهایم) لەساڵی ١٨٤٦ (ولیەم جۆن تۆمز) پێشنیاری ئەم زاراوەیەی کردو پاشان بەزمانەکانی ئەوروپا و جیهاندا بلآوبووەوە. پێش ئەوەش لە ولآتانی ئەسکەندەناڤیادا زاراوەی (فۆلکسکەندە) بەکار دەهات، بەلآم لەڕووی چەمکەوە جیاوازن و ئەوەی دوایيان مەودایەکی

(ڕۆشـنبیری میللـی) دەیـەوێ لـە گۆشـەنیگای مێـژوویی و جـوگرافی و کۆمەڵایـەتی و دەروونییـەوە ڕوونـاکی بخاتـە سـەر بابەتەکانـەوەو وەك هـەموو زانسـتەکانی کۆمـەڵێ دەرئـەنجامی زانسـتی بەدەسـت هێنـاوە بـۆ ئـەو کەسـانەی خـەریکی کاروبـاری سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریین.))[1]

فۆلکلـۆر چـییە؟ ئـەم پرسـیارە دەمانخاتـە گێـژاوێك، چـۆنیەتی تێـڕوانین و بۆچـوونی فۆلکلۆر لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی پێشوو وڵاتی تری ئەورووپا جیاوازە. بۆیە پێناسە کردنی فۆلکلۆریش کارێکی ئاسـان نییـەو ژمارەیـەکی زۆر پێناسـەی بـۆ کـراوە و هـەر یەکـەی لـە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە بۆی چووە، ئەمە سەرباری ئـەوەی تـا ڕادەیـەکی زۆریـش لەگـەڵ ئەدەبی میللی تێکەڵاو بووە.[2]

((کـێ لـە پێناسـەکانی فۆلکلـۆر ئەوەیـە: ((ئـەو ماددەیـە کـە لـە نـەوە بـۆ نـەوە دەگوازرێتەوە))[3] یان بەدەستەواژیەکی دی: ((ئەو حیکمەت و ئەدەبەیە کە گەل لە کتێبەوە فێـری نابێـت.))[4] جۆنـاس بـالیز دەڵـێ: ((فۆلکلـۆر واتـا زانسـتی میللـی جێمـاوو شـیعری میللی.))[5] ئەم زانایە تەنها جەخت لەسەر ناوەڕۆکی فۆلکلـۆر دەکـات و پێـی وایـە فۆلکلـۆر هەموو ئەو شێوازانە دەگرێتەوە کە بەوشە دەردەبڕێن، جا ئـەو وشـانە خـەڵکی سـادە یـان شارستانی دەریبڕن. (چارلس فرانسیس پۆتەر)یش خاوەنی ئەو دەسـتەواژەیە، کـە دەڵـێ: ((فۆلکلۆر بەرهەمی هەزاران ساڵی پاشکەوتوویی زانستی و ڕۆشنبیرییە.))[6]

---

فراوانتری هەیەو پیشەو لایەنە ماددیەکەیش دەگرێتەوە. بڕوانە: الكزندر هجرتي كراب، علم الفلكلور، ترجمة رِشدي صالح، ص١٧.

دکتۆر شوکریە ڕەسول، بزووتنەوەی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر لە ئەورووپاو (دەروازەیەك لە فۆلکۆری ئیرلەندی)، گ کاروانی فۆلکلۆر، ژ١، ل٢٤.

364 الدكتور محمد الجوهري، علم الفلكلور، دراسة في الانثروبولوجيا الثقافية، ج١، ط٣، ص١٩.

[1]: بۆ جیاوازیی نێوان ئەدەبی میللی و فۆلکلۆر و خاسیەتەکانیان بڕوانە: کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، ل٦–٨.

[2]: Webster's، P.882.

[4] الدكتور احمد مرسي، مقدمة في الفلكلور، ط٢، ص٨٥.

[4]: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

[5]: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

ئەنپرۆپۆلۆجییەکان، بە تایبەتی زانای بەناووبانگ ولیەم پاسکۆم دەڵێ: ((فۆلکلۆر واتـە ئەفسانەو هەقایەتی میللی بە هـەموو جۆرەکانیـەوەو مەتـەڵ و پەنـد و هـۆنراوەی میللـی و هەموو جۆرەگوزارشتە هونەرییەکانی دی، کە پشت بە وتە (قسە) دەبەستێت))١

(چێرنشێڤسکی)یش وەك زانایەکی ڕووس تێڕوانینی بۆ فۆلکلۆر وایە: ((هونراوەی گەل و گۆرانیـەکانی، ژیـان و مێـژوو ڕەسـم و عـادەتی خـەڵکی پاراسـتووە.))٢ لـە ئـەنجامی ئـەم کۆمەڵە پێناسەیەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین، دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ فۆلکلۆر هەیە، لە وڵاتە سۆسیالیسـتییەکاندا لـەژێر کارتێکـەری فەلسـەفەی ماددیـدا، فۆلکلـۆر تـەنها بەئـەدەبی سەرزاری دادەنێن و لە پیشە دەستییەکان و کەلوپەلە ماددییەکەی جیا دەکەنەوە.٣ بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەوروپاو ئەمریکادا فۆلکلۆر لایەنە سەرزاریی و ماددییەکەی دەگرێتـەوە، لە پاڵ ئەوەشدا بیروڕای زاناکانیان زیاتر گرنگی بە تاکە کەس و داهێنانی تاکەکەس دەدەن و دەوری (کۆمەڵ) فەرامۆش دەکەن.

فۆلکلۆر پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زانستەکانی دیکـەدا هەیـە، بـە تایبـەتی مێـژوو و کۆمەڵناسی و ئەنپرۆپۆلۆجیا و جوگرافیاو زانستە مرۆڤایەتییەکانی دی، ئەمەش وایکردووە کـە ڕۆژە بـەرۆژ گەشـە بکـات و لەگـەڵ زەمـەن دا بـڕوات و لـە نهێنییـەکانی ڕۆحـی مـرۆڤ بکۆڵێتەوە، بە پێچەوانەی هەندێ بیروڕا، کـە پێیـان وایـە فۆلکلـۆر ڕوو لـە کزییـەوو بـەرەو نەمان دەچێت و لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی زانست و تەکنەلۆژیادا بواری فۆلکلۆر تەسك دەبێتەوە، کە ئەمە ڕایەکی هەڵەیەو (بە گۆڕانی بوارەکانی ژیان و بابەتـەکانی کەرەسـتەی فۆلکلۆرەکەش دەگۆڕێت.)٤

---

[1]:الدكتور احمد مرسي، مقدمة في الفلكلور، ص٧١.

[2]: د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل٩.

[3]: بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەدەبی فۆلکلۆری سەرزاری لە وڵاتانی سۆسیالیستی، بڕوانە: یوري سوكولوف، الفلكلور قضاياه وتاريخه، ترجمة حلمي شعراوي و عبدالحميد حواس، القاهرة، ١٩٧٢.

[1]: هیمدادی حوسێن، چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، ل٩.

مێـژووی کۆکردنــەوەی فۆلکلـۆری کـوردییش، مێژوویـەکی کـۆنی هەیـەو بەهیممـەتی مەردانەی ژمارەیەك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان پەندی پێشـینان و بـەیت و گـۆرانی و هەقایـەت و داستان و مەتەڵ کۆکراوەتەوە[1].

لە باشووری کوردستانیشدا دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، هەندێك لە نووسەران و ڕووناکیران بەهەستی نەتەوەیی و ئەدەبیتی نوێی تورکی لە ڕێگەی ڕێبازی ڕۆمانسـییزمەوە کەوتنە لاکرنەوە لە فۆلکلۆرو کەلـەپووری نەتەوەییـەوە، لـە سـاڵی ١٩٢٧ی زایینیـدا دامـاو (حوسـێن حـوزین موکریـانی) کورتــە چـیرۆکێکی فۆلکلـۆریی گیانـدارانی بـۆ منـداڵان چـاپکردووە[2]. پاشـان (کـوردی و مـەریوانی) لـە نامیلکەیەکـدا لـە هەنـدێك لـە یارییـە فۆلکلۆرییەکانی کوردەواری دواون[3].

ئیسماعیل حەققی شاوەیس ژمارەیەکی زۆر پەندی پێشینانی لە ساڵی ١٩٣٣ی زاینی لە کتێکێکدا بڵاوکردەوە، کە ئەمە بۆ یەکەمجار بوو پەندی پێشینان لە کوردستانی عـێراق لـە کتێبێکی سـەربەخۆدا بڵاوکرایـەوە[٤]، بۆیـە ئـەم کتێبـە گرنگییـەکی تایبـەتی هەیـەو ((ئـەو شـێوەیەی کـە مامۆسـتا شـاوەیس کتێبەکـەی پـێ ڕێکخسـتووە نیشـانەی شـێوەیەکی زانستیانەی بیرکردنەوەو کارکردنە.))[٥]

---

[٢]: لە ساڵی (١٧١١)ی زایینیدا، لە دەستنووسێکدا کە ئێستا لە ماتێنەدەرانی ئەرمینیا سۆڤیەتی بەناونیشانی (میسرۆب ماشتۆسە) پارێزراوە، ژمارەیەك پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی تیا تۆماکراوە، بڕوانە: د. شوکریە ڕەسوول ئیبراهیم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، دکتۆر شوکریە ڕەسوول و جەلال تەقی لە زمانی ڕووسییەوە کردوویانە بە کوردی، هەولێر، ١٩٨٤، ل١٩، هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی فۆلکلۆریش لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[١]: داماوی موکریانی، خۆشیی و ترشیی، ج٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٤.

[٢]: کوردی و مەریوانی، یاری، چاپخانەی (دار السلام)، بەغداد، ١٩٣٢.

[٣]: اسماعیل حقی شاوەیس، قسەی پێشینان، گۆستاو لۆبۆن، چاپخانەی ئەیتام، بەغدا، ١٩٣٣.

[٤]: دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، ب٢، ل١٣، لەم کتێبەدا نووسەری ناوبراو بە درێژی لەم کتێبەی مامۆستا شاوەیس دواوەو کەم و کوڕیەکانی دەرخستووەو هەڵیسەنگاندووە، ل١١-١٥. هەروەها د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لە کتێبی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، ل١٠١ لێی دواوە.

لە بـواری گاڵتەوگەپیشـدا (پیرەمێـرد) چـەند چـیرۆکێکی کۆمیـدی وەك خەوەکـەی لالـە سەرحەدو بیٚ مەسلەکی و فس فس پاڵەوانی لە کتێبێکی سەربەخۆدا بلاّو کردەوە.[١]

سەبارەت بەکۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردییش دکتۆر محەمەد مـوکری لـە سـاڵی ١٩٥١ی زایینیدا (گۆرانی یا ترانەهای کـردی) بەچـاپ گەیانـد، کـە چـەندین گـۆرانی ناوچـە جیاجیاکانی کوردستانی لەخۆ گرتووەو بەشێوەیەکی زانستیش دەربارەی کێشی هۆنراوەی گۆرانییەکان دوواوەو لەگەڵ زمانە دێرینەکانی ئێرانـی بـەراوردی کـردوون، گۆرانییـەکانیش بەئەلف و بێی عـەرەبی و لاتـینی لەگـەڵ وەرگێڕانـی گۆرانییـەکان بـۆ سـەر زمـانی فارسـی بلاّوکردۆتــەوە.[٢] لــە میانــەی کۆکردنــەوەو لێکۆڵینــەوەی ئــەدەبی فۆلکلــۆریی کــوردی ڕۆژنامــەوانیی کــوردیش دەورێکــی دیــارو بەرچـاوی بینیـوە، زۆربـەی ڕۆژنامـەو گۆڤـارە کوردییــەکان لــە دووتــوێی لاپەڕەکانیانــدا چــەندین بابــەتی فۆلکلۆرییــان لــە فــەوتان ڕزگارکردووەو هانی خوێنـەرانیان داوە بـۆ تۆمـارکردنی ئـەدەبی سـەرزاری بـاوو بـاپیران و پاراستنی پیشە دەستییەکان و بەرەوپێشەوەبردنیان.[٣]

بـەڵام ئـەوەی جێـی سـەرنجە، بەشـێکی زۆر لـەو کەسـانەی، کـە ئـەدەبی سـەرزارییان تۆمارکردووە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بابەتەکانیان کۆنەکردۆتەوە، بـەپێی ڕادەی ڕۆشنبیری و ئارەزووی خۆیان دەسکارییان کـردووە، کـە ئەمـەش لـە بـەهای ڕاسـتەقینەی بابەتەکەی هێناوەتە خوارەوە.[٤]

---

[٥]: پیرەمێرد، گاڵتەو گەپ، ١٩٤٧.

[١]: دکتر محمد مکری، گۆرانی یا ترانەهای کردی، کتابخانە دانش، ١٣٢٩.

بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی ئەو کتێبە فۆلکلۆرییانەی لە ماوەی ١٨٦٠–١٩٥١ز دا دەرچوون، بڕوانە: عومەر ئیبراهیم عەزیز، بیبلۆگرافیای فۆلکلۆری کوردی، گ. لاوك، ژ١، س١، ل٩١–١٠٤.

[٢]: لەو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییانەی زۆر گرنگییان بە فۆلکلۆر داوە، بڕوانە ڕۆژنامەی ژیان و گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی بڕواو گۆڤاری ڕۆژی نویٚ.

[١]: سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و مەرج و پێویستییەکانی بڕوانە: الدكتور احمد مرسي، مقدمة في الفولكلور، ص١٦٩–٢٢٩؛ دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، ل١٥٧–١٧١.

## گۆڤاری ( هیوا )و ئەدەبی فۆکلۆریی کوردی

گۆڤاری (هیوا) لە پاڵ ئەدەبی نووسراوی نووسەران دا، ئـەدەبی فۆلکلـۆری و میللیشـی فـەرامۆش نـەکردووە، چـونکە (دوورکەوتنـەوە لـەو فەرهەنگـەی دایـك، پشـت کردنـە بـەها مرۆڤایەتییەکانی، واتا دوورکەوتنەوە لەسروشت، ئەو ڕۆژەی کۆمەڵانی خـەڵك دەگەنـە ئـەو هەقیقەتـە، دنیایەکـەشمان زۆر پـاك و بێگـەرد و سـەلامەتتر دەبێـت)،١ لـەم ڕوانگەیـەوە هەڵسـوڕێنەرانی گۆڤـاری هیـوا لەبانگەوازەکانیانـدا دووپاتیـان دەکـردەوە: ((... وتـەی پێشینان و قسەی نەستەق و گاڵتە وگەپ ئەوانەی لەچاپ نەدراون بڵاوئەکرێتەوە.))[٢]

گۆڤارەکـە گرنگـی بـە چـەند بەشـێکی فۆلکلـۆر داوە، لەوانـە پـەندو قسـەی نەسـتەق و گاڵتەوگەپ و هەقایەت و فۆلکلۆری ناوی مانگە کوردییەکان (کەش و هەوا)و پرۆپاگەندە. لە پـاڵ ئـەدەبی فۆلکلـۆری کوردییـدا، چـەندین پـەنـدو قسـەی نەسـتەق و هەقایـەتی میللـی نەتەوەکانی دیکەش بڵاوکراوەتەوە.

### پەندو قسەی نەستەق

ئەگەر فۆلکلۆر ئەزموون و ئاوێنەی ژیانی میللەت بێ، بێگومان پەندی پێشـینانیش، کـە ژانرێکی فۆلکلۆرە، فەلسەفەو تێڕوانین و هۆشمەندی میللەت بە ڕستەیەکی کورتی پڕ مەعنا دەردەبڕێت. پەندی پێشینانی کـوردی (ڕسـتەیەکی کورتـەو مانایـەکی فراوانـی هەیـەو زۆر جاریش لـە شـێوەی (سـەجع) یـاخود (هۆنراوە)دایـە)٣ پـەنـد لـەڕووی ناوەرۆکـەوە بەسـەر بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری... دابـەش دەبێـت، بـەتێڕوانین و وردبوونـەوە لـە پەندەکانی نـاو گۆڤـاری (هیـوا)یش ئـەزموون و فەلسـەفەی بـیری کوردەواریمـان بـۆ ڕوون دەبێتەوە.

هەر لە ژمارە (١)ی گۆڤاری هیوادا ئەم پەندانە بڵاوکراونەتەوە:

١- ئەگەر لە دڵسۆزان یەکێك بمێنێ، تۆڵەی بەرودوا ئەسێنێ.

٢- شێر بمشکێنێ، نەك ڕێوی بم خوات.

---

چۆنیەتی کۆکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆری، وەرگێڕانی ئەحمەد حەیران، گ. کاروانی فۆلکلۆر، ژ١، س١، ١٩٩٠، ل١٢٤-١٣٣,

[٢]: یاشار کمال، افسانه اغری، ترجمەی ڕحیم ڕئیس نیا، انتشارات دنیا، تهران، ٢٥٣٦، ص٢,

[٣]: گ. هیوا، ژ٢، س١، ل٣٨.

[١]: دکتۆر شوکریە ڕەسول، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، ل٨.

٣- لە هەر لایەکەوە بابێ شەن ئەکات.

٤- گەر هەموو مەلێك میوە خۆر بوایە میوە بە دارەوە نەئەما.

٥- تیر لەکەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە.

٦- پاروو بۆ دەم نەبێ بۆ کۆش چاکە.

٧- ئەم کاسەیە بێ ژێر نیە.١

بە وردبوونەوە لەو پەندانە چەندین بیروبۆچوونی جوان و شایستەمان بۆ دەردەکەوێ، لە پەندی یەکەمدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە تاوەك ئێستا زوڵم و زۆرداری فرەمان لێکراوە، بەڵام گەشبینین، چونکە دڵسۆزی ڕاستەقینە تۆڵەی هەموو ئەو زەبرو زەنگە لە ستەمکاران دەکاتەوەو هێزی ستەمدیدان سەر دەکەوێ، ئەم پەندە بۆ ئازایەتی و بوێری بەکار دێت.٢

لە پەندی دووەمدا گوزارشت لەوە دەکات، کە مرۆڤ بشکوژرێ با بە دەستی پیاوی مەردەوە بکوژرێ، نەوەك پیاوی نامەرد و ناپاك، کە ئەمەش غیرەت و پیاوەتی و ئازایەتی کوردپیشان دەدات. لە پەندی سێیەمدا، مەبەست یەکێکە خۆی لەگەڵ ڕۆژگار بگونجێنێ و هەر یەکێك دەستەڵاتی بێ ئەو پشتگیری لێدەکات و لەگەڵیدا ڕێ دەکات، کە ئەمەش سیفەتێکی خراپەو کورد پەسەندی ناکات و هەلپەرستی و بەرژەوەندخوازییە.

لە پەندی چوارەمدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەگەر هەوو کەسێك ئیش زان بووایەو بە چاکی سەری لە کاری خۆی دەرچووایە، ئیش دەست نەدەکەوت، واتا کەس نییە تەواو شارەزاو پسپۆڕ بێ و بێ هەڵە بێ.٣ لە پەندی پێنجەمدا ئامۆژگارییەکی بەسوودە بۆ مرۆڤ، کە وردبین و دووربین بێ لە قسەو گوفتاریدا، قسە، کە لە دەم دەرچوو ناگەڕێتەوە، بۆیە ژیری و هێمنی گەرەکە.٤

---

٢: بۆ ئەم پەندانە بڕوانە: گ. هیوا، ژ١، س١، تەمووزی ١٩٥٧، ل١٤.

١: ئەم پەندە شێخ محمدی خاڵ وای تۆمار کردووە: «١٩١- ئەگەر لەجافان یەکێك بمێنێ حەقی بەرودوا لەگەشت ئەستێنێ..»، بڕوانە: شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، چ٢، ل٣٦.

٢: ئەم پەندە بەم شێوەیە دەوترێت: «هەموو مەلێ هەنجیرخۆر بووایە، هەنجیر بە دارەوە نەئەما»، بڕوانە شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٤٩٦.

٣: ئەم پەندە زیاتر بەم شێوەیە باوە «تیر لەکەوان دەرچوو، ناگەڕێتەوە». بڕوانە: شێخ محمدی حاڵ، پەندی پێشینان، ل١٦٣.

پەندی شەشەم گوزارشت لە پەیوەندی نێوان و خێزان و خزمایەتی و هاوکاری دەکات، ئەگەر مرۆڤ خێری هەبێت، نۆژەن بۆ خزم و خوێش، پاشان بۆ خەڵکی غەیرە و لایدە و نەناس، واتا گیانی هەرەوەزی و پەیوەندی خزمایەتی توندو تۆڵ کردن.١ پەندی حەوتەم، بە کارو کردوەیەك دەوترێ، کە بۆ نیازێکی تایبەتی ئەنجام بدرێ جیا بێ لەگەڵ مەبەستە ڕوکەشەکەی، هەروەك دەوترێ (ئەم ماستە موویەکی تیایە)، کە هەمان مەبەست دەگەیەنێ٢. بێجگە لەم پەندانە چەندین پەندی پێشینانی دی بڵاو کراونەتەوە.٣

## گاڵتەوگەپ

ژانرێکی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆریی لە گۆڤاری هیوا دا گاڵتەوگەپە. گاڵتەوگەپ لە گۆڤارەکەدا لە شێوەی نوکتەدا خۆی دەنوێنێ و پەخشانێکی چیرۆك ئامێزە.

گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا هەیەو لای هەموو چینەکانی کۆمەڵ بەکار دێت، لە هەموو ئاست و تەمەنێك دا و بۆتە هۆیەك بۆ دەربڕینی ناهەمواریەکانی کۆمەڵ و ڕەخنەگرتن لەو چەوتیانەی کۆمەڵ. مێژووی گاڵتەوگەپ لەگەڵ مرۆڤ خۆیدایە، یۆنانییەکان مەسەلەی پێکەنینیان وەك مەسەلەیەکی فەلسەفی سەیر کردووە و (کۆمیدیاو تراژیدیا)یان کردووە بەدوو شتی دژ بەیەك و بە هەردووکیان مرۆڤ ئازار و ئەشکەنجەی ژیانی خۆی پێ دەردەبڕێ. ئەرستۆتالیس (٣٨٤-٣٢٢ پ. ز) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا دەڵێ: ((کۆمیدیا بریتییە لە پێناسەکردنی شتێك یاخود دەرخستنی بەجۆرێکی وا کەمتر لە خۆی بنوێنێ.))٤

بۆ ئەم مەبەستەش پاڵەوانەکانی نێو حەکایەت و نوکتە یان خۆماڵین یان لە نێوان چەند میللەتێکی دراوسێدا هاوبەشن.

---

١: ئەم پەندە بەم شێوەیەش دەوترێت: (پاروو لەدەم دا کەوێ، بۆ کۆش باشە بڕوانە: شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل١٣٠.

٢: پەندەکە وایش دەوترێ: (ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نییە) بڕوانە: شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ل٥٢.

٣: بۆ پەندەکانی دی، بڕوانە: گ. هیوا، ژ٣،ل٢٠، ٦١، ٦٣. ژ٦، ل٣٩. ژ٨،ل٣٠. ژ١٠، ل٣١، ٥٢. ژ١١، ل٥٣. ژ١٢، ل١٩،٣٧.

١: Classical Literary Critioism، Translated with An Introduction by T.S Doroh، pengun Books،1965، p.37.

پاڵەوانی خۆماڵی وەك كفر ئەحمەد و خاڵە ڕەجەب، پاڵەوانی وەك مەلای مەزبوورە یان مەلای مەشهوور كە لە نێوان چەند میللەتێكی ڕۆژهەڵاتیدا هاوبەشە، بەڵام پاڵەوانەكان هەر كامێكیان بن گرنگ ئەوەیە زۆربەی كات ئەو نوكتەو هەقایەتە كورتانە دەبنە ئاوێنەیەكی ڕۆژگاری سەردەمی خۆیان، جا ئەو پاڵەوانە مرۆڤ یا ئاژەڵ بن.[1]

ئەگەر گاڵتەوگەپ وەك هۆیەكیش خواستەكانی كۆمەڵ دەرنەبڕێ، ئەوا بێ گومان دیسان بۆ ڕەواندنەوەی خەم و پەژارەو حەسانەوەی دەروونی مرۆڤ مەبەستێكی باشە.

لە نوكتەو قسە خۆشەكانی ناو گۆڤاری (هیوا)یش كە لە گۆشەی (قسەی فێنك) و (بۆ پێكەنین) دا بڵاوكراوەتەوە، چەندین ناهەمواری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری وڵات بەشێوەی نوكتەو هەقایەتی كورتی گاڵتە ئامێز خراوەتە ڕوو.

لە یەكێ لەو نوكتانەدا هاتووە: ((كابرایەك بەدرتاشێكی وت كە تاكێ قەنەفەی لە چاكترین دار بۆ دروست بكات وە پێشەكی پارەكەی دایە، لە پاش ماوەیەكی دوورو درێژ كابرای دارتاش قەنەفەكەی تەواو كردو بۆی ناردەوە زۆری پێ نەچوو كابرا بە تووڕەییەكەوە گەیشتە سەر دارتاشەكەو وتی: خۆقەنەفەكە شكا ! كابرای دارتاش زۆر لەسەر خۆ وتی: بێ گومان ئەبێ لەسەری دانیشتبن)).[2]

ئەم نوكتەیە لەژێر پەردەی پێكەنیندا ڕەخنەیەكی كۆمەڵایەتییەو ئیش وكاری كەسانی فێڵزان و ساختەچی دەردەبڕێ، كە بۆ ماڵی دنیاو زوو دەوڵەمەند بوون، كارەكەیان بەپاكی و بەچاكی ئەنجام نادەن و بە زۆر شتەكە پێك دەهێنن. لە نوكتەیەكی دیكەدا هاتووە: ((پیاوێك: تۆ ئەم هەموو خانوانەت هەیە بۆ چ ئەگەڕێیت خانوو بەكرێ بگری؟ دەوڵەمەند: چونكە خانووەكانی خۆم گرانن)).[3]

ئەم نوكتەیەش گوزارشت لەپیسكەیی و ڕژدی و چاوچنۆكی هەندێ دەوڵەمەند دەكات، كە خۆی دەزانێ خانووەكانی خۆی گرانەو خەڵكی هەژار دەچەوسێنێتەوە، لە لایەكی ترەوە، گوزراشت لە ساویلكەیی و كەم ئەقڵی هەندێ دەوڵەمەند دەكات.

---

٢: دەربارەی قارەمانی خۆماڵی گاڵتەوگەپو هەندێك لە نوكتەكانیان بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چ٢، ل١٧٨–١٩٧.

كامەران موكری، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، ل٩٢–٩٧.

[1]: گ. هیوا، ژ٣، س١، ل٨٦.

[2]: گ. هیوا، ژ٣، س١، ل٨٦.

## کەش و هەوا:

بابەتێکی دیکەی فۆلکلۆریی، کە لە گۆڤاری (هیوا)دا بلاّوکراوەتەوە، ئـەویش فۆلکلـۆری کەش و هەوایە. [1] بەشیر موشیر دەربارەی ناوی مانگە کوردییەکان و پەیوندییان بەکەش و ئاووهەواوە، بابەتێکی نووسیووەو بـیر و بۆچـوونی کـوردەواری دەخاتـە ڕوو، دەربـارەی مانگەکانی بەهار دەڵێ: ((هەرمێ پشکوان (مارت) ٣١ ڕۆژ، لەم مانگەدا درەخت ئەپشـکوێ و جرِوجانەوەر، دەس بەبزووتنەوە ئەکات.

شەستە باران (نیسان) ٣٠ ڕۆژە، ناوەکەی بەخۆیەوەیە باران وەك کوندەی سـەر بـەرەو ژێر ئەبارێ. کێچ زۆر ئەبێ خەڵك ئاوی باران ئەخۆنەوە بۆ شیفا.

بەختەباران (مایس) ٣١ ڕۆژە، ئەگەر باران باری ئەوە لەبـەختی خـاوەن دەغـڵ و دان و درەخت و کشت و گیاو سەوزەواتە، عێل ئەکەوێتە خۆی بۆ کوێستان چوون.))[2]

ئەمەش نموونەی بیروبـاوەڕی کـوردەواری یـە بـۆ ڕێکخسـتنی کاتیـان بـە پێـی زانیـاری ساکاری خۆیان و لە هـەمان کاتـدا فـراوان و گشـتیەتی و هەمەلایـەنی فۆلکلـۆر دەردەبـڕێ لەوەی، کە پەیوەندی بە جوگرافیاشەوە هەیە.

---

[1]: بۆ زیاتر شارەزایی دەربارەی فۆلکلۆری کەش و هەوا بڕوانە: د. شوکریە ڕەسول، وەرزو ساڵنامەی کوردی لە پەندو قسەی نەستەقی کوردیدا، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١١٧، ل١١١–١٢٦.

[2]: بەشیر موشیر، ناوی مانگە کوردیەکان لە چییەوە هاتووە؟ گ. هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٦٠.



**ئوستاد بەشیر موشیر**

## پرۆپاگەندە:

بابـەتێکی دیکـەی فۆلکلـۆریی مەسـەلەی پرۆپاگەندەیـە، کـە فرۆشـیاران بـە ئـاوازێکی تایبەتی دەیلێن بۆ ئەوەی کڕیار بۆ میوەو کەلوپەلەکانیان زیـاد بکـەن، بێجگـە لـەوەی لـە ئەنجامی ئەزموونی درێژخایـەن گەیشـتوونەتە ئـەو ئەنجامـەو هـەر ناوچـەیەکی کوردسـتان بەناوبانگە.

(ج. بابان) هەندێ بیروباوەری کۆکردۆتەوەو تیایدا هاتووە: ((لە شیرینی یا وەك شـەکر گوندۆرەی پردێ و ئەلقوش، وە لە دەما ئەبێ بـەئاو کالـەکی قەڵاچـوالان، لـە مێخۆشـی و دەنگ گـەورەیی دا هـەناری نـازەنین و شـارەبان و هـەورامان. خۆگرانـە، زۆریشـی نـەخۆی چاکە، قۆخی شەقڵاوەو هـیران، ئینجـا وەرە سـەر هـەڵووژەی چـنگنیان و، ترێـی گـەورەو گۆیژی دارەقیتەڵەو، ناسکە هەرمێ ی وەرازو خەیاری هەوەل زەلان.))١

---

١: ج. بابان، بەناوبانگترین شتی لای خۆمان، گ هیوا، ژ٣٣، س٥، ل١٥.

هەر لەم ڕووەوە بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی پرۆپاگەندەی ئەو شتە فۆلکلۆرییانە بڕوانە: د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، ل١٢٧؛ ڕۆستەم باجەلان، پرۆپاگەندەو بانگەوازی میللی لەبازاڕی کوردەواریدا، گ ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٣، ل٢٨٤–٢٩٠.

لە پاڵ ئەم بابەتانەدا چەند هەقایەتێکی فۆلکلۆریی کوردی و گـەلان، کـە (بـەرەو پـێش چوونێکی مێژوویی و ئەفسانەیەو لە ڕووی فۆرم و داڕشـتنەوە لـەو ئەچـێت، هەرچـەندە لـە ڕووی کەرەسەو ناوەرۆکەوە هەندێ جیاوازییان هەیە) گرنگی پێ دراوە.

پاڵەوان لەو هەقایەتانەدا مـرۆڤ خۆیـەتی و هەنـدێ جـاریش خـۆی لـە قـالبێکی ڕەمزیـدا دەدۆزێتەوەو گفتوگۆکان لەسەر زاری هەندێ ئاژەڵ دەخرێتە ڕوو. ئەو پەڕەورو ئاژەڵانەیش زۆربـەیان سـیفاتەکانیان دیـارو نـەگۆڕە. بـۆ نموونـە، شـێرو کەلەشـێر هـەردەم نموونـەی پاشایەتی و گـەورەو ڕەمـزی زۆردارن و چـەقەڵ و ڕێـوی و سمـۆرە ڕەمـزی فێڵبـازین و بـە تایبەتی ڕێوی وەك وەزیری دەستە ڕاست خۆی نواندووە.١٠

لە هەقایەتێکی فۆلکلۆریی ڕەمز ئامێزدا، گۆڤارەکە مەسـەلەیەکی سیاسـیی گرنگـی ئـەو ڕۆژگـارە دەخاتە ڕوو. هەقایەتەکە ئەوەیە: ((کۆمەڵێ کەڵەشێرو مریشك لەدەست مرۆڤی دڕندە ڕادەکەن نەوەك بیانخۆن. لەناوچەیەکی شاخاویدا دوو هەڵۆ تاقیبیان دەکەنە، کە دەزانن ئەمانە لەناو خۆیان دا ناکۆکن و کەڵەشێرەکان هەموویان خۆیان بەسەرکردە دەزانن، دەکەونە خواردنیان تا چی وایان لێنامێنێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بە پەلە دەگەڕێنەوە شوێنی هەوەڵی خۆیان و ناو خەڵك.)) ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە دووپاتی چەند شتێك دەکاتەوە، ئەوانیش ئەوەن کە زوڵم و زۆرداری لە هەموو شوێنێکدا هەیە وە بەهێز بێ هێز دەچەوسێنێتەوە، لە هەمان کات دا ناکۆکی و ناتەبایی و خۆ بەزل زانین و یەك نەگرتن لەنێوان ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەك دەبێتە هۆی دواکـەتن و لەناوچـوونی ئـەو کۆمەڵـە، دواجـار ئـەوەش ڕوون دەکاتەوە، کە مرۆڤ لە جێگەو شوێنی خۆی سەنگینەو بەنرخە.

لە گۆڤارەکەدا، لێکۆڵینەوە دەربـارەی ئـەدەبی میللـی و فۆلکلـۆری میللـەتان بڵاوکراوەتـەوە، بـۆ ئەوەی خوێنەری کورد بە کەلەپووری میللەتان و ڕادەی هاوبەشیەتی و چوون یەکی ئەو بابەتانە ئاشنا بکات.٢ بەم شێوەیە گۆڤاری (هیوا) لە خزمەت کردنی کەلەپوورو سـامانی نەتـەوەیی کوردیـدا درێغـی

---

[1]: بۆ نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبە (کەلیلەو دیمنە) دەتوانرێ ئاماژەی بۆ بکرێ، کە نموونەیەکی بەهێزەو هەقایەتەکان لەسەر زاری ئاژەڵان دەخرێتە ڕوو، ئەم کتێبە زادەی ئەزموونی میللەتانی ڕۆژهەڵاتەو مێژوویەکی دێرینی هەیە، بڕوانە: بەیدەبا، کەلیلەو دیمنە، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە عومەر تۆفیق، چ٣، چاپخانەی بابل، بەغدا، ١٩٧٥.

[1]: بڕوانە: ئەدەبی میللی کۆن و ئەدەبی کلاسیکی ڤێتنام، وەرگێڕ عاصم حەیدەری، گ. هیوا، ژ٣٤، س٥، ل٦٥–٦٩.

نەکردووەو لە پاڵ ئەدەبی نووسراودا لەرابردوو دانەبڕاوەو ڕەگ و ڕیشـەی ئـەدەبی نووسەرانیشـی بـە سەرچاوەکە بەستۆتەوە، کە فۆلکلۆری گەلە.

## سێیەم: وەرگێڕانی ئەدەبی

دەستنیشان کردنی مێژووی وەرگێڕان لە جیهاندا، کارێکی ئەستەمە، لەو ڕۆژەی میللەتە جیاوازەکان تووشی یەك بوون پێویستیان بـەوە بـووە لەیـەکتر تـێ بگـەن، لـەوێوە زانـینی زمان و وەرگێڕان دەوری خۆی گێڕاوە.١ لە سەردەمی جەنجاڵ و ئـاڵۆزیی کاروبـاری لایەنـە جیاجیاکـانی مرۆڤـی سـەردەم وەرگێـڕان دەورێکـی گـرنگ دەگێـڕێ لـە نزیـك کردنـەوەی کەلتووری نێونەتەوەییدا و وەرگێڕەکان بوونەتە پەیامبەری نێوان گەلان. ئەگەرچی بە هۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنـەلۆژیا مـرۆڤ بـیری لـەوەیش کردۆتـەوە وەرگێـڕان بخاتـە کـاری کۆمپیوتەرەوەو یارمەتی بدات زووبەزوویی کـاری خـۆی ڕاپـەڕێنێ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کاری وەرگێڕان بەردەوامە.

### بایەخی وەرگێڕان

هەرچەندە ڕۆشنبیری میللەتان زیاتر کار لەیەك دەکەن لە ڕێگەی هۆیـەکانی ڕاگەیانـدنی هاوچـەرخەوە وەك چـاپەمەنی و ڕۆژنامـەو ئێسـتگەو تەلـەفزیۆن و پەیوەنـدی بـێ تـەل و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان بە تایبـەتی دوای کزبـوونی دەسـەڵاتی ڕۆشـنبیری ئیسـتیعماری. وەرگێڕان دەورێکی بـاڵاو بەرچـاوی لـە هـەموو ئـەو مەیدانانـەدا بینیـوە، تەنانـەت لـە نێـو هەندێکیان دا بۆتە دیاردەیەکی ستراتیژی)٢

### وەرگێڕان چییە؟!

ڕەنگە لـە سـادەترین پێناسـەیدا، بڵـێین گەیانـدنی زانیارییـە لەزمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی دی... یان ((وەرگێڕان چالاکییەکی ژیری و سۆزییەو کـارێکی لێکـدراوە، جـا گـەر بمانـەوێ

---

[٢]: خەڵکی شاری بابل نزیکەی ١٨٠٠ساڵ (پ.ز) بە چەند زمانێکی جیاواز دەدوان، ئەو وڵاتانەشی داگیریان کردبوو بە چەند زمانێکی جیاواز دەدوان، بۆیە چەند کەسێکی شارەزایان لە زمانی بابلی و ئەو زمانانە دانابوو بۆ ئەوەی بە کاری وەرگێڕان هەڵسن، بڕوانە: یوجین أ. یندا، نحو علم الترجمة، ترجمة ماجد النجار، ص١٩؛ د. یوئیل یوسف عەزیزو کەسانی تر، وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس، ل٢٨.

[403] یوجین. أ. یندا، نحو علم الترجمة، ص١٥.

ئەو چالاکییە پێناسە یەکی یـەك گـیرو بـێ مشـت و مـڕ بخەینـە ڕوو ویسـتەمەنیەکەمان بـە ئاسانی نایەتە دی.))[1] بەکورتی واتا گواستنەوەی زانیاری لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی.

**وەرگێڕان بۆچی؟!**

((لێکۆڵـەرەوە عەرەبـەکان هەنـدێکیان لـەو بـاوەڕەدان، کـەوەرگێڕان لـە ڕۆژگـاری (المأمون)یشـدا کـە زۆر بەهـەرمێن بـووە، ڕەنگـە ئـەو پرسـیارەیان لـەخۆ نـەکردبێ، یـان کردبێتیان بـەڵام ئـەو وەڵامـەیان بـۆ ئێمـە بـەجێ نەهێشـتووە. خـەریك بـوونی عـەرەب و موسڵمانەکان بۆ وەرگێڕانی کتێبی فەلسەفەو لۆجێك بـۆ ئـەوە بـووە، کـە پێویسـتیان پـێ بووە، کە بەرگری پێ لە ئـایین بکـەن و بەڵگـەی بـەهێزیان هـەبێت لـە ڕێگـەی فەلسـەفەی یۆنانییەوە، پاشان ئەو خەریك بوونە بەفەلسەفەوە بۆ لەززەتی عەقڵی و وەزرشی بیر بووە لەو باباتانەی، کە لای عەرەب نەناسراو بوون.))[2]

ئەو پێویستییە لە چییەوە سەر هەڵدەدات؟مرۆڤ خۆی ڕەها نییەو نەگەیشتۆتە حاڵـەتی (الکمال)، کەوا بێ هەمیشە لە زانیاریدا هـەژارە. زانیـاری خـۆی لەخۆیدا سـیفەتی گشـتی هەیەو زۆر بە ئاسانی ئەو سنوورە دەستکردانەی نێـوان وڵاتـان دەبـڕێ، کـە سیاسـییەکان دایانناوە. خۆ هەر چەندە هەموو میللەتێك خاوەن ڕۆشنبیرییەکی نەتـەوەیی خۆیـەتی، کـە سیماو شەقڵی تایبەتی خۆی هەیەو لە میللەتانی دی جیا دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ((هیچ نەتەوەیەك نییە بتوانێ واز لە وەرگێـڕان بهـێنێ، هەرچـەندە سـامانێکی نەتەوایـەتی کۆن و بەنرخیشی هەبێ.))[3]

ئەگەر ئەدەبی هەموو نەتەوەیەك پێویستیی بەوە هەبێ لە هەوای ئەدەبی میللەتانی دی هەناسە هەڵمژێ، ئەوا بۆ ئەدەبی کوردییش بەهەمان شێوەو هەر لە زووەوە مەلاو زانایـانی ئایینی و ڕووناکبیرو ئەدیبەکانی بەرایی لە پێویسـتی و گرنگـی ئـەو ئەرکـە تێگەیشـتوون و کۆششیان بۆ کردووە. لە سەدەکانی ڕابـردوودا هەنـدێ مسـیونێری بیـانی کتێبـە ئایینییـە پیرۆزەکانیان وەرگێڕاوە بۆ کوردی. شاعیرانی کلاسیکیش شیعری شاعیرانی فارس و تـورك و عەرەبیان وەرگێڕاوەو لەگەڵ شیعرەکانی خۆیاندا تێ هەڵکێشیان کردووە.

---

[1]: د. امین علی سعید و د. کامل حسن البصیر، وەرگێڕان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.

[2]: محمد عبدالغني حسن، فن الترجمة في الادب العربي، ص٧٦.

[1]:جەمال نەبەز، وەرگێڕان هونەرە، ل٣.

لـە سـەرەتای ئـەم سەدەیەشـدا، بـە تایبـەتی دوای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی لەگـەڵ بڵاوبوونەوەی چاپ و چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانیی کوردی بزووتنەوەی وەرگێڕان زیاتر پەرەی سـەندو پێویسـتی ڕۆژنامـەوانیی وایکـرد بەشـێوەیەکی بـەرفراوان بڵاوبێتـەوە، وەك چـۆن چەندین هونەری ئەدەبی لە باوەشی ڕۆژنامەوانییەوە ڕسکان، پێویستی زانیـاری و هـەواڵی جیهانی و پەیوەندی کارلێکەرانەی نێوان میللەتانییش هونەری وەرگێڕانی ئەدەبی گەیانـدە ئاستێکی بەرز.

گۆڤاری هیوا لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، گرنگییەکی زۆری بە وەرگێڕانـی شـیعرو چـیرۆك و وتارو وتەی گەورە پیاوان داوەو بە دەگمەن ژمارەیـەکی گۆڤارەکـە هەیـە کۆمـەڵێ بابـەتی وەرگێڕاوی تیا نەبێت، وەرگێڕانەکان بە پلەی یەکـەم لـە زمـانی عـەرەبی و فارسـییەوەن، ئینجا ئینگلیزی و زمانانی ترەوەیە. ناوی چەند وەرگێڕێکـی چـاك بەرچـاو دەکـەوێت[1]، کـە وەرگێڕانەکانیان لە ئاستی دەقە ئەسلییەکان کەم بایـەختر نـین و توانیویانـە بـە سـەلیقەو زمانێکی پاراوەوە داهێنانی تێدا بکەن.

هەڵبژاردنی دەقەکانیش ڕادەی ڕۆشنبیری وەرگێڕەکان پیشـان دەدات٢. ئـەو دەقانـەی هەڵبژێردراون، شاکاری شاعیرو چیرۆکنووسـە مـەزن و ناسـراوەکانی جیهـانیـین و لـە زۆر نەتەوەی جیاوازن.٣ بەرهەمە وەرگێڕراوەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەمە چەشنەن: سیاسی و کۆمەڵایـەتی و مێـژوویی و ڕۆشـنبیریی و ئـابووری و هونـەرین. خـەباتی نەتـەوەیی و تێکۆشان لەپێناو ڕزگاری نیشتمان وای لە (حەمە) کردووە ئەم شیعرە بـەزمانێکی کـوردی پاراو لە عەرەبییەوە وەربگێڕێ:

---

[1]: لەوانە ناوی ئەو وەرگێڕانە بەرچاو دەکەوێ: حەسەنی قزڵجی و عبدالرزاق بیمارو فاتح عبدالکریم و محەمەدی مەلا کەریم و مستەفا ساڵح کەریم.

[2]: بۆ وەرگێڕی سەرکەوتوو بڕوانە: یوئیل یوسف عزیز واخرون، الترجمة الادبية، جامعة الموصل، ١٩٠٨١، ص١١، چاپی کوردییەکەی: وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس، ل٤٩–٥٨.

[3]: لەوانە: جبران خلیل جبران و خیام و شیلی و لۆرکاو مەکسیم گۆرگی و نازم حیکمت و ولیەم بلێك...بەڵام خەوشێکی گەورە لە بابەتە وەرگێڕاوەکاندا ئەوەیە زۆر جار ناوی نووسەری ئەسڵی و سەرچاوە ئەسڵییەکەو ئەو زمانەی لێی وەرگێڕراوە دەست نیشان نەکراوە.

بێبەزەیی وجدان

پەراگەندەی زۆرداران

گوندەکەمیان سووتاند

بێ شەرمانە

ئەو ترسنۆکانە

کە وەك مێش و مەگەز وانە

گوندەکەم ڕوخێنرای

گوندەکەم سووتێنرای[1]

خەباتی هاوبەشی میللەتان و وەستان دژی سیاسـەتی ڕەگەزپەرسـتی، کـە سـنووری بڕی بوو، (کامەران موکری)یش هەر بەهەڵبەست، ئەم هەڵبەسـتەی بوێـژی ئـەمریکی (مـاك کری)ی تەرجەمە کردووە: من ڕەشم وەك کینیا

ئەمرم لەرێی ئازادیا

وەك ڕەنگی شەوێکی ڕەش

با وڵاتی منی بێ بەش

وەك جەرگی ئەفریقاکەم

نیشتمانە بێ نەواکەم

ڕەنگم ڕەشە، پێستم ڕەشە

ئەم دەنگە هی قولە ڕەشە[2]

لە چوارینە بەرزەکانی خـەیام، کـە ناوەرۆکەکـەیان بـە دەوری مەیگێڕیدایـەو گوزارشـت کردن لە جیهـان بـە(هیچ) و تێڕوانینێکـی فەلسـەفیانەی عومـەری خەیامـە، شـێخ سـەلامی شاعیر بە شیعر وەریگێڕاوە:

بە هەوری نەورۆز گوڵ چاوی شۆریا

تـۆو پیـاڵە شەراب دامێنی چیا

---

[1] گوندەکەم فرمێسك مەرێژە، وەرگێڕانی حەمە، گ. هیوا، ژ١، س١، ل٢٩.

[2]: ماك کریا، من ڕەشم، وەرگێڕانی کامەران، گ. هیوا، ژ٢، س١، ل٣٦.

ئیمڕۆ تێر سەیری سەوزە گیا بکە

سبەی لەخاکت سەوز ئەبێ گیا١



**کامەران موکری**

لـە پـاڵ ئـەم شـیعرانەدا، ژمارەیـەکی زۆر وتـارو کورتـە چـیرۆك و ژیاننامـەی ئـەدیب و نووسەران و پیاوە مەزنەکانی جیهان لە گۆڤارەکـەدا وەرگێـڕدراون. وتـەی گـەورە پیـاوانی وەك (جمال الدینی ئەفغانی و جیڤەرسۆن و سوقرات و شکسـپیر و ڤـۆلتێرو کۆنفۆشـیوش و لیون تۆلستۆی و...هتد بڵاو کراوەتەوە، لەوانە:

– گەل بەبێ ڕەوەشت و خووی جوان سـەرناکەوێ، ڕەوشـت و خـووش بـەبێ ئیمـان و باوەڕ نابێ، ئیمان و باوەڕیش بەبێ تێگەیشتن نابێ. (مال الدینی ئەفغانی)٢

– ژیان لە وڵاتێك دا ڕۆژنامەی تیابێ و قانوونی تیا نەبێ خۆشترە، لەوەی لـە وڵاتێـك دا بژیم قانونی تیابێت و ڕۆژنامەی تیا نەبێت. (جێڤەرسۆن)٣

– پیاوی چاك ئەخوا بۆ ئەوەی بژی، پیاوی خراپ ئەژی بۆ ئەوەی بخوات. سوقرات

[1]: لە شیعری خیام، وەرگێڕانی سەلام، گ. هیوا، ژ٧، س١، ل٧٧.

[2]: وتەی بەجێ، گ. هیوا، ژ٣، س١، ل٢٠.

[3]: وتەی بەجێ، گ. هیوا، ژ٧، س٢، ل٢٠.

چـەندین وتـاری ئـەدەبی لـە زمانـە جیهانییەكانـەوە بـە خامـەی نووسـەرو وەرگێـڕە بەتواناكان تەرجەمەی كوردی كراون، لە وتارێكدا سەبارەت بە بابەتێكی زیندووی ئەدەبیی ئەو سەردەمە، ئەویش گێروگرفتەكانی ئەدەبی واقیعی وململانێی ئەو ڕێبازە لەگەڵ ڕێبـازە ئەدەبییەكانی دوای خۆی، وتارێكی بەنرخ لە لایـەن (احمـد عپمـان ابـوبكر)ەوە لـە زمـانی ئینگلیزییـەوە كـراوە بـە كـوردی و لـە چـوزەرەكانی واقیعیـەت لـە نووسـینەكانی ئـەنتۆن چیخۆف دەدوێ، كە چۆن ((نامەو چیرۆكەكانی دەوری زووی چیخۆف بەئاشكرا مەسئەلەی كامەرانی ئادەمیزاد و مەسئەلەی پەیوەندی شارەوانی و خوورەوشتی مرۆڤ لەنێو گەلەكەیا، ئەخەنـە بەرچـاو، بەرامبـەر بەمانـە، چـیخۆف ئەوەسـتێ نـەك وەك نووسـەرێكی (متشـائم) بـەڵكو وەك نووسـەرێكی پـڕ لـە بـەزەیی بەرامبـەر بـەمرۆڤی كـەم دەسـەڵات، كـەبێ دادی كۆمەڵەكەی چەوساندبیتەوەو، كەساسی كردبێت، ئـەو مرۆڤـەی كـە هـەروەك لـە ئەنجامـدا دەرئەكەوێت هیچ جۆرە دەردەسەری یەك سـەری پـێ شـۆڕ ناكـات و بـێ بـەری نابێـت لـە كامەرانی، چیخۆف بەم جۆرە وێنەی ئەم تەرحە مرۆڤانە ئەكێشـێت، ئەوانـەی كـە ئـەتوانن پشتی چەماوەیان ڕاست بكەنەوەو بەرگری كامەرانیی ژێر پێ كەوتوویان بكەن.))[1]

چیرۆك بەگشتی، خۆماڵی و وەرگێڕدراو، لە گۆڤـاری (هیـوا) دا شـوێنی سـەنگینی خـۆی هـەبووەو گۆڤارەكـە گۆشـەیەكی تایبـەتی بـە نـاوی (چـیرۆكی ژمـارە) كردبـووەوە، لـەو گۆشەیەدا لـەپاڵ چـیرۆكی چیرۆكنووسـانی كـورد ژمارەیـەكی زۆر چـیرۆكی چیرۆكنووسـە ناسراوەكانی جیهان بلاْودەكرانەوە، ئەمـەش هەوڵـدانێك بـوو بـۆ زیـاتر گەشـە پێـدانی ئـەو هونـەرەو ئاشـنا كردنـی نووسـەران بەتەكنیكـە هونەرییـە تازەكـانی جیهـانی چـیرۆك لـە دەرەوەدا، چیرۆكەكانی ئارسەر میللەرو ئەنتۆف چیخۆف وسۆمەرست مۆم، ڤیكتۆر هۆگۆ، ماكسیم گۆرگی و...هتد بلاْو كراونەتەوە.٢

---

١: ئەنتۆن چیخۆف و نووسینەكانی و گیروگرفتی واقعیەت، وەرگێڕانی احمد عوسمان، گ. هیوا، ژ٣٠، س٤، ل٧٨.

٢: لەسەرجەم ژمارەكانی گۆڤاری (هیوا) دا (٦٥) چیرۆك بلاْو كراوەتەوە كە (٢٢) چیرۆكیان وەرگێڕراون، بۆ نموونەی چیرۆكی وەرگێڕاو بڕوانە: گ. هیوا، ژمارەكانیساڵی یەكەم، ١، ٢، ٧، ٩، ١٢؛ ژمارەكانی ساڵی دووەم، ١٢،٤، (٦-٧)، ٨، (٩-١٠)، (١١-١٢)؛ ژمارەكانی ساڵی سێیەم، (٢-٣)، ٤، ٥؛ ژمارەكانی ساڵی چوارەم، ٣٠، ٣٣؛ ژمارەكانی ساڵی شەشەم، ٣٦، ٣٧.

بەم شێوەیە وەرگێڕان خەمی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بووەو داوایان کردووە ((تکا لەو نووسەرە بەڕێزانە ئەکەین ئەوانەی حەز ئەکەن نووسراوەکانیان لەم گۆڤارەدا بلاّوبکرێتەوە پەیڕەوی ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە بکەن:

١- بەپێی توانا بۆیان ئەکرێت نووسراوی تازەی عیلمی لە زمانە بێگانەکانەوە بگۆڕن بە کوردی بۆ ئەوەی سوودی گشتی ببێت.))١ بۆیە دەتوانین بلێین، ڕۆڵی گۆڤاری (هیوا) لە پێشخستن و گەشەکردنی وەرگێڕانییش لەژانرەکانی تر کەمتر نییە.

## ئەنجـــــام

١- گۆڤاری (هیوا)، کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و زانستی بووە، یانەی سەرکەوتن خاوەنی ئیمتیازی بووەو (٣٨) ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە یەکی لە تەمووزی ١٩٥٧ دەرچووەو سەرجەمی لاپەڕەکانی ئەو (٣٨) ژمارەیە (٣٠٠٥) لاپەڕەیە. لە ژمارەی (١)ەوە تاوەك ژمارە (٨)ی سالّی دووەم مودیری مەسئولی (حافف مصگفی قاچی) بووەو پاشان (د، هاشم دۆغرەمەچی) بووە بەمودیری مەسئول، زۆربەی ئەوانەی ئاماژەیان بۆ گۆڤارەکە کردووە بێ ئەوەی دوا ژمارەی ببینن، سالّی ١٩٦٣ یان نووسیووە، کەچی دوا ژمارەی (٣٨) لە حوزەیرانی ١٩٦٢ دا دەرچووەو لەسالّی ١٩٦٣ بڕیاری داخرانی گۆڤارەکە و یانەی سەرکەوتنی کوردان دراوە.

٢- ناوەرۆکی بابەتە بلاّوکراوەکانی ناو گۆڤارەکە لە سالاّنی بەر لە شۆرشی ١٤ تەمووزدا مۆرکی نەتەوەییان پێوە دیارە، کەچی دوای شۆرش بیری مارکسیزم - لینینزم و چەپگەری بەسەر بابەتەکاندا زالّە، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی بیری دەستەی نووسەران و هەڵسوڕێنەرانی گۆڤارەکەیە.

٣- ژمارەکانی بەر لە شۆرش ڕۆشنبیری گشتییە و بابەتی ئەدەبی و زانستی هەمە چەشنەی تیایەو لاساییەکی تەواوی گۆڤاری گەلاوێژی کردۆتەوە، کەبەر لەچەند سالێك لەپێش خۆی وەك گۆڤارێکی ئەدەبیو ڕۆشنبیریی دەرچووە، تەنانەت ناونیشانی گۆشە تایبەتییەکانیشی هەر بەو ناوانەوەیە، وەك: (گۆشەی تەندروستی) و (گۆشەی کشتوكالّ)

---

١: گ. هیوا، ژ١٠، س١، ل٧.

و (دیوانی هیوا) و (چیرۆکی ژمارە) و..هتد، بەڵام ژمارەکانی دوای شۆڕش بەتایبـەتی دوای ساڵێك، تایبەتن بەئەدەب و بابەتی زانستی بەدەگمەنیش بەرچاو ناکەوێت.

٤- گۆڤاری (هیوا) لە هەموو گۆڤارەکانی پێش خۆی زیاتر گرنگی بەپەخشان داوەو کـەمتر لای لـە شـیعر کردۆتـەوە. لـە بابەتـە هونەرییـەکانی پەخشانیشـدا، چـیرۆك و ژیاننامـەو وەرگێڕانـی ئـەدەبی و شـانۆی کـوردی و لەسـەرووی هەمووشـیانەوە ڕەخنـەی ئـەدەبی گرتۆتـەوە. هـەر لـە ژمـارە (٢)ی گۆڤارەکـەوە دەرگـای ڕەخنـەی کـردەوەو بابەتـە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤارەکەی بەکەسانی پسپۆڕ دەسپارد بۆ هەڵسـەنگاندنیان. ئەگـەر لـە گۆڤارەکانی پێش (هیوا) دا ڕەخنە تەنیا بـە دەوری شیعردا دەسووڕایەوە بـە سـەروەری هەموو هونەرەکانی تریـان دەزانـی، بـۆ یەکـەمجار ڕەخنـەی چـیرۆك لـە گۆڤـاری (هیـوا)دا گەشەیکردو بڵاوبووەوە، ئەمە بێجگە لەوەی لە گۆشەی چاپەمەنی تازەدا، ژمارەیەك کتێب و بڵاوکراوەی ئەو ڕۆژگارەی خستۆتە بەر تیشکی ڕەخنەی ئەدەبی.

٥- بـە هاوکـاریی دەوڵەمەنـدو ڕووناکبیرو نووسـەران و ئەنـدامانی یانـەی سـەرکەوتن لـە ڕۆژگاری ساڵانی کۆتایی ڕژێمی پاشایەتی و حەزو تامەزرۆی وشەی کوردی وەك هوشیاری و چەکی نەتەوەیی گۆڤارەکە مانگانە بەرێك و پێکـی دەردەچـوو، بـەڵام دوای شۆڕشـی ١٤ی تەمووز بەهۆی زۆربوونی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی و پەرت و بڵاوبـوونی نووسـەران بەسـەر زۆر لەشارەکانی کوردسـتاندا و ململانـێ و جیـاوازی ئایـدیۆلۆژیای نووسـەرانی گۆڤارەکـەو نەبوونی توانای ماددی گۆڤارەکە وردە وردە لاپەڕەکانی کەم بۆتەوە بەرێکی دەرنەدەچوو تا لەگەڵ ئینقلابی (٨) شوباتی بەعسییەکاندا لەگەڵ چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری دی کـوردی داخرا.

٦- گۆڤـاری (هیـوا) لەنەخشـەی بڵاوکردنەوەیـدا پشـتگیری بابـەتی نـوێی کـردووە هـانی گەنجەکانی ئەو ڕۆژگـارەی دەدا ڕوو لەهونـەرەکانی پەخشـان، بەتایبـەتی چـیرۆك و شـانۆ بکەن، هەندێ لەی چیرۆکنووسە دیارەکانی ئێستا لەئەدەبی کوردیدا بۆ یەکەمجار گۆڤـاری (هیوا) چیرۆکی بۆ بڵاوکردونەتـەوە، وەك (فرمێسـکی پەشـیمانی) مسـتەفا سـاڵح کـەریم و (پەنجا فلس)ی محەمەد مەولود (مەم) و هی دی لە هەمان کاتدا لە بڵاوکردنـەوەی شـیعری کلاسییزم و ڕۆمانسییزمیشدا درێغی نەکردووەو هاوسەنگییی خستبووە نێوان کۆن و نوێ و

نەوەی نوێ و چێژی كۆن، بۆیە پیرو گەنج و هەموو چین و توێژەكان نووسینیان لـەگۆڤاری (هیوا)دا بلاو كردۆتەوە.

گۆڤاری (هیوا) ئیمتیازەكەی سیاسیی نەبوو، بەلام نەیتوانیوە خۆیشـی دوورەپـەرێز لـە سیاسـەت بگرێـت، بـە تایبـەتی لـە دوای هەلگەڕانـەوەی عبـدالكریم قاسـم لـە بەلێنـەكانی. هەلوێستی دژایەتیكردنی شۆرشی ئەیلول و سیاسەتی كورد تواندنەوە، دەستەی نووسەران و باوەڕپێكراوی یانەی سەركەوتن بەرپەرچی وتارە نەیارەكانی دژ بەگەلی كوردی ڕۆژنامەی (الپورە)یان داوەتەوەو هەلوێستی جوامێرانەیان نواندووە.

٨– تا دەرچوونی گۆڤاری (هیوا) هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێكی زانستیی بە زمانی كوردی نەبوو، بۆیـە (هیـوا) بـۆ پڕكردنـەوەی ئـەو كەلێنـە لـە ڕۆشـنبیریی كوردیـدا، لـە پـاڵ بابەتـە ئەدەبییەكاندا ژمارەیەكی زۆر وتاری زانستی هەمەجۆری بـلاو كـردەوەو تەنانـەت گۆشـەی تایبەتی بۆ زانست لەژێر ناوی (زانست و ژیان) دا بلاوكردەوە.

٩– شـیعرە سیاسـییەكانی (كامـەران) لەسـەر گۆڤارەكـە ئەوەنـدەی دی گیـانی خـەبات و شۆڕشگێڕییان لای خەلكی كوردستان گەشە پێدەدا.

١٠– گۆڤاری (هیوا) تین و تاوێكی دیدا بەهونەری وەرگێڕان و بۆ ئاشنا كردنی نووسەران لە جوولانەوەی ئەدەبی لە جیهان داو ناساندنی ئەدەبی نووسەرە جیهانییـەكان بەخوێنـەرانی ئەو ڕۆژگارە گرنگییەكی تایبەتی بەوەرگێڕان دەدا.

١١– ئەدەبی فۆلكلۆریی كـوردی لـە لاپـەڕەكانی گۆڤـاری (هیـوا) دا شـوێنی دیـاری هەیـە، دیارە ئەمە لەئەنجامی هوشیاری و پەی بردنە بەو ڕاستییەی، كە فۆلكلۆر گیانی نەتەوەیەو ئەدەبی نووسراویش لەوەوە سەرچاوەی هەلگرتووە، بۆیە گۆڤارەكە لـە بـواری فۆلكلـۆردا، بـە تایبـەتی پەنـدو قسـەی نەسـتەق و گالتـەو گەپـدا، ویسـتویەتی چـەندین ناهـەمواری كۆمەلایەتی دەربڕێت و بەشداری لە چاك كردنیاندا بكات.

١٢– ئەگەر سەرەتاكانی ڕێبازی ڕیالیزم لە شیعری كوردیدا لە گۆڤاری (گەلاوێـژ) سـەریان هەلدا، ئەوا لە گۆڤاری (هیوا)دا گەشەی كردو لاپەڕەكانی ئـەو گۆڤـارە بوونـە زەمینەیـەكی پتەو بۆ پێشخستن و بەرەو پێشەوە بردنی ئەو ڕێبازە ئەدەبییە لە ئەدەبی كوردی بەگشتی و شیعری كوردی بە تایبەتی و زۆر شاعیری پێگەیاند.

# سەرچاوەکان

**١- کتێب:**

**أ- بە زمانی کوردی:**

١- ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، ٢، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٢.

٢- ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نووسینی هەژار، ئەنستیتۆتا کوردی یا پاریسێ، ١٩٨٩.

٣- د. ئەمین علی سعید و د. کامل حسن عزیز البصیر، وەرگێڕان زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٠.

٤- ئەمین فەیزی، ئەنجوومەنی ئەدیبان، تۆژینەوەی لیژنەی وێژەو کەلەپوور، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٣.

٥- ئیسماعیل حەقی شاوێس، قسەی پێشنان – گۆستاو لۆیۆن، بەغدا، ١٩٣٣.

٦- ئینجیلی لۆقا، بەزمانی کوردی شێوەی سۆرانی، چاپی سوید، ١٩٩٠.

٧- باریو، یادگاری یانەی سەرکەوتن، ژمارە (٢)، پەیامی تبرعات، هەیئەتی ناوچەی یانەی سەرکەوتن، چاپخانەی نجاح، بەغدا، ١٩٤٣ – ١٩٤٤.

٨- بەیدەبا، کەلیلەو دیمنە، وەرگێڕانی عومەر تۆفیق، چ٢، چاپخانەی بابل، بەغدا، ١٩٧٥.

٩- پیرەمێرد، گالتەوگەپ، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٤٧.

١٠- د. جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، بەغدا ١٩٨٧.

١١- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣.

١٢- جەمال نەبەز، وەرگیڕان هونەرە، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٥٨.

١٣- حەسەن جاف، کامەران موکریی چیرۆکنووس، چاپخانەی سومر، بەغدا، ١٩٨٨.

١٤- حەسەن قزلّجی، پێکەنینی گەدا، چ٢، چاپخانەی علاء، بەغدا ١٩٨٥.

١٥- حەمە سەعید حەمەکەریم، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، بەغدا، ١٩٨٦.

١٦- حسین حوزنی موکریانی، خۆشی و ترشی – بزنۆکەو مەڕۆکە، چ٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٤.

١٧- حسين عارف، چیرۆکی هونەری کوردی، ١٩٢٥ - ١٩٦٠، دار الحريه، بەغدا، ١٩٧٧.

١٨- خانای قوبادی، خوسرەو شیرین، محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

١٩- خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی الجاحڤ، بەغدا، ١٩٨٩.

٢٠- دیوانی بێکەس، محمدی مەلا کەریم ڕێکی خستووەو سەرەتای بۆ نووسیوە و سەرپەرشتی لە چاپدانی کردووە، چ٣، بەغدا، ١٩٨٦.

٢١- دیوانی پیرەمێرد، ب١، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی فائق هوشیارو کەسانی تر، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٩٠.

٢٢- دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار میران و کەریم مستەفا شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦.

٢٣- دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوەو پێشەکی بۆ نووسین، ئومێد کاکەڕەش، چ٢، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا، ١٩٩١.

٢٤- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، عەلی تاڵەبانی، بەغدا، ؟.

٢٥- دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردوەتەوەو ساغی کردوەتەوەو لەسەری نووسیوە، ب١، بەشی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٥.

٢٦- دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردوەتەوە و ساغی کردوەتەوەو لەسەری نووسیوە، ب١، بەشی دووەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.

٢٧- دیوانی گۆران، محمدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نوسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، ١٩٨٠.

٢٨- دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس (کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینی)، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٦١.

٢٩- ڕەشید فندی، عەلی تەرماخی ئێکەمین ڕێزمان نڤیس و پەخشان نڤیسی کوردە، بەغدا، ١٩٨٥.

٣٠- ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، بەغدا، ١٩٥٦.

٣١- ڕەفیق حیلمی، یادداشت، ب(١،٢) چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨.

٣٢- زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چ٨، مطبعة التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٥.

٣٣- زێوەر، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، محمدی مەلا کەریم هێناویەتە سەرشێوەی نووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، چاپخانەی شركة مطبعة الاديب، بەغدا، ١٩٨٥.

٣٤- د. شاکر خەسباك، کوردو مەسەلەی کورد، وەرگێڕی لە عەرەبییەوە ئەمین موتابچی، چاپخانەی کامەران، سلەیمانی، ١٩٦١.

٣٥- شاکر فتاح، خەباتی ڕۆشنبیران، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٤.

٣٦- د. شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.

٣٧- د. شوکریە ڕەسووڵ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ و جەلال تەقی لە ڕووسییەوە کردوویانە بە کوردی، شركة مطبعة الاديب البغدادية بغداد، ١٩٨٤.

٣٨- د. شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مگابع التعليم العالی، هەولێر، ١٩٨٩.

٣٩- صادق بهاوالدين ئامێدی، هۆزانڤانێت کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.

٤٠- صەباحی غالب، ئافرەت لەچیرۆکی کوردی دا ١٩٢٥-١٩٧٠، دار الحريه للگباعه، بغداد، ١٩٧٩.

٤١- عبدالجبار محمد جباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٠.

٤٢- عبدالخالق علاءالدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، مطابع دار الحرية، بەغدا، ١٩٨٥.

٤٣- عبدالرحمن عبدالله، تەندروستی گشتی، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)- بەغدا، ١٩٧٢.

٤٤- عبدالله احمد ڕسول پشدەری، یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا، ١٩٩٢.

٤٥- عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٧.

٤٦- علاوالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، بەغدا، ١٩٧١.

٤٧- عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردیی، ١٩٢٠-١٩٦٩، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.

٤٨- د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی عةلاء، بەغدا، ١٩٧٩.

٤٩- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، شیعری کوردی، ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، ب١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.

٥٠- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، مطبعة التعلیم العالي، هەولێر، ١٩٨٩.

٥١- غەفوور میرزا کەریم، تەقەللایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە کوردستانداو کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٥.

٥٢- کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ب١، چ٢، بەغدا، ١٩٨٠.

٥٣- کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، بەشی یەکەم، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.

٥٤- د. کامل حسن عزیز البصیر، شێخ نوری شێخ ساڵح لە کۆڕی لێکۆڵینەوە وێژەیی و ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.

٥٥- د. کامل حسن عزیز البصیر، ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوی کردن، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣.

٥٦- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.

٥٧- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، چاپخانەی (دار افاق عربیة)، بەغدا، ١٩٨٣.

٥٨- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الادیب البغدادیة، بەغدا، ١٩٨٥.

٥٩- کەمال مەمەند، چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا، ١٩٨١.

٦٠- کوردی و مەریوانی، یاری، چاپخانەی دار السلام، بەغدا، ١٩٣٢.
٦١- گۆران، بەهەشت و یادگارو فرمێسك و هونەر، چ٢، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧١.
٦٢- د. مارف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغدا، ١٩٦٢.
٦٣- د. مارف خەزنەدار، دەستووری زمانی عەرەبی بەکوردی عەلی تەرەماخی، چاپخانەی دار الزمان، بەغدا، ١٩٧١.
٦٤- د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، بەغدا، ١٩٧٧.
٦٥- د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە، چاپخانەی المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤.
٦٦- محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، چ٢، سلێمانی، ١٩٧١.
٦٧- د. محمد نوری عارف، تێکستی ئەدەبی کوردی، بەشی دووەم، زانستگای سلێمانی، ١٩٨١.
٦٨- محمود ئەحمەد، جوان، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٠.
٦٩- مستەفا نەریمان، بیرەوەریەکانی ژیانم، دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٩٤.
٧٠- م. أ. خەلفین، خەبات لەرێی کوردستانا، وەرگێڕانی جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.
٧١- هۆنراوەی شێخ نوری شێخ ساڵح، پێشەکی کامەران موکری، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٥٨.
٧٢- یۆئیل یوسف عەزیز و کەسانی تر، وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی غازی فاتح وەیس، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.

**ب – بە زمانی عەرەبی**

١. د. احسان عباس، فن السيرة، ط٢، دار الثقافة، بيروت، ١٩٥٦.
٢. احمد كمال زكي، النقد الادبي الحديث اصوله واتجاهاته، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨١.
٣. احمد مرسي، مقدمة في الفولكلور، ط٢، دار الثقافة، القاهرة، ١٩٨١.

٤. ادمون غريب، الحركة القومية الكردية، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣.
٥. ارسطو طاليس، فن الشعر، ترجمة عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت ١٩٧٣.
٦. ارنست فيشر، الاشتراكية والفن، ترجمة اسعد حليم، بيروت، ١٩٧٣.
٧. الكزندر هجرتي كراب، علم الفولكلور، ترجمة رِشدي صالح، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧.
٨. انيس المقدسي، الفنون الادبية واعلامها في النهضة العربية الحديثة، ط٢، دار العلم للملايين، بيروت ١٩٧٨.
٩. جعفر عباس حميدي، التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣ – ١٩٥٨، بغداد، ١٩٨٠.
١٠. جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧١.
١١. د. جميل نصيف التكريتي، المذاهب الادبية، ط١، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.
١٢. د. جورج حجار، نحو اخوة عربية كردية، دار القدس، بيروت، ١٩٧٥.
١٣. د. جهاد مجيد محىالدين، العراق والسياسة العربية ١٩٤١ – ١٩٥٨، منشورات مركز دراسات الخليج العربي بجامعة البصرة، (١٤٦)، بغداد، ١٩٨٠.
١٤. د. حامد محمود عيسى علي، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، جامعة قناة السويس، مكتبة مدبولي، ١٩٩٢.
١٥. حسين رِامز محمدرضا، الدراما بين النظرية والتطبيق، المؤسسة العربية للدراسات النشر، بيروت، ١٩٧٢.
١٦. حسين عارف، عشرون قصة كردية، منشورات مجلة كاروان (١)، دار افاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.
١٧. د. حلمي مرزوق، الرومانتيكية والواقعية في الادب (الاصول الايديولوجية) دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٣.
١٨. حنا الفاخوري، تأريخ الادب العربي، ط٧، بيروت، بلا ١٩٤٢.
١٩. د. داود سلوم، النقد الادبي، القسم الثاني، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٨٦.

٢٠. د. سالم احمد الحمداني، مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، جامعة الموصل، ١٩٨٩.

٢١. سمير مرزوق وجميل شاكر، مدخل الى نظرية القصة تحليلا وتطبيقا، بغداد، ١٩٨٦.

٢٢. ش. ج. اشيريان، الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق ١٩٦١ – ١٩٦٨، ترجمة ولآتو، بيروت، ١٩٧٨.

٢٣. د. شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، منشورات الثقافة الجديدة، بغداد، ١٩٥٩.

٢٤. د. شوقي ضيف، في النقد الادبي، ط٧، دار المعارف، بمصر، القاهرة، ١٩٦٢.

٢٥. صادق حسن السوداني، لمحات موجزة عن تأريخ نضال الشعب العراقي، الموسوعة الصغيرة (٤٥)/ بغداد، ١٩٧٩.

٢٦. عبدالرزاق الحسني، الاسرار الخفية في حوادث السنة ١٩٤١، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٨٥.

٢٧. عبدالرزاق الحسني تاريخ الوزارات العراقية، ج١٠ – ط٧، بغداد، ١٩٨٨.

٢٨. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، القاهرة، ١٩٦٥.

٢٩. د. عزالدين اسماعيل، الادب وفنونة، ط٧، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٧٨.

٣٠. د. عزالدين مصطفة رِسول، الواقعية في الادب الكردي، بيروت، صيدا، ١٩٦٦.

٣١. د. عزلدين مصطفة رِسول، حول الصحافة الكردية، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.

٣٢. د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، بيروت، ١٩٧٠.

٣٣. د. علي جواد الطاهر، خلاصة في مذاهب الادب الغربي، الموسوعة الصغيرة (١٢١)، بغداد، ١٩٨٣.

٣٤. د. عماد احمد الجواهري، نادي المثنى واجهات التجمع القومي في العراق ١٩٣٤ – ١٩٤٢، مطبعة دار الجاحظ، ١٩٨٤.

٣٥. د، عماد حاتم، مدخل الى تأريخ الاداب الاوربية، الدار العربية لكتاب، ليبيا، تونس، ١٩٧٩.

٣٦. عمر الدسوقي، نشأة النثر الحديث وتطوره، القاهرة، ١٩٦٢.

٣٧. غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب علسا، ط٢، بيروت، ١٩٨٤.

٣٨. د. فائق مصطفى والدكتور عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحديث منطلقات وتطبيقات، الموصل، ١٩٨١.

٣٩. د. فاضل حسين واخرون، تأريخ العراق المعاصر، بغداد، بلا.

٤٠. فان تيغم، الرومنطيقية، ترجمة بهيج شعبان، بيروت، ١٩٥٦.

٤١. د. كمال مظهر احمد، صفحات من تأريخ العراق المعاصر، دراسات تحليلية، بغداد، ١٩٨٧.

٤٢. ل. ن. كاتلوف و أ.فد تشنكو، تأريخ الاقطار العربية المعاصر ١٩١٧ – ١٩٧٠، الجزء الاول، اكاديمية العلوم في الاتحاد السوفيتي، معهد الاستشراق، دار التقدم، موسكو، ١٩٧٥.

٤٣. ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، دار الرشيد، بغداد، ١٩٧٩.

٤٤. ليليان فرست، الرومانسية، ترجمة د. عبدالواحد لؤلؤة، موسوعة المصطلح النقدي (٢)، بغداد، ١٩٧٨.

٤٥. د. محمد الجوهري، علم الفولكلور، دراسة في الانثروبولوجيا الثقافية، ج١،ط٢، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٨.

٤٦. د. محمد حسن عبدالله، فنون الادب، دار الكتب الثقافية، ط٢، كويت، ١٩٧٨.

٤٧. محمد عبدالغني حسن، فن الترجة في الادب العربي، الدار المصرية للتأليف والترجمة، القاهرة، ؟.

٤٨. د. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٧.

٤٩. د. محمد مندور، الادب ومذاهبه، ط٢، مطبعة النهضة بمصر، القاهرة، ١٩٥٧.

٥٠. محمد مهدي كبة، مذكراتي في صميم الاحداث، ١٩١٨ – ١٩٥٨ بيروت، ١٩٦٥.

٥١. محمد يوسف نجم، فن المقالة، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت ١٩٥٧.

٥٢. محمود الدرة، القضية الكردية، ط٢، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦.

٥٣. معروف جياوك، القضية الكردية، مطبعة الاستقلال، بغداد، ١٩٢٥.

٥٤. معروف خزندار، موجز تأريخ الادب الكردي المعاصر، ترجمة عن الروسية الدكتور عبدالمجيد شيخو، بيروت، ١٩٩٣.

٥٥. منذر الموصلي، عرب واكراد رِؤية عربية للقضية الكردية، دار الغصون، بيروت، ١٩٨٦.

٥٦. منير بكر، اساليب المقالة وتطورها في الادب العراقي الحديث والصحافة العراقية، ط١، مطبعة دار الارشاد، بغداد، ١٩٧٦.

٥٧. د. ناصر الحاني، المصطلح في الادب الغربي، منشورات دار المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٨.

٥٨. نبيل زكي، الاكراد، الاساطير والثورات والحروب، مطبوعات كتاب اليوم (٨)، مطبعة مؤسسة اخبار اليوم، القاهرة، ١٩٩١.

٥٩. ويليام، ك. ويمزات وكلينث بروكس، النقد الادبي تأريخ موجز النقد الكلاسي، ترجمة: د. حسام الخطيب ومحىالدين صبحي، مطبعة جامعة دمشق، ١٩٧٣.

٦٠. هادي حسن عليوي، عبدالكريم قاسم الحقيقة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠.

٦١. يوئيل يوسف عزيز واخرون، الترجمة الادبية، جامعة الموصل، ١٩٨١.

٦٢. يوجين، أ. نيدا، نحو علم الترجمة، ترجمة ماجد النجار، بغداد، ١٩٧٦.

٦٣. يوري سوكولوف، الفولكلور قضاياه وتأريخه، ترجمة حلمي شعراوي وعبدالحميد حواس، القاهرة، ١٩٧١.

**پ. بەزمانی فارسی:**

١. حسن ارفع، كردها ويك بررسى تأريخى وسياسى، چاپ دانشگده اكسفرد، تهران، ١٩٦٦.

٢. دكتر خليل خطيب رهبر، گزينه نپر فارسى، بخش سوم، چ پنجم، انتشارات صفى عليشاه، تهران، ١٩٥٥.

٣. كرد در دائره المعارف اسلام، ترجمه اسماعيل فتاح قاضي، مركز نشر وفرهنگ وادبيات كردى، انتشارات صلاح الدين ايوبى، چاپ اول، اروميه، ١٣٦٧.

٤. كليات خمسه حكيم نقام گنجه‌اى، انتشارات امير كبير، تهران، تيرماه، ١٣٤٤.

٥. محمد تقى بهار (ملك الشعرا)، سبك شناسى يا تاريخ تطور نثر فارسى، جلد ٢، چاپ سوم، تهران، اژرماه، ١٣٤٩.

٦. دكتر محمد مكرى، گۆرانى يا ترانه‌هاى كردى، كتابخانه دانش، تهران، ١٣٢٩.

٧.وحيد دستگردی، ديوان باباطاهر عريان، چ٢، مؤسسة مطبوعاتي امير كبير، تهران، ١٣٣٣.

٨. يشار كمال افسانه اغری، ترجمه ڕحيم ڕئيس نيا، انتشارات دنيا، تهران، ١٣٣٦.

**ت- بەزمانی ئینگلیزی**

1- Classical Literary Criticism, Translated with An Introduction by T.S Dorsch, pengun Books. 1965.

2- S.H. Longrigg, IRAQ, 1900 to 1950, Oxford University press, 1968.

1- Thomas bois, The kurds، Translated from the French by profesor M.W.Welland, Beirut, 1960.

2-

**ج – بە زمانی ڕووسی**

١– مارف خەزنەدار، بەکورتی مێژووی ئەدەبی کوردی تازە، مۆسکۆ، ١٩٦٧,

٢– م. م. ڕۆزینتالیا، فەرهەنگی فەلسەفی، مۆسکۆ، ١٩٧٥.

**٢- نامەی ماجستێرو دوکتۆرا**

أ – بە زمانی کوردی:

– طالب محمد، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەچیرۆکەکانی محەمەد مەولوود (مەم)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٣، (نامەی ماجستێر).

– عەزیز عەبدوللا گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٤، (نامەی ماجستێر).

– محمد دلێر امین محمد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٨٩، (نامەی ماجستێر).

– محمد فاضل مصطفی، ژیان و بەرهەمی زێوەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٩، (نامەی ماجستێر).

**ب – بە زمانی عەرەبی:**

١. حسن علي عبدالله، الموقف الرسمي والشعبي العراقي من تطور الاحداث السياسية في مصر ١٩٥٢–١٩٥٦، جامعة البصرة، ١٩٨٦، (رسالة ماجستير).

٢. خالد محسن محمود الراوي، تأريخ الحركة العمالية في القطر العراقي ١٩٦٨ – ١٩٧٥، بغداد ١٩٨٠، (رسالة ماجستير).

٣. صالح حسين الجبوري، ثورة ٨ شباط ١٩٦٣ في العراق دراسة في التأريخ السياسي (اسبابها- مقدماتها- قيامها)، معهد الدراسات القومية والاشتراكية، بغداد، ١٩٨٦، (رسالة ماجستير).

٤. عبدالجبار كريم حمادي، الصحافة العراقية واثرها في تطور الشعر العراقي الحديث، جامعة بغداد، ١٩٨٣، (رسالة ماجستير).

٥. عبدالواحد موسى الحصونة، الحركة الطلابية العراقية ودورها في النضال الوطني والقومي ١٩٤٧-١٩٦٣، جامعة بغداد، ١٩٨٣، (رسالة ماجستير)

٦. قدام سعيدة، المقالة في الادب الجزائري الحديث ١٩٣١-١٩٥٦، جامعة بغداد، ١٩٨٥، (رسالة ماجستير).

**٣- گۆڤار و ڕۆژنامە:**

أ – بە زمانی کوردی:

١- گ. بەیان، ژ٢، ١٩٧٠.

٢- گ. پێشکەوتن، ژ١، س١، ١٩٥٨" ژ٢١، س١، ئابی ,١٩٥٨

٣- گ. ڕوناهی، ژ١، س١، ,١٩٦٠

٤- گ. ڕۆژی کوردستان، ژ١، س٢، ئابی ١٩٧٢.

٥- گ. ڕۆژی نویٚ، ژ٧، س١، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠" ژ٣، س٢، حوزەیرانی ١٩٦١.

٦- گ. ڕۆشنبیری نویٚ" ژ(١٠٣-١٠٤)، ١٩٨٤" ژ(١٠٣-١٠٤)، ١٩٨٤" ژ١٠٥، ١٩٨٥" ژ١٠٨، ١٩٨٥" ژ١١٣، ١٩٨٧" ژ١١٧، ١٩٨٨" ژ١٢١، ١٩٨٩" ژ١٢٣، ١٩٨٩" ژ١٣٠، ١٩٩٣" ژ١٣٤، ,١٩٩٤

٧. گ. کاروان، ژ١، س١، تشرینی یەکەمی ١٩٨٢" ژ٨٠، س٨، ,١٩٨٩

٨. گ. کاروانی فۆلکلۆر، ژ١، س١، ,١٩٩٠

٩. گ. کۆڕی زانیاری کورد، ب٥، ١٩٧٧" ب٦، ١٩٧٨" ب٨، ,١٩٨١

١٠. گ. کۆلیجی ئەدەبیات، ژ١٨، ,١٩٧٤

١١. گ. گەلاوێژ، ژ٧، س١، حوزەیرانی ١٩٤٠" ژ٣، س ٩، مارتی ,١٩٤٨

١٢. گ. لاوك، ژ١، س١، ,١٩٩٢

١٣. گ. نووسەری کورد، ژ ٦، مارت و نیسانی ١٩٧٢" ژ ١٢، ١٩٧٥" ژ ٦، ١٩٨١" ژ٤، خولی سییەم، ١٩٨٦,

١٤. گ. هیوا، هەموو ژمارەکانی ١٩٥٧–١٩٦٢، (٣٨ ژمارەیە).

١٥. گ. وان، ژ٣، ١٩٩٢,

١٦. گ. یادگاری لاوان، ژ١، ١٩٣٣,

١٧. ڕۆژنامەی ئازادی، ژ٢، س١، یەکشەممە، ١٩٥٩/٥/١٠" ژ٥٠، س١، ١٩٥٩/١٢/٢٨" ژ٢، س٢، ١٩٦٠/٥/٥,

١٨. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ٦٤، خوولی دووەم، ١٩٩٣/٣/٧,

١٩. ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٤٠، ١٩٩٤/٩/١١" ژ٢٠٤٥، ١٩٩٤/٩/١٨" ژ٢٠٥١، ١٩٩٤/٩/٢٥,

٢٠. ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق، ژ٥، ١٩٧٧/٧/٢١"ژ(١٢–١٣)، ١٩٧٨,

٢١. ڕۆژنامەی خەبات، ژ١٣، ١٩٥٩/٧/٦" ژ١٥، س١، ١٩٥٩/٧/٢٦" ژ٢٣، س١، ١٩٥٩/٧/٣١" ژ٣٢٠، س٢، ١٩٦٠/٩/٢٣,

٢٢. ڕۆژنامەی ڕووناکی، ژ٢٩٠، ١٩٦٩/١٠/٣,

٢٣. ڕۆژنامەی ژیان، ژ٢٠، س١، ١٩٢٦/٦/١٠,

٢٤. ڕۆژنامەی ژین، ژ١١٠٣، س٢٧، ١٩٥٢/٦/١٢" ژ١١٠٤، س٢٧، ١٩٥٢/٦/١٩" ژ١١٤٨، مایسی ١٩٥٣" ژ١١٤٩، مایسی ١٩٥٣" ژ١٢٧١، س٣٠، ١٩٥٥/١١/٣" ژ١٢٧٣، س٣٠، ١٩٥٥/١١/١٧" ١٣٥٢، س٣٢، ١٩٥٧/٧/١٨,

٣٤. ڕۆژنامەی کوردستان، هەموو ژمارەکانی ١٨٩٨– ١٩٠٢، د.کەمال فوئاد، بەغدا، ١٩٧٢,

٢٥. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٤١٤، س٢، ١٩٩٣/٦/١٦,

٢٦. ڕۆژنامەی نەورۆز، ژ١٥، س٢، ١٩٦٠/٢/١٣,

٢٧. ڕۆژنامەی هەولێر، ژ١٠٤، س٣، ١٩٥٣/١/٢٧,

٢٨. ڕۆژنامەی هەولێر، ژ(٢، ٣)، ١٩٩٢/١٢/٣١.

ب. بەزمانی عەرەبی

١. مجله الپقافه الجدیده، ع ٣، السنه التاسعه، ١٩٨٩,

٢. مجله الپقافه الجدیده، ع ٣، ١٩٦٩,

٣. مجله الاقلام، ع ١٢، ١٩٨١,

٤. مجله دراسات كرديه، ع ١، السنه الاولى، ١٩٨٤,

٥. جريده الاتحاد، ع ٩٠، السنه الپانيه، ١٩٩٤,/٧/٢٠

٤. دەسنووس و دیدارو نامە

١. مەولوود نامەی شێخ حوسەینی قازی (دەسنووس).

٢. دیداری د.مارف خەزنەدار لەرۆژی ١٩٩٤/١١/٤ لەهەولێر.

٣. دیداری د.محمد محمد نوری عارف لە ١٩٩٤/١٠/١ لەهەولێر.

٤. دیداری محمد ڕشدی دزەیی (مەمی زەڕ) لە ١٩٩٤/١١/٨ لەهەولێر.

٥. مستەفا سلێمان (ئەندازیاری خانەنشین) لە ١٩٩٤/٩/١٣ لەسلێمانی.

٦. نامەی تایبەتی کامل ژیر لە ١٩٩٤,/٩/١٤

٧. نامەی تایبەتی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە ١٩٩٤,/٩/١٧

٨. نامەی تایبەتی محمد نوری توفیق لە ١٩٩٤,/٩/٢٠

٩. نامەی تایبەتی عبدالرزاق بیمار ١٩٩٧.

١٠– نامەی تایبەتی د.نەسرین فەخری

**٥. ئینسکلۆپیدیاو بیبلۆگرافیاو فەرهەنگ**

1- The New Encylopaedia Briatannica، Macropaedia، Vol: 4، 15th Edition، 1973 - 1974.

2- The Encylopaedia of Islam، Vol: V، 1981.

3- Webster’s، Third New Interantional Dictionary of the English Language Unabridgod، Editor in Chief Philip Bobcook Gove، Vol -1-، U.S.A، 1966.

٤. نەریمان، بیبلۆگرافیای دووصەد ساڵی کتێبی کوردی ١٧٨٧–١٩٨٦، بەغدا، ١٩٨٨.

٥. حســـن عميـــد، فـــرهنگ عميـــد، چ ٥، انتشـــارات امـــير كـــبير، تهـــران، ١٣٦٣.

# پاشکـــۆ

## (١) نامەی مامۆستا کامل ژیر



چۆنیەتی پەیوەندیی من لەگەڵ گۆڤاری (هیـوا)دا ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو گـرەوەی سـاڵی ١٩٥٧ ساز کرا بـۆ جـوانترین هەڵبەسـت لەسـەر بـەهاری کوردسـتان.. ئـەو کاتـە مـن دوور خراوەیەکی سیاسی بووم لە ئەبوغرێب. لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (ژین)ەوە هەواڵەکەم زانی و بە دەنگ گرەوەکەوە چووم، کاتێ نامەی لیژنەی سەرپەرشتیی گرەوەکەم بۆ هـات و مـژدەی ئەوەی تیا نووسرابوو کە هەلبەستەکەی من بە یەکەم دەرچـووە، خـەم و پـەژارەی (دەس بەسەر)ییەکەی ڕەواندەوە. بە تایبەتی ئەو کاتە تەنها ٣ ساڵ بوو بە هەلبەست کاری ئاشنا بووم.

هەرچەندە ئەو کاتە بۆ من چوونە بەغدا قەدەغە بوو، بەڵام لە نێوان ئیمـزای بـەیانیان و ئێواران دا سەری بەغدام هەر ئەدا.

ڕۆژی دیاریکراویش بۆ وەرگرتنی خەڵاتی یەکەمییەکە چووم بۆ شوێنی دیاریکراو، لـەوێ لـەڕێو ڕەسمێکـی تایبەتیـدا ئەنـدامانی لیژنەکـە مامۆسـتایان ڕشـید عـارف و علاوالـدین

سەجادی و انور صائب و شەماڵ صائب خەڵاتەکەیان پێ بەخشیم هەر لەوێ مامۆستا ڕشید عارف کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرییانەی سەرکەوتن بوو لـە بەغـداد، وتـی: یانەکـەمان ڕەزامەندیی گۆڤارێکی وەرگرتووە بە ناوی (هیوا)وەو ئێستا کە تۆمان ناسی پێمان خۆشـە تۆ سەرپەرشتی دەرکردنی بکەیت. مامۆستا شەماڵ صائبیسـش ڕووی ئـەوەی لـێ نـام کـە گۆشەیەکی ئەدەبی لە ئێزگەی کوردیی بەغدا وەرگـرم.. هـەردوو داواکـەم پەسـند کـرد بـێ ئەوەی ئەوە بدرکێنم کە من دوور خراوەیەکی سیاسیم! !

کاتی دەس بەکار بووم، ڕوانیم مامۆستا (کریم زانستی)یش بۆ هەمان مەبەست ڕووی لێ نـراوە. پێکـەوە نەخشـەی کارمـان کێشـاو مـانگی تـەمووزی ١٩٥٧ ژمـارە (١)مـان خسـتە بەردیـدەی خوێنـەرانی ئـازیزەوە. مامۆسـتا کـەریم بـەزۆری کـاری ئیـداری و ژمێریـاری و سەرپەرشتیی چاپی گرتە ئەستۆی خۆی. دوای ماوەیەك برای خۆشەویست و دڵسۆزم محمد نوری عارف (د. محمد محمد نوری عارف) هاتە پاڵمان و ئەویش دەس بەکار بوو لەگـەڵمان دا چەند مانگێکیش خوشکی بەڕێزم نەسرین خان (د. نسرین فخری) کاری لەگەڵ دا کردین.

بەڵام مامۆستا کریم زانستی لەدوای ژمارە (١)ی ساڵی (١)ەوە خۆی کشانەوە. مامۆستا حافف مصگفی قاچیش مدیری مەسئولی گۆڤارەکە بوو. مامۆستا حافف خۆی ژمێریار بـوو لە کۆمپانیاکەی مامۆستا ڕشید عارف. بەو هۆیەوە کـە ئەوسـا ئـەو لـە دەرچـوانی کـۆلیج بوو، کرابوو بە مدیری مەسئول. هەندێك یارمەتیشی ئەدایـن. بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی ئـەو نووسـینانەدا کـە بـە بادینـانی بۆمـان ئـەهات. خـاوەنی ئیمتیـازی گۆڤارەکـەش یانـەی سەرکەوتن بوو لە بەغدا.

ڕاستییەکەی یانەی سەرکەوتن نێوەندێکی ڕۆشنبیریی نەتەوەییانەی کوردی بوو زۆربەی ئەو کوردانەی لەخۆ گرتبوو کە لە بەغدا ئـەژیان، ڕۆڵێکـی گرنگـی هـەبوو لەپـەرە پێـدانی هەستی کوردایەتیدا جگە لە کۆڕو کۆبوونەوەکان قوتابخانەیەکیش بوو بۆ وتنەوەی وانەی زمانی کوردی جگە لەو کوردانەی زمانەکەی خۆیان لەیاد نەمابوو، ژمارەیـەکیش عـەرەب ئەهاتنـە ئـەو دەورانەوە کە بۆ فێر بوونی کوردی ئەکرایەوە. یانە جێگەی کۆبوونەوەی قوتابییە کوردەکانیش بوو لە بەغداد. ئەو قوتابیانە کۆبوونەوە سیاسییەکانی خۆیـان لـە یانـەدا ئـەنجام ئـەدا. بـەهۆی یانەوە کوردە فەیلیەکانیش لە بەغداد بە کـوردی سـۆران و بادینـان ئاشـنا ئـەبوون. یانـە گـەلێ چالاکیی تریشی ئەنجام ئەدا. گۆڤاری (هیوا)یش قوتابخانەیەکی کوردایەتی گشـتی بـوو بـۆ ئـەو

ڕۆژە پێنووسی نووسەرە گەورەو ناودارو بـە بڕشـتەكانی ئـەو سـەردەمەی لـەخۆ گرتبـوو جگـە لەنووسەرو هەستیارە لاوەكان. لە زۆربەی ژمارەكـان دا نـاوی ئـەم نووسـەرە بەڕێزانـە دووبـارە ئەبوونـەوە: عبـدالقادر قـەزاز، جمیـل ڕۆژبـەیانی، أ.ب. هـەوری، شـاكر فتـاح، محمـد مصـطفی كوردی، احمد خواجە، شێخ حسن حەمە مـارف، محمـد توفیـق وردی، كاكـەی فـەللاح (بـەناوی ڕووناك محمـدەوە) كـە سـەری لێ تێـك دابـووین و وامـان ئـەزانی كچـە كوردێكـە كـە لـەو ڕۆژەدا نووسەری ئافرەت كەم بوو، منیش بۆ هاندان لێكۆڵینەوەیـەكم لەسـەر كـرد، عیمـان ڕچـا علـی، محمد سعید جاف، شێخ محمـدی خـاڵ، ت.ب. مـەریوانی، ج.بابـان، شـارەزا، حـەوێزی، ناكـام، احمد غفور.

له نووسەرە لاوەكانیش: شەماڵ صائب، مصـطفی صـالح كـریم، فاضـل نظـام الـدین، عبدالله میدیا، غەمگین، محمد نـوری توفیـق، مـەم، نـوری تاڵـەبانی، فوئـاد زكـی هـەناری، محمدی مەلا كەریم، فـاتح عبـدالكریم، پرشـنگ، سـاجد ئـاوارە، بیمـار، هوشـیار، وەرزێـر، فوئاد عزت، ئەمین مـیرزا كـەریم، مصـطفی سـلێمان، لـە هەسـتیارانیش: كامـەران، كاكـەی شوان، دڵزار، صالح یوسفی، هەوری، خالد دلێر، شارباژێڕی، دیلان، خالد ڕەشید، نەسـرین فـەخری، م. ڕسـول، غـەمبار، مـەدهۆش، قـدری جـان. لـە پزیشـكەكانیش: د. عبـدالرحمن عبدالله، د. نامق نادر، د. قادر شالی، د. مەریوانی، د. انور كەریم، د. وریا ڕواندزی.

جگە لەوانە، ژمارەیەك نووسەرو هەسـتیاری تـریش كـە بـە نـاوی خـوازراو یـا بـەپیت بەرهەمەكانیان بڵاو ئەكردەوە نووسینەكانیان دووبـارە ئەبوونـەوە نووسـەرو هەسـتیارێكی تریش هەبوون كە كەم كەم بەرهەمیان لە (هیوا)دا بڵاو ئـەكردەوەو منـیش بـە نـاوی كامـل ژیر، ژیر، هێمن و زۆر جاریش بەبێ ناو بەرهەمم بڵاو ئەكردەوە. داخم ناچێ، كە من ئاگادار نەبووم لەوەی هەر جارێ بە ناوی (هێمن)ەوە ئەمنووسی، لە ئێران هەستیاری بەڕێز (هێمن مهابادی)یان ئەگرت و تووشی لێپرسینەوەو ئەشكەنجەدان ئەبوو! كە هاتە ئەمدیوو بـەدەم شەڕەوە یەكترمان ناسی، بەڵام من داوای لێبوردنم لێ كرد. (هیـوا) گـەلێ بابـەتی گرتبـووە خۆی وەك: ئەدەب، زانست، زمان، تەندروستی، كشت و كاڵ، كۆمەڵایەتی، مێژوو، چـیرۆك، هەڵبەست، توێژینەوە، هونەر، ڕەخنەسازی و... هتد.

هیوا ئەگەرچی گۆڤارێكی سیاسی نەبوو، بەڵام ئێمە لەو دەرگایەشمان هەر ئەدا. بگـرە هەندێ جار شتی وامان ئەوت كە ئێستاش هەموو نووسەرێك زات ناكا بیڵێ. بۆ نموونـە مـن

لە پێشەکیی ژمارە (٢) ساڵی (٢)دا نووسی بووم: پێویستە ئەدەبەکەمان تەرخان بکەین بۆ سوودی شۆڕش و ئازاد کردنی کوردستانی تورکیا و ئێران و یەکخستنی ئەم پارچانە لەژێر ئالآیەکی یەکگرتوودا لەهەڵبەستی کوردستانی من دا (ل٦٣، ژمارە ٤، ساڵی ٢) ئەڵێم:

ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان،
وەك گوڵاڵەی بەهاری جوان،
کوڵمی سوور و چاوی گەشە،
تومە زێڕێکی بێ خەشە،
تیا بڵاوەو ئەڵێ دەی زوو،
بۆ کوردستانی یەکگرتوو.

لە هەڵبەستی (بۆ جوانێکی دیل)دا وتوومە:

چار نیە و ئەبێ ڕەوان پڕ بەدەم،
بەنەڕەی پڵنگ شار و دێ پڕ کەم،
بۆ ڕاپەڕێنێ هەوڵێ کۆششێ،
لەخەو هەڵسانێ دەنگێ جۆششێ،
بۆ ئازاد بوون و مافی کوردستان،
زۆردار دەرەبەگ لەگۆڕ و چاڵ نان.

کە لە ژمارە (٢)ی ساڵی (١) لاپەڕە ٢٦دا بڵاو کراوەتەوە.

هەڵبەستی (بەهاری کوردستان)یش ئەگەرچی دوای سەرکەوتنەکەی لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو کرایەوە، بەڵام لەسەر داخوازیی لیژنەکەو لەسەر داخوازی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتن، لە ژمارە (١)ی ساڵی (١)ی هیوادا جارێکی تر بڵاو کرایەوە، واتا تەمووزی ١٩٥٧ کە لەو هەڵبەستەش دا هاتووە:

زرمەی پێ بێ و چریکەی دەنگ،
دەنگی بیرێك قوولٚ و زۆر مەنگ،
لێ ی بێتەوە ئاوازی خۆش،
ئاوازی گشت بێنێتە جۆش،
زەماوەندێ وەها ساز کەن،

داڵەکە، خۆر پەرواز کەن،

تاکو ئەوساکە کوردستان،

بۆ خۆمان بێ و هەر بۆ خۆمان

جگە لەوانە لەناواخنی هەندێ گۆشەدا وەك گۆشەی (چیت نـەزانی پرسـیار بکـە) کـە نووسەری ئەم دێڕانە سەرپەرشتی ئەکرد، بۆ ئـەوەی کوردایەتییەکـەی (دلـدار)ی هەسـتیار بخەمەوە یاد خوێنەران، پرسیومە ئەم هۆنراوەیە هی کییە؟:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان،

نایشــکێنێ دانەیی تۆپی زەمــان.

کە لە لاپەڕە (١٣)ی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢)دا بڵاو کراوەتەوە.

هیوا گرنگی زۆری ئەدا بە ڕەخنەسازی. لە ژمارە (١)ی ساڵی (٢)، لـە لاپـەڕە (٨٠)دا گۆشـەیەکی تـازەی کـردەوە بـە ناونیشـانی (لـە ژمـارەی پێشـوودا) ژمـارەی پـێش ئـەم ژمارەیەی سپارد بەژمارەیەك نووسەر بۆ ڕەخنەو لێکۆڵینـەوە. مـن کـە خـۆم سەرپەرشـتی ئەم بەشەم ئەکرد، مامۆستا سعید ناکام ڕەخنەی لەو هەڵبەستەی من گرتبوو کە وتبووم:

من کە دیم لەرەی شەپۆلی شنەی ئاڵای کوردستان،

تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی ئەستێرەی بەیان،

ئەو کاتە هیواو ئامانجی دوورم هەردوو پێکەوە

ئەبن بەپرشنگ گوڵاڵەی سوورم ئەگەشێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەمانەتەوەو بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخنەکەیم بڵاو کـردەوە. بـێ ئەوەی وەڵامێکی بدەمەوە ئەگەرچی ڕەخنەکەش لەجێی خۆیدا نەبوو.

گۆڤاری (هیوا) بۆ هاندانی نووسەران گرەوی ساز ئەکرد. لە ژمارە (١٢)ی ساڵی (١)ی لاپــەڕە (٧١)دا، مــەدالیای (هیــوا)، مــەدالیای زیــوینی، تــەرخان کــرد بــۆ یەکــەمی ئــەو نووسەرانەی لە گرەوەکانی هیوادا سەرئەکەون، خەڵاتی تریش بۆ دووەمەکان تەرخان کرد. لەو ژمارەیەدا گرەوی (چیرۆك و شانۆ) بـڵاو کرایـەوە بـۆ جـوانترین شـانۆنامەی خۆمـاڵی و شانۆنامەی وەرگێڕراو.

وەك ڕاستیەك ئەشێ ئەوەش بدرکێنین کە گۆڤـاری (هیـوا) ئـەتوت لـە کوردسـتانێکی ئازاد دەرئەچێ! هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان وێنەیەکی مەلیکی تێـدا بـڵاو نەکرایـەوە، لـە کاتێکدا

هەبوو لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبێکی زمانەوانیدا یا کۆمەڵایەتیدا یا مێژوودا وێنـەی مـەلیکی عیراقی بڵاو ئەکردەوە. هـیچ وشـەیەکیش یـا دێڕێـك لـە هـیچ بۆنەیـەکی ئـەو ڕژێمـەدا بـڵاو نەکرایـەوە لـە(هیوا)دا، یانـەی سـەرکەوتن و گۆڤـاری هیـوا، لەگـەڵ دەس کـورتی و کـەم دەرامەتییەکەشـیدا چـەند جـار بـڵاوی کـردەوە، کـە ئامادەیـە بـۆ چـاپ کردنـی پـەڕاوی نووسەران لەسەر ئەرکی خۆی. ئەوەبوو مێژووی کـوردو کوردسـتان دانـەری شـێخ محمـدی مەردۆخ وەرگێڕی محمد فیدامان چاپ کردو بڵاو کردەوە.

بیرەوەرییەکانی من لەگەڵ گۆڤـاری و یانـەی سـەرکەوتندا ئەگەڕێتـەوە بـۆ تـەنیا دوو ساڵی ١٩٥٧و ١٩٥٨، دوای ئەوە لە گۆڤارو یانە کشامەوە.

لەگەڵ ڕێزم دا

کامل ژیر

سلێمانی ١٩٩٤/٩/١٤

# (٢) نامەی پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ
# گۆڤاری هیوا



لـە سـووریە بـووم پـێش شۆڕشـی تـەمووز ژمارەیـەکی گۆڤـاری هیـوام بـە ڕێکـەوت دەستکەوت. پاش شۆڕش کە هەر لە تەموزی ١٩٥٨دا هاتمـەوە. ژمارەکـانیم پەیـدا کـردو کەوتمە خوێندنەوەیان.

هەرچەندە تەجروبەی (گەلاوێـژ) بـۆ ڕۆژی خـۆی تـاك بـووەو دووبـارە نابێتـەوە. بـەڵام (هیوا)و (شەفەق) هەوڵی ئەو دووبارە بوونەوەیان لە ڕۆژی خۆیدا داوە.

(هیـوا) گۆڤـاری یانـەی (سـەرکەوتن) بـوو. ئـەو یانەیـە مێـژووی دیـارەو دامەزراێنـەرو باوەڕپێکراوی دیار بوون. ڕەحمەتی مارف جیاووك کۆڵەکەی ئەو یانەیە بـوو. بـەڵام دیـارە لەپاش ساڵی ١٩٥٧و کۆچ کردنی جیاووکەوە ڕەشید عارف بوو بوو بە باوەڕپێکراوی یانە.

لەبەر ئەوە گۆڤاری (هیوا)ش لەژێر سێبەری یانەو کاك ڕەشیددا بوو هەر بەو پییـە کـاك (حافز مستەفا قازی).. وەك لێپرسراوی گۆڤارەکە چەسـپ بـوو. کـاك حـافز سـاڵانێکی زۆر بەڕێوەبەرو حسـابگرو هەمـە کـارەی کۆمپانیـای ڕەشـید عـارف و شـەریکەکەی بـوو. هـەر ئـەوەش ئـەرکی (هیـوا)ی پـێ سـپارد بـوو و هێنایـە کـۆڕی ڕۆژنامەگـەری و نووسـینی کوردییەوە. بەڵام وەك دیار بوو چالاکترین نووسەرو کارکەر لە گۆڤارەکەدا کاك کامیـل ژیـر بوو، کە ئەو کات بەناوی (هێمن)ەوە بەرهەمی بڵاو دەکردەوە.

پاش شۆڕش دەبوو ڕۆخسـاری یانـەی سـەرکەوتن بگۆڕریـت. بەتایبـەتی، کـە هێشـتا ئیجازەی هیچ حیزبێك نەدراوبوو. یانە بوو بەمەڵبەندی چالاکی قوتابیانی زانستگای بەغـداو ڕۆشـنبیرانی کـورد. هـەموو قوتابیـانی کـورد داوای بوونـە ئەنـدامی یانـەیان کـرد، بـەڵام باوەڕپێکراو کاك ڕەشید عارف خەتی بەژێر ناوی هەموو ئەو قوتابیانەدا هێنـابوو کـە سـەر بەحیزبی شیوعین، تەنانەت لەو ڕۆژانەشدا کە بەڕاستی ئازادییەکی لیبرالییانە هـەبوو، ئـەو برادەریکمانی وەرنەگرت، چونکە پێی دەوت.. سمێلت لەسمێڵی ستالین دەچێت..

مەسەلە گـەورە کـرا، کـاك ڕەشـید سـەفەری کـرد بـوو، دوکتـۆر هاشـم دۆغرەمەچـی جێگری باوەڕپێکراو بوو بەبێ جیاوازی هەموو قوتابیانی وەرگرت.

کـە هەڵبـژاردنی دەسـتەی بەڕێوەبـەری دەسـتی پێکـرد. بڕیـاردرا پـارتی و شـیوعی پێکەوە یەك لیستەیان لە هەڵبژاردندا هەبێت. پێڕەوی نـاوخۆی یانـە ئـەو کاتـە وابـوو کـە دەبێ هەمیشە سـێ کـەس لەئەنـدامانی دەسـتەی بەڕێوەبـەر لەدەسـتەی دامەزرێنـەر بـن. هەردوو حیزبەکە کاری ڕێکخستنی لیستەیان دایە دەست لیژنەیەکی قوتابیانی خۆیان لەبەر

ئـەوە لەلایـەن پارتییـەوە مـەحموود عـەلی عوسمـان (دوکتـۆر)و تـاریق ئەحمـەد حەمـەدی (دوکتۆر) هاتن و نوێنـەری قوتابیـانی شـیوعیش جـوامێر مەجید سـەلیم (دوکتـۆر)[1] و مـن بووین. لەسـەر هـەموو ئەنـدامان ڕێـك کـەوتن. بـۆ سـێ ئەندامـە دامەزرێنەرەکـەش لەسـەر (دوکتۆر نووری فەتووحی و مامۆستا ئیحسان شێرزاد) ڕێك کەوتن. بۆ سێهەم ئەوان پێیـان لەسەر کاك ڕەشید عارف داگرت، ئێمەش لەبەر ئەو هەڵوێستەی نەمانویست و شێخ مستەفا قەرەداخیمان پێ باشبوو.

سەیر ئەوەیـە ئـەو هەڵبژاردنـە تـەنیا کەوتـە نێـوان ئـەو دوو کەسـەوە شـێخ مسـتەفای قەرەداخی دەرچوو. کاك ڕەشید خزمەتی یانەکەی زۆر کردبوو، بـەڵام بـوو بـەقوربانی ئـەو هەڵوێستە ڕەقەی.

دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی بـوو بـە بـاوەڕپێکراو. گۆڤـاری (هیـوا) لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە پێشتر ڕێبازێکی کوردایەتیی جوان و ئاشکرای هـەبوو. بـەڵام بـەپێی ئـەو ئیجازەیـەی پێـی درابوو زیاتر لایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی تێدا دیاربوو. پاش شۆڕش چـەند ژمارەیـەکی لـێ دەرچوو بوو، لەگەڵ لێشاوی شۆڕشـدا، ڕوخسـاری گۆرڤـارێکی سیاسـی سـەر بـە شۆڕشـی تـەمووزی پێـوە دیـار بـوو. بـەڵام نـەمانی کـاك ڕەشـید عـارف لـە یانـە بـووە هـۆی دوورکەوتنەوەی دەستەی نووسەرانی کۆن. ڕەنگە لای خۆیان هۆی تریش هەبوو بێت. هەر بەپێی باری سیاسـی ئـەو ڕۆژە دوکتـۆر هاشـم بـۆ چـەند کەسـی وا گـەڕا کـە گۆڤارەکـەش دەربکەن وە وردە وردە بیبەنەوە سەر ڕوخسارە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکەی خۆی من ئەم مەبەسەم لەسەر وتاری ژمارە (٩)دا نووسیوە.

سەرەتا کاك محەمەدی مەلا کەریم ئەرکی سکرتێری نووسینی گرتە ئەسـتۆ، بـەڵام هـەر ژمارەیەکی دەرکرد. کە منیش یارمەتیم دا تێیـدا. ئـەو بـەکاری تـرەوە خـەریکبوو. لەگـەڵ ڕەحمەتی کاك فاتیحی برای ڕێك کەوتن بەڵام ئەویش پێـی نـەکرا. مـن بـووم بـە سـکرتێری نووسـین. لـە ڕاسـتیدا ئـەو دەمـەو لـەو چەشـنە گۆڤارانـەدا سـکرتێری نووسـین خـۆی

---

[1] هەموومان ئەوسا قوتابی بووین. من و کاك جوامێر لەخوێندن دەرکرا بووین و پاش چەند ساڵ گەڕابووینەوە دووایی هەریەکە لە ڕشتەیەکدا لەقەبی دوکتۆریان پێدرا.

سەرنووسـەریش بـوو چـونکە سەرنووسـەرەکە هـەر نـاوی بەسـەر گۆڤارەکـەوە دەبـوو و مەسئوولیەتی یاسایی دەکەوتە ئەستۆ.

کەرەسەیەکی زۆرم کۆکردەوە سـەرووتارو پـەراوێزو پێشـەکیی زۆر وتـارم نووسـی. بـە شێوەیەکی نوێ و ڕێگە نیشاندەر (پۆستەی خوێندەواران)م ڕێکخست بەو جۆرە دیارە ئـەو دەمە گۆڤار کادیری ئیشکەری نەبوو. دەبوو هەر خۆشم هاتوچۆی چاپخانە بکەم و پرۆڤەی چاپ ڕاست بکەمەوە (تصحيح)ی بکەم و بەجێ هێنان کە ئـەو کاتـە (تبويب)ی پێدەووترا هەر لەسەر خۆم بوو. بەو جۆرە دیارە ئـەوەی بـیرم بێـت ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢)، ژمـارە (١١، ١٢)ی سـاڵی (٢)م بەتـەنیا دەرکـرد. کۆمـەڵێك کەرەستەشـم بـۆ ژمارەکـانی تـر کـۆ کردەوەو ئامادەشم کردن. بەڵام باری دەرامەتی گۆڤارەکە ڕێگەی دەرچوونی نەدان، کە بۆ ساڵی داهاتوو کۆتایی ١٩٥٩و سەرەتای ١٩٦٠ هەڵبژاردنی تازەی دەستەی بەڕێوەبەر بوو.

سـەرەتا دوو لیسـتە هـەبوو: لیسـتەی پـارتی و لیسـتەی شـیوعی. هـەردووڵا گەلـە کۆمەکییەکی زۆرییان کردبوو بۆ خەڵك بەئەندام کردن و سـەرکەوتن. مەسـەلە دوو سـوودی تێدا بوو. یەکەم مەترسیی بەیەکدادان هەردوو حیزبـی وا لێکردبـوو کـە ڕێـك بکـەون و ئـەو ڕۆژە هەڵبژاردن دوور بخرێت و دووایی یـەك لیسـتەی هاوبـەش دابنرێـت. دووەم: کـورد لـە بەغداو دەورووبشتی نەما. بەڵکو لە خانەقین و مەندەلی و کفریشەوە خەڵك بوون و بەئەنـدام و پارەیان دا. بەمە پارەیەکی ئەوتۆ کۆکرایەوە کە توانای دەرکردنی گۆڤاری تێدا بێـت، بـا پچڕ پچڕیش بێت.

من هەرچی کەرەسەم لابوو بۆ دوکتۆر هاشم دوغرەمەچیم بـەجێ هێشـت، کـە بەڕاسـتی یەکێکە لەو ئینسانە گـەورەو دڵسـۆزانەی لـە ژیانـدا ناسـیومن. شـەوی ١٩٦٠/٣/١٦ بـەرەو مۆسکۆ بۆ خوێندن تەواو کردن ڕۆیشتم. بەڵام پێوەندیم لەگەڵ (هیوا)دا نەبڕا، لە مۆسـکۆو باکۆشەوە نووسینم بۆ ئەوێ و بۆ ڕۆژنامەی (ئـازادی)یش دەنـارد کـە سـکرتێری نووسـینی ئەویش بووم. لەوانە موقابەلەیەك لەگەڵ (چەرکەز بەکاییێڤ) دابوو کە گەورەترین زمانەوانی ئەو سەردەمەی کوردی سۆڤیتی بوو. ئەگەر سەیری ئەو چەند ژمارەیەی (هیوا) بکـەیت، وا بزانم تازەگەریەکی تێدا بوو. سوودم لـەو دوو سـاڵەی ژیـانی سـووریام بینـی بـوو ١٩٥٦ – ١٩٥٨.

ئەوەش بڵێم کە ساڵی  ١٩٥٩ بەرەیەکی نیشتمانی سـەر بەچـەپ دامـەزرا لـە حیزبـی شـیوعی و پـارتی (سـەرکردایەتیی مامۆسـتا هـەمزە عەبـدوڵڵا)و چـەپەکانی نـاو حیزبـی نیشتمانیی دیموکراتی و لە هەر ڕۆژنامـەو گۆڤارێـك نوێنـەرێك لـەناو دامەزرێنـەرانی بـەرەدا ئیمزایان کردبوو. من وەك نوێنەری (هیوا) ئیمزای پەیامی ئەو بەرەیەم کردووە.

١٩٩٤/٩/١٧

# (٢)نامەی مامۆستا محمد نوری تۆفیق

## (٣)



سـاڵی ١٩٥٦ کـاتێ بیسـتم کـە یانـەی سـەرکەوتن لـە بەغـداد ئیمتیـازی گۆڤـاری (هیـوا)ی وەرگرتووەو داوا لـە بەشـداران ئـەکا کـە (ئابوونـەی) پێشـەکی بـۆ بنێـرن ئـەو کاتـە مـن مامۆسـتای (ئاغجەلەر) بووم، لـەرێی بەریدی چەمچـەماڵەوە پـێش دەرچـوونی گۆڤارەکـە ئابوونەکـەم بـۆ نـاردو هانی یەك دوو برادەریشمدا کە ئەوانیش تیا بەشـدار بـن و پارەکـەیان بنێـرن... کـە ژمـارەی یەکـەمم وەرگرت، باوەڕبکە خۆم بەدڵخۆشترین کەس دائەناو هەر بە یـەك دوو سـەعات لـەم بەرگـەوە بـۆ ئـەو بەرگەیم تەواو کرد.. هەوڵیشم دا چەند کەسانێکی تر لە چەمچەماڵ و ئاغجەلەردا بکـەم بـە ئابوونـەی و داوام لە برادەرێکم کرد (محمد سعید عبدالرحمن) خاوەنی کۆگای فریاد کـە ببـێ بـە بـاوەڕپێکراوی گۆڤارەکەو هەموو مانگێك بە رێکوپێکی حسابەکەی بنێرێ. وای لـێ هـات شـارە چەمچـەماڵ یـەکێك بێ لە قـەزاکانی کوردسـتان کـە ژمارەیـەکی باشـی گۆڤـاری هیـوای تیـا بـڵاو بێتـەوە.. منـیش دوای دەرچـوونی چـەند ژمارەیـەك دەسـتم کـرد بـە نووسـین، بـەڵام بە(شـیعر نـا)، وەك زۆربـەی زۆری نەوەکانی سەردەمی خۆم، بەڵکو لە پێشدا بەوەرگێڕان، کە وابزانم یەکەم بەرهەمم لە بـارەی خـەڵاتی (نۆبل)ەوە بوو، کە یەکەم بەرهەمم بڵاو کرایەوە هێندەی تـر هیـوام لا خۆشەویسـتر بـوو، ئـیتر هیـوا

بـەرەو پێشـەوە ئەچـوو، خوێنـەرەكانی زیـادی كـرد و ژمارەكـانی زیـاتر ئـەبۆوە، منـیش بـەردەوام بەرهەمم بۆ ئەنارد ئەدەبی، سیاسی، زانستی، دوا جار لەنگەری چیرۆكم لەسەر لاپـەڕەكانی داگـرت.. نـازانم ئـەو بابەتانـەی تیایـدا بـڵاوم كردوونەتـەوە بـەناو، جگـە لەسـەرە مەقەسـت، چـەند بابـەتن، هیوادارم كاك هیمداد لە پـۆلین كردنـی ناوەكانـدا تـوانێبیتی ژمـارەی بابـەتی بڵاوكـراوەم دەربێنـێ.. بەداخەوە لە دوای شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨و لەگەرمەی ململانێی پارتی و شیوعیەتدا بـۆ دەسـت بەسەرا گرتنی یانەی سەركەوتن و گۆڤاری هیـوا، گۆڤارەكـە لـەو ململانێیـەدا ژمـارە لـەدوای ژمـارە، لاپـەڕەكانی كزتـرو كـەمتر ئـەبووەوە، وەك جـاران بـە ڕێكـوپێكی دەرنەئەچـوو بەشـدارانی كەوتنـە ڕەخنــە، گلــەیی، باوەڕپێكراوەكــانی ئــەو گــەرم و گوڕیــەی جارانیــان نــەما، مــن لــەو كاتــەدا باوەڕپێكراوێكی تازەم لە چەمچەماڵدا بۆ پەیدا كـرد كـە (كۆگـای فـەرهاد– كـاك ڕحـیم ڕچـا) بـوو... هەرچەندە هەوڵ و تەقەللامان ئەكرد ئەو برە فرۆشتنەی جارانمان بـۆ پەیـدا نەكرایـەوە... كـاتێ كـە دەستەی هیوا ئاگادارییەكی خەتەرناكیان لـە یـەكێ لـەدوا ژمارەكانیـا بـڵاو كـردەوە، كـە لەبـەر بـێ پارەیی لەوانەیە هیوا دەرنەچێ. مـن یـەكێك بـووم لـەو كەسـانەی بەنامەیـەك ئاگـادارم كـردن، تیـادا بەڵێنم دانێ كە من پـارەی ئابونـە كـەم زیـاد ئەكـەم و خـەڵكانی تریشـم هانـدا بـۆ ئـەوەش هیـواش بەدەردی گەلاوێژ نەچێ... وابزانم ئەو نامەیەشم بڵاو كرایەوە.

١٩٩٤/٩/١٥

# (٤) نامەی بەڕێز عبدالرزاق بیمار

(٥)



کاك هیمداد حسینی بەڕێزو خۆشەویست

ڕۆژباش...

وا ئـەوەی بـەبیرم داهـات دەربـارەی پرسـیارەکانت لـە خـوارەوە (نارێـك و پێـك) بـۆت دەنووسم هیوادارم سوودیان لێ ببینی و ئاواتی سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

برای خۆت عبدالرزاق بیمار

لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٩)ەوە کە لە پۆلی یەکەمی بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا دەمخوێند پێوەندیی ڕاستەوخۆم بـە گۆڤـاری هیـواوە بـەهێز بـوو، بـەهۆی مامۆسـتا فاتحی مەلا کەریمی ڕەحمەتییەوە کە وەك کارگێڕی سەرەکی گۆڤارەکە بوو، پاشان بەهۆی محمدی برایەوە کە ئە و ئەرکی هەڵسووڕانی گۆڤارەکەی لەئەستۆ گرت، وتارم دەدانـێ (بـۆ بڵاوکردنەوە).. پاشانیش هاوکاریم دەکرد. ئەو وەختـە مامۆسـتا عیـزەدین مسـتەفام هـەر لـەدوورەوە دەناسـی و بەدیـدەنی شـادنەبووم. جگـە لـە نووسـەرێکی کـارگێڕی بـەتوانای (هیواو)و سیاسەتمەدارێکی ئەوسا بەختەیبێکی کاریگەرم کەوتە بەردڵ. لە کۆبوونەوەیەکی

هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری (یانەی سەرکەوتن)دا کە ململانێ ئێجگار توندوتیژبوو لـە نێوان لایەنگرنی (چەپ)و لایەنگرانی پارتی دا. ئەوکە وتاری خوێندەوە ئێجگار بەوردی زۆر ڕاستی ڕوون کردەوەو شـێوازی قسـەکانی کـاری لـە دڵـی خەڵکەکـە کـرد. پاشـان لەسـاڵی ١٩٦٠دا چووە دەرەوە بۆ خوێندن.

مـن بـەپێی بڕیـاری دەسـتەی بەڕێوەبـەری (یانـەی سـەرکەوتن)ی خـاوەنی گۆڤـار لـە ١٩٦١/٢/١٧دا بە ئەندامی لیژنەی دەرکردنی گۆڤاری هیوا دانـدرام، لیژنەکـەش بـریتی بـوو لەمانە (جگە لەخۆم):

– مامۆستا علاوالدین سجادی – مامۆستا مکرم تاڵەبانی

– مامۆستا ناهیدە سلام – مامۆستا کاکە مەم بۆتانی

ئیتر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ەوە کەوتمە ناو مەیـدانی ڕۆژنامـە نووسـییەوە، نـەك هـەر بەوێنەی هاوکارێك کە جگە لەم (هیوا) لە رۆژنامەی (ئازادی)شدا هاوکاریم دەکرد... بـەڵکو لـە ئـەرکی کۆکردنـەوەو ڕێکخسـتنی وتـارو مـادەی بڵاوکـراوەو دانـانی پـلان و ڕێبـازی گۆڤارەکـەدا بەرپرسـیاریم کەوتـە سەرشـان. مامۆسـتا محمـدی مـەلا کـەریمیش ئـەرکی چاپخانەی لە ئەستۆ مایەوەو گـورج و پـاك و پوخـت کارەکـەی هەڵدەسووڕاند، سـەرەڕای هاوکاریشی لەگەڵ دەستەی نووسەراندا.

لام وابێ ئەوەی من توانیومە لە سـەرەتای سـاڵی (١٩٦١)ەوە لـە دیـاری کردنـی جـۆری ڕێبازی گۆڤارەکەدا هەوڵی بۆ بدەم ئەگەر نەبێتە خۆهەڵکێشان و ئەگەر لە بیرەوەریشدا بێ توانا نەبووبم. ئەوەیە ویسـتوومە گۆڤارەکـە لـە بـەرگێکی ئـەدەبی بـێ ڕەسـەن و شـکۆدار دابێت.. زیاتر بەو هونەرە ئەدەبیانەوە خەریك بێت کـە ئـەدەبی کـوردی لێـی هـەژارە وەك چیرۆك، شانۆیی، ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، زمانەوانی هەڵبەستی تازەی کوردی و بیانی.

من زیاتر بەو بابەتانەوە پەیوەندی داربووم و ئەوەندە لە وتارەکانی تری گۆڤارەکە خۆم بە بەرپرسیار نەدەزانی. چـەند جارێك لیژنەکـە کۆدەبـووەوەو سـەیری سـەرجەمی دوایـی وتارەکانی دەکرد. هەوڵم دەدا مامۆستا علاوالـدین وتـار بنووسـێ. بـۆی نـەکرا، ناچـاربووم بەشێك لـە کتێبـە دەسـتخەتەکەی و ئـەوەی بـەدەرس بەئێمـەی دەنووسـیەوە (لـە بەشـی کوردی) بڵاوبکەمەوە.

دەتوانم بڵێم لـەژمارەکانی دوای ئـەم مێـژووەدا گـۆڕانێکی هەسـت پێکـراوی لـەم جـۆرە دەبینین.. واپێ دەچێ ڕێبـازی ئـەدەبی بەسـەر ڕێبـازی تـری ڕۆشـنبیری دا زاڵ بێـت و لـە ئەدەبیاتیشدا ئەو هونەرانەی دەست نیشـانم بـۆ کـردن ئاشـکرا دیـاربن. بـە تایبـەتی دوای گۆڕانی باری ئاوو هەوای سیاسی، کە لەم ساڵە بەدواوە ئەو گوڕو گەرمی و توندوتیژییـیـەی سـەرەتای شۆرشـی ١٤ی تـەمووزو بـە ژمارەکـانی پێشـووەوە دیـاربوو بەمەیـدانی گـەل و ڕۆشنبیریدا دەبینران کزبوون.

لەم ژمارانەی دواییدا ئەوەندە بەلای وتاری سیاسی دا نەدەچووین و ڕامان بەرامبـەر بـە حکومەتی شۆڕش وەك جاران نەبوو. تەنانەت لە بوارەکانی تری ڕۆشنبیریشدا زیـاتر بایـەخ بە بواری ئەدەبیات دراوە. چونکە هەرچی شایان بێ لەم بوارانـەدا بنووسـرێن جـاران و لـە ژمارەکانی ساڵی یەکەم و دووەم دا نووسراون.

لەم وەختەشدا گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)ی سلێمانی دەرچوو خـۆش بەختانـە گۆڤـاری هیـوا توانی بەرامبەر ئەم گۆڤارە (نوێ)یەو کە لە شارێکی وەك سلێمانیدا دەربچێت. بە سەنگینی و شکۆی ئەدەبیات پەروەری خۆی بووەستێت. ناڵێم پێشبڕکێ هەبوو لـە نێوانیانـدا، بـەڵام (هیوا) تای تەرازووی دانەلەنگی و هەر بە گۆڤارێکی پەسندکراوو ئاست بەرز مایەوە.

دەربـارەی هونـەرە ئەدەبییـەکان، ئـەوەی پێشـووتر گـوتم لکـەکانی چـیرۆك، شـانۆیی، ڕەخنە، لێکۆڵینەوە، هەڵبەستی نوێ زیاتر بایەخیان پێ دراو من خـۆم هـەوڵم دەدا ئەمانـە پـێش بکـەون و زۆربـن و ئـاوداروو گەشەسـەندووبن. کۆششـی منـیش لـەم لایەنـەدا لـەوەدا دەردەکەوێ کە:

– ژمارەیـەك وتـاری ڕەخنەگرانـەم نووسـیوە، هەوڵیشـم داوە وتـارە ڕەخنەگرانـە پەیدابکەم و بلاوی بکەینەوە:

وتارەکانی ڕەخنە (ئەوەی بەردەست بن)

– خەبات و ژیانی دلزار – ژ٤ – ادار ١٩٦٠

– شەهیدانی قەلاّی دمدم – ژ٣٢ – نیسان ١٩٦١.

– لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی – ژ٣٠– تشرینی یەکەمی ١٩٦٠.

– کتێبی فۆلکلۆری کوردی

کتێبی کەشتی خەوو چیتراو، ژمارە ٣٣ تموز ١٩٦١

کتێبی فرە وەگیانم خۆشە

– بازاڕی چاپەمەنی  لە زۆر ژمارەدا.

هی تریش

شـــانۆ:

– ساڵی ١٩٦١ کتێبی (شانۆی کوردستان)م بلاوکردەوە کە چوار شانۆیی و ئۆپەرێتی بەشیعر بوون.

– شـانۆیی (باوکـە تـۆ بـڕوات بـەمن نییـە) لـە ژمـارە (٣٣)ی تـەمووزی ١٩٦١دا مـن کردوومە بەکوردی.

– ساڵی (١٩٦٠) شانۆگەریی (یووکی پەردە)م بلاوکردەوە.

چـــیرۆك:

خانەیـەکی دیـاری کـراو بـۆ چـیرۆك تـەرخان کـرا. لـە ژمارەیەکـدا چـەند چـیرۆکێك بلاودەکرایەوەو هـەوڵ دەدرا چیرۆکنووسـە لاوەکـان بـۆ بـرەودان بـە چـیرۆك هـان بـدرێن. ڕەخنـەو لێکۆڵینـەوە دەربـارەی چـیرۆك دەوری هـەبوو. هەنـدێ چـیرۆکی حەسـن قزڵجـی، حسێن عارف، بە نموونە ناوبانگی باشیان هەبوو.

هەڵبەستی تازە:

خۆم شیعری نوێم بلاودەکردەوەو لـە عەرەبیشـەوە نموونـەی جـوانی شـیعری تـازەم دەکردە کوردی. بەنموونە:

ژمارە (٣٤) – ایلولی ١٩٦١، نازم حیکمەت بەیاتی ولیەم پلێك.

ژمارە ١٩٦٢/٣٦.

هەڵبەست و تێکۆشان و ئافرەت – نازم حیکمەت.

پاشـکۆیەکی گۆڤـاری (الادیـب العراقی)یشـمان بـەکوردی دەرکـرد ئـەویش لـەم ڕووەوە ڕێبازی ئەدەبیات و کۆششی منی پێوەدیارەو شیعری وەرگێڕاوو تازەی تێدایە.

لەم ساڵانەی شەستەکاندا ئێمە چەند کەسێك ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عیراق بووین، ئەوانەی لەبیرم مابن جگە لە خۆم:

عبدالصمد خانقای چیرۆك نووس (بەعەرەبی).

د. پاکیزە ڕفیق حلمی.

محمد توفیق وردی.

محمدی مەلا کەریم.

محمد ڕسول هاوار.

اسماعیل ڕسول.

چەندجار لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا بەشداریمان دەکرد. لەوانە:

– بەشێك لەکتێبی (مژکرات گالب من کردستان)ی کامل بصیر کە خۆی خوێندیەوە.

– یادی چلەی مامۆستا گۆران کە ئەمانە وتاریان تێدا خوێندەوە:

ـ محمد ڕسول هاوار، حسین عارف...

– مەجلیسی فاتیحا بۆ پرسەی مامۆستا ڕەفیق حلمی.

– مامۆستا گۆران شیعری وەرگێڕاوی خۆی بە عەرەبی خوێندەوە دەربارەی (پیرەمێرد) لە کۆڕێکی تایبەتیدا.

منیش وتارێکم دەربارەی شیعری پیرەمێرد بە عەرەبی هەر لە هەمان کۆڕدا خوێندەوە.

– کتێبێکمان ئامادەکرد بۆ چاپ بە ناوی مختارات من الادب الکردی کەمێکی لێ بلاوکرایەوە.

– مامۆستایان اسماعیل ڕسول، عبدالصمد خانقاه و هی تر بەعەرەبی لە گۆڤاری (اتحاد الادباو) دەیان نووسی.

– لە کۆلیجی ئاداب دا: لە گۆڤارێکی قوتابیانی کۆلیج بەعەرەبی وتارێکی پێناسینم دەربارەی ئەدەبی کوردی بلاوکردەوە.

– لە گۆڤاری (دەنگی قوتابیان)یش دا، بەعەرەبی و بە کوردی لەگەڵ کەمال خەمبار شیعرمان بلاوکردۆتەوە.

– لەم سالانەی شەستەدا بەڕای من بناغەی چیرۆکی کوردی داڕژاو بوو بە هونەرێکی سەربەخۆو بەنرخی ئەدەبی کوردی. جگە لە کورتە چیرۆکەکانی گۆڤارەکان، کۆمەڵە چیرۆکیش (بەکتێب) بلاوکرانەوە، دیاردەیەکی هەرە گرنگ دەرچوونی ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازی بوو کە ڕۆژنامەی (ئازادی) و بە سەرپەرشتی کاکە محمدی مەلا کەریم چاپی کردو بلاوی کردەوە، کە بە بەردی بناغەی ڕۆمانی کوردی دادەندرێت و زۆرباش پەسندکراو خوێنەران بە گەرمی پێشوازییان کرد.

– لە بواری شیعرو لێکۆڵینەوەشدا (دیوانی مەولەوی)ی مامۆستا مەلا کەریم کتێبی نایابی ئەم ساڵانە بوو.

– هـەر لـەم سـاڵانەدا تۆمـارکردنی فۆلکلـۆری کـوردی و بایـەخ پێـدانیٚ بـوو بـە کـارێکی چەسپاو.

– لەدوا دوای ساڵی ١٩٦٢دا باری سیاسی عێراق ئاڵۆزبوو، شۆڕشی کـورد سـەری هەڵدا. مەودای بڵاوکردنەوەو نووسین وەتەنگ هات، گۆڤاری هیـوا بـوو بـە نامیلکەیـەك لەبـەر بیٚ دەرامەتی و پشت کردنی حکوومەت لە یارمەتی دانی یانەکە.. زۆر کەس لە نووسین کـەوتن و داهێنان کزبوو... من لە سەرتای ژمـارە (٣٦)ی سـاڵی ١٩٦٢ی گۆڤـاری هیـوادا، بـەناوی (ع) وتارێکم نووسی و پرسیومە (ئایا ئەبیٚ نووسەرەکانمان بنووسن یـان نـا؟) بەمەبەسـتی ئەوە نووسەران پشت لە نووسین و بڵاوکردنەوە نەکەن بە هەر بیانویـەك بێـت، بـا ئـەدەبی داپۆشراوو شێوە ڕەمزی بنووسن.

ئیتر گۆڤارەکە بـە(٦) مـانگ جـارێکی دەردەچـوو، دواژمارەشـی فریـای بڵاوکردنـەوە نەکەوت. تاساڵی ١٩٦٣ بە جارێك چـاپەمەنیی کـوردی پـەکی کـەوت و تاچـەند سـاڵێکیش هەروامایەوە.

# (٥) من و گۆڤـاری (هیوا) و
# یانەی سەرکەوتن و ئەوەندەی بێتەوە یادم



دیارە کە ساڵ پێش شۆرشی گەلاوێژ (تـەممورز)ە بـەڵام پەنـدە بەتـەواوی نـازانم بـەس دیاریشە کە ساڵ (١٩٥٧)ە بەڵام کام مانگ دیار نە بێت. هەر پەند باشترە بەڵام کارناکاتـە سەر ناوەرۆکی ئەو جموجۆل و تەقینەوەیەی ئەوسای تێکرایی. کە ئێمەش دەسـتمان کـرد بەپوونـە نـاو پەنـد (لایـەنێك) بـۆ بـە بەرپرسـیار کردنـەوەو ئاگـاداری بـوون لـە خۆیـان و هەڵسوکەوتیانو ورژاندنی خەڵکەکە بۆ زانینی کاروبارو پیشاندانی دەورو ئامادە بوونمان لە یاریدەدان بە هەر توانایەکەوە بێت.

چەند جارێك سەری یانەم دا، بەتایبەتی پاش ئەوەی داوام لیّ کـرا، شـعرێك پێشـکەش کەم بە یەکەم ژمارەی (هیوا) کە هیوای گۆڤاری (گەلاوێژ) ی هێنایەوە یادو ئەسـتێرەیەکی گەشدار بوو لە ئاسۆی ژیانمان و بەرێکـەوتیش یەکـەم ژمـارەش کەوتـە مـانگی (گەلاوێـژ)، کەخۆم منداڵ بووم و لە ساڵانی یەکەمی سەرەتایی بـووم کاتێـك هەسـتم کـرد بـە کۆمەڵـە ژمارەیێك بەربەرە زیاد دەکات لە ماڵمانەوە خودا لیّ خۆشبوو (گیو موکریـانی) هـەر دانـەیك

دەربچووایە لەگەڵ چاپکراوی تردا دەی نارده ماڵەوە، ئیتر ورده ورده جریـوەی وشـەکانی لە گەڵ ئاواتە وردە گەشەکانمان دەزرینگایەوە لە گوێمدا کە باس دەکرا، یـان لاپـەرەکانی دەخوێنرایەوەو نـاوی ئـەم ئـەو بەرەبـەرە خـۆی تۆمـار دەکـرد لـە مێشـکمدا. بۆیـە هیـواو (گۆڤاری هیوا) و هاتنە دنیاوەی لـە مـانگی (گەلاوێـژدا) هەسـتی منـدالی هەژانـدو لانەکـەی یانەی سەرکەوتن بە ئومێدی (سەرکەوتن)و شارەزایی زانای پایە بەرز (تۆفیق وەهبی بەگ) کـە زۆر زۆر نزیـك بـووم لێیــەوە نـەك لـە بـەر ئـەوەی تـا دوا سـاڵی خوێنـدنم لـە مـاڵ و کتێبخانەکەیدا تەواو کردو دانیشتن و گفتوگۆو ئاگاداری کارەکانی کە بە یەکێك لە مامۆستا بەرزەکانی خۆمی دادەنێم و ئەوەندەی تر ئاگری عەشقی (پیرەمەگروون) و (بابەگوڕگوڕ)ی خۆشـتر دەکـرد لـە دەرونمـدا، کـە شـارەزاییەکی باشیشـی هـەبوو دەربـارەی (یانـەی سەرکەوتن)و لەگـەڵ دەوریشـیدا لـە پشـگیری کـردم و ئامـادەبوون بـۆ وتنـەوەی دەرسـی کوردی و هەر ئەو ئومیدەشی هەبوو کە (یانە) زیندوو بکرێتەوەو دەرسی کوردیەکەشی بەو ئومێدەوە زیندوو ببێتەوەو بکرێت بە کۆرێك بۆ ڕۆشنبیری‌و ڕۆشنبیران سەرم کـرد بـە یانـە داو چاوم گێرا پێداو سـەردانم بـوو بـە چـەند جـارو هـەواڵ پرسـی‌و کۆکردنـەوەی هەنـدێك مەعلومات دەربارەی خۆی و بەریوەبەرانی خۆی و گۆڤاری (هیوا)ی تازە هەڵهاتوو، ئینجـا کەوتە کۆکردنەوە ئـەم و ئـەوو بـانگ کردنیـان و ئاگـادارکردنی ئـەو گەنجـە تینـووە خـوێن گەرمانەی کەئەوسا زۆر بەیان قوتانیـانی دانشـگاکان بـوون) قسـەو باسـم بـۆ کـردن و ڕای خۆمیانم پیشاندا دەربارەی زیندوو کردنەوەی (یانە) و ئاواتەکانمانەو گەشەدان بە گۆڤـاری (هیـوا) و بـیرو زمـان یـەك خـت، کێشـیانە پەسـەندیان کـردوم چ ڕوو بـەڕوو چ لـە ڕێگـەی ئەوانەوەی هەواڵیان دەگەیاند بـە قوتابیـانی تـری خـاوەن هەسـتی نیشـتمانی و دەروونـی تینوو، ئینجا خەبـەرمان گەیانـد بـە (بـە کاربەدەسـتان و بەرێوەبـەرانی) هـەردوو (یانـە) و (هیوا) بۆ تەرخان کردنی ڕۆژێك بۆ کۆبوونەوەی هـەرزوو لامـان، بـە گەرمییـەوە پێشـوازیی داواکەمان کرا بە تایبەتی کاك ڕەشید عارف و کـاك حـافز مسـتەفا قـازی، کـە بـوو بـەبرای گیانی بەگیانیم و لەگەڵ ماموستاو مامی بەرێزم خواڵخۆشبوو (کـەریم زانسـتی) ی دڵسـۆزو دڵ بە جۆشکەنەك هەروەك جگەر گۆشەی خـۆی‌و بـەس، بـەڵکو هیـوای خۆشـیان کـرد بـە بەرمداو باوەشیان بۆ ئەو هیوایە کردەوە.

ڕۆژی کۆبوونەوە (میهرجانێك) بوو بۆ خۆی زۆری تر ها تبووەو خۆزگە دەهاتنەوە یادم، هەموو وەڵامی (بانگی نەسرین)یان دایەوە و بە پەرۆشیش بوون بـۆ ڕووبـەروو بوونـەوە لـە گەڵ مەبەست و بینینیداو، دەریان خست کە هەموویان ئامادەن بۆ ئەوەی باشتر بزانن، کە بۆ کۆکراونەتەوەو داوامان چییە... بێگومان یەکـەم قسـەکەر مـن بـووم، کـە خـۆم خـاوەن بڕیارەکە بووم و ئاگادارم و هەروەها لەسەر داوای هەموانیش، دەنگی خۆم و ئەوان بووم، هێرشـــی گـــەنجێکی تـــازە هەڵکـــەوتووی دەروون ئـــاگراویم بـــردە ســـەریان،یەکەم بـــۆ سەر{یانە} بێ لانەی هەتیووەکـە، دوو بـۆ دانـانی پرۆگرامێـك بـۆ ئـەم گۆڤـارە نۆبەرەیـە ـ لەوانە زیندوو کردنەوەی گەلاوێژێکی تازە لە هیوادا و پڕ بـە پێسـتی خـۆی بێـت، چـەپڵەی بەگەرمی و تیشکی ڕووی دانیشتوان تێکەڵ بەیەك بوو، ئینجا ئەوەی قسەی تری هەبوو یان پرسیار پڕ بە دڵ ئامـادەیی خۆیـان پیشـان دا ئـیتر پـاش پیرۆزبـایی، بەگـەرمی دەسـتیان دەکوشیم و خۆیان دەناساند پێم، لەوانە کۆچ کردووی لە ناوەخت کاك دکتۆر کامل بەسـیر و لە ئامادەبووان برای خۆشەویستم دکتۆر زۆزك ڕواندوزی ـ برای منداڵی و گەورەییم ئینجـا خەریك بوون هەستی داواکردنم دەرگا پێوە بـدرێت و پـاك کۆبکرێتـەوە بۆئـەم کـارەو داوی ئەوەش لەگەڵ کاك حافز و مامۆستا کەریم زانستی و کەسانی تر بەناو{یانە}و ژوورەکانیدا گەڕام و دوای پاکردنەوەو ڕێك خستنم کرد، لەگەڵ ئامادەکردنی جەند ژوورێك بـۆ قوتابییـە کوردە هەژارە بێ شوێن و بێ دەرامەتەکان وە ڕێك خستنی کتێبخانەیەکی کوردی وکوردی گۆتنەوە بە کوردو عـەرەب، لـە پـاڵ {محچـرات }ی ڕۆشـنبیری زانسـتی پێویسـت. ئینجـا لەگەڵ ماموستا کەریم زانستی بۆ ماوەیەك. چەندان ڕۆژ، ژووری گۆڤاری هیوامان هەڵرژاندو هەڵتەکانـد و ژوورو گۆڤـار و کاغـەزو کتێبـی بەسـەریەکدا کـەوتوومان هـەموویان پـاك ڕێـك خستنەوە سەر لەنوێ، ئینجا پرۆگرام نەخش کـرا هـەر لـە پرۆپاگەنـدەوە بـۆ گۆڤارەکـە و هاندانی خاوەن خامەو تازە هەڵکـەوتووەکان ـ لەگـەڵ بلاوکردنـەوی کورتـە نووسـینی یـان شـیعر بـە شـێوەی ژووروو بـۆ موتوربـەدانی گۆڤارەکـە و لێکدانـەوەی وشـەکانی بـە وشـە هاوواتاکانی شێوەی خواروو، وەك دەرگا کردنەوەیـەك بـەرەو زمـانی ئـەدەبی یـەکگرتوو و نزیك بوونـەوە لـە شـێوەی یـەکتری، ئەمـەیش کـراو ئـیتر وەك سـەربازێکی نهێنـی کەوتمـە کارکردن و کارم دەکرد. لە یەکەم ژمارەی{هیـوا }دا {لای لایـەی دایکێـك}م بلاوکـردەوە، کە نیشتیمانی یە، هەروەها لەژمارە {١١} یازدەی هـەمان ساڵی یەکەمیشـدا و لـە مـانگی

جۆزەردان ـ مایس ـ ئایار ـ و لـە لاپـەڕە {٣٣} شـیعرێکی پـڕ لـە هەسـتی نیشـتیمانی}م پێشکەش کرا لە لایـەن {ع.ق} خـالقی لـە ژێـر ناونیشـانی: پێشـکەش بەتۆیـە نەسـرین}، لەگەڵ نووسینی تر، یان پێشکەش کردنی کتێب هەر لە مـام و مامۆسـتام {تۆفیـق وەهـبی بەگ}و {رەفیق حیلمی}تا ـ دلّزارو هـەژارو{مامۆسـتام صـفاو خلوصـی و سـنووری مـەلا مارف }وەك بزانم: هەربژی نەسرین کچی کاکە حەمە.

چونکە نووسینی کوردیم لەڕۆژنامەی {ژین}یشدا بلاّودەکردەوە لە پالّ نووسینی عەرەبی لە ڕۆژنامەو گۆڤاری عەرەبیدا، لەو نوسینانەش وەرگێڕانی شـیعری نیشـتیمانی کـوردی بـۆ زمانی عەرەبی.

کەوتینە خۆ ئامادەکردن بـۆ هەڵبـژاردن دەسـتەیەکی نـوێ بـۆ هەڵبـژاردنی {یانـە}دوای شۆڕشی چواردەی{گەلاوێژ- تەمووز}و چەند لایەن پەیدا بوو، لایەنێك زیـاتر دەیـان ویسـت ڕام کێشـن بـەلای خۆیانـدا، زۆریـان هـەوڵ دا لەگەڵمـدا بەهـەموو جۆرێـك، دواجـار بـەوە هەڕەشەیان لێ کردم، کە ناچار یـەکێك پەیـدا بکـەن ئەگـەر بـە دروسـت کـردنیش بێـت لـە جیاتی تۆ}، کردیان، ڕۆژی هەڵبژاردن بە{پیکاب}خەڵکیان هێنا بـۆ ئـەو هەڵبژاردنـە ـ مـن خۆم کێشایەوە ـ چونکە {عفریتیش بم هی ناو قومقوم نیم }ئاسکە کێویی شاخ ودەشـت و دەری بێ پایانی نیشتیمانم}، بەلاّم بەردەوام لـە نووسـین و کـارکردن لـە هیـوادا، هەنـدێك بەکردەوە دەیان ویست دوورم خەنەوە ـ نەیان توانی ـ کە سـاڵی {١٩٦٠}یـش چـووم بـۆ دەرەوە بۆ خوێندنی بالاّ هەر بەردەوام بووم لە بلاّوکردنـەوە، پـاش بوونیشـی بـە گۆڤـاری {روناهی}، کە کاك حافز قازی کچە تاقانەکەی بەوناوە ناو نا، واتا لێرە لە دەریشەوە هەر لەو گۆڤارە نەپچڕاوم و هەر لەگەڵیدا بووم، تـا ئەسـتێرەی وێـڵ بـوو پـاش {٢٨}بیسـت و هەشت ژمارە.

د. نەسرین فەخری

١٩٩٧\٣\٣



**وێنەی دیمەنێك لە هەڵبژاردنی یانەی سەرکەوتن – ١٩٥٩ ئەوانەی لە وێنەکەدا دیارن (لەڕاستەوە بۆ چەپ): (مصطفی سلیمان، د. عزالدین مستەفا ڕەسووڵ، دکتۆر مەحموود عوسمان، جەمیل دزەیی، بەشیر موشیر، شوکت عزیز)**



**دیمەنێك لە کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لەبەردەم یانەی سەرکەوتن**

**لیستی ژمارەی لاپەڕەو ژمارەی ئەو بابەتە ئەدەبیانەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە**

| ژمارە | لاپەڕە | هۆنراوە | چیرۆک | وتار |
|---|---|---|---|---|
| ژ١، س١ | ٨٠ | ٣ | ١ | ١١ |
| ژ٢، س١ | ٨٠ | ٢ | ٣ | ٨ |
| ژ٣، س١ | ٨٨ | ٨ | ٢ | ٨ |
| ژ٤، س١ | ٨٤ | ٧ | ٢ | ١١ |
| ژ٥، س١ | ٨٠ | ٣ | ٤ | ٧ |
| ژ٦، س١ | ٩٦ | ٧ | ٣ | ٩ |
| ژ٧، س١ | ٩٦ | ٦ | ٣ | ١٣ |
| ژ٨، س١ | ٩٦ | ٧ | ١ | ١٠ |
| ژ٩، س١ | ١٠٤ | ٩ | ٤ | ١١ |
| ژ١٠، س١ | ٩٦ | ٦ | ١ | ١٢ |
| ژ١١، س١ | ٩٦ | ٩ | ١ | ١١ |
| ژ١٢، س١ | ٨٨ | ٣ | ٣ | ٤ |
| ژ١، س٢ | ١٠٥ | ٤ | ١ | ٥ |
| ژ٢، س٢ | ١٠٤ | ٧ | ٢ | ٩ |
| ژ٣، س٢ | ٩٦ | ٥ | - | ٩ |
| ژ٤، س٢ | ٩٦ | ٥ | ٢ | ١١ |
| ژ٥، س٢ | ٩٦ | ٣ | - | ٧ |
| ژ(٦، ٧)، س٢ | ١٤٤ | ٥ | ٤ | ١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ٨، س٢ | ٨٤ | ٢ | ٢ | ٦ |
| ژ(٩، ١٠)، س٢ | ٩٠ | ٤ | ١ | ٧ |
| ژ(١١، ١٢)، س٢ | ١٣٦ | ١٣ | ٢ | ١٠ |
| ژ١، س٣ | ١٠٨ | ٥ | ٢ | ٧ |
| ژ(٢، ٣)، س٣ | ١١٦ | ٥ | ٣ | ٥ |
| ژ٤، س٣ | ١٠٠ | ٨ | ٢ | ٩ |
| ژ٥، س٣ | ٨٤ | ٤ | ٢ | ٣ |
| ژ٣٠، س٤ | ١١٤ | ٧ | ٢ | ٨ |
| ژ٣١، س٤ | ٨٦ | ٣ | ٢ | ١١ |
| ژ٣٢، س٤ | ٨٠ | ٣ | --- | ١٠ |
| ژ٣٣، س٤ | ١٠٠ | ٥ | ٥ | ١٤ |
| ژ٣٤، س٤ | ٨٠ | ٢ | ٢ | ١٢ |
| ژ٣٥، س٥ | ٢٠ | ١٤ | --- | --- |
| ژ٣٦، س٦ | ٤٠ | ٣ | ١ | ٦ |
| ژ٣٧، س٦ | ٢٤ | ٢ | ٢ | ٢ |
| ژ٣٨، س٦ | ١٨ | ٣ | --- | ١ |
| کۆی گشتی | ٣٠٠٥ | ١٨٥ | ٦٥ | ٢٧٧ |

# بیبلۆگرافیای گۆڤاری هیوا

## وتەیەك:

ئەم بیبلۆگرافیایە بە پێی ژمارەکانی گۆڤارەکە ئامادەکراوە، نەوەك بـە پێـی ڕێزکردنـی بابەت و ناوی نووسەرانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، توانـا دەستنیشـانی ژانـرە ئەدەبیەکـەش کراوە لە کاتی ئامادەکردنی بیبلۆگرافیاکەدا، وام بە باش زانی، ناوی نوسەری بابەتەکان وەك خۆی بنوسمەوە، ئەگـەر بـەناوی خـوازراویش بێـت، هـەروەك خـۆی بینووسمـەوە، بـەڵام لـە کۆتاییدا هەوڵمداوە ئەوەندەی زانیـارییم هـەبێ نـاوە خوازراوەکـانم دەسـت نیشـان کـردووە. هەروەها ئامارێکمان بۆ ژمارەی لاپەڕەو هۆنراوەو چیرۆك و وتار وەك سـێ هونـەری سـەرەکی ئـەدەبی ئەنجامـدراوە، کـە بێگومـان بـۆ کاروبـاری زانسـتی و لێکۆڵینـەوە کارەکـە ئاسـانترو مەیسەرتر دەکات.

## هەندێ زانیاری پێویست

گۆڤـاری هیـوا لـە ڕووی قـەوارەو، درێژییەکـەی (٥١ر٢١سـم) و پانیەکـەی (٥ر١٤سـم)ە، درێژی هەر دێرێك (١٠سـم)ە و لـە هـەر لاپەڕەیـەك دا (٢٢) دێـر نووسـراوە و هەنـدێ جـاریش دەگاتە (٢٥) دێریش، بە پێی گۆڕانی چاپخانەکان.

بە دەگمەن خۆشنووسی تیا بەکارهاتووە و زیاتر پشتیان بە خەتی چاپخانە بەستووە

لە ژمارەی یەکەوە تا ژمارەی نۆ، هەر جارەی وێنەی شارو شارۆچکەیەکی کوردسـتانی لە بەرگی پێشەوەدا بڵاوکردۆتـەوە. لـە ژمـارەی (نـۆ) وە کلێشـەیەکی جـێگیری وەرگرتـووە، ئەویش ڕیـزە شـاخێك و خـۆر بـە گـەورەیی لـە پشـت چـیاکانەوە هـەڵاتووەو لـە ناوەڕاسـتی شاخەکانەوە وەك ڕێگایەکی پێچاوپێچ گۆڤاری هیوا هاتۆتـە خـوارەوە تـا دەگاتـە کچـێك کـە مۆمێکی لای خۆی داناوە و ئەو ناوەی ڕووناك کردۆتەوەو لە پاڵیەوە دوو کەس کوڕو کچێك بە جلی کوردییـەوە دەسـت بـۆ خـۆرو شـاخەکان درێـژ دەکـەن و لـە سـەرووی شاخەکانەوە بـە گەورەیی بە خەتێکی فارسی نووسراوە (هیوا)و لە سـەرووی خۆرەکەشـەوە بـە پیتـی لاتینـی (HIWA) نووسراوە.

هەندێ لەو نازناوانەی کە نووسەران نووسینیان پێ بڵاوکردۆتەوە، بە هـەوڵ و کۆششـی خۆمان ئەوانەمان ئاشکراکرد:

ب= بلە (ئیبراهیم ئەحمەد)

پشکۆ= شەهید مارف بەرزنجی

ت. ب. مەریوانی= تاهیر بەهجەت مەریوانی

ج بابان= جەمال بابان

ج غەمگین= جەوهەر غەمگین

ڕووناک مەحەمەد= کاکەی فەللاح

س. ش= سەعید شەفیق

ع میدیا= عەبدوڵڵا میدیا

ف. ع. ك= فاتح عەبدولکەریم

وەرزێر= د. محەمەد نووری عارف

هۆشەنگ= حەمە بۆر

هێمن= کامل ژیر

٥– لە ناوەوەی بەرگی یەکەمی گۆڤارەکەدا ناونیشانی گۆڤارەکەو ئابونەی ساڵانە بەم شێوەیە نووسراوە:

ناونیشانی هیوا / بەغداد: شەقامی زەهاوی، یانەی سەرکەوتن، تەلەفۆن ٢٨٤٠٥

| | | |
|---|---|---|
| ئابوونە: | فلس | دینار |
| ئابوونە بۆدەرەوەی عێراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابوونەی ساڵێکی لە عێراق دا | ... | ١ |
| بۆ قوتابی | ٧٥٠ | – |
| دانەی بە | ١٠٠ | – |

٦– لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە، ئەم بابەتانەی تێدا بەرچاو دەکەوێت:

وتاری ڕۆژنامەوانیی، هەواڵ، ئاگاداری، ڕیپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، وێنە.

باسکردنی ئەم هونەرانەیش ئەوە دەهێنێ کتێبێکی سەربەخۆی دەربارە بنووسرێ.

**ژا، س١، تەمووزی ١٩٥٧:**

–پێشەکی، ل١

–وشەیەك، ل٣

—ئەستێرەیەکی نوێ لە ئاسۆی وێژەی کورددا، ماموستا ع، (وتار)، ل٤٦

—ڕێگای کامەرانی، شاکر فەتاح، (وتار)، ل٦—١٥

—زمانی کوردی، عبدالقادر قەزاز، (وتار)، ل١٥—١٩

—بەهاری کوردستان، (هۆنراوە)، ل١٩—٢٥

—نیازێك، پێناو، (هۆنراوە)، ل٢٥—٢٧

—لای لایەی دایکێ، نەسرین فەخری، (هۆنراوە)، ل٢٧—٣١

—تێکۆشین، (وتار)، ل٣١—٣٧

—چیرۆکی ژمارە، سۆمەرست مۆم، ل٣٧—٣١

—هەموو گیانلەبەرێك خواردەمەنی خۆی هەیە، غانـدی، وەرگێڕانـی شـێخ حەسـەن،(وتار)، ل٤٥—٥٢

—سووتانەوەی پەردەی مێشك، دوکتۆر عبدالرحمن عەبدواللە، (وتار) ل٥٢—٥٦

—چەوەندەری شەکرو مێژووی دەرهێنانی،جەمال عبدالکریم فواد، (وتار) ل٥٦—٦٠

—کۆنفۆسیۆش، فازل، (وتار) ل٦٠—٦٨.

—ئەتۆم و هێزی ئەتۆم، وردی،(وتار)، ل٦٨—٧٢.

—بیر لە تۆڵەسەندن مەکەرەوە، (وتار)، ل ٧٢—٧٥.

—گەشتی مستر ڕیچ بە کوردستانا، وەرگێڕی شەمال صائب، (وتار)، ل٧٥—٧٩

**ژ٢، س١، س١، ئابی ١٩٥٧:**

—فرمێسکێکی صلاح الدین وەرگێڕانی محمد مستەفا کوردی، (وتار)، ل٣— ١٢

—سێ مێرووله، نووسینی جبران خلیل جبران، (چیرۆك)، ل١٢—١٤

—دینەوەریەکان، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، (وتار)، ل١٤— ١٩

—زمان و شێوەکانی، ش. م، (وتار)، ل١٩—٢٤.

—فرمێسکی پەشیمانی، مستەفا صالح کریم، (چیرۆك)، ل٢٤—٣١

—ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا، هەوری، (هۆنراوە)، ل٣١—٣٣

—لاوی کورد، دلزار، (هۆنراوە)، ل٣٣—٣٤

—ژیانی خێزانی، (وتار)، ل٣٩—٤٣

—بیرۆن، (ژیاننامە)، ل٤٣

– ڕێگای سەرکەوتن، شاکر فەتاح،(وتار)، ل٤٤–٥١
– ڕووناك مەحەمەد، کامل ژیر، (لێکۆڵینەوە)، ل٥١–٥٩
– بەشی تەندروستی، دوکتۆر نامق نادر، (وتار)، ل٥٩–٦٣
– دوژمنی گەنم و جۆ جانەوەری (سن)، عوسمان ڕەزا علی،(وتار)، ل٦٣–٦٩
– فەرهەنگی هیوا، ل٦٩
– ڕۆژی گواستنەوەی بووکێ، وەرگێڕی مامۆستا ع، (چیرۆك)، ل٧٠– ٧٩.

**ژ٣، س١، ئەیلولی ١٩٥٧:**

– ئاکرێ، شاکر فەتاح، (وتار)، ل٥–٧
– کریم خانی زەند، (وتار)، ل٧–١٠
– چۆن چارەی دەردی کۆمەلایەتیمان بکەین، عبدالقادر قەزاز، (وتار)، ل١٠–١٥
– زمانی کوردی، فازل، (وتار) ل١٥–٢١
– ئاخ هەژاری، خوشکە (پ)، (وتار)، ل٢١–٢٤
– مەولەوی، (هۆنراوە)، ل٢٤
– بۆ جوانێکی دیل، کامل ژیر، (هۆنراوە)، ل٢٥– ٢٩
– کاروان، ع. ق، (هۆنراوە) ل٢٩
– جوانی، (هۆنراوە)، ل٣٠–٣٢
– ناکامی، شێرکۆ بێ کەس، (هۆنراوە)، ل٣٢–٣٤
– دەنگی شمشاڵ، غ. س، غەمبار، (هۆنراوە)، ل٣٤–٣٥
– بەستە بۆ مۆسیقا، غ. س، غەمبار، (هۆنراوە)، ل٣٩–٤٦
– ئاواز، غ. س غەمبار، (هۆنراوە)، ل٣٨
– نموونەی کوردی پەتی، محمد مستەفا کوردی، (وتار)، ل٣٩–٤٦
– سەربەستی ئافرەت، کامەران، (وتار)، ل٤٦–٥٣
– بریا نەهاتیتاوە، مستەفا صالح کریم (چیرۆك)، ل٧٤–٨٦
– ژمارە دووی "هیوا" لە تای تەرازووا،س، (ڕەخنە)، ل٦٢–٦٨
– قەڵەوی، دکتۆر قادر شاڵی، (وتار)، ل٦٩–٧٢

—هیواو خوێندەواری، ل٧٢—٧٤

—دڵسۆزی نەمر، مامۆستا، ع، (چیرۆك)، ل٧٤—٨٦

—بۆ پۆكەنین، ل٨٦—٨٨

**ژمارە ٤، س١، تشرینی یەكەمی ١٩٥٧:**

—مێژووی شاری كەركوك، (وتار)، ل٤—٦

—جێگای میری گەورەی ڕەواندز، محمود محمد، (وتار)، ل٦—١٠

—چۆن زمانەكەمان بنووسین، ب، (وتار)، ل١٠—١٧

—وتەی بەجێ، ل١٧

—دینەوەریەكان، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، (وتار)، ل١٨—٢٥

—وردبونەوەیەك لە خوێندنی شعرو ئـەدەبی كـوردی، وەرگێڕانـی هۆمـەر مسـتۆی، (وتـار)، ل٢٥—٢٩

—بیرەوەری كاك (جەلال) ی یەك ماڵە، ئەحمەد خواجە، (وتار)، ل٢٩—٣٢

—جوانی، شاكر فتاح، (وتار)، ل٣٢—٣٦

— شێرپەنجە، وریا ئەمین ڕەواندزی، (وتار)، ل٣٦—٤٣

—نالی، (هۆنراوە)، ل٤٣

—ئەی كامەرانی، م. شاربازێڕی، (هۆنراوە)، ل٤٤—٤٥

—ئۆپەرێتی وەرزی ساڵ، أ. ب. هەوری، (هۆنراوە)، ل٤٥—٥١

—من و شەهێن، ڕووناك ڕەئووف، (هۆنراوە)، ل٥١—٥٢

—یەكێتی و زانستی، دڵدار، (هۆنراوە)، ل٥٢—٥٣

—تەپڵ و دیلان، هۆنراوە، ل٥٣—٥٥

—ئەی سروشت، ج. غەمگین، (هۆنراوە). ل٥٥—٥٦

—نموونەی كوردی پەتی، محمد مستەفا كوردی، (چیرۆك)، ل٥٧—٦٠

—سەربەستی ئافرەت، كامەران، (وتار)، ل٦٠—٦٥

—مەلا عبدوللهی بیتۆشی، (ژیاننامە)، ل٦٥

—گۆتە زاناو شاعیری نەمر، محمد نوری تۆفیق، (وتار)، ل٦٦—٧٠

- لۆکە (پەمۆ)، عوسمان ڕەزا علی، (وتار)، ل٧٠–٧٤
- بەشی هیواو خوێندەوارانی، ل٧٤–٧٦
- لێکۆڵینەوە، ل٧٦–٧٨
- پەنجا فلس، مەم،(چیرۆك)، ل٧٨–٨٤

**ژ٥، س١، تشرینی دووەمی ١٩٥٧:**

- لافاو، کامەران، (هۆنراوە)، ل٦–١٤
- لافاوی مەرگ، خالد ڕشید (زێوەر)، (هۆنراوە)، ل١٤–١٩
- لافاو، کامل ژیر، (هۆنراوە)، ل١٩–٢٥
- مێژووی ژیانی کاملی جوانەمەرگ، ل٢٥–٢٧
- کوچی دوایی، کمال غفوری، (ژیاننامە)، ل٢٨–٣٠
- بەهۆی لافاوەکەی سلێمانیەوە، عبدالقادر قەزاز، (وتار)، ل٣٠–٣٣
- حقوقی ئافرەت، کچە کورد پرشنگ، (وتار)، ل٣٣–٣٦
- هەستی ئافرەت بەرامبەر ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان، خوشکە، پ، (وتار)، ل٣٦–٣٩
- هەلگرتنی یاسای "دەعوای عەشائری"، نوری تالەبانی، (وتار)، ل٣٩–٤٢
- جۆرەکانی خوێنی مرۆڤ، فوئاد زەکی هەناری، (وتار)، ل٤٢–٤٧
- گیا لەسەر بنکی خۆی ئەڕوێت، محمد مستەفا کوردی، (چیرۆك)،ل ٤٧–٥٢
- شارە پیرۆزەکە، جەبران خلیل جەبران، (چیرۆك)، ل٥٢– ٥٥
- کوا کوڕەکەم، مستەفا صالح کریم، (چیرۆك)، ل٥٥–٦٠
- دانتی، دوکتۆر ت. ب. مەریوانی، (وتار)، ل٦٠–٦٢
- بەشی هیواو خوێندەواری، ل٦٢–٦٤
- کارەساتە ستەمەکە، ع. شەمال، (چیرۆك)، ل٦٤– ٦٧
- لافاو، مامۆستا ع. (چیرۆك)، ل٦٧– ٧٨
- لە مێژووی عوسمانیدا جەلالی لی، وەرگێڕانی احمد خواجە،(وتار)، ل٧٨–٨٠

**ژ ٦، س١ کانونی یەکەمی ١٩٥٧:**

— مێژووی شاری هەولێر، ل٥—٨

— چۆن زمانەکەمان بنووسین بە پیتی عەرەبی یا لاتینی، ب. (وتار)، ل٢٠—٣١

— شەڕو ئاشتی، شاکر فتاح، (وتار)، ل٢٠—٣١

— دینەوەریەکان، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، (وتار)، ل٣١—٣٧

— ئامان الله خانی والی، محمد امین — کاردۆخی—، (ژیاننامە)، ل٣٧— ٤٠

— بۆ مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان، میدیا، (وتار)، ل٤٠—٤٤

— شاعری مەزن ئەحمەد موختار بەگ جاف، ل٤٤—٤٦

— کاروان، غ. س. غەمبار، (هۆنراوە)، ل٤٦

— بەندەك د گەل (شەتی بەغدا)، صالح  یوسفی،(هۆنراوە)، ل٤٧—٤٩

— هەزار ئەفسوس، پێناو، (هۆنراوە)، ل٥٠—٥١

— گولاڵە، ژیر، (هۆنراوە)، ل٥١—٥٣

— پوختەکردنی نەفس، عبدالقادر قەزاز، (وتار)، ل٥٣— ٥٧

— گولیك، جبران خلیل جبران، وەرگێر دلزار، (هۆنراوە)، ل٥٧

— زانستی کوردان، (بیرەوەری)، ل٥٨—٦٠

— نموونەی کوردی پەتی، محمد  مستەفا کوردی، (چیرۆك)، ل٦٠— ٦٥

— بەشی هیواو خوێندەواری، ل٦٥—٦٧

— بۆ کلاّو کوڕە، وەرگێڕانی بیمار، (هۆنراوە) ل٦٧—٦٩

— نیشتمان، وەرگێڕانی بیمار، (هۆنراوە)، ل٦٩—٧٢

— لە پێناوی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیماندا، بەختیار، (وتار)، ل٧٢—٧٦

— لـە کەرکوکـەوە داواکردنـی ڕۆژنامەکـە بـە زمـانی کـوردی بلاّوبکرێتـەوە، حەمـە غـەریب تاڵەبانی، (وتار)، ل٧٦

— ڕاپەڕینی ئاسیا، وەرگێڕانی محمد سەعید جاف، (وتار)، ل٨٠—٨٢

— قینی.....لێم بوو، مەم، (چیرۆك)، ل٨٢—٩٢

— پاشماوەی جەلالی، ئەحمەد خواجە، (وتار)، ل٩٤—٩٦

**ژ٧،،س١، کانوونی دووەمی ١٩٥٨:**

—مێژووی کۆیە، تاهر محمد حەوێزی، (وتار)، ل٥—٧.
—بەدرخان پاشا، حافز مستەفا قازی، (وتار)، ل٧—١١
—وێژە، شێخ محمدی خاڵ، (وتار)، ل١١—١٥
—بەرەو خوێندنەوەی، کچە کورد. پرشنگ، (وتار)، ل١٥—١٩
—نووسینی پیتی"دال" بە شێوەی سلێمانی، فواد زەکی هەناری، (وتار)، ل١٩—٢٢
—نموونەی کوردی پەتی "نازداری"، محمد مستەفا کوردی،(وتار)، ل٢٢—٢٦
—شۆپان، وەرگێڕانی فاتح عبدالکریم، (وتار)، ل٢٦—٣٢
—هیوا، م. شارباژێڕی، (هۆنراوە)، ل ٣٤—٣٧
—بۆنی گوڵ، محمود زێوەر، (هۆنراوە)، ل٣٧—٣٨
—گولێك لە یادا، ئەژین گۆران،(هۆنراوە)، ل٣٨—٤٠
—دڵی من، پشکۆ، (هۆنراوە)، ل٤٠—٤٥
—دینەوەریەکان، جومیل بەندی ڕۆژبەیانی، (وتار)، ل ٤٥— ٤٧
—دڵداری غەمگین، گۆڕینی کمال غەمبار، (پەخشان) ل٤٧
—ئەبراهام لنکۆڵن، ف. نەگۆڕ،(ژیاننامە)، ل٤٨—٥٢
—پاشماوەی جەلالی، ئەحمەد خواجە (وتار)، ل٥٢—٥٤
—زەحیری، دکتۆر عبدالرحمن عبدالله،(وتار)، ل٥٤—٥٨
—لە زنجی هەژارانا، گۆڕینی ع. ر. پەرۆش، (چیرۆك)، ل٥٨—٦٦
—باری ئێستای ژنە شارییەکانمان، عبدالقادر قەزاز، (وتار)، ل٦٧—٧٢
—دەوری کشتوکاڵ، ئەکرەم جاف،(وتار)، ل٧٢—٧٥
—هۆمەر، ت.ب.مەریوانی،(ژیاننامە)، ل٧٥—٧٧
—لە شیعری خەیام، گۆڕینی سەلام، (هۆنراوە)، ل٧٧
—نۆبڵ کێ یە،محمد نوری تۆفیق،(وتار)، ل٨٠—٨٤
—هیواو خوێندەواری، ل٨٤—٨٦
—یانەی سەرکەوتنی کوردان، ل٨٦—٨٨
—کاروان،محمد سعید جاف، (چیرۆکی فۆلکلۆری)، ل٨٨—٩٣
—مانگ گیران، ساجدە ئاوارە، (چیرۆك)، ل٩٣—٩٦

**ژ٨، ،س١، شوباتی ١٩٥٨:**

— مێژووی شاری کفری، هاشم بەرزنجی، (وتار)، ل٥—٧
— وێژە، شێخ محمدی خاڵ، (وتار)، ل٧—٩
— نووسینی زمانی کوردی، م. م، (وتار)، ل٧—٩
— باغچەی پەرییان، مسعود کەتانی ئامێدی، (هۆنراوە)، ل١٥—١٧
— مانگی دەستکرد، عەزیز،(وتار)، ل١٧—٢٨
— زەنگ،هێمن،(هۆنراوە)، ل ٢٨—٣٠
— ژنیش هەیەو ژانیش هەیە، محمد مستەفا کوردی،(وتار)، ل٣٠—٣٤
— لۆرکا لاپەڕەیەکی خوێناوی لە مێژوو،کامەران وەریگێڕاوە،(وتار)، ل٣٤—٤٤
— پاراستنی دایك و منداڵ، کچە کورد: پرشنگ،(وتار)، ل٤٤—٤٨
— منم نەسرین، نەسرین فەخری،(هۆنراوە)،ل٤٨—٥٢
— ئافرەتی سك پڕ، انور کریم، (وتار)، ل٥٢—٥٦
— هەڵگری چرای زانستی، خواجە ئەفەندی، (بیرەوەری)، ل٥٦—٥٩
— پێش ئەوەی بمرین، کاکە شوان،(هۆنراوە)، ل٥٩—٦١
— ملە خڕێ، دکتۆر ت.ب. مەریوانی (وتار)، ل٦١—٦٢
— سەربەستی نووسەر، عبدالرزاق بیمار، (وتار)، ل٦٢—٦
— یادو پەیمان، کرمانج، (هۆنراوە)، ل ٦٦—٦٩
— مۆزارت، باکووری، (وتار)، ل٦٦—٦٩
— لە ڕێگای یەکبوونی زمانەکەمانا،سەرکەوت هۆشیار، (لێکۆڵینەوە)، ل٧٠—٧٣
— گیانی مەولەوی، (هۆنراوە)، ل٧٣—٧٥
— پاییز، لامارتین، وەرگێری دڵزار، (هۆنراوە)، ل٧٥—٧٧
— هیواو خوێندەوەرانی، ل٧٧—٧٩
— نامەیەك بۆ دڵسۆزانی کورد، ڕشید عارف، ل٧٩
— پاشماوەی کاروان، محمد سعید جاف، ل٨٠—٨٣
— پاشماوەی جەلالی، ئەحمەد خواجە، ل٨٣—٨٧

—ماچی خوێناوی، گۆڕینی مستەفا صالح کریم، (چیرۆك)، ل٨٧—٩٦

**ژ٩، س١، مارتی ١٩٥٨:**

—شاری ڕەواندز، صلاح، (وتار)، ل٥ — ٧

—فرمانی ئێستەمان، ب، (وتار)، ل٧—١٩

—بەرخەکە !؟، شاکر فەتاح، (پەخشان)، ل١٩—٢٢

—بەهار، شێخ محمدی خاڵ، (پەخشان)، ل٢٢—٢٤

—بەهار نامەویٚ،بیٚکەس، (هۆنراوە)، ل٢٤

—نەورۆز، کامەران، (هۆنراوە)، ل٢٥.

—قارەمانی میرنشینی بابان عبدالرحمن پاشا، خەسرەو، (وتار)، ل٢٦—٢٩

—ئەو نەتەوەیەی، م. ڕەسول، (هۆنراوە)، ل٢٩

—گۆڤارێکی تایبەتی بۆ ئافرەت، کچە کورد، پرشنگ، (وتار)، ل٣٠—٣٥

—نامەیەك بۆ جەمیلە، ك.ح. غەمبار، (هۆنراوە)، ل٣٥—٣٨

—جگەرە کێشان، فوئاد هەناری، (وتار)، ل٣٨—٤١

—بیرەوەری شاعیری مەزن مامۆستا زیوەر، ل٤١—٤٣

—یەکی خاکە لێوە، میدیا، (چیرۆك)، ل٤٣— ٤٨

—چارلی چاپلن، وەرزێر، (وتار)، ل٤٨—٥١

—تۆلستۆی، دکتۆر ت.ب. مەریوانی، (وتار)، ل٥١ —٥٣

—تەلەفۆن، ف.ع، (وتار)، ل٥٣—٥٥

—جەژنە پیرۆزەکەی کورد، نەورۆز، غ.س. غەمبار، (هۆنراوە)، ل٥٥—٥٧

—داپیرەکەم، مەم، (چیرۆك)، ل٥٧—٦٥

—لێکۆڵینەوەیەك لە وتاری، (وێژە)ی مامۆستا خاڵ،م.م. (وتار)، ل٦٥—٧٢

—شەڕ، جبران خلیل جبران، وەرگێڕان، (چیرۆك)، ل٧٣—٧٥

—جەژنی دارو درەخت، شفیق صابر، (وتار)، ل٧٥—٨٠

—کوردم، عوسمان عەوێزی، (هۆنراوە)، ل٨١— ٨٢

—نەورۆزی نویٚ، أ.ب. هەوری، (هۆنراوە)، ل٨٢— ٨٥

— ئەختەر کێیە ؟، نزار، (بیرەوەری)، ل٨٦—٨٨
— کەلاهە بلیری، صالح یوسفی، (هۆنراوە)، ل٨٩—٩٢
— نامەی باوکێکی دڵسۆز، ن. تالەبانی، (وتار)، ل٩٢—٩٥
— هیواو خوێندەوارانی، ل٩٥—٩٦
— نەورۆزو جەژنی ڕزگاری کورد، کاکە شوان، (هۆنراوە)، ل٩٧
— کولوشا، مەکسیم گۆرکی، وەرگێرانی جەلال پەرێشان، (چیرۆك)، ل٩٩—١٠٤

**ژ١٠، س١، نیسان ١٩٥٨:**

— براینە جەژنتان پیرۆزبێت، (سەروتار)، ل٤
— خورماڵ، ڕشید هەورامی، (وتار)، ل٥—٨
— چۆن زمانەکەمان بنووسین، جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، (وتار)، ل٨—١٢
— ئاهەنگی کۆەڵی ئاواز، (ڕیپۆرتاژ)، ل١٢—١٧
— بەهار، محمد شکر خلیفە، (پەخشا)، ل١٧—١٩
— کە گیران، احمد خواجە، (وتار)، ل١٩—٢٣.
— بۆ گیانی پاکی سەید عەلی ئەسغەر، محمد ملا کریم، (هۆنراوە)، ل٢٣—٢٦
— نۆبەرەی دای خەباتمان، ڕوناك، (وتار)، ل٢٦—٣١
— ژنیش هەیەو ژانیش هەیە، محمد مستەفا کوردی، (وتار)، ل٣١—٣٥
— بەهاری ژین، خالد دلێر، (هۆنراوە)، ل٣٥—٣٩
— مردووان، م.ع. جاف، (پەخشان، ل٣٩—٤٤
— لە خەوما، وەهاب کۆیی، (هۆنراوە)، ل٤٤—٤٦
— هیوا، شێخ محمد خاڵ، (وتار)، ل٤٦—٤٩
— چۆن پارێزگاری دەم ودانت دەکەی، دکتۆر احمد علی عوسمان، (وتار)، ل٤٩—٥٣
— هەندێ دەردی کۆمەڵایەتی کە تەگەرەیان داوە لە پێشکەوتنمان، (وتار)، ل٥٣—٥٧
— ڕەخنەو ڕەخنەگر، أ.ب.هەوری، (ڕەخنە)، ل٥٧—٦١
— هێزی برسێتی، ساجد ئاوارە، (چیرۆك)، ل٦١—٦٩
— لای لایەی دایکی نیشتمان، کرێکار، (هۆنراوە)، ل٦٩—٧١

—برایم پاشای بابان بنیات نەری شاری سلێمانی، ج. بابان، (وتار)، ل٧١—٧٥
—کوێستانەکانمان، هۆشەنگ، (هۆنراوە)، ل٧٥—٧٨
—بیتهۆڤن، کمال غفوری، (وتار)، ل٧٨—٨٢
—تیشکی چرایەك، کامەران، (هۆنراوە)، ل٨٢—٨٦
—مەرەزە، بێستون عوسمان، (وتار)، ل٨٦—٨٨
—پاشماوەی چۆن زمانەکەمان بنووسین، ل٨٩—٩٦

**ژ١١، س١، مایس ١٩٥٨:**

—شەقلاوە بوکی خێزانێکی هەژارە، (وتار)، ل٤—٧
—حاجی مەلا عبداللە جلیل، کریم شارەزا، (بیرەوری)، ل٧—١٠
—کۆچی (حەسەن توفیق)ی جوانەمەرگ، ل١١—١٣
—مندالی کورد، عزالدین ابراهیم، (وتار)، ل١٣—١٧
—کارگەی چیمەنتۆ، عەزیز، (وتار)، ل١٧—٢٥
—بەستە بۆ کوردستان، کاکە شوان، (هۆنراوە، ل٢٥—٢٩
—لە دەوروبەری دانی مافی سیاسی ئافراتانا، ڕووناك، (وتار)، ل٢٩—٣٣
—شوێنی کۆمەلایەتی ژن لە کوردستانا، وەرگێڕ، ج. بابان، (وتار)، ل٣٦—٤٠
—ئۆپەرێتی خوشك و برایەك، ج. دانا، (هۆنراوە)، ل٤٠—٤٢
—نەورۆز لە لەندەن— ئینگلستان، (ڕیپۆرتاژ)، ل٤٢—٤٤
—قرچە قرچا ئاگرێت گەش، صالح یوسفی، (هۆنراوە)، ل٤٥—٤٩
—شتی تازەی دۆزراوەی پزیشکی، (وتار)، ل٤٩—٥١
—کوڕی ڕۆژ، جەلال جۆبار، (هۆنراوە) ل٥٢—٥٤
—کولۆلی، محمد مستەفا کوردی، (وتار)، ل٥٤—٥٨
—هەلبەستی مرواری، وەرگێڕانی وردی، (هۆنراوە)، ل٥٨—٦١
—قومار، حافز مستەفا قازی، (وتار)، ل٦١—٦٣
—لافی دلداری، نەسرەو وەریگێڕاوە، (هۆنراوە)، ل٦٣—٦٥
—ئاهەنگەکانی کۆمەلی ئاوازی کوردی، فازل، (ڕیپۆرتاژ)، ل٦٥—٧٠
—گفتوگۆی خوێندەوارو دارفرۆش،محمد امین کاردۆخی، (هۆنراوە)، ل٧٠—٧٩

—سیمفۆنی پێنجەمی "بیتهۆڤن"، سەردار ڕەمزی، (وتار)، ل٧٦—٧٩
—لاوی جوانە مەرگ، هێمن، (هۆنراوە)، ل٧٩—٨١
—وەناق، دکتۆر ت. ب. مەریوانی ، (وتار)، ل٨١— ٨٥
—بەشی دەستکرد، مەسعود سید أمین، (وتار)، ل٨٥—٨٧
—بەشی هیواو خوێندەوارانی، ل٨٧—٨٩
—دایکی ئازادی خواهان، وەرگێڕی مستەفا صالح کریم، (چیرۆك)، ل٨٩—٩٦

**ژ١٢، س١، حوزەیران ١٩٥٨:**

—سالێك لە تەمەنی هیوا، حافز مستەفا قازی، (سەروتار)،ل١—٣
—ئامانجی من، هێمن، (هۆنراوە)، ل٣
—پایەیی ئادەمیزادو باری ئێستای ژیانی نەتەوەی کورد، م.م،(وتار)، ل٤—٩
—کارخواز، وەرگێڕی محمد صدیق عارف، (چیرۆك)، ل٩—١٨
—بام وابێ، مەدهۆش، (هۆنراوە)، ل١٨—٢٠
—هونەری جوان،(ڕیپۆرتاژ)، ل٢٠—٢٧
—هونەری نەمرمان دەوێت، ساجد ئاوارە، (وتار)، ل٢٧—٣١
—قارەمانی ئافرەتێکی کورد، أ.ب. هەوری، (چیرۆك)، ل٣١—٣٥
—لەم جیهانەدا، (گۆشە)، ل٣٥—٣٨.
—چیرۆك نوسین و هونەری چیرۆك، مستەفاصالح کریم،(لێکۆلینەوە)، ل٣٨—٤٨.
—چیت نەزانی پرسیار بکە، (گۆشە) ل٤٨—٥٠
—هیواو خوێندەوارانی، ل٥٠—٥٤
— سەرگوزەشتەو بزەی لێو، ل٥٤—٥٨
—یەکێ لە شەوەکانی گرتەکەی سەیوان، فازل، (چیرۆك)، ل٥٨—٦٥
—ساتێ بەختیاری، دلزار، (هۆنراوە)، ل٦٥—٦٦
—میڤانداری، حافز مستەفا قازی، (وتار)، ل٦٦—٦٨
—چیرۆك بۆ شانۆ، ل٧١
—لە هۆنراوەی کامەران ل٧٢

—لێکۆڵینەوە، ناکام، ل٧٣
—شەرم مەکە، ل٧٦
— کاوێس ئاغا، ج.بابان، (بیرەوەری) ل٧٧—٨٥

**ژ١، س٢، تەموزی ١٩٥٨:**

—دووجاری بخوێنەرەوە، ع. س. ن وەریگێڕاوە، (وتار) ل٣—٧
—زانست و ژیان، (گۆشە)، ل ٧— ١١
—داری ناکۆکی لە بندا هەڵکەنن، ڕەفیق حلمی، (هۆنراوە)، ل١١—١٣
—چیت نەزانی پرسیار بکە، (گۆشە)، ل١٣—١٥
—شەش پیاوی گەورەی مێژوو، وەرگێڕانی محمد سعید جاف، (وتار)، ل١٧—٢٥
—نامەیەك بۆ خوشکە ڕۆشەنبیرەکان، ڕووناك، (وتار)، ل٢٥—٣٠
—فرمێسك، محمد ڕسول، (هۆنراوە)، ل٣٠
—ژن دارك، أ.غ، (وتار)، ل٣١— ٣٤
—چیرۆکێکی کورت بۆ شانۆ، کامەران، (شانۆگەری)، ل٣٤—٣٦
—کێ تاوانبارە، میم، (چیرۆك)، ل٣٦—٤٩
—هونەری جوان، محمدی مەلا کریم وەریگێڕاوە، (هونەر)، ل٤٩—٦٢
—تەمسیلی چیرۆکی مەم و زین، (هونەر)، ل٦٢—٦٤
— ئاهەنگەکەی تیپی مەولەوی، هێمن، (هونەر)، ل٦٤—٦٩
—پیاوی ون بوو، هەوری، (وتار)، ل٦٩—٧٥
—تۆڵستۆی، ئاوات، (ژیاننامە)، ل٨٠—٩٤
—چواردەی گەلاوێژ، هێمن، (هۆنراوە)، ل٩٥—٩٨
—شۆڕشەکە عێراق، (ڕیپۆرتاژ)، ل٩٨—١٠٢
—سرودی سەرکەوتن، کامەران، (هۆنراوە)، ل١٠٢—١٠٥

**ژ٢، س٢، ئابی ١٩٥٨:**

—ئەدەبی کوردی لە شۆڕشدا، (سەروتار) ل١—٣

—لەگەڵ پاڵەوانانی شۆڕشدا، (ڕیپۆرتاژ)، ل٣—١٠
—میللەت چی ئەوێ؟ ئیستعمار چی ئەوێ؟، احمد غفور، (وتار)، ل١٠—١٣
—چیت نەزانی پرسیار بکە، (گۆشە)، ل١٣—١٦
—کێ تاوانبارە، م، (چیرۆك بۆ شانۆ)، ل١٧—٢٧
—وەتەن، بشیر مشیر، (هۆنراوە)، ل٢٧
—ئەرکەکانی سەر شانی ئەدەبی ئەمڕۆمان، محمدی ملا کریم،(وتار)، ل٢٨—٣٢
—چاردێ تیرمەهێ، حافز مستەفا قازی، (وتار)، ل٣٢—٣٦
—زانست و ژیان، (گۆشە)، ل٣٦—٤٣
—شۆڕشا پیرۆز، صالح یوسفی، (هۆنراوە) ل٤٣—٤٥
—پیرۆزبایەکی بە گەرم و گوڕ هەڵقوڵی و هەروەك خوێنی بـراو خوشکە شەهیدەکانمان، (نامە) ل٤٥—٤٨
—گەلی دڵدار، هەوری، (وتار)، ل ٤٨—٥١
—گلۆر بوونەوە، کامەران، (هۆنراوە، ل٥١
—هاوارێك، تەنیا، (وتار)، ل٥٢—٥٥
—قسەی فێنك، (گۆشە)، ل٥٥—٥٨
—بەخێربێنەوە ئەی قارەمانان، (ڕیپۆرتاژ)، ل٥٣
—بە بۆنەی شۆڕشی مەزنەوە، ڕەفیق حلمی، (هۆنراوە)، ل٥٤—٥٦
—توانەوەی یاسای ئیپریالیزم، (هۆنراوە)، ل٦٤—٦٧
—ئاشتی و برایەتی ودواڕۆژێکی باشتر،ئەمینی میرزا کریم، (وتار)، ل٦٧—٧٠
—قەیسەر مژدە بێت میوانت هات، مستەفا، (وتار)، ل٧٠—٧٣
—مەکسیم گۆرگی، کامەران، (ژیاننامە)، ل٧٣—٧٥
—موئتەمەری باندۆنگو ئاشتی جیهان، (وتار)، ل٧٥—٨٠
—چۆن دەرسی هونەر ئەوترێتەوە لە وڵاتماندا، شاخەوان، (هونەر)، ل٨٠—٨٥
—برووسکەو نامە، (گۆشە)، ل٨٥—٨٨
—قوتابیانی کوردستان، مستەفا سلێمان، (وتار)، ل٨٨—٩٢
— چیت نەزانی پرسیار بکە، (گۆشە)، ل٩٢—٩٤

**ژ٤، س٢، تشرینی یەکەمی ١٩٥٨:**

— ڕێگای ڕاست، (سەروتار)، ل١—٤

— کوردو کوردستان لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستا، وەرگێڕانـی انـور محمـد قـەرەداخی، (وتـار)، ل٤—٨

— قوتابینی کورد لە ئەوروپا، (وتار)، ل٨—١٤

— بۆ فریشتەی ئاسایش، دلزار، (هۆنراوە)، ل١٤—١٧

— زانست و ژیان، (وتار)، ل١٧—٢٢

— کە دایکم بە ڕۆژو بوو، مەم، (چیرۆك)، ل٢٢—٣٠

— بۆ سوپای نەبەزی عێراق، کاکە شوان، (هۆنراوە)، ل٣٠

— کۆمەڵەی هەرەوەز، فازل، (وتار)، ل٣١—٣٩

— مەمك زۆری، مستەفا امین، (وتار)، ل٣٩—٤٥

— ڕۆژی ئازادی، نەسرین فەخری، (هۆنراوە، ل٥٨—٦٠

— لادێکانمان، فازل، (وتار)، ل٦٠—٦٨

— هەڵمەتە گەورەکەی سوپای گەلی عێراق،شەوکەت غفور،(وتار)، ل٦٨—٧١

— کێ ئازایە، محمود حاجی ڕەحیم، (هۆنراوە) ل٧١

— یەك....دوو... هەرسێکی، هێمن، (هۆنراوە)، ل٨٢—٨٤

— لینین گەورەترین پیاوی مێژوو لە سەدەی بیستەمدا،وەرزێر، (وتار)، ل٨٤—٨٨

— کە مردم، دیلان، (هۆنراوە)، ل٨٨

— گەڕانەوەی قارەمانەکان بۆ سلێمانی، (ڕیپۆرتاژ)، ل٨٩—٩٦

— نامەیەکی کراوە، (نامە)، ل٩٩—١٠٢

**ژ٣، س٢، ئەیلوولی،١٩٥٨:**

— فرمانی ئەمڕۆمان، (سەروتار)، ل١—٤

— نەتەوەی کوردو یاسای جمهوریەت، فاتح عبدالکریم، (وتار)، ل٤—١٠

— قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، (ڕیپۆرتاژ)، ل١٠—١٧

— ڕێگای هیند، وەرگێڕانی محمدی ملا کریم، (وتار) ل١٧—٢٦

— عبدالکریم قاسم، کمال غەمبار، (هۆنراوە)، ل٢٦—٢٩
— گەڕانەوەی قارەمانان بۆ سلێمانی، (ڕیپۆرتاژ)، ل٢٩—٣٧
— نامەیەك بۆ بەهەشت، محمد نوری توفیق، (نامەی ئەدەبی)، ل٣٧—٤٠
— هۆنراوەی جوان، هێمن، (هۆنراوە)، ل٤٠—٤٤
— دەربارەی ئەدەبی ڕاستەقینەی نوێ، (وتار)، ل٤٤—٤٩
— ١٤ی گەلاوێژ، قەدری جان، (هۆنراوە)، ل٤٩—٥١
— سڵاوێك، نەسرین فەخری، (هۆنراوە)، ل٤٥—٤٨
— شۆڕشی پیرۆز، هەوری، (وتار)، ل٤٨—٥٢
— گۆشەی زانیاری، (وتار)، ل٥٢—٥٩
— بۆ ئافرەتی کورد، خانم زوهدی، (وتار)، ل٥٩—٦٣
— کوردستانی من، کامل ژیر، (هۆنراوە)، ل٦٣
— قوتابیانی کوردستان، عبدالکریم عبدالرزاق (وتار)، ل٦٤—٦٦
— بێ تاوان، وەرگێڕانی محمد سعید جاف، (چیرۆکی وەرگێڕاو)، ل٦٦—٧٦
— شێری وڵات بارزانی هات، قەدری جان، (هۆنراوە)، ل٧٦— ٧٨
— شۆڕشەکەمان شۆڕێکی دیموکراتی میللیە، احمد غفور، (وتار)، ل٧٨—٨٣
— هاتنەوەی قارەمانانی کورد تیرێکی ژەهراویە کە ئاڕاستەی چاوی ئیمپریالیزم ئەکرێت، (وتار)، ل٨٩—٩٢
— چیت نەزانی پرسیار بکە، (گۆشە)، ل٩٢— ٩٥
— چاپکراوی تازە، (هەواڵ)، ل٩٥—٩٦

**ژ٥، س٢، تشرینی دووەم ١٩٥٨:**

— سەروتار، ل١—٣
— چوار وەرزی ساڵ، ل٣—٤
— ئاهەنگەکەی گەنجانی کوردستان لە هۆڵی گەل لە بەغدا، ل٤—٧
— دەمەتەقێنی بایزو باپیر، هەژار، (هۆنراوە)، ل٧—١٠
— بانگی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق، ل١٠—١٣

—چیت نەزانی پرسیار بکە، (گۆشە)، ل١٣—١٧

—دەرەبەگی، ناکام، (وتار)، ل١٧— ٢٢

—بە کام شێوەی زمانەکەمان بنووسین، محمدی ملا کریم، (وتار)، ل٢٣—٢٨

—گۆڕانی کۆمەڵ لە سەرەتای مێـژوودا، نوسـینی ل. سـیغال، وەرگێڕانـی وەرزێـر، (وتـار)، ل٢٨—٣٣

—لینین م.م، (هۆنراوە)، ل٣٣—٣٥

—ئاهەنگەکەی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق لقی سلێمانی، فازل، (ڕیپۆرتاژ)، ل٣٥—٤٣

—برایەتی و دۆستایەتی نەتەوەکانی عێـراق لەسـەر ڕۆشـنایی "نەزەریـەی زانیـاری"، فـاتح عبدالکریم، (وتار)، ل٤٣—٤٩

—پاراستنی جمهوریەت و کۆمەڵ و پاراستنی مافەکانی ئافرەتان، عالیا عبـدالکریم، (وتـار)، ل٤٩—٥٣

—قوتابیانی کورد لە ئەوروپا، (ڕیپۆرتاژ)، ل٥٣—٦١

—بۆ قارەمانانی بەرزان، کاکە شوان، (هۆنراوە)، ٦١—٦٣

—شۆڕشی ئۆکتۆبەرو مەسەلەی کورد، احمد غفور، (وتار)، ل٦٣—٨٨

—قوتابیانی کوردستان، م. س، (وتار)، ل٨٩—٩٤

—مەدالیای هیوا (چیرۆك بۆ شانۆ)، گرەو، ل٩٥.

**ژ٦،٧، س٢، کانوونی دووەمی ١٩٥٩:**

—یەك بگرن و هێزتان کۆبکەنەوە، (سەروتار)، ل١—٤

—کوردی بوختان بۆکراو، جەمال نەبەز، وەرگێڕانی فاتح عبدالکریم، (وتار)، ل٤—١٢

—سرووودی لاوان، هێمن، (هۆنراوە)، ل١٣—١٥

—ئیشکەری ڕاست، ڕەشید عارف، (وتار)، ل١٥ ١٧

—رووخانی باستیلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی محمدی ملا کریم، (وتار)، ل١٧—٢٢

—بۆ ئافرەتانی کوردستان، پەخشان، (هۆنراوە)، ل٣٢

—لەتێ نان و شیشێ کەباب، فازل، (چیرۆك)، ل٣٣—٣٧

—نامەیەك لە کوردستانی ئێرانەوە، ل٣٧—٤٥

—ئەستێرەی ئازادی، ج. بابان، (وتار)، ل٤٥—٤٨

—مێژووی لام باش نییەی سلێمانی تا ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، احمد خـوازە، (وتـار)، ل٤٨—٥١

—کاری شۆڕشەکەی عێراق لە زۆرانبازی دەوڵەتەکانا، وەرگێڕانی ف. ع. ك.، (وتـار) ل٥١—٦٢

—بوێژی بەناوبانگی کورد وەفایی، سکاڵا، (وتار)، ل٦٢—٦٥

—ئەنجامی یەکەم گرەوەی هیوا، ل٦٥

—چۆن بووم بە هونەرمەند، ئەمین میرزا کریم، (شانۆگەری)، ل٦٦—٧٧

—پاڵەوانێتی کچێك، محمد نوری تۆفیق، چیرۆکی وەرگێردراو، ل٧٧—٨٠

—بۆ کوردستان، جەمال شارباژێڕی، (هۆنراوە)، ل٨٠

—

—خەباتی کورد، (وتار)، ل٨١—٩١

—مۆسکۆی جوان، گۆران، (هۆنراوە)، ل٩٠—٩٢

—شەوێکی بەهار، فەتاح کریم کاوە، (هۆنراوە)، ل٩٦

—دیواری ئەتلەس، وەرگێڕانی صبیحە عبدالمجید، (چیرۆك)، ل٩٧—١٠٣

—نامەیەك بۆ قاهیرە، وەرگێڕانی م. م، (وتار)، ١٠٣—١١١

—بیری ئازادی ڕێگەی ڕزگارییە، هەوری، (شانۆگەری)، ١١١—١٢٩

—چیت نەزانی پرسیار بکە، (گۆشە)، ل١٢٩—١٣٢

—هیواو خوێندەوارانی، (گۆشە)، ل١٣٤—١٣٩

—چۆن لە بیرم بچێتەوە ؟!، مستەفا صالح کریم، (چیرۆك)، ل١٣٩—١٤٤.

**ژ٨، س٢، شوباتی ١٩٥٩:**

— کوردینە جەژنی نەورۆزتان پیرۆز بێت، (سەروتار)، ل١—٣

— هیوا لە کۆڕی خەباتا، ل٣—٥

— لینین سەرۆك و ڕێکخەری گەورەترین شۆڕشە لە مێ ژوودا، احمد غفور، (وتار)، ل٥—١٦

—شۆڕشەکەی عێراق و مەسەلەی کورد، وەرگێڕ، محمدی مەلا کریم، ل١٧—٣٥

— جەژنی نەورۆز، (هۆنراوە)، ل٣٥—٣٧

— لاشەی بدرالدین، وەرگێڕانی عبدالرزاق حمد بیمار، (چیرۆك)، ل٣٥—٤٤

— مەولەوی و بەهار، (هۆنراوە)، ل٤٤—٤٦

— نەورۆزی ئەساڵمان، محمد نوری تۆفیق، (وتار)، ل٤٦—٤٩

— ژ(٩، ١٠)، س٢، نیسان و مایسی ١٩٥٩

— هیوا لە کۆڕی ئەدەبا، (سەروتار)، ل١—٥

— لێکدانەوەی مۆسیقا بە شێوەی سیاسی، وەگێڕ، عەتا تالەبانی و فاتح عبدالکریم، (وتار)، ل٥—٢٢

— نیشتمانە بچکۆڵەکەم، وەرگێڕ نەسرین فەخری، (هۆنراوە)، ل٢٢

— ئەنگلس ئەفسەرێکی سوپای کرێکارانی هەموو جیهانە، محمد نوری توفیق، (وتار)، ل٢٣—٢٨

— هۆنراوەو میللەتەکەم، عبدالرزاق حمد، (هۆنراوە)، ل٢٨—٣١

— لە ئاسمانی لوبنانا، "چیای گۆیژە"، احمد خواجە، (وتار)، ل٣١—٣٦

— یادی ڕصافی نەمر، وتار، ل٣٦—٣٩

— خەیاڵی خاوە ئیستیعمار، قادر ملا احمد، (هونراوە)، ل٣٩

— ئەدیب و هونەرمەندە کوردەکانمان و پێویستیەکانی ئەمڕۆی سەرشانیان، محمدی مەلا کریم، (وتار) ل٤٠—٤٥

— سێ هۆنراوەی تازەی شاعیری گەورە عبدالوهاب البیاتی وەرگێڕ عزالدین مستەفا ڕسول، (هۆنراوە)، ل٤٥—٤٨

— ڕۆژنامەو گۆڤاری تازەی کوردی، ل٤٩—٥٤

— هیواو خوێندەوارانی، ل٥٤—٦٠

— دایك وەرگێڕ، حسن قەزلەجی، (ڕۆمان)، ل٦٣—٧٠

— خەباتی ئافرەتی کورد، عالیە عبدالکریم، (وتار)، ل٧١—٧٥

— سلاوی ئافرەتانی عێراق بۆ موصلی قارەمان، ل ٧٥—٨٥

— خۆش بەختی و شادی و زەماوەندی گەل، ل٨٠—٨٧

— یەکێتی ئەدیبانی عێراق، ل٨٧—٨٩

**ژ١١، ١٢، س٢، حوزەیران و تەمووزی ١٩٥٩:**

— هیواو شۆڕش و ساڵی سێیەمی ژیان، (سەروتار)، ل١—٦

— خوێندن بە زمانی کوردی، ابراهیم باڵدار، (وتار)، ل٦—١٧

— کۆمۆنیزم و نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری،محمد ملا کریم، (وتار)، ل١٨—٢٩

— ئەدەب بۆ کێ ئەنوسرێ، احمد حامد دڵنیا، (وتار)، ل٢٩—٣١

— نامەی دایکێك لە ستالین کرادەوە بڵێین بە جـەنگ نـەخێر، وەرگێڕانـی نەسـرین فـەخری، (وتار)، ل٣١—٣٩

— رودکی کێیە، وەرگێڕانی عاصم حیدری، (وتار)، ل٣٩—٤٣

— بەهاری کوردستان، نجم الدین مەلا، (هۆنراوە)، ل٤٣—٤٩

— هێزی یەکیەتی، وەرگێڕانی، ك.ك. کوردۆییێف و ك. ڕ. ئەیوبی، (هۆنراوە)، ل٤٩— ٥٢.

— سەربەستی، م.رسول (هاوار)، (هۆنراوە)، ل٥٣—٥٥

— بیرەرەوەری یەکەم ساڵی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، حەسیب قەرەداخی، (هـۆنراوە)، ل٥٥—٦٠

— ژیان، ن،(هۆنراوە)، ل٦٠—٦٢

— دایك، وەرگێڕانی کمال غەمبار، (هۆنراوە)، ل٦٠—٦٢

— دایك، وەرگێڕانی کمال غەمبار، (هۆنراوە) ل٦٢

— بەیانی، قادر ملا احمد، (هۆنراوە)، ل٦٣

— یادی شۆڕشی پیرۆز، جمال نوری، (هۆنراوە)، ل٦٤—٦٧

— ئازادی، ج. بابان، (هۆنراوە)، ل٦٧—٧٠

— یادی شۆڕش، بێ چاو، (هۆنراوە)، ل٧١—٧٢

— ئیتر بەسیەتی شەڕ، نازم حیکمەت و توفیـق فیکـرەت و: عبـدالقادر صـاحبقران، (وتـار)، ل٧٣—٧٨

— نامەیەك.... بۆ....بەندیخانە، مەم، (چیرۆك). ل٧٩—٨٦

— عبدالوهاب بەیاتی ئەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی، نازم حیکمەت،(وتار)،ل٨٦—٩٠

— مەولانا خالیدی شارەزووری، نەوشیروان نزار، (وتار)، ل٩١—٩٧

— پەیامێك لە سکالای دەروون، ژوان، (هۆنراوە)، ل٩٧—١٠٠

—کورد نابڕێتەوە، پیرەمێرد، (هۆنراوە)، ل١٠٠

—بۆ دەستەی نوسەرانی گۆڤاری هیوا، (نامە) ل١٠٤—١٠٦

—نەخۆشی تاوانکار، حسن قزلجی، (چیرۆکی وەرگێردراو)، ل١٠٦—١٢٤

—بەدرۆی خۆش باوەڕ مەکە، احمد خواجە، (وتار)، ل١٢٤—١٢٨

—هیواو خوێندەوارانی، (گۆشە)، ل١٢٨—١٣٢

**ژا، س٣ تشرینی دووەمی ١٩٥٩:**

—کوردو سەرۆکی دڵسۆزو کۆماری دیموکراتی، (سەروتار)، ل١—٦

—ئایا ئەشێ ئەدیب (بوێژ) لایەنگری لایەکی تایبەتی نەبێ، احمد حامد، (وتار) ل ٦— ٩.

—شەهید،گۆران، (هۆنراوە، ل٩—١٢

—کێ مێژوو دروست دەکات ؟، دکتۆر الفیصل السامر، وەرگێرانی فاتح عبدالکریم، (وتار)، ل١٢—٢٠

—جولانەوەی تۆرانیەت لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا، ابراهیم علاوی، وەرگێڕانی محمدی ملا کریم،(وتار)، ل٢٠—٢٣

—جوانی شقلاوە، وردی، (هۆنراوە)، ل٤٢—٤٥

—هەربژی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری نەمر، (وتار)، ل٤٥

—لاهوتی شاعیری بەناوبانگی کورد، حسن قزلجی، (وتار)، ل٤٦—٥٢

—برایەتی بەهێزی ڕەنج کێشانی جیهان، (وتار)، ل٥٢—٦١

—زۆربەی گەل، هۆشەنگ، (هۆنراوە)، ل٦٢—٦٣

—فس فس پاڵەوان، ج. بابان، (چیرۆك)، ل٦٣—٦٨

—هەڵبژاردە لە شعری چینی، وەرگێڕانی محمدی ملا کریم، (هۆنراوە)، ل٦٨—٧١

—کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کمال فوئاد، (ڕیپۆرتاژ)، ل٧١—٨٤

—پەیمان، (هۆنراوە)، ل٨٤—٨٧

—چۆن لە بیرم بچێتەوە، مستەفا صالح کریم، (چیرۆك)، ل٨٧—١٠٣

**ژ٢،٣، س٣، کانونی یەکەمی ١٩٥٩ و کانونی دووەمی ١٩٦٠:**

—پێشەوای مەزن (سەروتار)، ل١—١٤

—هەوری پایز، گۆران (هۆنراوە)، ل١٤—١٦

—نەتەوایەتی، وەرگێڕانی فاتح عبدالکریم، (وتار)، ل١٦—٣٢

—لە ئەدەبی کوردی سۆڤیەت، ئامادەکردنی وردی، (هۆنراوە)، ل٣٢—٣٩

— خەبات بۆ پاراستنی ئاشتی خەباتە بۆ ئازادی نیشتمان، وەرگێڕانی عاصم حیدری، (وتار)، ل٣٩—٤٢

—لێکۆڵینەوەی ئەتۆم، احمد عوسمان، (وتار)، ل٤٢—٤٨

—جمهوریەت، بیتۆڤی، محمدی ملا کریم، (هۆنراوە)، ل٤٨—٥٠

—کۆمیونە میللیەکانی چینی میللی چۆن یارمەتی ئافرەتان دەدەن، گۆڕینی شفیقە احمد، (وتار)، ل٥٠—٥٤

—هیوا لەگەڵ مامۆستا انور مائی، چاوپێکەوتن، ل٥٤—٦١

—سوورانە ! هۆشەنگ، (هۆنراوە)، ل٦١—٦٣

—بەڕەحمەت بێ خەتای باوکی بوو،محمد نوری توفیق، (چیرۆك)، ل٦٣—٦٧

—چوار بەگایی، قەلەندەر ئالانی، (چیرۆك)، ل٦٧—٧٢

—قەلغانێکی پۆڵاینە، حسێن عوسان نێرگسە جاڕی، (هۆنراوە)، ل٧٢—٧٥

—زایەڵەی ڕۆژگار، (پەخشان)، ل٧٥—٧٨

—یانەی سەرکەوتنی کوردان، ئاهەنگ ئەگێڕی، (ڕیپۆرتاژ)، ل٧٨—٨٧

—چارە ڕەشەکان، ویکتور هوکو، حسن قزلجی، (چیرۆك)، ل٨٧—٩٥

—کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شقلاوە، (ڕیپۆرتاژ)، ل٩٥—١١٦

**ژ٤، س٣، ئازاری ١٩٦٠:**

—دیسان یەکگرتنی ڕیز!، (سەروتار)، ل١—٥

—ئاشتی، هۆیەکانی جەنگ، چۆن ئاشتی ئەپارێزین، فاتح عبدالکریم، (وتار)، ل٥— ٢٤

—دوا سرنج، گۆران، (هۆنراوە)، ل٢٥—٢٨

—وێژەو چینەکانی کۆمەڵ، (وتار)، ل٢٨

—محتوم خولی شاعیری گەورەی تورکمانستان، (وتار)، ل٢٩—٢٦

—لە ئەدەبی چینی، وەرگێڕانی وردی، (هۆنراوە)، ل٣٦—٤٠

—هۆشی منە، وەرگێڕانی علی بەرزنجی، (وتار)، ل٤٠—٤٣

—وێنەیەك لە ژیانی ڕابردووی قادر کەرەم، پشکۆ، (هۆنراوە)، ل٤٣—٤٩

—زەردەشت، کاکە مەم فەخری، (وتار)، ل٤٩—٥٢

—نامەیەك، ئاسۆ، (هۆنراوە)، ل٥٢—٥٥

—لین و هێرمان، (وتار)، ل٥٥—٦٠

—ئەمڕۆ... یەك شەممەیە، نازم حیکمەت، وەرگێڕانی کمال غەمبار، (هۆنراوە)، ل٦٠— ٦٢

—بنیادەمی تیرخۆر (وتار)، ل٦٢—٧٠

—بەڕێم کردی،ن.(هۆنراوە)، ل٧٠

—ڕاکردوو، محمد خدا،(چیرۆك)، ل٧١—٧٧

—ڕزگاربوونی سەرۆك عبدالکریم، کریم شارەزا، (هۆنراوە)، ل٧٧—٧٩

—خەبات و ژیان، عبدالرزاق محمد، (ڕەخنە)، ل٧٩—٨٩

—نان و ئاشتی و سەربەستی، نەسرین فەخری، (هۆنراوە)،ل٨٩—٩٠

—دەرۆزەکەر،ئەنتۆن تشیکۆف،وەرگێڕانی احمد قەرەداخی، (چیرۆك)، ل٩١—١٠٠

**ژ٥، س٣، مایسی ١٩٦٠:**

—لە پێناوی بوژاندنەوەی یانەی سەرکەوتنی کورداندا،(سەروتار)، ل١—٤

—چیرۆك لە چینا لە ١٩١٩ەوە نوسینی وانك یاو، وەرگێڕانی محمدی مل کریم، (وتـار) ل٥—١٨

—وتم بە بەختی خەواڵوو، حاجی قادری کۆیی (هۆنراوە)، ل١٨—٢٤

—نەورۆز، جمال عبدالقادر بابان، (چیرۆك بۆ شانۆ)، ل٢٤—٤٠

—بەهاری پاش باران، گۆران، (هۆنراوە)، ل٤٠—٤٢

—وتاری دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی لە ئاهەنگی نەورۆزی یانەی سەرکەوتندا، (وتـار)، ل٤٢—٤٨

—نەورۆز، حسیب قەرەداخی، (هۆنراوە)، ل٤٨—٥٢

— ئەنجامی شەڕ، وەرگێڕانی محمد نوری توفیق، (چیرۆك)، ل٥٢—٦٣

— لە ئەدەبی کوردی سۆڤیەت، ئامادەکردنی وردی، (هۆنراوە)، ل٦٣—٦٨

— فەرهەنگی خاڵ، تاهر صادق، (ڕەخنە)، ل٦٨—٧٠

— بەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ل٧٠—٧٢

— نەورۆزی ئەمساڵمان، (ڕیپۆرتاژ)، ل٧٢—٨٤

**ژ٣٠، س٤، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠:**

— هێنانەدی ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراقدا، بەردی بناغەی یـەکێتی نیشـتمانی یـە، (سەروتار)، ل١—٩

— کاروان، کاکەی فەللاح، (هۆنراوە)، ل٩—١٢

— نامەی باوکێك لە بەندیخانەوە، محمد نوری توفیق، (پەخشان)، ل١٢—١٥

— یەکخستنی زبانی کوردی، عیسمەت شـریف وانلـی، وەرگێڕانـی فـاتح عبـدالکریم، (وتـار)، ل١٥—٣٦

— ئەدەب بۆ گەلە، حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی، (هۆنراوە)، ل٣٦—٣٨

— بۆ دایکێکی عێراقی، ف.ع.ك، وەریگێڕاوە، (هۆنراوە)، ل٣٨—٤٠

— وەڵامی ڕەخنەکەی فەرهەنگی خاڵ، حەمە جەزا، (وتار)، ل٤٠—٤٤

— بۆ هیوا، بێ خەو، (هۆنراوە)، ل٤٤—٤٦

— سەردانێکی چاوەڕوانەکراو،محمد ڕشید قەرداخی وەریگێڕاوە،(وتار)،ل٤٦—٥٣

— مامۆستا ڕەفیق حیلمی کۆچی دوایی کرد !، (هەواڵ)، ل٥٣

— گۆرانی کەشتیوانێك، نازم حیکمەت، وەرگێڕانی کمال غمبار، (هۆنراوە)، ل٥٤— ٥٦

— پەتروس و گاپوچکە، یوری یانۆ ڤسکی،وەرگێڕانی هۆگر،(چیرۆك)، ل٥٦—٦٤

— نوێژی جوتیار، هۆشەنگ، (هۆنراوە)، ل٦٤—٦٧

— لەگەڵ شێخ ڕەزای تالەبانی لە دیوانەکەی، عبدالرزاق محمد،(وتار)، ل٦٧—٧٥

— ئەنتۆن چیخۆڤ و نوسینەکانی و گێروگرفتی واقیعیەت، احمـد عوسمـان ابـوبکر، (وتـار)، ل٧٦—٨٢

— بیرەوەری ڕۆژی ڕەشی ٦ی ئەیلول، (وتار)، ل٨٢—٨٧

— سەیرە !، نان لە وڵاتی ناندا نەبێ! !، معروف خەزنەدار، (وتار)، ل٨٧—٩٧

— هەربژی یادی شێخ محمودی نەمر، یادەوەری، ٩٧—٩٨

— ڕووداوێکی پڕ ئازار، (هەواڵ)، ل٩٩

— ئەی شیعر، ابو القاسم الشابی، وەرگێڕانی کریم شارەزا، (هۆنراوە)، ل١٠٠

— نوشتەکەی ئامینە خان، حسن قزلجی، (چیرۆك)، ل١٠١—١١٠

**ژ٣١، س٤، کانونی دووەمی ١٩٦١:**

— یانە بۆچی دامەزراوزە،وەچۆن ئەتوانێ ئامانجەکانی بهێنێتە دی،(سەروتار).ل١—٤

— کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆران، (وتار)، ل٥—١٢

— بابە تاهیری هەمەدانی، عبدالرزاق بیمار،(وتار)، ل١٢—١٦

— بلبلێکی ئازاد، پشکۆ، (هۆنراوە)، ل١٧—١٩

— دەستنوسـی کـوردی لـە "نامەخانـەی ئیپراتـۆری پێشـووی بـەرلین" معـروف خەزنەدار،(وتار)، ل٢٠—٢٥

— نەخۆشیی ساری وخۆڵێ پاراستنی،دکتۆر هاشم دۆغرەمەچی،(وتار)،ل٢٥—٢٩

— گوڵی شادیم، جمال نوری، (هۆنراوە)، ل٢٩—٣٠

— یۆلیۆس فاچیك ڕۆژنامەنوسی خەباتکەر، (وتار)، ل٣١—٤٢

— نموونەیەك لە ڕابردوو، م.ر، (هۆنراوە)، ل٤٣—٤٨

— لە خەوما،محمد نوری توفیق، (چیرۆك)، ل٤٨—٥٢

— دوو پیتی بێ وێنە، تاهر صادق، (وتار)، ل٥٢—٥٤

— مامۆستاوزانای کورد دکتۆر(بەکایف)، عزالدین مستەفارسول،(وتار)،ل٥٤—٥٧

— زانایـانی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی عەتیکـەو شـوێنەوارەکان چـەند عەنتیکـەو شـوێنەواری گرنگیان دۆزیەوە، (وتار)، ل٥٧—٦٠

— بیرەوەری بێکەسی نەمر لە بارەگای یەکێتی ئەدەبیاتی عێراقدا، (وتار) ل٦٠

— لەگەڵ شـێخ ڕەزای تالـەبانی لـە دیوانەکەیـدا، بەشـی دووەم، عبـدالرزاق محمـد، (وتـار)، ل٦٠—٧٠

— کەشکۆڵی جادوییی، حسن قزلجی، (چیرۆك)، ل٧١—٨٠

**ژ٣٣، س، تەمموزی ١٩٦١:**

–یادی سێهەمی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی پیرۆز، (سەروتار)، ل١ ٣

–مۆسیقای کوردی لە یەکێتی سۆڤیەت بەرەو پێشەوەچوونی مۆسیقای کوردی لـە مـاوەی چل ساڵدا، وردی، (وتار)، ل٣–٨

–گۆرانی من، کمال غەمبار، (هۆنراوە)، ل٨

–تازەترین بەرهەمی خوێندەواری کتێبێك و وتارێك لە وڵاتی سۆڤیەتدا، معـروف خەزنـەدار، (وتار)، ل٩–١٢

–لە قوژبنێکی بەندیخانەوە، نەسریت فەخری، (هۆنراوە)، ل١٢–١٣

–بەناوبانگکترین شتی لای خۆمان، ج. بابان، (وتار)، ل١٤–١٧

–بەڵام دڵنیام، محمدی ملا کریم، (هۆنراوە)، ل١٧–١٩

–بانگی ئاشتی، ناهیدە سلام، (پەخشان)، ل١٩–٢٠

–گەلی کوبا، جلال دەباغ، (هۆنراوە)، ل٢١–٢٣

–دەك ماڵت وێران شەڕ داگیرسێنەر، عبدالخالق علاالدین، (وتار)، ل٢٣–٢٥

–بەراوری کوردی لە چیەوە هاتوە ؟، بەشیر موشیر، (وتار)، ل٢٥

–یادی پیرەمێردی بوێژ، گۆران، (هۆنراوە)، ل٢٦–٢٨

–لە یادی شەهیدەکانی ١٩ی حوزەیرانە، (یادەوەری)، ل٢٨

–دیسانەوە لەگەڵ کام تاهر صادق، پاکزە ڕەفیق حلمی، (وتار)، ل٣٠–٣٣

–پیتە ناسازەکان، تاهر صادق، (وتار)، ل٣٣–٣٦

–سەرنجێك لە وتارەکەی کاك عبدالخالق علاالدین، ح.أ، (وتار)،ل٣٦–٣٩

–دوو پیتی بە وێنە، جمال جلال عبدالله، (وتار)، ل٣٩–٤١

–جوتیاری کورد لە چیرۆکی "جوان" دا، حسێن عوسمان نێرگەجاڕی،(وتار)، ل٤٢– ٤٨

–فۆلکلۆری کوردی، (وتار) ل٤٨–٥٠

–کەشتی خەوو چیترا، (وتار)، ل٥٠–٥٢

–فرە وەگیانم خۆشە، عبدالرزاق محمد، (وتار)، ل٥٢–٥٤

–نامەیەکی کراوە بۆ هەموو کوردێك، جەلیلی جاسم، (نامە)، ل٥٤

–شەهیدی زوڵمە کفن و شۆردنی ناوێ، حسن قزلجی، (چیرۆ)، ل٥١–٦١

—شەتل، معروف بەرزنجی، (چیرۆك)، ل٦١—٧٠

—باوکە... تۆ بڕوات بە من نیە ؟، ئارسەر میللەر، و.ع، بیمار، (چیرۆك)،ل٧٠— ٨٣

—ئاوارەکان، مەم، (چیرۆك)، ل٨٣—٩٢

—دیمەنێکی سامناك لەسەر سنوور، قەلەندەر ئالآنی، (چیرۆك)، ل٩٢—١٠٠

**ژ٣٤،٣٥، س٥، ئەیلولی ١٩٦١:**

کوردینە...خۆتان و یانەکەتان، دکتۆر صدیق ئەتروشی (سەروتار)، ل١—٧

ئەدەب و گوزارەی ئەدەب، علاالدین سجادی، (وتار)، ل٧—١٠

هەڵبەستی بێگانە،نازم حیکمەت،وەرگێڕانی عبدالرزاق بیمار،(هۆنراوە)،ل١٠—١٤

گۆیندە دەنگ خۆشەکانی ناوچەی سلێمانی، ج.بابان، (وتار)، ل١٤—١٨

ئەنشتین، وەیرگێر ك.ف، (وتار)، ل١٩—٢١

ئەی هۆنراوە، عبدالرزاق محمد، هۆنراوە، ل٢١—٢٣

ئاژاوەی زاراوەکان، عبدالستار کازم، (وتار)، ل٢٣—٢٨

زمانەکەمان، جمال جلال عبدالله، (وتار)، ل٢٨—٣٥

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مامۆستا پاکیزە ڕەفیق حلمی، ل٣٥—٤١

دوژمنەکەی مام قیتەڵ، حسێن عارف، (چیرۆك)،ل٤١—٤٧

شانۆی کوردستان، معروف برزنجی، (ڕەخنەو لێکۆڵینەوە)، ل٤٧—٥٦

کۆیەو شاعیرانی، صلاح علی، (وتار)، ل٥٦—٥٩

مانگی کوردی، بەشیر مشیر، (وتار)، ل٦٠—٦٢

ئەیلولی خوێناوی، کاکە مەم، (وتار)،ل٦٢—٦٥

ئەدەبی میللی کۆن و ئەدەبی کلاسیکی ڤێتنام، عاسم حیدری،(وتار)،ل٦٥—٦٩

دیپلۆمی بەرزو کوردەکانی سۆڤیەت، میکائیل ڕەشید، وەرگێڕانی وردی، (وتار)، ل٦٩—٧٢

شالاّ سواری کەریشیان بکردیتایە، میدیا، (چیرۆك)، ل٧٣—٧٨

هەستێکی بەرز، (پۆستە)، ل٧٨—٨٠

**ژ٣٥، ژمارەی تایبەت بە جەژنی نەورۆزەوە:**

جەژنی نەورۆز، ل١—٣
نەورۆزی من، ابراهیم احمد، (هۆنراوە)، ل٣
جەژنی نەورۆز، شێخ سەلام، (هۆنراوە)، ل٣
بەهار، نالی، (هۆنراوە)، ل٤
نەورۆزی خانی (هۆنراوە)، ل٦.
بەهار، مەولەوی، (هۆنراوە)، ل٦—٧
نەورۆزو دڵ و یار، وەفایی، (هۆنراوە)،ل٧—٨
بەهاری كوردستان، حاجی قادری كۆیی، (هۆنراوە)، ل٨—١٠
گۆرانی نەورۆزەكەمان، پیرەمێرد، (هۆنراوە)، ل١٠
هەڵبژاردەی نەورۆو، عوسمان مستەفا خۆشناو، دڵزار، وردی، (هۆنراوە)، ل١١
نەرۆزی ٦١، گۆران، (هۆنراوە)، ل١٢—١٤
دیاری نەورۆز، كامەران، (هۆنراوە)، ل١٤—١٦
مژدەی نەورۆز، نوری علی امین، (هۆنراوە)، ل١٧—١٩

**ژ٣٦، حوزەیرانی ١٩٦٢:**

—ئایا ئەبێ نوسەرەكانمان بنوسن یان نا؟، ع، (وتار) ل١—٥
—هەڵبەست و تێكۆشان و ئافرەت، (وتار)، ل٥—٧
—ڕێگا، كمال بیزار، (هۆنراوە)، ل٧
—دیوانی قالچی چەك، مەعروف خەزنەدار، (وتار)، ل٨—١٢
—هەڵبەستەكانی (علی تەرموكی) هاوار، (وتار) ل١٢—١٦
—مەبەست چیە لەم هەموو وشە تازانە، جمال جلال عبداللە (وتار)، ل١٦—٢١
—دونگسوژووی، وەرگێڕانی محمدی شێخ احمد، (وتار)، ل٢١— ٢٥
—هەژار، نوری علی امین، (هۆنراوە) ل٢٥—٢٨
—سكێچی گۆرانی "دروێنە"، (هۆنراوە)، ل٢٨—٣٠
—بازاڕی چاپەمەنی، ل٣٠—٣٤

—بۆ... پێشەوە، مەجید ئاسنگەر، (چیرۆك)،ل٣٤—٤٠

**ژ٣٧، تشرینی یەکەمی ١٩٦٢:**

—هەر ئەبێ بنووسن !، (وتار)، ل١—٩

—نامیێك لە شەترەوە، کەریم شارەزا،(هۆنراوە)، ل٩

—منالێك، وەرگێڕانی وردی، (چیرۆك)، ل١٠—١٢

—بەستەی جووتیار، عوسمان شارباژێڕی (هۆنراوە، ل١٢—١٥

—بۆ خۆشەویستەکەم، سالار ئەمین،(پەخشان) ل ١٥—١٦

—هەواڵی نەتەوەکەت بزانە، نورەدین زازا، (وتار) ل١٧—٢٤

**ژ٣٨، حوزەیرانی ١٩٦٢:**

—وتەیەك، ل١

—ژیاننامەی گۆران، ٢—٥

—نامەیەکی گۆران بۆ پیرەمێرد، ل٦—١٢

—سێ هۆنراوەی گۆران، ل١٣—١٦

—وتارێك لە بارەی گۆران، ج، بابان، ل١٦—١٨

# ڕەنگدانەوەی کارەساتی ئەنفال
# لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای ڕاپەڕیندا
## ١٩٩١-٢٠٠٠

## پێشەکی:

کارەساتی جەرگبڕی (ئـەنفال) برینێکـی هێنـد بەسـوێیە، تـا چـەندین نـەوەی دیکـە لـە دەروونی تاکی کورد دا سارێژ نابێت، باس کـردن و لێکۆڵینـەوە و خسـتنە ڕوی ئـەو تاوانـە ئەرکێکی نەتەوەییە. ڕۆژنامەوانیی کوردییش، کە بەشداری ژیانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و کلتووری کوردی لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا کردووە، لە خستنە ڕوو و دەرخستنی ئـەو تاوانەی ڕژێمی بەعسدا بەشداری کردووە، کە بە پێی نەخشە و پلانێکی دیاریکراو بۆ لە ناو بردنی کۆمەڵی کوردەواری لە ساڵی ١٩٨٨ دا کردی.

بێگومان بەو پێیەی ڕژێمی بەعس لە کوردستانی باشوور ئەنجامیداوە و ڕەشەکوژی و ڕاگواستن و وێرانکردنی زێدومەڵبەندی ناوچەکانی قەرەداخ وگەرمیان و دەشتی کۆیە و هەولێرو بادینانی گرتەوە، بۆیە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەش لە ڕووی شوێنەوە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، لە ڕووی کاتیشەوە ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای (ڕاپـەڕین ١٩٩١–٢٠٠٠)م بە نموونـە وەرگرتـووە، چـونکە لـە دوای ڕاپـەڕین زەمینـەیـەکی بـەرفراوان بـۆ ڕۆژنامـەوانیی کـوردیی هاتەکایـەوە و بـارو زرووفـی نێـودەوڵتیش لـەبار بـوو بـۆ دیـار خستنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە،گرفتەکە بە پلەی یەکەم لەوەدایە زانیاری ورد و دروست لە بارەی تاوانەکانی (ئـەنفال)و هۆکـارو ئەنجامـەکانی لەبـەر دەسـتدا نییـە، هـەروەها ڕۆژنامـەوانیی کوردییش بەهۆی پەرت وبلاوی و نەبوونی بیبلۆگرافیای پێویست، کە کاری لێکۆڵینەوە بـۆ لێکۆڵەر ئاسان دەکـات لەبـەر دەسـتدا نـەبوو، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی چـەندین بەرهـەمی ئەدەبی لەشیعرو چیرۆك و ڕۆمان و لابەلایی لە پـاڵ تاوانـەکانی دیکـەدا بـاس لـە ئـەنجام و هۆکارە مەرگەساتەکانی (ئەنفال) دەکەن.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازێکی مێژوویی شیکاریی لەبەرگرتووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هۆکـارە سیاسـیی و مێـژوویی و کۆمەلایەتییـەکان لەبـەر چـاوگیراون و کراونەتـە هـەوێنی بۆچوون و ڕامانەکان بۆئەوەی شێوەیەکی ئەکادیمی وەربگرێت. ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە، بریتییە لە پێشەکییەك و دوو فەسڵ وئەنجام وسەرچاوەکان.

بەشی یەکەم دوو باسی لە خۆوە گرتووە،باسی یەکەم بریتییە لە ناساندنی (ئەنفال) و دەنگدانەوەی کارەساتی (ئـەنفال)، کـە تیایـدا (ئـەنفال) لـە دیدی ئـایینی ئیسلام و یاسای نێو دەوڵەتی و کات و ژمارەی ئەنفالـەکان و ناوچـەکانەوە دیار خراوە، لـە باسـی دووەمدا ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی (ئـەنفال) بـە شـێوە نێگەتیفەکـەی پیشان دراوە.

بەشی دووەم، دوو باسی لەخۆگرتووە، باسی یەکەم، سەبارەت بە دروست کردنی (ڕای گشتی) لـە ڕۆژنامـەوانیی کوردیدایـە و دەوری لـە خسـتنە ڕووی شـاڵاوی ئەنفالـدا، باسـی دووەمیش، ڕەنگدانەوەی ئەو کارەساتەیە لـە بەرهـەمی ئەدەبیدا، بـە تایبـەتی لـە شـیعرو چیرۆك و هونەری وتاردا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## ناساندن و مەبەستی ئەنفال:

لە بنچینەدا ناونانی پەلامارەکانی حکومەتی بەعس بۆ سـەر ناوچـەکانی کوردسـتان بـە (ئەنفال) لە سورەتی هەشتەمی قورئانەوە وەرگیراوە، کە مەبەست و ناوەرۆکی سورەتەکە گوزارشـت لـەوە دەکـات کـەموڵك و سـەروەت و سـامانی کـافران بـۆ موسـڵمانان لـە ڕووی شەرعییەوە حەڵاڵە، بەڵام چەمك و واتای وشەکە، کە (تـاڵان، دەسـتکەوت)[1]ە، بـە تـەواوی گـۆڕاوەو تێکـەڵ بـە سیاسـەت بـووە، لـە بەرامبـەر هێرشـی پێشـمەرگە لـە ناوچـە نیمچـەئازادکراوەکانی کوردسـتاندا، کـە حکومـەتی بـەعس بەتـەواوی دەسـتی بەسـەریاندا نەدەشکا و لە ژێردەستی پێشمەرگەدا بوون پەلامارێکی فراوانی بە چەند قۆناغێك ئەنجامدا بۆ پاکتاوکردن و وێرانکردنی گوندەکانی سەر سـنوور و پاشـان فـراوان کردنـەوەی جـوگرافییەکـەی تـا فـراوانترین ناوچـەکانی کوردسـتانی گرتـەوە. ئـەو پەلاماردانـە هـەروا ڕەمەکی و لەناکاو نەبوو، بەڵکو کارێکی نەخشە بۆ کێشـراوی پێشـتری سـەردەمی جـەنگی عێـراق – ئێـران بـوو، بـەڵام سـەرقاڵیی سـوپای عێـراق بـە شـەڕی ئێـران وای کردبـوو پـەلامارەکان بـە تـەواوی ئـەنجام نـەپێکن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەڵگەنامـەکان ئـەوە دەردەخەن هەندێ ناوچەی کوردستان بەر لە شاڵاوی (ئەنفال)یش بە چەکی قەدەغەکراو و گازی ژەهراوی بۆردوومان کراون و خەڵکی بێ گوناه بوونەتە قوربانی.

---

[1] المنجد في اللغة، ط ٣٥، ص٨٢٨.

ڕێکـخراوی ئـەمنستی ئینتەرناسیونال ئەوەی ئاشکراکردووە: ((ئێمە ڕای دەگـەنین کـە کوشتنی هەزاران کورد لەو ساڵانەدا بریتیە لە پرۆژەیەکی نەخشە بۆ کێشـراوی حکومـەتی عێراق بۆ لەناوبردنی هەرچی زۆرتری کوردەکان.))[2]

ئەم نەخشەو پلانەی ڕێکخراوی ناوبراو ئاماژەی بۆ کردووە، بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دەچێتە خانـەی (جینۆسـاید– ڕەشـەکوژی)[3] یـەوە ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایـەکی دیکـەوە هەرلـەبواری سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا، بـەپێی پـەیمان و بڕیارەکـانی(UN) مـافی چـارەی خۆنووسین بریتیە لە مافێکی زیندووی هەموو گەلان بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیەك)،[4] کەواتـە لەم ڕووەوە خەباتی چـەکداریی کـورد بـۆ ڕزگـاری و مـافی چـارەی خۆنووسـین خـەباتێکی ڕەوایـە و مـافێکی خۆیـەتی، کەچـی عێـراق یەکێکـە لـەو وڵاتانـەی خـۆی هـەردوو بڕیـاری ئەنجومـەنی گشـتی پەسـەند کـردووە و دانـی پێـداناوە بـە شـێوەیەکی تیـۆری، بـەڵام لـە پراکتیکدا سەرپێچی کردووە.

پەلاماری (ئەنفال) نزیکەی شەش مانگێکی خایاند و بە چەند قۆناغێك پلانەکـە ئـەنجام درا، کە بەم شێوەیە بوو:

ئەنفالی یەکەم: ٢٣ی شوبات–١٩ی مارتی ١٩٨٨ بۆ سەر دۆڵی جافایەتی

ئەنفالی دووەم: ٢٢ی مارت–١ی نیسانی ١٩٨٨ بۆ سەر قەرەداخ.

ئەنفالی سێیەم: ٧–٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ بۆ سەر گەرمیان.

ئەنفالی چوارەم: دۆڵی زێی بچووك (ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە) ٣–٨ی مایسی ١٩٨٨.

ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم: ١٥ی مایس ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ بۆ سەر چیاکانی ڕەواندز– شەقڵاوە.

---

[2] گ. سیاسەتی دەولی، ژ ٣، ١٩٩٢، ل١٣.

[3] جینۆساید،بەڕای پرۆفیسۆر (ڕافایل لێمکین) بریتییە لە (لەناوبردنی گروپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی یان ئایینی) و بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان وەها پێناسەی جینۆساید دەکات: بریتییە لەو کارانەی ئەنجام دەدرێن، بە مەبەستی لە ناوبردنی یەکجارەکی یان ناتەواوی گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی یان ئایینی). بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٢٢٦٩، ٥/١٠/٢٠٠٠، ل١٠.

[4] گ. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ٤، ١٩٩٦، ل٦.

ئەنفالی کۆتایی: ٢٥ی ئاب–٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەی بادینان[٥].

لە ئەنجامی پەلامارەکانی (ئـەنفال)، ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن (عـەلی حەسـەن مەجیـد) ی، ئامۆزای (سەدام حسێن) کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردرابوو، ئەنجامدرا، بـە پێـی ڕاپـۆرتی ڕێکخراوی (Middle East Watch)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان زیـان و قوربـانی ئەنفالـەکان لـەنێوان (٥٠–١٠٠) هـەزار کـەس دەبـن، کـە تیایانـدا ژمارەیـەکی زۆر منـداڵ و ئافرەتی تێدایە و ژمارەیەکی زۆریش لە پیر و پەککەوتەی بە خۆوە گرتووە، ئەمە سەرباری زیـانی مـاددی و خـاپوور کـردن و وێـران کردنـی (٢٠٠٠) گونـدی کوردسـتان و ڕاگواسـتنی هەزاران خێزان لە زێد و مەفتەنی خۆیان.[٦]

کارەساتی پەلامارەکانی (ئەنفال) نمونەیـەکی زینـدووی ڕەشـەکوژی سـەدەی بیسـتەمە، کەدوابەدوای کارەساتی (هۆلۆکۆست) دێت، کە لە ماوەی دووەمین جەنگی گێتیدا (نـازیزم) هـەوڵی قڕکردنـی جولەکـەکانی ئـەوروپای داوە و نزیکـەی شـەش ملیـۆن جوولەکـەیان بـە شێوەیەکی دڕندانە سووتاندووە، ئەو شێوە قڕکردنەی جـــوولەکە هەروەك ڕاوڵ هیلبێرگ (Raul hiberg) لە کتێبی (قڕکردنـی جوولەکـەکانی ئـەوروپا) ئامـاژەی بـۆ کـردووە، بەسـێ قۆناغ ئەنجامدراوە، هەمان ئەو شێوازە لە ئەنفالیشدا کاری پێ کراوە، کە بەم شێوەیە:

دەستنیشانکردن

↓

کۆکردنەوە (یان گرتن)

↓

لەناوبردن[٧]

---

[٥] جینۆساید لە عێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، ل٦٠٠.

[٦] ئەو ژمارەی قوربانیانی ئەنفال لە میدیاکانی کوردیدا بە (١٨٢٠٠٠) کەس ناودەبرێ، بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەکە هەر بە مەزەندەیە و وردو تەواو نییە. ژمارەی گوندەکانیش هەندێ کەس بە (٤٥٠٠) گوندی دادەنێن، بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٤٢١، ١٩٩٣/٦/٢٥، ل٣.

[٧] Middle East Watch، Genocid in Iraq, The Anfal Campaign Against The Kurds, P. 8.

سەرەتا بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ئەو خەڵکانە دەست نیشان کران، کە لە ناوچـە قەدەغەکراوەکان یان ناوچەکانی ژێـر دەسـتەلاّتی پێشـمەرگەدا دەژیـان و خـزم و کـەس و کاریان دەسگیرکران، پاشان بەناوەی پشتێنەی ئەمنییەوە و پاراسـتنی سـنوورو بەهانـەی چـالاکی پێشــمەرگەوە لــە ئۆردوگــا زۆرە ملێیەکانــدا کۆکرانــەوەو دواجــار پرۆســەی بەکۆمەڵکوژیو قڕکردنی گشتییان دەرهەق کرا وجارێکی دی تاوانیجینۆساید جێبەجێ کرا.

## ڕەهەندە کۆمەلاّیەتی وسیاسییەکانی ئەنفال لەسەر کۆمەڵی کوردەواری

یـەکێ لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی شـالاّوی (ئـەنفال) ئـەوە بـوو، کـە بتـوانێ لـە ڕووی کۆمەلاّیەتییەوە برینێکی قووڵ لە دڵی تاکی کورد دا بەجێ بێڵـێ، کـە تـا چـەند نەوەیـەکی دیکەش سارێژ نەبێ بە تێکدانی پێوەندی خێزان و لەبەر یـەك هەڵوەشـاندنەوەی پێوەنـدی کۆمەلاّیەتی هۆزو تیرەو عەشایریی کورد، کەوەك بنیادێکی کۆمەلاّیەتی و ئابووری کۆمـەڵی کوردەواری لەسەر دامەزراوە، ڕاگواستن و قڕکردنی خەڵکی گوندەکان لەسەر زێدی هۆی باو باپیرانیان بووە شێواندنی کەلتوری کوردی و داب و نەرێت و ڕەوشت و ئاکاری ئەو خەڵکە سادە پەروەردە بە خزمایـەتی و دۆسـتی و هەسـتی کوردایـەتی. ئـەم شـالاّوە بـووە هـۆی ئەوەی چەندین نەخۆشی دەروونی لە پاش خۆی لە دەروونی کەسانی ڕزگـار بـوو و خـزم و کـەس و کـاری ئەنفالکراوەکانـدا دروسـت ببێـت ، کـە تـا ئێسـتاش پێـوەی دەناڵێنن، لـە نەخۆشی خەمۆکی و دڵە ڕاوکێ و ترس و شـێت بـوون٨.ئەمـە بێجگـە لـەوەی ئەوانـەی کـە ڕزگاریشیان بووە بە ئازاد کردن یان بە ڕاکـردن تووشـی چـەندین کارەسـاتی وەك جەسـتە شکان و کەم ئەندامیی بوون وەك بێ دەست و قاچ بوون، کـە ئێسـتا بـە هۆیـەوە تووشـی نەهامەتی هاتوون.

لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، دووبارە یـەکێ لـە ئامـــانجەکانی (ئـەنفال) جـێ بـەجێ کردنی تیۆری (مالتۆس) بوو، بۆ کـەم کردنـەوەی ژمـارەی دانیشـتوان بـا بەکۆمـەڵکوژی و

---

[٨] بە پێی ئامارەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانیی لە نامەیەکی ئەکادیمیدا ڕێژەی شێت بوون و هەندێ نەخۆشی دەروونی وا دیاریی دەکات: دڵتەنگی لە ئەنجامی شالاّوەکان ٢١,٢٪، شێتی ١٤,٨٪، لەبیر چوونەوەو دڵەڕاوکێو تووڕەبوون ٨,٥٪، ترس و خەمۆکی ٢١,٢٪.

بڕوانە: یوسف مەعروف محەمەد دزەیی، ڕەهەندە کۆمەلاّیەتییەکانی تاوانی (ئەنفال) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ل١٦٤.

ئیبـادەش بێـت، بەبەڵگـەی ئـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە ئـەنفالکراوەکان منـداڵی سـاوا و هەرزەکار و ژن و کیژی عازەب و پیر و پەککەوتەی تیا بووە، تەنیا بـۆ لـەناو بـردن و کـەم کردنەوەی ژمارەی خەڵکی کورد بووە.

لەڕووی ئابووریشەوە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، کە ئەو خەڵکانەی لـە خـەڵکانێکی بەرهەم هێنەوە کرد بەخەڵکێکی بەکاربەر و زەبرێکی کوشندە بـوو بـۆ داتـەپینی ئـابووری کۆمەڵی کوردەواری کە زۆربـەیان بـە کشـتوکاڵ و مەڕدارییـەوە خـەریك بـوون، کـە تـاوەك ئێسـتاش زۆریـان لەکۆمەڵگـە زۆرەملێیەکانـدا بـێ کـار و کاسـبی ماونەتـەوەو لـەژیان و گوزەرانێکی مەمرەو مەژیدا دەژین، بە تایبەتی ئەو گوندانەی سەر بە پارێزگای کەرکووکن، چونکە هـەروەك دەزانـین زیـانی زۆرو پلـە یـــەکی (ئـەنفال) ناوچـەی گـەرمیانی گرتـەوە. وێرانکردنی نزیکەی (٢٠٠٠) دووهەزار گوند و سووتاندنی ڕەز و باخ و دەغڵ و دانـی خـەڵکی ئەو گوندانە زیانێکی دیار و بەرچاوە.

لەڕووی سیاسـییەوە، لـە سـەردەمی خۆیـدا، ژمارەیـەك خـەڵکی لـە خـەباتی سیاسـی و چەکداری سارد کردەوەو جۆرێك لە بێ بڕوایی و ورە دابەزینی لە ریزی کۆمەڵدا دروست کرد و خەباتی چەکداری کزو لاواز کرد. ئەمە بێجگە لەوەی بۆ ڕاکردن لـە خزمـەتی سـەربازی و ترس و تۆقاندنی ڕژێمی بـەعس خـەڵکانێك ڕوویـان لـە فەوجـە خەفیفـەکان دەکـرد بـۆ نـاو نووسین بۆ (جاش)یەتی، بەمەش ئامانجێکی سیاسی (ئەنفال) بەدی دەهات، کە کوشتن و قڕکردنی کورد بە کورد و هەستی قێزەوەری لە دەروونی کەسـیەتی تـاکی کـورد دا گـەورە دەکرد، هەروەها وەك هەندێ لێکۆڵینەوە ئامـاژەی بـۆ دەکـەن، ژمارەیـەکیش لەوانـەی لـە ترسی پەلاماری (ئەنفال) ڕایان کرد و کوردستانیان بەجێهێشت لە ئێران و تورکیا و پاشـان بەرەو ئەورووپا کۆچیان کرد[٩].

ئەگەرچی لە سەردەمی تاوانەکەدا (١٩٨٨)، لە سیاسەتی دنیای ئـەوێ ڕۆژێـدا ئەوەنـدە بەپەرۆشەوە لە میدیاکانی جیهاندا نەبووە جێگـەی بـاس، بـەڵام ئـەمڕۆ لـە دوای ڕاپـەڕین، بۆتە مەسەلەیەکی زیندوو و بووە بەهۆی ئەوەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەر بنچینەی یاسایی و سیاسیی و سیستمی نوێی جیهانیدا بیکەنە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچەوانی ڕژێمی

---

[٩] یوسف مەعروف محەمەد دزەیی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی(ئەنفال) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ل ١٧٩.

عێراق و داوای دادگایی ئەنجامدەرانی بکەن، کـە لـە ڕووی سیاسـییەوە لـە خزمـەتی دۆزی کورددایە.

## ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیی لە ناساندنی کارەساتی ئەنفالدا:

ڕۆژنامەوانیی وەك کەناڵێکی ڕاگەیاندن لە پاڵ کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و کۆمپیوتـەر و ئینتـەرنێت ...ڕۆڵێکـی کاریگـەر لـە ژیـانی ڕۆژانـەی کۆمەڵـدا دەگێڕێ.ئـەمڕۆ زەمینەی زانستەکان ئەوەندە فراوان بۆتەوە، کە لە توانای مرۆڤدا نییە پەی بە نهێنی ئـەو هەموو تیۆرو داهێنانە نوێیانە ببات، کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن و دێنەکایەوە.

ئـەو هـەموو کێشـەو گرفتـە سیاسـی و کۆمەلآیەتییانـەی ڕۆژانـە لـە پارچـەو کـون و کەلەبەرەکانی دنیایێ ڕوو دەدەن بە ئاسانی بە هـۆی (هۆیـەکانی پێوەنـدی جەماوەری)بـە ئێمە دەگات و جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، کـە جیهـان لـە سـایەی پێشـکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆتە (گوندێکی بچووك).

ڕۆژنامەوانیی دەتوانێت لە دروستکردنی (ڕای گشتی)دا دەورێکـی چـالاکانە ببینـێ، بـەو پێیەی ڕای گشتی حەز و ئارەزوو و یەکخسـتنی دەروونـی و ویسـتی تاکـەکانی کۆمەلـە بـە شێوەیەکی دیموکراسی بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵ[١٠] ئـەمـەش خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی فیکرییـە— بـە واتایـەکی دی ڕۆژنامـەوانیی ئـەرك و پـەیامێکی سیاسـی کۆمەلآیەتییـەو دەتـوانێ بـە گەیانـدنی هـەواڵ و ڕاسـتییەکان بـۆ جـەماوەر پلـەی زانیاریـان بەرزبکاتـەوە و ئاسـوودەیان بکـات و پرۆسـەیەکە لـە ڕووی دەروونییـەوە وەك (وشیارکەرەوە) وایە کـە چـاوەڕوانی (وەلآمدانـەوە) دەکـات، لـە دروسـتکردنی کەسـیەتی تاکدا بەشدار دەبێت.

لە ڕووی سیاسییەوە، ڕۆژنامە گەیاندنی بیروباوەڕی دەستەلآتە و ئاڕاستەکردنی خەڵکە بۆ گوێگرتن و جێ بەجێ کردنـی دەسـتەلآتە یاسـادانەر و ڕاپەڕێنـەر و دادوەرییـەکان، بـە پێچەوانەشـەوە،ئەگەر باوەڕمـان بـە دیمۆکراسـی بێـت، لـە کۆمەڵگەیـەکی مەدەنی،کـە

---

[١٠] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی (ڕای گشتی) بڕوانە: د. عبد اللطیف حمزة، المدخل في فن التحریر الصحفي، ص١٦–٣٤؛ د. احمد بدر واخرون، الصحافة الکویتیة، ص١١–٢٠؛ ا.د. عدنان ابو الفخر، الصحافة السوریة بین النظریة والتطبیق، ص٤١–٥٩.

ڕێکخراوەکان بە دامەزراو (مۆسساتبکرێن ڕۆژنامەوانیی (دەستەڵاتی چوارەم)١١ دەبێت، بۆ وشیارکردنەوەی دەستەڵاتی سیاسی لە داواکارییەکانی گەل بە تایبەتی لە ڕێگەی ڕیفراندۆم بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ویستی ئەندامانی کۆمەڵ.

لە کۆمەڵی کوردەواریدا، تا ئێستا ڕۆژنامەوانیی نەیتوانیوە ئەو دەستەڵاتەی هەبێت و ئازاد بێت، چونکە (ئازادیی ڕۆژنامەوانیی) و (ڕۆژنامەوانیی ئازاد) نەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەنووسیی ئێمە پابەندی حیزب و لایەنە سیاسییەکان بووە، کە خاوەنی ئیمکانیاتی ماددی بوونە، ئەمە بێجگە لەوەی پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری جاریَ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیڕەوی مەدەنیەتی نەکردوە و دەستەڵاتی دیمۆکراسی، کە بەرهەمی کۆمەڵێکی ئازاد و دیمۆکراسییە فەراهەم نەبووە، بەڵام نکۆڵی لەوەیش ناکرێت،کە ڕۆژنامەوانیی کوردیی چ بە نهێنی و چ بە شێوەیەکی ئاشکرا و فراوان بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی(١٩٩١)دا، ڕێگە بۆ ڕۆژنامەوانیی کوردیی ئاوەڵا بوو بۆ زیاتر پێوەندی کردن بە جەماوەرەوە، بوونی ژمارەیەك ڕۆژنامە و کەناڵی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوخۆ و تەنانەت ئێستا بوونی کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردیی ئەو ڕاستییە جێگیر دەکەن١٢.

هەڵدانەوەی لاپەڕەی هەر کامێك لە ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کەگرنگییەکی زۆریان بە بلاَوکردنەوەی ئەو ڕووداو و کارەسات و لیستانەوە داوە،کە لە بابەت چەکی بەکۆمەڵکوژ و کیمیایی و تاوانی جینۆساید لە پەلاماری ئەنفالەکاندا بەکارهاتووە، نەوەك هەر پیشاندانێکی ڕووتی کارەساتەکان بە تەنیا لە پاڵیدا داوای دادگایی کردنی ئەنجامدەران و هێنانەوەی بەڵگەی بەندەکانی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پاڵپشتێك بۆ مەبەستی

---

١١ لە بارەی ئەم زاراوەیە (دەستەڵاتی چوارەم) بڕوانە: کەمال سەعدی، دەستەلاتی چوارەم، هەولێر، ١٩٩٨.

١٢ لە دوای ڕاپەڕینەوە ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤار بلاَوبۆتەوە بە پێی ئەو بیبلۆگرافیایەی عەبدوڵلا زەنگەنە ڕێکیخستووە دەگاتە (٥٢٩) تا ساڵی ١٩٩٧، بڕوانە: عەبدوڵلا زەنگەنە، ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین، ل ٣٤١-٣٦٠، ژمارەی تەلەفزیۆنەکان بە پێی حیزبەکان هەردەم لە (٧-٨) کەناڵی ناوخۆیی کەمتر نەبووە، ئێستاش چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی لە سەتەلایت هەن، کە هەر حیزب و لایەنەکان لە کوردستاندا بەڕێوەی دەبەن.

وروژاندنی هەستی خەڵك لەڕووی سایکۆلۆژیاوە و خستنە ڕووی کارەساتەکان بۆبەر چاوی ڕای‌گشتیی جیهانی و دروست کردنی ڕای گشتیی لە کۆمەڵدا و ڕق ئەستوورکردنی خەڵك لە بەرامبەر تاوانەکانی ڕژێمدا. لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە دەتوانین بڵێین وەك (مانشێت)ی سەرەکی یان (سەروتار)یان (وتار) هەواڵەکان جێگەیان گرتووە. هەروا سوود لەچەندین (وێنەی ڕۆژنامەوانیی) وەرگیراوە بۆ گەورەکردنەوە و تەقاندنەوەی ناخی خوێنەر،تەنانەت ڕۆژنامەنووسیی حیزبی ئەوەندە ڕۆڵی گێڕاوە چەندین مانگرتن و ڕێپێوانی هێمنانەی بۆ بەردەم بارەگای نووسینگەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان و (UN) ڕێکخستووە و لە وروژاندن و یەکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا سەرقافلە بووە[١٣].

هەوڵ دەدەین ئاماژە بە نووسین و مانشێتی هەندێ لە ڕۆژنامەکانی کوردستان لە دوای (ڕاپەڕین)دا بدەین:

## ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:

ئەم ڕۆژنامەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕۆژانە دەریدەکات[١٤] بەرهەمی زۆری لەسەر ئەنفال بڵاوکردۆتەوە، ڕەنگە هۆیەکەیشی بە پلەی یەکەم لەوەوە بێت، کە پەلامارەکانی ئەنفال بەشێوەیەکی بەرفراوان ناوچەکانی ژێردەستی (ی.ن.ك) ی گرتەوە، بەتایبەتی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) لە سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، تەنانەت ڕژێم ئەوەندە بە پەرۆشەوە بوو، بەیاننامەی تایبەتی بەم بۆنەیەوە دەرکرد[١٥] وا هەندێ لە ناونیشانی بابەتە بڵاوکراوەکانی نێو ڕۆژنامەکە دەخەمە ڕوو:

---

[١٣] بۆ ئەو ڕێپێوان هاندانی خەڵك و ورووژاندنیان بڕوانە: ئەم هەواڵەی ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان): (ڕۆژی ٤/١٤ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شاری هەولێر بە ئامادەبوونی نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە جەماوەریو پیشەیی و پارێزگاری هەولێر و ڕێکخەری UN و ژمارەیەك لە زانایانی ئایینی، کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییان لەبەردەم پارێزگای هەولێر ساز کرد:) بڕوانە: ژ ٢٠٢، ١٩٩٦/٤/٢٣.

[١٤] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (سفر)ی بە هەشت لاپەرە لە ١٩٩٢/١/١٢دا دەرچووەوە تا ئیستاش وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەردەوامە.

[١٥] پەلامارەکانی ئەنفال لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمی بەغدا بە شانازییەوە باسی لێوەکراوە، بۆ نموونە بڕوانە مانشێت و هەواڵەکانی ڕۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی حیزبی بەعس لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٠و لە ژمارە ٦٥٠٨ دا نووسراوە:

- احتلال مقر الخيانة بقتال باسل وثأري.

- ئەنفالەکان..کێشەی ژمارە ١، (ڕیپۆرتاژ)، ژ١٢٦٤، ١٦/٤/١٩٩٦.
- شێخ محمد شاکەلی لەبارەی ئەنفالەکانەوە دەدوێ، (چاوپێکەوتن)، ژ١٢٦٤.
- ئەنفال ئامانج، پەندو هەڵوێست... ! (لێکۆڵینەوە)، ژ١٢٦٧، ٥/٥/١٩٩٦

---

- عملية (أنفال) تتوج جبالنا الحبيبة بنصر عراقي مؤزر.
- تظاهرات واسعة ابتهاجا بالنصر فرحة غامرة بالقضاء على وكر الخيانة والعمالة.

هەروەها لە گۆڤاری (**الف باء**) ی ڕژیم لە ژمارە (١٠٤٣) یڕۆژی٢١/٩/١٩٨٨دا (عدنان خيرالله)ی وەزیری بەرگری ئەوکاتەی عێراق نکولی لە بەکارهێنانی گازی کیمیایی دەکات و دەربارەی گرتن و کوشتنی خەڵکی کوردستان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا دان بەوە دادەنێت کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە بەرەو سنوورەکانی ئێران وتورکیا ڕایانکردووە لە بەر ئەوەی ئێمە نایانناسین و هەموویان جلی کوردییان لەبەردایە.هەروەها دەڵێ بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پەلامارەکان لە٥/٩/١٩٨٨دا حکومەت بڕیاری لێبووردنی گشتی بۆ کوردان دەرکردووە.



KURDISTANÎ NWÊ

# کوردستانی نوێ

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکا

NO: 1600, Sunday, 26/4/1998

ساڵی حەوتەم ژمارە: ١٦٠٠ یەکشەممە ١٩٩٨/٤/٢٦

شەقڵاوە:

## نۆیەمین کۆبوونەوەی باڵای نێوان ی.ن.ك و پ.د.ك بەسترا

شەقڵاوە_لە ئەحمەد سەیانەوە:

لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیی و لەدرێژەی کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو وەفدی باڵای ی.ن.ك و پ.د.ك دا، پێش نیوەڕۆی ڕۆژی (٤/٢٣)، وەفدەکانی هەردولا لەشەقڵاوە، بەئامادەبوونی مامۆستا عەزیز محەمەد سەرپەرشتیاری پرۆسەی ئاشتی، نۆیەمین کۆبوونەوەیان بەست.

وەفدی ی.ن.ك لە بەڕێزان د.کەمال فوئاد کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی و لەرسەلان بایز، عومەری سەید عەلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێکهاتبوو، وەفدی پ.د.ك_یش بریتیبوو لەبەڕێزان سامی عەبدولڕەحمان و جەوهەر نامیق سالم ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و بروسك نووری شاوەیس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە هەریەك لەبەڕێزان مامۆستا عەزیز محەمەد و د.کەمال فوئاد و سامی عەبدولڕەحمان لەبارەی ئاکامی وتووێژەکان، بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دوان.

دووبارە توانیمان ئەو مەسەلەیە ڕابگرین و دوباره بڕیاری ئەوە بدەین کە لەڕۆژی یەکشەممەی داهاتوودا (٤/٢٦) ڕاگەیاندن وەکو جارانی لێبێتەوە. ئەوەش مەغزاکەی ئەمەیە کەئێمە بەملاش کۆنابینەوە، کە کۆدەبینەوە شتمان هەیە بەڕاستی بێنین، دەبوایە ئەوە ڕوونبكات بەڵام کە ڕووی دا توانیمان سنووری بۆ دابنێین. هەروەها ڕایگەیاند بڕیار لەسەر کۆمەڵە هەنگاوێك دراوە لەوانە مەسەلەی هاتوچۆ، دیلەکان، مەسەلەی ئاوارەکان، مەسەلەیەکی تریش قسەی لێکرا، ئەویش ئەوەیە جارەهای جارە ناوی دەبەین بە ((سەرکەوتن بۆ هەوراز#کە))، ئەوەی ڕاستی بێ تا ئێستا بۆچوونی جیا جیا هەیە هەرچەندە مەسەلەی هاوبەشیش هەیە لەنێوانیاندا، ئێمە پێویستمان بەگۆڕینەوەی تێبینیکی تر هەیە بۆ ئەوەی گرێکوێرەکە تارادەیەك بکرێتەوە، هەرچەندە گرێکوێرە نییە لەسەر مێزی گفتوگۆ نەکرێتەوە، وەکو هەموو جارێك دەڵێین بەرژەوەندی میللەتەکەمان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوەیە.

ئینجا بەڕێز د.کەمال فوئاد بەشێوەیەکی گشتی ئەرخاز بکرێ بۆ خزمەتی پرۆسەی ئاشتی.

بەڕێزی ئەوەشی ڕاگەیاند پاش ئەوەی هەندێ لەمەسەلەکانمان باسکردو لەبارەیەوە گەیشتینە کۆمەڵێك ئەنجامی باش، هاتینە سەر باسی مەسەلە سەرەکییەکان وەك دیاریکردنی حکومەتێکی ئیئتلافی کاتیی و سەرۆکێتی و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن و چۆنیەتی میکانیزمی ئەو کارانە وەکو مامۆستا عەزیز فەرمووی ئێمە لەوبارەیەوە کۆمەڵێك بیروڕای لەیەکچوو جیاوازمان هەبوو، لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کەحکومەتێکی ئیئتلافی دروستبێت کە سەرۆکێتی و هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو حکومەتە و ئەو هەنگاوانە جیاوازی لە بۆچوونەکانمان هەیە، لەبەر ئەوە بڕیارماندا لەسەر کۆبوونەوەکان بەردەوام بین و کۆبوونەوەی داهاتووش لەکات و شوێنی دیاریکراو بکرێت، لەو ماوەیەش هەوڵ بدری چارەسەرێکی ئەو گرێکوێرانە بکرێ کە تا ئێستا نەمانتوانیوە چارەسەری خرابی هەبوو، بەڵام بەداخەوە دەڵێم ئەبارتیی و نەیەکێتیی و نەمیللەتی کورد لەو ڕاگەیاندنە ئارازی نەکرد، وەکو چەند جار گوتومانە میللەتەکەمان چاوەڕێی ئاشتییەکی سەرانسەری تەواو دەکات، دەستانی میللەتەکەشمان چاوەڕێی ئەوەن، تاڵو تەرا خەڵك گرتن بووەو ڕەنگە دەرکردن ڕوویدابێ، لەمجۆرە شتانە ئابێ بکرێ، دارا لەخەڵکانی بەرپرس لەپارتیی و یەکێتی دەکەم پابەندی ئەو خاڵانەی کۆبوونەوەی (٢/١٢)ی شەقڵاوە بن کەبەیوەندیان هەیە بەمەسەلەی ئازادی هاتوچۆ و نابێ کەسێك بگیرێ و کەس لەجێگەی خۆی دەربکرێ.

مەسەلەی ڕاگەیاندنیش لەیەکشەممە بەدواوە دەگیرێتەوە دۆخی ئاسایی، ئێمە هەرسێکمان (ئەو دوو وەفدە لەگەڵ مامۆستا عەزیز محەمەد) لەخەڵکی باشتر دەزانین چی هەیەو چیتییەو چی پێویستە بکرێ؟ پێویست ناکا خەڵك قسەکانی ئێمە شی بکاتەوە، دیارە ئێمە هەرسێکمان لەکەس ناترسین، لەبەردەم ئێوە دەڵێین دەبێ ئەوەندە بسەرینی، ئەو دەمی نێگەتیفا

بۆ ل٧

### سەرۆکی پەرلەمانی ئێران گەیشتە عومان

ڕادیۆی BBC -٤/٢٥:

عەلی ئەکبەر ناتیق نووری سەرۆکی ئەنجومەنی شوورا (پەرلەمان)ی ئێران

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

- ڕواندوز وكفری یادی هەشتەمین ساڵڕۆژی كارەساتی ئەنفال دەكەنەوە،(هـەواڵ)، ژ ١٢٦٤.
- ئەنفالی سێ لە گەرمیان، (وتار)، ژ١٢٧٥، ٣/٥/١٩٩٦.
- ڕاپۆرتێك دەربارەی ئەنفالكراوەكان، (ڕاپۆرت)، ژ١٢٦٤، ١٦/٤/.١٩٩٦
- ئەنفال !(لێكۆڵینەوە)، ژ١٢٦٤، ١٦/٤/١٩٩٦.
- كیمیا باران.. ئەنفال ونوگرە سەلمان، (وتار)، ژ٢١٨١، ٢٥/٦/٢٠٠٠.

## ڕۆژنامەی برایەتی:

ڕۆژنامەی (برایەتی) پارتی دیموكراتی كوردستان دەریدەكات[١٦]، لە دوای ڕاپەڕینـەوە بـە شێوەیەكی ڕۆژانە دەردەچێت، هەڵوێستی پارتی دیموكراتی كوردستان بەرامبەر بە ڕووداوو پێشهاتە سیاسییەكانی ڕۆژ دەردەبـڕێ، بـەو پێیـەی كـە ڕۆژنامەیـەكی حیزبییـە، ڕوانینـی حیزبەكـە دەردەبـڕێ، لـە سـاڵانی سـەرەتای هـەوەڵی ڕاپـەڕین چـەندین وتـارو سـەروتارو ڕیپۆرتـاژو چـاوپێكەوتن و هـەواڵی تایبـەت بەكارەسـاتی ئـەنفالی بڵاوكردۆتـەوە، بەمـەش ڕۆژنامەكـە ئـەركی كۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ڕۆژنامـەوانیخۆی بـە جێگەیانـدووە، لـە وشـیاركردنەوەی خـەڵكی كوردسـتان و، ئەمـە هەنـدێك لـە مانشـێت و سـەرووتارو بابەتـە ڕۆژنامەوانییەكانی ڕۆژنامەی (برایەتی) یە لە بابەت پەلامارەكانی (ئەنفال)ەوە:

- برایەتی لەگێروگرفتی ئەنفالەكان دەكۆڵێتەوە، (ڕیپۆرتاژ)، [١٦١٨، ٢٣/٣/١٩٩٣.
- ڕژێم بێ شەرمانە شانازی بە ئەنفالەوەدەكات، (مانشێت)، ژ١٦٠٤، ٢٧/٣/١٩٩٣.
- ئەنفال ڕۆژە هەرە تاڵەكەی سەحراوی، (وتار)، ژ١٦٤٩، ٢/٥/٩٩٣.
- ژنەكا ئەنفالكری چیروكا خو ڤە دگێڕیتەڤە، (چاوپێكەوتن). ژ١٥٩٧، ١٦/٣/١٩٩٣
- هەڵەبجە وئەنفال وكۆڕەولە پانۆرامایەكدا، (وتار)، ژ١٤، ٢٨٠٣/٤/١٩٩٩
- ئەنفال جینۆسایدێكی بێ وێنەیە، (وتار)، ژ ٢٨١٣، ١٤/ ٤ /١٩٩٩.

---

[١٦] ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (سفر) ی لە ١/١/١٩٧٤ دا دەرچووە، لەدوای ڕاپەڕین دووبارە تێهەڵچۆتەوەو لە٢/٣/١٩٩٣ داو بە ژمارە ١٥٨٥ دەستی پێكردۆتەوە و ڕۆژانە دەردەچێت و بەردەوامە.



برایەتی

BIRAYETI

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات

نوێنەری حکومەتی هەرێم لە باکووری ئەورووپا لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی فینلەندا کۆبۆوە

4 تیشکێک لەسەر مێژوو و کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ کاروباری پەنابەران

4 پرۆژەی یاسای دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای وەرزش

5 بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی پەنابەرانەوە چارەسەری سیاسیانەی دۆزی کورد، کێشەی پەنابەربوونی کورد چارەسەر دەکات

8 بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسیی ببێتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی گۆڕانکاری ...چۆن؟

گفتوگۆ لە سەر پرۆژەی هەموارکردنی یاسای پارێزەران لە پەرلەمان درێژەی هەیە

...ک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دەکات

چارێکی دیکەش کارەبای هەولێر بڕا

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە ئەم لێدوانەی دا:

مەسرور بارزانی پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێر کرد

کردنەوەی پێشانگای کتێبی (دار المدى) لە دهۆک

ئەمریکا: خەڵاتێکی دیکە بۆ فیلمی کوردی (ژیان)

...نەری حکومەتی ...م لە بەریتانیا ...دیدارێکی پارتی ...کراتی لیبراڵدا

٢٠٠٢/٦/١٩

ر

## ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان:

ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)،[17] کە ڕۆژنامـەی حیزبـی شـیوعی کوردسـتانە، بەشـێکی مانشێت و سەروتارو ڕیپۆرتاژو چاو پێکـەوتن و جارجـار گۆشـەی تایبـەتی بـۆ دەرخسـتنی مەینەتی خەڵکی ئەنفالکراو و کەس وکاری ئەنفالیان ومەینەتی ئەو ناوچانەی بەر چەکی بە کۆمەڵکوژو گازی کیمیاویی کەوتوون تـەرخانکراوە. بێگومـان ئـەو مانشـێتانە و سـەروتاری ڕۆژنامەکە گوزارشت لـە بۆچـوونی ڕۆژنامەکـە دەکـەن، کـە ڕۆژنامەیـەکی حیزبیـە. ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێ زۆر بـە دەگمـەن و جارجـار وەك (مانشـێت)ی ڕۆژنامەکـە ئیـبرازی کارەسـاتی ئـەنفالکراوە، ئـەگینا لـە دووتـوێی هـەواڵ و چـالاکی حکـومی و ڕیپۆرتـاژی ڕۆژنامەنووسییدا جێگەی کراوەتەوە.(سەروتار) مەگەر تاك و لۆق تایبەت کرابێت بـۆ یـادی ئەو کارەساتە دژ بەمرۆڤایەتیە و شیکردنەوەی پێویستیشی بۆ کرابێ، دیارە ئەم سەرنجانە ڕۆژنامەکانی دیکەش دەگرێتەوە وەنەبێ هەر تەنیا بۆ ئەم ڕۆژنامەیە بـن. (چاوپێکەوتن) و (ڕیپۆرتاژ)ەکانیش زیاتر یادەوەری ئەو کەسانەن، کە ڕزگارییان بووە لە هەڵمەتەکە، کەمتر بارودۆخی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو خەڵکانە باسیان لێوە کـراوە. (هـەواڵ) زیـاتر لایـەنی سیاسـی وپێویسـتی و یارمـەتی کوردسـتان لـە لایـەن ڕێکخراوە خێرخوازەکان و دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانـەیان گرتۆتـەوە. هەنـدێ جـاریش هەواڵـەکان تایبـەتن بـە یادکردنـەوەی ئـەو کارەسـاتە لـە لایـەن حیـزب و لایەنـە سیاسییەکان و تیپە هونەرییەکانی کوردستان لـە شـارەکاندا، لـە پێشکەشـکردنی چـالاکی شانۆیی و گۆرانی و سروودو کاری هونەریدا.

سەرنجی ئەم مانشێت و ناونیشانە ڕۆژنامەوانییانە بدەن:

– ئـاوارەو ئـەنفال لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی کێشـە ئیدارییەکانـدا، ڕیپۆرتـاژ، ژ١٨٤، ١٩٩٥/١٢/٥.

- یادی ئەنفالیش ئەم ساڵ بوو بەدوو، (گۆشەی تایبەت (ژ١٩٩)، ١٩٩٦/٤/٢

– ئەو ڕۆژانەی (ئەنفال) گەیشتە ناوچەی قەرەداغ، (وتار)، ژ ٢٠٠، ١٩٩٦/٤/٩.

---

[17] ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)، ژمارە یەکی لە ١٩٩١/٦/١دا بە چوار لاپەڕەی قەوارە بچووك دەرچووەو تائێستاش بەردەوامە.

- ڤیستیڤاڵی یادکردنەوەی ئەنفالە بەدناوەکان، (هەواڵ)، ژ٢٠٢، ١٩٩٦/٤/٢٣.

- یەك ڕیزی گەل و هێزە سیاسییەکانی، وەفادارییە بۆ قوربانییەکانی ئەنفال، (مانشێنت)، ٢١٧، ١٩٩٦/٨/١٣.

- تراژیدیای لەبیرکراو سـەرە قەڵـەمێك بۆخوێندنـەوەی ئاکامەخراپـەکانی ئـەنفال، (وتـار)، ژ٣١٥ ٢٦ /٨ / ١٩٩٨.

- قوربانیانی ئەنفال دوو ڕەهەندی مرۆیی و سیاسین نابێ بێ چارەسەر بمێننەوە (سەروتار)، ژ ٣٤٧، ١٤ /٤ /١٩٩٩.

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ڕێگای کوردستان

REGAY KURDISTAN

یەکەمین ژمارەی بە ناوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی 1944 دا دەرچووە

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار

دیموکراسی بۆ عێراق

مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان

ژمارە (441)ی ساڵی (56)

دووشەممە (19)ی فبرایەر

(22)ی ڕێبەندانی 2700 ی کوردی

## لە پێناو خوێندنەوەیەکی بابەتییانەی هەڵو مەر...

## پتەوکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حزبمان و بە جە...

## با خەباتمان جۆش بدەین بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئ...

## گشتی و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ...



### حزبی شیوعی کوردستانیمان کۆتایی بە کۆنفرانسە گشتییەکەی دەهێنێ و بەلاغێکی کۆتاییش دەردەکات

ئەوەی خوارەوە دەقی ئەو بەلاغی کۆتاییەیە

## ئەدەبیاتی ئەنفال لە ڕۆژنامەوانیی کوریدا:

مەبەست لە (ئـەدەبیاتی ئـەنفال) ئـەو ئەدەبەیـە کـە لـە ناوەرۆکەکەیدا گوزارشت لـە کارەسات و تاوانی ئەو زنجیرە پەلامارەیە کە ڕژێمی عێراق لە ٢٣ی شوبات – ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ کردیە سەر خەڵکی زۆربەیناوچەکانی کوردستان، کە تیایدا بە چەکی قورس و گازی کیمیایی قەدەغەکراو خەڵکێکی زۆری کوشت و زیاتر لـە (١٠٠) هـەزار خـەڵکی بـێ تـاوانیش تێدا بێ سەرو شوێن کرد. ئەو تاوانە هەستی ئەدیبی کـوردی لـە ناخـەوە هەژانـدو کۆمـەڵێ بەرهەمی ئەدەبی لە شیعرو چیرۆك و وتار لە دایك بوون. هەوڵدەدەین چەند نموونەیەك وەربگرین، چونکە بیبلۆگرافیایەکی تەواو بۆ هەموو بەرهەمەکان قوورسـەو لـە ئەسـتۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا نییە.

### ئەنفال و شیعری کوردی:

شیعر، پانتاییـەکی گـەورەی لـە تۆپۆگرافیـای ئـەدەبی کوریـدا داگیرکـردووە، هەمیشـە لەگـەڵ ڕۆحـی کـورد ئاشـنا بـووە و لـە هـەموو سـەردەمەکاندا بەشـی زۆرینـەی خیتـابی ڕۆشنبیری کوردی بووەو لەگەڵ هەست و سۆزو ئەندێشە مامەڵەی کردووە. شـاعیری کـورد لە کێشە و گرفتەکانی سەردەمی خۆیدا دەستە پاچە نەبووەو هەوڵیداوە یادەوەری ڕابردوو لە ئێستادا زیندوو بکاتەوە و زۆر جاریش لە (ئێستا) دا بۆ ئاینده بڕوانێ. (ئەنفال) شاعیری بۆ زەمەنی ڕابردوو بردووەو لە مێشکی خۆیـدا ئـەو سـروودو گۆرانییانـەی سـاڵەها مێشـکی ئازاردا‌وە هەڵبوەشێنێتەوە و ئاڕاسـتەیەکی پێچـەوانەی بـداتێ، ئەگـەر جـاران قافڵـە بـۆ عەجـەم بـەڕێ دەکـەوت و (پاوانـەی یـار) بـە زرنـگ و هـۆڕی خـەڵکی سەرسـام دەکـردو حەپەساوی دەکردن، ئێسـتا پاوانـەکان نـەك هـەر قافڵـە ناگەڕێننـەوە، بـەڵکو نائومیـدی و دڵەڕاوکێش دەخەنە دەروونەوە:

پاوانەکانی موحیبەت، گەر ئەمجارە، زرنگەیان لێوە بێ،
قافڵە لەڕێی عەجەمەوە، ناگەڕێتەوە،...
کوڵوانەو گۆزەی شکاو و قۆریە چای بەجێماوی
هێشتا گەرمی ئێوەیان پێ یە...
هۆرەی کوژراوو، ڕەشماڵی بێ نازو،
فەقیانەی تەڕو خوێناوی ئێوەیان، هەڵگرتووە...

قافڵەکان لە عەرعەرەوە دێنەوە!

پووزەوانەی بێ قاچ و، چاوەزاری شکاوی

سەردەرگای فیردەوسە ڕووخاوەکانیان بارکردووە۱۸.

ئەو قافڵەیـەی، کـە هـەرگیز ناگەڕێتـەوە، هـەموو شـتە جوانـەکانی مـاددی و مەعنـەوی خەڵکی ئەنفالکراویان هەڵگرتووە، کۆڵوانەو گۆزەو پووزەوانەو چاوەزارو هەموو ئەو شتانەی بوونەتە بەشێك لە ژیانیان. ئـەم مەرگـە سـاتە مەسـیح ڕادەچـڵەکێنێ و هێمایەکـە، ئەگـەر سوورەتی (ئـەنفال) دەروەسـت نـەهات، بـا مەسـیحی ئاشـتی بتـەزێنێ و لـە خاچـی خـۆی دایگرێ:

بە ناوی ئێوەوە،

لە پێشەکیی چاپی دەیەمی ئینجیلدا، مەسیح، نووسیبووی

کێ (ئەنفال) م بۆ دەخاتە ڕستەوە

لە خاچەکەم دێمە خوارێ و

سەری خۆمی پێ دەبەخشم!۱۹

(شێرکۆ بێکەس) دەستی نزا بۆ مەلەك تاوس بەرز دەکاتەوە لەگەڵ سروودەکانی ڕۆحی پاکـدا لـە لووتکـەی کێـوی لالشـدا هـەروەك دەروێـش و فـەقێرو قەواڵـەکانی خـۆی لـە (جیلوە)یەکدا ئاهو حەسـرەتی کیمیـایی (هەڵەبجـە) و گونـدە وێرانکراوەکـانی گـەرمیان و خۆشەویستی نیشتمان و یارو پیرۆزی خۆی هەمووی پێکەوە تێکەڵ بە یەك بکات:

ئەی فریشتەی ڕۆحی سپی!

ئەی (مەلەك تاوس)ی ڕەنگین

بە ڕەنکەکانی وڵات و بە ڕەنگەکانی قوربانییم

باڵ لێکدەو سەرکەوە سەر کەلی

ژاڵەیی جەستەی من

بە دەنووك لە تۆوی ڕووناکیی شیعرم و

---

۱۸ جەمال غەمبار، وەرزە ئاڵەکانی عەدەم، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ۲۰۲، ۱/٦/۲۰ ۱۹۹٦.

۱۹ جەمال غەمبار، وەرزە ئاڵەکانی عەدەم، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ۲۰۲، ۱/٦/۲۰ ۱۹۹٦.

ریشاڵی ئەنگۆرەی"هەڵەبجە"م هەلگرەو
بیبەوە "لاش"
بارانی ئەم ڕەنگەیش موتوربەی ئاسمانی
"مەسحەفا" و ناو خۆڵی "جیلوە" کە
با گوڵی هەتاوێ لەم شەوی لەشەدا بڕسکێ
نەبینراو، با قوڕی "بەراتە" و ئەموستی وەریوی "گەرمێن" و
چەند پەڕێ لەتێلی تاوست و چەند تاڵێ لە قژی
یارەکەم، هەر هەموو، پێکەوە بشێلین،
بۆ ئەوەی لەم جەستە نوییەدا، لە جەستەی
" قەوال و فەقیر"دا لە کەنار شەوێکی زیوییندا،
رۆحێکی تازەتر لەبەردا بروێنین، بۆ ئەوەی
بەردەوام پێکەوە لەگیانی شەوێکی سپیدا
هەڵفڕین.[20]

(ئیسماعیل بەرزنجی) لە (دژە دیمەنەکان) دا، هەموو وردو درشتی کارەسات و پاڵەوانیەتی و شکستەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد لە بۆتەی دوو وشەدا کۆ دەکاتەوە کە مەدلوولی ئەو دوو وشەیە پێوەندییەکی دیالێکتیکیانەیان پێکەوە هەیە و سەر جەمسەری دوو یادەوەرین، کە ئامادەیی بەردەوامیان لە زەمینی تاکی کورددا داگیر کردووە و ئەوانیش ئەنفال و کیمیابارانن، کە دوو تاوانی سەدەی بیستەمن:

مێژوو
نە نووسراوەکانی توینبییە
نەچەند بەرگەکەی عەبدولرەزاق حوسەینی یە
نەکیفاحی هیتلەرە
نەچەند کتێبەکانی کەمال مەزهەرە
مێژوو دوو وشەیە

[20] شێرکۆ بێەس، سوودەکانی مەلەك تاووس، گ. ئایندە، ژ١٦، ١٩٨٨، ل١٦٣.

١-ئەنفال

٢- کیمیا باران٢١

لای (کەژاڵ ئەحمەد) (ئەنفال) هاوشێوەی(هۆلۆکۆست)ی جوولەکەکانی ئەو ڕوپایەو ئەو قڕکردنەی لە سەردەمی دووەمین جەنگی گێتیدا لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵیکێشان و بوون بە سووتووی ڕق و قینی درێژبووەوەی پێش خۆیان و تێڕوانینی نازیزم بوو بۆ پارێزگاری لە (بوون)ی سەردەمی خۆی.

ئەنفال لە دیدی کەژاڵ وشك بوونەوەو لەبن هەڵکێشانی گوڵە جوانەکانی ڕۆحە وئیدی بەهاکان چی دەبەخشن ! میللەتێ دەسڕێتەوە.

جەستەی خۆڵە گەرمەکەی خۆی بخولقێنێ

ئەنفال ویستی:

بڵێ ئا ئەم گەردەلوولە ئیماندارانە دەتوانن

تەواوی نەوەیەك بە ناخی زەمیندا ببەن و

بڵێنماڵئاوا.. میللەتە بێ ماڵەکان !

بیابان تۆ دەلیلم بە

ئەم شەو و ڕێگا غوربەتە پێم و دەمێکە

چرای شیعرم کۆکردە

- کە بردیانن هەموو شتێ بەرەو کاڵ بوونەوە دەچوو.

شۆڕش، ڕەوشت، جوانی

قەسیدە وەك ملی ئەوان

بەلادا کەوت

ئەو مێژووە

توانەوەی شەکری ڕووناکی بوو لەناو

ژەهراوی تاریکستاندا

تەسلیم بوونی گوڵەباغ بوو بەدرکەزێ

---

[21] ئیسماعیل بەرزنجی، دژە دیمەن، گ. ئێستا، ژ١٥، ١٩٩٨، ل٢١٥.

حیکایەتی سەربڕاوی میللەتێ بوو

زوو شتی لە یاد دەچێ ٢٢

یادەوەرییەکان لە ئاهەنگسازیی ئێستادا دەردەکەونـەوە، مێـژوو بـە ڕوانینـی بەعسـیان یەك ئاڕاستەی هەیە ئەویش ڕابردوو بۆ ئێستایەکی ئەوتۆ، کە سەرکەوتن و گەورەیی خۆیان پیشان بدا لە زاڵبوون بەسەر میللەتانی دی لە ژێرپەردەی ئاییندا.

(بەختیار عەلی) دەڵێ: ((ئـەنفال درێـژکراوەی سـەرەتای جیهـادی ئیسـلامییە، سـەددام حوسێن خۆی درێـژکراوەی پەیامبـەرە. گەمژەییـە واتێبگـەین کـە ئـەمجۆرە مامەڵەکردنـە لەگــەڵ مێــژوودا تــەنها سیســتمێکی ڕەمزیانەیــە و هیچــی تــر: ئــەم شــوبهاندنە ڕۆحــی مامەڵەکردنی بەعسیانەو جەوهەری سەیرکردنێتی بۆ زەمەن.))٢٣

## ب: ئەنفال و چیرۆکی کوردی:

لـە ئـەنجامی خوێندنـەوەی ژمارەیـەك چـیرۆکی کـوردی بلاّوکـراوە لـە ڕۆژنامــەو گۆڤارەکاندا هەردوو چیرۆکـی (ئاهەنگی ئەنفال )٢٤ و (سەعاتە وەسـتاوەکان)٢٥م بـە نموونـە هەڵبـژارد، کـە نـاوەرۆك و تەکنیکـەکانیان شـایانی لێکۆڵینـەوەن، ڕاسـتەوخۆش

---

[22] کەژاڵ ئەحمەد، هۆلۆکۆست، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ١٢٧٤، ١٩٩٦/٤/٢٨.

بێجگە لەو شیعرانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆر نموونەی دیکە هەبەن، وەك: فاتیح سەلام، پانۆرامای ڕاگوێزان و سووتماکی خاك، گ. ئێستا، ژ ١٦، ١٩٩٨؛ کەریم کاکە، دەقی ئەنفال حوجرەی کچان، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ ٢٨٩، ١٩٩٨/٢/١٨.

[23] بەختیار عەلی، یادەوەری وزەمەن، گ. ڕەهەند، ژ٦، ل٣٠.

[24] حەکیم کاکە وەیس، ئاهەنگی ئەنفال، گ. ڕامان، ژ٤٧، ل١٩٩–٢٠١.

[25] جەلیل کاکە وەیس، سەعاتە وەستاوەکان، گ ڕامان، ژ٤٧، ٢٠٠٠.

بێجگە لەم چیرۆکانە، چیرۆکی دیکەش بە شێوەی کتێب بلاّوکراونەتەوە، بۆیە نەکەوتوونەتە ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەك: حەکیم عەبدوللا کاکە وەیس، چیرۆکی سەبییە شێت، گ. ڕامان، ژ٤٣، ٢٠٠٠، ل١٨٢–١٨٥؛ حەسەن مەحمود حەمە کەریم، چیرۆکی دایە مەنیج، گ ڕامان، ژ ٥٠، ٢٠٠٠، ل٢١٥–٢١٨؛ محەمەد ڕەشید فەتاح، ڕۆمانی ئەنفال، سلێمانی، ١٩٩٧؛ حسین عارف، ڕۆمانی هێلانە، سلێمانی، ١٩٩٩.

هەروەها لە کاری هونەرییشدا بەتایبەتی فیلمی (ئەنفال) لە سیناریۆو دەرهێنانی هونەرمەند کامەران ڕەفیق لە ساڵی ١٩٩٩ لە شاری: سلیمانی پێشکەشکرا، بڕوانە: محمد حمە صالح توفیق، فیلمی ئەنفال چۆن مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ئەنفالدا دەکات، گ ئاییندە، ژ ٣، ١٩٩٩، ل٤٢–٥٤.

دەربڕی دیمەنێکی ئەو کارەساتەن. بەکورتی باس لـە گفتوگۆی نێـوان ئـاوو قـوڕ دەکـات، چیرۆکەکە لە جیهانی فانتیازیا بـەو مانایـەی دەرچـوون لـە شـتە باوەکـان و مامەڵـە کـردن لەگەڵ شتە بێ گیانەکان و بە قسە هێنانیان بۆ مەسەلەیەکی هونەری جوانناسیی.

پاڵەوانێکی سەرەکی دیار نییە، بەشێوەی کۆ پاڵەوان نووسراوە، ڕاسـتە، لـە هـەموویان زیـاتر گفتوگـۆی (دیـالۆگی) ئەفسـەرەکە زاڵـەو هـەروەك خـۆی دەڵـی: ((ئـەو کاتـەی بەڕێوەبەری ئاسایشی شـاری X بـووم، هـاوڕێ حیزبییـەکوردەکانم ژن و خوشـك و کیـژی خۆیانیـان دەهێنـان و بۆمـان هەڵدەپـەڕین.. سـەمایان دەکـرد، سـتریپیان دەکـرد.. بـەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەر(٣٠١) کچەکە لە جووڵەو (پیمە)کە دا بەشدارن، لە گۆرانی مەرگ و سەمای خۆکوشتن و نووزەی جاویدانیـدا، ئەمـەش لەگـەڵ ڕەوتـی ڕوودانـی کارەسـاتەکەدا هاوئاهەنگن، کە کارەساتێکی بە کۆمەڵکوژو بەکۆمەڵ هەتك کـردن و بـە کۆمـەڵ زینـدە بـە چـاڵ و ڕاگواسـتن بـووە. ئـەو ئاهەنگسـازییە زیندووکردنـەوەی وێنـەی سـەرکەوتنەکانی ڕابردووی میللەتێکی داگیر کەرە، کە لە ژێر پەردەی مەزهەبدا کلتووری ئێمـەی شـێواندووە و فەوتاندووە.

ئەفسەرەکە خۆی بە (هارونە ڕەشید)ەکەی جارانی بەغدا دەزانێ، ئەمڕۆ ئـەویش حـەزو ئاڵۆشە خەفەکراوەکانی بە پاکیزەی کورد دادەمرکێنێتەوە، ئەویش دەرهـەق بـە نەتـەوەی ئێمـە هاروونـە ڕەشـیدێکەو بکـەر و بـەکرێگیراوی هـەمان سیاسـەت و سیسـتمی میللـەتی پیرۆزە.

خـاڵێکی تر،کـە سـەرکەوتوویی و وردیـی چـیرۆکنووس پیشـان دەدات، سـازکردنی ئیقاعێکی ناڕێکە، ناڕێکی لە ڕوودانی ڕووداوەکان، دەنا ئەو نەشازیی ئیقاعە لەگەڵ ڕەوتـی ڕووداوەکە، کە پەشێوی و تێکچڕژانی (ئەنفال) و شێواوی جووڵەو کـارو دەروونـی گشـتییە ئەوەندە گونجاوە، خوێنەریش دەخاتە هەمان حەپەساوی و تراژیدیاکەو بەمەش ڕێك لەگەڵ ئەرکی تراژیدیا لە ڕوانگەی (ئەرستۆ) وە دەردەخات، کە پاك کردنەوەی دەروونە لەترس و بەزەیی و خوێنەریش دەبێتە یەکەیەکی ئەو فانتازیایە. ئەم ڕستانە نائاسایین و ڕۆڵیان لەو ئیقاعە نەشازەدا هەیە،کە بۆ جوانکاری چیرۆکەکە بەکارهاتوون:

– پەڵە هەورەکان بەبێ بەرنامەو ڕێرەوی دیار پێکدا دەهاتن، تێکەڵ دەبوون و دادەبڕان و جارێکی دی تێکەڵ دەبوونەوە.

– بایەکی توووند لە هەموو لاوە هەڵیکرد بوو.

– دارەکان بەهەموو لایەکدا دەشکانەوە.

– ئەفسەرەکە خۆی دەستی بە چەپڵەکوتان کرد، بەڵام لەگەڵ ئاوەزەکەدا یەك نەدەهاتەوە.

– دڵۆپە بارانەکانیش نائاسایی بوون.

بوونی پەیکەرێکی لە قوڕ دروستکراو لە چیرۆکەکەدا وەك شاهیدێك پاشتر لە دووتێی سیمبۆلێکدا مانای شاراوەییمان بۆ دەردەکەوێت، کە گەڕانەوەیەکە بۆ هەمان یادەوەریی ئەفسەرەکە، ئەویش سیمبولی سیستمێکی سیاسیی دروستکراوی ئایینیە تەنانەت ئاماژە بۆ ئایەتی (کما خلقنی ربی...) هیچ شك و گومان ناهێڵێتەوە.

کۆتایی چیرۆکەکە، دەربڕی ناونیشانی ئەو ئاهەنگە تراژیدییە، کە (٣٠١) کیژ دەبنە ئیقاعی پچڕ پچڕو نەشاز تیایدا و دوای هەتك کردنیان دەبنە خۆراکی مەرگ. ئەو ئاهەنگسازیە بە هۆیهای قوڕو ئاوو سەرجەم مرۆڤایەتی کۆتایی دێت.

جەلیل کاکە وەیس لە چیرۆکی (سەعاتە وەستاوەکان)دا دنیای دابڕان و تەنیایی پاڵەوانی چیرۆکەکە وەها بەرجەستە دەکات: ((عەیامێکە ترسی تەنیایی دەمهاڕێت، هەر ئەوەندە تاك یکەومەوە قەراییەك بە لێڵی خۆیم پیشان دەدات، لێم دەبێتە کەسێکی زرپ و زیندوو..))، پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ترس و سامسێکی سەیردا دەژی، لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و کەسیچکە هێندە ترساو و مارانگەستەیە، گومانی لە هەموشتەکانی دەوروبەریەتی، زۆربەی کات مۆتەکەیەکی قسەکەر لەگەڵیا و لە ڕووی دەروونییەوە تووشی شیبزۆفرێنیا بووە ئەو مۆتەکەیی پیاسەی لەگەلدا دەکات و لەگەڵیدا پاکەت دەکڕیش و دەخەوێ و لە نیو دیری خۆیندنەوەی کتیبدا سەرەتاتکی دەکات، زۆرجاریش بە چپە شتی پێدەڵێ، پاڵەوان دەڵێ: ((لێم نزیك دەبێتەوەو بە چپە شتهایەکم پێ دەڵێت))

کەشوهەوای چیرۆکەکە جیهانێکی سامناك و لە هەمان کاتدا فانتازی بۆ خوێنەر دەخوڵقێنێ وەك لە بەرامبەر بینینی فلیمێکی ترسناك دا نیشتبیت وایە ئەو مۆتەکەیە، کە پاشتر دەردەکەوێ مرۆڤیکی ئەنفالکراوی ئەو گەرمیانەیە (سەرحەد) دەچێتە ناو شووشەی پەرداخ، کە ئەوەش بۆ خۆی هێمایەکە بۆ شوێنی ئەوان کە لەو بیابانی سەماوەیە کارگەی شووشەی لێیە، دەچێتە ناو شەکردان و هەمووشتەکانی ترەوە، پاڵەوان تایەیەکی

گەرمیەتی و ئارەقەی کردووە و زیندە خەونان دەبینێ و لە تاو دەردی خۆی ورێنە دەکات، ڕۆڵـی مۆتەکە (سـەرحەد) دەردەکەوێتـەوە و وەهـا خـۆی دەناسـێنێ: ((.. بـەو ئاسـانییە نامناسیتەوە، من ئافەریدەیەکی دەستی خۆتم و هەرکە کەوتمـە سـەرپێ خـۆت بـە خـودانم نەکرد..))، لێرەوە هاوکێشەیەك دەخاتە ڕوو کە لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوە تاوەك ئەمڕۆ ینچینەی (بوون) و بیر و فەاسەفەکانی دنیای لەسەر دامەزراوە:

خولقێنەر ————————— خولقاو

خودا ————————— شەیتان

ئەگەر خولقێنەر لە خولقاو بترسێت، دەبـێ چ خولقێنـەرێك بێـت و خولقانەکـەی لـە پـای چی؟!

لە ڕووی سیاسییەوە چیرۆکنووس ڕەخنـە لـە دەسـەڵاتی کـوردیی سـەردەم دەگرێت، تەنانەت لـە ئاسـت ئـەو کارەسـاتە تراژیدییـەی (ئـەنفال)دا دەترسـێت و زمـان بەسـتەیە و دەیەوێ خۆی لێ بشارێتەوە، کە پاڵەوان دەڵێت: ((ئەمێسـتاش لـەوەی پـتر نـیم کـە تـەنیا وەك ترسێکی کوشندە هەستم پێدەکەیت، هەر لەو ترسەوە دەتەوێ بەندم بکەیت و لەبەر چاوی خەڵکی بزرم بکەیت..))

ئەو تارماییە داستان و هەقایەنی زۆری لە سینەی خۆیـدا حەشـاداوە، هـەروەك دەڵێـت: ((باسـی ئـەوگۆماوە بیابانیانـەت بـۆ دەگێڕمـەوە کـە ئاوەکـەیان هەمیشـە سـورخنە و لـە ڕۆخەکانیشیاندا ئەو درەختانە دەڕوێن کە شێوەیان لە ڕیشووی جەمەدانی و سەری منـداڵ و مرۆی گەنم ڕەنگ وگۆچانی پیرەمێرد و مەمکی کچان دەچێت.))

ئەم قسەو باسانە داستانی هەزاران منداڵ و پیرەمێرد و کچ و ژنی هەتك کراوی کـرد لـەو بیابـان گرمانـەدا بـەناوی (ئـەنفال) ەوە دوگێڕێتـەوە، کـە بوونـە خـۆراکی سـەگەکانی بیابانەکانی نوگرە سەلمان و عەرعەر و سەماوە و چەندین شوێنی نادیاری دی.

لـە ناوەڕاسـتی چـیرۆکەکەوە (تانوپۆ)کـەی دەگـۆڕێ ئـەمجارە هاوکێشـەکە پێچـەوانە دەبێتەوە، وردە وردە ترس و سامی پاڵەوان دەڕەوێتـەوە و خـۆی بـە پەرۆشـەوە بـەدوای (سەرحەد)ی تارماییدا دەگەڕێ، ئاڕاستە جیاوازەکانی پێشتریێ تێك دەکەنـەوە، پاڵـەوان و تارمایی دەبنەوە بـە یـەك: ((.. جـاری وا هەیـە لـە شـێوەی مێشـەنگدا یەسـەر گوڵێکـەوە دەیبینم، هەندێ جار قەڵەمەکـەی دەسـتم لـەخۆڕا دەبێتـە سـەرحەد..))، لێـرەوە گـەڕانی

پاڵەوان زیاد دەبێت و دینامیکیەت و خێرایی ڕووداو زیاد دەبێت و لە شوێنە سیخناخەکاندا بـۆی دەگـەڕێت و، چـونکە جارێکیـان (بـەخۆی و دەسـتـەیەك سـەعاتی وەسـتاوەوە لەبەردەممدا چەشنی دۆمـەلآن هـەڵزۆپاو بـە چـپەوە پێـی وتم: بـۆ یـەکێك لـەم سـەعاتانە ناکڕیت ؟) کات وەك چۆن لای سەرحەد وەستاوە و بەهاکانی ژیان تازە هـیچ جوانییـەکیان نەماوە، مەرگ هەموو ئاواتەکانی ناشت، هەر خۆی نا بەڵکو دەڵێ: ((.. سەد و هەشتاو دوو هەزار دانەم لەم سەعاتانە هەیـە، هـەڕڕاج سـەعاتی وەسـتاو و...)) سـەرحەد و پاڵـەوانی چیرۆك کە بە ڕاناوی کەسی یەکەم قسـە دەکـا دووبـارە دەنگـی خـۆی لەگـەڵ ئـەو دا یـەك دەخاتەوە و دەچیچتە ڕۆح و دەنگی ئەوەوە.

## ئەنفال و وتـاری ئەدەبی:

(وتار) بەشی زۆری جەستەی ڕۆژنامەوانیی داپۆشیووە، هیچ ڕۆژنامەیـەك نییـە بتـوانێ دەسبەرداری وتار بێت، ڕۆژنامە نووسیی کوردیش هەر لە سەرەتاوە کە لە لایـەن ئـەدیب و شاعیرانەوە بەڕێوەچووە، بەهزری وردو وشەو دەستەواژەی نـازك و ئەندێشـەو خـەیاڵئامێز چەندین وتاری ئەدەبییان لـە هـەموو بوارەکـانی ژیـانی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی یاداشت کردووە، (ئەنفال) یش ویژدانی زۆر ئەدیب و نووسەرو ڕۆژنامەنووسـی هەژانـدووە و بە قەڵەمی بەبڕشتی خۆیان ساتە سەرابیەکان بوونەتە هەوێن. ((مستەفا سالح کەریم)) لە وتارێکی کورتدا وەها دادەڕژێ:

### ئەنفال کراوەکان بەم زووانە دەگەڕێنەوە!

نووسەری جەزائیری (طاهر وطار) لە چیرۆکێکی کورتدا بەناونیشـانی (شـەهیدەکان ئـەم هەفتەیە دەگەڕێنەوە) زۆر بە وردی باری دەروونی ئەو خەڵکە دەخاتە ڕوو کـە مەترسـیان لەوەدایە ئەو شەهیدانە بگەڕێنەوەو هەموو نهێنیەکانیان ئاشکرا بکەن. چەندین سەرکردەی پێ دەشکێ و چەند ئازا دەبێتە ترسنۆك، نهێنی سەنگەرەکان و کارە تایبەتەکان و پـلان و نەخشەکان بۆ خەڵکی ڕوون دەبنەوە، تاوای لێ دێ برا حەز بـەوە ناکـات بـرا شـەهیدەکەی بگەڕێتەوە.. هەڤاڵی دێرینی هەندێ لەو شەهیدانە کە ڕوژگاری سەختیان پێکـەوە بـە سـەر

بردووە، بکەوێتە دڵەڕاوکە کە لە گەڕانەوەی ئەو شەهیدانە کە شایەتی سەردەمن و هەموو حەقیقەتەکانیان لە لایە...

لەم ڕۆژانەدا کە یادی ١٨٢٠٠٠ ئینسانی کوردی ئـەنفالکراو دەکەینـەوە، ئـەو چـیرۆکەی (گاهر وگار) م بەبیر هاتەوە، جلەوم بۆ خەیاڵم شل کرد، خۆزگەو ئاواتم خواست کـە ئەگـەر هەر هیچ نەبێ چەند هەزاری لەو بێ سەرو شـوێنانەمان بگەڕانایـەوە، ئـاخۆ چـی ڕوویـدەدا وچیمان بۆ دەردەکەوت، ئێمە ئێستا ئەوە دەزانین کە ڕژێمی عێـراق بـە بڕیـارێکی دوور لـە هەموو پەیڕەوێکی مرۆڤایەتی – کوردقڕانی– کردو هەزاران کەسی لە بیاباندا زیندە بەچاڵ کرد، بەشایەتی (تەیمور) ی تەمەن نۆ ساڵان و تاك تاکە خەڵکێ لەوانـە دەزانـین کـە چـۆن چاویان بەستراوەتەوەو گوللە باران کراون و خراونەتە چاڵی گەورەو بە شۆفڵ لەتەك زەویدا تەخت کراون.

بـەڵام ئـاخ خۆزگـە دەگەڕانـەوەو بۆیـان دەگێڕاینـەوە تـا بمانزانیایـە بێجگـە لـەو کـارە چەپەڵەی ڕژێم (پوان)ەکەی ناوخۆمان چی بـووەو چـۆن بـووە ؟ ئەوانـەی چـەکیان بـۆڕژێم هـــەڵگرتبوو، چ جـــۆرە ئازایەتیـــەکیان بەســـەر ئـــەو ژن و منالانـــەدا نوواندوە؟ چـــونکە بەیاننامەیەکی ئەوسای ڕژێم و نووسینەکانی ڕۆژنامەکان شان بە شانی سـوپا فەوجـەکانی (بەرگری) یان بە هاوبەشـێکی کاریگـەر لـە عەمـەلیاتی ئەنفالـدا نـاودەبرد... تێیـان دابـوو شانازیان بە کورد قڕانەوە دەکردو ئێستا وەك بەرزەکی بانان لێـی دەرچـوون و خۆیـان بـە پێشـــڕەوی تێکۆشـــەران دەزانـــن – ئەگـــەر چـــاویان بـــە قوربانیـــەکانیان بکەوێتـــەوەو ڕووبەڕووببنەوە ئـاخۆ بـە چ زمانێـك بـدوێن ... ئەوانـەی بـە کـەش وفشـەوە (ژکریـات)ی قارەمـانێتی خۆیـان دەگێڕایـەوەو ئێسـتا پاکانـەی لێدەکـەن، ئـەی ئەگـەر بـە ئـەنفال کراوەکانمان بگەڕێنەوە چی دەڵێن؟

بریا ئاواتەکەی (گاهر وگار) بۆ ئێمـە بهاتایـە دی تـا بمـان زانیایـە ئـەو ڕۆڵانـەمان بـە چ دەردێك براون و چۆن ئابڕووی مێژوو لـە مەزاتخانـەی بەعسـی عێراقـدا هـەڕاج دەکـرا چـۆن سەرکردەی وڵاتێك بڕیاری کۆمەڵکوژی گەلێکی دەدا کە بەپێی هەموو یاسایەك مەسئولە لە پاراستنی ژیانیان. ئاخ خۆزگە دەگەڕانەوە و لە دادگایەکی نێودەوڵەتیـدا دەبوونـە شـایەت لەسەر هەموو ئەو کەسانەی لەو تاوانە هەرە گەورەیەدا بەشداربوون٢٦.

---

[٢٦] مستەفا سالح کەریم، ئەنفال کراوەکان بەم زووانە دەگەڕێنەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ١٢٦٤.

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە ناوەرۆك و شێوازی ئەم وتارەدا هەندێ خاڵ گەلاڵـە دەبێت. ئەم وتارە چیرۆك ئـامێزە لـەڕووی ناوەرۆکـەوە تـاوانێکی گـەورەی وەك (ئـەنفال) دەوروژێنێ، کە لە فەسڵی یەکەمدا لێی دواوین، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە، نووسـەر دەیەوێ بۆ ئاشکراکردن و ڕووی ڕاستـی ئەم تـاوانـە پشـت بـە شایەدی (تەیموور) ی منداڵ ببەستێ، کە چەندین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی کوردستان و نزیکـەی چواردە تەن لە بەڵگەنامە و دوکیۆمێنتی تاوانەکان و ڕۆژنامەو بەیاننامەکانی حیزبی بەعس ئەم تاوانەیان نەشاردۆتەوە و بە شانازییەوە یادی دەکەنەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بارودۆخی سیاسی ڕێگە خۆشکەر بێت، هەموو ڕاستییەکان ئەوە دەردەخەن، کە دەبێ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانی جینۆسایدە دەبێ بدرێنە دادگاو بەسزای خۆیان بگـەن. پاشـات (سـەرکردەی وڵاتێـك)، هـەرگیز سـەرکردەیەکی هەڵبـژێردراوی گـەل نـەبووەو نییـەو لـەناو زەلکـاوی نەتەوەخوازییەکی سەرەڕۆییدامامەڵەی لەگەل مێژوودا کردووە.

لـەڕووی شـێوازە ئەدەبییەکەیـەوە بـە زمـانێکی ئـەدەبی نووسـراوە و لـە ڕووی سەرەتاو ناوەندو کۆتایی و چڕی و کورتیدا سـەرکەوتووە و ئـەو نموونەیـەی ڕۆماننووسـی جەزائیری لەسەر شۆڕشی گەلی جەزائیر و ئەنجامی خۆی دەخاتە ڕوو ودژی ئـەو تاوانەیـە، کە مێژووی بەعسیانی پێ شەرمەزارە.

## ئەنجـــام:

لە ئەنجامی ئەم لێکۆلینەوەیەدا دەتوانین بڵـێین: کارەسـاتی (ئـەنفال) برینێکـی قـووڵی بەسـەر جەسـتەی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردایەتیدا بەجێهێشـتووە، بۆیـە هـەوێنی چەندین بەرهـەمی ئـەدەبی داهێنـەری لێ سـاز دەکرێـت، کـە ئـەدەبی بـەرەنگاریی کـوردی دەوڵەمەنـد دەکـەن، نموونـەکانی ئـەم لێکۆلینەوەیـە و چـەندانی دی ڕووی ڕاسـتی ئـەم مەسەلەیە دەردەخەن.

ڕەهەندە سیاسیی و کۆمەلایەتیی و ئابوورییەکانی پەلامارەکانی(ئەنفال) کاریگەرییـەکی زۆر نێگەتیڤانەی لەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا هەبوو، ئەمەش پرۆسـەیەکی لـەناکاو نـەبوو، بـەڵکو دەچـێتە خانـەی جینۆسـاید بـە هـەموو ڕووخسـارەکانییەوەو پێشـتر لـە زەیـن و سـتراتیژی بەعسـدا نەخشـەی بـۆ کێشـراوە و زیندووکردنـەوەی پاڵەوانیـەتی ڕابـردووە لـە ئێستادا.

ڕۆژنامەوانیی، کە سەرچاوەی پلە یـەکی کلتـووری کـوردی بـووە لـە ڕابـردوودا، بـەهۆی نـەبوونی چـاپ و چـاپەمەنی پێشـکەوتوو وفـروان بـۆ چـاپی کتێـب، (ڕۆژنامـە) زادەی ڕوونـاکبیران بـووە، بێگومـان لـە ناسـاندن و خسـتنە ڕووی مەسـەلەیەکی تراژیـدی وەك (ئەنفال)، کە هەوڵدانێك بـوو بـۆ سـڕینەوەی شـوینەواری کـوردو قڕکردنـی، ڕۆڵێکـی دیـارو بەرچاوی بینیووە، ئەگەر چی ئەو ڕۆڵە لە دوای ڕاپەڕین دا، لە دوای سەربەسـتی و ئـازادی ڕۆژنامەوانیدا زیاتر دەردەکەوێت.

## سەرچاوەکان


١- بە زمانی کوردی

**١- نامەی ئەکادیمی:**

– یوسف مەعروف محەمەد دزەیی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی (ئەنفال) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، (نامەی ماجستێر)، ئاداب، هەولێر، ٢٠٠٠.

ب– کتێب:

– عەبدوللا زەنگنە، ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین، هەولێر، ١٩٩٨.

ب– کتێب:

١– کەمال سەعدی، دەستەڵاتی چـوارەم، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری – هـەولێر، ١٩٩٨.

**پ- ڕۆژنامە و گۆڤار:**

– ئالین دیستێخ، کورتەیەك سەبارەت بە جینۆساید، وەرگێڕانی شێرزاد عارف ساڵح، ڕۆژنامەی کوردستانی نویٰ، ژ٢٢٦٩، س٩، ٥/١٠/٢٠٠٠.

– ئیسماعیل بەرزنجی، دژە دیمەن، گ. ئێستا، ژ١٥، سلێمانی، ١٩٩٨.

– بەختیار عەلی، یادەوەری و زەمەن، گ. ڕەهەند، سوید، ١٩٩٨.

– باوکی نـاز، ئـەنفال و کاریگـەری لەسـەر لایـەنی کۆمەڵایـەتی گـەلی کـورد، ڕۆژنامـەی کوردستانی نویٰ، ژ٤٢١،س٢، ٢٥/٦/١٩٩٣.

– جەلیل کاکەوەیس، سەعاتە وەستاوەکان، گ. ڕامان، ژ٤٧، ٢٠٠٠.

– جـەمال غـەمبار، وەرزە ئاڵـەکانی عـەدەم، ڕۆژنامـەی ڕێگـای کوردسـتان، ژ٢٠٢،٢٣/٤/١٩٩٦.

– د. جاسم تۆفیق، جینۆسایدی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆیی نییە، گ. سیاسەتی دەولی، ژ٣، ١٩٩٢.

– د. جاسم تۆفیق، خەباتی کورد لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ٤، س٤، ١٩٩٦.

– حەکیم کاکە وەیس، ئاهەنگی ئەنفال،گ ڕامان، ژ٤٧، مایسی ٢٠٠٠.

– ڕۆژنامـەی برایـەتی، ژ١٥٩٧، ١٦/٣/١٩٩٣" ژ١٦٠٤، ٢٧/٣/١٩٩٣"ژ ١٦١٨، ١٢/٤/١٩٩٣" ژ ١٦٤٩،٢٠/٥/١٩٩٣.

– ڕۆژنامـەی ڕێگـای کوردسـتان، ژ١٨٤، ٥/١٢/١٩٩٥" ژ١٩٩، ٢/٤/١٩٩٦" ژ٢٠٠، ٩/٤/١٩٩٦" ژ٢٠٢، ٢٣/٤/١٩٩٦" ژ٢١٧، ١٣/٨/١٩٩٦" ژ٣١٥، ٢٦/٦/١٩٩٨" ژ٢٨٩، ١٨/٢/١٩٩٨" ژ ٣٤٧، ١٤/٤/١٩٩٩.

– ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، ژ١٢٦٤، ١٦/٤/١٩٩٦" ژ١٢٧٥، ٣/٥/١٩٩٦" ژ١٢٧٦، ٥/٥/١٩٩٦" ژ٢١٨١، ٢٥/٦/٢٠٠٠.

– شێرکۆ بێکەس، سروودەکانی مەلەك تاوس، گ. ئێستا، ژ١٦، ١٩٩٨.

– فاتح سەلام، پانۆرامای ڕاگوێزان و سووتماکی خاك، گ. ئێستا، ژ١٦، ١٩٩٨.

– کەژاڵ ئەحمەد، هۆلۆکۆست، ڕۆژنامەیکوردسانیو نوێ، ژ١٢٧٤، ٢٨/٤/١٩٩٦.

– مستەفا سالح کەریم، ئەنفالکراوەکان بەم زووانە دەگەڕێنەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ١٢٦٤، ١٦/٤/١٩٩٦,

**٢- بەزمانی عەرەبی:**

**ا- کتێب:**

– القران الكريم.

– د. احمد بدر واخرون، الصحافة الكويتية، مؤسسة الصباح، الكويت، ١٩٧٩.

– د. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ط٤، دار الفكر العربي،١٩٦٨.

– د. عدنان ابو الفخر، الصحافة السورية بين النظريةو والتطبيق، دار الكاتب العربي، دمشق، ١٩٨٥.

– المنجد في اللغة، ط٣٥، دارالمشرق، بيروت، ١٩٩٦.

**رِۆذنامەو طؤظار:**

– جريدة الثورة، ع ٦ ٢٠،٨/٣/٥٠٨/١٩٨٨.
– مجلة الف باء، ع١٠٤٣، ٢١/٩/١٩٨٨.

**٣- بە زمانی ئینگلیزی:**

Middle East Watch, Ginocid in Iraq, The Anfal Campaign Against The Kurds, New York, 1993.

# محەمەد مەولوود "مەم"و
# ئەزموونی ڕۆژنـامەوانیی لە گۆڤـاری "هەولێر"دا

## پێشەکی:

محەمەد مەولود (مەم) وەك کەسایەتیەکی ڕۆشنبیریی شاری هەولێرو چیرۆکنووسێکی بەهرەوەریی جیهانی چیرۆکی کوردیی لە ناوەندی ڕۆشنبیریدا ناسراوە. ئەگەرچی وەك سەرەتا ڕووی لە شیعر کردووە، بەڵام هەر لە زووەوە لە گەنجیدا نەهامەتیەکانی ژیان و کلۆڵی و ئاوارەیی و نەهامەتی وای لێ کردووە ئەزموونی خۆی لە بواری چیرۆکدا تاقیبکاتەوە تاوەك بووە یەکێ لە چیرۆکنووسە دیارەکانی قۆناغی شەستەکان و حەفتاکانی چیرۆکی هونەری کوردی. بە شێوەیەکی گشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە ئەزموونی ڕۆژنامەوانی (مەم) لە سەرەتای ساڵانی گۆڤاری (هەولێر) دەکات، بەڵام لە ئاماژەکردندا بۆ هەنگاوەکانی یەکەمی (مەم) بە ناچارییەوە بۆ ساڵی (١٩٤٨) گەڕاینەوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازێکی مێژوویی ئەدەبی وەسفی لەبەر گرتووە، پێویستی ئەم ڕێبازەش وا دەخوازێ لایەنەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی و کەسایەتی (مەم)ی ڕۆژنامەوان لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی لە میانەی ئەو ڕوانینە گشتی و هەمە لایەنەی سەردەمەکەیدا پلەو پایەی ڕۆشنبیریی لەسەر تۆپۆگرافیای ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی کوردیدا دیار بخرێت. بنیادی لێکۆڵینەوەکە، بریتییە لە پێشەکییەك ودوو فەسل و ئەنجام و سەرچاوەکان، لەگەل کورتەیەکی چڕو پڕ بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

لە فەسلی یەکەمدا: لە ژیان و سەرچاوەی ڕۆشنبیری و یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی (مەم) لە ڕۆژنامەوانی کوردیمان کۆڵیوەتەوە. لە فەسلی دووەمدا: باسی ئەزموونی ڕۆژنامەوانیی (مەم)مان کردووەو ڕۆڵی لە گۆڤاری هەولێر، کە لە ساڵی ١٩٧٠دا لە لایەن شارەوانی هەولێرەوە بڵاوکراوەتەوە، دەرخراوەو ئاماژەمان بە هەندێ تەنزی کۆمەڵایەتی (مەم) بە ناوی (خاڵۆی ڕێبوار)ەوە کردووە، کە وەك (سەرەك نووسین) گۆڤارەکەی بەڕێوە بردووە. لە کۆتاییدا ئەنجام و سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەمان بە شێوەیەکی ئەکادیمی ڕیزکردوون. هیوادارم سەرەتایەك بێت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر.

## کورتەیەك لە ژیانی ( مەم ):

لە ساڵی ١٩٢٦دا لە دایك بووە، لە بنەچەدا خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەرەو کوردتانی باشوور هاتوون. خوێندنی سەرەتایی لە شاری(شەقڵاوە) خوێندووەو پاشان لە (هەولێر) تا سێی ناوەندیی خوێندووەو بە هۆی کارەکەیەوە خەریك بووە. بە کاریی فەرمانبەرییەوە چەند ناوچەیەکی کوردستان گەڕاوەو تاساڵی ١٩٧٧ خانەنشین کراوەو لە ١٩٨٧/٥/٧دا کۆچی دوایی کردووە[١]. لە ماوەی ژیانی خۆیدا دوو بەرگ لە چیرۆکەکانی خۆیو کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵان بە هاوکاری خاتوو (ئافەرین)ی خێزانی چاپ کردووەو[٢] لە دوای مەرگی کورتە ڕۆمانێکی بە ناونیشانی (پاییزە خەون) بڵاوکراوەتەوە، کە بە بەرهەمێکی فانتازیای ناوازەی نووسەر لە قەڵەم دەدرێت[٣]. دواجار ڕۆمانی (رێگا)ی بڵاوکرایەوە[٤]. لە سەرەتای ساڵی حەفتادا سەرەکی نووسنی گۆڤاری هەولێر بووەو بۆ ماوەی ساڵێك لەو کارەیدا بەردەوام بووە[٥]. لە گۆڤارەکانی گەلاوێژو هیواو بڵێسە و ڕۆژی نوێو کاروان و دەفتەری کوردەواری و ڕۆژی کوردستان و هاوکاری و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەی کوردیدا بە چیرۆكو نووسینی جۆراوجۆر بەشداری کردووە. یەکەم بەرهەمی ڕۆژنامەوانیی خۆی بە ناوی خوازراوی (کچە کورد-خۆشناو) بە بۆنەی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨ی عیراق دژ بە سیاسەتی ئینگلیز لە گۆڤاری (گەلاوێژ) دا بڵاو کردۆتەوە.[٦]

---

[١] لە بارەی ژیانو بە سەرهاتی محەمەد مەولوود(مەم)ەوە سوودمان لەم دوو سەرچاوەیە دیوە: طالب محمد احمد، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولوود (مەم)،ل٦-٢٧؛ بڵاوکراوەی ڕۆڤار،ژ٢،محەمەد مەولوود(مەم)لە پایزە خەوندا، سلێمانی، ١٩٩٩/٦/٥.

[٢] بڕوانە: محەمەد مەولوود(مەم)، چیرۆکەکانی مەم، ب١٩٧٠،١؛ محەمەد مەولوود(مەم)، چیرۆکەکانی مەم، ب١٩٨٤،٢؛ محەمەد مەولوود(مەم)و خاتوو ئافەرین، گوڵەبەڕۆژە، بەغدا، ١٩٨١.

[٣] بڕوانە: محەمەد مەولوود(مەم)، پایزە خەون، بەغدا، ١٩٨٧.

[٤] محەمەد مەولوود(مەم)، ڕێگا، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤.

[٥] لە مایسی ١٩٧٠ تا مایسی ١٩٧١ بەردەوام بوو.

[٦] کچە کورد، ساڵی چلو هەشت، گ. گەلاوێژ، ژ٣، س٩، ل٥٣-٥٥.

کەسـیەتی (مەم)،کەسـیەتێکی هێمنـە و کۆڵنـەدەر بـوو، هـەروەك خـۆی دەڵـێ:(( لـە تاقیکردنەوەکانم ئیمان بە خاكو بە ئینسان دروشمی یەکجاریم بوون بڕواییم وابووە کە پێم لەم زەوییە چەقیون، ڕەگم لەم خاکە قووڵ قووڵ داکوتاون، گیانم دابەسـتەی ئـەو خاکەیـە کە لەسەری دەژیم بە ئاوو هەوای نەشونما دەکەم خۆشەویستیم بۆ ئینسان بە گشتی و بـۆ ئینسانی وڵاتەکەم بێدواییە، هۆگری پیاهەڵدان و ئافەرینی ساختەو دەسـت لـە پشـت دان نـەبووم. ئەمانـەم بـە هەڵـدێرێك ژمـاردوون کـە نووسـەر بـە هۆیـەوە لـە خشـتە دەچـێو هەڵدەخلیسکێو دەدۆڕێ))[٧].

(مەم) پێوەنـدی دۆسـتایەتی دەگـەڵ ئـەدیب و نووسـەرانی دیـاری سـەردەمەکەی خۆیـدا هەبووە، تەنانەت بۆ (هێمن)ی شاعیر (یەکەمین شیعری لە ڕۆژنامەگەری– کوردستانی عیراقدا بۆ بڵاوکردەوە واتـە بـە هـۆی گۆڤـاری هـەولێرو (مـەم)ەوە خوێنـدەوارانی کـورد چـاویان بـە شیعرەکانی گەشایەوە)[٨]. لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعری (حەلەق– مەلەق)[٩] ی هـەژار دۆسـتی گیانی بە گیانی تووشی سزای ئیداری بـوو لـە سـەرەك نووسـینی گۆڤـاری (هـەولێر)یش دوور خرایەوە.

بـە شـایەدی ئـەدیب و ڕۆشـنبیرەکانی دۆسـتی چیرۆکنووسـێکی داهێنـەرو کەسـایەتیەکی کۆمەڵایەتیی دیاری سەردەمی خۆی بوو دان بـە زیرەکـیو وردبینـیو کـورد پـەروەری ئـەودا دەنێن، بە لای ئەوەوە (ئەدەب.. ژیانە..)[١٠] هەروەك خۆی گوتەنی، ئـەویش ژیـانی خـۆی بـۆ ئەدەب تەرخان کردبوو، بەو پێیە بۆ ژیان ژیاو لە پێنـاوی ژیـانی میللەتەکەیدا ژیـانی بەسـەر برد.

(مـەم) ئـەو نازناوەیـە، کـە محەمـەد مـەولوود بـۆ خـۆی هەڵبـژاردووە و بەشـی زۆری نووسـینەکانی بـەم نـاوە بڵاوکردۆتـەوە یـان لـە پـاڵ نـاوی خۆیـدا لـە نێـو دوو کەوانـەدا نووسیویەتی. وا پێدەچێ کورتکراوەی ناوی خۆیو باوکی بێت هەروەك لە هەنـدێ جێگـەدا

---

[٧] محەمەد مەولوود(مەم)، محەمەد مەولوود(مەم)و تاقیکردنەوەی لە چیرۆك نووسیندا، گ، کاروان، ژ٦، ل١٨.

[٨] شێرزاد هەینی، (مەم)ی ڕۆژنامەنووسو فەرمانبەر، گ. مەم، ژ١، ل١٥.

[٩] هەژار، حەلەق، مەلەق، گ. هەولێر، ژ ١، س٢، ل٣١–٣٢.

[١٠] محەمەد مەولوود مەم، ئەدەبو هەندێ بیری ساکار، گ. دەفتەری کوردەواری، ژ٦، ل٨٩.

نووسراوە، بەڵام دەپرسین ئەدی بۆ ناوی (مەم)ەکەی داستانی (مەمو زینی)خانی نەبێ، کە ئەوەندە عەشق و خوشەویستی خاكو نەتەوەی لە دڵی محەمەد مەولووددا جۆشداوە، لەبەر بەرزی ئەو داهێنانە ئەدەبییە، ئەو ناوەی بۆ خـۆی هەڵبـژاردبێ، بـە تایبـەتی وەك سـەرنج دەدەین لە نووسینە سەرەتاییەکانی خۆیدا ئـەو نـاوەی هەڵنەبـژاردووە، بـەڵکو دواتـر ئـەو ناوەی هەڵبژاردووەو سەرەتا (کچە کورد)[11] ی هەڵبژاردووە، کە لەوێشدا سـەرباری ئـەوەی وشــەی (کــورد)ی هەڵبــژاردووە وەك بــەرزیی هەســتی نەتــەوەیی خــۆی، ویســتوویەتی بەردەبازێك بۆ بڵاوبوونەوەی نووسینەکەی خۆی بدۆزێتەوە، کە تائـەو کاتـە سـاڵی(١٩٤٨) قەڵەم بە دەستی ژن زۆر دەگمەن بوو، ئەویش گەنجێك بوو، بڵاوبوونەوەی ئەو نووسـینەی بە لاوە مەبەست بوو، بە تایبەتی لە گۆڤارێکی کوردیی ئاست بـەرزیی وەك (گەلاوێـژ) لـەو ڕۆژگارەدا نووسەرو شاعیرو ئەدیبە هەرە دیارو بەرچاوەکانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە لاپەڕەکانی گۆڤارەکەیان دەوڵەمەند کردووەو پایەی تایبەتی خۆی لە دنیـای ڕۆژنامـەوانیی کوردیدا هەیە.

لە میانـەی ئـەزموون و ژیـانی تایبـەتی خـۆی لـە بـواری چیرۆکنووسـیدا مـەم دەڵـێ: ((مامۆستای یەکەمم دایکم بووە))، دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە تا چـەند (مـەم) بـە دایکییەوە پەیوەست بووەو بـە تایبـەتی خۆشەویسـتی دایکـی وایکـردووە، کـە ئـەزموونو کۆڵنەدانی دایکی وای لێبکات قسەیەکی وابکات. بـە تایبـەتی ئەگـەر ئـەوە بـزانین، کـە لـە ڕووی خێزانییەوە هەروەك خـۆی لـە نامەیـدا بـۆ عەبـدولرەزاق بیمـاری ڕەوانـە کـردووە، بـە مردنی باوکی خۆی بە ئازادو سەربەست دەزانێ و ڕادەی باوکسالاری و دەستەڵاتی باوك لە خێزانەکەیدا کاریگەرییەکی دەروونیی زۆری بەسەر (مەم)دا بەجێ هێشتووە.[12]

پاشان خوێندنی سەرەتایی لە شەقڵاوە و ناوەندیی لە شاری هەولێر تـەواو کـردووەو ئـیتر بە کاری فەرمانبەرییەوە ژیانی هەتا سەر بە سەر بردووە. وەك گەنجـەکانی سـەردەمی خـۆی سەرەتا بـە شـیعر دەسـتی پێکردووە، پاشـان بـە هـۆی فراوانبـوونی ئاسـۆی بیرکردنـەوەو

[11] بڕوانە ئەو وتارەی بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوی کردۆتەوە، کچە کورد، ساڵی چلو هەشت، گ گەلاوێژ، ژ٣، س٩، ل٥٣–٥٥.

[12] بڕوانە: محەمەد مەولوود مەم، ئەدەبو هەندێ بیری ساکار، گ. دەفتەری کوردەواری، ژ١، ل٨٩.

خوێندنەوەی خۆی ڕووی لە نووسینی وتارو پەخشان و بە تایبەتیش چیرۆك کردو بووە شۆڕەسوارێکی دیاری ئەو مەیدانە.

## -یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی (مەم) لە ڕۆژنامەوانی و شێوازەکەی

###ساڵی چلوهەشت!

(( ئەم لاواندنەوەم پێشکەش بە خوشكو برا خۆشەویستەکانم ئەکەم، ئەم هەمیشە بەهارەم بە تایبەتی پێشکەش بەو خوشکانەم ئەکەم کە دڵسۆزی نیشتمانن و بە شیری نیشتمان پەروەری گۆشی کۆرپەکانیان ئەکەن، ئەم سۆزەم، کە باڵە کوللەیەکە پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدەکانی ئیمساڵ ئەکەم، ئەو شەهیدانەی، کە بە چوونی خۆیان لە پێناوی حەق پەرستیدا دڵی هەزاران خوشکو برای خۆیانیان بریندار کردوو پەردەی ماتەمینیان کێشا بە سەریانا !!! ))

ڕواندز: کچە کورد– هـ– خۆشناو

### ساڵی چلوهەشت! ئەی سەر شین!.

لە گەنجیدا کینەو دڵ پیسیت ئاشکرا کرد لە دەمەو بەهارا پایزت ژیاندەوە... گەڵای داران وەران، بولبولان سەریان بردەوە هێلانە، چیا ڕەنگاو ڕەنگەکانت بە ڕووتو قووتی هێشتەوە، بە دڵشکاوی‌و بەداخەوە ئاڵای ماتەمییان هەڵدا، تۆیش ئاڵای سووری خوێنت لە پاڵیا چەقاند، مێرگەکان بە ڕەنگی گەش وەستا بوون گێڕاتنەوە، شەقاو بە شەقاو پێش ئەکەوتن دەستت نا بە سنگیانەوە!!..

ساڵی چلو هەشت! بیبەخت!! خۆت لە کەمینا لە حەشاردابوو، باڵندە هەژارەکان‌و فریشتەی ڕەحمەتت بە تیری زۆرداری‌و بە سایەقەو کزەی بای ساردت پەشۆکاوو باڵ شکاو پەرێشان کرد، مێرگو زەمینە جوانەکەت بە ڕەنگی ماتەمی ڕەنگ کرد!! لە جێگای گوڵە ڕەنگاو ڕەنگە بە هارییەکانی گوڵی جوانەمەرگیت بۆ ژیاندینەوە!!! ئای لەو ڕووە، لەو هونەرە؟؟!.

بولبول! دۆستی جەفام! هاوتای وەفام، نا هومێد مەبە، بڕۆ بەرەو پێش، ئەوا دەستەی گەلان هاتنە مەیدان، ئەوا هاتین یا تۆڵەت ئەستێنین، یا پێکەوە بە دڵی غەمبارو بریندارسەر ئەنێینە سەر بالیفی ناکامی و نووستنی ئەبەدی!. ساڵی چلوهەشت! ساڵی شووم، بڕۆ

نەتبینمەوە، هەڵم مەخەڵەتێنە، گوڵ بنی نایە، بولبول دەنگی ناسوێ، هەر ڕۆژ لەسەر چڵێ، لە ژێر داری، لە بن ئەشکەوتی گوڵی نەسرینی نێرگسی ئەبینێتەوە، گوڵ ئەو گوڵ، بولبول ئەو بولبول هیوا هاتە بەر!!

سالَی چلوهەشت! وامەزانە ئەو خوێنانە، کە ڕشتت هەروا ڕۆیشت! وامەزانە ئەو زۆرداربیە، کە کردت بۆت چووە سەر!! بزانە بە دڵ بزانە تۆڵەی خۆمان و دەستە دۆستە پاکو نەبەزو خۆشەویستەکانمان لێت ئەکەینەوە!! بە کوێرایی چاوت ئەبێ ئەو پەرێزە دڕکاوییە، کە خستوونەتە ناو مێرگە جوانەکان و کەژو شیوە ڕەنگینەکانەوە هەڵیکەنین، لە شوێنیا گوڵی هیوا بچێنین‌و بە دەوریا بە شایی و ئاهەنگو هەڵپەڕین!! مێرگەکانمان ئەبێ بڕوێنینەوە، کێوەکانمان بەرگی خۆیان لەبەر کەنەوە، کانیاوەکانمان ببوژێنەوە، لە سەرچاوەی (داد) ئەبێ ئاو هەڵقوڵێ و بیخۆینەوە!!

سەرەتای سالَی چلو هەست! بە شوومی هاتی، بەلاَم دڵنیابە بەرەو بەهار ئەڕۆین، ئێمە بەرەو ڕۆژێك ئەڕۆین، کە ئازادی و سەربەستی تێدایە، بەرەو مێرگێك ئەڕۆین پڕیەتی لە گوڵو لە بولبول، بەرەو ڕۆژێك ئەڕۆین کە هەمیشە بەهارە، لەو هەمیشە بەهارەدا یادی جوانەمەرگەکان ئەکەین و تۆڵەیان ئەستێنین!!![١٣].

---

[١٣] کچە کورد، سالَی چلو هەشت، گ گەلاوێژ، ژ٣، س٩، ل٥٣-٥٥.



## شێوازەكەی:

ئەم پارچە پەخشانە هونەرییـە بـە شـێوەیەكی خـودی(ژاتی) گوزارشـت لـە هەسـتو سۆزی دەروونی دەكات لە بەرامبەر قوربانیانی ئەو ڕاپەڕینەی لـە سـەرەتای سـاڵی١٩٤٨دا هەموو لایەكی عیراقی گرتەوەو كوردو عەرەب پێكەوە بە یەك دەنگ لە دژی ڕژێمی ئەوسای عیراق كە داردەستی ئینگلیزەكـان بـوو ڕاپـەڕیوونو داوای سەربەسـتی و چـاككردنی بـاری گوزەران و ئازادیی مافە سیاسسەكانیان كردووە١٤. ئەو ڕاپەڕینـە لـە گۆڤـاری (گەلاوێـژ)دا بۆتە هەوێنی چەندین پارچە شیعرو نووسین و وتـاری نووسـەرانی كـوردو گۆڤارەكـەش بـە ناوی (پۆسـتەی كوردەواری)یـەوە دەنگوباسـی گەیشـتن و بەشداری ناوچـە كوردییـەكانی

[14] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ڕووداوەكانی ١٩٤٨/١/٢٧ لە عیراقدا بڕوانە: د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، ل١٩٩-٢٢٥.

کردووە، کە چۆن هاتوونەتە (بەغدا)ی پایتـەخت، لـە چـالاکی پۆسـتـەی کۆیـە و هـەولێردا گۆڤارەکە دەڵێ: ((لە ڕۆژی ١٩٤٨/٤/١٣دا پۆستەی کۆیەو هەولێر گەیشتنە جێ، ئەوی پێی بڵێن پیاوەتی نواندیان، بە شەقامەکانا، لەسەر گۆڕی شەهیدەکان گەڕان، چەپکە گوڵیان بە دیاری بۆ بردن..))١٥.

ئەم پارچە پەخشانە بە شێوەیەکی ڕۆمانسی نووسراوەو هەستی جوان پەرستی بۆ سروشت و گوڵو بولبول و یاخی بوونو هەستو سۆزی بە کوڵ جەستـەی پەخشـانەکەیان داپۆشیوەو شێوەی گفتوگۆی وەرگرتووە لە نێوان مرۆڤ و زەمەنـدا. لـە ڕووی شـێوەزاری نووسینەوە بە شێوەزارێکی ئەدەبیی نووسراوەتەوە.

## (مەم)و ئەزموونی ڕۆژنامەوانی لە گۆڤاری (هەولێر)دا

شـاری هـەولێر یەکێکـە لـە شـارە هـەرە کۆنـەکانی جیهـان و بـە گوتـەی هەنـدێ لـە مێژوونوس و شوێنەوارناسەکان کۆنترین شاری دنیایـە، کـە ئـاوەدانی لێ ماوەتـەوەو ژیـانی تێدا بەردەوامـە، بێگومـان شـارێکی ئاوەهـا کـۆن دەبـێ خـاوەنی کلتـوورو ڕۆشـنبیرییەکی ڕەسەن و دێرینیش بێت. لە سەدەکانی ڕابردوودا بەردەوام شوێنی کەڵە زانا موسڵمانەکان بـووە، ئەوانـەی لـە شارسـتانیەتی ناوچـەکەدا ڕۆڵـی دیارییـان بـووە و چـەندین تەکیـە و خوینـدنگای ئـایینی لێ بـووە، کـە لـە زۆر لای کوردسـتان و غـەیری کوردسـتانەوە ڕوویـان تێکـردووە بـۆ فێربـوونی زانسـتە ئایینییـەکان، لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا لەگـەڵ بڵاوبوونەوەی ئامێری چاپ بە ڕۆژهەڵاتدا لە ڕێگـەی ئەرمـەنی و مەسـیحییەکانەوە و دواتـر هێنانی ئەو ئامێرانە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ کوردستان و دواجار گواستنەوەی چاپخانە لە لایەن (حوزنی موکریانی)یەوە بۆ ڕەواندز و پاشتر بۆ شاری هەولێر بزاڤێکی تازە کەوتـە شارەکە و سەرەتای ڕۆژنامەوانی لەو شارە دەست پێدەکات. دوای بڵاوبوونەوەی گۆڤـاری (زاری کرمـانجی ١٩٢٦–١٩٣٢) لـە ڕوانـدز، لـە هـەولێر یەکـەم گۆڤـار، گۆڤـاری (ڕووناکی ١٩٣٥–١٩٣٦) لە لایەن حوزنی موکریانییەوە بڵاوکراوەتەوە، هەفتەنامەی(گۆڤار–١٩٤٣) و

---

[15] گ. گەلاوێژ، ژ ٣، س٩، بەغدا،١٩٤٨، ل ١٤.

ڕۆژنامەی (ئازادی–١٩٤٤) و ڕۆژنامەی (هەتاو–١٩٤٨) و گۆڤـاری (یـەکێتی تێکۆشـین) بـە نهێنی لە لایەن پارتە سیاسیەکانی ئەوێ ڕۆژێی ناو شاری هەولێر بڵاوکراونەتەوە١٦.

لـە سـاڵی(١٩٥٠–١٩٥٣)دا ڕۆژنامەیـەکی زانسـتی و وێـژەیی حەفتـەیی لـە هـەولێر بڵاوکراوتەوە، کە بۆ شاری هەولێر خاڵی وەرچەرخانێکی تازە بـوو.١٧ دوابـە دوای حـوزنی موکریـانی، گیـوی موکریـانی بـرا بچـووکی لـە ڕووی ڕۆژنامـەوانی و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی بەرهەمی نووسەران و پاککردنەوەی زمانی کوردی و فەرهەنگنووسیی کوردیدا خزمـەتێکی زۆری شاری هەولێری کردووە و دەرکردنـی گۆڤـــاری (هـەتاو ١٩٥٤–١٩٦٠) دوا بـە دوای نەمانی گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩–١٩٤٩) کەلێنێکی زۆری خستبووە نێو ناوەندی ڕۆشـنبیری و ڕۆژنامەوانیی کوردییەوە، بۆیە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە لەو کاتەدا بۆشاییەکی گەورەی ئەدەبی کوردی بە گشتی و شاری هەولێری بە تایبەتی پڕ کردەوە، کە ژمارەیـەکی زۆر لـە نووسەرو ڕووناکبیرانی شارەکە و شارەکانی دیکەی کوردستان بەشدارییان تێداکردووە.١٨

دیاردەیەك لە ژیانی ڕۆشنبیریی کوردیدا بەرچاودەکەوێت، ئەویش ئەوەیە، ئەگـەر بـۆ میللەتان سەرچاوەی ڕووناکبیریان بە پلەی یەکەم (کتێب) بێت، بەڵام بۆ ڕۆشـنبیری کـورد (ڕۆژنامە) بوو، کەمی ئیمکانیاتی ماددی و نـەبوونی ئـامێری چـاپی پێشـکەوتوو ئاسـتەنگ بوون لەبەردەم چاپکردنی (کتێب) بە شێوەیەکی فراوان، بۆیە ڕۆژنامـەکانی سـەرەتایی لـە جیاتی هەموو لقەکانی ڕۆشنبیریی بووەو تارادەیەکی باش پێویستیی ڕۆشنبیری کوردی پڕ

---

[16] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ڕۆژنامەوانی نهینی کوردی بڕوانە: نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١–١٩٩١ (نامەی ماجستێر)، کۆلێژی زمان– زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.

عبدالله زەنگەنە و ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، گ. ڕۆژنامەڤانی، ژ١١–١٢، س٤، ٢٠٠٣، ل٨٧–١٧١.

١٧ لەبارەی ئەم ڕۆژنامەیەوە بڕوانە:محمود زامدار، حیکایەتی سەرهەڵدان و کۆتایی ڕۆژنامەی هەولێر، بەغدا، ١٩٨٨.

[18] لەبارەی گۆڤاری (هەتاو) بڕوانە: د. هیمداد حوسێن بەکر، ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسیی و ڕۆشنبیریی کوردی پەنجاکانی شاری هەولێر لە گۆڤاری (هەتاو)دا، گ. زانکۆی سلێمانی، ژ٩، ٢٠٠٢، ل١٢١– ١٣٥.

کریم شارەزا، دەوری گۆڤاری هەتاو لە بزاڤی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٢٨٤، ١٩٩٦/٥/١٥.

کردۆتـەوە، دەبـێ ئـەوەمان لەبەرچـاو بێـت، ڕۆشـنبیری کـوردیش بـە پێـی تێگەیشـتنی سـەردەمەکەیی و لەبـەر ڕۆشـنایی هۆشـیاری کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵی کـوردەواری خـۆی لـە مەسەلە مەعریفیەکان نەداوەو هزری کـراوە نـەبووە، زیـاتر (شـیعر) جەسـتەی ڕۆشـنبیریی کوردیی داپۆشیووەو بنەماکانی سۆزو ئەندێشـەو خـەیاڵ مـەودای بیرکردنـەوەی بـووە تـا ئاسۆیەکی دوور.

لە کوردستانی باشووردا لە دوای برانـەوەی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی و دامەزرانـدنی یەکەم قەوارەی سیاسی دەستەڵاتی کوردی لە سەردەمی شێخ مـەحموودا، کـە بـیر لـەوە کرایەوە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی و چاپەمەنی بۆ ئەو سەردەمە نوێیەی ئەو کاتـە بـەرپا بکرێ و بە تایبەتی چاپخانەکەی شارەوانی، کە ئینگلیز بۆ هەڵسووڕانی کاروبـاریی خۆیـان هێنابوویان هەلێکی باشی بۆ ڕەخساندن بۆ ئەوەی ئەدیب و شاعیرەکانی ئەو سەردەمە بـە ئەزموونی کەسیی خۆیان و بە سوود بینین لە ڕۆژنامـەی پـێش خۆیـانو دەوروبـەر دەسـت بدەنە بەر کاری ڕۆژنامەوانی و لـە پـاڵ بـەهرەی شـیعریی خۆیانـدا چـەندین بابـەتی هەمـە چەشنەی ڕۆژنامەوانی بنووسن و قەڵەمیان لە زۆر بـواردا تاقیبکەنـەوە. شـێخ نـوری شـێخ صـالح و عـەلی کـەمال بـاپیرو پاشـتر پیرەمێـردو ڕەفیـق حیلمی..هتـد، هـەموویان بوونـە ڕۆژنامەوان، بە تایبەتی حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بە هەق بناغەیەکی چاکی بۆ ڕۆژنامـەوانی لە کوردستانی باشوور دانا[١٩].

ئەم دیاردەیە وەنەبێ هەر بە تەنیا مـۆرکو خەسـڵەتی ڕۆژنامـەوانیی کـوردیی بێـت و ئەدیبو شاعیرەکان سەروکاریی ڕۆژنامەوانییان بەڕێوەبردبێ، بەڵکو لە ئەدەبی عەرەبیی و فارسیی و دەوروبەردا بەرچاو دەکەوێت لە عیراقدا (معروف الرصافي) ڕۆژنامەوان و وەرگێڕو

---

[١٩] شێخ نوری شێخ صالح لە گۆڤارەکانی (ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢) و ڕەفیق حیلمی لە ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستیقلال ١٩٢٣) و (حاجی تۆفیق)یش ناسراو بە (پیرەمێرد) لە ڕۆژنامەنووسیدا پێشەنگ بوو، سەرەتا لە تورکیاو پاشان لە شاری سلێمانی ڕۆژنامەی (ژیان ١٩٢٦) و(ژین ١٩٣٩)ی بەڕێوەبردووە. بڕوانە: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ل٤٢،٣٢،٢٩،٢٦؛ د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی..، ل٢١٩-٢٢٢.

وتارنووسێکی چاکی سەرەتای سەدەی بیستەمی ڕۆژنامەوانیی عەرەبی بوو[20]. ئەمەش هۆیەکەی بە پلەی یەکەم لەوەدا بووە، کە ژمارەی خوێندەوارو ڕۆشنبیر لە میللەتانی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ئێجگار کەم بووو نەخوێندەواری و هەژاری و برسیەتی لە سیما دیارەکانی میللەتانی ڕۆژهەڵات بوو.

محەمەد مەولوود (مەم)، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا، بەو پێیەی کە ئەرك و وەزیفەی لە شارەوانی هەولێر بووەو لە دەستکەوتەکانی بە یاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠)یش، دەستکەوتی ئازادیی ڕۆشنبیری و گەشەکردنی چاپەمەنیی کوردی بوو، دیارە شارەوانی ئەو سەردەمە دەروازەیەکی دیاری شاری هەولێرێ بوو، بیری لەوە کردۆتەوە، کە بڵاوکراوەیەکی تایبەتی خۆی بۆ وشیار کردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی هاوڵاتیانی شارەکەی هەبێ و لە دەوری ئەو گۆڤارە خڕیان بکاتەوە، ئەگەرچی بەو پێیەی کە (مەم) خۆی بەهرەی ئەدەبی هەبووو وەك چیرۆك نووسێك ناسراو بوو، بەرهەمە بڵاوکراوەکانی گۆڤارەکەش بە پلەی یەکەم ئەدەبین‌و کەمتر کۆمەڵایەتی و دەنگو باسی شارەوانیی گرتۆتەوە، ئەمەش شتێکی سەیر نییە، شارەوانییەکی کەم دەرامەتوکەم چالاکیی نەیدەتوانی بە زمانی کوردی و بابەتی جۆر بە جۆری ژیانی مەدەنی خەڵك گۆڤارێکی تایبەت بڵاو بکاتەوە، بەڵام حەزو خۆشەویستی وشە لە لای سەرەك نووسین‌و کارمەندەکانی بەسەر زۆر کۆسپی ئیداریدا زاڵی دەکەن‌و بە بڵاوبوونەوەی هەر ژمارەیێکی ئەو ئەرك‌و ماندوو بوونەیان لە بیر دەچووەوە.

دەرچوون‌و بڵاوبوونەوەی ژمارەکانی گۆڤاری (سلێمانی)[21] بە ماوەی دوو ساڵ پێش گۆڤاری (هەولێر)، لە شاری سلێمانی ڕێگە خۆشکەر بوو، لە هەمان کاتدا پاڵنەرو هاندانی

---

[20] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:هیمداد حوسێن، چیرۆکی هونەریی کوردی سەرهەڵدان تا گۆڤاری گەلاوێژ، گ، کاروان، ژ ١٥٢، ل٢-١١.

[21] گۆڤاری (سلێمانی) لە بڵاوکراوەکانی شارەوانی سلێمانییە، بە کوردی و عەرەبی، یەکەم ژمارەی لە مانگی گەلاوێژی ١٩٦٨دا بڵاوکرایەوە. دەستەی نووسەرانی لەم بەڕێزانە پێك هاتووە: محرم محمد امین‌و جمال شاڵی‌و نوری وەشتی وەمحمد مستەفا کوردی‌و زیوەر)، بڕوانە: عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ل١٣١-١٣٢.

گۆڤاری(هەولێر)یش بوو بۆ ئەوەی لە زۆر ڕووەوە سوود لە ئەزموونو تاقیکردنەوەی ئەوان ببینن، کە بەهەمان شێوەو لە هەمان قەوارەدا شارەوانی سلێمانی بڵاوی دەکردەوە.

گۆڤاری (هەولێر) لە چۆنیەتی کلێشەو گۆشەی تایبەتی و جۆری چاپو هونـەرەکانی دیکەی ڕۆژنامەوانیی لاسایی گۆڤـاری نـاوبراوی کردۆتـەوە، نازنـاوی (خـاڵۆی ڕێبـوار)، کـە (مەم) هەندی جار بابەتی پێ بڵاوکردۆتەوە، هەمان ئەو نازناوە لە گۆڤـاری (سلێمانی)شـدا هاتووە، بەڵام دڵنیاین لە شێوازو شێوەزاری نووسینەکەیدا یەکێکی ترە٢٢.

(مەم)، لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکەوە لە (مایسی ١٩٧٠)وە تا مایسی ١٩٧١ ســەرەك نووســینی گۆڤارەکــە بــوو لــەو ماوەیــەدا حــەوت ژمــارەی لێ بڵاوکراوەتــەوە. بڵاوبوونەوەی گۆڤارێك بـەم هـەموو دەردی سـەریو زەحمەتـە کـارێکی ئاسـان نـەبوو، لـە (وتـاری ژمـارە)ی ژمـارە(٢، ٣)ی گۆڤارەکـەدا سـەرەکی نووسـین– مـەم– نووسـیویەتی: ((چەند ڕۆژێك لەمەو بەر گۆڤاری هەولێر، لە دایك بوو، وەك چـوزەرەییێکی تـازە سـەری لـە ژێر بەستەڵەك و بەفرو بـاری ڕۆژانـی سـەختو پـڕ مەینـەتی بـەرز کـردەوە بـۆ ژیـان. وەك گزنگی ڕۆژ بە هەموو وڵاتدا ڕووناکی بیروباوەڕی چاکی پەخش کرد.

بێگومـان ئێمـە هـەر لـەو ڕێگایـەوە دەسـتمان داوەتـە قەڵـەم و هـەر بـە هیـوای ئـەو ڕووناکییەو لەبەر تیشکی ئـەو بیروباوەڕانـە، بـەڕێوە ئـەڕۆین، بـەرەو ژیـانێکی باشـتر، لـە نیشتمانێکی سەربەرزو ئازاددا. ئەگەرچی هەنگاوی یەکەم لە ژیاندا ئاسان نییەو لە ڕێگاش، مرۆڤ لەوانەیە تووشـی کەنـدو کۆسـپو دڕكو داڵ بـێتن بـەڵام مـەرج ئەوەیـە بتـوانین، لـەو هەنگاوەوە پاشگەز نەبینەوەو گورجترو بە گوڕتر بەرەو ئامـانج بچـین.. ئـەوەش دروشمـی هەولێرە هەر ئەمەش دروشمی ئەبێت))٢٣.

لـە بـارەی پلـەو پایـەی گۆڤـاری (هـەولێر) لـەو سـەردمەدا پرسـیارمان لـە (پیربـاڵ مەحموود)ی شاعیر کرد، کە ئەوکاتە کارمەنـدی شـارەوانی و لـە کادیرەکـانی ئـەو گۆڤـارە بوو، پێی وتین: ((ئەو سەردەمە هیچ گۆڤاری دیکەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لـە مەیدانەکـەدا نەبوو، ناچار ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە وەك عەبدوڵڵا پەشێوو عـەزیز گـەردی و جـەمیل ڕەنجبەرو حەمە کەریم هەورامی و محەمەد حەسەن مەنگوڕی و کەریم شارەزاو د. خورشید

---

٢٢ بڕوانە: گ. سلێمانی، ژ٢، س١٩٦٩، ل٣٨.

٢٣ سەرەکی نووسین، گ. هەولێر، ژ٢، س١،ل٣.

دزەیی و یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی و چەندانی دی دەهاتن سەردانی گۆڤارەکەیان دەکردو بەرهەمی ئەدەبیی خۆیان لـە بـۆ دەهێنـاین و گۆڤارەکـەش زۆرجـار بـە خـۆم دەچـووم لـە قەیسـەری و لای پیـاوە دەوڵەمەنـدەکان دەمفرۆشـت و دەیـانکڕی، نـەوەك لەبـەر ئـەوەی خوێندەوار بوون، نەخێر، زۆربەیان هەر نەیانـدەزانی بـە کـوردی بخوێننـەوە، بـەڵام لـە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان دەیـانکڕی و دەیـانزانی ئیشـیان بـە شـارەوانی دەبـێ، ژمـارەی خوێندەواری کورد ئەو ڕۆژە کەم بوو.))٢٤.

کزی هۆشیاری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری بە ئاسانی لە شـاری هـەولێری ئـەو سـەردەمە هەستی پێدەکرێ و خەڵك زیاتر خوێندنی بە عەرەبی بوو لـە ئاسـت بـە کـوردی نووسـین و وشەی کوردی ترس و سام دایگرتوون.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە گۆڤارەکە لە پاڵ نووسینی کوردیدا لە زۆربـەی ژمارەکانیدا بە زمـانی عـەرەبییش چـەندین بابـەتی ئـەدەبی و ڕۆشـنبیریی بـڵاو کردۆتـەوە دیارترین ئەو نووسەرانەی لەوێ بەرهەمیان بڵاوکردۆتـەوە گەنجـەکانی ئـەو ڕۆژەی هـەولێر بـوون، لەوانــە نــزار جــرجیس‌و گــارق ابــراهیم شــریف و ناصــر یوســف و زبــیر بــلال اسماعیل‌و..هتد.

شایانی ئاماژە پێکردن‌و پێزانینیشە، کە قەڵەمی چەند ئـافرەتێکیش لـە گۆڤارەکـەدا دیارە، لەوانە: (کوردستان موکریانی و گەلاوێژ شەفیع و دایکی سۆران و جەمیلە ئیبراهیم و سوڵتانە عەبدولوەهاب و ئیمان‌و سامیە چاوشلی و..هتد. کە بـە هـەردوو زمـانی کـوردی و عەرەبی نووسینیان بڵاوکردۆتەوە.

سەرچاوەی ماددی گۆڤارەکە بەشێکی لە لایەن حکومەتەوە، شـارەوانی دابینکـراوە، بەشێکیشی بـە پیتـاك کۆکردنـەوە لـە بازرگـان و دەوڵەمەنـدەکانی شـار بـوو، هـەر لەبـەر ئەوەش بوو، هـەروەك (گـارق ابـراهیم شـریف) دەڵـێ: ((گۆڤارەکـە پاداشـتی نـەبوو چـەند نووسینێکم لەوێ بڵاوکردەوە هیچم وەرنەگرت))٢٥.

---

[٢٤] چاوپێکەوتنی پیربال مەحمود، ٢٠٠٠/١١/٦ لە هەولێر.

[٢٥] چاوپێکەوتنی طارق ابراهیم شریف، ٢٠٠٠/١١/٦ لە هەولێر.

زۆر کەم ئاگاداری و ڕیکلام لە گۆڤارەکـەدا بڵاوکراوەتـەوە، بڵاوبوونـەوەی ڕۆژنامـەی (التـێخی)٢٦ لـەو کاتـەدا وەك ڕۆژنامەیـەکی سیاسـیی خوێنـەری زیـاترو هـەواڵی گـەرماو گەرمیی لە هەگبەدا بوو.

**گۆڤاری هەولێر دوازدە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە:**

سالّی یەکەم:

(٦) ژمارە لە (٤) بەرگدا، ژمارەکانی (٢و٣) و (٤و٥) لە یەك بەرگـدا بڵاوکراونەتـەوەو ژمارەکـانی (١) و (٦)بەتـەنیان، ژمـارە (٦)ی بـۆ یـادی جەژنـەکانی (ئـادار) و (نـەورۆز) تەرخانکراوە.

ساڵی دووەم:

(٥) ژمارە لە (٤) بەرگدا بڵاوکراوەتەوە.

ساڵی سێیەم:

(١) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

لە ساڵی دووەمدا دەستەیەکی تازەی لە نووسەران بۆ دانراوە، کە بریتی بوون لە: (ئەندازیار عبدالوهاب حسن سەرۆکی شارەوانی. ئەندازیار عبدالمجید حسن. زبیر بلال، مەغدید سۆران، پیرباڵ مەحمود)٢٧.

لاپـــەڕەی ژمارەکـــانی گۆڤارەکـــە وەك یـــەك نییـــە و جـــێگیر نییـــە لـــە نێـــوان (١٢٠،٩٦،٧٢،٦٤) لاپەڕەدایە، کلێشەی گۆڤارەکە لە بەرگی پێشەوەدا جێگیرو نەگۆڕە، کە بریتیە لە قەڵاو منارەی چۆڵی و لەمدیوو لـەم دیـوی گوڵـە گـەنم و گەڵایـەکی تـوتن بـە دی دەکرێـت و لـە سـەرەوە بـە ئینگلیـزی نـاوی هـەولێر نووسـراوەو لـە لای خـوارەوەیش بـە گەورەیی (هەولێر) و بە بچووکتر نووسراوە (شارەوانی هەولێر مانگێ جارێك دەری ئەکات)،

[26] ڕۆژنامەی التآخي ڕۆژانە بوو لەبەغدا بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بڵاودەکرایەوە. خاوەنی ئیمتیازی صالح یوسفی بوو، لە ڕۆژی ١٩٦٧/٤/٢٩دا یەکەم ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. پاشان لە ١٩٦٨/١١/١٨دا وەستا، پاش بەیاننامەی (١١)ی ئادار لە١٩٧٠ دووبارە بڵاوکرایەوەو تا ساڵی ١٩٧٤ درێژەی کێشا.

[27] محەمەد مەلوود مەم، شارەوانیو گۆڤاری هەولێر، لە کتێبی هەولێر ١٨٨٥–١٩٨٥، ل٢٢٧–٢٤٠.

نەخشەو کلێشـەی بەرگەکـەی دەسـتکردی هونەرمەنـد (سـلێمان شـاکر)ەو لـە ژمـارە(٦)دا کلێشەی گۆڤارەکە گـۆڕاوە، وێنـەی قـەڵا بچـووك کراوەتـەوەو لـە دوورەوە دیـارە، وێنـەی منارەی هەولێر بە گەورەیی و لە نزیکەوە دیارەو سێیەکی بەرگەکەی گرتۆتەوە.لە ژمارە (٣ و ٤)ی ساڵی دووەمـەوە تـا کۆتـایی کلێشـەیەکی تـری وەرگرتـووە، کـە بریتییـە لـە نـاوی هەولێرو بازنەیەك لە ژێریدا لە ناوەڕاستی گۆڤارەکەشدا هێڵێکی ڕەشی پان بـە شـێوەیەکی ستوونی، ئەم کلێشەیە لە دەستکردی هونەرمەندو خۆشنووس (زادە)یە. نرخـی گۆڤارەکـە سەرەتا لە ژمارە (١) بە (٧٠)فلس بوو پاشان لە ژمارە (٢و٣)ەوە بووە بە (١٠٠) فلس.

لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە، بـە تایبـەتی لـە ڕووی بـە کارهێنـانی (وێنـەی ڕۆژنامەوانییەوە) لاوازەو زۆر کەم سوود لە وێنە وەرگیراوە، کە وێنەی ڕۆژنامەوانی دەتوانێ لە ڕۆژنامەوانییدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ، لـە هـەمان کاتـدا بەشـداری لـە زیـاتر ناسـاندنی نووسەرەکان بە جەماوەرەوە بکات. تەنانەت کۆمەڵێك لـە لێکۆڵـەرانی بـواری ڕۆژنامـەوانی لەو باوەڕەدان ڕەنگە وێنەیەك بەقەد سەدان وشە مان بدات و باشتر و کاریگەرتر مەبەسـت بە خوێنەر بگەیەنێ، کە بەداخـەوە ڕۆژنامـەوانی کـوردی چ لـە کـۆن و تەنانـەت ئێستاشـی لەگەڵدا نەیتوانیوە سوودی تەواو لـەو شـێوازەی ڕۆژنامـەوانی وەربگرێـت، کـە لـە مێـژووی ڕۆژنامەوانی جیهانیدا بۆ سەدەی حەڤدەهەم بۆ ئەوروپا دەگەڕێتـەوە و پاشـان لـە ڕێگـەی بڵاوبوونەوەی ئامێری چاپدا زیاتر گەشەی کرد و بۆ یەکەمجار لە گۆڤـاری (کـورد تـەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) لە ١٩٠٨ لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا بـەکارهاتووە[٢٨]، تەنانـەت وێنـەی کاریکاتۆریی لە ڕۆژنامەوانی سەردەمدا بۆ دەربڕینی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ڕۆژ سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا کێش دەکـات و تـا ڕادەیـەکی زۆریـش ڕەواج بـۆ ڕۆژنامەکـە پەیدا دەکات و تیراژی ڕۆژنامەکە ڕوو لە زیادی دەکات.

---

[٢٨] لەبارەی مێژوو و گرنگی وێنەی ڕۆژنامەوانیی بڕوانە:

37/alrawe1.asphttp://www.islamonline.net/iol-arabic/dowalia/fan-

فوئاد عەلی ەحمەد، مێژووی وێنە لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا (١٨٩٨–١٩٣٩)، گ. ڕۆژنامەنووس، ژ ١، ٢٠٠٤، ل١٦٣–١٧٩.

لە ڕووی تیپەکانی چاپەوە، هەست بە جۆری جیاوازی تیپـەکان و شـێوەو قـەوارەیان لە ژمارەکاندا دەکرێت، ئەمەش هۆیەکەی ئـەوە بـوو گۆڤارەکـە چـاپخانەی تایبـەتی هـۆی نەبوو بـە گـوێرەی پێویسـت هـەر جـارەی لـە چـاپخانەیەکدا چـاپکراوە، لـە چـاپخانەکانی (شارەوانی کەرکوك و چاپخانەی کوردستان، الغری الحدیپە).

لـە ڕووی نەخشەسـازییەوە، قـەوارەی گۆڤارەکـە (١٦X٢٢) سـانتیمەترەو درێـژی دێڕەکـانی (١١) سـانتیمەترەو پاشـان بـوو بـە (١٥X٢١) سـانتیمەتر لـە هەنـدێ شـوێندا. زەخرەفەیـەکی سـاکاری چـاپی بـەکار هـاتووە. (مانشـێت)ی وتارەکـان بـە هێڵـی (بۆڵـد) نووسراوەو خۆشنووسیی تێدا بەکار نەهاتووە. هەر ژمارەیەکی بە تیراژی (١٠٠٠) دانـە بـڵاو کراوەتەوە.

ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بـە شـێوەیەکی گشـتی ئەدەبیـە،٢٩. ئەگەرچـی هەنـدێ بابـەتی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و زانستی و گۆشەی تایبەتی بۆ ئافرەتـان تێدایـە، بـەڵام زۆربـەی لاپـەڕەکانی بەرهـەمی شـیعرو چـیرۆك و وتـاری ئـەدەبی و ڕەخنـەی ئـەدەبین، تەنانـەت گۆڤارەکە لە ژمارە (یـەك)دا، لـە (بانگـەوازێك)دا بـۆ نووسـەران داوای بەرهـەمی ئـەدەبیان لێدەکات، بێئەوەی کە ئەوەی لەبەر چاوبێ بابـەتی کۆمەڵایـەتی و مێـژوویی و تایبـەت بـە کارو چالاکیەکانی شارەوانی و شارەکەی بۆ بنێرن٣٠.

گۆڤارەکـە پرۆژەیـەکی دیکەشـی هـەبوو، ئـەویش بڵاوکردنـەوەی نامیلکـەی (قـەڵاتی هـەولێرو پـرۆژەی ڕێکخسـتنی)٣١ وەك هـەنگاوی یەکـەم بڵاوکـردەوە، ئەگـەر دەرفـەتی هەبووایە و تەمەنی گۆڤارەکە درێژتر بووایە ڕەنگە نامیلکەی دیکەشی بە دوادا بهاتایە.

## ( مەم ) و ( خاڵۆی ڕێبوار ) و تەنزی کۆمەڵایەتی:

یەکێ لە توانا شاراوەکانی زمانی مرۆڤ ئەوەیە، کە دەتوانێ وشە و ڕسـتە بـۆ واتایـەکی جیاواز لە واتا و مەبەستیی ڕاستەقینەی خۆی بـە کاربێنـێ. ئـەم شـێوازە نووسـینە، تـەنز ئامێزو گاڵتەجاڕییە ڕەخنەییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا مێژوویـەکی دێرینـی هەیـەو تەنانـەت

٢٩ حەمە سالح فەرهادی، ژمارەی بابەتە ئەدەبیەکانی هەر دوازدە ژمارەکەی دەست نیشان کردووە، بڕوانە: حەمە ساڵح فەرهادی، چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی، ل١٢٣-١٢٤.

٣٠ بۆ دەقی بانگەوازەکە بڕوانە: قەڵاتی هەولێر و پرۆژەی ڕێکخستنی، هەولێر، ١٩٧١.

٣١ مەجید عومەر، قەڵاتی هەولێر و پرۆژەی ڕێکخستنی، هەولێر، ١٩٧١.

ئەرستۆ لـە کتێبـی (پیوتیکـا)دا ئاماژەی بـۆ کـردووەو لـە سـەردەمی یۆنـانی و ڕۆمانیـدا سەرنجی ڕاکێشاون.

پاشـتر لـە قۆناغـەکانی پێشـکەوتنی هـزرو ئـاوەزی مـرۆڤ هۆکـارێکی گـرنگ بـوو بـۆ دەربڕینی مەبەستی شاراوەو ڕێگەیەك بـوو بـۆ دەربڕینـی زووخـاوی دڵو پـەردە هـەڵماڵین لەسـەر چـەوتو چـەوێڵیەکانی ڕەوشـتو ئاکـاری مـرۆڤو ناهەمواریـەکانی کاربەدەسـت و دەستەڵاتە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە هەموویان بێنێتە پێکـەنین ئـەو سـاتەو دەتوانێ وایان لێبکات بە خۆیاندا بچنەوەو هەندێ جارییش ڕقو توڕەییان بوروژێنێ.


ئەم شێوازە تەنزئامێزە، لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی ڕۆژنامـەوانیی زیـاتر گەشـەی سـەندو بووە بەشێك لە ئەرکو پەیامی ڕۆژنامەنووسیو لـە جیـاتی وێنـەی کاریکـاتێر بـووە وشـەی نووسراوو خـوێنراو. لـە ڕۆژنامـەوانیی عـەرەبیی لـە عێراقـدا سـەرەتای ئـەم سـەدەیەو بـە تایبەتی لەگەڵ حوکمی ئینگلیز لە عیراقدا دەنگی نارەزایی لە ڕۆژنامەوانیی کۆمیدیـدا بـەرز بووەوەو ژمارەیەك ڕۆژنامەو گۆڤاری عەرەبی بە زمانێکی میللی و بە شێوازێکی گاڵتەجاڕیی بارودۆخی ناهـەنواری ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری عیراقییـان بڵاوکـردەوەو ئـەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەی وەك: (جحا الرومی–١٩٢٣، الهزل–٩٢٤، کنـاس الشـوارع–١٩٢٥، حبـز بوز–١٩٣١، الفکاهە–١٩٦٣)٣٢ جەماوەرێکی زۆریان هەبووو بە ژمارەی زۆر چاپ دەکـران، لە دوو توێی لاپەڕەکانیاندا ڕاستیو گاڵتەو ڕەخنەو خەیاڵیان تێکەڵ دەکرد.

لـە ڕۆژنامـەوانیی کوردیـدا، گۆشـەی (ئـەلفو یـێ)ی مـارف بـەرزنجی لـە ژمارەکـانی گۆڤاری (شەفەق)٣٣دا شێوە نووسینێکی تەنز ئامێزی سەرنج ڕاکێشەو چ لە ڕووی زمانو چ لە ڕووی هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا سەرکەوتووەو ڕەخنەکانی مەبەستدارن.

---


[٣٢] بۆ زانیاری لە بارەی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارە کۆمیدییانەوە بڕوانە: السید عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الصحافە العراقیە، ج١، گ١٩٧١،٣، ص١٠٧" خالد حبیب الراوی، من تاریخ الصحافە العراقیە، ص٢٦–٣٥.

[٣٣] گۆڤاری شەفەق گۆڤارێکی نیو مانگی ئەدەبیو زانستیو کۆمەڵایەتی بووە، لە شاری کەرکووك بە کوردیو عەرەبی دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری عەبدولقادر بەرزنجی بووە، ژمارە یەکی لە (١٥)ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە، بەردەوام بووە هەتا ساڵی ١٩٦٢. دەستەیەك لە مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەدو مارف بەرزنجەییو عەبدولسەمەد خانەقا و مارف خەزنەدار و عومەر عارف و جەمال خەزنەدار بەڕێوەیان دەبرد. وە لە ساڵی بە چاودێری محەمەدی




---

مەلا کەریم و حەمید عوسمان و گۆران چاپ کراوە، پاشان ئیدارەی گواستراوەتەوە سلێمانیو ناوی بووە بە (بەیان) بڕوانە: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ل٦٥.


هەولێر
چاپخانەی کوردستان — هەولێر
٢٥٨٣ ی کوردی (١٩٧١) ی

من وای بۆ دەچم، محەمـەد مەولوود(مـەم) وەك ڕۆشـنبیرێك و خوێنـەرێکی ڕۆژنامـەو گۆڤارە عەرەبیەکان ئاگای لە گۆڤاری (الفکاهە ١٩٦٣-١٩٧١)[٣٤] و شێوە تـەنز ئامێزەکـانی (مارف بەرزنجی) هەبووەو خوێندوونیەتەوە، بـەڵام ئـەوەی شـایانی سـەرنجە، بابەتـەکانی خالۆی ڕێبوار(مـەم) بـە زمـانێکی میللـی یـان شـەعبی نەنووسـراونو کۆمـەڵێ کاریکـاتێری نووسراون، کـەمو کورتیـەکانی فەرمانگـەکانی هـەولێرو هەنـدێ دابو نـەریتی دواکـەوتووی خەڵکی شارەکەی بە شێوەیەکی کۆمیدی دەربڕیونو هاوارێکە بۆ چاککردنیان.

هەوڵ دەدەین نموونەی ئەو بابەتانەی گۆشەی (خالۆی ڕێبوار) پیشان بدەین:

## بـانگێك لە بەڕێوەبەری پۆلیس:

(بەڕێوەبەری پۆلیس بانگی هەموو ئەوانە دەکـات، لـە دانیشـتوانی شـار کـە تائێسـتا نەیانکردووە بە خوو لـە چـەقی جادەکـان بـڕۆنو جوڵانـەوەی هاتوچـۆ بشـڵەژێنن بانگیـان ئەکات بۆ ئەوەی خەڵاتیان بکات، بڕوایشی بە قسـەی هـەموو ئەوانـە هەیـە کـە بـۆ خـەڵات وەرگرتن موراجەعەت ئەگەنو پێویستیش بە شاهێد هێنان ناکات)٣٥.

## بـانگەوازێك و (٣) خەڵات:

((شارەوانی هەولێر ئەم (٣) خەڵاتەی تەرخان کردووەو بەم پێیەی خـوارەوە دابـەش ئەکرێن:

١- تفەنگێکی ساچمە بۆ ئەو دایكو باوکانەی منداڵـەکانیان بـە (دار لاسـتیك) گڵـۆپی شەقامو کۆڵانەکان ئەشکێنن، چونکی دارلاستیك بە چاکی بۆ ئەم کارە دەست نادات، هەروا بەردەقانیش بۆ داپیری ئەوانەی داپیریان بەرحەیاتە.

٢- جووتێك (مراوی) ڕەنگـاو ڕەنـگ بـۆ ئەوانـەی بـە هـۆی ئـاوی پیسـی ماڵـەکانیان گۆمیان لەبەر دەرگاکانیان درووست کردووە.

---

[٣٤] ئەم گۆڤارە (الفکاهە)خاوەنەکەی(حمید المحل)بووەو سەرنووسەرەکانی محمود بهجتو ڕشید النجار بوونەو لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٣دا دەرچووەو لە ١٩٧١/٤/١٣ وەستاوەو پاشان لە (١٩٧١/٥/٦)ەوە دووبارە بڵاوبۆتەوە، بڕوانە: زاهدة ابراهیم، کشاف الجرائد والمجلات العراقیة، ص٢٩٨.

[٣٥] خالۆی ڕێبوار، گ هەولێر، ژ١، ل٣٤.

٣- بۆ ماوەی ساڵێك (عەفو کردن) لە پارەی ئاو و کارەبا بۆ ئەوانەی شەوان کارەبا چەنگاڵ ئەکەنو ئەوانەی سەعاتی ئاوو کارەبای ماڵەکانیان وەستاندووە.

وە بانگی هەموو ئەوانە ئەکات کە ئەم مەرجانەی سـەرەوەیان (کامیـل و موکەمـەلن) بفەرموونە شارەوانی و خەڵاتەکانیان وەربگرن، هیچ شەرمیشی پێناوێ الحمدلله پیاونو بـە تایبەتی لەم ڕۆژانەش خۆشوکور شەرم هەڵگیراوە.))٣٦

## بازرگانی:

ئەڵێن لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی لە فەرەنسە گۆشتی بـۆق لـە گۆشـتەکانیتر بـە نرخ ترە! لە هەولێریش خوا بە زۆری نەبینێ لە هەر کۆڵانە و گـەڕەکێك گۆمێـك هەیـەو بـە هەزاران بۆقیان تێدا ئەژین.

بیری ئەوەم ئەکردەوە کە بۆچ مرۆڤ قازانجێك لەمەوە دەسـت نـەهێنێ؟ مـن زۆر پـێم خۆشە ئەگەر (ادارەی محلی) و (شارەوانی) ماوەم بدەن بۆ خۆم (شرکەتێك) دروست بکـەم بۆ (تصدیری) ئەم بۆقانە بۆ دەرەوە، تا قازانجێك وەچەنگ بهێنم.. بڕوا ناکەم بۆ ئەم کارە (دکتۆری صحەی شار)یش ڕازی نەبێت بە هـۆی ئـەوە کـە ئـەڵێن گوایـە وجـودی باشـە بـۆ لەناوبردنی مێشوولەو مەگەز!.. ئەرێ ئێوە ئەم بازرگانیەتان پێ چۆنە؟٣٧

## ئەیەوێت چارەی ( خەسووی ) بکات:

لـە ڕێگامـان بـەرەو (سـێتاقان) لـەناو (لانکـەکانی.. بڵـێم پاسـەکانی مەسـڵەحە) K2بەرامبەر دوو ئافرەت دانیشتبووم، یەکێك لای ئەویتر سکاڵای لە خەسووی ئەکرد، کە.. چەند لە دەستی بـە ئـازارەو.. چـۆن ژیـانی لـە خـۆی و منداڵـەکانی تـاڵ کـردووە!!.. لـە دواییشدا لەخوا ئەپاڕایەوە کە یان چاکی بکات یان لە کۆڵی بکاتەوە؟!..

ئافرەتی دووەمیان بە کرِی گوێی گرتبوو.. هەر کـە ئـەو لـە سـکاڵاکەی بـووەوە سـەری بردە بنا گوێیو بەدەنگ پێی گوت: خوشکم بە تکاو نزا چی ئەکرێت، خەسووەکەی منـیش وەك ئەوەی تۆ بوو.. هەر گەیاندمە (خەستەخانە)، بە ئاسـانیو بـۆ یـەکجاری کـپ بـوو!! ئەزانی چۆن؟.. خەستەخانە کە هەر سروشتی وایە ئەگـەر یـەکێك بچێتە ئـەوێ لەبـەر بـێ

---

[٣٦] خالۆی ڕێبوار، گ. هەولێر، ژ(٣،٢)، ل٢٢.

[٣٧] خالۆی ڕێبوار، گ. هەولێر، ژ(٢-٣)، ل١٨.

عیلاجیو بێ ئاگایی... و یان لەبەر پیسی و دژوینی لەناو نەچێت، بێشك.. لە برسانا حەیاتی لەبەر ئەبڕێ.. جا ئامۆژگاریم ئەوەیە بە قسەی خوشکی خۆت بکەی و خەسووەکەت زوو بگەیەنە خەستەخانە.

ئافرەتەکە.. سەردەمێك داما، وام بۆ هات کە خەریك بوو لە خۆشیا هاوار بکات!!..
کەچی لە بنەوەش سەیری منی کرد، منیش سەرێکم بۆ هەژاند، وەك پێی بڵێم: بەقسەی.. دەستە خوشکەکەت بکە.. بەقسەی دەستە خوشکەکەت بکە!!.. لە ڕاستیشا من قسەی هەردوو ئافرەتەکەم لە کونجی (مەکری ژنان) تۆمار کردن، چونکی باوەڕ ناکەم.. خەستەخانەکەی هەولێر وەك ئەڵێن نەرمەی گۆشت بۆ خۆیان بخۆنو هێلکەکان بدەن بە نەخۆش.. نەخێر من ئەڵێم ئەمە

## ئەنجام:

محەمەد مەولوود (مەم) وەك ڕۆشنبیرێکی دیاری ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیی و چیرۆکنووسێکی بە توانا هەر لە کۆتایی پەنجاکانەوە جێپەنجەی بە سەر دنیای چیرۆکی کوردیدا دیارە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە وەك دەروازەیەك تواناو بەهرەو شارەزایی ڕۆژنامەوانیی ئەو ڕۆشنبیرەی ڕوونکردۆتەوە لەوەی، کە هەر لە تەمەنێکی زووەوە لە ساڵی (١٩٤٨)دا، کە تەمەنی (٢٢) ساڵان بوو پێوەندی بە ڕۆژنامەوانیی کوردییەوە کردووە.

پاشتر، لە پەنجاکان و دواتر لەگەڵ گۆڤارەکانی هیواو دەفتەری کوردەواری و هاوکاری و بەیانو کارواندا بەشداری کردووە.

لە ساڵی ١٩٧٠دا بە هەولّی (مەم)و سەرۆکی شارەوانیی هەولێر (سەعدی دزەیی) گۆڤاری(هەولێر)ی بڵاوکرایەوەو خزمەتێکی زۆری باری ڕۆشنبیریی ئەو ڕۆژەی کردووە، بە تایبەتی کە تاقە گۆڤاری ئەدەبیو ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی هەولێر بوو، لە کۆکردنەوەی نووسەران و هوشیارکردنەوەی جەماوەری شار لە باری تەندروستی و کۆمەڵایەتیی و ئەدەبیی سەرەتای ساڵانی حەفتادا.

گۆڤارەکە لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە، بە کەمی ئیمکانیاتی ماددی خۆیەوە لە بەرهەمو چاپکردنو نەخشەسازیدا، بەڵام پلە و پایەیەکی ئەدەبیی خۆی هەیە، کە بەرهەمی (هێمن) و (هەژار)ی شاعیری زیاتر بە خوێنەرانی ناساند، بۆ لێکۆڵینەوەی باری ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی شاری هەولێر لە سەرەتای حەفتاکاندا سەرچاوەیەکی ئەدەبیی و ڕۆژنامەوانیی بە کەڵکە و بایەخی خۆی هەیە، لێکۆڵەر ناتوانێ پشتگوێی بخات.

# سەرچاوەکان

**١- بە زمانی کوردی:**

**أ- کتێب:**

- تەحسین چیچۆو شێرزاد هەینی، هەولێر لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا ١٨٨٥-١٩٨٥، چاپخانەی عەلا، بەغدا، ١٩٨٥.

- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣

- حەمە ساڵح فەرهادی، چەند بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

- عبدالجبار محمد جەباری،مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠.

- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٨.

- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥.

- محەمەد مەولوود مەم، چیرۆکەکان مەم، ب١،چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٧٠.

- مەمو ئافەرین، گوڵەبەڕۆژە، کۆمەڵە چیرۆکی منداڵان، بەغدا، ١٩٨١.

- محەمەد مەولوود مەم، چیرۆکەکانی مەم، ب٢، هەولێر، هەولێر، ١٩٨٤.

- محەمەد مەولوود مەم، پایزە خەون، دار الحریە للگباعە، بەغدا، ١٩٨٧.

- محەمەد مەولوود مەم، ڕێگا، پاکنووسیو ئامادەکردنو ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤.

- هیمدادی حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨.

**ب- ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوە:**

- گ. دەفتەری کوردەواری، ژ١، بەغدا،١٩٧٠.

- گ. سلێمانی، سلێمانی، ١٩٦٨-١٩٧٠.

- گ. شەفەق، کەرکوك، ١٩٥٨- ١٩٥٩.

- گ. کاروان، ژ٢، هەولێر، ١٩٩٢" ژ١٥٢، هەولێر،٢٠٠٠.

- گ. گەلاوێژ، ژ٣،س٩، بەغدا، ١٩٤٨.

- گ. مەم، ژ١، هەولێر،١٩٩١.

- گ. هەولێر، ژ١-١٢، هەولێر، ١٩٧٠-١٩٧٢.

- بڵاوکراوەی ڕۆڤار، ژ٢، سلێمانی، ١٩٩٩/٦/٥.

**پ- نامەی ماجستێر:**

- گالب محمد احمد،لێکۆڵینەوەیکی ڕەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولوود (مەم)، (چاپنەکراو)، کۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٣.

**ت- چاوپێکەوتن:**

- چاوپێکەوتنی پیربال مەحموود، هەولێر، ٢٠٠٠/١١/٦.

- چاوپێکەوتنی گارق ابراهیم شریف، هەولێر، ٢٠٠٠/١١/٦.

**ـ بە زمانی عەرەبی**

- زاهدة ابراهيم، كشاف الجرائد والمجلات العراقية، مراجعة عبدالحميد العلوجى، بغداد، ١٩٧٦.

- السيد عبدالرزاق الحسني،تاريخ الصحافة العراقية، ج١،ط٣، مطبعة العرفان، صيدا- لبنان، ١٩٧١.

- د.كاظم المقدادي،البحث عن حرية التعبير، ط١، منشورات العالم العربي في باريس، ١٩٨٤.

# ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریی کوردیی پەنجاکانی شاری هەولێر لە گۆڤاری "هەتاو"دا

## پێشەکی:

شارێکی کۆن و دێرینی وەك هەولێر بێگومان دەبێ لە ڕۆشەنبیریشدا خاوەن ڕابردوویەکی زێڕین بێت و بە قەڵەمی نووسەرانی لاپەڕەکانی ئەدەب و ڕوناکبیریی کوردیی ڕازاندبێتەوە. ڕۆشینبیریی پەنجاکانی ئەم شارەو هەوڵێ تازەکردنەوەی ئەدەبی و کارکردن بۆ ڕۆژنامەوانیی لە ئەرکە سەرەکیەکانی ڕوون کردنەوەی ئەم باسەن.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە بە پلەی یەکەم لەوەدا بوو، دەستکەوتنی هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (هەتاو) سانا نەبووە، هەروا ئاسان نەبووە بتوانرێ لە باسێکی وا کورتدا دەرەقەتی ئەو هەموو ڕووداو و گۆڕانکارییە فیکری و ئەدەبییەی (دە) ساڵان بێیت و ڕووی تەواوی ئەو ماوە گرنگە پیشان بدەیت.

## کورتەیەك لەباری سیاسی و ڕۆشنبیری و فیکری شاری هەولێر لە پەنجاکاندا

بۆ ئەوەی باشتر لە باری ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و سیاسیی شاری هەولێر تێ بگەین، دەبێ چاوێکی خێرا بە بارودۆخی سەرجەم عێرقدا بخشێنین، چونکە هەمان ئەو بارودۆخەش کەم و زۆر لە لیوای هەولێردا ڕەنگی داوەتەوە. دوابەدوای ڕاپەرینیی گەلانی عێراق لە(١٩٤٨) دا بارودۆخی پاشایەتی لە عێراق دا ئارامی و سەقامگیرییەکی سیاسی ئەوتۆی بۆخۆوە نەبینی، بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لە عێراقدا داروودەستەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق پەشێوی و چەوساندنەوەیەکی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتییان سەپاندبوو، نەبوونی ئازادی فیکری ببووە خەسڵەتی حکومەت لە عێراقدا.

لە سەرەتای پەنجاکاندا و بە تایبەتی لە ساڵی (١٩٥٢)دا شان بەشانی هەموو شارەکانی دیکەی عێراق لە هەولێریش خەڵکی ڕژانە نێوجادەکان و پارتە سیاسیەکان شیوعی و پارتی، دەوری دیاریان هەبوو لە ئاڕاستە کردنی خەڵکی بۆ هۆشیاری نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی فیکریی و ڕۆشنبیریی خەڵك لە بەرامبەر سیاسەتی چەواشەکاریی ئینگلیز لە عێراقدا، بە تایبەتی لەو نارەزایی و خۆپێشاندانانەدا خەڵکی داوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و چاك کردنی باری گوزەران و هەڵبژاردنی پاك و بێگەردیان دەکرد.

لە ساڵی (١٩٥٣)دا لە شاری هەولێر جووتیارانی دەشتی دزەیی بە هـۆی زوڵـم و زۆرداری هەنـدێ لـە ئاغاكـان و بەهانـدنی هەنـدێ كـوڕە ئاغـای بیركـراوەو شـیوعی ڕاپـەڕین، خـەڵكی هـەولێریش دوای ئـەوەی، كـە دامودەزگـا حكومییـەكان كەوتنـە گـرتن و بـڵاوە پـێكردنی جووتیاران و لایەنگریی ئاغاكانیان كرد. ۆپێشاندانی گەورەیان سازكرد و تیایدا ژمارەیـەك لـە ڕووناكبیرەكان لەو خۆپێشاندانانەدا گیران، لەوانە: عەونی یوسف و عەلی فەتاح دزیی و زێـوەر خەتاب و كەنعان خەتاب و جەلیل هوشیار و حوسێن حەلاق و ڕەشید عبدالقادر و شێخەشـەل و زۆری تر[١].

ژمارەیەكی زۆر لە گوندەكانی دەشتی دزەیی داوای چاك كردنی باری ژیـان و گـوزەرانی خۆیان و سكالآیان دەكرد، بـەلآم ئـەو ناڕەزاییـەیان سـەری نـەگرت و ((حكومـەتی جمیـل المدفعی لە (٢٩)ی كانوونی دووەمی (١٩٥٣) دا بەهێز ڕووبەڕوویان بۆوە.))[٢]

بارودۆخی فیكریی و سیاسیی ئەو ڕۆژەی هەولێر، بریتی بوو لە ململانێی فیكریی نێـوان ڕۆشنبیرەكانی شیوعی و پارتی. زۆرینەی ڕووناكبیرەكـان بـە هـۆی سـەركەوتنی یەكیـەتی سۆڤیەتەوە بەسەر ئەڵمانیای نازی لە دووەمین جەنگی گێتیدا و بلآوبوونەوەی دروشمەكانی بیری سۆسیالیستی، كەش و هەوایـەكی وای دروسـت كردبـوو، كـە لایـەنگرانی بـاوەڕی زۆر پتەویان بەو حیزبە بێت، هەر لەو بارودۆخـەدا و لەسـەرەتای پەنجاكانـدا عـەونی یوسـف و عومەر مستەفا (دەبابە) و جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵلآ ئیسماعیل و وریا كانیمارانی و لەتیف بەرزنجی و نەژاد عەبدوڵلآ عەزیز... هتد بەدزی و نهێنییەوە خەریكی كاری حیزبایەتی بوون بـۆ شـانەكانی پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان. لەولایشـەوە چـەندین ڕۆشـبیری وەك عـەزیز محەمەد و مەلا شـەریف و جـەمال حەیـدەری و عاصـم حەیـدەری و عـەلی فـەتاح دزەیـی و زیوەر خەتاب و شێخەشەل (خاوەنی كتێبخانـەی هـەولێر)و چـەندانی دی سـەر بـە بـەرەی چـەپ و شـیوعی بـوون.[٣] لـەو نێوانەشـدا هەنـدێ ڕۆشـنبیری كـورد بـێ لایـەن و دوور لـە حزبایەتی بە تەنیا خەریكی كاری ئەدەبی بوون، لەوانە: مارف خەزنەدار و جاهید وكانی و پیربال مەحموود.

---

[١] بەكر شاكر عەبدوڵلآ، عەلی فەتاح دزەیی شاعیرو نووسەر، ل٣٤.

[٢] اسماعیل شكر ڕسول، اربیل دراسه تاریخیه فی دورها الفكری والسیاسی، ص٢٧١.

[٣] چاوپێكەوتنی نەژاد عەبدوڵلآ عەزیز لە هەولێر ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٧.

لـە ڕووی ڕۆشـنبیرییەوە لـە سـەرەتای پەنجاکانـدا هـەولێر یـەکێك بـوو لـە سـەنتەرەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا و بڵاْبوونەوەی ڕۆژنامەی (هەولێر–اربیل) لە ساڵانی (١٩٥٠– ١٩٥٣) دا لە لایەن کۆمەڵەی مامۆسـتایانی کوردسـتان لقـی هـەولێرەوە، گـۆڕان و وەچەرخانێکی تازە بوو لە مێژووی ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی کوردیدا. ڕۆڵی دیارو بەرچـاوی نووسەرانی وەك: (عیزەدین فەیزی و زەکی ئەحمەد هەناری و مارف خەزنەدار و علی چوکل بەریە و گیوی موکریانی ومحەمەد عەلی کوردی و حوسێن ڕەشوانی، لـە ناسـاندنی مێـژوو و ئـەدەب و زمـان و کەلـەپووری کـورد بـە هـەردوو زمـانی کـوردی و عەرەبییـەوە، دیـار و بەرچاوە).

لە یەکەمین ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا عیزەدین فەیزی نووسیویەتی:

ئەم هەولێرە قەدیمە، کە میللەتێکی دڵپاك و چـاکی تێدایـە، لـە مێـژە لـە خوێندنـەوەی ناوخۆی و زوبـانی خـۆی مەحروومـە. جـا ئـەی هاووڵاتیـەکانی خـۆم، مەعلوومـە لاتـان کـە زۆرترین شارە گەورەو بچووکەکانی عیراق، ڕۆژنامەی خۆیان لەناو خۆیاندا بڵاوئەکرێتـەوە و ئەخوێنرێتـەوە... ئەمـە یەکـەمین ڕۆژە لـە هـەولێر ڕۆنـاکی ڕۆژنامـە بـڵاو ئەبێتـەوە و دڵی مامۆستایان و تێگەیشتووان گەش دەکاتەوە)[٤].

لـە ناوەڕاسـتی مـانگی مایسـی (١٩٥٤)دا گۆڤـاری (هـەتاو) بڵاْبـووەوە، لـەو کاتـەدا کابینەی دووەمی (ارشد العمری) لە عێراق لەسەر کار بوو، ئەو گۆڤـارە بـە هـەوڵی (گیـوی موکریـانی) چـاوی هـەڵێنا، لەوکاتـەدا کـە تـەنیا چـەند ژمارەیـەکی ڕۆژنامـەی (ژیـن) لـە سـلێمانیەوە دەگەیشـتە هـەولێر، دەنـا ڕۆژنامـەکانی دی هـەمووی عـەرەبی وهـی عەرەبـە چەپەکان و نەتەوەییەکانی عەرەب و عێراقییەکان بوون، وەك: الشعب والاحرار وام درمـان. هتد.

[٤] مەحموود زامدار، ڕۆژنامەی هەولێر حیکایەتی سەر هەڵدان و کۆتایی، ل١٢.

مۆلەتی گۆڤاری (هەتاو) فەزڵەکەی هی (سعید قزاز)، وەزیری نـاوەخۆ بـوو، کـە نـاوبراو کورد بووە و پاشان لە مۆڵەتی گۆڤاری (هیوا)یش لە ساڵی (١٩٥٧)دا بـۆ یانـەی سـەرکەوتنی کوردان دەوری هەبوو.[٥]

لە گۆڤاری (هەتاو) دا بەبۆنەی گواستنەوەی موتەسەڕیفی هەولێر (ئیسماعیل حەقی شاویس) ەوە نووسراوە: ((هەتاویش کە یادگاری دەوری مەعالی ئوستاد سەعید بـەگ قـەزازی وەزیـری داخلیەی خۆمان و مامۆستا ئیسماعیل حەقی بەگی وێژەپەروەر... .))[٦]



**گیوی موکریانی**

[٥] بۆ زانیاری لە بارەی گۆڤاری (هیوا)وە بڕوانە: هیمدادی حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، هەولێر، ١٩٩٨.

[٦] گ. هەتاو، ژ٧٢، س٢٠ ، ١٩٥٦، ل٣.



گـۆڤا رێـکی وێژەیی [ ادبي ] هەفتەیي کوردیە جاری هەر لە دە
رۆژاندا جەڵێکي لە هەولیر لە چاپخانەی کوردستاندا پەخش دەکرێت
Jimare 116 s 4 20 Berûbez 2569 Kurdî « Madî »

ژمارە : ١١٦ سالی ٤ سێشەممە ٢٠ بەرو بەز [ ١٠ کانوني ١ ] ١٩٥٧

Nawerok

١ - دناوشي هێزە — زاخو - مامۆستا شاکرفتاح
٤ - مردن — شیکاگو : دوکتور ت . ب . دەربوانی
٧ - سالێکی تازە لە خوێندنا — بدرە - جلال کلبه
٨ - آموژگاری — تاران : ت . امینیان
9 — BAXÇEY BU WÊJAN
١٣ - لە یەك کردنی دوو دل — پینجوین - م ص. عبدالرحمن
١٦ - بەشی آفرەت — دایك — خوشکم شفیقه علی سلیمانی
١٧ - لاسایی — یوسف - رەهێل - بەغدا
وگەلي شتی تریشی تێدا دەخوێننەوە

هەر لەساڵی (١٩٥٤)دا، حکومەت بۆ ئـەوەی بتـوانێ بەرامبـەر بـە شـاڵاوی ڕاگەیانـدنی حیزبە نەیارەکان و ئۆپۆزسیۆنەکان بوەستێتەوە، لەپاڵ چـەندین بڕیاریدیکـەدا، فـەرمانی داخستنی ژمارە یـەکی زۆر ڕۆژنامـە و گۆڤـاری نـاوەوەی وڵاتـی دەرکـرد، لەوانـە ڕۆژنامـەی (أخبار اليوم) و گۆڤارەکانی (الوادی، الحساب، العمل) پاشان ڕۆژنامەکانی (اخبـار المسـاو، Kالنهچە، النچال) بۆ ماوەی ساڵێك.[٧]

هەر لەو ساڵەدا، لـە هـەولێر و شارۆچـکەکانی دەوروبەریشـیدا، خۆپێشـاندان لـە دژی حکومەتی دوازدەهەمی (نوری سەعید) سازدراوە، بۆ نموونە، لە شارۆچـکەی شـەقڵاوە لـە پێناو کردنەوەی قوتابخانەی ناوەندی و چاك کردنی باری گوزەرانی خەڵکدا و دواتـریش لـە (١٩٥٥)دا دیسـان بەبۆنـەی سـەردانی (نـوری سـەعید)ەوە بـۆ ئـەو شارۆچـکەیە و لـە دژی پەیمانی بەغدا خۆپیشاندان سازکراوە[٨].

بەشـداریی عێـراق لـە (پەیماننامـەی بەغـدا)دا، جـارێکی دی عێراقـی دەروەسـت بـە سیاسەتی ئینگلیز کردەوە، ساڵێك دواتر لە (١٩٥٦)دا بە هۆی هێرشی سێ لایەنە بۆ سـەر هێزە نیشتیمانیەکان بە ڕێگەی ناڕەزایی و خۆپیشاندان لە عێراق بە گشتی، لـە هـەولێریش ڕق و تووڕەیی خۆیان و هەڵوێسـتی دژ بـە حکومـەتیان دەربـڕی، حکومـەت ناچـار بـوو لـە کۆتاییدا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و یارمەتی سەربازیی بۆ میسر بنێرێ و لـە پـاڵ ئەوەشـدا کۆمەڵێ بڕیاری گرنگ دەربکا لە داخسـتن و ڕەت کردنـەوەی مۆڵـەتی هـەموو ڕۆژنامـەکان و داواکرا، کە نابێ لە حەوت ڕۆژنامە زیاتر لە بەغدا دەربچێ.[٩]

ساڵی(١٩٥٨)، سـاڵێکی گرنگـە لـە مێـژووی هاوچـەرخی عێراقـدا، بـە ڕووخـانی ڕژێمـی پاشایەتی و سەرکەوتنی هێـزو ئـیرادەی گـەل لـە بەرامبـەر ئیمپریالیزمـدا گۆڕانکارییـەکی گەورە ڕوویدا. لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە چەندین دەستکەوتی گەورە لـە بـواری چـاپەمەنی و ڕۆژنامەوانیدا وەدەست هات، کە بەرهەمی ئازادیی بیرو بۆچوون و سیاسەتی ئەو سەردەمە بـوون. گۆڤارەکـانی (شـەفەق) و ڕۆژنامـەکانی (برایـەتی) و (خـەبات)، پاشـتر ناوەنـدی ڕووناکبیریی کوردستانیان بووژانـدەوە، بـەڵام ئـەو سەربەسـتی و ئازادییـە لـە دوای سـاڵی

[٧] بڕوانە، عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط ١، ج٩، ص١٢١.

[٨] بڕوانە، ب. سیروان، چەند چالاکییەکی جەماوەری..، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ٧٦-٧٧.

[٩] بڕوانە، عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط ٦، ج ٩، ص١٥١.

**(١٩٦٠)ەوە، بە هۆی ناکۆکی کورد و حکومەتـەوە، بـەوەی، کـە حکومـەت لـە هەڵوێسـتی خۆی پەشیمان بووەوە و بارودۆخ بەهۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە کەوتەوە گـرژی و ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانیش لە کار کەوتن، گۆڤاری (هەتاو)یش دوای حەوت ساڵ تەمەن و (١٨٨) ژمـارە داخراو (گیوی موکریانی)ش بە تاوانی کوردایەتی بۆ خوارووی عیراق دوورخرایەوە.**

## ناساندنی گۆڤاری (هەتاو):

دوابەدوای ئەو بارودۆخە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەی لـە سـاڵانی پـەنجاکان، کـە لـە فەسـڵی یەکەمدا باسمان کرد، لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا بە تەنیا ڕۆژنامەی (ژیـن)[١٠]، لـە شـاری سـلێمانی بڵاودەبـووەوە و ژمارەیـەکی زۆر لـە نووسـەرو ڕووناکبیرەکـانی هـەموو شـارەکانی کوردستانی باشوور بەشداریان تێدا دەکرد.

لە شاری هەولێر بە هەوڵ و هیممەتی جوامێرانەی (گیوی موکریانی) خـاوەنی (چـاپخانەی کوردستان) توانرا جارێکی تر گۆڤار و ڕۆژنامەوانیی کوردیی لەو شارە دێرینەدا بـە هـەرمێن بکرێتەوە. بە تایبەتی تازە (ڕۆژنامەی اربیل- هەولێر)[١١] داخرابوو.

لە پێشدا بە پێویستی دەزانین لە ئاست خزمەتی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی گیوی موکریانیدا هەڵوێستەیەك بکەین. ئەم ڕووناکبیرە بە بنەچـە کـوردێکی کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـە و لەگـەڵ (حوزنی موکریانی) کاکی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا چاپخانەیان هێنایە کوردسـتان

---

[١٠] ڕۆژنامەی (ژین) پیرەمێردی شاعیر دایمەزراندو تا وەفاتی لە (١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠)دا هەر خۆی سەرپەرشتی دەکرد. دوای ئەو چەند جارێك سەرپەرشتی کەرانی گۆڕران.(جەمیل سائیب و گۆران و نوری ئەمین بەگ و ئەحمەد زرنگ هەر یەکەیان ماوەیەك سەرپەرشتییان کردووە). بارستی (ژین) زۆر جار گۆڕرا، بەڵام بەشێکی زۆری ژمارەکانی (٣٤ X٣٠سم)ن، بڕوانە: د.کمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی..، ل٢٢٢.

[١١] ڕۆژنامەیێکی زانستی وێژەیی هەفتەیی بوو لە شاری هەولێر لە لایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر دەردەچوو، ژمارە (یەکی) لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٠دا دەرچووە، هەتا ساڵی ١٩٥٣ بەردەوام بووە، مودیری مسؤول جمیل ڕشید بووە، دەستەی نووسەران لە حسین الرشوانی و عزالدین فیضي و ئەستێر سعید پێك هاتبوو و مدیری ادارە جمال جمیل بووە، بڕوانە:جمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل٥٩.

و سەرەتا لە حەلەب پاشان ڕەواندز و دواجار لە هەولێر گیرسانەوە. بوونی ئەم یەکەم چاپخانەیە لە مێژووی چاپ و چاپەمەنی کوردیی لەم شارەدا، هەرچەندە سادەو ساکاریش بوو بێت بۆ چاپی کتێب و بلاّوبوونەوەی بزاڤی ڕۆژنامەوانیی کاریگەرییەکی زۆری بووە. لە ڕێگای ئەو چاپخانەیەوە چەندین دیوانی شیعری شاعیرانی کلاسیك و فەرهەنگ و بابەتی مێژوویی و ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا چاپکراون دوابەدوای کۆچی دوایی (حوزنی) کاکی لە ساڵی (١٩٤٧)دا، ئیتر بە تەواوی کاروباری چاپخانەکە کەوتە دەست گیوی موکریانی، ئەویش هەر لەسەر ڕێبازی پێشووی کاکی لە خزمەتی وشەی کوردیدا بوو، لە پێگەیاندن و ڕێگە نیشاندان و هاندانی چەندین شاعیر و نووسەری کورد لە هەموو لایەکی کوردستانەوە دریغی نەکردووە. تەنانەت لە گەنجیشدا لە سەنعەت و دەست ڕەنگینی و زمانزانییەکەی چەندین کەس بەهرەی وەرگرتووە. محەمەدی قازی وەرگێڕی بە توانای کورد، کە بەرهەمێکی زۆری تەرجەمەی سەر زمانی فارسی کردووە، بە شانازییەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەسەر دەستی گیوی موکریانی لە مەهاباد فێری زمانی فەرەنسی بووە.[١٢]

بلاّوکردنەوەی (گۆڤاری هەتاو) یەکێکە لە هەوڵە ڕۆژنامەوانییەکانی گیوی موکریانی یەکەم ژمارەی لە (١٩٥٤/٥/١٥)دا لە هەولێر بلاّکراوەتەوە. لەو سەردەمەدا تاقە گۆڤاری کوردی بووە لە کوردستاندا دەرچووە. بە پێی شارەزایی من، لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی ئەکادیمی لە بارەی ئەو گۆڤارەوە نەنووسراوە، جگە لە چەند ئاماژەیەکی پەرت و بلاّو و ئەوە نەبێ، کە چەند ژمارەی لێ دەرچووە و کەی و لە لایەن کێوە، زیاتر نیە:

((گۆڤارێکی وێژەیی هەفتەیی کوردی بووە، بۆ ماوەیەك، دوو هەفتە جارێك دەرچووە، وە ماوەیەکی تر هەر دە ڕۆژ جارێك دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازو بەرێوەبەری گیوی موکریانی بووە، بەرپرسیاری پارێزەر ئیبراهیم عەزیز دزەیی بووە، ژمارە یەکی لە ڕۆژی یەکی مایس ١٩٥٤دا دەرچووە نزیکەی ١٨٨ ژمارەی لێ بلاّوکراوەتەوە.))[١٣]

---

[١٢] بڕوانە محمدی مەلا کریم، گیوی موکریانی ڕێی بۆ موحەممەدی قازی خۆش کرد ببێ بەو وەرگێڕە بەناوبانگەی کە بوو، گ. ڕەنگین، ژ١٩٩٦،٨٨، ل٢٢-٢٥.

[١٣] جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل٦٢.هەروەها بڕوانە: مەغدید حاجی، کاروانە سەخت و پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستان، گ کاروان، ژ٣٢، ١٩٨٥، ل١٥.

سەرنووسەری گۆڤارەکە محامی ئیبراهیم عەزیز ئاغای دزەیـی بـووە و خـاوەن ئیمتیـازو هەڵسووڕێنەر گیوی موکریانی بووە. لە ژمارە (٤٠)ەوە سەرنووسەری بووە بـە (محمـد شـهاب الدين دباغ) و لە ژمارە (١٣٨)ەوە بووە بە (جلال قادر). لەسەر بەرگی گۆڤارەکـە نووسـراوە: ((گۆڤارێکی وێژەیی (ئەدەبی) هەفتەیی کوردییە جاریٚ هەر لە ١٠ ڕۆژانـدا چـەلێکی پـەخش دەکرێت)).

ئەم گۆڤارە بەهۆی گیروگرفتی چاپ و توانای ماددییەوە نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا دەربچێت، هەندیٚ جار بە دە ڕۆژان و هەندیٚ جاریش زیاتر لە پازدە ڕۆژان ژمارەیەکی لیٚ دەرچووە. مەسەلەیەکی دی، کە سـەرنج ڕا دەکێشـیٚ ئەوەیـە، نووسەرانی کورد، لە شارەکانی سـلێمانی و بەغـدا و لـە دەرەوەی کوردستانیشـدا بەرهـەمی خۆیان بۆ ڕەوانە کردووە و بەشداری نووسینیان کردووە.

جەبار جەباری لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، وەها گۆڤاری (هـەتاو) هەڵدەسـەنگێنی: ((ئەم گۆڤارە دەستێکی بالاَی هەیە لە پێگەیانـدن و هانـدانی ڕۆشـنبیرە تـازە هەڵکـەوتووەکانی گەلی کوردمان، وە هەمیشە بە ئسلوبێکی دڵ بزوێنەر پالیٚ بە لاوەکانەوە ئـەنا بـۆ هۆنینـەوەی هەڵبەست و بە زۆری بەرهەمەکانیشیان بلاَوئەکرایەوە.))[14] هەروەها لە میانەی گفتوگۆیەکەدا لە بارەی باری ڕۆشنبیریی و ئەدەبی پەنجاکانی شاری هەولێرو کۆیەوە، (دلَزار) لـە بابـەت گۆڤـاری (هەتاو)ەوە گوتویە: ((ئەم گۆڤارە ئەگەر چی لە ڕووی هونەری و داڕشتنەوە بـەهێز نـەبوو، بـەلاَم خزمەتێکی باشی زمان و ئەدەبی کوردی کرد، گەلیٚ شاعیرو نووسەری کوردی پیٚ گەیاند.))[15]

بە شێوەیەکی گشتی لە بارەی ئاستی ئەدەبی و هونەری گۆڤارەکـەوە دەتـوانین بەسـەر دوو قۆناغدا دابەشی بکەین:

**یەکەم: بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمموز.**

**دووەمیان: قۆناغی دوای شۆڕش.**

لە قۆنـاغی یەکەمـدا، ئاسـتی گۆڤارەکـە لاوازیـی لـە ڕووی بابـەت و ڕوخسـارەوە پێـوە دیارە،هەروەها بەشـداریی ڕۆشـنبیرو نووسـەرانی هـەولێری کـەمتر تێـدا بـەدی دەکـریٚ، بـە

[14] عبدالجبار محمد جباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، ل١٠٤.

[15] گ. ڕامان، ژ ٤٠،س٥، ل١٥٣.

پێچەوانەی قۆناغی دوای شۆڕشەوە، نووسەرانی کورد لە هەموو لایەکەوە بەرهەمیان بۆ ڕەوانە کردووە، بەلاّم دیسانەوە دەبێ ئەوە بڵێین، چونکە لەلایەن (گیوی موکریانی) و بـەپارەو پـوولی خـۆی و بـە ئیمکانیـاتی کەمـەوە دەردەچـوو لـە ئاسـتی پێویسـتدا نـەبووە، لـە وەلاّمـی ڕەخنەیەکدا،کە بۆچی نووسەران زیاتر بۆ گۆڤاری (پەیام) دەنووسن، (گیوی موکریـانی) دەڵێ: ((هۆی ئەوەی کە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ ناکرێت و کەمتر وتاریشم بۆ دەنێررێ، تەنها لە وەی دەزانم کە لەم خاکەدا هەستی نیشتیمانی سست و بێ برەوە، پـەیام چـەورە ومـن و هـەتاویش یەك لەیەك تر ڕووت و هەژارترین.))[16]

## بابەتە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکان:

بابەتە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی گۆڤارەکە هەمە چەشنە و فرە لایەنن. ئێمە هەوڵ دەدەین لە ئاست چەند بابەتێکدا هەڵوەستەیەك بکەین:

### شیعری کوردی:

**لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا و بـە تـەواوی لـە دوای بڕانـەوەی یەکـەمین جـەنگی جیهانی، شیعری کوردی تازەبوونەوەیەکی بە خـۆوە بینـی و ئـەو تازەبوونەوەیـە هـەردوو لایەنی ڕووخسارو ناوەرۆکی گرتەوە. لە ڕووی ڕووخسارەوە، گۆڕان بەسەر کێشـی شـیعری کوردیدا هات و زیاتر کێشی بڕگەیی یان کێشی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی سەرنجی شاعیرانی ڕاکێشا، لە ڕووی زمانیشەوە، وشە و زاراوەی کوردیی پەتی جێگەی وشەوزاراوەی شـیعری ڕۆژهـەلاّتی ئیسـلامی گـەلانی دراوسـێ لـە عـەرەب و فـارس و تـورکی گرتـەوە، لـە ڕووی قافیەوە، زیاتر جووت قافیە و قافیەی ڕەنگاو ڕەنگ بلاّوبووەوە، قاڵبە کۆنەکانی شیعری کلاسیکی وەك غـەزەل و قەسـیدە و چـوارین..کەم بوونـەوە و شـیعری سـتوونی و پاشـان شیعری ئازاد پەرەی سەند.**

**لـە ڕووی ناوەرۆکـەوە، قۆنـاغێکی ڕوونـاکبیری ولاکردنـەوە بـەلای کێشـە سیاسـی و نەتەوەییەکاندا هاتە گـۆڕێ و چوارچێوەکۆنەکەی پێشـوو لـە غـەزەل و دڵداری و وەسـف جێگەیان لەق بوو، کێشە کۆمەڵایەتییەکان زەمینەیـەکی بـەرفراوانیان لـە جەسـتەی شـیعر**

---

[16] گ. هەتاو، ژ٣٧، ل١٨.

داپۆشـی. ڕۆڵێ شـاعیرانی وەك (زێـوەر و پێرەمێـرد  عەبـدولرەحمان بـەگی بابـان و شـێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران)، لـەو تازەکردنەوەیـەدا شـایانی ئامـاژە پێکـردنن. ئـەو ڕەوتـە نوێیەی شیعر درێژەی کێشا، تا لەگەڵ کۆتایی هاتنی دووەمین جـەنگی گێتیـدا بـە تـەواوی ئاسەواری شیعری کلاسیکی ون بوو و ڕۆژگـارە پـڕ لـە ڕووداو و هەڵبـەز و دابەزەکـەی ئـەو سەردەمە ڕێگـەی بـۆ شـیعر خۆشـکرد، کـە ببێتـە بەشـداریکەر لـە گرفتـەکانی سـەردەم و پەیامێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی وشیارکەرەوە بهێنێت و دەروەست بوون لـە شـیعردا بـووە دروشمی سەرەکی شیعر، لەم ڕووەوە (د. مارف خەزنەدار) دەڵێ: ((هەرچی شیعریش بـوو مەیلێکی ئـەوتۆی بـۆ شـیعری کلاسـیکی لـە نـاوەوە نـەبوو. لـە مەیـدانی چـێژی ئەدەبیـدا (ژدانۆڤیزم) و قوتابخانەی (ریالیزمی سۆسیالیستی)بە هەرمێن بوون.))[١٧].

لە ڕووی ڕووخساریشەوە کێشی هەمەڕەنگ و شیعری ئـازاد بـووە بـاو و لەگـەڵ واقیعـدا ڕێکەوت. شاعیرانی ئەو سەردەمە بە خوێندنەوە و کاریگـەریی شـاعیرە نوێخوازەکـانی ئـەو سەردەمەی عەرەب هەوڵیان دەدا ڕوو لە دنیـای تازەبوونـەوەی شـیعریی بکـەن. (جەوهـەر غەمگین)ی شاعیر لەسەر ئەو کاریگەرییە وەها دەردەخا: ((... ئێمە مانان لە ڕیی گۆڤـار و خوێندنەوەی شـیعری شــــاعیرانی عەرەب وەك (نازك الملائكه، عاتكه الخزرجي، بدر شاكر السياب، محمد خليل شلش، علي الحلي، فـاروق شوشـه... هتـد) کـە زۆربـەیان لـە گۆڤـاری (الآداب)ی بەیرووتی نووسینیان بلاْو دەکردەوە... تامو چێژی خۆیان هەبوو... ئێمەش جـا چ لـە ڕێـی لاسـایی کردنـەوە چ لـە ڕیـی سروشـتی خۆڕسـکی کـورد خـۆی بـێ... ڕێچـکەی نوێخوازی بە دیارکەوت وجێی خۆی گرت.. من خۆم یـەکێك بـووم، کـە (الآداب)م بـەردەوام دەخوێندەوە و چێژم لێ وەردەگرت.. هەروا لە پەنجاکان (ئـەدەبی مەهجـەر) کـە میخائیـل نعیمـە و جـبران خلیـل جـبران) و هـی تـر نووسـین و شـیعرەکانیان کـە ئەورووپیانـە بـوو.. دەکەوتە دەستمان و دەمانخوێندنەوە.))[١٨]

بوونی گۆڤارێکی کوردی، لەو ڕۆژگارەدا،شوێن و پایەی خۆی لە دلی ڕۆشنبیرو شاعیرانی ئـەو سـەردەمەدا بـووە، چـونکە گۆڤـاری (هـەتاو) لـە  شـاری هـەولێر تاقـە گۆڤـاری  ئـەو

[١٧] گ. ڕامان، ژ٤٠، س ٥، ل١٥٠.

[١٨] هەمان سەرچاوە، ل١٥٠.

سەردەمەی کوردستانی باشوور بـوو، کـە بتـوانن وەك سەرچـاوەیەکی ڕۆشـنبیریی کـوردی سوودی لێ وەرگرن.

(مسعود کەتانی) لە ئامێدییەوە دەڵێ:

شەڤ چ گاری بوو مە لێ دەرکەت هەتاڤ

روون کری ل من هزر و دل فکر و هەناف[19]

(جاهید)، کە ئەو سەردەمە گیوی موکریـانی تەخەلوسـی (شـێواو)ی بـۆ هەڵبـژاردبوو وا هەستی خۆی دەردەبڕێ:

هــەتاو هەر تۆ هەتاوی ئاسمانی خاکی کوردانی

تroووسکەی نووری عرفانی دەلیلی ڕاهی خۆمانی[20]

هەروەها (قانع)ی شاعیر وادادەڕژێ:

هەتاو ئەمــڕۆ وا تەواو هەتــاوە ترسی تاریـــکی لەنـــاو ەماوە

تۆ ڕابەرم بە بلێـــی بە کوردان شاریاوەی هەژاروێڵی بنبەردان[21]

شـــیعری سیاســـی و نیشـــتمانی لـــەو ڕۆژەدا بایـــەخی زۆری هـــە بـــوو، مەســـەلە سەرەکییەکان،کە بوونەتە هەوێنی شیعری شاعیران برێتی بوون لە جۆشدانی جـەماوەر بـۆ خـەباتی نەپسـاوەی کوردایـەتی و خۆشەویسـتی خـاك و نەتـەوە و یـەکگرتن و ڕوو بـە ڕوو بوونەوەی دوژمنان، عەبدولکەریم هیرانی نووسیویەتی:

گەلی کورد نابەزێ هەرگیز لە کۆشین و هەوڵدانی

**لە مەیدانی خەباتا چەندە ڕۆڵەی کردە قوربانی**

لە سەرباز و کرێکار و قوتابی ورەنجبەر و جوتیار

گەلێکی تر لە ڕۆلانی شەهیدی خاکی بارزانی[22]

بە بۆنەی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەری شـەهیدی کوردسـتان، کـە دوای ئـەوەی لـە کۆمـاری دیمـۆکراتی کوردسـتاندا بەشـدارییان کـرد، حکومـەتی عێـراق بڕیـاری خنکانـدنی

[19] گ. هەتاو، ژ١٢٩، س٤، نیسانی ١٩٥٨، ل١٠.

[20] گ. هەتاو، ژ٧٨، س٣،تشرینی دووەم ١٩٥٦، ل ٩.

[21] گ. هەتاو، ژ١٣٧، س ٥، تەمموزی١٩٥٨، ل١٣.

[22] گ. هەتاو، ژ١٦٦، س٦، تشرین دووەمی ١٩٥٩، ل١٣.

دەرکردن، لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ڕق وتووڕەیی جەماوەر ورووژا، شاری هەولێریش لە کاتی ناشتنی تەرمی شەهید خەیروللاّ دا ورووژا، (لەتیف بەرزنجی) ئەو غـەم وپەژارەیـە دەردەبڕێ:

وا چوار قارەمانـــی دلێر چوار ڕۆڵەی کوردی نەڕەشێر
وا چوار شۆڕە سواریبەناو پاڵـــەوانی زنجیر کـراو
لەناو بەندیخانەو زینـــدان دوای هەزار جۆرە ئازار دان
واکار بەدەستانی ئێـــران فەرمـانی داون بەخنکـان
**هەڵۆاسرێن بە قەنارەوپەت تاکو چاوی بشکێ میللەت**
کـوردایەتی لـە بن بێنـن لـــە تێکۆشان بیوەسـتێنن
بێ گوناهن بـــەلاّم کـوردن ڕۆڵــەی گەلێـکی نەبەردن
سەریان شۆڕناکەن بۆ دوژمن شانازی ئەکەن بە کوژتن [٢٣]

لە ڕووی ناوەرۆکەوە، چەندین بابەتی وەك سروشتی کوردسـتان و دوورکەوتنـەوە لـە هەندێ دیاردەی دزێوی کۆمەلاّیەتی وەك پۆکەر و قومار بەرچاو دەکەون.

(حەبیب عەلی میرانی) لە وەسفی بەهاری کوردستاندا کە لەو ساڵەدا لافاو بـووە، وەك شێوەن دەڵێ:

لەرزین و تەرزەی لافاوی بەهار میرانـــی داینـا لە بۆ یادگار
برایـــان فەسڵی بەهارە ئیمڕۆ سەرزەمین گشتی گوڵزارە ئیمڕۆ
هەرچەندە فەسڵی بەهارە ئیمڕۆ هـەناسەم بەفری کۆسارە ئیمڕۆ
عادەتە لە ڕۆژ سەیران و شادی هەرکەس دڵداری خۆی دێتە یادی
**لە ئاوی چاوم لافاو هاتە جۆش ڕایماڵێ هێزی فکرو فام و هۆش**
ناوی ئـــەم ساڵەم بەم تەرزە ساڵی دوو لافاو چەند بوومەلەرزە [٢٤]

(جاهید)،کە زیاتر بە ڕاگوزاری بە شێوەیەکی سـەرپێیی چـەندین شـیعری نووسـیووە لـە وەسفی هاوینە هەواری (پیرمام) دا هەستی خۆی دەردەبڕێ:

---

[٢٣] گ. هەتاو، ژ١٨٠، س٧، حوزەیرانی ١٩٦٠، ل١٤.

[٢٤] گ. هەتاو، ژ١٢٦، س٤، مارتی ١٩٥٨، ل٧.

**مەسیف سێیەمین ئەمە باسـتە دڵی شاعیران هەر سـوپاستە**
**چریکەی بولبول لەباخ و گوڵزار دیسان وا منی هێناوە گوفتار**
**مەنزەری بەرگی شینی سەرزەویت گرد و ئاقـاری بڵند و نەویت**
**مەوج و شەپۆلی بوخار و تەمـت هەزاران خەفەت لادەبا غەمت**[25]

ئەگـەر بـە وردی لـە ڕووی ڕووخسـارەوە لـە شـیعرەکانی ئـەو سـەردەمە و ئـەو قۆناغـە بڕوانین، دەتوانین بڵێین، کاریگەریی قۆناغی شیعری نـوێی کـوردی پـاش جـەنگی جیهـانی ئاشکرا دیارە، جووت قافیە و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی و بابەتەکانی چەوسانەوە و خەباتی سیاسی، لە شێوەی ڕێبازی ڕیالیزمدا خۆی دەنوێنێ.

## ب- وتـاری هەمەچەشنە:

دیـارە هـەموو گۆڤارێك،کـە بڵاودەبێتــەوە، کۆمـەڵێ وتـاری هەمـە چەشـنەی لـە ڕووی ناوەرۆکەوە تێدایە، لە وتاری مێژوویی، زمانـەوانی، ئـەدەبی و زانسـتی و.. هتـد. گۆڤـاری (هەتاو) یش لەم چەشنە وتارانەی بڵاوکردۆتەوە و دەتوانرێ بە ئاسانی دەست نیشانی هەر یەکێك لەو چەشنانە بکرێت.

لە ناو وتارەکاندا ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام گرنگی دان بە وتاری هونەری بـوو، بـە تایبەتی (عومەر دزەیی) لە بابەتی مۆسیقاوە بـە زنجـیرە وتارێـك، کـە کـۆی کردونەتـەوەو وەریگێڕاون چێژی هونەری و زانیاریی ئەو نووسەرو وەرگێڕەمان پێشان دەدا، لە سەرەتای ئەم وتارەدا هاتووە: ((هونەری جوان ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەوە ئادەمیزادی پێ گەیشتوو دەتوانێ تام لە جوانی بکات و زاناکـانی پێشـینان ئـەو هونـەرەیان کـردووە بـە دوو بەشـی گەورە:

**١- هۆنەرانی جوانی پایەدار**
**٢- هۆنەرانی جوانی جووڵاوەیی**

هونەری جوانی پایەدار وەك وێنەگەرێتی، بەردتاشی و دروست کردنـەو هـی جـووڵاوەیی وەك مۆزیقە، هەڵپەڕکێ، هۆنراو.))[26]

---

[25] گ. هەتاو، ژ١٨٠، س٧، حوزەیرانی ١٩٦٠، ل١٤.
[26] گ. هەتاو، ژ١٢٦، س٤، مارتی ١٩٥٨، ل٧.

وتارنووسە دیارەکانی گۆڤارەکە بریتین لە: گیوی موکریانی، تاهیر بەهجەت مەریوانی و عومەر دزەیی و مارف خەزنەدار و ع. قرگەیی و تاهیر ئەحمەد حەوێزی... هتد.

بە شێوەیەکی گشتی شێوەزاری نووسینی هەموویان لە ڕووی زمانەوە لەوەدا یەك دەگرێتەوە، کە هەوڵیانداوە وشەی کوردیی ڕەسەن بەکار بێنن و لە ڕووی ڕێنووسەوە کەمتر پێڕەوی ڕێنووسی عەرەبی بکەن، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی پیتە بزوێن و بەکوردیکردنی پیتە عەرەبیەکاندا.

## پ- ڕێنووس و زمانی کوردی:

بە هۆی ئەوەی، کە (گیوی موکریانی) خاوەنی گۆڤارەکە هەر لە سەرەتاوە خەریکی کاری فەرهەنگنووسیی وگەڕان بەدوای وشەی کوردی پەتیی و زانینی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی دابووە٢٧، ئەمە وایکردووە لە گۆڤارەکەشدا گرنگییەکی‌تایبەت بە ڕێنووس و زمانی کوردی بدات، چ بە نووسینی خۆی و وەلامی هەندێ کەس٢٨ و بلاوکردنەوەی بیروڕای نووسەرانی دی لەو بوارەدا گۆڤارەکە دەولەمەند بکات. بۆ یەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە پێناو زمانێکی (ستاندارد)ی نووسین هەولیداوە و نووسیویەتی: ((پێویستە نووسینمان بە چەشنێك بێ کە کوردێکی دیاربەکر بتوانێ نووسراوی برایەکی لوڕی خۆی بخوێنێتەوە و کوردێکی هەورامی لە نووسراوی کوردێکی شوان و زێلی و سورچی بگات.ئەوەش بە تێکەلاو کردنی وشەی هەمووشار خێلات و هۆز و تیرەکانی کوردستان نەبێ پێك نایە نەك هەر وشەکانیان تێکەلاو کرێن و بەس بەلکو دەستووری سەرف و نەحوشیان کۆ بکرێتەوە بەو هۆیەوە زمانەکانپان و پۆڕو فراوان و دەولەمەند دەبێ و ساردی و ناهومێدێتی و بێگانەیەتیش لە نێوانێ دانامێنێ.))[٢٩]

لە بارەی ڕێنووسەوە، گۆڤاری (هەتاو) پێڕەوی ئەلف و بێی عەرەبی کردووە، بەلام هەولیداوە هەر هیچ نەبێ وەك هەنگاوی یەکەم ئەلف و بێی لاتینی بۆ کوردی بە ڕاست

---

[٢٧] وەرگێڕی بەناوبانگی ئێران(محەمەدی قازی)، کە کوردێکی مەهابادییە، لە یادداشتەکانی خۆیدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە، کە زمانی فەڕەنسی لە خزمەت (گیوی موکریانی)دا خوێندووە، بڕوانە: گ. ڕەنگین، ژ١٩٩، ٨٨، ل٢٢–٢٥.

[٢٨] لە ژمارەی (١٢٩)ی گۆڤاری (هەتاو) دا گیوی موکریانی وەلامی تۆفیق وەهبی داوەتەوە، ل١٨–١٩.

[٢٩] گ. هەتاو، ژ٧٧، س ٣١، تشرینی یەکەمی ١٩٥٦، ل١.

بزانــێ و خوێنــەرەکانی پــێ ئاشــنا بکـات. لـە ڕێنووســی عەرەبیشـدا، وەك دەردەکـەوێت پلانێکی دیاریکراوی نەبووە، بە گوێرەی نووسینی نووسەرەکان خۆیان چۆنیان نووسیبێ، گۆڤارەکـەیش هـەر بـەو شـێوەیەی بلاوکردۆتــەوە. بـۆ نموونـە، لـە چـەندین وتـاردا کـە نووسەرانی سلێمانی ڕەوانەیان کردووە، پیتە قالبی (ئە) لە پێش فرمانـدا بـەکار هـاتووە و ئەوانەی هەولێریش (دە) یان بەکار هێناوە. یان لە کاتی چاپکردنی پریپۆزیشنی (لە...دا)، (دا)یەکی دواوە هەندێ جار بە وشەکە لکاوەو نووساوە، بە پێچەوانەوە لە هەندێ وتاردا بە جیا لە وشەکەوە نووسراوە، یـان نووسـینی پیتـی (و) لـە هەنـدێ وشـەدا بەیـەك واو و لـە هەندێ بە دوو واو نووسراوە. هەولێکی دیکەی گۆڤارەکە ئەوە بووە، زمانی کوردی لە وشە و زاراوەی بێگانە پاك بکاتەوە و لە جیاتی ئەوان وشـە و زاراوەی کـوردی بلاوبکاتـەوە، لـە هەندێ ژمارەیدا لیستێکی کردووە بۆ دانان و پێشنیازکردنی وشەی کوردی، هەروەك:

| باکوور | سۆران | عەرەبی |
|---|---|---|
| ڕەوش | خشلّ | زینت (زینە) |
| ڤیان | خۆشەویستی | محبت (محبە) |
| لالاش | کعبە | کعبە |
| هەدام | ڕوو | وجە |

## -گۆڤاری (هەتاو) وچمکێ لە هونەرەکانی ڕۆژنامەوانیی:

بەر لە هەموو شتێك دەبێ بە چاوی ڕۆژگاری پەنجاکان لە گۆڤارەکە بڕوانین، دەبێ ئـەو ڕاستییە بزانین، لەبەر نەبوونی ڕۆژنامە لـە شـاری هـەولێر، لـە ڕووی بابـەت و هونـەرەکانی ڕۆژنامەوانییـەوە، گۆڤـاری (هـەتاو) تێکـەلاوە لـە هـەر دووکیـان، چـەندین هـەواڵی ڕۆژ و ئاگاداریی و ڕیپۆرتاژ و گۆشەی تایبەت بە کێشە سیاسی و زانستی و کۆمەلایەتییەکانی ئەو دەمە نووسراون.

## ئـ- هونەری هەواڵ:

هونەری هەواڵ لە گۆڤاری (هەتاو)دا، جێگەیەکی تایبەتی هەیە، لەبەر نەبوونی ڕۆژنامە لەو کاتەدا گۆڤارەکە کـەلێنێکی گـەورەی پـڕ کردۆتـەوە. ئـەم هونـەرە بـە بڕبـڕەی پشـتی

ڕۆژنامەوانیی دادەنرێت، بە تایبەتی بۆ ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانـەی هـەواڵ، ڕەنگـە لـە گۆڤـاردا کەمتر بایەخی هەبێ، چونکە لە ڕووی کاتەوە گەرماوگەرم نییە.

وێڕای جیاوازی ئایدیۆلۆژیاو بیرو بۆچوونی جیاواز و جۆری لێکۆڵینەوەیان بـۆ پێناسـە و ئەرکی هەواڵ، بەڵام هەندێ فاکت هـەن، کـە نـاتوانرێ چاوپۆشـییان لێ بکرێـت، هـەروەك وەڵامی پرسەکانی (بۆ، کەی، لەکوێ، چۆن، کێ)، هەروەها تازەیی و ڕاستگۆیی و ورووژان و سەرنج ڕاکێشان و پشتگیری و بەسوودی ... هتد.[٣٠]

لە سیستمی نوێی ڕاگەیاندن و جیهانگەریدا، (هـەواڵ) چـەکێکی کاریگـەرە لـە خـەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی و ناساندنی ناسنامەی فەرهەنگی ئەو میللەتەدا، کە دەتوانرێ بەپێی بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ مەبەستی دیاریکراو دابڕێژرێ. هەواڵ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، هەموو بوارەکـانی ژیـان و چـالاکی مرۆڤـی گرتۆتـەوە، لـە سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و مێژوویدا... هتد.

لە هەواڵێکدا، گۆڤاری (هەتاو) سووتانی قەیسەری هەولێر وا ڕادەگەیێنێ:

( شەوی پێنج شەممەی ١٣ی مانگ ئاگرێکی سەخت قەیسـەریەکی لـە هـەولێرێ داگـرت (١٤) دوکانی سوتاند و زیانێکی ئیجگار زۆری بە خاوەندەکانی گەیاند. ئەگـەر گیانبـازێیتی پۆلیس و عەسـکەران فریـا نەکەوتبایـە لەوانـە بـوو تـەواوی بـازاڕ و قەیسـەری بسـووتێنێ. هەموو شارەکانی عراقێ لکی ئاگر کوژاندنەوە (أگفائیە)یان هەیە تەنها هەولێر لەو بابەتەوە بەشبڕاوە. ئومێد و تکا وایە کە دەوڵـەت ئـەو کـەم و کورتیـەمان بـە دامەزرانـدنی دائـیرەی أگفائیە بۆپڕبکاتەوە.))[٣١]

لە ناوەڕۆکی ئەم هەواڵە کۆمەڵایەتیەدا دەردەکەوێ، کە مەسەلەی سووتانەکە،کە ترسی زۆری هەبووەو لە ڕووی ماددیەوە زیانێکی زۆری بـە خـەڵك گەیانـدووە، بـەڵام بـە پێوانـەی چمکەکانی هونەری ڕۆژنامە نووسیی هەواڵ کەم و کورتی زۆری تێدایە، بەوەی،کـە وەڵامـی پرســەکانی (بۆ،چـۆن،کێ؟)ی نەداوەتــەوە، بــۆ ســووتاوە و چــۆن ســووتاوەو کــێ سووتاندویەتی، بەڵام ئەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێ لـە کۆتـایی هەواڵەکـەدا هۆکـاری زوو پـێ

---

[٣٠] بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی هونەری هەواڵ بڕوانە د. فاروق ابو زید، فن الخبر الصحفي، ط٢، ص ٨٧-١٥٠. د. کاظم معتمد نژاد، ڕوزنامەنگاری، ص١٦-٤٦.

[٣١] گ. هەتاو، ژ٣٧،س٢، تەممووزی ١٩٥٥، ل٣.

ڕاگەیشتن و کـەم و کـورتی سیاسـەتی سـەردەم دەربـڕێ لـە خزمـەتی هاووڵاتیـان و دابـین کردنی ئامرازی پێویست بۆ پاراستنی گیانی هاولاتیان و سەروەت و سامانیان.

هەروەها چەندین هەواڵێ هونەری وەك نواندنی هـەردوو شـانۆگەری (سـەری گلۆلەکـە) و (ژیانی قوتابی) لەسەر شانۆی قوتابخانـەی دواناوەنـدی کـوڕان لـە هـەولێر[32] و هەڵبـژاردنی (کۆمەلـەی ئـاوازی کـوردی لـە بەغـدا)٣٣ و چـەندین هـەواڵێ سیاسـی وەك (یـادی ڕاپەڕینەکەی٢٧ی کانوون)[34] و (بێزاری)[35] بلاوکراوەتەوە.

## ب- هونەری ئاگاداری:

ئاگاداری و بانگەواز، لە هۆیەکانی بانگەشـە و پڕۆپاگەنـدەن، کـە لـە ڕووی ناوەرۆکـەوە دەکرێ تایبەتی و گشتی بن. دیارە (تایبەتی) ئەوانەن، کە ڕوو بەڕووی کەسێکی دیـاریکراو دەکرێنەوەو (گشتی) یش بۆ هەموو جەماوەرە، بـۆ ئاگادارکرنـەوە یـان بـەجێ گەیانـدن و پێڕەوی کردن. لە ئاگادارییدا (سـەرەتا) هـەوڵ دەدرێـت بابەتەکـە ڕوون بکرێتـەوە پاشـان (داواکاری) دەخرێتە ڕوو. بۆ نموونە بڕوانە ئەم ئاگادارییە:

### بۆ زانین

#### لەبابەت موناقەسەی نهێنی

بلاو ئەکەینەوە بـە هـەبوونی موناقەسـەی نهێنـی بـۆ تەعـەهودی ٧٥٧٠ مـتر موکەعـەب ئیشی خۆڵ و ١٩٠٠ متر قالبی تەنیشـت و ناوەنـدو ٨١٥٥ مـتر مورەبـەع تـەبلیتی شـەقام و ١٨٤٥ متر مورەبەع تەبلیتی مەفرەقەکانی شەقام و گۆرەپان و [35] متر دروست کردنی پردی لولەیی لە کۆنکرێت بۆ تەبلیتی مەدخەلی ڕێگای شـەقلاوە – ئـەربیل لـە سـاحەی بەرامبـەر نەخۆشخانەی نەخۆشیی سینگ تا بیدایەتی شەقامی هیلالی بە پانایی ٦٠ مـتر ئیسـتمارەی شرووتی موناقەسە لە شوعبەی هەندەسەی بەلەدیە پاش دانی ٣ دینار نەقدەن بـۆ فـەتحی هەر مەجموعەیەك دەست ئەکەوێ، عەتائات پێشـکەش ئـەکرێ لـە لایـەن موشـتەریکەکانی

[32] گ. هەتاو، ژ١٤٩، س١٥، شوباتی ١٩٥٩، ل٢٦.

[33] گ. هەتاو، ژ١٤٩، ل٢٧.

[34] گ. هەتاو، ژ١٤٩، ل٢٧.

[35] گ. هەتاو، ژ١٨٧، س١٥ ، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠، ل٣٥.

لەناو زەرفێکی پێچراوە بۆ مەجلیسی بەلەدیە تـا سـەعات ١١ زوالی ڕۆژی دوشـەم بەرامبـەر ١٤/٤/٩٥٨...[٣٦]

ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێ، لەگـەڵ ئـەوەی، کـە (گیـوی موکریـانی) خـەریکی کـاری فەرهەنگنووسیی و زمانی کوردی بووە، ئاگاداری و بانگەوازەکان بە شێوەیەکی گشـتی بـە زمانی عەرەبین و بەناونیشانی (اعلان) بلاو کراونەتەوەو هەر وەك چۆن لە فەرمانگەکانـەوە هاتوون. وێدەچێ ئەو ڕۆژانە لە کاروباری ڕەسمیدا زمانی عەرەبی پێـڕەوی کرابێـت نـەوەك لەبەر ئەوەی، کە بەزۆر سەپێندرا بێت بەڵکو ژمارەی فەرمانبەری کوردیزان، کە بتوانێ بـە زمانی کوردیی بنووسێ کەم بووە، دەنا هەندێ فەرمانگە بە تایبەتی (مەحکەمـەی سـوڵحی هەولێر) هەمووی بە کوردی نووسیووە. لە ڕووی هونەری ڕۆژنامەوانییەوە، (ئاگاداری) کاری دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامە نیە[٣٧]

## ئـ- گۆشەی تایبەت:

زۆربـەی ڕۆژنامـە و گۆڤارەکـان لـە هـەموو جیهانـدا، بـە شـێوەیەکی گشـتی گۆشـەی تایبەتییان جێ کردۆتەوە. ئـەو گۆشـانە هەنـدێکیان تایبـەتن بـە قەڵـەمی نووسـەرێکەوە و بەردەوام ئەو دەینووسێ و هەندێکیشیان هەر جارەی بە هـەمان ناونیشـانی جـێگیر یـەکێك دەینووسێ. نەبوونی پسپۆڕیی لە ڕۆژنامەنەوانیی کوردیدا هەتا ئەم دواییە وایکـردووە، کـە ڕۆژنامەنـەوانیی کـوردیی هەمەلایەنـە و گشـتگیری بێـت. لـە گۆڤـاری (هـەتاو) دا چـەندین گۆشەی تایبەت بۆ زمان و زانست و کۆمەڵایەتی و (ئافرەتان) و (لاوان) بەرچـاو دەکـەون، بە تایبەتی هەردوو گۆشەی تایبـەت بـۆ ئافرەتـان و لاوان هـەنگاوێکی تازەیـە و پێشـتر لـە ڕۆژنامەنەوانیی کوردیـدا بەرچـاو ناکـەون، ئـەمـەش وایکـردووە، کـە بۆشـاییەکی زۆری ئـەو ڕۆژگارەی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی پڕبکاتەوە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمـەڵیش لـە خۆی گرد بکاتەوە . بێ گومـان، گۆشـەی تایبـەت لـە ڕۆژنامەنووسـیدا خاسـیەت و بنـەمای خۆی هەیە، لەوەی،کە بابەتی گەرمام گەرم و هەستیار بخاتـە ڕوو، بـە شـێوازێکی سـەرنج

---

[٣٦] گ. هەتاو، ژ ١٢٧،س ٤، مارتی ١٩٥٨،ل٢٠. لە هەمان کاتدا زۆر ئاگاداریی (تایبەت) بلاوکراوەتەوە، بۆ وێنە بڕوانە: گ. هەتاو، ژمارەکانی (١٢٧، ل٢٨) و (ژ ١٥٠، ل٤٣).

[٣٧] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی خەسڵەتەکانی ئاگاداری و جۆرەکانییەوە بڕوانە: د. عبدالعزیز الغنام، مدخل في علم الصحافة، ص١٨٩–١٥٠. بیار البیر، الصحافة، ترجمة محمد برجاوي، ص ٤٨–٥٦.

ڕاكێشی ڕۆژنامەوانییانـە، كـە گفتوگۆ هـەڵبگرێ و بـە كـورتی و بـە وردی و بەشـێوەیەكی ڕەخنە ئامێز ڕووناكی بخاتە سەر بابەتەكە. لە گۆڤاری (هەتاو) دا چەندین گۆشە بەم ناوانە دەبینرێن: (ئامۆژگاری) و (مەتەڵ) و (باخچەی بوێژان) و (بەشی پزیشكی)، كە هەندێكیان بۆ ماوەی درێژو هەندێكیشیان بـۆ ماوەیـەك بـەردەوام بـوون. لـە كـەم و كورتیـەكانی ئـەم گۆشە تایبەتییانەدا ئەوەیـە، نووسـەر هـەروەك وتـارێكی ئاسـایی ڕۆژنامەنـەوانیی و درێـژ نووسیویەتی بێ ئەوەی ڕەچاوی بنەماكانی ئەو هونەرە بكات.

## ئەنجـــام:

بـارودۆخی ڕۆشـنبیریی لـە پـەنجاكانی سـەدەی بیسـتەم لـە شـاری هـەولێر بـە هـۆی ئاڕاستەكردنی جەماوەر لە لایەن ڕووناكبیرانی سەر بە حیزبی شیوعی و پارتی و لایەنەكانی دی و ڕۆژنامەوانیی كوردی (ڕۆژنامەی هەولێر) و پاشان (گۆڤـاری هـەتاو) لـە لایـەن گیـوی موكریانییەوە بووژانەوەیەكی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی كوردیی بـە خـۆوە بینـی، بابەتـەكانی شیعرو زمانی شیعر و وتـار و یەكخسـتنی زمـانی كـوردی و بابەتـە ڕۆشـنبیرییەكانی تـر لـە مەسەلە سەرەكییەكانی ناوەندی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی بوون، ئەمەش بە ڕوون و ئاشكرایی لەسەر لاپەڕەكانی گۆڤاری (هەتاو)دا ڕەنگی داوەتەوە.

گۆڤاری (هەتاو) لەگەڵ كەم دەرامەتی و هاوكاری نەكردنی ژمارەیـەك لـە نووسـەرەكانی ئـەو ڕۆژە توانیویـەتی خزمـەتێكی گـەورە بـە خـەڵكی شـارەكەو بەرزكردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشنبیریی و فیكریی نووسەراندا بكات، كە بە شاهێدی هەندێ لە نووسەر و ڕووناكبیرەكان قوتابخانەیەك بوو بـۆ پێگەیانـدنی لاوەكـان و تـازە بنووسـەكان. لـە ڕووی نەخشەسـازی و هونـەرەكانی ڕۆژنامەوانییـەوە لـە ئاسـتێكی پێشـكەوتوودا نـەبووە، بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێت بێ بایەخ و كەم هەڕمێنێش بووبێ، نەوەك هەر بۆ هەولێر، بـەڵكو لەبـەر ئـەوەی تاقە گۆڤاری سەردەمی پاشایەتی بـوو دوای گۆڤـاری (گەلاوێـژ)، كـە بـڵاو كراوەتـەوە، لـە هەموو لایەكی كوردستانەوە بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بۆ ڕەوانـەكراوە، ئـەوە بێجگـە لەوەی لە هەندەرانیش نووسەرانی كورد نووسین و وەرگێڕانیان بۆ ڕەوانە كردووە.

لێكۆڵینەوە لە باری ڕۆشنبیریی و ئەدەبی كوردی نەوەك هەر لە شاری هەولێر، بەڵكو لە مێژووی ئەدەبی كوردی بەگشتی بێ گۆڤاری (هەتاو) پڕ لە كەموكورتیی دەردەچێت.

# سەرچاوەکان

**١- بەزمانی کوردی:**

- بەکر شاکر عەبدوللاّ، عەلی فەتاح دزەیی شاعیر و نووسەر، (نامەی ماجستێر)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٠.

- باوکی سیروان، چەند چالاکییەکی جەماوەریی شاری شەقلاّوە لە ساڵانی ١٩٥٤و ١٩٥٥دا، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ(٧٦) و (٧٧) لە ڕۆژانی ١٩٩٣/٩/٢٨ و ١٩٩٣/١٠/٥.

- ب. هەوراز، ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ(٤٥) و (٤٧) لە ١٩٩٣/٢/٩ و ١٩٩٣/٢/٢٣.

- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣.

- ڕامان، باری ئەدەبی و ڕووناکبیری پەنجاکان لە هەولێر و کۆیە، گ ڕامان، ژ٤٠،س١٩٩٩،٥.

- عبدالجبار محمد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ١٩٧٠.

- عبدالقادر بەرزنجی، یادی سەیرانێکی ساڵی ١٩٥٤، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ٦١، س٤٩، ١٩٩٣/٦/١٥.

- علاء الدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، بەغدا،١٩٧١.

- قادر ڕەشید ناسك، دامەزراندنی نەقابەکانی کرێکاران و یەکێتی یە پیشەییەکان بە نهێنی لە سلێمانی، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ١٩، ١٩٩٣/١٠/٧.

- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٧.

- محمدی مەلا کەریم، گیوی موکریانی ڕێی بۆ محەمەدی قازی خۆش کرد ببیّ بەو وەرگێرە بە ناووبانگەی کە بوو، گ ڕەنگین، ژ٨٨، ١٩٩٦.

- محمود زامدار، حیکایەتی سەرهەڵدان و کۆتایی ڕۆژنامەی هەولێر، هەولێر،١٩٨٨.

- مغدید حاجی، کاروانە سەخت و پیرۆزەکەی چاپخانەی کوردستان، گ. کاروان، ژ٣٢، ١٩٨٥.

- هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، هەولێر، ١٩٩٨.

- ژمارەکانی گۆڤاری (هەتاو).

**بە زمانی عەرەبی:**

- اسماعيل شكر رِسول، اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩–١٩٥٨، (رسالة دكتوراه)، كلية الآداب– جامعة صلاح الدين– اربيل، ١٩٩٩.
- بيار البير، الصحافة، ترجمة محمد برجاوي، منشورات عويدات – لبنان، ١٩٧٠.
- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٩، ط٦، بغداد، ١٩٨٢.
- د.عبدالعزيز الغنام، مدخل في علم الصحافة، ج١،دار النجاح، بيروت، ١٩٧٢.
- د. فاروق ابو زيد، فن الخبر الصحفي، ط٢، دار الشروق–جدة، ١٩٨٤.
- يعقوب القصاب، الصحافة الكردية منذ نشأتها الى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، مجلة كاروان، ع ١٦، ١٩٨٤.

**بە زمانی فارسی:**

- د.كاظم معتمد نژاد،روزنامەنگاری، چ٤، مركز نشر سپهر، تهران، ١٣٧٢.

# زمانی ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای ڕاپەڕین

## ١٩٩١ - ١٩٩٩

## پێشەکی

ڕۆژنامەوان هـەوڵ دەدات بـە زمـانێکی سـادەو ڕەوان دور لـە زێـدەڕەوێیی و بـەووردی و ڕاسـتگۆییانەوە جیهـان بـورژێنیٚ و لـە ئاسـت کـەم و کورتیـەکانمان وریامـان بکاتـەوە. هەڵبژاردنی زمانی ڕۆژنامەوانبی کوردیی بە پلەی یەکەم لـەوەوە دێـت، کـە ئـەم مەسـەلەیە کەمتر لای لێکراوەتەوە، ئەگەر چی زمانی ڕۆژنامەوانیی لە سایەی پێشـکەوتنی تەکنـەلۆژیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشـتی ئـەمڕۆدا پێشـکەوتووەو دیاردەیـەکی زینـدووەو هەمیشـە لەگۆڕاندایە، لە ئەنجامەکانی ئەم باسەدا بۆمان دەردەکەویٚ، کە زمانی سـتانداردی کـوردی کەڵکی لە ڕۆژنامەوانیی وەرگرتووە.

سنووری لێکۆڵینەوەکەم، لە چوارچێوەی نووسینی کوردستانی باشوردایە، ب ەتایبەتی ئەوماەی دوای (ڕاپەڕین–١٩٩١)م وەرگرت، چونکە ڕاپەڕین گۆڕانێکی سەرتاسەری بەسـەر ژیانی سیاسی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری خـەڵکی کوردسـتاندا هێنـا، بێگومـان ڕۆژنامـەوانییش گەشـانەوەیەکی تـازەی بـەخۆوە بینـی. میتـۆدی لێکۆڵینەوەکـە تیـۆری– پراکتیکییـە و هـەوڵ دەدات لـە زمـان بکۆڵێتـەوە وەك دیاردەیـەکی زینـدووی هەمیشـە گەشەکردوو، بەشێوەیەکی وەسفی.

## بەشی یەکەم
## ڕۆژنـامە وکۆمەڵ

پێناسـەی ڕۆژنامـە لـە مێـژووی پـڕ هـەوراز و نشـێودا بـەپیٚ چـەمکی ڕۆژگـار گـۆڕانی بەسەرداهاتووە و بەپێی دەسەڵاتی سیاسیی سەردەم گۆڕاوە. ئەوانەی لەمێـژووی دێرینـی ڕۆژنامـەوانیی دەکۆڵنـەوە، سـەرەتای هـەواڵ و ڕاگەیانـدن بـۆ مێـژووی چـاخە بەردینـەکان دەگەڕێنەوە و لەو کاتەی مرۆڤ هەوڵیداوە پێوەندی بە دەوروبەرەکەیەوە بکات، پێوستی بە هۆکارێك بووە بۆ هەرەوزی لەیەکتر تێگەشتن، یان ڕوونتر بلێین لە سەدەکانی دواتـر دا لای چینییە کۆنەکان هەوڵی ڕۆژنامەوانیی دراوە پاشتر لای ڕۆمانیەکان و... هتد.

فرناند ترۆ، سەرەتای ڕاسـتەقینەی ڕۆژنامـەوانیی بەشـێوەیەکی سـاکار لـە ئـەوروپا بـۆ سەدەی سێزدەهەم دەباتەوە، کاتیٚ هەواڵەکان بـە دەسـت دەنووسـرانەوە و لـە سـنورێکی

دیاریکراو دا بلاّو دەکرانەوە، دەڵێ: ((ئەو دەنگ و باسانەش لاپـەڕەی بەدەست نووسـراو بوون، کە هەواڵیان تێدا دەنووسرا و بـە شـێوەیەکی تایبـەتیش لـە (ئـەفیزی) لـە ئیتاڵیـا و (زیتونگن) لە ئەڵمانیا دا بلاّوبووەو، ئەم دەنگ و باسانەش بـۆ بەرژەوەنـدی دەوڵەمەنـد و بازرگانە گەورەکان و کاردارانی بانك (ڕجال المصارف) دەهۆنرانەوە.))[1]

ئەمـە بـۆ شارسـتانێتی ڕۆژئـاوا و بـۆ سـەرەتاکانی ڕۆژنامـەوانیی لای ئـەوان، بـەلاّم بـۆ ڕۆژهەلاّتی کۆن، لای ئێرانییـەکان (قاجارەکـان) و لـە دەوڵـەتی عوسمانییـدا، دوای ئـەوەی چـاپخانە لـە ئـەوروپاوە گەیشـتە ڕۆژهـەلاّت هـەلی ڕۆژنامـەوانیی بـە شـێوەیەکی هاوچـەرخ دەستی پێکرد.[2]

چەمکی ڕۆژنامە یەکەمجار بەواتای یاداشتی ڕۆژانە بەکاردەهات و پاشان ئەو هەوالاّنـەی پێوەند بە باری نـاوەخۆ و دەرەوەی مەملەتەکانـەوە هـەبوو دەنووسـرانەوە. لەسـەردەمی نوێدا، یۆنسکۆ بۆچوونی بۆ چەمکی ڕۆژنامە ئەوەیە،کە دەبێ:

١. چاپکراو بێت.
٢. ئامادەکردن و ڕێکخستنی لە ناوەوەی وڵاتدا بێت.
٣. بۆ سوودی گشتی بێت.[3]

ڕۆژنامە، لەسەدەمی نوێدا دەربڕی خواست و ئـاوات کێشـەکانی کۆمەڵـە. دوای ئـەوەی بەپێی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، کە هەموو کەسێك لـە دەربڕینـی بـیرو بۆچـوونیدا ئـازادە، بلاّوکرایـەوە، ئیـدی بـیروڕای جیـاواز دروسـت بـوون و مەسـەلەی دیموکراسـیی و ئاشکراکردنی نهێنی دەسەلاّتدراو کار بەدەستان بووە شتێکی ئاسـایی و بـۆ ڕۆنامـەوانییش بووە کارێکی ئاسایی، کە پێی بە هەموو نهێنیەکان ببات و بتوانێ بەو پەڕی سەربەستیەوە هەموو نهێنیەکانی حکومەتەکان بدرکێنێ، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو نهێنییانە و کاروبارەکانی کارگێڕی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵەوە هەیە. بەم هۆیانـەوە لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکانی جیهانـدا زوو بـەزوویی سەربەسـتی چـاپەمەنی هاتـە کایـەوە،

---

[1] فرناند ترۆ، لە مێژووی ڕۆژنامە گەری جیهانیەوە لە سەرەتا تا ساڵی ١٨١٥ سەرەتاکانی ڕۆژنامەگەری، وەرگێڕانی عەبدولکریم شێخانی، گ ڕۆژنامەڤانی، ژ١، ل٩٨.

[2] د. کاظم معتمد نژاد، روزنامەنگاری، ص٤٤٧– ٤٥٥.

[3] زهرا باقریان نژاد اصفهانی، روزنامەو روزنامەنگاری در ایران، ص٤.

تەنانەت لەهەندێ لە وڵاتانی ئەوروپایی سەربەستی و ئازادی ڕۆژنامەنووسیی کەوتۆتـە نـاو بەنـدەکانی دەسـتوری وڵاتـەوە. لـە وڵاتـی نەرویجـدا ئـەوە ڕوون کراوەتـەوە کـە (ئـەرکی چاپخانە و دەزگاکـانی بڵاوکردنـەوە گەیانـدنی هـەموو ئـەو زانیـاری و حاڵەتانەیـە، کـە لـە کۆمـەڵگادا هـەن، پـەردە لەسـەر هـەموو مەسـەلەو کێشـەکان هەڵدەدەنـەوە کـە بـەنهێنی ڕەخنەیان لێبگیرێ.)[٤]

زۆرجاران، مەسەلەی سەربەستی زانـین و زانیـاری لـە ڕۆژنامەوانییـدا کێشـەی گـەورەی دوست کردووە و بۆتە هۆی سەرئێشەو ئاژاوەی زۆر چ لە ناوەوەی یـەك وڵاتـدا و چ لەسـەر ئاستی نێوان وڵاتاندا، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆرجار پاراستن و شاردنەوەی زۆر مەسـەلەی زیندوو لە کۆمەڵ لە لایـەن کاربەدەسـتانەوە بـە بەهانـەی ئاسایشـی نەتـەوەیی و زارەوەی سیاسیی دیکەوە بۆتە مۆدەیەکی دی، لە کاتێکدا هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەپێی جیـاوازی وەك چۆن لە دەربڕینی بیروڕایان دا ئازادن و بە هەموویانەوە پرۆسەی دیموکراسیی بـەرەو پێشەوە دەبەن، ئاواش مـافی ئـەوەیان هەیـە لـە ڕێگـەی دەزگاکـانی ڕگەیانـدنی گشـتی و جەماوەرییەوە،ئاگاداری هەموو هەنگاوەکانی حکومەت بن. دەبێ ئـەو ڕاسـتیەشمان لەبـەر چاو بێ، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی، لە ناویانـدا ڕۆژنامـەوانیی مەبەسـتی سـەرەکیان ئەوەیـە هەسـت و هۆشـی نیشـتمانی و نەتـەوەیی بـەرەو پـێش ببـەن، هـەر بۆیـە چـەندین هـەنگاوی گـرنگ دەتـوانن زامنـی کۆمەڵگایـەکی ژیـاری و شارسـتانی بکـەن، لـە سـەرووی هەموویانەوە لەناوبردنی نەخوێندەواری، بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە پێشکەوتوودا، لە پـاڵ ئەوەشدا دەزگاکانی ڕگەیاندنی جەماوەری (ڕادیۆ، تەلەفزن، سینەما....) لـە زەمینەیـەکی بەر فراواتنردا کاریان پێدەکرێت.

کۆمەڵی کـوردەواری بـەهۆی پێهاتـەی خێڵـەکی و نەخوێنـدەواری لـە مـاوەی ڕابـردوودا نەیتوانیوە، ئەوەندە کاریگەری دەزگاکانی ڕاگەیانـدنی گشـتی بەسـەرەوەبێت، بەتایبـەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردیی و خاوەن ئاڕاستیەکی نەتـەوەیی بوونیـان نـەبووە، بـەهۆی نـەبوونی ئـازادی و سیاسـەتی چەواشـەکاری و ژێـر دەسـتەیی لەلایـەن ئـەو وڵاتانـەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، نەك هەر ئەوە بـەڵکو بەرنامـەی سـتراتیژیی دووریـان

[٤] ژان پۆل مارپوز، هەقتە بزانی، وەرگێڕانی شیرزاد حەسەن، ل١.

هەبووە بۆ شێواندنی کلتوری کوردی و سوککردنی بەهاکانی نەتەوەیی لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە، ئەمڕۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردیی دەتوانن لە خزمەت کۆمەڵی کوردەواری دابن و سەکۆیەك بن بۆ ئازادی ڕا دەربڕین و خۆدواندنی ئەندامانی کۆمەڵ لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، لە سەرووی هەموویانەوە ڕۆژنامەوانیی.

## زمان و کـۆمەڵ و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری

زمـان دیاردەیـەکی زینـدووە تایبەتـە بـە مرۆڤـەوە[٥]. هـەر لـە زووەوە زمـان سـەرنجی فەیلەسـوف و زانایـانی ڕاکێشـاوە و هـەوڵیان داوە نهێنیـەکانی زمـانی ئـادەمیزاد بدۆزنـەوە، لەوەی کە ئەم دیاردەیە خواکردە و خوا بەخشیویەتی بە مرۆڤ یان بەهـەوڵ وکۆششـی مـرۆڤ خۆی هاتۆتە کایەوە.

زمانەوانیی کۆن بۆ ماوەی چەند سەدەیەك لە هەوڵی ئەوەدا بوو یاسـاو دەسـتورەکانی زمان دابڕێژێ، بە شێوەیەك، کە زمان کۆمـەڵی یاسـاو دەسـتوری نـەگۆرو چەسـپاو سـەیر بکات و لە دەرەوە لـە زمـان بکۆڵێتـەوە، کەچـی باشـە و چـۆن خـەڵك زمـان پـاراو بـن لـە بوارەکانی ڕەوشت و کۆمەڵناسیی چ ڕۆڵێـك دەبینـێ. بـە پێچـەوانە قوتابخانـە زمانەوانییـە نوێیەکان، کە هەوڵ دەدەن لە ناوەوەی زمان بکۆڵنەوە و ئەو سیستەمانەی، کە زمان پێـك دێنن بدۆزنەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەمیشە هەوڵ دەدەن پێوەندی نێوان زمان و بیر لەسەر ئەو بنچینەیە لێك بدەنـەوە، کـە زمـان بـۆ هـەرەوەزی و هاریکـاری ئەنـدامانی کۆمەڵ بە کاردێت و بە هەموو پێوانەکان زمان بەجیا لە کۆمەڵ سەیرناکەن (چۆمسکی) لـە هەوڵی ئەوە دابوو، کە زمـان بـە جیـا لـە کۆمـەڵ سـەیر بکـات، بـەڵام کەوتـە بـەر شـاڵاوی ڕەخنەی توندەوە.[٦]

---

[٥] دکتۆر محەمەد مەعروف فەتاح، لە کتێبی (زمانەوانی)دا، چەندین پێناسەی زانایانی زمانی هێناوەتەوە، بڕوانە: زمانەوانی هەلێر، ١٩٩٠، ل٥.

[٦] چۆمسکی، کەزانایەکی نوێی زمانە، لە هەوڵی ئەوە دایە، کە زمان وەك یەکەیەکی سەر بەخۆ بە جیا لە کۆمەڵ سەیر بکات و مەودا و سنووری زمانەوانی تەسك کردۆتەوە، کەوتە بەر ڕەخنەوە، بۆ وێنە بڕوانە: تیرنس موور و کریستین کارلنغ، فهم اللغة نحو علم لغة لما بعد مرحلة ضومسکی: ترجمة الدکتور حامد حسین الحجاج، بغداد، ١٩٩٨، ص٢٠٦– ٢٩٧.

هەروەها زمانەوانیی و کۆمەڵناسیی ئەوەندە تێکەڵی یەك بوون، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی فراوان (کۆزمانەوانی ـ sociolinguistics)، کە بە (سۆسیۆ زمانەوانیی) ناسراوە پەرەی سەند، ئەم زانستە هەوڵ دەدات ((پەیوەندی نێوان بینای کۆمەڵایەتی و ڕۆنانی زمان بدۆزێتەوە.))[٧] دەبێ لێرەوە درەك بەو ڕاستیە بکەین، کە سەرچاوە و کانگەی زمان لە کۆمەڵەوەیە و بۆ کاریگەرییە لەسەر کۆمەڵ لە هەموو بوارەکاندا، کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێ کاریگەریی بەجێ بێڵێ و شارستانیەتیی خۆی لەسەر دابمەزرێنێ و بیرو بۆچوون و ڕامانەکانی خۆی پێ دەرببڕێ.

ئەمە ئەوە ناگەینێ کە زمان وەك ئامرازێکی وشك برینگ تێی بڕوانێ، بە پێچەوانەوە لە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە ئەگەر دەست نیشان بکرێت، ئەوا زیاتر زمان، لایەنە مەعنەوییەکان دەگرێتەوە و زیاتر وشە مەعنەوییەکان لەزماندا دەوری کاریگەرە، بەتایبەتی لە بواری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گشتیی بە ڕۆژنامەوانیشەوە، دەور دەبینن لە قسەکردن لە زماندا، بۆ هەر دانەیەکی تایبەتی چەندین ڕەمز دەور دەبینن کە ئەو ڕەمزانە واتایەك دەگەینن، کە وشەکانی قسەکردن خۆیان نین. لە نێو ئەو پرۆسەیەدا زمان کەرەستەکانی بیر دەردەبڕێ، ئەوەی ئێمە لەم باسەدا گەرەکمانە لێی بکۆڵینەوە زمانی ڕۆژنامەوانییە. دیارە، کە زمان ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێ لەبنیاتنانی شارستانیی و بیری مرۆڤایەتیدا، ئەوا تا ڕادەیەکی زۆر زمانی کوردیی ئەمڕۆ قەرزار باری ڕۆژنامەوانییە، کە توانیویەتی نیمچە زمانێکی کوردیی ستاندراد لە کوردستانی باشوردا بێنێتە کایەوە، بۆ ئەوەی نووسینی کوردیی و گفتوگۆی یان دوانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیی جەماوەریی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا یەك بخات. ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە بوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابورییدا ڕوودەدەن نابێ بەبێ گرنگی و کاریگەری زمان ڕووبدەن و زمانی ڕۆژنامەوانیی هەوێنی گۆڕانی سیستەمی دیموکراسی و هەنگاوەکانی چاکەکاری کۆمەڵایەتیە. زمان کۆڵەکەی پشتی (گەیاندنی جەماوەری)یە و هەریەکێك لە جۆرەکانی گەیاندنیش زمانی تایبەتی خۆی دەوێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا شارەزایان سێ بنەمایان دیارکردووە بۆ پرۆسەی گەیاندنی

---

[٧] محەمەد معرف فتاح، کۆزما نەوانی سنور و بنەما و ئەرکەکانی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ١١٢، ١٩٨٦، ل١٢٨.

جەماوەرییی، کە ئەمانەن: (نێـرەر– وەرگـر– پـەیام)[8]، بـە لاوازبـوونی هـەر یـەکێکیان یـان نەبوونی هەریەکێکیان پڕۆسەکە کز و لاواز دەبێ و ناتوانێ ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ.

جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە زمان هۆی گەیاندنە و پردێکە بـۆ دوانـدن لـەنێوان ئەندامانی کۆمەڵ، بەمەش ئەرکێکی کۆمەلآیەتی گرنگ دەگێڕێ و ئەمەش خـۆی لـە خۆیـدا کۆمەڵێکی مەدەنی هاوچەرخ بنیات دەنێت.

زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری پێوستی بەوە هەیە تا ڕاددەیەکی زۆر سـانا وە ڕەوان بێـت بـۆ زۆرتـرین ئەنـدامانی کۆمـەڵ بەهـەموو چـین وە ڕەگـەز وە توێژێکـەوە لێـی تێبگەن. ئەگەر زمانی ڕۆژنامەوانیی خەڵکی خوێندەوار بـدوێنی وە لـە دروسـت کردنـی ڕای گشتیدا وەك دەستەلآتی چوارەم لە کۆمەڵدا دەور ببینی ئەوە ڕادیۆ و تلیفزیۆن لە ساتێکی کەمدا دەتوانێ بەهۆی وێنـەوە جیهـان وەك گونـدێکی بچـوك بخاتـە بەرچـاو و گوێـت، لـە هەمان کاتدا دەبیتە هۆی فێربوونی زمانی بێگانە سنورە سیاسیەکان دەبڕی. لە نـاوەوەی یەك زمانیشدا کاردەکات و دەبێتە هۆی لەیەکتر نزیك کردنەوەی شـێوەزارەکان و زمـانێکی ڕۆژنامــەوانیی ســەردەم دێتــە کایــەوە ئەمــەش چــاکیەکەی لەوەدایــە، کــە دەبیتــە هــۆی دەوڵەمەند کردنی ئەو زمانە، بە وەرگرتنی چەندین وشەو زاراوە لە زمانەکانی دەوروبـەردا. تەنانـەت لـە میـدیاکانی جیهـانی وەزانکۆکـانی ئـەمریکا دا و زانسـتێك لـە هـەردوو بەشـی زمانەوانی و ڕاگەیاندنـدا دروسـت بـووە، کـە بـە (زانسـتی زمـانی ڕاگەیانـدن) ناسـراوە، بـە تایبەتی بۆ لێکۆلینەوەی زمانی ڕاگەیاندن تەرخان کراوە ئەم زانستە نوێیـە لەلایـەن زانـای ئەمریکی (کالیهـان calihan) دوای بلاوبونـەوەی کتێبـە بەناوبانگەکـەی (سـینتاکس بـۆ پیاوانی ڕاگەیاندن) زیاتر پەرەی سەند. ئەم زانستە نوێیە بریتیە لەو (زانستەی، کـە لەبـەر ڕۆشنایی بیرۆکەی گەیاندن لە زمان دەکۆلێتەوە، هەروا بیرو ڕاکانی تریش پشتگوێ ناخات، سوود لە زمـان وەردەگرێـت بـۆ لێکۆڵینـەوەی دیـاردەی پێوەنـدی ڕاگەیانـدن، بـەوەی کـە دەست نیشانی شوێن و پایەی زمان و خاسیەتە کاریگەرەکانی لە پیـادەکردنی ڕاگەیانـدنی جەماوەردا دەکات[9].

[8] محمد جميل شلش، اللغة و وسائل الاعلام الجماهيرية، ص١٨.

[9] بۆ ئەم پێناسە بەو زانیاری لەباری (زانستی زمانی ڕاگەیاندن)، بڕوانە: د. هادي نهر، اللسانيات والاعلام، مجلة التوثيق الاعلامي، ع٢، ١٩٨٨، ص١٥.

## خاسیەتەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای ڕا پەڕین

یەکێ لە دیاردە بەرچاوەکانی ژیانی ڕۆشنبیریی دوای ڕاپەڕین، زووری ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی کوردیی، ساڵەها بوو ڕۆژنامەوانیی کورد خەمەکانیان لـە دنیـادا پـەنگی خواردبـۆوە، ئێسـتا ئـەو هەلـە هاتـە پێشـەوە، کـە گـۆڕانێکی بنجـی لـە چـاپەمەنی و ڕۆژنامەوانییدا بێتە کایەوە. خاسیەتەکانی ڕۆژنامەوانبی کوردیی ئەو قۆناغە بەچەند خاڵێك دیاری دەکەین:

لە ڕووی ئیمتیازەوە، زۆر بوون و بلاًویی ڕۆژنامەوانیی حیزبیی.

لە ڕوویی پسپۆڕییەوە، زیاتر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەرەو پسپۆڕیی چوون.

زۆربوونی ژمارەی ڕۆژنامەوانان و کارمەندانی چاپەمەنی.

بـەکارهێنانی تەکنـەلۆژیای نـوێی چـامەنی و ڕۆژنامـەوانیی، کـە زیـاتر جوانکـاریی بـە ڕۆژنامەوانیی بەخشیوە لـە ڕوویـی هونـەرییەوە، بەتایبـەتی ڕەنگـاوڕەنگی گـەورەو بچـوکی فۆنتەکانی چاپی کۆمبیوتەریی و نەخشەسازیی و سـوود بیـنین لـە ئامرازەکـانی سـکانەر و سەتەلایت و وێنەی ڕادیۆیی و فاکس...

ڕێکـوپێکی لـە کـاتی دەرچـوون و گەیشـتن بـە زۆربـەی ناوچـەکانی کوردسـتان و خوێندنەوەی لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە، لە هەمان کاتدا بەتین کردنی پێوەندی بە جـەماوەرەوە بـۆ ئـەوەی ڕۆنامـە بچـیتە نـاخی مەسـەلەکانەوە بەشـدار بێـت لـە گۆڕانکارییەکاندا.

لە ڕوویی زمانەوە، هەروەك لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا دەردەکـەوێ، زمـانی کـوردیی ئـەمڕۆ بەکەڵکی ڕۆژنامەوانیی وەرگرتووە، جا چ بە وەرگێڕان و وەرگرتن لـە زمانـە زینـدووەکانی جیهانی یان بە داتاشین و دۆزینەوەی وشەو زاراوەی بەجێی بۆ دیاریی دەکات.

# بەشی دووەم

## زمانی ڕۆژنامەوانیی كوردیی دوای ڕا پەڕین

## بە پێی هونەرەكانی ڕۆژنامەوانیی

### ١. زمانی هەواڵ:

ڕۆژنامەوانیی بە شێوەیەكی گشتی واتە هونەری هەواڵ، هەر لە سەرەتاوە هەواڵەكان سەرەتا بەدەست و پاشان بە چاپ دەنووسرانەوە، هیچ شتێكیش وەك هەواڵ بێ بایەخ نابێت، كە درەنگ بكەوێت. زمانی هەواڵ لە ڕۆژنامەوانییدا، پێوەندی بەجۆری داڕشتنی هەواڵەكەوە هەیە، ئەگەر هەواڵەكە لە شێوەی گێڕانەوەدا بێت جۆرێكە و ئەگەر بەشێوەی چیرۆكە هەواڵیش بێت جۆرێكی دی دەكەوێتەوە. ئەگەر چی جیاوازییەكان شتێكی لاوەكیدا، چونكە هەر خۆی زمانی ڕۆژنامەوانیی شێوەیەكی سادە و ساكار بەكاردەهێنێت. بەشێوەیەك خۆی لە ڕستەی كورت و وشەی سادەدا دەدۆزیتەوە، ئەو وشانەی زۆر باون لە كۆڕ و كۆبوونەوەی خەڵك و قسەی ڕۆژانەی خەڵكیدا.

هەواڵ دەكرێ بە دوو بەشی سەرەكی: سەرەتا (دەروازە) و ناوەند[١٠].

لە سەرەتادا ڕۆژنامەوان هەوڵدەدا دەروازەیەك یان بەركولێك بۆ چوونە ناوەوەی هەواڵەكەوە بدۆزێتەوە بەشێوەیەك، كە سەرنج ڕاكێشبێت ڕەگەزی هاندانی تێدابێت، پاشان لە (ناوەند) یان ناوەڕۆكی هەوالەكەدا وەلأمی ئامرازەكانی پرسی (بۆ، چۆن، كەی، لە كوێ) دەداتەوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستەیە، ناونیشانی هەواڵە، كە قورسایی هەواڵەكەی دەەویتە سەر. ناونیشانیان (مانشێت)، لە هەواڵدا بەكورتترین ڕستە یان فرێز دەردەبڕێ و كەمتر خۆی بە فرێزی كارییەوە دەبەستیتەوە، یان ڕەنگە خۆی لە دوو وشەی كورتدا بدۆزیتەوە. بۆ نموونە سەیری ئەم ناونیشانانە بكە:

– كۆنگرەی خاك لە بەرازیل.[١١]

---

[١٠] بۆ زیاتر ڕوون كردنەوەی بەشەكانی هەواڵ بڕوانە: د. محمد حسن عبدالعزیز، لغة الصحافة المعاصرة، ص٢٤.

[١١] ڕۆژنامەی ئالأی ئازادی، ژ٢٦، خولی دووەم، ١٩٩٢/٦/٧.

– تاوانێكی دیكەی ڕژێم.[12]

– هەوڵدان بۆ بەرقەراری ئاگر بەس.[13]

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، كەم و كورتی مانشێتی ڕۆژنامەكان بە پلەی یەكەم لەوە دایە درێژن و تاڕاددەیەك ناوەڕۆكی هەواڵەكە بەدەستەوە دەدات، بۆ وێنە بڕوانە:

– ڕێز لە خوێنی هـەزاران شـەهیدی گەلەكـەمان و لـە ئـیرادەی خـۆڕاگری جـەماوەر و ئـەم شەڕە كارەستبارە ڕاگرن.[14]

جارێ لەپێش هەموو شتێكدا ئەم فەرمانـەی دوایـی ڕسـتەكە دەبووایـە (بگـرن) بووایـە، ڕێز... بگرن، ئینجا خوێنەر بیری بەدوادا چۆن و وروژان و سەرسوڕمان، بە پێچەوانەوە لە ئامۆژگاریەو پەند دادان دەچێت.

– ئۆپۆزۆسیۆنی عیراقی ئەگەر بەڕاستی بۆ عیراقێكی دیموكراسـی تێدەكۆشـی دەبـێ بـێ سڵكردنەوە دان بە فیدرالیەتی كوردستان دابنێ.[15]

لە مانشێتی یەكەمدا، جەخت لەسەر (ڕێزگرتن) كراوەتـەوە و هـەر بـەو پێیـە كەوتووتـە سـەرەتای ڕسـتەكەوە، لـە مانشـێتی دووەمـدا جـەخت لەسـەر (ئۆپۆزسـیۆنی عیراقـی) كراوەتەوە، كە لە هەردووكیان دا (ڕێژەی داخـوازی)ن. هـەروەها ئـەوەی لـەو مانشـێتانەو چەندین مانشـێتی دیكـەدا سـەرنج ڕادەكێشـێ ڕۆژنامـەوانیی هاوچـەرخی كـوردیی چـەندین وشەو زاراوەی سیاسیی هێناوەتە نێو زمانەكەوە، هەروەك: (ئۆپۆزسیۆن، فیدرالیزم، تـیم، پەرلەمان، فراكسیۆن، دیموكراسی، سەندیكا، جینۆساید، تیرۆر، un،...)، بۆ هەندێك لەو زاراوانە:

- ئۆپۆزسیۆنی عیراقی ئەگەر بەڕاستی بۆ عیراقێكی دیموكراسی تێدەكۆشێ دەبێ بێ سڵ كردنەوە دان بە فیدرالیەتی كوردستاندا بنێ.[16]

- تیمێكی پسپۆڕانی UN دەگاتە بەغدا.[17]

---

[12] ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان، ژ١١٧، س٥٠، ١٩٩٢/٦/٧.

[13] ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ ٧٨، س ١، ١٩٩٢/٤/٢٨.

[14] ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان، ژ ١٠٩، س٥٠، ١٩٩٤/٥/٣١.

[15] ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ٤٥، خ٢، ١٩٩٢/١٠/٢٥.

[16] سەرچاوەی پێشوو.

[17] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠١٧، ١٩٩٤/٨/١٣.

- دەبێ پەرلەمانی هەلبژێردراو مافی چارەی خۆنووسین بکاتە دروشم.[18]

## ئـ- زمانی وتار:

زمانی وتار، زمانێکی ئاساییە، سادە و ساکارە، وشە و دەستەواژەکانی ئەوەندە ڕوونن، زۆرترین توێژ و چینەکانی کۆمەڵ بە ئاسانی لێی تێدەگەن و زیاتر خۆی لە زیادەڕۆیی دەپارێزێ و بە ئاسانی مەبەست بەدەستەوە دەدات. زمانی وتار بەپێی ناوەڕۆکی وتارەکانی دەگۆڕێ. وتاری ئەدەبیی جۆرە وشەو دەستەواژەیەکی ڕازاوە و خەیاڵی بەکار دەهێنێ، بە پلەی یەکەم وروژاندنی ناخی مرۆڤ و دڵ دەبزوێنێ، بە پێچەوانەی ئەوە وتاری زانستی هەوڵ دەدات مەسەلەیەکی زانستیی بەشێوەیەکی سادە و لە میانەی ڕۆشنبیریی گشتییدا بە خەڵك بگەینێ و لەم جۆرە وتارەدا ڕوونکردنەوەو ئاسان کردنی بابەتەکانە نەك وەك وتاری ئەدەبیی و هونەریی، کە نووسەر بیروڕای خۆیان تێدا دەخەنە ڕوو و زیاتر بۆچوونی کەسیی و خودیین.

لێرەدا لە زمانی وتاردا دەبێ ئاماژە بە وتاری ڕۆژانە بکەین بەتایبەتی (ستونی ڕۆژنامەوانیی)، لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا ستوونی بەردەوام بەرچاو دەکەون، کە بەئیمزای ڕۆژنامەوانانیی دیار دەنووسرێن و لەچەندین بابەتی جیاوازدا هەندێکیان حەفتانەو ڕۆژانە و هەندێکیان ناوە ناوەن.

لەڕووی ناوەڕۆکەوە زۆربەی ئەو ستوونانە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و وەرزشیین. ئەوەی لەو ستوونانەدا زیاتر سەرنج ڕادەکێشن ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی سادەو گشتگیری بۆ زۆرینەی خەڵك نووسراون نەوەك بۆ کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند. زمانی ستوونەکان بەتایبەتی لەبواری زانستیی وەرزشیی و سیاسییشدا زۆر وشەو زاراوەی بیانی تێدەکەوێ و کەمتر بەرامبەریان بەزمانی کوردیی پێشنیاز کراون. هەر بۆ نموونە سەیری ئەم ڕستەو دەستەواژانە بکە لەو بوارانەدا.. لەبواری وتاری وەرزشییدا (گۆڵ، پەناڵتی، ئۆف ساید، تاکتیك، بۆکسێن، مۆندیال، تەکنیك)... لەبواری وتاری زانستییدا (تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، ڤیتێرنەری، گازۆیل، ڤیارڕۆس).

- گرفتی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان لە نێوان شۆفێر و سەندیکادا. ١٩

[18] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٧٧، ١٩٩٢/٤/٢٧.

- جینۆساید گونەهەکە ل کوردستانێ هاتیی کردن.[٢٠]
- ئەندامێکی بەرزی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە بەغدا تیرۆر دەکرێ[٢١].

لەپاڵ بەکارهێنانی ئەو وشەو زاراوانەدا هەروەك خۆی، کە چۆن لە زمانە بیانییەکانەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی، نابێ (ڕۆڵی وەرگێڕان) لەلایەن ڕۆژنامەوانانیشەوە لەبەر چاو نەگیرێ، کە بەرامبەر زۆر زاراوەی سەربازی و سیاسیی ئیداری هەوڵیانداوە لە زمانی کوردیدا بۆی دابتاشن یان بەپێی واتای فەرهەنگی و پێوانەیی بۆیان بدۆزنەوە، بۆ وێنە بڕوانە:

- بۆسنە و هەرسك و پاکسازیی نەژادی.[٢٢]
- دانوسانی ئاشتی بەردەوامە[٢٣].

لەجیاتی (تفاوض) یان (مفاوضات).

- تێکشکاندنی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق[٢٤].

لە جیاتی (اسلحة الدمار الشامل)

- داوا دەکەین هێزی چەکوشی ئامادە لە تورکیا بمێنێتەوە[٢٥].

لە جیاتی (قوة المطرقة...).

- هەوڵدان بۆ بەرقەراری ئاگربەس[٢٦].

لە جیاتی (وقف اطلاق النار).

- هەردوو ناوچەی دژەفڕین لە عیراق دەمێنن[٢٧].

لە جیاتی (منطقة حضر الطيران).

---

[١٩] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٢٥، ١٩٩٤,/٨/٢٣

[٢٠] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٣٠، ١٩٩٤/٨/٢٩.

[٢١] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠١١، ١٩٩٤/٨/٦.

[٢٢] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٠٤، ١٩٩٤/٧/٢٩.

[٢٣] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٢٧، ١٩٩٢/٢/٢٥.

[٢٤] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٣٢، ١٩٩٢/٣/٢.

[٢٥] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٢٨، ١٩٩٢/٢/٢٦.

[٢٦] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٧٨، ١٩٩٢/٤/٢٨.

[٢٧] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٧٤٩، ١٩٩٩/١٤.

- پرۆسەی ئاشتی ئیرلەندای باکوور [٢٨].
لەجیاتی (عملية السلام).
- شاندێکی حکومەتی سوید گەیشتە کوردستان[٢٩]. لە جیاتی (وفد).

لە وتاری سیاسیدا (فراکسیۆن، مانۆر، پەرلەمان، کۆنترۆل، دیسپلین، پلینیۆم) ئەوە بێجکە لەوەی هەندێ جار زمانی وتارەکان ئەوەندە ساکار دادەبەزن و بەشێوەی گفتوگۆی خەڵکی سادە و بازاڕی بەکاردێن. وەك:

بڕیارەکانی کۆبوونەوەی لێژنەی تگبیعی سلێمانی [٣٠].
حکومەتی یەمەن لامەرکەزی قبوڵ دەکات [٣١].

زمانی وتارەکانی نێو ڕۆژنامەوانیی کوردیی دوای ڕاپەڕین، چەندین وشەی تازەی لە خۆگرتووە، ئەگەر چی هەندێکیان ڕەنگە بکەونە خانەی هەڵەی باوەوە و لەژێر کاریگەریی ڕێزمانی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی دابن بە هۆی تێکەڵاوی ڕۆشنبیریی ئەو میللەتانە و زیاد بوونی ژمارەی پەنابەری کوردیی لە دەرەوە و گەڕانەوەیاندا، هەموویان بە سەرێکەوە هەندێ ڕستەو دەستەواژەی وایان هێناوەتە گۆڕێ، کە نامۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەکاردێن و تارادەیەك ڕوون و ئاشکران و لە لایەن ڕۆژنامەوانانیشەوە بەکاردێن. هەروەك (قەیران، پیادەکردن، دیموکراتیزەکردن، ڕەوتی ئاشتی، ئەنجامدان، هەڵدەستێت بە...، دەگەڕێتەوە بۆ...، تیشك خستنە سەر..) کە ئەمانە بە سەرنجدان بە ئاسانی هەندێکیان دەتوانین دەست نیشان بکەین:

(ئەنجامدان یان بە ئەنجام دەگەینێ): انجام میدهد (لە زمانی فارسیەوە).
هەڵدەستێت بە..: يقوم بـ... (لە زمانی عەرەبیەوە).
دەگەڕێتەوە بۆ..: يعود الى... (لە زمانی عەرەبیەوە).

بڕوانە لە هەندی لە ڕستەو ناونیشانی وتارەکان: کۆنگرەی دیموکراتیزەکردنی کوردستان٣٢.

---

[٢٨] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٧٥٠، ١٩٩٩/١/٥.
[٢٩] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٧٥٣، ١٩٩٩/١/٩.
[٣٠] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠٢٠، ١٩٩٤/٨/١٦.
[٣١] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٠١١، /١٩٩٤,/٨/٦

- كۆنگرەی ڕەوتی شۆڕشگێرانی زەحمەتكێشان و پیادەكردنی عەدالەتی كۆمەڵایەتی[٣٣] .

- ئەگەرەكانی مانەوەی هێزە هاوپەیمانەكان[٣٤] .

## زمانی ڕۆژنامەوانیی كوردیی دوای ڕا پەڕین بە پێی ناوەڕۆكی بابەتەكان:

### ئـ- زمانی یاسایی:

پاش ڕاپەڕین، زۆر كۆمەڵەو كۆڕ و ڕێكخراوی سەندیكایی دامەزران و زیاتر كەشێكی دیموكراسی ئەو تۆ خولقا، كە ژیانی ژیانی سەندیكایی برەوی سەندو كۆمەڵەی ڕۆشنبیری و پیشەیی هەمە چەشنە دامەزرا، بێ گومان ئەو كۆمەڵە و سەندیكایانەش بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان و خستنە ڕووە مەرام و ئامانجەكانیان، چەندین بلاّو كراوەی هەمە چەشنیان دەركرد.

كەسانی یاسا پارێز و مافناس كەوتنە هەوڵی ئەوەی بلاّو كراوەی یاسایی دەربكەن و یاساو دەستوری دادگاكان و دادوەری بە كوردی بكرێن و زمانی كوردی پێ دەوڵەمەند بكرێت. وەك چۆن خوێندن و نووسین بە زمانی كوردی زیاتر بە هەرەمێن بوو وبایەخی زیاتر پێدرا. بورای یاساشی گرتەوە و چەندین وشەو زاراوەی كوردیی پەتی و داتاشراو كەوتە نێو زمانی ڕۆژنامە نووسیی. بڕوانە ئەم زاراوانە:

داواكەر (المدعي)

داواگیر (المدعي عليه)

دادوەری ڕوو بەڕوو (المحاكمة الحضورية)

دادوەری بزری (المحاكمة الغيابية)٣٥

ئەمە بێجگە لەوەی دەقی بڕیارەكانی یاسیی بەكوردیی كران، بۆ وێنە بڕوانە:

– بەپێی برگە (١) لەماددەی (٥٦) ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر پێشنیاری وەزیری ڕۆشنبیری و بڕیار لەسەر دانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی

---

[٣٢] ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ٣، ١٩٩٢/١/٢٨.

[٣٣] ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ٤، ١٩٩٢/١/٢٩.

[٣٤] ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ٧٦، ١٩٩٢/٤/٢٦.

[٣٥] گۆڤاری یاساپارێزی، ژ١، س١، ١٩٩٦ل٨٠,

نیشتمانی کوردستانی عـێراق لـە دانیشـتنی ڕۆژی ١٩٩٢/١١/١٢ دا بڕیـاری دەرکردنـی ئـەم یاسایەیدا:

یاسای ژمارە (١١) ساڵی ١١٩٢

یاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری

ماددەی یەکەم [٣٦]:

ئەمە بێجگـە لـەوەی زۆر زاراوەی یاسـای نێودەوڵـەتی کەوتـە سـەر لاپـەڕەی ڕۆژنامـەو گۆڤارەکان هەروەك:

کۆنفدرالی نیقابەکانی کوردستان [٣٧].

هەڵکەوتنی شوێنی هەولێری پایتەخت لەڕووی جیۆپۆلەتیکەوە [٣٨].

## ب- زمانی وەرزشی:

وەرزش دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە و بـە نێـو هـەموو چـین و توێـژەکانی کۆمـەڵ بـەبێ جیـاوازی تەمـەن و ڕەگـەزدا بـڵاو بۆتـەوە، ئـەمڕۆش وەرزش ئەوەنـدە سـەرنجی خـەڵکی ڕاکێشاو، تەنانەت زۆرجاران سروشتی سیاسی و نەتەوەیش بەخۆوە دەگرێ. لـەم بـوارەش دا بەهۆی ئەوەی دارشتنی یاساکانی وەرزشی لە بنکـە جیهانیـەکان دا بەتایبـەتی لەلایـەن (FIFA) ەوە، بـە زمانـە ڕۆژئاواییـەکان و بـەزۆریش لـە ڕەگ و ڕیشـەی زمانـە لاتینـی یەکانەوە وەرگیراوە، ئەمـەش پێوەنـدی بـە کـۆنی و دێرینـی وەرزش لـە ئۆلۆمپیادەکـانی یۆنانەوە هەیە.

---

[٣٦] ڕۆژنامەی هەرێم، ژ٨، ١٩٩٣/١/٢١.

[٣٧] گۆڤاری یاسا پارێزی، ژ١، س١، ١٩٩٦، ل٢٧.

[٣٨] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٧٤٩، ١٩٩٩/١/٤.



یاسا پارێزی

گۆڤارێکی یاسایی یە
بە زمانی کوردی دەردەچێت

ژمارە 5 سالی پێنجەم 2000

- مافی دەستێوەردانی مرۆیانە لە یاسای نێودەوڵەتیدا
- دەمارگیری نەتەوایەتی لە تەرازووی ئایینی ئیسلامدا
- یاسای گومرگەکان و گومرگەکانی کوردستان
- سالی ١٩٢٢، لە پەرلەمانی تورکیا پرۆژەی خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) کوردستان گفت و گۆی لە سەر کرا
- تاوانی لەباربردنی کۆرپەلە لە ڕوانگەی یاساو ئایینەوە

بنیادی ئابووری و ڕێکخستنەوەی یاریگاکانی شارەکانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانیی وەرزشی لە لایەن خەمخۆرانی ئەم بوارە، زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیش لە دانانی زۆر وشەو زاراوەی ئەو بوارەیە زمانی کوردی و هێنانی زۆر زاراوەی بیانی سەرکەوتوو بوون. بۆ نموونە بڕوانە ئەم وشە کوردییانە و پاشان هەندێ زاراوەی بیانی:

- یانەی وەرزشی پێشکەوتن[39].
- بەنیازین خولێکی تۆپی باڵە ساز بدەین[40].
- یەکەمین کارتی سوور لە ژیانی ئالان شیرەردا[41].
- ڕاهێنەری پێشووی ئەلمانیا[42].
- بیرۆکەی دوو ناوبژیوان لە ناو یاریگا[43].
- جامی جیهانی گۆڕەپان ومەیدان دەستپێدەکات[44].
- لەیلا محەمەد عەلی کلای و یاری بۆکسێن[45].
- لە لێدانی پەنالتی زۆر وریایە[46].
- تاکتیك بە واتای بەکارهێنانی تەکنیك لەناو یاریگادا[47].
- پلیتی یارییکانی مۆندیالی فەڕەنسا [48].

---

[39] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٤٧، ١٩٩٨/١٢/٢.

[40] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٨٣، ١٩٩٩/٨/١١.

[41] هەمان سەرچاوە.

[42] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٤٧، ١٩٩٨/١٢/٢.

[43] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٦١، ١٩٩٩/٣/١٧.

[44] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٨٤، ١٩٩٩/٩/١٨.

[45] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٦١، ١٩٩٩/٣/١٧.

[46] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٤٦، ١٩٩٨/١١/٢٥.

[47] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٤٧، ١٩٩٨/١٢/٢.

[48] ڕۆژنامەی وەرزش، ژ٤٦، ١٩٩٨/١١/٢٥.

### جـ- زمانی سەربازی:

دامەزرانـدنی کابینـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، دوای ڕاپـەڕین لـە یـەکێ لـە دەستکەوتەکانی ئەو (ڕاپەڕین)ە دەژمێردرێت، بوونی وەزارەتی پێشمەرگە، پێوستی بـەوە دەکرد، کـە پلـەو پایـەکانی فەرمانـدەی لـە شـکری کوردسـتان ڕیکبخرێنـەوە و ئـەو پلـەو پایانەش بە زمانی کوردی ناویان بۆ بدۆزێتەوە چەسپ بکرێن. ئەمـە بێجگـە لـەوەی زمـانی کارگێڕی نامەو نووسـراوەکانی نهێنـی و ئاشـگرای نێـوان فەرمانـەکان دەبووایـە بـە زمـانی کوردی بێت. ئەمـە ڕێخۆشـکەر بـوو بـۆ ئـەوەی چـەندین وشـەو زاراوەی تـازە وەك هـەموو بوارەکانی دی بێتە نێو زمانی کوردییەوە. بۆ وێنە:





Wednesdy 4 / 10/ 2006 ژمارە (٤٣٦) چوار شەممە ٢٠٠٦/١٠/٤ ٢٧٠٦ی کوردی ٤ لاپەرە نرخی (١٥٠) دینارە

بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز

# شەوانی هەولێر یارییەکانی خولی سنی سنیانێ لەخۆ دەگرێ

بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە بۆ پاراستن و زیندوو راگرتنی رەسەنایەتی، بەئامادەبوونی بەڕێز پشتیوان سادق بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەرێکی زۆر، لیژنەی ناوچەی قەڵا پێشبڕکێیەکی خولی (سنی سنیانێ) بۆ (١٨) یاریزانی تیپە مەڵبەندەکانی شاری هەولێر کردەوە، لەسەرەتادا بەرپرسی لقی دوو وتەیەکی بۆ ئامادەبووان پێشکەش کرد و تیایدا زیندووکردنەوەی رەسەنایەتی ئەم یارییە کوردەوارییانەی بۆ نەوەی ئێستا بەگرنگ هەژمارد، هەروەها ستایشی لیژنەی ناوچەی قەڵایشی کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم چەرچۆلەیە. لەیەکەم یاریش لە نێوان تیپی شەوانی هەولێر توانی بە(١١٠) خاڵ بەرامبەر بە(٧٥) خاڵ یارییەکە لە تیپی بازاڕی سیروانی بردەوە، هەروەها تیپی خانەقا توانی بە ئەنجامی (٤ - ١) خاڵ بەرامبەر بە (٧٠) خاڵ یارییەکەی لە تیپی مستەوفی بباتەوە شەوانیش یارییەکان بەردەوامە.

# لە هەولێر خولی رەمەزانی پیرۆز دەستی پێکرد

لەڕێژەی چالاکییەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ناوەندی باڵای هەولێر هەڵسا بەسازدانی خولی رەمەزانی پیرۆز بۆ (٢٤٠) تیپی میللی لە تۆپی پێی گۆڕەپانی بچووککراوە بۆ سەرجەم ناوەندەکانی (١-٢-٣-٤)ی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی لە هەولێری پایتەخت، یارییەکانیش رۆژانە لە یاریگاکانی (بازرانی نەسر، گرگان، ١٦ی ئاب، سەلاحەدین، دۆلاراو، خانزاد) بەرێکوپێکی و ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر ئەنجام دەدرێت ئەمەش بەشێک لە ئەنجامی یارییەکانە:

میران × هەڵاڵە (٢ - سفر)گۆڵ، کریکاران×کەیوان (٧-٦)گۆڵ شکۆدار × تەیراوە(٧ - ١) گۆڵ، کارزخ × سیما (٣-٢)گۆڵ بەلێدانی سزا، سەروان × بێستون (٣ - ٢) گۆڵ بەلێدانی سزا، ساکار × ئانەکەلی (٤-١) گۆڵ، هێلین × شۆخان (٢ - سفر) گۆڵ، ترمتسک × چوارچرا (٣-١) گۆڵ بەلێدانی سزا.

**ناوبژیوانانی یارییەکانیش پێک هاتبوون لە بەڕێزان:**
کامران عەلی، کەمال قادر، یادگار عەزیز، نەجمەدین ئەحمەد، هێمن عەباس، شاخەوان خەسرۆ، ئەهار مەحمود.

# خولێکی تۆپی سەرمێز کرایەوە

بەئامادەبوونی بەڕێز ئاری ئانەکەلی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئاڵاو جەماوەرێکی زۆر لە باخچەی ناوچە، سەنتەری راژن بۆ چالاکی و رۆشنبیری و هونەری بەهاوکاری لیژنەی ناوچەی ئاڵا بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆز خولێکی تۆپی سەرمێزی بۆ (١٦) یاریزان سازکرد، لەیەکەم یارییدا ئەحمەد مەحمود بە (٢-سفر) گێم لەهەردی شێرزادی بردەوە ئەم یارییەش لەلایەن ناوبژیوانان رەوین سەفین و سیروان عەبدوڵڵا بەڕێوەچوو.

# لەم هەفتەیەدا ژمارەیەک یاری دۆستانەی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەچێت

چوارشەممە ژاپۆن میوانداری هەڵبژاردەی (گانا) دەکات، لەگاتژمێر (٨)ی ئێوارەی رۆژی شەممەی داهاتووش ئەڵمانەکان لە تێپ یاریگای خۆیان ...

# ئاسۆس پاڵەوانیەتی تۆپی پێی ئەنفال دەباتەوە

| | | | |
|---|---|---|---|
| – پاژ (گرووپ) | بەرامبەر (رهگ) | و | Squad |
| – دەستە | بەرامبەر (حچیره) | و | Section |
| – پەل | بەرامبەر (فصیل) | و | Platoon |
| – لق | بەرامبەر (سریه) | و | Company |
| – بەتالیۆن | بەرامبەر (فوج) | و | Battalion [٤٩] |

**ت- زمانی زانستی:**

لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا تا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردیی سەربەخۆ بۆ بابەتی زانستی نەبوو، لەماوەی چارەکەسەدەی دواییدا گۆڤارەکانی (تووتن، ئابوریزان، زانیاری،...) بلاّو بوونەوە. لە دوای (ڕاپەڕین) دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە گۆڤاری زانستی بلاّو بوونەوە و لە زۆر بەی ڕۆژنامەکانی حیزبی و حکومیشدا لاپەڕەو گۆشەی تایبەتی لە بارەی زانستەوە تەرخان کراوە. لە زمانی زانستیدا، بە ئاشکرا کاریگەریی زمانە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەرچاو دەکەوێت، دیارە هۆیەکەشی بە پلەی یەکەم لەوەوە دێت، کە شۆڕشی پیشەسازی و داهێنانە زانستیەکان لە تاقیگەکانی ئەواندا بە دەست هاتووە و ناوی داهێنەر یان وشە و زاراوەکانی ئەو زمانەی وەرگرتووە.

مەسەلەی زانست بەشێوەیەکی گشتیی پێوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیریی و هۆشیاری کۆمەڵەوە هەیە، کۆمەڵی کوردەواری وەك کۆمەڵە ڕۆژهەلاّتیەکانی دی درەنگ خوێندن و خوێندەواری بەشێوەیەکی فراوان تێیدا بلاّو بۆتەوە، بێ قەوارەیی سیاسی و شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان، هەمووی بەسەر یەکەوە وایکردوە لە ڕووی زانستیەوە میللەتی ئێمە درەنگ بکەوێت. پاشان دامەزرانی کۆڕی زانیاری کورد و دەزگا ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان و بەرنامەکانی خوێندن ڕۆڵیان لە بەرز ڕاگرتنی زانست و پەرە پێدانی زمانی زانستی دا بینی. بۆ شالاّوی وشەو زاراوە بیانیەکان هەر بۆ نمونە لە دوو توێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە نووسیی کوردیی دوای ڕاپەڕین چەند نمونەیەك وەردەگرین:

[٤٩] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ ٢٠٠٥، ١٩٩٤/٧/٣٠،٣٠.

- لەم دواییە دا بازاڕی جیهان کۆمەڵێکی نوێ لە (لێزەر دیسك) دەگرێتە خۆی لە جیاتی شریتی ڤیدیۆ هەروەها ئەم جۆرە دیسکانە زۆر بە ڕوونی فلیمی لەسەر تۆمار دەکرێ و زۆر بە ئاسانیش دەگوازرێتەوە بۆ سەر شاشەی تلیفزیۆن٥٠.
- ڤایرۆسی ئیپۆلا بلاو دەبێتەوە٥١.
- زانکۆی سلێمانی کۆلێژی ڤیتێرنەری لە ئامێز دەگرێ٥٢.
- بێگومان کالسیۆم یەکێکە لە کانزا هەرە گرنگەکانی جەستەی زیندەوەر وەك– هەموو کانزاییێك و ترەیسێکی دی ٥٣.
- تەکنۆلۆژیای بۆشاییگەری٥٤.
- بەرەو دۆزینەوەی زانست و ئەبستمۆلۆژیای ڕاستەقینە٥٥.
- لەو وێنەی تریشدا تەلەفۆنی دەستی بەدی دەکەین. کە ئامێری فاکسیشی لە خۆ گرتووە، کە ئەمیش پەیوەستە بە کەناڵەکانی ئینتەرنێتەوە٥٦.

ئەمە سەر باری ئەوەی زۆر وشەو زاراوەی کوردیی پێشنیازکراو لە جیاتی ئەوانەی بێگانە بەکار هاتوون، کە هەندێکیان جێگەی خۆیان گرتووە و هەندێکیشی تا ئێستا نامۆن، لەوانە:

- ماددەی سڕکەر بە گەورەترین کێشەی نێو کۆمەڵ دادەنێن٥٧.
- ئاشکرا بوونی دەفرە فڕیوەیەك٥٨.
- دۆزینەوەی هەسارە و ئەستێرەیەکی نوێ ٥٩.

---

[٥٠] ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژ١، ١٩٩٥/١١/٢٥,

٥١ ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژ٧، ١٩٩٦/٢/٢٠,

٥٢ ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژ٦، ١٩٩٦/٢/٦,

[٥٣] گ. دۆزینەوە، ژ (٠، ١)، ل٤٤,

[٥٤] گ. دۆزینەوە، ژ (٠، ١)، ل٢٢.


[٥٥] گ. دۆزینەوە، ژ (٢، ٣)، ل ٥.

[٥٦] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٧٦٩، ١٩٩٩/٢/٣.

[٥٧] ڕۆژنامەی برایەتی، ژ٢٧٦٩، ١٩٩٩/٢/٣.

[٥٨] گ. دۆزینەوە، ژ (٠، ١)، ل ١٨.

- دەرکردنی دەمارە گوێزەرەوە[٦٠]
- بە هۆی زیادبوونی چەقەهێزی دەرکەنەرەوەی ناوەندییەوە[٦١]
- دوای ساردبوونەوە پلانێتەکانیان دروست کردووە[٦٢]
- ژمارەیەکی زۆر تەنۆکەی ڕەق ورد بووە[٦٣]




---

[٥٩] گ. دۆزینەوە، ژ (٠، ١)، ل ١٩.

[٦٠] گ. دۆزینەوە، ژ (٠، ١)، ل ٤٥.

[٦١] گ. دۆزینەوە، ژ (٢، ٣)، ل١٠.

[٦٢] گ. دۆزینەوە، ژ (٢، ٣)، ل ١٠.

[٦٣] گ. دۆزینەوە، ژ (٢، ٣)، ل ١٠.

## ئەنجـــــام

١. زمان دیاردەیەکی زیندووە و هەمیشە لـە گۆڕاندایـە، بـۆ لەیـەکتر گەیشـتن و هاوکـاری ئەندامانی کۆمەڵ بەکاردێ، بەو پێیە زمان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی گرنگی لەسەر شانە.

٢. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی لە سەرووی هەموویانەوە ڕۆژنامەوانیی کـوردیی ڕۆڵێکـی گرنگ دەگێڕن لە دەوڵەمەندکردنی زمان و یەکخستنی دیالێکتەکانی زمـان و هاتنـە کایـەی زمانی ستانداردی کوردیی.

٣. هونەرەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردیی، هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆی و زمـانی خـۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستەکانی زماندا هەیە.

٤. ڕاپەڕین گۆڕانێکی گرنگی لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانییـەوە بەسـەر زمـانی کوردیـدا هێنـا لـە ڕێگەی بلاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامـەوانیی هەمـە چەشـنەی هەمـە بابـەتی وەك زانسـتی و ئـەدەبی و کۆمەڵایـەتیی و سیاسـیی و ئـابووری و وەرزشـیی....، کـە بــە هەموویانەوە بە کاریگەری وەرگێـڕان و مامەڵـەکردن لەگـەڵ فەرهـەنگی ڕۆژئـاوایی، زمـانی کوردییان دەوڵەمەند کرد.

٥. بە بەراوردکردن لەنێوان زمـانی کـوردیی لـە پـێش ڕاپـەڕین لـە ڕۆژنامـەوانیی کوردیـدا لەگەڵ دوای ڕاپەڕین دەردەکەوێ، کە پێشتر، زمانی ئەدەبی و داڕشتنی ئەدەبی و هونەریی زیاتر زاڵە، بەپێچەوانەوە لە دوای ڕاپەڕین هۆشیاریی ڕۆژنامەوانیی و دەزگاکانی ڕاگەیانـدن زیادی کردووە و زمانی ڕۆژنامەوانییش سادە و کورت و ڕەوان و میللی بووە، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لێی تێ دەگەن.

# سـەرچـاوەکان

– بە زمانی کوردی:

**کتێب:**

محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠.

- ژان پۆل ماریۆز، هەفتە بزانیٚ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە شێرزاد حەسەن، سلێمانی، ٢٠٠٠.

- **ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:**

- ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ٢٦، خ٢، ١٩٩٢/٦/٧" ژ٤٥، خ٢، ١٩٩٥/١٠/٢٥.
- ڕۆژنامـەی برایـەتی، ژ٢٠٠٤، ١٩٩٤/٧/٢٩" ژ٢٠٠٥، ١٩٩٤/٧/٣٠" ژ٢٠١١، ١٩٩٤/٨/٦" ژ٢٠١٧، ١٩٩٤/٨/١٣" ژ٢٠٢٠، ١٩٩٤/٨/١٦" ژ٢٠٢٥، ١٩٩٤/٨/٢٣" ژ٢٠٣٠، ١٩٩٤/٨/٢٩.
- ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ١٠٩، س٥٠، ١٩٩٤/٥/٣١" ژ١١٧، س٥٠، ١٩٩٤/٧/٢٦.
- ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، ژ٣، ١٩٩٢/١/٢٨" ژ٤، ١٩٩٢/١/٢٩" ژ٢٧، ١٩٩٢/١/٢٥" ژ٢٨، ١٩٩٢/١/٢٦" ژ٣٢، ١٩٩٢/٣/٢" ژ٧٦، ١٩٩٢/٤/٢٦" ژ٧٧، ١٩٩٢/٤/٢٧" ژ٧٨، ١٩٩٢/٤/٢٨.
- ڕۆژنامـەی وەرزش، ژ٢٥،٤٦، ١٩٩٨/١١/٤٦" ژ٤٧، ١٩٩٨/١٢/٢" ژ٦١، ١٩٩٩/٣/١٧" ژ٨٣، ١٩٩٩/٨/١١" ژ٨٤، ١٩٩٩/٩/١٨.
- ڕۆژنامەی هەرێم، ژ سفر، ١٩٩٥/١١/٢٦" ژ٨، ١٩٩٣/١/٢١.
- ڕۆژنامەی هـەرێمی کوردسـتان، ژ١، ١٩٩٥/١١/٢٥" ژ٦، ١٩٩٦/٢/٩" ژ٧، ١٩٩٦/٢/٢٠" ژ٩، ١٩٩٦/٣/١٩.
- گۆڤاری دۆزینەوە، ژ(٠، ١)، ١٩٩٧" ژ(٢, ٣)، ١٩٩٨.
- گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژ١، س٢٠٠٠،١.
- گۆڤاری ڕۆشنبیری نویٚ، ژ١١٢، ١٩٨٦.
- گۆڤاری یاسا پارێزی، ژ١، س١، ١٩٩٦.

– بە زمانی عەرەبی:

**کتێب:**

- محمد جميل شلش، اللغة و وسائل الاعلام الجماهيرية، الموسعة الصغيرة (٢٦٠)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.
- د.محمد حسن عبدالعزيز، لغة الصحافة المعاصرة، السلسلة الثقافية، المركز العربي للثقافة والعلوم، بيروت، ؟
- گۆڤار:
- نهر، د.هادي، اللسانيات والاعلام التأثر والتأثير، مجلة التوثيق الاعلامي، المجلد السابع، ع٢، س٧، بغداد، ١٩٨٨.
- **به زمانی فارسی:**
- **کتێب:**
- زهرا باقرايان نژاد اصفهانی، روزنامه و ڕوزنامەنگاری در ايران، انتشارات مولانا اصفهان، ١٣٧١.
- د. كاظم معتمد نژاد، روزنامەنگاری، چاپ چهارم، تهران، ١٣٧٢.

# ڕەخنەی درامی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا

## (باشووری کوردستان١٩٨٠- ١٩٨٦)

## پێشەکی:

ڕەخنەی درامی و شانۆیی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کوردیدا پشکی زۆر کەمی بەرکەوتووە[1]، لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا زۆرتر باس لە دەقی شیعر و هونەرەکانی پەخشان کراوە،کەچی بە پێچەوانەوە،مێژووی شانۆ لە قۆناغەکانی بەرەوپیشەوەچوونی بیرو هزری مرۆڤایەتییدا ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی بینیوەو بەرلەوەی نووسین و خوێندنەوە و چاپەمەنی دابێت ، وەکو هۆکارێکی سەرەکی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا بەکارهاتووەو ویژدانی خەڵکی هەژاندووە.

### کورتەیەك لە بارەی ڕێبازە ڕەخنەییەکانی دراما

بـۆ تێگەیشـتن لـە کلاسـییزم ( لـە تـەکیا دراما) سـەرەتا دەبـێ لـە پرەنسـیپەکانی ئیستاتیکاوە،کە بەپرەنسیپی کلاسییزم دادەنرێت دەست پێبکەین، ئەمەش لەئەنجامی ئەو پێشـکەوتنە دوورو درێـژەی لـەکاری شـانۆیی و گفتوگـۆیی ڕەخنەییـەوە هاتووە،بنـەما سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازە لە شانۆگەرییە کۆنـەکانی یۆنـانی و ڕۆمانەکانـدا بەشـێوەیەکی پـیرۆز ماوەتـەوە و بـە زمـانێکی مـەزن دەنووسـرا، کـە تیایـدا عـەقڵ پایەیـەکی بـەرزی داگیرکردووە،بەو پێیەش لە هونەری کلاسییزمدا سیستەم(نڤام)یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئاراستەی هونەرەکەی لـەژێر کۆنترۆڵـدا بێـت . ئەرسـتۆ( ٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) لە کتێبی هونەری شیعر یەکەم کـەس بـووە یاسـای بـۆ دراما دانـاوە ، ئـەو بنـەما و یاسایانەی ئەرستۆ ئامـاژەی پێکـردوون ڕێبـازێکی هێنایـە کایـەوە، کـە ئێسـتا بـە درامـای کلاسییزم ناودەبرێت .

---

[1] : بە هاوبەشی لەگەڵ کاك کەیفی محەمەد عەزیز.لە نامەکەی بە ناونیشانی ڕەخنەی درامی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی باشووری کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١،

## ڕەخنەی کلاسیزم: ( یۆنان ، ڕۆمان )

**سێ یەکەکە :**

– یەکەی ڕووداو ( بابەت ) : بریتییـە لـەوەی، کـە ڕووداوی زیـاد و لاوەکـی تێکـەڵ بـە ڕووداوی بنچینەیی نەبن ، بابەتەکە یەك بابـەت بێـت و سـەربەخۆیی خـۆی هـەبێت . بۆیـە ئەرستۆ دراما دەکات بە دوو بەشـەوە "تراژیـدیا ، کۆمیـدیا " (( جیـاوازی نێوانیـان تـەنها ڕووداوە ، تراژیدیا بابەتەکـەی کـارێکی بـەرزە و جـەرگ بـڕە ، کۆمیـدیا بابەتەکـەی گاڵتـە جاڕییە و ڕووداوەکانی لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگرتووە. ))١.

– یەکەی کات : بۆ ڕوودانی کاتی ڕووداوەکانی دراما نابێ لەماوەی خولانەوەی شـەو و ڕۆژێکدا تێپەڕ بکات .

– یەکەی شوێن:زۆربەی شانۆگەرییە یۆنانییەکان لاسایی کارێك دەکەنـەوە و لـە تـەنیا یەك شوێندا ڕوودەدەن، بەمەش شوێنی زۆربەی ڕووداوەکان لە کۆشـکێك یـاخود سـنووری شارێك دەرناچێت یەکەی شوێن هیچی دەربارەی نەزانراوە تا ئـەو کاتـەی (ف. مـاجی) لـە ساڵی ١٥٥٠ زاینی باسی کرد و دواتر شلیگڵ دووپاتی ئـەم ڕاستییەی کـردەوە لـە سـاڵی ١٨٠١ کاتێك لە وانە وتنەوەکانیدا بەراووردی نێوان کلاسـیك و ڕۆمانسیەتی دەکرد )٢.

قەزاو قـەدەر: پێویسـتە تـەوەرەی ڕووداوەکـان بـن و ئـەو دەسـتە شـاراوە و نهـێنی و نەبیندراوەیە،کـە بـەبێ ئـەوەی مـرۆڤ ئـارەزووی لەسـەر بێـت دەیجووڵێنێـت و واشـدەکات زەمینە خۆشکەربێت بۆ هاتنەکایەی تراژیدیا بـەبێ ئـەوەی پاڵـەوان هەسـتی پێبکـات و (( ڕۆڵی باڵای گێڕاوە لەڕووداوەکانی درامای یۆنانی و ڕۆمانییەکان وەکو لە دراماکانی ئۆدیب و هیپۆلێت و میدیاو ئەفجینیا))٣ ، بەڵام دوای سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانییەکان بە تایبەتی لە

---

[1]: د. محمد غنیمی هلال ،النقد الادبی الحدیث ، ص٥٧٤.

[2]: درینی خشبة ، اشهر المذاهب المسرحیة ، ص١٨.هەروەها بڕوانە: د.هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان،ل٢٨.

[3]: جمعة احمد قاجة ،المدارس المسرحیة وطرق اخراجها ، ص١٣ .

سەردەمی کلاسییزمی نوێدا لادان لە یاسـای قـەزاو قـەدەری دراما ڕوویـدا، بەمـەش دراما ماناکەی قووڵتر بوو لە(( لە تراژیدیادا تاك دەوری سەرەکی هەیـە ، هـەر کەسـێك ئـەنجامی کارەکەی خۆی وەردەگرێ وەك درامـای (ڤیـدرا)ی ڕاسـین ، پاڵـەوانی تراژیـدیا سـۆزەکەی سەردەکەوێ بەسەر کارەکەیدا دەبێتە قوربانی گوناهەکەی))١ ، بۆیە لە سەردەمی کـۆڕنێ و ڕاسین (( فراوان بوونێك لە تێگەیشتن بـۆ (هامارتیـا) ڕوویـدا ، چـونکە پاڵـەوان ئاگـادارە لەهەموو کردەوەکانی خۆی))٢.

گـەورەیی زمـان (عظاميـة اللغـة): لـەدراما کلاسـییزمەکاندا ئاخـاوتنێکی ئاسـت نـزم دەرنابڕدرێ ، کـە نـەگونجێ لەگـەڵ مـەزنی کەسـایەتییەکان بۆیـە دەبێـت زمانەکـە لەتـەك ئاستی هۆش وتاقیکردنەوەی ژیانی کەسایەتییەکانی ناو دراماکەدا بگونجێ.ئیویستە تراژیدیا بەشێوەیەکی شعری بەرز بنووسرێت و گوزارشت لە چینی باڵای کۆمەڵ بکات، پاراوو ڕەوان بێ و ژیری بدوێنێت ونابێ زمانی دەقە تراژیدییەکان کاری زەخرەفەیی تێدا بکرێت .

تراژیدیا دەبێت چارسەری کێشەی کۆمەڵ بکات بەگشـتی نـەوەك چارەسـەری کێشـەی تاکێك ، بایەخـدان بەگشـت و بـە کۆمـەڵ بنچینەیەکی دیـاری کلاسـییزمە، بۆیـە پاڵـەوانی تـاکڕەو زۆر کـەم و بەدەگمـەن دروسـت دەکـەن ، بەدەگمـەن سەرگوزشـتەو چـیرۆك و کارەساتی خۆیی یان هی تاکە کەس دەگێڕێتەوە، بۆیە لەبەرهەمە شانۆییە کلاسییزمەکاندا تراژیدیا ، تراژیدیای کۆمەڵێك خەڵکە یان هی میللەتە نەك هی تاکە کەسێك، بۆ نموونـە لای (یۆرپیـدس) لـە درامـای (ئـەڤجینیا لـە یۆلیسـس) کێشـەی شـانۆ نامەکـە پەیوەنـدی بەبەرژەوەندی و شەرەفی گشت یۆنانەوە هەیە ، یاخود لە ئۆدیپۆس بەپاشایی شاکارەکەی سۆفۆکلیس ، پەیوەندی بەنـەفرەتێکی یەزدانیـەوە هەیـە کـە گشـت خەڵکەکـەی خسـتۆتە گێژاوێکەوە ، یان شانۆنامەی (سوار)ی ئەسخیلۆس پێوەندی بە شکۆداری و بەرگری گشت نەتەوەکەیەوە هەیە . (٣) کۆمیدیاش دەبوو چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی

---

[١]: د.محمد غنيمي هلال ، النقد الادبي الحديث ، ص ٥٧٦ .

[٢]: فرانسيس فرجسون ، فكرة المسرح ، ت- جلال العشري، ص١٢١-١٢٢ .

[٣]- د.فەرهاد پیربال ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل ٣٤ .

بکردایە ، زۆربەی جار کۆمیدیا ڕووکەشانەو بازاڕیانە باسی کێشەکانی دەکرد و هەندێك جار دەگەیشتە ئاستی شەرمەندەبوون.

یەکێتی بابەت و یەکێتی ئاواز: کاتێك تارمایی ترس و بەزەیی باڵی بەسەر کەش و هـەوا تراژیدیاکە دەکێشا، لای یۆنانیەکان بۆ هێورکردنەوەی مێشکی بینەر کۆڕس،سروودو سەماو گۆرانیان دەچڕی،چونکە دیمەنە شانۆگەریەکان دەبوو جۆرێك لە هاوگونجانی لەگەڵ جۆری ئاوازەکەدا هەبێ . بۆیە کلاسییزمەکان لەگەڵ ئەوەدانەبوون دیمەنی کوشـتن وتونـدو تیـژی لەسەر شانۆ نمایش بکرێ ، بەمەش (لای یۆنانیەکان دراما دابەشی سەر سێ بەش یان چوار بەش دەکرا بەڵام لای ڕۆمانیـەکان درامـا دابەشـی پێـنج بـەش دەکـرا و بەدرێـژایی مـاوەی کلاسیکیەت هەربەم شێوەیە مایەوە)١ .

مەزنیی کەسی شانۆیی (عقامیە الاشخاص المسرحیە): لای یۆنانی و ڕۆمانییەکان لە نێو دەقی دراماکانیانـدا بەتایبـەتی لـە تراژیـدیادا ( ئـەو کەسـایەتییەی بـە ڕۆڵـە سـەرەکییەکە هەڵدەستا دەبووایە مرۆڤێکی خانەدان و خاوەن شکۆبێت یان شا و شاژن یان مـیرو گـەورە پیـاوانی ئـاینی بـن، لـە کۆنـدا ئـەوان سەرچـاوەی دەسـەڵات بـوون)٢ ، بـەڵام لـە کۆمیـدیا (کەساییەتییەکان لەچینی ناوەڕاست یاخود ڕەش و ڕووتی خەڵك بوو، بۆیـە کۆمیـدیا نـابێ سنووره کێشراوەکەی خـۆی ببـەزێنێ)٣، بـەڵام لەسـەردەمی دوای یۆنـانی ڕۆمانیـەکان بـۆ تێگەیشتن لەچەمکی کەسـایەتییەکانی نـاو درامـا لادان ڕوویـدا ، لـە سـەردەمی ڕێنیسـانس یاسـاکانی (ئەرسـتۆ و هـۆراس )داڕشـتنەوەیەکی نـوێی بۆکرا،ئـەم داڕشـتنەوەیە لـە لای (ماکیاڤللی و ئەرستۆ و ئەریتنۆ) خۆی نوانـد ، بۆیـە ماکیـا ڤیلـی ڕێنمـایی ئـەریتنۆ دەکـاو دەڵێ:

(من وێنەی خەڵك دەکێشم وەکو هەیە ، نەوەك وەکو پێویستە هەبێ ) ئەمەش دەست پێکردنی هێڵێکی درامی نوێ بوو لە کۆتاییدا گەیشتە بن بەست لەلای کلاسیکیە نوێیەکان و

---

١- دريني خشبه ، اشهر المذاهب المسرحية ،ص ١٩ .

٢- اشلي ديوكس، الدراما ،ت: محمد خيرى، ص١٦.

٣- د. محمد غنيمي هلال ، النقد الادبي الحديث ، ص ٥٧٤ .

ڕێبازە کانی دواتری ، کە توانیان لەناو شـانۆگەرییەکانیاندا پاڵـەوانی وەهـا دروسـت بکـەن دەربڕی ناخی سەردەمەکەی خۆی بێت (١)

کریستۆفەر مارلۆ بەدرامای(د. فاوس)، تۆمـاس کیـد بـە درامـای (تراژیـدیای ئیسـپانی) شکسپیر بە درامای (هاملێت) گۆڕانکارییان بەسەر ئەم یاسایەی درامای کلاسییزمدا هێنـا و هەست و ناخی دەروونی پاڵەوانیان دەخستـەڕوو چـونکە لـە کلاسـییزمدا ((عـەقڵ پایـەکی بەرزی هەیە لەبری سـۆز ، هۆکـاری عـەقل هێزێکـی زۆری لـە هونـەری کلاسـییزمدا هەیـە ، دەبێـت سیسـتم (نـڤـام) یـەکێك بێـت لـە تایبەتمەندییـەکانی بـۆ ئـەوەی بتـوانێ ئاراسـتەی هونەرەکەی لەژێر کۆنترۆلی دابێت)٢.

## سیما و ڕواڵەتەکانی کلاسییزمی نوێ

ڕێگەدان بەهەبوونی گرێیەکی لاوەکی یان پتر ، بەمەرجێك کە گرێ سـەرەکییەکە لاوازو بێ هێز نەکات.

ئەگەر هاتوو یەکـەی کـات درێـژتر کرایـەوە لەدەورەیـەکی تـەواوی خـۆر (٢٤ کاتـژمێر) تێپەڕی کرد، ئەوا زیانبەخش نییە بەڵکو دەتوانرێ بۆ سێ دەورە درێژبکرێتەوە (سێ ڕۆژ ) هەرچەندە راسین کاتەکەی کەم دەکردەوە لە دوو یان سێ کاتژمێر پتر نەبێت .

یەکەی شوێن ئەگەر ماوەیەکەی و سنورەکەی فـراوانترو درێـژتر بکرێتـەوە ڕێگەگریـەك لەگۆڕێ دانابێت بەجۆرێك شارێك هەموو بگرێتەوە یان کۆشکێك سەرانسەر ...ئەگەر هـاتوو شوێن گۆڕدرا ڕووداو لەسنوری شارێك یان کۆشکێك نەچێتە دەرەوە.

کلاسییزمی نوێ : کۆرس و سنور گرتن لەخۆ ناگرێـت و خۆشەویسـتی و ئارەزووەکـانی دەروون، جێگەی قەزاو قەدەری یۆنانی دەگرێتەوەو تـەوەرێك دەبێـت هـەموو ڕووداوەکـان لەدەوری خۆی کۆدەکاتـەوە (٣) لـەکۆی هـەموو ئەولادانانـەی کـە لـە بنـەماو ڕیسـاکانی درامای یۆنانی و ڕۆمانیەکان و دواتر کلاسییزمی نوێ ڕوویدا کەلەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا ڕێبازێکی تر پەیدابوو شوێنی کلاسییزمی گرتەوە و بەڕێبازی ڕۆمانسییزم ناوەزەند کرا .

---

[1]- د. رشاد رشدي ، نظرية دراما من الارستو الى الآن، ص ٧٧ ٠

[2]- جيرالد ايدس بنتلي و فرد ٠ ب٠ ملت ، فن المسرحية ، ت: صدقي حطاب ، ص٢٩٩ ٠

[3]- درينى خشبة ، اشهر المذاهب المسرحية ، ص٧٠-٧١٠.

## ڕەخنەی ڕۆمانسییزم:

یەکێك لەگرنگترین پرەنسیپەکانی درامای ڕۆمانسـییزمی، سەربەسـتی و ئازادییـە (( لـە کـۆت وپێوەنـد و کلێشــەی ئامــادەکراو، لەگشــت داب و ڕەســم و نــەریت و یاســایەکی کلاسـییزمانە و کـۆن، ئـازاد بـوون لەگشـت بەربەسـت و سـنوور و کـۆتێکی کۆمەڵایـەتی، بـەرەڵابوون پـڕ بـە گیـانی ئـارەزوو))١ ،بەمـەش شـانۆ ئـازاد بـوو لەوسـێ یەکێتیـەی، کـە کلاسییزمەکان وەکو یاساو ڕێسایەك پابەند بوون پێیەوە، چونکە درامانووسـانی سـەر بـە ڕێبـازی ڕۆمانسـییزم پێیـان وابـوو ئـەم سـێ یەکێتییـە سـنووری دراماکانیـان بـەر تەسـك دەکاتەوەو لەهەمان کاتـدا ئـەم سـێ یەکێتیـەیان دەگەڕانـدەوە بـۆ بنـەماکانی کلاسـیزم و ئەرستۆ،هەرچـەندە (شکسـپیر) پـێش هـاتنی سـەردەمی درامـای ڕۆمانسـییزم ئـەم سـێ یەکێتیەی لە دراماکانی خۆیدا تێك شکاند، دواتر درامانووسانی سەر بە ڕێبازی ڕۆمانسییزم شکسپیریان کردە بنەمایەك لە بنەماکانی نووسینی دراماکانیان،بۆیە ڕۆمانسییزمەکان وەکو شکسپیر(لە دراماکانیاندا جگە لە گرێ سەرەکیەکە چەند گرێیەکی لاوەکیـان بـاس دەکـرد، چەند چیرۆکێك لە دراماکانیاندا کۆکراوەتەوە، چـیرۆکی لاوەکییـان خسـتۆتە نێـو چـیرۆکی سەرەکی یەوە بۆ ئەوەی لە بینینیاندا چێژ وەربگیرێ)٢ تێکـەڵکردنی ئـەم گـرێ و چـیرۆکە لاوەکییانە، بە گرێ و چیرۆکە سەرەکییەکان دەبووە هۆیەك بـۆ دروسـتکردنی کەشـێکی وا لە دراماکانیاندا، کە لە ناخۆشترین ساتی دراماکەدا دەخاتە پێکەنین بـەهۆ ی گیـانی نـەرم ونیانی یاخود بەهۆی گاڵتەجاڕی.هەرچەندە سەردەمەکەی شکسپیر سەردەمی ڕۆمانسییزم و درامـای ڕۆمانسـی نـەبوو، بـەڵام ئـەم کـارەی (شکسـپیر) بـۆ بلیمـەتی و لێهـاتوی خـۆی دەگەڕێتەوە، کەدواتر هێزو تـینی بەخشـیە درامـای سـەردەمی ڕۆمانسـیزم ، چـونکە دوای سەدەیەك ئینجا بەرهەمەکانی شکسپیر بە ئەوروپا ئاشنا کرا،ئەمەش هـەوڵێك بـوو لەلایـەن ڤۆڵتیرەوە درا بۆ مەبەستی چەسپاندنی بنەماکانی درامای ڕۆمانسییزم (یەکەم لاپـەڕە، کـە مـن خوێندبێتمـەوە دەربـارەی (شکسـپیر) وای لێکـردم ببمـە دیلێـك تـا هەتایـە ... بـۆم

---

١- ئەحمەد سالار، ڕێبازەسەرەکیەکانی ئەدەب و هونەر ، ل ١٧ ٠ هەروەها بۆ خاسیەتەکانی درامای ڕۆمانسیی بڕوانە: د.هیمداد حوسێن ، ڕێبازە ئەدەبییەکان،ل٨١- ٨٢.

٢- درینی خشبة ، اشهر المذاهب المسرحیة ، ص ٩٨ ٠

بەدەرکەوت، کە یەکەی شوێن زۆر هیلاکە، بەڵام یەکەی ڕووداو و کات کۆتێکی گرانەو تەنها خەیاڵ کەلەبچەی دەکات)١،چونکە شکسپیر بە شێوەیەکی ڕێکوجوان توانیویەتی دەروونی کەسـایەتییەکانی نـاو چـیرۆکەکانی شـی بکاتەوە،بۆیـە ڕۆمانسـییزمەکان بەرهەمـە شانۆگەریەکانی شکسپیریان بە پیرۆزو نەمر دەزانی لـە هـەمان کاتیشـدا ڕێگەخۆشـکردنێك بوو بۆیان بۆ ئەووەی زیاتر پرۆپاگەنـدە بـۆ ڕێبـازی دراماکانیـان بکەن،چـونکە (تیـۆڕوانینی ڕۆمانسـیـەت بـۆ چـەمکی شـانۆ زنجیرەیـەك دیمـەن و ڕووداوە لــە کــات و ســاتی جیاوازدا،نووسەری شانۆی ڕۆمانسی خۆی بە ئازاد دەزانێ لە دیاریکردنی دەق و چۆنیەتی پێشـکەش کردنـی بەشـێوەیەك کـە لـە سـەردەمی کلاسـیکیەتدا نـەبووە)٢ هـەر بۆیـە ڕۆمانسییزمەکان دراماکانیان بە شێوەی پەخشان دەنووسیەوە لەبری بـە شـیعر نووسـین، چونکە پەخشان بـەبیر و ڕای ڕۆمانسییزمەکان زیـاتر کاریگـەر تـرە لـە شـیعر ( لەدیـدگای ڕۆمانسیەکان پەخشان زیاتر دەتوانێت چارەسـەری کێشـەکانی ژیـان و کاروبـاری کۆمـەڵگا بکـات)٣ بۆئـەم مەبەسـتەش بابەتـەکانیان دەربـڕی سـاتە وەختیـەکان بـوو ، هەربۆیـە درامانووسـانی ڕۆمانسـی پێیـان وابـوو نووسـین بەپەخشـان مـەودای فـراوانترەو دەتـوانرێ بەسەربەسـتی بـە ڕەهـایی گوزارشـت بکـەی لـە ڕووداوەکان،خـەیاڵ داڕشـتن لـە پەخشـان ئاسانترە وەکو لەشیعری کلاسییزم، کە کردبوویانە بنەمایەك بۆ داڕشـنتی دراماکانیـان. لـە شیعردا کۆت و بەندی قافیەو سەروا لەمپەرە لەبەردەم داڕشتنی بابەتەکانیان ( بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لەگەڵ شیعر نەدەگونجا و نووسینی دراما بۆ جەماوەرێکی کەم نییە، بەڵکو ئاراستەی جەماوەرێکی فراوان دەکرێ لەچینی ناوەنـد و چـینی گشـتی خـەڵك، کەدەیـەوێ لەخۆی تێ بگاو خۆی بناسێ)٤ لەگەڵ شێوازی پەخشان بۆ نووسینی دراماکانیان ، جۆرێك لە درامایەکی تر پەیدابوو، کە پێی دەوترێت (میلۆدراما*) بەمەش تێکەڵ یەك بوو ( لە سێ

---

-١ لويس فارغاس ، المرشد الى فن المسرح ، ت: أحمد سلامة، ١٥٧ ٠

-٢ جيرالد ايدس بنتلي – فرد ٠ ب٠ ملت ، فن المسرحية ، ت: صدقي حطاب ، ص٣١٧ ٠

-٣ د. سالم أحمد الحمداني ، مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث ، ص ١١٠ ٠

-٤ علي جواد الطاهر ، مقدمة في النقد الادبي ، ص ٢٠٧ ٠

* میلۆدراما ، دراما نووسانی ڕۆمانسیزم بەهۆی ئەم جۆرە شانۆییەوە بەربەرەکانی کلاسیکیان دەکرد، کە ناشێ هونەری شانۆ تەنیا لە تراژیدیاییەکی خەمناك یان کۆمیدیاییەکی پێکەنیناوی کۆبکرێتەوە،چونکە

یەکێتیەکەی سەردەمی کلاسییزم ، کە بەهۆیـەوە درامایـەکی میللـی تێکـەڵ لـە کۆمیـدیا و تراژیدیا دروست دەبێت و شێوازێکی پەخشانی میللی لەخۆدەگرێ)١.

لەسەردەمی ڕۆمانسییزم درامـای شـیعری بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ڕووی لـەکزی کـرد و زۆربەی نووسەران بۆ نووسینی دراماکانیـان پەخشـانیان بـەکاردەهێنا، چونکە(هەرکەسـێك توانای نوسینی هەبێت دەتوانێت دراما بنووسـێت بـێ ئـەوەی شـاعیر بێت،بۆیـە پەخشـان پێگەیەکی بەرزی لەداهێنانی ئەدەبدا داگیر کرد)٢، بۆئەوەی بە شێوازی نووسینی پەخشان زیاتر بتوانن ڕووی ڕاستەقینەی ژیـان دەربخـەن و خۆیـان لـە زمـانی ڕۆژانـەی خـەڵك نزیـك بکەنەوە بتوانن زیاتر کێشەو گیروگرفتەکانی چـینی ناوەنـد دەربخـەن، چـونکە گونجانـدنی ئەم کێشـەو گـیرو گرفتانـە لەگـەڵ شـیعر تاڕادەیـەك زەحمـەتی تێدابوو.بەمـەش پاڵـەوانی درامای ڕۆمانسییزم ئاوێنەیەك بووە بۆ ڕەنگدانەوەی کەسـایەتی نووسـەرەکەو ئەوبابـەت و باسانەی،کە لەلایەن نووسەرەوە ئاڕاستەی کۆمەڵگا کراوە، توانیان لە ڕێگەی پاڵەوانی نـاو شانۆگەریەکانیاندا ئەو هەست و سۆزو بیرەی لەلای درامانووس هەبووە بیگەیەنێتە بینـەر، بۆیە سروشتی نووسـینی ئـەو جـۆرە باسـانە وای پێویسـت دەکـرد بابـەتی یەکـەی کـات و شـوێنی کلاسـییزمەکان فـەرامۆش بکـرێ، بـەڵکو باسـەکانی نێـو شـانۆگەری ڕۆمانسـییزم پەیوەندی بەکات و شوێنی ئەو وڵاتانـەوە هـەبوو کـە ڕووداوەکـانی لـێ وەرگـیراوە، لـەپاڵ ئەمەشدا مەبەستیان وێنە کێشانی لایـەنی ڕەوشـت و نەریتـەکانی سـەردەم بـووە بەمـەش شانۆگەریەکانییان جۆرێك لە مۆرکی ناوچەیی پێوەدیار بووە،چونکە ڕۆمانسییزمەکان بێزار ببوون ( لـەوەرگرتنی بابەتـە کۆنـەکانی یۆنـان و ڕۆمانییەکان،بۆیـە بانگـەوازیان هەڵـدا بـۆ

---

ئەگەر وابێ شانۆ نابێتە ئاوێنەی ژیان و ئەو ئەرکەی لە نیشاندانی ڕاستیەکانی ژیان بە ناتەواوی بەجێ دەگەیەنێ، بۆیە درامانووسانی ڕۆمانسیزم پێیان وابوو ژیان لە شێوە گشتییەکەیدا نەتراژیدیایەکی خەمناك و نەکۆمیدیایەکی پێکەنیناوییە ، بەڵکو لەیەك کاتدا گریان وپێکەنین لەخۆی دەگرێت ، یاخود ژیان لەڕەنگە گشتیەکەیدا نەڕەشەو نەسپییە، بەڵکو بەلای خۆڵەمێشی دادەچێ واتا تاڕادەی دڵتەزێن نامان گرێنێ تاڕادەی قاقا لێدانیش نامان خەنێنێ، بۆیە میلۆدرامای سەردەمی ڕۆمانسیزم ناگاتە ڕادەی تراژیدیایەکی تەواو کۆمیدیاکی تەواو،بەڵکو تێکەڵە لە هەردووکیان. بڕوانە: د.هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل٣٩.

[1]- د. محمد غنيمي هلال ، الرومانتيكية، ص٢١٩ .

[2]- علي جواد الطاهر ، مقدمة في النقد الادبي ، ص ٢٠٨ .

بەكارهێنانی مێژوویی هاوچـەرخ لـە بابەتـەكانیان، چـونكە پێیـان وابـوو بابەتـە كۆنـەكانی یۆنانی و ڕۆمان لەگەڵ كێشەی سەردەمەكەیاندا نایەتەوە))١.

## ڕێبازی ریالیزم و شانۆی داستانیی ( برێخت )ی :

قۆنـاغی پـێش پەیـدابوونی ریالیزم،ڕۆمانسـیزم بـوو، ئـەمیش لـە ڕوانگەیـەكی دەروونییەوە دەیڕوانیە گشت بارودۆخەكنی ژیان.ڕۆمانسیەت پێـی وابـوو هەسـت وسـۆزی مرۆڤ سەرچاوەو كانگای هەموو ڕاسـتی و دروسـتیەكە، بۆیـە گرنگیـان زۆر بەلایـەنی ژێـری نەدەداو خۆیان نوقمی خەیاڵ و ئەندێشە كردبوو، بەم جۆرە كارە ئەدەبی و هونەریەكانیان دەڕازاندەوە دواجار بوە هۆكارێك بۆ ئەوەی لەناو خەڵك متمانەو ڕەواجی خۆیـان لەدەسـت بدەن.بۆیە نووسەران بۆ نووسـینەكانیان هەوڵیانـدا جـۆرە ڕێبـازێكی تـر پەیڕەوبكـەن، كـە بتـوانێ گـیرو گرفتـەكانی ڕۆژانـەی خـەڵكیان بـۆ چارەسـەر بكـات، لەگـەڵ ئەمەشـدا دوای شكسـتی نـاپلیۆن لـە شـەڕی واترلـۆی سـاڵی ١٨١٥ و بڵاوبوونـەوەی فەلسـەفەی پۆزەتیڤیزمی(ئۆگست كۆنت) ڕێگا خۆشـكەربوون بـۆ ئـەوەی ڕێبـازێكی تـر سـەر هەڵبـدات بەناوی ریالیزم(لەڕووی ئیستاتیكاوە ئەوەیە كە هەر شێوەیەك لەشێوەكانی هونـەر ، كـە دژی ئایدیالیزمی واقع بێت،واتا بەر پەرچ دانەوەی ئەو شـێوانەیە، كـەواقع بـەلای خـەیاڵ و سـۆز دەبەن،هـەوڵ و كۆشـش دەكـات شـتەكان وەكـو خـۆی پیشـان بـدات ))٢یـەكێك لـە نووسەرە هەرە دیارەكانی بواری درامای سەر بەم ڕێبازە (ئیپسن)ی نەرویجییە، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی مانفێستەكەی (كـارل مـاركس) دەركـەوتنی تیـۆری (داروین) لـەبارەی دروست بوونی مرۆڤەوە،هەموو ئەو بیرو ڕایانەو ڕووداوە سیاسـی و كۆمەڵایەتییـەكانی ئـەو سەردەم لە نووسینەكانی (ئەپسن)دا ڕەنگـی دایـەوە بـە تایبـەتی لـە بەرهەمـەكانی (مـاڵی بووكە شوشە ١٨٧٩)، (تارماییەكان ١٨٨١)، (دوژمنی گەل ١٨٨٢)، (مراوی كێـوی ١٨٨٤) بەتەواوی پەیڕەوی ڕێبازی ریالیزمی كردووە.بۆیە نووسەرانی سەر بەم ڕێبـازە ویسـتویانە كاتێك خوێنەر بەرهەمەكانیان دەخوێنێتەوە یان سەیریان دەكات دەبێ هەسـت بـەوە بكـا، كـە بەشـێكە لـە ژیان.شـانۆی ڕیـالیزمی نایـەوێت بەشـێوەیەكی ئەندێشـەیی بچـێتە سـەر

---

[1]- خورشید رەشید ، ڕێبازی ڕۆمانتیكیەت لە ئەدەبی كوردیدا ، ل ٣٩ ٠

[2]ـ ئەحمەد سالار ، ڕێبازە سەرەكیەكانی ئەدەب و هونەر ، ل ١٩٨ ٠

تەختەی شانۆ بۆ مەبەستی وروژاندنی هەست وسۆزی خەڵکی، بەڵکو زۆربەی شانۆنامە ڕیالیزمییەکان باسی مرۆڤایەتی دەکەن و داوای خۆشی و بەختیاری بۆ خەڵکی دەکەن. ((گرنگیان دەدا بەوێنە کێشانی واقعی ژیان و تۆمارکردنی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان)١ ،چارەسەری کەم و کورتییەکانی ناو کۆمەڵ دەکەن وهەستی مرۆڤایەتی وهونەری خەڵك زیاد دەکەن، بەمەشەوە دەچنە قوولایی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگاوەو کەسایەتی نێودەقی دراماکانیان لە ناوجەرگەی ڕووداوە واقعیەکانی نێو کۆمەڵگاوە وەردەگرن بەشێوەیەکی سادەو ساکار کەسایەتییەکانیان دەردەخست جا ئەو کەسایەتییانە لەهەر چینێك و ئاستێکدابن، واتا وەکو خۆی چۆتە لەواقع بەهەمان پێوەری ئەو واقیعە دەیان خستە بۆتەی دەقی دراماکانیانەوە (ڕیالییزم موژدەی هیچ شتێك نادات و بانگەشە بۆ ڕەفتارێکی تایبەتی ناکات، بەڵکو هەموو ئامانجی تێگەیشتنی واقیعی ژیانەو لێکدانەوەی بەو جۆرەی کە دەیبینێ)٢، لەبەرئەوەی درامانووسی ڕیالییزمی زیاتر باسی خۆی ناکات، بەڵکو خۆی لەبیر دەکات و لەبارەی گواستنەوەی ئەو ڕاستیانەی وەریدەگرێت بێلایەن دەبێت ، بۆیە کرۆکی شتەکان وێنە دەکێشێ و گرنگی نادات بە شتە لاوەکییەکان،کە تەنیا بەڕێکەوت دەردەکەون، بەمەش هاوکێشەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات و بێ ئەوەی نووسەر دەستکاری یاراستەوخۆ تێکەڵاوی هەست و سۆزی خۆی بکات . بەو پێیە بە سەرنج دانمان لە بەرهەمە درامییەکانی سەر بەو ڕێبازە ئەم ڕاستییانەی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.لەوانە بەرهەمەکانی ئیپسن (بازنەی گەچینی قەوقازی*) یاخود لە شانۆگەری (تارمایییەکان)دا دەبینین بە تەواوی کاریگەری

---

[1] ـ د. سالم أحمد الحمداني ، مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث ، ص ١٦٨ .

[2] ـ د.محمد مندور، الادب و مذاهبه، ص ٩٨ .

*ناوەڕۆکی دراماکە باسە لە دوو بابەت دەکات: کێشەی زەوی، کێ مافی خاوەندارییەتی هەیە؟ ئایا موڵکی ئەو کەسەیە بەوەرەسە بۆی ماوەتەوە و بەوشکی و بەیاری جێهێشتووە، یان موڵکی ئەو جوتیارەیە،کە ڕەنجی تیا کێشاوەو دایچەندووەو بەرووبومی هەڵگرتووەتەوە؟ بابەتییەکەم بێ چارە سەرمایەوە بۆ ئەوەی بەشی دووەم وەڵامی بداتەوە، هەرچی بابەتی دووەمیشە باسی کێشەی دایکی ڕاستەقینەو شیردەرە، سەبارەت بەوەی کامیان مافی هەڵگرتنەوە پەروەردەکردنی کوڕەکەی هەیە، چونکە دایکی ڕاستەقینە منداڵەکەی لەپێناو خۆڕازاندنەوەو گرنگی دان بەخۆی، پشت گوێ خست، ئەمە جگە لەخۆشاردنەوەی لەبەرپرسیارییەتە گەورەکانی

بارودۆخـە زانسـتییەکەی سـەردەمی خـۆی بەسـەرەوەیەو باسـی نەخۆشـی سێکسـی و بۆماوەیی دەکات، کە بریتییە لەپڕاکتیزەکردنی ئەو وتەیەی، کە دەڵێت: (گوناهی باوکەکان بۆ منداڵەکانی دەگەڕێتەوە))١،کە بەشێوەیەکی تراژیدیانە پێشکەشی کردووە.

**شانۆی داستانیی ( برێخت ) :**

لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا برێخـت بـەهۆی بەرهەمەکانییـەوە تـوانی شـێوەو شێوازێکی تـر بـە درامـای سـەردەمەکەی خـۆی ببەخشێت،بەمەشـەوە تـوانی گۆڕانێـك لـە ڕووخساری شانۆ بەدەست بهێنێ.ئەم درامایە بـوە هۆیـەك بـۆ چەسـپاندنی بـیرو بۆچـوونی سۆشیالیستی،ئەوڕێڕەوەی برێخت گرتیەبەر ناونرا شانۆی داستانی،چونکە داستان خۆی لە خۆیدا گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە ئەفسانەییانەیە،کە حەزو ئاواتی مرۆڤە دێرینەکانی لەشێوەی چیرۆك یاخود لە شێوەی درامایەك، کە بەئەفسانە هۆنرابێتەوە دەخستەڕوو، بۆیە ڕووداو و کارەسـاتەکان بـە شـێوەی گێڕانـەوە دەخاتـە ڕوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ناونـانی شـانۆی داستانی لەلایەن برێختەوە مەبەسـتی خـۆی هـەبووە،بۆ ئـەوەی بینـەر بتـوانێ بـە ئاسـانی جیاوازی لە نێوان شـانۆ باوەکـانی (کلاسـیك، ڕۆمانسـیزم، ڕیـالیزم .....هتد)بکات،چـونکە شانۆی داستانی کۆڵەگەی سـەرەکی لەسـەر ئـەو دیـالۆگ و شـێوە گێڕانەوەیەی،کـە لـەناو

---

منداڵ پەروەردەکردن، بەڵام بەڵام دایەنەکە شیری داوەتێ و تێری کردووەو تا گەورەی کردووەو جوان وسەرنج ڕاکێش بووە،هەموو ئەرکەکانی لەئەستۆ گرتووە،لەکۆتایشدا دایکە ڕاستەقینەکەدەیەوێت کوڕەکەبەدەستبێنێتەوە، دایەنەکەش ئەوە ڕەتدەکاتەوەو خۆی بەدایکی ڕاستەقینە دەزانێت و داوایەکی بۆ دادوەر بەرزکردەوە، ئەویش داوایکرد بەتەباشیر بازنەیەك بکێشن، منداڵەکەی لەناوەڕاستی بازنەکەدا دانا، پاشان فەرمانی بەدایك و دایەنەکە کرد هەریەکەیان بەتوندی منداڵەکە ڕاکێشن، هەرکەسێکیان بەخێرایی ڕایکێشامنداڵەکە بۆئەوە دایکەکە بەخێرایی منداڵەکەی ڕاکێشا بەشێوەیەك خەریك بوو پەلی دەربهێنێت، هەرچی دایەنەکەشە ئەوەی نەکرد، وەك سۆزێك نەبادا منداڵەکە توشی شتێك ببێت، دادوەریش بڕیاریدا منداڵەکە بدرێت بەدایەنەکەودایکەکەی بێبەشکرد،چونکە بەکەڵکی سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی کوڕەکە نایەت .

نوێگەری شانۆیی لای برێخت، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تەنیا کەسە لەڕیشەوە بەڕووی شانۆی خۆرئاوایی ئەرستۆیی دا ڕاپەڕێت، بۆیە شانۆیەکی بەناوی شانۆی نائەرستۆیی دامەزراند، کە لەسەر بنچینەی نامۆکردن و شکاندنی دیواری چوارم وبەکارهێنانی سینەما لەشانۆداو هانا بردنە بەر شانۆی دۆکیۆمێنتی بنیادنرابوو.

[1]ـ لويس فارغاس، المرشيد الى الفن المسرحية، ت- أحمد سلامة، ص ١٧٣ .

دەقە درامییەکاندا هەیە وەستاوە بەمەش زۆرجار کەسیەتییەکان وەکو حیکایەتخوانێك وان و ڕووداوەکان بە شێوەی گێڕانەوە دەگێڕنەوە.

شێوەی گێڕانەوەکەش دەبێ هەمان خاسیەت و تایبەتمەندی سەردەمە دێرینەکەی خۆی پێوەبێت،وەنابێت بەشێوەیەك بێت نووسەر تێك هەڵکێشی سەردەمەکەی خۆی بکات،بۆیە هەرسێ یەکێتیەکە (کات و شوێن و ڕووداو) تێکدەشکێنێ و گوێیان پێنادات، ئەم مەبەستەی برێخت لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە بتوانێ بینەری شانۆگەرییەکان تێکەڵ بە ئەتمۆسفێری نمایشە شانۆییەکان بکات و ببێتە بەشێکی کاریگەری نمایشی شانۆگەریەکە ((ئەم هەڵوێستەی بینەر یەکێکە لەوگۆڕانکاریەی کە درامای داستانی هێنایە کایەوە ))١،چونکە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و دروستکردنی ڕوحی چاودێری کردن لای بینەرو ووروژاندنی مێشکی بینەر و هاندانی بۆ ئەوەی بەرامبەر بەو بابەتە لێکدانەوەیەکی عەقلّی لا دروست ببێت و پەندو ئامۆژگاری لێوەربگرێ ((بەشێوەیەك بینەر هەست بەوە بکات ،کە ئەمە شانۆگەرییە بۆ ئەوەی لێی نەشێوێ و نەکەوێتە قولأیی گومانکردنەوە ))٢ بۆ ئەم مەبەستەش نووسەر ڕووداوەکان مۆنتاژ دەکات و وای لێدەکات گۆڕان لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر لەبری هەڵچوون و سۆز بەکاربهێنێ بۆ دەرخستنی ئەم لایەنەش نووسەرانی سەر ئەم ڕێبازەش پێیان وابوو کەنابێت شانۆ بابەتەکانی بەشێوەیەکی مێژووی بکاتە کەرەسە بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفت و ڕووداوەکانی سەردەم، بەڵکەو ئەو ڕووداو و ململانێیەی کەشانۆی داستانی نیشانی ئەدا ئەبێ بەچاوی بینەرانەوە نامۆو سەرسوڕهێنەربێت، چونکە لە شانۆکانی بەر لەبرێخت واباو بوو بینەر ملکەچی کەسایەتییە درامییەکان دەبوو ئەوانیش جورێك لەلاسایی کردنەوەیان پەیڕەو دەکرد، بەڵام لە شانۆی برێختدا (مافی بیر کردنەوەی بەبینەر دەدات و ملکەچی کەسایەتیە درامییەکان نابێت ئاکامەکەشی بەئاگا هیێنانی هۆشی بینەر بووە بۆ ئەوەی ڕەخنە بگرێ)٣ بەمەش بینەر نابێتە ئامرازێکی میکانیکی و بکەوێتە ژێر کارتێکردنێکی ڕووت بەڵکو دەبێت بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ڕووداوو

---

[1]- حەمە کەریم هەورامی، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا ، ل ٢٨٤ .

[2]- د. رشاد رشدي، نظرية الدراما من ارستو الى الآن، ص ١٩٣ .

[3]- د. سمير سرحان، تجارب جديدة في الفن المسرحي، ص ١٩٦ .

دیمەنەکان بکات لەو نامۆبوونـەی لـە ڕووداوی دراماکـەدا هەیـە بینـەر تێـی بگـات بەمـەش تەختەی شانۆ دەگۆڕێت بۆ پانتـایی کێشـمەکێش و کێبڕکـێ لـە پێنـاو بەشـداری پێکردنـی بینـەر و بـە دەسـتهێنانی سـەرنج وەرگرتنیـان بـۆ مەسـەلە کۆمەڵایـەتی و مرۆڤایـەتی و ڕامیارییەکان، ئەکتەر لەم شانۆیەدا گۆڕاوە بۆ پارێزەرێك، کە دیـالۆگی لـۆژیکی بـە بەڵگـەو پاسـاو بـەکاردەهێنێت بۆیـە ئـەرکی ڕۆشـنبیرکردن و شـۆڕش کردنـە دژی کـۆت و بەنـدە باوەکانی کۆمەڵگاو هاندانیان بۆ گۆڕان لـە ئەسـتۆ دەگرێـت، بۆیـە لـەم شـانۆییەدا ئەکتـەر تێکەڵ بە ڕۆڵی کەسایەتییەکەی نابێت و دوور دەکەوێتەوە بۆ ئـەوەی بـۆ بینـەری ئاشـکرا بکات کە ئەو تەنها نمایش دەکات، بەمەش دوور کەوتنـەوەی ئەکتـەر لـە ڕۆڵەکـەی بـەنامۆ بوون (تغریب) دادەنرێت.



**برێخت**

## ڕەخنەی درامی کوردی ١٩٨٠- ١٩٨٦

### ساڵی ١٩٨٠ :

تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی لە سلێمانی درامای (گوڵەمێخەك)ی پێشکەس کردوە،کە لە نووسینی (سمکۆ ناکام)ەو کـەمال سـابیر بـۆ شـانۆ دەریهێناوە.پوختـەی دراماکـە بـەم شێوەیەیە،کە لـە قەزایەکدا قوتابخانەیـەك دوو مامۆسـتاو بەڕێوەبـەرێکی هەیە،یـەکێك لـە مامۆستاکانی قوتابخانەکە زیرەکە و شاعیرە و ڕۆشنبیرە، بەلاّم مامۆستاکەی تر هەردەم لە پۆلـدا خومـاری شـەوەو چاوباشـقاڵەو لـە کۆلاّنەکانـدا بـەدوای ئافرەتـدا دەسـووڕێتەوە. بەڕێوەبەریش پیاوێکی دوو ڕوو و ترسنۆکەو هـەر خـەریکی مـەرایی کردنـە لەبـەردەم ئـەو قایمقامـە تازەیەدا،کـە بـە خـۆی و ژنێکـی سـفووری جوانـەوە هاتۆتـە قەزاکـە و سـەر لـە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان دەدات و گرنگی بە باخچەی گشـتی دەدات ، دواتـر باخچـە گشتییەکەی بۆ خێزانەکەی تەرخان دەکات.منداڵـەکان شـوێنی کۆشش کردنیـان نـامێنێ و بۆیە ڕۆژێك مامۆستا خومارەکە بە درۆ دەخەنـەوە، کـە کاتێـك باسـی ئەرکـەکانی دەزگـای دەوڵەت و باخچەی گشتییان بۆ دەکات، مامۆستاکە دەزانێ باخچەکە ژنی قایمقامی تیایـە، بۆیە ئەچێت بۆ سەیر کردنی بە بیـانووی ئەوەوە،کـە لـە قسـەی قوتابیـەکانی دڵنیابێ،کـە دەیـانوت باخچـەکە قـۆرخ کراوە،لـە ئەنجامـدا لەگـەڵ قایمقـام دەبـێ بـە شـەڕیان چـونکە قایمقیام بەسەر دادێت و دەبینێ مامۆستاکە سەرەتاتکێ لەگەڵ ژنەکەی ئەکات،لە ئەنجامی شەڕەکەدا مامۆستاکە لـە وەزیفەکـە دەرئـەکرێت و دەڕوات ئـەو ناوچـەیە بـەجێ دەهێڵـێ، منالـەکانیش تـۆی گوڵـە مێخـەکی پێشـکەش ئەکـەن چـونکە مامۆسـتاکە کـاتی خـۆی گوڵەمێخەکی خۆش ئەویست و لەیەخەی خۆی ئەدا (١).پاڵەوانی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە مامۆستاکەیە، کاتێك لەگەڵ قایمقامدا دەبێتە کێشەیان لەسەر باخچەکە، ململانێی نێو ئـەم درامایـە ململانێییەکـە لـەنێوان دەسـەلاّت و خـەڵك دایـە. گرێیەکـە بریتییـە لـە داگیرکردنـی باخچەیەك، کە هێمایە بۆ خاکی کوردستان، بە ڕزگارکردنی ئەم باخچەیە لە دەست قایمقام و ژنەکەی مانای ڕزگارکردنی خاکی کوردستانە لە دەست داگیرکـەرەکانی. دەربـارەی ئـەم

---

١- ئەحمەد محەمەد ئابلاخی، گوڵە مێخەك لە نێوان نوسین و ئامادەکردن، گ ڕۆژی کوردستان (ژمارەی تایبەت بە شانۆ و چیرۆك)، ١٩٨٠، ل٩٨ .

درامایـە دوو وتـاری ڕەخنـەیی نووسـراوە، یـەکێکیان یاسـین قـادر بـەرزنجی بەناونیشـانی (گوڵەمێخەك لە گوڵزاری پێشڕەودا) نووسیویەتی و دووەمیان ئەحمەد محمد ئابلاٚخی لـەژێر ناونیشانی (گوڵەمێخەك لەنێوان نوسین و ئامادەکردن)دا نوسیویەتی.هەر یەکێك لەم دووانە کۆمـەڵێك ڕەخنـەیان ئاراسـتەی ئـەم درامایـە کـردووە، ڕەخنـەگری یەکـەم (یاسـین قـادر بەرزنجی) بە چەند خاڵێك ڕەخنەی ئاراستەی ئـەم درامایـە کـردووە و تیایدا دەڵێت: (١- کارەکتەری ئیجابی ودۆستە ئازاکانی میللەت، لەم دەقەدا زۆر کەمن، نوسەر زیاتر نموونەی خەڵکی سلبی و دوژمن بە میللەتی پێناساندین.

٢- مامۆستا هەر لە سەرەتاوە گوڵەمێخەکێکی لەیەخەی داوە، بینەر وا هەست دەکات، کە ناوی شانۆگەریەکە لەو کردارەوە ناونرابێ، کەچی ئەبینین لە کۆتاییدا تۆوەکـە دێـنن و بەهای مێخەکەکە لەوێدا زۆر باش دەرئەکەوێت)) [1]

ڕەخنەگری دووەم (ئەحمەد محمد ئابلاٚخی) بە شێوەیەکی وردتر سـەرنجەکانی خـۆی دەربڕیـوە پێیوایـە ئـەم دەقـە هـەمان دەقـی چـیرۆکەکەی (ئـەدمۆن سـەبری)یە،بەناوی (باخچەی گشـتی)یە.دەقی چـیرۆکەکەی ئـەدمۆن سـەبری گێڕانـەوەی ئـەو ڕووداوانەیە،کـە نووسـەر بینیویـەتی لـەکاتی قوتابیـەتی داو ئێسـتا لای بۆتـە چـیرۆکێکی خـۆش، ئـەدمۆن سـەبری یــەك بەیــەك باســی مامۆســتاکانی کردووە،یــەکێکیان نــەخۆش و لاوازو بێتاقەتە،یەکێکی تریان هونەرمەندو لێهاتوو و قسـە خۆشـە، بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەش هەر یەك قـەوانیان بـۆ لـێ ئەداتـەوەو باسـی دەزگاکـانی دەوڵـەت و باخچـەی گشـتیان بـۆ دەکات.بەڕێوەبـەری ناحیـە بـەخۆی و ژنەکەیـەوە دێتـە نـاو ناحیەکـەو گرنگـی دەدات بـە باخچەکە،بەلاٚم ئەیکات بەشوێنێکی تایبەتی بۆ ژنەکەی، کە ژنێکی شۆخوشەنگە .

کاتێك بەڕێوەبەر باسی باخچەی گشتی و گرنگی پێدانی پێئەکات قوتابیـەکان بـە گـژیا ئەچنەوەو پێی دەڵێن ئەوەنیە نایەڵن بۆگەل بێت و تایبەتە بۆ ژنەکەی بەڕێوەبەری ناحیە، برێوەبەر لەمە زۆر بێزار ئەبێت و بۆ باخچەکە ئەچێت تا ڕاستی مەسـەلەکە بەچـاوی خـۆی ببینێـت، لـەوێ لەگـەڵ بەڕێوەبـەری ناحیـە ئـەبێ بەشـەڕیان و لەئەنجامـدا بەڕێوەبـەری

---

[1]- یاسین قادر بەرزنجی، گوڵەمێخەك لەگوڵزاری پێشڕەودا، گ ڕۆژی کوردستان، ژمـارەی تایبـەت بەشـانۆ و چیرۆك، س١٩٨٠، ل ٤٤ .

قوتابخانەکە لەکار دوور ئەخرێتـەوە(١).دەبووایـە سمکـۆ ناکـام نـاوی لەدەقەکـەی نابوایـە ئامادەکردن نەك نووسین،چونکە بیرۆکەکەی لە ئەدمۆن سەبری یەوە وەرگرتوە هەرچەندە هەندێك دەستکاری کەمی کردووە،لە دەقەکەی ئەدمۆن سـەبری بەڕێوەبـەری قوتابخانەکە شـۆڕش گێـڕەو بەگـژ بەڕێوەبـەری ناحیەکـەدا دەچـێت،بەلاّم لەدەقەکـەی سمکۆناکـام مامۆستایەکە شۆڕشگێڕە، بارەیەوە ڕەخنەگر دەڵێت:

(سمکۆناکام بینووسیایە ئامادەکرن نەك نوسـین، چـونکە ئاشـکرایە هـەر دەقـاو دەقـی چیرۆکەکەی ئەدمۆن سەبری یە، ئەمەیان هیچ ئەمانەتێکی ئەدەبی تیا نییـە چـونکە سـوود وەرگرتن ئەوەیە،کە سوودی لەشێوەنوسین یا شەخسیەتێکی لە پاڵەوانەکان وەربگرتایە بۆ دروستکردنی پاڵەوانێکی تر یا دامەزراندنی شێوە نووسـینەکە ، بـەلاّم ئـەم کـارەی سمکـۆ ناکـام سـوود وەرگـرتن نیـە بـەڵکو گواسـتنەوەی چیرۆکەکەیە بـە وەرگێڕانێکـی حـەرفی و فاریزەو نوقتەوە) [٢]

لەبارەی کەسایەتییە سەرەکییەکەی نێو دەقی دراماکەی سمکۆ ناکام، کەسایەتییەکی لاوازە،چونکە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ قایمقام لەسەر تەماشاکردنی ژنەکەی قایمقام بووە نەك لەسەر هەڵوێستی داگیرکردنی باخچەکە،لەم بارەیەوە ڕەخنەگر دەڵێت :

(ئەو شەڕەی سمکۆ کردوویەتی بەتوشی مامۆستا، بووە بە هۆی بێ هێـزی دەقەکـەی، بـەپێزی کورتـە چیرۆکەکەی ئـەدمۆن سـەبری لەوەدایـە کەمامۆسـتا چـوو شـەڕی لەگـەڵ بەڕێوەبەری ناحیە کرد لەسەر قوتابیەکانی بوو، بەلاّم مامۆسـتاکەی سمکـۆ مـێ بـازو چـاو بەئەشقەڵە بەبیانوی قوتابیەکان و سەکردنی وەزعەوە چوو تاسەیری ژنی قایمقام بکات) [٣].

**ساڵی١٩٨٣:**

تیپـی نوانـدنی هـەولێر سـاڵی ١٩٨٣ لەسـەر شـانۆی هـۆڵی گـەل لـە هـەولێر (لاس و خەزال) یان پێشکەش کـردوە، نـازم دڵبەنـد چـیرۆکی شـانۆگەریەکەی نوسـیووەو (سـەباح عبـدالرحمن)یـش بـۆ سەرشـانۆ ئامـادەیکردوەو دەریهێنـاوە. چـیرۆکی ئـەم شـانۆگەریە

---

[١]- ئەحمەد محمد ئابلاّخی، گوڵە مێخەك لەنێوان نوسین و ئامادەکردن، گ ڕۆژی کوردستان، ژمارەی تایبەت، ١٩٨٠، ل٩٧-٩٨ .

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠١ .

لەکتێبەکەی ئۆسکارمان (تحفه المقفريه) وەرگێراوە ، تیایدا چیرۆکی خۆشەویستی نێوان لاس وخـەزال دەگێڕێتـەوە، ئـەم چـیرۆکە ڕەگێکـی فۆلکلـۆری هەیـەو زۆربـەی پـیرە بەتەمەنـەکانی کـورد ئـەم چـیرۆکە بەشـێوەیەکی ڕەوانـی دەزانن،شـوێنی ڕووداوەکـانی چیرۆکەکە خاکی کوردستانەو تیایدا لاسی کوڕی ئەحمەد خانی باڵـەکی، خۆشەویستی خـەزاڵی مـەلا نـەبیان دەچێتە دڵـەوە، بەمـەش لاس سـەری خـۆی هەڵدەگرێ و دەچێتە خزمەتی مەلا نەبیان و دەبێتە خزمەتکار،پاش چەند ڕۆژێك چاوی بـە خـەزاڵ دەکـەوێت و شێت و شەیدای دەبێت.لاس دەبێتە شوانکارەیەکی دڵ سۆزو ئازای ماڵە دلبەرێ و لـەکاتی مەڕ لەوەڕاندنیـدا لـە مێرگـی نابەڵـەدان بـۆرە سـوارێکی ناوچـەکە لەسـەر پـاوانێ دەگـەڵی دەکاتە شەڕو گێچەڵی پێدەکات، بەڵام لاس جوامێرانە ڕووبەڕووی دەوەستێەوەو پێی دەڵێ ئەم چیاو دۆڵە موڵکی کەس نیە و منیش شوانی ماڵی خـەزاڵی مـەلا نەبیانم،کـەس نـاتوانێ مەڕی من لە لەوەڕێ بکات،لە ئەنجامدا لاس ناچـار دەبـێ کەپەنـەکی شـوانی فـڕێ بـدات و خۆی تێڕوو دەکات و بەعەردیدا دەدات، بـەو گۆچـانەی بەدەسـتیەوە بـووە گیـانی لەبـەر دەردێنێت،دواتر لاس خەنجەری کـابرا کوژراوەکـەی بـۆ خـەزاڵ بـە دیـاری دەباتـەوە، بـەم کارەیەوە شانازی بەخۆیەوە دەکـات و لای خـەزاڵ خـۆی ئاشـکرا دەکـات بەمـەش خـەزاڵ دەزانێ،کە کوڕی ئەحمـەد خـانی باڵەکییـە بۆیـە خـەزاڵ هێنـدەی تـر خۆشـی دەوێـت، لـە ئەنجامی ئەمەدا کوڕە عەشقە ناپاکەکان مێگەلە مەڕی خەزال بـە تـالآن دەبـەن، خـەزاڵیش خۆی لە ماڵێ پیرەژنێك حەشاردەدات بۆئـەوەی سـەری تیانەچێت، دواتـر لاس بـەم کـارە دەزانێ و پەیمان بە خەزال دەدات کە پەندێکی وایـان بـداتێ و ماڵـە بـە تـالآن براوەکەشـی بەدوو هێندە بۆیان بگێڕێتەوە([١]).

ئـەم چـیرۆکەی وەکـو لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پێکـرد تیپـی نوانـدنی هـەولێر ئـەم درامایـەیان نمایشـکردوە، کەسـایەتییە سـەرەکییەکانی ئـەم درامایـە بـریتین لـە (لاس ) و (خـەزال) وەکـو دلبـەر و خۆشەویسـتی یـەکتری وەهـەموو گرێیـەکانی ئـەم درامایـەش لـە دەورووبەری ئەم کەسایەتییانەوە دەخولێتەوە، نمایش و نیشاندانی ئـەم چـیرۆکە خـۆی لـە خۆیـدا بایەخدانـە بـە زیندووکردنـەوەی کەلـەپووری نەتەوایـەتی کـورد و دووبـارە

---

[١]-بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئۆسکارمان ، تحفه المظفریه ، وەرگێڕانی هێمن موکریانی ،ل٢٣٤-٢٤٠.

ئاشناکردنەوەیە بە نەوەی نوێ، گرێ ئـەم درامایـە بریتییـە لـە بەیەکگەیشـتنی نێـوان دوو خۆشەویست، ململانێیەکەش ململانێیەکی چینایەتییە لە نێـوان لاس وەك كـوڕە ئاغایـەك و کوڕە تازەپێگەیشـتوە هـەژارەکانی گونـدی مەموديان،چـونکە بەرهەڵسـتییان دەکـرد، کـە نـەدەبوو (خـەزال) بدرێتـە لاس بۆیـە ئـەمیش بەدەسـت و بـازو لێهـاتووی خـۆی گەیشـتە دولبەرەکەی، ئەمەش هێمایەکە بۆ چەوساندنەوەی هەژاران لەلایـەن کـوڕە ئاغاکانـەوە کـە هەردەم بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان هێز بەکاردەهێنن.

دەربارەی ئەم درامایە مەغدید حاجی بابەتێکی ڕەخنەیی بە ناونیشـانی (شـانۆگەری لاس و خەزال و بەیتی (لاس و خەزال)ی ناوکتێبەکەی ئۆسکارمان) نووسیوەو ڕەخنەگر لـە بابەتـە ڕەخنەییەکەیدا بـەراوردێك لـە نێـوان دەقـی دراماکـەو بـەیتی چـیرۆکەکانی (لاس و خەزال)ی ئۆسکارمان دا دەکات، کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات نووسەری دەقی دراماکە، بە هیچ شێوەیەك نەیویستوە ناوی کتێبەکەی ئۆسکارمان بەرێت، کـە لەلایـەن (هـێمن)ەوە کراوەتــەوە کــوردی.(نووســەری شــانۆگەری لاس و خــەزال، تاڕادەیــەکی زۆر کــەڵکی لــە کتێبەکەی (ئۆسکارمان)، کە مامۆستا (هێمن) ساغی کردۆتەوەو هێناویەتیە سەر ڕێنووسی کوردی،بــەلاَم خــۆی دان بەمــەدا نانێــت و پەنجــەش بــۆ سەرچــاوەکانی نووســینەکەی ڕاناکێشێت))[1] .دواتر ڕەخنەگر پێی وایە نووسەری دەقی دراماکە کۆمەڵێك لادانی لە دەقـی چیرۆکەکەی (لاس و خـەزال)ی نێـو کتێبەکـەی ئۆسـکارماندا کردووە،چـونکە لـەنێو دەقـی چیرۆکی (لاس و خەزال)دا واهاتووە: ئەحمەد ئاغای باڵەکی برایەکی هەبووە ناوی مەحمود بووە، ئەحمەد ئاغا هیچ کوڕی نەبووە لەگەڵ ئەوەشدا خێزانەکەی زگی (حامیلەدار) بـووە، بەهەمان شێوەش ژنەکـەی مـەحمود ئاغـاش زگـی هـەبووە، دواتـر ئەحمـەد ئاغـا کـوڕێکی دەبێت ناوی دەنێت لاس، بەلاَم مەحمود ئاغـا کچـێکی دەبێـت نـاوی دەنـێن خـانزاد، دوای گەورە بونیان هەردووکیان لێك مارە دەکەن، بەلاَم ( لە شانۆگەریەکەدا بـە هـیچ شـێوەیەك باسی پەیوەندی نێـوان لاس و خـانزاد نـاکرێ و تـەنیا لاس و خـەزال وەکـو دوو قارەمـانی

---

[1]- مەغدید حاجی ، شانۆگەر ی لاس و خـەزال و بـەیتی لاس و خـەزالی نـاو کتێبەکـەی ئۆسـکارمان ، گ کاروان ، ژ١١، س١٩٨٣ ،ل ٧٥ .

چیرۆکەکە بەرز کراونەتەوە)[1] لەنێو دەقی چیرۆکەکەی (ئۆسکارمان) دا هاتوە،کە کەسێك بەکرێ گیراوە بۆ ئەوەی بچێتە سەر ڕێگای لاس و بیکوژێت،بە دزی تیرێکی ژەهراوی لەڕاستی پەراسوەکانی قایم دەکات و دەیپێکێت ، بەلأم (لاس) لەگەڵ ئەوەی کە بریندار دەبێت دەستبەجێ تۆڵەی خۆی لە کابرا بەکرێ گیراوەکە دەکاتەوە دەیکوژێت دواتر لاشەی کابرا کوژراوەکە بە ئەسپەکەیەوە ڕادەکێشێت ودەیبات بۆ بەردەمی خەزال بۆئەوەی پێی بڵێ من لێهاتوو شۆڕەسوارم سەرەڕای ئەوەی، کە بریندارم بەلأم هەر توانیم تۆڵەی خۆم بکەمەوە بۆیە بە (خەزال) دەڵێت: (خۆمن کوڕەشوانێك نیم تۆڵەی خۆم پێ نەکرابێتەوە) .ئاشکرایە چەند سەد ساڵێك لەمەوبەر زۆربەی خەڵکی کوردستان شوانکارەو مەڕداربوونەو لەهەمان کاتیشدا سوتەمەنی و پاڵەوانی ڕاپەرین و بەگژیەکداچوونەکان بووینە،بونەتە پاڵەوانی چیرۆکی گەلێك داستان و ئەفسانەیان لە مێژووی گەلەکەماندا تۆمارکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەخنەگر پێی وایە ئەم وتەیەی لاس دەربڕینی ناخی بۆرجوازی خۆیەتی (لاسی کوڕە ئاغا هەڵوێستی چینایەتی خۆی دەربڕیوەو بە ناڕەوا کوڕە شوانان دەشکێنێتەوە)[2]

بۆیە نەدەبوایە دەرهێنەری شانۆگەرییەکە ئەم وتەیە لەسەر زاری لاس دەربڕی بوایە یاخود ئەم دیمەنەی بەدیمەنێکی تری نێو دەقەکە ئاڵوگۆڕی پێبکردایە، لەبەر ئەوەی شوانکارەکان هەردەم چینی زەحمەتکێش و ڕەنجدەری وڵات بووینە بۆیە ناکرێت کەسێك بتوانێت سوکایەتیان پێبکات و پلە و پایەکی نزمیان بۆ دابنێت

شانۆگەری (سەلەی نانکەر) ساڵی ١٩٨٣ لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی لەلایەن تیپی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد– لقی سلێمانی پێشکەش کراوە،دەقی دراماکە لە ڕۆمانی ( النخلەوالجیران)ی ( غائب گعمە فرمان) وەرگیراوە، (فواد مجید میسری) بەدەستکارییەوە وەریگێڕاوەو (قاسم محمد)یش بۆ شانۆ ئامادەیکردوە، کامەران ڕەوف بۆشانۆ دەریهێناوە. پوختەی دەقی دراماکە باس لە ژنێك دەکات،کە نانکەری ماڵانە لە

[1]- مەغدید حاجی ، شانۆگەر ی لاس و خەزال و بەیتی لاس و خەزالی ناو کتێبەکەی ئۆسکارمان ، گ کاروان ، ژ١١، س١٩٨٣ ، ل٧٦

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥ .

شاری بەغدا لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی،ژنەکە (سەلمە) بێوەژنە و بـەکاری نـانکردن بۆ مالأن بەردەوامی بەژیانی خۆی دەدات،ژیانێکی پڕ لە ناسۆری و دەردەسەری، سەرەڕای ئەمەش ئەم ژنە کوڕێکی هەیـە نـاوی (حسـێن)ە،کە هـیچ کارێـك ناکـات و بـەردەوام وەکـو مشەخۆرێك دەستی لە دایکی پانکردۆتەوە لە ئەنجامی کارنەکردنی کوڕەکەی دایکی توشی کەسێك دەبێت بەناوی (مچەی دەلأل) ئەویش ئەوە بەگوێی ژنەکە دەدات،کە کەسانێك هەن هیچ کارناکەن و بەگونیە پارەیان بۆ دەچێتە ماڵەوە،ئەمەش دەبێتە هۆی جـولأنی هەسـتی ژنەکە، بەمەش مچەی دەلأل ژنەکەی خستە بەر تەماحێکی زۆر،ئەو شەوە ژنەکە لە بارێکی دوو دڵی و ڕاڕایدا دەمێنێتەوە، لەلایەکـەوە بڕواناکـات کەسـانێك هـەبن بـەو جـۆرە چـونکە چەندەها ساڵە لە شوێن خۆیەوە ڕەنج دەدات کەچی هەر لەشوێنی خۆیەتی و بە نانە سکی دەژی، دوای مشت و مڕێکی زۆر لەگەڵ مستەفا ڕێك دەکەوێت،بەمەش مستەفا بۆ ئەوەی بە تەواوی لەخشتەی بەرێت ٣٠ دیناری پێـدەدات، مسـتەفای دەلأل لەبنەڕەتـدا پارەکـەی بـۆ مەبەستە گلأوەکانی خۆی داوەتیِ و لە دواییدا شوو بە مستەفا دەکات و ئەو ناوچەیەی، کە ژنەکەی تێدا دەژی جێی دەهێڵن ([1]) بیرۆکەی شـانۆگەرییەکە بـاس لـە ماوەیـەکی دیـاری کراوی مێژوویی دەکات، کە ساڵانی ١٩٤٤ — ١٩٤٥ بەهۆی ئەو بارە نالەبارەی، کە تێکـڕای مرۆڤایـەتی بـەهۆی جەنگـەوە تووشـی هاتبوون،دیـارە پرۆشـکی ئـەم جەنگـەش وەکـو دەرەنجامێکی نالـەباری پاشمـاوەی جـەنگ کۆمـەڵی عێراقیشی،بەگشـت پێکهاتـەو چـین و توێژەکانیـەوە گرتبۆوە،لەگـەڵ ئەمەشـدا بـاس لـە نـامۆبوونی ژن و ئـەو پێوەندییـە کۆمەلأیەتییەوە دەکات، کە بەهۆی جەنگەوە گشتیان ناتەبا بوون. گرێی ئـەم شـانۆگەرییە بریتی یە لە ئازادبوونی ژن لە گشت کـۆت و پێوەنـدەکانی کۆمـەڵگا بـۆ ئـەوەی بتـوانیِ بـە ئاسوەدەیی بژیت و بەردەوامی بـە ژیـانی خـۆی بـدات،ململانێی ئـەم درامایـە بریتییـە لـە ملانێکردنی ژن لەگەڵ دەوروبەرەکەی و ئەو چەوساندنەوەی لەلایەن کۆمـەڵگاوە خراوەتـە سەری، چونکە وەکو ژن خۆی، خۆی نەژیێنیِ ناتوانێت ئازاد بێـت و بەسەربەسـتی بڕیـاری خۆی بدات.

[1]- فاروق ڕەفیق ، شانۆی سەلەی نانکەرو پرسیارێك، گ كاروان ، ژ ١١ ، ١٩٨٣، ل٦٢ — ٦٣ .

دەربارەی ئەم شانۆگەریە فاروق ڕەفیق بابەتێکی ڕەخنـەیی بـە ناونیشانی(شـانۆی سەلەی نانکەر و پرسیارێك) نووسیووەو ڕەخنەگر لە سەرەتای بابەتەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئامادەکاری ئەم دەقە درامیە نەیتوانیوە هـیچ زیادەیـەك بخاتـە سـەر شـێوەی وەرگرتنەکەی نێو دەقی ڕۆمانەکەی( النخله والجیران)، بەڵکو کەسـایەتییەکان هـەمان ئـەو کەسایەتییانەن کە لە نێو دەقـی ڕۆمانەکـەدا هـاتوە بـەبێ ئـەوەی ڕۆڵـەکانیان هـیچ زیـادو کەمیەکی بۆ بکات، بۆیە دەڵێت:

(ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ڕۆمانەکـەو شـانۆییەکەدا بکـەین ئـەوا دەگەینـە ئـەوەی، کـە کارەساتەکان و کەسایەتییەکان لەسەر هـەمان هێـل دەڕۆن و ئامادەکـار کەسـایەتی نـوێی نەخستۆتە سەرو بەهەمان گۆڕانکارییاندا دەبات و بەرگێکی کوردانەیان دەکا بەبەردا)١

دواتـر ڕەخنـەگر لەدرێـژەی باسـەکەیدا سـەرنجی خوێنـەر بۆئـەوە ڕادەکێشـێ کـەوا ئامادەکردنی ئەم شانۆگەرییە سەرکەوت و نیە چونکە لەکاتی خۆیدا ڕۆمانی نخله والجـیران بەزمانێکی گشتی نووسراوە، بۆیە چەندین ڕەخنەی لێگیراوەو واتـە ڕۆمانەکـە هـەر لـەکاتی خۆیـدا سـەرکەوتو نەبووە،چـۆنکەناکرێ لـەڕۆمانێکی ناسـەرکەوتوو دەقـی درامایـەك ئامادەبکەیت و بتەوێت سەرکەوتن بەدەستبهێنی ( ڕۆمانەکە بەدیالێکتێی گشـتی نوسـراوە کە لەکاتی خۆیدا بووە ڕەخنەیەك لەنوسەر، کەواتا شتێکی ئاسـان نیـە بکرێتـە شـانۆنامەو سـیماو بەرگێکی کوردانەی بەبەردا بکرێ و بتوانرێت هێماش بۆ هـــەمان قۆناغ بکرێت لە شـارێکی وەکو سـلێمانیدا)٢، چونکە ئەو واقیعـەی لـەنێو دەقـی ڕۆمانەکـەدا هەیـەو گونجاندنی بۆ نێو واقیعی دەقێکی دراما،کارێکی سـەختە، شـارەزایی و لێهاتویـەکی چـاکی گەرەکـە، هـەر لەبـەر ئـەم هۆیەشـەوە ئامادەکـاری دەقـی دراماکـە هـاتوە هەنـدێك ڕووداو هەڵوێستی نێو ڕۆمانەکـەی بـە واقیعـی شـاری سلێمانی گونجانـدوە، هـەروەکو کەسـایەتی بێوەژنەکە (سـەلمە)،کە لـە نێـو ڕۆمانەکـەدا خـاوەنی تەندورێکـە و بـەپارە نـان بـۆ مـاڵان دەکات،دیارە بوونی ئەم تەندورە مانای هەبونی کاردەگەیەنێ بەمەشەوە دەتوانرێ بەچینی وردە بۆرژوا دابنرێ چونکە بەهۆی پیشەکەیەوە دەتوانێ کەم تا زۆرێك خۆی بژێنێت، بەڵام

١- فاروق ڕەفیق ، شانۆی سەلەی نانکەرو پرسیارێك، گ کاروان ، ژ ١١ ، ١٩٨٣، ل٦٢ .
٢- سەرچاوەی پێشوو.

ئامادەکاری دەقی دراماکە بۆئەوەی ئەم واقیعە بگونجێنێت بەواقیعی شاری سلێمانی بۆیـە هاتوە بۆ کەسایەتی ئافرەتەکە هیچ جۆرە هۆیـەکی ژیـانی بـۆ دەسـتەبەر نـەکردوە تـەنها هێزی بازوو مەچەکەکانی خۆی نەبێت، ژنەکە(لە شانۆییەکەدا لە مالآن نان دەکـات و هـۆی بەرهەم هێنانی نیە تەنها هێزو بـازووی خـودی خـۆی نـەبێت)[1] کاتێـك کەپاڵەوانەکـە هـیچ هۆیەکی بەرهەم هێنان شك نابات تەنها هێزی بازووی نەبێت ئەمە لـە بـیر و هەڵسـوکەوت و ڕەوشتیدا ڕەنگ دەداتەوە،خۆ ئەگەر خاوەن پیشە بوایە ئەوا لـە چـینی بـۆرژوای بچـووکدا خۆی دەبینێتەوە، کە خۆی لە خۆیدا خاوەن بەهاو ڕەوشت و بیر و باوەڕی خۆیەتی.

**ساڵی ١٩٨٤:**

شوێن ژوورێکی ئەو سەردەمەیە کیژۆڵەیـەکی ناسـك پـەرتووك دەخوێنێتـەوە پاشـان دەچێتە بەر ئاوێنەو خۆی ڕێك دەخات و بە هەناسەیەکی قووڵەوە دەڵێ: ( ئەوە سـێ ڕۆژە نەهات .... لەشکری) لێرەوە ناونیشای دراماکەمان بۆ بەدیار دەکەوێت، کە ئـەم کیژۆڵەیـە خانزادەو چاوەڕوانی لەشکری دەکـات بـەڵام ئـەو خـانزادەو لەشـکریەی میرنشـینی سـۆران نین.دڵە ڕاوکێ و چاوەڕوان کردنە بێدەنگیەکەی وادیار دەخات خـۆی مـەڵاس داوە تـاوەکو بەهۆی ڕابواردن ئەو لەشکریە لەناو ببات،چونکە گوریسـی هەڵواسـراو بـەدیواری ژوورەکـەو بەربوونـەوەی دەمانچـەی ژێـر سـەرینەکەی وا پێدەچـێت خـۆی بـۆ ئـەنجام دانـی پیلانێـك ئامادەبکات.دوای ماوەیەك زەلامێك خۆی بەژوورەکە دا دەکـات و داوای لێبـوردن لـەخانزاد دەکات،لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێـەوە، کە ئەو پیاوە (لەشکری) یە و خانزاد لە چاوەڕوانی دایە.دوای قسەکردنی لەشکری خانزاد گوێ لە قسەکانی ناگرێت و لەپڕ شالآوی بۆ دەبات و تاوانباری دەکات،بەڵام لەشکری هەر سور دەبێ لەسـەر دەربـڕینی هەسـت و خۆشەویسـتی خۆی،تا کارەکە دەگاتە ئەو ڕادەیەی خاتزاد دەیەوێ (لەشکری) تاقی بکاتەوەو لەشکریش بەم تاقی کردنەوەیـە ڕازی دەبێـت و دەکەوێتـە داوی پیلانەکەوە.لـە تاقیکرنـەوەی یەکـەم خـانزاد تونـد دەسـتەکانی لەشـکری دەبەسـتێتەوەو لەسـەر کورسـیەك دایـدەنێت ئینجـا دەمانچەیەك دەردێنێ و داوا لە لەشکری دەکات گوللەیەك بەسەری دڵی یـاخود بـە کەللـەی سەریەوە بنێت،بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی خانزاد، لەشکری زۆر بێ هێـز دەبـێ و دەکەوێتـە

---

[1]- فاروق ڕەفیق ، شانۆی سەلەی نانکەرو پرسیارێك، گ کاروان ، ژ ١١ ، ١٩٨٣، ل٦٢ .

پاڕانەوە.لەم کێشمە کێشـەدا دەنگـی تارماییـەك دێـت ، کـە خـانزادی مـیری سـۆرانەو داوا لەخانزاد دەکات پیلانەکەی جێ بەجێ نەکات،چونکە نەبادا وەکو ئەوی لـێ بێـت، بەمـەش تارماییەکە کاردەکاتە سەر دەروونی خانزاد و لەپڕ وون دەبێت، بەم هۆیەشەوە خانزادێکی تر دەپەشۆکێ و وای لێدێ نـەتوانێ کارەکـە ئـەنجام بـدات و لەکارەسـاتی کـوژرانی کـاکی نەکۆڵێتەوە.لێرەدا خانزادێکی تر وەك ئەوەی بەهۆشـی خـۆی هاتبێتـەوە گـورج شـاڵاو بـۆ لەشکری دەبات و داوای لێدەکات کارەساتی کوژرانی کاکی بـۆ بگێڕێتـەوە، گێڕانەوەکـەش لەشێوەی فلاش باك لە سەرەتای ڕوودانی کارەساتەکە دەست پێدەکات . ڕوون دەبێتـەوە کەوا لەشکری تاوانی نیە بەڵکو بازرگانەکە بووە هۆی کوژرانی کاکی، دواجار خانزادێکی تر لەسـەر شـانۆ ئاواتەکـەی لەشـکری دێنێتـە دی یـەکتری نیشـان دەکـەن (١) ئـەم هەوڵـەی تەلعەت سامان هۆیەکە بۆ ئاشنایەتی کردنی نەوەی نوێ بە کەلەپورو بەیتی میللی،نوسـەر لەم بەرهەمەیدا پێچەوانەی هەموو ئەو ڕایانەی دەربارەی خانزادی میری سۆران و لەشـکری هەبوون ڕەفتاری کردووە،چونکە لەکۆتای دراماکەیدا خـانزادێکی تـر بەلەشـکری دەگـات و ئەنگوستیلە دەگۆڕنـەوە، بـەڵام لـە بەیتـە فۆلکلۆرییەکـەدا واهـاتووە، کـە خـانزادی مـیری سۆران دوای ئەوەی کاکی ژەهر خوار دەکرێت لەشکری دەکوژێت ، جا کوشتنی (لەشـکری )ش کۆمەڵێك گێڕانەوەی جیا جیـای هەیـە، یـەکێك لـەو ڕایانـە دەڵـێ دوای ئـەوەی تـەرمی (سلێمان بەگی قولیان) دەگاتەوە زێدی باب و باپیرانی خۆی،لەشکری ناگەڕێتەوەو دەچێتە خاکی ئێزیدیەکان،دواتر خانزادی میری سـۆران فـەرمان ڕەوایـەتی ئیماراتەکـەی دەکەوێتـە دەست و لەسەر تەختەی میرایەتی دادەنیشێت. هەواڵێك بـۆ لەشـکری دەنێـرێ بـۆ ئـەوەی بگەڕێتـەوە، (لەشـکری) ش لەگـەڵ بیسـتنی هەواڵەکـە دەسـت بـەجێ دەگەڕێتەوە،بـەڵام محەمەدئـەمین زەکـی بـەگ لـە کتێبەکەیـدا (تـأریخی کـرد و کردسـتان) بـەجۆرێکی تـر گێڕاویەتیەوە، کە دەڵێ : لەشکری شایەر و خۆش خـوانی سـولەیمان بـەگی مـیری سـۆران بووە ، کەوتۆتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ خانزادی خوشکی سولەیمان بەگ، خۆشەویستی هانی داوە خیانەت لە ئاغاکەی خۆی بکا. جاسووسـەکانی سـوڵتانی ئەسـتەمبۆڵ بـەڵێنیان داوەتـێ ئەگـەر لەشـکری سـولەیمان بـەگ ژەهـر خـوارد بکـات ئـەوا خـانزادی لـێ مـارە

---

١ - محسن محمد، خانزادی سۆران لەکورتە دراما‌دا، ل ٥-٨ .

دەکەن،(لەشکری) ش ژەهری بۆ سلێمان بەگ لەقاوە کردوەو کوشتویەتی، پاشان ئاشکرا بووە کەوا سلێمان بەگ بەدەستی لەشکری کوژراوە،خانزادی خوشکی سلێمان بەگ لەشکری بە بنمیچەی دیوارەوە هەڵواسیوە([1]) بۆیە دەبینین چیرۆکی کوژرانی لەشکری بە زۆر شێوە گێڕدراوەتەوە ،بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێت ئەوەیە، کە هەموویان باسی کوژرانی لەشکری بەدەستی خانزادی میری سۆران دەکەن،بەڵام نووسەری دەقی دراماکە هاتوە ڕەهەندێکی تری بە دراماکەی بەخشیوە، کەبەتەواوی پێچەوانەی دەقی چیرۆکی بەیتە میللیەکەیە، دیارە نووسەر مەبەستی خۆی هەبووە بۆ ئەوەی بەبینەر بڵێ کەوا لەشکری بێ تاوان بووە بەڵکو کوشتنی سلێمان بەگ بەدەستی نەیارەکانی کورد بووە، کە هەردەم پیلان و نەخشە دەکێشن بۆ لەناوبردنی پیاوە گەورەکانی کورد و دواتر دەیخەنە ئەستۆی کورد خۆیەوە، هەر دەم نەیارەکانی کورد ویستویانە دووبەرەکی و ئاژاوە بخەنە نێو ماڵی کورد.نوسەریش ویستویەتی ئەم پەیامە لەدوو توێی دەقی دراماکەی ڕەنگ بداتەوە. درەباری ڕێبازی درامای (خانزادێکی تر) محمد تەیمور پێی وایە:

( ڕیالیزمییەکی دەربڕینی خودییە زۆرە ملەی بۆ سایەدانە بەهێمایەکی دروشمکاری نائاسایی و لاکوت لەهەوڵدانیدا بۆ دەرباز کردن و ڕەوا دانە گیروگرفتی هەڵەیەکی گەورەی سەرەنجامی ڕەوشتێکی چەوتی ناڕەوای بەئاگا.... چەوتیەکانی ڕابردوو دیاردەکرێ و وانەی بەسوودی لێ وەردەگیرێ و پەیڕەوی دەکرێت بەگوێرەی ڕۆژی بەراورد کردنی نەك بەچاو و بیرکردنەوەی وەختی ڕوودانی)[2].

محمد تەیمور ئاماژە بۆ ئەوە دەکات،کە خانزاد هێمای کەسێکی دەرەبەگە نەوەکو هێمای ئافرەتی لێ وەشاوەو ئازاو لێهاتووی کوردبێ ( کەسییەتی ئەو ژنە لە تخووبی ئافرەتێکی دەرەبەگی هەر وەك هەموو دەرەبەگێکی پیاو لەژیانی تایبەتی و گشتی دا تێناپەڕێت و نابێتە هێمای ئافرەتی کورد بەڵکو هێمای دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی یە)[3] بۆیە ئەم کارەی خانزاد بەکردەوەیەکی ساوایانە و دوور لە بەرژەوەندی گشتی لێك

---

[1]- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : محەمەدئەمین زەکی بەگ ، خلاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان ،ل٢٧٧-٢٨١.

[2]- محمد تەیمور، خانزادو کەلەپورو شانۆو مێژوو، گ ئۆتۆنۆمی، ژ ٣، ١٩٨٤، ل٨٥.

[3]- محمد تەیمور، خانزادو کەلەپورو شانۆو مێژوو، گ ئۆتۆنۆمی، ژ ٣، ١٩٨٤، ل٨٦ .

دەدرێتەوە، بەڵکو بۆ تۆڵە کردنەوەی ئامانجەکانی خـۆی بـووە. بۆیـە محمـد تـەیمور پێـی وابووە کەسایەتی لەشکری،کە هاوبەشی نواندنی خانزادێکی تر دەکـات لـەڕۆڵ بینینەکـەی زۆر بێتوانـا بـووە و قەناعـەتی بـە دەورەکـەی خـۆی نـەبووە ( بەداخـەوە ئـەوەی دەوری لەشـکری دەدیـت کـەرخی دەنگـی و تـەپی و ڕاکێشـانی لەشـی لـە ژووریٚ دانیشـتن و جوولأنەوەی بیٚ تـەوەری وای بەدەرخسـت ئـەو ئەکتـەرە هـیچ هـەوڵی لەگـەڵ نـەدراوە بـۆ ئەوەی لە دەوری خۆی بگات) [1]، بەلأم ئـازاد حەمـە شـەریف ئـەم کـارەی تەلعـەت سـامان بەکارێکی چاك دەزانیٚ و نموونەی لەزۆربەی بەرهەمەکانی لە ولأتانی تـری بـۆ هێناوەتـەوە لەوانە لـە ئـەوروپا کەسـایەتی کیلۆبـاترا هـەر لـە سـەردەمی شکسـپیرەوە تـا ئـەو ڕۆژەش بەچەندین شێوەیەی جیا جیا مامەڵەی لەگـەڵ کـراوەو دەکـریٚ، نـەك هـەر کیلۆبـاترا بگـرە تۆماس مۆر و هنری چوارەم و ناپلیۆن .... هتد، هەروەها لای ڕۆژهەلأتیش مەجنون لەیلا و شیرین و فـەرهاد و گـەلێك نموونـەی تـر دەبینـرێن ([2]). ئـەم جـۆرە مامەڵـە کـردن لەگـەڵ کەلەپوور و ناساندنی ڕووە ڕاستەقینەکەی و پیشاندانی لەسەر شانۆ کارێکی چاکە، چونکە هەموو ئەو بینەرانەی ئامادەی بینینی ئەم درامایە دەبن دەکەونە حاڵەتی بیرکردنەوە، کـە ئایا لە کوشتنی سلێمان بەگی قولی بەگییان لەشکری یاخود دەستی دوژمنانی کورد ڕیسوا بکەن، بۆیە لەم بارەیەوە ڕەخنەگر دەڵیٚ:

( لە ئەنجامی ئەو جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ فۆلکلۆر، بینەران لەگەڵ خۆیـان دەکەونـە هەمان ململانێی بیری لە نێوان تێڕوانینـەکان، کـە ئەمـەش وایـان لێـدەکات مێشـکیان نـەك سۆزیان بۆ یەکالأکردنەوەی بابەتەکان بەکار بهێنن)[3]

ـ تیپی نواندنی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٤ دا بۆ یەکـەمین جـار بەرهـەمێکی بیـانی بـەناوی (خانەدان) پێشکەش دەکات ، دەقی ئـەم درامایـە لەلایـەن (مـۆلێر و مێشـیل بۆلکـاف)ەوە نووسراوە، چەتۆ حەسەن وەریگێڕاوەتە سەر زمـانی کـوردی، تەحسـین شـەعبان ئامـادەی کردووەو دەریهێناوە.دەقی دراماکەی مۆلێر بە ناونیشانی (بـۆرژوازی بـەگزادە)یـە و دەقـی

---

[1]- سەرچاوەی پیشوو.

[2]- ئازاد حەمە شەریف، خانزادو تێڕوانینێکی تر، ڕِ عێراق، ژ ٢٣٢٤، ٢٠/٦/١٩٨٤، ل٦.

[3]- سەرچاوەی پیشوو.

دراماکەی (میشێل بۆلکاف)یش بە ناونیشانی (شێت)ە.ناوەرۆکی شانۆگەرییەکە بریتییە لە کابرایەك بەناوی (جۆردان) ئەم پیاوە پاش ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان زۆر دەوڵەمەند دەبێ و ڕوودەکاتە شار بۆ ئەوەی خۆی فێری مۆسیقاو سەماو شمشێربازی وفەلسەفە بکات چـونکە پێـی وایـە ئەگـەر ئـەم شـتانە فێـر بێـت ئـەوا دەبێتـە خانـەدان، بـەلاّم هـەموو ئەوکەسـانەی، کـە وانـەی پێدەڵێنـەوە پسـپۆری بوارەکـەی خۆیـان نـین، بـەڵکو تـەنها مەبەستیانە پارەی لێوەربگرن، ڕووداوی شانۆگەرییەکە لێرەوە دەست پێدەکات، کـە ئـەم پیاوە کچێکی هەیەو لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە شار، بەلاّم لە شار ئەم کچە شـەیدای کـوڕێکی شارنشین دەبێت، هەرچەندە باوکی، کچەکەی بۆ کـوڕە ناسـیاوێکی خـۆی دانـاوە، پاشـان کوڕەی شار نشین داوای لە جـۆردان دەکـات بـۆ ئـەوەی کچـەکەی پـێ ڕەوا ببـینێ، بـەلاّم جۆردان ڕازی نابێت و کچـەکەی خـۆی ناداتێ.هـەموو ئـەو ڕووداوانـە نوسـەر بەشـێوەیەکی کۆمیدیانـە دەری بڕیوە،چـونکە بـاوکی کچـەکە هێشـتا هـەر بـەبیری لادێـی کاردەکـات و سەرەڕای ئەوەی هاتۆتە شار (١) سەبارەت بە ململانێی ئەم شانۆگەرییە، ململانێیەکە لـە نێوان دوو بیرو بۆچوون، بیروبۆچـونی بـاوکی کچـەکە هەرچـەندە هاتۆتـە شـار بـەلاّم بـیرو بۆچونی لادێی خۆی بەرنەداوەو شانازیشی پێوەدەکات،بیرو بۆچونەکەی تر بـیرو بۆچـونی کچەکەیەتی،کەوا هەست دەکات هاتۆتە شارو لەشارستانیەتی شار پەروەردەو گەورە بووە بۆیە کچەکەی پێی وایە ئـەبێ بـاوکی بـیرو بۆچـونەکانی خـۆی بگۆڕێـت بەمـەش کچـەکەی بەرەنگاری باوکی دەبێتەوە.هەروەها بیرۆکەی شانۆگەرییەکە پـەیام گەیاندنێکـە بۆهـەموو ئەو کەسانەی، کە ئەو سەردەم بەرهەڵستی بەشودانی کچەکانیان دەکرد بۆئەوەی نەدرێنـە کوڕانی شار.سەبارەت بەدیالۆگ و گفتوگۆکانی ئەم شانۆگەریەشێوەیەکی پەخشان ئـامێزو کۆمیدیانەی لەخۆگرتوە.سـەبارەت بـەم شـانۆگەرییە سـەعدون یـونس وتـارێکی ڕەخنـەیی بەناونیشانی (شانۆگەری خانەدان لە هەولێر) نووسیوە،کە تیایدا ڕەخنەگر زیـاتر ڕەخنـەی لـە نـاوەرۆکی دەقەکـەوە گرتـووەو زیـاتر جـەختی لەسـەر لایـەنی زمـان کردۆتـەوە، لـەم بارەیەوە ڕەخنەگر دەڵێت:

---

١- سەعدون یونس، شانۆگەری خانەدان لەهەولێر، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ ٧٦٩، ٢٧/ ١٢ /١٩٨٤، ل٤ .

(لە ڕووی زمانەوانیشەوە زمـانی شـانۆگەرییەکە یـەك نـەبوو، دیـالۆگی کەسـایەتییەکان شێوێندراوە)[1].

دیارە ڕەخنەگر مەبەستی لەوەبووە چۆنیەتی وەرگێڕانـی دەقەکـە ناتـەواو بـووە واتـا وەرگێڕانەکەی وەرگێڕانێکی بێ سـەروبەر بـووە چـونکە دیالۆگـەکانی نێـو دەقەکـە مانـای پڕبەپێسـتی خـۆی نەداوەتـە دەسـت.هەروەها دەربـارەی ئـەم شـانۆگەرییە(حەیدەر عبدالرحمن)یش وتارێکی ڕەخنەیی بە ناونیشانی(لەگەڵ شـانۆگەری خانەدانـدا) نووسـیووە هەروەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆکرد دەقی دراماکە دەقێکی بیانیەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی،ڕەخنەگر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات وەرگێڕانی دەقەکە ئەوەندە بـێ سـەروبەرە تەنانەت بۆ ئەوەی خۆیان لە هەموو هەڵەو کەم و کوڕییەکان دەربازبکەن وەرگێڕ ناوی ناوە ئامادەکردن و وەرگێڕان،دواجار بەم هەموو کـەم و کوڕییـەوە دەسـتیان کـردوە بەنمایشـی شانۆگەریەکە، سەبارەت بەم لایەنەوە ڕەخنەگر دەڵێت:

(مەسەلەی ئامادەکردن هەر ئەوە نیە کە هەنـدێك لـە بـرادەرە دەرهێنـەرەکانمان بـۆی چوون بە شێلانی دەقێك بەهـەواو هەوەسـی خۆیـان، هـەتا ئـەو ڕادەیـەی کـە تـەنیا نـاوی نووسەرە ڕاستەقینەکەی خۆی پێوەبمێنێ ئینجا بۆ خۆدەربازکردن لەو گوناهـەی دەیکـەن مەسەلەی ئامادەکردن دەکەنە بیانوو)[2].

دواتر ڕەخنەی ڕەخنەگر لە چۆنیەتی ناونیشانی دەقی دراماکـە گرتـووە، چـونکە پێـی وایە ناوەڕۆکی دەقەکە لەگەڵ ناونیشانی دەقەکەدا تەبانین: ( وشەی خانەدان ئـەو چـەمکە ناداتە دەست کە لەناونیشان و ناوەرۆکی شانۆگەریەکەی مۆلییێردا هەیە)[3]، دیارە ڕەخنەگر ڕەخنـەی لـە هەڵبـژاردنی ناونیشـانی دەقەکـەدا هـەبووە، چـونکە پێـی وابـووە نـاوەڕۆکی دەقەکە زۆر لەگەڵ ناونیشانەکەیدا جیایە هەروەکو لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد، مۆلییێر و میشێل بۆلکاف هەریەکەیان ناونیشانێکی جیایان لەیەکتر بۆ داناوە بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئامادەکاری دەقی دراما کوردییەکە جیا لە هـەردوو لەمانـە هـاتووە ناونیشـانێکی تـری بـۆ

---

[1] - سەرچاوەی پیشوو.

[2] -حەیدەر عبدالرحمان، لەگەڵ شانۆگەری خانەداندا ، گ- کاروان، ژ ٢٩، س١٩٨٥، ل٦٠ .

[3] - سەرچاوەی پیشوو.

داناوە ، بووەتـە مایـەی ڕەخنـەگرتن لێـی، پاشـان دەربـارەی کەسـایەتییە سـەرەکییەکە (جـۆردان)، کـە سـەعدون یـونس ئـەم ڕۆڵـەی بینیـووە، ڕەخنـەگر پێـی وایـە نـەیتوانیوە پەیامەکەی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە وەکو کەسایەتییە سەرەکییەکەی مۆلیێر بگەیەنێ: (بەوناوەی، کە جۆردان کۆڵەگەی شانۆگەریەکەیە دەبوو نزیك بوونەوەی جۆردان لـە بینـەر لەهـەمووان نـزیکتر بوایـە ....بـەڵام ئـەو (سـەعدون یـونس) نـەیتوانی دەسـت بەسـەر ئـەو دەرفەتەدا بگرێ و جێگەیەکی ئەوتۆ لەدڵی بینەردا پڕبکاتەوەو کاریگەرییەك لەسەر هەست و نەستیاندا بەجێ بهێڵێت) [1]

بەسـەرنج دانمـان لـە دەقـی دراماکـە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە، کـەوا بیرۆکـە دراماکـە وروژانـدنی دەردێکـی کۆمەڵایەتییـە، کـە ژمارەیـەکی زۆری خانەدانـەکانی ئـەو سـەردەم و سەردەمی ئێستاش بەدەستیوە دەناڵێنن.

**ساڵی ١٩٨٤ :**

تیپـی کۆمەڵـەی هونەرەجوانـەکانی سـلێمانی شـانۆگەری (تەنەکـە)یان پێشـکەش کردوە، ئەم شانۆگەرییە لە ڕۆمانەکەی (یەشـار کـەمال)ەوە وەرگیراوە،کـە شـوکر مسـتەفا وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی و (فواد مەجید میسری)ش ئامادەی کردووەو هونەرمەند ئەحمەد سالار بۆ شانۆ دەریهێناوە.

یەشـار کـەمال لەڕۆمانەکەیدا باسـی قائمقامێکمـان بـۆ دەگێڕێتەوە،کـە لـە سـەرەتای دامەزراندنیـــەوە بـــەرەنگاری ئاغـــاو دەرەبەگـــەکان دەبێتـــەوە، بەتایبـــەتی ئەوانـــەی لـــە پێشێلکردنی مافی جوتیارە چەوساوەکان ڕاهاتون و دەیانەوێت قائیمقـامیش دەسـت بخاتـە دەستیان بۆڕوتانەوەی خـەڵکی و بـەردەوام بـوون لەسـەر ئـەو ژیانـە پـڕ سـتەمکاریە،بۆیە فەرمانبەرێکی قایمقام ڕووبەڕوی چەندین کێشەو بێنـەو بـەردەی دەکـەن بـۆ ئـەوەی کـارە چەوت و ناپاکەکانی ئاغاو دەرەبەگەکان جێبەجێ بکات،بەڵام ڕووبـەڕوویان دەوەسـتێتەوە کارەکان جێبەجێ ناکات،بەم هۆیەشەوە ئاغاو دەرەبەگەکان خۆیان ڕێك دەخەن بۆئـەوەی بچنە لای قایمقام و سکاڵای لێبکەن و سزا بـدرێت و لەسـەر کارەکـەی دەریبکـات، بەمـەش هەوڵەکـەیان سـەردەگرێ و بەتەنەکەلێـدانی منـداڵان شـار بـەدەردەکرێت . ڕووداوی ئـەم

[1]- سەرچاوەی پیشوو، ل ٦٣ .

شانۆگەرییە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی نێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکەو ڕۆژانە چەندەها کاری لەم شێوەیە بەبەرچاومان دەکەوێت بۆیە نووسەر هاتوە ڕوداوێکی واقیعی خستۆتە نێو دەقی ڕۆمانەکەیەوە بۆ ئەوەی بتوانێ کارە چەوت و ناڕێکەکانی چینی بۆرژوا بەدەر بخات چونکە ئەم چینە هەردەم بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەست لەناو دەست و ڕووەو یەك ئاراستە هەنگاو دەنێن، کە ئەویش چەوساندنەوەو زوڵم کردنە لە چینی هەژاران، ململانێی ئەم درامایەش بریتیە لە ململانێی چینایەتی، کە کاتێ ئاغاو دەرەبەگەکان سکالأیان لەدژی فەرمانبەرێکی هەژار تۆمارکردوەو دواجار وەدەریان نا . دەربارەی ئەم درامایە حەیدەر عبدالرحمان وتارێکی ڕەخنەیی بە ناونیشانی (تەنەکەو شانۆی ڕیالیزمی) نووسیوە، ڕەخنەگر دوای باسکردنێکی کورتی دەقی دراماکە هەڵوەستە لەسەر چۆنیەتی ڕۆڵ بینینەکەی هونەرمەند ئەحمەد سالار دەکات، کەوا ئەرکی کەسایەتییە سەرەکییەکەی نێو دەقی دراماکەی پێ سپێردرابوو ، لە ئەنجامدا ئەحمەد سالار بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە توانیبووی ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، بۆیە لەم بارەوە ڕەخنەگر دەڵێت: ( سالاری هونەرمەند ئاشکرایە، کە بەردەوام لە گۆڕانی کەسایەتی شانۆگەریەکانییەتی و خۆی لە دووبارەکردنەوەیان پاراستوە)[1] ئینجا ئاماژە بۆئەوە دەکات کەوا ئەم درامایە ڕێچکە ڕیالیزمیەکەی خۆی پاراستوەو لای نەداوە، بۆیە دەڵێت (دەرخستنی سیما ڕەسەنەکان بە دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە لەجل و بەرگی ڕووی جولأنەوەی جووتیارەکان، بەمە شانۆگەرییەکە لە دەرهێنانیشدا ڕێچکە ڕیالیزمیەکەی خۆی ون نەکردووە)[2]، هەروەکو لە ڕێبازی درامای ڕیالیزمیدا ئاماژەمان پێکرد، کە ئەم ڕێبازەو چۆنیەتی نووسینی درامای سەر بەم ڕێبازە دەبێ ڕووداوەکانی لە واقیعەوە هەڵێنجرابن و نووسەر تێکەڵاوی هەست و سۆزی خۆی نەکات بۆ ئەوەی لایەنگری لایەنێك یاخود بەرەیەك لەبەرەکانی کۆمەڵگا بکات بەڵکو ڕووداوەکان چۆن ڕویداوە بەبێ کەمو زیادی نوسەر بیان گوێزێتەوە.

---

[1]- حەیدەر عبدالرحمان، تەنەکە و شانۆی ڕیالیزمی ، ڕ — هاوکاری ، ژ ٧٢٠ ، ١٩٨٤ ، ل٩.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

**سالّی ١٩٨٥:**

تیپـی شـانۆی نەتەوایـەتی، شـانۆیی (شـاری ئـەوین)ی لـە سـالّی ١٩٨٥ پێشـکەش کردووە لە نوسین و دەرهێنانی (تەلعـەت سـامان)ە، هەرچـەندە ئـەم شـانۆنامەیە سـەرەتا ناوێکی تری هەبوو (ئەژدیها) بەلاّم کاتێك دەرهێنە (تەلعـەت سـامان) ویسـتی بـەم درامایـە بەشداری لە ڤیستیڤالّی شانۆیی بەغدا بکات لێژنەی هەلّسەنگاندن سانسۆریان خسـتە سـەر ئەم درامایەو ڕیگایان بەدەرهێنەرنـەدا بەناونیشـانی ئـەژدیها بەشـداری بکـات، بۆیـە ناچـار بووە ناوەکەی بگۆڕێت بۆ شـاری ئـەوین، مەبەسـتی ناونـانی ئـەم درامایـە (شـاری ئـەوین) لەوەوە هاتوە، کە سەرەتای دەستپێکردنی دیالۆگی کەسایەتی یەکەم دەلّێت شاری ئەوین نەفرەت دەورەی داوە، کە پوختەی دراماکە بەم شێوەیەیە ئەژدیهایـەك سەرچـاوەی ئـاوی شاری ئەوین دەگرێت، هەموو دانیشتوانی شار تینوێتی تاویان بۆ دێنێ، بۆیـە ناچـار دەبـن هەولّ بدەن بۆئەوەی ئەو ئەژدیهایە لەناوببەن، بـەلاّم لەلایـەکی تـر بازرگانـەکانی شـار،ئەم جۆرە ڕووداوەیان پێ خۆشەو بازرگانی بەم جۆرە کارەوەدەکەن بـۆ ئـەوەی دەسـتمایەکی زۆریان دەستکەوێ، پاشای شار هەموو دانیشتوان کۆدەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی کەسـێك خـۆی تـەرخان بکـات بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەژدیهاکە،ئەگـەر هـاتوو قارەمانەکـە سـەربکەوێت دواجار پاشا کچەکەی خۆی لـێ مارەدەکات.بـەم جـۆرە ڕووداوەکـانی نێـو دراماکـە بـەرەو پێشەوە دەچێت تائەوکاتەی کەسێك خۆی تەرخان دەکـات و هەنـدێك ژەهـر لەگـەلّ خـۆی دەبـات و دەیخاتـە قـورگی ئەژدیهاکـە بەمـەش ئەژدیهایەکـە لەناودەچێت. پاشـاش وەکـو ئەوەی،کە گفتی داوە دواجـار کچـەکەی خـۆی دەداتـێ. بەسـەرنجدانمان لـەناوەڕۆکی ئـەم درامایە ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوە، کە گرێیی سەرەکی ئەم درامایـە بریتیـە لـەڕزگاربوونی شارێك لەو مەترسی و هەڕەشەیەی، کە ئەژدیهایەك خستبوویە سەر ئەوشارە بـە نـەمانی و لەناوچـوونی ئەژدیهایەکـە خـەلّکی شـارەکە تووشـی خۆشـی و ئـارامی دەبن.لەناوچـوونی ئەژدیهایەکە هێمایەکە بۆ بەرقەراربوونی ئازادی چونکە دەرهێنەر ناڕاسـتەوخۆ ویسـتویەتی بەبینەر بلّێ ئەگەر هەموو میللەتی کورد پێکەوە وەکو قارەمان دەست بدەنە ژەهرو بیکەنە قورگی نەیارەکانیانەوە، ئەوا دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن هەروەکو چۆن قارەمـانی ئەم درامایە توانی ئەژدیهاکە لەناوببات. ململانێـی نێـو ئـەم درامایـە، ململانێیەکـە لـەنێوان خێـرو شـەڕ،دیارە ئـەژدیهاو بازرگانـەکان بەرجەسـتەی ململانێـی شـەڕ دەکەن،چـونکە

بازرگانەکان هەردەم هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی کێشەکە بەچارەسەر نەگات و کۆسپێك بوینە بۆ لەناوچوونی ئەژدیهاکە، تێکڕای خەڵکی شاریش بەرجەستەی ململانێی بەرەی خێرن، کە هەردەم لەپێناوی لەناوچونی ئەژدیهاکە لە تێکۆشاندا بوونە،ئـەم جـۆرە ململانێیـە لـە نێـو ئەفسانە کۆنەکانی میللەتی کوردا بونی هەیـە نووسـەریش سـوودی لـەم جـۆرە ئەفسـانەیە وەرگرتووەو خستۆتیە نێـو چوارچێوەی دراماکـەی . دیـارە ئـەم جـۆرە ململانێیـە لـە نێـو دراماکانی سەردەمی یۆنانی کۆندا بوونیان هـەبووە، لەوانـە (ئـۆدیبی سـۆفۆکلیس)،کە زۆر نزیکە لەڕووداوی دراماکەی تەلعەت سامان بۆیە دەکرێ بڵێین نووسـەر ڕەنگـە سـودی لـەم درامایـە وەرگرتبێت.سـەبارەت بـەم درامایـە حەیـدەر عبـدالرحمان وتـارێکی ڕەخنـەیی بـە ناونیشانی (گەڕانێك بەشانۆی ئەویندا) نووسیووە، کە تیایدا دەربارەی بیرۆکەی درامایەکـە دەڵێت:

( تەلعەت سامان لەشاری ئەویندا هەوڵ و تەقەلای خۆی بۆ ئـەوە خسـتۆتەکار، کـە لـە مەسەلە ڕەسەنەکانەوە دەست پێبکات، وە شانۆ بکات بە ڕێگەیەك بـۆ گەیشـتن بـە گـەلێ حەقیقەتی مەوزوعی .... بیری شانۆنامەکەی لە ئەفسانە و کەلەپوورەوە وەرگرتوە) [1]

دواتـر ڕەخنـەگر ئامـاژە بـەوە دەکات،کـە نووسـەری دەق زۆر لێهاتووانـە هـەوڵی لەناوبردنی ئەژدیهایەکەی داوە لەڕێگەی پاڵەوانی دەقەکەیەوە، نووسەر ( ڕێگا بـۆ خـەڵکی ڕوون دەکاتەوە،کـە چـۆن بـەرەنگاری ئـەژدیها ببنـەوە، دوو کەرەسـتە دەداتـە دەسـت قارەمانەکە، ژەهر:کە زانست و بیرە،ئینجا خەنجەر،کـە هۆیـەکی شۆڕشـگێرانەی گەیشـتنە بەئامانج،کە هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی تریان ئامانج بەدەست ناهێنن) [2] بەمەشەوە نووسـەر ویستویەتی نیشانی بینەر بدات،کە بەبێ هۆش و بیرکردنەوە،چەك هیچ ئامانجێك بەدەست ناهێنێت،بۆیە پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هۆش و بیریان بۆل ەناوبردنی هـەموو ئەو ئەژدیهایانە بەکاربهێنن، کە ڕێگرن بـۆ بەدەسـتهێنانی مـافی ئـازادی و سـەربەخۆیی بـۆ میللەتی کورد دواتر ڕەخنـەگر چۆنیەتی وەرگـرتنی ئەفسـانەو کەلـەپووری کـوردیی لـەنێو دەقی ئەم درامایـەدا بـەلاواز دەزانـێ و پێیوایـە کۆپیـەکی تـەواوی دەقـە ئەفسـانەییەکەی

---

[1]- حەیدەر عبدالرحمان، گەڕانێك بەشانۆی ئەویندا ، ڕ٠ هاوکاری، ژ ٨١٨ ، ١٩٨٥، ل ٣ ٠

[2]- سەرچاوەی پێشوو.

کردووەو هیچ جۆرە چارەسەرێکی بابەتیانەی نووسەری لێ بەدی ناکرێ، بۆیە لەم بارەیەوە ڕەخنەگر ئاماژە بۆئـەوە دەکـات، کـە نووسـەری دەق (تەلعـەت سـامان) نـەیتوانیووە لـەم دەقەدا لەچۆنیەتی گواستنەوەی ئەفسـانە بـۆ نێـو دەقـی دراماکـەی سـەرکەوتن بەدەست بێنێت (نوسـەر لەوێنـە ئەفسـانەییەکەدا لای نـەداوەو پـەنای نەبردۆتـە بـەر ڕەمـز، بـەڵکو بەشێوەیەکی کارتۆنی مەسەلەکە دەبڕێنێتەوە، قارەمانەکە تەنیا لـە پێنـاوی دەسـتگیرانە چاوەڕوانکراوەکەیدا دەگەڕێنێتەوە،ئەگەر بهاتایە ئەم قارەمانە ببووایە قۆچـی قوربـانی لـە پێناو ڕزگـارکردنی شـارەکەی، ئـەو کـات بـڕی پاڵەوانیـەتی و قوربـانی دانەکـەی گـەورەتر دەبوو) [١] ،ڕەخنەگر مەبەستی ئەوە بووە، کە نەدەبوو پاڵەوانە سەرەکییەکە بگەڕێتەوە نێو میللەت و پاشان پاشا کچەکەی خۆی لێ مـارە بکـات بـەڵکو دەبوایـە سـەری خـۆی بـەخت بکردایە لە پێناو ڕزگارکردنی شارەکەی خۆی، لە دەست ئەو ئەژدیهایە، چونکە پاڵەوانەکە دیارە مەبەستی سەرەکی ئەوەبووە بگاتە کچی پاشاو بگات بە ژیانێکی خۆش بەڵام ئەگـەر سەری تیابچوبوایە ئەوا ئەوکات مەبەستی ڕزگارکردنی شارو میللەتەکەی خۆی بووە.

دەربـارەی هـەمان شـانۆگەری شـێرزاد حەسـەن وتـارێکی ڕەخنـەیی بـە ناونیشـانی( شانۆگەری شاری ئەوین وسەرنجێك)نووسیوەو ڕەخنـەگر بابـەتی دراماکـە دەگێڕێتـەوە بـۆ ئەفسانەو کەلەپووری کوردی و پێیوایە(سەرچاوەی چیرۆکەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ یـەکێ لـەو حەکایاتانەی دەماودەم لە گوێ ئاگردانی شەوانی زستانی لای خۆمان زۆر کـەس بـە منـاڵی بیستوویەتی ) [٢]، هەرچـەندە کەرەسـتەی شـانۆگەرییەکە لـە ئەفسـانەوە وەرگیراوە،بـەڵام ڕەخنەگر پێی وایە نووسەر کۆمەڵێك فرو فێڵ و پیلانی هونەری خستۆتە نێـو ڕووداوەکـانی دەقــی شــانۆگەریەکەو لــە چوارچــێوەی دیــالۆگی شــانۆیی داڕشــتۆتەوە، ڕەخنــەگر کەسایەتییەکانی نێو دەقی دراماکەی بۆ دوو بەرە دابەش کردوە، بەرەی خێرو بەرەی شەڕ . بەرەی خێر بریتین لە( بیرلێدەری دانا، شاگردی بیرلێدەر ، دڵدارە ئازایەکە ، کچی میر ، کچە گوڵفرۆشـەکە....لە پێنـاو بەرژەونـدی گشـتی و نـەمانی ئەژدیهایەکـە هـەوڵ و تەقـەلا

---

[١]- سەرچاوەی پیشوو، ل ١١ .

[٢]- شێرزاد حەسەن، شانۆگەری ئەوین و سەرنجێك، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٨٤٥ ، ٢٦/٦/ ١٩٨٥ ، ل١٠.

دەدەن)[1] دیارە مەبەستی ڕەخنەگر بۆ ناوهێنانی ئەم کەسایەتیانە ئـەوە بووە،کـە پێمـان بڵـێ ئەمانـەش تـاکێکی میللـەتن و لەبـەرەی خێردان،بـەڵام بـەرەی دووەم کـە بـەرەی شەڕخوازن و هەردەم لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان و گیرفان پڕکردنی خۆیـان هـەوڵ دەدەن ئەوانیش بریتین لە (ئاغا، بازرگان ، زانا .... ئـەم سێ ملۆزمـە بەرژەوەنـدی زاتـی خۆیـان لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبینن، بگرە ئەوەنـدە پـیس و نەگریسـن کـەڵك لـە بـوونی ئەژدیهاو نەبوونی ئاو وەردەگرن بەهەلێکی چاکی دەزانن گیرفانی خۆیان پڕبکەن)[2]، دیارە نووسەری دەق مەبەستی خۆی هەبووە،کە ئاغـاو بازرگـان و زانـا لەیـەك بـەرەی شـەڕخواز کۆبکاتەوە، هەرچەندە پیاوە زاناکە هەنـدێك جـار ڕۆڵـی خێـر خـوازیش دەبینێ،بـەڵام لـەم شانۆگەریەدا ڕۆڵێکی شەڕخوازانەی پێبەخشیوە،چونکە بە پارە ژەهـری فرۆشـتۆتە پیـاوە بازرگانەکە، بۆئەوەی ئەو تاقە بـیرە ئـاوەی کـە بـۆ خێـرو خۆشـی شـاری ئـەوین لێـدرابوو ژەهراوی بکات.

بەمەش بازرگان و زانایەکە بوونەتـە هۆیـەك بـۆ ئـەوەی خـەڵکی شـاری ئـەوین تووشـی نەهامەتی و تینوێتی بکەن، چونکە زانایەکان بـە هـۆی ئـەو زانسـت و زانیارییانـەی هەیانـە بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان لـە دروسـتکردنی چـەکدا هەیـە زۆربـەی جـار هۆکـارن بـۆ لـە ناوبردنی خەڵك، هەر بۆیە نووسـەریش بـەم شـێوەیە ئـەوجۆرە زانایانـە ڕیسـوادەکات ،کـە هەوڵ دەدەنە بۆ لەناوبردنی خەڵك، ڕەخنەگریش ئـەم ڕاسـتیەمان بـۆ دووپـات دەکاتـەوەو دەڵێـت: (مـن کـە ئـەم زانایـەم لەسـەر شـانۆ دی هەنـدێ لـەو زانـا فیزیاویانـەم بـیر هاتەوە،کەدەستیان لەگەڵ هەندێ لەکارگەکان تێکەڵ کردووە بە تایبەتی ئەوکارگانەی کـە چەکی ئەتۆمی دروست دەکەن )[3]

پاشان ڕەخنەگر دێتە سەر باسی چۆنیەتی گونجانـدنی ئـەو ئەفسـانەیە لـە نێـو دەقـی درامای شاری ئەوین بەشێوەیەکی ڕێك و پێکی لەقەڵەمداوەو پێچەوانەی ڕەخنەگری یەکەم (حەیـدەر عبـدالرحمان) سـەرنجە ڕەخنەییەکـەی خـۆی داوەو پێـی وایـە: ( زۆر زیرەکانـە

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو.

[2] - سەرچاوەی پێشوو.

[3] - شێرزاد حەسەن، شانۆگەری ئەوین و سەرنجێك ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٨٤٥ ، ١٩٨٥/٦/٢٦ ، ل١٠.

مامەڵەی لەگەڵ وشەدا کردووە... دراما لەو توندو تیژیە لە نێوان بەرەی خێرو شەڕدا جوان پەرە دەسێنێ...کارەکتەرەکان بە تێکڕا توانیان ئامانجی پیرۆزی شانۆگەرییەکە بە بینەران ببەخشن)١ .

لە هەمانساڵدا شانۆگەری(لێوبەبارەکان) لەلایەن تیپی شانۆیی هونەری نوێ پێشکەش کراوە،دەقی دراماکە لەعەرەبییەوە،کە هی (جلیل القیسی)ە، لەلایەن (لەتیف سالح)ەوە بۆ شانۆ دەرهێنراوە.ناوەڕۆکی دراماکە باسی پیاوێکی فەرمانبەری بەساڵاچوو وماندوولەکارەکەی خۆیدا دەکات، ئەم پیاوە جگە لەبێزاری کارەکەی خۆی کێشەیەکی تری هەیە ئەویش وای لێکردووە کەهێندەی تر وەرس و بێزاربێت لە ژیانی خۆی بەتایبەتی ئەوکاتانەی،کە دەیەوێت بگەڕێتەوەبۆماڵی خۆی بەتەواوی بێ تاقەتی دای دەگرێت،چونکە ئەم پیاوە فەرمانبەرە بەساڵاچووە ماوەیەکی زۆر دەبێت ژنی هێناوە،بەڵام منداڵی نابێت لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کاتی خۆی بە خواردنەوەی مەی بەسەر دەبات.لێرەدا دەبینین نووسەر ڕووداوێکی واقیعی هێناوەو خستوەتیە نێو دوو توێی دەقێکی دراماوە.گرێیی ئەم درامایە لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کەپیاوەکە بیر لەنەبوونی منداڵ دەکاتەوە،هەردەم لەگەڵ خۆیدا تووشی ململانێیەکی سەخت دەبێت، بۆیە دەکرێ بڵێین ململانێی ئەم درامایە ململانێیەکی ناوەکییە،کە هەردەم کەسایەتییە سەرەکییەکە بیر دەکاتەوە لەناخی خۆیدا توشی شڵەژان و دڵەڕاوکێ دەبێت ودواجار پەنا بۆ مەی دەبات بۆئەوەی خۆی مەست بکات،بتوانێ ساتێ لە ئازارەکانی کەم بکاتەوەو بەردەوام کۆمەڵێك پرسیارو بیر و بۆچوون لە مێشکیدا خول دەخواتەوە،کە بۆچی منداڵی نابێت یاخود بۆچی تووشی ئەم کارەساتە بووە، بەمەشەوە نووسەر پاڵەوانی دەقەکەی لە نێو کۆمەڵدا هەڵبژاردوە،بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم درامایە پەیڕەوی ڕێبازی ڕیالیزمی کردوە چونکە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوێکی واقیعی نێو کۆمەڵگادا کردووە وەکو زۆربەی ڕێبەرانی ڕیالییزم ئەم جۆرە کارانەیان بەئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن لەوانە ئەپسن، هەردەم دەچوە قوڵایی کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگاکەیەوە.بۆ ئەم مەبەستەش نووسەری ئەم درامایە هەمان ڕێچکەی بەکارهێناوە، دەربارەی ئەم درامایە حەیدەر عبدالرحمان وتارێکی ڕەخنەیی بە ناونیشانی

---

١- شێرزاد حەسەن، شانۆگەری ئەوین و سەرنجێك ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٨٤٥ ، ١٩٨٥/٦/٢٦ ، ل١٠.

(لێو بەبارەكان) نووسیووە، سەرەتا ڕەخنەگر باسی ڕێچكەی شانۆگەرییەكە دەكات و دەڵێت:

(جلیل بەرامبەر بە سەردەم وكێشەكانیدا مرۆڤێكی مولتەزیمەو ڕاستگۆیانە پەنجە دەنێتە ناوچاوی واقع)[1]

ئەمەش ئاماژەیەكی ڕۆشنە بۆ دیاریكردنی ڕێچكەی نووسەری دەقەكە، دواتر دەربارەی كەسایەتییەكانی دراماكە رەخنەگر دەڵێت: (پاڵەوانەكانی هەڵبژاردەی كۆمەڵن و لەهەموو چەشنو ئاستی كۆمەلآیەتییەوە وەرگیراون)[2].

## ئەنجام:

١- سالآنی نیوەی یەكەمی هەشتاكان لەڕووی ڕەخنەی شانۆییەوە زیاتر گرنگی هەیە، چونكە نووسەری تر هاتنە مەیدانەكەوە،كە لەڕووی هونەرییەوە شارەزاییەكی چاكی بوارەكە بوون لەوانە (محەمەد تەیمور، محسن محمد،حەیدەر عبدالرحمان، صباح هرمز) .

٢- لە نیوەی یەكەمی هەشتاكاندا كۆمەڵێك تەوژمی نوێی شانۆیی هاتە ناو شانۆی كوردییەوە، بەمەشەوە بزاڤەكەیان قوڵترو جوانتر كرد .

٣- لە سەرەتای دەست پێكردنی ڕەخنەی شانۆییدا،لە باشووری كوردستان هەتاوەكو ناوەڕاستی سالآنی هەشتاكان نامیلكەو كتێبی ڕەخنەی شانۆیی بەرچاو ناكەوێت، بەلآم دواتر ڕەخنەی شانۆیی لە شێوەی كتێب چاپكراوە،بەتایبەتی هەوڵەكانی ڕەخنەگری شانۆیی(محسن محمد )بەرچاو دەكەوێت،كە هەوڵی داوە بابەتە ڕەخنەییەكانی خۆی لە شێوەی كتێبدا بە چاپ بگەیەنێ.

٤- لە ڕەخنەی شانۆیی كوردیدا، كۆمەڵێك نووسەر خۆیان تێدا تاقی كردۆتەوە ، بەلآم تا سەر نەیان توانیووە بەردەوام بن، لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی ڕەخنەگرەكان تەنیا ڕەخنەیان لەسەر چۆنیەتی پێشاندانی شانۆكە هەبووەو لایەنی ئەدەبیی دەقەكەیان پشتگوێ خستووە.

---

[1] - حەیدەر عبدالرحمان، لێو بەبارەكان، گ- ئۆتۆنۆمی، ژ ٢، س ١٩٨٥، ل ٧٤ .

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

٥- لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٦)دا،کۆمەڵێك گۆڤار ژمارەی تایبەتییان بـۆ شـانۆ و درامـا تـەرخان کردووە،بەمـەش کۆمـەڵێك لێکۆڵینـەوەو ڕەخنـەی زانسـتییان بڵاوکردۆتەوە،ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرینگیدانە بەبواری ڕەخنەی شانۆیی.

٦- دەقـە شـانۆییە نووسـراوەکان تـا ڕادەیـەك لـە ڕووی بیرۆکەکەیانـەوە لـە یـەکتری نزیکن، چونکە زۆربەیان بیرۆکەکەیان لە چوارچێوەی داب و نەریت و لایـەنی کۆمەڵایـەتی و تاڕادەیەك لایەنی نەتەوەییدا دەخولێتەوە.

## سەرچاوەکان

به زمانی کوردی:

**ا- کتێب:**


- ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب وهونەر، بغداد، ١٩٨٨.
- حەمەکەریم هەورامی،درامای کوردی لەناودرامای جیهاندا، هەولێر،٢٠٠١.
- خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، ١٩٨٩.
- د.فەرهاد پیربال،ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٢، هەولێر ،٢٠٠٦.
- محەمەدئەمین زەکی بەگ،خلاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، بەغدا١٩٣١.
- محسن محمد، خانزادی سۆران لەکورتە درامادا،مطبعة شفیق- بەغدا، ١٩٨٦.
- محسن محمد، ڕەخنەی شانۆیی، مطبعة الثقافة والشباب- بەغدا، ١٩٨٨.
- د. هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، هەولێر، چ ١ ، ٢٠٠٧.

**ب ـ گۆڤارەکان:**

- ئەحمەد محمد ئابلاخی،گوڵە مێخەك لە نێوان نوسین و ئامادەکردن، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارەی تایبەت،١٩٨٠.
- ئازاد حەمە شەریف،خانزاد و تێڕوانینێکی تر،ڕۆژنامەی عێراق،ژ٢٣٢٤، ٢٠ /٦/١٩٨٤.
- حەیدەر عبدالرحمان،تەنەکەو شانۆی ڕیالیزمی،ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٧٢٠، ١٩٨٤.
- حەیدەر عبدالرحمان، لێو بەبارەکان، گ ئۆتۆنۆمی، ژ ٢، ١٩٨٥.
- حەیدەر عبدالرحمان،گەڕانێك بەشانۆی ئەویندا،ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٨١٨، ١٩٨٥.

– حەیدەر عبدالرحمان، لەگەڵ شانۆگەری خانەداندا، گ کاروان، ژ ٢٩، ١٩٨٥.

– سەعدون یونس، شانۆگەری خانەدان لەهەولێر، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ ٧٦٩، ٢٧/ ١٢ /١٩٨٤.

شێرزاد حەسەن،شانۆگەری ئەوین و سەرنجێك،ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ٨٤٥، ٢٦/٦/١٩٨٥.

– فاروق ڕەفیق، شانۆی سەلەی نانکەرو پرسیارێك، گ کاروان، ژ ١١، ١٩٨٣.

– مەغدید حاجی ، شانۆگەر ی لاس و خەزال و بەیتی لاس و خەزالی ناو کتێبەکەی ئۆسکارمان ، گ کاروان ، ژ١١، ١٩٨٣.

– محمد تەیمور، خانزادو کەلەپورو شانۆو مێژوو، گ ئۆتۆنۆمی، ژ ٣، ١٩٨٤.

– یاسین قادر بەرزنجی، گوڵەمێخەك لەگوڵزاری پێشڕەودا، گ ڕۆژی کوردستان، ژمارەی تایبەت بە شانۆ و چیرۆك، ١٩٨٠.

– یوسف السید أحمد، شانۆی بێ هودەیی یان ناماقوڵ، و: محمد عبدالله، گ شانۆ، ژ ٦، ٢٠٠٨.

## بە زمانی عەرەبی:

ا– کتێب:

– اشلی دیوکس، الدراما، ترجمة: محمد خیری، وزارةالثقافة والارشاد القومی – القاهرة، سنة بلا.

جمعة احمد قاجة، المدارس المسرحية و طرق اخراجها من الاغريق الى الان، بيروت، ١٩٧٥.

– جيرالدايدس بنتلي– فرد. ب. ميلت، فن المسرحية، بيروت ، ١٩٦٦.

– دريني خشبة، أشهر المذاهب المسرحية ونماذج من أشهر المسرحيات، القاهرة،١٩٦١.

– د. رشاد رشدي، نظرية الدراما من ارسطو الى الآن، قاهرة، ١٩٦٨.

– د. سالم أحمد الحمداني، مذاهب الادب الغربي ومظاهرها فی الادب العربي الحديث، الموصل، ١٩٨٩.

– د. سمير سرحان ، تجارب جديدة في الفن المسرحي، بيروت .

– علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، بيروت، ١٩٧٩.

– فرنيس فرجسون، فكرة المسرح،ترجمة جلال العشري، القاهرة، ١٩٦٤.

– لويس فارجاس، المرشد الى فن المسرح، ترجمة أحمد سلامة محمد، مراجعة:د. مرسي سعدالدين، دارالشون الثقافة العامة– بغداد .

– د. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، قاهرة، بلا.

- ____________، الرومانتيكية، دار العودة– بيروت، ١٩٨٦.

د. محمد مندور، الادب ومذاهبه ، دار نهضة المصرية للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٤.

# ڕەخنەی کورتە چیرۆك

## لە ( پاشکۆی ئەدەب و هونەری(کوردستانی نوێ)دا

## ٢٠٠٠ - ٢٠٠٧

## پێشـەکی

ڕۆژنامە وەك خاوەن دەسەلاّتی چوارەم بەگرنگترین بوارەکـانی ڕۆشـنبیریی دادەنرێـت، چونکە ڕۆژانە یا هەفتانە لەسەر لاپەرەکانی کۆمەڵێ بەرهەمی ڕۆشنبیریی هەمە جۆرو هەمە چەشـن بلاّودەکرێتـەوەو بەئاسـانی خوێنـەری ڕۆژنامـە بـەنرخێکی هـەرزان دەتـوانێ بیانخوێنێتـەوە و بەدەسـتیان بهێنێت.سـەرهەڵدانی ڕۆژنامـە لـەڕەوتی ڕۆشـنبیریی هـەر میللەتێکدا بە وەرچەرخانێکی شارستانی گرنگ دادەنرێت.

دیاردەی دەرچـوونی پاشـکۆی ئـەدەبی لـە ڕەوتـی ڕۆژنامـەوانیی کوردیـدا زیـاتر پـاش ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ سـەری هەڵداو سەرەتا هەردوو ڕۆژنامەی(برایەتی)و ڕۆژنامـەی( کوردستانی نوێ) پاشکۆی ئـەدەبییان دەرهێنـاو پاشـتر ئـەم دیاردەیـە هەنـدێ ڕۆژنامـەی دیکەی گرتەوە.

ڕۆژنامەوانیی کوردی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە گۆڕانکـاری بەسەردا هاتووە،بەتایبەتی پـاش ڕاپـەرینی سـاڵی ١٩٩١، کـە لـە ئێسـتادا ژمارەیـەکی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤـار لـە هـەرێمی کوردسـتان دەردەچێت،هەروەها لـەپاش ڕاپەرینـەوە هەنـدێ ڕۆژنامەو گۆڤاری زۆر تایبەت بە بوارێکەوە دەکەوێتە بەرچاو و دەکرێت پاشکۆی( ئەدەب و هونەر)[1] بە یەکێك لەو ڕۆژنامانە دابنرێت،هەرچەندە سەربەخۆ نییەو بەشێوەی پاشـکۆیەکی هەفتانە لەگەڵ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دایە.

## ناساندنی پاشکۆی "ئەدەب و هونەر"ی " کوردستانی نوێ ":

ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ )بە مەبەستی خزمەتکردنی ئەدەب و هونەری کوردی هەر لـە سەرەتای دەرچوونیەوە لـەژمارە (سـفر)ی ڕۆژنامەکـە لـە ١٢ / ١ / ١٩٩٢([2]) وە لاپـەڕەی شەشـی ڕۆژنامەکـەی بـۆ ئـەدەب و هونـەر تـەرخانکرد و دواتـر لەوەرچـەرخانێکی گرنگـدا

---

[1] به هاوبەشی لەگەڵ صابر حسین رەسول، لە نامەکەی بە ناونیشانی **ئەدەبیاتی فێمێنیزمی کوردی بە نموونەی چەند قەڵەمێکی مێینەی کورد.**

[2] – رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ/ سفر،ساڵی یەکەم، ١٩٩٢/١/١٢، ل ٦.

لە١٩٩٣/١/١١([1]) لە ژمارە٢٨٩ی ڕۆژنامەکەوە پاشکۆیەکی تایبەتی هەفتانەی چوار لاپەڕەیی بەقەبارەی تابلۆید بەناوی ( پاشکۆی ئەدەب و هونەر)بۆ بایەخدان بەهەر دوو بواری ئەدەب و هونەر تەرخان کردو لەگەڵ ئەوەشدا، کە چەند جارێك لەدەرچواندن وەستاوەو دواتر بەردەوام بۆتەوە توانراوە (١٧٤) ژمارەی دەربچوێندرێت وەك پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەیی، بەڵام لە ٣٠ / ٣ /٢٠٠٠ و لە ژمارە (١٧٥)ەوە ئەم پاشکۆیە لەگەشەکردنێکی بەرچاودا کرایە پاشکۆیەکی (٨) لاپەڕەیی و تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردنی ئەدەب و هونەری کوردی .

ئەگەر بەچاوخشاندنێکی سەرنجدەرانە سەیری ژمارەکانی پاشکۆی( ئەدەب و هونەر ) بکەین،دەگەینە گەڵاڵەبوونی ئەنجامگەلێکی سەرنج و تێبینی کە خۆی لەمانەدا ئەبینێتەوە:

لە پاشکۆی ( ئەدەب و هونەر) دا بەردەوام بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لە دیزاین و ژمارەی لاپەڕەو لە گۆڕانی لاپەڕەکان و لەستافی بڵاوکراوەکەدا کراوە، ناکرێت ئاماژە بە چۆنێتی دابەشکردنی لاپەڕەکانی ئەو پاشکۆیە بکەین، چونکە بەردەوام گۆڕانکاری تیادا کراوە، تەنها ئەو لاپەڕانەی وەك خۆیان بەجێگیری ماونەتەوە بریتین لە لاپەڕەی یەکەم، کە تایبەتە بە هەواڵ و زانیاریە ئەدەبی و هونەرییەکان و لاپەڕەی دووەم کە تایبەت کراوە بە بڵاوکردنەوەی شیعر و زەمینە رەخساوە بۆخستنەڕووی بەرهەمی شاعیران بە کۆن ونوێوە و ناساندن و ئاشناکردنی شاعیرە گەنجەکان و بەرهەمەکانیان بەخوێنەری کورد، هەروەك بایەخ بە شیعری وەرگێڕدراوی نەتەوەکانی تر بەتایبەتی عەرەبی و فارسی دراوە.دوا لاپەڕەش،کە تایبەتە بە ڕاپۆرتە هەواڵ و چاوپێکەوتنی کورتی هونەریی و ئەدەبی،لاپەڕەیەکی تریشی تایبەتکراوە بەبڵاوکردنەوەی کورتەچیرۆك و ئاشناکردنی خوێنەر بە بەرهەمی چیرۆکنووسانی کورد بەتایبەت چیرۆکنووسەلاوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کورتەچیرۆکی دەگمەن و سەرنجراکێشی گەورە نووسەرانی جیهانی لەدوای وەرگێڕانیان بڵاوکراوەتەوە تاخوێنەری کورد ئاشنای بەرهەمی گەلان بێت و لێیان سوودمەندبێت،بەڵام لاپەڕەکانی تری کەتایبەتکراوە بۆ ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو هونەرو وەرگێران و خستنەڕووی کتێب و سازدانی دیدار و خوێندنەوە بۆدەقی ئەدەبی بەردەوام

---

[1] - ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ژ ٢٨٩ لەگەڵ پاشکۆی ئەدەب و هونەر- ژ/ سفر ، ١٩٩٣/١/١١ ، ل٥.

گۆڕانکارییـان بەسـەردا هاتووە.هـەروەك بـەردەوامیش گۆڕانکـاری لەسـتاف و لـەدیزاین و لۆگۆکەیدا کراوەو لە ژمارە( ٥٠٣ )ی ڕۆژی ١٤/ ٩/ ٢٠٠٦ یشەوە هەر دوو لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی کراوەتە ڕەنگاو ڕەنگ .


ئەدەب و هونەری
کوردستانی نوێ
چاپکردنەوەی رۆمانەکانی پاموک
تەرمی کامۆ دەگوازرێتەوە

فاکتەرێکی گرنگی سەرکەوتنی یا پێشکەوتنی پاشکۆی(ئەدەب و هونەر)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ئەو هەمەڕەنگییەی ژانرە ئـەدەبی و هونەرەکانییـەتی کـە کـاری لەسـەر دەکات و بە تەنها بەیەك دوو ژانرەوە خۆی پابەند نەکردووە،بەڵکو کۆمەڵێك بواری ئەدەبی و هونەری بەربڵاوی لـە خـۆ گرتـووە:وەك (شـیعر و چـیرۆك و ڕەخنـەووەرگێڕانی ئـەدەبی، شانۆ، شێوەکاری..هتد )،"هەمیشە بابەتی لەناوەڕۆکی بەپێزو فۆڕمی هونەریی جوان

خسـتۆتە نێـو دووتـوێی لاپەڕەکانیـەوە، لەهـەواڵی هونـەری و شـیعری جـوان و کورتـە چـیرۆك و لێکۆڵینـەوەو وتـاری ئـەدەبی و هونـەری، وێـڕای ئەمانـە بابەتـە ئـەدەبی و هونەرییەکان بەهەستیارییەکی روونەوە خراونەتە بەر تیشـکی رەخنـەو هەڵسـەنگاندن، کـە ئەمانە سەرتاپا تینـوێتیی خوێنـەری خـۆی دەشـکێنێ."(١). لەگـەڵ ئەوەشـدا"(ئەدەب و هونـەر)...فەزایـەکی گـرنگ و گەورەیـە بـۆ چـوونە نێـو بابەتـە هەنووکەییـە ئـەدەبی و هونەرییەکان، ژانرە ئەدەبییەکان هێندە بەرفراوان و هەمەلایەنن، کە هەمەلایەنـەترین بـاس و هزر لەخۆدەگرێ"(٢).

لەم پاشکۆیەدا بایـەخێکی زۆر بـە هونـەرەکانی ئـەدەب بەتایبـەت ( شـیعر و چـیرۆك ) دراوە.لە بەرامبەر ئەو پانتاییە فراوانەی شیعردا ، چیرۆك بە پلەی دووەم دێت کەئەمـە بـە مانای ئەوە دێت کەچیرۆکنووس و دەقـی باشمـان کەمـە ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تـرەوە هێمایە بۆ ئەوەی چـیرۆك دوای نزیکـەی سـەدەیەك لەدەرکـەوتنی لـەنێو ئـەدەبی کوردیـدا هێشتا هەر نـەبووە بـە سیمایەکی دیـاری ئەدەبەکـەمان. ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی هەنـدێ لەچیرۆکەکان لەئاستی پێویسـتدا دەرناکـەون، چـونکە "ڕانـەگرتنی کێشـی چـیرۆك چ وەك فۆرم و چ وەك ماناو مەبەست یەکێکە لەکارەساتە دیارەکانی چیرۆکی ئێستامان کە ئەمیش لەکورتترین پێناسەدا ئاڵۆزییە لەبیرو نەخەملێنی دیدگای نووسەردا"(٣)، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەکارنامەی ئەم پاشکۆیەدا وەرگێڕانی چیرۆکی بیانی بۆ سەر زمانی کوردی گرنگی تایبەتی پێدراوە ئەمەش لەلایەك بەمەبەستی ئاشنابوون و چێژ وەرگـرتن لەچـەندین کورتەچـیرۆکی

---

١ - شیرین تاهیر ، پیرۆزبێت ژمارە (٥٠٠)، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ٥٠٠ ، ٢٠٠٦/٨/٢٤، ل٥ .

٢ - هەمان سەرچاوە،ل٥.

٣ - ڕەئوف بێگەرد، هەڵسەنگاندن، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٢٦٦ ، ٢٠٠٢/١/١٠ ، ل ٤.

جـوان و نایـاب و ئاسـت بـەرزی بیـانی و لەلایـەکی تـر بەمەبەسـتی زیـاتر ئاشـناکردن و ناساندنی شێوازو توانای چیرۆکنووسانی جیهانی بەچیرۆکنووسانی کورد و بـە خوێنـەران و بەتامەزرۆیانی بواری چیرۆك. کـەبێگومان لەهەڵبـژاردنی هـەر دەقێکیشـدا بـۆ وەرگێـڕان چ چـیرۆك بێـت یـان شـیعر گرنگـی بەئاسـتی دەقەکـەو توانـای خـاوەنی دەقەکـە ئـەدرێت، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە"هەڵبژاردنی کاری درەوشاوە پەیوەندی بەسەلیقەو جوانناسـی و چێژی تایبەتی و دەگمەنی وەرگێڕەوە هەیە"(١).

خاڵێکی هـەرە بایەخداری گـرنگ ئەوەیـە، کـە لەسـتافی پاشـکۆی (ئـەدەب وهونـەر )دا هەمیشە چەند کەسێکی دیارو پسپۆڕی بوارەکە ئامـادەیی هەیـە، سـتافێکی کـاراو خـاوەن باشـخانێکی رۆشـنبیری باشـن و لەنێوەنـدی روناکبیریـدا ناسـراون،ئەمەش فاکتـەرێکی یاریدەدەرە لەهەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی بابەتەکان بۆ بڵاوکردنـەوەو باشـتر بـەڕێوەبردنی پاشکۆکە کـە بێگومـان ئەمـەش دەرەنجـام دەبێتـە هـۆی بـەردەوامی و بەرەوپێشچـون و سەرکەوتن و گەشەکردنی باشتری پاشکۆکە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـەمترین بابـەتی سـتافەکە لەپاشکۆکەدا بڵاودەکرێتەوەو بواری زیاتریان بەخشیوەتە نووسەرانی دەرەوەی پاشکۆکە.

ئەوەی جێی سەرنجە لە هەر ژمارەیـەکی ئـەم پاشـکۆیەدا بابـەت و نوسـینی کۆمـەڵێك نوسەر بڵاودەکرێتەوە، کە بێگومان هەریەکەیان بۆخۆی لە دنیابینینی خۆیداو لە ئاسـتێکی جیـاوازتر لـەوانی دی دەنوسـێت، ئەمـەش لەلایـەك هەمـەڕەنگی دەدات بەبابەتـەکانی نـاو پاشکۆکە،لەلایەکی تر دەشێت ناوبەناو بابەتی لاواز و کرچ و کـاڵ بخزێتـە نێـو لاپـەڕەکانی پاشــکۆکەوە، کــەبێگومان لــەم حاڵەتــەدا و بەمەبەســتی چارەســەری گرفتەکــە ســتافی پاشکۆکەو دەستەی نووسەران لێی بەرپرسیار دەبن.

هەنگاوی هەرە گرنگ بۆ بەردەوامی و سەرکەوتنی( ئەدەب و هونەر )ئەوەیە، کە ئەدیب و هونەرمەندو روناکبیرو خوێنەرانی پاشکۆکە لەلایـەك بەبابـەت و بەرهـەمی بـاش و نـاوازە پاشکۆکە دەوڵەمەند بکەن، لەلایەکی تر بەمەبەستی باشـترکردن و گەشـەکردنی پاشـکۆکە بەردەوام هەڵسەنگاندن و رەخنەی جدی و دروستکەر ئاراسـتـەی پاشـــکۆی ( ئـەدەب و هونەر)بکەن،چونکە لەناوەندی روناکبیریدا وەك تێبینی ئەکرێت "دەگمـەنن ئەوانـەی قسـە

١ - هەمان سەرچاوە.

لەسەر لاوازی و بەهێزی بابەتـەکان دەکـەن، یـان ئـەو رەخنانەی،کـە ئـەگیرێن بـۆ باشـترو جوانترکردنی (ئەدەب و هونەر) چ لە ڕووی بابەت و چ لەڕووی نەخشەسازییەوە"(١)

سـەرباری هـەموو ئەوانـەش پاشـکۆی( ئـەدەب و هونـەر )لـەنێو ناوەنـدیی ڕونـاکبیری کوردیدا دیارترین پاشکۆیە، کە نووسـەرو خوێنـەرێکی زۆری نوخبـەیی لـەدەور کۆبۆتـەوە، "یـەکێك لەخەسـڵەتە جەوهەرییـەکانی ڕۆژنامەیـەکی نوخبـەیی و پرۆفیشـناڵ ئەوەیـە، کـە خوێنەر و نووسەری نوخبەیی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە،(ئـەدەب و هونـەر)ی کوردسـتانی نوێ، یەکێکە لەو هەفتەنامانەی کە ئـەدیب و هونەرمەنـدان بەتاسـەوەن ڕۆژی پێنجشـەممە بێت و بە بابەتە هونەری و ئەدەبییەکانی ئاشنا بن"(٢).

واتە ئەدەب و هونەر متمانەیەکی تایبەتی لەنێوان پاشکۆکەو خوێنـەران و نووسـەرانیدا پەیداکردووە بەوەی هەموو پێنج شەممەیەك لەکاتی خۆیدا دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆئەوەی کەبەردەوام ژمارەی خوێنەران و نووسەرانی پاشـکۆکە لەزیادبووندابێ.

پاشکۆی ئەدەب و هونەر لەگەڵ ئەوەشدا، کە بەشێکە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، کە ڕۆژنامەیـەکی سیاسـی ڕۆژانەیە،بـەڵام ئـەم توانیویـەتی تاڕادەیـەکی زۆربـاش خـۆی لـە بەسیاسی بـوون بپارێزێ...کـە ئەمـەش سـەروەرییەکە بـۆ پاشـکۆکە،کە بەرهـەمی هـەموو خـاوەن قەڵـەمێکی بەبرشـت بڵاودەکاتـەوە بـە جیـاوازی بیروڕایانەوە،چونکە"هەمیشـە لەفەزایـەکی ئـازاددا ئـەوبیروڕا بەیـەك دژانەشـی کۆکردۆتـەوەو ڕێگـەی بەگشـت داوە لەمیانەیەوەو لەچوارچێوەی ئەدەب یان هونەردا گوتاری خۆیان رابگەیەنن، ئەم سیفەتە وا لەئەدەب و هونەر دەکات لەوچوارچێوەیە بچێتە دەرەوە کە بەشێکە لە دەزگای ڕاگەیاندنی حزبی، چونکە بوار بۆ جیاوازییـەکان دەرەخسـێنێ و لاپـەڕەکانی بـۆ هـیچ کـەس و هـیچ لا پاوان نەبوون و ناشبن"(٣)، کە بێگومـان ئەمـەش بۆتـە فاکتـەرێکی گرنگـی سـەرکەوتن و

---

١- دانا فایەق ، ژ (٥٠٠) و گلەییەکی تر، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٥٠٠ ،٢٠٠٦/٨/٢٤، ل ٨.

٢- ستار قادر ، سەرنج و پێشنیار دوای (٥٠٠) ژمارە، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ، ژ ٥٠٠ ، ٢٤ /٨/ ٢٠٠٦، ل٤.

٣ – دڵشاد مستەفا، نیوەڕۆژێك بۆئەدەب و هونەر ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ، ژ ٥٠٠ ، ٨/٢٤/ ٢٠٠٦، ل٤.

گەشـەکردنی پاشـکۆکە و بایەخـدانی زیـاتر بـە ژانـرە ئـەدەبی و هونەرییـەکان، هـەر بۆیـە زۆربەی نووسەران بەشێوەیەکی سـەربەخۆ تەماشـای(ئەدەب و هونـەر ) دەکـەن، هەنـدێك نوسەر هەیە ئامادە نیە لە(کوردستانی نویٚ)دا بنوسێت، بەڵام بابەت لە(ئەدەب و هونەر) دا بڵاودەکاتەوە، خاڵێکی تریش ئەوەیە، کـە ئـەم پاشـکۆیە لەخسـتنە ڕووی بابـەت و هـەواڵ نوسـیندا تا ئێستا بێلایەنیی خۆی پاراســـتووە و خۆی نەکـــردووە بەلایەنگری بابەتێك .([1])

لەماوەی تەمەنی پڕ شکۆی ئەم پاشکۆیەدا، هەندێ جار لەهەندێ لەژمارەکانیدا بـەرزی و نزمی لەئاستی باشیی بابەتە بڵاوکراوەکانیدا بۆتە هۆی هەندێ ژمارەی لاواز بێتە بەرچاو، بەڵام ئەمە نەبۆتە دیاردەیەك، ك ەکاریگەریی ئەوتۆ بکاتە سـەر پاشـکۆکە، "ئـەم کێشـەیە تەنها تایبەت نییە بە کوردســتان و بە ئەدەب و هونەری ئێرەوە، ســـەیری ڕۆژنامـــەی ( الادیب) بکە،کە چەندین قەڵەمی باشی عـەرەب و ڕەخنـەگری ئـەکادیمی و کەسـانێکی زۆر گەورە ئیشی تێدا دەکەن ، بـەڵام هەنـدێ ژمارەشـی دەبیـنین زۆر سـادەیە، بـەڵام هەنـدێ ژمارەی تریشی دەبینین ژمارەی بەهێزن"([2]).

پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر بوەتـە ئەرشـیفێکی تایبـەتی هـەواڵ و ڕوداوە ئـەدەبی و هونەرییەکان،چونکە "دەرچـــوونی بڵاوکراوەکـــە بەشـــێوەی پاشـــکۆیەك وایکـــردووە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبێت لەگەڵ هەموو چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانداو ببێتـە ئەرشیفێك بۆ پاراستنی هەواڵی ئەو چالاکییە ئەدەبی و هونەرییانەو دواڕۆژ مێژوونووسـێکی ئەدەب و هونەر دەتوانیٚ سوودی لێوەربگریٚ"([3])، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندییـەکی تـری هەستپێکراوی پاشکۆی ئـەدەب و هونـەر زینـدوێتی بابەتـە بڵاوکراوەکانیـەتی، کـە لەگـەڵ تێپەڕبوونی کاتدا هەر بە نەمری دەمێننەوەو کۆن نابن، هەربۆیە کاتێك ژمارەیەکی سـاڵێك پێشتری دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت ژمارەیەکی نوێی پاشکۆکەت لەبەرچاودایە .

---

[1] - محمد نوری ئەحمەد ، مێزگرد، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٥٢٠ ، ٢٠٠٧/١/٢٥ ، ل٦.

[2] - محمد نوری ، مێزگرد، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە (٥١٨ )، ٢٠٠٧/١/١١ ، ل٦.

[3]- شیرین ك ، ئەدەب و هونەر..پاشکۆیەکی تایبەت، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ /٥٠٠، ٢٠٠٦/٨/٢٤، ل ١.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا چەند جارێك گۆڕانکاری لە دیزاین و لۆگۆی پاشکۆکەدا کراوەو بەردەوامیش هەوڵدراوە لە ڕووی بابەتیەوە هەنگاوی بەرەوپێش بنێ و هەواڵ و بابەتی باش و هەمەجۆری ئەدەبی و هونەری بڵاوبکاتەوە،چونکە"ئەوەی کەڕۆژنامەکانی تر پێیان ناکرێت، بە زەرورەت دەبێ ( ئەدەب و هونەر ) ئەو قورساییە بخاتە سەرشانی خۆی، چونکە ناوی خۆی هەڵگری ئەو واقیعەیە،( ئەدەب و هونەر ) تا ئێستاش لەئاست ئەو بەرپرسیاریەتیەدا کاری کردووە"([١]).

ئەوەی جێی سەرنجە لە ساڵانی سەرەتای ( ئەدەب و هونەر)دا لە لۆگۆکەیدا نووسرابوو(ئەدەب و هونەر.. پاشکۆی کوردستانی نوێ )و بەم شێوەیە وەك پاشکۆیەك بەردەوام بوو لە دەرچوون، بەڵام دواتر لۆگۆکەی گۆڕدرا بە( ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ )و بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە هێدەکەیداو لەژێر لۆگۆکەیدا لەپێناسەی بڵاوکراوەکەدا نوسرابوو: (هەفتەنامەیەکی ئەدەبی و هونەری تایبەتە،هەموو پێنجشەممەیەك بڵاودەبێتەوە)، لەکاتێکدا لۆگۆکەی بریتی بوو لە ( ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ )، واتە بە پێی لۆگۆکەی بێت کە ناوێکی سەربەخۆ نییەو وابەستەی کوردستانی نوێیە و بە پێی دەرچوونی بڵاوکراوەکە بێت، کە لە ڕۆژانی پێنجشەممەدا لەگەڵ کوردستانی نوێدا دەردەچوو، ناکرێت ناوبنرێت هەفتەنامە،چونکە هەفتەنامە بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆیەو وابەستەی ڕۆژنامەیەکی تر نییە، هەر بۆیە پاش ئەو ماوە زۆرە، جارێکی تر لەگەڵ گۆڕینی دیزاین و لۆگۆکەیدا ئەو پێناسەیە بۆ بڵاوکراوەکە نەماوە، کە ( هەفتەنامە) یە، بەڵکو تەنها لەلۆگۆکەیدا (ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ)نوسراوەو تائێستاش بەم شێوەیە بەردەوامە لە دەرچوون، بۆیە پێم وایە بەرپرسانی کوردستانی نوێ و ستافی (ئەدەب و هونەر) گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی ، کە ئەم بڵاوکراوەیە (هەفتەنامە) نییە، بەڵکو ( پاشکۆ ) یە، چونکە هەر وابەستەو پەیوەستی ( کوردستانی نوێ ) یەو لە منداڵانی ئەو ڕۆژنامەیەدا لە دایك بووەو وەك چالاکییەکی ئەو ڕۆژنامەیە بەشێوەی

---

١ - کامەران جمال ، مێزگرد، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ/٥١٨ ، ٢٠٠٧/١/١١، ل٦.

پاشکۆیەك لەگەڵ (کوردستانی نوێ) دا دەردەچێت ، بۆیـە ئێمـەش هـەروەك پاشـکۆیەکی کوردستانی نوێ دەیخەینە بەرباس و توێژینەوە نەك وەك هەفتەنامە*.

ماوەتەوە بڵێین پاشکۆی( ئەدەب و هونەر ) سەرەتاترین پاشـکۆی ئـەدەبی و هونـەری بوو، کە لە قۆناغی ئازادیی دوای ڕاپەڕین و لەگەڵ دەرچوونی (کوردستانی نـوێ )ی یەکـەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردیدا زەمینەیەکی لـەباری ڕەخسـاند بـۆ ژوانـی ئەفرێنـەرانی کـورد و وەرگر و بووە هاندەری دەرچواندنی چەندین پاشکۆی تر لەڕۆژنامە کوردییەکانی تردا، بۆیە بە دایکی هەموو پاشکۆکان و بەیەکەم پاشکۆو بەتەمەنترین بڵاوکراوەی ئەدەبی و هونەری ئـەژمار دەکرێـت، هـەر وەك چـۆن ڕۆژنامـەی ( کوردسـتانی نـوێ) ش بەیەکـەم ڕۆژنامـەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕین و بەتەمەنترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی دائەنرێت.

لـە نموونـەی دەستپێشـخەریەکانی (کوردسـتانی نـوێ)یـە، کـە لـە دەروازەی ئـەم پاشکۆیەوە کوردستانی نوێ بایەخێکی زۆری بە هونـەرەکانی ئـەدەبی کـوردی داوە، بۆیـە لێـرە بـەدواوە لەبەشـی دووەمـەوە ڕۆڵ و بایەخـدانی پاشـکۆی ( ئـەدەب و هونـەر )بـە هونەرەکانی ئەدەبی کوردی ( ڕەگەزەکانی چیرۆك و ڕەخنەی چیرۆك) دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## پاشکۆی ئەدەب و هونەر و کورتە چیرۆکی کوردی

چیرۆك،وەك بەرهەمێکی ئەدەبی،یەکێکە لە پێویستییە گرنگـەکانی دەرچـوونی گۆڤـارو ڕۆژنامە ئەدەبیی و ڕۆشنبیریەکان، هەروەها یەکێکە لە پێویستییەکانی دەرچـوونی لاپـەرە ڕۆشنبیرییەکانی هەموو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە یا هەفتانە ٠

لێرەوە دەتوانین بڵێن چیرۆك بە پلەی دووەم دێت لەڕووی ئەو بابەتانەی، کە بەردەوام لەنێو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوەو بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین چـیرۆك فاکتـەرێکی گرنگە لە پێوەندی نێوان ڕۆژنامەو ئەدەبدا، هەروەها چیرۆکی کوردی یەکێکە لەو بەرهەمـە

* لە میانەی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کاك سیامەند هادی لێپرسراوی ( ئەدەب و هونەر )ی کوردستانی نوێ، ئەویش هاوڕا بوو پێی وابوو کە دروستر وایە هەر وەکو ( پاشکۆی ئەدەب و هونەر ) ئاماژەی پێ بکەین نەك هەفتەنامە.

ئەدەبییانـەی بـە بـەردەوامی پاشـکۆی (ئـەدەب و هونـەر)ی ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ بایەخێکی زۆری پێداوە ٠

مـرۆڤ لـە ژیـانی ڕۆژانەیدا چـەند ڕووداوێـك بەسـەریدا دێـت یـا دەیبینـێ و هەنـدێ لـەو ڕووداوانە دەبنە مایەی سەرنجڕاکێشانی چیرۆکنووس و ئەوسا لـەنێو بابـەتی چـیرۆکەکەی بـەکاری دەهێنـێ.هـەموو چـیرۆکێك ڕووداوی حیکایـەتێك دەگێڕێتـەوەو لەوانەیـە لـەنێو چیرۆکەکە ڕووداوێکی سەرەکی و یەك دوو ڕووداوی لاوەکـیش هـەبێت.لێرەدا ئامـاژە بـەوە دەکەین" دوو شت جیهانی چـیرۆك لـە چـوار چـێوەی واقیعـی جیـا دەکاتـەوە ، یـەکێکیان ئەوەیە کە لـە واقعیـدا ڕووداوەکـان بـە ڕێکـەوت ڕوو دەدەن، کەچـی لـە چـیرۆکدا هـەموو ڕووداوێك هۆیەکی لە پشتەوەیە ، دووەمیان پشت بە یەکەم دەبەسـتێ "(١). لێـرەوە ئـەو بۆچوونەی (ڕۆلان پارت) پەسەند دەکـەین کەوا"چـیرۆك ئاوێتەیـەکی فرەیـی و هەمـەجۆری ئەو ڕووداوانەیە کە گێڕانەوە دیاری دەکات و لەو کەسانەدا دەخرانە ڕوو کە وەسـف دەیـان دۆزێتەوە "(٢) ٠

چیرۆك بەلای (د٠مارف خەزنەدار)ەوە "چیرۆك هونەرێکی ئەوروپاییـە، پێویسـتی ژیـان وای لێکردوە وەکو ڕوخسارێکی هونەری لـە نـاو هـەموو نەتـەوەکانی جیهانـدا بڵاوبێتـەوە، لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم کەوتە ناو ئێمەشەوە"(٣)،بەڵام چیرۆك بـەلای عەبـدولرەزاق بیمارەوە"چیرۆك: بریتی یە لە گێڕانـەوەی کۆمەڵـە ڕووداوێـك بـە شـێوەیەکی هونـەری کـە قەومانێك یان چەند قەومانێکی ژیان یان سروشت دەکاتە مایەی سەرنج ڕاکێشان وبزواندنی هەستی جوانی پەروەری و پێگەیاندنی لێکدانەوەی گوێگر یـان خوێنـەر بەرامبـەر بـە ژیـان "(٤) ٠

---

[١] - سامان محەمەد عەلی – نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەریی کوردیی کوردستانی باشوور ( ١٩٩١-٢٠٠٠ ) لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا ، ٢٠٠٨ ، ل١١.

[٢] - لیزلی لویس- لین ئولنبیرد ، کورتەیەك لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، و:سەلاح عومەر ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ،سلێمانی ، ٢٠٠٣، ل٦٥.

[٣] - د.مارف خەزنەدار، هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم، بەرگی٣، ١٩٧٠، ل٥٣.

[٤]- عەبدولرەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٨ ، ل٢٦١.

چیرۆك لـە ئـەدەبی کوردیـدا وەك پەخشـانێکی هونـەری ڕەگـەزێکی تـازەی ئـەدەبی کوردییەوسەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. هەرچـەندە مـەحموودی مەلا بایەزیدی لە ناوەندی سەدەی نۆزدەمدا چل دەقی چیرۆکی نووسیووە زیاتر دەچێتە نێو خانەی چیرۆکی سادەی بلاّونەکراوەوە، بەلاّم چیرۆکی(شویش)ی فوئاد تەمۆ بەچیرۆکی سـادەی بلاّوکـراو لەلایەکـەوە دادەنرێـت، هـەروەها لەلایـەکی دیکـەوە بـە سـەرەتای وەرچەرخانی چیرۆکی کوردی دادەنرێت بەرەو چیرۆکی هونەری لە ئەدەبی کوردیدا ٠

چیرۆك بە واتا هونەرییەکەی زیاتر بـۆ چـیرۆکی درێـژی (لـە خـەوما)ی جـەمیل سـائیب دەگەڕێتەوە، کەوا بە (٢٣) ئەلقە لە هەردوو ڕۆژنامەی ( ژیانەوە )و ( ژیان ) بلاّوکرایـەوە ، هەرچەندە پێشتر لە گۆڤاری ( ڕۆژ کورد ) کورتە چیرۆکی ( شویش )ی فوئاد تەمۆ بـە دوو ئەلقە لە ساڵی ١٩١٣ بلاّوکراوەتەوە ٠

کەواتە سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری چـیرۆکی کـوردی بـۆ هـەبوونی ڕۆژنامەنووسـیی کوردی دەگەڕێتەوە،کەوا هەر لە سەرەتای دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بـە نـاوی (کوردستان) لەساڵی ١٨٩٨ بووەتـە خـەمخۆری بلاّوکردنـەوەی دەقـی ئـەدەبیی کـوردی و پاشتر بە درێژایی تەمەنی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بایەخی زیـاتر بـە بلاّوکردنـەوەی دەقـی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی و چیرۆکی کوردی دراوە٠

بۆیـە دەکـرێ بلـێین هـەبوونی ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی بووەتـە فاکتـەرێکی گـرنگ بـۆ سەرهەڵدانی هونەری چیرۆك لە ئەدەبی نوێی کوردیدا ٠

گۆڤاری گەلاوێژ لـە سـالأنی تەمەنیـدا (١٩٣٩–١٩٤٩) بایـەخێکی تایبـەتی بـە چـیرۆکی هونەری کوردیدا و لەم بوارەدا کۆمەڵێ دەقی چـیرۆکی خۆمـاڵی و وەرگێـڕاوی بلاّوکـردەوە بوونە مایەی زیاتر گەشەسەندنی هونەری چیرۆك لـە ئـەدەبی کوردیـدا، هـەروەها گـۆڤاری (شەفەق) لە سالأنی پەنجاکاندا بایەخی تایبەتی بە بلاّوکردنـەوەی دەقـی چـیرۆکی کـورتی کوردیدا تەنانەت ئەم گۆڤارە لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٨ پێشبرکێیەکی ڕێکخست بۆ باشترین (٣) سێ چیرۆکی کوردی و لـە ئەنجامـدا چیرۆکی(چـای شـیرین)ی حسـین عـارف پاداشـتی

یەکەمی وەرگرت و چیرۆکی (چەندم لێ ئەستێنی)ی مستەفا ساڵح کەریم پاداشتی دووەمی وەرگرت و چیرۆکی ( شەوێکی درێژ )ی محەمەد ساڵح دیلان پاداشتی سێیەمی وەرگرت ٠

چیرۆکی کوردی لە ساڵانی هەفتاکانەوە گەشەی چۆنێتی و چەندێتی بەخۆیەوە بینی، تەنانەت حسین عارف لەم بارەیەوە دەڵێت:" لەساڵانی پەنجاکان بەدواوە چیرۆکی کوردی بەرەو پێگەیشتن ڕۆیشتوە"(١).هەروەها لەو ساڵانەوە زیاتر کەوتە بەر بایەخدانی ڕەخنەگرانی کوردو ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە.

کورد وەك میللەتێك لەبواری حیکایەت و چیرۆکی میللیدا خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە،چونکە نابێ نکۆڵی لەوە بکەین کە" هەموو میللەتان خاوەنی چیرۆك و ئەفسانە و داستان و فۆلکلۆری خۆیانن ، میللەتی کوردیش وەکو هەموو میلەتانی تر، خاوەنی سامانێکی زۆر دەوڵەمەندە،بۆیە دەبینین لە یاسا کۆن و تازەکانی چیرۆك شارەزاییان هەبوە، گەرچی بەشێوەیەکی ساکاریش بێت "(٢).

بەم پێیە ئێمەیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەین حیکایەت و چیرۆکی میللی خاوەن پانتایی گرنگی خۆیەتی لە ئەدەبی فۆلکلۆریمان و بە هۆیانەوە چەندین سەرگوزەشتەی ڕابردوومان بۆ پارێزراوە، بەڵام لە ڕۆژگاری هاوچەرخمان چەندین بەسەرهاتی ڕاستەقینە هەیە چیرۆکنووس دەتوانێ بە شێوازی هونەری خۆی بۆمان بگێڕێتەوە، واتە"بەلای ئێمەوە چیرۆك بە گشتی ئەبێ ژیانی هەموو نەتەوەی کورد بێ لەهەموو ڕۆژگارێکا، ئێمە لە چیرۆکا گەلێ شتمان دەوێ ، سروشتی ڕەنگاو ڕەنگی کوردستان، ژن هێنان و بووکە بە بارانە"(٣).کەواتە چیرۆکنووس خاوەن ئەرکێکی تایبەتە لەنێو کۆمەڵەکەیدا واتە " ئەرکی ئەدیب گوێزانەوەیەکی فۆتۆگرافیانەی واقیع نییە ، بەڵکو سەر لەنوێ دروست کردنەوە و

---

[1] - حوسێن عارف ، چیرۆکی هونەریی کوردی١٩٢٥-١٩٦٠ ، دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ،١٩٧٧ ، ل٩٩.

[2] - ئەحلام مەنسور، بینای هونەری لەکورتەچیرۆکی کوردیدا١٩٧٠-١٩٨٠ ،،چ١ ،دەزگای سەردەم،سلێمانی ، ١٩٩٩،ل١٣.

[3] - د. مارف خەزنەدار- هەندێ لەشیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم، دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، مایس- ئەغستۆس ١٩٧٠، ل٥٤.

ڕێکخستنەوەی واقیعە بەشێوەیەك کە هێما و نرخێکی بداتێ لە ڕێی ڕۆنانێکی ستاتیکییەوە "(1).

سادەترین پێناسەی چیرۆك ئەو پەخشانە هونەرییەیە حیکایەتێك دەگێڕێتەوەو ڕووداوێك بەشێوەیەکی هونەری بەرجەستە دەکات لەڕێی هەبوونی گێڕەرەوەیەك بە ئەرکی گێڕانەوەکەی هەڵدەستێ.هەروەها بۆ پێناسەی چەمکی چیرۆك دەکرێ بڵێن:" چیرۆك وەك هەر کارێکی ئەدەبی لە کۆمەڵێك کەرەسە پێکدێت، بەپێی چەند یاسایەکی دیاری کراوی تایبەت بەخۆی ڕێك دەخرێت و یەکەیەك پێکدێت،جا ئەو کەرەسانە بناغەی دروست بوونی بنیاتە هونەرییەکەی دەبن"(2) کەرەسەکانی چیرۆك لەگەڵ کەرەسەکانی ڕۆمان تا ڕادەیەك هاوبەش دەبن لەڕووی هەبوونی گێڕانەوەو ڕووداوو گرێچن و پاڵەوان و کات و شوێنێکی تایبەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە کەرەسانە هەندێ تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە چیرۆك و ڕۆماندا . لێرەدا بۆ پێناسەی کورتەچیرۆك دەکرێ بڵێین :

" کورتە چیرۆك نووسراوێکی کورتە کە نووسەر بە یارمەتی گەلاڵەیەکی ڕێك و پێك و پاراو دەتوانێت کەسایەتی سەرەکی لە ڕووداوێکی سەرەکی دا بخاتە ڕوو، ئەم بابەتە بە گشتی یەکێتی کاردانەوەیان هەیە "(3) .

پاشکۆی(ئەدەب و هونەر)ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر لە سەرەتای دەرچوونیەوە بایەخی بە بڵاوکردنەوەی دەقی چیرۆکی کوردی داوە، چ کورتیلە چیرۆك بێت یا کورتە چیرۆك بێت،لەم بوارەدا چەندین دەقی چیرۆکی تیا بڵاوکراوەتەوە، هەوڵدەدەین بە پێی هەندێ گۆشەنیگای خوێندنەوە دەقی ئەو چیرۆکانە بەسەر بکەینەوە.

---

1 - حەسەن جاف ، چیرۆکی نوێی کوردی ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٥ ، ل١٠

2 - پەرێز سابیر ، بینای هونەریی چیرۆکی کوردی- لەسەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ، ٢٠٠١ ، ل ٦٦ .

3 - د . ئیبراهیم یونسی، گوڵبژێرێك لەهونەری چیرۆك نوسین ، و: نەبەز جەهانگیرپور، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل ١٥.

## بنیاتی گێڕانەوە :

هەموو چیرۆكێك حیكایەتێك یـا بەسـەرهاتێك دەگێڕێتەوە،حیكایـەتیش وەك عبـدالفتاح كلیگو پێناسەی دەكات:

" كۆمەڵێك ڕووداو و كرداری گێڕانەوەییە دەیەوێت بگات بە كۆتایی، واتـە بـەرەو ئامانجێك ئاراستەكراوە، ئەم كردارە گێڕانەوەییانە لە چوارچێوەی كۆمەڵە زنجیرەیەك ڕێكدەخرێت كە بـە پێـی كـورتیی و درێـژیی حیكایەتەكـە كـورت یـان درێـژ دەبێتـەوە، كردارەكـانی هـەر زنجیرەیەكیش پەیوەستێكی زەمەنیی و لۆجیكیی پێكیانەوە دەبەستێتەوە"(١).

گێڕانەوە ئەو پرۆسەیەیە گێڕەڕەوەیەكی بەشدار یا نابەشـدار لـەنێو دەقـی چـیرۆكەكە پێی هەڵدەستێت بۆ خستنەڕووی هەندێ لایەنی كەسێتی پاڵـەوان و كەسـانی دیكـەی نێـو چـــیرۆكەكە، یـــا ڕاگەیانـــدنی هەنـــدێ وردەكـــاری ڕووداوە ســـەرەكییەكەو ڕووداوە لاوەكییەكەو،بـــەم شـــێوەیە دەكـــرێ بڵـــێین:" چـــیرۆك گێڕانەوەیـــەكی پەخشـــانییەو گۆڕانكارییەكانی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەكات ، لەبەر ئەوەیە، كە وێنەی جۆراوجۆری مرۆڤ یان كەسایەتی تێدایەو سیاقێكی پڕ ڕووداو یان كار وێنە دەكێشـێت كـە بـە هـۆی زمانـەوە دەخرێنە ڕوو ئەم لایەنانەش لە ڕەگەزەكانی چیرۆكن." لەوانەیە هەندێ كەس وابزانێت یەك جۆرە گێڕانەوە هەبێت بۆ ڕووداو،بەڵام لە ڕاستیدا چەندین جۆری گێڕانـەوە هەیـە تەنانـەت جیمس جۆیس لەو باوەڕەدایە :"پێنج ملیۆن ڕێگە هەیە بۆ گێڕانەوەی یەك ڕووداو بـە پێـی ئەو ئامانجەی كـە بـۆی دەچـین"(٢).لـەبینای ڕووداو لـەنێو چـیرۆكدا دەتـوانین چـوار جـۆر بنیـاتی ڕووداو دەستنیشـانبكەین، كـە ئەمانـەی خوارەوەن:(بنیـاتی زنجیرەیـی– بنیـاتی تێكچڕژاو–بنیاتی هاوتەریب–بنیاتی بازنەیی).لە پرۆسەی گێڕانەوەشدا وەك جەلال ئەنوەر ئاماژەی پێدەكات چوار تەكنیكمان هەیە، دووانیان كە (كورتكردنەوە و لابردن)ن، تایبـەتن

---

١ - خالد سهر محي الساعدي ، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية (١٨٧٠ – ١٩٣٢) - دراسة فنية مقارنة ، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص٣١.

٢- د٠ سمر روحي فيصل ، الرواية العربية - البناء و الرؤيا، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣ .
www.awu-dam.org/book/03/study03/262-s-f/ind-book03-sd001.htm

بە خێرایی گێڕانەوە و دووانەکەی تریشیان کـە (دیمـەن و وسـف) ن، تایبـەتن بـە سسـتیی گێڕانەوە([1]).

ئـەدەبی کـوردی لـە بـواری چـیرۆکی میللـی و فۆلکلـۆری خـاوەن گەنجینەیـەکی دەوڵەمەندەولـە شەوچـراکانی زسـتاندا کەسـانێك هـەبوون وەك گێـڕەڕەوە بـە ئـەرکی گێڕانەوەیان بـۆ کەسـانی دەوروبـەری خۆیـان هەڵدەسـتان.لێرەدا ئـەو بۆچـوونەی سـامان محەمەد بەلامان پەسەندە کە" مرۆڤ بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە خەڵکی ترەوە، پـەنای وەبەر گێڕانەوە بردوەو خەڵکی دی لە ڕووداوەکان ئاگادار کردوەتەوە، ئنجا بە هۆی توانای داهێنانی ئەدەبییەوە حیکایەتەکان، پاشان چیرۆکی بەرهەم هێناوە.لەم ڕووەوە سـوود لـە دایـالۆگی نێـوان مرۆڤـەکان وەرگـیراوە، پلـە بـە پلـە ئـەو چـیرۆکانە لـە ڕووی گێڕانـەوەو شـێوازەکانەوە، شـێوەی هونـەری وەرگرتـوەو شـەقڵە جۆراوجۆرەکانیـان لـێ پەیـدا بووە،ڕەنگە چیرۆکنووسی بەهرەمەندیش ئەوە بێت کە لـە هـەموو خـەڵکی زیـاتر هونـەری گێڕانەوەو سیحری چـیرۆکی زۆر پوختـەترو جـوانتر بـەکارهێنابێت "([2]).هـەموو چـیرۆکێك گێڕانەوەی تێدایەو هەموو گێڕانەوەیەکیش پێویستی بەگێڕەوەر هەیە،کە بەلای ڕەخنەگری فەرەنسی( جان بۆیون) ، بەم شێوەیە دابەشی کردوون :

١- **چیرۆکگێڕەوەی هەمووشـتزان** : لـە سـەروبەری هـەموو چیرۆکەکە شـارەزایە و لـە دەرەوەی چـیرۆکەکەیە و زیـاتر ڕانـاوی کەسـی سـێیەمی تـاك و کۆ(ئـەو- ئـەوان) بەکاردەهێنێت ، ئەمەش پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ چیرۆکنووسدا هەیە.

٢- **چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان** : هێندەی کەسـانی نـاو چـیرۆك دەزانێـت ، چـونکە یەکێکە لەوان و لە کەسی سەرەکی پێکدێت و لە ناوەوەی چیرۆکەکەدایە و بە زۆری ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك( م- من ) بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم جۆرە .

---

[1] - جەلال ئەنوەر سەعید ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە )ی بەختیار عەلی دا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی،٢٠٠٩ ، ل١١٠.

[2] - سامان محەمەد عەلی ، نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەریی کوردیی کوردستانی باشوور( ١٩٩١-٢٠٠٠ ) لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد،زانکۆی بەغدا ، ٢٠٠٨ ، ل٤ .

٣–**چیرۆکگێڕەوەی کەمشتزان** : لە کەسە سەرەکییەکان کـەمتر دەزانێـت و لـە ڕێگـەی بینین و بیستنەوە زانیاری وەردەگرێت و لە ناوەوەی چیرۆکدایە(١) ٠

گێڕەڕەوەی هەمووشـتزان زۆر جـار دەبێتـە زمانحـاڵی چـیرۆکنووس،بەڵام گێـڕەڕەوەی هەمانشـتزان دەبێتـە زمانحـاڵی پاڵـەوان و گێـڕەڕەوەی کەمشـتزان دەبێتـە زمانحـاڵی شاکەسێکی نێو چیرۆکەکە.ئەرکی گێڕەوەر بەلای جەلال ئـەنوەرەوە " گەیانـدنی بابـەت و بیرۆکەی چیرۆکەکەیە بە خوێنەر، لەم پێناوەشدا پشت بـە وەسـف و دایـەلۆگ و مەنـەلۆگ دەبەستێت، وەکو تەکنیکێکیش بەکاریان دەهێنێت بۆ ڕوونکردنـەوەی تـەواوی لایەنـەکانی چیرۆکەکە"(٢)،بەڵام بەلای (د.شوکریە ڕەسوول)ەوە"چیرۆکگێڕەوە کە بـە کـاری وەسـف کردن هەڵدەستێت ، دەست لە دایەلۆگ بەردەدا بۆ خودی کەسـەکان گوزارشـت لـە خۆیـان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو چاودێر بەسـەر ڕێـڕەوی دایەلۆگەکـەوە دەبێـت و جـۆری ئـەو دایەلۆگەش دیاری دەکات "(٣) ٠

گێڕانەوە چەند جۆرێکی هەیەو ، گێڕانەوەی بازنەیی یەکێکە لەو جـۆرە تازانـەی بینـای گێڕانەوەو ، لە گێڕانەوەی بازنەیی چیرۆکنووس لە خاڵێکـەوە دەسـتپێدەکات و لـە هـەمان ئەو خاڵە کۆتایی دێت.بۆ نموونە سیامەند هادی لە کورتە چیرۆکی( مەرگێك پێش درکاندنی ڕازەکان )(٤) بەسەرهاتی عەتارێکی گەڕۆکمان بۆ دەگێڕێتەوەو چـەندین لایـەنی شـاراوەی ئەم شاکەسمان بۆ دەخاتە ڕوو لەلایەن کەسـێکی بەشـدار وەك گێڕەڕەوەیـەکی کەمشـتزان لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەمی تاك و ، ئەوسا بۆمان ڕوون دەبێتەوە تا چەندێ عەتارە گەڕۆکەکە ژیانێکی تراژیدیانەی بردووەتە سەرو خاوەن چەند نهێنییەکی شاراوەیە.

چیرۆکنووس کاتێ سەردانی گێڕەڕەوەکەی بۆ سـەر گـۆڕی عـەتارە گەڕۆکەکـە دەکاتـە دەستپێکی دەقەکەی :" کـەس بـە تـەواوی نەیـدەزانی کـە لـە کـاتی ناشـتنی تـەرمی ئـەو پیاوەدا کێ لە هەموان خەمبارتربوو،چونکە حەسرەتی ئـەو مردنـە وەك پەردەیـەکی ڕەش

---

١ – پەرێز سابیر، بینای هونەریی چیرۆکی کوردی _ لەسەرەتاوە تا جەنگی دووەمیی جیهانی ، ل٢١٤.

٢ – جەلال ئەنوەر ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی ، ل٢٢.

٣ – د. شوکریە رەسول ، تەکنیکی گێڕانەوە لەچیرۆکەکانی(مارف بەرزنجی)دا، ...ل٦١.

٤ – سیامەند هادی ، مەرگێك پێش درکاندنی ڕازەکان ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ/٢٥٤ ، ساڵی ٢٠٠١/١٠/١٨.

ئاسمـانی گۆرسـتانەکەی داگـیر کردبوو."پـاش ئـەم دەسـتپێکە گوماناوییـە چـیرۆکنووس لەسـەرزاری گێڕەڕەوەکەیـەوە پـەردە لەسـەر هەنـدێ لایـەنی نهێنـی گەڕۆکەکـەمان بـۆ هەڵدەماڵێ و ئەوسا چیرۆکنووس سەرلەنوێ دێتەوەو جڵەوی گێڕانەوەکە دەگرێتە دەست و کۆتایی بە گێڕانەوە بازنەییەکە دەهێنێت:" دوای وەستانێکی زۆر لەسەر گۆڕی ئـەو پیـاوە بەنیازی ڕۆیشتن ئاوڕی دایەوەو دەستیکرد بـە هەنگاونان.لـەکاتی بەجێهێشـتنی گۆڕەکـەدا وای بە خەیاڵدا دەهات کە بەو سەردانانەی لە هەموو ڕۆژێکـی هەینیدا بـۆ سـەر گۆڕەکـەی گەورەترین خەمباریی خۆی بەرامبەر مردنی ئەو نیشاندەدا " ٠

گێڕانەوە لەڕووی شێوازەوە بەلای ڕەخنەگری ڕووسی تۆماشفسکی دوو جۆرە :

١- **شێوازی گێڕانەوەی بابەتی** Objective : کەتیایدا نووسەر هەموو شـتێك دەزانێـت بە بیرە نهێنییەکانی کەسی سەرەکێشەوە.

٢-**شـێوازی گێڕانــەوەی خــودی** subjective :لـەم شـێوازەدا لـە ڕێگـای چـاوی چیرۆکگێڕەوە شوێن گێڕانەوەکە دەکەوین( [١] ).ئەم دوو شێوازەش تایبەتمەندی خۆیـان تیـا بەدی دەکرێت،بۆ نموونە"لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیـدا بـەهۆی نووسـەرەوە، لـە ڕێگـای چـیرۆکگێڕەوەی هـەموو شـت زانـەوە شـوێن گێڕانەوەکـە دەکـەوین، بـەڵام لـە شـێوازی گێڕانـەوەی خودیـدا بـەهۆی چـیرۆکگێڕەوە و لـە ڕێگـای شاکەسـەوە یـان لـە ڕێگـای هـەر کەسێکی دیکەی ناو چیرۆکەکەوە شوێن گێڕانەوەکە دەکەوین ( [٢] ) ٠

هــەردوو جــۆری گێڕانــەوە لــەنێو چــیرۆکەکانی پاشــکۆی( ئــەدەب و هونــەر)دا بەکارهاتووە.لـە گێڕانـەوەی خودیـدا گێـڕەڕەوەی بەشـداری هەمانشـتزان جێنـاوی کەسـی یەکەمی تاك بەکاردەهێنێت ولە گێڕانەوەی بابەتیدا گێـڕەڕەوەی نابەشـداری هەمووشـتزان جێنـاوی کەسـی سـێیەمی تـاك بەکاردەهێنێت"واتـە گێـڕەڕەوەی هەمووشـتزان کـە لـە دەرەوەی ڕووداوەکاندا دەوەستێت و بەڕێگەی جێناوی کەسی سێیەمی نادیار گێڕانەوەکـە ئەنجامدەدات،سەربەسـتییەکی تـەواوی لــە هەڵسـوو ڕاندن و باسـکردن و شـیکردنەوەی

---

[١] - د. شوکریە ڕەسول، تەکنیکی گێڕانەوە لەچیرۆکەکانی(مارف بەرزنجی) دا ، ل٥٤.

[٢] - پەرێز سابیر ، بینای هونەریی چیرۆکی کوردی _ لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل٢٤٣.

ڕووداوەکان هەیە"(١). بۆ نموونە نەجات نوری لـە کـــــورتە چـــیرۆکی (پشـوویەك لـەبن درەختەکانـدا)(٢)هـەردوو جـۆری گێڕانـەوەی خـودی (دیـالۆگ و مەنـەلۆگ )و گێڕانـەوەی بابەتی بەکارهێناوە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی کۆن و نـوێی کچـە پاڵەوانەکـەی لـەو ڕۆژەی دەچێت بۆ سەردانی کچە نەخۆشەکەی هاوڕێی لـەنێو نەخۆشـخانەکەو لـەڕێی گێـڕەرەوەی هەمووشتزانەوەو هەمانشتزانەوە بۆمان دەردەکەوێ تا چەندێ ژیانی ئەو کچە ئـەنفالکراوە چەند ناخۆشە.بۆ نموونە :

کاڵێ پێمبڵێ بۆچی ئەو کۆترانە تەنها بەر ئەو پەنجەرەیان گرتووە.

هاوڕێکەت تێیگەیاندی کە لەو ژوورەدا لاوێکی لێیە بۆ چەند مانگێك دەچێ، بـە لێـدانی قورس گوێچکەکانی خوێنیان لێدێ بەردەوام دان ئەدا بەو کۆترانە وەك ماڵییان لێهاتووە.

دەنکە نوقلێکت هەلگرت و لە چاوە ڕەشەکانی هاوڕێکەت ڕوانی و پێت وت :

– لێـدانی سـاردی نـاو زیندانـەکان ناوسـکی هـەردووکمانی تێکـداو ، هـەردووکمان دوو باڵندەی بێباڵ بووین لەبەردەستی سەربازەکاندا ، لەوێ خۆمان ڕاگرت ..

جەلال ئەنوەر لە نامەی ماستەرەکەیدا ( تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە )دا دەربـارەی گێـڕەرەوە لـەم جـۆرە گێڕانەوەیـەدا دەڵێت"زانیـاریی گێـڕەرەوە لـەبارەی کارەکتەرەکەوە لە زانیـاریی کارەکتەرەکـە زیـاترە لـەبارەی خۆیـەوە، چـونکە گێـڕەرەوە سەربەستییەکی تەواوی هەیـەو دەتوانێـت بـەناو دڵ و دەروونـی کارەکتەرەکانـدا ڕۆبچـێتە خوارەوە و هەست و سۆز و بیر و بۆچوونەکانیشیان بخوێنێتەوە،بێ ئـەوەی کارەکتەرەکـە خۆی ئاگاداری ئەو بارودۆخەی خـۆی بێـت "(٣). بـەکارهێنانی جێنـاوی کەسـی سـێیەمی نادیار لەلایەن گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یارمەتیدەدات هـەموو شتێك بزانێت و توانای باسکردنی هەموو شتێکیشی هەبێت سـەبارەت بەسـەرجەم ڕووداو و کارەکتەرەکانەوە. واتە بوارێکی فراوانی بۆ دەڕەخسێت تاکو بەئارەزووی خۆی و بێئەوەی

[١]- فاضل ثامر ، الصوت الاخر ، ص١٨٢- ١٨٣.

[٢] - نەجات نوری ، پشوویەك لەبن درەختەکاندا ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ/٢١٥ ، ١٢/ ١ / ٢٠٠١.

[٣] - جەلال ئەنور سەعید ، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارە پەروانە )دا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا ، ٢٠٠٤ ، ل ٥٤.

پابەندی کات و شوێن بێت.ئـەم سەربەستییەی گێـڕەرەوەی هەمووشـتزان لـە باسـکردنی هەموو شتێکدا،ڕووبەڕووی دوو هەڵوێستی دژیەك و جیاوازی دەکاتـەوە، یەکـەمیان وردی و درێـژیی لـە ڕوونکردنـەوەی ڕووداوەکـان و دووەمیشـیان دەسـتهەڵگرتن یـان وازهێنـان لـە گێڕانەوەی ئەو شتانەی کە گێڕەرەوە ئارەزووی باسکردنیانی نییە. لە هەڵوێستی یەکەمدا، گێڕەرەوە پشـوویەك بـە خوێنـەر دەدات تـاکو لـە گێڕانـەوەدا زیـاتر مانـدوو نـەبێت، بۆیـە دەبیـنین کـە گێـڕەرەوە زۆر خـەیاڵی خوێنـەر ناوروژێنێـت تـاکو ئـارەزووی کەشـفکردنی شتەکانی لە لا دروست بکات و بە ڕێگەی هۆیی و ئەنجامگیریی پێکیانەوە گرێبـدات. بـەڵکو گێڕەرەوە خۆی هەموو شتێك پێشکەش بە خوێنەر دەکات و بەم شێوەیەش ڕۆڵی خوێنـەر لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بەرەو لەناوچوون دەچێت، بەپێچەوانەشەوە ڕۆڵی گێـڕەرەوە زیـاتر دەردەکەوێت و بەسەر پرۆسەی گێڕانەوەدا زاڵدەبێت(١).ئەمەش دەبێتـە هـۆی ئەوەی،کـە گێــڕەرەوەی هەمووشــتزان بــە گێڕەرەوەیــەکی خــراپ دابنرێت،چــونکە گێــڕەرەوەی هەمووشـتزان، ئـەو نووسـەرەیە کـە ناتوانێـت وەکـو کەسـێکی بێلایـەن دەربکـەوێت یـان هۆکارێکی گەیەنەر بێت کە لەبارەی کەسـەکانی تـرەوە بـدوێت و ڕێگـە بـە کارەکتـەرەکان نادات کە خۆیان لەبارەی خۆیانەوە بدوێن و بوونی سەربەخۆی خۆیان هەبێت و بە ئـازادیی خۆیان لە جیهانی ڕۆمانەکـەدا بجوولێنـەوە(٢).ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت،کـە ڕەخنـەگران لەبارەی (گێڕەرەوەی هەمووشتزان)ەوە یەکڕا نـین و بیروبۆچـوونی جیاوازیـان لەبارەیـەوە هەیە.لـە کاتێکـدا (فلـۆبێر) پێیوایە،کـە دەبێــت نووســەر لــە کارەکەیـدا ڕۆڵــی خــودا ببینێت،بەتوانا و نەبینراو و لە هەمان کاتیشدا لە هەموو شوێنێکدا هەستی پێبکرێت(٣).

دەبینین(ڕۆجـەر فاولـەر) مـەرجی سـەرکەوتنی گێـڕەرەوە لـە کارەکەیـدا، بەشـێوەی پێشکەشکردنی ئەو زانیارییانە دەبەستێتەوە کە تایبەتن بـە کارەکتەرەکان،بۆیـە لـەبارەی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە دەڵێت:"لەڕووی پێشکەشکردنیانەوە پێویست ناکا خـۆی بـە شـێوەیەك پیشـانبدات کـە هــەموو شــتێك دەزانێـت و دەسـت بەسـەر هــەموو شــتێکدا

---

١ - خالد سهر الساعدي - البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ، ص١٢٨

٢ - يمنى العيد- تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي ،دار الفارابي، بيروت- لبنان، ص ٩٢.

٣- رولان بورنوف و ريال اوئيلية - عالم الرواية ، ت: نهاد التكرلي ، ص٧٧.

دەگرێــت"(١)،کەچـــی (هێنـــری جـــێمس) بۆچـــوونێکی تـــری لـــەبارەی(گێڕەرەوەی هەمووشـــتزان)ەوە هەیـــەو کەموکوڕییـــەکانی ڕووندەکاتـــەوە، کاتێـــك دەبێتـــە هـــۆی هەڵوەشاندنەوەو نـاڕێکیی لـە ئـەنجامی ئـەو گواستنەوە لەناکاوانـەی لـە شـوێنێکەوە بـۆ شوێنێکی تـر و لـە کاتێکـەوە بـۆ کـاتێکی تـرو لـە کارەکتەرێکـەوە بـۆ کارەکتـەرێکی تـر، بێئەوەی هـیچ هۆیـەکی ڕوون و ئاشـکرامان پێشکەشبکات، ئـەنجام، ونبـوونی پەیوەنـدیی ئۆرگانیی نێوان پارچە جیاجیاکانی ناو ڕۆمانی لێدەکەوێتەوە"(٢).

(گێڕانەوەی خود)یش جۆرێکی زۆر بەکارهاتووی نێو چیرۆك و ڕۆمانە بەمەبەستی زیاتر بەخشینی ڕاستگۆیی بەگێڕانەوەکە لای خوێنـەری دەقەکـە .چـیرۆکنووس جێنـاوی کەسـی یەکەمی تاك بۆ گێڕەرەوەی هەمانشتزانی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە بـەکاردەهێنێت ، چـونکە خـودی گێڕەرەوەکـە پاڵـەوان یـا شاکەسـی بەشـداری نێـو ڕووداوی چـیرۆکەکەیەو " لـە بنەڕەتـدا، هـیچ ڕۆڵێـك بـۆ گێـڕەرەوەی هەمووشـتزان ناهێڵێتەوە،بـەڵکو لـە ڕێگـەی گێڕەرەوەکـەوە شـوێن پێـی گێڕانەوەکـە دەکـەوین و بـەدوای سەرچـاوەی زانـینی گێڕەرەوەکەدا دەگەڕێین"(٣) و لەئەنجامدا " وامـان لێدەکات هەسـت بـە ئـێش و ئـازاری پاڵەوان و کارەکتـەرەکان بکـەین و هـەر لەگەڵیشیاندا بەشداریی لـە گێڕانەوەکـەدا بکـەین "(٤). لێرەدا پێویستە بڵێین" لە گێڕانەوەی خودییدا بنیاتی جۆراجۆرو فرەدەنگیی و فـرە نیگایی دێتە کایەوەو کارەکتەرەکانیش بواریان بۆ دەڕەخسێت کـە ڕاسـتەوخۆ ڕووبـەڕووی خوێنەر ببنەوەو گوزارشت لە ناخی خۆیاندا بکەن "(٥).

---

١ - پەرێز سابیر - بینای هونەریی چیرۆکی کوردی _ لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، ل٢١٥-٢١٦.

٢ - سیزا قاسم - بناء الرواية ، ص١٨٢.

٣ - تودوروف - نظرية المنهج الشكلي - نصوص الشكلانيين الروس ، ت: ابراهيم الخطيب ، ص١٨٩.

٤ - خالد سهر محي الساعدي - البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ، ص٣٤.

٥ - جەلال ئەنور سەعید — تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارە پەروارنە )دا ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا ، ٢٠٠٤ ، ل٤٨.

بۆ نموونە کاروان عەلی لە کورتەچیرۆکی( برێك جورئەت بۆ خۆشەویستی تۆ )([1]) زۆر بە جوانی گێڕانەوەی خودی لەسەرانسەری چیرۆکەکەی بەکارهێناوە بەشێوەیەك توانیویەتی خوێنەری دەق بکاتە هاوسۆزی خۆی و چرکە بە چرکە لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکە هەست بەبێ جورئەتی بکەین لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بەرامبەر یارەکە، هەرچەندە یارەکە ئەوەندە ڕوو گرژ نییە لە گوێگرتن لەو پەیڤانەی خۆشەویستی :

" وتم: بیرم لای قسەکەت بوو ، چۆن دەزانیت شتێکم لە دڵەو دەمەوێ باسی بکەم ؟

– تەنها هەستێکەو بەس، بەڵام دڵنیاشم لێی،حەز دەکەم چیت هەیە بیڵێی "

نەجات نوری لە کورتە چیرۆکی( حیکاتەکانی من)([2]) گێڕەڕەوەی بەشداری (هەمان شتزان) بەکاردەهێنێت بۆ باسکردنی هەندێ لە حیکایەتەکانی ڕابردووی خۆی ٠ سەرەتا لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو خەڵکە دەستپێدەکات ، کەوا لە ڕۆژانی کۆڕەوەکە " دونیا ئەو کاتە بۆنی ڕشانەوەی ئەوانەی لێوە ئەهات کە چەند ڕۆژێك بوو بەر لە مردنیان لێرە ئەڕشانەوەو تەرمەکانیان فڕێی ئەدرایە ناو کەندەلان و شوێنە قوڵەکانەوە ".

ئەم حیکایەتە مەبەستی چیرۆکەکە نییە،واتە چیرۆکنووس لە حیکایەتێکی ناسەرەکی دەستی بە گێڕانەوەی نێو چیرۆکەکەی کردووەو پاشتر یەکسەر دێتە سەر حیکایەتی ئەو پیاوەی دەبێتە باپیری و جۆرە پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەنێوان پاڵەوانی چیرۆکەکەو ئەم باوکە تازەیەی

" ئەو پیاوەی کە ئەو قسانەی کرد من ناسیمەوە،ئەو پیاوە بوو دایکمی لە تەمەنی لاویدا مارە کرد.هەموو کۆڵانەکەمان هاتنە سەیری دایکم ، کاتێك ئەو پیاوە دایکمی گواستەوە هەموو کەس پێیان ناخۆش بوو ، کە ژنێکی ئاوا گەنج شوو ئەکات بە پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵە،پیشەکەیشی باڵندە فرۆشیبێ.ئەو ڕۆژانە من لەناو کۆڵانەکەماندا هەر ڕۆژێ لە ماڵێکدا بووم تا لە دوای هەفتەیەك دایکم و ئەو پیاوە کە بووە باوکم هاتنە ناو

---

[1]– کاروان عەلی - برێك جورئەت بۆ خۆشەویستی تۆ ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٢٢ ، ١/٣٠ / ٢٠٠٣.

[2] – نەجات نوری– کورتە چیرۆکی حیکایەتەکانی من، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٤٠٠ ، ٢٠٠٤.

خانوەکەمان. ئەو پیاوە لە دوای چەند ساڵێك لە ئێمە ونبـوو. تـاکو ئێستـە لـەناو تـەمێکی سپیدا دەرکەوت و ناسیمەوە، ئەو پیاوە بۆ تاکە جارێکیش من پێم نەوتوە باوکە ...".

نهێنـی ئـەم جـۆرە پەیوەندییـەی نێـوان پاڵـەوان و ئـەو باوکـە ناسروشـتییە دەبێتـە ھاندەرێك بەلای خوێنـەرەوە بۆ زیاتر درك پێکردنی ، بەڵام گەمەی ناو گرێچن و گێڕانـەوەی چیرۆکەکە وا دەکات هێدی هێدی چیرۆکنووس دەستی خوێنەر پەلکێش دەکات و ، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ ئەو باوەپیرە تەمەن شەست و پێنج ساڵەی کۆن باڵنـدە فـرۆش چـۆن مرۆڤ کوژێك بوو وا ئێستا لەو کوڕەوە دەیەوێت ببێتە سـەرۆکی ئـەو خەڵکـە سەرلێشـێواوو سەرگەردانە ٠

ئەم چیرۆکنووسە لە نێو گێڕانەوەی زیاتر جێناوی کەسی یەکەمی بەشداری هەمانشتزان بـەکاردەهێنێ و، لـە چـاوپێکەوتنێکدا لـەم بارەیـەوە دەڵێـت " هەڵبـژاردنی ڕاناوەکـان بـۆ نووسینی چیرۆکەکان ئەوە ناگەیەنێ کە کامیان باشترە لەوەی تریـان ، بـۆ خـۆم زۆر کـات کەسی یەکەمم هەڵبژاردووە لەبەر ئەوەی زۆر کات ناکرێ دەقێکی جوان بکەی بـە قوربـانی ڕانـاو ، چـیرۆکنووس ئـەبێ لەسـەرەتاوە ئـەوە هەڵبـژێرێ کـە کـام ڕانـاو بـەکار ئـەهێنێ "(١)،هەروەها لەبارەی ڕاستەوخۆ پێشکەش نەکردنی بابەتی چیرۆك دەڵێت : " گەر بابەت ڕاستەوخۆ بدرێتە خوێنەر کەواتە هیچمان نەکردووە ، جوانی چیرۆك لەوەدایـە کـە خوێنـەر بۆ خۆی ورد بە شوێن بابەتەکە بگەڕێ ٠ بابەت ئەکرێ لە دەقێکدا بەشێوەیەکی هونەریانە دەستەبەر بکرێ،تا خوێنەر زیاتر پابەندی خوێندنەوەی دەقەکە ببێ ، خـۆ ئەگـەر هـەر لـە سەرەتای دێڕەوە بابەتەکەت دایە خوێنەر ئەوە نابێتە دەقـی چـیرۆك بۆچـی خوێنـەر ئـیتر وشە وشەی چیرۆکەکە بخوێنێتەوە .."(٢).

خوێنەری ئەم چیرۆکە لە کۆتاییەکەی بۆی دەردەکەوێت ئـەو پیـاوی دایکـی شاکەسـی خواستوە مامیەتی ، بەڵام خوێنەر دەکەوێتە گێژاوەی ئەوەی نازانێت شاکەس چەند مـامی هەیە ، چونکە سەرەتا شاکەس لەڕێی دواندنی لەگەڵ باوکیدا پێمـان ڕادەگەیـەنێت :" ئـەو

---

١ - ژیان نوری — نەجات نوری : ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە خۆم ناڵێم چیرۆکنووس ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٢٩٥ ، ٢٠٠٢/٨/١ .

٢ - هەمان سەرچاوە .

ڕۆژە لەدایك بووم هاتوون و برا گەورەی‌کەی تۆیان لەبەر ماڵی خۆتاندا گوللـە بـاران کـرد ، ئەمانە هەمووی دایکم بۆی باسکردم .." پاشان ئەوە دەزانین کەوا باوکی بەناوی ئـەو بـرا کوژراوەی ناوی لێناوە : " من تۆم بە ناوی برا کوژراوەکـەم ناونـا ··· بـاوکم دەسـتەکانی خستە سەری و بێدەنگ بوو ، ئیتر لە براکەی نەدوا · من ئێستە ئەو پیاوە باڵندە فرۆشـەم ناسی کە mامە ..".

شـاکەس و گێـرەڕەوەی ئـەم چـیرۆکە خـاوەن چـەند حیکایەتێکـە وەکـو : حیکایـەتی گوزەرانی خەڵکی کۆڕەوەکەو ، حیکایەتی جوانی و کلۆڵی دایکێتـی ، هـەروەها حیکایـەتی باوکە مردووەکەی و حیکایەتی مامی کە خاوەنی خەونی سەرۆکایەتییەو بە باڵنـدە فـرۆش ناوی دەبات کە دوایی دەبێتە باوەپیرەی·

**بنیاتی بابەت :**

هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن پەیامێکـەو ، هـەموو پـەیامێکیش زیـاتر لـەڕێی بابـەتی دەقەکەوە بەرجەستە دەبێت .هەر چیرۆکێکیش بە حوکمی ئەوەی حیکایەتێك دەگێڕێتەوە خاوەن بابەت و ناوەڕۆکی خۆیەتی، بۆیـە یـەکێك لـە کـە پیاوەکـانی مـیری خەسـڵەتەکانی کورتە چیرۆك هەمە چەشنی بابەتەکانی.هەردوو لایەنی ناوەڕۆك و بابـەت دەبنـە دوو ڕووی ئاوێنەی چیرۆك بۆ ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی چیرۆکنووس لـەبارەی کێشـەو ڕووداوەکـانی دەوروبەری خۆی کە هەر کۆمـەڵێك خـاوەن چـەندین تەنگوچـەڵەمەی خۆیـەتی ، هەنـدێکی کۆنەو دووبارە دەبێتەوەو هەندێکی دیکەیان بەپێی ڕۆژگار تازەن · بۆ نموونە کێشـەی بـرا کوژی یا مرۆڤ کوشتن کێشەیەکی کۆنەو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کوشتنی قابیل لەسەر دەستی هابیلی برای پاش ئەوەی خوا نزرەکەی قابیل قەبووڵکردو ئـەوەی هـابیلی قـەبوول نەکردو پاشان هابیل لە قەلەڕەشێکەوە فێری ناشتنی ئەو برایەی دەبێت و ، بـەم شـێوەیە لـەو ڕووداوە مـرۆڤ فێـری دوو شـت بـوو : یەکـەمیان براکـوژی وەك کردەوەیـەکی خـراپ و ناشتنی مرۆڤی مردوو وەك کردەوەیەکی باش، واتە ئەو برا کوژییە هۆکاری خۆی هـەبووەو ، پاشتر بۆ سەرهەڵدانی هەر برا کوژییەك هۆکارێك هەیە زیاتر بەرژەوەندی تەسـك یـا ڕق و کینەی تایبەتی.

بابەتی کورتە چیرۆکی(گوڵباران)(١)ی محەمەد کـەریم ، بابـەتێکی مەرگەسـاتانەیەو لـە بازنەی براکوژی دەخولێتەوەو لەنێو چیرۆکەکە چوار حاڵەتی براکوژی خراوەتە ڕووو بۆ هەر یەکەیان هۆکاری تایبەتی خۆی هەیەو جگە لـە پەشـیمانی بـارامی پاڵـەوانی چـیرۆکەکە لـە کوشتنی گوڵبارانی بـرای هـیچ پەشـیمانی دیکـە نەخراوەتـە ڕوو، هەرچـەندە هۆکـاری ئـەو کردەوەی بارام بۆ ڕێزلێنەنانی گوڵباران لە بارامی برا گەورەی خۆی دەگەڕێتەوە ، کەوا بە بارامی برا گەورەی دەڵێت:

" بستە بالای قەموور خوا تۆی بۆ ئەوە دروست کردووە خزمەتکاریی مـن بکـەی ، تـۆ کەی بەشەری لە مەیمون نەبێ لە هیچ شتێکی تر ناچیت ".

چیروکنووس کەسی سێیەمی تـاك وەك گێڕەرەوەیـەکی هـەموو شـتزان بـۆ گێڕانـەوەی ڕووداوە کوشندەکانی نێو بابەتی ئەم چیرۆکە بەکاردەهێنێ و شێوەی گێڕانەوەی بازنـەیی داخراو بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکانی بەکارهێناوە،کە لەکاتی ئێستاوە دەچێتەوە بـۆ کـاتی ڕابردوو.واتە لە کاتی ئێستای تەقە نەکردنی دەمانچەکە بۆ یادگاریـەکانی لـەماوەی بیسـت ساڵی ڕابردوودا دەگەڕێتەوەو مەنەلۆگ یا خۆدواندن دەکاتە کەرەسەی باش بۆ خسـتنەڕوو یا گێڕانەوەی هەندێ لەو بەسـەرهاتە دڵتەزێنانـەی ڕابـردووی بنەماڵەکـەیان کـە لـە بـاپیرە گەورەی ئەو بنەماڵەیە دیاردەی برا کوژی دەست بە سـەرهەڵدان و تەشـەنە دەکـات لـەنێو نەوەکانی پاش خۆیدا. لەوە دەچێت مەبەسـتی سـەرەکی چـیرۆکنووس لـە نووسـینی ئـەم چیرۆکە ئەوەمان پێ بڵێت مرۆڤ هەرچەند دڕندە ڕەفتار بێت هەر لە کاتی وەئاگا هاتنەوەی هەست بە پەشیمانی لە کردەوەکەی دەکـات  ئـەم لایەنـەش لـە ڕەفتـاری بـارامی پاڵـەوان دەردەکەوێت پاش کوشتنی گوڵبارانی برا بچووکی کە ماوەی بیست سـاڵ بـە دەسـتی ئـەو ئازارە دەروونییە دەتلێتەوەو بڕیاری ژن نـەهێنان دەدات تـا لـە دوای خـۆی نـەوەی دیکـە نەبێت هەمان کرداری براکوژییەکە بنوێنن ولـە ئەنجامـدا بـە دەمانچـە خـۆی دەکوژێـت بـۆ ئەوەی هێڵی براکوژی نێو بنەماڵەکەی بە کوشتنی خۆی کۆتایی بێت ٠ کەواتە ئەم چیرۆکە

---

[١] - محەمەد کەریم — کورتە چیرۆکی ( گوڵباران ) ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٢٣١ ، ٢٠٠١/٥/١٠ ، ل٤

٠٠ لەبارەی ئەم کورتە چیرۆکەوە دوو نووسینی ڕەخنەیی بلاوکراوەتەوە لە بەشی ڕەخنەی ئەم لێکۆڵنەوەیە بارە سەرنجە ڕەخنەییەکانمان خستووەتەڕوو٠

چیرۆکی ڕووداوەو حیکمەتی سەرەکی لە بابەتی ئەم چیرۆکە دەست هەڵگرتنە لە دیاردەی براکوژییە ٠

حاڵەتی لەدەستدانی بیرو زاکرە جۆرە نەخۆشییەکی دەروونییە بە هۆیەوە مرۆڤ بێ ئیرادەی خۆی تووشی دەبێت و ، لە ئەنجامدا ئەو مرۆڤە هەست بە نامۆیی خۆی دەکات لەگەڵ دەوروبەرەکەی.ئەم جۆرە لایەنە لەنێو بابەتی کورتە چیرۆکی( ئەو سەگە منەکانی لێتێکەڵاوکردم )(١) خراوەتەڕوو، کەوا پاڵەوانەکە بە ئەرکی گێڕەرەوەی بەشداری نێو ڕووداوی سەرەکیی چیرۆکەکە هەڵدەستێ و لەڕێی گێڕانەوەی خودیی نێو چیرۆکەکە بۆمان دەردەکەوێت پاڵەوانەکەی مرۆڤێکی ڕووخاوە لەڕووی دەروونییەوەو تاوانێکی کردووەو پاشتر گەڕاوەتەوە بۆ گەرەکەکەی خۆی،بەڵام کەسانی خێزانی و دەوروبەری وەك تاوانبارێکی نەفرەتلێکراو سەیری دەکەن، تەنانەت سەگەکەی بەرماڵیانیش حەزی لێ ناکات و دەیەوێت پەلاماری بدات:"سەگی بەردەرگاکەمان هەموو شتێکی لێتێکدام،دەمناسی..هەموو ڕۆژێك بە نووکی پێلاوەکانم لە دەرگای ماڵەوە دوورم دەخستەوە..ئەمڕۆ وانەبوو.. زۆر پێم وەڕی.. کلکی نابووە سەر پشتی ، کەڵبەکانی جیڕکردبووەوە،لیکی هاری بە لمۆزیدا دەهاتە خوارێ، خەریك بوو پەلاماری ئەدام".سەگ زۆر جار بە ڕەمزی وەفایی دادەنرێت و ئەم کردەوەی ئەو سەگە بێ وەفایە دەبێتە مایەی زیاتر وروژاندنی هەستی نامۆیی ناخەوەی پاڵەوانی ئەم کورتە چیرۆکە. ئەوەی لە کورتە چیرۆکەکەدایە تەنیا نەفرەت لێکردنی کەسوکاری خۆی نییە ، بەڵکو ئەو جۆرە ڕەفتارە سێکسییە نادروستەیە پۆلیسە کەتەکەی بنکەی پۆلیس لەگەڵیدا دەنوێنێت وەك جۆرێك لە ئەشکەنجەدان بۆ دانپیانان بە تاوانی کوشتنی باوکی.

قەیرەیی یەکێکە لەو کێشانەی کچی کۆمەڵی کوردەواریمان لەم ڕۆژگارە بەدەستییەوە دەناڵێت ، لەوانەیە باوك وبرا ڕۆڵیان هەبێت لەم جۆرە کێشە کۆمەڵایەتییە کاتێك بەهەموو زاوایەك ڕازی نابن ، یا خەتاکە لە کچەکە خۆی دەبێت کاتێك بەهەموو زاوایەك ڕازی نابێت و بەرە بەرە دەچێتە ناو کێشەی قەیرەییەوە کە زیاتر لە تەمەنی سیساڵییەوە کچ تووشی

---

١ - ئاوات محمد – کورتە چیرۆکی (ئەو سەگە منەکانی لێتێکەڵاوکردم ) ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٢١٥ ، ٢٠٠١/١/١٢.

دەبێت و ، ئەوسا بۆ هەندێ هۆکاری دەگەڕێنێتەوە وەك ناشیرینی یا هـەژاری یـا ٠٠ هتـد ٠ ئەم جۆرە کێشەیە مۆرکێکی دەروونی وەردەگرێت و ئەوسا ژیانی کچە قەیرەکـە ئاسـوودە نابێت ، ڕۆژانی ژیانی بەرەبەرە پڕ لە ئەشکەنجەی دەروونی دەبێت.

لە کورتەچـیرۆکی ( گـەورە کـچ )ی (١) شـاکر گـەرمیانی دا،چـیرۆکنووس گێـڕەرەوەی بەشداری هەمانشتزانی بەکاردەهێنێ بۆ گێڕانەوەی هەستی خۆی بەرامبەر کچە گەورەکـەو خستنەڕووی موعاناتی لەگەڵ ئەو کێشـەیە:یەکەمیان لـەڕێی بـەکارهێنانی جێنـاوی کەسـی سێیەمی تاك وەك ( هەموو ڕۆژێ ڕوومـەتی زۆر جـوان ئارایشـت دەکـرد و بەرامبـەر ئاوێنـە ڕادەوەستا )و دووەمیان لەڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاك وەك :

" تۆ بلێی وا جوان نەبم دڵی کەس هەڵم نەبژێرێ ؟! وەللا خـۆ لووتیشـم گـەورە نییـەو باڵاشم لە عەیب دەرچووە ، ئیتر بۆ چرای بەختم خەریکە کز دەبێت و دەکوژێتەوە ؟ ".

بابەتی ئەم چـیرۆکە دەروونییـە و چـیرۆکنووس لەسـەر زاری پاڵەوانەکەیـەوەو لەچـەند شوێنێکی چیرۆکەکە هەستی ناخەوەی دەخاتە ڕوو :

" بۆ هەر لایەك دەچم هەر تەنیام .. دایکیشم پیربووەو توانای گەشتوگوزاری نـەماوە ، نائومێدی نەبێت لای خوا لاوان گشت سەرداری هەندەران مەسـتی کـردوون ٠٠ کـێ بـەدوای دروستکردنی خێزاندا دەگەڕێت ؟ لێرە ژنخواستن پیاو کۆیلە دەکات و ئافرەتیش ئازاد .."

.

چیرۆکنووس لەسەر زاری کچە گەورەکەوە ڕاستەوخۆ هەندێ لەو ئـازارە دەروونیانـە دەخاتـەڕوو، کـەوا لـە سـاتە تایبەتیـەکانی ڕۆژانـەی خۆیـان بـە دەسـتیەوە دەتلێنـەوە.بۆ نموونە:"دیسان بەرامبەر ئاوێنەکـە ڕاوەسـتاو دەسـتێکی هێنـا بـە ڕوومەتی.بـەخوا سـاڵێك پێش ئێستا جوان و ناسکتر بووم، وا خەریکم پیر ئەبم خۆشیم نـەدی لـە ژیـان ، نـا هێشـتا گەنجم زۆرم ماوە ، بەڵام سوودی چییە وشەیەکی ناسك و پڕ سۆز لـە کەسـێکەوە نابیسـتم .. کەس بە چاوێکی دڵگیری و سۆزەوە تێم ناڕوانێ ، هەتا لە جەژنەکانیشـدا دیارییـەکم لـە دۆستێکی خۆشەویستەوە بۆ نایەت.." ئەم جۆرە هەسـتە دەروونییـە ناخۆشـە وا لـە کچـە گەورەکـە دەکـات " مسـتێکی لـە ئاوێنەکـە دا وردو خاشـیکرد ، ڕوومـەتی لـەنێو سـینگی

---

[1] - شاکر گەرمیانی – کورتەچیرۆکی ( گەورە کچ ) ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٢٣ ، ٢٠٠٣/٢/٦.

دەستیدا شاردەوەوەو دەستی بە گریان کـرد .."لـەوە دەچـێت ئـەم شاکەسـە لـە جـۆری پاڵەوانی پۆزەتیڤانەیە کە ملکەچی واقیعەکـەی نابێـت، بۆیـە لـە ئەنجامـدا بڕیـار دەدات:" باشە بۆ من خۆم لەم بیرۆکە پڕوپووچانە ڕزگر نەکەم ، پشـت بـە خـۆم نەبەسـتم و قـەڵای سەختی تەنیایی و نائومێدی نەڕوخێنم " ..

(عومـەر حـاجی)یش لـە کورتەچـیرۆکی ( هاوارێـك لـە خـۆر ئاوابوونـدا )(١) هـەوڵی پێشکەشکردنی بابەتێکی دەروونی لەمەڕ شێتی مرۆڤ لە ئەنجامی خراپی بـارودۆخی ژیـانی دەدات ٠ پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کەسـێکی دامـاوە لـەنێوان خۆشەویسـتیەکەی بـۆ خوشـکە شێتەکەیو بە قسەکردنی کەسوکارەکانی بۆ کوشتنی ئەو خوشکەی کە لەبـەر شـێتیەکەی ناموسیان چووە.چیرۆکنووس نەوزادی شاکەس وەك گێڕەرەوەی بەشدار بەکاردەهێنی بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی گوڵەی خۆشکە شێتەکەی کە بە وردی هۆی شـێتبوونی ناخاتـە ڕوو تەنیا ئەوە نەبێت لە ژیانی خۆی لە ماڵی باوکی و پاشان لە ماڵی شووەکەی بێزار دەبێت ، هەروەها چیرۆکنووس سەرکەوتوو نەبوو لە هۆکاری کوشتنی گوڵە لەسەر دەسـتی نـەزادی شاکەس و کەسوکاری بەشێوەیەکی دڕندانە هەر لەبەر ئـەوەی شـێت بـووە ، چـونکە هـیچ کردەوەیەکی نا ئەخلاقی نەکردووە تـا شـاکەس و کەسـوکاری بـەو شـێوەیە لـە شـوێنێکی چۆڵایی سروشتدا بیکوژن .گوڵە خوشکە نەگبەتەکەی شـاکەس وا دەزانێـت بـە شـووکردنی ڕزگاری دەبێت لە بێزاریەکەی،:

" ئەوەی گوڵە بیری لێندەکردەوە شووکردن بـوو ، بـەڵام لێـدان و زینـدانی ماڵـەوەمان وایکـرد کـە گـوڵێ خـەون بـە دەرەوەی حەوشـەکەمانەوە ببینـێ ٠ کـە شـوویکرد وایزانـی ئازادییەك بۆ ڕۆحە زیندانیەکەی دەستەبەردەکا ، نەیزانی لـە زینـدانی پیـاوەتی باوکمـەوە دەچێتە زیندانی پیاوێکی بێڕەحمتر " ..

بابەتی کورتە چیرۆکی ( تاوسە دیلەکان)(٢)ی (ئەرخـەوان) لەمـەر کێشـەی عیشـقە،کە شەنگە کچی گەلێ جوانتر لە بەهار گیرۆدەی عیشقی شاسوارێکەو لە پێناویدا جوانـە مـەرگ

---

١ – عومەر حاجی – کوتە چیرۆکی ( هاوارێك لە خۆر ئاوابووندا ) ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٢٨٩ ، ٢٠٠٢/٦/٢٠.

٢ – ئەرخەوان – کورتە چیرۆکی ( تاوسە دیلەکان ) ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٢٥٩ ، ٢٠٠١/١١/٢٢.

دەكرێت پاش ئەوەی باوك و براكەی دەیبەن لە دەشتاییيەكە گولەبارانی دەكەن و، هـەموو ئەو پاڕانەوەی لەبەردەمیان دەیكات بێ سوود دەبێت ، چیرۆوكنووس لـە دەسـتپێكی ئـەم چیرۆكە باری دەروونیی كچەكەمان بۆ دەخاتەڕوو كە لەنێوان چوار دیواردا بەند كراوە:

" نـاوێرم ئـەم پەنجەرەیـە بكەمـەوە بـاخێ دارسـێو چـاوم لێدائـەگرێ ، نـاوێرم ئـەو پەنجەرەیـەش بكەمـەوە كێڵگەیـەك شمشـێری ڕیـش درێـژ مـۆرەم لێـدەكات ، نـاوێرم ئـەو پەنجەرەی ئەولاش بكەمەوە باخچەیەك كتێبی یاسا پێم پێدەكەنێ .. نـاوێرم ئـەم دەروازە ژەنگ گرتووەش بكەمەوە ، مێژوویەك زام خوێنی لێدەچۆڕێو باوشی والآیە ..".

شاكەسـی ئـەم چـیرۆكە گێـڕەڕەوەی بەشـداری هەمانشـتزانەو خـاوەن هۆشـیارییەكی بەرزی كۆمەڵایەتییە دەیەوێت بەرگری لە پیرۆزی عەشق بكات ، كە لـە لای هەنـدێ كەسـی ناو كۆمەڵدا تاوانێكی كۆمەڵایەتییە ، بەڵام لای شاكەس:

" هەر سەرزەمینێك عەشقی تێدا نەبێ خەڵكەكەی دەبنە گـورگ و پـەلاماری جەسـتەی یەكتر دەدەن و شوێنەكەش دەبێتە مەملەكەتی گورگ ".

شاكەسەكە داوا لە بـاوك و براكـەی دەكـات بچـن سـەعە سـەر زلی یەكـە دزی گوندەكـە بكوژن یا ڕەشە جاش بكوژن كە دەیان شۆڕشگێڕی بەدەستی خۆی كوشتووە، یان قین لـە دڵەكان بكوژن و خۆی نەكوژن لەبەر ئـەوەی دڵـی لـە شاسـوار چـووە،كە ئـەمیش شاسـوار بەلایدا ڕەت دەبێت و هەڵیناگرێت و لە مردن ڕزگاری ناكات :" وەك ئـەوەی ورێنـە بكـات ( ئەوەتا ، ئەو ئەسپە سپییە  بەرەو لای من دێت دەیناسمەوە خۆیەتی ئەو شاسوارە هـەر ( شاسوار)ە هـەر ئێسـتا دێـت و وەك ڕەشـەبا دەمفرێنێـو دەمخاتـە پاشـكۆی ئەسـپەكەیو بـەرەو دونـدە بەرزەكان.لـەوێ ماڵێـك بـۆ عەشـق بنیاتـدەنێین.. ماڵێـك دەسـتی عەشـق كوژەكانی نەگاتێ . مناڵەكانمان پیرۆوزبن و بـە خۆشەویسـتی پـەروەردە بـن و بـە ئـازادی بژین..ئا ئەوەتا نزیككەوتەوە..) لەوكاتـەدا دەموچـاوی شـەنگە كـچ نـورێكی تێـرژاو گـەش بۆوە زەردەخەنەیەكی ئومێد لەسـەر لێوەكـانی دەركەوت.هـەر ئێسـتا شاسـوار لـە چـنگی مـەرگم دەردێنـی و ژیـانێكی نـوێم پێدەبەخشـێ ئـەوەتا هـەنگاوێ دوان دەگاتـە لام..وەك ئەوەی ئەسپەكە بەلایدا گڤە بكات و جێی بهێڵێ و بە پرتاو ئاوڕی دایـەوە:(ئای مـاڵوێران.. بۆ كوێ دەڕۆی.. ئەوەتا لێرم جێم مەهێڵە بگەڕێوە..) شەنگە كچ تا هێزو تینی تێدابوو پڕ بەدەم قیژانی:

شاسوار،بگەڕێوە ڕزگار کە ئەوەتام لێرە)".

چیرۆکنووس حاڵەتێکی فانتازی دەبەخشێتە ڕووداوی نێو چیرۆکەکە کاتێك:

"جەستەی بەهاری کوژراویان هەڵگرت بۆ ئەوەی بە تاوانی عەشقەوە لـە گـۆڕی ئـابروو کرینەوەدا بینێژن..کاتێکیان زانی هەردوو دەستی شەنگە کـچ لـە گـەردوونی هـەردووکیان گیربوو..یەکە یەکە پەنجەکانی بەناو گۆشت و دەمارەکانی ملیاندا ڕۆچوو.."

پاشـان چـیرۆکنووس بـۆ بـەرگری لـە بـەهای عیشـق لایـەنێکی فانتـازی دەبەخشـێتە چیرۆکەکە کاتێك مەلای دێ و ئەو کەسانەی ناو گوندەکە پەسـەندی بڕیـاری قەلاچـۆکردنی عیشق دەدەن "چنگ و کەڵبەی تیژیان لێپەیدابوو بەرەبەرە بوون بە گورگ " .

بابەتی کورتە چیرۆکی ( قەڵەم )ی (١) مسـتەفا سـاڵح کـەریم لـەبارەی بـەهای قەڵەمـە بەلای نووسەری خاوەن هەڵوێست،کە هەتا ئەگەر ڕۆژگاری نالەبار ناچاری بکات پاڵتۆکـەی بفرۆشێت ئەوا هەرگیز قەڵەمەکەی نافرۆشێت،چونکە قەڵەم هێمایەکە بۆ کەرامەتی نووسەر کە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە:" بە تووڕەییەکەوە دەستی بۆ پاڵتۆکەی برد، لە دەست دەلاڵەکەو کڕیارەکەی ڕاپسکاند.تۆ وات زانی پەشـیمان بووەتـەوەو نایفرۆشـێ، بـەلام ئـەو دەستی بە گیرفانی بەر باخەڵی پاڵتۆکەی کردو قەڵەم پاندانێکی لێ دەرهێنا، ئەو قەڵەمـەی جارەها وشەی شیرینی بە گوێی کاغـەزدا چـرپاندووە ، قەلەمەکـەی بـە دەسـتەوە گـرت و کەمێك لێی ڕوانی و پاڵتۆکەشی دایەوە دەست دەلاڵەکە و پێی وت :" کاکە من ئەمەیانم بۆ فرۆشتن نەناردووە ".. قەڵەمەکەی دەستی جارێکی تریش بـەرزکردەوەو وتـی :" ئەمـەیان هـەرگیز نافرۆشـم ، نایفرۆشـم ، نـا ..". ئـەم جـۆرە هەڵوێسـتەی شاکەسـی چـیرۆکەکە پێشـتریش نواندوویـەتی لەگـەڵ ئـەو بـڕادەرەی ویسـتی وەك نووسـەر لـە ڕۆژنامەیـەك دایمـەزرێنێ بـۆ ڕزگـارکردنی لـە دەسـتکورتی و ژیانـە ناخۆشـەکەی :" .. ئـیتر هیچـیان بەدەسـتەوە نـەما ، تەنانـەت کـولێرەی بەیانیانیشـتان بـە قـەرز ئـەخوارد ، بەهەڵـەداوان ناسـیاوێکی هاتـە لای ، مـژدەی دایـە ، کـە توانیوویـەتی لـە ڕۆژنامەیـەکا بـە نووسـەر دایمەزرێنێ،هەر ناوی ڕۆژنامەکەی بیست قیژاندی بەسەریا ( چۆن داوای شتی وام لێئەکەی

---

[١] - مستەفا ساڵح کەریم – کورتە چیرۆکی قەڵەم ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٤٨٧ ، ٢٠٠٦.

؟ هەموو سەرمایەی من قەڵەمەکەمە، بـۆ ئەتـەوێ بیفرۆشـم ! ئیشـکردنم لـەو ڕۆژنامـە ڕووزەردەدا نیشانەی خۆفرۆشتنە ! نا ، براله ، لەبرسانا بمرم هەرگیز ئەوە ناکەم ".

## بنیاتی وەسف

چیرۆك وەك ڕەگەزێکی ئەدەبی و پەخشانێکی هونەری پێویسـتی زۆری هەیـە بـە وردی خستنەڕووی خەسڵەت و هەندێ وردکاری و زانیاری دەربارەی سیمای ڕووخساری پاڵەوان و شاکەس و کەسە لاوەکیەکانی ، هەروەها بـۆ خسـتنەڕووی هەنـدێ وردەکـاری شـوێن،کەوا هاوکێشەیەکی تایبەت لەنێوان وەسف و شوێن هەیە هەروەك ئەو هاوکێشەیەی لەنێوان کات و گێڕانەوە هەیە،واتە وەك چۆن گێڕانەوە دەبێتە کەرەسەیەك بۆ خەستنەڕووی وردەکـاری کـاتی نێـو چـیرۆك ، بەهـەمان شـێوە وەسـفیش دەبێتـە کەرەسـەیەك بـۆ خسـتنەڕووی وردەکاری شوێن وبەم شێوەیە دەتوانین بڵێین :" وەسـف، وەکـو تـەکنیکێکی تایبـەت بـە سستیی گێڕانەوە، بریتییە لە خستنەڕوو و پێشکەشکردنی شت و بوونەوەر و ڕووداوەکـان، لە شوێن و زەمینەی بوونیان و لەدەرەوەی زەمەن و ئـەرکی زەمەنییان،لـە وەسـتانیان لـە جیاتی بەردەوامبوونیان "([1]).

هەموو چیرۆکێك پاڵەوان و هەندێ کەسـی دیکـەی تێدایـە ، هـەروەها هـەموو چـیرۆکێك چـەند شـوێن و ڕووداوی تێدایـە ، ئەمانـە هـەموویان پێویسـتیان بەوەسـف هەیـە بـۆ خستنەڕووی هەندێ لە سیماو خەسڵەتەکانیان چ لـە دوور یـا نزیـك بێـت ، هـەروەها چ لـە حاڵەتی وەستاو بێت یا لە حاڵەتی جووڵاو بێت.

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکـەین هـەروەك چـۆن زمـان کەرەسـەی دەربڕینـی گێڕانەوەیە،بە هەمان شێوە زمان کەرەسەی دەربڕینی وەسفە،چونکە وەسف لـە چـیرۆکدا زیـاتر بـە ئـەرکی باسـکردنی شـتەکان لـەخۆی دەگرێـت و بـەهۆی زمانـەوە وێنـەیان دەکێشێت"([2])، کەواتە ئامانج لە بەکارهێنای وەسف لەنێو چیرۆکدا زیـاتر " بەخشـینی وێنەیەکی زەینییە لەسەر دیمەنێك یان کەسێك یان هەسـتێك بەخوێنـەر"([3]) و پێویسـتی و

---

[1]- جيرالد برنس ، المصطلح السردي – معجم مصطلحات، ت: عابد خزندار، مراجعة و تقديم، محمد بريري، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، ط١، ٢٠٠٣، ص٥٨.

[2]- د. احمد زياد محبك ، متعة الرواية – دراسة نقدية، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٥، ص٣٥.

[3]- مجدي وهبة وكامل المهندس-معجم المصطلحات الادبية في اللغة و الادب، مكتبة لبنان،١٩٧٩ص٢٣٨.

گرنگی و زیندوویەتیی وەسف لەو كاتدایە " گێڕانەوە و گفتوگۆ چیتر تواناى پیشـاندان و خستنەڕووی شـتەكانیان نـەمێنێت "([1]). بـەم شـێوەیە گرنگـی وەسـف وەك بنەمایـەكی هونەریی گرنگ لە بینـای هونـەریی چـیرۆك بـە هـەموو جۆرەكـانی ، بۆیـە ئێمـەیش لـەڕێی گۆشەنیگای وەسفەوە هەوڵدەدەین هەندێ لەو چیرۆكانەی نێو ژمارەكانی پاشكۆی ئەدەب و هونەر بخوێنینەوە.

زۆر جار وەسف دەكرێتە كەرەسەی باش لەنێو دەروازەی چیرۆكدا بـەكاردەهێنرێت بـۆ پەلكێشی خوێنەر بۆ نێو جیهانی چیرۆكەكە . بـۆ نموونـە ڕەحمـان مـەحموود ئەحمـەد لـە سـەرەتای چـیرۆكەكەیدا(میوانخانەی مـەرگ)[2] ئـەم جـۆرە وەسـفەی كردوەتـە دەروازەی دەقەكە :" خانوویەكی داهێنراو ، چەند ژوورێكی هاورێك و هۆڵێكی شـێداری بـۆن گرتـوو ، بۆنی هەڵوەشانەوەو ڕزینی ئەو خانانەی لێدەهات ، كە جەستەیان پێكدەهێنا ، بۆنێك كەتا سەر ئێسك كاری دەكردو مرۆڤی هەراسان دەكرد..". ئەم جۆرە وەسفە بۆ جۆری شوێنەكە زۆر بـە جـوانی پێوەنـدی نێـوان وەسـف و شـوێن دەخاتەڕوو،چـونكە وەسـف كەرەسـەی سەرەكیی ویناكاری شوێنە كاتێك چیرۆكنووس بـە كـامیرا ئەدەبییەكـەی وەسـفەكەمان بـۆ دەكات.

یەكێك لە ئەركەكانی وەسف خستنەڕووی یا بەراوردكردنی وەسفكراوە لـە دوو حاڵـەتی جیاوازدا،ئەمەش لەڕێی خستنەڕووی وەسفكراوەكەیە لەپێش و پاشی گۆڕانكارییەكەیە.

ئەم جۆرە وەسفە لە كورتە چیرۆكی ( مەرگێك پێش دركاندنی ڕازەكان )ی (٣) سـیامەند هـادی دەكەوێتـە بەرچـاو لـە وەسـفكردنی عەرەبانـەی پیـاوە گەڕۆكەكـە ، كـە لـە پـێش گۆڕانكاریەكە بەم شێوە وەسفی دەكات:

---

[1]- د. مصطفى ساجد الراوي، الروائي و موقعه داخل الرواية
www.awu_dam.org/mokifadaby/381/mokf381-004.htm

[2] - ڕەحمان مەحموود ئەحمەد ، كورتە چیرۆكی میوانخانەی مەرگ ، پاشكۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٢٨ ، ٢٠٠٣/٦/٥.

[3] - سیامەند هادی ، مەرگێك پێش دركاندنی ڕازەكان ، پاشكۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٢٥٤ ، ٢٠٠١/١٠/١٨.

"سەرەتا عەرەبانەکەی لە تەختە دروستکرابوو،بەڵام دوایی لەگەڵ شێوەیەکی جیاواز لەپێشتر، ئەمجارەیان لە ئاسن دروستی کردووە. شێوەیەکی لاکێشەیی هەبوو کە لە ڕووکاری دەرەوەیدا چەند خانەیەك بۆ جیاکردنەوەی شتەکان لەیەکدی دەبینران لە ڕووکاری بەردەم خۆیدا دەسکێکی بەرزتر لە ئاستی عەرەبانەکەوە هەبوو بۆ پاڵ پێوەنان ، کە بە پەرۆی شین پێچرابوو.لە خوار دەسکەکەشەوە دەرگایەکی بچووك لە عەرەبانەکەدا بوو، کە شتی زیادەی تێدەکرد".

## بنیاتی مەنەلۆگ و دیالۆگ :

خۆدواندن یا مەنەلۆگ جۆرێکی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆیە،زیاتر تێیدا جێناوی کەسی یەکەمی تاك بەکاردەهێنرێت بۆ گێڕانەوەی هەندێ بەسەرهاتی ڕابردووی گێڕەرەوەکەی خۆدواندنەکە،کەوا شاکەسەکە لەگەڵ خودی خۆیدا دەدوێت ئەگەر جۆری خۆدواندنەکە ڕاستەوخۆ بێت و تێیدا هەندێ شتمان لەباری خۆیەوە بۆ دەگێڕێتەوە بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هەندێ بیربۆچوونی تایبەتی خۆی، بەڵام ئەگەر خۆدواندنەکە ناڕاستەوخۆ بوو ئەوسا جۆری جێناوەکە کەسی دووەم یا سێیەمی تاك بەکاردەهێنرێت، چونکە مەزەندەی هەبوونی گوێگرێك دەبێت بۆ ئاخاوتنەکەی ئەو کەسەی کاری خۆدواندن دەکات.

ئەم جۆرە شێوازەی گێڕانەوەی نێو خۆدواندن پێشتر لەلایەن جیمس جوێس لە ڕۆمانی( یۆلیسۆس )و مارسیل برۆست لە ڕۆمانی (گەڕان بە دوای زەمەنی بزردا) پێشکەشکراوە. خۆدواندن کەرەسەیەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوەیە لەباری دەروونیی شاکەسەکە، چونکە باشترین دانپیانانە بە هەندێ شتی شاراوەی ناخەوەی شاکەسەکە. مەنەلۆگ یا خۆدواندن شێوەیکی خستنەڕووی هەست و بیرکردنەوەی ناخەوەی ئاخێوەرەکەی نێو چیرۆکەکەیەو ڕێگەیەکە بۆ شۆڕبوونەوە بە ناخی دەروونی کەسانی نێو چیرۆکەکەیە.

خۆدواندن لەبەر ئەوەی بایەخ بە دیوی ناخەوەی مرۆڤەکان دەدات،بۆیە بە ئاخاوتنی ناوەکی ناوزەد کراوە بێ ئەوەی ڕێکخستن لە وتنیاندا هەبێت و " کەسەکان لەم دۆخەدا بیر

لە دەربڕینی ئەدەبیو لۆجیکی ناکەنەوە ، بەڵکو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەش بەشکراو ، هزرەکانیان بیٚ کۆنترۆڵ دەخەنە ڕوو "(١).

کاروان عەلی لە کورتە چیرۆکی(بەسەرهاتی نیشانەیەك)(٢) خۆدواندنی بەکارهێناوە بۆ خستنەڕووی بەسەرهاتی نیشانەی ئەو بڕینەی بەسەر چەناگەیەوە دیارە، ئەمیش لەو کاتە دەبێت لەبەردەم ئاوێنەکە ڕادەوەستێت و دەڕوانێتە دەم وچاوی خۆی ولەڕێی ئەو خۆدواندنەوە بۆمان دەردەکەوێت لەئەنجامی هەڵاتنی دەبێت لە دەست باوکی و خلیسکانی و کەوتنی بەسەر ئەرزدا، هەرچەندە لەو ڕۆژەدا بە دڵخۆشیی دەرچوونی بە یەکەمی پۆلەکەی دەچێتە لای دایکو باوکی، بەڵام کە باوکی هەست بە بۆنی جگەرەکیشانەکەی دەکات ئەوسا دەکەوێتە سەری بۆ سزادانی و لێدانی و لەئەنجامدا دەخلیسکێت و بە خراپی دەکەوێتە سەر ئەرزەکە:

"ئا..ئەوەخۆمم..ئەوەتا نیشانەی کەوتنەکەشم، نیشانەی چەناگەم.. ئەوە خۆیەتی ..چما هێشتا ماوە؟! بیری ئەو نیشانەیەم هەر نەمابوو کە لە کاتی منداڵیدا بۆم دروست ببوو،چونکە تا ئێستا ئەوەندە لە ڕووخسارم ورد نەبوومەتەوەو کەسێکی بەرامبەریشم تێبینیی نەکردووەو دیقەتی نەداوەتیٚ.زیاتر تەرکیزم خستە سەر نیشانەکەو سووکە بزەیەك کەوتە سەر لێوم، ئەو ڕۆژەم بیر کەوتەوە کە چەناگەم زامداربوو تا ئێستاش نیشانەکەی ماوە ".

کاروان عەلی لە کورتە چیرۆکی ( بڕێك جورئەت بۆ خۆشەویستی تۆ )(٣) زۆر بە جوانی خۆدواندنی لە پانتایی گێڕانەوەی بابەتی ئەم چیرۆکەی بەکارهێناوە، کە دەربارەی تلانەوەی شاکەسی بیٚناوی چیرۆکەکە بە دەست خۆشەویستی خۆی بۆ پارە بیٚ تاوانەکەی، کەوا ناونیشانی چیرۆکەکە جۆری ئەو خۆشەویستییەمان بۆ دەخاتە ڕوو:"

---

[١] - نارین سدیق مام کاك میرخان: شەپۆلی هۆش لەچیرۆکی نوێی کوردیدا(١٩٧٠-١٩٨٠) ، ل٥٨.

[٢] - کاروان عەلی ، کورتە چیرۆکی بەسەرهاتی نیشانەیەك ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٤٣ ، ٢٠٠٣/٧/١٠ ، ل٤.

[٣] - کاروان عەلی ، کورتە چیرۆکی بڕێك جورئەت بۆ خۆشەویستی تۆ ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٢٢ ، ، ٢٠٠٣/١/٣٠ ، ل٤.

هەست دەکەم ئەگەر جاڕی خۆشەویستیەکەی بۆ بدەم بێ ویژدانیـەکی گـەورەی بەرامبـەر دەکەم ، چونکە خۆشم نازانم چیم لێی دەوێو دوای ئەوەش چی دەبێت " .

ئـەم سـەرگەردانیەی شـاکەس و بـێ جورئەتـەی هـەر لـە سـەرەتای چـیرۆکەکەوە خراوەتەڕوو کاتێك بۆمان ڕادەگەیەنێت:

" نازانم ئەو کاتانە بۆ وام بەسەر دەهات ، کە لێی نزیك دەبووم " تەمـەننام دەکـرد زوو لـە دەستی ڕابکەم ، کە لێشی دوور دەبووم ، ئومێدم دەکرد ببینم و هەرچـی لـە دڵمایـە بـۆی بەیان بکەم و پێی بڵێم " خۆشم دەوێ " .. پێی بڵـێم " ئەوەنـدە ڕێـزی چاوە ڕەشـەکانت دەگرم ، ئەوەندە شەرم لە چاوە سیحراوییەکانت دەکەم ، جورئەتی تێدا نەهێشتووم ".

بێ جورئەتی بازنەی سەرەکیی ژیانی شاکەسی بەشداری چیرۆکەکەیە ، کە چیرۆکنووس جێناوی کەسی یەکەمی تاکی بۆ خستنەڕووی بەکارهێناوە :" ئەو دەمانـەی کـە لـێم نزیـك دەبوو ، هەستێکی زۆر سەیر دایدەگرتم ، دڵنیام کە ناخۆش نەبوو ، بەڵام خۆشیش نەبوو ، لێدانی دڵـم ئەوەنـدە خێـرا دەبـوو تووشـی هەناسـە برکێـی دەکـردم ، دەمـو چـاوم سـوور هەڵدەگەڕاو هەردوو ئەژنۆشم دەلەرزین .."

پاڵەوانی بەشداری کورتە چیرۆکی ( پشوویەك لـەبن درەختەکـە)ی (١) نـەجات نـوری ، کچێکی پاشمـاوەی ئەنفالـە، لەئانوسـاتی وەسـتانی لـەڕیزی ئەوانـەی بـۆ نهـۆمی دووەمـی نەخۆشخانەکە سەردەکەوتن ڕۆژانی کارەساتی ئەنفالی بـەد نـاوی دەکەوێتـەوە بـیرو ، بـەم شێوەیە بۆمانی دەگێڕێتەوە:" ژانە سـەرێکی تونـد سـەری دادەگـرتم . ئەبوایـە بمزانیبایـە ژوورە شێدارو ساردەکان لەگەڵ لێدانی سەربازەکاندا لە دوارۆژدا تووشی بەڵایەکم دەکـەن، لەگەڵ ئەو هەموو ئەشکەنجە گیانی و ڕۆحییەدا.خۆم ڕاگرت ، شـەوێك درەنـگ لـە کـاروانی ئەو گوند نشینانە هەڵهاتم کە لەگەڵ سـووتاندنی خانووەکانیاندا،ئەوانـەی بیابانەکان،لـەوێ بەمەرگەساتی خۆیانەوە لەگۆڕ ئەنران. بەدرێژایی شـەو لـە ڕۆیشـتن بـەردەام بـووم ، تەڵـە دڕکاویەکانی سەربازگەکەم بڕی، کە ڕۆژیش بۆوە لاوێك سـواری مەکینەکـەی کـردم بـەبێ ئەوەی پرسیاری ئەوەم لێبکات کە بـۆ کـوێ دەچـم ، شـەوێکیش لـەماڵیـان مامـەوە . لـە

---

[1] - نەجات نوری ، کورتە چیرۆکی پشوویەك لەبن درەختەکە ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٢١٥ ، ٢٠٠١/١/١٢.

بازگەی دەرەوەی شارۆچکەکە سەربازەکان لەگەڵ چەند ژنێکی تردا دەستگیریان کـردین ، بۆ ساڵ و نیوێك چەند زیندانێکیان بردین ٠ من کە چەند ساڵ بـوو مامۆسـتای گوندەکـەیان بووم ، ئەبوایە لە بەرانبەر رق و تورەیی سەربازەکان خۆ ڕاگربم ئەشمزانی بۆچی لەناو ژنە گیراوەکانـدا زیـاتر لـەمنیان ئەپرسـییەوە٠سـەرم ببـووە پارچـەیەکی گۆشـتی کـوتراو ، گوێچکەکانم بەردەوام خـوێنی لێدەهات دوای ئـەو هـەموو ئـازارە ٠٠ لـە ژوورێکـی ساردی زستاندا ، لە ژوورێکی ئەم نەخۆشخانەیە فڕێیاندام ٠ لە دەنگێکی گـڕ بـە ئاگـا هـات و پێـی ووت : خەرمان ئەمەتام چاو بۆ کویێ دەگێڕی ٠٠ "٠

چیرۆکنووس سەرکەوتوو بووە لە خستنەڕووی بیێ ئاگایی خەرمان، کە بەخۆی نەزانیووە لەبەردەم ژوورەکەی ( کـاڵیێ )ی هاوڕێیـەتی کـە چـەپکە گـوڵێکی وەك دیـاری بـۆ دیـدەنی هێناوە،چونکە مرۆڤ لە حاڵەتی خۆدواندن تاڕادەیەك لەدەوروبەری بیێ ئاگا دەبێت ٠

خۆدواندن جۆرە دابرانێکـە لـە ڕەوتـی ئاسـایی گێڕانـەوەی نێـو چـیرۆکەکە، هەرچـەندە خۆدوانـدنیش جـۆرێکی گێڕانـەوەی ناڕاسـتەوخۆی هاوتـەریبی گێڕانـەوە سـەرەکییەکە دەبێت،هەروەها چیرۆکنووس سەرکەوتوو بوو لە هۆی بەکارهێنانی خۆدواندنەکە، کەوا لای خەرمانـەی کچـە ڕۆشـنبیری مامۆسـتا ڕۆژانـی فرێـدانی بەنەخۆشـیی خـوێن دەرچـوون لـە گوێکانی پاش ئـازاری ئەشـکەنجدانی دەخاتـەوە بیر.ئـەوەتا لـە وەڵامـی کـاڵێی هـاوڕێی دا دەڵێت:" لەبیری ئەو ڕۆژانە بووم کە لەم نەخۆشخانە فڕێیان دابووم" هەروەها بەهۆی ئـەم مەنەلۆگەوە بۆمان دەردەکەوێت مامۆستای گوندو لـە ڕۆژانـی ئەنفالـدا ویسـتوویەتی خـۆی دەرباز بکات و پاشتر ئازارو ئەشکەنجەی زۆری دیوەو لەبەر لێدان خوێن لە گوێچکەکانیەوە فیچـقەی کردووە.کەواتـە خۆدوانـدن لـەم کورتـە چـیرۆکە بـاری گێڕانـەوەی سـەرەکیی چیرۆکەکەی سووك کردووەتەوەو هەندێ شتی بۆ خوێنەری چیرۆکەکە ڕوونکردۆتەوە ٠

دیـالۆگ جـۆرە ئاخاوتنێکـە لـەنێوان دوو کـەس یـا زیـاتر دەکرێـت بەمەبەسـتی لێـدوان لەبارەی کێشەیەك یا وەڵامدانەوەی هەندێ پرسیار.ئەم لایەنە لە هـەموو دەقێکـی ئـەدەبی زۆر جار بەرچاودەکەوێت،بەڵام لە شانۆدا زیاتر گرنگی خۆی هەیە بەحوکمی ئەوەی دیالۆگ بڕبـڕەی بینـای هونـەریی شـانۆیە،هەروەك چـۆن گێڕانـەوە بڕبـڕەی بینـای هونـەریی چیرۆکە.دەکریێ بۆ پێناسەی دانستاندن بڵێین:

"گرنگترین ئامرازەكانی چیرۆكنووسـە كـە خـاوەنی تایبەتمەنـدی خۆیـەتی و كەسـێتییەكان دیاری دەكات و بە خوێنەریان دەناسێنێت ، هاوكاری وەسفی و شیكردنەوە و هەواڵی گرنگ لە وێنەكاندا بەرجەستە دەكات "(١) ٠

هەموو چیرۆكێك كۆمەڵێ كەسـێتی ( كاراكتـەر ) تێدایـە هەنـدێ جـار بەیـەك دەگـەن و، لەنێوانیاندا جۆرە گفتوگۆییێك دروست دەبێت زیاتر چیرۆكنووس بەمەبەستی پشوودانێك بە ڕەوتی گێڕانەوەی نێو چیرۆكەكە دەیسازێنێ یـا بـۆ زیـاتر خسـتنەڕووی سروشـتی هەنـدێ لایەنی كەسێتی قسەكەرەكە دەیسازێنێ. كەواتە دیالۆگ بنەمایەكی هونەریی گرنگی كورتە چیرۆك و چیرۆكی درێژە هەرچەندە لە كورتیلەچیرۆكدا كەمتر دیالۆگ تێیدا بەكاردێت

ئـەو چـیرۆكانە زۆر سـەركەوتوون كـەوا لـە ڕووی هونەرییـەوە پانتاییـەكی مـاقووڵ بـۆ دیالۆگ لەنێو گێڕانەوەی چیرۆكەكە تەرخان دەكرێت،چونكە دیالۆگ لـەم جـۆرە چـیرۆكانە دەبێتە كەرەسەیەكی یارمەتیدەر بۆ گێڕانەوە، كـە بـە بڕبـڕەی بینـای هونـەریی چـیرۆك و ڕۆمان دادەنرێت.

بۆ نموونە د.كاوس قەفتان لە كورتـە چـیرۆكی( قەمەكـەی خـودای شـەڕ )(٢) دیـالۆگی نێـوان مـام ڕەحمـان و مـام وەسمـان كردۆتـە كەرەسـەیەكی یارمەتیـدەر بـۆ گێڕانـەوەی بەسەرهاتی ڕووخاندنی گوندەكانی سەر سنوور،هەرچەندە هەنـدێ كەسـیان تیـابوو پیـاوی ڕژێم بوون،بەڵام كە نۆرە دێتە سەر ڕووخاندنی گوندەكـەیان لەشـكرو سـەربازانی ڕژێـم زۆر دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵ دەكەن و داوای لێدەكەن مـاڵ چـۆڵ بكـات بـۆ ئـەوەی بـە شـۆفڵ خاپووری بكەن، بەڵام كە سەرپێچیان دەكات و نایەوێت ماڵەكە چۆڵ بكات ئەوسا ماڵەكەی دەدەنە بەر شۆفڵ و جگە لە خـۆی خێـزان و منداڵـەكانی لەگـەڵ خانووەكـەی دەدەنـە بـەر شۆفڵ و ، بەبەر چاوی دەیانبینێ تێكـەڵی خـۆڵی دیـوارە خـاپوور كراوەكـان بـوون ئەوسـا هێرش دەبات بۆ سەربازێك و پەلاماری دەدات،بەڵام سەربازەكە پێش وەخت خـۆی ئامـادە

---

[1] - برنارد دي فوتو ، عالم القصة، ت: د. محمد مصطفى هدارة ، القاهرة، ١٩٦٩، ص٢٦٧.

[2] - د٠ كاوس قەفتان - كورتە چیرۆكی قەمەكەی خودای شەڕ ، پاشكۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٤١ ، ٢٦/ ٣ /٢٠٠٣.

دەکات و قەمەی تفەنگەکەی دەکات بە سکیدا و لە پشتییەوە دەردەچێت و بەم شێوە تراژیدیانە بابەتی ئەم کورتە چیرۆکە کۆتایی دێت .

بۆ نموونە ئەم جۆرە تێکەڵ کردنەی گێڕانەوەو دیالۆگ لە بینای هونەریی ئەم کورتە چیرۆکەدا : " قەمەی سەربازەکان قنجوقیت لەسەر لووتکەی تفەنگەکانیان ڕاوەستابوو ، هەڕەشەیان ئەکرد.چۆن هەڕەشەیەك هەستی کرد ئەبێتە تنۆکێك ئاو لە ناکاو دەنگێك بەرزبۆوە : وەرە دەرەوە

– بۆ کوێ بڕۆم ؟ بۆچی بێمە دەرەوە ؟

– ئەوە خۆت ئەزانی !

– چەند ساڵە پیاوتانین !

– تفی خۆت کە و بڕۆ ، نەیەیتە دەرێ بە بلدۆزەر ڕات ئەدەین ! "

جاروبار دەقی هەندێ چیرۆکمان بەرچاو دەکەوێت زیاتر لەسەر دانستاندن بیناکراوەو بەم جۆرە چیرۆکانە دەوترێت چیرۆکی دانستاندن و کورتە چیرۆکی ( ژوان )(١)ی

د. هیوا عومەر لەم جۆرە چیرۆکانەیە، کەوا دانستاندن سەرجەم پانتایی چیرۆکەکەی داگیر کردووەو ،چیرۆکنووس لەڕێی دانستاندن لەنێوان پاڵەوانە بێناوەکەی و سێبەری خودی خۆیەوە چەندین لایەنی ژیان و گوزەران و کەسێتی شاکەسەکەمان بۆ دەخاتە ڕوو.ئەم جۆرە زۆر بەکارهێنانەی دیالۆگ ، کەوا زیاتر خەسڵەتی سەرەکیی دەقی شانۆیە ، لە پانتایی دەقی کورتە چیرۆك وا لەم جۆرە چیرۆکانە دەکات بچێتە قاوغی چیرۆکی گفتوگۆ( القصه الحواريه ).ئەمەش وا لەم جۆرە چیرۆکانە دەکات بەشێك لە چێژی هونەریی خۆی لەدەست بدات، کەوا لەڕێی گێڕانەوە زیاتر پێشکەشی بکات ٠

نەبوونی دیالۆگ لە چیرۆکدا واتای ئەوە دەگەیەنێت چیرۆکەکە تەنیا پشتی بە گێڕانەوە بەستووە، هەروەك لە هەردوو چیرۆکی ( مەرگێکی تەنها لە بێمانایی ژیاندا)ی(٢) ڕێباز مەحموود و ( لەبەردەم تارماییەکەدا )ی(٣) کاروان عەلی ڕەحیم ، کە ئەم جۆرە

---

[١] - د٠ هیوا عومەر ، کورتە چیرۆکی ژوان ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٢١١ ، ٧ /١٢/٢٠٠٠ ، ل٤.

[٢] - ڕێباز مەحموود ، کورتە چیرۆکی مەرگێکی تەنها لە بێمانایی ژیاندا ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٣٩ ، ٢٠٠٣/٦/١٣.

[٣] - هەمان سەرچاوە.

چیرۆکانەش ئـەو چـێژە هونەرییـە نابەخشـن. نکـۆڵی لـەوەش ناکرێـت دیـالۆگ بـۆ چـیرۆك پێویسـتە، بـەلاّم دەبـێ لـە سـنوورێکی دیـاریکراودا بێـت هـەروەك لـە کورتـە چـیرۆکی ( پشـوویەك لـەبن درەختەکانـدا )ی نـەجات نـوری بـەدی دەکرێت،کـە جـۆرە شـەیداییەك دەبەخشێتە خوێنەری دەق بۆ چوونە نێو جیهانی چـیرۆکەکەوە، ئـەوەتا لـەم گفتوگۆیـەی نێـوان خـەرمانی پاڵـەوانی چـیرۆکەکەو پیـاوە نەخۆشـەکە جـۆری ئـەو شـەیدایەمان بـۆ دەردەکەوێت کە چۆن لای خوێنەری ئەم دەقە دروست دەبێت :

– با پشوویەك پێکەوە لەبن درەختەکاندا بدەین ! !

تـۆ لـە درەختـی بەرانبـەر نەخۆشـخانەکەت ڕوانـی ، هەنـدێ خـەڵکی تـریش لـەوێ دانیشتبوون ، پێت وت :

– با بچین ٠

لەبن درەختەکاندا ، بۆ چەند جارێك هاتن و دەچوون ، لاوەکە پێی وتیت :

– بۆ ئەوەی لێم تێبگەی ٠٠

قسەکەت پێ بڕی و پێت وت :

– ئەتەوێ لەم پشووەدا چیم پێبڵێی ؟

لاوەکـە ئـەو دەنکـە گەنمانـەی کـە لـە گیرفانیـدا بـوو ، دەری دەهێنـاو دەنـك دەنـك ئەیکرماندو ، پێی وتی :

– حەزدەکەم ، بۆ چەند ساتێ لە خۆشەویستی بدوێین ٠

بەم شـێوەیە بۆمـان دەردەکـەوێت هەرچـەند قـەوارەی دیـالۆگ لـەنێو پانتـایی چـیرۆك مـاقووڵ بێـت ، نەفـەرامۆش بکرێـت و نـە زۆر کـەم بێـت و نـە زۆریـش بێـت ، ئەوەنـدە چیرۆکەکە چێژی هونەری خۆی دەبێت ، چونکە چیرۆك هەرچەندە زیاتر پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا دیالۆگ بەیەکجاری فەرامۆش ناکات ٠

## ئەنجــام :

١– دەرچوونی ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)وەك یەکـەم ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی کـوردی لـە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)ەوە،هەروەها دەرچـوونی پاشـکۆی(ئەدەب و هونەر)ەکـەی بەشێوەیەکی ڕێکـوپێکی هەفتانـەی لـەماوەی شـانزە سـاڵی ڕابـردوو بەتایبـەتی لەسـالآنی لێکۆڵینەوەکەمان ، بـەقۆناغێکی نـوێ و وەرچـەرخانێکی نـوێی ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی و

بەدەستکەوتێکی مەعریفی و شارستانییەتی گرنگ دادەنرێت لە مێـژووی ڕۆژنامەنووسـیی و ئەدەبیی هاوچەرخ دا .

٢- لــەنێوان ڕۆژنامـــەو ئەدەبــدا وەك دوو بــواری گرنگـــی مـــەعریفی پەیوەنـــدی و هاوکێشـــەیەکی مـــەعریفی هەیـــە بەشـــێوەیەك گەشەســـەندنی لایـــەنێکیان دەبێتـــە هـــۆی گەشەسەندنی لایەنەکەی دیکە .

٣- هەروەك چۆن ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەدەی ڕابـردووی تەمـەنی ڕۆڵـی گرنگـی خـۆی هـەبوو لەگەشەســەندنی ئـەدەبی کـوردی لـەڕووی سـەرهەڵدانی چـەندین ڕەگـەزی ئەدەبیی تازە وەك کورتە چیرۆك و ڕۆمان و شـانۆ و ئـەدەبی منـاڵان و ڕەخنـەی ئـەدەبی. بەهەمان شێوە پاشـکۆو بڵاوکـراوەی (ئـەدەب و هونـەر)یی ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی ڕۆڵـی گرنگی خۆی هەبوو لە زیاتر گەشەسەندنی ئەو ڕەگەزە ئەدەبییانە لە ئـەدەبی هاوچـەرخی کوردیدا .

٤- پاشکۆی(ئەدەب و هونەر)ی کوردستانی نوێ،یەکەم پاشکۆی ئەدەبی و هونەرییـە، کە لەسەردەمی ئازادی و دەسەڵاتی حوکمی خۆماڵی کوردیدا هاتۆتە بەرهەم و تا ئێسـتاش بەردەوامەو ڕێچکەشکێنی هاتنەئارای چەندین پاشکۆی ترە لەڕۆژنامـە کوردییـەکانی تـردا، بۆیە بەسەرەتاییترین و بەدایکی هەموو پاشکۆکان و بـە بەتەمـەنترین پاشـکۆی ئـەدەبی و هونەری ئەژمار دەکرێت.

٥- دەسـتەی نووسـەرانی ئـەم پاشـکۆیە بایـەخێکی تایبـەتیان بـە وەرگێڕانـی وتـارو لێکۆڵینەوەو شیعرو چیرۆکی وەرگێڕاو داوە بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنـەرانی پاشـکۆکە بـە ئەدەبی جیهانی و عەرەبی .

٦- ئەوەی تێبینی دەکرێت نووسین و بابەتی دوو نـەوەی جیـاواز لەسـەر لاپـەڕەکانی پاشکۆکە دەبینرێت، نەوەیەك کە بۆخۆی ئـەزمونێکی باشـی لـەبوارە ئەدەبیەکـەدا هەیـەو کەسانێکن ناسراون، نەوەیەکی تر کە بەنووسـەری نـوێ یـان بەنووسـەرە لاوەکـان نـاوزەد ئـەکرێن، کەهـەردووکیان بەنووسـینی نـوێ و بەبڵاوکردنـەوەی تێکسـت و بەرهـەمی نـوێ پاشکۆکەیان بەئاراستەی گەشەکردنێکی بەرچاو پڕبابەتی زیندوو بەپێز کردووە.

٧- تێبینی دەکرێت کـە هـەموو ژمارەکـانی ( ئـەدەب و هونـەر )ی کوردسـتانی نـوێ لەیەك ئاستی بەرزی ئەدەبی دانین، بەڵکو بـەرز و نزمـی تێدایـە، هەنـدێ ژمـارە لاوازەو بـە

هۆی لاوازی بابەتە بڵاوکراوەکانی، هەندێکیان لە ئاستێکی بەرزدایە بە هـۆی بـەهێزی و بـە پێزی بابەتە بڵاوکراوەکانی.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی**

– ئەحلام مەنسـور، بینـای هونـەری لەکورتەچیرۆکی کوردیدا١٩٧٠–١٩٨٠ ،دەزگـای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

– د. ئیبراهیم یونسی،گۆڵبژێرێك لەهونەری چـیرۆك نووسـین ، و: نەبـەز جـەهانگیرپور، سلێمانی ، ٢٠٠٥.

= پەرێز سابیر،بینای هونەریی چیرۆکی کوردی– لەسـەرەتاوە تـاکۆ جـەنگی دووەمـی جیهانی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ، ٢٠٠١.

– جەلال ئەنوەر سەعید،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێـوارەی پەروانـە )ی بـەختیار عەلی دا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،٢٠٠٩.

– د. شوکریە ڕەسول، تەکنیکی گێڕانەوە لەچـیرۆکەکانی(مارف بـەرزنجی)دا، یـەکێتی نووسەرانی کورد، کەرکوك، ٢٠٠٥.

– حەسەن جاف ،چیرۆکی نوێی کوردی ، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کـوردی، بەغدا، ١٩٨٥.

– حوسـێن عارف،چـیرۆکی هونــەریی کــوردی ١٩٢٥–١٩٦٠،دەزگــای ڕۆشــنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٧٧.

- سالار محمود، ئەدەب لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا،لـە بڵاوکراوەکـانی ڕۆژنامـەی کوردستانی نوێ ،سلێمانی، ٢٠٠١.

– عەبدولرەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دەزگای رۆشـنبیری وبڵاوکردنـەوەی کـوردی، بەغدا، ١٩٩٨.

– لیزلی لویس و لین ئولنبیرد، کورتەیەك لە بارەی لێکولینـەوەی چـیرۆکەوە، و:سـەلاّح عومەر، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ،سلێمانی ، ٢٠٠٣.

**- ڕۆژنامەو گۆڤار:**

- ئـاوات حەسـەن ئـەمین ، بیرەوەرییـەکانی نـەمامێك ، پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەری ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ، ژ ٢٩٧٦ ، ٢٠٠٢/١/٢٠.

- یاسین عومەر ئیبراهیم، حیکمەتەکانی منالێك بەر لە مەرگی گەورەبوون ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ٣٢٦٥، ٢٠٠٤/١/٨.

- د.مارف خەزنەدار،هەندیٚ لەشیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم، دەفتـەری کـوردەواری، بەرگی سێیەم، مایس- ئەغستۆس ١٩٧٠.

- نەجات نوری ، حیکایەتەکان من، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ٤٠٠ ، ٢٠٠٤.

- ژیان نوری ،نەجات نوری : ئێستاشـی لەگەڵدا بێـت بـە خـۆو نـاڵێم چـیرۆکنووس ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٢٩٥ ، ٢٠٠٢/٨/١

- محەمەد کەریم، گوڵباران، پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـویٚ ، ژ٢٤٤٩ ، ٢٠٠١/٥/١٠ .

- ئاوات محمد ، ئەو سەگە منـەکانی لێـت یٚکـەلاٚوکردم، پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر ، ژ ٢١٥ ، ٢٠٠١/١/١٢.

- شاکر گەرمیانی،گەورە کچ ،پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٢٣ ، ٢٠٠٣/٢/٦.

- عومـەر حـاجی، هاوارێـك لـە خـۆر ئاوابووندا،پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر، ژ ٢٨٩، ٢٠٠٢/٦/٢٠.

- ئەرخەوان ، تاوسە دیلەکان، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٢٥٩ ، ٢٠٠١/١١/٢٢.

- مستەفا ساڵح کەریم ، قەڵەم ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ٢٠٠٦،٤٨٧.

- ڕەحمان مەحموود ئەحمەد ، میوانخانەی مەرگ،پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر،ژ ٣٢٨، ٢٠٠٣/٦/٥.

- ستار قادر، سەرنج و پێشنیار دوای (٥٠٠) ژمارە، پاشکۆی ئـەدەب و هونـەر،ژ ٥٠٠ ، ٢٤ /٢٠٠٦/٨، ل٤.

- سیامەند هادی،مەرگێك پێش درکاندنی ڕازەکان، پاشکۆی ئـەدەب و هونـەر،ژ ٢٥٤ ، ٢٠٠١/١٠/١٨.

- کاروان عەلی،بەسەرهاتی نیشانەیەك، پاشکۆی ئەدەب و هونەر،ژ٣٤٣، ٢٠٠٣/٧/١٠

– کاروان عەلی،بڕێك جورئەت بۆ خۆشەویستی تۆ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٣٢٢ ، ٢٠٠٣/١/٣٠

– نـەجات نـوری ، پشـوویەك لـەبن درەختەکـە، پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر، ژ٢١٥، ٢٠٠١/١/١٢.

– د٠ کاوس قـەفتان ، قەمەکـەی خـودای شـەڕ ، پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر ، ژ ٣٤١، ٢٠٠٣/٦/٢٦.

– د٠ هیوا عومەر ، ژوان ، پاشکۆی ئەدەب و هونـەر، ڕ کوردسـتانی نـوێ ، ژ ٢٢٢٣ ، ٢٠٠٠/١٢/٧.

– ڕێباز مەحموود، مەرگێکی تەنها لە بێمانایی ژیاندا، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٣٣٩ ، ٢٠٠٣/٦/١٣

– محەمەد کەریم ، تەکنیك و دەلالەت ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٢٣١ ،٢٠٠١.

– نەوزاد ئەحمەد حەسەن ، خوێندنەوەیـەکی ڕەخنـەیی بـە ناونیشـانی ( گوڵبـاران ٠٠ مێژوویەکی خوێناوی ) ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ ٢٤٠ ، ٢٠٠١/٧/١٢.

– کاروان عـەلی ڕەحـیم ، دوالیزمـی ئیرۆسـیە و شکسـت لـە ( تـەرمی سـەرخەرەند ) ، پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەر ، ئەلقـەی یەکـەمی لـە ژ/٣٤٧ ، پێنجشـەمە ٢٠٠٣/٨/٧ بڵاوکراوەتەوەو ، ئەلقەی دووەمی لە ژ ٣٤٨ ی ٢٠٠٣/٨/١٤ بڵاوکراوەتەوە.

– بێ ناوی نووسەر ، گوزەرێك بە ئەندێشەو شـێوازی نووسـینی ( بـەلزاك )دا، و: تـارا شێخ عوسمان ، پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژ٢٦٣ ، ٢٠ / ١٢ /٢٠٠١.

– رەئوف بێگەرد، هەڵسەنگاندن، هەفتەنامەی ئەدەب و هونەر، ژ ٢٦٦ ، ٢٠٠٢/١/١٠

– محمد نوری ئەحمەد ، مێزگرد،هەفتەنامەی ئەدەب و هونەر، ژ٥٢٠، ٢٠٠٧/١/٢٥.

– دانـا فایـەق ، ژمـارە (٥٠٠)و گلەییـەکی تـر، هەفتەنامـەی ئـەدەب و هونـەر، ژ ٥٠٠ ، ٢٠٠٦/٨/٢٤.

– دڵشاد مستەفا ، نیوەڕۆژێك بۆ ئەدەب و هونەر ، هەفتەنامەی ئـەدەب و هونـەر، ، ژ ٥٠٠ ، ٢٤/ ٨/ ٢٠٠٦.

– محمد نوری ، مێزگرد، هەفتەنامەی ئەدەب و هونەر، ژ (٥١٨ )، ٢٠٠٧/١/١١.

-شیرین ك ، ئەدەب و هونەر.. هەفتەنامەیەکی تایبەت،هەفتەنامەی ئەدەب و هونەر، ژ ٥٠٠، ٢٠٠٦/٨/٢٤.

**٦- نامەی ئەکادیمی:**

- جەلال ئەنور سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێـوارە پەروارنـە ) دا ، نامـەی ماستەر ، کۆلێژی پەروەردی ئیبن ڕوشد،زانکۆی بەغدا،٢٠٠٤.

- سامان محەمەد عەلی، نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەریی کوردیی کوردستانی باشوور( ١٩٩١-٢٠٠٠ ) لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە،نامەی ماستەر، کۆلێژی پـەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا ، ٢٠٠٨.

- نارین سدیق مام کاك میرخان ،شەپۆلی هۆش لە چیرۆکی نوێی کوردیـدا ١٩٧٠-١٩٨٠ ، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەدەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا ، ٢٠٠٤.

**بە زمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

- احمد زیاد محبك ، متعة الرواية – دراسة نقدية، د. ، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٥.

- برنارد دي فوتو ،عالم القصة،ت: د. محمد مصطفى هدارة، ط١، القاهرة، ١٩٦٩

- بيرسي لوبوك ، صنعة الرواية، ، ت: د.عبدالستار جواد، دار مجدلاوي للنشر، ط٢، عمان، ٢٠٠٠.

- تودوروف ، نظرية المنهج الشكلي – نصوص الشكلانيين الروس ، ت: ابراهيم الخطيب ، شركة الناشرين المتحدين، المغرب،١٩٨٩.

- جيرالد برنس ، المصـطلح السـردي – معجـم مصـطلحات، ت: عابـد خزنـدار، مراجعـة و تقديم، محمد بريري، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة ، ٢٠٠٣.

- رولان بورنوف و ريال اوئيليـة، عـالم الروايـة ، ت: نهـاد التكرلـي، دار الشـؤون الثقافيـة العامة، بغداد، ١٩٩١.

- سيزا قاسم ، بناء الرواية، ، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٥.

- فاضل ثامر ، الصوت الاخر،الجوهر الحواري للخطاب الادبي،دارالشـؤون الثقافيـة العامـة، بغداد ، ١٩٩٢.

– مجدي وهبة و كامل المهندس ، معجم المصطلحات الادبية في اللغة و الادب، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٩.

– يمنى العيد، تقنيات السرد الروائي في الضوء المنهج البنيوي،دار الفارابي، بيروت– لبنان، ١٩٩٠.

– نامەی ئەکادیمی:

– خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية (١٨٧٠ – ١٩٣٢) – دراسة فنية مقارنة ، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩.

– ئینتەرنێت

– د٠ سمر روحي فيصل،الرواية العربية –البناء و الرؤيا، ، اتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣ .

www.awu-dam.org/book/03/study03/262-s-f/ind-book03-d001.htm

– د. مصطفى ساجد الراوي، الروائي و موقعه داخل الرواية
www.awu-dam.org/mokifadaby/381/mokf381-004.htm

# چیرۆکی هونەریی کوردی
## (سەرهەڵدانی تا گۆڤاری گەلاوێژ)

## فۆرمی هونەریی چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا:

هەموو فـۆرمێکی تـازەی ئـەدەبی، کـە سـەرهەڵدەدات لـە ئـەنجامی پێویستییەکی ژیانـدا دێتەکایەوە کە رەنگە فۆرمەکانی پێش خۆی بەتەواوی نـەیانتوانی بێ ئـەو بـیرە بەرجەسـتە بکـەن فـۆرمی هونـەریی لـە رەخنـەگرو لێکۆڵـەرەوان لـە ڕووی شـێوازە هونەرییەکەیـەوە بـە هونەرێکی ئەوروپی لەقەلەم دەدەن. د. مارف خەزنەدار دەڵێ:

"چیرۆك هونەرێکی ئەوروپاییە، پێوستیی ژیان وای کـردووە وەکـو روخسـارێکی هونەری لە ناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە لە پاش جـەنگی جیهـانی یەکەم کەوتە ناو ئێمەشەوە"[1].

(عومەر مەعروف بەرزنجی)یش سەبارەت بە فۆرمی هونەری چیرۆك دەڵێ:

"دوای جەنگی جیهـانیی و هـەرەس هێنـانی دەسـتگای عوسمانییـەکان نووسـەرانی کـورد ئاشـنایەتییەکی سـادەیان دەسـتگیربوو لەگـەڵ نووسـینی چـیرۆکدا، ئـەوەی زیـاتریش زەمینەیێکی رەخساری ئامادەکردو تارادەیێکی سنوور کورتیش پـەلی پێهاوێشت جگـە لـە چاپەمەنی هەستی بە سۆزی رۆشـنبیرانی ئـەو سـەردەمە بـوو کـە زۆربـەیان لـە دەرەوەی ولاتەوە گەڕابوونەوە بەدڵیش دەیانویست کە خوێندەواران بناسـێنن بـەم هونـەرە بـەرزەی رۆژئاوا....." [2].

(حوسێن عارف) یش دەڵێ: "چیرۆکی هونـەری وەك بابـەتێکی ئـەدەبی تـازەی بێگانـە هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە"[3].

دەسـتەی دووەمـی ئـەو لێکۆڵەرەوانـە حەکایـەتی دەوڵەمەنـدی فۆلکلـۆری و پەنـدی پێشـینان و لاوك و حـەیرانی کـوردی دەکەنـە بنەمایـەك بـەڵا، ئەمـە راسـتە لـە ڕووی ناوەڕۆکەوە، دەکرێ بە بنەمایەکی بەهێز لە قەڵەم بدرێ، بـەڵام هەمووشـیان لـەوەدا یـەك دەگرنەوە، کەبەرەو پێشەوەچوونی حەکایەتی فۆلکلۆری کـوردی و تـەکنیکی تـازەی ئـەو هونـەرە ئەوروپیـە لـە رێگـەی ئـەدەبی میللـەتانی دراوسـێوە دوای هـەرەس هێنـانی

---

[1] - د. مارف خەزنەدار، هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری رەخنەم، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، ل. ٥٢.

[2] - عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٩، ل ١٢.

[3] - حسین عارف، چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠، بەغدا، ١٩٧٧، ل١١.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سـەرەتای ئـەم سـەدەیەدا بـەناو میللـەتانی کـورد و عـەرەب و فارس و تورکدا بڵاوبۆوە.

د. عیزەدین مستەفا رەسول دەڵێ:

"ئێستا چیرۆکنووسەکان دوو بنەما لەبەرچاو دەگرن ئەوانیش کەلەپووری جیهانی و حەکایەتی کوردی، هەندێکیان بە وردی و بەدەست رەنگینی ئەم دوو بنەمایەکی تێکەڵ کردووە لـە چیرۆکنووسـیندا هەندێکیشـیان پشـتیان بەیـەك بنـەما بەسـتووە، بۆیـە چـیرۆکەکانیان بـێ بایـەخن"[1] هـەروەها بـەردەوام دەبـێ و دەڵا: "کتێبـی مەولودنامـەی شـێخ حوسـەینی قـازی ١٧٩١– ١٨٧٠ یەکێکـە لـە چـاکترین مەولوونامـەکان لـە ڕووی شـێوەی هونـەری و دەرخسـتنی جوانکـاری زمـانی کـوردی لـە نـاوەڕۆك و شـێوازە چیرۆك ئامێزەکەیەوە "[2].

"مستەفا سالح کەریم" یش پێیوایە:" بنەمای چیرۆکی کوردی ئـەو حیکایەتـە میللییانـە بووە کە دەماودەم بۆمان ماوەتەوە..."[3].

ئینجا چیرۆکی عەرەبی بـە بـەراورد دێنێتـەوەو دەڵـێ: ئـەو حیکایەتـە میللییانـە بـەردی بناغەی چـیرۆکی عـەرەبیین – پـێش کارتێکردنـە ئەوروپاییەکـە..."[4] لـە ئەنجامـدا دەتـوانین جەخت لەسەر حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر بکەینـەوە، ئـەویش ئەوەیـە کـە فـۆرمی هونـەریی چـیرۆکی کـوردی دەرئـەنجامی لاسـاییکردنەوە فـۆرمی هونـەریی چـیرۆکی ئەورووپییـە بـە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ واتا ڕاستەوخۆ لـە ئەورووپاییـە بـە ئێمـە نەگەیشـتووە چـونکە ڕادەی هۆشیاری و پلەی خوێندەواری لە کۆمەڵی ئێمەدا دواکەوتووبووە تا کۆتـایی جـەنگی یەکـەمی

---

[1]- د. عزالدين مصطفى رسول، الواقعية فى الادب الكردى، ص ٢٠٦. هەروەها: د. عزالدين مستەفا رسول، اراء فى القصة الكردية، عشرون قصة كردية، منشورات مجلة كاروان (١)، بغداد، ١٩٨٥، ص ١٦٢.

[2]- د. عزالدين مصطفى رسول. الواقعية فى الادب الكردى، ص ٢٠٦. دکتۆر شوکریە ڕەسول ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر، ١٩٨٩، ل١٨٥- ١٨٩. پەرێز صابر محەمەد، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، (نامەی ماجستێر) ١٩٩٢ ل ٢٠- ٢٤.

[3]- مستەفا سالح کەریم، سەرەتای لە دایکبوونی چیرۆکی هونەریی کوردی، گ، کاروان، ژ٣٧، ل١٤.

[4]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

جیهانیش ژمارەی خوێندەوار لە کوردستانی باشووردا کەمبووەو ژمـارەی ڕۆژنامـە و گۆڤـار و بنیادی ڕۆشنبیری لاوازو دەگمەن بووە، دیارە کزی و لاوازی ڕۆژنامەنووسـیی چـاپەمەنی، کـە زەمینـەیەکی بەرفراوانە بۆ بڵاوکردنەوەو بەرەو پێشەوەچوونی ئەم هونەرە ژیاری و سەردەمە بۆتە هۆی ئەوەی، کە کوردیش وەکو میللەتانی دراوسـێ درەنـگ سـوود لـە فـۆرمی هونـەری ئەورووپی چـیرۆك وەربگرێت لـە زمـانی ڕۆژانـەو بابـەتی یـا (پیمـە)ی هەقایـەتی فۆلکلـۆری و قەدەری پاڵەوان و ڕێکەوت رزگاری بێت. ئەگەرچی نکۆڵی لەوەش ناکرێت، کـە چیرۆکنووسـی کوردیش پـەروەردەی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵکەیـەتی و کەلـەپوور و فۆلکلـۆری نەتەوەکـەی لـە ڕەگوریشەی قووڵی لە بیرکردنەوەو عەقڵی ویدا جێگیرکردووەو پەندی پڕوپـووچ و ئەفسـانەی ئـەزەلی مرۆڤـی یەکەمـدا بـەهۆی گرنگیـدان بـە هەسـتی نەتـەوەیی و لاسـایی ئـەدیب و چیرۆکنووسـانی ناسیونالیسـتی دراوسـێ چـیرۆك و ئەدەبیشـی کردۆتـە هۆیـەك بـۆ زیندووکردنەوەو شانازی کردن بە رابـردوو و مێـژووی نەتـەوەیی خـۆی و چـیرۆکە کێـژوویی و رەخنەیی کۆمەڵایەتی و بەها رەوشتییەکان و زمانی رۆژنامەنووسیی لە سیما دیارەکـانی ئـەو قۆناغەن.

## کورتەیەك لەمەڕ سەرهەڵدانی چیرۆکی تورکی و فارسی و عەرەبی:

شتێکی سەیر و ڕێکەوت نییە، لێکۆڵەرەوە عەرەب و فارس و تورکەکانیش ئـەوە دووپـات دەکەنەوە کە هونەری چیرۆك لە ئەدەبی ئەوانیشـدا لـە دوو کۆڵەکـەی سـامانی نەتەوایـەتی و تەکنیکی هونەریی ئەورووپییەوە دروست بووە ڕەخنەگرێکی وەکـو "د. محمـد غنیمـی هـلال" دەڵێ: "سەرهەڵدانی چیرۆك تازەیە، و لە ئەدەبیاتی ئەورووپاییەو وەرمانگرتووە"[1]

بۆ چیرۆکی هونەریی عەرەبیش لە عێراقدا لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لـە شـێوەی خـەودا چەند چیرۆکێك بەکاریگەری ئەدەبی تورکییەوە بڵاوکرایـەوە و تەرجەمـەکرا[2] پاشـان لەسـەر دەستی (محمـود احمـد السـید) و (عبـدلملك نـوری) و (فـؤاد التکـرلی) زیـاتر گەشـەی سـەندو قالبێکی هونەری بەخۆوە گرت[3] هەوڵە سەرەتاییەکانی چیرۆکی عەرەبیش بە چیرۆکی خەون

---

[1]- الدکتور محمد غنیمی هلال، النقد الادبی الحدیث، ، ص ٤٦٣.

[2]- بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە: د. عبدالاله احمد نشاة القصة وتطورها فی العراق، بغداد، ١٩٦٩.

[3]- بڕوانە: علی جواد الطاهر، محمود احمد السید رائد القصة الحدیثة فی العراق، بیروت، ١٩٦٩.

ئامێز دەستی پێكردووە چیرۆكنووسانی ناوەڕاستی بیستەكان لـە خاڵێكدا كۆدەبوونـەوە ئەویش رەخنەیـەكی سیاسـی كۆمەڵایـەتیان رووبـەڕووی كۆمـەڵی ئـەو سـەردەمە دەكـردەوە ئەوندەی خەریكی گەیاندنی بیرومەبەست یـان نـاوەڕۆك بـوون خـەریكی تـەكنیكی هونـەریی چیرۆكنووسین نەبوون وەكـو هونـەرێكی ئـەدەبیی تـازە. سـەرەتاكانی چـیرۆكی عـەرەبی بـە چیرۆكی درێژ یان رۆمان دەستی پێكردووە بەتایبەتی وەكو لاساییكردنەوەی رۆمان و چیرۆكە درێژو بەزنجیرەكانی توركی، لەم رووەوە چیرۆك و رۆمانەكانی (سلیمان فیچ الموصلی وعگـاو امین و محمود احمد السید) لە ساڵی ١٩٢٠دا دیارو بەرچاون ئـەم جـۆرە چـیرۆك و رۆمانانـەش بە زمانێكی سادەو داڕشتینێكی ساكار نووسراون و زیاتر ئامۆژگـاری و رێ نیشـاندانی چـاكەو فێركردنن، بەڵام لەڕووی شێوەوە سەرەتای كورتە چیرۆك لە عێراقـدا بـۆ چـیرۆكی (شـەهیدی نیشـتمان و شــەهیدی خۆشەویسـتی) چـیرۆكنووس (مـراد میخائیـل) و كۆمەڵـە چـیرۆكی (نەهامەتییەكان)ی (محمود احمد السید) دەگەڕێتەوە لەگەڵ بوونی ئـەو نموونانەشـدا هێشـتا لێكۆڵەر و رەخنەگرە عەرەبەكان نموونەی چیرۆكی هونەری راستەقینەی عەرەبی لـە عێراقـدا بـۆ هونـەری راسـتەقینەی عـەرەبی لـە عێراقـدا بـۆ سـاڵانی ئـەم سـەدەیە دەگەڕێننـەوە.[1] سەبارەت بە چیرۆكی توركیش هەروەكو ئەدەبیاتی میللـەتانی دی "بـەو ئەفسـانانە دەسـتی پێكردووە، كە لەسەر بنەچەی دیـن و سوارچـاكی بنیـات نـراون[2] ،بـەڵام هـەروا بـەو شـێوازە رۆژهەڵاتییـەی خـۆی مایـەوە" هـەتا وەكـو چـەمكی چـیرۆكی نـوێ بەشـێوە ئەوروپییەكـەی دەركـەوت و لەبەرەبەیانێكـدا كەوتـە نێـو مێـژووی عوسمانییـەوە لـە ئـەدەبی توركیـدا بـە (سەردەمی رێكخسنەكان) ناسراوە[3] ئەمەش لە رێگەی وەرگێڕانەوە بە زنجیرە لـە رۆژنامـەی (الحوادپ) بڵاوكرایەوە بێگومـان دیـارە وەرگێـڕان لـەو بارودۆخـەدا دەورێكـی گرنگـی دی لـە ناساندنی زمان و شێواز و تەكنیكی چیرۆكی هونەری نوێی ئەورووپی بە ئـەدەبیاتی رۆژهـەڵات لـە رێگـەی ئـەدەبی عوسمانییـەوەو لەسـەرووی هەمووشـیانەوە ئـەدەبیاتی فەڕەنسـی و چیرۆكنووسـانی فەڕەنسـی كاریگـەری راسـتەوخۆیان هـەبوو بۆیـە سـەیرنییە وەرگێڕانـی بەرهەمەكانی ڤیكتۆر هیگۆ و بلزاك و چەندین چیرۆكنووس و رۆماننووسی دی لەو سەردەمەدا

[1] - بۆ ئەم زانیارییانە بڕوانە: د. عبدالله احمد نشاة القصة و وتطورها فی العراق.

[2] - اكمل الدین احسان نشا القصة و وتطورها فی الادب الترکی، مجلة القصة، العدد العشرون، ص.٩٠

[3] - سەرچاوەی پێشوو، ل.٩٠.

لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکانی تـورکی ئـەو سـەردەمەدا بڵاودەکرانـەوە هـەروەها نابـێ لێـرەدا ئەوەیشمان لەبیربچێت، کـە لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٦٠– ١٨٨٠) دا پێشـکەوتنی چاپەمەنی و بڵاوبوونــەوەی رۆژنامــەوانییش دەوری لــە دروســتبوونی جــەماوەرێکی زۆری خوێنــەری لــە دروستبوونی جەماوەرێکی زۆری خوێنەری چیرۆکی وەرگێڕدراودا بینی[١] .

پاشـان چـیرۆکی تـورکی لەسەردەسـتی (ئەحمـەد مەدحـەت نەفەنـدی ١٨٤٤ –١٩١٣ز) دەسـتی پێکـرد، کـە نـاوەڕۆکی چـیرۆکەکانی لـە فۆلکلـۆری نەتەوەییـەوە وەرگرتبوو.ئـەم چیرۆکنووسە بەرهەمەکانی رەنگدانەوەی کەلەپوورو فۆلکلۆری تورکییە لە ڕووی ناوەڕۆکـەوە لە ڕووی تەکنیکی چیرۆکیشەوە خاوەنی خەیاڵ و فانتازیایەکی بەرفراوانەو زۆرجار درێژدادڕی زۆری پێوە دیارەو چـیرۆکنووس بەسـەپاندنی بـیروڕا فەلسـەفی کۆمەڵایەتییـەکانی خۆیـەوە، لەفـەزای چـیرۆکەکەی دەچـێتە دەرەوە پـاش ئـەم قۆناغـە کۆمەڵـەی (سـەروەتی فنـون) و لەسەرووی هەموویانەوە ئەکرەم مەحموود رەجائی زادە (١٨٤٧– ١٩١٤) و تۆفیق فیکرەت و (خالد ضیاء ) و مەحمەد رەئـوف و حوسـێن جاهـد و ئەحمـەد حیکمـەت و (صـفوت چـیاو) و چەندانی دی بـە شـێوەیەکی هونـەریی نـوێ دەیانڕوانییـە ئـەم هونـەرەو لەهەقایـەت جیایـان کردەوە.

---

[١]- مختارات من القصص القصيرة، ترجمة و دراسة اكمل الدين احسان، تقديم الدكتور ثروت عكاشة.



**ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی ١٨٤٤ -١٩١٣**

چیرۆك لە ئەدەبی فارسیشیدا بەهەمان شێوەی ئـەو میللەتانـە لـە دوای جـەنگی جیهـانی یەکەم توانی لەسەردەستی (جەمالزادە و سادق هیدایەت و سادق چوبك و جەلالی ئال ئەحمەد و محەمەدی حیجازی..) شێوەیەکی هونەری بەرز بەکارتێکەری ئەدەبی تـورکی و ئـەویش لـە رۆژئاواوە وەربگرێت، کە پێشتر وەکو مۆرکی سەرەکی ئەفسانەو هەقایەتی خورافـاتی میللـی لە مێـژووی ئـەدەبیاتی فارسـیدا خـۆی دەنوانـد چـەندین شـاکاری وەکـو شـیرین و خوسـرەو شانامەی فیردەوسی لـە نـاو ئـەدەبی فارسـیداو پاشـان بەرهەمـەکانی حـاجی زیـن العابـدینی مەراغەیی و سیاحەتنامەی ئیبراهیم بەگ و شاکاری نووسەرانی دی بـەرەگ و ریشـەی قـووڵی ریالیزمی خۆیان و بەزمانێکی تۆکمەو پتـەویان بوونـە بـەردی بناغـە بـۆ سـەرهەڵدانی فـۆرمی هونەریی چیرۆك لە ئەدەبیاتی فارسیدا.لەساڵی١٩٢٥دا چیرۆکەکانی محەمەد عـەلی جـەمالزادە " هەبوو نەبوو" و "حاجی ئاغا"ی صادق هیدایەت بوونە بەردی بناغە بۆ چـیرۆکی هونـەریی فارسی[1] .

---

[1]- دکتر محمد استعلامی بررسی ادبیات امروز، چ٣ ص ١١٣- ١١٨. هەروەها حسن نکوروح، نقش واقیعیتهای سیاسی در رمان فارسی، مجله نقد دفتر دوم تهران ابانماه ١٣٥٧، ص٢٥- ٣٧. هەروەها صادق هیدایەت پێشەنگی ریالیزمە لە ئەدەبی ئێرانی نوێدا، گ، رزگاری، ژ٦، س١، ١٩٦٩، ل ٢٣- ٢٥.



## محەمەد عەلی جەمالزادە

بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی "یەکێ بوو... یەکێ نەبوو" گۆڕانێکی بنچینەیی لـە زمـان و فۆرمی هونەری چیرۆکی فارسیدا هەستی پێدەکرێ بەتایبەتی کە لە هەنـدەران لـە رۆژنامـەی (کاوە) لە بەرلین ئاشنایی چیرۆکی رۆژئاوایی ببوو کەڵکی لە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانـەی خـەڵك وەرگرتووەو پاڵەوانەکانی سادەو بێگرێ و گۆڵ دەدوێـن ئـەو داهێنانـەی جـەمالزادە کۆمـەڵێ نووسەری بە دوای خۆیدا کێش کرد (صادق هیدایەت)یش وەکو پێشەنگی دەسـتەی یەکـەمی چیرۆکی فارسی بەرهەمەکانی خۆی بـۆ دژایـەتی دەسـتەڵاتی سیاسـی بـەکاردەهێناو زمـان و پاڵـەوان و بابـەتی چـیرۆك و نۆڤلێتـەکانی رەنگدانـەوەی ئـازارو ژان و مەینەتییـەکانی چـینی هەژاری میللەتەکەی بوو لە هەمانکاتدا بەشێك لە بەرهەمەکانیش بۆ زیندووکردنـەوەو شـانازی بە مێـژووی نەتـەوەیی خۆیـەوە تـەرخانکردووە و بـە قـوڵایی مێـژوودا رۆدەچێت و دەیکاتـە بەرهەمێکی هونەریی سەردەم.

## یەکەم چیرۆکی هونەریی بڵاوکراوەی کوردی:

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی یەکەم چیرۆکی بڵاوکراوەی کوردییش بەپێی بیروڕای جیاوازی لێکۆڵەرەوەکان لەمەڕ بنیاتە بابەتییەکانی چیرۆکی هونەری کورد دەگۆڕێت.

د.عیزەدین مستەفا رەسول مەولوودنامەکەی شێخ حوسەینی قازی (١٧٩٠– ١٨٧٠ن) بە سەرەتایەکی ساکار دادەنێت [١] ئەم وردە چیرۆکانەی ناو مەولوودنامەکەی لە رووی ناوەڕۆکەوە هەموویان ئاییین "لەرووی شێوەی هونەرییەوە هەموو حیکایەتەکان بە دەربرینی (حیکایەت کراوە) دەست پێدەکەن و یەکسەر بێ پێچ و پەنا دەچنە ناو بابەتەکەو رووداوەکان دەخەنەڕوو و ئەنجامەکەش دەدەنە دەست "[٢] دەرکەوتنی رۆژنامەو گۆڤار و چاپەمەنی لە کوردیدا دەورێکی گرنگی گێڕاوە لە چەسپاندن و گەشەسەندنی زۆریی هونەری پەخشان کە چیرۆکیش یەکێکە لەو هونەرانە بۆیەکەمجار لە گۆڤاری (رۆژی کورد)دا چیرۆکێك لەلایەن (فوئادی تەمۆ)ەوە بەناوی (شویش) لە ساڵی ١٩١٣دا بڵاوکراوەتەوە[٣] بۆ چیرۆکی کوردیش لە کوردستانی باشووردا دەتوانین ئەو گرەو کورتە چیرۆکانەی لە رۆژنامەی "پێشکەوتن ١٩٢٠– ١٩٢٢" دا بڵاوکراونەتەوە بەسەرەتایەك دانێین بۆ دەرکەوتنی چیرۆکی کوردی[٤] ساڵی ١٩٢٥ ئەو ساڵەیە کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بە سەرەتای چیرۆکی هونەریی دادەنێن.

---

[١]- بڕوانە د. عیزەدین مستەفا رەسول ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەلآیەتیی چیرۆکی کوردی، گ، کاروان، ژ ١٩، ل ٧.

[٢]- پەرێز صابر محەمەد، بینای چیرۆکی کوردی، ل٢١.

[٣]- فواد تمو، گ، رۆژی کورد، ژ١، ١٩١٣، ل ٢٥- ٢٧، ژ ٢، ١٩١٣، ل٢٤-٢٥.

[٤]- بۆیەکەم جار لە رۆژنامەی "پێشکەوتن" دا گرەوێك بۆ نووسینی کوردی پەتی لەلایەن (مێجەرسۆن)ەوە بۆ نووسەرانی کورد سازکرا، لە ئەنجامدا شێخ نوری شێخ صالح بە نووسینی (جووت و گا شتێکی چاکە) پاداشتی یەکەمی وەرگرت و مستەفا صائب پاداشتی دووەم و جمیل صائب پاداشتی سێیەمی وەرگرت، بڕوانە، رۆژنامەی "پێشکەوتن" ژ ٣٠، س١، سلێمانی، ١٩٢٠، ل٢-٤.

بەڵام کام چیرۆك؟ ڕەوف حەسەن چیرۆکی (بۆچی جلخوارم) بەیەکەمین چیرۆکی کـوردیی بڵاوکراوە لە کوردسـتانی باشـوور دادەنـێ [1]، بـەڵام زۆربـەی ئـەوانی تـر بـێ چـەند و چۆنی چـیرۆکی (لەخـەوما)ی جـەمیل سـائب بەسـەرەتای چـیرۆکی هونـەری کـوردی دادەنـێن، [2]ئەگەرچی ئەوانەی لە ڕۆمانی کوردیش دەکۆڵنەوە لە کوردسـتانی باشـوور لەگـەڵ چـیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف بەسەرەتایەکی کاری ڕۆماننووسی دادەنـێن بۆیـە بـە هـۆی تێکـەڵاوی ژانـرە ئەدەبییـەکان لەلایـەن لێکۆڵـەرەوە کوردەکانـەوە بـواری لێکۆڵینەوەکانیان تێکەڵاو کردووە،کە لێکۆڵینەوە لە سەرەتاو سـەرهەڵدانی چـیرۆك هونـەریی کوردی بۆتە کارێکی قورس"[3]

د. فەرهاد پیربالْ سـەرەتایەکی دیکـەی بـۆ چـیرۆکی کـوردی دەستنیشـانکردووەو دەڵێ: (چیرۆکی مەم و زین نووسراوی مەلا مەحمودی بایەزیدی، کە لە هـاوینی ١٨٥٦ بـە دیـالیکتی کرمانجی چیرۆکی کوردییە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا) [4]نووسەر لەو ڕایەدا زۆر ورد نییە، چـونکە هـیچ جیاوازییـەکی لـە نێـوان چـیرۆکی هونـەری و هەقایـەتی فۆلکلـۆری و میللیـدا نەکردووە، ئەگەر بۆ ئـەو سـەرەتا هەقایـەت ئـامێز و ئەفسـانەیی بگەڕێینـەوە ئـەوا مێـژووی چیرۆکی نەوەکو هەر کوردی هـی هـەموو گـەلان بەقـەد مێـژووی مـرۆڤ خـۆی کۆنـە لەلایـەکی دیکەوە ئەم چـیرۆکە نووسـەرەکەی خـۆی ئامـاژەی بـۆ ئـەوەی کـردووە کـە کـورت کـراوەی چیرۆکی (مەم و زین)ی (خانی)یە و لەسەر داخوازی (ئەلیکسەندەر ژابا) وە نووسیویەتییەوە.

---

[1]- ڕەوف حسن، سەرەتای چیرۆکی کوردی و جیاوازی نێوان یەکەم چیرۆکی و دووەمیان، گ؛ ڕۆشنبیری نوێ، ژ ٦٩، ل ١٥.

[2]- د. عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة فی الادب الکردی، ص٢٠٦.الدکتور معروف خزندار، القصة الکردیة، مجلة الثقافة الجدیدة، العدد ٢، ایار ١٩٦٩، ص٩٤.

[3]- فاضل ئەحمەد، سەرەتای پەیدابوونی چیرۆکی کوردی، گ بەیان؛ ژ٢٩، بەغدا ١٩٧٥، ل١٥.

حسین عارف، چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠ بەغدا ١٩٧٧، ل١٥.

[4]- د. فەرهاد پیربالْ، مەم و زینی مەلا مەحمود بایەزیدی یەکەم چیرۆك لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا، گ، کاروانی ئەکادیمی، ژ١، ب١، ل٥٢.

چیرۆکنووسـەکەیش لـە ڕووی ڕۆشـنبیرییەوە شـارەزا نـەبووەو تەنانـەت مێـژووی کـورد دەگەڕینێتەوە سەر عارەب و ئەجندە جا دەبێ چەند شـارەزای دونیـای بـەرفراوان و ئـالۆزی چیرۆکی هونەری بووبێت.

## لەبارەی ناوەرۆك و تەكنیكی چیرۆكەكانی قۆناغی یەكەم:

چیرۆکی (لەخەوما)[1] بە شێوەی ریالیزمی رەخنەگرانە ناوەڕۆکەکەی دەخاتـەڕوو کـابرای (خەوبینــەر) شــارەکەی بــەجێ دەهێڵــێ و روو لــە شــارێکی دی دەکــات بــۆ کاســبی و کارکردن،بەڵام لە رێگا یـان لـە سـنووری شـارەکەی دی تووشـی چەرمەسـەری و گیروگرفتـی خـۆی دەبـێ، هـەروەها لایـەنێکی دیکـەشمان بـۆ دەخاتـە ڕوو ئـەویش بڵاوبوونـەوەی دزی و جەردەیی و بـەرتیل وەرگرتنـە، کـە لـە سایەی حـوکمی شـێخ مـەحموودەوە بـەناو کۆمەڵدا بڵاوبوونەتــەوە.ناوەڕۆکی چــیرۆکەکە مەســەلەیەکی سیاســییەو مەبەســتی نووســەرەکەی تاوانبـارکردنی حـوکمی شـێخ مـەحموودی نـەمرە، لـەڕووی بنیـات و تـەکنیکی هونەریشـەوە چیرۆکەکە (ئەگەرچی تـەواویش نەکراوە)هەست بەیـەك لـەدوای یـەکی ڕووداوەکـان و زمـانی هونەری چیرۆکنووسین و گێڕانەوەی ئاسایی دەکرێت،دوو پاڵەوانی سـەرەکی لـە چـیرۆکەکەدا بەدی دەکرێت، کابرای خەوبین و دەستەڵاتدار، کە خۆی لە کەسایەتی نووسەر خـۆی و شـێخ مەحموودا دەبینێتەوە نووسەر چەندین دیمەنی عاجباتی دێنێتەوە (بۆ خەلەتاندن و چەواشـە کردنی خەڵك هەڵی بەستووە، ئەوەش هەر بـۆ ئـەوەی ئـەوە بسـەلمێنێ، کـە دەسـتەڵاداریتی شێخ مەحموود ناڕەوابووەو دەبوایە بڕووخێ)[2]

تـەکنیکی چـیرۆکەکە لـە چـەند روانگەیەکـەوە تیشـکی دەخەینـە سـەر، دیـالۆگ، وەکـو تـەکنیکێکی کـۆنی چـیرۆك بـەدی دەکـری، ئەگەرچـی نیشـانەی تایبـەتی وەکـو (–) ی بـۆ دانەنراوە، بەڵام خوێنـەر دەزانـێ وەکـو (لـە خانچییەکەم پرسـی وتم ئـەم شـیوەن و گریانـە چییە؟ وتی ئەوە هیچێکی وانییە. ل ٣٥). مەنەلۆگ، بەهەمان شێوەی دیالۆگ بـەدی دەکـرێ وەکو: (منیش لە دڵی خۆما وتم ئیشی ئێرە وادیارە هەمووی عبارەتـە لـە خـەڵك روتاندنـەوەو

---

[1]- جەمیل صائب، لەخەوما پێشەکی جەمال بابان، بەغدا، ١٩٧٥.

[2]- د. جمشید الحیدری، تاریخ تطور النثر الفنی الکردی العراق (موجز رسالة دکتوراة) مجلة دراسات کردیة، العدد ١، س١، باریس، ١٩٨٤، ص٨٦.

شتی باش و بەقیمەتی ئەم و ئەو زەوت کردن و بەبەرتیل هەتیو و مەتیوەو لەسەر ئیشـی زل و گەورە دانان... ل ٤٧) وەسفی سروشت، سـیمایەکی دیکـەی چـیرۆکەکەیە لـە پێنـاو زیـاتر قوولّ بوونەوە بەرووداو و کاریگەری لەسەر دەروونی پاڵەواندا، وەکو: (دنیا لـە پـاش نیـوەڕۆ بەهەور و هەڵلا، کزە بایەکی زۆر ساردی ئەهات، جار جار برووسکەو چـەخماخەی ئـەدا پـاش عەسر تنۆکە تنۆکە دایکردە باران. (ل٣١) یان لە وەسفی خانەکەدا بـۆ یەکـەمجار گەیشـتنیّ بـە وشـەو رسـتەی کـورت کـە یـەکێ لـەو سـیما دیارەکـانی زمـانی پەخشـان ئـامێزی چیرۆکنووسـەکەیە دەڵێیت:"بەهـەرحاڵێك گەیشـتنە خانەکـەو دەرگاکایـان لیّ کردینـەوە و چـووینەژوورەوە سـەرما قـوڕ، دڵۆپـە،بیّ ئـاگری (ل ٣٥). دابەشـبوونی پاڵەوانـەکانی لەسـەر تۆپۆگرافیـای نەخشـەی رووداوەکـانی چـیرۆکەکە یەکسـانە تـەنها کـابرای خەوبینـەر (گێڕەرەوە)ی لێدەردەچیّ دەنا ئەوانی دی بێ ناون و کـەم دەردەکـەون یـان هـەر بـۆ جـاریّ دەردەکەون، کـە ئـەوەش لـە زەیـن و بـیری خوێنـەردا بـۆ ماوەیـەکی زۆر نامێننـەوە شـوێن، جـێگیرە و زیـاتر ژووری بەنـدکردنی کـابرای خەوبینـەرەو بەشـێوەیەکی عەفـەوی جێگـەکان دەگـۆڕێن و مامەڵەیـەکی سـادەو پێداویسـتی رووداو و کەسـەکان فـرەزی ناکـات و وەکـو رەهەندێکی جوانی نیشان نەدراوە.

زەمەن لە چیرۆکەکەدا، دەکـریّ لـە سـیّ زەمـەنی جیـاوازەوە بـڕوانین زەمـەنی دەق ئـەو زەمەنەی کە چـیرۆکنووس چـیرۆکەکەی تێـدا نووسـیووە، زەمـەنی خەونەکـە کـە زەمـەنێکی دیاریکراو و کورتە کە رەنگە لە چەند سەعاتێك تێنەپەڕیّ هەروا زەمەنی فیزیکی یان زەمـەنی واقیع یان مێژوو کە پێی رووداوە مێژووییەکان دەبیّ ماوەی حوکمی شێخ مەحموود بگرێتەوە ١٩١٨–١٩٢٤ بەهەردوو جارەکەوە.


**دەتوانین بیری سەرەکی لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:**

- رەخنە لە حکوومەتی شێخ مەحمود و دارو دەستەکەی.
- ریاکاری مەلاو پیاوانی ئایینی.

سادەیی و بیّ ئاگایی خەڵك و جیاوازی بیروبۆچوونی بیّ بنەمای سیاسیان.

ناونیشانی چیرۆکەکە (لە خەوما) ناونیشانێکی سادەو یەکسەر زەینی خوێنەر بۆ جیهانی خەون و فانتازیاو دوور لە واقیع و حەقیقەت دەبات، کە دەکرا ناونیشانێکی قووڵتری بۆ هەڵبژاردبا ئەگەرچی خوێنەر لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەدا تووشی جۆرێك لەسەر سووڕمان

دەکات و لەگەڵ ناونیشانەکەی دژیەك دەکەوێتەوە کاتێ دەڵێت: (ئەمە چی بوو من دیم من لە کوێم ئەمە خەونە یان نا؟ بۆیە هەردوو چاوی خۆم گلۆفت وتم بەڵکو ئەگەر خەوە خەبەرم بێتەوە کەچی روانیم هەموو شتێك هەر لە جێگەی خۆیەتی و ئەم جانەوەرانە هەر لە بەرچاومن، ل٧٥) لایەنێکی دیکەش لە بنیادی چیرۆکەکە (غەفلەت)ە کەئەو حاڵەتەیە چیرۆکنووس بەهەڵە دوولایەنی دژیەك یان باسی شتێك دەکات کە لەگەڵ بابەتی پێشوو راست شتێك ناکەوێتەوەو جۆرێکە لە بێ ئاگایی و نەست داو تانو بۆی چیرۆکەکە لاواز دەکات. لە ئاخر و ئۆخری پاییزیدا باری سروشت بەم شێوەیە نابێت هەروەکو پاڵەوان (کابرای خەوبینەر) دەڵێت: (شەویش کردبووی بەسایقە کزەبایەکی ساردی دەهات عەرزەکە بەستبووی، تەقەتەقی سەهۆڵەکە سەرمایەکی وایە تف هەڵدەی دەیبەستێ!. ل٧٣).



جەمیل صائب
لەخەوما..
پێشکەش کردن و لێکۆڵینەوەی
جەمال بابان
چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا
١٩٧٥

دوا بەدوای (لەخەوما) چیرۆکی (مەسەلەی ویـژدان)ی[1] ئەحمـەد موختـار جـاف دێـت ئـەم چیرۆکە بە داخەوە درەنگ بڵاوکرایەوەو بـۆ سـەردەمی خـۆی کاریگەرییـەکی نـەبوو ئەحمـەد موختار جاف، کە وەکو شاعێرێکی نەتەوەییش ناسراوە بەرهەمەکانی رووبەڕووبوونەوەیـەکی توندی کۆمەڵەو هاندانیانە بۆ عیلم و عیرفان و خوێنـدەواری و رەخنـەی لـە کـاری ناهـەمواری ئاغاو دەربەگا و رژێمی سەردەمەکەی گرتووە. چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان) نموونەی چـیرۆکێکی سـەرکەوتووە پاڵـەوانی چـیرۆکەکە (زۆراب) بـە وردی لەلایـەن نووسـەرەوە رادەی خوێنـدەواری و بـاری دەروونـی و بـاری کۆمەڵایـەتی و ئـابووری دەستنیشانکراوە بێ باوك و دایك گەورە بووە، کە لەو هەموو دزی و بەرتیل وەرگرتنـەی لـە کۆمەڵەکەیدا بیذیووە، ئەگەرچی ئـەو لـە سـەرەتادا خـۆی لێ بـەدوورگرتووەو ویسـتویەتی لـە رێگەی شەرعییەوە نانی بژێوی خۆی پەیدا بکات، بەڵام بۆی دەرکەوت ئەگـەر ئـەویش وەکـو ئـەوان دەسـت دزی زوو بـەزوویی ژیـانی دەگۆرێـت، ئەمانەشـی لـە کاتێکـدا بـۆ دەرکـەوت کەبەتاوانی خەت ناخۆشی ئاخنرایە زیندانەوە، پاشـان بـە عـەریزە نووسـێکی چاك ناوبـانگی دەرکرد بەبەرتیل و پاشان گەورە بوو و بوو بە شەرۆك قـەزا، لێـرەدا لەگـەڵ رای (د. عبداللـه الدباغ) یەك دەگرمەوە، کـە پێیوایـە زمـان زانـین و رادەی خوێنـدەواری و شـارەزای ئەحمـەد موختار جاف لە زمان و ئـەدەبیاتی بێگانـە یارمـەتی دەری بـوون ئـەم جـۆرە چـیرۆکەش لـە ئەدەبی ئەوروپی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا زۆر بـاوەو بـە(روایات الشـگار) و (روایـات التکوین)ناسراوە.[2]

---

[1]- ئەحمەد موختار جاف، مەسەلەی ویژدان، پێشەکی و لێکۆڵینەوە دکتۆر احسان فوئاد، بەغد، ١٩٧٠.

[2]- عبدالله الدباغ، نظرة جديدة على رواية "مسالة الضمير" جريدة العراق، العدد ٢٤٧٥، ٢٥- ٦- ١٩٨٧.


ئەحمەد موختار جاف
مەسەلەی ویژدان
چیرۆکێکی کوردی‌یە
بەغدا ساڵی ١٩٧٠

شـێوە و تـەکنیکی هونـەری چـیرۆکە، کـە زمـانێکی پـاراو و وردبینـی نووسـەری تیـا دەردەکـەوێت لەبەیەکـەوە گرێـدانی زنجـیرەی رووداوەکـان و دانـانی نـاو بـۆ پاڵەوانـەکان و دیـالۆگی نێـوان پاڵەوانـەکان و دانـانی نیشـانەی (–) بـۆ سـەرەتای دەسـتپێکردنی دیـالۆگی پاڵەوان و رەگەزی هاندان و سەرەتا و گرێ بە شێوەیەکی سادە رێزکردنی رووداوەکان بەپێی روودانیان لە واقیعدا ئەمەش زۆر باوەو بنەچەکەی بۆ هەقایەتی فۆلکلۆری دەگەڕێتەوە "[1]

هەنگاوێك بێینە پێشەوە چیرۆکەکانی پیرەمێرد (١٨٦٧– ١٩٥٠ز) دێت ئـەو چـیرۆکانەی پیرەمێرد زۆریان رووداوەی مێژووین یان لە فۆلکلـۆری کوردییـەوە وەریگرتـوون. ئـەو کـارەی پیرەمێرد رەنگە کارتێکەری ئەدەبی تورکی بێت کە ئەو سەردەمە لە ئەسـتەمبوڵ بـووە ئـەو تەرزە چیرۆکە فۆلکلۆرییانە و داڕشتنەوەیان بە شێوەیەکی هونەریی بەرز بـاو بـووە[2] ئەمـە هانـدەرێك بـوو سـەرباری ئـەوەی هـەر لـەو سەردەمەشـدا وەکـو رۆژنامـەوانێك ویسـتوویەتی بەشداری لە بەرەو پێشەوەبردنی هونەری چیرۆکیش بکات کـە تـا ئـەو کاتـە لـە نـاو ئـەدەبی کوردیدا هێگجار دەگمەن بوو، لە پاڵ ئەوەشدا هەر لەو ساڵانەدا لە سەرەتای سـییەکانی ئـەم سـەدەیەدا "قوتابخانـەی دیمەشـقی"[3] لـە ئـەدەبی کوردیـدا لـە رێگـەی دەرکردنـی گۆڤـاری "هاوار" لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە بەپەرۆشەوە گرنگی یان بە بڵاوکردنەوەو بـەرەو پێشەوەبردنی چیرۆکی کوردی دەداو پاشان "ئەم چیرۆکە لەلاوکراوانـەی گۆڤـاری هـاوار لـە قۆنـاغی یەکەمیـدا "١٩٣٢– ١٩٣٥" کاریگەرێتییـەکی بـەزەبریان هـەبووە بەسەرنووسـەرە کوردە گەنجەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عێراق لەوانە شـاکر فـەتاح، حوسـێن حـوزنی، ئیـبراهیم ئەحمـەد، عەلائـەدین سـەجادی، واتـە بەسـەربووژانەوەو پەرەسـەندنی چـیرۆکی

---

[1]- شجاع مسلم دغيم العانى، البناء الفنى فى الرواية العربية في العراق، (رسالة ماجستير) جامعة بغداد، ١٩٨٧، ص١٠٦.

[2]- چیرۆك و رۆمانەکانی (احمد مدحت افندی ١٨٤٤- ١٩١٣ ز) رۆمانەکانی نامیق کەمال (١٨٤٠- ١٨٨٨ ز) رەجانی زادە ئەکرەم بەگ (١٨٤٧ – ١٩١٤ ز) لەو تەرزە چیرۆك و رۆمانەن، بڕوانە:

اكمل الدين احسان: نشاة القصة فى الادب التركى، مجلة القصة، العدد العشرون، س٢، ص٩٣- ٩٩.

[3]-ئەم ناوە لەلایەن لێکۆڵەرەوەی فەرەنسی (رۆژەلیسکۆ)ەوە بەکارهاتووە،بڕوانە، فەرهاد پیرباڵ، چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، گ، مامۆستای کورد، ژ (١١- ١٢) ل ٧٤.

هونـەریی کـوردیی لـە کوردسـتانی عێراقـدا لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩٣٩–١٩٤٩"[١] بێجگـە لـە ئەدەبیاتی تورکی ئەدەبیاتی فارسیش کاریگەری لەسـەر بـەهرەی پەخشـان و چیرۆکنووسـی (پیرەمێرد) دا هەبوو بەتایبەتی دارشتنەوەی چیرۆکە میللی و فۆلکلـۆری و مێژوویـیـەکان، کـە وەکو قۆناغی یەکەمی چیرۆکی فارسیش باوی بـووە، لـەم بارەیـەوە (پیرەمێـرد) خـۆی ئـەو راستییەمان بـۆ روون دەکاتـەوە: (غەزەتـەی کوهسـتان[٢]، کـە لـە تـەهرانی پایتـەختی ئێـران دەردەچێ تا ئێستا نەمدیبوو ئەم چەندانە، کە چاوم پێکەوت یا بڵێم چاوم پێ روون بـووەوە، چونکە من مەفتوونی زبانی فارسـیم و کـاتێ لـە ئەسـتەمبوڵ بـووم گـەلێ خزمـەتی غەزەتـەی (شمس)م دەکرد، کە سەید حسەینی ئێرانی خاوەندی بوو ئەو سەردەمە، کە رۆژنامەی (شفق سرخ– و مجلەی فرهنگ) لە تاران دەردەچوو هەمیشە من لە ئەستەموڵەوە مەقاڵەو شیعرم بۆ دەنـاردن بـە ئیمـزای سـلێمانی توفیـق یـاخود س. ت)[٣].لـە چیرۆکە دیاردەکـانی پیرەمێـرد چیرۆکی (دوانزە سـوارەی مـەریوان) ە، کـە پیرەمێـرد بـە شـێوەیەکی ورد و زمـانێکی پـاراو دایرشـتۆتەوە نـاوەرۆکی چـیرۆکەکە بریتییـە لـە بـەرەنگاری دوانـزە سـواری کـورد بەرامبـەر لەشکرێکی گەورەی عەجەم کە بەنیازی ئەوەبوون بەسەرمیرنیشینی باباندا بـدەن و لـە نـاوی ببەن، کە لەو سەردەمەدا (ئەحمەد پاشا) حوکمڕانی کردووە.

لە ئەنجامی بڕیارێکی سەیری کوێخای بەکراوا و خورمـاڵ بـۆ راوە بـەراز بەگشـتی دەچـنە راوە بـەراز و هاوکـاری خـەڵکی ناوچـەکە دەکـەن سـەرەتا ئەحمـەد پاشـا دوو دڵ دەبـێ لـە بەرەنگاربوونەوە، بەڵام دوایی بەپێی دابونەریتی کوردەواری و میللی ئەمە بەخەوش دەزانێ و دەنێرێ بەدوای سوارچاکی ئازاو دلێـرداو ئاکامەکەیشـی بەسـەرکەوتنی دوانـزە سـوارەکە لـە مەریواندا کۆتایی دێ و داستانێکی پڕ لە سەرووی بۆ نەتەوەکەیان تۆمار دەکەن.

سیمای ئەم جـۆرە چـیرۆکە میللییانـە لـە چـەند خاڵێکدا خـۆ دەنـوێنێ. کـە دەکـرێ بـە رووخساری ئەم چیرۆکەو چیرۆکی لەم بابەتە لە قەڵەم بدرێ.

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

[٢]: بۆ زانیاری زۆرتر لە بارەی ئەم رۆژنامە هەفتەییە بڕوانە:د.هیمدادی حوسێن، رۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧، ل

[٣]: پیرەمێرد، سەدایێکی ئاشنا، رۆژنامەی ژین، ژ ٨٥٥ س٢٠ پێنج شەممە ١٦ کانونی دووەمی ١٩٤٧.

(رێکەوت) یەکێکە لەو سیمایانە، کە بەرێکەوت ئەو رۆژەی خەڵکەکە بۆ راوەبـەرازو چـوو بوون، ئەو رۆژە ئۆردەی ئێران هێرشی هێنابوو.

(پاڵەوان) لەم جۆرە چیرۆکانەدا بە هێڵێکی درامی هەڵکشـاودا تێناپـەڕێ، بـەڵکو پاڵـەوان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی سیفەتێکی رەهای هەیە، یان خێرەومەنـد چـاکەیان شـەڕخوازەو ناگۆڕێت و هەمیشە کۆتایی و سەرکەوتنیش بۆ پاڵەوانی چاکەخوازە، بـە شـێوەیەك بـەخت و شانس لە بەرژەوەندی پاڵەوانەکەیە، جا گرنگ نییە لە بنیادی رووداو دەرچـوون تـا ئەوپـەڕی زێدەرۆیی و گرێنەدان بە زنجیرەی کات و گۆرانی شوێنەکان بۆ گەیاندنی مەبەست.

وەکو غەفلەت بەسەر پیرەمێـردا تێپـەڕیووە، کـە ژمـارەی پاڵەوانـەکان لـە چـیرۆکەکەدا چواردەن. کەچی ناونیشانی چیرۆکەکە ئەوە دەردەخات کـە ژمارەیـان دوازدە کـەس بوونـە، یان رەنگە چیرۆکنووس وەکو ئیزافەیـەکی خـۆی بـۆ سـەر چـیرۆکە میللییەکـەی ئـەو کـارەی ئەنجام دابێت.

تەکنیکی چیرۆکەکانیش بە گشتی لەو قۆناغەدا تا وەکو بڵاوبوونەوەی کورتە چیرۆکەکانی گۆڤـاری گەلاوێـژ راپـۆرت نووسـی و فەرامۆشـکردنی رووخسـار بـووە لـە پێنـاو گەیانـدنی ماوەرۆکێکی روون و ئاشکرا ئـەویش خـۆی لـە چـەند باسـێکی کۆمەڵایـەتی وەکـو مەسـەلەی قۆمار و دزی و سەرخۆشی و سیفەتی ئازایی کوردو میوانپەروەری و هەندێ لایەنی ئایینی بـۆ چارەکردنی گرێی کۆمەڵایەتی و سەربەستی ژندا دەنوێنێ ناونیشانی چیرۆکەکان هـەر خۆیـان ئەو راستییە دەردەخەن و ناوەڕۆکی چیرۆکەکان بەدەستەوە دەدەن[1].

---

[1]- کردەوەی دەروێش هـ، یادگاری لاوان، بەغدا، ١٩٣٣، دوای سەرخۆشیی زۆر شێتیە، محەمەد عەلی کوردی، دیاری لاوان، بەغدا، ١٩٣٤، ل(١٠- ١٩).

فاطم چونکە زالم بوو ئاخریی مالی کاوڵ بوو، رەشۆ، گ، رووناکی، ژ٣، س١، هەولێر ٢٨- ١١- ١٩٣٥.

هەرچی دەکەی دوامینی رەچاوکە، گ، رووناکی، ژ ٢٥- ٤- ١٩٣٦.

## ئەنجـــام

لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەنجامە گشتییەکان بەچەند خالێك دەست نیشان دەکەم:

١- لە دایکبوونی چیرۆکی هونەری کوردی وەکو فۆرمێکی تازەی ئـەدەبی پێویسـتی هێناویەتییە کایەوە، دوای ئەوەی لە تواناو بڕستی شیعردا نـەماوە کێشـە ئالۆزەکانی ژیانی مرۆڤی سەردەم بەتەواوی دەربڕێت.

٢- چـیرۆکی هونـەری کـوردی هـەروەکو میللـەتانی دراوسـیێ لـە دایکبـووی سـامانی دەولەمەنـدی کەلـەپوور و فۆلکلـۆری نەتەوەییــە لــە رووی ناوەڕۆکــەوە و بــە فـۆرمی هونەریی ئەوروپی خۆی نواندووە.

٣- لـە ڕووی زەمـەن و مێـژووەوە، چـیرۆکی کـوردی لەگـەڵ میللـەتانی دراوسـێدا هاوکات بووە، کە ئەمەش هۆشیاری فەرهـەنگی و رۆشـنبیری و ئاسـتی بـەرزی ئـەدەبی کوردی نیشان دەدات.

٤- یەکەم چیرۆکی هونەرییە تەکنیکی هاوکاتی عەرەبی و تورکی دەتـوانین جـەمیل سائب بەتایبەتی بە لەبەرگرتنی شێوازی (خەوبینین) و رەخنـە لـە دەسـتەڵاتی سیاسـی رۆژگار بکەینە سەردەستەی چیرۆکنووسان لە کوردستانی باشووردا.

٥- ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم بە شـێوەی ریـالیزمی رەخنەگرانـە کێشـە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتەڕوو و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆربەی چـیرۆکەکان لـە کەلـەپوورو مێـژووەوە وەرگێـڕاون بەتایبــەتی چـیرۆکەکانی پیرەمێـرد لـەژێر کاریگـەری ئـەدیب و چیرۆکنووسەکانی تـورکی کـە لـە کـاتی ژیـان بەسـەربردنی لـە ئەسـتەمبۆڵدا سـوودی لیٚ بینیون.

٦- لـە ڕووی تەکنیکیشـەوە زنجـیرەی رووداوەکـان و دانـانی نـاو بـۆ پاڵەوانـەکان و دیالۆگ و رەگەزی هاندان و سەرەتاو لوتکەو کۆتایی (موپاسان) ی هەستی پیٚ دەکرێت ئەگەر چی بە شێوەیەکی سادەش بێت.

## سەرچاوەکان

### ١- کتێب

#### أ- بە زمانی کوردی:

- بـەرزنجی، عومـەر مـەعروف: لێکۆڵینـەوەو بیبلۆگرافیـای چـیرۆکی کـوردی ١٩٧٥-١٩٦٩، بەغدا، ١٩٧٨.
- جەمیل صائب: لەخەوما: پێشەکی جەمال بابان، بەغد، ١٩٧٥.
- جاف: ئەحمەد موختار، مەسەلەی ویژدان، پێشەکی لێکۆڵینەوە دکتۆر فوئاد، بەغدا ١٩٧٠،
- حسین عارف: چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠ بەغدا، ١٩٧٧.
- صەباحی غالب: ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٢٥- ١٩٧٠ بەغدا، ١٩٧٩.
- د.هیمـدادی حوسـێن، ڕۆژنامەنووسـیی سـەردەمی کۆمـاری دێمـۆکراتی کوردسـتان ١٩٤٢-١٩٤٧، سلێمانی، ٢٠٠٢.

#### ب- بە زمانی عەرەبی:

- الطاهر، د. علی جواد، محمود احمد السـید رائـد القصـة الحدیثـة فـی العـراق، بـیروت ١٩٦٩.
- د. عبداللة احمد:نشاة القصة وتطورها فی العراق، بغداد ١٩٦٩.
- د. عزالدین مصطفی رسول: الواقعیة فی الادب الکردی -بیروت، ١٩٦٦.
- طرمیانی، عادل، احمد مختار الجاف ومسالة الضمیر، بغداد، ١٩٨٩.
- هلال،د.محمد غنیمی: النقد الادبـی الحـدیث،دار نهضـة مصـر للطبـع والنشـر،القاهرة، ١٩٧٧.

#### ج – بە زمانی فارسی:

- استعلامی، د.محمد: بررسی ادبیات امروز، چاپ سوم، تهران ١٣٥١.
- جمالزادە، محمد علی: یکی بود.... یکی نبود تهران ١٣٢٣.
- صادق هدایت: حاجی اقا چاپ ششم، تهران، ١٣٤٣.

**٢- رۆژنامەو گۆڤار:**

أ- بە زمانی كوردی

- خەزنەدار،د.مارف:هەنـدێ لـە شـیرازەكانی دەفتـەری رەخنـەم،گ دەفتـەری كوردەواری، ب٣، بەغدا،مایسی ١٩٧٠.

- حەیدەری،جەمشـید چـەند سـەرنجێكی رەخنـەیی دەربـارەی چـیرۆكی لەخـەومای جەمیل صائب، پاشكۆی عێراق، ژ ١٠ ی كانونی یەكەم ١٩٧٧.

- الدباغ، د.عبدالله:تیڕوانێكی نوێ بۆ مەسـەلەی ویـژدان،گ" رۆشـنبیری نـوێ، ژ ١١٢، ١٩٨٦.

- رووف حسن:سەرەتای چیرۆكی كوردی و جیاوازی نێوان یەكەم چیرۆك و دووەمیـان: گ رۆشنبیری نوێ،ژ٦٩، ١٩٧٨.

- رەشـۆ، فـاگم، چـونكە زالم بـوو ئـاخریی مـالی كـاولّ بـوو، گ، روونـاكی ژ٣، س١، هەولێر، ٢٨- ١١- ١٩٣٥،.

رۆژنامەی پێشكەوتن، ژ٣، س١، سلێمانی ١٨/ ١١/١٩٢٠.

- د. فەرهاد پیربالّ: چیرۆكەكانی گۆڤاری هاوار، گ، مامۆستای كورد،ژ١١- ١٢ سـوید ١٩٩١.

- د. فەرهاد پیربالّ: مەم و زینی مەلا مەحمودی بایەزیدی یەكـەم چـیرۆك لـە مێـژووی ئەدەبی كوردیدا، گ، كاروانی ئەكادیمی، ژ١، ب١ هەولێر، ١٩٩٧.

- فاچل ئەحمەد: سەرەتای پەیدابوونی چیرۆكی كوردی، گ، بەیان، ژ ٢٩، ١٩٧٥.

- فوئاد تەمو: شویش: گ، رۆژی كورد، ژ (١- ٢)، ١٩١٣.

- كوردی،محەمەد عەلی:دوای سەرخۆشی زۆر شێتییە:گ،دیاری لاوان-بەغد، ١٩٣٤.

- مستەفا صالح كریم:سەرەتای لە دایك بوونی چـیرۆكی هونـەری كـوردی گ. كـاروان، ژ٣٧ تشرینی یەكەم، س٤، ١٩٨٤.

- ه/ كردەوەی دەروێش، گ، یادگاری لاوان/ بەغدا، ١٩٣٣

- ؟ هەرچی دەكەی دوامینی رەچاوكە، گ، رۆناكی، ژ١ ٢٥/٤/١٩٣٦.

- ؟ صادق هیدایەت، پێشەنگی ریالیزمە لە ئـەدەبی ئێرانـی نوێـدا، گ" رزگـاری، ژ ٦، س١، ١٩٦٩.

**ب – بەزمانی عەرەبی:**

– اكمل الدين احسان: نشاة القصة فى الادب التركى، مجلة القصة، ع ٢٠، س٢، مصر ١٩٦٥.

– خزندار، د. معروف: القصة الكردية مجلة الثقافة الجديدة، ع ٢، ١٩٦٩.

– الحيدرى.د. جمشيد: تاريخ النشر الفنى الكردى فى العراق (وموجز رسالة دكتوراه)، مجلة دراسات كردية، ع ١، س١، باريس، ١٩٨٤.

– الدباغ:د.عبدالله: نظرة جديدة على رواية مسالة الضمير، جريدة العراق، ع ٣٤٧٥، ٢٥/ ١٩٨٧/٦.

ج– بة زمانى فارسى:

نكوروح، حسن: نقش واقيعتيهاى سياسى در زمان فارسى / مجلة نقد، دفتر دوم، تهران ١٣٥٧.

# کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و پەخشانی هونەریی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە باشووری کوردستاندا

## ١٩١٨-١٩٥٨ (چیرۆکی کوردی بە نموونە)

هەرێمی کوردستان — عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

# کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا ١٩١٨ - ١٩٥٨

نامەیەکە خوێندکار

**ئومێد ڕەحیم شەمسەدین تاڵەبانی**

پێشکەشی ئەنجومەنی فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا .

سەرپەرشت

**پ.ی.د.هیمداد حسێن بەکر**

٢٠١٣ زایینی .　　　　٢٧١٣ کوردی .

## پێشەکی[1]

کۆلۆنیالکردنی عێراق و باشووری کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە ڕووداوێکـی گەورە و کاریگـەر بـوو ، هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی کۆمـەڵی کـوردی گرتـەوە و گۆڕانکـاری ئەوتۆی بە سەریاندا هێنا ، ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی کوردیش بە تەواوی کەوتنـە بـەر ئـەو گۆڕانکارییـە و لـە ماوەیـەکی کورتـدا گەشـەیانکرد و کـاراتر هاتنـە گۆڕەپـانی سیاسـی و ڕۆشـنبیرییەوە و شـوێن دەسـتی خۆیانیـان لـە گـۆڕینی واقیعـی کۆمەڵـدا دیـاری کـرد . ئینگلیزەکـان لـە سـەردەم و پـاش جـەنگی یەکـەمی جیهانیـدا سـەرەتایەکی نوێیـان بـۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی دامەزراند ، یەکـەم ڕۆژنامـەی کـوردیی عێـراق و یەکـەم ڕۆژنامـەی کـوردیی باشـووری کوردسـتان ڕاسـتەوخۆ بـە سەرپەرشـتی ئەفسـەرەکانیان دامـەزرا ، لـە ڕێگەیانەوە بابەتی هەمەڕەنگ و نوێی ئـەدەب و ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی بڵاوکرایـەوە و بوو بە مایەی گەشەکردنیان .

پشتگوێخستنی ڕۆڵی ئینگلیز و ڕۆژنامەنووسیی ئەو سەردەمە و کاریگەرییان لـە بـیر و هۆشـی ڕۆشـنبیرانی کـورد و ڕەنگدانـەوەی لـە بەرهەمەکانیانـدا هۆیـەکی سـەرەکیی هێنانەکایـەوەی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـە ناونیشـانی (کۆلۆنیـالیزمی ئینگلیـزی و پەخشـانی هونەریی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە باشووری کوردستاندا ١٩١٨–١٩٥٨ (چیرۆکی کوردی بە نموونە).بـۆ گەیشـتنە ئامـانج ، لێکۆڵینەوەکـەمان دابەشـکردە سـەر پێشـەکییەك و دوو بەش:

بە دوو تەوەرە پەخشانی کوردی باسکراوە . تـەوەرەی یەکـەممان بریتییـە لـە خسـتنە ڕووی ڕۆڵی ئینگلیزەکان لـە گەشەسـەندنی پەخشـانی کوردیداو تـەوەرەی دووەممـان بـۆ باسکردنی ژانرە نوێکانی پەخشانی کوردی تەرخانکردووە و بە تایبـەت چـیرۆکی هونـەریی کوردی و بە تەواوی لایەنەکانی بینای هونـەریی هەنـدێ لـە چـیرۆکەکانمان خسـتۆتە ڕوو و لێیکۆڵینەتەوە وەك بینای ڕووداو ، گێڕانەوە ، کارەکتەر ، شوێن ، کات .

زۆربەی ئەم بابەتانەش وەك بەرهەمێکی هونـەری ڕۆژنامەنووسـیی نووسـراو پێوەندییـەکی ڕاستەوخۆیان بەپەخشانی کوردییەوە هەیە .

---

[1] : بە هاوبەشی لەگەڵ د. ئومێد شەمسەددین.لە نامەی دکتۆراکەی بە ناونیشانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە عێراقدا ١٩١٨-١٩٥٨.

له ئەنجامدا گرنگترین خاڵە سەرەکییەکانمان خستۆتە ڕوو ، کە لایەنی ڕۆژنامەنووسی و ئـەدەبی دەگرێتـەوە و لـە ڕێگـەی لێکۆڵینەوەکـەوە بـە دەسـتمان هێنـاوە و بـە چـڕی تۆمارمان کردووە.

سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرجەم ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانە دەگرێتەوە ، کە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن کۆلۆنیـالیزمی ئینگلیزییـەوە لـە عێـراق و باشـووری کوردستاندا دەرچووە بە تایبەت لە ناوچەی بەغدا و سلێمانی و ئەوانەش دەگرێتـەوە ، کـە بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ و لـە ژێـر چـاودێری و سانسـۆریاندا لـە نیـوان سـاڵی ١٩١٨دا دەرچووە ، کە مێـژووی کۆلۆنیـالکردنی تـەواوی عێـراق و باشـووری کوردسـتانە تـا سـاڵی ١٩٥٨ ، کە مێژووی نەمانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزییە و بە ڕووخاندنی حکومەتی پادشایەتی لە عێراقدا تـەواو دەبـێ . بـەکارهێنانی نـاوی ( ئینگلیـز )یـش لـە ناونیشـانی نامەکـەدا لـە جیاتی( بەریتانیا )دا ، کە ئاماژەن بۆ دەوڵەتی ( ئینگلترا ) لەوەوە سەرچاوە دەگرێ ، کە باوترە و زۆرتر لە ناو ڕۆشنبیران و کۆمەڵی کوردەواریدا بەکارهاتووە و بەکاردێ .

بـۆ ئەنجامـدانی لێکۆڵینەوەیـەکی ئـەکادیمیی بـە ئاکـام بـە زۆری لێـرەدا هەوڵمانـداوە ڕێبـازی شـیکردنەوەی وەسـفی و ڕێبـازی مێـژوویی بـەکاربێنین بـۆ دەستنیشـانکردنی دەستپێشخەریی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ئەو ماوەیە لە بواری ئـەدەب و ڕۆژنامەنووسـیدا ، لە لایەکیترەوە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی بنەماکانی ئـەدەب و هۆکارەکـانی دەرهێنـانی ڕۆژنامەنووسیی ئەو سەردەمە . هەندێ جاریش بۆ سەلماندنی ڕاکـان پـەنامان بردۆتـە بـەر بەکارهێنانی خشتە و هەڵبژاردنی نموونە .

گەورەترین گیر و گرفت ڕوو بە ڕووی لێکۆڵەر بۆتەوە لە سـنووری لێکۆڵینەوەکەدایـە ، چونکە ئینگلیزەکان ماوەی دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەکانی عێراقدا لـە سـەردەمی جـەنگی یەکەمی جیهانی و پاش ئەو جەنگە و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی پادشایەتی و دانانی لـە ژێر ئینتیدابدا تا سـاڵی ١٩٣٢ بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بـەردەوام بـووە ، لـەو ماوەیـەدا ڕاستەوخۆ لە لایەن کاربەدەسـتانی ئینگلیـزەوە ڕۆژنامـەی ( تێگەیشـتنی ڕاسـتی )یـان لـە بەغدا و ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن )یان لە سلێمانیدا دامەزراند ، دواتر بە دانانی موتەسەڕیفێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە ناوی ڕۆژنامەی ( ژیانەوە ) گۆڕا بۆ ( ژیان ) ، بـەڵام ئەم ڕۆژنامەیە لە سەرەتاوە تا ماوەی چەند ساڵێك وەك بەردەوامی ڕۆژنامەکەی پێشـی بـە

هـەمان ڕوخسـار و نـاوەرۆك و سیاسـەت دەردەچـوو . ئینگلیزەکـانیش هەڵسـووڕێنەری ڕاستەقینەی ناوچەی سلێمانی بوون و ڕۆژنامەکـە لـە ژێـر سانسـۆری ئەوانـدا دەردەچـوو ، بۆیە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ( ژیانەوە )دا نەبوو جگە لە ناونیشانەکەی . هەمان سیاسەتی ئینگلیزەکان لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا بەردەوام دەبێ و هەنـدێ جـار کـزەوە دەبـێ و هەندێ جاریدی سەرهەڵدەداتەوە تا سـاڵی ١٩٣٠ و لـە سـەردەمی ( پیرەمێـرد )دا ئـیتر بـە تەواوی دەبێتە ڕۆژنامەیەکی ئـەدەبی و لـە کـاری سیاسـی دوور دەکەوێتـەوە . ئەمـە بـۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە بە تایبەت ئەگەر بزانین ڕۆژنامەکە لە ژێر هەمان ناودا ( ٥٥٣ ) ژمارەی لێدەرچووە و لە هەمان چاپخانەی شارەوانی سلێمانی و بـە بـێ تۆمـارکردنی هـیچ زانیارییەك لە ڕووی دەرەوەیدا لە چاپدراوە ، دواتر ئەنجا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ( ژین ) . بـۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە لە باسکردنی ڕۆژنامەی ( ژیان )دا سنووری لێکۆڵینەوەکـەمان تا ئەو ساڵ و ڕۆژە درێژکردەوە ، کە ئینتیدابی ئینگلیزی نامێنێ و عێراق دەبێتە ئەندامێك لە کۆمەڵەی گەلاندا ، تا ئەو کاتەش ژمارەی ڕۆژنامەکە دەگاتە ( ٣٤٠ ) ژمارە .

لە لایەکیترەوە هەرچەند ئینگلیزەکـان پـاش جێبـەجێ کردنـی مەرامـەکانیان تـا سـاڵ ١٩٣٢ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاروباری عێراق و باشووری کوردستانیان بـەڕێوە دەبـرد ، بەڵام لەوەش بە دووا لە پشت پەردەوە و لە ڕێگەی بـەکارهێنانی سیاسـەتی کۆلۆنیـالیزمی نوێوە هەر خۆیان هەڵسوڕێنەری ڕاستەقینەی کاروباری عێراق بوون و ڕژێمی پادشایەتی بە فەرمانی ئەوان هەڵسوکەوتی دەکرد ، هێزەکانی ئینگلیـزیش بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی و کاربەدەسـتەکانیان لـە عێراقـدا بـەردەوام فرۆکـە و سـوپاکانیان ئامـادەبوون و دەسـتێکی باڵایان لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانـدا هـەبوو ، بـەڵام تـا ڕووخانـدنی ڕژێمـی پادشایەتی هیچ لایان لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی نەکردۆتـەوە ، جگـە لـە گۆڤـاری( دەنگـی گێتیی تازە) ، کە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئینگلیزییەوە لە بەغدا دەردەچـوو و تـا ژمـارە(١ )ی بەرگی پێنجەمی ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بووە ، لەوە بە دووا دەستیان لێهـەڵگرت و بـوو بە موڵکی ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا ، ئیتر بە پێچەوانەی سەرجەم ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سـەردەمی کۆلۆنیـالیزمی ئینگلیـزی هـەموو زانیارییـەکانی تایبـەت بـە خـاوەنی ئیمتیـاز و بەڕێوەبـەری گۆڤارەکـە لـە بـەرگی دەرەوەیـدا تۆمـارکراوە. ئەمـەش جـارێکیتر سـنووری لێکۆڵینەوەکە درێژتر دەکاتەوە ، بۆیە پاش پشـکنینی سـەرجەم ڕۆژنامەنووسـیی کـوردیی

عێـراق و گـەڕان بـە دووای خـاوەن و بەڕێوەبـەرەکانی و پشـکنینی سەرچـاوە مێـژوویی و سیاسییەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی ، کە ئینگلیز لەو کاتـەدا وەك گـەورەترین دەوڵـەتی کۆلۆنیالی لە جیهاندا پاش ساڵی ۱۹۵۸ لە زۆری ئەو وڵاتانەی ، کە پێشتر داگیریان کردبـوو بـەردەوام هـەبوون و لـە پشـت پـەردەوە دەسـەڵاتی پێشـووی خۆیانیـان لـەو وڵاتانـەدا پاراستووە ، بۆیە لێکۆڵینەوەکەمان لە نێوان سـاڵی ۱۹۱۸–۱۹۵۸دا سـنووردارکرد و تـەنیا باسی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانـەمان کـردووە ، کـە دەکەونـە نێـوان ئـەم سـنوورە و خۆمانمان لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی پاش ئەو سنوورە نەداوە، ئەوەش ئەگەر هەبێ .

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی لە گەشەسـەندنی پەخشـانی هونـەریی لەرۆژنامەوانیی کوردیی لە باشووری کوردستاندا

لە ڕووی مێژووییەوە پەخشـانی کـوردی پـاش شـیعر سـەریهەڵداوە ، سروشـتی شـیعر و ئاسانیی لە بەرکردنی بە هۆی ئاوازی نـاوەوە و دەرەوەی زۆرتـر لـە سروشـتی مرۆڤایـەتی نزیکبۆتەوە ، بۆیە وەك بەڵگەیەکی مێژوویی لای کورد و نەتەوەکانیتر نموونەی شیعر پێش پەخشان بە دەستهاتووە([1]).

نموونەی پەخشانی کوردی پاش بە ئیسلامبوونی کورد لـە کتێبی(جیلـوە) و ( میسـحەفا ڕەشی )ی ئێزیدییەکان و ( سەرئەنجام )ی یارسانەکاندا بەرچاودەکەوێ([2]). بڵاوبوونەوەی ئـاییینی ئیسـلام و ئـەدەبیاتی فارسـی و بـەکارهێنانی زمـانی تـورکی لـە دامودەزگـا حکومییـەکانی سـەردەمی عوسمانیـدا زمـانی کـوردیی خسـتە ژێـر کاریگـەریی ئـەو زمانانەوە([3]). لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵەران دانیان بەوەدا ناوە، کـە کـۆنترین دەق بـە زمـانی کوردی نووسرابێ کتێبە وەرگێڕاوەکـەی ( عـەلی تـەرەماخی ) یـە سـاڵی ( ۱۰۰۰ )ی کۆچـی نووسراوە . گـرنگترین دەقـیش مەولودنامەکـەی ( شـێخ حسـێنی قـازی )([4])یـە (۱۷۹۰ – ۱۸۲۷). لەمانەش گرنگتر ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەیە لە لایەن ( مەلا مـەحموودی بایەزیدی

[1] – بڕوانە : عەلائەدین سەجادی ، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی ، ل ۱۲۸.

[2] – عەلائەدین سەجادی ، مێژووی پەخشانی کوردی ، ل ۱۳-۱۷.

[3] – حەمە ساڵح فەرهادی ، ل ۱۹.

[4] – عەزیز گەردی ، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ۱۹۸۷ ، ل ٦ و ۷.

)یەوە ( ١٧٩٩–١٨٦٧ ) لە سەر داخوازی قونسوڵی ڕووسیا لـە ئـەرزەڕووم ( ئەلکسـەندەر ژاپا ) نووسراون ، کـە بریتییـە لـە چیرۆکی مـەم و زیـن ، لـەیلا و مـەجنوون ، سـیامەند و شەمسیێ ، جـامعی رسـالیان و حیکایـەتان ، عـادات و ڕسـووماتنامەی تـەوایفی ئەکرادیـە ، ئوسـولی نیزامـانی کرمـانجی ، وەرگێڕانـی کورتـەی شـەرەفنامە ، فەرهـەنگی کـوردی – فەرەنسی ، ساغکردنەوەی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی، تـەواریخی جەدیدەی کوردسـتان،( رسالە توحفە النخلان فی الزمان کوردان) و چەند بەرهەمێکیتر([1]).

وەرگێرانیش لە زمانەکانیترەوە ڕۆڵی زۆریان لە پێشخستنی پەخشانی کوردیدا بینیـوە لەوانە(مەلا یونسی هەڵکەتێنی) سێ کتێبی ڕێزمانیی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی([2]). کڵێسەکانیش ڕۆڵی باشیان لە پاراستنی هەندێ دەستنووسـی کۆنـدا بینیـوە وەك نوێـژی مەسیحییەکان ، کە ساڵی ١٤٠٠ و کتێبی ئایینی موژدەبەرەکانی دۆمینیك و کاپوسانەکان ، کە لە ساڵی ١٦٠٠دا نووسراون.( ئینجیل )یش چەند جارێ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کـوردی و سـاڵی ١٨٥٧ بـە ئـەلف و بێـی و پیتـی ئەرمـەنی نووسـراوە([3]). ئەمانـە و چـەند نموونەیەکیـدی سـەرجەم بەرهـەمی پەخشـانی کتێبخانـەی کـوردی بـووە ، زۆربەیشـی دەستنووس بووە و لە کتێبخانە تایبەتەکانی هەندێ لـە ڕۆشـنبیراندا هـەڵگیراوە و دەسـتی زۆرینەی پێ نەدەگەیشت و هـیچ ڕۆڵێکـی نـەدەبینی لـە بـواری زانسـتی و ئەدەبیـدا . ئـەم دواکەوتنەی پەخشانی کـوردی و درەنگـی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی لـە چـاو پەخشـانی جیهانیدا دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی داهاتنی چاپ لـە نـاو کـورددا . دواکـەوتنی پـەخشـانی کوردیش لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە ڕوویداوە ، لەوانە ([4]):

١– نـەبوونی زمـانێکی یـەکگرتوو لـە سەرانسـەری کوردسـتاندا و بـەکارهێنانی دیـالێکتی جۆراوجۆر .

---

[1] – د.فەرهاد پیربال ، مەلا مەحموودی بایەزیدی ١٧٩٩-١٨٦٧ ، یەکـەمین چـیرۆکنووس و پەخشاننووسـی کورد ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٠ ، ل ١٣-٢٠.

[2] – عەبدولڕەزاق بیمار ، پەخشانی کوردی ، ل ٤٥.

[3] – عەبدولڕەزاق بیمار ، پەخشانی کوردی ، ل٧١-٧٤

[4] – د.عزالدین مصطفی رسول ، الواقعیة في الادب الكردي ، ص ٢٠٤-٢٠٥.

٢- دواکـەوتن و نەخوێنـدەواری و نەگەیشـتنی کتێـب و بەرهـەمی ئـەورووپی بـە دەسـت خوێندەواران .

٣- قەدەغەکردنی خوێند و نووسین بە زمانی کوردی لە ناوچەکانی کوردستاندا .

٤- لاوازیی باری دارایی و نەبوونی چاپخانە بە هۆی باری سیاسیی کوردستانەوە .

ئەم حاڵەتە لای هـەموو میللـەتانی جیهانـدا هاوشـێوە بـوو تـا داهـاتنی چـاپ بـەوەش پەخشان هاتە مەیدانی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە و شوێنی خۆیی لە پاڵ شیعردا قـایمکرد و هاوشانی یەك پێشکەوتن و گەشەیانکرد .

گرنگیـی ڕۆژنامەنووسـیی کـوردیی سـەردەمی کۆلۆنیـالیزم بـە تایبـەت ڕۆژنامـەی ( پێشکەوتن ) لەوەدایە یەکەم بڵاوکراوە و چاپکراوی کوردییە لە باشووری کوردستاندا ، کـە تا ئەو کاتـە هـیچ کەرەسـەیەك لـە بەردەسـتدا نـەبووە بـۆ فێرکـردن و خوێنـدن جگـە لـەم ڕۆژنامەیە .

( تۆفیق وەهبی ) دانـی بـە گرنگـی ڕۆژنامەکـە لـەم بـوارەدا نـاوە و دەڵـێ :( مامۆسـتا ( گەرنیل ئیدی ) کە لە سـاڵی ١٩٢٣دا دەرزی ئینگلیزیـی پـێ ئـەوتم ، سـەردەمێ ئـارەزووی کردبوو کە زمانی کوردی فێربێ ، چونکە ئەو دەمـە  چـاپکراوی تـری کـوردی نـەبوو ، لـە سەر ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) کە لـە زەمـانی مێجـەر سۆندا دەرئەچـوو دەسمـان کـرد بـە خوێندن)([1]).

سـەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسـیی کـوردی پـاش جـەنگی یەکـەمی جیهـانی لـە عێراقـدا بنەمایەکی پتەوی بۆ پەخشـانی کـوردی دامەزرانـد و گەشـەی پێکـرد ، چـونکە پەخشـانی نووسـراو زادەی بەرەوپێشچـوونی کۆمەڵـە و زمـانی شارسـتانییەتە ، ڕۆژنامەنووسـیش پەیوەسـتە بـە بـاری ڕۆشـنبیری و هوشـیاریی کۆمەڵـەوە ، بۆیـە بـەردەوام بـە یەکـەوە گەشەکردن و دواکەوتنیان پێـوە دیـارە . ڕۆڵـی کۆلۆنیـالیزم و کاربەدەسـتانی ئینگلیـز لـە گەشەسەندنی پەخشانی کوردیدا لە چەند لایەکەوە بەرجەستە دەکرێ وەك:

---

[1] - تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، چاپخانەی ( دار الگباعە الحدیپە ) ، بەغدا ، ١٩٢٩ ، پێشەکی ، ل ( و ) .

## ئـ- دامەزراندنی چاپخانە :

یەکێ لە کارە هەرە گرنگەکانی کۆلۆنیالیزم ، کە خزمەتێکی بێ هاوتای کۆمەڵی کوردیی لە باشووری کوردستاندا کردووە بە تایبەت لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە دامەزراندنی یەکەم چاپخانەی کوردی بوو لە سلێمانیدا . لە ڕێگەیەوە بە تەواوی جموجۆڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و ڕۆڵی لە پێشخستنی کۆمەڵی کوردیدا بینی . هەر لەو چاپخانەیەدا بۆ ماوەی چەند ساڵێك زنجیرەیەکی نە بچڕاوی ڕۆژنامەنووسی لە باشووری کوردستاندا بەردەوامبوو ، ١١٨ ژمارەی ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) و ١٤ ژمارەی ( بانگی کوردستان ) ، ١٦ ژمارەی ( ڕۆژی کوردستان ) ، ٣ ژمارەی ( بانگی حەق ) ، ٢٥ ژمارەی ( ئومێدی ئیستقلال ) ، ٥٦ ژمارەی ( ژیانەوە ) ، ٥٥٣ ژمارەی ( ژیان ) ، ٧٠ ژمارەی ( زبان ) لە چاپدرا و بلاْوکرایەوە . سەرەتای لە چاپدانی کتێب بە زمانی کوردی و بیانی و بە تیراژێکی زۆر لە باشووری کوردستاندا لە ڕێگەی ئەم چاپخانەوە بوو ، لە هەمووی کۆنتر کتێبی ( قصص الانبیاو )ی مەلا عەبوڵلاْ زێوەر ١٩٢٠ و ( دیوانی مەحوی )ی محەمەدی مەلا وەسمانی باڵخی ١٩٢٢ و ( دەستووری موچەخۆری ) ١٩٢٢ و ( گۆرانی کوردی ) ١٩٢٥ و ( قانونی هەڵبژاردنی مەبعوسی )...([1]). ئەمە بۆ خۆی کارێکی ئەوتۆی کردە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی و لە ڕێگەیەوە پەخشانی کوردی لەو قۆناغە پەڕییەوە ، کە تەنیا باڵبەستی ڕۆژنامەنووسی بێ و هەنگاوی گەورەی بەرەو کامڵبوون و پێگەیشتن نا . ئەوەش وەك ڕاستییەك خۆی دەسەلمێنێ ، کە هێنانی چاپخانە و بەکارهێنانی لە کاری چاپدا ئەگەر بۆ ڕۆژنامە بێ یان کتێب کارێکی ئەوەندە سووك و ئاسان نەبووە لەو کاتەدا و لە تواناى کەسێکی ئاساییدا نەبووە ئەگەر بە کۆششی حکومەت نەبوایە ، مێجەر ( سۆن )یش پێشەوای ئەم کارە بوو ، بۆیە لە باسکردنی چاپخانەی کوردیدا یەکسەر ناوی پێشدەکەوێ . لێرەشدا دەبێ ئەوە ڕوونبێ ( ئەگەر ئەو چاپخانەیە دانەمەزرایە بە هەر مەبەستێ بێت ، ئەوا سلێمانی ئەو بزووتنەوە ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسییەی بە خۆیەوە نەدەبینی)([2]).

---

[1] - مستەفا نەریمان ، بیبلیۆگرافیای دووسەد ساڵی کتێبی کوردی ، ل ١٨ و ١٩ . هەروەها : ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە ، ل ٦٨.

[2] - محەمەد دلێر ئەمین محەمەد ، ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەسەلاْتی سیاسیی کورددا ، ل ١٢٨.

## ب- بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە :

مێجەر ( سۆن ) توانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی عێراق و یەکەم ڕۆژنامەی باشووری کوردستان دەرکا و بڵاویان بکاتەوە ، ئەنجا بۆ هەر مەبەستێ بێ ئەمانە بوونە بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا و بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی بەرپاکرد تا ئەو کاتە کورد بزووتنەوەیەکی لەو شێوەی بە خۆیەوە نەبینیبوو . مێجەر ( سۆن ) توانی شوێن و کەرەسەکانی چاپ وکاری لە چاپدانی ڕۆژنامە بخاتە بەرچاو ڕۆشنبیرانی سلێمانی و ژمارەیەك ڕۆشنبیری لە چواردەور ڕۆژنامەکە کۆکردەوە و بەرهەمی ئەدەبییان تێدا بڵاوکردەوە ، لەوانەش ژانرەکانی پەخشانی کوردی بوو ، کە یەکەم جار لە باشووری کوردستاندا چاپکراوە . دەرکردنی ڕۆژنامەش بە زمانی کوردی لەو کاتەدا بایەخی تەواوی خۆیی هەبوو و ئەوەی بۆ دۆست و دوژمن خستە ڕوو ، کە زمانی کوردی تەنیا زمانی شیعر و بەیت و حیکایەت و داستان و ئەفسانەی فۆلکلۆری نییە ، بەڵکو زمانێکی زیندووە و توانای پێنووسین و خوێندنەوەی هەیە و لە بواری پەخشاندا دەست باڵایە و بۆی هەیە لە هەر بوارێکدا ئەسپی خۆی تاودا ، بۆیە بابەتەکانی پەخشان بە تیژی سەری بە هەموو قوژبنەکانی ژیانی کۆمەڵدا دەکرد . بەردەوامیش ئەوەی دەخستە ڕوو ، کە زمانی کوردی بە توانایە و هەرگیز لە زمانانیتر کەمتر نییە و بگرە لە ئاستی ئەواندایە . ئەم ڕۆژنامانە بنەمایەکی بە هێزیان بۆ وتاری ئەدەبی و چیرۆکی هونەری و ژانرەکانی پەخشانی کوردی دامەزراند . لە بواری هونەری ڕۆژنامەنووسیدا دەستی بۆ زۆربەی لایەنە هونەرییەکان کێشاوە و بەردی بناغەی بۆیان دامەزراند وەك : ڕیپۆرتاژ ، وتار ، هەواڵ ، دیدار ، کە ئەمانەش دوور و نزیك پێوەندییەکی بەتینیان بە پەخشانەوە هەیە . ڕەشید نەجیب لە باسکردنی ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن )دا دان بە ڕۆڵی ئینگلیز و مێجەر ( سۆن )دا دەنێ لە بواری پێشخستنی پەخشانی کوردیدا و بە یەکەم هەنگاوی ئەژمار دەکا و دەڵێ :

( کوردیی ڕاستەقینە ، نووسینی لە ساڵی ١٩٢٠ەوە دەستی پێکرد . بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەیەکی کوردی بە ڕێك و پوختەیی بنووسێ دەستی کرد بە دەرچوون . لەم ڕێیەدا ( مێجەر سۆن ) کۆششێکی زۆری پیشاندا ،( پێشکەوتن ) هەرچەندە ڕۆژنامەیەکی نیو حکوومەتی بوو هەفتەی جارێك دەرئەچوو ، بەڵام بوو بە مەیدانی قەڵەم شۆڕی لە شیعر و نەسردا . لەگەڵ ئەوەدا کە نەسری کوردی ئەوسا هێشتا منالێکی ساوا بوو و یا بە

پێـی تەمەنیـەوە بـە سـاوا ئـەژمێررا ، بـەڵام دیسـانەوە بـە تـین و بـە جـۆش بـوو . چـە ( پێشکەوتن ) و چە ئەو ( گۆڤارانەی ) بە ناوی تـرەوە دوایـی دەرچـوون هەریەکـە مزگێنـی دەری ژیانێکی ئەدەبیی جوانی کوردی بوون)(١).

## پـ- کاراکردن و ڕێکخستنی زمانی کوردی :

بنەمای پەخشان لە سەر زمان پێکهاتووە ، زمانی کوردییش تا کۆلۆنیالکردنی باشووری کوردستان لە کاروباری فەرمیدا بەکارنەدەهێنرا. لە سەردەمی( سۆن ) دا زمانەکەی کرد بە زمـانی فـەرمی دامودەزگـا حکومییـەکان و سکاڵانووسـین و کـردی بـە زمـانی نووسـین و خوێندنی خوێندگەکان و کەوتە خولیای پێکهێنانی زمـانێکی کـوردیی سـەربەخۆ و دوور لـە کارتێکردنی زمانە بیانییەکان و هەوڵیدا بۆ دانانی شێوەی نووسین و زمانێکی نەتەویی. لەم پێناوەدا توشی کێشە و دەردەسـەرییەکی زۆر هـات . دکتـۆر ( ج.م.لیـز ) باسـی مێجـەر ( سۆن ) و ڕۆڵی لە جێگیربوونی زمانی کوردیدا و تێکۆشانی لە پێناویدا دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

( لەو دەمەدا ئەهالی سلێمانی و عامەکانیان بە سـووکی و ئـەتك و گەمـە لـەو گـۆوارە { ڕۆژنامەی پێشکەوتن – ئومێد } دەدوان و لە ئەنجومەناندا ناویان دەبـرد . میسـتەر سـۆن هەڕەشەی لەوانەکرد و بە ڕوو ناچاری کردن بیخوێننەوە و بە پیرۆزی بزانن . ناچاری کردن ، کە دەبێ هەمووکەس بیکرێت ، بەو جـۆرە تێکۆشـا تـا خوێنـدن و نووسـین و چـاپکراوی کوردی لە جێگای فارسی و تورکی باوبگرێ و بخرێتـە کـارەوە ، بـەو جـۆرە لـە سـلێمانیدا خوێندن و نووسینی کوردیی خستە کارەوە )(٢). ئەنجا دەڵێ :

---

١ – وێڕای ئەوەی نووسەر ناوی ڕۆژنامەکان بە گۆڤار دەبا و ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) بە نیو حکومی دادەنا ، بەڵام قسەکانی دانپێنـانێکی تایبەتـە ، چـونکە بـە لای زۆرینـەوە نـە دەبوایـە بـەو شـێوە نایابـە باسـی ڕۆژنامەیەك بکرایە ئینگلیز دەریکردبێ ، بۆیە دەڵێ : ( ئەترسم ئەم قسانەم بە لای هەندێ لەو لاوانە ، کە وتارەکەم ئەخوێننەوە گران بێ ، بەڵام من ئـەوەی بـە ڕاسـت و بـە باشـی بـزانم ئـەیڵێم . ئەشـێ بـە لای هەندێکەوە تاڵ بێ و بە لای هەندێکەوە شیرین ) . ئومێد ئاشنا ، ڕەشید نەجیب ، ژیان و بەرهەمەکانی ، ل ٥١.

٢ – گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە ، ب ٤ ، ژ ٥ ، ئابی ١٩٤٥ ، ل ٣٨٧.

(شێخەکانی سلێمانی وتبوویان وشەکانی کوردی گـرانن نایەنـە نووسـین ، میستەر(سـۆن) پێی نیشاندان و بۆی ئاشکراکردن ، کـە کـوردی زۆربـاش دەنووسـرێ )([1]). لـە سەریشـی دەڕوا و دەڵێ :( میستـەر سۆن وشـە کوردییـەکانی کۆکردۆتـەوە ، فەرهـەنگێکی بـۆ دانـا ، قاقەز و نامە ڕەسمییەکانی حکومەتی کردە زمـانی کـوردی ، ڕەسمیـات بـوو بـە کـوردی ، موعامەلە ، عەرزوحاڵ بە کوردی نە نووسرابا قبووڵی نەدەکرد . بەو جۆرە زمانی کوردی لە سـلێمانیدا پەرەیبەسـت و دامـەزرا و هەرکەسـێك نامەیـەکی بـە کـوردیی پـەتی بنووسـیایە بەخشیشی پێ دەدرا...)([2]). ئەو کردەوانەی ( سۆن) ئەنجامیدا بە کەسێکیتر نە دەکرا ، مەبەستێشی هەرشتێکبێ ، بەڵام بە قازانجی کورد هەڵگـەڕا ، هەوڵـدانی بـۆ پاککردنـەوەی زمانی کوردی لە وشـەی نـامۆ و بیـانی بـە تایبـەت لـە ڕێگـەی پێشـبڕکێ ئەدەبییەکەیـەوە هێڵێکی ڕاستەوخۆی لە نێوان پەخشانی کوردیی کۆن و پەخشانی نوێدا دانا و لە ڕێگەیەوە بنەمایەکی بە تینی شێوەی نووسینی کوردیی نوێی لە ئەدەبی کوردیدا هێنایە کایەوە و لە دوا ڕۆژدا بە ( پەخشـانی پێشـکەوتن ) ناسـرا ، کـە بریتـی بـوو لـە ( ئاخـاوتنێکی ڕەوانـی کوردانـەی بـێ پـێچ و پـەنا و بـەکارهێنانی زمـانی خـەڵکی لادێ و شـار)([3]). ئەمـەش بـە دەسکەوتێکی گرنگی نەتەوەی کورد ئەژمار دەکرێ ، چونکە ( ئەوەی لە جەنگی جیهـانیی یەکەم دەست نەتەوەی کورد کەوت ئەوە بوو ، کە مێجەر ( سۆن ) بـە هیمـەتی مەردانـەی خۆی توانی زمانی کوردی دابهێنێ لە وڵاتەکەمانا)([4]).

لە لایەکیترەوە لێزانین و شارەزایی ( سـۆن ) لـە ڕێزمـان و ڕێنووسـی کوردیـدا پاڵنـەرێکی بەهێز بوو بۆ ڕێکخستنی زمانەکە ، ئەو هەوڵدانەیشی لە ڕۆژنامەی ( تێگەیشتنی ڕاستی ) دا دەرکـەوتووە و بـۆ یەکـەم جـارە لـە ڕۆژنامەنووسـیی کوردیـدا نووسـەرێك ئامـاژەی بـە گەورەترین کەلێنەکانی زمانی کوردی کردووە و دەنووسـێ (...( سـەر ) و ( بـۆر ) و ( ژێـر )ی حەرفـەکان دەنووسـین : لـە بـاتی کردسـتان ( کوردسـتان ) و لـە بـاتی دکـا ( دەکـا

[1] – هەر ئەو سەرچاوە ، ل ٣٨٨.

[2] – هەر ئەو سەرچاوە .

[3] – عەبدولڕەزاق بیمار ، پەخشانی کوردی ، ل ١٢٦.

[4] – شێخ محەمەدی خاڵ ، فەرهەنگی خاڵ ، بەرگی سێیەم ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، ١٩٧٦ ، پاشکۆ لە نووسینی ( سالح قەفتان ) ، ل ٤٩٣.

)...)([1]). مێجـەر ( سـۆن ) لـەو ماوەیـەی لـە سـلێمانیدا بـوو چ لـە ڕێگـەی نووسـینەکانی خۆیەوە یان بە هاندانی نووسەرانیدی خزمەتێکی زۆری پێشخستنی نووسینی کوردیی کـرد و بنەمایەکی بێ غل و عەیبی بۆ پەخشانی کوردی ڕەخساند ، بۆیە گۆڕەپـانی ڕۆژنامـەی ( پێشکەوتن ) لەو سەردەمەدا بوو بە جێگـەی بلاْوکردنـەوەی ڕای جیـاواز لـە بـارەی زمـانی کوردییەوە و ڕۆشنبیرانی ناوچەکە کەوتنە بەرگری لە زمانەکەیان ، دەنگیش بـەرزەوە بـوو بۆ دانانی ( صرف )ێکـی کـوردی([2]).( شـێخ نـووری )ش دەستپێشـخەری کـرد لـە دانـانی ڕێنووسێکی نوێ بۆ زمانی کوردی ، کە زۆر پـێش ( سـەعید سـدقی ) و ( تۆفیـق وەهبـی ) کەوتووە ، جیاوازی لە خوێندنەوەی وشە کوردییەکان بابەتی ئەم وتارەیە(*) ( لـە زمـانی کوردیا گەڵێ حەرفی وا هەیە لە نووسینا بە تەحرێك ئەنووسرێت و لـە خوێندنـەوەدا بـە دوو تەحرە ( ل - د - ر - ن - و - ف - ی ) ئەم حەوت حەرفە وەکو عـەرزم کـردن نووسـینیان نەوعێکـە ، خوێندنــەوەیان دوو ڕەنگــە . بــۆ ئــەوە کــە زەریــف دەربکــەوێ و بزانرێــت میسالەکانیان بە تەواوی عەرز ئەکەم .

حـەرفی - ل - لـە کوردیـا بـە تـەحرێك ئەخوێنرێتـەوە ، کـە لەسـەر ئـەحواڵی هـەوەڵ مابێتەوە وەکو : لێدان ، لایبە ، لیرە . بە تەحرێکیش ئەخوێنرێتەوە ، کە لە کوردیا نەبێ لە زمانی ترا نییە ، یەعنی لە بەین مەخرەج - چ - ل - دا دێتە دەرەوە وەکو : ماڵ خۆمان ، بیماڵە ، ئەو دالاْنە...)([3]).

ئـەم کـارە بـۆ مێجـەر ( سـۆن ) خۆیشـی کـارێکی ئاسـان نـەبوو ، بـەڵکو لـە پێناویـدا ڕووبەڕووی کاربەدەستە بالاْکانی ئینگلیز بۆتـەوە ، کـە دژ بـە بـەکارهێنانی زمـانی کـوردی

---

[1] - ڕۆژنامـەی تێگەیشتنی ڕاستی ، ژ ٦٣ ، ١٣ی کانوونی دووەم ١٩١٩ ، ل ١.

[2] - ڕۆژنامـەی پێشکەوتن ، ژ ١٠ ، ١ی تەمووز ١٩٢٠ ، ل ١. هەروەها : ژ ١٩ ، ٣ی ئـەیلوول ١٩٢٠ ، ل ١.

[*] - نیشانەی سەر ( ل ) و ( و )کە خۆمان بە دەستکاری ڕێنووس دامانناوە ، چونکە لـەو سـەردەمەدا بـەو شێوەیە نیشانە نەبووە ، بەڵکو نموونەکان بـەم شـێوەیە نووسـراون ( مـال خومـان ، بیمالـە ، او دالانـە ) هەروەها ( کر ، کر ، سر ، سر ) .

[3] - ڕۆژنامـەی پیشکەوتن ، ژ ٤٤ ، ٢٤ی شوبات ١٩٢١ ، ل ٣.

بوون و پشتگیرییان لە بەکارهێنانی زمانی فارسی دەکرد . لەوانـە مێجـەر ( گرینهـاوس ) و مێجەر ( گاردن ووکر ) بوون([1]).

## تـ- خستنە ڕووی ژانرەکانی پەخشانی جیهانی :

ئەگەرچی بە هۆی دواکەوتن و نەهامەتییەوە کـورد بـە گشـتی لـە ڕەوتـی پێشـکەوتنی جیهانی بە جێما بوو ، بەڵام لە باشووری کوردستاندا و لە ڕێگەی تاقـە کـەناڵی ڕاگەیانـدنی ئەو سەردەمەوە ، کە ڕۆژنامەنووسی بوو پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ ژیاری جیهانیدا پەیدا کرد بوو و ڕۆژنامەنووسیی کـوردیی سـەردەمی کۆلۆنیـالیزم بـەردەوام ئاسـەوار و بەرهەمـە پێشکەوتووەکانیان خستۆتە بەرچاو و بایەخێکی ڕادە بە دەر بەو بابەتە ئەدەبییانە دراوە ، کە بنەمای پەخشان پێکدێنن . لەم بارەوە ڕۆڵی ئەفسەرە ئینگلیزەکان لە وێنەی مێجـەر ( سۆن ) و مێجەر ( گۆڵد سمیس ) و ئەو ڕۆشنبیرانەی زمانی کوردی و بیانییـان بـە باشـی زانیـوە بـە ڕوونـی دیـارە و سـەرەتاکەی بـە تـەواوی لـە ڕۆژنامـەی ( پێشـکەوتن )ەوە دەستپێدەکا .

لە باشووری کوردستاندا پەخشانی کوردی بە گشتی ( ئەدەبی و زانستی ) سەرەتا لەم ڕۆژنامەیەوە کەوتـە بەرچـاو خوێنـەران . وەرگێڕانـی ئـەدەبی و بابەتـە هەمەڕەنگەکانی ، چیرۆکی بیانی ، ژیاننامە ، گەشتنامە ، گفتوگۆ ، وتاری ئەدەبی ، هەواڵی سەیر و سەمەر ، شارستانییەت ، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ، بابەتەکانی فۆلکلۆر... ئەمانـە بابـەتێکی نوێ بوون و بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەکانی ئەم ماوەیـەدا بڵاوکراونەتـەوە ، کـە بنەمایـەکی ئاشکرابوون بۆ درککـردن بـە پێشـکەوتنی ئـەدەبیات لـە جیهانـدا و هانـدەرێك بـوو بـۆ لـە دایکبوونی لقە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی . دەرچوونی ڕۆژنامـەکانی ئـەو سـەردەمە بزووتنەوەیـەکی خێـرای لـە ئـەدەبی کوردیدا هێنایەکایـەوە و ڕابەرایـەتیی بڵاوکردنـەوەی لقەکانی پەخشانی کوردییان گرتـە ئەسـتۆ ، لـە هـەمووی گـرنگتر گەشـەکردنی وەرگێڕانـی ئەدەبییـە بـە تایبـەت لـە ڕۆژنامـەی ( پێشـکەوتن )دا ، کـە بـە تـۆی لـە دایکبـوونی ژانـرە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی دەژمێردرێ ، بۆیە زانایەکی وەك ( تۆفیـق وەهبـی ) لـە

[1] - ئەحمەد خواجە ، چیم دی ، بەشی یەکەم ، ل ٦٦.

بارەی وەرگێڕانەوە دەڵێ :( بزووتنەوەی نووسین و بڵاوکردنەوە لە هەر شاریکدا چالاك نابێتەوە ئەگەر بزووتنەوەی وەرگێڕانی لەگەڵدا نەبێ وپشتیوانیی نەکا )([1]).

لێرەوە دەتوانین دان بەو ڕاستییەدا بنێین ، ئەگەر هەوڵدانەکەی کۆلۆنیالیزم بە نوێنەرایەتی مێجەر( سۆن ) نەبوایە پەخشانی کوردی ئەوەندەیتر پاش دەکەوت و لە ڕەوت و کاروانی پێشکەوتنی ولاٌتانی دنیادا بەجێ دەما . دامەزراندنی چاپخانە و بەکارهێنانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی فەرمی لە کاری حکومی و فێرکردندا و پاککردنەوەی و ڕێکخستنی و خستنە ڕووی چەندین بابەتی نوێی ئەدەبیاتی جیهانی لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە بوون بە هۆی گەشەکردنی پەخشانی کوردی و بەرەوپێشچوونی بە شێوەیەکی خێرا و بە هێز و هۆ بوون بۆ لە دایکبوونی ژانرە نوێکانی پەخشانی کوردی.

---

[1] - میر بصری ، ص ۲۰۹.

## تەوەرەی دووەم: چیرۆکی هونەری

چیرۆک وەك ژانرێکی سـەرەکیی پەخشـان مێژوویـەکی زۆر کـۆنی لای هـەموو میللەتانـدا هەیە ، بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ فۆلکلۆر ، کـە لـە لایـەن حیکایـەتخوان و چـیرۆکبێژانەوە پشتاوپشـت لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکیتر گوازراوەتـەوە . کـوردیش یەکێکـە لـەو نەتەوانەی خاوەن بابەتی فۆلکلۆریی هەمەجۆرە ، چیرۆکیش یەکێکە لەو بابەتانەی بە ناوی ( حیکایـەت ) یـان ( نـەقڵ ) یـان ( مەتـەڵۆك )ەوە پەیـدا بـووە و بەشـێکی گـەورەی ئـەو ئەدەبەیە([١]). عەلائەدین سەجادی لە بارەی ئەو چیرۆکانەوە دەڵێ : ( تا سەردەمی دوایـی و بەڵکۆ تا سەدەی بیستەم بریتی بووە لەو سەرگوزەشت و حەقایەتانە کە لـە مێژوویـەکی پێشـینا ڕوویانـداوە و پاشـان بـە شـەوان لـە گـوێی ئاگردانـەکان دانیشـتوون یـەکێك بـۆی گێڕاونەتەوە)([٢]).

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانـەی لـەم دواییـەدا هاتوونەتـە ئـەنجام ، چـیرۆکی ( مـەم و زیـن )ەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی ، کە مێـژووی نووسـینی دەگەڕێتـەوە بـۆ هـاوینی سـاڵی ١٨٥٦ یەکەم چـیرۆکی کوردییـە لـە مێـژوودا سـەریهەڵداوە([٣]). ئەمـەش لـە ئـەنجامی ئـەو بەڵگانەوە هاتۆتەکایەوە ، کە هەردوو مەولوودنامە و عەقیدەنامەکەی ( شێخ حسێنی قازی ) و ( مەولانا خالیدی نەقشەبەندی)، کە پێشتر بە چیرۆك دانرابوون لە بنچینەدا داهێنـان و نووسین نین ، بەڵکو لە بنەڕەتدا بەرهەمێکی عەرەبین لە سەر دەستی ئەمان وەرگێڕاوەتـە سەر زمانی کوردی([٤]). چل چیرۆکەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی ( جامع الحکایـت ١٨٦٠ ) ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ ، کە ( چیرۆك ) لە ژێر نـاو و فـۆرمی ( حیکایـەت )دا لـە ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەمی کـورددا هـەبووە و لـە شـێوەی زارەکییـەوە نووسـراوەتەوە ، بنەما و ڕەگ و ڕیشەی لە منداڵدانی حیکایەت و لە ژێر کاریگەریی کولتووری ئەورووپیدا بەم شێوە هاوچەرخەی ئەمڕۆدا هاتۆتە کایەوە . ئەم بۆچوونە مێـژووی سـەرهەڵدانی چـیرۆك و

---

[١] - د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، ل ١٨.

[٢] - عەلائەدین سەجادی ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کـورد ، بەغـدا ، ١٩٧٨ ، ل ١٦٨.

[٣] - د.فەرهاد پیرباڵ ، مەلا مەحمودی بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشانووسی کورد ، ل ٢٦.

[٤] - عەبولرەزاق بیمار ، پەخشانی کوردی ، ل ٥٦.

قۆناغی سەرەتا و نەشونماکردنی لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوەیەکیتری جیاواز دەخاتـە ڕوو . لە لایەکیترەوە تا سەرهەڵدانی پڕۆسەی چاپ لە ناو کورددا سەرجەم ئەو چیرۆکانەی وەك بەڵگە ماونەتەوە تەنیا بە دەستنووس یان لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە بە وەرگێڕاوی یان بە ئەلف و بێی لاتینی لە چاپدراون ، بۆیە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی بە زمـانی کـوردی ئـەو چیرۆکانەی ژیاندەوە و بە تیراژێکی زۆر فراوان بڵاویانی کردەوە ، سەرەتاش لـە گۆڤـاری ( ڕۆژی کورد ١٩١٣ ) (*)دا بۆ یەکەم جار کەوتە بەردەستی خوێنەری کورد . لەوە بە دوا تا سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) هیچ چیرۆکێکی کـوردی لـە ڕۆژنامەنووسـیی کوردیـدا بەرچاو ناکەوێ(**).

سەرەتای کۆلۆنیالکردنی عێراق گۆڕانێکی ئەوتۆی کردە بنەمای ڕۆشنبیری و سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و ئومێـدیان خسـتە دەروونـی ڕۆشـنبیرانەوە و بـوو بـە مایـەی لـە دایکبـوونی ڕۆژنامـە و گۆڤـاری جۆراجـۆر ، لـە ڕێگەیانـەوە یەکـەم هەوڵـدانی نووسـین و بڵاوکردنەوەی چیرۆك لە عێراقدا پەیدابوو تا لەگەڵ ڕۆژگاردا جێگەی خۆیی لە پـاڵ شـیعردا کردەوە([1]). هونەری چیرۆك لە هەموو دنیـادا پابەنـدە بـە پێشـکەوتن و ڕۆشـنبیرییەوە ، ئەمەش بە تـەواوی لای کـورد پەیوەسـتە بـەو کـات و سـەردەمەی پـاش جـەنگی یەکـەم و کۆلۆنیالکردنی باشووری کوردستان ، چونکە دەبوایە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بارێکی لە بار هەڵکەوتایـە بـۆ ئـەوەی دەرفـەتی سـەرهەڵدانی بدرایـەتێ (( لـە عێراقـدا لـە دوای شـەڕی گەورەی یەکەمەوە لەو شێوە سەرەتاییەی بۆ هەڵکەوت و خۆشی { چیرۆك – ئومێد } بـە

---

* – ئەم گۆڤارە لە چوار ژمارەیدا سێ بابەتی لە ژێـر نـاوی ( چـیرۆك )دا بـە بـێ ناونیشـان بڵاوکردۆتـەوە و ناوەرۆکی چیرۆکەکانیش لە فۆلکلۆری کوردییەوە وەرگیراون ، لە ژ ( ١ )دا چیرۆکەکە باسـی بـە سـەرهاتی شەویشی کوڕی شوانێك دەکا و نووسەرەکەی ( فوئاد تەمۆ )یـە . لـە ژ ( ٣ )دا ( چـیرۆکی کرمانجـا )ی ( کندۆ ) و لە ژ ( ٤ )دا چیرۆکی شێر و ڕێوی و گیانلەبەرانە ، کە بە بێ ناوی نووسەر بڵاوکراوەتەوە

** – لە ژ ( ٤ ، ٥ ، ٦ )ی گۆڤاری ( ژین )ی ١٩١٩ی ئەستەمبوولدا سـێ چـیرۆکی بـە نـاوەرۆك و بابـەت کوردی ، بەڵام بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە ، بۆیە ناچنە ڕیزی چیرۆکی کوردییەوە .

[1] – د.عبدالاله احمد ، نشاة القصة و تطورها في العراق ١٩٠٨-١٩٣٩ ، الطبعة الثانية ، دار الشؤون الثقافية العامة ( افاق عربية ) ، بغداد ، ١٩٨٦ ، ص ٢٠ و٧٧ و٨٢.

شێوەیەکی سەرەتایی سەریهەڵدا)([1]). چیرۆك تاقە ژانرێکە لە هەموو ژانرەکانیتر زیاتر پێویستی بە جێگەیەکی لە بارە بۆ ئەوەی خۆی بە زۆربەی خوێنەران بناسێنێ ، باشترین دەرفەتی لە توێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسیدا بۆ ڕەخسا تا گەرماوگەرم بلاوبکرێتەوە و بکەوێتە بەردەستی خوێنەران ، بۆیە لای زۆربەی نەتەوەکان بەردەوام باسکردنی چیرۆك دەبەسترێتەوە بە ڕۆژنامەنووسییەوە ، چونکە ڕۆژنامەنووسی ( وەك ڕاستییەك دەورێکی بالآیان بینیوە لە مەیاندن و خەملاندنی ئەم بەشە گرنگەی ئەدەبدا)([2]).

ڕۆژنامەی ( پێشکەوتن ) یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی عێراقە دەستپێشخەری کردووە لە بلاوکردنەوەی چیرۆکدا ، زەمینەی سلێمانیش بارێکی شیاو بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ، ئینگلیزیش ڕۆڵی سەرەکییان لەم بوارەدا بینی لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی بابەت و بەرهەمی نوێی ئەوروپی و وەرگێڕانی چیرۆك و ڕۆمانی بیانیدا ، کە سەرنجی ڕۆشنبیرانی کوردی بەرەو چیرۆکنووسین ڕاکێشا و لە ئەنجامدا چیرۆکی کوردی لە ڕۆژنامەکانی سلێمانیدا سەریهەڵدا . لە لایەکیترەوە بلاوکردنەوەی بابەتی وتووێژە و گفتوگۆی ئەدەبی ، وتاری ئەدەبی ، ژیاننامە ، چیرۆك و سەرگوزەشتەی فۆلکلۆری و چەند بابەتێکیتر بوون بە بنەمایەکی بەهێز و هەوێنێکی بێگەرد بۆ مەیین و سەرهەڵدانی هونەری چیرۆك و بەردەوامیی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکانی سلێمانیدا . هەر ئەو بنەمایەش بوو بە هۆی ئەوە( زۆربەی چیرۆکنووسانی کورد و بە درێژایی قۆناغەکاندا سەر بە ناوچەی سلێمانی بن و زۆربەی چیرۆکەکان بە دیالێکتی
خوارووو بنووسرێن)([3]).

---

[1] – حسێن عارف ، ل ١٢.

[2] – عومەر مەعروف بەرزنجی ، ل ٩.

[3] – حسین عارف ، حجم القصة في الادب الكردي بلغة الببليوغرافيا ، ملتقى القصة الاول ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٧٩ ، ص١٣٥.



«پیشکوتن»

خوشنات

بو پیشکوتن

ده نوسری

یکی به ئه یکه

# پیشکوتن

حفته‌ی جاریك ده‌رده‌چیت

کریار

بو خوشوینیك

بە ۳۰ مانگ یك

بەشش مانگ دو

بە سالیك چوار روپیه دەدا

اعلان و ئینیکی خوی

لەبەر داوایدادەنوسریت

بو دو دیر ۳ آنه دەسێنریت

—( سال ۱ ژماره ۱ )— دوزپنجشنبه ۱۱ شعبان ۱۳۳۸ ۲۹ ابریل ۱۹۲۰ )—

— لەهمو ماکەیك باشتر ماکنهٔ چاپه —

یکی لە شتی پیشکوتن چاپە لە هوشیك جوانتر بکارتر هر امەیه . ایش و کارمان زو بوراده پریی . بلام ئیستە چا کانه که اوراي دەپریی هرکس بنی دست دەکویت . چونکه هر یکی نوە کە من پی بیم و تو پی بینی . والله عام پیشودا یکی پادەیکی زوری نەبو بە تەی دەمرانی خوندن و نوسین چونکه اگر هوس نوسین و خوندیش بوایه لەرامه کتب نیو هیچی بونه دەکرا . اوسا کتبان چونکه بەیك دو مانگ نوسین بیك بەدەست دەچو لەجار کردنمادا کتیبك هاتوی بەکلك بو یە لەهر ولاتدا یکیکی لای یکیك هبو اوخاو . کتیبەش چ بکلکیەکی زور زور خوش او بست هل اکرت و دیشاردەوه . واهبو بەسالیك کە نی او کتیبەی دربە اخست .

ارامە کە کتیب وابدکران دست اەکوت لەناو صد کسدا یکی خوبندەوار ابو . کەوهاتە ایستانا . تاچن هزار سالیکی تریش کس بم روزه نەاگیشت .

بلام پیاو یکی نی کیشتو همو وخت خوی لەر یکای ام ایشه چاکدا دانا . ور ده ور ده دولدا دو سە کسیش یار بەدری بون . چاپیان داهینا .

کە چاپەکی دا ، لەسر درگای چاپخانەکەیەوە نوسیبوی « هیچ شتیك لەرحرا ، هیلدردا خوی نیا کری » ام قصه حکرنه واستیکی زور زل نی دایه . ام پاوه کە خوی زور بچ . کە بوبەداهینانی ام چاپە زل زل بو . زور زور زل بو ( حکومە[illegible] ) بو

بلام اوبم همو زلیەوه بەقد حکومت وام حاکم وخته زل نبو . چونکە دوچن اودای میا بلام ابیش وابەی داهینا هر وکو به ( آدم ) این ( ابوالبشر ) بە ( نوح ) پیش کەله

باش طوفان مندالی خستەوه هروا ابن . ایمەیش بو پیش داین داهینروبه میش .

بلام لەداهینری پیشو هیچ منت نازانین . چونکه اوی پیشان ایمەی دالمەبجام لویەوه دەزانی با بزانی . ایمە بەوەی کامان وبستامرو پی کیشتین . خوالم حکومت وحاکمه بەز یاکا .

انجا ایمەیش و خیانه کەهنکاو زل زل بیاو بن . چونکه نیاتای پیش کوتندا زور لەدوابن . حکومت امرویش وامثال ایجەکری کەبتوانین بەپلیش خیزین امرو . . . لەسای حکمومتەوه بوهمو پیش کوتنی هول بدەین اوی نازانین زانسته کامان بومان بتوسن . بچاپ اکریت وهتا دنیا بمیتبت امینیت . اگر ایستاش هرلەدوا کوتین دتر زلی ویشال و دلرشی خریك بین ابین بە بنك ولات . او وخته بو مردنیش ناشین — دە ساوخته وخت پیش کوتن ولی خورینه — لی خورین سل خرین لی خورین — بیکم بیکبن بە هوار .

— —

حکومت خریکی چاك کردنی ریکایە

ریکای سرداش : لەدوکانەوه دەبرنەوه اوریك بچارانەوەدروانە دربند .

ریکای الیجه . لەهوانەوه قرن وادر یکاتا ابرایمی ریکا کەلەنزیك بستانسو رەوە دەبرنەوه . پاشدا لەنزیك ا... وه دەبدان بوکی الیجه دەبرنەوه . بوام ریکایە دو برابر تابجر دەکن .

ریکای کفری — خریکی هلستنی کوره خشت وقصان بیاوبرده کوردیه کەلسر تابجر ودکریت ریکا کش ناسر زاز یلە تماشا کراوه

— —

| ز | چیرۆکنووس | ناونیشانی چیرۆك | ڕۆژنامە | ژمارە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بێ ناو | تەمەع – چاوبرسی | پێشکەوتن | ٤ | ١ – ٢ |
| ٢ | م.س.ع | چۆنە بزانین | پێشکەوتن | ٥ | ٣ |
| ٣ | م.ع.ن | حیکایەتی پشت کێوی قاف | پێشکەوتن | ٣٤ | ٢ – ٣ |
| ٤ | م.ئەنوەر | بەیاخ جلدروو | پێشکەوتن | ٣٤ | ٣ |
| ٥ | س | موفلیس و بێکار | پێشکەوتن | ٥٠ | ٣ –٤ |
| ٦ | ئادەم زادە قایل | حیکایەتی پیاوی زۆرزانی پارە کەم و نەزانی پارە زۆرت بۆ بکەم | پێشکەوتن | ٥٣ | ٣ |
| ٧ | کەریم سەعید | بۆچی جلخوارم | ژیانەوە | ١٥ | ٢ – ٣ |
| ٨ | بێ ناو | لە خەوما– سەرەتا و بەشی ١ – ٤ | ژیانەوە | ٢٨ – ٣٢ | ٤ |
| | بێ ناو | لە خەوما – بەشی ٥ – ١٠ | ژیانەوە | ٣٤ – ٣٩ | ٣و٤ |
| | بێ ناو | لە خەوما – بەشی ١١ و ١٢ و ١٣ | ژیانەوە | ٤١و٤٣و٤٥ | ٣ و ٤ |
| | بێ ناو | لە خەوما – بەشی ١٤ – ١٨ | ژیانەوە | ٤٧–٥٠ و٥٦ | ٣ و ٤ |
| | بێ ناو | لە خەوما – بەشی ١٩ – ٢٣ | ژیان (تەواونەکراوە) | ١و ١٠ و ١٩ و ٢١ و ٢٦ | ٣ و ٤ |
| ٩ | ع | حیکایەت | ژیان | ١٠ | ٢ – ٣ |

سـەرجەم چـیرۆكەكانى ڕۆژنامـە كوردییـەكانى سـەردەمى كۆلۆنیـالیزمى ئینگلیـزى لـە باشوورى كوردستاندا لەم خشتەیەى لاى خوارەوە دەردەكەوێ ، كە هەندێكیان بە تـەواوى لە سەر بنەمایەكى فۆلكلۆرى دامەزراون :

ئـەم خشـتەیە ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەكاتـەوە ، هەرچـەند لێكۆڵـەر و ڕەخنـەگرانى كـورد ئەوەیان یەكلا كردۆتەوە ، كە یەكەم چیرۆكى هونەریى كوردى لە عێراقدا ( لە خەوما )كەى ڕۆژنامەى ( ژیانەوە )یە ، بەڵام ئەوە دەسەلمێنرێ ، كە مێژووى سـەرهەڵدانى لـەو مێـژووە كۆنترە و چـەند سـاڵێك دەچـێتە دواوە . لـە ڕێگـەى ڕۆژنامـەى ( پێشـكەوتن )ەوە چـەند نموونەیەكى سادەى چیرۆكى هونەریى كوردیمان دەكەوێتە بەرچـاو ، كـە تـا ئـەم دواییانـە باس نەكراون . نەك هەر ئەوەندە ، بەڵكو لە ژمارە سـەرەتاییەكانى ڕۆژنامـەى ( ژیانـەوە )شدا و پێش بلاْوكردنەوەى چیرۆكى ( لە خەوما )دا بە ( ٣ مانگ و١٠ڕۆژ ) چیرۆكى ( بۆچى جلخوارم ) بلاْوكراوەتەوە و بەمەش چیرۆكى ( لە خەوما ) نابێتە یەكەم چیرۆكى هونەرى ، بەڵكو دەبێتە یەكەم چیرۆكى هونەریى درێـژى تەواونـەكراوى كـوردى ، كـە بـە شـێوەیەكى كـامڵتر هاتۆتەكایـەوە . دواتـریش لـە ڕۆژنامـەى ( ژیـان )دا هەنـدێ پەخشـانى هونـەرى و گفتوگۆى ئەدەبى دەبینرێ ، كـە دەچـنە قـاڵبى ( وێنـەى چـیرۆك )ەوە و هەنـدێ بنـەماى چیرۆكى هونەرییان تێدا بە دى دەكرێ ، بەڵام بە چیرۆكیش ئەژمار ناكرێن .

لە بیستەكانى سەدەى بیستەمەوە چـیرۆك لـە ڕۆژنامەنووسـیى كوردیـدا گەشـەى كـردو بایەخى پێدرا ،ڕۆژنامەى ( ژیان ) و ( ژیـن )ى سـەردەمى پیرەمێرد و گۆڤارەكـانى ( زارى كرمـانجى ) ، ( ڕوونـاكى )،( گەلاوێـژ ) ، ( پـەیام )،( هــەتاو ) ، ( هیـوا )، (شــەفەق )، (پێشكەوتن ) تا ساڵى ١٩٥٨ چەندین چیرۆكى كوردییان بلاْوكردۆتەوە. ئەمانەش لـە ڕووى هونەرییەوە زۆربەیان لە سەر بنەماى حیكایەتى فۆلكلۆرى و بە سەرهاتى ئاسـایى نووسـەر یان بە شێوەیەكى هونەریى ناتەواو دانراون . گۆڤارى ( دەنگى گێتیى تازە )ش دەسـتێكى باڵاى لەم بوارەدا هەبووە و ئەمیش هەر بە هەمان شـێوە بـووە ، بـەڵام هاوكـات نموونـەى چـیرۆكى هونــەریى بـەرزى ئـەو سـەردەمەى پێشـكەش كـردووە. سـەرجەم چـیرۆكەكانى گۆڤارەكە تا یەكەم ژمارەى بەرگى پێنجەمى لەم خشتەیەدا دەردەكەوێ :

| | چیرۆکنووس | ناونیشانی چیرۆك | بەرگ | ژمارە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیبراهیم نادری | ژنە کوردێ | ٤ | ٢ | ١٢٦–١٢٩ |
| ٢ | ئیحسان | دایك | ١ | ٤ | ٢١–٢٢ |
| ٣ | ئیحسان | سکالاّی مردوو | ٢ | ٥ | ٤١٨–٤٢١ |
| ٤ | تۆفیق وەهبی | بەختیار و بەدبەخت | ١ | ١ | ٣–٥ |
| ٥ | تۆفیق وەهبی | قەزای دێزە کەوت لە گۆزە | ١ | ٣ | ٩–١٢ |
| ٦ | تۆفیق وەهبی | ئەز خولاّمی چاوی دەکۆلّیم | ١ | ٥ | ٢–٨ |
| ٧ | تۆفیق وەهبی | کەر ئەحمەد | ٢ | ١ | ١٨–٢٣ |
| ٨ | دلّسۆز | خوایە حەقین وەکەی | ٣ | ٣ | ٢٤٩–٢٥٤ |
| ٩ | دلّسۆز | کورد نەفسی بەرزە | ٤ | ١ | ٦٥–٦٧ |
| ١٠ | دلّسۆز | هەرکەسێ بە خەیالّی خۆی ئەدوێ | ٤ | ٣ | ٢٧١–٢٧٤ |
| ١١ | دلّسۆز | ئاش مێژ توویەتی | ٤ | ٣ | ٢٧٤–٢٧٦ |
| ١٢ | حسێن حوزنی | خاوەند دارستان و پشیلە | ١ | ١ | ٤٦ |
| ١٣ | حسێن حوزنی | سەپان و جوتیار | ١ | ٢ | ٢١–٢٢ |
| ١٤ | حوزنیی موکریانی | چاك و بەد | ١ | ٤ | ١٤–١٧ |
| ١٥ | حوزنیی موکریانی | گوندێکی کاولبوو | ٢ | ٢ | ١٢٥–١٢٦ |
| ١٦ | حوزنیی موکریانی | مام پیاو | ٢ | ٣ | ٢٦٣–٢٧٠ |
| ١٧ | حوزنیی موکریانی | پادشا و کراس | ٢ | ٥ | ٤٦٢ |
| ١٨ | حوزنیی | جوتبەندە و دێو | ٣ | ١ | ٨٢–٨٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | موکریانی | | | | |
| ١٩ | حوزنیی موکریانی | وشیار کچە پیرێژنێکی گوندیٚ | ٣ | ٥ | ٤٦٦-٤٦٨ |
| ٢٠ | حوزنیی موکریانی | خانزاد ، کۆشکێکی ڕەنگینی قەشەنگ | ٤ | ١ | ١٤-٢٧ |
| ٢١ | حوزنی موکریانی | دز و ڕەبەن | ٤ | ٢ | ١٥٥-١٥٧ |
| ٢٢ | خدۆك | دەتەویٚ بژی ؟ فریو مەخۆ | ٤ | ٢ | ١٥٨-١٦٢ |
| ٢٣ | خدۆك | هاوڕێی خراپ | ٤ | ٣ | ٢٨١-٢٨٣ |
| ٢٤ | خدۆك | دەوڵەمەندێکی دڵسۆز | ٤ | ٤ | ٣٧٨-٣٧٩ |
| ٢٥ | ڕێبوارێکی ڕەواندز | میوان پەزیر و دڵنەوازەیی | ٤ | ٦ | ٥٥٣-٥٥٩ |
| ٢٦ | ڕەفیق چالاك | پیریٚ ژنێك | ١ | ٦ | ٦-٨ |
| ٢٧ | سەلام | یا مەنە یا هۆقە ، نە مەنە و نە هۆقە | ٢ | ٣ | ٢٧٣-٢٧٧ |
| ٢٨ | محەمەد ساڵح سەعید | مام نەریمان و کوڕەکانی | ٤ | ٦ | ٥٦٨-٥٧٠ |
| ٢٩ | بیٚ ناو | سیٚ کەسی هاوڕیٚ | ٤ | ٣ | ٢٧٦-٢٧٧ |
| ٣٠ | بیٚ ناو | تەرزی دابەشکردن | ٤ | ٤ | ٣٧٧ |
| ٣١ | بیٚ ناو | خاوەن زەویی وریا | ٤ | ٦ | ٥١٩-٥٢١ |

چیرۆك وەك هەرکارێکی هونـەری لـە کۆمەڵـە کەرەسـتەیەك پێکـدیٚ و بـە پێـی چـەند یاسایەکی دیاریکراوی تایبەت ڕێکدەخریٚ و یەکەیەك پێکدێنیٚ ، ئەو کەرەستانە بناغەی دروسـتبوونی بینـای هونـەریی چـیرۆکەکانن . زۆربـەی لێکۆڵـەرانی کـورد باسـی لایـەنی ناوەرۆکیان کردووە و و بینای هونەرییان پشتگویٚ خستووە ، کەچی ڕوخسار و ناوەرۆك دوو ڕووی یەك شتن و تەواوکەری یەکن و نەبوونی یەکێکیان دەبێتە هۆی نەبوونی ئـەوی

دیشیان . لەم ڕوانگەوە هەوڵدەدەین هەردوو لایەنی ڕوخسار یان بینای هونەری و ناوەرۆك یان بابەت و مەبەستەکانی هەندێ لە چیرۆکەکان بە کورتی بخەینە ڕوو.

## - بابەت و مەبەستی چیرۆکەکان :

لە ڕووی هونەرییەوە چیرۆکەکان بە گشتی لە دوو جۆر پێکهاتوون :

جۆری یەکەم : ئەو چـیرۆکانەیە ، کـە بنەمایـەکی فۆلکلۆرییـان هەیـە و لـە زاری خەڵکـەوە وەرگیراون ، ئامانجیان ڕێنمایی و ئامۆژگارییە ، دیاردەیەکی ناپەسەندی کۆمەڵ پیشاندەدا و هانی خەڵکەدا خۆیانی لێ بەدوور بگرن، ناوەرۆکەکانی زۆر سـادەن و زۆرجـار چـیرۆکبێژ ئاماژە بۆ کۆنی بابەتەکەی دەکا ، کارکتەرەکانی بە تەواوی پێچەوانەو دژ یەکن، دایـەلۆگی نێوانیان لە یەك ئاست و بە هەمان زمان و شێوازە، کات و شـوێن بـە خێرایـی گۆڕانیـان بـە سەردادێ و بارودۆخەکان پێچەوانە دەبنـەوە، هەنـدێ جـاریش بنەماکـەیان لەسـەر پەنـدی پێشینان دامەزراوە و بۆ مەبەستێکی تایبەت دەوترێ . ئەم چیرۆکانە زیاتر دەچنەوە سـەر قاڵبی حیکایەتی فۆلکلـۆری و میللـی، کـە( بـە فـراوانترین شـێوەکانی فۆلکلـۆری بلاوبـووی نێوان خەڵك دادەنرێ)([1]).

زۆربـەی بابـەتی ئـەم چـیرۆکانە بریتییـە لـە کێشـە و گیروگرفتـی چینایەتیی کۆمـەڵی کوردەواری و لە واقیعەوە وەرگیراوە و گرنگی و تایبەتیی خۆیی هەیە ، چـونکە (( بنـەمای چیرۆکی کوردی ئەو حیکایەتە میللیانە بووە کـە دەمـاودەم بۆمـان ماونەتـەوە)([2]). ئەمـە نەك تەنیا بۆ چیرۆك ، بەڵکو سەرجەم ئـەدەب دەگرێتـەوە ، چـونکە (( فۆلکلـۆری کـوردی کۆنترین بەرهەمی ئەدەبیمانە و بناغەیەکی پتەوی گەشەپێدانی ئەدەبی ئەمڕۆمانە)([3]). لە هەمان کاتدا ( ناوەرۆکی فۆلکلـۆری کـوردی کـارتێکردنێکی هـەرە گـەورەی کـردە ئەدەبـە ڕیالیزمییەکان و ناوەرۆکی داستانە کوردییەکانیان لە قاڵبی نوێدا ڕێکخست و لە ڕۆح و بیری

---

[1] - ئیسماعیل ڕەسووڵ ، چەند باسێك دەربـارەی ئـەدەب و ڕەخنـەی ئـەدەبی ، چـاپخانەی ( دار الحریـة ) ، بەغداد ، ١٩٨١ ، ل ٨٧.

[2] - مستەفا ساڵح کەریم ، سەرەتای لە دایکبوونی چیرۆکی کـوردی ، گۆڤـاری کـاروان ، ژ ٣٧ ، سـاڵی ٤، تشرینی یەکەم ١٩٨٥ ، ل ١٤.

[3] - د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، ل ٧ .

هاوچەرخ فوویان تێکردووە)(1). ناوەرۆکی ئـەدەبی زارەکـی و فۆلکلـۆری یەکێکـە لـە هـۆ سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی هاوچەرخ نەك تـەنیا لای کـورد ، بـەڵکو لای زۆربەی نەتەوەکان (( چونکە چیرۆك لە ئەدەبی هاوچەرخدا لە دوو ڕێگەوە لـە دایکبـووە ، یەکەمیان کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژئاوا. دووەمیـان کاریگـەری کولتـوور و ئـەدەب و چـیرۆکی فۆلکلۆریی کۆن)(2).

ئەگەر دیاربوونی چیرۆکنووسیش مەرجێك بێ بـۆ جوداکردنـەوەی چـیرۆکی فۆلکلـۆری و چـیرۆکی هونـەری ، ئـەوە زۆربـەی ئـەو بەرهەمانـەی لـە فۆلکلـۆرەوە وەرگـیراون نـاوی نووسەری پێوەیە و دەچنە قاڵبی چیرۆکی هونەرییەوە(3).

چـیرۆکی فۆلکلـۆریی کـوردی گەشەسـەندن و بەرەوپێشچـوونی مێـژوویی ئەفسـانەیە و پێوەندییەکی بەتینیان لە نێواندایە و لـە ڕووی فـۆرم و دارشـتنەوە هاوشـێوەن ، بـەلاّم لـە ڕووی کەرەسە و ناوەرۆکەوە جیاوازن(4). هـەر ئـەم چـیرۆکانەی بـە حیکایـەت نـاودەبرێن بەشێکن لـە چـیرۆکی هونـەری ، کـە بـە پێـی هونـەری نووسـین و دارشـتن دەکرێتـە چـوار بەشەوە ( کورتە چیرۆك ، چیرۆك ، چیرۆکی درێژ یان ڕۆمان ، حیکایەت یـان ڕاز )، ئەمـەی دواییـان بەسـەرهاتێکی ڕابـردوو یـان شـتێکی هەڵبەسـتراوە و دەمـاودەم دەگێڕێتـەوە ، حیکایەتنووسیش وەك حیکایەتخوان وایە چۆنی بیستووە هەر بەو شێوەیە دەینووسێتەوە ، بەلاّم بە شێوازی تایبەتیی خۆی و بێ ئەوەی پێڕەوی هونەری چیرۆك بکا(5).

بابەت و مەبەستی ئەم چـیرۆکانە تـەنیا دەرخسـتنی دیـاردە ناپەسـەندەکانی کۆمەڵـە و ئامۆژگاریکردنە . دیاردەی تەماحکاری و چاوبرسێتی لە( بەختیار و بەدبەخت) و (تەمەع – چاوبرسی )دا دەردەکەوێ ،کە باس لە دوو گەنج دەکا پاش چەند ساڵێك لە خزمەتی سوپا شەوێ دەگەڕێنەوە بـۆ سـەردانی ماڵـەوە و پارەیـەکی زۆریـان پێـدەبێ ، یـەکێکیان تـەنیا

1 – د.عزالدین مصطفی رسول ، الواقعية في الادب الكردي ، ل ٣٠.

2 – مجد محمد الباكير البرازي ، ل ١٤٢.

3 – د.فەرهاد پیربالّ ، مەلا مەحموودی بایەزیدی یەکەم چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد ، ل ٧٣.

4 – ئیسماعیل ڕۆژبەیانی ، پەیوەندی لە نێوان ئەفسانە و حیکایـەت چییە ؟ ، گۆڤـاری بـەیان ، ژ ١٨٦ ، ساڵی ٢٠٠٠ ، ل ١٦-١٧.

5 – ساجد ئاوارە ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد ، چاپخانەی ژین ، سلێمانی ، ١٩٦٧ ، ل ٣٧.

دایکیٚ پێرەژنی هەیە بە شاراوەیی پاش گفتوگۆ و هەوڵدانێکی زۆر دەچێتە ماڵەوە . شـەو دایکە بە هـۆی تەماحکارییـەوە کوڕەکـەی دەکـوژیٚ و پارەکـەی دەبـا ، دواتـر لـە ڕێگـەی هاوڕێکەیەوە پیرەژن دەزانیٚ ئەوەی کوشتوویەتی کوڕی خۆی بووە و دەستدەکا بە گریـان و پەشیمان دەبێتەوە . دیاردەی درۆکردن لە چیرۆکی ( چـۆنە بـزانین )دا . دزیکـردن لـە ( بـەیاخی جلـدروو ) و ( دز و ڕەبـەن )دا .چاوچـنۆکی و خیانـەت لـە ( چـاك و بـەد )دا دەردەکەویٚ . هەروەها چەند بابەتێکیتر دەبینـریٚ وەك ستـەمکردنی ئاغـا و دەرەبـەگ لـە ژێردەستەکانیان لـە چـیرۆکی ( سـەپان و جوتیـار )دا . کـردەوەی نـاڕەوای ئاغـا و پیـاوە ئایینییەکان لە ( خاوەن زەویی وریا )دا. ئامۆژگاری بۆ بە دەستهێنانی کردەوەی چاك لە ( مام نەریمان و کوڕەکانی )دا . سوارچاکی لە ( ئەز خولاٚمیٚ چاوی دەکۆڵیم )دا . گـەڕان بـە دوای موستەحل لە ( پاشا و کراس )دا . خستنەڕووی ژیـری ئـافرەتی کـورد لـە ( وشـیار کچە پیرەژنێکی گوندیٚ )دا و دەرخستنی ئەو ژیرییە لـە پلەیـەکی بـەرز و زێدەڕۆییـدا لـە ( جووت بەند و دێو )دا و بە پێچەوانەوەش دەرخستنی نا ژیری و دواکەوتن لـە ( حیکایـەتی پیاوی زۆر زانی پارە کەم و نەزانی پارەی زۆرت بۆ بکەم )دا بەرچاودەکەویٚ .

هەندیٚ لەو پەند و ئامۆژگارییانە لە سەر زاری ئاژەڵ و گیانلەبەران لە نێوان خۆیاندا یـان لەگەڵ ئادەمیزاددا دەرخراوە و سەرەتایەکیان بۆ چیرۆکی ئاژەڵاٚن لە باشووری کوردستاندا دەستنیشان کردووە و لە ( حیکایەت ) و ( خاوەن دارستان و پشیلە ) و ( هاوڕێی خـراپ ) و ( دەتەویٚ بژی ؟ فریومەخۆ ) و ( دەوڵەمەندێکی دلسۆز )دا دەردەکەویٚ .

هەندیٚ لە چیرۆکەکان بۆ کات بە سەربردن و پێکـەنین دانـراون ، کـە هـیچ مەغزایـەکیان نییە جگە لەوەی پشوویەك بە مرۆڤەدا لە ئازارەکانی دنیا بۆ ماوەیـەك ڕزگـاری بـیٚ. ئـەم بابەتەش لە( کەر ئەحمەد) و( هەرکەسیٚ بە خەیاڵی خۆی ئەدویٚ ) و ( سیٚ کەسی هـاوڕیٚ ) و ( تەرزی دابەشکردن )دا دەردەکەویٚ .

جـۆری دووەم : ئـەو چـیرۆکانەی بابەتـەکانی لـە دیاردەیـەك یـان ڕووداوێکـی سـەردەمەوە بنچینەیان گرتـووە ، ئـەم ناوەرۆکانـە هەرچـەند شـێوازەکانی سـادەبیٚ ، بـەلاٚم نـاتوانین بیانگەڕێنینەوە بۆ سەردەمێکی کۆن .

بابەتی سیاسی و ڕەخنەیی بۆ یەکەم جار لە چیرۆکی ( حیکایەتی پشت کێـوی قـاف )دا سـەریهەڵداوە و ناوەرۆکەکـەی بریتییـە لـە ڕەخنـەی سیاسـی دژ بـە دەسـەلاٚتەکەی شـێخ

مـەحموود نێـوان سـاڵانی ( ١٩١٨–١٩١٩ )دا . قـەومی قوربـان ، کـە خـەڵکی ناوچـەکەن و بەردەوام بە گەورەکانیان وتووە ( قوربان ) دەکەونە ژێر ئـازار و سـتەمی ئـەو گەورانـە تـا بەرێکەوت ( قەومی ڕۆژئاوا ) ، کە دیارە مەبەست لە ئینگلیزە ، دێن و ڕزگاریـان دەکـەن و لە سایەیاندا قەومی قوربان شاد دەبنەوە ، بەڵام پاشماوەی دەسەلاتی پێشووی گەورەکان وازیان لێناهێنن و شەوانە دەستی خۆیان دەوەشـێنن و هەڕەشـەیان لێدەکـەن و بـەردەوام ئـەوەیان دەخەنـە بەرچـاو ، کـە ( دنیـا هـەروا نابێـت ) ، قـەومی قوربـانیش بێـدەنگ و بێدەسەلات هیچ وەڵامیان نابێ لە سەرشۆڕی زیاتر ، لە ئەنجامـدا پیـاوێکی ژێـر ڕای خـۆی بەرانبەر ئەو قەومە دەردەبڕێ ، کە وەك کوێرێکن دەیانـەوێ خـوا چـاویان تیمارکـا و هـیچ هـەوڵێك بـۆ خۆیـان نـادەن . ڕەخنـەکان لـە شـێخ مـەحموود و لایـەنگرانی گـیراوە . لـە لایەکیترەوە ڕەخنەیە لە دانیشتوانی ناوچەکە ، چونکە بڕیاری خۆیانیان نەداوە بۆ ئـەوەی خۆیان لەم پاشماوەیە ڕزگارکەن . بیر و ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە دەبێتە هێڵێکی ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ چیرۆکی ( لە خەوما )دا ، کەچی ئەمیان بە دریژی و لە ژێر پەردەی خەوندا و زۆر بە وردی و ڕوونی ڕەخنە لەو دەسەلاتە دەگرێ ، بەڵام لە کۆتاییدا چیرۆکەکە تەواو نـەکراوە و ئەنجامەکەی نەزانراوە . ڕووەکانی لێکچوونی هەردوو چیرۆکەکە لـەوەدا دەردەکـەوێ ، کـە هـەردووکیان لـە شـێوەی ڕەمـزدا نووسـراون ، یـەکێکیان لـە شـێوەی حیکایـەتی میللـی و ئـەویتریان لـە ژێـر پـەردەی خـەودا ، بابـەتی هـەردووکیانیش سیاسـی ڕەخنەگرانەیـە و پەیوەستن بە باری سیاسیی ئەو ڕۆژگارەوە . ئەم جـۆرە نـاوەرۆك و ڕەخنـە سیاسـییە لـە چیرۆکی ( بۆچی جلخوارم )داش دەردەکەوێ ، کـە بریتییـە لـە مەنـەلۆجی نـاوەوەی تاقـە کارەکتـەری چـیرۆکەکە ، کـە لـە نـاخی خۆیـەوە دەیـەوێ ببێتـە جلخـوار ، بـەڵام دواتـر هەڵوێستی دەگۆڕێ و پەشیمان دەبێتەوە ، چونکە جلخوارەکان بە کردەوەی نا پەسەند بە ناوبانگن ئەمیش ئەوەی پێناکرێ .

بابەتی چیرۆکی ( خوایە حەقین وەکەی ) باس لە چەند لادێییەکی هەژار دەکـا دێـن بـۆ شار بۆ وەرگرتنی ئازووقەی ( تەموین )ی و ئەمڕۆ و سبەینێیان پێدەکەن بە بـێ ئـەنجام . هەر ئەم ناوەرۆکـەش لـە ( ئـاش مێژتوویـەتی )دا دەردەکـەوێ ، کـە ئاشـەوان لـەو گەنمـە دەدزێ نیردراوە بـۆ ئـاش ، چـونکە ئـاش مێژتوویـەتی . بـەراورد لـە نێـوان شـار و لادێ و دەرخستنی سادەیی ژیانی لادێ و ئاڵۆزیی ژیانی شار بابەتی چیرۆکی ( یا مەنە یـا هۆقـە ،

نە مەنە و نە هۆقە )یە ، کە باس لە پیاوێك دەکا بۆ یەکەم جار دەچێتە شار بـۆ شـتومەك سەندن و لە پێوانەدا تەنیا کێشی مەن و هوقە دەزانێ ، کەچی سەیردەکا لـە شـاردا خەنـە بە کیسە و سبیل بە دانە و خام بە گەز و کلاش بە جووت و شەکر بە کەلـە و سـابوون بـە قالب دەفرۆشرێ ، بۆیە وادەزانـێ خـەڵکی شـار سـەریان لـە خۆیـان شـێواندووە و ژیـانی خۆیانیان ئالۆزکردووە . جەنگ و ڕووداوەکـانی جـەنگی دووەمـی جیهـانی و خسـتنە ڕووی خراپەکاریی ئەڵمانەکان لە چیرۆکی ( پیرێژنێك )دا دەردەکـەوێ ، ئـەم چـیرۆکە لـە هـەموو لایەنەکانییەوە بیانییە و پێوەندی بە کوردەوە نییە و بەوە دەچێ وەرگێڕان بێ .

دایك و سۆزی بێ سنووری لە چیرۆکی ( دایك )دا دەبینرێ . نووسـەر بـاس لـە دایکێـك دەکا بە ڕەنجی شان کوڕێکی بەخێوکردووە و لە ئەنجامـدا دایکـەی لـە مـاڵ دەرکـردووە ، ئەمیش دەیەوێ سکالای لە سەر تۆمارکا لای نووسەر ، کە هەر خـۆی سکالانووسـە . پـاش چەند ساڵێ سکالانووس هەمان ئافرەت بە سۆز و گریانەوە لە سەر قەبری کوڕەکە دەبینێ ، کـە وێـڕای ئـەوەی بـە سـەریدای هێنـا ، بـەلام سـۆزی دایکانـە دەرفـەتی ئـەوە نـادا خۆشەویستی منداڵی خۆی لە دڵ دەرکا . لە ( سکالای مـردوو )شـدا بـاس لـە زەبـوونی و چەوساندنەوەی ئافرەتە بە دەست پیاوی بێ ویژدانەوە . دکتۆر ئاگاداری ئافرەتەکە دەکـا ئەگەر منـداڵی ببـێ ئافرەتەکـە دەمـرێ ، بـۆ جێبـەجێکردنی ئـارەزووی پیـاو و لـە ڕێگـەی فرپیودانەوە ژنەکە سکی دەبێ و ئیتر لە سکالا و گریان بەولاوە هیچی بە دەستەوە نامێنێ ، چونکە دەزانێ لە ئەنجامدا دەمرێ .

بەرانبەر بەم چیرۆکانە هەندێکیان لە شێوەی بیرەوەری و بە سەرهاتی خودیی سادەوە سەرچاوەی گرتووە. لە چیرۆکی ( ژنـە کـوردێ )کـدا چـیرۆکنووس باسـی بیرەوەرییـەکانی خۆی دەکا ، کـە چـۆن ڕوو بـە ڕووی کوشـتن بۆتـەوە لـە لایـەن ئاغایەکـەوە ، چـونکە بـە کەسێکیتریان زانیوە دەستدرێژی کردۆتە سەر ژنـە کـوردێ . لـە ( قـەزای دێـزە کـەوت لـە گۆزە )دا نووسەر باس لە بیرەوەرییەکانی کـاتی منـداڵی خـۆی دەکـا. لـە( میـوان پـەزیر و دڵنـەوازەیی) دا بابەتەکـە بریتییـە لـە وەسـفێکی ڕۆمانسـیزمییانەی دەشـت و کێوەکـانی کوردستان و چۆنێتی ڕێزلێنان و میوانداری کوردە . هەمان وەسفی ڕۆمانسیزمی لە هەنـدێ لە چیرۆکەکاندا دەبینرێ و نووسەر دەچێتە جیهانی نـاوەوەی مرۆڤـ و لایـەنی دەروونـی و ڕەشبینی و گەشەبینی کارەکتەرەکان دەخاتـە ڕوو . لـە چـیرۆکی ( گونـدێکی کـاولبوو )دا

سەرجەم بابەتەکە بریتییە لە وەسفی نەهامەتی و کاولبوویی ئەو گوندە ، لە لایەکیترەوە وەسفی جوانی ئەسپ و خاوەنەکەی و سروشتە.لە( خانزاد ، کۆشکێکی ڕەنگینی قەشەنگ) دا هەمان وەسفی دەشت و دەر و ئەو کۆشکە کراوە لە دەرەوە و ناوەوە، بە هەمان شێوەش وەسفێکی جوانی(خانزاد )ی شۆخ و شەنگ کراوە ، کە بەردەوام خەفتبارە و تووشی ڕەشبینی لەژیاندا بووە و لەئەنجامدا هەر بەو خەفەتەوە ،کە کەس نازانێ چییە دەمرێ .

بەم شێوەیە دەبینین چیرۆکەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز لە عێراقدا لە ڕووی ناوەرۆك و بابەتەوە لە دوو جۆری سەرەکی پێکهاتوون، یەکەمیان لە بنەمایەکی فۆلکلۆرییەوە بنچینەی گرتووە و زۆرتر وەك پەند و ئامۆژگاری خراونەتە ڕوو . دووەمیان سەرچاوەی لە دیاردە و ڕووداوەکانی سەردەمەوە گرتووە و باسی کێشە و بە سەرهاتەکانی ئەو کاتە دەکا ، کە چیرۆکنووس تێیدا ژیاوە . هەندێ لەو چیرۆکانەش لە بنچینەدا چیرۆك نین ، بەڵکو تەنیا بیرەوەرین و تێکەڵ کراون بە وەسفی ڕۆمانسیزمییانەی دەشت و دەر و ژینگەی کوردستان و ڕووداوێکی ئەوتۆیان نەگرتۆتە خۆیان.

## - بینای هونەریی چیرۆکەکان :

### یەکەم : بینای ڕووداو :

ڕووداو یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی بینای هونەریی چیرۆك ، کە باسی هەموو ئەوکار و کردەوە و کێشانە دەکا ڕوو بە ڕووی کارەکتەرەکان دەبنەوە و بنیاتی چیرۆکەکەی لە سەر دادەمەزرێ و لە هەموو چیرۆکێکدا دوو لایەن دەگرێتەوە پەیوەستە بە ئەو بابەتانەی ناوەرۆك پێکدێنن و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو ناوەرۆکە . چیرۆکنووسیش دەتوانێ سوود لە هەر سەرچاوەیەك وەرگرێ بۆ بەدەستهێنانی بابەتە پێکهێنەرەکانی ناوەرۆکی چیرۆکەکەی. لە کورتە چیرۆکدا تەنیا لە گۆشەیەکەوە ژیانی مرۆڤایەتی وەردەگرێ و هەندێ جار سەرچاوەکە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی تایبەتی چیرۆکنووسەوە هەیە، جاری وایش هەیە ڕووداوەکە وێنەی لە واقیعدا نییە و دروستکراوە یان لە سەرچاوەیەکی مێژوویی یان فۆلکلۆرییەوە وەرگیراوە . گرنگ لێرەدا چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەیە بە پێی تێگەیشتن و ئەندێشەی چیرۆکنووس ، چونکە ئەو ،

کە ڕووداوێکی ڕۆژانە یان پارچەیەك لە ژیانی مرۆڤایەتی وەردەگرێ وەك خۆی نایگوازێتەوە ناو چیرۆکەکەی (بەڵکو لە ڕێگەی ئەندێشەوە دەستکاری دەکا و دووبارە دروستیان دەکاتەوە وکەم وکوڕییەکانی پڕدەکاتەوە و شتیان بۆ زیاد دەکا و لێیان دەقرتێنێ)([1]).

هۆی هەڵبژاردنی هەر ڕووداوێك گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراوە ، ئەو مەبەستە ( تیم = پەند Theme )ی چیرۆك دەنوێنێ ، کە دوای تەواکردنی خوێندنەوەی چیرۆکەکە لێی تێدەگەین ، بۆیە دەربڕینی ئەم تیمە تا ڕادەیەکی گەورە سەرکەوتنی کارەکەی پێوە بەستراوە .

چۆنێتی ڕێکخستن و داڕشتنەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکیش پرۆسەی پیکهێنانی ( پلوت = گرێی چیرۆك ) پێکدەهێنێ ، ئەمەش چوارچێوەی گشتیی کارەکە دەگرێتەوە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوە تا کۆتایی هاتنی ڕووداوەکە . بینای پلوت لە چیرۆکدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ بوونی کێشەی ناو چیرۆکەکە دەبەسترێتەوە بەو واتایەی دەبێ کێشەیەك یان گیروگرفتێك هەبێ بۆ ئەوەی پلوتەکە دەستپێبکا ، لە هەمان کاتدا دەبێ ڕووداوەکان بە ( هۆ ) و ( ئەنجام ) ببەستنەوە . پلوتی هەر چیرۆکێکیش دەبێ لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی پێکبێ ، کە هەر یەکە و تایبەتی و گرنگیی خۆیی هەیە . لە چیرۆکی کوردیدا سێ جۆری بەرچاو دەکەوێ ، کە ئەمانەن :

سەرەتا ← ناوەڕاست ← کۆتایی

ناوەڕاست ← سەرەتا ← کۆتایی

کۆتایی ← سەرەتا ← ناوەڕاست ← کۆتایی .

هەر ئەم بەشانەش ، کە زنجیرەی ڕووداوەکان دەخەنە ڕوو پێوەندییەکی پتەوە ڕووداوەکان بە کاتەوە دەبەستێتەوە ڕیزکردن و یەك بە دوای یەك هاتنی بینای ڕووداوەکان لە ڕووی پێوەندییان بە کاتەوە ئەم شێوانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە([2]):

---

[1] - د.علي جواد الطاهر ، مقدمة في النقد الادبي ، الطبعة الثانية ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، ١٩٨٣ ، ص ٢٢٦.

[2] - پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠١ ، ل ١٣١- ١٣٤.

١- شێوەی یەك بە دوای یەك هاتن : ڕووداوەكان لە خاڵێكی دیاری كراوەوە دەست پێدەكا و یـەك بـە دوای یـەك دێ تـا دەگاتـە كۆتـایی بـێ گەڕانـەوە بـۆ دوواوە و یـاری بـە كـاتی ڕووداوەكان ناكرێ و بە زنجیرە ڕیزبەند دەبێ . زۆربەی چیرۆكەكانی ئـەم ماوەیـە لـە سـەر ئەم شێوەیە دامەزراون .

لـە چـیرۆكی ( تەمـەع – چاوبرسـی )دا چـیرۆكنووس سـەركەوتوانە دیاردەیـەكی نـا پەسـەندی كۆمەڵایـەتیی دەربڕیـوە. تیمـی چـیرۆكەكە بریتییـە لـە دەرخسـتن ئـەنجامی تەماحكاری . بە سەرەتایەك دەستپێكردووە و بەرە بـەرە ڕۆیشـتۆتە ناوەڕاسـت و گرێـی بابەتەكەی دەرخستووە ئەنجا كۆتایی پێهێناوە ، كۆتاییەكەش پەشیمان بوونـەوەی پـیرە ژنەكەیە ، كە بە هۆی چاوبرسـیەتییەوە لـە ئەنجامـدا كوڕەكـەی خـۆی دەكـوژێ. كێشـەی چیرۆكەكەش كێشەیەكی دیـارە لـە نێـوان مرۆڤـ لەگـەڵ خۆیـدا ڕوودەدا.جـۆری سـەرەتای ڕووداوەكـە بـە گـوێرەی دەسـتپێكردنی تێكسـت لـە سـەرەتاوە دەسـتپێكردووە. جـۆری كۆتاییەكەش داخراوە و بەتراژیدیا و ناخۆشی كۆتایی پێدێ . شێوەی ڕیزبەندیی ڕووداوەكە یەك بـە دوای یـەك هاتنـە . لـە ڕووی كـاتی ڕووداوەكانیشـەوە بـە زنجیرەیـەكی نەبچـڕاودا ڕۆیشتووە و نەگەڕاوەتە دواوەوە.

٢- شـێوەی بازنـەیی : ڕووداوەكـان لـە خاڵێكـەوە دەسـتپێدەكا ئـەنجا لـە كۆتاییـدا دەگەڕێتەوە بۆ هـەمان خـاڵی دەسـتپێكردن، واتـا ڕووداوەكـان ڕوویانـداوە و تەواوبوونـە و خاڵی سەرەتای دەستپێكردنیان لە چیرۆكەكەدا لە كۆتاییەكەوە دەستپێدەكا و بەرە بـەرە ئەو هـۆ و هاندەرانـە ڕووندەكاتـەوە ، كـە بوونەتـە هـۆی ئەنجامـدانی ئـەو كۆتاییـە . ئـەم شێوەیە لە چیرۆكەكانی ئەم ماوەیەدا بەرچاو ناكەوێ .

٣- شـێوەی تـەریب: ئـەو ڕووداوانـە دەگرێتـەوە ، كـە لـە تەنیشـت یەكـەوە دەڕۆن و پەرەدەسێنن و ڕوودانیان بەستراوەتەوە بە یەك كات و چەند شـوێنێكی جیـاوازەوە. ئـەم جۆرەش بە گشـتی زۆر كـەم بەرچـاو دەكـەوێ . لـە چـیرۆكەكانی ئـەم ماوەیـەدا تـەنیا لـە چیرۆكی ( موفلیس و بێكار )دا بەكارهێنراوە ، چیرۆكنووس باسی قازانجی تـووتن فرۆشـتن دەكا لە سەرزاری ( بێكار )و ئەو ئاواتانەی بە خەیاڵ لە داهاتوودا دەیخـوازێ، كـە دوكـانی تووتن فرۆشتن دەكاتەوە و بە ماوەیەكی كەم دەبێتـە پیـاوێكی دەوڵەمەنـد و نـاودار. ئـەم ڕووداوە ڕاسـتەوخۆ لـە تەنیشـت خـەیاڵ و ئاواتـەكانی( مـوفلیس)دا دەڕوا، كـە لـە ڕێگـەی

سەرمایەی ( بێکار )ەوە و بە هێنانی قۆری و سەماوەر بـە قـەرز و پەیـداکردنی دوکـان بـە ئەمانەت چایخانەیەك دەکاتەوە و دەبێتە پیاوێکی ماقوڵ . ئەم دوو ڕووداوە شان بە شانی یەك دەڕۆن و هەردوو کارەکتەر لە هەمان کاتدا قسـەکانیان دەکـەن و دواتـر لـەو خەیاڵـەدا شوێنەکانیان جیاوازی تێدەکەوێ .

٤– شێوەی تێك هەڵکێش : گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم شێوە ئەوەیـە ڕووداوەکـان دەبـێ لە یەك چیرۆك زیاتری تێدابێ ، یەکێکیان قەبارەیەکی گەورە و ئەوی دیکەیان قەبارەیـەکی بچووکی هەبێ ، کە لە چوارچێوەی گشتیدا بە تەواوی بە چیرۆکە گەورەکە دەچێ ، واتا لە ڕووی دەلالەتەوە یەك شت دەگەیەنن ، بەڵام شێوەی جیاواز وەردەگرن . لـە چـیرۆکەکانی ئەم ماوەیەدا تەنیا لە چـیرۆکی ( خوایـە حـەقین وەکـەی )دا بـەکارهێنراوە . ئـەو کۆمەڵـە هەژارە لادێیانە بۆ ئازووقە دێنە شار دەکەونە قسەکردن لەگەڵ چـیرۆکگێڕەوە و یـەکێکیان چـیرۆکێك تێـك هەڵکێشـی قسـەکانی دەکـا و دەبێتـە چـیرۆك لـە نـاو چـیرۆك ( قوربـان پیرێژنۆکێك خانووێکی هەبوو ، پیرێژن دەچێتە سـەفەر و دەگەڕێتـەوە ، حـاکمی جێگاکـە خانووی پیرێژنیش دەگەڵ خانووی خۆی ئەدا و دەیکاتە هی خۆی...)([1]). چیرۆکنووس بۆ ئەوەی حاڵەتی لێکچواندن لە نێوان هەردوو چـیرۆکەکەدا بێنێتەکایـەوە هـەر لـە سـەر زاری هەمان کارکتەرەوە ئەنجا دەڵێ :

(ئەمجا بە قوربان ئیمە هەژار و مسـکێنین ، بـێ دەسـەلاتین ، بـێ قـەوەت غـەدری زۆر لێ دەکرێ) . لە ڕووی دەلالەتەوە هەردوو چیرۆکەکە یەك شت و یەك مەبەست دەگەیەنن و لـە چوارچێوەی گشتیدا لە یەك دەچن و جیاوازییان تەنیا لە کورتی و درێژیدا هەیە.

لە زۆربەی چیرۆکەکاندا کێشەکان دیارە و لە نێوان مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ یان مرۆڤـ لەگـەڵ کۆمەڵ یان مرۆڤ لەگەڵ خۆیدایـە یـان هەنـدێ جـار کێشـەکە نادیـارە واتـا هـیچ کێشـەیەك ڕووینەداوە وەك لە( موفلیس و بێکار) و ( هەرکەسێ بە خەیاڵی خۆی ئەدوێ ) و ( مام پیاو ) و ( میـوان پـەزیر و دڵنـوازەیی) دا دەردەکـەوێ . جـۆری سـەرەتای ڕووداوەکـانیش بـە گوێرەی دەستپێکردنی تێکست بـە گشـتی لـە سـەرەتاوە بـۆ ناوەڕاسـت و کۆتـایی دەڕوا. جۆری کۆتاییەکانیش داخراون و بە تراژیدیا و ناخۆشی کۆتاییـان پێـدێ جگـە لـە ( بۆچـی

[1] – گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە ، ب ٣ ، ژ ٣ ، کانوونی یەکەم ١٩٤٤ ، ل ٢٥٣ و ٢٥٤.

جلخوارم ) و ( وشیار کچە پیرەژنێکی گوندیٚ ) و ( یا مەنە یا هۆقـە، نـە مەنـەو نـە هۆقـە )دا، کە کۆتاییەکەیان داخراوە، بەڵام بـە خۆشـی کۆتـایی دێ. هەنـدێ لـە کۆتاییـەکان بـە کراوەیی مانەتەوە وەك لە ( دز و ڕەبەن ) و ( مام پیاو ) و ( موفلیس و بیکار ) و ( میـوان پەزێر و دڵنوازەیی ) و ( هەرکەسێ بە خەیاڵی خۆی ئەدوێ ) و ( خوایە حەقین وەکـەی )دا دەردەکەوێ.

## دووەم : بینای گێڕانەوە:

ڕادەی سەرکەوتنی هەر چیرۆکێك دەبەسترێتەوە بە جۆری ئەو ڕێگەیەی کەرەسـتەکەی پێ ڕێکدەخرێ و دەگێڕدرێتەوە . گێڕانەوەش وەك بنەمایەك پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕووداودا هەیە ، ئەرکەکەیشی لەوەدایە ئـەو ڕووداوانـەی بـە سـەر کارەکتەرەکانـدا هـاتووە بیانگێڕێتەوە ، واتا ( بۆ ئەوەی گێڕانـەوە هـەبێ پێویسـتە ڕووداوێـك لـە ئارادابێـت ئـەگینا پرۆسەی گێڕانەوە دروست نابێت و ئەو کاتیش دەق دروست نابێت)([١]).

بنەمای داڕشتنی چیرۆك بە گشتی خۆی لە جـۆری ئـەو پێوەندییـە دەنـوێنێ لـە نێـوان چـیرۆکگێڕەوە و کارەکتەرەکانـدا دروسـت دەبـێ ، ئەمـەش پێوەندییـەکی تـەواوی بـە ڕووداوەکانەوە هەیە ، کە پێوەندییەکی ئاڵۆز و بە ناو یەك چووە ، بەڵام بە گشـتی جـۆری پێوەندیی نێـوان چـیرۆکگێڕەوە و کارەکتـەرەکان لـە سـێ جـۆر پێکـدێ و هـەر یـەکێکیان تایبەتیی دیاریکراوی خۆیی هەیە و بریتییە لە:

١– چیرۆکگێڕەوە > کارەکتەر – لـە دواوە دیـتن – چـیرۆکگێڕەوەی هـەموو شـتزان : لـە هەموو کەس و کارەکتەرەکان زیـاتر دەزانـێ تـا ڕادەیـەك لەوانەیـە ئـارەزووە شـاراوەکانی کارەکتەرێك بزانێ بێ ئەوەی کارەکتەرەکە خۆی بیزانێ یان بیر و ڕای چەند کەسێك بزانـێ لە کاتێکدا ئەو کەسانە توانای ئەو جۆرە زانینەیان نییە . چیرۆکگێڕەوە لەم جۆرەدا هەموو شتێك لە ڕێگەی ڕاناوی کەسی سێیەمی نادیارەوە دەگێڕێتەوەو دەتوانێ باسی هەر شـتێك بکا و هەر شتێکیش بشارێتەوە . ئەم جۆرە تەنیا پەیوەست نییە به کارەکتەرەکانەوە ،

---

[١] – سەنگەر قادر شێخ محەمەد ، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمـەدی خـانی و ڕۆمـانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩ ، ل ١٥٣.

بەڵکو بوارێکی فراوان دەڕەخسێنێ بۆ باسکردنی هەر شتێك بێ ئەوەی خۆی به کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە .

٢- چیرۆکگێڕەوە = کارەکتەر – دیتن لەگەڵ – چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان : ئەو شتانە دەزانێ ، کە کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە دەیزانن و ناتوانێ پێشبینی هیچ شتێك بکا و هیچ شتێك ئاشکرا بکا پێش ئەوەی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە بیزانن و بیدرکێنن ، ئەمەش بە تەواوی بەستراوەتەوە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە ، چونکە چیرۆکگێڕەوە خۆیشی وەك کارەکتەرێك لەگەڵ کارەکتەرەکانیتر و ڕووداوەکاندا تێکەڵ دەبێ . جۆری ڕاناوی بەکارهێنراو بایەخی تایبەتیی خۆیی هەیە لە دیاریکردنی شێوەی گێڕانەوەکەدا و بە گشتی لەم جۆرەدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك و کۆی نادیار بەکاردێ .

٣- چیرۆکگێڕەوە < کارەکتەر – لە دەرەوە دیتن – چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان : زانیارییەکانی لە زانیاری کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە کەمترە ، ئەوەی دەیزانێ لە ڕێگەی بینین و بیستنەوە دەیزانێ ، بۆیە دەرەکییە و ڕووکەشە و تەنیا پێوەندیی بە دیوی دەرەوەی کارەکتەر و ڕووداوەکانەوە هەیە .

شێوازەکانی گێڕانەوە دوو جۆری سەرەکیی هەیە ( بابەتی و خودی ) و بەستراونەتەوە بە جۆری چیرۆکگێڕەوە و کارەکتەر و ڕووداوەکانەوە ، بۆیە چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان شیوازی بابەتی بەکاردێنێ ، ئەمەش بە سەر چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزانیشدا پراکتیك دەبێ ئەگەر چیرۆکەکە بگێڕێتەوە ، چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان شێوازی گێڕانەوەکەی خودییە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار هەردوو شێوازەکە تێکەڵ یەك دەبن و بە یەکەوە بەکاردەهێنرێن .

دوو هۆی سەرەکیش هەیە بۆ ئەوەی چیرۆکگێڕەوە لە ڕێگەیانەوە پەیامی چیرۆکەکە بگەیەنێتە وەرگر ئەویش ( وەسف ) و ( دایەلۆگ )ە ، کە لە پێویستییە سەرەکییەکانی داڕشتنی بینای گێڕانەوەن . قسە و باسی نێوان کارەکتەرەکان بە واتای ( دایەلۆگ ) و پیشکەشکردنی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان ، کە لە ڕێگەی کارەکتەرەکە خۆی بە تەنیا سازدەدرێ بە واتای ( مەنەلۆژ ) دێ .

سەرجەم ئەو تەکنیکانەی پێوەندییان بە بینای گێڕانەوەوە هەیەی لە چیرۆکەکانی ئەم ماوەیەدا بەکارهێنراون . چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان و بەکارهێنانی شێوازی بابەتی لەم

چیرۆکانەدا دەبینریّ :( تەمەع – چاوبرسی) ، ( بەیاخی جلدروو )، ( موفلیس و بێکار)، ( خاوەن زەویی وریا )، ( هەرکەسێ بە خەیاڵی خۆی ئەدوێ)، ( سەپان و جوتیار ) ، ( مام پیاو )، ( وشیار کچە پیرەژنێکی گوندیّ )، ( یا مەنە یا هۆقە، نە مەنە و نە هۆقە). چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان و بەکارهێنانی شێوازی خودی لە ( بۆچی جلخوارم ) ، ( ئاش مێزتوویەتی ) ، ( میوان پەزیر و دڵنوازەیی )دا بەرچاو دەکەویّ .چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان و بەکارهێنانی شێوازی خودی لە چیرۆکی ( لە خەوما) ، (خوایە حەقین وەکەی )دا بەکارهێنراوە . لە چیرۆکی ( دایك ) دا چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان لە ناوەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە ، بەڵام بە شێوازی بابەتی و لە ( سکاڵای مردوو ) دا بە هەمان شێوە، بەڵام شێوازی خودی و بابەتی بە یەکەوە بەکارهێنراوە .

لە چیرۆکی ( بۆچی جلخوارم )دا چیرۆکگێڕەوە هەمان شتزانە و شوێنیشی لە ناوەوەی چیرۆکەکەدایە و ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەبینیّ و لە ڕێگەی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکەوە دەیگێڕێتەوە بە شێوازی خودی و بەم شێوەیە (( وەکی تێئەفکرم لە ئەرزی خواییدا نە مالیکی بستێکی ئەرزو نە دوو پول و پارەیەکم هەیە، دەست سپی، بیّ مەسلەك ، نەخوێندەوارم بەم ناوەدا بەتاڵ حەتاڵ لۆژ لۆژ ئەگەڕێم...))([1]). چیرۆکگێڕەوە بە وردی وەسفێکی تایبەتیی خۆیی کردووە بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکا ببێتە جلخوار ( سەرێکی زلی قۆزاخەداری پێکەوە بنێم ، تاکێکی کەوشەکانم بنوشتمەوە و قۆڵێك لە قۆڵی بستەکەکە هەڵکێشم...)([2]).

هۆیەکیتری گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەو گفتوگۆیەدایە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە بیّ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك ئەنجامدراوە ، جۆرەکەیشی بە تەنیا یەك کەس سازیداوە ئەوەش چیرۆکگێڕەوەیە ، کە هەر خۆی کارەکتەری سەرەکییە و جۆری گفتوگۆکە لە ناوەوەیە واتا ( مەنەلۆژ )ە کارەکتەر لەگەڵ ناخی خۆیدا سازیداوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، واتا قسەکەر یەکسەر خۆی قسەکانی لە دەرەوەی تێکستی چیرۆکەکەوە ئاڕاستەی وەرگری

---

[1] – ڕۆژنامەی ژیانەوە ، ژ ١٥ ، ١٦ی شوبات ١٩٢٥ ، ل ٢.

[2] – هەر ئەو سەرچاوە ، ل ٣.

کردووە . ئەمانەش ئەمانگەیەننە ئەوەی ، کە ئەم بینای هونەرییـەش لـە چـیرۆکەکاندا بـە هەموو شێوە و تایبەتمەندییەکانیەوە لەو ماوەیەدا بەکارهێنراوە.

## سێیەم : بینای کارەکتەر:

کارکتەر بنەمایـەکیتری سـەرەکیی چـیرۆکە ، بـێ ئـەو هـیچ چـیرۆکێك نایەتـە ئـاراوە . ڕووداوەکانیش پێوەندیی بە ژیان و کار و کرداری ئەمانـەوە هەیـە . توخمـەکانیتریش وەك کات و شوێن و کێشە و پلوت هەموویان بۆ دەرخستنی کەسایەتی کارەکتەر دادەمەزرێن بۆ ئـەوەی بـاری دەروونـی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی و توانـای فیکریـی بەرجەسـتەبکەن ( نەمری و گرنگی هەر تێکستێکی ئەدەبی بەسـتراوە بـە کێشـانی وێنـەی حاڵـەتی مرۆڤێکـی نموونەییەوە بێ ئـەوەی تایبەتمەنـدی و خاسـیەتە خۆماڵییـەکانی ئـەو کەسـە پشـت گـوێ بخریێ)([1]). بە هۆی ئەمەوە چـیرۆکنووس بـەهرەی خـۆی دەخاتـەکار بـۆ کێشـانی وێنـەی کارەکتـەرەکان ، ئەندێشـەی داهێنەرانـەی چیرۆکنووسـیش گـەورەترین ڕۆڵ لـە بینـای کارەکتەرەکاندا دەگێڕێ ، ئەنجا ئەو کارەکتەرە لە واقیعەوە وەرگیرابێ یـان لـە ئـەزموونی تایبەتی نووسەرەوە . لە چیرۆکی کوردیدا بـە زۆری کارەکتـەرەکان لـە واقیعـی کۆمەڵـەوە وەرگیراون و سەر بە چین و توێژە جیاوازەکانین ، کە بە زۆری ئەو کارەکتەرانە دەگرێتەوە لە شێوەی ئادەمیزاددا پێشکەش دەکرێن ، لـە هـەمان کاتـدا دەشـێ لـەو ڕەگـەزە نـەبن ، چونکە (ئەو کەسایەتیانەی چیرۆکنووسی منداڵان لە ناو چیرۆکەکانیدا بەکاریان دەهێنـێ چ کەسایەتییە سەرەکییەکە بێت یان لاوەکییەکە ، دەشێت مرۆڤ بێـت یـان ئـاژەڵ بێـت یـان باڵندە بێت یان ڕووەك یان شتێ بێ گیانێ بێت)([2]).

دروسـتکردنی دیـوی دەرەوە و نـاوەوەی کارەکتـەر بـە پێـی تێـڕوانین و ڕێبـازە ئەدەبییەکـەی چـیرۆکنووس بایـەخ بـە لایـەکیان یـان هـەردوو لایـان بـە یەکـەوە دەدرێ.جۆرەکانی کارەکتەریش بە پێی ئامادەبوونیـان لـە نـاو ڕووداوەکانـدا لـە دوو جـۆر پێکـدێ ( کارەکتـەری سـەرەکی ) ، کـە هەڵسـوڕاندنی ڕووداوەکـان و ڕۆڵ لـە گـۆڕینی

[1] - فاضل ثامر ، مدارات نقدية في اشكالية النقد و الحداثة و الابداع ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٧ ، ص ٣٤٧.

[2] - موزەفەر مستەفا ئیسماعیل ، ڕوخسار و ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵان لای لـەتیف هەڵمـەت ، چـاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ،٢٠١١ ، ل ٩٩.

ڕێڕەوەکەیدا دەکەوێتـە ئەسـتۆ ، کەچـی ( کارەکتـەری لاوەکـی) لـە خزمـەتی کارەکتـەرە سـەرەکییەکاندایە و ڕۆشـنایی زیـاتر دەخاتـە سـەر ژیـان و ڕەفتـار و هەڵویسـتەکانیان . لەهەمان کاتدا لە ڕووی بـوونی کاریگـەریی ڕووداوەکـان لـە سـەر کارەکتـەرەکان دوو جـۆر پەیدا دەبێ ( کارەکتەری پەرەنەسێن) ، کە لە چیرۆکەکەدا چەسپاون و گۆڕانیان بە سەردا نایـەت ، کەچـی ( کارەکتـەری پەرەسـێن ) بـە پێچـەوانەوە بگـۆڕێن و پەرەدەسـێنن . کارەکتەر لە ڕووی دەرکەوتنی لە ناو دەقدا دوو جۆرە ( کارەکتەری سادە ) ، کە تەنیا یەك لایەنی مرۆیی لە دەقدا دەردەکەوێ و ( کارەکتەری بازنەیی – ئاڵۆز ) وردە وردە خۆی بە خوێنەر دەناسێنێ و بە هەموو لایەنەکانی ژیانی خـۆی و بیرکردنـەوەیی ئاشـنا دەکـا[1]. هەر یەکە لەم جۆرانە تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆیی هەیە . لە چیرۆکی کوردیدا بـە پێـی ئەو خاسیەتانەی هەیانە دیاری دەکرێ ، واتا بە پێی خاسیەتییەکان بینایـەکی ئـاڵۆز یـان سـادەیان دەبـێ ، ئـاڵۆزی و سـادەیی بیناکـەش تـەنیا تایبـەت نییـە بـە جـۆری کارەکتەرەکانەوە یان بینای ئاڵۆز تایبـەتبێ بـە کارەکتـەرە سـەرەکییەکان و سادەش بـە لاوەکییەکان ، چونکە هەندێ جار کارەکتەرە سەرەکییەکانیش بینایەکی سادەیان دەبێ بە تایبەت ئەوانەی نـەگۆڕ و پەرەنەسـێنن ، بەمـەش کارەکتـەرە سـەرەکییەکان لـە چـیرۆکی کوردیدا دەبنە دوو جۆرەوە ، یەکەمیان بگـۆڕ و پەرەسـێن و کاریگـەرن و ئـەویتر نـەگۆڕ و چەسپاو و پەرەنەسێنن .

چیرۆکنووس بۆ پێشکەشکردنی کارەکتەرەکان پەنا دەباتە بەر دوو ڕێگە ([2])

١– پێشکەشکردن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنـەوە : پێـی دەوتـرێ ( شـیکردنەوە– لێکدانـەوە ) ، چـونکە چـیرۆکنووس تـەنیا بـە پێشکەشـکردنی کارەکتەرەکانـەوە ناوەسـتێ ، بـەڵکو بـە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیر و ڕا و خـو و ڕەوشـتەکانیان بـاس دەکا و لێکیان دەداتەوە ، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کارەکتەرێکی دییـەوە ئەنجامیدەدا .

---

[1] – د.نەجم خالید ئەلوەنی ، کارکتەرسازی لە ڕۆمـانی ئێـوارەی پەروانـەی بـەختیار عـەلی دا ، چـاپخانەی موکریان ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ل ٤٢ و ٥٦ و ٧٢ و ٩٣.

[2] – پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، ل ١٨٦ و ١٨٨.

٢- پێشکەشکردن لە ڕێگەی نمایشکردنەوە : پێی دەوترێ ( شێوازی درامی - نواندن ) ، چیرۆکنووس خۆی بە لاوە دەنێ و بوار دەداتە کارکتەرەکان بێنە پێشەوە لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و قسەکردن و کێشە و هەڵوێست و پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکان و لەگەڵ ڕووداوەکاندا خۆیان پێشکەش دەکەن ، یان لە لایەن کارەکتەرێکی دیکەوە پێشکەش دەکرێن ، ئەمیشیان کاریگەرترە ، چونکە ڕۆڵی خوێنەر کاراتر دێتە کایەوە لە دۆزینەوەی دەرئەنجامەکان .

سەرجەم جۆرەکانی بینای کارەکتەر لە چیرۆکی ئەم ماوەیەدا بەکارهێنراوە و هەرجارە بە شێوەیەك . بە گشتی لە چیرۆکەکاندا کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی هەیە . لە چیرۆکی ( موفلیس و بێکار )دا هەردوو کارەکتەرەکە سەرەکین و کارەکتەری لاوەکی بزرەو لە ( بۆچی جلخوارم ) دا کارەکتەری سەرەکی هەر خۆی چیرۆکگێڕەوەیە بە تەنیا و هیچ کارەکتەرێکیتری لەگەڵدا نییە. سروشتی کارەکتەرەکان و بینای هونەرییان بە گشتی لە کارەکتەری سەرەکی و لاوەکیی نەگۆڕی پەرەنەسێن و سادە پێکهاتووە ، تەنیا لە چەند نموونەیەکدا کارەکتەری بگۆڕ و پەرەسێن و ئاڵۆز هەیە . لە ( بۆچی جلخوارم )دا کارەکتەر دەیەوێ ببێ بە جلخوار پاش هەلێك گۆڕانی بە سەردادێ و پەشیمان دەبێتەوە ، ئەمە بۆ خۆی کارەکتەرێکی ئاڵۆزە و خوێنەر هەست بە پەرەسەندنی دەکا تا لە ئەنجامدا ڕای بە تەواوی پێچەوانە دەبێتەوە و دەگۆڕێ. ئەم بگۆڕی و ئاڵۆزییەش لای ( جلدروو )ی چیرۆکی ( بەیاخی جلدروو)، ژنە چاوبرسییەکەی ( تەمەع - چاوبرسی ) ، دایکەکەی ( دایك ) ، ئافرەتە مردووەکەی ( سکاڵای مردوو ) ، مام پیاوی چیرۆکی ( مام پیاو)، مەلا مەحموودی( یا مەنە یا هۆقە، نە مەنە و نە هۆقە )شدا دەردەکەوێ ، کە هەموویان سروشتێکی بگۆڕیان هەیە و بەردەوام پەرەدەسێنن و لە هەمان کاتدا بینایەکی سادەیانیش هەیە .

شێوازی پێشکەشکردنی کارەکتەرەکانیش بە زۆری ڕاستەوخۆیە، بەڵام هەندێکیان ناڕاستەوخۆ پێشکەش کراون وەك : ئاشەوان و کوڕەکەی لە ( ئاش مێژتوویەتی ) ، حەمەد و کابرای قەنەکێش لە( خوایە حەقین وەکەی ) ، دایکە و کوڕەکەی و دایکی چیرۆکگێڕەوە لە ( دایك ) ، ئافرەتە مردووەکە و عەلی برای چیرۆکگێڕەوە لە ( سکاڵای مردوو ) ، مام پیاو و حاجی پیرۆتی باپیرەگەورە و دایك و باوك و مام و نەنکی پیرۆت لە ( مام پیاو ) ،

وەسوو و وەسمانە ڕەش و هەمین و مەنیجە لە ( میوان پەزیری و دڵنوازەیی )دا . ئەمانە هەندێ جار کارەکتەرە سەرەکییەکان و هەندێ جاریش لاوەکییەکان دەگرێتەوە ، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشکەشکراون .

پێشکەشکردنی کارەکتەرەکانیش بەزۆری لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بووە . هەردوو ڕێگەکەش بەیەکەوە لە( ئاش مێژتوویەتی ) و ( دز و ڕەبەن ) و ( سکاڵای مردوو ) و ( مام پیاو ) و ( میوان پەزیری و دڵنەوازەیی ) دا بەکارهێنراوە، کەچی بە گشتی لە چیرۆکی کوردیدا نمایشکردن زۆر دەگمەن بەکارهێنراوە ئەمەش لەم ماوەیەدا بە تەنیا لە چیرۆکی ( بۆچی جلخوارم ) دا بەرچاو دەکەوێ .

## چوارەم : بینای شوێن :

شوێن تەواوکەری بینا هونەرییەکانیتری چیرۆکە ، کاتێ توخمەکانیتر وەك ڕووداو و کارەکتەر و کات هاتنەکایەوە و کێشەکان دەرکەوتن ئیتر شوێنێك بۆ ڕوودانی ئەو کێشانە پێویستە . چیرۆکنووس زۆر جار بێ ئاگایانە و جاریتریش لە ڕووی هونەرییەوە بەکاریدێنێ ، بۆیە (( پشتکردن لە شوێن و باس نەکردنی ، نرخ و بەها سەندنەوەیە لە شتەکان ، بە پێچەوانەشەوە ڕووتێکردن لە شوێن و بایەخ پێدانی ، نرخ و بەهایەك بە شتەکان دەبەخشێت ))([1]).

شوێن چوارچێوەیەکە هەموو پێکهێنەرەکانی جیهانی چیرۆك دەگرێتە خۆی یان بە شێوەیەکی سادە و ساکار تەنیا دەبێتە چوارچێوەیەك ڕووداو و کارەکتەرەکان دەگرێتە خۆی یان وەك بنەمایەکی هونەریی سەرەکی و کاریگەر پێوەندیی نێوان شوێن و کارەکتەرەکان و ڕادەی کاریگەرییان بە یەکەوە دیاری دەکا ، بەمەش دەبێتە بەشێکی گرنگی چیرۆك و ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی کارەکتەرەکان .

جۆرەکانی شوێنیش بە پوختی لەم جۆرانە پێکدێ(*):

---

[1] – سەباح ئیسماعیل ، چەمك و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا ، چاپخانەی ئەرابخا ، کەرکوك ، ٢٠٠٥ ، ل ٣٠.

* – لە بارەی جۆرەکانیتری شوێنەوە بڕوانە : سەباح ئیسماعیل ، ل ٣٢-٦٢.

١- لە ڕوانگەی هەبوونی شوێنەوە : ( شوێنی واقیعی - ڕاستەقینە و شوێنی خەیاڵی - گریمانەیی ) : شوێنە ڕاستەقینەکان لە ژیانی واقیعیدا بەرچاو دەکەون ، بەڵام خەیاڵییەکان واقیعی و ناواقیعییە و لە ئەندێشە و خەیاڵی چیرۆکنووسەوە دروست دەکرێ و بنیات دەنرێ . ئەم دوو جۆرە چەند ئەرکێك دەکەوێتە ئەستۆیان لەوانە چوارچێوەیەك بۆ چیرۆك دروست دەکا و ڕووداو و کارەکتەرەکان دەگرێتە خۆی . لە پاڵ ئەوەدا ڕۆڵێکی گرنگ لە بینای ڕووداو و پێکهاتنی کارەکتەرەکاندا دەگێڕێ .

٢- لە ڕوانگەی چەمکی هۆگرییەوە: ( شوێنی هۆگر - ئاشنا و شوێنی نا هۆگر - نا ئاشنا ) : شوێنی هۆگر ئەو شوێنەیە بەردەوام حەزی لێدەکەین و حەز دەکەین بۆی بگەڕێینەوە و بە پێچەوانەی شوێنی نا هۆگرە .

٣- لە ڕوانگەی بەکارهێنانەوە:( شوێنی کراوە - گشتی و شوێنی داخراو - تایبەت ): شوێنی داخراو تایبەتە بە کەسێك یان چەند کەسێك ، کەچی کراوە گشتییە و هەرکەسێك دەتوانێ سوودی لێ ببینێ و بەکاری بێنێ. ئەم دوو جۆرە سروشتی دیاریکراوی خۆیانیان هەیە ، کە یان کراوەن وەك : شەقام ، بازاڕ، گەڕەك ، نەخۆشخانە،چایخانە ، دەزگا خزمەتگوزارییەکان... یان داخراوە وەك : خانوو ، ژوور و ئەو شوێنانەی تایبەتین. هەڵوێست و هەست و سۆزی کارەکتەرەکان بەرانبەر بە شوێنی کراوە و داخراویش جیاوازیی تێدەکەوێ ، هەندێ جار هەست بە هێمنی و دڵنیایی تێدا دەکرێ و سروشتی شوێنێکی هۆگر و ئاشنا لە دەروونی کارەکتەرەکاندا وەردەگرێ ، هەندێ جاریتریش هەست بە ناخۆشی و تەنیایی و نیگەرانی تێدا دەکرێ و سروشتی شوێنێکی نا هۆگر و نا ئاشنا وەردەگرێ . ئەم شوێنانە بە پێی گۆڕانی بارودۆخی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکیتر دەگۆڕێ ، شوێنی داخراو دەبێتە کراوە و شوێنی هۆگر دەبێتە نا هۆگر و بە پێچەوانەوە .

شوێن لە چیرۆکەکانی ئەم ماوەیەدا زۆربەیان بە مانا لاساییە سادە و ساکارەکەی وەك چوارچێوەیەك بۆ گرتنی ڕووداو و کارەکتەرەکان بەکارهێنراوە ، تەنیا لە چیرۆکی ( میوان پەزیری و دڵنوازەیی ) و ( یا مەنە یا هۆقە ، نە مەنە و نە هۆقە )دا نەبێ بەو مانا سادەیە خۆیانیان نە بەستۆتەوە ، لە چیرۆکی دووەمدا کارەکتەری سەرەکی ( مەلا مەحموود ) بە هۆی گۆڕینی شوێنەوە لە لادێیەکی کەم کێشە و ساکارەوە بۆ شارێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە

دەبێتە هۆی سـەرهەڵدانی ڕووداوی چـیرۆکەکە و بـارێکی دەروونـی لاواز لای کارەکتەرەکـە دروست دەکا .

هەرچەند زۆربەی چیرۆکەکان لە سـەر بنـەمای شـوێنی خـەیاڵی بنیـاتنراون، بـەلاّم لـە ( خوایە حەقین وەکەی) دا چیرۆکنووس سوودی تەواوی لە شوێنە ڕاستەقینەکان وەرگرتووە و لـە چـیرۆکەکەدا بـەکاریهێناوە و ڕاسـتەوخۆ نـاوی ئـەو شـوێنانەی بـردووە( بـرا تـۆ کوێندەریی؟ وتی : ئەفەنـدی خـەڵقی گونـدی ( بـاوزی )م . ئـەی بۆچـی هاتوویـە قـەلاّدزە ؟...)[1]. لە چەند چیرۆکێکیتردا شوێنەکان خەیاڵی نین و چیرۆکنووس ئاماژەی بۆ شوێنە ڕاستەقینە واقیعیەکان کردووە بێ ئەوەی ناویان بێنێ وەك لە چیرۆکی ( لە خەوما) و ( مام پیاو ) و ( میوان پەزیری و دڵنوازەیی) دا دەردەکەوێ

لە ڕووی بەکارهێنانەوە سەرجەم چیرۆکەکان لە شوێنێکی داخراودا ڕوویانداوە تەنیا لە چیرۆکی( دزو ڕەبەن) دا نەبێ سەرجەم ڕووداوەکە لـە شـەقامدا ڕوویـداوە ، کـە شـوێنێکی کراوەیە . هەندێ لە چیرۆکەکان تەنیا لە شوێنێکی داخـراودا ڕوویـداوە وەك لـە چـیرۆکی ( ئاش مێژتوویەتی )دا ، کە سەرجەم ڕووداوەکە لە ماڵی ئەفەندیدا ڕوویـداوە . لـە ( خـاوەن زەوی وریا )شدا ڕووداوەکان لە باخی کارەکتەری سەرەکیدا ڕوویداوە ، کە بـۆ کـەس نییـە ئەو باخە بەکاربێنێ جگە لە خاوەنەکەی . لە ( هەرکەس بە خەیاڵی خۆی ئـەدوێ ) دا دوو شوێنی داخراو بەکارهێنراوە(ماڵی هۆمەرو مـاڵی فاتـە) . حاڵـەتی گـۆڕینی ئـەم دوو جـۆرە شوێنە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکیتر تەنیا لە ( سکالاّی مردوو )دا دەردەکەوێ و دەگمـەن هەستی پێدەکرێ ئەوەش کاتێ ئافرەتە مردووەکـە لـە شـوێنێکی داخـراوی نـا هـۆگر و نـا ئاشناوە( گۆڕ) ڕادەکا بۆ شوێنێکی کراوەو هۆگر و ئاشنا (دەریاچە) .

جۆرێکیتری شوێن وەك شێوەیەکی نوێ دەکەوێتە بەرچاو لەو شوێنانەدا دەبینرێ تـەنیا وەك چوارچێوە بۆ چیرۆك بەکارهێنراون ، بەلاّم لێرەدا ئەو شوێنانە جگە لەوەی خەیلاّوییە و هیچ خاسیەتێکی نییە ، کەچی هەستیانیش پێ ناکرێ ، ئەمـە لـە چـیرۆکی ( مـوفلیس و بێکار ) دا بەتەنیا دەبینرێ ، کە چیرۆکگێڕەوە دەڵێ:

[1] - گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە ، ب ٣ ، ژ ٣ ، کانوونی یەکەمی ١٩٤٤ ، ل ٢٤٩ .

( پیاوێکی موفلیس و پیاوێکی بێکار لە جێگایەك دانیشتوون...)[1]. لێـرەدا کـەس نـازانێ خاسیەتەکان و جۆری ئەو شوێنە چییە. لە( بۆچی جلخوارم) یشدا شوێن بە تەواوی بزرە و هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە ، بۆیە ئەم جۆرە شوێنە لە لایەن لێکۆڵەرانەوە بە شوێنی ( بێ لایەن)[2] ناودەبرێ.

## پێنجەم : بینای کات:

ئـەم بینایـە لەگـەڵ بینـای شـوێندا پێوەندییـەکی تواویـان هەیـە و بـە تەواوکـەری یـەك دادەنرێن و هەموو توخمەکانیتر توانیویانە سوودی لێوەرگرن و خۆیان لەگەڵیدا بگـونجێنن. لە چیرۆکدا کات تایبەتمەندی و گرنگیی خۆیی هەیە و جاری وا هەیە چەمکی چـیرۆك بـەوە ڕووندەکرێتەوە ، کە( بریتییە لە گێڕانەوەی کۆمەڵێ ڕووداو کە بە گوێرەی زنجیرەیـی کـات ڕێکدەخرێت )[3].

چیرۆکنووسـان لـە سـەرەتاوە وەك دیاردەیـەکی فیزیکـی لـە دیـوی دەرەوە مامەڵـەیان لەگەڵ کاتدا کردووە و لە خاڵێکی مێژووییەوە دەسـتیان پێکـردووە و چـاودێریی زنجـیرەی یەك بە دوای یـەکیان بـە پێـی هـەمان ڕیزکردنـی ڕوودانـی ڕووداوەکـان کـردووە ، ئەمـەش یەکێکە لە جۆرەکانی کات لـە ڕووی هـەبوون و هەسـتپێکردنی کارەکتەرەکانـەوە . جـۆری دووەمیشـیان ئـەو کاتـە ناوەکییـە دەگرێتـەوە ، کـە پێوەنـدیی بـە دیـوی نـاوەوەی کارکتەرەکانەوە هەیە و لە جۆری هەستپێکردنی ئەو کارەکتەرانەوە بەرجەستە دەکـرێ ، ئەمەش بۆ خۆی کاتێکی دەروونییە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی کات و خود دێتەکایـەوە و لـە یەك کاتدا سوود بە چیرۆکنووس و خوێنەر دەگەیەنێ کاتێ بواری ئەوەیان دەداتێ لە دیوی دەرەوە بچنە دیوی ناوەوە و شۆڕبنەوە ناخی کارەکتەرەکان[4] .

---

[1] – ڕۆژنامەی پێشکەوتن ، ژ ٥٠ ، ٧ی نیسان ١٩٢١ ، ل ٣.

[2] – پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، ل ٣٤٤.

[3] – د.نەجم خالید ئەلوەنی ، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا ( ژانی گەل ، شار ، ڕاز ) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل ٥٢.

[4] – پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، ل ٢٨٠ و ٢٨١ و ٢٨٣.

گرنگیدان بەم دوو جۆرە کاتە لە چیرۆکەکانی ڕۆژنامەنووسیی ئەم ماوەیـەدا بـە ڕوونـی دیـارە ، هەرچـەند کـاتی دەرەکـی ، فیزیکـی ، مـاددی ، فـراوانترین مـەودای چـیرۆکەکانی گرتۆتەوە ، کەچی کاتی ناوەکیی دەروونی دەگمەن بەکارهێنراوە ، باشترین نموونەی ئـەم جۆرە لە چیرۆکی ( بۆچی جلخوارم )دا دەردەکەوێ و ئەو ماوە کورتکراوە دەگرێتەوە ، کە دەکەوێتە بەر بیرکردنەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکە و زۆر نابا بە پەشیمانبوونەوەی تەواو دەبێ و کـاتی گێڕانەوەکـەش تـەواودەبێ ، کـە بـە گشـتی لـە شـێوەی مەنـەلۆژی نـاوەوە دەردەبڕێ و دەخرێتە ڕوو .

بەشەکانی کاتیش بە پێی ئەوەی لـە زەینـی ئیمەدایـە و ئـەوەش لـە سروشـتدا هەسـتی پێـدەکرێ سـێ جـۆرە: کـاتی ئێسـتا و ڕابـردوو و داهـاتوو . یاسـا سروشتییەکەیشـی سیستەمێکی دیـاریکراوی هەیـە و بـە هێڵێکـی ڕاسـت و بـەردەوام بـەرەو پێشـەوە دەڕوا و ناگەڕێتـەوە دواوە و ناوەسـتێ ، لـە ڕابـردووەوە دەسـتپێدەکا بـەرەو ئێسـتا و تێدەپـەڕێ بەرەو داهاتوو ، بەڵام لە چیرۆکدا (( چیرۆکنووس توانای ئەوەی هەیە یاری بـە بەشـەکانی کات بکات و پاش و پێشیان خات و بە ناویەکیاندا بچوێنێت و تێك هەڵکێشی یەکتریان کات ، جگە لەوەی کە توانای ئەوەشی هەیە بیوەستێنێت و بیگەڕێنێتـە دواوە ))([1]). لـە ڕووی هونەرییەوە چەند پۆلێنێکیتر بۆ کات هەیە ، کە بە گوێرەی ئاستەکانی گێڕانەوە دوو جۆرە ( چیرۆکە کات و گوتنە کات ) . سستی و خێرایی کاتیش لە هەر تێکستێکدا پەیوەستە بـە جۆرەکانی کاتەوە ، کە بە گشتی پۆلێن دەکرێن بۆ ( کـاتی حیکایـەت ، کـاتی گێڕانـەوە ، کاتی نووسین و چاپکردن ، کاتی خوێندنەوە )([2]).

چیرۆکنووس بۆ ئەنجامدانی سستی و خێرایی کات لە چیرۆکەکەیدا پەنا دەباتە بەر چەن تەکنیکێکی هونەری، کـە سروشـتی ئـەو سسـتی و خێراییـە دیاردەکـەن . بـۆ خێرایـی دوو تەکنیکی سەرەکی بەکاردەهێنن :

---

[1] – هەر ئەو سەرچاوە ، ل ٢٨٨.

[2] – د.نەجم خالید ئەلۆەنی ، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا ( ژانی گەل ، شار ، ڕاز ) ، ل ٥٨-٥٩.

١- كورتكردنەوە : واتا گێڕانەوەی ماوەیەك و كاتێكی درێژی چەند ساڵەی كارەكتـەرەكان بە شێوەیەكی كورت و لە چەند دێڕێكی كەمدا .

٢- لێكردنەوە : ئەو ماوەیەن ، كە تایبەتە بە ڕووداوێك لە تێكستی چیرۆكەكە كراوەتەوەو دوو شێوەی هەیە ، یـەكێكیان نـا دیـارە و خوێنـەر دەتـوانێ لـە تێكسـتەكەوە هەڵیچـنێ ، دووەمیان دیارە و بە ئاشكرا چیرۆكنووس ئاماژەی پێدەكا وەك (پاش تێپەڕبوونی ساڵێك ) یان ( پاش چەند مانگێك )...

بۆ سستیش چەند تەكنیكێك بەكاردێ :

١- گەڕانەوە : كاتی ئێستا بە جـێ دێڵـێ و دەگەڕێتـەوە بـۆ كـاتی ڕابـردوو بـۆ باسـكردنی ڕووداوەكانی كۆن .

٢- پێشخەری : چیرۆكگێڕەوە ڕووداوێك دەگێڕێتەوە پێش لـە ڕوودانـی یـان لـە داهـاتوودا ڕوودەدا .

٣- دووبارەبوونـەوە : واتـا دووبارەبوونـەوەی هـەمان ڕووداو زیـاتر لـە جارێـك لـە هـەمان تێكستدا .

٤- دیمەن : واتا دیمەن كێشانی هەڵسوكەوت و كارەكتەرەكان و باسكردنی سیفاتەكانیان ، هەندێ جاریش لە ڕێگەی دایەلۆگەوە دروست دەبـێ و تێكسـتەكە درێـژ دەكاتـەوە و كـاتی چیرۆكەكە چڕ دەبێتەوە .

ئەم تەكنێكانە بە گشتی لە چـیرۆكەكانی ئـەم ماوەیـەدا بـەكارهێنراوە . دەگمـەن كـاتی گێڕانەوە پێش كاتی ڕووداو كەوتووە و ئاماژە بۆ داهـاتووكراوە وەك لـە ( بۆچـی جلخـوارم )دا دەردەكەوێ . جاری وایش هەیە ئەنجامی كاتی داهاتووەكە دیار نییە وەك لـە(موفلیس و بێكار )دا دەردەكەوێ . تەكنیكی كورتكردنەوە لە( یا مەنە یا هۆقە ، نە مەنە و نە هۆقـە )دا لە كورتكردنەوەی ژیانی(مەلا مەحموود ) دا دەردەكەوێ . لێكردنەوەش لە ( سـەپان و جوتیار ) دا . گەڕانەوە لە ( دایك ) و ( سكالای مردوو ) دا . دووبارەبوونەوە لە ( مام پیاو )دا بە روونی دیارە ئەو كاتەی بۆ چەند جارێك هـەمان باسـی ئیشـكردنی ( مـام پیـاو ) لـە ڕێگەی چەن كارەكتەرێكەوە دووبارە دەكرێتەوە . دیمەنیش بە جوانترین شێوە لە ( خوایە حـەقین وەكـەی ) و ( دز و ڕەبـەن ) و ( خـاوەن زەوی وریـا ) و ( مـوفلیس و بێكـار )دا بەكارهێنراوە .

## ئەنجام

لایەنی ڕۆژنامەنووسی:

١- پاش کۆلۆنیالکردنی عێراق و باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩١٨دا لە لایەن ئینگلیزەوە ، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بە سەر بارودۆخی ئەو ناوچانەدا هات و بوو بە هۆی گەشەکردنی بیری نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی کوردی ، ئینگلیزیش دەستی باڵای لەم بوارەدا هەبووە .

٢- سەرەتای هاتنەکایەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و گەشەسەندنی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە عێراق و باشووری کوردستاندا بە هەوڵدان و کۆششی ئەفسەرەکانی ئینگلیز سەریان هەڵدا . یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی عێراق ( تێگەیشتنی ڕاستی ) لە بەغدا و یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی باشووری کوردستان ( پێشکەوتن ) لە سلێمانیدا لە سەر دەستی مێجەر ( سۆن ) لە دایکبوون ، لەوە بە دوا کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەو دوو ناوچەیەدا بەردەوامبوو تا ئەمڕۆ .

٣- مەبەستی سەرەکی لە بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەو ماوەیەدا بۆ بەرانبەر بوون و ناو زڕاندنی دوژمنانی ئینگلیز لە تورك و بەلشەویك و ئەڵمان و سەرکردە و بزووتنەوەکانی کورد لە باشووری کوردستاندا و بلاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی سیاسی و ڕاکێشانی ڕای گشتیی کورد بوو ، بۆ لایەنگرییان و ئەنجامدانی پلانە سیاسییەکانیان بە ئاسانترین شێوە و کەمترین زیانی ماددی.

٤- نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد لاپەڕەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزییان لە عێراقدا کردە گۆڕەپانی خزمەتکردنی کۆمەڵی کوردەواری بە پێی بیر و باوەڕی ئەو سەردەمە لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابووری و نەتەوایەتی و ئەدەبیدا .

٥- ئەرکی لە چاپدانی سەرجەم ڕۆژنامەنووسیی کوردی و کتێب و نامیلکەکانی ناوچەی سلێمانی بۆ نزیکەی بیست ساڵ لە ئەستۆی ئەو چاپخانەیە بوو ، کە مێجەر( سۆن ) بۆ یەکەم جار لەو ناوچەیەدا دایمەزراند . نۆبەرەی ڕۆژنامەنووسان و هەڵسوڕێنەرانی کاروباری چاپ لە کوردستانی باشووردا سەرەتاکەی بە هۆی دامەزراندنی هەمان چاپخانەوە لە سلێمانیدا لە دایکبوو .

**لایەنی ئەدەبی:**

١- ڕۆژنامەنووسیی كوردیی سەردەمی كۆلۆنیالیزمی ئینگلیـزی لـە عێراقـدا بـوو بـە یەكـەم هەنگاوی فراوانی بڵاوكردنەوەی ئەدەبیاتی كوردی بە شیعر و پەخشانەوە پاش جـەنگی یەكەمی جیهانی .

٢- ئینگلیزەكان ڕۆڵی سەرەكییان لە گەشەكردنی زمان و ئەدەبی كوردیدا بینی بـە تایبـەت لە بواری پەخشاندا و توانییان لە ڕێگەی چاپخانەكەیانەوە گەشە بـە زمـان و نووسـینی كوردی بكەن و چـەند بەرهـەمێكی نـوێی ئـەدەبیاتی جیهانییـان لـە ڕێگـەی وەرگێڕانـی ئەدەبییەوە خستە بەرچاو ڕۆشنبیرانی كورد و دوا كات بـوو بـە هـۆی گەشـەكردن و لـە دایكبوونی ژانرە نوێكانی پەخشان لە ئەدەبی كوردیدا.

٣- لــە ســـەردەمی كۆلۆنیـــالیزمی ئینگلیزیـــدا پەخشـــانی كـــوردی گەشەســـەندن و پەرەسەندنێكی بێ هاوتای بە سەردا هات و هەنگاوی گـەورەی بـەرەو پێشـەوە نـا . سەرەتای لە دایكبوونی چیرۆكی هونەریی كوردی بە شێوەیەكی فراوان و بەردەوام لە عێراقدا.

# سەرچاوەکان

## کتێب

### ١-بە زمانی کوردی

١- ئەحمەد خواجە، چیم دی ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم و دووەم ، چاپخانەی ( شفیق )،بەغدا ، ١٩٦٨.

٢- ئومێد ئاشنا ،ڕەشید نەجیب ( ژیان و بەرهەمەکانی )،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر ، ٢٠٠٠.

٣- ئیسماعیل ڕەسووڵ ، چەند باسێك دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی ( دار الحرية للطباعة) ، بەغدا ، ١٩٨١.

٤- د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٦.

٥- تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، چاپخانەی ( دار الطباعة الحديثة )،بەغدا ، ١٩٢٩.

٦- حەمە ساڵح فەرهادی، چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، چاپخانەی ( الحوادث )،بەغدا ، ١٩٨٨.

٧- ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح ( ئامادەکردن )، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی ( ١٩١٨ – ١٩١٩ ) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە عێراق , دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی ئاراس ،هەولێر , ٢٠٠٧.

٨- ساجد ئاوارە ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد ، چاپخانەی ( ژین ) ، سلێمانی ، ١٩٦٧.

٩- سەباح ئیسماعیل ، چەمك و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپخانەی ( ئەرابخا )، کەرکووک ، ٢٠٠٥.

١٠- سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵلاْ زەنگەنە ، گۆواری دەنگی گێتیی تازە، خولی یەکەم ، بەرگی یەکەم ، ب٢ ،بەرگی سێیەم ، ٤ ،٥ ، هەولێر ، ٢٠١٠.

١١- سەنگەر قادر شێخ محەمەد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلی دا ،دهۆك ، ٢٠٠٩.

١٢- عەبدولڕەزاق بیمار , پەخشانی کوردی،دەزگای ڕۆشنبیری و بلاَوکردنەوەی کوردی،بەغدا ، ١٩٩٨.

١٣- عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاًحەدین ، هەولێر، ١٩٨٧.

١٤- عەلائەدین سەجادی ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨.

١٥- عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی کوردی , دەزگای چاپ و بلاَوکردنەوەی ئاراس،هەولێر ، ٢٠٠٠.

١٦- عەلی ناجی و سیروان بەکر سامی،پێشکەوتن یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی ( ١٩٢٠-١٩٢٢ ) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە , هەولێر، ١٩٩٨.

١٧- عومەر مەعروف بەرزنجی ، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩ , چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ، ١٩٧٨.

١٨- د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٠.

١٩- د.فەرهاد پیرباڵ، مەلا مەحمودی بایەزیدی ١٧٩٩ – ١٨٦٧ ، یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٠.

٢٠- محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی سێیەم ، سلێمانی، ١٩٧٦.

٢١- محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاًحەدین ، ١٩٨٩.

٢٢- موزەفەر مستەفا ئیسماعیل،ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت ، چاپخانەی ( حاجی هاشم )، هەولێر ، ٢٠١١.

٢٣- مستەفا نەریمان ، ببلیۆگرافیای دوو سەد ساڵی کتێبی کوردی ١٧٨٧ – ١٩٨٦، چاپخانەی ( الزمان ) ، بەغدا ، ١٩٨٨.

٢٤- د.نەجم خالید ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا ( ژانی گەل ، شار،ڕاز ) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٤.

٢٥- د.نەجم خالید ئەڵوەنی، کارکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی ( موکریان)، هەولێر ، ٢٠٠٩.

-بە زمانی عەرەبی

٢٦- حسين عارف ، حجم القصة في الادب الكردي بلغة الببليوغرافيا ، ملتقى القصة الاول، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٧٩.

٢٧- د.عبدالاله احمد ، نشاة القصة و تطورها في العراق ١٩٠٨ - ١٩٣٩، الطبعة الثانية ، دار الشؤون الثقافية العامة ( افاق عربية ) ، بغداد ، ١٩٨٦.

٢٨- د.عزالدين مصطفى رسول ، الواقعية في الادب الكردي ، مطبعة دار المكتبة العصرية، صيدا -بيروت ، ١٩٦٦.

٢٩- د.علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي ، الطبعة الثانية ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، ١٩٨٣.

٣٠- فاضل ثامر ، مدارات نقدية في اشكالية النقد والحداثة والابداع ، دار الشؤون الثقافية العامة،بغداد ، ١٩٨٧.

٣١- مجد محمد الباكير البرازي ، في النقد الادبي الحديث ، مطبعة الرسالة الحديثة، عمان- الاردن ، ١٩٨٦.

٣٢- مير بصري ، اعلام الكرد ، مطبعة الريس للكتب والنشر ، لندن ، قبرص ، ١٩٩١.

ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان:

٣١- ئیسماعیل ڕۆژبەیانی، پەیوەندی لە نێوان ئەفسانە و حیکایەت چییە؟، گۆڤاری بەیان، ژ ١٨٦ ، ٢٠٠٠ .

٣٢- مستەفا ساڵح کەریم ، سەرەتای لە دایکبوونی چیرۆکی کوردی ، گۆڤاری کاروان ، ژ ٣٧ ، تشرینی یەکەم ، ١٩٨٥.

# مێجەر سۆن و
# ڕۆژنامەی "پێشکەوتن" و گرەوێکی ئەدەبی

لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی و شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید لـە سـلێمانی، ئینگلیـز کاروباری شاری سلێمانیان بە دەستەوە گرت، یـەکێ لـە کـارە چاکەکانی ئینگلیـز ئـەوەبوو، یەکەم چابخانەیان بۆ شارەکە هێناو لە پێناو بڵاوکردنەوەی بیروڕای کۆڵۆنیالیستانەی خۆیـان و هاندانی خەڵکی بۆ خوێندن و خوێندەواری بۆ لاینگری خۆیان و دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی و لاینگرانی تورك کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنی. ئـەم هـەنگاوەی ئـەوان بـە هەر مەبەستێك و بۆ هەر مەسەلەیەك بووبێ، تۆمارێکی زیندوویان بۆ ئێمە بە جێ هێشت، کـە لە لێکۆڵینەوەی زانستی لایەنـەکانی ژیـانی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ڕوونـاکبیری کورددا پڕ بایەخە.

ڕۆژنامەی پێشکەوتن، کە یەکەم ڕۆژنامەی شاری سلێمانی و یەکـەم ڕۆژنامـەی کوردییـە لـە باشـووری کوردسـتاندا بڵاوکراوەتـەوە.[1] ئـەم ڕۆژنامەیـە لـە لایـەن ئینگلیزەکـان و بـە سەرپەرشتی مێجەرسۆن هەفتانە بڵاوکراوەتەوە[2] یەکەم ژمارەی لە (٢٩ی نیسـانی ١٩٢٠)دا بڵاوکراوەتەوە. تا ژمارەی (٩٧) لە ساڵی دووەمیدا بـە چـوار لاپـەڕە و پاشـان بـە شـەش لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە.

---

[1] لە ساڵی ١٩١٨دا ئینگلیزەکان لە بەغدا ڕۆژنامەی بێگەیشتنی (ڕاستی)یان بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە، بەڵام لە سنووری باشووری کوردستاندا ڕۆژنامەی پێشکەزتن یەکەم ڕۆژتامەی کوردی شاری سلێمانی و باشووری کوردستانە.دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە بارەی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یەوە لێکۆڵینەوەیەکی بە نرخی بڵاو کردۆتەوە، بڕوانە: د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٨.

[2] سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە لایەن عەلی ناجی کاکە حەمەئەمین عەتار و سیروان بەکر سامی و بە پێشەکی د.مارف خەزنەدار لە ساڵی ١٩٨٨دا بڵاو بۆتەوە.

ڕێڕەوی گۆڤارەکە ڕۆشـنبیریی گشـتی بـووە، هـەروەك لەسـەرەوەی لاپـەڕەی یەکـەمی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە (هەموو بۆ پێشکەوتن دەنوسرێ). ڕۆژنامەکە لـە ڕووی هونـەرەکانی ڕۆژنامەوانیی و چاپەوە، لە چاو ڕۆژگاری خۆی تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتووە، کە ئەمەش نیشانەی لێزانی و شارەزایی سەرپەرشتیکەری ڕاستەوخۆی (سۆن) بووە.

(پێشکەوتن)، کە هەنـدێ بـە (پێشـکەوتنی سـلێمانی) دادەنـێن بـەهۆی ئـەوەی لەسـەر ئارمی ڕۆژنامەکە،کە (پێشکەوتن)ە بە بچووکتر (سلێمانی) نووسـراوە، بـەلاّم مـن وای بـۆ دەچم، کە نووسینی (سلێمانی) بە تەنیا بۆ ئەوەبوو، کە دیاری بخات، لـە شـاری سلێمانی دەردەچێت و هیچی تر. ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکە بریتیە لە هەندێ بابەتی ئەدەبی وەك شـیعرو چیرۆکی وەرگێڕاو و بابەتی مێژوویی و کۆمەلاّیەتی و سیاسی، ئەمە بیجگـە لـەوەی هۆیـەك بـووە بـۆ ئاگادارکردنـەوەی خـەڵك و بانگـەوازو کاروبـاری ڕەسمیـی فەرمانگـەکانی تـاپۆو شارەوانی و... تاد.

لە ڕووی  قەوارەوە ڕۆژنامەکە (٢١×٣٣) سم لە هەر لاپەڕەیەکدا دوو سـتوونی تێدایـە و درێـژی هـەر سـتوونێکی (٢٩)سـم و درێـژی هـەر دێرێکـی (٨) سـم. ڕێنووسـی ڕۆژنامەکـە ڕێنووسی عەرەبیە و نیشانەکانی (٧)ی تێدا بەکارنـەهاتووەو تیپـە بزوێنـەکانی (ە، و، ی) نەبووەو هەروەك نووسینی عەرەبی نووسراوە، بۆ نموونە (ئارمی) ڕۆژنامەکـە (پێشـکەوتن) وا نووسراوە، ئەمە وای کردووە لە هەڵەی ڕێنووس و هەڵەی چاپی بەدەر نەبێ، کـە بەشـی زۆری بۆ سادەیی چاپخانەکە و شێوەی کارکردنی دەگێڕێتەوە.

## مێجەرسۆن ڕۆژنـامەوان و حاکمی سیاسی

لە ساڵی (١٩٠٨)دا لە ئینگلتەرەوە (مێجەر سـۆن) بـەکاری ڕەسـی بـەریتانیاوە ڕەوانـەی کوردستان کـراوە، بـۆ ئـەوەی زانیـاری لـە بـارەی کـورد و دابونـەریت و ڕەوشـت و ئاکـارو مێژوویەوە زانیاری کۆبکاتەوە. سـەرتا گەیشـتۆتە ئەسـتەمبوڵ دوای گـەڕان و سـووڕان بـە دوای کوردێکدا تاوەك تووشی (شێخ الاسلام) ی بیارە دەبێت، بەلاّم هیچ سوودێکی نابێت و شێخ شك و گومانی لێدەبێت، بـە پاپۆڕێـك بـۆ (بـەیروت) بـەڕێ دەکـەوێ، شـایەنی باسـە، پێشتر لە کرماشان شتی کوردی فێرببوو، لـە بەیروتـەوە بـە شـەمەندەفەر دێتـە حەلـەب و ناوی خۆی دەگـۆڕێ بـە (مـیرزا غـولام حوسـێنی شـیرازی)  گەشـتێکی سەیروسـەمەرە لـە

(ئورفە) وە بۆ (دیاربەکر) و لـەوێ بـووە بـە هـاوڕێی کابرایـەکی هـەولێری بـەناوی (حـاجی والی)، کە حەڤدە جار چووە بۆ حەج و لە دیاربەکر دەیباتە دەرەوە و ناوی دەنێ (موسـی) بەناوی کوڕەکەیەوە. دەگاتە موصل و لەوێ لەگەڵ قەتارچییەکدا دێتە هەولێرو کـەرکوك و پاشان سلێمانی.


لەو شـارەدا لـە خـانی (غـەفورئاغا) ژوورێـك بـەکرێ دەگـرێ و پاشـان دەبێتـە هـاوەڵ و دۆستی خەڵك. دواترێ دەچێتە هەڵەبجە و لەگەڵ وەسمان پاشـای جـاف و عادیلـە خانمـدا دەبێتە دۆست، دوای ماوەیەك لە کەرکوکدا دەمێنێتەوەو بە (کەلەك) لە (پردێ) وە دەگاتە بەغدا و لەوێوە دەگەڕێتەوە.

(مێجەر سۆن Ely Bennister Soane) لە ڕۆژی (١٦)ی ئاغستۆسی (١٨٨١)دا لە ساری (کینسنگتۆن) لە ئینگلستان لە دایك بـووە. لـە (١٨٩٨) لـە زانکـۆی (کامبرێـدج) بـە پلەی شەرەف دەرچـووە. ئـارەزووی زمانـە ڕۆژهەڵاتیـەکانی هـەبووە، لـە سـاڵی(١٩٠٢) دا دەینێرن بۆ ئێران بۆ ئەوەی لە بانقێکـدا ئـیش بکـات، لـە تـاران بـە سـاڵێك زمـانی فارسـی دەبێت و هەر لەوێ دیوانی شیعرەکانی (عومەر خەیام) تەرجەمـەی سـەر زمـانی ئینگلیـزی دەکات.

لـە سـاڵی (١٩٠٩)دا بـووە سـەرۆکی (کۆمپانیـای نـەوتی ئینگلیـزی ئێرانـی)، لـە سـاڵی (١٩١٥)دا دەچێتە بەسرەو ڕۆژنامەی بەسرە تایمز(Basrah Times) دەردەکات، پاشان لە خانـەقین دەبـێ بـە دادوەر (حـاکم). لـە سـاڵی (١٩١٩)دا بـووە بـە حـاکمی سـلێمانی و خزمەتێکی زۆری شارەکەی کردووە لە ڕۆژنامەوانیی و کردنـەوەی قوتابخانـەو بـەرگرتن لـە کاری دزی و جەردەیی و خوێندنی کردووە بە کوردی و هەڵبژاردنی فەمانبەرە کوردەکان لە ناوچە کوردەواریەکەدا، ئەم گرەوەی کە لێرە لێی دەدوێین، نموونەیـەکی کارەکانیـەتی بـۆ بە کوردیکردنی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشەنبیری کـوردی لـە ڕێگـەی ڕۆژنامـەی پێشکەوتن (١٩٢٠– ١٩٢٢)ەوە، کە بە هەوڵی ئەو دامەزراوە و بلاّوکراوەتەوە[٣].

---

[٣] لە بارەی ژیان و گەشتی مێجەرسۆن بۆ کوردستان سوود لە وتارێکی قادر خەفاف وەرگیراوە،کە لە گۆڤاری گەلاوێژ بە چوار ئەڵقە بلاّوکراوەتەوە.لەم وتارەدا نووسەر کتێبەکەی مێجەرسۆن بە ناونیشانی



TO MESOPOTAMIA AND KURDISTAN IN DISGUISE

WITH HISTORICAL NOTICES OF THE KURDISH TRIBES AND THE CHALDEANS OF KURDISTAN

BY E. B. SOANE

LONDON
JOHN MURRAY, ALBEMARLE STREET, W.
1912

---

To Miesopotamia and Kurdistan in Disguise خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لە کۆتایی وتارەکەیدا چەردەیەك زانیاری لەبارەی ژیانی مێجەرسۆن بڵاوکردۆتەوە، بڕوانە: گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (٤، ٥، ٦، ٧)، ١٩٤٥.


Grammar of the
Kurmanji or Kurdish
Language
By E. B. Soane
LONDON
LUZAC & CO.
PUBLISHERS TO THA INDIA OFFICE
46 GREAT RUSSELL STREET
1913
avesta

مێجەرسۆن لە ساڵی (١٩٢١)دا گەڕایەوە ئینگلتـەرەو خـەریکی فەرهـەنگی کـوردی بـووەو چەند بەرهەمێکی لە بابەت زمان و مێـژوو و فەرهەنگنووسـیی کـوردی بـەجێ هێشـتـووە، لەوانە:

- Kurdish grammar (Grammar of the Kurmaji of Kurdish language)، London، 1913.
- Elementary Kurmanji grammar (Sulaimania district). Baghdad, 1919.
- A southern Kurdish foksong in Kermanshani dialect "Journal of the Royal Asiatic Society". 1909، January, Pt.I.pp 45–51.
- Notes on the phonology of southern Kurmanji.
- Notes on the Kurdish dialect, Sulaimania (Southern Turkish Kurdistan)[٤] .

لە ساڵی (١٩٢١)دا لە لایەن پاشای بەریتانیاوە خەڵات کراوەو لە ڕۆژی (٢٤)ی سـاڵی (١٩٢٣)دا کۆچی دوایی کردووە.

---

[٤] د. ئەورەحمانی حاجی مارف، رابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٩، ل ٢٣٨.

## ڕۆژنـامەی ( پێشکەوتـن )و گرەوێکی ئەدەبی

ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە ژمارە (٢٧)دا لە ژێر ناوی (بۆ زانین) ئاگادارییەکی بلاوکردوتـەوە بۆئەوانەی،کە دەیانەوێ بـە کوردییـەکی سـادەو ڕەوان بنووسـن و ئـەو نوسینانەشـی، کـە قبوولّ دەکرێت پاداشتی شیاو وەردەگرن، لە ئاگاداریەکدا کە پێدەچێ لە نووسینی مێجـەر سۆن خۆی بێت نووسراوە:بۆ زانین

پێشکەوتن خۆی و کۆمەڵێ لەوساوە کە حەز بە ژوورکەوتن و پێشـکەوتنی زمـانی کـوردی خۆمان دەکات داوا هەیە کە نووسینی کوردی بکرێت و بـانگی ئەوانـە دەکـات کـە حـەز لـە نووسین دەکەن.

بە (٣) ڕەنگ پارەی داناوە بۆ کرینی ئەم نووسینە کوردییە بۆ (١) پەنجا رووپیە، بۆ (٢) سی و پێنج ڕوپیە بۆ (٣) بیست و پێنج ڕوپیە.

هەتا ڕۆژی (١٠)ی نوڤەمبەر (١٩٢٠) ئەم نووسینە وەردەگیرێت.

ڕۆژی یانزە تەماشادەکرێت.

ڕۆژی هەژدە لە پێشکەوتندا بلاّودەکرێتەوە و پارەکە دەدرێت.

ئەو کەسە گرەو دەباتـەوە کـە نووسـینەکەی ڕوون و دیـاربێ. فارسـی و تـورکی عـەرەبی کەمتر تیابێ و تامـدار بـێ، نووسینەکەیشـی وەك، سیاسـی، فەلسـەفە، ئامۆژگـاری نـەبێ، باسی زەرعات یا سەفەرنامە و حیکایەت و سەرگوزەشتی شەڕ و شتی وابـێ باشـە، ئەگـەر شیعر بوو کەلیمەی فارسی نەبێ وەك ئەمەی ڕووی "حەزلێکراو– مەعشـووقە" دەکـەن بـە "ماهی تابان" ئەگریجە و زولف و "مشك ئالود" لێو بە "لـەعل و یـاقووت" چـاو بـە چـاوی "غەزال– ئاهو" ئەگەر کینایە بێ با ئەویش کوردی بێ[٥].

لە ژمارەی (٣٠)دا، ئـەنجامی گرەوەکـە بلاوکراوەتـەوە بـە شـێوەیەك شـێخ نـووری شـێخ صالح بە پلەی یەکەم دەرچووە، هۆیەکەشی هەروەك نووسراوە لەبەر ئەوەی نووسینەکەی ئـەو بـە شـیعر بـووە، ئێمـە لێـرەدا هەرسـێ نووسـینەکەی بـە یەکـەم و دووەم و سـێیەم دەرچوون وەك خۆی و بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی دەنووسینەوە.

---

[٥] ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ٣٠، س١، پێنجشەممە ١٩٢٠/١١/١٨.

## جووت گا شتێکی چاك[6]

لە باسی هـــــەر شتیٚ پیاراگەیشتین ئێمە نووسیمان
ئیتر با بێینەوە ســـەر باسی جووتیاری و زەوی کێڵاَن
لە پایزدا خەریکی جـــووت تـوٚو چاندن ئەبی تا سەر
لە ماڵی خوٚت ئەنویت و بیٚ عــەزیەت ئاوی ئەدا باران
لە جەردەو دز بە دوورەوە قەت مـەترسە هیچی لیٚ نایە
لە هاوینا لە پاش دروێنە بێتە ســـەر خەلەو خەرمـان
وەرە توٚ پێگەیشتووی وەختی هاوینیش تەمـاشـــاکە
وەك بامیە تەمــاتە و کاڵەك و لــوٚبیا و باینجان
جگە لـــەو پارەی خـاوەن زەوی ئەیخاتە گیرفانی
بە ڕاستی زەحـمەتێکی زوٚر ئەکا بوٚ هـاولاَتیەکان
کلەمەو نێلٚ و هەوجارێك و جـووتیٚ گای لەڕو بیٚ فەڕ
ئیتر دەسـمایەی ناویٚ وەك دوکـــانی بازرگـــان
بەقالی و ئەم شـــتانە هیچ نیە وەختی نابووت بـــوو
لە ئاخریا ئەڵیٚ ئەسـپیٚ گوٚرانی سەوزەلیٚ توٚم گیـــان
زەوی و زار دەوڵتێکە نامـرێت و قـــەت لەناونـــاچیٚ
فەقیرو دەست نەڕوٚیو نابیٚ قەت خاوەن دەغـــلٚ و دان
بناغەی دەولّەمەندی هەر بەجووت و گا ئەبیٚ قـایـم
بە جووت و گا ئەلّێن عەرزو هەلّدڕین و پارە دەرهێنانە ؟
تکاتن لیٚ ئەکەم لەم ئیشــــەدا تا پێشکەوتن چاکە
بەلاّم دووبارە پێویستە حــکوومەت بێتە یـــاریدان
لە باســـی تووتن و کـــڕیار لادێیش بنووســـم با
کە پارەی بویٚ دێت و هـــەزار ڕپیە ئەیا زســـتان
بەهاریٚ سەد دێراو تووتن ورد و پیس وبیٚ گەلاّوکێشان

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢.

وە چ و دارێك زیاتری ناوێ تووتن بێ پشـــووی نادا
هەموو هەردارو بەردو زبڵ و پووش و ڤسپڵ و ئێســقان
بچێت و پێی بڵێ ئەو تووتنە باتمانی چـــەند ئێـژێ
بەسێ لیرەی عەجەمی کەمتری نادەم بەسەد قورحـان
لە عەزری وشك و ڕەق تووتن پەیا بێ و ئەشـــیفرۆشن
کەوا بێ با هەموو دەسکەینە جووتیاری و زەوی کـێڵان

**سلێمانی. م. نووری**

* * *

## بۆچروك[٧]

هەچ وەختێ ئەم قامیشە دوو لەتە، ئەم ئاسنە دووکەرتە ئـەگرم بەدەسـتەوە زمـانم تـوێ توێ ئەبێ،.خوێنی دڵ ئەو دڵۆپە دڵۆپە سوورانە لە هەموو شارەکی لەشمەوە کۆ ئەبێتەوە و ئەتکێ حەوزێکی سوور دەخاتە بەرچاوم، تنۆك تنۆك لە چاومەوە فرمێسك ئەڕژێ و لەبەر پێما بیرێك پەبا ئەبێ. سەرم وەك مزراحێکی دگ دگە بە گوڕ دایکوتێ گێژوو سووڕ ئەخوا و لە بەینا ئەمێنێتەوە. ئەو هەنسکانەی لە بنکی دڵەوە هەڵئەکشێ لـە گـەرووما کۆدەبێتـەوە هەناسەم لێ دەبڕێ. دەمەوێ نەختێ لەم کاسە لاێوەڕێژەی دڵم برێژم و سـەرم سـوك کـەم، سەد حـەیف گرەی دڵ، کرپـەی جـەرگ، بـۆ چـرووکی نـاو زگ کـە بلیسـکە ئەبیسـتێ وەك زمانی هەژدیها لە قوڕگمەوە سەر ئەکێشێ، هەرچی سەرچاوەی فرمێسـکم هەیـە ئـەیکا بـە هەڵمێکی سوور و لە کونە لووتمەوە دەری ئەکا. هەروەك دوا هەناسەی مردوو لێـوم، چـاوم وەك نانی سەر ساج وشك و ڕەش ئەکاتەوە، لەو وەختەدا دەمەوێ بە هـەموو هێـزی زمـانم هاوەرکەم و کەسێ بە دادمەوە بهێنم، بـەڵام زمـانم نەسـتراوە. دەمـەوێ بـە هـەموو هێـزی ئەژنۆم ڕاکەم، بەڵام ڕێگام گیراوە بـە هـەردوو دەسـت ئەکێشـم بەسـەرو پۆتاڵـەکی خۆمـاو ئەزیرێنم. بەڵام هەموو کەس چاوی نووقاوە. هەموو لا گوێ ی کەڕ بووە. کەس دەرد لـەمن لە من ناشنەوێ، کەس چاوم بۆ ناگێڕێ، هاوار سەد هاوار، من چیم کردووە خوا وام لێ بکا.

---

[٧] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢,

ئەگەر نەبووایە بە ناشکوری ئەو دەست و چاوە، ئەوگیانـەی خـوا دایـومیّ وەك بوخچـەی بووك ئەمپێچایەوە و ئەمکوتا بەسەر چاوی عیزرائیل — دا... نەمئەویست، بـەلاّم ئەوەیشـم پیّ ناکریّ عزرائیلیشم دەست ناکەویّ، لە دووری ئەگێرم و نایگەمیّ، لێم بووە بـە سـێبەری خوّم، کە بوّی ئەچم ئەڕوا، ڕاوە دووری دەنێم ڕائەکا، تا ڕۆژی خوّی نامگریّ منیش ئەبیّ تا ئەو ڕۆژە بتلێمەوە، وە گەوزی خوّم بدەم.

*     *     *

**زەکی صائب**

## ڕۆژەوە بوونێك [8]

لە دوای ئەم بەهارەدا لە بەغدا ئەهاتمەوە شەوێك لە کەرەبچنەوە دوو کەس بووین سواری دوو بارکە بوو بووین لەگەڵ قاترچیەکدا سیّ بە سیّ لە سەگرمەوە هاتین، دنیا چونکە هـیچ جەردەو دزو حیزی نەبوو بیّ ترس و لەرز بیّ دڵەداخوورپیّ بەڕێکەوتین، شـەو مانگـە شـەو بوو تریفەی ئەودیوی سەگرمە دێتە ژوور بەردەلاّنی و خوارو خێچە هەر لە نیوەی ڕێگـا مـن دابەزیم بە هەزار نق وم جەڕ سەرکەوتم، کە هاتمە سـەریّ زۆر مانـدوو بـووم، لـە سوچـێکی سەرکەژەکەوە قنکەل فسێکم دایەوە توّزیّ دانیشتم وەختیّ بەرە بەری بەیان بوو، مانگیش لە ئاوا بوونا بوو جریوە جریوی ئەستێرەکان و بریقە بریقی مانگە شەو، کە ئینسـان تێـری لیّ ئەخوراد هەروا تاس ئەی بردمەوە جێگەکەم وا هەڵکەوتبوو هەموو قوّپیەی قەرەداخم لیّ دیار بوو هەتا چاو بڕی ئەکرد ئەو دارستانی قوّپیەیە وەك ئاوێکی زۆر مەنگ و کـش و مـات سەوز ڕاگیرابوو، شنەشنی ئەو با فێنکە کـە ئـەهات خشـپەو هـوڕی بـەو گەلاّیـە ئەخست، لەولایشـەوە تـازە شـەبەقی بـەیانی دابـوو قـەراغ و بێجـاغی عاسمـان سـپی داگـەڕابوو هەرچەنێکم ئەکرد تێرم لە ڕوانینی نە ئەخوارد لە خوارەوە لەبەردەممدا لەناو قوّپیەدا جـار جارە لورە لوری دەعبا و مەعبا، زریوە زریو و فڕکو هوڕی چوّڵەکە و موّڵەکە کەوا تازە لـە خەو هەڵئەسـان و ئەگـەڕان دڵـی دائـەخورپان لـە نـاو قوّپیـەدا نـاو بـە نـاو شـوان و مـوان

---

[8] سەرچاوەی پێشوو، ل٣-٤،

ئاگرۆچـکەیان کـرد بـووەوە بریسـك و هـوڕی ئـەو ئاگرانـەش لـە دوورەوە ئـەتووت گەلـە ئەستێرەیە ئەنوێنیٚ ئەو ڕوناکیە بیٚ تۆزە ئەو با خۆشە بۆنداره، ئەو کەژوو کێوە سـەوزە، ئەو دانیشـتن و پاڵدانەوەیـە، ئـەو بیرکردنەوەیـە هـەروا تۆزلقانەیـەکی مـابوو لـە خۆشـیانا ببورێمەوە، ئەمویست هەتا ماوم لە دنیادا لەو جێگاو سەعاتەدا بوومایە، لـە پڕێکـا کـابرای قەتارچـی کرمـانگی وتـی فلانەکـەس، فلانەکـەس، وتم هـیٚ بلەباقـە ئەوەچـییە کـوڕە وتـی درەنگە هەڵسە بەڕێکەوە بڕۆین منیش هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشاو هەڵسام و ڕاپەڕیم بۆ خوارەوە،لەو سەرەوە لێژەیە بـەدوو سـیٚ قەڵـەمباز خـۆم گەیانـدە خـوارەوە پـێش هـەتاو کەوتن گەیشتینە دەربەنگەکە، باوەڕ ئەکەن ئەوێشـم بەقـەد سـەریٚ لا خـۆش بـوو لـەم لاو لـەولاوە ئـەو بـەردو تاوێرانـە چـوون بـۆ عاسمانـا سـەریان گەیشـتۆتە کەشکەشـان، سـەر هەڵئەبڕی کلاَوت ئەکەوێتە خوارەوە، تافە تاف و هاژە هاژی ئەو ئاوە سـپییە سـاردە، کـە ئەهاتە خوارەوە ئەو با فێنکە خێرا خێرا ئەیدا بەسەرو چاوما، لە خۆشیانا قاچم نەبوو بڕۆم بەڕێوە لەبەر دەربەنگا جۆگەڵەیەکی نەشمیلە و خنجیلە ڕێك و پێك هەڵگیرسا بوو هەر چوار لای دارستان و سەوزە گیا و گوڵی زەرد و سوور لە وەختی هەتاو کـەوتنا لـە قـەراغی ئـەو جۆگەڵەیە بارمان کوتا بە زەویا هەتاو تازە ئەکەوت بریسـقەی هەتاوەکـە لـە مـەعبێن لقـی گەلاَکانەوە ئەیدا بەناو جۆگەڵەکەدا لە پرشنگەکانی چاوم ڕێشکەو پێشکەی ئـەکرد. کتـوپڕ ئاگرێکی نێڵە نێلمان کردەوە چاییکمان لێنا، قاوەییکمان پێگەیاند، چـونکە بـە ڕێـی ئاسـن هاتبووین هێشتا سەموون و بکسەمد و پەنیر و ماستی بەغدا و خەیا ڕو پورتوقاڵی باقووبـە و قەیسی و سێوی شارەبانمان تەڕوبڕ پیٚ هەبوو بە چای و قـاوەوە تێـرو پـڕ مـان خـوارد، دوایی سەر خەوێکمان شکان و هەڵساین و هاتین بەڕێوە. ئێسـتاکەیش و هـەتا ئـەو ڕۆژەی دامیانە لێوی قەبر ئەو خۆشیەم لەبن دانایە.

**محمد جميل**

## شێوازی نووسینەکان:

(جـووت وگـا شـتێکی چـاکە)، سـەرەتای هـەوڵی نووسـین و شـیعری (شـێخ نـوری شـێخ صالح)ەوە سادەو ساکاریی لە شیعرەکەدا لـە ڕووی نـاوەڕۆك و دووبـارە بوونـەوەو کـەمتر دەست بەسەر ڕاگەیشتنی قافیـەو ڕەوانبێـژی پێـوە دیـارەو شـیعرەکەیش، کـە لـە پارچـی پەخشـانێکی قافیـەدار دەچـێت لەسـەر کێشـی عـەرووزی عـەرەبی (هـەزەج) ی هەشـت هەنگاویە، کە بە (مفاعیلن مفاعلین مفاعیلن مفاعلین) خۆی دەنوێنێ.

(بۆ چرووك)، کـە پارچـە پەخشـانێکی هونـەری خودییـە، بـە شـێوازێکی ئـەدەبیی جـوان نووسراوە هەست بە ئەندێشەو سۆزو خەیاڵ ئامێزی قەڵەمی نووسەرەکەی (زەکـی صـائب) دەکەین، کە لە تەمەنێکی زوودا کوژراوە، دەنا ئەو قەڵەم بە توانـاو بـە بڕشـتە جێگەیـەکی دیاریی لە دنیای پەخشانی کوردیـدا دەگـرت، هـەر لـەو نووسـینەوە کاریگـەری ئـەدەبیاتی ڕۆمانسیی تورکی لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی لە ئەدەبی کوردیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، خـــەیاڵی فـــراوان و گەڕانـــەوە بـــۆ سروشـــت و گریـــان و هەســـت و ســـۆزی بـــە کـــوڵ و خۆشەویستیەکی قووڵی شاراوەو نیگەرانی و ڕاڕایی و یاخی بوون لە دووبارە بوونەوەیـەکی بێهوودە و یاساکانی کۆمەڵ و وجوود و خەوبینین بە جیهانێکی جوانتر لەوەی، کە هەیە، لە سیما سەرەکییەکانی ئەو پارچە پەخشانە هونەرییەن.

(ڕۆژەو بوونێك)ی جەمیل صائب، کە بە یەکێ لـە ڕابـەرەکانی چـیرۆکی هونـەریی کـوردی دادەنرێت، بە شێوازێکی درامی و چیرۆك ئامێز نووسراوە هەسـت بـە ڕوانینـی جـوانیی ئـەو دەکەین لە گفتووگۆ و مەنەلۆکی ناوەوەو دۆش دامانی بـە جـوانی سروشـت و بەسـتنەوەی ڕامـانی بـە خاکەکەیـەوە و ڕەخنـە توندەکانی بەرامبـەر بـە دەسـتەڵاتی ئـەو سـەردەمە و دواکەوتوویی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری، کە پاشتر هەموو ئەمانە لە چیرۆکی (لە خەوما)کەی لە ڕۆژنامەی (ژیان–١٩٢٥) گەیشتە چـڵۆپۆپەی چـیرۆکی هونـەری کـوردی لـە قۆناغی یەکەمدا.

## سەرچاوەکان:

١- د. کـەمال مەزهـەر، تێگەیشـتنی ڕاسـتی و شـوێنی لـە ڕۆژنامەنووسـیی کوردیـدا، بەغدا، ١٩٧٨.

٢- عـەلی نـاجی کاکەحەمـە ئـەمین عـەتار و سـیروان بـەکر سـامی، پێشـکەوتن یەکـەمین ڕۆژنامەی سلێمانی(١٩٢٠-١٩٢٢)، هەولێر، ١٩٩٨,

٣- قادر خەفاف، کتێبەکەی مێجەرسۆن بـە کـورتی، گۆڤـاری گەلاوێـژ، ژ (٤، ٥، ٦، ٧)، س٦، نیسان و مایس و حوزەیران و تەموزی ١٩٤٥.

٤- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییـەوە، بەغـداد ١٩٨٩.



Soane

# کارتێکەری ڕۆژنامەوانی بەسەر هونەرەکانی ئەدەبدا

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی و ڕۆژنامەو گۆڤار لە مێژووی کلتووری میللەتاندا بـە دیاردەیـەکی شارسـتانی دەژمێردرێـت و ڕادەی هۆشـیاری ئـەو میللەتـەی پـێ هەڵدەسـەنگێندرێ. بڵاوبوونـەوەی یەکـەم ڕۆژنامـەی کـوردی (کوردسـتان ١٨٩٨ — ١٩٠٢) وەچەرخاندنێکی نوێ یە لە مێژووی ڕووناکبیریی کوردیی، ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی بـەهۆی زاڵ بوونی باری نەخوێندەواری و نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و کەم دەرامـەت و چـاپخانە تووشی چەندین کێشەو چەرمەسەری بووە.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە کوردستانی عێراقدا ئاسۆیەکی نـوێ دەرکـەوت، ئینگلیزەکان بەهەر مەبەست و نیازێك بووبـێ، ڕۆحـی نەتـەوەیی و ژیـانی خوێنـدەوارییان بەرەو پێشەوە بردو ڕۆژنامەو گۆڤاری (پێشکەوتن) لە بیستەکاندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ هونەرەکانی ئەدەب. لەوێوە سەرەتایەکی نوێیچیرۆکی هونەریی کوردی سـەری هەڵـداو نابێ دەوری (مێجەرسۆن)[1] فەرامۆش بکرێت، هەرلەوێوە بـیری ڕێچکەشـکێنی شـێخ نـوری شێخ ساڵح بۆ شیعری نوێی کوردی سەری هەڵداوە بەلاسایی کردنەوەی شیعری شـاعیرانی تـورك و سـروودو گـۆرانی تـورکی کێشـی شـیعری کـوردی لەعـەرووزەوە گـۆڕی بـە کێشـی هیجایی. بەمە بووە ڕابەری ئەو بزووتنەوە نوێخوازییـە لـە شـیعری کوردیـدا وەك مامۆسـتا

[1] بۆ ڕۆڵی مێجەرسۆن لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن بڕوانە: مێجەرسۆن و ڕۆژنامـەی پێشـکەوتن و گرەوێکـی ئەدەبی، گ. ڕامان، ژ ٥٥، ٢٠٠١، ل،

ڕەفیق حلمی وتەنی (ئینقلابێکی)[2] لە شیعردا کردو پاشـان (گـۆران)ی لووتکـەیش درێـژەی بـەو ڕێچـکەیەداو فەرهـەنگێکی نـوێی بـۆ زمـانی کـوردی پـەتی دانـاو کـەش و هیـوای ڕۆمانســییزمی ئــەدەبی ئینگلیزیــی گواســتەوە نــاو شــیعری کــوردی و شــاگردەکانی (گۆران)یش[3] کامەران موکری و هەردی و دیلان و کاکەی فەللاح و ع. ح. ب شـیعری نـوێی کوردییان زیاتر چەسپاند.

هەر لە دووتوێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا چـەندین ژانـری ئـەدەبی تـر لـە دایك بوون و ئەدەبی کوردییـان دەوڵەمەنـد کـرد، ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) لـە یەکـەم ژمارەیـدا، چـەندین (وتـار) ی بلاّوکردەوە،کـە وتارەکـان بـەپێ ی ناوەڕۆکیـان سیاسـی و ئـەدەبی و مێژوویی زمانەوانی و زانستی و وەسفین. لە باوەشی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا (نامەی ئـەدەبی و چیرۆکە شـیعرو پەخشـانە شـیعرو شـانۆگەری... لـە دایك بـوون و لاپـەڕەکانی ئـەدەبی کوردییان ڕازاندەوە، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەو گۆڤارەکان شـاهیدی سـەردەمی خۆیـان لـەو گۆڕانکارییانەی کە سـەردەمەکە بـە خـۆوەی گرتـوە. ئەگـەر ڕۆژنامـەو گۆڤـار لـە ئـەدەبی میللەتانی تـر لـە ڕووی سەرچـاوەی ئەکادیمیـەوە بـە پلـەی دووەم بێـت ئـەوا بـۆ مێـژووی ئەدەبی کوردی بە پلەی یەکەم دێت، لەبەر کەمیی کتێب و کەناڵەکانی دی ڕۆشنبیری ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کـات ڕۆژنامـەوانیی کـوردی، پسـپۆڕی تیانـەبووەو ئیمتیازەکـەی گشتی بووە، بۆیە سەیر نییە لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە پسپۆڕییەکانیشـدا ئـەدەبی کـوردی بـە پلـەی یەکـەم بێـت، لـە ڕووی چـیرۆکی کـوردی بلاّوکردۆتـەوە بۆیـە سـەیرنییە گـەر بڵـێین لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی بە بێ ڕۆژنامەوانیی مەحاڵە و تەواوکەری یەکترن.

بە چاوخشانێکی خێرا بە ڕابەڕی ڕۆژنامەوانیی کوردی و قۆناغەکانی ڕۆژنامەوانیمانـدا ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامە ئەدەبییەکان لە هـەموویان زۆرتـرن. بەدەگمـەن ئیمتیـازی گۆڤـارو ڕۆژنامەی سیاسیی دراوە، بۆیە هەر لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، کـۆڕو کۆمـەڵ و ڕێکخـراوە کلتووریـەکانی کـوردیی لـە ڕێگـەی ئەدەبـەوە ئامـانجی سیاسـیی و کۆمەلاّیەتییشـیان، بـە تایبەتی لە ڕێگەی شیعرەوە بلاّوکردۆتەوە. نموونەی شیعرەکانی ئەحمەد موختـار جـاف و

---

[2] ڕەفیق حلمی، ئینقلاب لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ۱، بەغدا، ۱۹۵۸.

[3] مـارف بـەرزنجی لـە هەڵسـەنگاندنی دیـوانی (دیاری)ەکـەی کامـەران مـوکری دا ئـەو تـەعبیرەی بەکارهێناوە.

بێ کەس و پیرەمێرد و گۆران و شێخ نووری شێخ سالّح ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی (یانەی سەرکەوتن) و (کۆمەڵی زانستیی لە سلێمانی)یش نموونەی زیندوون.


ئاگاو رووداوی هەفتەیی

لەلایەن کاروباری ئالوگوری خوێندەواری ی ئەمەریکاوە لەبە

(٢٢)ی شباط رۆژی بیرەوەری ی

لە دایك بوونی

«جورج واشنتون»، یەکەم سەرەکی جمهوریەتی

وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکایە.

ژمارە ١٢٨ | رۆژی دووشەممە | ٢٥ شباط ١٩٥٢ | بەرگ ٤

# ڕۆژنـامەوانیی قوتـا بخانەکان بە زمانی کوردی

## لە شاری هەولێر دا ( ١٩٥٩- ١٩٧٥ )

## پێشەكی

گۆڤارو رۆژنامە بەشـێوەیەكی گشـتی زمـانی هـەموو میللەتانـەو لەوێشـەوە ڕەنگدانـەوەی ئاوێنــەی هەســت وســۆز و خۆشەویســتی ڕۆڵــەكانی لــێ بەرجەســتەدەبێت و ڕێگــای دەستنیشانكردن ، پاشان چارەسەركردنی كێشەكان دەخاتەڕوو.

رۆژنامەوانیی كوردیی بەگشتی و رۆژنامەوانیی شاری هەولێریش بەتایبەتی ، لەئەنجامی پێشكەوتنی كۆمـەڵی كـوردەواری لـەبواری ڕۆشـنبیری و كۆمەڵایـەتی ، هەمیشـە لەهـەوڵو تەقەلا دابوون بۆ پێشخستنی ژیانی كوردەواری، بـەبێ گوێدانـە ئـازارو مەینـەتی دوژمنـانی كوردو نەبوونی و بێ دەرامەتی بۆ دەركردنی ڕۆژنامەو گۆڤارە كوردییەكان هاتۆتـە ئـاراوە. لەم بارەیەوە مێژوو گەواهی دەدات ، كە چەند نووسەرو ڕۆژنامەوانێك تەمـەنی خۆیـان بـۆ خزمەتكردنی بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانی ئەم شارە تەرخانكردووەو جێپەنجەیان دیارە .

شاری هەولێر بەپێی تایبەتمەنـدیی شـارەكە كۆمـەڵێك ڕۆژنامـەو گۆڤـاری كـوردی تێـدا بڵاوكراوەتەوە ، كە ڕۆڵی بەرچاویان لەناساندنی لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی و كۆمەڵایەتی وفەرهەنگی دانیشتوانی ئەم شارەدا بینیوە . ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە سەرباری دەستكورتی و هەژاری لە پێداویستی مرۆیی ودارایـی و پیشـەیی، توانیویانـە لـە پێشخسـتنی كلتـووری و ژیاری شاری هەولێردا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

## ڕۆژنامەوانیی لە قوتابخانەكاندا

رۆژنامەوانیی قوتابخانـەكان: بریتیـە لـەو ڕۆژنامـەو گۆڤارانـەی لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی چــەند قوتابخانەیــەكی شــاری هــەولێر لــەمیانی ســاڵانی خوێنــدن بەبەشــداری هەنــدێك لەمامۆستایان وقوتابیانی ئەم قوتابخانانە بڵاو دەكرایەوە.

چالاكیەكی ئازاد بوو لەناو قوتابخانەكان لە لایەن قوتابیانەوە پیادە دەكرا لەسەر بنەمای خواست و ئارەزووەكانیـان. قوتابیـان دەسـتیەكی دەستپێشـخەرو پێشـكەوتووخواز بـوون لەبەرگەگردنی باری قورسی ئامادەكردن و دەركـردن و چـاپكردن و دابەشـكردنی ڕۆژنامـەو گۆڤاری قوتابیان بە سەرپەرشتی مامۆستای زمان (زمانی كوردی لەهەندێك دواناوەنـدیی و ئامادەییەكانی شاری هەولێر– توێژەر) ، كە دەبووە داینـەمۆی بزوانـدنی قوتابخانەكـە بـۆ دواندنی قوتابیان ومامۆستایان وكەسـوكاریان ، ئـەویش بەپابەنـدبوون بەیاسـاو ڕێسـاكانی

دامەزراوەیی پەروەردەیی لە بلاّوکردنەوەی بابەتەکان و زەمینە خۆشکردن بۆ قوتابیان کە بەئازادانـە و هـەڵگرتنی بەرپرسـیارێتی ڕای خـۆی دەربڕێـت لـەڕێگای داهێنـانی هونـەری ڕۆژنامەوانیی پەروەردەییدا (١).

ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی پێناسەی ڕۆژنامەوانی قوتابیان دەکات کە:

( بریتیـە لـە نووسـین و بلاّوکردنـەوەی ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان ، ئـەو چـالاکی وبابەتانـە لەخۆدەگرێت ، کە پەیوەندیان بەخوودی خوێندکارانەوە هەیە ، ئەوانـەی ، کـە لەبنەڕەتـدا بۆ دیاریکردنی کێشەی قوتابیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان دارێژراوە) (٢).

ڕۆژنامەوانی قوتابیان هەموو چالاکیەکی ڕۆژنامـەوانی( نووسـراو ، بیسـتراو ، بینـراو ) لـەخۆ دەگرێـت ، بێجگـە لەهەنـدێك چـالاّکی وەکـو شــانۆیی و ئاهـەنگی یـەکتری ناسـین نەبێت.هەروەکو ڕۆژنامەوانی دیواریش،کە بەشێکی دانـەبڕاوی ڕۆژنامـەوانیی قوتابخانـەکان دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە، چونکە چالاّکیەکی تایبەتە بەهزرو توانای قوتابیان (٣).

لە سەرەتای سەدەی بیسـتەمدا ڕۆژنامـەوانیی قوتابیـان بـە دەسـکەوتێکی قوتابخانـەیی هەژمارنەدەکرا، هەرچەندە ڕۆڵێکی گـرینگ لەپێگەیانـدنی قوتابیـان دەگێڕێـت ، بـەڵکو بـە پێچـەوانەوە وەکـو کاتبـەفیڕۆدان هـەژماردەکرا بـەبیانوی ئـەوەی خوێنـدکار لـەڕێبازی وانـەکانی دووردەخاتـەوە ، بـەلاّم لـە دەرئـەنجامی کۆمـەڵێك ئـەزموون، کـە پسـپۆڕانی پـەروەردە پێـی ڕابـوون توانیـان پێچـەوانەی ئـەوە بسـەلمێنن، چـونکە خـۆی ئەمـە دادەهێنانێکی قوتابخانەیە، وقوتابییە بەهەرمەندەکان بـەو کـارە هەڵدەسـتن، ئەمـەش بـە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیـەکی بـەهێز لـەنێوان قوتـابی و بابەتـەکانی وانەکانی ڕۆژانەی قوتابخانە.(٤)

---

[١] : بڕوانە : علی محمود، الصحافة مهنة، ط٢، ٢٠٠٧ ، ص١٦١ .

[٢] :: تیشکێك لەسەر ڕۆژنامەگەریی قوتابیان، ئا: ئەمجەد محەمەد عەبدوڵلاّ ، کاروان(گ) ، ژ (١٢٠) ، نیسان ١٩٩٨، ل٥٧.

[٣] : بڕوانە:نەژاد عەزیز سورمێ ، ڕۆژنامەگەری ی قوتابخانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری ی کوردی دا ، کاروان (گ)، ژ( ٦٧) ئابی ١٩٨٨، ل٨٩.

[٤] : س.پ: ل٨٨.

ئامانج لە دەرکرددنـی رۆژنامـەوانیی قوتابخانـە (قوتابیـان) پێشکەشـکردنی خزمـەتێك بووە بـۆ ئـەو توێـژە زینـدووە لـە سـەرجەم بوارەکانـدا، یـان ئاراسـتەکردنی جـەماوەر بـە شـێوەیەکی گشـتی و قوتابیـان بـە شـێوەیەکی تایبـەتی بـۆ خواسـتەکان و بـەرگریکردن و پاڵپشتی کردن لە مافە رەواکانی گەل، چونکە ئەو توێـژە تـوژێکی کـارو کاریگـەرە بـەهۆی ئەوەی خـاوەن وزەیـەکی لـەبن نـەهاتوو و هۆشـیاریەکی تـەواوە، بۆیـە توانیویـەتی ببێتـە نووکی ڕمی هەموو شۆڕش و راپەڕین و بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و نەتەوەیی و نیشتمانی. لەو ڕوانگەیەوە قوتابیان خاوەن هەستێکی زیندوو و رێکخراو بوون لـە هـەموو قۆناغـەکانی مێژوودا، بۆیـە ئـەوان داواکـاری رێکخراوێکـی تایبـەت بـەخۆیان بوونـە، هـەر بۆیـە خـاوەن رۆژنامەوانیی تایبەت بەخۆشیان بوون، لەوانەش رۆژنامەوانیی قوتابخانەیی.(١)

رۆژنامـەوانیی قوتابخانـە بەیـەکێك لـەگرینگترین چـالاکیی پـەروەردەیی دادەنـدرێت ، کـە دەتوانێـت ئامانجـەکانی پـەروەدە وفێرکـردن جێبـەجێ بکـات و کەشـوهوایەکی خـۆش بـۆ قوتابیـان فەراهـەم بکـات وبشـبێتە ئەگـەری گرێـدانی قوتـابی و خوێنکـار بەدەروبـەرو کۆمەڵگاکەی ، ئەویش لەڕێگای پراکتیزەکردنـی جۆرێك لەڕاگەیانـدنی نوسـراو ، کـە خـوی خۆی بەشداریکردووە لەداهێنانیدا .

رۆژنامـــەوانیی قوتابخانـــەکان زمـــان لای خوێنـــدکاران خۆشەویســـت دەکـــات ، وەکـــو وەسیلەیەك لەدەرکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤاری قوتابیان ، لەوێشەوە گەیاندنی بیروبۆچوونی خۆێندکار بۆ خوێنەر . لەڕێگای ڕۆژنامەو گۆڤارە تایبەتەکانی قوتابیـان ئاشـنایەتی لەگـەڵ نیشتمان پەیدا دەکات و شانازی بەباوباپیرانیەوە دەکات و پارێزگـاری لەمێـژوو وکلتـووری دەکات ، بەجۆرێك ڕۆژنامەگەریی دەبێتە پلاتفۆڕمی تێگەیشتنی نێو کۆمەڵگای قوتابی تێدا دەژییێت ، لەناو قوتابخانە یان لەدەرەوەیدا ، چونکە ئەم کـارە ڕۆژنامەوانیـە وای لێـدەکات بەدواداچوون بۆ کێشەکانی قوتابخانە بکات ، و بەشێوەیەك بیانخاتـە ڕوو ، کـە لەئاینـدەدا گیانی ڕەخنەو هاوکـار بـۆ چارەسـەر دروسـت بکـات . ڕۆژنامـەوانیی قوتابخانـە ململاَنێـی پۆزەتیڤ دروست دەکات لەنێوان خوێندکارانـدا ، لـەم ڕێگایـەدا قوتـابی لەسـەر هونـەری

---

١: بڕوانە: برتیشکێك لەسەر ڕۆژنامەگەریی قوتابیان، ئا: ئەمجەد محەمەد عەبدوڵلا ، سەرچاوەی پێشوو ١٩٩٨، ل٥٨.

ڕۆژنامــەوانی ڕادێـت هــەر لـەڕاپۆرتی وەرزی تادەگاتــە ئـامێری چـاپ و وێنــە و وێنــەی کاریکاتێری(١).

لەبەر ئەوەی کاری ڕۆژنامەوانی کارێکی هەرەوەزییە ، بۆیە کاتێك لەچوارچێوەی دیواری قوتابخانە بلأودەکرێتەوە گیانی هاوکاری لەنێوان خوێندکاران زێتر دەکات بۆ دروسـتکردنی ڕای گشتی ناو قوتابخانە بۆ کۆنترۆڵکردنی نیزامی گشتی لەهەڵمالّینی کێشەکان و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان ، کەسەرەنجام دەبێتە فاکتەری بەهێزبوونی کەسایەتیی قوتابی ، جا لەشـێوەی وێنـەکردن بێـت ، یـان بـەڕێگای دەربڕینـی نووسـین بێـت ، لـەپاڵ ئەمانـەش دا دەرخسـتنی توانـای قوتـابی لـە گفتوگـۆو ڕەخنـەگرتن و بەشـداریکردنی قوتـابی لـەکاری ڕۆژنامەوانیی قوتابخانەیی فێری دەسـتەواژە زمانەوانیـەکانی دەکـات ولەکۆتاییـدا قوتـابی بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوون کارەکەی ئـەنجام بـدات ، کـە گونجاوبێـت لەگـەڵ گەشـەکردنی تەمەنی دا .بە دڵنیاییـەوە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیـادبوونی سـامانی زمانەکـەی، ئەمـەش مەیلی بەرەو خوێندنەوە زیاد دەکـات بـە شـێوەیەك ، کـە خواسـتی لەسـەر خوێندنـەوەی دەرەکی زۆر دەبێت بۆ ئەوەی زانیاری فرە لە بابەتێکی دیاریکراو بەدست بێنی یان لەسەر پەرتووکێك بنووسێت لە ڕۆژنامەیەکدا.

ڕۆژنامەوانیی قوتابخانە بە چەند خاسیەتێك دەناسرێتەوە ، لەوانە(٢) :

تایبەتە بە توێژێکی دیاریکراو، ئەویش قوتابیانن، بۆیە سنووری خوێنەرانی لەچوارچێوەی جغزی قوتابیان تێناپەڕێت .

شێوەکەی سادەیە، قەبارەکەی بچووکە، بەبەراود لەگەڵ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تردا ئاستی نزمتر دەبێت .

ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە تەنیا ئاڕاستەکراوە بۆ قوتابیـان و ئاستەکەشـی بـە بـەراورد لەگـەڵ ڕۆژنامەی دیکەدا نزمە.

بەزۆری بەشێوەی پچڕ پچڕ دەردەچێت .

---

[١] : بڕوانە: نەژاد عەزیز سورمێ ، ڕۆژنامەگەری ی قوتابخانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری ی کوردی دا ، سەرچاوەی پێشوو،ل٨٩.

[٢] : تیشکێك لەسەر ڕۆژنامەگەریی قوتابیان، ئا : ئەمجەد محەمەد عەبدوڵلا ، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٩.

تیراژی کەمترە بە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەی دیکە.
بە وێستگەیەکی ئەزموونی دانراوە بۆ زانینی ئاستی قوتابیان، بە تایبەتی ئـەو قوتابیانـەی خاوەن بەهرەی نووسینن.

ڕۆژنامەوانیی قوتابخانە چالاکیەکە خوێندکار بە ئارەزوویی ئازادانەی خۆی پراکتیـزەی دەکات ، ئەمەش بە ڕەچـاوکردنی مـەیل و ئـارەزووی خۆیـان و خسـتنەڕووی زانیاریـەکان لەڕێگای نووسین ودەرکردن دەرهێنـانی ڕۆژنامـەوانی دادەکرێـت ئاشـنایەتی پەیـدا بکرێـت لەسەر قوتابیە داهێنەرەکان ، لەوانە بۆنموونە([1]) :

دۆزینەوەی بەهرەوتوانای زانستی لای منالە بەهرەدارەکان و سـەرەنجام بـۆ تەقاندنـەوەی هێزە زانستیە شاراوەکانی قوتابیان .

پێدانی شارەزایی و تواناسازی بـەقوتابی ، کـە بەشـێوەیەکی ئیجـابی کاریگـەری دروسـت بکـات لـەوێناکردنی زانیـاری ئیـدراکی لای منـاڵ و هـەنگاونانی دروسـت تادەگاتـە ویسـتگە وفەزای بیرکردنەوەوئەندێشەی قوتابی.

بلاوکراوەی چاپکراو یەکێکە لە گرنگترین هونەرەکانی رۆژنامەوانیی قوتابخانە( قوتابیان) ، کە قۆناغێکە زیاتر هۆشیاری پێوە دیـارەو پەیوەسـتە بـە ئامرازەکـانی گەیاندنـەوە، کـە دەتوانرێت بڕێکی زۆری لێ چاپکرێت و بە ئاسانی بگوازرێتەوەو دەستاو دەست بکات لەنێو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانـەدا. هـەروەها دەتوانرێـت لـە ڕووی جوانکارییـەوە گرنگـی پێبدرێت و گۆڕانکاری لێ بکرێت و پێشبخرێت لە هەمان ژمارە پێش ئـەوەی چـاپ بکرێـت، ئەمەش لـە ڕووی بابـەت و پێکهاتنەیـەوە جۆراوجـۆرە بـەپێی توانـای قوتـابی لـە هـەردوو قۆناغی ناوەندیی و دواناوەندییەوە.

سەبارەت بەڕۆژنامەوانیی قوتابخانە لەشاری هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥–١٩٧٥ دا ، ئەوا کۆمەڵێك لەمامۆستایان و پەروەردکاران لەم شـارەدا هـەر زوو درکیـان بـەوە کردبـوو ، کـە کرینگـی قوتابخانـە هەرئەوەنـدە نییـە ، نەوەیـەك لەخوێنـدەواران تـەنیا بەخوێندنـەوەو

---

[1]: علی حسن مصطفی ، نادی الصحافة المدرسیة ، ٢٠١٠/٢/١٥ http:www.khayam.com/sar/sahafhm.htm/.
- علی محمود ، الصحافة مهنة، ٢٠٠٧ ، ص ١٦١-١٦٢.

نووسین بەرهەم بهێنێت ، بەڵکو ئەرکێکی تریشی لەئەستۆگرتبوو لە دەستنیشانکردنی جیاوازیی تاکی نێوان قوتابیان، بۆیە کاری لەسەر مشتومالکردنی بەهرەکان و هاندانیان بەرەو خەملین دەبرد، ئەویش بەئاراستەکردنی قوتابیانی بەهرەدار، ئەوانەی سەلیقەیان لەبواری ڕاگەیاندن دا بەتایبەتی لەبواری ڕۆژنامەوانیدا هەیە و بەئاراستەیەکی ڕاست ورەوان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان (١).

لێرەدا نموونەی ئەو گۆڤارە کوردییانەی قوتابخانەکانی ئامادەیی و دواناوەندی دەخەینە ڕوو،کە لە شاری هەولێر لەنێوانی ساڵانی ١٩٣٥–١٩٧٥دا بڵاوکراوەتەوە :

١ – ژیان ١٩٥٩

گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتیی قوتابیان بوو، یەکێتیی قوتابیان گشتی لقی هەولێر دەریکردووە. ئەم گۆڤارە،(( بە تاکە گۆڤاری قوتابیان دادەنرێت ، کە لە ساڵانێکی زوو لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی قوتابیان لە شاری هەولێردا بڵاوکراوەتەوە)) (٢).

ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی گۆڤاری ( ژیان) ، کە لە بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە خراوەتە ڕوو، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ڕۆژو مانگ و ساڵی دەرچوونی بکرێت(٣) ، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی کەموکورتیەك ، بۆ چۆنیەتی دیاریکردنی مێژووە ڕاستیەکەی دەرچوونی ئەو گۆڤارە. سەرەڕای ئەوەی ڕۆژو ساڵی دەرچوونی گۆڤارەکە لە بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە نەنووسراوە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییەی لە لاپەڕە (٢٨)ی گۆڤاری "دەنگی قوتابیان" لە ژمارە (٢)ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ هاتووە، کە لە لایەن یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراقەوە دەرچووەو دەڵێت: پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین ، کە قوتابیانی هەولێر گۆڤارێکیان بەناوی (ژیان)ـەوە دەرکردووە، کە بەهیواین بەردەوام بێت لە دەرچوون دا(٤) واتە دەرکردنی گۆڤارێکی قوتابیانی پشتگوێ نەخستووە لە هەولێر،

---

[١]: بروانه : وائل على احمد النحاس ، تاريخ الصحافة الموصلية١٩٢٦-١٩٥٨، جامعة الموصل ،كلية الاداب ،١٩٨٨ ،رسالة ماجستير(غير منشورة) ، ل١٣٨.

[٢]: غازی حەسەن، ژیان کەی دەرچووە ؟ K21 (گ)، ژ (٧)٢٠١٠، ل١٥٥.

[٣]:بڕوانە: وێنەی پاشکۆی ژمارە(٩).

[٤] بڕوانە : غازی حەسەن ، ژیان کەی دەرچووە؟ سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

**ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ، کە گۆڤاری (ژیان) پـێش ئـەو مێـژووە دەرچـووە، واتـە هـەر لە١٩٥٩ داپێش (دەنگی قوتابیان) دەرچووە.**

**گۆڤاری (ژیان) لە (٤٠) لاپـەڕە پێکهاتووە و بە پێوانەی (١٧X١٠)سم. لە بەشی لای ڕاستی بەرگی پێشەوەو لە لای سەرەوەی گۆڤارەکە ژمارە (١) نووسـراوە، لـە بەشـی پێشـەوەی لای چـەپی بـەرگی پێشـەوەو لای سـەرەوە سـاڵی (١) نووسـراوە، لـە ناوەڕاسـتی بەشـی سەرەوە ناوی گۆڤارەکە بە خەتی گەورە نووسراوە (ژیان)، لە خوارەوەی بەشـی سـەرەوە لە گۆشەیەکداو لە نێو لاکێشەیکدا نووسراوە (گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی قوتابیانە، لـە ناوەڕاستی بەرگەکـە وێنەیـەك هەیـە، کـە لـە کارەکـانی هونەرمەنـد (بـدیع باباجـان)ە، لـە خـوارەوەی بـەرگی پێشـەوە گۆشـەیەکی لاکێشـەیی هەیـەو تێیـدا نووسـراوە یەکیـەتی قوتابیان گشتی لە هەولێر دەری ئەکات ) ([١]).**

**سەرەڕای ئەوەی ناوی سەرنووسەری گۆڤارەکە نەهاتووە لە بەرگی پێشەوە و دواوە بـەڵام هەڵسوڕێنەری بنچینەیی گۆڤارەکە بەپلەی یەك هەولی تاکەکەسـێك بـووە، زۆربـەی بابەتـە بڵاوکراوەکان بەناوی خوازراو بووە ، کە لە ئامادەکردنی خۆی بووە*.**

**بەدەستەی نووسـەرانی گۆڤـاری (ژیـان) بـەپێی پێڕسـتی دوا لاپـەڕەی گۆڤارەکـە لـە(١١) کەس پێکهاتووە، بەڵام لەڕاستی دا گۆڤارەکە لەلایەن تاکە کەسێکەوە ئیدارەی دەرکردنـی**

---

[١] ) بڕوانە:ژیان(گ) ، ژ( ١ ) ، س ١ ، ١٩٥٩ ، ل ٢١.

* : دیاردەی هەوڵی تاکە کەسی لەدەرکردنی هەندێك لەڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٧٥ وەکو دیاردەیەك لەڕۆژنامەگەریی کوردیی بەگشتی وڕۆژنامەوانیی کوردیی شاری هەولێر دا، کە کەسێك بەهەوڵ وتەقەلای کەسی خۆی هەموو پێداویستیەکانی دەرکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤار لەکاروباری دارایی و کارگێڕی وسەرپەرشتیکردنی لەچاپدان و تادەگاتە دابەشکردنی دابیندەکات. لەمێژوویی ڕۆژنامەوانیی کوردیی لەشاری هەولێر دا نموونەی لەم بابەتە بەرچاوو دووبارە بووەتەوە، لەوانە دەستپێشخەری (حوسێن حوزنی موکریانی) لەدەرکردنی گۆڤاری (ڕووناکی ١٩٣٥ – هەتاو١٩٥٤) و( ئەمین ڕواندزی) لەدەرکردنی ڕۆژنامەی (هەتاو١٩٤٨) و( بەردرخان سندی) لەدەرکردنی گۆڤاری(چیا١٩٧٠) دا، و(کەمال غەمبار١٩٥٩) ل ، بەڵام سەبارەت بەگۆڤاری( ژیان) هۆکارەکەی بەپلەی یەکەم بۆ نەبوونی نوسەری ڕۆژنامەوان بووە لەم کاتەدا لەبەر ئەوەی بەشی زۆریان بەزمانی عەرەبی دەیانخوێند و زمانی نووسینی کوردیان بەباشی نەدەزانی - چاوپێکەوتنی لێکۆڵەر لەگەڵ نووسەر وڕۆژنامەنووس کەمال غەمبار. ٢٥/ ٨/٢٠١١، هەولێر.

کـراوە سـەرباری هـەبوونی ناوەکانیـان، چـونکە ڕۆڵـی ئـەوان لاوەکـی بـووە(١)، "بگـرە هەندێکیان ئاگایان لە دەرچوونی گۆڤارەکەش نەبووە ، بەڵکو مـن ناوەکـانم دەنووسـی " (٢).

ئامانج لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە وەکو لە پێشەکی ژمارەی یەکەمدا خراوەتەڕوو ، بریتییـە لە (( خزمەت کردنی قوتابیانە هاندانیانە بۆ تیژکردنی پینوسیان لـەپێناوی بەرزکردنـەوەو گەشەپێ دانی وێژەو زمانی کـوردی و خولقانـدنی جولانەوەیـەکی وێـژەیی لـەنیو جەرگـەی قوتابیانا کە بەردەوام بن لەنوسینی بەکەلك و ڕەنگین بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگەی بەرهـەمی پڕسوودیان خزمەتی گەل ونیشتیمان بکەن ومەشخەلی پرشنگی زانیاری و هوشمەندی بـەرز کەنـەوە بـۆ دەرهێنـانی ڕەگ وڕیشـەی نـەزانی و تـاریکی ، بـۆ هـەنگاونان بـەرەو زانـین و ڕووناکی و ئاسویەکی گەش و فراوان ...

ئیتر ئەی قوتابی بەڕێز گۆڤاری (ژیان) زمانی تۆیەو بۆ تۆیە، پڕ بەدڵ داوات لێ دەکات کـە پشـتی بگریـت و دەسـتی یارمـەتی بـۆ درێـژ کـەیت وەپـاڵ پێوەنـەرێکی دڵسـۆزبیت بـۆ بەڕێوەبردن و پێشکەوتنی ئەم گۆڤارە کەیەکەمین جـارە قوتابیـانی کـورد لەهـەولێر دەری دەکەن .

بەبۆنەی دەرکردنـی یەکـەم ژمـارە لەگۆڤارەکـەمانا گـەرمترین سـلاوی هەسـتی بەسـۆزمان پێشکەش بەسەرۆکی تانهامان قارەمانی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ عبدالکریم قاسم ئەکەین ، وەبەڵێن نـوێ ئەکەینـەوە کەهـەرگیز دڵسـۆزین و ئـەو ڕیبـازەی گرتومانـە بـەری نـادەین وەهەردەم لە دەورەی کۆمارە دیموکراسیەکەمان قەلایێکی ئاسنین ی پۆلایین.

(بەرزی بۆ زانست– بەرزی بۆ ڕێك وپێکی – بەرزی بۆ کردارە )

(دەستەی نووسەران) .... ) (٣)

لەبەر ئەوەی گۆڤاری (ژیان) لەلایەن یەکێتی قوتابیـانی گشـتی لقـی هـەولێر دەرچـووە،کە ڕێکخراوی قوتابیانی حزبی شیوعی عیراق بووە باشووری کوردستان ، بۆیە لەکۆتایی وتەی

---

(١) : بڕوانە : k21(گ)، ژ(٧)، ٢٠١٠، ل١٥٨.

٢ ) چاوپێکەوتنی لێکۆڵەر لەگەڵ نووسەر وڕۆژنامەوان کەمال غەمبار. ٢٥/ ٨/٢٠١١، هەولێر.

(٣) : ژیان(گ)، ژ (١)، س١، ١٩٥٩، ل٤-٥.

ژمارەی گۆڤارەکەدا مۆرکێکی سیاسی بەناوەڕۆکی وتارەکـە بەخشـیوە ، کاتێـك ستایشـی ڕۆڵی سەرۆکی کۆماری عـیراق دەکـات و بـەڵێنی دڵسـۆزی بـۆ دویـات دەکاتـەوە، هـەروەکو بێجگە لە بەشداریکردنی بەرپرسی ناوەندەکانی یەکێتی قوتابیانی گشـتی شـاری هـەولێر ، کــەناوەڕۆکی بابەتــەکانی گۆڤارەکــەیان دەوڵەمەنــد کــردووە ، بــەرپرس و نووســەرانی ناوەنــدەکانی دەرەوەی هــەولێری ســەر بەهــەمان ڕێکخــراویش بەشــداری نووســینی گۆڤارەکەیان کردووە[1] .

گۆڤارەکە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی تایبەت بە هەوڵ و ئارەزووەکانی قوتابیـان داوە لە هۆنراوەو زانیاری گشتی و وەرگێران و وتەی بەنرخ[2].

لەبەرئەوەی ئەو گۆڤارە لە لایـەن قوتابیـانی شـاری هـەولێرەوە دەرچـووە، بەشـێوەیەکی بەرچاو شێوەزاری کرمانجی خوراووی تێدابەشێوەیەکی پوخت وپاراو تێدا بـەکار هـاتووە و ڕەچاوی خاڵبەبەندی بەوردی کراوە .

سەرەڕای ئەوەی گۆڤاری (ژیان) لە شاری هەولێردا دەردەچوو، بەلأم لە چـاپخانەی (ژیـن) لە شاری سلێمانی چاپکراوەولە لایەن (جەلال میرزا کەریم)ـەوە سەرپەرشتیکراوە.

تیراژی گۆڤاری ( ژیان) دیارنییەو لە سەر گۆڤارەکەش ئاماژەی پێنەکراوە، سـەبارەت بـە سەرچاوەی دارایی گۆڤارەکە نە لە لایەن حکوومەت و نە هیچ لایەکەوە پاڵپشـتی نـەکراوە، بەڵکو گۆڤارەکە لەلایەن قوتابیان و ئەو کەسانەی هاوبەشییان هەبووە لە کڕینی خۆیانەوە پاڵپشتی کراوە[3].

چـاوپێکەوتنی ڕۆژنامـەوانیی ، یەکێکـە لـەژانرە هەرەگرینگـەکانی کـاری ڕۆژنامـەوانی، ڕۆژنامـەوان لەشـێوەی پرسـیارو وەلأم لەگـەڵ کەسـی بەرامبـەری بەمەبەسـتی وەرگرتنـی زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەیکات (٤). جێگای سەرنجە ، کـە گۆڤـاری (ژیـان)

---

(١) : بڕوانە : عبدالرحمن محمدامین ، سەرۆکی یەکیەتی قوتابیانی گشتی – شەقلاوە ، ئاشتیمان ئەوێت ، ژیان(گ)، ژ(١) ،سەرچاوەی پێشوو ، ٢٦-٢٨ .

(٢) : بڕوانە : ژیان(گ)، ژ(١) ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦، ١٠ ، ١٣.

(٣) : بڕوانە : ژیان(گ)، ژ (١)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٤) د. مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی ومێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠، ل٣٧.

بۆ یەکەمجار لـەڕێگای پـەیامنێرێکی خـۆی چـاوپێکەوتنێکی رۆژنامـەوانی (interview) لەمێژووی رۆژنامەوانیی کوردی قوتابخانەکانی شاری هەولێر ئەم هونەرەی ئەنجامداوە.[1]

لە رووی نەخشەسازی گۆڤارەکەوە، بە شێوەی زەنگۆگراف چاپکراوە، هەروەها ناونیشانی سەرەکی بە خەتێکی گەورەو روون نووسراوە، ناونیشانە لاوەکییەکانیش بە هەمان شێوە، بۆشایی نێوان دێڕەکـان بـە شـێوەیەکی گونجـاوە، کـە یارمـەتی خوێنـەر دەدات لـە کـاتی خوێندنەوەدا هەست بە ماندوویەتی نەکات.

گۆڤارەکە هەوڵیداوە بۆشایی نێوان بابەتە بڵاوکراوەکان پڕبکاتەوە بە بڵاوکردنەوەی پارچە هۆنراوەو پەخشانی کورت و وتەی بەنرخ، بۆ تەواوکردنی پاشماوەی بابەتەکان (٢).

لەبەر ئەوەی گۆڤاری( ژیـان) ئـەدەبی بـووە، ڕیزبەنـدی یەکـەمی بەڕێـژەی (٧، ٢٦٪) داگیرکردووە، لە کاتێکدا هەر سێ بابەتەکانی (زانیاری گشتی و وەرگێڕان و بابەتی سیاسی وهەواڵ) رێژەی (٣، ١٣٪) یان بەرکەوتووە. لە کۆتاییدا وتەی ژمارەو وتەی بەنرخ ڕێژەی (٧، ٦٪) پێکهێناوە.

ژمارەو ڕێژەی سەدی بابەتەکانی گۆڤاری ( ژیان).

| بابەت | ژمارەی بابەت | رێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ٤ | ٢٦,٧ | ١ |
| زانیاری گشتی | ٢ | ١٣,٣ | ٥، ٣ |
| وەرگێڕان | ٢ | ١٣,٣ | ٥، ٣ |
| سیاسی | ٢ | ١٣,٣ | ٥، ٣ |
| هەواڵ | ٢ | ١٣,٣ | ٥، ٣ |
| ئینتەرڤیو | ١ | ٦,٧ | ٧ |
| وتەی بەنرخ | ١ | ٦,٧ | ٧ |
| وتەی ژمارە | ١ | ٦,٧ | ٧ |
| کۆی گشتی | ١٥ | ١٠٠,٠ | |

[1]: بڕوانە: میهرەجانی ئاشتی و دۆستایەتی ، ژیان (گ)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

[2] ) : بڕوانە : ژیان(گ) ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

## – تیشك ۱۹۷۰

گۆڤـارێکی قوتابخانـەیی پـەروەردەیی سـاڵانە بـووە، لـە لایـەن قوتابخانـەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان له شاری هەولێردا دەرچووە.

ژمـارەی دووەمـی لەسـاڵی دووەمـی لـە ۱۹۷۰ دا دەرچـووە، ژمـارەی سـپاردنی بـە کتێبخانەی نیشتمانی (۱۵۰۰) پێـدراوەو لـە چاپخانەی( کوردسـتان) لـە شـاری هـەولێر لـە بەرواری ۱۲/٤/۱۹۷۰ دەرچووە ، بە (٦٤) لاپەڕەو بەپێوانەی (١٤ X ٢١ ) سم .

دەستەی نووسەرانی ژمارەی دووەمی پێکهاتووەلە[١] :

١– مەجید ئاسنگەر، بەڕیوەبەری قوتابخانە.

٢– حەمەکەریم رەمەزان هەورامی– مامۆستای پەروەردەو زانیاری.

٣–فاتح محەمەد– مامۆستای زمانی کوردی.

٤– لێژنە.

أ– پەروەردەو زانیاری هۆبەکەمان .

ب– زمانی کوردی .

٥– سکرتێری لیژنە: نوری ئیسماعیل نانەکەلی.

بەرگی پێشەوەی گۆڤاری ( تیشك ) وێنەی قەڵای هەولێری لەسەرە، لەگەڵ دەرکـەوتنی خۆرێك لـە لای چـەپی بـەرگی گۆڤارەکـە، لـە بەشـی سـەرەوەی بـەرگی پێشـەوە وشـەی (گۆڤـاری) هەیـەو لەنێوانیانـدا وێنەیـەك هەیـەو دواتـر نـاوی گۆڤـارە (تیشـك) دێـت، لـە خـوارەوەی وێنەکەچـەند درەخـت و سـتوونێکی کارەبا هەیە،هـەروەها بـەرگی پێشـەوەی گۆڤارەکـە لـە کـاری هونەرمەنـد (ئـازاد)ە[٢]، لـەخوارەوەی بەرگەکـە ناوی(چـاپخانەی کوردستان– هەولێر) نووســراوە لەگەڵ هەردوو ساڵی زایینی و کوردی (۱۹۷۰–۲۵۸۲) [٣]

لە بەرگی پشتەوەی گۆڤارەکە دیسان ناوی گۆڤاری (تیشك) بە پیتی لاتینی نووسـراوە، لە خوارەوەی وشەی (هەولێر) بە لاتینی نووسراوە، لە ناوەڕاستی بەرگی دواوە نووسراوە: گۆڤاری تیشك ساڵی ۱۹۷۰، لە لایەن قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان لە هـەولێر

---

[١]: تیشك (گ) ، ژ (٢)،س٢، چاپخانەی کوردستان –هەولێر ، ۱۹۷۰ ،ل١.

[٢]:بڕوانە: وێنەی پاشکۆی ژمارە(١٠).

[٣]:بڕوانە: تیشك (گ)،ژ(٢)،س٢، ۱۹۷۰، ،ل١.

دەردەچێت، لە بەشی خوارەوەی ساڵی كوردی (٢٥٨٢و ساڵی زایینی ١٩٧٠ لە هەردوو گۆشەكە هەیە، لە كۆتاییداو لە خوارەوەی بەرگەكە نرخی گۆڤارەكە نووسراوە (٧٥ فلس) بە لاتینی نووسراوە. هەروەها گۆڤارەكە ئاماژە بەوە دەكات ، كە گۆڤارێكی پەروەردەییە، بۆیە گرنگی بە بواری پەروەردە داوە بەبەراورد لەگەڵ بابەتەكانی دیكە، بۆیە زۆربەی پانتایی لاپەڕەكانی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان كردووە، بەڵام لە هەمانكاتدا هەندێك لە لاپەڕەكانیشی بۆ بابەتی ئەدەبی تەرخان كردووە بە تایبەتی شیعر.

گۆڤارەكە هەوڵیداوە ئەو بۆشاییانە پڕبكاتەوە ، كە لە بڵاوكردنەوەی بابەتەكان هاتووەتە كایەوە، بۆیە بە پارچە هۆنراوەو وتەی بەنرخ و بڵاوكردنەوەی ریكلامی جۆراوجۆر پڕكردووەتەوە، یان بە پاشماوەی بابەتەكان پڕی كردووەتەوە.[(١)]

بەشداری دەستەی نووسەرانی بە شێوەی كاریگەر لە دەركردنی گۆڤارەكە و دەوڵەمەندكردنی ناوەرۆكەكەی دیارە، بۆیە زۆربەی بابەتە بڵاوكراوەكانی نێو گۆڤارەكە لە ئامادەكردنی مامۆستایانی قوتابخانەی ناوبراوە، بەڵام لە هەمان كاتدا بەشداری بەرچاوی هەندێك لە رۆشنبیران و رووناكبیرانی شاری هەولێریش دەبینین لەو گۆڤارەدا، بە تایبەتی هەندێك لە شاعیرە ناسراوەكانی هەولێر لەم قۆناغە مێژووییەدا.[(٢)]

ریكلام بە ریزبەندی یەكەم دێت بە رێژەی ( ٢ ،٣٦٪)، بابەتە ئەدەبییەكان بە رێژەی (٧، ٢٧٪) ریزبەندی دووەم و مێژووییەكان بە رێژەی (٦ ،١٠٪) و هەوالیش بە رێژەی (٤ ،٦٪) ، ئەمە لەكاتێكدا هەر سێ بابەتی (پەروەردەیی، وتەی بەنرخ، كات بەسەربردن) بە رێژەی یەكسانی (٣ ،٤٪) ریزبەندی پێش كۆتایی پێكدەهێنن و بابەتەكانی زمانەوانی و كۆمەڵایەتی بەرێژەی (١ ،٢٪) دوا ریزبەندن.

---

(١): بڕوانە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦ ،٣٣ ، ٥٠ .

(٢): بڕوانە: تیشك(گ) ژ(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢، ل٦١.

**ژمارەو ڕێژەی سەدی بابەتەکانی گۆڤاری ( تیشك ).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ریکلام | ١٧ | ٣٦,٢ | ١ |
| ئەدەبی | ١٣ | ٢٧,٧ | ٢ |
| مێژوویی | ٥ | ١٠,٦ | ٣ |
| هەواڵ | ٣ | ٦,٤ | ٤ |
| پەروەردەیی | ٢ | ٤,٣ | ٥ |
| وتەی بەنرخ | ٢ | ٤,٣ | ٦ |
| کات بەسەربردن | ٢ | ٤,٣ | ٧ |
| زمانەوانی | ١ | ٢,١ | ٨ |
| کۆمەڵایەتی | ١ | ٢,١ | ٩ |
| ئینتەرڤیو | ١ | ٢,١ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٤٧ | ١٠٠,٠ | |

## ٢- ڕەهێڵە ١٩٧١

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری پەروەردەییە ، لە لایەن قوتابخانەی دواناوەندی هەولێری کوڕان بڵاوکراوەتەوە. بە سەرپەرشتی مامۆستای زمانی کوردیی ژمارەی یەکەمی لە ساڵی خوێندنی ١٩٧١دا دەرچووە(١)

دەستەی نووسەرانی پێکهاتبووە لە (٢):

١- عەبدولڕەحمان سەعدی (مامۆستای زمانی کوردی).

٢- لێژنەی زمانی کوردی.

---

(١): بڕوانە: ڕەهێلە(گ)،ژ(١) ،س١ ، ١٩٧١ ،چاپخانەی کوردستان،هەولێر ،ل١.

(٢): ڕەهێڵە(گ) ، ژ ( ١ ) ، س١ ، ١٩٧١ ، چاپخانەی کوردستان- هەولێر،ل٢.

أ- عوسمان حەمد دەشتی (سکرتێری لیژنە).

ب- ئەندامانی لیژنە:

١-دڵشاد عەبدولا سنجاوی.

٢- تاریق حوسێن.

٣- رەهبەر جەلال مامش.

پێوانەی گۆڤاری (رەهێڵە) بریتیە لە (٢١X١٤)سم ، لە (٥٦) لاپەڕە پێکهاتووە ، بەتیراژی (١٠٠٠) دانە لە چاپخانەی کوردستان لە شاری هەولێر چاپکراوەو ژمارەی سپاردنەکەی (٧٤) بووە.

بەرگی پێشەوەی لە کاری هونەری (سدیق) بووە، کە بریتیە لە زنجیرەیەك لە چیاو ڕووبارو گوڵ و بێستان، لە پشت چیاکەوە خۆرێك دەرچووە، لە رۆژهەڵاتەوە بارانێکی بەخوڕ دەبارێت، ئەو وێنە هێڵکارییە جۆرە دەربڕینێکی رۆمانیسیانەی بە سروشتە جوانەکەی کوردستان بەخشیوە، کە هاوڕێکە لەگەڵ گۆڤارەکە.

لە سەرەوەی بەرگەکە بە خەتێکی گەورەو لە کاری هونەرمەندو خۆشنووس(سدیق )ە ، نووسراوە گۆڤاری (ڕەهێڵە) ، لە ناوەڕاستی بەرگەکە ژمارە (١) و ساڵی یەکەمی ١٩٧١ نووسراوە، لەگەڵ بوونی ناوی چاپخانەی کوردستان- هەولێر و ساڵی ٢٥٨٢ ی کوردی (١).

لە بەرگی دواوەی پێناسەی گۆڤارەکە بە زمانی کوردی و بە پیتی لاتینی نووسراوە : ڕەهێڵە گۆڤارێکی رۆشنبیری پەروەردەیی ساڵانەیە لە لایەن قوتابخانەی دواناوەندیی هەولێری کوڕانەوە دەردەچێت (٢) ، لە ناوەڕاستی بەرگەکە گوڵێك هەیە، مەبەستیش پڕکردنەوەی بۆشایی بەرگی دواوە بووە، هەر لە ناوەڕاستی بەرگەکە نرخی گۆڤارەکە هەیە بە پیتی لاتینی (نرخی ٧٥ فلسە) دواتر تیراژی گۆڤارەکە کە (١٠٠٠) دانەیە لە مانگی ٣ی ١٩٧١ لە نێوانیاندا زەخرەفەیەك هەیە.

---

(١):بڕوانە: وێنەی پاشکۆی ژمارە(١١).

٢) : بڕوانە : ڕەهێڵە(گ) ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥ .

ئامانج لە دەرکردنی گۆڤاری (ڕەهێڵە) پێشخستنی ئەدەب و کۆکردنەوەو ڕێکخستنی کـەلتووری نەتـەوەیی کوردییـە، ئەمـەش هەوڵێکـە لـە لایـەن مامۆسـتایان و قوتابیـانی قوتابخانەکانەوە دەدرێت بۆ ڕوونکردنەوەی سـەرەتای ژیـانی هونـەری لـە شـاری هـەولێر، هەروەها ڕزگارکردنی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە لە لەناوچوون، بۆیە گۆڤارەکە داوا لـە هـەموو کەسێك دەکات بەشداری لە گۆڤارەکە بکـەن بـە ئامـانجی دەوڵەمەنـدکردنی گۆڤارەکـە بـە بابەتی جۆراوجۆر، هەروەکو دەبیـنین لـە سـەروتاری ژمـارەی (١)ی سـاڵی یەکـەمی سـاڵی ١٩٧١دا هاتووە:

((  خوێندەوارانی بەڕێز:

ئەم چەند لاپەڕە پوختەی وا لەبەر دەستتانە بەشـێوەیەکی گشـتی بـیروڕاو چـالاکی ئامۆژگـارو خوێنـدکارەکانی خوێندنگاکەیـە، بـێ گومـان خوێنـدنگاش جیهـانێکی فراوانـی زانیاری و ڕەوشتی بەرز و ڕازی ئاواتی بەڕێزە. وەدەرمـانێکی کاریگـەرە بـۆ قەلاچـۆکردنی نەخوێندەواری وەهەریەك لەئێمە لەخوێندنگا دەبێتە کەسێکی تـر. ئـەو پـەڕاوەش نیمچـە دەرمانێکی خوێندنگایە بۆ ئەوەی ببێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ پێش خستن و ژیانەوەی زمانی کوردی بەکورتی خوێندکار کارگەیـەکی وایـە پارچـە ڕیسـێکی خـاوی تـێ فـرە بـدە، پـاش ماوەیـەك بەشـێوەیەکی ڕێـك وپێـك بەچـنینێکی جـوان ئـەی خاتـەوە دەسـتت، هەرلەبـەر ئەوانەشە کەخوێندنگاو ئامۆژگـار هەمیشـە جێگـەی ڕیزگرتنـە لەلایـەن چـاو و دڵـی هـەموو هەست و بیر خاوێنێکەوە.

ئێمـەش وا هـەر لەسـەر ئـەم بـاوەڕەوە بـۆ ڕاژەی زانسـت و زانیـاری بۆبەرەچـەلەك داچونەوەی نەزانین و نەخوێندەواری ئەو هەنگاوەمان نا، چـونکە شـتێکی ڕوونـە کەیەکـەم بنچینەی پێش کەوتنی هەموو گەلێك خوێندەواری یە وئامادەکردنی ڕۆڵەکانی گەلە بـۆ دووا ڕۆژێکی دوور تا پەك کەوتو نەبن لەئیش وکاری ڕۆژانەیاندا، وەئێمەش کەمامۆستای زمـانی کـوردی ولیژنـەی زمـانی کـوردین لەخوێنـدنگای دوواناوەنـدی هـەولێری کـوڕان و یارمـەتی بزووتنەوەی وێژەیی لەخوێندنگاکەمان ئەو گۆڤارە لەم شێوەیە پێشکەش بەخوێنـدکاران و خوێندەواری کورد بکەین.

وەداواکارین لەیەزدان کەیارمەتیدەرمان بێت بۆ پێش کـەش کردنـی بەرهـەمی باشـتر لەسالآنی داهاتوو دا )) (١).

نەخشەسازی گۆڤارەکە، زۆر سەرەتایی پێوەدیـارە لـە رووی ناونیشـان و ناسـنامەی گۆڤارەکە، سەرباری ئەوەی لەڕووی خاڵبەندییەوە حسابێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە.

سەرەڕای ئەوەی گۆڤارەکە لـە لایـەن مامۆسـتای زمـانی کوردیـەوە سەرپەرشـتیکراوە، بەشێوەیکی گشتی خزمەتی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بەبارتەقای خـۆی لەچوارچـێوەی خویندنگاکەو دەوروبەریدا کردووە، بەلاّم هەندێك لە بابەتە بلاّوکراوەکـان هەڵـەی گـەورەی تێکەوتووە، هەروەکو لـە رووی زمانەوانییـەوە زۆر لاوازە، هـەروەها هەڵـەی گـەورەو زۆری رێنووسی تێدایە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شێوەزارەکەی ناوچەییە کە (شـێوەزاری ناوچـەی دەشـتی هـەولێر) زاڵـە بەسـەریدا، کـە پێویسـت بـوو مامۆسـتای زمـانی کـوردی پـێش بلاّوبوونـەوەی چارەسـەری بکردایـە، بـە رەچـاوکردنی زمـانی نووسـینی رۆژنامـەوانی ئـەو سەردەم ، کە بەقۆناغی زێڕینی ڕۆژنامەوانی شاری هەولێر دادەندرێت

گۆڤارەکـە زیـاتر لەلایەنـەکانی دیکـە گرینگـی بەئـەدەب داوە، بـە رێـژەی (١، ٢٦٪) پانتاییەکەی داگیرکردووە، لە کاتێکدا پەندی پێشینان و وتەی بـەنرخ لـە ریزبەنـدی دووەم دێت بە رێژەی (٩، ٢٣٪). کات بەسەربردن بەرێژەی (٩، ١٠٪) لەریزبەندی سـێیەمدا دێـت، ئەمەو بابەتەکانی ریکلاّم، زمانەوانی، ئایادەزانی، لەبارەی گۆڤارەکە، هەواڵ، وتەی ژمارە، ئینتەرڤیو، کۆمەلأیەتی رێژەکانی تری بابەنەکان پێکدەهێنێت.

---

(١): رەهێڵە(گ) ، ژ ( ١ ) ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥-٦.

**ژمارەو ڕێژەی سەدی بابەتە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ( ڕەهێڵە ).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ١٢ | ٢٦,١ | ١ |
| وتەی بەنرخ | ١١ | ٢٣,٩ | ٢ |
| کات بەسەربردن | ٥ | ١٠,٩ | ٣ |
| مێژوویی | ٤ | ٨,٧ | ٤ |
| ریکلام | ٣ | ٦,٥ | ٥ |
| زمانەوانی | ٣ | ٦,٥ | ٦ |
| ئایا دەزانی | ٢ | ٤,٣ | ٧ |
| لەبارەی گۆڤارەکە | ٢ | ٤,٣ | ٨ |
| هەواڵ | ١ | ٢,٢ | ٩ |
| وتەی ژمارە | ١ | ٢,٢ | ١٠ |
| ئینتەرڤیو | ١ | ٢,٢ | ١١ |
| کۆمەڵایەتی | ١ | ٢,٢ | ١٢ |
| کۆی گشتی | ٤٦ | ١٠٠,٠ | |

بەتێڕوانینێکی خێرا بۆ ڕێژەی بابەتەکان دەردەکەوێت، کە ئەم گۆڤارە قالبێکی ئەدەبی کات بەسەر بردنی زیاتری پێوەدیارە، کە ڕەنگدانەوەی حەزو خولیای مامۆستاو قوتابیەکانی پێوەدیارە.

## ٤- بیری نوێ ١٩٧٢

گۆڤـارێکی ئـەدەبی زانسـتیی گشـتیی سـالآنە بـوو، لیژنـەی زمـان وئـەدەبی کـوردی خوێندنگای دواناوەندیی کوڕانی هەولێری کوڕان بەسەرپەرشتی مامۆستای زمـان وئـەدەبی کوردیی دەریکردووە، یەکەمین ژمارەی، ساڵی یەکەمی لەساڵی ١٩٧٢دابلاوکراوەتەوە.

دەستەی نووسەرانی پێکهاتووە لە(١) :

عەبدولڕەحمان سەعدی/ سەرۆکی لیژنە

کاردۆ گەلاڵی/ سکرتێری لیژنە*

عەبدولاَ محەمەد زەنگەنە

تاهیر حوسێن هەمەوەندی

بـەرگی پێشـەوەی گۆڤارەکـە لـە نەخشەسـازی هونەرمەنـد مامۆسـتای قوتابخانـەی دواناوەندی هەولێری کوڕان (مستەفا جان) (٢) بووە، کە بریتیی بـووە لـە (ئاوێنەیـەك) ، کە تێیـدا وێنـەی هەنـدێك ئـافرەتی خـاوەن چـینی جیـا جیـاو شـەقامی ڕێـك و پێـك ، کە ئۆتۆمبیلی پیادا دەڕوات و لەو لاشەوە خەڵك بە شێوەیەکی خێـرا رادەبـوورن، لـە دەرەوەی

---

(١): بیری نوێ (گ)، ژ(١) ،س١، ١٩٧٢ ، چاپخانەی کوردستان – هەولێر ، ل١.

* سەبارەت بە سکرتێری لیژنەی گۆڤاری بیری نوێ وەکو عەبدولاَ زەنگەنە دەڵێت: ناکۆکی و ململانێ هەبووە لەنێوان من و کاردۆ گەلاڵی لەسەر پرسی سکرتێری لیژنە، کە کاردۆ گەلاڵی ناوی خۆی لە شوێنی سکرتێری لیژنە داناوە لە کاتی ئەوەی من ئامادەییم نەبووە لە کاتی چاپکردنی گۆڤارەکە، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی متمانە لەنێوانمان دا - بڕوانە : کاروان( گۆڤار)، ژ (١٢٠)، ل٨٥. کەچی لەکاتێك دا توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ ناوبراو سازداوە لەم بارەیەوە دەڵێت :

کاردۆ گەلاڵی رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە هاندانی نووسەران و رۆشنبیرانی کورد، بە تایبەتی لە چوارچێوەی (یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق، کە بەشداری لە دەوڵەمەندبوونی گۆڤارەکە بکەن، لە دەرچوونی ژمارە سێی گۆڤاری قوتابییاندا (چوارچرا) ئاماژە بە ئامادەیی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەکات (عەبدولڕەحمان سەعدی و کاردۆ گەلاڵی لە بەشدارییان لە دەوڵەمەندکردنی گۆڤارەکەدا، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە کاردۆ گەلاڵی ناوی خۆی لە شوێنی سکرتێری لیژنە داناوە لەسەر گۆڤاری بیری نوێ لەجێگای خۆی بووە، کە ئەمەش راست بووە لەبەر بوونی رۆڵی کاریگەری لە دەرچوونی گـوڤارەکەدا – چاوپێکەتنی لێکۆڵەر لەگەل عەبدوڵلا زەنگەنە ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بیری نوێ ، ١٩٧٢ ، ٢/٤/٢٠١٠ ، هەولێر.

(٢):بڕوانە: وێنەی پاشکۆی ژمارە(١٢)..

ئاوەکەش چەکێك بە سەرەو ژێری دانراوە، (لە بەشی سەرەوەی رۆچۆتە نێو زەوی و خودەیەکی سەربازی لەسەر چەکێك دانراوە، هەروەها پەڕتووکێك لە گۆشەی چەپی لای خوارەوەی بەرگەکە دانراوە ، لەوێدا شێوەی پیاوێك بە شێوەی (پیاوی ئاسنین) دەبینرێت، کە یەکێك لە قاچەکانی لە چەکەکە نزیکە، قاچەکەی دیکەی لە رووناکییەوە نزیکە، لەگەڵ دەرچوونی رۆکێتەکە بەرەو ئاسمان ([1]) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کۆتایی جەنگ و هەنگاو هەڵێنان بەرەو زانست و سەردەمێکی نوێ .

لە بەشی لای چەپی بەرگی گۆڤارەکە لە ژمارە (١)دا لەژێر ژمارەکەدا بە خەتێکی ڕوون نووسراوە (بیری نوێ) ، لە بەرگی دواوەش ناوی گۆڤارەکە بە پیتی لاتینی نووسراوە، لەگەڵ ژمارەو ساڵی یەکەم و هەردوو ساڵی زایینی و کوردی بە لاتینی و ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی (٩٦)ی ساڵی ١٩٧٢ پێ دراوە.

تیراژی گۆڤارەکە (١٠٠٠) دانەیە، هەروەکو بەرواری ١٩٧٢/٣/٧ی چاپخانەی کوردستان– هەولێری لەسەر نووسراوە . نەخشەسازی گۆڤارەکە بە شێوەی زەنگۆگراف کراوەو ژمارەی سپاردنی لە لایەن عەبدوڵا زەنگەنە بۆ وەرگیراوە ([2])، گۆڤارەکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ڕێگەپێدراوە ([3]).

بە روانین بۆ هەردوو گۆڤاری (ڕەهێڵەو بیری نوێ) لە قوتابخانەی دواناوەندیی هەولێرو سەرپەرشتیکردنی هەردوو گۆڤارەکە لە لایەن لێژنەیەکی تایبەت و یەککگرتوو، ئەوا هەردوو گۆڤارەکە وەکو رۆژنامەیەکی قوتابخانەیی دەرچوون ، بەڵام سنووری قوتابخانەیان تێپەڕاندووە لەنێو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا ، وەکو دوو گۆڤاری سەربەخۆ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە ، چونکە:

---

[1] ) : بڕوانە : بیری نوێ (گ)، ژ( ١ ) ، س١ ، ١٩٧٢، ل١.

[2] : بڕوانە : عەبدوڵلا زەنگەنە، لە ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ڕەهێڵە...بیری نوێ...چوارچرا...١٩٧١-١٩٧٤، کاروان (گ)، ژ (١٢)، نیسانی ١٩٩٨، ل٨٧.

[3] ) : بڕوانە : بیری نوێ (گ)، ژ( ١ ) ، س١ ، ١٩٧٢، ل بەرگی دواوە.

یەکەم: لە گـەڵ ئـەوەی قوتابیـان و مامۆسـتایانی قوتابخانەکـە بـە بابـەت بەشـدارییان کـردووە، شـان بەشـانی ئەمانـە هەنـدێك نووسـەرو ئـەدیب لـە دەروەی قوتابخانەکـەش بەرهەمیان بڵاوکردووەتەوە( ١).

دووەم: گۆڤارەکە ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانـەی نیشـتمانی بەدەسـتهێناوە، ئەمـەش واتای ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتی سانسۆری، کە لە بەغدا هەبووە ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر چاپکردنی ئەو گۆڤارە، نەك بەڕێوەبەری قوتابخانـە یـان بەڕێوەبـەری پـەروەردەی شـاری هەولێر، ئەمەش بەڵگـەی ئەوەیـە هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ ئـەو گۆڤـارە لەسـەر ئاسـتێکی بەرزبووە ( ٢). ، نەك لەسەر ئاستێکی ناوچەیی بەرتەسك.

سـێیەم: چـاپکردنی هـەردوو گۆڤارەکـە لـە چـاپخانەی (کوردسـتان) بـووە، ئەمـەش سیفەتێکی لایەقی بەخشیوە بە گۆڤارەکە، بە بەراورد لەگەڵ گۆڤاری (چوارچرا) و (کاروان) کە بە شێوەی مەلزەمەو لەسـەر کاغـەز ئاسـایی بڵاوبوونەتـەوەو بـە ئـامێری چـاپی ڕۆنیـۆ ڕاکێشراون.

سەبارەت بەناوەڕۆکی بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە شیعر ڕیزبەنـدی یەکـەمی داگیرکـردووە وبەڕێژەی (٣ ،٣٣٪) ، ڕیزبەندی دووەم بابەتی ئەدەبییە بەڕێژەی (٨ ،١٧٪ ، لـەکاتێك دا هەواڵ ڕێژەی (٦، ١٥٪ ) پێ براوە، زمانەوانی(٩، ٨٪)، مێژوویی و ئینتەرڤیو و پەندو وتـەی نـاودرار (٧، ٦٪) ووتـەی ژمـارەش (٤، ٤٪) بەرکـەوتووە، وەکـو لـەم خشـتەیەدا دەردەکەوێت .

---

[1] ) :بڕوانە: عوسمان دەشتی ، بۆچی زمانی کوردی دەخوێنین، ڕهێڵە(گ) ، ژ (١) ،س١، ١٩٧١ ، چاپخانەی کوردستان- هەولێر، ل٩.

[2] ) : بڕوانە: بیری نوێ (گ) ، ژ(١) ،س١ ، ئاداری ١٩٧٣ ، ل٨٩.

**ژمارەوڕێژەی سەدی بابەتە بلاۆکراوەکانی گۆڤاری ( بیری نوێ ).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| شیعر | ١٥ | ٣٣,٣ | ١ |
| بابەتی ئەدەبی | ٨ | ١٧,٨ | ٢ |
| هەواڵ | ٧ | ١٥,٦ | ٣ |
| زمانەوانی | ٤ | ٨,٩ | ٤ |
| مێژوویی | ٣ | ٦,٧ | ٥ |
| ئینتەرڤیو | ٣ | ٦,٧ | ٦ |
| پەندی ناوداران | ٣ | ٦,٧ | ٧ |
| وتەی ژمارە | ٢ | ٤,٤ | |
| کۆی گشتی | ٤٥ | ١٠٠,٠ | |

جێگای ئاماژەپێکردنە، کە چەمکەکانی هونەری ڕۆژنامەوانی وەکو : هەواڵ و ئینتـەرڤیو و سەروتار یان وتاری ژمارە، کە سێ چەمکی گرینگی کاری ڕۆژنامەوانین لەهەردوو ژمارەی گۆڤارەدا بەڕێژەی بەرچاو بوونیان هەیە و بووەتە ئەگەری بەرزکردنەوەی پێگە گۆڤارەکـە لەتای تەرازووی هونەری ڕۆژنامەوانیدا.

### ٥- چوارچرا ١٩٧٣

لە سـاڵی خوێنـدنی نـوێی ١٩٧٣دا دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری (بـیری نـویٚ) خۆیـان ئامادەکرد بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی قوتابخانەیی، بە هەمان نـاوی ( بـیری نـویٚ ) ی سـاڵی ڕابردوو، بەڵام لەبەر هۆکاری دەرچوونی بڵاوکراوەیەکی سیاسی بە نـاوی (بـیری نـویٚ) *، ناچاربوون ناوی گۆڤارەکە بگۆڕن بەناوی (چوارچرا).

گۆڤاری ( چوارچرا) لە وتەی ژمارە (١)دا ئەوەی روون کردووەتەوە کە (گـۆڕینی نـاوی گۆڤارەکە شتێکی ئاسـاییە، هۆکارەکەیشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ حاڵـەتێکی تایبـەت، ئـەوەش ڕوونە لای قوتابیان، بۆیە دەستەی نووسـەرانی گۆڤارەکـە بڕیاریانـدا نـاوی گۆڤارەکـە لـەو ساڵەدا (چوارچرا) بێت، ئەمەش هێمایە بۆ خوێنی شەهیدانی میللەتەکەمان، کە لە دووتۆی یەکەم سەرۆکی کۆماری دیموکراتی کوردستان تێدا لە سێدارەدرا ، کە (قازی محەمەد) بوو. [١]

هۆکاری دانانی ژمارە (٣) لەسەر گۆڤاری (چوارچرا) لە جیـاتی ژمـارە (١) دەگەڕێتـەوە بۆ بەردەوامی گۆڤارەکە بۆ ژمارەکانی گۆڤاری پێش خـۆی بـەناوی (ڕەهێلـەو بـیری نـویٚ) بۆیە وەکو تێبینی دەکەین دەبینین گۆڤارەکە ژمارە (٣)ی ساڵی سێیەمی ١٩٧٣ی پێدراوە ([٢]).

---

* دوای کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندنی ١٩٧٢ لەلایەن ڕێکخستنێکی سیاسی چەپ گۆڤارێك بە ناوی (بیری نویٚ) دەرچوو ، بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن دەستەی نووسەران هەوڵیدا لەڕێگای نوێنەری خۆی لەگەڵ ئەم لایەنە سیاسییە گفتوگۆ بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە هونەرییە ، بەڵام سەرەنجام دوای ملنەدانیان بۆ داواکاری دەستەی سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤاری ( بیری نویٚ ) ناچار بوو بۆ ساڵی خوێندنی تازە بەدوای ناوێکی تر دا بگەڕێ و ئەوەبو ناو ٠چوارچرا) پەسەندکرا ، دەستەی سەرپەرشتی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی قوتابیان بڕیاریدا ناوی گۆڤارەکە بگۆڕن بە ناوی (چوارچرا)- چاوپێکەوتنی لێکۆڵەر لەگەل عەبدوڵلا زەنگەنە ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بیری نویٚ ١٩٧٢ ، ٢٠١٠/٤/٢ ، هەولێر.

(١) : بڕوانە: عەبدوڵلاٚ زەنگەنە، لە ١٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا : ڕهێڵە...بیری نویٚ...چوارچرا. ١٩٧١-١٩٧٤ ، کاروان(گ) ، ژ (١٢)، نیسانی ١٩٩٨، ل٨٧.

٢) : بڕوانە : چوارچرا (گ)، ژ( ١ ) ، س ١، ١٩٧٣ ، ل بەرگی دواوە .

بە روانین بۆ (خراپی بازاڕی چاپخانەی کوردی) بە ناچارییەوە چاپکردنی گۆڤارەکـە بـە ڕێگەی (ڕۆنیۆ) و لەسەر کاغەزێکی جوان و بە رەنگی وەنەوشەیی چاپ و بلاّوکراوەتەوە.

چوارچرا وای خۆی ناساندووە ،کە گۆڤارێکی رۆشنبیری و ئـەدەبی و کۆمەلاّیەتییـە، لـە لایـەن لێژنـەی زمـان و ئـەدەبی کـوردی لـە ئامـادەیی هـەولێری کـوڕان لـە شـاری هـەولێر دەرچووە.

دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٧٣ لەمانە پێکهاتووە (١):

عەبدولڕەحمان السعدی– سەرۆك

عەبدولاّ محەمەد زەنگەنە– سکرتێر

جەلال محەمەد بەرزنجی– ئەندام

دڵشاد عەبدولاّ سنجاوی– ئەندام

گۆڤارەکـە لـە (٢٢) لاپـەڕە پێکهـاتووەو بـە پێوانـەی (٣٢X٢٢)سـم، لـە سـەر بـەرگی پێشەوەی چوار دەست هەیەو چوار چرای بەرزکردووەتەوە.

هەروەکو گۆڤارەکە خۆی ناساندووە، گۆڤارێکی ئەدەبی، کۆمەلاّیەتییە، دەرکەوتووە کە بابەتە ئەدەبیـەکان ڕیزبەنـدی یەکـەمی وەرگرتـووە، بەڕێـژەی (٣، ٦٤ ٪ ) لـەکۆی گشـتی بابەتەکانی، کە(١٤) بابەت بوون، ڕیزبەندی دووەم بۆ بابـەتی پـەروەردەیی دێت بەڕێـژەی (٤، ٢١ ٪) لەکۆی گشتیدا، هـەروەکو بابـەتی وتـەی ژمـارە و مێـژوویی بەڕێژەی (١، ٧٪) ڕیزبەندی سێیەم و کۆتاییان بۆ تەرخانکراوە.

---

(١) : بڕوانە:وێنەی پاشکۆی ژمارە(١٣).

**ژمارەوڕێژەی سەدی بابەتە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ( چوارچرا ).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ٩ | ٦٤,٣ | ١ |
| پەروەردەیی | ٣ | ٢١,٤ | ٢ |
| وتەی ژمارە | ١ | ٧,١ | ٣ |
| مێژوویی | ١ | ٧,١ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٤ | ١٠٠ | |

## ٦- دەنگی قوتابیانی کوردستان ١٩٧٣

بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو لێژنەی ڕۆشنبیری یـەکێتی قوتابیـانی کوردسـتانی عێـراق – لقی هەولێر بە زمانی کوردی و عـەرەبی دەریـدەکرد، ئـەو بڵاوکراوەیـە پێکهـاتبوو لـە (٢٠) لاپـەڕەو بـە پێوانـەی (١٧ x 30) سم٢،ژمـارەی (٢-٣)ی سـاڵی یەکـەمی لـە سـاڵی ١٩٧٣دا دەرچووە([1]) ، کەتەنیا ئەم ژمارەیەی لێدەرچووە.

لە سەرەوەی بەرگی پێشەوەی ناوی بڵاوکراوەی (دەنگی قوتابیانی کوردستان)دا هەیە، لـە ناوەڕاسـتی بەرگەکـە وێنـەی سـەرکردەی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد( مسـتەفا بـارزانی) هەیـە وێنەکـە بـە دروشمـەکانی دەنگـی قوتابیـانی کوردسـتان (زایەڵـە زەنگـی قوتابیانی کوردستان) ([2]) دەورە دراوە.

لە ناوەڕاستی بەرگی پێشەوە لاکێشەیەك هەیە لەناوی نووسـراوە ژمـارە (٢-٣) سـاڵی یەکەمی بە نووسین نووسراوە، بەبێ ئـەوەی مێـژوو بـەرواری ئـەو ژمارانـەی کـە دەرچـووە لەسەر بێت.

---

[1] ) : بڕوانە : وێنەی پاشکۆی ژمارە(١٤).

[2] ) : دەنگی قوتابیانی کوردستان(گ) ، سەرچاوەی پێشوو، ل١ .

له خوارەوەی بەرگی پێشەوە لە لای راستی وێنەی چیایەك و ڕووبارێك هەیە، لەگـەڵ دەرکـەوتنی خۆرێـك لـە کـەلی چـیاکەوە، ئەمـەش واتـای بـەردەوامی ژیـان و لـەدایکبوونی رۆژێکی نوێیە لـە کوردسـتان، لـە خـوارەوەی وێنەکـە پـەرتووکێك بەرزکراوەتـەوە بـە دوو دەست لەگەڵ کورتکراوەی ناوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە پیتی ئینگلیزی، ئـەوەش گرنگی پـەرتووك دەردەخـات لای قوتابیـانی کوردسـتان. هـەروەها لـە خـوارەوەی بـەرگی پێشەوە لە لای چەپی کۆمەڵێك لە قوتابیانی کورو کچ هەیە، پەرتووکیان بە دەستی چـەپ هەڵگرتووە ، ئەمەش بە واتای گرنگی پەرتووك دەگەیـەنێت لای ئـەوان، هـەروەها دەسـتی راستیان بەرزکردووەتەوە ئەمەش دەربڕینە لە هاوڕێکبوون و بەردەوامییانە لەگەڵ کـاروانی قوتابیان لەژێر ئالای یەکێتی قوتابیانی کوردستان.

له سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم لەگەڵ دووبارەبوونـەوەی ئامـادەکردنی بلاوکـراوەو سـاڵی دەرچوونی، فەهرەستی بابەتە بلاوکراوەکان هەیە لە ناوەڕاستی لاپـەڕەکـە، لەگـەڵ بـوونی پارچە هۆنراوەیەك بۆ پڕکردنەوەی بەشی خوارەوەی لاپەڕەکە، لەگـەڵ بـوونی ریکلامێـك ، کە ئاماژە بە دەرچوونی پەرتووکێك دەکات لە ماوەیەکی نزیکدا.

بواری ئەدەب ریزبەندی یەکەمی داگیکـردووە، بـە رێـژەی (٣، ٣٣٪) ، هـەروەکو وتـاری سیاسی و هەواڵ لە ڕیزبەندی دووەمدا دێت، بە رێژەی (٢١. ٤٣٪)، هەروەکو هـەواڵیش بـە هەمان رێژە دێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە گۆڤارەکە دوو وتاری بە ناوی (وتـەی ژمـارە) تێدایـە، واتـە بـە رێژەی (٣، ١٣٪) بۆ هەواڵیش هەمان ڕێژەی تێدایە .

### ژمارەوڕێژەی سەدی بابەتە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ( دەنگی قوتابیان )

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەدەبی | ٥ | ٣٣,٣ | ١ |
| سیاسی | ٣ | ٢٠ | ٢ |
| هەواڵ | ٣ | ٢٠ | ٣ |
| وتەی ژمارە | ٢ | ١٣,٣ | ٤ |
| ریکلام | ٢ | ١٣,٣ | ٥ |
| کۆی گشتی | ١٥ | ١٠٠ | |

جێگای سەرنجە لەبەر ئەوەی بڵاوکراوەیەکی مانگانە بوو لێژنەی ڕۆشنبیری یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق – لقی هەولێر دەریدەکرد بۆیە جیاواز لەگۆڤارەکانی تری کەلەقوتابخانەکان دەردەچوون ، زیاتر گرینگی بەکاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیی قوتابیانی کوردستان لەشاری هەولێر داوە لەکاتی خۆیدا.

## ٧- کاروان ١٩٧٥/٤/٢٩

گۆڤارێکی ئەدەبی گشتیە، بە سەرپەرشتی مامۆستای زمانی کوردی لە لایەن قوتابیانی ئامادەیی کوردستانی کوڕان لەشاری هەولێر دەرچووە(١).

ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی لە ١٩٧٥/٤/٢٩ دەرچووە، ئەو گۆڤارە بە شێوەی مەلزەمە دەرچووە، بەخۆڕاییش دابەشکراوە، کە بریتی بوو لە(١١) لاپەڕەو بەپێوانەی (٣٢X٢١)سم

گۆڤاری (کاروان) لەلاپەڕەی پیشەوەیدا خۆی ناساندووە ، کە : گۆڤارێکی ئەدەبی گشتییە، لە لایەن قوتابیانی ئامادەیی کوردستان بە سەرپەرشتی مامۆستای زمان و

(١) بڕوانە: وێنەی پاشکۆی ژمارە(١٥).

ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێردا بڵاوکاوەتەوە(١). نووسینی گۆڤارەکە لە لایەن (نەهرۆ) ئەنجامدراوە، تەنیا ئەو ژمارەیەی لێدەرچووە ، زۆربەی بابەتە بڵاوکراوەکانی نێو بڵاوکراوەکە لە لایەن خودی مامۆستایانەوە نووسراوە لەگەڵ نووسینی هەندێك لە قوتابیەکان. (٢)

ناونیشانی وتارو بابەتە بڵاوکراوەکان لە لایەن هیچ هونەرمەندو خۆشنووسێکەوە نەنووسراوە، بەڵکو بە پیتی چاپ نووسراوە، هیچ هێڵکارییەکی بەیانی یان وێنەیەك لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکان نییە.

لە ڕووی هونەری ڕۆژنامەنووسییەوە بڵاوکراوەکە زۆر سادەو ساکارە، چونکە هیچ هەواڵێك یان ریپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی تێدا نییە، ئەوەشی هەیە بریتیە لە داوای لێبوردن لە خوێنەران لە ڕووی ئەو کەموکورتیانەی هەیە، هەروەها ئاراستەکردنی سوپاسێك بۆ بەڕێوەبەری ئامادەیی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان *و دەستەی مامۆستایانی ئامادەیی و قوتابیانی بەشدار لە دەرچوون و پاڵپشتی کردنی ئەو گۆڤارەدا.

وەکو ئەوەی دەزانرێت ئەو گۆڤارە گۆڤارێکی ئەدەبیە، بۆیە پانتاییەکی بەرفراوانی تەرخانکردووە بۆ ئەو بوارە بە ڕێژەی (٢ ،٣٥٪ ) ، لە کاتێکدا بابەتی پەروەردەیی بە ڕێژەی (٦ ،١٧٪ ) دێت، لە کۆی بابەتە بڵاوکراوەکان ، کە سەرجەمیان بریتیە لە (١٧) بابەت، هەروەها بابەتەکانی تایبەت بە (گۆڤارەکە، مێژوویی، ریکلام) هەر یەکە بەرێژەی

---

(١):کاروان (گ) ، ژ(١) ،س١، ١٩٧٥/٤/٢٩ ،ل١.

(١):ئەو گۆڤارە هیچ پەیوەندییەکی بە گۆڤاری (کاروان) نییە ، کە لە لایەن ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی سەر بە ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەرچووە.- عەبدوڵلا زەنگەنە ، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بیری نوێ ، ١٩٧٢ ، ٢٠١٠/٤/٢ ، هەولێر.

* بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵکی و بە تایبەتی دوای رێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لەنێوان حکومەتی عێراقی و حکومەتی ئێرانی و لەباربردنی شۆڕی کوردو گەڕانەوەی شۆڕشگێڕان بۆ شارو گوندەکان، حکوومەتی عێراقی هەوڵی داوە سەرنجی خەڵکان بۆ خۆی راکێشێت، وای کردووە ئەو گۆڤارە دیارییەك بێت بۆ قوتابیان لە لایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بۆ ئەوەی هاوکاری لەگەڵ دەسەڵات بکەن لەو کاتدا.

(٨، ١١٪ ) ، لەکۆتاییدا بابەتی کاروباری ئافرەتـان و ووەرگێـڕان ڕێـژەی وەکـو یـەکی (٩ ،٥٪ ) یان پێکهێناوە.

**ژمارەوڕێژەی سەدی بابەتە بلاۆکراوەکانی گۆڤاری ( کاروان ).**

| بابەت | ژمارەی بابەتەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| ئەدەبی | ٦ | ٣٥,٢ | ١ |
| پەروەردەیی | ٣ | ١٧,٦ | ٢ |
| لەبارەی گۆڤارەکە | ٢ | ١١,٨ | ٣ |
| مێژوویی | ٢ | ١١,٨ | ٤ |
| ریکلام | ٢ | ١١,٨ | ٥ |
| کاروباری ئافرەتان | ١ | ٥,٩ | ٦ |
| وەرگێڕان | ١ | ٥,٩ | ٧ |
| کۆی گشتی | ١٧ | ١٠٠ | |

## ئەنجـــــام

* ڕۆژنامــەوانانیی قوتابخانەکان،کـە ژمارەیـان(٧) گۆڤــارە لــە کـۆی گشــتیی گۆڤــارە کودییەکانی شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩– ١٩٧٥دا ڕێژەیـەکی بەرچـاوی گرتـووە، ئەمــەش نیشــانەیەکی پرشــنگدارە لــە بزاڤــی ڕۆشــنبیریی شارەکە،ســەرباری کــەموکوڕی گۆڤارەکان لە ڕوویتەکنیکی هونەری و کەمیی تیراژ و کێشـەی دی وەکـو کـورتی تەمـەنی زۆربەیان.

* زۆربەی ئەوانەی لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانی شاری هەولێر کاریان دەکـرد خۆبـەخش بـوون و بەتایبەتی ڕۆژنامە وگۆڤارە پیشەییەکانی مامۆستایان و قوتابیـان لـەکاتی پشـووی هـاوین بەبۆنەی هاوین ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان بەجێدەهێشت.

* زاڵبوونی لایەنی ئەدەبی لەزۆرینەی دەستەی نووسەران وناوەڕۆکی بابەتـەکان ڕۆژنامـەو گۆڤـارە کوردیـەکان لـە شـاری هـەولێردا ١٩٥٩ – ١٩٧٥ ولاوازی لایـەنی ڕۆژنامـەوانیی پرۆفیشناڵی.

* خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو ئەندامانی دەستەی نووسەران زۆر جار وابـووە بەبابـەتێك زیـاتر بەشـداریان لەنووسـیندا کـردووە، ئەمـەش بـۆ پڕکردنـەوەی لاپـەڕەکانی گۆڤـارو ڕۆژنامەکان بووە، بۆیە پەنایان بۆ ناوی خوازراو بردووە، بەتایبەتی خاوەن ئیمتازەکان ئەم حالەتەیان دووبارە کردۆتەوە.

* ڕۆڵ و دەستپێشخەری تاکە کەسی یەکێك بووە لەتایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەوانی کوردیی شاری هەولێر ، واتە زۆربەیان دەستەی نووسەرانی ڕێکوپێکیان نەبووە .

# سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردی

### ا – کتێب

– مەغدید سـەپان، ژانرەکـانی ڕۆژنامـەوانی ومێـژووی چـاپخانە ١٤٥٠– ١٥٠٠،کـۆڕی زانیاری کورد،هەولێر،........


### ب – ڕۆژنامەوگۆڤار

– تیشك، ژ(٢)، س٢، ١٩٧٠.

– ژیان، ژ(١)، س١، ١٩٥٩.

– K21، -----، ژ(٧)، ٢٠١٠.


### ت _ فەرهەنگ

ئینسـکلۆپیدیای هـەولێر، لـەبلاّوکراوەکانی دەزگـای چـاپ وبلاّوکردنـەوەی بـەدرخان ، ٢٠٠٩.


### -چاو پێکەوتن و دیدار

-عەبـدوڵلا زەنگەنـە ، ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری بـیری نـوێ ، ١٩٧٢ ، ٢/٤/٢٠١٠ ، هەولێر.

-کەمال غەمبار،– هەڵسوراوی سەرەکی گۆڤاری (ژیان) ١٩٥٩ ، ٢٥/ ٨/٢٠١١، هەولێر.



## بەزمانی عەرەبی


– علی حسن مصطفی، نادی الصحافة المدرسیة ٢٠١٠/٢/١٥
http:www. khayam. com/sar/sahafaa. Htm

– علی محمود، الصـحافة مهنـة ،مكتـب علاءالـدین للطباعـة والتصـمیم بـالكومبیوتر ، ط٢،الموصل . ٢٠٠٧.


– وائل علی احمد النحاس، تاریخ الصـحافة الموصـلیة١٩٢٦–١٩٥٨، جامعـة الموصـل ،كلیة الاداب ،١٩٨٨ ،رسالة ماجستیر(غیر منشورة) ، ل١٣٨.



ژیان
گوڤارێکی وێژەیی کۆمەڵایەتی قوتابیانە



گۆڤاری
چاپخانەی کوردستان ـ هەولێر . ٢٥٨٢ی کوردی ١٩٧٠ی زا.


گۆڤاری
رهێله
ژماره : ١ سالی یەکەم ١٩٧١
سالی ٢٥٨٢ ی کوردی
چاپخانەی کوردستان — هەولێر


١
بیری نوێ
٧ ١٩٧٤ ز


گۆڤارێکی ئەدەبی ... کۆمەڵایەتییە
دەستەی نووسەران
١. عبدالرحمن السعیدی  سەرنووسەر
٢. عبدالله ...
٣. جلال محمد بەرزنجی
٤. ... عبدالله ...
کوردستانی گەورە
ژمارە (٢) ساڵی ١٨٧٧


دەنگی قوتابیانی کوردستان
ژمارە ٢ ، ٣ * ساڵی یەکەم


کاروان
گۆڤارێکی ئەدەبی گشتی یە
زمان و ئەدەبی کوردی
دەری دەکەن
ژمارەی یەکەم
ساڵی یەکەم

# پاشــــکۆ

## دەروازەیەك بۆ
## رۆژنـامەوانیی کوردی- فارسیو چەند
## سەرەقەڵەمێك

شوێنی جوگرافی کوردستان و مێژووی هەزاران ساڵی پێکەوە ژیانی میللەتانی رۆژهەڵات لـەپێش زایـین داو دواتـر کۆبونـەوەی ئـەو میللەتانـە لـەژێر ئـاڵای مەزهەبـداو بەرژەوەنـدی ئابووری و تێکەڵاوی کۆمەڵایـەتی دوورو درێـژی سـنووری و ژیـانی ئـاوارەیی و پـەناهەنـدیی بەهۆی برِیارو شەرِو سیاسەتی سەردەمەوە، هەموو ئەمانـەو گـەلێ هۆکـاری دی وایکـردووە لەگـەڵ بـیری بلاّوکردنـەوەی چـاپەمەنی و رِۆژنامەنووسـی رِۆژنامـەوان و رِۆنـاکبیری کـورد پێویستی بەناسینی کلتوورو زانینی زمانی خۆیان دۆزی نەتەوەیی و پرسی داواکانی بخاتـە بەردەم ئەوان ئەمە هۆکاری زۆرە گرێی خۆ بەکەم زانـین لـە بنیـادی سـایکۆلۆژی ئینسـانی کوردو نزمی ئاستی هۆشیاری و کزی خوێندەورای و توانـای بینینـی ئاینـدەو بەرژەوەنـدی تاکەکەسی و چەندانی دی.

رِۆژنامـەوانیی کـورد هـەر لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی رِۆژنامـەوانیی کوریـدا، لەگـەڵ رِۆشنایی رِۆژنامەی (کوردستان)، کە بە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە و بـەهێزی کلتـووری کورد بـوو لـە ١٨٩٨ دا بەهـەردوو زمـانی کـوردی و زمـانی تـورکی، کـە زمـانی دەسـەڵاتی سیاسی بوو بلاّوکراوەتەوە هەندێ جار بەزمانێکی سکالاّ ئامێز و پارانەوە بۆ پێـدانی مـافی خوێنـدن و نووسـین بـە زمـانی زگمـاکی خـۆت بخوێنـێ و بنووسـی و بیربکەیتـەوە وتـارو بابەتـەکانی نووسـیووە، بـە تایبـەتی وتارەکـانی سـەردەمی میقـداد بـەدرخان کرِووزانـەوە

لەبەردەم دوژمندا بێجگە لـە گوێپێنـەدان و بـە سـووك سـەیرکردن هیچی دیی لـێ دەسـت نەکەوتووە.

ئەم تێکەڵاوی و بەکارهێنانی زمانی دووەم لە نووسیندا، جاران لە سەردەمی زوودا، نەوەك هەرلای کورد لای میللەتانی دراوسێش دیاردەیەکی بەرچاوەو کەمتر هەستی شۆڤێنی نەتەوەیی لە لایان بەتایبەتی لای تورکی گەلاڵەببوو زۆر لەشاعیران و تەنانەت لە دەربارو تەلاری پاشاکان یان سوڵتانەکانی عوسمانلی زمانی فارسی بەکاردەهات لەشیعری کوردیشیدا زانینی زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی مەرجی سەرکەوتوویی شاعیریان پیشان دەداو نالی (١٨٠٠–١٨٧٢) گوتەنی:

فــارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە
نالی ئەمـــــڕۆ حاکمی ســێ موڵکی دیوانی هەیە

خۆدەست ڕەنگینی و دەست بەسەرداشکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە هۆنینەوەی شـیعر بەزمانـەکانی تـورکی و فارسـی و چـەندین شـاعیرانی دی تۆژەرەوەکـانی ئـەو نەتەوانـەیان سەرسام کردووەوە زۆر جاریش بە مۆڵکی خۆیانیان دەزانن.

زۆر نووسەری بە ڕەگەز کـورد لـە ئێـران و ئەفغانسـتان و پاکسـتاندا بـە زمـانی فارسـی مێـژووی ئـەدەبیاتی ئـەو میللەتانـەیان دەوڵەمەنـد کـردووە. لەسـەردەمی نوێـدا لـە ئێـران لەسەدەی بیستەمدا زمانی کوردی قەدەغەکرابوو بۆ نووسین و خوێندن و بەهۆی سیاسەتی پاراستنی خاکی ئێران و دەستەلاٌتی شاو یەکگرتوویی گەلانی ئێران نووسەر و ڕۆژنامـەوانی کوردیش پەنای بۆ زمانی دووەم، زمانی فارسی بردووە، لە کوردستانی عێراقیشـدا ئەگـەر چی مێژووی دەستپێکردن وخوێندن و نووسینی کوردی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵـەتی نـوێی عێراق بە پشتیوانی ئینگلیزو بەپێی بەنـدەکانی پەیماننامـەی سـیڤەر و دەسـتووری عێـراق ڕێگە بە زمانی کوردی درا بۆ بـەکارهێنان لـە دامـوودەزگاکانـدا، دیسـانەوە بـەهۆی ئـەوەی شاعیر ونووسەری کورد زۆربەیان زمانی فارسییان لە حوجرە خوێندبوو ئامادەییان تێدابوو بە زمانی فارسی بنووسن، لە ڕۆژنامـەوانیی سـەردەمی شـێخ مـەحموودی نـەمردا چـەندین وتاری نووسەرانی کورد بەزمانی فارسی لەڕۆژنامـەوانیی ئـەو سـەردەمەدا بلاٌوکراونەتـەوە. بێگومان ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ناویان دەبەین لە پێڕستی ڕۆژنامەوانیی کوردییدا ناویـان

**دێت، بـەهۆی ئـەوەی کـە دەسـتەی نووسـەران و نـاوەرۆکی بابەتـەکانی تایبـەت بـەکوردو کوردسـتانن، لەبەرهۆکارگـەلێك وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد بـا بـە زمـانی فارسـیش نووسرابن.**


بانگ کردستان

لـە باشـووری كوردسـتاندا گۆڤـاری بـانگی كوردسـتان (١٩٢٢)[٤] لـە سـەرەتای حوكمدارییـەتی شـێخ مـەحمودا شـیعرو بابـەتی نووسـەرانی كـوردی بـەزمانی فارسـی بڵاوكردۆتەوە. ئەم گۆڤـارە وەك تیایـدا نووسـراوە هەفتـەی جارێك دەردەچـێ، لـە شـاری سلێمانی و لە لایەن جەمعیەتی كوردستان و بە سەرپەرشتی مسـتەفا پاشـای یـا مـۆڵكی و موحەریری كوردی و فارسی عەلی كەمال و شێخ نوری شێخ صالح (م. نوری) و موحـەریری توركی ڕەفیق حیلمی بڵاو كراوەتەوە.

١٤ ژمارە لەم گۆڤارە بڵاوكراوەتەوە و گۆڤارێكی ئەهلی بووە، لـە ژمارەكانیـدا چـەندین پارچە شیعری شاعیرانی كـورد كـە بـە زمـانی فارسـی نووسـیویانە و هـەروەها ئاگاداری و وتـاری لـە بابـەت ڕووداوەكـانی خـوی و سـەلماس و ڕەزائیـە ورمـێ و سمكـۆی شـكاك بڵاوكردۆتەوە. لە یەكێ لە ئاگادارییەكانیدا كە لە ژمارە (١) ی گۆڤارەكەدا بە زمانی فارسی بڵاوكراوەتەوە هاتووە: ((بخدمت كوردهای محترم ایران بانگ كوردستان كە ناشر افكار ملت كرد وخادم علم و معـارف اسـت دوام و تـرقیش محتـاج همـت و معاونـت همـە وگـن پـروران كردستان است چەدر خصوص نوشتن مقالات ملی و وگنی چە در خصوص ابونەشـدن ایـن غزتە از غیرت منوران و متخیرات كرد امید معانت داریم در این خصوص كمترین سعی و جهد حمیتمندان وگن موجب شكران عقیم خواهد گردید. بانگی كوردستان))

بۆ خزمەت كوردە بەرێزەكانی ئێران (بانگی كوردستان) كە بڵاوكەرەوەی بیروباوەڕی میللەتی كورد و خزمەتگوزاری زانست و زانیارییە بەردەوامبوون و گەشەكردنی پێویستی بە هاوكـاری هـەموو وڵاتپـارێزانی كوردسـتانە چ لـە بابـەت نووسـینی وتـاری نەتـەوەیی و نیشتمانپەروەری و چ لەبابەت ئابوونەداریی ئەم غەزەتەیەوە ئومێدمان بەهاوكاری غیرەتـی ڕووناكبیران و هزرمەندانی كوردەو هەرهەوڵ و تێكۆشانێك لەم ڕووەوە لە لایەن وڵاتپارێزانی

[٤] گۆڤاری بانگی كوردستان گۆڤارێكی زانستی كۆمەڵایەتی ئەدەبی بووەو لەسەر ڕووبەری یەكەمیدا لەژێر ناوەكەیدا نووسراوە غەزەتەیەكی حورو سەربەستی میللییە، هەفتەی جارێك دەردەچێ، ژمارەی یەكەمی لە ٢ ی ئابی ١٩٢٢ دا ژمارە ١٤ی لە شاری سلێمانیدا دەرچووە. ئەم گۆڤارە لە شاری بەغدا ٣ ژمارەی دیكەی لە ساڵی ١٩٢٦ دا دەرچووەو زمانحاڵی (جەمعیەتی كوردستان) بووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بانگی كوردستان ١٩٢٢-١٩٢٦ كۆكردنەوە و لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار، بەغدا ١٩٧٤.

کوردستانە چ لە بابەت نووسینی وتاری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و چ لە بابەت ئابونەداریی ئەم غەزەتەیەوە ئومێدمان بە هاوکاری غیرەتی ڕووناکبیران و هزرمەندانی کوردەو هەرهەوڵ و تێکۆشانێك لەم ڕووەوە لە لایەن وڵاتپارێزان مایەی سوپاسی گەورەی ئێمەیە. بانگی کوردستان[٥]

دواتر لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی عێراقی نوێدا بپێی بڕیارێکی تایبەت،کە پێشتر ئاکامی (پەیمانی سیڤەر) بوو وبۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ زمانی کوردی لە ناوچە کوردەوارییەکەدا بوو بە زمانی فەرمی خوێندن و کاروباری کارگێڕی و وردە وردە خوێندنی ڕەسمی قوتابخانە دەستی پێ کرد، کە ئەویش بە زمانی کوردی و عەرەبی بوو و زمانی فارسی، کە پێشتر لە خوێندنی ئایینییەوە فەقێ و مەلا و شاعیرەکان فێری دەبوون ئەمجارەیان ڕۆژنامەنووسیی کوردی– فارسی لەوێدا بە شێوەیەکی فراوان دەرکەوت و بە تایبەتی نووسینی فارسیی نووسەرانی کورد.

لە ماوەی سالآنی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٤٣دا دکتۆر ئیسماعیل ئەردەلآن ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی لە دەوڵەتی ئێران بەناوی (کوهستان)ەوە وەرگرت، کە بەشی زۆری بەزمانی فارسی و هەندێ بەرهەمیش بە زمانی کوردی، بەتایبەتی شیعری شاعیران و پەندی پێشینان و وتاری ڕەخنەیی تێدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە تا ساڵی ١٩٤٨ بەردەوام بووەو هەموو ڕۆژانی دووشەممە هەفتەی جارێك بەهەشت لاپەڕە بڵاو دەبووەوە[٦].

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد لە ٢٢/ ١/ ١٩٤٦– ١٧/١٢/١٩٤٦دا چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی بڵاو کراونەتەوە بە تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان، کە زمانحاڵی کۆمار بوو، لە پاڵ بابەتە کوردییەکاندا هەندێ جار بابەتی بەزمانی فارسی بڵاوکردۆتەوە،

---

[٥] سەرچاوەی پێشوو.

[٦] لە بارەی ڕۆژنامەی (کوهستان) ەوە بڕوانە: د. ه یمداد حوسێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢–١٩٤٧، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦٧–١٩٦.

ئەم ڕۆژنامەیە ١١٤ ژمارەی لێ بلاوبۆتـەوە و ڕۆژی نـا ڕۆژێ لەمـەهاباد لـە لایـەن دەسـتەی نووسەرانەوە و بە سەرپەرشتی پێشەوا قازی محەمەد بڵاوکراوەتەوە.[٧]


صحفه ٥ کوهستان شماره ..

بقلم آقای محمد مردوخ (آیت‌الله کردستانی) ٠١٨٠

# کرد و کردستان

**

(عطف نظر برشته کیقباد) اولاد توس قبادی یعنی توس‌هادی. نسلا بعدنسل در (ماد وپارس) یعنی ایران کنونی و مضافات تا زمان استیلای کورش کبیر بر «آزدیاک» سلطنت کرده اند.

اما اولاد لهراسب کیقبادی در خاورستان سلطنت داشته اند سپس در «مادوپارس» هم تااستیلای اسکندر کبیر سلطنت کرده‌اند. وهنگام استیلای کورش کبیر بر کشور ماد وپارس‌اولاد لهراسب صمیمانه طرفدار کورش بوده اند کورش هم باآنها نهایت محبت ونوازش‌راداشته است.

ازلهراسب آثاری درتواریخ‌مشهود نیست جزاینکه بعضی مینویسند که (هند) را تصرف نموده. اما تصرف هند بدون مساعدت‌پادشاه ماد وپارس برای‌لهراسب چندان سهل وآسان نبوده است شاید در لشکرکشی‌نریبرز بهندوستان‌لهراسب‌هم دخالت داشته یا رئیس سپاه بوده‌است که مورخین اشتباها فتح هند را باو نسبت داده اند.

اما آثار گشتاسب پسر لهراسب خیلی زیاد است. قلعه‌سمرقند ودیوارخاور درست مشرق وشهربیضاء فارس‌ازآثار اواست مدفنش‌درشیراز است.

گشتاسب درحال حیات پدر برتخت سلطنت جلوس نموده٦٦٨ ق. م لهراسب درسال ٦٥٠ ق.م درگذشته است

پایتخت گشتاسب اول‌بلخ بوده بعد به اصتخرپارس انتقال داده است . باعث شهرت گشتاسب بیشتر ترویج‌مذهب‌زردشت کرد بوده است یعنی زردشت‌اخیر که‌توس ناچار ازجلوگیری شده است گشتاسب در سال ٦٠٢ ق. م درگذشته است.

حکمدار خاورستان در زمان کورش کبیر بهمن پسر اسفند یار پسر گشتاسب پسر لهراسب بوده است(٦٠٢–٥٣٣)ق.م

بهمن در کتب عهد عتیق بنام «اخشویروش» مذکور است و یونانیان اوراد آرتا گزرسیس» میگویند. اردشیر درازدست هم عبارت ازاوست واسفندیار پدرش‌را یونانیان «گزرسی» یا گزرمز میگویند که گشتاسب اورابجنك خاندان رستم فرستاد ودرآنجا کشته شد.

بهمن قلمروخود را ازهند تا حبش توسعه داد ومرکز خودرا شوش مقرر ساخت (٤٦٤-٤٢٤) ق. م این پادشاه ...

داشته است بعدل وحکمت موصوف وتوانائی موضوعة او درتنظیم امور کشوری معروف است نوشته اند که بهمن بکین قتل پدر بجنك خاندان رستم رفت وفرامرز پسر رستم رابکشت «در زینة التواریخ مذکور است که رستم دراین وانه حیات‌نداشته است»

درعهد بهمن بنی‌اسرائیل خوشحال ودرنهایت رفاه بوده انـد بلشتر پسر بختنصر راکه ازطرف او حکمران بابل بوده محض‌آسایش خاطر یهود معزول کرده وبجای او کورش نام که از اولاد جاماسب پسرلهراسب بوده و مادرش از بنی‌اسرائیل‌خواهر دانیال پیغمبر بوده والی آنجا نموده است «مروج‌الذهب جلددوم صفحه ٨٢و٨٣ تاریخ سرجان ملکم جلد اول صفحه ١٣ روضة الصفا صفحه ٢٢٨ وغیره

ابن‌خلدون درصفحه ١٦٢ومسعودی درمروج الذهب صفحه ٦٤ راجع‌بکورش مذکور مینویسند که از ملوك بابل بوده است بهرحال این کورش‌مادی‌است وغیر ازکورش هخامنشی که درکتب عهدعتیق بکورش پارسی یاکورش پارس مذکور است.

«کتاب دوم تواریخ ایام فصل ٣٦ آیه ٢٢و٢٣ کتاب عزرافصل‌اول وفصل سوم آیه هفتم وفصل چهارم آیه پنجم‌و کتاب دانیال فصل ششم‌آیه ٢٨ و فصل دهم‌آیه اول» پس اختلاف مورخین‌راجع بکورش بیمورد است واین کورش‌غیراز کورش هخامنشی‌است.

این مورد ازجمله مواردی است که مستشرقین تحقیق اینجانب را تقدیر کرده اند.

پس‌از بهمن دخترش همای که یونانیان‌پریزاد میگویند مدت چهل سال سلطنت‌کرده است (٤٩٤-٥٣٣) ق.م پایتخت او درعراق درنواحی «تیسفون» بوده است گویا ازانفصال قتل پدرش‌آنجا رفته است یونانیها اشتباها‌هارا پریزاد نوشته اند پریزاد لقب داریوش پسرهما است که برای تبرئه بهمن او را پیری نسبت داده اند.مستشرقین این تطبیق را هم تقدیر کرده اند.درزمان سلطنت‌های پس‌از درگذشتن کاروس هخامنشی پسر کورش کبیر که یونانیهاکامبوز میگویند ...

## وصف و تشبیه لەهەڵبەستەدا

بقیه ازصفحه ٤

لابکە ئەوە گرمی تریی دەبزی:

چاوێکم ئەوی بێ کلە ڕەش بێ و ەکوهە ساوەرولاك وگەش بێ!

ئەوی ئەشانە وی بران لە کوردیدا تاریفی کولیکی‌روناکە وخاون‌برشەووریشەچون کراوە!باشەچاوێکیش‌بخشینە‌ئەمەهەلبەستەی «ناریە» داکو رتویەتی:

گەرلە پرسی لەم بە پولەی دلە ڕو دووربی لە ڕوت

والە سوزیدا ، لە سیەە ، شاچرای گوناتە وەبە ،

بویژی کورد لە لیگرانەدا بە ر وەخوار ئەبینە وە ولە بان گویە ناسکە‌کەی خوشە ویستە‌کە بەوە،کولالەیکی خوێنی بێ‌چا وئەکەوێت کوناوی «دەم» مەجا، لەخوشیدا، خاوئە بینە وە ولە بو دلیە وەوەکو بولبولیکی دەنك باش ئە چریکیئی وئەلی:

قوربانی ڕووت بم کە شکستی بقەمە ردا!

حەیرانی لچت بم کە رە واجی بەمە کەردا!

لەم‌کاتەواکور«نالی»حەیرانی‌لیی‌آلە،گیانی «ناری»لەبان‌چاکەی خوشە ویستە کە بەوە، لەدەستی باوەشینی قژی بارە وە، آلوزلەبیت وهاداردەکا:

لیوشەکەر ئەوەنو بەپرچت باوەشینی لیوتەکا،

میشی گیانم لە ڕیشینە وبەقەندی چاتەوە.

(بەشوێنی ئەمەدادیــان ئەنوسین)

سنە: ناصر، آزا. (آزادیور)

این داریوش پسر ویشتاسب پسرآرسام پسرآویارام پسر سیاوش پسر کورش اول پسرکاوس اول پسرسیاوش اول‌پسرهخامنش حکمداو پارس وعیلام است که درکتیبه های خودش نیز خود را هخامنشی معرفی کرده است ودر کتب عهدعتیق به«سیاوش پارسی» یا «داریوش پادشاه ماد»معروف است.

«کتاب نحمیا فصل دوازدهم آیه ٢٢ وکتاب عزرا فصل چهارم آیه پنجم وبیست وچهارم وفصل پنجم آیه ششم و هفتم» بیت‌المقدس را این داریوش تعمیر کرده است.

سپس درسال ٤٢٤ ق.م داریوش مادی یعنی داریوش پسر بهمن که از همای متولد شده بود برتخت سلطنت جلوس کرده ودر تحت تعلیمات خصوصی مادر سلطنت نموده است اورا «دارا» نیز گفته اند.

این داریوش برتمام کشور ماد وپارس‌استیلاء یافته‌تافلسطین درتحت زمامداری او بوده است و مدت بیست سال سلطنت کرده است این داریوش درکتب عهد عتیق به «داریوش مادی» مذکور است.

کتاب دانیال فصل پنجم آیه ٣١ وفصل یازدهم آیه یکم ودوفصل نهم آیه اول تصریح شده که داریوش پسر«اخشویروش» ازنسل مادایان است بنابراین تفصیل ازسلسله کیان‌یازده نفرسلطنت کرده اند از اینقرار:

١-کیقباد ٢-کیکاووس ٣-توس ٤- نریبرز ٥-کراکسار ٦-آزدیاك ٧-لهراسب ٨-گشتاسب ٩- بهمن ١٠-همای ١١-دارا یعنی داریوش پریزاده

درسال ٣٣٠ ق.م اسکندر مقدونی برایران «یعنی ماد و پارس» تاخته پس‌ازجنك سختی درنواحی هولیر «اربیل» داریوش بدست دو نفر جنایتکار همدانی «جانو سیار، ماهیار» کشته شد، و دولت ماد خاتمه یافت و تمام کشور تحت تصرف و استیلای ...

---

[٧] سەرچاوەی پێشوو.ل١٤٠–١٦٥.


ژماره ۹۲
ســالی یەکەم
دانەی قرانیك

کوردستان
ارگانی حزبی دیموکراتی کوردستان

پێنج شەممو
١١ رەزبەر
١٣٢٥

## میتینگی گەورەی
دەهەزار نەفەری لەشاری مهاباد

## قەدری بەگ جەمیل پاشا
پیاویکی نیشتمانپەروەری کورد

## بوچ ملتی
کورد وابەدبەخت و سەرلی شیواو

## تلگراف
اورمیەدن

## خدماتی حزبی دیموکراتی
کوردستان بە جامعەی کوردەواری

## درسی یەکەمله
جغرافیەی کوردستان

## بوزانین

## اگاداری

## کنفرانسی آشتی پاریس

دامەزراندنی سەنتەری سـەلاحەددینی ئـەیوبی بـۆ چـاپ و بڵاوكردنـەوەی كـوردی لەشـاری ورمێدا هەبوو، ئەم سەنتەرە گۆڤاری (سروە)ی لێ چاپ دەبوو، كە ئێستایش ئەم گۆڤارە بە هـەردوو زمـانی كـوردی و فارسـی بابـەت بڵاودەكاتـەوەو بەردەوامـە، هـەروەها گۆڤـاری (ئاوێنە)لە تاران و ڕۆژنامەی (ابیدر– ئاویەر) لە شـاری سـنەداو (زرێبـار) و (سـیروان) وەك دوو ڕۆژنامــە بەهــەردوو زمــانی كــوردی و فارســی هــەواڵ و چــالاكی و كلتــوری ناوچــە كوردەواریبەكە بلاودەكەنەوە. لەم سالأنەی دواییدا گۆڤارەكانی (كوردستان) و (مەهاباد) و هەندێ پەخشنامەی خوێندكاریی لە زانكۆكانی ئێراندا لەلایەن خوێندكارانی كورد بە هەردوو زمانی كوردی و فارسی بڵاودەبنـەوە، كـە كێشـە و گرفتـی فیكـری و مـەعریفی و كلتـوری بڵاودەكەنەوە.